# بیرەوەرییەکانی ژنانی شاخ



پرۆژەی: یەکێتی ژنانی کوردستان

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: رووخۆش عەلی

# بیرەوەرییەکانی ژنانی شاخ

پرۆژەی

یەکێتی ژنانی کوردستان

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی

رووخۆش عەلی

# پێشەکیی

گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو لەهەوڵی دەستنیشانکردنی چارەنووس و قەوارەی سیاسیو نەتەوەیی خۆیدابووەو بۆ ئەمەش چەندین شۆڕشی بەرپاکردووەو دەیان شێوازی لەو پێناوەدا گرتۆتەبەر، لەهەموو ئەو شۆڕشانەدا ژنی کورد بەشداربووەو رۆڵی کاریگەری هەبووە، ئەگەرچی مێژوونووسان بەوپڕدانەوە باسیان لێنەکردووەو زۆربەی جاریش ئەم راستییەیان فەرامۆشکردووە.

ژنی کورد لەهیچ قۆناغو سەردەمێکی خەباتی گەلەکەیدا کەسێکی دورەپەرێزو دابڕاو نەبووە، بەڵکو وەک تاکێکی چالاک بوونی هەبووە، ئەگەر دەرکەوتنی وەک پاڵەوانێکی شەرکەرو سەرکردە دەگمەن بووبێ ئەوا وەک کەسێکی پشتیوان و هاندەرو درێژەدەرو بەشدار لەخەباتی رەوای کورد زۆر بەرچاوبووە، بەتایبەتیش لەناوەڕاستی سەدەی پێشووەوە لەباشوری کوردستاندا ژمارەی بەشداربی ژنان لەرێکخستنە سیاسییە نهێنییەکانو شۆڕشی چەکداریی لەزیادبووندابووەو ژنان پشکی گەورەی قوربانیدانو فیداکارییان بەرکەوتووە لەلایەک بەهۆی کاری رێکخستنەوە رووبەڕووی گرتن و راونان دەبوونەوەو زیندانەکانیان پێ پڕدەکرایەوەو لەلایەکی تریشەوە ژیانی سەختی شاخو شۆڕشی چەکدارییان هەڵدەبژاردو لەگەڵ پیاواندا شاخ بەشاخو دێ بەدێیان دەکردوو ژیانی ئارامیو ئاسودەیی شاریان لەدوای خۆیانەوە بەجێدەهێشت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەدیوێکی تردا هەر ژنان بوون بێوەژنو جەرگ سوتاوو براسردوو دەبوونو هەر ئەوانیش بوون کە ئەرکی سەختی ژیانو بەخێوکردنی منداڵەکانیان هەڵدەگرت، هەموو ئەم

## بیرەوەرییەکانی ژنانی شاخ

ڕاستییانە وادەکەن کە بەبێ دوودڵی بڵێین ژنان فاکتەرێکی سەرەکیی و گرنگبوون بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلی کوردو بەدیهێنانی ئازادیی لەم بەشەی کوردستاندا.

بەڵام مایەی نیگەرانییە کە هەموو ئەو ڕۆڵانەی ژنان وەک خۆی نەپارێزراوەو نەک هەر بەری ماندوبوون و خەباتیان بەهەند وەرنەگیراوە، بەڵکو لەهیچ بەڵگەنامەیەکی مێژوویشدا ئەو خەباتەی ژنان ئیشارەی پێنەکراوەو تەنانەت هەموو ئەو کتێب و سەرچاوە مێژووییانەش کە لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ وە لەلایەن سەرکردەو بەشداربووانی شۆڕشەوە نووسراونەتەوە بەڕونی ڕۆڵی ژنانیان فەرامۆشکردووەو پیاوان و ڕۆڵ و خەباتیان بوونەتە تەوەری سەرەکیی نووسینەکانیان بەجۆرێک ئەگەر کەسێکی بێگانە ئەو کتێب و یاداشت و یادەوەرییانە بخوێنێتەوە شۆڕشێکی تەواو پیاوانە دەبینێت.

لەکاتێکدا ئەگەر بەوردیی و بەویژدانەوە تیشک بخەینەسەر ڕۆڵ و خەباتی ژنانی شاخ، زۆر بەڕوونی لەو واقیعە دەگەین کە ژنان لەشۆڕشدا جگە لەپەروەردەکردنی منداڵ و چێشتلێنان و ئاوکێشان و خزمەتکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تاهەموو کارەکانی تری ناوماڵ، لەنەخۆشخانەو ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و خوێندنگاکانی شۆڕشدا بەشداری ڕاستەقینەیان هەبووە کە هەموو ئەمانە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە هەرچەندە خەباتی ژنانی شاخ لەچۆنایەتیدا لەخەباتی پیاوان جیاوازبووە، بەڵام لەچەندایەتیدا لەوان کەمتر نەبووە، ئەوەی خەباتی ژنانیشی پەراوێزخستووە ئەو پێشینەو کلتورە کۆمەڵایەتییە چەقبەستووەیە کە هەموو گەورەیی و سەروەرییەکانی کۆمەڵ دەکاتە موڵکی پیاوو کە بەداخەوە سەرکردایەتی و کادیرانی شۆڕشە سیاسی و چەکدارییەکانی گەلی کوردیش کە ساڵانێکی دوورودرێژە لەپێناو ئازادیدا جەنگاون نەیانتوانیوە خۆیانی لێدەربازبکەن.

لەبەر هەموو ئەو راستیانە یەکێتی ژنانی کوردستان سالأنێکە بیری لەپرۆژەی تۆمارکردنی رۆڵی ژنانی کورد کردۆتەوە لەهەموو بوارو قۆناغەکانی شۆڕشی گەلەکەماندا و لەناو هەر بیرو ئایدیایەکی سیاسیدا بێت دەستپێکی ئەو پرۆژەیەشی بەکتێبی (بیرەوەرییەکانی ژنانی شاخ) دەستپێکرد، بیرەوەرییەکانی ژنانی شاخ زیاتر لە٢ساڵە کاری تێدا دەکرێ و ئێستاش کە بۆتە کتێبێکی چاپکراو هێشتا لەقۆناغی کارکردندایە، چونکە بیرەوەریی ژنانی شاخ تەنیا لەبیرەوەریی ئەم(١٢٠) ژنەدا تەواونابێت و گەلێ ژنی تری خەباتکەر هەن کە ئێمە لەم قۆناغەی کارکردنماندا نەمانتوانیوە بیانگەینێ یان بواری چاوپێکەوتنمان نەبووەو یان خۆیان لەنووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان نەبوونەتەوە، کتێبی ژنانی شاخ هەوڵی داوە لەرێی بیرەوەرییەکانی ١٢٠ ژنەوە کە بەپێی ریزبەندیی پیتەکان دانراون هەموو خۆشی و ناخۆشی و مەترسییەکانی ئەو ژنانەو هاورێکانیان بێنێتەوە بەرچاوو بەڵەمانەتیشەوە بۆ مێژوو بیانپارێزێ، بۆیە بەگرنگییەوە سەیری هەموو ئەو هەوڵانە دەکەین کە لەدوای ئەم کتێبە بدرێت بۆ تیشک خستنەسەر ژیانی ژنانی ترو پێشکەشکردنی تێبینی دروست و مێژوویی لەسەر بیرەوەرییەکان، بەو هیوایەی بتوانین خزمەت بەژنی کوردو کتێبخانەی کوردی و مێژووی شۆڕشی گەلی کورد بکەین.

لەدوای بیرەوەرییەکانی ژنانی شاخ یەکێتی ژنانی کوردستان دەست بەنووسینەوەی بیرەوەرییەکانی ژنانی زیندانی و ژنانی ریزەکانی رێکخستنە نهێنییەکان دەکات و هەوڵدەدەین لاپەرەی بیرەوەریی ژنانی ناو هەموو حیزبە سیاسییەکان هەڵبدەینەوەو ژنی کورد لەهەر بوارو قۆناغێکدا بوونی هەبووبێت لەناو ئەو بیرەوەرییانەدا تۆماریان بکەین.

**یەکێتی ژنانی کوردستان**

سلیمانی

## بێگەرد مستەفا مەعروف

(بێگەرد مستەفا مەعروف) ئەو ژنەیە خۆی زۆر بەبەختەوەر دەزانێت کە توانیویەتی لەوزەمەنە سەختەی خەباتدا لەناو ڕێکخستنەکاندا دەورێکی کارای هەبێت وئەرکی سەرشانی خۆی بەپێی توانا بەجێ بهێنێت.

لەساڵی١٩٥٨ لەشاری هەڵەبجەو قوربانی هاتومەتە ژیانەوە، خۆم بەبەختیار دەزانم کەلەخێزانێکی کوردپەروەر هاتومەتە دنیاوە، منو براکانمو خوشکێکم لەساڵی١٩٧٨وە دەستمان کرد بەکارکردن لەڕێکخستنەکاندا، من زۆر خۆشحاڵ بووم چونکە کاتێك پێم دەنا بەخاکی ئەم نیشتمانەدا هەستم بەقەرزرباری نەدەکرد چونکە لەورۆژە سەختەدا من ئەرکی سەشانی خۆم بەجێ دەهێنا.

ئێمە هەربەردەوام بوین لەسەر کارکردن. شەوێکی ساردی مانگی بەفرانباری ساڵی١٩٧٨ بوو کە ئێمە هەموومان لەناو پێخەفەکانماندا خەوتبووین، لەناکاو لەتەپەی پێی پۆستاڵ رەشەکان بەئاگا هاتین، هەریەکەمان لەجێی خۆی واقوڕماو وتاساو ماینەوە، ( ملازم محسین) یش شوێنێکی وای گرتبوو کە چاوە شێتەکانی هەموومان کۆنترۆڵ بکات، پاش چەند دەقیقەیەك بۆمان روون بویەوە کە بۆ کاك نوری برام هاتوون، بەڵام ئەو لە ماڵ نەبوو ئەوان رۆیشتن، بەڵام گەورەترین کارەساتی بۆ ئێمە دروستکرد، ئەوەبوو باوکم یەکسەر زمانی بەستراو تووشی(کەئابە) بوو پاش دوو رۆژ خۆی کوشت .

براکەشم بەرەوشاخ رۆیشت، پەنای بردە بەرچیا بڵندەکانو شۆڕش بۆ ئەوەی پاڵپشتی بکەنو بپارێزن لەدەستی ئەورژێمە بەڵام کەباوکم ئەوکارەساتەی بەسەرهات، براکەمیان ناردەوە بۆشار، ماوەیەکی زۆر بەدڵەڕاوکێو ترسەوە خۆی لەماڵان دەشاردەوە تالێبوردنی گشتی خۆی تەسلیم کردەوە، بەڵام ئەو رەفتار فاشیانە گرتیانو ماوەیەکی زۆر لەژێر ئەشکەنجەو ئازاردا لەزیندانەکاندا مایەوە بەکەفالەت بەربوو، من خۆم لەرێکخراوی شەهید دکتۆر بەختیار کارم دەکرد لەگەڵ کاك جەمالی دیموکرات و کەلسوم خاندا، ئێمە بڵاوکراوەمان دەگواستەوە بۆ لادێکان وەرزیو دەرمانو پێداویستیمان دەبرد بۆ هێزی (پ.م). برایەکیشم راستەوخۆ دوای وەرگرتنی بروانامەی زانکۆ چووە شاخو کادری ئیعلام بوو لەسەرکردایەتی .

ئەوەبوو لە١٨ی پوشپەڕی١٩٨٠دا سەرکردایەتی بۆردومان کرا لەو بۆردومانە کاکم شەهید بوو، منو دایکیشم بۆ دڵنیابوون لەراستیی ئەوهەواڵە دڵتەزێنە بەرەو سەرکردایەتی رۆیشتین چوینە گوندی(دێرێ )کە دەکەوێتە پشتی قەڵادزێ ، سواری وڵاغ بووین لەوێوە چووین بۆ(توژەڵە)، من لەبارێکی دەروونی سەختدا دەژیام هەوڵیشم دەخستەکار بۆ ئەوەی نەمێڵم دایکم پێم بزانێت .

دەشتو دەر وشاخەکان گژوگیاکەی وشك بوو کەولاغەکە پێی پیادەنا ورد دەبوو تێکەڵی خۆڵەکە دەبوو، خشەیەکی سەیری دروست دەکرد، خۆریش بەنیمچە ستونی لێی دەدایین، سەرەڕای ئەوهەواڵە دڵتەزێنە، ئێمە لەسەر رۆیشتن بەردەوام بووین تابوو بە

ئێوارەوخۆر خۆی لێشاردینەوە، بەهەمان شێوە شەویش هەر بەڕێگابووین لەژێر ئاسمانی ساف‌و بێگەردا تا کاتژمێر حەوتی بەیانی گەیشتینە گوندی(زەڵێ)، لەوێ پێیان نەوتین کە شەهید بووە، ناردیانین بۆ (توژەڵە) هەتالای نیوەڕۆ پێیان نەوتین، دواتر پێیان وتین‌و بردیانین بۆ سەر گۆڕەکەی لەگەڵ (مامۆستا محەمەد) ئاوێك لەتەنیشت یەکەوە نێژرابوون.

پاش مانەوەمان بەماوەیەك لەسەر گۆڕی پیرۆزی بڕیاری گەڕانەوەماندا لەگەڵ کاك(ئاسۆ عەلی و هەڤاڵ کوێستانی) لەگەڵمان هاتن تا گوندی (شێنێ) لەوێوە هاتین بەرەو(دێرێ)و لەوێ سواری ولاغ بووین، پاش ڕۆیشتنمان بەماوەیەك بڕیاریاندا دابەزین‌و پشووبدەن، بەڵام من دانەبەزیم ئەوەندەم زانی ولاغێکی تر هات و قەپاڵێکی کرد بەقاچمدا و رایکێشام، قاچم شین‌و مۆر بۆوەو زۆر ئاوسا کەگەڕاشمەوە بۆشار نەمدەوێرا سەردانی پزیشك بکەم، تادوای دە ڕۆژ بەیارمەتی کچی پورێکم بردمی بۆلای (دکتۆر نەوزاد ساڵح) چارەسەری کردم، تائێستاش ئەوقاچەم هەرئازارم دەدات بەتایبەتی لەهاویندا دەخورێت‌و ئازاری زۆرە.

دوای ماوەیەك دوو برام چونە شاخ بەناوی(کاك نوری و کاك ئەمین) بوون بە پێشمەرگە، لەساڵی١٩٨١دا چووم بۆ سەرکردایەتی بۆ سەردانی براکان،م لەگەڕانەوەشمدا(٤٥) کاغەزم پێ‌بوو بۆ ڕێکخستنەکان‌و بۆ ماڵە (پ.م) کان لەگەڵ ئامۆژنێکم‌و(مەلیحە خانی خێزانی کاك ئازادی سەگرمە) لەڕێگا زمانمان لێدراو گیراین‌و بردیانین بۆ ئیستخباراتی قەڵادزێ، بەڵام ئەیان پشکنین من زۆر دەترسام بەڵام خۆشبەختانە بردیانینە ماڵە جاشێك دەبوو ئەو شەوە لەوێ بوینایە، منیش کاغەزەکانم ورد ورد کردو کردمە کونی ئاودەستەکەوە، تۆزێك مێشك‌و دڵم ئارام بۆوەو هەناسەیەکی ئارامیم هەڵکێشا .

بۆ بەیانی بردیانین بۆ کەرکوك ئێمەش لەناوخۆماندا ڕێکەوتین لەسەر وتنی کۆمەڵێ قسەی لەیەکچوو، خێزانەکەی کاك(ئازاد)مان کرد بەکچی خۆمان، کاتی لێپرسینەوە وتمان برایەکمان هەیە دیار نەماوە، هەموو عیراقی بۆ گەڕاوین لەوە دەچێ (پ.م) ڤراندبێتی ئێمە چووین بپرسین بزانین لایان بەندە یان نا، ماوەی(١٥) ڕۆژ ئێمەیان هێشتەوە، دواتر بردیانین بۆ ئەمنی سلێمانی پاش مانەوەمان شەوێك لەوێ، بۆبەیانیەکەی بردیانین بۆ بەندیخانەی سەرەوە، کاك هیوا نەقشەبەندی بوو بەکەفیلمان‌و بەربووین.

دواتر خانوەکەی خۆمان دابەکرێ‌و خانومان لەچوارباخ بەکرێ گرت بۆ شوێنەونی. بەڵام من دەستم لەکارکردن هەڵنەگرت، بەڵکو هەر بەردەوام بووم تا ئەورۆزی١٩٨٢ دووبارە لەگەڵ (وریا)ی برام کە خوێندکاری ویژەیی بوو گیرامەوە، یەکەم پرسیار ئاڕاستەمان کرا هۆکاری گۆڕینی خانوەکەمان بوو، خۆپیشاندانەکانی ساڵی١٩٨٢ لەو گەڕەکەوە دەرنەچوو، ئەوجەللادانە بەدەستی ئێمەیان ئەزانی، پاش ماوەیەك بەندێتیم لەئەمنی سلێمانی بردیانین بۆ بەندیخانەی سەرەوە، لەوێ من مزەکەرەم دا بەڕێوەبەری بەندیخانەکە داوام کردبوو ڕێگەی براکەم بدەن بچێت بۆ تاقی کردنەوەکانی کۆتایی ساڵ، بەڵام ئەوان گاڵتەیان بەقسەکانم هات وتیان دوای تاقی‌کردنەوەکان بەری ئەدەین، لەڕاستیشدا هەروایان کرد، دواتر بەربوو، بە(وریا)ی برامیان وتبوو هەرگیز خوشکەکەت بەرنابێت چونکە هاتوچۆی

(پ.م) دەکات و شتیان بۆ دەبات، من لەبەندیخانە مامەوە تا ٢٢ی پوشپەڕی ١٩٨٢ بەلێبوردنی گشتی بەربووم.

لەمانگی رەزبەری ١٩٨٢ کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ (پ.م) (حسەین کەریم قادر) کەناسراوە بە(حەمە سەعید)، یەکەم ماڵی (پ.م)یەتیمان گوندی(حاجی مامەند)بوو لەشارباژێڕی سەخت، لەوێ چوینە گەورێکی بەجێهێڵراوەوە کەزۆر کۆن و پیس و ناخۆش بوو، پەنجەرەیەکی بچوکی تێدابوو، دەرگایەکی زۆر نزمی هەبوو، کە ئێمە نایلۆنمان گرت بەدیوارەکاندا ئەگەر دەستمان بەردیوارەکە بکەوتایە خوڵێکی زۆر دەباری بەسەرماندا، نزمی دەرگاکەش زۆر ئەزیەتی دەداین، تاکە سەرچاوەی روناکی لەژورەکەماندا ئەو پەنجەرە بچووکە بوو ، ئەو ساڵە بەفرێکی زۆر باری و بارودۆخەکە زۆرسەخت بوو ماوەی پێنج مانگ رێگە گیرا.

لەساڵی ١٩٨٣دا شەڕی بەرەی جود دەستی پێکرد، زۆرینەی ئەرکەکان لەسەرشانی ئێمە بوو چونکە زۆرجار هەرخواردنیش نەبوو ئامادەی بکەم.

لە هەردوومانگی گەلاوێژو رەزبەری ١٩٨٣دا کەرتەکەی ئێمە کەوتە نێوان شەڕی ئێران عێراقەوە، ناچار چۆڵمان کردو بەسەڵتی بەرەو (باراو وچنگیان) رۆیشتین هەرلەژێر بۆردومانداا بوین تادانوستانەکەی نێوان رژێم و یەکێتی دەستی پێکرد، گەڕاینەوە بۆ سلێمانی دواتر ماڵمان بردە(سورداش) کە(سەید کەریم) شەهید کرا ماڵمان بردە (ئاوەژێ و سێروان)، دوای بنبەست بونی دانوستانەکە من گەڕامەوە بۆ سلێمانی چوومەماڵی مام لەگەڕەکی توی مەلیک لەوێ منداڵم بوو .

لەوکاتەشدا کوڕە گەورەکەم تەمەنی(١٨)مانگ بوو، دایکم هات بەڵام کوڕەکەم گریا بەشوێن دایکمدا و لەگەڵ خۆی بردی، ئەوکاتە کوڕە بچوکەکەم تەمەنی(٩)رۆژ بوو، رژێمی رەفتارفاشی هەڵی کوتایە سەرماڵی باوکم بەمەبەستی گرتنیان، لەوکاتەدا خوشکەکەم خواردن و جلی بۆ کوڕەکەم پێچاوەتەوە کەچی ئەمنەکان نەیان هێشتووە بیانبات، ئێمە بچوکترین زانیاریمان نەبوو لەسەریان، تالەدواییدا زانیمان بردویانن بۆ سنوری سوریا .

کەگەڕامەوە بۆ گوندی(سێروان) بێزاری و خەم و خەفەت بووبوو بەنزیکترین هاورێم، ئەوەبوو بەرێز مام جەلال وتبوی خەم نەخوات خەبیری( فلیپینی)مان لایە دەیگۆڕمەوە بە(رێبەند)، ئەوەبوو بریارەکەی بەرێز مام جەلال سەری گرت و هەمووماڵەکان بەربوون، منیش بریارمدا بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی کوڕەکەم بەرم بۆ شاخ، بەڵام لەهەموو شتێ سەخت تر کوڕەکەم نەدەهاتە لام، ئالودەی دایکم بوبوو بەڵام ورده ورده رام هێنایەوەو دواتر بردمەوە بۆ دەرەوە، پاش ماوەیەک مانەوەمان بریارماندا(سێروان)جێ بهێڵین و بەرەو ناوچەی قەرەداغ کەوتینەرێ لە(شیوی قازی) نیشتەجێ بووین، لەوێش بۆردومانمان لەسەر بوو، ماڵمان بردە (تازەدێ) لەوگوندەش بەیانیان زوو لەگەڵ روناک بونەوەی دەشت و شاخەکان ئێمە دەچووین بۆ پشت ئەرتاوێرە زلانەی کەدەیان پاراستین لەدوژمن، کەتاریک دادەهات دەگەڕاینەوە ماڵەکانی خۆمان.

لەمانگی گەلاریزانی ١٩٨٧دا هاوسەرەکەم وەك نوینەری یەکێتی چوو بۆ ئێران، منیش گەڕامەوە بۆ سلێمانی لە٢٤ی گەلاریزانی ١٩٨٧دا بەرەو هەڵەبجە کەوتمەڕێ لەوێ بۆ هاوارو هاوارەکۆنو شێخان بەوڕێگا سەختەدا رۆیشتین رژێمی ئێرانی تۆپ بارانی بنکەو بارەگاکانی دیموکراتو کۆمەڵەی ئێرانی دەکرد، دواتر گەیشتینە(پاوە) چوینە ماڵی (شەهید نیازی) دوای نانخواردنی نیوەڕۆ فڕۆکەی عیراقی کەوتە بۆردومان کردنمان .

ئێمە بەرەو(سنە) رۆیشتین لەوێوە بۆ(سەقز) شەو لەئوتێل ماینەوە دواتر ماوەیەك لەبارەگای کاك جەبار ماینەوە، دوای ئەوێش خانوومان بەکرێ گرت هەرلەوێش کوڕێکم بوو بەناوی(لامۆ)، رۆژێك لەماڵی (دلێری سەید مەجید) بوین بەڕێز(مام جەلال) لەوێ بوو، وتی(بێگەرد و لەیلا)خۆتان ئامادەبکەن(یەکێتی ژنان) دادەمەزرێت، بەڵام کەدامەزرا کەس بەمنی نەوت، بۆیە منیش پەیوەندیم پێوە نەکردن تامانگی رەزبەری١٩٩١ لەئێران ماینەوەو دواتر گەڕاینەوە سلێمانی.

ئێستا هاوسەرەکەم لێپرسراوی مەخزەنی مەرکەزیە تائێستاش بێ دابڕان هەردوکمان کاردەکەین، خۆشم وەکو ژنێکی شاخ درێخیم نەکردووەو گەورەترین ئاواتم هاتەدی کە ئازادی و راپەڕین بوو.

## پەرژین ئەحمەد سالح

(پەرژین ئەحمەد سالح ) هەر لەکاتی چاوپێکەوتنندا ، زامە سەختەکانی رۆژگار، چاوەکانی پڕکرد لە فرمێسک، بۆ ئەو کورە ئازیزەی کە بەهەموو شاخ و گوندو نەشکەوتەکانی کوردستانوگێڕای بە ئاوارەییدا ، بەڵام مەخابن کە لەژیانی ئازادیو ناوشاردا شەهیدبوو.

ئێستاش ئەم خانمە ڕێزە بیرەوەرییەکانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە .

لەشاری سلێمانی هاتوومەتە ژیانەوە، ئێمە پێشینەیەکمان هەبووە لەشۆڕشدا، ئەویش بەبەشداری کردنی دایکم بووکە لەجوڵانەوەی ئافرەتانی کوردستاندا کاری دەکرد، هەر ئەوەش بووە هەوێنی خۆشەویستی شۆڕشیو نیشتمانو ئازادی لادروست کردم. کەبتوانم بەرۆحێکی لەخۆ بوردوانەوەو هاوسەری (پ،م)قبوڵ بکەم کە پورزای خۆم بوو بە ناوی (بەختیار ملا عزەت)لەسەرەتای مانگی گوڵانی (١٩٨٣)دا کەدەشتو دەربەرگێکی سەوزی پۆشی بوو، گوڵاڵە سورەو گوڵە بەیبونەش خۆیان نەخشاندبوو. ئالەو کاتەدا بەشێوەیەکی نهێنیو دوورلەچاوی سەرانی رژێم بەبووکی لەگەڵ خزمو کەسو کاردا گەیشتینە گوندی (بزەینان)کە یەکەم ماڵی (پ،م)یەتیمان بوو.

چوونە دەرەوەی من سەفەرێکی درێژبوو تاڕاپەڕین بردمەسەر ، ژیانی گوندو شاخو ئاوارەییم هەڵبژارد ، لەشەنو کەوکردنی ئەو هەشت ساڵ خەباتە، دەیان یادگاری تاڵو شیرینو سەختو پڕمەینەتو برسێتیو تینوێتی پیشەی (پ.م)و ژنی شاخ بووە، بەڵام بڕوابەخۆبوون بەرێبازەکەمان چەندە بەرزو پیرۆز بوو، هێزێکی لەبن نەهاتووبوو، کەبەرەو هیواو ئاواتمان بەرێ .

چەند رۆژێك بوو کە لەژیانی هاوسەری دابووم. کەشەڕی ناوخۆ لەئارادابوو ، لەوکاتەدا شەڕ لەبەینی یەکێتیو سۆشیالیست بوو ، لەگوندی (گورگەدەر)پۆلێك تێکۆشەر شەهیدبوون ، لەهاتنو کشاندوەی (پ،م)کانی سۆشیالیست بەناو گوندی (بزەینان)دا (هاوسەرەکەمو سەلامی حاجی رەفیق)یان گرت، ئەگەر جوامێریی خەڵکی بزەینان نەبوایە یەکسەر هەردووکیان شەهید ئەکران ، ماوەی چەند مانگێك ماینەوە کەشارباژێری سەخت بەرهێرش کەوت، هەردوو رژێمی عێراق وئێران شەڕەکەیان خستە کوردستانەوە وردە وردە سنوری ناوچە ئازادکراوەکانی شارباژێڕ تەسك بۆوە .

مەڵبەند گواستیەوە، بەرەو قەیوانو خەمزەوناوچەی ئەوبەر. ئێمەش چەند ماڵە (پ، م)یەك بووین. خێزانەکان گەڕاینەوە بۆ شارو هاوسەرەکانمان لەگەڵ مەڵبەندا پەڕینەوە ئەو بەر، پاش ئەوەی ماوەیەك کەلە سلێمانی بوم هاوسەرەکەم بەدەلیلێکدا نامەیەکی بچووکی بۆ ناردم، منیش لەگەڵ خێزانی (پ، م)یەکدا گەڕانیەوە بەری (قەیوان)لەوێ لەگەڵای درەختەکانو لقی دارەکان کەپرێکمان دورست کردو شوێنەکەیمان پاك کردەوەو هێشتا پشوومان نەدابوو، کەلەسەرکردایەتیەوە بروسکەیەك هات. کەمەڵبەندی یەك بەرەو ناوچەی قەرەداغ بڕوات .

دیسان خێزانی (پ،م)کان گەڕاینەوە بەرەو شار ، دانوستانەکە تەواوبوبو رژێمی داگیرکەر بەشوێن ماڵە (پ،م)و کەسوکارییەوەبوو. ئەبوایە هەرشەوەلەماڵێك بین، مانەوەمان بۆ چەند شەوێك جێگای مەترسی بوو.

پاش ماوەیەك هاوسەرەکەم تێکۆشەری وون بوو کاك قادر کۆشکی ناردی بەدوامدا کە بچم بۆ قەرەداغ. لەکاتی گەڕانەوەمدا هاوسەرەکەم داوای کەل‌وپەلی پزیشکیو دەرمانی کرد پەیدا ی‌بکەن، هاوڕێیەکی ڕێکخستن هەندێك داودەرمانی بۆ پەیداکردم، لەکاتی گەڕانەوەمدا کردمە جانتایەکی بچووکو ئەوەشی مایەوە شەرواڵێکم لەپێکردبوو دەرمانەکانم تێکرد، ئینجا جلم بەسەردا لەبەرکرد.

چووم بۆ گەراج کاتێك خەریك بوو سواری سیارەکە بم، شۆفێرەکە بینیمی ووتی بۆ وازل بوویت، منیش ووتم جلەکانم خستۆتە گیرفانمەوە، لەوکاتەدا (مولازم موحسین)هاتە ناو گەراجەکەوە.

من ترس‌ولەرز گرتمی کە مولازم موحسینم بینیو شۆفێری ئوتومبێلەکەش نەی ئەزانی چیم پێیە، زۆر ترسا لەوەی بگیرێت، بەڵام بەخت یاوەرمان بوو، لەسەیارەکەی دانەبەزی زۆربەتوندی بەلاماندا سەیارەکەی لێخوڕیو ڕۆشت.

گەیشتمە گوندی کۆشکی حوارو لەگەڵ ماڵی سەلامی مەلا و ئەورەحمانو سەردار فەرەج، پێش ئێمەش ماڵە (پ.م)ی لێبووە، هاوسەرەکەم بەهۆی کاری ڕێکخستنەوە گشت کات لەگوندی بەلەکجاربوو بۆیە ئێمەش ماڵمان باری کرد بەرەو گوندی بەلەکجار لەوێ کۆمەڵێ خێزان بوین وەکو ماڵی (کافیە خانو شوکریەی حاکم ئیبراهیمو رەحمە خانی خێزانی عومەر غەریبو ماڵی شەهید شێرکۆ جدیو حاکم محەمەد) لەم گوندەدا دەژیاین، ژیانێکی سادەو پەیوەندییەکی قووڵو خۆشەویستیەکی زۆر. بەڵام ژیان زۆر سەخت بوو، هەر ڕۆژێك (پ.م)بچووایە بۆ چالاکی، ئێمە بۆ ڕۆژی دوایی بۆردمان دەکراین، بەفرۆکە یان تۆپ باران.

لەکاتی بۆردوماندا رامان دەکردە ئەو کونە تەیارەیەی بەردەمی ماڵی خۆمان لەپشتی بارەگای (پ.م) کانەوە بوو، (پ.م)کان کونە تەیارەکەیان بۆ خەڵکی گوندەکە دروست کردبوو، چاڵێکی قووڵی گەورەبوو لەژێر زەوییەکەدا هەڵدرابوو، ناوەکەی تەختو خۆش کرابوو، سەرەکەش بەستێکی کۆنکرێتی بوو. لەکاتی بۆردوماندا خەڵکی گوندەکەو ئێمە ڕامان دەکردە ئەو کونە تەیارەوە.

ڕۆژێکیان بۆردومانێکی زۆر چڕو سەختبوو، منو مەبەستی کوڕم ڕامان کردە ئەوکونە تەیارەیەوە. دوای تەواوبوونی بۆردومانەکە لەگرمەو ناڵەو قەسفی ساروخەکان گێژبووم، خۆم بە تەنها هاتبوومە دەرەوە لەولاوە (کافێ خان)بانگی کردم کوڕەکەت کوا(پەڕژین)، منیش ووتم نازانم، زۆری بۆ گەڕاین دوایی چوومەوە کونە تەیارەکە، تەماشام کرد خەوی لێکەوتبوو، باوەشم پێداکردو هێنامە دەرەوە.

کە بۆردمان تەواو دەبوو دەکەوتینە قسەی خۆشو پێکەنین وەکو هیچ شتێك ڕووی نەدابێت. لەگەڵ ئەو هەموو ناخۆشیە کەبە ووشە دەرنابڕێت، دڵو دەروونمان ئاسوودە بوو چونکە چاومان لەڕەهەندەکانی سەرکەوتن بوو.

پیلانەکانی ئەو ڕژێمە زۆر گڵاو بووبە، بەراستی بۆردومان ژیانی لێ تاڵ کردبووین، ئێمەو خەڵکی گوندەکە چووینە شاخو هەردەکان هەر ماڵەو لەپاڵ هەردێکو لاپاڵی شاخێکدا ژوورێکی گڵمان دروست کردو، لەژیانێکی ناخۆشی دا دەژیاین، هیچ پێداویستییەکی ژیانمان بەدەست نەئەگەیشت، چونکە ڕژێم ئابلۆقەی ئابوری لەسەر ناوچە ئازادکراوەکان دانابوو.

ماوەیەکی زۆر ماینەوە لەگوندی بەلەکجار کە مەڵبەندی یەک لەم گوندەدابوو نەخۆشخانەیەکی کاتی تێیدا بوو کە جێگەی چوارپێنج قەرەوێڵە بوو ، دکتۆرفایەق سەرپەرشتی نەخۆشخانەکەی دەکرد، لەگەرمیان شەڕێکی سەخت بوو کۆمەڵێ برینداریان هێنا بۆ ئەو نەخۆشخانەیە، من وکاقێ خان خواردن‌و پێداویستیمان بۆبردن‌و سەردانمان کردن .

ئێمە ماینەوە تابەرەو پایز گەڵای زەردی دارەکان ئەڕژانە سەر زەوی، وسەرمای پایز وەك تیر دەچەقیە لە لەشمان ، رژێمی داگیرکەر وازی لێ نەهێنایین ، مەڵبەندی یەك کۆچوباری پێچایەوەو بەرەو (قۆپی قەرەداغ)کە شوێنێکی سەختەو پڕ لەنزارە ، مەڵبەند بەخۆی‌و بارەگاکانی‌و بەندیخانەو نەخۆشخانەو کومەڵی ماڵە (پ،م)چووینە قۆپی بەو سەرمایە، هەر کەسەو لەشوێنی خۆیەوە کەوتەکارکردن‌و خانوودروست کردن بۆ ئەوەی خۆمان لە بەعسی و قاشی ودڕندەی کێوی و سەرما بپارێزین .

رۆژێکیان گەڕامەوە بۆ شار کچەکەی کاقێ خانم لەگەڵ خۆم بردەوە بۆ سلێمانی ، لەپاسەکەدا ئەو منداڵە هەر سرودی نیشتمانی دەگووت. کەلە ماڵی خۆیان (پ،م)کان فێریان کردبوو، پاسەکەش کۆمەڵێ جاشی تێدابوو، زۆرتر سام کەبمگرن ، بەمنداڵەکەم دەوت بێدەنگ بە، بەڵام سودی نەبوو زیاتر سرودی دەووت ، تاجاشەکان ووتیان وازی لێ بێنە منداڵە باگۆرانی خۆی بڵێت .

پاشی دوو رۆژ گەڕامەوە، هاوسەرەکەم ببوو بە رابەرسیاسی تیپی تایبەت بۆیە ماڵمان بردە ئەستبلی سەروو، تیپەکانی مەڵبەند هەموویان لەسەرکردایەتی بوون، تەنها بەشێك لەتیپی تایبەت‌و چەند (پ،م) یەکی مۆڵەت پێدراو لەگەڵ بەرگری لەناوچەکەدا مابوون ، کەبەشێك لەتیپی تایبەت لە سورقاوشان بوون، بەشەکەی تریش کە ئێمە بووین لەگەڵ کاك هەردی‌و شەهید هەڵکەوت.

لەوکاتەدا رژێم لە هەموو سنورەکانەوە جموجوولی سەربازیان هەبوو، هاوسەرەکەم‌و کۆمەڵێ (پ،م) ی تر اکتوریان گرت‌و رۆیشتن ، شانزە رۆژنەهاتنەوە ، هەتا ئەمان هاتنەوە بەشەکەی تری تیپی تایبەت گەڕانەوە، هێشتا چەند رۆژێکمان مابوو پێ بخەینەساڵی نوێ کوردی‌یەوە بروسکەیەکی وەها دڵتەزێن‌و جەرگ بڕکەیشت پێمان کە بەگاز خنکاندی (٥٠٠٠) هەزار کوردی هەڵەبجەی شەهیدبوو، لەوکاتەدا دایکی شەهید هەڵکەوت لەماڵمان بوو، لەبەر ئەوەی تەندروستیم باش نەبوو ، لەگەڵیا گەڕامەوە بەرەو سلێمانی.

دایکی شەهید هەڵکەوت بۆ دواجار ماڵئاوایی لە کوڕە ئەندازیارەکەی کردو هەرگیز نەیبینیەوە، لەکاتی ئەنفالەکاندا بە دەستی جەللادەکان شەهید بوو ، سوارتراکتوربوین‌و هاوسەرەکەشم هات لەگەڵمدا تا گوندی شەممەو وێلەکە ، لەوێ لەیەکتر جیابوینەوە ئەو گەڕایەوە بۆ لای هاوڕێ کانی ئێمەش بەشەو هەربەوتراکتورەکە بەرەو عەرەبەت رۆیشتین شەو لەماڵی خاوەن تراکتۆرەکە بووین.

بۆ بەیانی زوو شۆفێری تراکتۆرەکە سەیارەی بۆ گرتین‌و گەڕاینەوەو بۆ سلێمانی.

من لەهاتووچۆی ئەو رێگا سەختەدا بەتراکتۆرو هەڵبەزودابەزی ناوتراکتۆرەکە حاڵم زۆر خراپ بوو ، مانگی خۆم بوو یەکسەر چووم بۆ لای دکتۆرە (فیان)کە پشکنینی پزیشکی بۆ کردم، یەکسەر ناردمی بۆ نەخۆشخانەی منداڵ بوون،لە نەخۆشخانەش بە دەم ئەو هەموو ئازارو ژانی منداڵبوونەوەچوار دەورم بەسەرانی رژێم گیرا، چونکە کاتی کارەساتی ئەنفالەکان‌و هەڵەبجەی شەهیدبوو، ئەمن‌و ئیستخبارات بەناو هەموو ژوورو قاوشەکانی

نەخۆشخانەدا بڵاوبوبونەوە، وازیان هەرلێ نەدەهێنام پرسیاریان ئاراستە دەکردم، هەستیان کردبوو کە ژنی شاخم، بەڵام دکتۆرە فیراز لێیان تۆڕەبوو، ووتی: ژنە فورسانە بۆ وازی لێ ناهێنن ، ئەم نەخۆشە زۆر هیلاکەو منداڵەکەی کچەو بەمردویشی نەیبینێت، باشی بوو لێم دورکەوتنەوە من لەم ئامیلکەیەوە سوپای دکتۆرە فیراز دەکەم.

سەرەڕای ئەوەی کچەکەم مردو خۆم زۆر نەخۆش و هیلاك بووم ، هاوسەرەکەشم هیچ هەواڵێکی نەبوو لەناوجەرگەری شەڕو ئەنفالەکاندابوو، هەرلەو ماوەیەدا میوانێکمان هات بێئاگابووم لەهاوسەرەکەمو هەواڵم نەئەزانیی. میوانەکەمان کاك قادری کۆشك بوو ئەویش لەبێئاگاییەوە درکاندی کە هاوسەرەکەم برینداربووە لەگوندی کچان لەناوچەی گەرمیان.

لە دڵە راوکێ دابووم، نەمئەزانی ماوە یان نەماوە، هاوسەرەکەم کەوتبووە کەمینی جاشەوە و برینداربووبوو، بەڵام بەیارمەتی خەڵکی گەرمیان و دکتۆر فایەق تەندروستی باشتر بوو لەمەترسی دەرچووبوو.

من هەر غەمباربووم لەدڵە راوکێدا ئەژیام لەترسی گرتن لەشارداو لەدووری هاوسەرەکەم ، بەڵام رۆژێك لە ناکاو خاڵە شێخ جەباری رەحمەتی هات بۆ ماڵمان، لەو رۆژە سەختەدا، کە کەس نەیئەوێرا بڵێت من کوردم (من و مەبەست)ی کورمی گەیاندە قەندیل .

جارێکی تر خێزانە لێك دابڕاوەکەمان یەکمان گرتەوە، بەڵام هاوسەرەکەم بەگۆچانەوە ئەیتوانی بڕوات، بەتەواوی چاك نەبووبۆوە، پاش پشوودان بەرەو قڕناقاو پشت ئاشان رۆیشتین، لەوێ چوینە بارەگاکەی کاك عەلی عبدالله لەوێ یارمەتی داین و خەیمەو ئازووقەو هەندێ پێداویستی داینێ، ماوەی دوو سێ رۆژ لەوێ بووین، کەوتینە بەرشاڵاوی تۆپ باران و نائارامی هێرشەکە زۆر توندبوو لەسەرمان منیش خێرا خۆمان ئامادەکرد. تفەنگی هاوسەرەکەم کردە شانم، کوڕەکەم کردە قەڵاندۆشکانم، دووجانتا جلمان هەبوو هەردووکیم بەدەست هەڵگرت، بەو دارستان و شاخ و نزارەدا ڕامان دەکرد بەقەناسە لێیان ئەدایین، بەفرۆکە لەسەرەوە بۆردومان دەکراین .

ئێستاش بیر دەکەمەوە نازانم چۆن شەهیدنەبووین، بەتایبەتی هاوسەرەکەم کە برینداربوو نەی ئەتوانی رابکات ، سەختترین رۆژبوو لەژیانمدا، هەر چۆنێك بێت گەیشتینە بارەگای دیموکرات شەوێك ماینەوە، دواتر بەرەو ئالوەتان رۆیشتین دوای مانگێك وەرەقەمان بۆ کراو بەرەو ئاوارەیی و خاکی ئێران رۆیشتین .

چووینە شاری بانەو دواتر شاری سەقز، کە بەفرو باران و کڕێوەی زستان هاتە پێشەوە هەر (پ،م)یەك بەرەو محوەری خۆی رۆیشت ئێمەش چووینە کانی دیناری نزیك مەریوان ماڵمان دانایەوەو لەوێ نیشتەجێبووین هەتا راپەڕین .

لە پێش ڕ. اپەڕین دیسان دابڕان دەستی پێکردەوە، من و مەبەست لەخاکی ئێران و هاوسەرەکەم گەڕایەوە کوردستان بۆ بەشداری کردن لەراپەڕیندا، لەوخۆشیانەی کە لەهەمووشت لام جوانترو پیرۆزتر بوو چواردەساڵ و چەند مانگێك لەناو هیواو گەورەبوونی مەبەستی کوڕم دابووم، بەڵام مەخابن لەناو ژیانی ئازادی و ناوشاردا شەهیدبوو، من خۆم وەکو ژنی شاخ دانەبڕاوم لەئێشکردن ،حەزو ئارەزووم ئەوەیە یارمەتی ژنی شاخ بدەم، هیوادارم پرۆژەی گەورەو باشتربکرێت ئاوڕی زیاتر لەژنی شاخ بدرێتەوە.

## پەروین محەمەد مەحمود

پەروین محەمەد مەحمود ئەو ژنە سەربەرزو خۆڕاگرەبوو، سەرەڕای هیلاکی ڕۆژانی خەبات لەکاتی شەڕی براکوژیدا لەگەڵ کۆمەڵێك لەدایکانی پرچ (زیوینی) لەسلێمانیەوە بەڕێکەوتن بەرەو هەولێر چەندەها کیلۆمەتریان بەپێبڕی لەپێناوی وەستانی شەڕی براکوژیدا.

من لەیەکێ لەخێزانەکانی شارەکەی شێخی نەمر چاوم بەدنیا هەڵهێناوە بەو واتایەی لەخێزانێکی نیشتمانپەروەردا گۆشکراوم.

هەرلەمنداڵیەوە هەستم بەچەوسانەوەی نیشتمانە ستەم دیدەکەم کردووە خولیای ئەوەبووم کەزوو گەورەبیم و بچمە کۆڕی خەباتەوە، بەردەوام دروشمی(کەم بژی و کەڵ بژی)م بەجوانترین ئاستی بەرزی مرۆڤایەتی داناوە ، لە بەر کەم دەرامەتی و زوڵم و زۆری دوژمنانی ئازادی خوازی گەلەکەمان نەمتوانی درێژە بەخوێندنگا بدەم، بەڵام درێژەم بەخۆسازدان و بەخەبات کردندا لەپێناوی ئازادی و راپەڕیندا.

ڕۆژگار هات و ڕۆشت کەوتمە ژیانی هاوسەرییەتیەوە، لەرۆژێکی ساڵی١٩٧٤دا لەگەڵ"ئەکرەم رەحیم رەشید" ئێمە وەکو دووهاوڕێ وابوین بەیەکەوە زیاتر جۆشمان بەخەبات دا بەنەفەسێکی گەورەترەوە قۆڵمان هەڵماڵی ونهێنی پارێز بووین، تاساڵی١٩٧٥ هاوسەرەکەم گیراو ماوەی ساڵ و نیوێکی لەبەندیخانەی ئەبوغرێب بەسەربرد، من چاودێرییەکی زۆر توندم لەسەربوو، هەربۆیەش گەڕامەوە ماڵی باوکم لەوماوەیەدا زیاتر خەریکی کاری رێکخستن بووم، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کاکم کە ئەندامێکی کارای(ی.ش.ك)بوو زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوەکان لەماڵی ئێمە سازدەکرا.

هەرلەژێر کاریگەری کاکم دا سێ برای ترم بوون بە(پ.م) دوای ئازادبوونی هاوسەرەکەم لەزیندان، بەماوەی چەند ساڵێك خەباتی شارمان گواستەوە بۆ شاخ ، لەساڵی١٩٨١دا هاوسەرەکەم بەرەو(ناوزەنگ) بەڕێکەوت .

منیش لەشارداماوە کە مۆڵەتی وەردەگرت دەگەڕایەوە سورەقەڵات و ئێمەش ئەچوین بۆ سەردانی لەوکاتەدا سێ منداڵم هەبوو، خۆم بەشداری خۆپیشاندانەکانی ناوشارم دەکردو بەرلێدان کەوتم، تەق وتۆقی شەوانەی شار فێری زۆرشتی دەکردین .

زۆربەی شەوان کە(پ.م) ئەهاتە سەرسلێمانی دەرگای ماڵەکەم دەخستە سەرپشت بۆ هاوکاری برا(پ.م)کان، ئەوەی زۆرکاری تێکردم شەهیدبونی(دکتۆر بەختیار)بوو لەگەڕەکی ئیسکان کەهاتبوون خۆفرۆشێك بەسزای خۆی بگەیەنن، بەڵام مەخابن دەمانچەکەی لەدەستی دکتۆر بەختیار وەستاو خۆفرۆشەکە ئەمی شەهید کرد.

نامەی(رێکخستنم)بێ هیچ ترس و سڵەمینەوەیەك دەگەیانە شاخ و بەپێچەوانەیشەوە ،لەساڵی١٩٨٤دا هاوسەرەکەم ناردی بەشوێنما بەرەو ناوزەنگ بڕۆین، بەڵام بارودۆخەکە باش نەبوو گەڕاینەوە بۆ ماڵی باوکم من چوار برام و هاوسەرەکەم(پ.م)بوون ، سەرانی رژێم

وازی لێنەهێنانین داوای براکانموو هاوسەرەکەمیان دەکەرد لەناچاریدا ماڵمان لەگەڕەکی تووی مەلیک بوو، خانووەکەمان چۆڵکردو چووین لەتاسلوجە دانیشتین .

منداڵەکانم خستەوە قوتابخانە لەوێو پێنج مانگمان لەتاسلوجە بەسەر برد، دوبارە هاوسەرەکەم ناردیەوە بەشوێنما، منیش لەساڵی١٩٨٥دا بەماڵەوە چوینە(چۆخماخ) ،ماوەیەکمان لەوگوندەدا گوزەراند بەرەو دۆڵی جافایەتی چوینە گوندی(یاخسەمەر) لەوێ ماوەی ساڵو نیوێک لەخەیمەدا دەژیاین، خانومان دەست نەئەکەوت هەموو خانوەکان بەبۆردومانی فرۆکەکانی رژێم ڕوخابوو، بەو بەفرو سەرمایە ژیانمان زۆر سەخت بوو، منداڵەکانیشم دوانیان لای دایکم بوون، لەوێ کۆمەڵێ ماڵە(پ.م) وەکو خێزانێکی گەورە بەیەکەوە دەژیاین ماڵی(کاک هاشم، عەبدولرەحمان سیتەکی، عەبدولرەحمان لالۆ، ماڵی رەمزی خان، حەسیبە خان، نازەنین خان، لەگەڵ ماڵی سلاح چاوشینو خێزانەکەی مریم خان)بوو لەبەیانیەکی ئەنگوستە چاودا فرۆکە بەرزو فشۆڵەکەی ڕژێمە روخاوەکەی بەغداد، لەچەند لایەکەوە هێرشیان کردەسەر گوندە کە و خاپوورو وێرانیان کردو لەدوکەڵی رەشدا نوقمیان کرد، شەهیدمان هەبوو، منیش هاوسەرەکەم بەکاری شۆڕش رۆیشتبوو چەك بهێنێت .

لەوکاتەدا شەڕی قەیوان ماوەت بوو، کەس بەکەس نەبوو، هاوارو بێزاری خەڵك سیمایەکیو ایدا بوو بەبارودۆخەکە منداڵێکی ساوام پێبوو ماڵەکەم سوتاو هیچم بۆ دەرنەچوو، منداڵەکەم خستەژێر باڵمو گەیشتمە بەردەرگاکە(پ.م) یەك هاواری کرد فریام کەوە ئەوتاقمو تفەنگەم لێبکەرەوە، منیش بەخێرایی تاقمەکەم لێکردەوەو بەبلوزێکی منداڵەکەم برینەکەم بەست هەموو گیانی خوێنی لێدەچۆڕا برایەکی ئەو(پ.م) هەرلەوبەرەوە بەهەمان بۆ ردومان شەهید بوو، پێشمەرگەکە بەمنی وت خوشکێ تۆ خۆتو منداڵەکەت بڕۆن، من تەواو بوم با ئێوەش شەهید نەبن، .

هێشتا فرۆکە بەزیوەکانی رژێم بەئاسمانی گوندەکەوە چاوەچاوی ئێچیری زیاتریان بوو بەپێیپەتی رام کردبەرەو مالومە، لەڕێگا براکەشم هاتبوو بۆلای ئێمە کەزانیبوی بۆردومان کراوین ، کەگەیشتینە مالومە هێشتا ترسی بۆردومانەکەی یاخسەمەر لەگیانمدا بوو کەکاتژمێر دەی شەوبوو لەوێش رژێم بەتۆپە ژەنگاویەکانی بەرتۆپی داین، ناچار بەوشەوە ڕامانکرد بەرەو شاخەکان لەوێ دوو رۆژ ماینەوە .

دواتر بەرەوشار گەڕاینەوە لەڕێگای شاخی(دابان)ەوە خۆمو منداڵەکانم سێ چوارکاتژمێر بەوشاخە سەختەدا بەپێ سەرکەوتین، تاگەیشتینە سەرچادەو سواری تراکتۆربووین لەسورداش کۆمەڵێ جاش ڕێگایان پێ گرتین، وتیان ئێوە خێزانی(پ.م)ن بەڵام من وتم میوانین، بەهەزاردەردیسەر رزگارمان بوو.

پاشان ماوەیەکمان بەپێبڕی تالۆریەك دەرکەوت چوومە بەردەمی بۆ ئەوەی بوەستێت شۆفێری لۆریەکە پیاوێکی بەڕێزبوو یەکسەر سەریخستین هەتا بەردەم(حەسیب ساڵح) لەوێشەوە تەکسی بۆ گرتین بۆ ماڵی باوکم لەگەڕەکی تووی مەلیك ، دایکم تایەك هەفتە دڕکی لەپێمان دەردەهێنا .

من لەکاتی گەڕانەوەمدا کۆمەڵێنامەی(پ.م)و ڕێکخستنم لەقەراغی کەواکەمدا ئەشاردەوە یان مەلۆتکەی منداڵەکەمدا ئەمگەیاندە ڕێکخراوەکانی کەرکوک یان سلێمانی بەشێوەیەکی نهێنی، برایەکم چوارمانگ لەسەرمن گیرابوو، پاش مانەوەمان بەچەند ڕۆژێك لەگەڵ روناك خانی خێزانی کاك سەربەستی جیهازدا کەوتینەڕێ بەرەو یاخسەمەر، ڕێگای شەدەڵەو سورداش گیرابوو، بەڕێگای ڕانیەدا بەوڵاخ و تراکتۆر کەوتینە گەڕانەوە ، منو روناك خان شەومان بەسەردا هات، گەیشتینە گوندێك چوینەماڵە(پ.م)یەك، تەنها دووپیاوی لێبوو خێزانەکانیان گەڕابونەوە بۆشار ،ئەمەش بۆ ئێمە ناخۆش بوو، دوای پشودان خۆم پێناساندن کە ئێمە خێزانی(پ.م) ناوفیشانی براکانم دایە، باشبوو ئەیناسین، بەڕاستی لەکۆمەڵگای ئێمەدا شتێکی ئەشیاوە هاوسەرت لەگەڵدا نەبێت لەماڵێکی وادا ڕۆژبکەیتەوە ، دواتر(پ.م)کان ماڵەکەیان بۆ ئێمە چۆڵ کردو خۆیان لەمزگەوت خەوتن، ئێمە چەندە ها شەو بەنائارامی دەخەوتین کە هاوسەرەکانمان لەشەڕو لەجەولەدا بوون.

زۆر بە سەختی بەومنداڵانەوە گەیشتینە یاخسەمەر، بۆ ڕۆژیی دوای لەبەرگیروگرفتی ڕێگاوبان نەمان ئەتوانی هاتوچۆی شاربکەین، لەلایەن کەس و کارمانەوە هەواڵی شارمان ئەزانی بەتایبەتی دایکم کەئەتوانم بڵێم زۆرلەئێمە(پ.م)تربوو، وە زۆر خۆی ماندوو دەکرد بەکاری شۆڕشەوە، لەوگوندەدا ماینەوە تاساڵە شومەکەی۹ی ڕەشەمێ۱۹۸۸ ڕژێمی فاشی لەدوای نیوەشەودا(٤٠)راجیمەیی کیمیاوی نا بەگوندەکەمانەوە ، خێزانێکی ئاوایەکە بەتەواوی پێکران و شەهیدبوون، ئێمەش بەسەختی بریندار بووین .

بردینیان بۆ نەخۆشخانە، هێرشی جاش و عەسکەریمان لەسەر بوو، لەڕێگا من نەمئەتوانی بڕۆم هەرنەکەوتم، بەهاوسەرەکەم وت بمکوژە با نەکەومە بەردەستی جاش و عەسکەری ، من ناتوانم بڕۆم ،دووکەس هاتنە بن باڵم هەتا گەیشتینە بەرگەڵو، لەنەخۆشخانەکە چارەسەرم وەرگرت و لەکاتی هاتنەدەرەوەماندا دوبارە لەوێش تۆپ باران دەستی پێکرد، هەریەکەمان بەلایەکدا رامان کرد ، من ئاگام لەمنداڵەکانم و هاوسەرەکەم ئەما خۆم دایە بن بەردێکی گەورە تابۆردومانەکە تەواوبوو .

بردینیانە ماڵی کاك(شەهاب و حەمە عەلی) لەوێش چوارڕۆژ ماینەوە هەموو ڕۆژێك تۆپ باران بوو بەچەکی فسفۆری لەشاخەکانی ئەدا، ئەو ڕژێمە لەناوچووە هەرچی چەکی دەوڵەتانە لەسەر ئێمە تاقی کردەوە، ئێمە بوبوین بەتاقیگەی وڵاتە زل هێزەکانی دونیا .

(سکیشم) هەبوو هەردووچاوم نەی ئەبینا نانم بۆ نەئەخورا زۆر ژیانمان لەمەترسی دابوو.

لەماڵی کاك(فەرهادی سجن)بووین دوای نیوەڕۆ بەفڕۆکەی ئێراتی گەیشتینە شاری(بانە) ، هەرهەمان ڕۆژ ئەو ڕژێمە لەناوچووە بەفڕۆکەکانی شاری(بانە)ی خاپورکردبوو ، کە گەیشتینە نەخۆشخانەکان کەس نەئەهات بەلاماندا، ئەیانوت ئەوانە کیمیاوی لێدراوەکانن ، تاشەوگەیاندینیانە نەخۆشخانەی(تەبرێز) ڕۆژی شەش جار تیمارئەکراین .

ئێمە لەهەمانکاتدا لەبەرخەمی شۆڕش و ناوچەکانی خۆمان ئاگامان لەئازارو برینەکانمان نەبوو . تا دوانزە ڕۆژ لەنەخۆشخانە ماینەوە ، ئەوکیمیاوییە کاریگەری لەسەر

کوڕە گەورەکەم بەجێ هێشتبوو ، شتی لەبیرنەچێتەوە، چونکە سێ جار بەخەستی بەرکیمیاوی کەوتین ، ئێمە وەکو ژنانی شاخ لەئاوارەییدا ڕۆڵی کارامان هەبوو، ئەوەش بووە هۆی دروست کردنی ئەم ڕێکخراوەی ئێستا، کاریگەری زۆربوو بۆ سەر ناوچەکانی ئەوسا، تەنانەت گۆڤارو بەرنامەو داخوازییەکانی ئەم ڕێکخراوەمان ئاڕاستەی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی ڕژێم دەکرد، ژنانمان بۆ کڵپە سەندنی ئەوئازادییە تاوئەدا، منو هاوسەرەکەم ئاوارەییو هەژاریمان هەڵبژاردو نەگەڕاینەوە بۆلای ڕژێم .

هەتا ڕاپەڕینی ساڵی١٩٩١، کەگەڕاینەوە منداڵەکانمان سیانیان قوتابخانەیان فەوتا لەئێران بەفارسی خوێندبویان کەگەڕاینەوە تەمەنیان گەورەبوبوو.

لەکاتی شەڕی برا کوژیدا هەڵوێستی ژن و دایکانی وڵاتەکەم ویژدانی دونیایان تاودا هەڵوێستی مەردانەیان وەرگرت ؛ ڕێپێوانێکیان سازدا لەسلێمانییەوە کۆمەڵێ دایک بەپرچی و سپییەوە، بەپێو بەقوڕگێکی پڕلەگریانو خۆزگەوە ڕێگای دووری چەندەها کیلۆمەتریان بڕی، قوڕگمان نوساو هاواری وەستانی شەڕی براکوژیمان دەکرد .

پاشان نەخۆش کەوتم لەڕێگا هەردوو ئەژنۆم وەستاو لەکارکەوت، بەڵام ئامانجمان پێکاو چوینە ناوشاری هەولێرەوە ، ئەم ململانێ نەتەوەییەمان لەسەرانسەری دونیا دەنگی دایەوە ، کەکوردنەتەوەیەکی ئازادیخوازەو نەفرەت لەشەڕدەکات ، من لەپێناو سەرکەوتنی خەباتی ژنانو وەستانی‌شەڕنەبوایە ئەم ئەتوانی ئەو هەموو ڕێگایە ببڕم ، تاجە گوڵی سەرکەوتنیش ئاراستەی یەکەمین ژنی ناو ئەم شۆڕشە دەکەم کە گیانی خۆی بەخشی بەئازادیو ڕاپەڕین.

شەهیدان کاریان لەدەرونو ناخم کردووە ، لەسێدارەدانی خاڵی نیشتمان پەروەرم بەناوی(ئیبراهیم ساڵح سەلیم) شەهید بوونی خوشکەزایەکیشم زۆر ئازارم چەشتووە.

## پەروین عومەر سەعدون

پەروین عومەر سەعدون ئەوژنە ماندووەی ڕێگای خەباتە، ئێستاش خۆزگە بەپاکیو جوانیی ئەو ڕۆژانە دەخوازێت کەلەژێر بۆردومانی سەختدا ئەژیا.

من لەخێزانێکی نیشتمانپەروەری شاری سلێمانی هاتوومەتە ژیانەوە، کاتێک نیشتمانەکەم لەژێر پۆستاڵی داگیرکەراندا ئەیناڵاند، هەستی نەتەوایەتیم هانی دام پەیوەندی ڕێکخستن ببەستم لەناو شاردا، چ کارێک لەتوانامدا بێت ئەنجامی بدەم، زۆری بڵاوکراوەکانم لەخۆمدا ئەشاردەوەو ئەمگەیاندە شوێنی خۆی، لەساڵی١٩٨٢دا ڕەسمی مامەریشەو شەهید سەربەستو کۆمەڵێ (پ.م)ی تریان دامێ بیشارمەوە، منیش کچ بووم لەماڵی باوکم پشتی تەلەفزیۆنە کۆنەکەم کردەوەو ڕەسمەکانم خستەناوی‌و پشتەکەیم وەک خۆی توند کردەوە، بێ ئەوەی هیچ کەسی لەئەندامانی خێزانەکەم پێی بزانێ.

جارێکی تریش (پ.م)یەك بەناوی شەهید سەربەست بۆ ئەنجامدانی چالاکییەك هاتبوە ناوشار لەماڵی ئێمە بوو، پشوویەکی دا تاکاتی چالاکییەکە هات، هەرئەو هۆکارانە بوو کە هاوسەرێکی (پ.م) هەڵبژێرم بەناوی(هاوڕێ حەسەن محەمەد) کە (پ.م) بو لەتیپی٥٧ی سەرگرمەو کادری ڕێکخستن بوو.

لەڕۆژێکی کوڵانی١٩٨٤دا کەدەشتو دەری نیشتمان شێوەیەکی سیحرئامێزو ئەفسووناوی هەبوو، کانیاوەکانی ژیابوونەوە، ئێمە یەکەم ماڵی (پ.م)یەتیمان لەگوندی(هەرگێنە )دانا، ماڵە سادەکەمان دوو ژووربوو، ڕەفەیەکی گەورە لەژوورەکەماندا بوو وئەو کتێبانەمان لەسەر ڕیز کردبوو کە ئەمانخوێندەوە.

تەلەفزیۆنێکمان هەبوو بەپاتری ئیشی ئەکرد، هەروەها هەندێ کەلو پەلی سادەی ناوماڵ، هەستی نەتەوایەتیمو خۆشەویستی بۆ ڕێبازەکەم وایلێکردبووم کە بگونجێم لەگەڵ ئەوژیانە سەختەدا، ئێستەش خۆزگە بەپاکیو جوانی ئەو ڕۆژگارانە ئەخوازم کەلەژێر بۆردومانو سەختی ژیاندا ئەگوزەراین، بریا ئەو ڕۆژانە بگەڕایەتەوە کە بەوپەڕی تواناو لەخۆبردنی ژیانی خۆمان دەبەخشی بەخاکەکەمان.

لەوزەمەنەدا ڕوداو زۆر بوو بۆردومان وتۆپبارانی بەردەوام وشەڕوپێکدادانو هێرشی گەورە گەورە بۆسەر ناوچەکە ئازادکراوەکان، خۆیشم زۆرم جەولە کردووەو ئەوناوچانە گەڕاوم( قازان قایە، دێلێژە، سنوری تیپی٥٧ی سەگرمە، سوڵە، دەرەویانی سەرو، دەرەویانی خوارو،تەنگی سەر، باخان، داراغا،داری کەل)، لەگەرمیانیش(سۆفی سەن) گەڕاوم، زۆر جار لەگەڵ هاوسەرەکەم ئەچووم بۆ جەولەو زۆرجاریش بەتەنیا خۆم ئەچوم بۆ ماڵی دکتۆر ساجید کەخێزانەکەی(تانیا)خان بوو، ئێمە ژیانێکی سەختمان هەبوو لەوزەمەنەدا زۆربەی جار ماڵەکانمان جێگای حەوانەوەی برا (پ.م)کان بوو.

لەگەڕانەوەیەکمدا بۆ سلێمانی بۆ سەردانی کەسوکارم پێش ئەوەی بگەمە بازگەیەکی ڕژێم کەمینێك دانرابوو، شۆفێری جێبەکە خەڵکی گوندی هەرگێنە بوو کە کەمینەکەی بینی ئاوڕی دایەوەو ڕاستەوخۆ پەلاماری جانتاکەی منی داو یەکسەر دەمانچەیەکی خستەناو

جانتاکەوە، منیش بێ ترس و سڵەمینەوە جانتاکەم کرد بەشانمدا وەستام هەتا پشکنینەکە تەواو بوو، خۆشبەختانە منیان نەپشکنی و گەڕامەوە بۆ ماڵی باوکم.

ئێمە لەخەبات بەردەوام بووین تاساڵی ۱۹۸۷ دەستم لەخەبات هەڵگرت، ئەو بۆچوونانەمان راستە رەنگە لەکاتی خۆیدا بووبێتە هۆی گەشەکردنی بیرو باوەڕ، بەڵام ئەوکاتە هەستمان پێ نەئەکرد.

بەهەرحاڵ من پەشیمان نیم لەخەبات و پەشیمانیش نیم لەبۆچوونەکانی ئەوکاتەو ئێستاش بیروبۆچوونی خۆم هەیە و ڕێزیش دائەنێم بۆ خەباتی خۆم و هەموو ئەوکەسانەی لەپێناوی تێشتماندا لەخەباتکردن دابوون.

من شەهید بوونی هاوسەنگەرانم کاریگەری زۆری لەسەر بەجێ هێشتوم، وەکو شەهید (شوانی رەئوف نوری، مامەڕیشە، عوسمانی میرزا)، ئێمە رۆژانە تووشی ئەو بارەدەبووین چەندەها هاوڕێی خۆشەویستمان گەیشتە لوتکەی سەرفرازی و شەهید دەبوون، خۆشمان وەکو ژن دەوری کاریگەرمان هەبوو لەشۆڕشدا، ژن ئەبێت خۆی ئاوڕ لەبابەتەکانی خۆی بداتەوەو چارەسەری بکات، نەک چاوەڕوانی ئەوەبێت چارەسەری کێشەکانی لەلایەن پیاوەوە بێت.

## پەخشان عەلی عەزیز

خۆشەویستییەکی زۆری بێسنوری( پەخشان عەلی عەزیز) بۆ خاکی کوردستان و ئازادیو بیروباوەڕەکەی، ئارەزووی هاوڕەگەورەی بووە کەوەك(پ.م)یەك خەبات بکات، دیارە لەبەر پەروەردەکردنی منداڵو ئەرکی ناوماڵ بۆی نەڕەخسا، بەڵام لەهەرکوێیەك و لەهەرکاتێکدا بەگوێرەی توانای خۆی یارمەتی برا(پ.م)کانی داوە.

من لەشارە خۆراگرو ئارامگرەکەی سلێمانی هاتومەتە ژیانەوە، لەرۆژێکی ساڵی ١٩٧٤دا بومە هاوسەری(فەرەج محیدین تۆفیق) کە(پ.م)ی شۆڕشی ئەیلول بوو، پاش پانزە رۆژ لەبەسەربردنی ژیانی هاوسەریم چوینە شاخ، یەکەم ماڵمان لەگوندی(گێڵدەرە)بوو پاش چوارمانگ مانەوەمان چوینە ئۆردوگای(کەرج) لای(دیزفول) و(ئەندی مشك)، لەدوای نسکۆی ١٩٧٥ گەڕاینەوە بۆ کوردستان هاوسەرەکەم لەگەڕاوەکان(عائدون)بوو کرایەوە بەسەرباز، پاشی سێ مانگ نەچۆوە بۆ سەربازی لەهەمان کاتدا پەیوەندی رێکخستنی هەبوو بەشەهید(جەباری حاجی رەشید) کە نوسراوەکانیان بەشەو ئەنوسیو بڵاویان ئەکردەوە، کاتێك کاك جەبار گیرا، هاوسەرەکەم نەیتوانی درێژە بەخەباتی خۆی بدات، چووە شاخ ، لەرۆژێکی ساڵی ١٩٨٢دا بوو، من تازە منداڵم ببو، پاش چاکبونەوەم دوبارە گەڕامەوە گوندی(گێڵدەرە) ئەوماوەیەی لەوگوندەدا بوین بەشەو ئەهاتنەسەرمان و ئازپیجییان ئەنا بەچوار دەوری گوندەکەوە، لەناچاریدا بارمان کرد بۆ گوندی(نۆدێ) کەلەم گوندەدابوین شەڕە سەختەکەی(کەتوو) دەستی پێکرد، جاشی هەرکیو سورکیان هێنابوو بۆشەڕ، خەڵکی گوندەکە چۆڵیان کردبوو تەنها سێ خێزانی(پ.م) مابونەوە، بۆ ئەوەی وایی لەگەڵ هاتنی سەیارەدا بۆ گوندەکەمان هەموو ژنە(پ.م) کان بەیەکەوە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، پاش مانگێك(سمیەخان) هات هەواڵی هاوسەرەکەمی پێبوو وتی لە(...یرگ)ن، ماڵەکەی نۆدێمان هەمووی فەوتابوو، بۆیە کەلو پەلی ترمان کڕییەوە چوین بۆ ...ەی لەبن دارێکی گەورەی بەتەمەندا کەپرێکمان لەلقو پۆپی درەختەکان دروست کردو، ئەش مانگ ماینەوە، بەیانییەکیان بەئاگاهاتم تازە گزنگی خۆر لە شاخەکانیئەدا، چواردەوری گوندی (خەمزە)یان گرتبوو، شەڕبوو بۆردومانی فرۆکەو تۆپ باران بوو، فەرتەنەیەك بوو مەپرسە، لەوکاتەدا هاوسەرەکەم لەبەری(گاپیلۆن)بوو، منیش بەپێنج منداڵی وردەوە لەگەڵ سمیەخاندا لەژێر ئەو بۆردومانەدا ماینەوە تائێواریێ خەزوریشم بەسەردان هاتبوو بۆلامان، لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا بەپێ بەناو داروبەردوو شاخدا کەوتینە رێ، گەیشتینە سەرچەمەکەی قەڵاچوالان تریفەی مانگەکە دەیدا لەناوی چەمەکە تابلۆیەکی زۆرجوانی دروست کردبوو، بەختمان باش بوو، کوڕێك لەسەر چەمەکەبوو بەوڵاغ لەچەمەکە پەڕاندینیەوە، چووینە بەری قەڵاچوالان شەولەماڵی کاك محەمەد لامان دا کە(پ.م)ی دیموکرات بوو.

ماڵەکەشم هێنا لەحەوشەکەی ئەواندا فرێم دا، پاش شانزە ڕۆژ مانەوەمان لەو ماڵە بەرێزەدا بەرەو گوندی(باڵغ) رۆیشتین، بۆردومانمان زۆر لەسەربوو، پاش هەشت ڕۆژ بەرەو گوندی(مالومە) ڕۆیشتین، ماوەی مانگو نیوێك بەژیانێکی زۆرسەخت شەوڕۆژ لەگەوری

ولاغەکاندا بوین، لەبەر بۆردومان نەمانتوانی بمێنینەوە، خۆم و منداڵەکانم گەڕامەوە بۆ سلێمانی پاش ماوەیەك بەرەوگوندی(زێوێ) بەڕێکەوتین، لێرەش بۆردومان بەردەوام بوو، مەگەر هەرئەو بیروباوەڕە پتەوەی ئێمەو ئەو خۆشەویستییە لەسنور دەرچووەی ئێمە توانیبێتی درێژە بەژیان و خەبات بدات لەژێر زرمەو گرمەی بۆردومانی ئەورەفتار فاشیانەدا، بەڕاستی لەم سەردەمە مۆدێرنە[...] تەنها ژنی کوردو منداڵە وردیلەکانمان وەك پاڵەوان خۆڕاگربوون لەشاخ و ئەشکەوت[...]انی کوردستاندا، بەو سەختییە ساڵێك و دوو مانگ ماینەوە، هەتاساڵی ۱۹۸۷ کە کیمیا[...]ی بە زێویدا کرد، کۆمەڵێ خەڵکی برینداروو نابینا کرد، ئێمەش بڕیارماندا بەرەو ئێران بڕۆین، هەندێ کەل وپەل و جل و پێداویستیم کۆ کردەوە، ولاغێکمان بەکرێ گرت کەل وپەلەکانمان خستە سەر کەوتینەڕێگا، بۆ ئەوسەفەرەمان(۱۲)شەوو رۆژ رێگامان بڕی تاگەیشتینە خاکی ئێران.

کەسەرکەوتین بەشاخە سەختەکەی پیرەمەگروندا زۆر هەورازبوو خۆم و منداڵەکانم بەپێ بەڕێکەوتین، کاك(محەمەد) بەهاوسەرەکەمی وت ئەومنداڵە وردانە مەدە لەوشاخە سەختە ئەکەونە خوارەوە، بەڵام ئێمە سەرکەوتین بەهەورازی سەخت و پڕ بەفرو زریاندا.

ئەسپەکە لەشاخەکە هەڵدێراو تۆپی، کەل و پەلەکانمان هەڵگرت بەدیوی قزلەردا رۆیشتین تالای ئێوارێ پشویەکمان دا، کەشەو تاریك داهات بەرەو(بێقوورچەی) لای (مێرگەپان) کەوتینە رێگا.

لەگەڵ سپێدەدا بەرەو شاخە سەرکەشەکەی(دابان)سەرکەوتین، لەناکاو بۆردومانی فرۆکەکانی ڕژێمە گەندەڵەکەی بەغداد دەستی پێکرد، هەرکەسەو ڕایکردە بن تاشەبەردێك و پاڵ دارێك خۆمان شاردەوە تا بۆردومان تەواوبوو، دواتر گەیشتینە(سێدەر) شەوێك ماینەوە گەیشتینە(مەرگە) بەومنداڵە وردانەوە هەردەڕۆیشتین دڵ و دەرونم ژانی دەکرد قاچە ناسکەکانیان هەمووی تلۆقی کردبوو، کەپێیان ئەنابە زەویەکەدا لەتاو ئازار ئەگریان، زۆرم بەزەیی بەم(ئەوە)یە هاتەوە، ئەبێت تاوانیان چی بێت ئەومنداڵە وردانە بەم هەموو بەفرو شاخ و دۆڵ و چەمەخوڕانەدا ڕێگا ببڕن تادەگەنە سەرسنور، لەهەر گوندێ لامان ئەدا نانی وشکمان لێ ئەسەندن، بەپێ ڕۆیشتین بەرەو(قەلادزێ) یەك شەو و رۆژ بەبەردەوامی ڕۆیشتین تا گەیشتینە سەرئاوەکەو بەقایەغ پەڕینەوە، ئێمەو ماڵی (نەعیمە خان) سواری سەیارە بووین بۆ(ژاراوە) هاوسەرەکانمان بە قاچاغ بەلاڕێدا ڕۆیشتن، تالەناو(ژاراوە)یەکمان گرتەوە، لەوێوە ولاغمان گرت بۆ منالەکانمان و خۆمان بەپێ ئەڕۆیشتین تا گەیشتینە باخێك لاماندا بۆ ئەوەی پشوویەك بدەین، ئەیان هێشت شەو بڕۆین بووبەتەقەو شەڕ لەبەینی قاچاغچییەکان و ڕژێمدا ڕوویداو نۆ قاچاغچی کوژران، سپێدە هەمدیس ولاغمان بەکرێ گرت و گەیشتینە گوندێك هەمووی رەشماڵ بوو ڕەشەبایەکی زۆر توندیش بوو، هەموو رەشماڵەکانی برد بەئاسماندا، لەوساتەدا زرێپۆشێك (مدەرەعە) بەرەو ڕومان هات زۆرترساین بەڵام باش بوو بەڕێگایەکی تردا لایداو ڕۆیشت، ئێمەشە بەرەو شاخە سەختەکەی قەندیل کەوتینە ڕێگا، من نەمتوانی سەرکەوم بەوشاخەبەرزەدا، سواری ولاغ بووم خۆم و دوومنداڵەکەم لەسەر شاخەکە بەرزەکە کەوتمە خوارەوەو بورامەوە، کاتێك بەئاگاهاتمەوە

منداڵەکانم بەسەرمدا ئەگریان وایان زانیبوو مردووم، بێجگەلەوەی یەك کۆمەڵ خەڵك دەورەیان دابووم، دوو شەو لەقەندیل ماینەوە دواتر بەڕێکەوتین بۆ(بنتات) من ئەموێرا سواری وڵاغ بم هەربەپێ ئەڕۆیشتم، شەوێکیش لە(کونەمشکێ) لەبارەگای(پ.م)کاندا خەوتین وچووین بۆ(بانە)، ئەوکەڵو پەلانەی پێمان بوو خستمانە سەر عەرەبانەیەکی دەستیو ماڵی خزمێکمان لە(بانە)دۆزیەوە، ژوورێکیان داینێ شەش مانگ ماینەوە لەماڵی(کاك حەمەی مچە شوان)(پ.م)ی دیموکرات بوو. لەبەر زۆری بۆردومانی ڕژێمی ڕەفتار فاشی بەغداد چووین بۆ ناوچەی شلێر گوندی (وێنە) بەو مانگی ڕەشەمێو سەرماو تۆفە ژوورێکی نایلۆنمان دروست کرد ژێرمان ئاوو قوڕاوبوو، پاش ماوەیەك لەبەرزۆری بۆردومان گەڕاینەوە ماڵی ئاسیاوەکەمان لە(بانە)، کاتێك هێزەکانی سەرکردایەتی پاشە کشەیان کرد بۆ سنور، (٢٥)ماڵە(پ.م)و ئاسیاو هاتنە ماڵمان ژوورێکی بچوکمان هەبوو هەتا ڕێگە نەبوو بەپێوەش بوەستین، ئەو مەرگەساتەی من بینیم هەتا دواساتەکانی ژیان لەیادم ناچێت، منداڵەکانیان چەند جارێك خۆی پیسی کردبوو هەمووی بەپێستەکەیدا نوسابوو بەچەندجار شتن لێ نەئەبووەوە، هەرمەموویان قاچ و قولیان لەبەفردا شینو مۆر بوبووە.

ژنێك هەردوو بنکی پێی ئەوپێستە ئەستور دەبەبوبو زریکەی ئەچووە ئاسمان لەتاوئازار، ژنەکانی تر دەرمانی میللیکوردەوارییان بۆ دروست دەکردو بۆیان لێئەنا، سەرەڕای برسێتی نەهامەتیو هەموگیانیان لەئاوی بارانو بەفروقوڕاودابوو، ئێمەش سەرباری هەموو خەمەکان، خەمی هەژاری گەلێك گران بوو، لەوکاتەدا هیچ زەخیرەیەکمان نەبوو، تەنها خاوەنی(٢٠٠)دیناربوین، هاوسەرەکەم پارەکەی بردوو چوو لەبازاڕ زەخیرە بکڕێت، هەرئەو ڕۆیشت هەمدیسان فرۆکەکانی بەغداد بۆ چەندین جاری تر بۆردومانی کردینەوە.

من یەك چرکە پێش بۆردومانەکە منداڵەکانم لەبەردەرگا هێنایە ژوورەوە، دەرگاکەم لێداخستن، سارۆخێك دای بەبەردەرگاکەدا لەگرمەو ئاڵەی هەموو بنمیچو داروپەردووی خانوەکە بەسەرگوێلاکماندا هاتەخوارەوە، تاپارچە بەردێکی گەورە بەرشانی یەکێك لەمیوانەکان کەوتو ئازارێکی زۆری پێگەیاند، لەتاوا هەمووما ڕامانکردە ژێرزەمین، من لەترساندا کچەکەم سوورێژەی بوو کە ڕامانکرد لێم بەجێما بەو نەخۆشییەوە، دوای تەواو بوونی بۆردومانەکە هاوسەرەکەم گەڕایەوە خواردنی کڕیبو، منیش خواردنم بۆ ئامادەکردنو جلم بۆ ئەشتنو خزمەتێکی زۆرم کردن تائەوماوەیەی لەماڵمان بوون.

منداڵەکانم لەبانە خستە قوتابخانە بەفارسی دەرسیان دەخوێند، کچە گەورەکەم دووساڵ خوێندنی فەوتاو کچەکەی تریشم ساڵێکی فەوتا، هەرئەوەش وایلێکردین لەلێبوردنی گشتی١٩٨٩دا گەڕاینەوە خاکی کوردستانی باشور، هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆ سەربازی منیش هەفتەیەك لەماڵی دشێکم بووم دواتر چوومە ماڵی باوکم، من زۆرم خاكو نیشتمان و ئازادی خۆشدەویست، ئارەزووم زۆربوو کە کاری(پ.م)یەتی بکەم بەڵام لەبەرپەروەردەکردنی منداڵو ماڵ بەڕێوەبردن، ئەوهەلە پیرۆزەم بۆ ئەڕەخسا، بەڵام لەهەرشوێنێك بووبێتم بەدڵو بەگیان لەخزمەتی هێزی(پ.م)دابوم، ناخۆشترین ساتەوەختەکانی ژیانم ئەوکاتانەبوو کەئەوبرا(پ.م)نەی لەماڵمان بوون لەناکاو ئەچوون بۆ شەڕێكو شەهید ئەکران، ئەوانە کاریگەری زۆری لەسەر بەجێ هێشتووم.

## پەخشان عەتا کەریم

پەخشان عەتا کەریم ئەو ژنەماندووەی ڕێگای خەباتە کە بەویستی خۆی کاری گومرکی بەسەرماو گەرما لەژێر ئاسمانی تارێکدا بێ گوێدانە سەختیی ئەوکارە، جێبەجێ دەکرد.

من لەشاری سلێمانی هاتوومەتە ژیانەوە، لە ساڵی ١٩٨٠دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە بەناوی( ڕەسوڵ ساڵح ئیسماعیل)، هاوسەرەکەم بەشێوەیەکی نهێنی پەیوەندی بەڕێکخستنەوە هەبوو لەبەرتوندوتیژیی ڕژێم ئەوکارە پیرۆزەی لەمن شاردبۆوە، بەڵام بەهۆی هودنەکەی ساڵی ١٩٨٤وە ئاشکرابوین لەڕژێم.

هەربۆیەش ڕوومان کردە شاخ و چوینە گوندی(بەرگورد) لەگەڵ ماڵی خەزورما تاقە ماڵ بوین لەوگوندەدا چونکە ناوچەکە(محرمە)بوو، لەوگوندانەدا باری زۆر ئەهات و ئەچوو، واتە کەلوپەلی(قاچاغ) هەربۆیەش خەزوریم (شێخ دارا)ی ئاگادار کردەوە، شۆڕشیش بۆ ئەومەبەستە بنکەیەکی گومرکی لە(بەرگورد)دانا .

هاوسەرەکەمو خەزورمو لەگەڵ شەهید(هاوڕێ مەلا کەمال) سەرپەرشتی ئەوبنکەیەیان دەکرد، زۆرجار بارەکان بۆ ئەوەی گومرگ نەکرێن بەشاخەکانی ئەشکان و مەزناوێدا بارئەهات وبەقاچاغ ئەڕۆیشت، دوای ماوەیەك شەهید هاوڕێ مەلا کەمال ڕۆیشت کاك حەمید کەرکوکیان هێنا بوو بەلێپرساو، من بەکاك حەمیدم وت بارەگایەکم بۆ بکەرەوە بۆ گومرگ کردنی بارەکان، وتی ناتوانم بارەگا بکەمەوە بەڵام هەربارێك هاتە ناو گوندەکەوە گومرگی بکەن بەبێ هیچ بەرامبەرێك.

من گومرگی حەیوانو ڕەشەوڵاغو فەرشو پۆشاكو هەموو کەلوپەلێکم دەکرد کەلە عیراقەوە دەچوو بۆ ئێران، بە پێچەوانەیشەوە بەوەرەقەی چاپکراوی شۆڕش گومرکم دەکرد.

من بەویستی خۆم داوای ئەوکارە سەختەم کرد چونکە بەبەفرو زریانو مەمکم لەدەمی جگەر گۆشەکەم دەردەهێناو دەچوم گومرگی بارەکانم دەکرد، سەرەڕای ئەوەش ماڵەکەمان خۆی لەخۆیدا بنکەیەکی (پ.م) بوو بەبەردەوامی لەخزمەتی برا (پ.م) کان دا بوین بێجگە لەئەرکی ماڵو منداڵ.

کەشەڕی (قەیوان ماوەت) ڕویدا خۆمان گوندی سەفرەمان سوتاند تاکەلوپەلەکان دەست دوژمن نەکەوێت، بەڵام گوندەکەی خۆمان نەسوتاند لەبەرئەوەی خەڵکی گوندەکانی تر بەرەو ئەوێ ڕایان دەکرد، خۆشمان ڕامانکردبوو بەتەنها حاجی ساڵحی خەزورم مابۆوە، کەهێزێکی (پ.م) لەگەڵ بەڕێز(مام جەلال) هاتبونە ماڵی ئێمە بەڵام بەداخەوە هیچ خواردنێکی لێ نەمابوو بیخۆن تەنها هەندێك هەنگوین نەبێت لەسەتڵێکدا ئەوەیان خواردبوو.

لەچەمی(گاکێ) ئاوەکەی زۆر بوو هەر بۆیەش(سیم)مان دانا بۆ پەڕینەوە، پێشمەرگەکان سیمەکەیان تاقی کردەوە یەك کۆمەڵ چەکی زۆریان لێ بەست بەڵام سیمەکە لەنیوەی چەمەکەدا وەستا، دواتر هەندێ چەکی قورستریان لێ بەست هەمووخەڵکەکە و هێزی (پ.م) و بەڕێز(مام جەلال)یش چاوەڕوانی پەڕینەوە بوون بەسیم بۆ ئەوبەر چەمەکە.

هەموومان پەڕینەوە ئەوبەرچەمەکە، (پ.م) کانی گومرگ بەرەو شاناخسێ ڕۆیشتن، ئێمەش بەپێ‌و بەولاغ بەرەو(مەزناوێ)ی ئێران بەڕێکەوتین بەسەلْتە زەلامی هیچ شتێکمان بۆ دەرنەچوو، لەگوندی(مەزناوێ) مالْمان دروست کردەوە، لەوێش لەژێر بۆردومانی فڕۆکەکانی عیراقدابووین بەبەردەوامی لە(ژێرزەمین)دا ژیانمان بەسەرئەبرد، ئێمە کەوتینە بەینی بەرداشی شەڕی عیراق ئێرانەوە، هەربۆیە پاش شەش مانگ مانەوەمان لەوگوندەدا بەرەو(سەردەشت) رامانکرد .

لەوکاتەدا گومرگی شاناخسێ بەر کیمیاوی کەوت، هاوسەرەکەشم لەوێ بوو، بارەگاکانیان گواستیەوە بۆ(زەلْێ) خۆم لەسەردەشت سکم هەبوو سێ چوارمانگ بوو هاوسەرەکەم نەبینیبوو، دوکوڕیشم لەقوتابخانە دەیانخوێند لەمالْی باوکم، بەلاّم لەبەر ڕژێم بەردەوام نەبون لەسەرخوێندن هەریەکەیان چوارپێنج سالْ خوێندنیان فەوتاوە، ئێمە خێزانێکی پەرتەوازە بوین هەریەکەمان لەشوێنێکی دوور لەسۆزو خۆشەویستی یەکتری ئەژیاین.

کە ئێمە لەسەردەشت بوین ڕژێمی ئێرانی وتی بێجگە لە(علاقات) نابێت هیچ مالْە (پ.م) یەك لەناو خاکی ئێراندا بمێنێتەوە، ئەمە لەسالْی١٩٨٧ دابوو، بەلاّم بەهۆی ئەوەی من لەسەر منداڵ بوون بووم کاك(عەلی کەمالْ علاقات)ڕێگەی بەمندا بمێنمەوە، بەلاّم مالْی خەزورم گەڕانەوە بۆ(زەلْێ)، دوای چەند ڕۆژێك دشێکم گەڕایەوە بۆ لام، خێزانەکەی کاك(عەلی کەمال)یش سەرداني دەکردم.

من لە نەخۆشخانەی(سەردەشت) بەژانی منداڵ بوونەوەبووم هێشتا لەچاوەڕوانیدا بووم کەلەناکاو فڕۆکە گەندەلّەکانی ڕژێمەکەی بەغداد بەچەکی کیمیاوی بۆردومانی سەردەشتی کرد، مەخابن هەموو سروشتی جوانی‌و پاکیی ئەوشارەی شێواند، لەناو بازاڕی شارەکەی داو هەزارەها کەس بەگازە ژەهراوییەکانی بەعس خنکان‌و شەهیدبوون.

منیش منداڵ بونم هەر لەبیرچۆوە لەترسی سەختی بۆردمانەکە بەرەو مالْەوە رامانکرد هەرنەڕۆیشتین‌و بەسەرلاشەی بێ گیاندا هەنگاومان ئەنا بەس لەدەوروبەری مالْی خۆمان ١٥ شەهیدم بژارد.

خەلْکەکە هەمووی بەگردە بەرزەکەی لای مالْی ئێمەدا سەرەکەوتن هەموویان ئەڕشانەوەو بلْقی ڕەش لەسەرپێستیان دروست بوو، دشەکەشم هەردووچاوی کوێر بوو کاریگەریی زۆری لەسەربەجێما، ئەوشەوەتابەیانی لەژێرزەمیندابوین، ڕۆژی دوایی ڕژێمی ئێران گواستینیەوە بۆ( قەلاّسپی)، پاش هەفتەیەك گەڕاینەوە سەردەشت وەرزی هاوینیش بوو کیمیاوی کاریگەری گەورەی بەجێ هێشت، هەموو نەخۆشخانەکان پڕبوون لەبریندارى کیمیاوی .

بەناچاری لەمالْەوە کچێکم بوو بەناوی(هێرۆ) سێ ڕۆژ دوای بونەکەی بەزەیستانی گەڕاینەوە بۆ گوندی(بێدەلان) لەناو خانویەکی حیزبی دیموکراتدا بووین، هاوسەرەکەم لەوێ بووبە لێپرسراوی کۆمیتەو لەگومرگیش کاری دەکرد، کاتێك ئەوان دەچوون بۆ کەمین خەزورم‌و مام شەریفی لێبوو کەسیان خوێندەوار نەبوون، منیش بەکاتژمێر سێ‌ی شەو بەو زەیستانیە ئەچووم گومرگم دەکرد .

سەرەڕای ئەوەش ئەوگوندە ئەوەندەی دوپشك هەبوو بەبێشکەی کچە ساواکەمدا هەلْئەگەڕا بێجگە لەوەی لەشاخی(مامەندەوە) تۆپباران دەکراین تەنانەت بەشەویش ئەمان

دەوێرا چرا داگیرسێنین، لەناچاریدا بارەگاکەمان بردە کێوەکەی(سمۆر) واتە دووشاخ چوین بەودیودا، شوێنەکە زۆرچۆڵ و هۆڵبوو شوێنێکی سەخت وناخۆش بوو سەرەڕای بۆردومانی شەوانەش.

ناچار چوینە(زەڵێ) لەوێش بەهەمان شێوە بەبەردەوامی بۆردومان لەسەر(بێدەلان و پشکاوێ و قولەهەرمێ و زەڵێ و نۆکان) بوو، لەبەرسەختی بۆردومان بەرەو(قاسمە رەش) بەڕێکەوتین لەوێشەوە بەرەو(کاولان) ڕۆیشتین، لەوگوندەدا زەوییان نەئەدا بە ماڵە (پ.م) ی یەکێتی، لەناچاریدا جێگا پەتاتەیەکمان کڕی و لەخەیمەدا سێ مانگ بەخێزانی لەوێدا ژیاین، بەڵام هەتا بڵێیت ژیانێکی سەخت و پڕ ئازار بوو.

بارودۆخەکە تۆزێك هێوربۆوەو گەڕاینەوە(زەڵێ)، منداڵەکانم لەشاربوون نزیکەی چوار ساڵ بوو نەمدیبوون زۆرم بیردەکردن نەمنەتوانی سەردانیان بکەم لەبەرئەوەی لای ڕژێم ئاشکرابووم کەلەخاڵی گومرگدا کاردەکەم، من لەوکاتەوەی چوینە شاخ تاساڵی ١٩٩١بەهیچ شێوەیەك نەگەڕاومەتەوە سلێمانی، سێ جار منداڵەکانیان بۆ هێنام لەڕێگەی قەلادزێوە بەڵام دەرنەئەچون و نەگەڕانەوە سلێمانی، لەدواییدا بەهۆی حیزبی دیموکراتەوە لەساڵی١٩٨٨دا لەگوندی(زەڵێ) بەیەکتر شادبوینەوە.

لەکاتی ئەنفالەکاندا بەرەو(سەردەشت) رامانکردو هەتا ڕاپەڕین لەوێ ماینەوە دوای ڕاپەڕین گەڕاینەوە گوندی(بەرگورد)و دواتر ماڵمان لەسلێمانی دانایەوە، لەی٣١ئابدا لەکاتی ڕاکردنەکەماندا لەگوندی(هەرزنێ) مین بەکوڕێکمدا تەقییەوەو قاچێکی پەڕی و ئێستا کەم ئەندامە، هاوسەرەکەشم لە١٩٩٧دا چوو بۆ سەردانی باوکی بۆ گوندی( بەرگورد) ئەویش مینی پیا تەقییەوەو شەهیدبوو، خۆم وەکو دایکێك سەرپەرشتی حەوت منداڵم دەکەم قورسیەکانی خەباتی ڕۆژە سەختەکانی بووە هۆی ئەوەی دوو نەشتەرگەری فەقەرات و مناڵان بکرێم.

من لەناو شۆڕشدا و دوای هەموو ماندووبونێك و شاخەو شاخ و فەوتانی ژیانی خۆم ومنداڵم و چەندەها جار زۆرانبازیمان لەگەڵ مەرگدا کردووە، بەڵام هیچ ڕێزێك بۆ میلاکی ئێمە دانەنراوە هەتا موچەی ژنی شاخیشم بۆ نەکراوە، من خۆم وا ئەزانم کە تاکە ژن بووم لەشۆڕشدا کەهەستابم بەکاری گومرگ کردن.

## جەمیلە محێدین

جەمیلە محی‌الدین ئەوژنە لەخۆ بوردوەی رۆژانی سەختی خەبات بوو کەبەشێوەیەکی نهێنی‌و پڕلەترس و تۆقان لەنەخۆشخانەکانی سلێمانیدا بەدیار جگەرگۆشەکەیەوە کەوتبوو، لەگەڵ کردنەوەی هەردەرگایەکدا لێدانی دڵی ئەم ژنە توندتر دەبوو.

من لەشاری سلێمانی لەخێزانێکی نیشتمان پەروەردا هاتوومەتە ژیانەوە لەرۆژێکی ساڵی١٩٧٧دا کەخاکی کوردستان بەرگێکی سپی پۆشی بوو، بووم بەهاوسەری(رەفیق محەمەد عەزیز)پاشان هەستی نەتەوایەتی رێگەی پێ نەدەداین دەستە وەستان لەشار دابنیشین، بۆیە لەرۆژێکی ساڵی١٩٨٠دا دەشت‌و دەر ڕازابۆوە بەگوڵە بەیبون‌و نێرگس ، ئێمە چووینە شاخ و یەکەم ماڵی(پ.م)یەتیمان لەگوندی(وەڵانە) بوو لەناوچەی شاربازێڕ ماوەیەکی کەممان بەسەربرد، کەهاوسەرەکەم بەئیشی رێکخستن گەڕایەوە بۆ شارو هەر لەهەمان ساڵدا دەستگیرکرا، ماوەی شەش مانگ هیچ هەواڵمان نەنەزانی ئەو لە(هەیئەی کەرکوک) لەژێرئەشکەنجەیەکی زۆر سەختدا بوو لەئەنجامدا شانزە ساڵ حوکم درا.

پاش دووساڵ بەندیتی لە(ئەبوغرێب) بەلێبوردنی گشتی بەربوو بۆ من شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو کاتێك ئەو هەواڵەم بیست، خۆشیەکی بێ سنور لەناخمدا هەبوو کەبوینەوە بەیەك خێزان.

پاش هەفتەیەك دوبارەگەڕاینەوە وەبۆ شاخ بۆ گوندی(وەڵانە) پاش ساڵێك بەڕێکەوتین بۆ گوندی(بزەینان) پاش مانەوەمان بەماوەیەك بەرەو(کانی دڕکە) بەڕێکەوتین لەم گوندەدا هاوینەکەیمان لەژێر(سابات)دا بەسەربرد ، زستانەکەشی لەخەیمەدا بەسەرمان برد . دواتربەرەوگوندی(تەکێ) ڕۆیشتین پاشان بەرەو گوندی(بالغ) هاوسەرەکەم لەتیپی٢٢ی پارێزگای سلێمانی جێگری فەرماندە بوو لەوێ ماڵەکەمان وەك بارەگایەك مابوو لەخزمەتی هێزی(پ.م) دابووین .

دواتر گوێزراینەوە بۆ(یاخسەمەر) هاوسەرەکەم بوبەفەرماندەی تیپی پارێزگاری لای بەڕێز(مام جەلال) لەساڵی ١٩٨٧دا ئێمە هەر لەژێربۆردوماندا دەژیاین، من لەکاتژمێر چواری دوانیوەڕۆ لەشارەوە گەیشتمەوە(یاخسەمەر) چی ببینم هەرهەمان رۆژ ناپاڵمێك دابووی بە تەنیشت ماڵەکەماندا ، دەرگاو پەنجەرەی خانوەکە هاتبووە دەرەوە ،ئەوماڵە سادەی هەمان بوو هەموو بووبووە ژێرگڵ‌و خۆڵی داروخاوی ژورەکەوە ، هەربۆیەش(هیرۆ)خان بەکامێراکەی دەستی ڕەسمی ماڵەکەمانی گرت، هەڵبەت بۆ ئەوەبوو کە ئەورۆژگارە سەخت‌و پڕهیلاکی و نامرۆڤانەی رژێمی فاشی نەسڕێتەوە.

لە بەر بۆردمان ئێمە بەبەردەوامی لە کونە تەیارەدا ژیانمان بەسەرئەبرد. لەبۆردومانێکی تردا دوانزە(پ.م) شەهید بوون، بۆردومانەکە ئەوەندە سەخت بوو تووشی نەخۆشی کردم ، گوندی یاخسەمەر بەگشتی چۆڵی کردبوو هەربۆیە چووینە گوندی(شەدەڵە) بێجگە لەسەختی بۆردومان ئابلوقەیەکی ئابوری توندمان لەسەربوو .

بەسەردانێك گەڕامەوە ماڵی خەزورم لەکاتژمێر دووی شەودا، مانگ بەشێوەیەکی هیلال بوو ، ئاسمان بەتەواوەتی سامال بوو، ئەستێرەکانیش سەمایان تێدادەکرد ، ئێمە لەسەربان خەوتبوین ، لەناکاو لەلێدان بەکێبل‌و شەق‌و جنێوی ناشیرین بەئاگاهاتینەوە، راستەوخۆ ڕویان کردە خەزورم وتیان ئەم ژنە چیتە؟

خەزورم وتی کچمە، ڕویان کردە من‌و وتیان کواهاوسەرەکەت منیش وتم وازم لێهێناوەو لەماڵی باوکمم ، ئەوان بەخراپترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ هەمووماندەکرد بەمنیان وت

جلەکانت کۆبکەرەوە و بەندت دەکەین ، خۆشبەختانە لەوکاتەدا تەلەفۆنێکیان بۆ کرا، تەوارییەکان وتیان ئێستا ئەگەڕێینەوە بۆ لاتان ئێمەیش ئەم هەلەمان قۆستەوە ، خەسوم وتی هەرئێستا خۆت ئامادەبکەو، بەو شەوە تاریکە بردمیە ژێرپردەکەو سەیارەی بۆ گرتم و بردمیەوە بۆ یاخسەمەر. دواتر تەرارییەکان چووبونەوە بۆ گرتنی من و مالی خەزورم، هەموومان مالەکەمان چۆلکردبوو، ئەوانیش زۆربەی مالەکەیان تالان کردبووین .

ئێمە لەبەرسەختی بۆردومان چووینە پشتی شەدەلە لێرەش بەهەمان شێوە دواتر بارمان کرد بەرەو گوندی (قزلەر) لەم گوندەدا لەناو خانوودا بووین ، بەلام هەرلەکونەتەیارەدا ژیانمان بەسەر ئەبرد، بەبەردەوامی مندالەکانم لەکونەتەیارەدا بوون هەربۆیەش ناردمنەوە بۆشار بۆ مالی خەزورم .

لەوماوەیەدا بەهۆی دوری خۆم لەمندالەکانمەوە ئەوان لەشارو من لەلادێ مندالێکم نەخۆش کەتبوو ، گەڕامەوە بۆلای دوانزە رۆژ بەشێوەیەکی نهێنی وپڕترس و تۆقاندن لەنەخۆشخانە من و خەسوم بەدیارییەوە بووین، هەرکاتێك دەرگاکە دەکرایەوە، من لێدانی دلم زیادی دەکرد وام ئەزانی سەرانی رژێمە بۆ گرتنم هاتوون.

پاش چەند رۆژێك من گەڕامەوە بۆ قزلەر ، مندالەکانم لەماوەی مانەوەیاندا لەمالی خەزورم ئەمن و جاش چوبونە سەریان خەزورمیان گرتبوو بۆ ماوەی دوومانگ ، هەرلەهەمان کاتدا خەریك بوو مندالەکانی منیش بەرن و بیان گرن، بەلام ژنێکی دراوسێی مالی خەزورم بەفریایان کەوتبوو، وتبوی ئەو مندالانە بۆ کوێ دەبەن مندالی منن .

هاتون لێرە سەعی دەکەن هەربەگرتنی خەزورمەوە نەوەستابوون ، خەسوشمیان گرتبوو حەوت سال دادگایی کرا بەلام سالێك و حەوت مانگ لەبەندیخانە مایەوەو بەلێبوردن بەربوو، شوبراکەشم گیرابوو(بیست)سال دادگایی کرا هەشت سال بەندبوو .

پێش ئەوەی لەقزلەر بگەڕێمەوە بۆ شار مالەکەمان هەمووی خستە سەر ولاغێك و هاوسەرەکەم بردی لەگوندێکی تر یەك دەبە بەنزینی پێداکردو هەمووی سوتاند.

منیش گەڕامەوە هەرکەل و پەلێکمان مابوو لەشاردا هەموویم فرۆشت وخۆم و مندالەکان و بەڕێکەوتم بۆ گوندی(سورەدێ) کەگەیشتم هاوسەرەکەم چاوەڕوانم بوو ، ئەوشەوەمان لەوگوندەدا رۆژی کردەوە یەك بەتانیمان پێبوو بەهەموومان هەتابەیانی خەریك بوو رەق بینەوە لەسەرماندا، هەتا خواردنیشمان پێ نەبوو بۆ رۆژیی دوای دوو ولاغمان بەکرێ گرت ، کەوتینە رێگا لەبەرسەختی شاخی قەندیل، مندالەکانمان خستە ناو شەلتەی ولاخەکەوە ،چونکە لەورێگا سەختەدا زۆر مندال و گەورەش کەوتبونە خوارەوە ناوئاوەکە مردبوون .

بەهەموومان دووناوساجیمان پێبوو، جاری یەك پارچەی بچوکمان لێ ئەکردەوەو ئەمان خوارد، بەهەزار دەردی سەری و سەختی رێگاکە گەیشتینە شاری(بانە) چوینە مالی براکەم هەفتەیەك لەوێ ماینەوە، ئەوان بەماوەیەك پێش ئێمە گەیشتبوون ئێمەیش ژورێکمان بەکرێ گرت و هەندێ کەل و پەلمان کڕییەوە، ژیانمان هەتا بلێیت سەخت و پڕ لەهەژاری بوو، تالێبوردنی گشتی ١٩٨٩دەرچوو، گەڕاینەوە لەبەرئەوەی قوتابخانەی مندالەکانم نەفەوتێت.

وەخۆیشم هەرلەرێکخستنەکاندا کارم کردەوەو تائەمڕۆش هەربەردەوامم لەوزەمەنە سەختەدا بێ هیچ گوێدانە مەترسیەك ، زۆرجار کاری رێکخستن و پێشمەرگانەم راپەڕاندوەو گەڕاومەتەوە بۆ شار.

## رابیعە مەحمود ئەحمەد

رابیعە مەحمود ئەحمەد ئەو ژنە ماندووەیە کەهەموو ژیانی گەنجێتی خۆی لەشاخدا بەسەربردو لەو رۆژانەدا زۆر هەستی بەوماندووبوونە نەکردووە، بەڵام ئەمڕۆ کاری لەهەموو ئەندامەکانی لەشی کردووە، کۆمەڵێ ئەخۆشیو هیلاکی ئەو رۆژانەیە بەتەندروستیەوە دیارە.

من لەو شارەی کەهەمیشە ئامادەیە بۆ هەڵمەتو هێرش بردن و قوربانیدان، ئەویش شاری سلێمانییە کە لەوێ لەدایک بووم‌و گەورە بووم، لەرۆژێکی ساڵی ۱۹۸۱دا لەکاتێکدا هەورەکان بەپەرشو بڵاوی لەئاسمانێکی شینی ساماڵدا مەلەیان دەکرد، کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ(ئەحمەد ئەمین رۆستەم)، پاش مانەوەمان بەساڵێك چوینە شاخ کە هاوسەرەکەم لەتیپی(  ۳۱)ی سلێمانی بوو، یەکەم ماڵی (پ.م) یەتیمان گوندی(بزەینان) بوو، پاش سێ مانگ مانەوەمان چوینە گوندی(ئۆدێ) لەو گوندەدا لەژوورێکدا دەژیاین دوور لەگوندەکە، زۆربەی کات هاوسەرەکەم لەجەولەبوو، هەربۆیەش دوای ماوەیەك بەرەو(چنگیان) رۆیشتین، لەوێ ژوورو هەیوانێکمان دەست کەوت کەنزیك بوو لەبارەگاوە، وەك هەموو ژنە پێشمەرگەیەکی تر، هەمیشە ئامادەبووم بۆ خزمەتکردنی برا (پ.م) کانم، لەوگوندەدا ماینەوە تاشەڕی (دابان هەلاج) هاوسەرەکەم چووبۆ شەڕ، منیش خۆم مامەوە، لەبەرئەوەی گشت کات لەژێر بۆردوماندا بووین بۆیە ماڵمان بردە (چۆخماخ)، پاش ماوەیەك گەڕامەوە بۆ سەردانی کەس‌وکارم، پاش مانەوەم بەماوەیەك بڕیارم دا بگەڕێمەوە بۆ شاخ.

کۆمەڵێ ماڵە (پ.م) بوین چوین بۆ ژێر پردەکە لەوێ ئەمن بەسەرماندا بارین و شەش حەوت کاتژێر بەندیان کردین، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردین منیش پوزەوانەو گۆرەویم پێبوو بیبەمەوە بۆ شاخ، زۆریان ئەشکەنجە داین، بەڵام ئێمە هیچمان یەك وشەمان نەوت هەربۆیەش ئازادیان کردین.

بەڵام ئێمە نەمانوێرا بگەڕێینەوە، شەو چووینە ماڵی حاجی(عەزیز) ، کاتژمێر دووی شەو تراکتۆرێکیان بۆ پەیدا کردین و بەڕێکەوتین بەرەو چۆخماخ، بەڵام پاش ماوەیەك بەیارمەتی شوبراکەم ماڵەکەم بردە بەری سەرکردایەتی، ژیانمان زۆر سەختتربوو لەوەی پێشبینیم کردبوو، هاوسەرەکەم مانگێك لامان بوو، دواتر چوو بۆجەولە منیش گەڕامەوە بۆ سلێمانی، بەڵام بارودۆخی سلێمانی زۆر خراپ بوو بۆیە گەڕامەوە بۆ قزلەر مانگو نیوێکم لەماڵی شوبراکەم بەسەربرد تاهاوسەرەکەم هاتەوە، لەوێ خانومان دەست نەکەوت، منیش شەش تاك بازنم هەبوو فرۆشتم بۆ ئەوەی خانوی پێ دروست بکەین، کەچی شەو دز هاتە سەرمانو پارەکەی بردو بێ خانوو ماینەوە.

ناچار گەڕاینەوە بۆ(چۆخماخ)، لەوێ کوڕێکم بوو بەناوی(رێبان)، پاش ماوەیەك لەژێر بۆردومانێکی زۆردا ماڵمان بردە (سەفرە) لەوێ لەکەپردا ئەژیاین گوندەکە کەسی تێدا نەمابوو تەنها ماڵی ئێمەو مامۆستا(جەمال)ی لێبوو، لەوگوندەدا دوکانی سەفەری لێبوو بەکەپر دروستکرابوو، منو باجی خەجێ خێزانی کاك ئامیق چوین شت بکڕین بەڵام ئەوەندەمان زانی بۆردومانی فڕۆکەکانی رژێم دەستی پێکرد، رامانکردە کونەتەیارەیەکەوە

لەبەرچاوم كونەكە زۆر گەورەبوو زۆربەئاسانی چوومە ناویەوە، بەڵام كە بۆردومانەكە تەواو بوو هەستم كرد كەناتوانم بێمە دەرەوە هەربۆیە بەسێ كەس رایان كێشام تاهاتمە دەرەوە.

منو منداڵەكەم گەڕاینەوە بۆ سلێمانی چونكە خێزانی (پ.م) ی لێ نەمابوو، دوای دوومانگ مانەوە بەنهێنی، باروودۆخەكە زۆر ناخۆشبوو ترسی هەمیشە بەسەر سەرماندا هەبوو دواتر بەرەوناوچەیقەرەداغ ڕۆیشتین لە(شێوی قازی) دوكانێكمان دەستكەوت چووینە ئەو دوكانەوە، لەوگوندەش بۆردومان هەربەردەوام بوو بۆیە بەشەو نانم ئامادەكردو بەیانی لەگەڵ سپێدەدا منداڵم بەكۆڵدا دەبەستو خواردنم هەڵئەگرتو بەرەوشاخەكان دەرۆیشتین هەتا خۆر ماڵئاوایی لێدەكردینو تاریك دادەهات دەگەڕاینەوە بۆ ناوگوند، دوای ماوەیەك ئەویشمان بەجێ هێشتو چووین بۆ(سەوسێنان) تانەنفالەكان ماینەوە.

لەوكاتەشدا سكم هەبوو، رۆژێكیان لەبانیژەكەمان وەستابووم سەیری دەرو دەشتو سروشتە سیحراوییەكەی ئەوگوندەم دەكرد، لەناكاو فرۆكەكانی رژێمی لەناو چووی بەغداد هەموو جوانیەكانیان شێواندو كەرتنە ساروخ هاویشتن، منیش لەترساندا هیچ بیرم نەما كە سكم هەیە لەبانیژەكەوە یەكسەر بازمدایە خوارەوە بۆ حەوشەكە، ژیانم كەوتەمەترسیەوە تا یەك هەفتەكەس بە تەمای ژیانم نەبوو زۆر هیلاك بووم، بەڵكو منداڵەكەشم بێ زیان دەرنەچوو لەسكما سمتی دەرچووبوو، كاتێك كەچووینە خاكی كوردستانی رۆژهەڵاتەوە نەشتەرگەری گەورەم بۆ كچەكەم كرد تاچاكبۆوە.

پاش ماوەیەك مانەوەمان لەوگوندەدا لەگەڵ كۆمەڵێك (پ.م)ی لالۆدا بەسەیارە تاهاوار رۆیشتنو، لەوێشەوە بە وڵاغ بەرەو(مەریوان) رۆیشتینو چووینە گوندی(ساوجی) بەهۆی زۆری بۆردومانەوە ئێمە بەرەو ناوچەی شلێر رۆیشتینو هاوسەرەكەشم چوو بۆ شەڕی(هەڵەبجە).

ئێمە ژیانمان زۆر سەختبوو لەبەر زۆری مار كە ئەهاتنە ناو كەپرەكانەوە بۆمانو تۆپ بارانیش ژیانیان كردبوین بەدۆزەخ.

كە هاوسەرەكەم گەڕایەوە ماڵمان بردە(مەریوان)، پاش ماوەیەك هاوسەرەكەم گەڕایەوە بۆ كوردستانی عیراق ئێمەش لەماڵی(مەلا حسێن) ماینەوە كەخێزانەكەی ناوی(دڵسۆز) بوو، دوای ماوەیەك مانەوەمان كەهاوسەرەكەم گەڕایەوە ماڵمان لە(جوجەسازی) مەریوان دانایەوە، منیش پەیوەندیم كرد بەیەكێتی ژنانی شاخەوەو كۆبونەوەمان ئەكردو تائێستاش دانەبڕاومو بەردەوامم.

تاڕاپەڕینی١٩٩١لە ئاوارەییدا ژیانمان بەسەربرد دواتر گەڕاینەوە بۆ(پێنجوێن)، من لێرەوە سوپاسی ئەوكەسایەتیانە دەكەم كەلەوڕۆژە سەختانەدا یارمەتیان داوین بەڵام تائێستا وەك پێویست ئاوڕمان لێ نەدراوەتەوە چونكە رۆژانی شاخ زۆر هیلاكی كردووین.

من لەهەرەتی گەنجیمدا لەشاخ بووم ئەوكاتانە هەستمان بەهیلاكیو ماندوبوون نەئەكرد، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی ئەورۆژانەوە زۆر ناتەندروستین.

من وەكو ژنێكی شاخ چ لەلایەنی ئابوری سیاسی كۆمەڵایەتی تەندروستی زۆر كاریگەری ئەورۆژانە بەسەرمانەوەیە، بەڵام نەوەكانی دوایمان پێ بزانن وەكو ئێمە هەمیشە ئامادەبن بۆ بەرەنگار بونەوەی ئەو دوژمنانەی كە چاویان بڕیوەتە بست بەبستی ئەم خاكەمان.

## ڕووخۆش عەلی محەمەد

لەڕۆژانی شۆڕش و تێکۆشاندا. ئێمەی ژنانی شاخ یەکەم ئامانجمان ئەوەبوو کە ببین بە ڕێبەرێك بۆ گشت ژنانی دوای خۆمان ، ڕێگای ئازادیم هەڵبژارد بۆ نەتەوەکەم بۆ خاکەکەم بۆ تاك . هەر بۆیەش ئەمڕۆ لە ناخەوە هەستێکی قووڵ هانی ئەدام کە دەست بکەم بە کۆکردنەوەو دارشتنەوەی نامیلکەیەکی وا کە ئێش و ژانەکانی ژنانی شاخ لە خۆی بگرێت و ببێت بە بەشێك لە مێژووی گەلەکەم.

(ڕووخۆش عەلی محەمەد ) لە ٢٢ ی گولانی ١٩٥٧ لە خێزانێکی شۆڕشگێڕی شاری دایك واتەسلێمانی هاتوومەتە ژیانەوە . باوکیشم هەر وەك زۆرێك لە خەڵکی ئەم وڵاتە، هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە دەوری کاریگەری خۆی لە سیاسەت هەبوو.

باوکم ئەندامێکی کارای حیزبی شیوعی بوو ، لە ساڵی ١٩٦٧دا ئەو حیزبە ئینشقاقی کردووە و باوکم بەری چەپی هەڵبژارد واتە (قیادەی مەرکەزی ) کە ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە بوو لێپرسراوی لقی کوردستانیش بوو ، لە پێناوی ڕێبازەکەیدا دەربەدەری وبەندیخانەو چەند حوکمێکی غیابیش دراوە تا دوا ساتەکانی ژیانی ئەو ڕێبازەی لە بیر نەکردووە . ئەختەرخانی دایکشم هەفتەیەك لە بەندیخانەدا مارەتەوە لە سەر کێشەی سیاسی ئەو سەردەمە بەهۆی باوکمەوە چەندین جار تووشی کێشەو تەنگ وچەڵەمە بووین.

من چاوم کردەوەماڵەکەمان کتێبخانەیەکی گەورە بوو جێگەی کۆبوونەوەی چەندەها مرۆڤی تێگەیشتوو بوو ، زۆرینەی کۆبوونەوە حیزبیەکان لە ماڵی ئێمە ساز دەکرا ،لە چاپدانی نامیلکەو بڵاوکراوەکان ونیشی ڕێکخستن لە ماڵی ئێمە ساز دەکرا. هەر ئەو فاکتەرانەش بوونە هۆی ئەوەی لە تەمەنێکی زۆر منداڵیا بکەومە کۆڕی سیاسەتەوە ، زۆرینەی دابەشکردنی بڵاوکراوەکان لە سەر من بوو ، چونکە من منداڵی گەورەی ئەو خێزانە بووم . هەر بۆیەش لە تەمەنی گەنجێتیدا لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا خۆم بینییەوە، زۆرینەی ئاواتەکانم لە گەڵ ئەو بیرە نوێیەدا ئاوێتە بوون ، بێگوێدانە هیچ سڵەمینەوەیەك لەڕژێمی بەعس.

لە مانگی نەورۆزی ١٩٨٣ دا دەشت و چیا و شاخەکان بەرگی سەوزیان پۆشیبوو، مژدەی ژیانیان دەبەخشیەوە بەمرۆڤ، هەر لەو ساتانەدا کە دوژمنی خوێنخۆر دەستی نابووە بینە قاقای گەلەکەمان، ئەیویست بیتاسێنێ ، بۆیە منیش بەڕۆحێکی لەخۆبردووەوە پەیوەندیم بە کۆمەڵەوە کرد بە شێوەیەکی نهێنی بووم بە ئەندام لە ڕێکخستنەکاندا. چەند مانگێك پەیوەندیم هەبوو بە شانەیەکەوە ، شانەکەش پەیوەندی هەبوو بەکادرێکی ڕێکخستنەوە بە ناوی (وەستا شیروان) کە ئێستا هاوسەرمە، هەر بەهۆی بیرو باوەڕەوە بوو کەژیانی هاوسەریم لەگەڵیا هەڵبژارد و چوومە شاخ، ئەو زەمەنە بارو دۆخی گەلی کورد باش نەبوو منیش فەرمانبەر بووم لە فەرمانگەی (میاهی جەوفی)، فەرمانگەم بەجێهێشت و هەشت ساڵ و نیو نەگەڕامەوە هەتا دوای ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩٢ دا گەڕامەوە فەرمانگە.

لە ١٣ی ڕەزبەری ١٩٨٣ دا کەسەرەتای پایز بوو گەڵای دارەکان دەوەرییــنە سەر زەوی سروشت جوانییەکی بێ وێنەی هەبوو، بەشێوە یەکی نهێنی بەرەو گوندی( گورگەدەر )کەوتمە ڕێگا کە یەکەم ماڵی پێشمەرگایەتیمان بوو، چوینە ئەو خانووەی کە هاوسەرەکەم ئامادەی کردبوو خانووەکە لەسەر بەرزاییەك بوو یەك ماڵی تەنیا بوو، شوێنەکەی خۆش بوو سۆندەی ئاو لەبەردەم ماڵەکەماندا بوو. دوو ژووری گڵ بوو لەسەر یەکتری بەدیواری ژوورەکەدا ئایلۆنی سوور داکوترابوو ماڵێکی سەرەتاییمان هەبوو .

دوو تەپەدۆرمان هەبوو یەکێکیان جل و بەرگەکانمان تێ ئەخست و لەسەرەکەشی دوو سێ بەتانیمان هەبوو لەسەریمان هەڵئەچنی ،ئەوی دیش هەندێ قاپ و پیاڵەمان تێ کردبوو تا خۆڵاوی نەبێ ، سێ ڕۆژ بوو لەماڵی خۆمدا بووم بۆ ئێواری میوانمان هات منیش خەریکی چێشت لێنان بووم بەدار ، یەکەم جار بوو چێشت بەدار لێبنێم زۆرم نەوت کرد بەدارەکاندا ، گڕی ئاگرەکە کڵپەی کردو بەرز بۆوە بنمیچی ژوورەکە گڕی گرت خەریك بوو خۆشم بسوتێم هاوارم کرد هاوسەرەکەم و میوانەکان بەهانامەوە هاتن و ئاگرەکەیان کوژاندەوە.

هەڵبەتە ئەم ڕووداوەش بەهۆی زۆرداریی ڕژێمەوە بوو چونکە نەماندەتوانی کەلوپەلی پێویست لەگەڵ خۆمان بهێنینە دەرەوە .من لەسەرەتای ژیانی هاوسەریدابووم ،وازهێنان لەفەرمانگەو چونە شاخ ونان ئامادەکردنی میوانێکی زۆر کارێکی گران بوو، شارەزای ئیشی لادێ نەبووم، لەبەر ئەوە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ژیانە نوێیەدا لە خۆبوردنێکی زۆری دەویست، ڕاستەوخۆ توشی کۆمەڵێ ئیشکالیات بووم بەڵام لەبەر خۆشەویستیم بۆ نیشتیمان، بۆ ئازادی سەختییەکانی ژیانم فەرامۆش کردبوو.

من ئارەزوم هەبوو لەناو شۆڕشدا ڕۆڵێکی پەروەردەییم هەبێ نەك بەپێچەوانەی ویستی منەوە. پاش ماوەیەك دانوستانەکەی نێوان ڕژێم و یەکێتی دەستی پێکرد، ئێمە ماڵمان بردە گوندی خرابە لەناوچەی شارەزور . دواتر لە ١٩ی خەرمانانی ١٩٨٤دا ماڵمان بردە گوندی سیتەك، ئەو دەم مەڵبەندی یەك لە سیتەك بوو هاوسەرەکەم کادری کۆمەڵایەتی بوو، لەوزەمەنەشدا باری ئابوریمان باش نەبوو ،هەر بەیارمەتی خزم و کەس وکار دەژییاین، هەرچەندە خەڵکانی عێراق لەوپەڕی خۆشیدا دەژیان ئێمە ژیانمان لەیەك ژووردا سەخت بوو، میوانەکانیشمان لەگەڵ خۆماندا دەخەوتن.

دوای چەند مانگێك مانەوەم گەڕامەوە بۆ سلێمانی (بەڵێن)ی کوڕم برد بۆلای پزیشك ، پاش مانەوەم بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بڕیارمدا لەگەڵ (ئایشەخان)ی خەسوومدا بگەڕێمەوە ، ئەو بەیانیەی بەڕێکەوتین بارانێکی زۆر لە سلێمانی دەباری و لە ڕێگای( عەربەت _ دوکانیان ) ڕۆیشتین، هەر کەلە شار دەرچووین شاخ ودۆڵ و دەشت و دەر یەك پارچە بەرگێکی سپی ئاودامانی پۆشی بوو ، یەکێك لە خەڵکانی ناو سەیارەکە بەرەو ( کانی دڕکە ) دەڕۆیشت لەو کاتەدا سەیارەکەمان لە کوێرە چەمێکی دا تا نیوەی سەیارەکە ئاو بوو، خەریك بوو وەرگەڕێین بوو بە هاوار هاوار باش بوو کۆمەڵێك ( پ م ) لە چاخانەیەکدا وەستابوون فریامان کەوتن ڕزگاریان کرد ین . سەیارە کەیان ڕاکێشایەوە دوواوە . یەکێك

لەو ( پ.م ) نەی یارمەتییان داین ( شەهید شێخ جەمیل ) بوو كە هاوڕێی هاوسەرەكەم بوو ، زۆر جار بە میوانی هاتبوو بۆ ماڵمان ، بە هەر حاڵ بە قاچ و دەستی تەزیوەوە گەیشتمەوە ماڵەوە .

كە دەرگای ژوورەكەم كردەوە زۆر پیس بوو، لە هەموو سوچێكی ژوورەكەدا قاپ و تەشت دانرابوو بۆ دڵۆپەكان . لەو گوندەشدا میوانی پێشمەرگەمان زۆر بوو، زۆر جار بیروڕامان ئاڵو گۆڕ دەكرد لە بابەت بارودۆخی ئەو ڕۆژەوە .

پاش مانەوەمان لەو گوندەدا گەڕامەوە بۆ شار ئەوەندەی پێنەچوو دانوستانەكە گەیشتە بنبەست، ئەمە لە ساڵی ١٩٨٥دا بوو . دوای دوو مانگ مانەوەم لە ماڵی باوكم ، دواتر هاوسەرەكەم ناردی بە شوێنما كە بچم بۆ گوندی ( واژە )، كە گەیشتمە ئەو گوندە هاوسەرەكەم چاوەڕوانی دەكردین، لە دوای پشودان ولآغێكمان بە كرێ گرت و كەلوپەلی ماڵەكەمان خستە سەر پشتی و خۆمان بە پێ كەوتینە ڕۆیشتن بە دیوی چەمی سنكێ دا، سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٨٥بوو لەو بەرزاییەوە كە تەماشام دەكرد دەشت و دەر بە جۆرێك خۆی نەخشاندبوو ، هاژە و قەڵبەزەو خوڕەی ئاوی چەمی سنكێ مرۆڤی سەرسام دەكرد، لە گەڵ جوانی لوتكە چیای( وەڕان)دا كە بەرامبەرما ن بوو ، من هەتا ئێستاش دیمەنی وا جوان و شیرینم نەبینیوە لە هیچ شوێنێكی نیشتیما ندا ئەو هەموو دار و درەخت و باخە، یەك بست زەوی چۆڵم نەدەبینی . بەرەو ( باخی ئاش ) ڕۆیشتین سێ گرد بوو هەر گردە ماڵێكی لێبوو، ئێمە لە گردی یەكەم لە ماڵی كاك ( ڕەسوڵی حاجی قادری ) بەردە زەردی هەتا بڵێیت ماڵێكی بەڕێز بوون . چوینە دیوەخانە كۆنەكەی ئەوانەوە ژوورێكی گەورەو سێ پەنجەرەی تێدا بوو ، لە هەر پەنجەرەیەكەوە سەیری ئەو چڕ و نزارەو ئەو دیمەنە دڵفڕێنانەت دەكرد تابلۆیەكی قەشەنگ بو بۆ خۆی .

لە گەڵ شەڕ بوونەوەدا ڕژێم ئابڵوقەیەكی ئابوری توندی خستبووە سەر ناوچە ئازادكراوەكان ، كەل و پەل و خواردەمەنی بە شێوەیەكی گران بە دەستمان دەگەیشت . بەڵام ئەو ماڵە بەڕێزە زۆریان یارمەتی ئەداین ، بە ڕاستی خەڵكی گوند نشینەكان پشت و پەنای شۆڕش بوون . كەلەو گوندە بوین هیچ پەرتوكێكم دەست نەدەكەوت بیخوێنمەوە ، ئەو شەوانەی كە هاوسەرەكەم لە جەولە ئەبوو زۆر بێتاقەت دەبووم،منیش لەگەڵ كۆرپەكەمدا كە تەمەنی چەند مانگێك بوو لەژوورێكی تاریك ونووتەكدا دەژیاین، دەرگایەكی تەختەی كۆن چەندەها شەو بەترسەوە بە نا ئارامی ئەنوستین. تەنانەت زۆربەی شەو ئەوەندە درێژ بوو كورەكەم لە بێشكەكەی دەردەهێنا و خەبەرم دەكردەوە بۆنەوەی بگری بۆنەوەی ئەو ترس و بێزارییەم برەوێتەوە.

تەنانەت زۆربەی شەوان بەشەڕواڵەوە دەخەوتم نەوەك لەناكاو جاش و عەسكەرییە هەڵكوتنە سەرمان چونكە زۆر جار جاش دزەی دەكردو دەهاتە ئەو ناوچانەوە لەبەرئەوەی لەجادەی قەلآچوالانەوە نزیك بووین.

ئەو چەند مانگەی لەو ژوورە دەژیاین بەهۆی سەوزی و ئاوداریی شوێنەكەوە سێ‌مارمان لە گوێسەبانەی خانووەكەدا كوشت . بارو دۆخی ناوچەكەباش نەبوو، من وبەڵێنی كورم گەڕاینەوە سلێمانی، دوای ماوەیەك مانەوەم نامەیەكی بچوكم

لەهاوسەرەکەمەوە بۆمات بۆنەوەی بەرەو کونجرین بڕۆین، من و خەسوم کەوتینە ڕێگا گەیشتینە ئەو گوندەو چوینە ماڵی (کاک سەیوان) کەخێزانەکەی ناوی (گەلاوێژ خانە) خانوییەکی بچوك بوو سێ ماڵە پێشمەرگە بووین، ماوەی چەند ڕۆژێك لەوێ مامەوە لەسەرکردایەتییەوە هاوسەرەکەمیان بانگکرد . ئێوارەیەکیان هاوسەرەکەم منی برد بۆ (کوڕەداوێ)کە شنەی شەماڵ دەیدا لەو دارە گەورە بەتەمەنانە فێنکی و ئاسودەیی دەبەخشی بەمرۆڤ، پاش سێ چوار ڕۆژ مانەوەم لەو گوندەدا لەگەڵ خاڵم بەناوی (عەبدولرەحمانی مەلا حەکیم) گەڕامەوە بۆ سلێمانی، بارو دۆخی شار باش نەبوو گرتن و کوشتن پیشەی هەمیشەیی جەللادەکان بوو.

لەسلێمانی مامەوە تا٢٢لەسەر٢٤ی ڕەزبەری ١٩٨٥ کە منع تجول لە شاری سلێمانی ڕاگەیەنرا.من و بەڵێنی کوڕم هەر لەماڵی باوکم بووین بەختیاری برام قوتابی زانکۆ بوو سێ مانگ بە برینداری گیرابوو لەکاتی منع تجولەکەدا لەماڵ بوو، ئێمە ماڵێك بووین سێ چوار کتێبخانەمان هەبوو هەموو جۆرە پەڕتوکێکی تیادابوو، من و بەختیار بەیانی زوو کەوتینە کۆکردنەوەی کتێبی سیاسی و نامیلکەو بڵاوکراوەکانی کەدەمانخوێندەوە، هەروەها شریتی گۆرانییە سیاسییەکان ،هەمویمان کردە تونی گەرماوەکەی ماڵەوەو هەمویمان سوتاندو کڵپەی ئاگربەرز بوو بۆوە .

کاتژمێر هەشتی بەیانی بوو کە ئەفسەرو سەربازەکان خۆیان کرد بەماڵدا منیش زۆر دەترسام چونکە خێزانی پێشمەرگەبووم، ڕاستەوخۆ ئەفسەرێکیان لەبەردەم یەکەم کتێبخانەدا وەستاو فیکەیەکی لێدا ، وتی ئەم ماڵە باش بپشکنن ، خۆی دەستی کرد بەگەڕان بەناو کتێبەکاندا کتێبی (اچواو علی الحرکە الشیوعیە فی العراق)ی دەرهێنا، زیاد لەنیو کاتژمێر گفتوگۆی لەگەڵ براکەمدا کرد بەڵام براکەم توانی کە ئەو ئەفسەرە ڕازی بکات کەوا ئەو کتێبە لەلایەن ڕژێمەوە دەرکراوە، دواتر دەستی براکەمی بەرز کردەوە پرسی بۆچی وات لێهاتووە ؟

بەختیار دەستی لەخۆپیشاندانەکانی زانکۆ دا بریندار بووبوو، مانەوەی سەربازەکان لەماڵی ئێمەدا ترسی خستبووە دڵی دراوسێکانەوەو کەوتبوونە ملە قوتێ ، کاتێ سەربازەکان چونە دەرەوە من و براکەم هەمان کتێبخانەمان پشکنییەوە کە ئەفسەرەکە لەبەردەمی وەستابوو کۆمەڵێ کتێب و نامیلکەی سیاسیمان دەرهێناو سوتاندمان.

لەو ڕۆژە شومەدا چەندین ماڵیان بە شوفڵ وبلدۆزەر ڕوخانو تەختکرد، چەند گەنجێك گیران و شەهید کران، ئێوارێ کە منع تجول تەواو بوو هەموو کەس و کار بەسەرماندا دابارین چونکە زۆرلە ژیانی ئێمە دەترسان .

دوای چەند ڕۆژێك هاوسەرەکەم ناردی بەشوێنما کەوا بچم بۆ (باخی ئاشی)، منیش لەگەڵ دایکمدا ڕۆیشتم ،بەڵام ژوورەکەی خۆمان کاك بەکرو مەهاباد خانی تیابوو بۆیە ناچار پاش هەفتەیەك گەڕامەوە بو سلێمانی دووبارە چومەوە ماڵی باوکم .

لە ڕۆژێکی سارددا کە بەری ئاسمان بەهەورێکی ڕەش گیرابوو، کوڕەکەم نەخۆش بوو بردم بۆ نەخۆشخانەی فێرکاری برینداریکی زۆر لەناو ساڵۆنەکاندا کەوتبوو، زەوییەکە بەخوێنی چەندەها سەربازی دەست و قاچ پەڕیوو سوور بووبوو، ئاه و ناڵەیان دەگەیشتە ئاسمان، بۆنی خوێن کاسی کردبووم لەناکاو سەرم هەڵبڕی بۆ ئەوەی چیدی ڕێگە بەخۆم

ئەدەم ئەو دیمەنە ببینم، بەڵام خراپتر هاتە پێشچاوم، ئەویش بینینەوەی زابت ئەمنی ئەو فەرمانگەیەبوو کەلێی فەرمانبەر بوم بەناوی (جمعه یامر حمیدی) بوو، بەرەو ڕووم هات، من لەو ساتەدا لێدانی دڵم زۆر خێراتر بوو وەك لەکاتی ئاسایی، چاوەڕوانی گرتنم دەکرد چونکە خۆی فەرمانی فەسڵکردنی دەرکردبووم لەبەر ئەوەی چومەتە شاخ و هاوسەری پێشمەرگەم هەڵبژاردووە . وابزانم ئەویش خوێن گرتبوی یەك وشەی نەگوت، منیش بەپەلە خۆم کرد بەساڵۆنێکی تردا لەنەخۆشخانەکە چومە دەرەوە و بەدوو تەکسی جیاواز گەڕامەوە ماڵی باوکم .

لەماڵەوە توشی ژانە سەرێکی توند بووم کە ئەم ڕژێمە ڕەفتار فاشییە چۆن دوو وڵاتی ئاوقای شەڕێکی خوێناوی کردووە. زۆریش دەترسام بێن و بمگرن، لەحاڵەتێکی دەروونیی دژواردا دەژیام. ماوەی چەند مانگێك لەسلێمانی مامەوە بەهۆی تەسکبونەوەی سنورەکان، هەڵکوتانە یەك لەسەر یەکەکانی ڕژێم بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، هەتا مانگی جۆزەردانی ١٩٨٦ بەرەو گوندی کاژاو ڕۆشتم سەرلەنوێ ماڵ و کلوپەلم لەکەس وکار کۆکردەوە، هەندێکیشم کڕییەوەو ماڵمان دروست کردەوە .

ئەو شەوانەی هاوسەرەکەم دەچوو بۆ جەولە من لەبەر تیشکی زەردی چراکەمان یان کتێبم دەخوێندەوە یان بیرەوەریی ڕۆژانی سەرەتای خەباتم دەنوسییەوە، هەر لەو گوندەدا بووین کەشەڕی نێوان جاش و پێشمەرگە ڕویدا، پێشمەرگەیەك بەناوی (کاك نەجم)بریندار بوو کەخزمی هاوسەرەکەم بوو، بۆ ماوەی هەفتەیەك لەماڵی خۆمان خزمەتمان کرد تابردیان بۆقەرەداغ، پاش ماوەیەکی تر شەڕی نێوان جاش و پێشمەرگە روویدا و لەو شەڕەدا پێشمەرگەی قارەمان کەمال گەرمیانی شەهید بوو، دوای یانزەمانگ مانەوەمان لەو گوندەدا ڕژێمە داپڵۆسێنەرەکەی بەعس لە٧ی نیسانی١٩٨٧ بانگەوازی چۆڵکردنی ئەو گوندانەی شارباژێری دا .ماڵکەمان،کتێبەکانم وئەو بیرەوەرییانەی نوسیبومەوە تەنانەت جلەکانی بەریشمان هەمویان بوون بەژێر زنجیری دەبابەکانی ڕژێمەوە، هەموو شارباژێری بە دارو درەخت وکانیو مزگەوتەوە خاپوور و وێران کرد ،دوایی خۆم و کورەکەم گەڕاینەوە بۆ شار لەژێر ترس و لەرزی گرتندا سێ مانگماینەوە.

هاوسەرەکەم بە ژنێکی پێشمەرگەدا نامەیەکی بۆ ناردم کە هەندێ کەل و پەلی پێویست ئامادەبکەم و بچم بەرەو قزلەر، ئێمەش ماڵمان هیچ نەمابوو دایکم و پەروین خان کە ژنی مامم بوو لەگەڵ شیرین خانی خێزانی کاك هوشیاری شوبرام دا وەکو هەموو جارەکانی تر کۆمەڵێ کەل وپەلی پێویستیان بۆ کۆکردمەوە . شۆفێری تراکتۆرەکە وتی نابێ لە سێ گونیە زیاترتان پێبێت ئەگینا لەڕێگا دەگیرێن.

لە١٠ی پوشپەڕی ١٩٨٧دا چووم بۆ کارێزەوشك لەوێ لەگەڵ دوو ژنە پێشمەرگەی تردا کە بەشێوەی ژنە گوندییەك خۆمان گۆڕیبوو شەرواڵم لەپێدابوو لەچکێکم کردبوو لەپشتەوە گرێم دابوو ، لەگەڵ ئەوەشدا هەرسێکمان فەرمانبەر بووین وازمان لەفەرمانگە هێنابوو، کاتژمێر یانزەی نیوەڕۆ بەرەو قرچەی گەرمایە بەڕێکەوتین بەرەو گوندی هەناران، کە گەیشتینە ئەو گوندە خاوەن تراکتۆرەکە دایبەزاندین گوتی تا شەو تاریك نەبێت ناتوانین بڕۆین، زوو زوو سەیارەی جاش و عەسکەریە دەهاتنە ناو گوندەکەوە، ئێمەش زۆر ترساین

لەوەی زمانمان لێدرابێت، تەنانەت خاوەن ماڵەکەش لێمان تووڕە بوو وتی بامنداڵەکانتان نەچنە دەرەوە،وتی هیچ ڕۆژێك بەم شێوەیە سەربازو جاش دەوری ئەم گوندەی نەگرتووە .

پاش دە کاتژمێر مانەوەمان شەو لەژێر ئاسمانی سامالّی ئەو شەوەدا کەوتینە ڕێگا، ئەو ڕۆژە یادی لەدایك بونی سێهەم ساڵی بەڵێنی کوڕم بوو،من زۆر بێتاقەت بوم لەناو تراکتۆرەکەدا بەو هەردو شاخەوە یادی لەدایك بونی بکەمەوە، کوڕەکەم توند لەباوەش کردبوو سۆزی خۆم پێدەبخشی لەبری ڕۆژی یادکردنەوە، لەماوەی چوار ساڵ ژیانی پێشمەرگایەتیدا یەکەم جارم بوو بە شەو سواری تراکتۆر بم و بەڕێگادا بڕۆم.

لەناو تراکتۆرەکەدا ژنەکانی هاوڕێم دوعایان دەکرد و لەخوا دەپاڕانەوە بەڵام من کەمتر دەترسام، دیمەنەکەم زۆر لا جوان بوو لەناو ئەو شاخ و دۆڵەدا شینی ئاسمان ورشە ورشی ئەستێرەکان هێجگار دڵفڕێن بوون ، گرمە گرمی تراکتۆرەکەو خڕەی بەردی ژێر تایەکانی دەنگێکی سەیریان هەبوو . پاش سێ مانگ دابڕان گەیشتینە هەردەکانی(قزلەر)، هەرسێ‌چوار ماڵ بۆخۆیان کەپرێکیان کردبوو تیا دەژیان .هەر کەتراکتۆرەکە وەستا هاوسەرەکانمان ئامادەبوون، هەریەکەمان گوێنیەکمان هەڵگرت و ڕۆشتین بەرەو کەپرەکان، شەو درەنگ بوو هیچم نەدی بەڵام ئەوەندە حاڵی بوم لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا ژیانی وا سەخت و ناخۆشم نەدیبو ، ئەو شەوە چوینە ماڵی (کاك تاریق کەخێزانەکەی ناوی گەلاوێژ خان بوو)، دوای پشودان و چا خواردنەوە دوو سێ بەتانیمان لە گونیەکە دەرهێنا و لەکەپرەکەی ئەواندا خەوتین.

بەیانی زوو کەبەئاگاهاتم خۆر تازە گزنگی دەدا لەلوتکەی چیا سەرکەشەکەی پیرەمەگرون، چاوێکی خێرام گێڕا بەهەردەکەو دەورو بەرمدا ،ڕاستەوخۆ واهاتە پێشچاوم کە ئێمە مرۆڤی چاخە کۆنەکان بین نەك کۆمەڵێ مرۆڤی خاوەن بڕوانامە.

سەری کەپرەکان دارو گەڵابوو،تانا وقەدی نایلۆن بوو هەردێکی بێ ئاو بوو، هاوسەرەکانمان بە کەرو شەڵتە لە شوێنی دوورەوە ئاویان ئەهێناو ئەمکردە ئەو تەنکییەی کە لە ژێر گەڵای درەختەکاندا ئەمانشاردەوە لە گەڵ کەل وپەل چێشت لێناندا لە ترسی فڕۆکەکانی ڕژێمی بەغداد. ئەو ماوەیەی لەوێ بووین ژیانمان زۆر سەخت بوو، بە ڕاستی تیشکی خۆر بە گەرما بەتینەکەی سووتاندبووین، هەتا ئاوەکەش زۆر کەم بوو تەنها بەشی چێشت لێنان و خواردنەوە بوو، بەچەند ڕۆژ جارێك نەمانئەتوانی لە ناو ئەو گەرماو تۆزو خۆڵەدا خۆمان بشۆین.

سەرەڕای ئەوەش بە ڕۆژ لە ترسی بۆردومانی فڕۆکەو بە شەویش لەترسی تۆپباران و دووپشك ، ئێمە بەتانیەکمان هەبوو بە شەو ئەمان دا بە دەرگای کەپرەکەدا بە ڕۆژیش ئەماندا بە شوێنی قاپ شتندا.

بەیانییەکیان وەکو هەموو بەیانییەکانی تر بە تانیەکەم دا بە شانمدا بیدەم بە دەرگاکەدا کە هەڵمواسی دووپشکێك بە بە تانیەکەوە بوو ، هەتا شەو ئەوەندە نا ئارام دەخەوتم ئەگەر دەستی کوڕەکەم بەرم بکەوتایە وام دەزانی دوپشکە، زۆرجار بێتاقەت دەبووم ئەوەش بەهۆی دووریم بو لەکتێب وقەڵەم، چەندم چاو دەگێڕا هیچم نەدەدی، .لەو کاتانەدا ژیان زۆر

سەخت بوو، من ڕۆمانی دایکم خوێندبۆوە سەرسام بووم بەشۆڕشی گەلان بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ هەریەکەمان دایکێکین لەم گەلە چەوساوەیەدا.

پاش ماوەیەك هاوسەرەکەم بەرەو قەرەداغ ڕۆیشت، منیش گەڕامەوە سلێمانی بۆ ماڵی باوکم، زۆر جاریش دەچومە ماڵی مامم کە ناوی مامۆستا باقربوو پیاوێکی سیاسی بوو ڕۆڵی پەروەردەیی لەژیانمدا هەبوو. بەیانییەکی زوو کە لەمانگی ڕەزبەری ۱۹۸۷ دا بوو باوکم هات بۆ ماڵی مامم وتی ماڵی خەزورت گیراون وخانووەکەیان حیجز کراوەو کەلوپەلی ماڵەکەشیان تاڵان کردوون، منیش ترس گرتمی دوای ماوەیەك بیستمان کەوا لەسورداش بەریان داون وپێیان وتبوون بچن بۆلای کوڕە پێشمەرگەکەتان، هەر کەهاوسەرەکەم بەو هەواڵەی زانیبوو ناردی بەشوێنمدا کەوا بچم بۆ (شەمەورێلەکە)کەدەکەوێتە بناری شارەزور، ئێمە گەیشتینە ئۆردوگای نەصر لەوێ کۆمەڵێ جاشمان بینی وتیان ئەوە ژنەکەی (وەستا شیروانە)، ژنێکمان لەگەڵدابوو ناوی باجی گوڵچین بوو وای بەباش زانی کەخۆمان بۆ چەند کاتژمێرێك لەناو ئۆردوگاکەدا وون بکەین ئەوەك دوامان بکەون و بمانگرن.

دوای چەند کاتژمێرێك بەپێ بەرەو وێلەکە ڕۆشتین هەفتەیەكماینەوە دواتر من و هاوسەرەکەم و(ڕۆژ)ە کەئامۆزای هاوسەرەکەم بوو بەپێ بەرەو دوکانی قەرەداغ کەوتینە ڕێ، جوتێ پێڵاوی لاستیکی بێ گۆرەویم لەپێدابوو پاژنەی پێمی دادڕاند، کوڕەکەشم لە قەڵادزێ شکاتم دابوو لەنیوەی ڕێگا قاچم پەکی خستم، سواری وڵاغ بووم دوای ئەوەی وڵاغەکە چەند هەنگاوێك ڕۆشت کەوتمە خوارەوەو سەلامەت بووم بەڵام(ڕۆژە) هات هەڵمبگرێتەوە یەکسەر لولەی کلاشینکۆفەکە دای بەسەرمدا سەرمی هەڵدڕی خوێن بە شان و ملمدا هاتە خوارەوە بۆماوەی (دە)خولەك

هەردووچاوم کوێربووم، هاوسەرەکەم بەجامانەکەی خۆی سەری بۆبەستم تاگەیشتینە کانی وئاوێك لەوێ سەری بۆشتم وبرینەکەی پاك کردەوە .

پاش ماوەیەك ڕۆشتن گەیشتینە گوندی دوکان، چوینە ماڵی بەدیعەخان کەخێزانی کاك بەهزاد خانەقینی بوو .باش بوو لەو گوندەدا موعاوین توبییەك ئامادەبوو سەریان تاشیم و بەچوار تەقەڵ بۆ یان دووریمەوەو دەرزی گەزازیشیان لێدام. لەم نامیلکەیەوە سوپاسی بەدیعە خان دەکەم بۆهەموو یارمەتییەکانی. ئێمەی ژنانی شاخ خۆمان لەئازارو مەینەتییەکانی یەکتر شارەزابووین ،بۆیەگشت کات لەهەموو ناخۆشییەکاندا پشت و پەنای یەکتربووین .

دوو ڕۆژ بوو ماڵمان لەو گووندەبوو کەڕژێم قەرەداغی گرتەوە و شەڕێکی قورس ڕویدا ،هاوسەرەکەم خۆی لەپشودابوو بەهۆی ئەخۆشی گورچیلەیەوە بەڵام خۆی ئامادەکرد لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا بڕوات بۆ شەڕ، هەرچەند پێم وت مەڕۆ من کەس ئاناسم لێرە ئەخۆشم .ئەو ڕۆشت و منیش دووبارە بەتەنها لەگەڵ کوڕەکەمدا مامەوە کە ئێوارە داهات زۆر ترسام لەو خانوە گەورەیەی تێدا بوو تا کاتژمێر هەشتی شەو مامەوە (بەدیعە)خان پێشمەرگەیەکی نارد بەشوێنما بۆ ئەوەی بچم بۆماڵیان، منیش کوڕەکەم بەخەوتویی گرتە باوەش و ڕۆشتم شەو لەوێ خەوتم ،ڕۆژی دوایی تۆپباران دەستی پێکرد، چوینە ناو ئەو کونەتەیارەیەی کەبەچەند پلیکانەیەك دەچویتە خوارەوە ،دیوارەکانی ئەوەندە سارد بوو ئەتوت مجەمیدەیە، زۆر قوڵ کرابوو وەك ژوورێکی بچوك زەوییەکەی تەخت کرابوو ،جێگەی تیادا داخرابوو

سەرەڕای تۆپبارانەکەش من هەرگیز نەمدیبوو لە ١٥ی ڕەزبەردا پەلە بدات و بارانێکی وا بەلێزمە ببارێت منیش بەجلە هاوینەکانمەوە زۆر سەرمام بووم تاڕادەی لەرز لێهاتن.

لەماڵی(بەدیعەخان) مامەوە تا دوا نیوەڕۆ کوڕەکەم زۆر دەگریا بۆ یارییەکانی، منیش بردمەوە بۆماڵەوە،هێشتا لەناو ئەو ڕکەبەردە زلانەدا بووم کەیەک تۆپ شریخەی هەڵساند لە شاخەکەی پشتمانەوە، من و کوڕەکەم ڕامانکرد لە دوو سێ لاوە هاواریان لێکردین بیرندار نین . نازانم چۆن پارچەمان بەرنەکەوت. گەیشتینەوە ماڵەوە خۆمانکرد بە کونەتەیارەکەدا.

ئەو ماوەیەی لەو گوندەدا ژیانمان بەسەر دەبرد ژیانێکی سەخت و پڕ لە هەژاری بوو تەنانەت جل و بەرگیشمان بەدەست نەدەگەیشت .ئەوە بوو پاش چەند ڕۆژێک میوانمان لە شارەوە هات بێجگە لەمیوانی پێشمەرگەش، ژوورەکەی خۆمان دا بەمیوانەکان و خۆمان بێ نوێن و ڕاخەر ماینەوە، ئەوە بوو هاوسەرەکەم لەژوورێکی تردا سیسەمێکی بەلەوح دروستکرد و سەرەکەی قوڕدا .بەو پایز و سەرمایە قوڕ وشک نەدەبۆوە، دووسێ بەتانیمان پەیداکرد و بەسەر قوڕەکەدا دامانخست لەکاتی تۆپبارانذا خۆمان دەکرد بەکونەتەیارەی ئەو ژوورەدا .

ئێمە دوای حەوت مانگ لە ١٦ی ڕەشەمێ کاتژمێر نۆی بەیانی گوندی دوکانمان بەجێهێشت و بەرەو گوندی وێلەکە کەوتینە ڕێ، بەدرێژایی ڕێگا کە فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بەسەر سەرمانەوە بون .دووسێجار لەناو ڕکە بەردی گەورە گەورەدا خۆمان شاردەوە، بەیەک کاتژمێر دوای دەرچونی ئێمە سارۆخێک دابووی بەو کونەتەیارەیەدا کەئێمە ڕۆژانە بەپشت و پەنای خۆمان دەزانی دار و پەردووی بەسەر یەکدا ڕوخاندبوو .

ئێمە چەند ڕۆژێک لە گوندی وێلەکە ماینەوە تا ٢٢ڕەشەمێ ١٩٨٨من وهاوسەرەکەم لە یەکتری دابڕاین،ئەو گەڕایەوە بۆلای پێشمەرگەکانی هاوڕێی ، منیش بەپێ بەناو ئەو دەشتە کشتوکاڵییەدا کەوتمە ڕێ، بەقەد باڵای خۆمان قوڕی سور بوو، قوڕەکە هەر لە سیکۆتین دەچوو تا هەنگاوێک دەڕۆشتین دوو هەنگاو دەگەڕاینەوە دواوە، بۆ پێڵاوە بەجێماوەکەی پێم کوڕەکەشم لەکۆڵدابوو بەحاڵێکی زۆر ناخۆش و سەخت گەیشتمە سەر جادەی نەصر، لەوێوە بۆ عەربەت، شەو لەماڵی حاجی ئەحمەد کەپیاوێکی زۆر بەڕێز بوو مامەوە، شەو پێیان وتم کەوا خەسوم لە بەندیخانە جەڵدەی دڵ لێی داوە دوای بەربوونی بەماوەیەک ئەمریخوای کرد، دواتر بەشێوەیەکی نهێنی گەڕامەوە بۆ سلێمانی، نەمدەوێرا بەهیچ شێوەیەک دەربکەوم، یان لەماڵی باوکم بوم یان لەماڵی مامم.

لەماوەی ئەنفالەکاندا دووسێ جار هەواڵی شەهیدبوونی هاوسەرم هات، کە سۆراغم کرد ڕاست نەبوو هەتا ڕۆژی ١٧یخەرمانانی ١٩٨٨ نامەیەک و ڕەسمێکی هاوسەرەکەم لەمەریوانی ئێرانەوە بەدەست گەیشت. من ڕۆڵی خێزانەکەم لەیاد ناکەم بەتایبەتی باوکم کەلە ڕۆژانی تەنگانەدا پشت و پەنام بوون چونکە خۆی خاوەن ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەو خاوەن ئەزموون بوو لە هەموو کۆسپەکاندا پشتی دەگرتم.

ئێمەی ژنی شاخ هەموو دەم بەردی بناغەی شۆڕش بووین بۆنەوەکانی دوای خۆمان. ژن بۆ گەیشتن بەئازادی و مافەکانی خۆی ئەبێ پەنا بۆ ڕۆشنبیریەکی مۆدێرن بەرین، خۆمان لەحاڵەتی چەپێنراوی بارکسالاری دەرباز بکەین، باسنوری ڕۆشنبیرییەکی بەرفراوان پەرەپێبدەین بۆگەیشتن بەئازادی .

## ڕوناک حەمەئەمین

ڕوناک حەمەئەمین ژنێکی‌تری ماندووی ڕێگای ئازادی‌یە، کەسەختیی زۆری هاتۆتە بەردەم و بەسەر زۆربەیاندا سەرکەوتووە.
من لەشاری سلێمانی هاتوومەتە ژیانەوە، هەرلەوشارەشدا گەورەبووم، لەڕۆژێکی ئاسمان سامالی سالی١٩٧٦دا کەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەسەرەتادا بوو، من کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ(شێخ ئەحمەد عەبدوڵڵا). من لەسالی١٩٧٧دا زانیم کە هاوسەرەکەم بەشێوەیەکی نهێنی کاردەکات، خۆیشم ئەو ڕێبازەم لاپیرۆز بوو بۆیە لەگەڵ هاوسەرەکەم کەوتمە تێشکردن.
لەوکاتانەدا چەندجارێك توشی مەترسی‌و خۆشاردنەوە بووم لەترسی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس، ئەگەر ئەندامێکی ڕێکخستنەکان بگیرایە ئێمەش ئەکەوتینە خۆشاردنەوە، ژیانێکی زۆر سەختمان بردەسەر هەتا سالی١٩٨١ هاوسەرەکەم چووە شاخ. لەوکاتەدا خاوەنی دوو کچ بووین بەناوی(تانیا و کوردستان).
دوای سێ چوار مانگی چوونە شاخی هاوسەرەکەم، سەردانم کرد لەگوندی(دەرمیانە) بوو، دوای ماوەیەکی‌تر هاوسەرەکەم بوو بەلێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی(٥٥)ی قەرەداغ، نامەی بۆ ناردم سەردانی بکەم بۆ گوندی(دوکانی قەرەداغ)، کەچووم بۆلای وتی ئەتوانیت بێیت بۆ شاخ و لێرە دانیشیت، منیش زۆر بەخۆشحاڵییەوە وتم ئاواتم ئەوەبووە ڕۆژێك بێت من بتوانم خزمەتی گەلەکەم بکەم، لەبەرئەوە ماڵمان لەو گوندە دانا، هەرچی لەتواناما بوایە خزمەتی برا (پ.م) کانم دەکردو بەردەوام میواندار بووم.
پێشمەرگەیەك لەشەڕەکەی گوندی (ئارەکڵەدا) برینداربوو بەناوی کاك(ڕەئوف)، من یەك مانگ لەماڵی خۆمان خزمەتم کرد، زۆرجار ڕژێم هێرشی ئەکردە سەرمان ئێمەش توشی تەنگژەو ناڕەحەتییەکی زۆر دەبوین، لەمانگی ئەورۆزی١٩٨٢دا هاوسەرەکەم چوو بۆ شەڕی(بەرەی جود) تامانگی گەلاڕێژ واتە پێنج مانگ. شەڕی ناوخۆ بەردەوام بوو، ئەوەش تیرێکی کوشندە بوو لەم گەلە درا.
لەوکاتەدا هاوسەرەکەم لەگوندی(زیارەت)بوو لای دەشتی خۆشناوەتی، چووم سەردانم کرد، پاش چەند ڕۆژێك گەڕامەوە بۆ سلێمانی، ئەو ماوەیە بەنهێنی خۆم شاردبۆوە لەترسی گرتن، دواتر گەڕامەوە گوندی دوکان درێژەمان بەژیانمان دا تا ئەو کاتەی دانوستانەکەی بەینی یەکێتی و ڕژێم گەیشتە بن بەست.
هاوسەرەکەم گوێزرایەوە بۆ تیپی٥٧ی سەرگرمە، لەوێ لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستن بوو، ماڵمان بردە گوندی(خاوێ) لەوێ کوڕێکم بوو بەناوی(ڕێبان)ەوە لەسالی١٩٨٦دا بەڵام زۆرنەخۆش بووم بەسەرییەوە تەندروستیم خراپ بوو.
دوبارە لە١٩٨٧دا گەڕاینەوە گوندی(دوکانی قەرەداغ) هاوسەرەکەم بوو بەلێپرسراوی کۆمەڵایەتی لەوگوندەدا ماڵی(حاجی حەمەئەمین) ماڵێکی زۆر بەڕێز بوون ئەوشەوانەی هاوسەرەکەم لەشەڕ یان لەجەولە ئەبوو کچی ئەوماڵە بەڕێزە لام ئەخەوت، کۆمەڵێ ماڵە (پ.م)بەیەکەوبوین وەك خێزانێك وابوین سەردانی یەکتریمان دەکردو پەیوەندیمان خۆش بوو بەیەکەوە.

هێزی(پ.م) هێرشی کردە سەرقەرەداغ بۆ ئازادکردنی ناحیەکە، لەساڵی١٩٨٧دا قەرەداغ ئازاد کرا، ئێمە کەوتینە بەر بۆردومانێکی سەختەوە.

هەر لە کونەتەیارەدا ژیانمان ئەبردەسەر، هەرهەمان ساڵ شەڕی بورجەکە کرا(١٩) (پ.م) شەهید بوو یەکێك لەوانە(حەمە سەعید سێ تەلانی)بووکە جێگری تیپ بوو لە(٥٥)ی قەرەداغ، وەستا جەلال و یاسینە بچکۆل و حەمەلاو وچەند (پ.م)یەکی تر شەهید بوون.

ڕژێم لەمانگی ڕەزبەری١٩٨٧دا هێرشی پێچەوانەی کردە سەرقەرەداغ ،گرتی وتەختی کردو بەجێی هێشت، دیارە ئەوجارەش بێبەری نەبوین لەتۆپ بارانە سەختەکەی ناوچەی قەرەداغ هاوسەرەکەم لەشەڕدا بوو.

درێژەمان بەژیانمان دا، ئەنفال دوو بۆ سەر ناوچەکە دەستی پێکرد، شەوێکیان لەگوندەکەماندا لەژێر ئاسمانێکی ئارامدابوین‌و هەوای پاکمان هەڵئەمژی، لەناکاو بەراجیمەی کیمیاوی هەمووژیان‌و جوانییەکانی شێواندو بەهەوای خنکێنەر هەناسەی هەموومانی تاسان، دوژمنی مرۆڤ وژینگە ئەوگوندەی خستە گەورەترین مەرگەساتەوە، من خۆم‌و کوڕێکی تەمەن سێ ساڵەم‌و هاوسەرەکەم هەتا ئەم ساتەش کیمیاوی کاریگەری لەسەر بەجێ هێشتبووین، ئەوگوندەی شوێنی ژیانمان بوو هەرچی ماڵمان هەبوو جێمان هێشت‌و بەجلەکانی بەرمانەوە بەرەو(دوکەڕۆ) لەژێر سەرماو تۆفانی ئەوشەوە سەخت‌و زریانەدا ڕامانکرد، لەوێشەوە بەرەو گوندی(قامیشان) ڕۆیشتین، شەو لەوێ خەوتین‌و لەگەڵ سپێدەدا چوینە خوار گوندەکەوە لەژوورێکی بچوکی ماڵی شێخ عەزیزدا دووکاتژمێر ماینەوەو دواتر بەرەو(چەمی دێوانە) ڕۆیشتینە سەرچەمەکە، زۆر ساردبوو، کیمیاویەکەش بێ تاقەتی کردبوین، بەرەو(شیوی قازی) دەڕۆیشتین دوای شەوێك مانەوەمان بەرەوگوندی(ئەوتی) رۆیشتین لەوێوە بەڕێکەوتین بۆ گوندی(وێلەکە).

ئەوشەوەی ئێمە لەوگوندە بووین کیمیاوی بەمەڵبەندا کرا.

من‌و وەسفیەخان‌و زارا کاك جەزا کە (پ.م) ی ڕێکخستن بوو هێنایینی بۆ سلێمانی، من‌و کوڕەکەم چوینە ماڵی(بەدری خان)ی‌دشم، دوومنداڵیشم لەوێ ئەیانخوێند، پاش ماوەیەك لەگەڵ وەسفیە خان لە(دورلئەمن) لەماڵی دشێکی‌ترم خۆمان شاردەوە، ئەوکاتەی لەسلێمانی بووم چارەسەرم وەرگرت بۆ چاوم ئازاری زۆربوو.

هاوسەرەکەم دەلیلێکی گرت بەکرێ ناردی بەدوای من‌و بەهێ خانی خێزانی کاك سەلاح‌و حاجی نێرگز کەدایکی کاك شاهۆ بوو، چووینە ڕانیەو دەلیلەکە لەماڵێکی چەکدار داینایین، منیش زۆرترسام وتم بابڕۆین ماڵی خزممان هەیە لێرە ئەچم بۆ ماڵیان، بەڵام لەڕاستیدا خزممان نەبوو زۆر ترسام لەگرتن، دەلیلەکە چوو ڕێگا تاقی بکاتەوە، ئێمەش ڕۆیشتین خۆمان کرد بەحەوشەی ماڵێکدا ژنی خاوەن ماڵەکە نانی دەکردو هیچ خولقی نەکردین، هەر لەو حەوشەیەدا بێ نان و ئاو دانیشتین، چونکە خواردن‌و جل‌و بەرگمان لەوماڵە بەجێ هێشتبوو، لای عەسر دەلیلەکە گەڕایەوەو زۆر لێمان توڕەبوو، وتی ئەوماڵە زۆر ماڵێکی چاکن‌و سەر بەشۆڕشن، دواتر بردینی بۆ ماڵێکی‌تر ئەوانیش چەکداربوون هیچ قسەم نەکرد، بەڵام لەترساندا شەو تابەیانی خەونەچووە چاوانم، لەگەڵ سپێدەدا بەولاغ کەوتینە ڕێ تا گەیشتینە گوندێك لەوێوە سواری سەیارە بووین بۆ(ماخ و بزنان) لەوێشەوە سواری سەیارەیەکی‌تر بوین بۆ(سورە دێ)، گوندەکە چۆڵ بوو یەك دوو ماڵە (پ.م)ی

دیموکراتی لێبوو، دەلیلەکە چووبەشوێن هاوسەرەکەمدا کە بیدۆزێتەوە وپێی بڵێ واخێزانەکەت و منداڵەکانتم بۆ هێناویت.

پاش ماوەیەك دابڕان لەیەکتری. هاوسەرەکەم هات بۆ لامان بۆ ئەو سەریانەی لێی خەوتبووین. کەمنداڵەکانی بینی زۆر بێ تاقەت بوو، وتی بۆ ئەو منداڵانەت هێناوە؟ بۆ ئەوەی کیمیاوی لێیان بدات؟

بەیانی ولاغی بۆ گرتین بۆ قەندیل، هەردوو کچەکەمی بەدەلیلەکەدا ناردەوە بۆ ماڵی دشەکەم.

لەکاتی هاتنی خەسومدا بەسەردان(ڕێبین)ی کوڕیشمی ناردەوە، ئەوە کارەساتێکی ناخۆش بوو بۆ من دووشەو دوو ڕۆژ بێ ئاگا کەوتم نەمئەزانی شەوە یان ڕۆژە، ئەوەندەم خەفەت خوارد تووشی ئازاری گەدەی کردم، دیارە لەسەر ڕۆیشتنەکەمان بەردەوام بووین بەرەو(گوێزێ)، ئێمەو ماڵی مەلا ئەحمەدی دەلوجەو ماڵی کاك سەلاح نەمانتوانی بڕۆین لەبەر ساردی، یەك مەتر بەفر باریبوو، منداڵەکەم لەحاڵەتی ڕەقبونەوەدا بوون، چوینە ماڵە دەوارنشینەکان، سێ جار دەریان کردم، بەهەرحاڵ وتم ئانمان پێیەو بەتانیشمان پێیە تەنها لەبەرئەو کوڕەم خەریکە ڕەق ئەبێتەوە ڕێگایان دام، بەلام من لەخەمی منداڵەکانمدا بەوڕێگا سەختو بەفرەشدا ئەڕۆیشتم نانم بۆ نەدەخورا، ئەوشەوە لەوێ ماینەوە.

لەگەڵ کازیوەی بەیاندا بەرەو(گوێزێ) کەوتینەوە ڕێ، لەڕێگا کەوتینە بەینی شەڕی پاسدارو دیموکراتەوە، هاوسەرەکەم و مەلا ئەحمەد چەکیان پێ بوو هەردووکیان گرتن، وتیان تا نەزانین و جیهاز نەکەین کە ئەمانە (پ.م) دیموکراتن یان یەکێتی، نایەڵین بڕۆن.

لای ئێوارە ڕێگایان پێداین و چوینە گوندی گوێزێ و شەوێك لەسەر سنور ماینەوە، وەرەقەیان بۆ کردین بۆ(ئاڵوەتان)، پاش هەفتەیەك مانەوەمان بەرەو (بانە) بەڕێکەوتین، لەوێ چارەسەرم وەرگرت بۆ ئازاری(گەدەم) کە زۆر پەرێشانی کردبووم، دواتر بەرەو(ناوچەی شلێر) ڕۆیشتین چوینە گوندی(وێنە)، هەرهەمان ڕۆژ گەیشتینە ئەو گوندە بە(١٢) فڕۆکە بۆردومانیان کردین و دوای چەند ڕۆژێك مانەوەمان هەواڵ هات کەڕژێم ئەو ناوچانە داگیردەکاتەوە، بەرەو مەریوان ڕۆیشتین، دوای دووسێ ڕۆژ مانەوەمان لەگەڵ دوو سێ ماڵە (پ.م)ی تردا چوینە گوندی(ولە ژێر)، پاش سێ چوار مانگ مانەوەمان، خەڵکی ئەوگوندە زۆر یارمەتییان ئەداین، دواتر لە(کانی دینار) نیشتەجێ بوین هەتا مانگی بەفرانباری ١٩٩٠ گەڕامەوە بۆ کوردستان تا منداڵەکانم بهێنم بۆ ئێران، ڕێگام لێگیرا نەمتوانی بگەڕێمەوە هەتا پێنج مانگ پێش ڕاپەڕین، هاوسەرەکەم گەڕایەوە بەلام نەگەڕایەوە بۆلای ڕژێم هەر لەناوشاردا بەنهێنی مایەوە، کەراپەڕین کرا هاوسەرەکەم لەشاخ نەبوو ئەوەندەی خەفەت خوارد جەڵدەی دڵ لێیدا.

هاوسەرەکەم بەهۆی هیلاکی (پ.م)یەوە تووشی نەخۆشی بوو، (٩) نەشتەرگەری گەورە کرا، من و هاوسەرەکە زۆرمان ڕەنج دا بەلام مخابن (پ.م)ی دێرین و ژنی شاخ زۆر لەپەراوێز داین ئێمە خاوەنی چەند ساڵ هیلاکی و دەربەدەری و ئاوارەیی بوین، بەلام بەرهەمی ڕەنجمان ئازادی کوردستانە کە گەورەترین سامانە بۆ ئێمە.

## ڕوناک کەریم قادر

ڕوناک کەریم قادر ئەوژنە شۆڕشگێڕو تێکۆشەرەی ڕێگای خەبات بوو بێسڵەمینەوە لەڕژێمی ڕەفتارفاشی، لەوڕۆژە سەختانەدا زۆرئازایانە بڵاوکراوەکانی لەژێر عەباڕەشەکەی سەریدا ئەشاردەوەو دەیبردو بەسەر دڵسۆزانی خاک و نەتەوەدا دابەشی دەکرد.

لەشاری سلێمانی چاوم بەدنیا هەڵهێناوە، هەرلەسەرەتای تەمەنمەوە هەستم بەوەکردووە کەلەخێزانێکی شۆڕشگێڕو کورد پەروەردا گەورە بووم، برایەکم بەناوی(عارف کەریم) لەشۆڕش بەشداری کردووەولەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا کاری کردووە، هەرلەسەرەتاوە چەند هاوڕێیەکی هاتوچۆیان دەکردین وەکو(کاک نەوشیروان و کاک شاژاد و مامۆستا جەمال عەبدول و کاک حەمەچاوشین لەگەڵ دکتۆر کەمال خۆشناو)، تایپ و ڕۆنیۆ لەماڵی ئێمەبوو.

ئێمەلەخانوویەکی کۆندا دەژیاین لەمەیانی ماستەکە، لەڕیزی کۆمەڵێ دوکاندا بوو، خانوەکەمان بەهۆی دوکانەکانەوە شاراوەبوو، کەمتر گومانی دەخرایەسەر، لەخانوەکەدا سەکۆیەکی گەورەمان هەبوو، لەژێر سەکۆکەدا کولانەیەکی مریشک هەبوو، بەڵام ئێمە، ناوکولانەکەمان پاککردبۆوە تایپ و ڕۆنیۆکەمان تێدا دەشاردەوە.

کاتێک کە(مامۆستا جەمال عەبدول و مامۆستا فوئاد قەرەداغی و کاک ئەمین) ئەهاتن ئیشیان لەسەر تایپەکە دەکرد(کاک حەمە چاوشین) ڕۆنیۆکەی ڕادەکێشا لەکاری تایپ و ڕاکێشان دەبونەوە، دایکم ئامێرەکانی دەخستەوە کولانەکە، دەمی کونەکەی ئەگرت و بەقوڕ سواغی ئەداو ڕەشی مەنجەڵیشی لێ ئەدا، هەتا کەس شک نەکات، من و خوشک و براکانم دائەنیشتین وەرەقەکانمان ڕێک دەخست وەک مەلزەمەیەک و من و خوشکەکانم عەبامان ئەدا بەسەرماندا و بڵاومان دەکردەوە.

زۆرجاریش مامۆستا جەمال عەبدول خۆی هەڵدەستا بەکاری بڵاوکردنەوەی نوسراوەکان، ئێمە ئەم کارانەمان لەساڵی١٩٧٦دا دەکرد، واتە سەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ، هەرهەمان ساڵ(کاک حەمە سەعید و حەمەچاوشین و هاوڕێ جەبار)چوونە شاخ، ئەوەبوو ماوەیەکی زۆر لە(قەندیل) مانەوە ساڵی یەکجار هەواڵمان دەزانین و سەردانمان دەکردن، پاشان چوونە(تۆژەڵەو ناوزەنگ) و لەوێ جێگیربوون، ڕژێم بۆردومانی سەرکردایەتی کردو(هاوڕێ جەبارو کاک حەمە سەعید) بەرکەوتن و بریندار بوون، کاکم حاڵی زۆر خراپ بوو بۆیە ناردیان بۆ ئەوروپا، پاش شەش مانگ چارەسەروەرگرتن گەڕایەوە تەندروستی بەرەو باشی چووبوو، ئێمەش بەمەبەستی سەردان چوین بۆ(ناوزەنگ) بەڵام سەرکردایەتی بەهاوین دەگەڕایەوە بۆ(تۆژەڵە)، هەموومان لەناو خەیمەدابوین هەرماڵەش لەبن شاخ و بەردێکی گەورەدا خەیمەیان هەڵدابوو، ئەوەبوو پاش شەش حەوت مانگ براکەم بینیەوە، لەوکاتەشدا ڕژێم چووبوو بۆ گرتنی ماڵی باوکی(کاک نەوشیروان باجی خانمی دایکی و تاڤگە خانی خوشکی)حازیمە خانی براژنی ڕایانکردبووە دەرەوە لەسەرکردایەتی بوون.

شەوێك لەماڵی ئەوان میوان بووین ژوورەکەیان دڵۆپەی دەکردو ئاو بەژوورەکەدا ئەهاتە خوارەوە، پاش گەڕانەوەمان بۆ شار (ئازەی شێخ نوری) بریندار ببو لەماڵی ئێمەبوو (شوانی رەئوف نوری )خزمەتی دەکرد، بەبەردەوامی(دکتۆرە ئەڵوەن ئەمین و دکتۆر ئەوزاد ساڵح) بەشەو سەردانیان دەکردو چارەسەریان دەکردو (دڵشاد مەریوانی) دەرزی لێدەدا، زۆرجار نەماندەوێرا دۆشەك و بەتانی بشۆین و هەڵی بخەین، چونکە هەرکەسێك بهاتایە ڕاستەوخۆ هەستی ئەکرد بریندار لەماڵمانە، بۆیە نوێنە خوێناویەکانمان فڕێ ئەدا.

دایکم چەند جارێك لەلایەن ئەمنەوە گیراو لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردووە، برایەکم بەناوی(مەعروف کەریم قادر)کەپارێزەرە چەند جارێك لەلایەن ڕژێمەوە گیراوە هەرجارەی شەش حەوت مانگ بەند بووە هەتاکاتی ڕاپەڕین ئەوبرایەم بەندبوو.

من لەرۆژێکی ئاسمان سامالی ١٩٨١دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ(جەبار عەبدوڵڵا) ناسراو(هاوڕێ جەبار)، یەکەم ماڵی (پ.م)یەتیمان لەگوندی(حاجی مامەند)بوو لەشارباژێری سەخت، لەوکاتەدا هاوسەرەکەم لێپرسراوی عەسکەری بوو، هیچ کات لە(٢٠) (پ.م)کەمتر لەماڵمان نەبوو، نانم ئامادە دەکردو جلم ئەشت لەژێر بەفرو باران، زستانی ئەوێ زۆر سەخت بوو، بەڵام ئەو هەموو سەختیانەمان لاخۆش بوو، چونکە لەپێناو ئازادیدا بوو، لەژێر ئەوبارە گرانەدا لەنوکتەو قسەی خۆش نەدەکەوتین، ماوەیەك لەو گوندەبوین بانگهێشت کراین بۆ گوندی(خانوە قوڕەکان)لەوکاتەدا(ڕۆژی نەورۆز) بوو ئاگری نەورۆزمان بەخۆشی کردەوە، دایکیشم لامان بوو، لەگەڕانەوەدا لەسەر ولاغەکە کەوتە خوارەوە، لە(حاجی مامەند)بەردەوام بوین لەسەر ژیان تا لە(ئاڵپارێز)ەوە دراینە بەرتۆپ، ئێمە لەناو وباخەکاندا خۆمان ئەشاردەوە، دواتر هەموو گوندەکە چۆڵی کرد ئێمەش کاتژمێر هەشتی شەو بوو کەوتینە ڕێ لەگەڵ چەند نەخۆش و دکتۆرو (پ.م) یەکدا بەرەوشاخی (سیەر) سەرکەوتین.

شاخێکی سەخت و وشك وبێ ئاو بوو، خەریك بوو لەتینواندا دەمردم ، کاك(دلاوەر)پڕ سەری مەتارەیەك ئاوی دامێ چونکە ئاوی نەخۆشەکان بوو، ئێمە هەر لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بوین.

لەکاتژمێر(١٢)ی نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی گەیشتینە(باراو) هەرلەهەمان کاتدا برایەکم لەگەڵ کاك(شۆڕش)دا سەیارەکەیان وەرگەڕابوو، لەنەخۆشخانەکەی(باراو) بوو هەرکەگەیشتینە ئەوگوندە دووبارە تۆپ باران دەستی پێکردەوە، ئێمە لەنێوان شەڕی هەردوو وڵاتدا بوین، ناچار بەپێ کەوتینەڕێ بەرەو(جنگیان) لەوکاتەدا(ڕوناك خان)ی خێزانی(مەلابەختیار) هاتبوو بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەو هەواڵەی کەبیستبوی گوایە (مەلابەختیار) شەهید بووە، ئەوە بوو لەژێر بۆردومان و تۆپ باراندا نەیتوانی(لاڤەی)کچی بەخێو بکات بۆیە بەدایکی(ئازاد چاوشین)دا ناردیەوە بۆ سلێمانی.

پاش هەفتەیەك منداڵەکەی گەیشتبۆوە دەستی دایکی(ڕوناك خان) لەوکاتەدا من ویستم سەردانی سلێمانی بکەم جلم نەمابوو لەبەری بکەم چونکە من بەیەك شەرواڵەوە لەوگوندەدا هاتبوومە دەرێ، ڕوناك خان جلە کوردییەکانی خۆی دا بەمن، منیش شەرواڵەکەی خۆم

داپڕی، دوای گەڕانەوەم بۆ سلێمانی دوای ماوەیەکی کەم دووکچم بوو بەناوی(هەژان و کەژان)، منداڵەکانم بۆ ماوەی یەك ساڵ لەشار بوون، سەرکردایەتی گواستبوییەوە بۆ(سێروان) دواتر گواستیەوە بۆ(سورداش). لەکاتی دانوستانەکەشدا ئێمەش ماڵمان بردە(سورداش)، بەڵام دوای بن بەستبونی دانوستانەکە ماڵمان بردە(سیروان) و(کانی توو) لەوێ لای(کاك ئازاد هەورامی و دکتۆر خەسرەو) خەیمەیەکمان هەڵدا.

لەوێ هاوسەرەکەم لە(مکتب عەسکەری) بوو لای ملازم عومەر، ئێمە ماڵمان لە(کانی توو)بوو. لەمانگی پوشپەڕی١٩٨٥دا فڕۆکەهات بۆردومانی ناوچەکەی کرد شەهیدو بریندار زۆربوون، رامانکردە دەشتەکە بەڵام تۆپ بارانیش بەردەوام بوو خەڵکێکی زۆری شەهید کرد، ساروخی فڕێ ئەدا بەقەد یەك بەرمیل تینێنتی تێدا بوو، زەویەکە ئاوی لێ هەڵئەقوڵا هەمووی ئەکرد بەچاڵی رەشی زل زل.

ئێمەو بریندارەکان بەرەوە ئەشکەوتەکانی(سەفرەو زەروون) ڕۆیشتین، سێ شەوڕۆژ ئەمان وێرا لەئەشکەوت بێینە دەرەوە، تەنانەت ئەمئەوێرا ئاگرێك بکەمەوە لەترسی بۆردومان ئاو گەرم بکەم بۆ شیری منداڵەکانم. لەبارێکی زۆر سەختدا دەژیام بەو دوو کچە بچوکەوە دواتر تر بارمان کردبەرەو(گاپیلۆن) لەخەیمەدا ژیانم بردەسەر، ئەوهاوینە بەرەو سەرمای پایز هاتین گەڵای دارەکان وەکو فەرشێکی زەرد زەوی داپۆشیبوو، بەرەو ناوگوند ڕۆیشتین کوێخای گوندەکە ژورێکی داینێ، ڕۆژێکیان لەشارەوە میوانمان هات پەروین خانی خێزانی مامۆستا کامەرانی بەهجەت عەونی لەماڵمان بوو، سوەیلە خانی خێزانی کاك دلاوەری ئەحمەد مەجید، دایکی کاك دلێری سەید مجیدو ڕەحمە خانی دایکی ڕوناك خان لەوساتەدا کەئەومیوانە بەڕێزانە لەماڵمان بوون، تۆفان‌و بارانیش بوو، لەناکاو فڕۆکەکانی ڕژێمە گەندەڵەکەی بەغدا، بەساروخەکانیان دایان بێژاین، کاك دلاوەر ڕۆیشت تراکتۆری بۆ هێنایین‌و پێنج شەش مەتر نایلۆنی بۆ کڕین و دای بەسەر تراکتۆرەکەدا، بەرەو(ولاغ لوو) بردینی‌و دوری خستینەوە، دواتر بۆ(قامیشی و دڕی) لای سەفرەوە، بۆردومان بەردەوام بوو سەرەڕای بەفرو باران‌و زریان بەتەواوی شەکەتی کردبوین.

مانگی ڕێبەندانی ١٩٨٨بوو ڕەحمە خان و سەبری خان بەڕێگەی قاچاغ بەرەو شار ناردنیانەوە ئێمەش لەگەڵ میوانەکاندا کەوتینە ڕێ ، بەدوومنداڵی وردەوە بەو هەموو بەفرو شاخ‌و دۆڵەدا ڕۆیشتین تاگەیشتینە ئۆردوگای(ڕەزاییە)، دواتر چوینە ئۆردوگای(زنجان) لەوێ ماینەوە تا ڕاپەڕینی١٩٩١ . لە٣١ی ئابیشدا جارێکیتر ڕامان کرد بۆ قاسمە رەش.

## روناک حەمە ساڵح شەریف

روناك حەمە ساڵح شەریف ئەو ژنە شۆڕشگێڕو تێکۆشەرەیە، کە سوێندی خوارد نانی جاشێتی نەخوات، بەمەرجێك کچێکی شیرە خۆرەشی هەبوو، بڕیارەکەشی بردە سەر تاراپەڕین.

لەڕۆژێکی ساڵی١٩٥٩دا کە گەواڵەی هەورەکان بەری ئاسمانیان گرتبوو لەشاری سلێمانی مەڵبەندی شۆڕشگێڕان و رۆشنبیران چاوم بەدونیا هەڵهێنا، هەر لەوساتەی هاتمە ژیانەوە رووبەرووی کێشەو ناخۆشییەکانی ژیان بوومەتەوە هەتا ئەم ساتەوەختە.

لەساڵی ١٩٧٦دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە بەناوی(عوسمان ئەحمەد) ناسراو بە(عوسمان موختار) پاش ماوەیەك بەیەکەوە ژیان، هاوسەرەکەم تەمەنی بوو بە(١٨) ساڵو گیرا بەسەربازی، بەڵام خۆی پەیوەندی رێکخستنی هەبوو بە(شەهید مەحمود گەرمیانی) هەربۆیەش لەرۆژێکی دونیا سەوزی ساڵی١٩٧٧دا چووە شاخ، منیش یەکسەر لەگەڵیا چومە دەرەوە، یەکەمجار منی برد بۆ (مەریوان) لەماڵی خزمو کەسو کاری خۆی دایانام و خۆی گەڕایەوە بۆ ناوشۆڕش، بەڵام زوو زوو سەردانی منو(عادل)ی کوڕمی دەکرد کە لەساڵی١٩٧٧دا هاتبووە دنیاوە، پاش ساڵو نیوێك مانەوەمان لە(مەریوان) برایەکی هاوسەرەکەم هات بەشوێنماندا، ووتی ئەبێت بگەڕێنەوە ژنەکەت کەسوکاری لێرە نیە تۆچی دەکەیت؟

ئێمەش گەڕاینەوە پێنجوێن لەبەرئەوەی هاوسەرەکەم دایكو باوکی نەمابوو، خۆشم باوەژندار بووم، کە نەگەڕامەوە بۆ شار شوێن نەبوو تێیدابژیم، هەر رۆژەو لەماڵێك بووم لەوزەمەنە سەختەدا، ژیانێکی زۆرسەختمان هەبوو هاوسەرەکەم تەمەنی منداڵ بوو، نەی ئەزانی چی لەمن و کوڕەکەم بکات .

دووجار چووینە شاخو گەڕاینەوە بۆ شار هەتا ساڵی(١٩٨٢) بەتەواوی بڕیاری مانەوەماندا بەهەموو سەختیەکانیەوە چووینە گوندی(پاپەزان) لەوێ (پ.م) بوو لەگەڵ کاك( فەرەیدون حەمە ساڵح و جەمال حەمەی خواکەرەم و حەمە ئەمین خەجێ) دوای دووساڵ مانەوەمان لەبۆردومانە قورسەکەی سەر ئەو گوندە لەگەڵ کۆمەڵێ ژندا بەپێ کەوتینە رێ، لەژێر بۆردوماندا کوڕەکەم بەسوکی بریندار بوو لەگەڵ کاك عومەری شوبرام بریندار بوو .

پاش گەڕانەوەمان بۆ سلێمانی چووم بۆ ماڵی باوکم دوای بەسەربردنی ماوەیەك لەشاردا بەشێوەیەکی نهێنی بەرەو گوندی (نۆدێ) بەڕێکەوتم، ماڵەکەمان لەقوتابخانەکەدا بوو دواتر بەرەو گوندی(گەڕەدێ) لای سیتەك چوین دوای مانەوەمان بەهەشت نۆ مانگ بەرەو گوندی (گێڵدەرە ) رۆیشتین لەوێش لەگەڵ ماڵی کاك مەحمود گەرمیانی و(ئەحمەد شاتوانی)دا بووین، پاش ماوەیەك مانەوەمان بەرەو گوندی(کاژاو) رۆیشتین پێش تەواو بوونی دانوستانەکە من گەڕامەوە(سەید سادق) لەماڵی خاڵم بووم، هاوسەرەکەم زۆر ئازابوو بە(عوسمانە ریشە) ناسرابوو لەزۆر چالاکیی ئەرسنورانەدا بەشدار بوو، لەسەید سادق مامەوە هەتا هاوسەرەکەم شوێنی بۆ دابین کردین لە(دوکانی قەرەداغ لەساڵی١٩٨٥دا لەو گوندەدا(خەرمان)ی کچم لەدایك بوو، من بەچوار منداڵی وردەوە ئەبوایە گوندار گوند منداڵەکانم بگێڕایە، هاوسەرەکەم لەگەڵ (ئاڵای شۆڕش)دا بوو کە پێیان دەوترا( ئاش).

ئێوارەیەکیان درەنگان هاوسەرەکەم گەڕایەوە ماڵەوە، ووتی من بەرەو ئێران ئەڕۆم چونکە ئەندامانی ئاڵای شۆڕش زۆریان لێ گیراوە، تۆش بگەڕێوە بۆ سلێمانی، بەو منداڵە ووردانەوە لەهیچ کوێ جێت نابێتەوە، ژوورێك بگرە بەکرێ تانەنێرم بەشوێنتانا، منیش پاش گەڕانەوەم لەگەڕەکی قەزازەکانی سلێمانی ژوورێکم بەکرێ گرت.

خانوویەکی کۆن بوو حەوت ماڵی تێدا بوو هەمووی کەس و کاری (پ.م) بون زۆرباش بوون لەگەڵماو یارمەتیان ئەدام، دواتر ماڵی باوکم ژوورێکیان بۆ گرتم لەگەڕەکی(سەرکارێز)لای ماڵی خۆیانەوە، نزیکەی چل ڕۆژم بەسەربرد، لەوماوەیەدا هاوسەرەکەم نامەی بۆ ناردم کە بچم بۆ ماڵی خوشکێکم لە(کناروێ)، کە گەیشتم لەدوای ئاخاوتن وتووێژ کردن وتی لەمەریوان خانووم گرتووە کەل و پەل ماڵم کڕیوە بگەڕێرەوە، سەرو دەست جل بۆ منداڵەکان دەستێ جلیش بۆ خۆم کەل وپەلی زیادە مەهێنە چونکە بەپێ بەرەو ئێران ئەڕۆین.

لەڕاستیدا زۆر هەژارو کەم دەرامەت بووین، منیش لەخۆشییاندا حاڵم نەبوو، بەیانی زوو گەڕامەوە بۆ سلێمانی و کەل وپەلەکانم بردو دەمەو عەسر گەیشتمەوە ماڵی دشەکەم، وتم کوا عوسمان وتی تەسلیم بۆتەوە. لەڕاستیدا زۆر ترسام وام ئەزانی گیراوە، وتم بەڕاستە وتی بەڵێ بەڕاستمە، دشەکەم پێی وتم دەربەدەری بەو ناکرێت تاکەی ژیانی نەبێت، منیش هەرچوار منداڵەکەم دایەوە دەست دشەکەم وتم من ئەهاوسەری جاشم قبوڵە ئەمنداڵی جاشم دەوێت، خۆم بەتەنها گەڕامەوە بۆ سلێمانی، خاوەنی یەك دیناریش نەبووم، چووم بۆلای براکەم(٥٠) دیناری ئەو ڕۆژەم لێوەرگرت و پێم وت ئەچمە ناوشۆڕشەوە، هاوسەرەکەشم ئاگاداری ئەومەسەلەیە نییە یەکسەر بەوئێوارە وەختە، بەدەرونێکی پڕ لەغەم و خەفەت بەرەو ژێر پردەکە ڕۆیشتم سواری پشتی پیکابێك بووم بەرەو گوندی(حمزە)، چلەی زستانیش بوو لەژێر لێزمەی باران و ئەوسەرما جەرگبڕەدا لەحاڵەتی ڕەقبونەوەدا بووم، کە گەیشتمە ئەوگوندە چوومە ماڵی پورزایەکم پاش پشوودانم چووم کاك(کەمال تاماس)م بانگ کردوو باسی ڕووداوەکەم بۆ کرد، کەمن هاتومەتە ناو شۆڕش.

زۆرم دەربەدەری و کوڵ بەکوڵ و گونداوگوند کردووە، بەوپەڕی هەژاری ژیاوم، چەندەهاجار بەناو جاش و ڕژێمدا دەمانچەو نامەم گەیاندۆتە شوێنی خۆی، خۆشم بەمرۆڤێکی شۆڕشگێڕو کوردپەروەر ئەزانم، لەبەر ئەوە هاوسەری جاشم قبوڵ نییە، کاك کەمال وتی تۆ ژنێکی بەڕێزیت و جێگەی شانازی ئێمەیت، وتی چیت ئەوێت بۆت بکەین، وتم ئەچم بۆ ماڵی شوبراکەم لەگوندی(گەڕەدێ)، بەیانی مەکینەیان بۆ گرتم ویستم پارەبدەم بەشۆفێرەکە، سەیردەکەم لەخەم و خەفەتی خۆم دا ئەو(٥٠)دینارەی لەبراکەم وەرمگرتبوو لێم کەوتبوو، کەگەیشتمە ماڵی شوبراکەم حەپەسا وتی عوسمان نامەی بۆ ناردویت بچیت بۆ مەریوان، عوسمان گیراوە.

منیش وتم نەخێر نەگیراوە، ڕوداوەکەم بۆ گێڕایەوە وتم ماڵی خوشکەکەت تەسلیم بەجاشەکانی خزمی خۆیان کردۆتەوە، شوبراکەشم پێی وتم دەستت خۆش بێت ئێرە ماڵی خۆتە لێرە دانیشە، زۆر لەبرا (پ.م)کان و لێپرسراوەکان پێیان وتم بەس کچە شیرەخۆرەکەم وەربگرمەوە ڕازی نەبووم تا شەهید(جەمالی حمەکەریم نادر) نامەیەکی نوسی بۆ سەرکردایەتی و نوسیبووی لەبەرئەوەی ئەو ژنە هاوسەرەکەی گەڕاوەتەوە بۆلای ڕژێم، خۆی هاتۆتە ناو شۆڕشەوە لەماڵی شوبراکەیەتی چیی لێ بکەین؟

شۆڕشیش جوابی نامەكەیان بەوشێوەیە دامەوە: ئەڵێن ئێستا ژنی چەكدارمان نیەو بارەگای تایبەت بەژنمان نییە، لەبەر خاتری چوار منداڵەكەی‌و لەبەر ڕێزو حورمەتی خۆی بگەڕێتەوە بۆلای منداڵەكانی و هاوسەرەكەی، بەڵام من رازی نەبووم بەگەڕانەوەم، هەتا هاوسەرەكەم چەند نامەیەكی بۆ ناردم نوسیبووی خۆم بەناپاك دەزانم بەرامبەر بەهەموو رەنجەكانی خۆم، من كەمدەستم و هیچ كەس نییە یارمەتییەكم بدات، كاك مەلابەختیار بەندە، خۆشم فەرمانی كوشتنم هەیە، بەو چوار منداڵە وردەوە ناگەمە ئێران.

ئێمە ئەوەی كۆستی خستبوین ئەو هەژارییە لەڕادەبەدەرە بوو، دوای دوومانگ مانەوەم گەڕامەوە، بەڵام هەواڵم ناردبوو بۆ ماڵی باوكم دەستكاری ژورەكەم نەكەن، چوومەوە هەمان ژوورو منداڵەكانم هاتنەوە لای خۆم.

بەڵام هاوسەرەكەم لەشانەدەری ژوورێكی بەكرێ گرتبوو، هاوسەرەكەم زۆری خەڵك ڕاسپاردبوو وتبوی من بەبێ روناك و منداڵەكانم ناژیم، هەربۆیەش پاش مانگێك مانەوەم لەسلێمانی بڕیارمدا بڕۆم، رۆژێكیان سەیارەیەكی جاش هات من‌و منداڵەكانم بەرێت بۆ (شانەدەری)، وتم من هەرگیز سواری سەیارەی جاش نابم، بەبەتاڵی ناردمەوە، وتم خۆم بەسەیارەی كرێ دێم.

كە گەیشتمە(شانەدەری) زۆربەی ماڵەكان جاش بوون، كەئەهاتمە كۆڵان بۆ ئیشێك، دەرودراوسێكان پێیان ئەوتم ئەوە(دادەی كۆمەڵەیە)، لەسەر ئەم روداوە زۆرلە كەس‌وكاری هاوسەرەكەمیان هان ئەدا لەدژی من، بەڵام بەپێچەوانەوە تاشەهیدیش بوو، یەك وشەی بەمن نەوت، پێشی دەوتم تۆ خاوەن هەڵوێستێكی جوان‌و بەرز بوویت، سوێندم خوارد لەلای هاوسەرەكەم من لە ژیانم دا نانی جاشێتی ناخۆم، ئەوماوەیە هاوسەرەكەم هەموو جۆرە خواردنێكی دەهێنایەوە بۆ ماڵەوە، بەس من نانی وشك‌و قەنداخم ئەخوارد بەمەرجێ كچە ساواكەشم شیری خۆمی دەخوارد.

من بەژیانێكی زۆر سەخت‌و دژواردا گوزەرام، لەناوەوەی خۆمدا هەستم بەشەرمەزارییەك دەكرد بەرامبەر خاكەكەم‌و رێبازەكەم، هەر بۆیەش لەڕاپەڕیندا هاوسەرەكەم چەكی (پ.م)یەتی كردەوە شانی لەگەڵ كاك(حەمە عەلی) بەرخانەقادا بوویە فەرماندەی كەرت، بەشداری هەموو ڕاپەڕینەكانی كرد، هەتا رۆژی١٢ی نەورۆزی شەڕی١٩٩١ لە(سەرچیمەن)دا لەكەركوك شەهید بوو، كاتێك لەناو سەنگەری نیشتماندا بوو وتبووی خۆم‌و هەرسێ كوڕەكەم مەولودی پێغمبەر بێت (پ.م)و كوردستان ڕزگاری بێت.

خۆشم وەكو داكێك سەرپەرشتی منداڵەكانم دەكەم، لەساڵی١٩٩٢دا جەڵدەی دڵ لێیدام ژیانم لەمەترسیدا بوو، تائێستا ٣٧بتڵ خوێنم تێكراوەو ئێسكم‌و مۆخم لاوازە، ئێستا دوو كوڕم لەبازاڕدا حەماڵی دەكەن، سەنگەر لە دایكبووی ١٩٨٦و شڤان لەدایكبووی ١٩٨٨ كوڕی شەهیدن.

## زەینەب عەبدولرەحمان ئەمین

زەینەب عەبدولرەحمان ئەمین یەکەم ژنی رێگای خەبات بوو کە هەموو سەختییەکانی ژیانی بینیو چەندین جار زۆرانبازی لەگەڵ مەرگدا کردووە.

من لەساڵی١٩٤٩ لەشاری سلێمانی لەخێزانێکی کوردپەروەر هاتوومەتە ژیانەوە، لەساڵی١٩٧٧دا برایەکم بەناوی (ئەحمەد) لەگەڵ(ئاسۆی شێخ نوری)دا گیراوە، دوای دووساڵ مانەوەی لەبەندیخانەی(ئەبوغرێب) بەربوو، هەرلەسەرەتای ژیانمەوە لەگەڵ ئێش و ئازاری گەلەکەمدا گەورە بووم، من لەساڵی١٩٦٦دا هاوسەری (پ.م)م هەڵبژارد بەناوی (ئاوات قارەمانی) کە (پ.م)ی شۆڕشی ئەیلول بوو، ئەو هەفتەیەی کەبەتەمای زەماوەند بووین، (ئاوات) بەنیشی شۆڕش گەڕایەوە بۆ ناو شارو گیرا، دوای بەربوونی ژیانی هاوسەریمان پێکەوەنا.

هەرلەسەرەتای دروست بونی(کۆمەڵە)وە ماڵەکەمان بووە جێگای هاوڕێکانی ئاوات، منیش لەگەڵیاندا کارم دەکرد، هەرلەگواستنەوەی چەكو بڵاوکراوەکان بەملاوبەولادا، ماڵی ئێمە لەو رۆژە سەختانەدا لەناوجەرگەی شاردابوو وەك بارەگایەکی حیزبی وابوو، کۆبوونەوەکان لەماڵی ئێمە سازدەکرا، ئەوکاتە شەهید(عەبدولرەزاق) سەرپەرشتی هەولێری دەکردو شەهید ئازاد هەورامی کەرکوكو مەلابەختیار خانەقینو سەرەڕای ناوشاری سلێمانیو شارۆچکەکانی، ئەو (پ.م)انەی خۆیان حەشار ئەدا لەترسی رژێم لەماڵی ئێمە بوون(شەهید ئارام و شەهید جەمال عەلی باپیرو ئەبو شەهاب و ئازاد هەورامیو شەهید شەماڵ) ئەوکاتە تایپو رۆنیۆکە لەماڵی ئێمەبوو.

جارێکیان شەهید ئارام و کاك سالار لەماڵی ئێمەبوون، کە بڵاوکراوەکانیان لەماڵی ئێمە چاپکردبوو بێگوومان ئەوە ساڵی١٩٧٦بوو، هێشتا بڵاوکراوەکان دابەش نەکرابوون، ماڵێك بڕابوو واتە دزرابوو، لەپاڵ ماڵی ئێمەدا کەلوپەلی ماڵە دزراوەکەیان دانابوو، خێرا بەهاوسەرەکەم ووت، ئەوە چی دەکەن، هەڵسن راکەن ئەوەکو بێن بۆ پشکنین، خۆم زۆر بەپەلە پڕ گونییەك لەبڵاوکراوەکانم بەکۆڵ گەیاندە ماڵی شەهید(شوان) ، رۆنیۆکە مابوو زۆر قورس بوو(١٠٠)کیلۆ دەبوو لەتر ساندا هەڵم گرتو خستمە سەرشانم تا (شەهید ئارام) وتی ئەوە چی دەکەیت ماڵت بەقوڕ نەئەبرێت .

خۆدەرو دراوسێ دەڵێن ئەوان ماڵەکەیان بڕیووە، من بەوانم ووت ئێوە بڕۆن ئەگەر گیراین بامن و منداڵەکان بگیرێین، ئەوسا(ئاشتی و هیوا)م هەبوو سکیشم بە(پێشڕەو)هەبوو، من رۆژانە لەماڵەوە وەکو کرێکار هەرلەبەیانییەوە هەتا ئێوارێ خزمەتی ئەوانم دەکرد، کەشەو دادەهات خۆمو هەردوو منداڵەکەم دەچووین شەو لەماڵی باوکم دەخەوتین، چونکە لەماڵەوە جێگەی خەوتنمان نەبوو، لەبەرئەوەی دوو ژوورمان هەبوو، ژوورێکیان ژووری(شەهید ئارام)بوو، ژوورەکەی تریشیان هی کۆبوونەوە بوو، هەتا مانگی(سەرماوەز) لەناکاو لەبەیانییەکدا شەهید شوانو شەهید ئازادی مەلا هاتن، وتیان شتەکان لەکوێن ئاوات گیراوە منیش وتم هەندێکی لەماڵەوەیەو دەمانچەو شتەکانی تر نازانم لای خۆیەتی، کردمان بەگریانو فەرتەنە گەڕەك بەرسەرماندا دابارێ ئەوەندەمان زانی لەناکاو(ئاوات) خۆی کرد بەژووردا وتی ئەوەچییە؟ چی روویداوە؟ وتم ئەوە بەربوویت؟ وتی گیانی چی من بۆ ئەگرن؟

دواتر پێی وتم بەڕێکەوت نەگیراوم(یاسینە رەش)و هەموو برادەران گیراون ئەم لێپرسراویان بوو، وتی تۆ عەباکەت بدە بەسەرتاو بابڕۆین، چوین بۆ ئەوفەرمانگەیەی (یاسین)ی لێبوو کیلی دوو دۆلابی لابوو کردیەوە پڕبوو لە رومانەو سێ دەمانچەی تێدابوو لەگەڵ هەندێ بڵاوکراوەی ناوی رێکخستنەکان، دای بەمن وتی بیبە بۆ ماڵی باوکت داینێ و بیدە بە شوان و ئازادی مەلا کەسەربەکۆمیتەی(هەڵمەت)بوون، ئیتر من نایەمەوەو خۆم ئەشارمەوە.

. من دەمانچەو کەلوپەلەکانم لە ماڵی باوکم لە(کایەندا) شاردەوە، گەڕامەوە بۆ ماڵەوە نانی ئێوارێم ئامادە دەکرد، چێشتەکان لەسەر تەباخەکەبوو(مەحمودی)برام هات وتی ئەوەچی دەکەیت، هەڵسە ڕاکە ئێستا دێن دەتگرن بەشوێن(ئاوات)دا دەگەڕێن، منیش دەستی هەردوو منداڵەکەم گرت و بەپێی پەتی هەتا فریانەکەوتم ئاگری چێشتەکان بکوژێنمەوە،

رۆیشتم کوڕە چوار ساڵەکەشم، هەرنەیوت دایە بیرو باوەڕەکانی(ماوتسی تونغ) مان لەبیرچوو، نەیدەزانی بڵێ پەرتوکەکانی(ماو)مان لەبیرچوو، پاش پێنج شەش خولەک دوای دەرچوونی ئێمە ئیستخبارات خۆیان کردبوو بەماڵدا ئەو شەوە رامانکرد چووینە ماڵی پورە(حەمدی) پوری هاوسەرەکەم بوو، ئەمنەکان دوای پشکنینی ماڵی ئێمە چوبون بۆ ماڵی باوکم تێریان لەدایکم دابوو، وتبویان کوا کچەکەت، ئەویش وتبوی دوو مانگە ئەم دیوە، وتبویان بۆ درۆ دەکەیت، ئەمڕۆ چوارجار هاتۆتە ماڵتان، برایەکیشمیان بەشەق بردبوو بۆ ماڵی خەنزورم، دایك و باوکی هاوسەرەکەم گیران پاش سێ ساڵ بەندێتی بەربوون.

منیش لەبارودۆخێکی زۆر نائارامدا ئەژیام، بەیانی مامێکی هاوسەرەکەم بردمی بۆ گوندی(دارۆغا) بەرامبەر سلێمانی، پاش دوو رۆژ مانەوەم ئەو ماڵە زۆر خەمیان بوو، چونکە لەوکاتەدا کەس نەینەوێرا باسی سیاسەت بکات ناچار بۆ گوندی(ئاڵیاوا) چووم بۆ ماڵی خوشکی هاوسەرەکەم لەوێ لەپشتێری ولاغدا خۆم ئەشاردەوە تاکەس نەمبینێت، هەموو گیانم کێچ و ئەسپێ بوو، ماوەی مانگێك مامەوە،

لەشەوێکی ئاسمان ساماڵدا، لەناکاو هاوسەرەکەم خۆی کرد بە ماڵدا، لای من رووداوێکی زۆر خۆش بوو، چونکە دوو مانگ بوو کەسمان ئاگاداری ژیانی کەسمان نەبووین، دوای دووسێ شەو مانەوەی هاوسەرەکەم بەشێوەیەکی نهێنی نامەیەکی نووسی بیبەم بۆ هاوڕێیانی رێکخستن، نامەکەم بەشێوەیەکی نهێنی گەیاندە دەست شەهید شوان، ئەوانیش نامەیەکیان بەمندا ناردوە بۆ هاوسەرەکەم، من لەسلێمانی و گوندەکانی جێگام نەدەبۆوە هەربۆیەش لەڕێگەی رێکخستنەکانەوە منیان برد بۆ کەرکوك چەند رۆژێك لەماڵی هاوڕێیەکی کۆمەڵە مامەوە، دواتر بەرەو هەولێر بردیانم لەوێش بەهۆی شەهید(عەبدولرەزاق)و کاك کۆسرەت زۆر یارمەتیان دام، چونکە کاتی خۆی هەموو کۆبونەوەکانی هەولێر لەماڵی ئێمە ئەنجام درابوون.

بردیانم بۆ ماڵی(مام هەمزە) کوڕەکەی لەرێکخستندا بوو، لەوماڵە بەڕێزە مامەوە تاپێشڕەوی کوڕم لەدایك بوو، بەڵام ژیانێکی زۆر نائارام و ناتەندروست بووم، چەندین جار خۆزگەم دەخواست بگیرامایە، بەڵام تووشی ئەو رۆژانە نەبوومایە.

دوای ماوەیەك (ئازادی مەلا) هات بۆ لام پێموت ئەگەڕێمەوە بۆ سلێمانی ئەگەر گیراویشم، وتی باشە دوای هەفتەیەك ئازاد گەڕایەوە وتی کاك(ئاوات) ناردویەتی بەشوێنتا منیش لەخۆشیا نەمئەزانی چۆن گەیشتمەوە سلێمانی چوومە ماڵی کاك(ئەمین) پورزای

هاوسەرەکەم ، بەلام هاوسەرەکەم لەوێ نەمابوو پێنج خولەکێک لەماڵی(ئازاد حەمە غەریب) بینیم، ناوی گوندێکی دامێ وتی هەرکەسێک هات بەو ناوەوە لەگەڵیا وەرە،

پاش چەند رۆژێک مانەوەم لەماڵی کاک(ئەمین) هاتن بەشوێنما خۆم و هەسێ منداڵەکەم دەمەو ئێواریێ لەمانگی نەورۆزی١٩٧٧ کە دەشت و دەر وەک فەرشێکی رەنگین رازابۆوە لەژێر ئاسمانێکی شین و جواندا، گەیشتمە گوندی(سەرزەل) ئێواریێ هاوسەرەکەم و(١٥) (پ.م) ی لەگەڵ بوو خۆی لێپرسراوی سیاسی و عەسکەری بوو لەسنوری هەرێمی پێنج گەیشتەلامان، ئەوئێوارەیە زۆر خۆش بوو لەوپەڕی بەندێتی و ناڕەحەتیەوە بۆ ژیانی شاخ و ئازادی و(پ.م)ایەتی، شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو بۆمن ،چونکە من ئەبوایە لەماڵاندا خۆم بشاردایەتەوەو کەس نەیبینیمایە کەچی ئەمڕۆ خەڵکی گوند پێشوازیمان لێدەکەن.

پاش چەند کاتژمێرێک هاوسەرەکەم وتی ناو گوند جێگەی مەترسییەو فڕۆکە ئینزال ئەکاتە ناو گوندەکانەوە، من ئەڕۆم، شەو ئێمەش لەگەڵ برادەرێکی خۆیدا بەرەو گوندی (گۆڕبان) رۆیشتین چەند ماڵێک بوون، ماڵە (پ.م)یەکی لێبوو بەناوی(مەولود گوڕبازی) ژورێکی بچوکیان داینێ و هەندێ بەتانی وقاپ و قاچاغیش، لەوێ ماینەوە بەڕاستی خەڵکی گوندەکە زۆر باش بوون لەگەڵماندا، منیش خۆم گونجاندبوو کەس هەستی نەدەکرد کە خەڵکی ئەوگوندە نیم، هاوسەرەکەم جارجار سەردانی دەکردین.

چەند جارێک سەرانی رژێم ئەیانوت خێزانەکەی (ئاوات) لەم گوندەیە، ئەوانیش ئەیانوت لێرە نییە، سەربازەکان کەژن و پیاویان کۆدەکردەوە، من لەناو ژنەکاندا بووم بۆم دەگەڕان وایان ئەزانی من کەسێکی جیاوازترم لەوان، پاش چەند مانگێک بەوشێوەیە گوزەراین گواستمانەوە بۆ گوندی(سەرزەل) چوینە ماڵی موختاری گوندەکە، ژورێکی بچوکیان داینێ ئەوەندە تاریک بوو بەرۆژ چرامان تێدا دائەگیرسان، لەوێش شەو ناشەوێک سەربازەکانی رژێم ئەهاتنە ناو گوندەکە ئەیانوت کوا خێزانەکەی ئاوات؟ ئەبوایە خەڵکی گوند بەژن و پیرو منداڵەوە قورئانیان بخواردایە کەمن لەوێ نیم، لەژیانێکی زۆر سەختدا ئەژیام، ئەلەشار جێگام دەبوییەوە نەلەگوند. هەتا ساڵی١٩٧٨ رژێم لێبوردنی گشتی دەکرد بۆ کەس وکاری (پ.م) هاوسەرەکەم وتی بەنهێنی بگەڕێرەوە بۆ شار ژیان وا ناڕوات بەڕێوە، ئەگەر گیرابیشیت چارەنیە،

لەماڵی باوکم مامەوە تاساڵی١٩٧٩ کە شای ئێران رووخا رۆژێک لەناکاو برادەرێکی بەناوی(فەرەج خەمزەیی) خۆی کرد بەماڵدا وتی لای کاک(ئاوات)ەوە هاتووم هەندێ دیاری ناردبوییەوە بۆ منداڵەکان، ووتی خۆتان ئامادەکەن ئەتانبەم بۆ ئێران، کە کەوتینە رێگا بەناو رەبایەو سەربازگەی گەورەدا رۆیشتین تاگەیشتینە (بانە)، کەچی هاوسەرەکەم لەوێ نەبوو، چوینە ماڵی کاک(غەفور خەمزەیی) ئەوانیش وتیان لێرە نییە لە(ئاوزەنگ)ە، ئەوکاتە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو، دوای سێ رۆژ مانەوەمان هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆ لامان، ئەوجارەش خێزانە لێکدابڕاوەکەمان یەکی گرتەوە.

ئەوماوەیە بەئازادی دەگەڕاین ئاسودەبووین، شارەکانی کوردستانی رۆژهەلات ئەوماوەکەمە ئازادی تێدا بوو، کەبارودۆخەکە شەڕی تێکەوت هاوسەرەکەم بەرەو ئاوزەنگ

گەڕایەوە منیش بەرەوسلێمانی لەژێرپۆپ باراندا خۆم‌و پێشمەرگەوی کوڕم بریندار بووین، خۆم دەم‌وچاوم شکاو کوڕەکەم سەری شکا، کەگەیشتمەوە سلێمانی نەمدەوێرا سەردانی پزیشك بکەم،

لەماڵی باوکم مامەوە تاساڵی(١٩٨٠)لەناکاو رۆژێك مەلایەك هات بەشوێنما بردمی بۆ گوندی(کوڕەداوێ)ی ناوچەی ماوەت هەر(پێشمەرگەو)م بەدڵەگەڵ خۆم، کەئێواریێ گەیشتمە ئەوگوندە هەرچی سیحری جوانیە تێیدابوو، لەوتابلۆ جوانانە کەگەردوون دابوی بەوگوندە، هاوسەرەکەم لەگەڵ دوو (پ.م) دا هاتەوە، دوای نانخواردنی ئێواریێ وتی بابڕۆین، بەڕێکەوتین بەرەو سنور، ئەوشەوە تابەیانی ڕێمان بڕی تاگەیشتینە (ئالان) بەری ئێران، لەوێ چووینە ماڵی کاك حەمەسور کە (پ.م) بوو لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بەرەو(ناوزەنگ) کەوتینەڕێ، لە(بێورانەوە)ڕێگاکە هەمووی گوندی خۆش بوو سەربەناوچەی سەردەشت بوون، هاوسەرەکەم ولاخێکی بۆ گرتم من‌و کوڕەکەم سواری ولاغەکەبووین، لەپڕ کەوتمە خوارەوە نەمەزانی شەوە یان رۆژ، کاتێك بە ئاگاهاتم، هاوسەرەکەم بەدیارمەوە وەستابوو دەستم‌و دوو پەراسووم شکا، لەتاو ئازار خەریك بوو شێت ئەبووم، بەو ئازارەوە گەیشتمە(تۆژەڵە)، لەژێر چادردا ئەژیاین زۆر کوێستان بوو، بەلام من لەتاو ئازار ئارامم نەبوو، پاش ماوەیەك مانەوەم وتی بڕۆرەوە بۆ سلێمانی من ئەچم بۆ(لوبنان) دەورەم هەیە، هەتا ساڵی١٩٨١ لەیەکتری دابڕاینەوە.

لەرۆژێکی زستان‌و تۆفدا بەرەو گوندی (شوکێ) کەوتمە ڕێگا هاوسەرەکەم گەڕابووەوە، پاش هەفتەیەك بەیەکەوە بوونمان ئەو گەڕایەوە بۆ سەرکردایەتی وتی ئەمجارە ئەنێرم بەدواتاندا بەیەکجا ی لەدەرەوەبن.

لەهاوینی(١٩/١ ا لەماڵی باوکم بوم (ئاشتی) کچم لەسەربان کەوتە خوارەوە رانێکی شکا، لەترسی ئەوبارو ‌ۆخە ئەمونرا کچەکەم بەرم بۆلای پزیشك‌و نەخۆشخانە، بەجەراح ئاچمان بۆ گرتەوە قا ی کورت بویەوە، هاوسەرەکەم دوروسێ جار ناردی بەشوێنما نەمتوانی بچم بەدەست کچ‌کەمەوە گیرم خواردبوو.

ئەویش وایزانیبوو گیراوم، ڕێکەوتم بەرەو (ناوزەنگ) کەباوکی(ئاشتی) بینی زۆری خەفەت بۆ خوارد، ماوەی هەفتەیەك ماینەوە لەگەڵ ماڵی بەڕێز(مام جەلال) نزیك بووین، ئێوارەیەك ئاشتی لەناکاو زریکاندی هەموو رامانکرد وامانزانی مار پێوەی داوە، وتمان ئەوەچییە؟ ئاشتی وتی ئەمنمان بۆ هات؟ ووتم ئەمنی چی؟ وتی ئەوەتان دوو (پ.م)ی بینیبوو لای چادرەکەی ئێمەوە وەستابوون وتم ئاقڵ ئەوە (پ.م)ن ئەمن چی دەکات لێرە؟

لەوکاتەدا بەڕێز(مام جەلال)و (هێرۆخان) (ئاشتی)یان بینی وای بەسەرهاتووە وتیان بۆ وای لێهاتووە؟ بۆم باسکرد مام جەلال بەئاواتی وت ئەبێت بیبەیت بۆ ئێران بۆلای دکتۆر، بردمان بۆ تاران سێ مانگ لەنەخۆشخانە بەدیارییەوە بووم هەموگیانی لەگەچ گیرابوو نەشتەرگەییان بۆ کرد، منیش زمانم نەدەزانی ژیانم سەخت بوو بەتەنهابووم لەوێ، دواتر گەڕامەوە بۆ سەرکردایەتی دوو ژورمان لەگوندی(شێنێ) دەست کەوت، ئەوگوندە زۆر

کوێستان بوو، هەموو ماڵەکانی لەبەفرا ون ببوو، هەتا ئاگرێکم دەکردوە هەردووچاوم کوێر دەبوو، ئەوەندە دوکەڵ دەچوو بەسەروچاومدا.

بەڕاستی ژیانی ئازادی خۆش بوو لەگەڵ ئەو ماڵە (پ.م)نەدا زۆربەخۆشی دەژیاین کەس خاوەنی هیچ نەبوو، هەموومان یەك میوامان هەبوو ئازادی کوردستان بوو، ئەوساڵەمان لەوێ بەسەربرد، ساڵی دوایی هاوسەرەکەم گوێزرایەوە بۆ شارباژێڕ، ماڵمان بردە گوندی (باراو) دواتر بەرەو گوندی (شوکێ) ڕۆیشتین، من بەبەردەوامی لەهەر شوێنێك بوبێتم لەخزمەتی (پ.م)دابووم هەتا زۆری ڕۆژ نان بەرخۆم نەدەکەوت بیخۆم.

هاوسەرەکەم چوو بۆ شەڕی ئێران شەش مانگ نەگەڕایەوە، خۆم و سێ منداڵ لەژێر ترس و لەرزی هێرشەکانی ڕژێم و شەڕی ناوخۆدا ئەمانناڵاند، دوای بەهاری(١٩٨٣) هاوسەرەکەم سەردانێکی کردین و خۆی گەڕایەوە گوندی(خەتێ) لەوێش چەند مانگێك مایەوە، دواتر گوێزرایەوە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، ئێمەیش چووینە گوندی(باڵغ) لەدۆڵی جافایەتی، دوای ماوەیەك مانەوەمان لەساڵی(١٩٨٥)دا هاوسەرەکەم گوێزرایەوە بۆ ( قەرەداغ)، ماڵمان بردە گوندی(هۆمەرامان) لەوێش بەرێکەوت لەبۆردومانی فڕۆکەکانی ڕژێم ڕزگارمان بوو،

بەرەو گوندی(گۆشان) ڕۆیشتین هاوسەرەکەم بوو بەلێپرسراوی عەسکەری مەڵبەندی یەك، من بەدرێژایی تەمەنی پێشمەرگایەتی لەساڵێکدا هاوسەرەکەم گەر سەریدابین دوو ڕۆژ ماوەتەوە، من بەتەنها هەر خەریکی پەروەردەکردنی منداڵ و خزمەتکردنی (پ.م) بووم هەتا ئەگەر ئەویش لەماڵ نەبوایە، سەرەڕای ئەوەش بەبەردەوامی لەژێر تۆپباراندا بوین.

ژیان بەوشێوەیە بەردەوام بوو تامانگی ڕێبەندانی ١٩٨٨ کە ئەوساڵە بو بەساڵی ڕەشی کوردان، هاوسەرەکەم بەرەو سەرکردایەتی ڕۆیشت و، ئێمەش بەجلەکانی بەرمانەوە رامانکرد، کوڕە تەمەن(١٤)ساڵەکەم بەناو بۆردومانی فڕۆکەو لەژێر تۆپباراندا دەری کردین تاگەیشتینە(دۆڵان) لەوێشەوە بەتراکتۆر لەگەڵ خێزانی قادری حاجی عەلی و جەمیل هەورامی و کاك حەمەجەزا گەڕاینەوە سلێمانی،

من ژیانم زۆر سەخت بوو ئاگام لە(هیوا)ی کوڕم نەما چونکە ئەو (پ.م) بوو نەیئەتوانی بێتەوە، تاپاش چەند مانگێك لەڕێگەی حیزبی دیموکراتەوە بەرەو قڕناقاو پشت ئاشان کەوتینە ڕێ کەگەیشتینە قەندیل ناردیان بەشوێن هاوسەرەکەمدا لەهەموی خۆشتر هیوای کوڕم لەگەڵ باوکی بوو لەئامێزم گرتەوە، دوای دوو شەو مانەوەمان وڵاغی بۆ بەکرێ گرتین لەبناری قەندیل بەسواری وڵاغەوە کەوتمە خوارەوەو دەستم شکا، بەو ئازارەوە شاخ بەشاخ ڕێگام بڕی وەخت بوو دەمردم بەوسەر وڵاغەوە، هەتا گەیشتمە(سەقز)، لەوێ لەجێگایەکی هەرزان ژوورێکمان بەکرێ گرت.

هێزی (پ.م) کشایەوە سنورەکان و هاوسەرەکەم بەرەو (بلەکێ) ڕۆیشت لەگەڵ هێزی مەڵبەندی دوو، زۆربێ پارەبووین بەکولەمەرگی ئەژیاین. ڕۆژێك هاوسەرەکەم هاتەوە وتی بۆ ناچیتەوە بۆ سلێمانی ئەوماڵەی لەهودنەکەی ١٩٨٤دا کریبومان بیفرۆشیت و پارەکەی بهێنی، منیش لەگەڵ کزمەڵێ خەڵکدا گەڕامەوە لەوکاتەدا قەڵادزێ مابوو دوای دوو سێ ڕۆژ

قەلادزێ روخا، من نەمزانیبوو هاوڕێکانم هاتبوون بەدوامدا لەوێ نەبووم، بەهەرحاڵ فریایان نەکەوتم سێ مانگ بەگریان و فرمێسک شەوو رۆژم دەکردەوە، منداڵەکانم لای باوکیان بەجێمابوون هەتا ناچار لەڕێگەی حیزبی دیموکراتەوە بردیانم بۆ رانیە، من زۆر دڵخۆش بوم بەگەڕانەوەکەم کاتێکم زانی سێ چوار سەیارەی ئیستخبارات لەبەردەمماندا وەستاو ترسێکی زۆرم لێنیشت وتم ئەوە ئەو رۆژەیە کەلێی دەترسام، سەیارەکەیان گەڕانینەوە منیان گرت بردمیانە ژورێکەوە ئەشکەنجەی دەروونییان دام، کەوتنە هەڕەشەو گورەشە لێکردنم وتیان تۆ خەڵکی سلێمانیت بۆ کوێ ئەچیت؟ منیش وتم خەڵکی بانەم زۆر بەسەرکەوتوویی قسەم دەکرد بەهیچ جۆرێک ئەموت خەڵکی سلێمانیم، پاش چەند کاتژمێرێك بەربووم و گەڕامەوە ماڵەوەو بەمنداڵەکانم شادبوومەوە،

ئەوکاتە هاوسەرەکەم تەندروستی تەواونەبوو بەڕێز(مام جەلال) پەیمانی پێدابوو بیتێرێتە دەرەوە، ئیتر مەعامەلەیان بۆ هەموومان کرد، بەڵام پارەیان نەدابێ، چەند هاوڕێیەکی هاوسەرەکەم پارەیان بۆ ناردین.

کۆتایی مانگی رەزبەری ۱۹۹۰ گەیشتینە لەندەن، بەڵام من زۆرم پێ ناخۆش بوو چونکە دەمزانی ئاوارەبوون چەند ناخۆشە، دوای چونە (لەندەن) بەسێ مانگ راپەڕین کرا، من هەر زۆر دڵخۆش بووم ئاواتم ئەوەبوو لەوساتەوەختەدا لەشاری سلێمانی بومایە.

لەساڵی۱۹۹٤دا گەڕامەوە بۆ سلێمانی ساتەوەختێکی خۆش بوو بەو ئازادییە سلێمانیم بینیەوە، من ڕێگایەکی سەختم بڕی لەژیانمدا، بەڵام گەورەترین ئاواتم هاتەدی رزگارکردنی کوردستان بوو لەژێر پێی پۆستاڵ رەشەکان، بەڵام بەداخەوە ئەوەی ناخۆشە بەلای منەوە هەق بوو بەناهەق ناهەق جێگەی حەقی گرتەوە، ئەوکەسانەی ئێمە لێیان ئەترساین و کون نەبوو خۆمانی تێدا ،شارینەوە، ئێستا ئەوان هەویەی وەتەنیەت بۆ ئێمە دەکەن، من ئێستا ژنی هەندەرانم خەڵکی ژنی شاخە بەهەموو شۆڕشی کورد لەوزەمەنەدا من یەکەم ژن بووم دەربەدەر بووم، بەڵام نە. ـۆ(۱۰۱۰۰)ژنی شاخ هەیە بەتەنها من ژنی شاخ نەبووم.

## سەرگوڵ عومەر ئەمین

سەرگوڵ عومەر ئەمین ئەو منداڵە کوردە خێر لەخۆنەدیودە بوو کە(حەرەس قەومیەکان) لەبەر چاوی خۆیەوە باوکیان شەهید کرد، هەرئەم هۆکارەشی بوو، کە هەستی نیشتمان پەروەردەی لەناخیداگڕی سەندبوو، لەتەمەنێکی زووەوە وەك کیژێکی کورد کەوتۆتە کوڕی خەبات و تێکۆشان.

ئەم خاتوونە بەڕێزە باسی بیرەوەرییەکانی خۆیمان بۆ دەکات .

من لەشاری سلێمانی هاتوومەتە ژیانەوە، هەرلەو شارە ئازیزوخۆشەویستەدا گەورە بووم، ئێستاش شارەگەکانی دڵم زۆر بەتوندی بۆی لێئەداو بیری دەکەم.

تەمەنی منداڵیم بێ سۆزو خۆشەویستی باوکم بەسەربرد، ئەو(حرسی قەومیە) دڵڕەقانە باوکمیان لەنۆی پوشپەڕی ساڵە شومەکەی١٩٦٣دا بەبەرچاوی ئێمەوە لەبەردەرگای خۆمان شەهید کرد. بەخوێنی سوری لەگەڵ چەندەها شەهیدی تر خاکی سلێمانیان نەخشاند.

باوکم و من و دایکم و دارای برام و نیشتمانی خوشکمی بەجێ هێشت و هەتا ئەبەد ئاییبینینەوە، من لەخوشك و براکەم گەورەتربووم هەرئەوخوێنمژانە خانوەکەشیان داگیر کردین و بوینە کرێچی ماڵان بەڵام من رۆڵی دایکم لەیادناکەم بەو تەمەنە گەنجەیەوە ئێمەی گەیاندە ئەم ئاستەو دەستی بەسەردا گرتین و خستینیە قوتابخانە من خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لەم شارە لێوان لێو لەرۆشنبیری و پێشڕەوەدا تەواو کردو خۆم ئارەزووی ئەدەبیات و هۆنراوەم هەبوو بۆیە بەشی وێژەییم تەواوکرد .

ئێمە ماڵمان لەگەڕەکی سەرکارێز بوو، گەنجەکانی ئەوگەڕەکە زۆریان(پ.م)بوون یان لەرێکخستن دا کاریان دەکرد، ئێمەش زامداربووین دڵمان جۆشی سەندبوو هەستی نەتەوایەتیمان بەرزبو، بۆیە(دارا)ی برام لەتەمەنێکی زۆر منداڵیەوە رووی کردە چیا سەرکەشەکانی کوردستان و پیرۆزترین رێگای گرتەبەرو بووبە(پ.م) .

من و دایکیشیم درێخیمان نەدەکرد لەسەردان و یارمەتی مادی و دەروونیمان ئەدا، پێشمەرگەکانی ئەوناوچانە، ئەگەرنامە یان راسپاردەیەکیان هەبوایە، بۆمان دەگەیاندنە شوێنی خۆیان بێ سڵکردنەوەو ترس لەبازگەکانی رژێم، وبەشداری ئەو خۆپیشاندانانەم کردووە کەلەشاری سلێمانیدا دەکرا دژی رژێم، ساڵی١٩٨٢دا بووم بەفەرمانبەر لەفەرمانگەی (مبانی )سلێمانی، لەساڵی١٩٨٣دا رێگای شاخم گرتەبەر، لەگەڵ(مام رۆستەم)دا ژیانی هاوسەریمان پێکەوەنا کەپڕبوو لەخۆشەویستی و پاکی، یەکەم ماڵی(پ.م)یەتیمان لەناوچەی(شێخ بزەینی دانا لەگوندی(سەرچنار)، بڕواناکەم پێنوس هەبێت بتوانێت باسی جوانیی سروشتی گوندی سەرچنار بکات، .

لەگەڵ ئەوەشیدا خەڵکەکەی زۆر بەڕێز بوون، من دوو سێ رۆژ بوو لەژیانی هاوسەریدا بووم، کەهاوسەرەکەم وتی ئەچم بۆ گوندی(گۆپتەپە) بەڵام ئەوەبوو ڕژێم هێرشی کردبووە سەرگوندی(چیمەن) ئەمانیش بەپەلە بەهانای شەڕەکەوە رۆیشتن هێزی(پ.م) پاش چەند رۆژێك بەسەرکەوتوویی هاتەوە بەڵام رژێم بەشکاوی هەڵات و ڕایکرد، وەژیانمان زۆر

لەنارەحەتی دا بوو بۆ ردومان و هێرشە یەك لەسەریەکەکانی دوژمن زۆر بوو بۆ ئەو ناوچانەی گەرمیان هەتا دانوستانەکەی بەینی رژێم و یەکێتی دەستی پێکرد وهێزی(پ.م) پشویەکی کورتماندا.

دانوستانەکە لەساڵی١٩٨٥دا بنبەست بوو، یەکسەر شەڕلە ناوچەی گەرمیان دەستی پێکردەوە، یەکەم شەڕ شەڕی(گزپتەپە) ڕوویدا، من لەگەڵ چەندماڵە(پ.م)یەکدا بەرەو(ئاغجەلەر)بەڕێکەوتین، شەو لەوگوندە بووین، بەیانی زوو لەگەڵ خۆرهەڵات دا هەواڵی بریندار بوونی هاوسەرەکەم پێگەیشت کەلەوشەڕەدا بریندار بوو بوو، منیش نەم ئەزانی چیبکەم، چواردەورم جاش و جەیش بوو، لەحاڵەتێکی دەروونی ناخۆشدا دەژیام هەرچۆنێك بێت، زانیم کەسەری بریندارەو بەرەو گوندی(قەمچوغە)یان بردووە من بۆ هەواڵی هاوسەرەکەم لەگەڵ دایکمدا بەرەوگوندی(قەمچوغە) چووین، هەتا ئێمە گەیشتینە ئەوێ هاوسەرەکەمیان گواستبۆوە لەوگوندەوە لەگەڵ باوکی شەهید ئیمان و دایکم دا چووین بۆ(مەرگە) بۆ پرسەی شەهید(حاکم کەمال)، لەوێشەوە لەگەڵ(گێلاس)خان و کاك(زیرۆ)دا چووین بۆ گوندی(ئاوەژێ)هەر دڵم لای هاوسەرەکەم بوو، لەڕێگا(کاك نەوشیروان)مان بینی، هەواڵی هاوسەرەکەم لێپرسی، وتی خەمت نەبێت لەمەترسی دەرچووەو تەندروستی باشە.

گەڕامەوە بۆ سلێمانی زۆر بێ تاقەت بووم، لەبەرئەوە ئەمجارە بەرەو گوندی(گاپیلۆن) کەوتمە ڕێگاو سەردانی هاوسەرەکەم کرد، باش بوو ئەمجارە بینیم و دوو ڕۆژ لای مامەوە، من بەشێوەیەکی نهێنی گەڕامەوە ماڵی باوکم نەمنەوێرا بەهیچ شێوەیەك خۆم دەربخەم، هەر لەسلێمانی کوڕە گەورەکەم لەدایك بوو بەناوی(کاروخ)وە لە ساڵی١٩٨٥دا پاشی مانگێك گەڕامەوە گوندی سەرچنار بەڵام هاوسەرەکەم کارەکەی گوێزرابۆوە ناوچەی قەرەداغ بوبو بە(لێپرسراوی عەسـ ـری) و کۆچ و بارمان بەرەو گوندی(تەکێ)برد لەوێش لەژێر سەختی بۆردوماندا ئەمان ناڵاند و هەتا لەساڵی ١٩٨٧دا کچێکم بوو بەناوی کەژوەست) پاشی چەند ڕۆژێك دوای لـ ـدایکبوونی کچەکەم گوێزراینەوە ناوچەی سەنگاو ماڵمان بردەگوندی(رەبات).

هەتابڵێیت گوندێکی بەڕێز بوو بەڕاستی خەڵکی گوندنشینەکان پشت وپەنای شۆڕش بوون، ماوەیەك لەم گوندە دابووین، مام ڕۆستەم چوو بۆ سەرکردایەتی و لەوێوەناردیان بۆ ئێران بۆ ئەوەی نەشتەرگەری ئەژنۆی بکات کەلەشەڕدار بریندار بوبو، ئەوکاتەی هاوسەرەکەم لەئێران بوو، ئەنفالەشومەکان دەستی پێکرد کەناخۆشترین ساتەکانی ژیانم بوو.

منیش لەگەڵ خەڵکەکەی تر بەرەو گەرمیان ڕۆیشتین بۆ ئەوەی لەوێ نیشتەجێ ببین. بەڵام کاتێك گەیشتینە ناوچەی(ئاوەسپی) چووینە گوندی قەواڵی ئەوگوندە هەموو خزم و کەس و کاری هاوسەرەکەم بوون، دووسێ ڕۆژ مامەوە بەیانی زوو لەگەڵ جریوەی چۆلەکەدا بەرەوشاخ و کێوەکان ئەرۆیشتین کە شەو تاریك دائەهات ئەگەڕاینەوە دواتر ناچاربوم لەگەڵ خەڵکەکەدا بەرەو کفری و کەلاری گەرمیان بەڕێکەوتین، بۆ من زۆر زەحمەت بوو دوومنداڵی بچووکم پێبوو، ئامۆزایەکی هاوسەرەکەم بەناوی گەلاوێژخانەوە زۆریامەتی دام لەهەڵگرتنی

منداڵەکانداو خواردنی بۆ پەیدانەکردن و شەوانە کەنەگەیشتینە مزگەوتی سەرڕێگاکان دووسێ کاتژمێر پشوویەکمان ئەدا .

بەڵام من ئەم ئەوێرا بخەوم لەترسی ئەوەی ئەوەك بەجێ بمێنم چونکە هێزی ئەنفال چیەکان گوندبەگوند بەدوای ئەوخەڵکەوەبوون، کەوتینەوە رێ گەیشتینە(ملە سورە) لەوێ ژنێکی بەرێز ماڵەکەی لەناو مزگەوتەکەدا بوو یارمەتی داین نان و ئاوی داینێ، بەرەبەیان خەڵکەکە بەرێکەوت من دواکەوتبوم لەگەڵ منداڵەکانم دا، لەگەڵ دووسێ ژنی تردا زۆر پاڕاینەوە لەشۆفێری تراکتۆرێك تاهەڵی گرتین لەسەرجادەی بەینی کفری و کەلار دابەزاندین بەخت یارم بوو ، پیاوچاکێك هات تونێتایەکی پێبوو سەری خستین بۆ(کفری) ماوەیەکی پڕلەترس و لەرزو دڵە راوکێم بەسەربردو لەوشارۆچکەیەدا .

لەگەڵ ئامۆژنە(رەحمە) دا گەڕاینەوە بۆ کەرکوك و لەوێوە بۆ(سلێمانی) ئەوچەند مانگە زۆر سەخت بوو لەماڵی دایکم خۆم شاردبوویەوە لەگەڕەکی سەرچنار، موختارەکە هەستی کردبوو کەمن خێزانی(پ.م)هەمووڕۆژێك ئەهاتە سەرمان ئەیووت تۆ چی دەکەیت لێرە، هەتا دواجار بڕیارم دا بەرەوئێران و ئاوارەیی رێگام گرتەبەر لەگەڵ چەند خێزانێکی تری(پ.م) دا گەیشتینە(رانیەو قەڵادزێ) شەولەماڵی قاچاغچیەك خەوتین بۆ رۆژیی دوای بەسەیارە بردینیاین بۆ گوندێکی چۆڵکراو شەومان بەسەرداهات.

قاچاخچیەکان وڵاغیان بۆ هێناین و سەرکەوتین ئەوشەوە هەتابەیانی ئێمە لەژێر ئاسمانی سامال وورشەی ئەستێرەکاندا ئەرۆیشتین دوو منداڵەکەشم بەخۆمەوە دابەستبوو، تانەکەونە خوارەوە، بەرەبەیانی گەیشتینە گوندی(سونێ) لەم گوندەشەوە وڵاغی ترمان بەکرێ گرت تاگەیشتینە(قاسمە رەش) رێگاکەمان بەسەختی بڕی ، ماوەیەك لەوێ پشویەکمانداو دوای بەرەو(بانە)رۆیشتین لەوێوە چوومە گوندی(سەبەتلۆ) .

لەوێ لەساڵی ١٩٩٠ کچێکی ترم بوو بەناوی(کانی) هاوسەرەکەم ماوەیەك پێش ڕاپەڕین گەڕایەوە کوردستانی باشور، ئێمەش لەئایاری(١٩٩١)دا بەرەو (چێوەڕۆ) رۆیشتین و لەوێوە بەرەو(باڵغ) دواتریش گەڕاینەوە سلێمانی) ، چەندساڵێك ژیانمان بەسەربرد بەخۆشی و ناخۆشی هەتا ٣١ی ئابی١٩٩٦ هەمدیسان ئاوارەبووینەوەو بەرەو سنورەکان کەوتینە رێگا ، چووینە(قاسمە رەش) ماوەیەك لەوێ ماینەوە، ژیانێکی کولەمەرگیمان هەبوو، بەڵام ورەمان بەرزبوو، دواتر چوینە(سەیران بەن) هاوسەرەکەم لەگەڵ هێزی(پ.م)دا بۆ ئازادکردنی ناوچەکە رۆیشت ئێمەش گەڕاینەوە سلێمانی ماڵمان تاڵان کرابوو هیچمان نەمابوو، بەڵام من لەپێناوی رێبازەکەمدا گوێم بەهیچ نەئەدا لەساڵی١٩٩٧وە لەوڵاتی ئەڵمانیا ئەژین خۆم و منداڵەکانم بەهیوای گەڕانەوەین بۆ کوردستان.

## شلێر قادر رەشید

شلێر قادر رەشید ئەو ژنە ماندووەیە که زۆر ئارەزووی گەیشتن بەئازادی دەکرد، بۆیە ئەو ژیانە پڕمەترسیو گرانەی هەڵبژاردن کەژیانی شاخو (پ.م)یەتی بوو.

من لەخێزانێکی کوردپەروەری شاری سلێمانی هاتومەتە ژیانەوە، باوکم (پ.م)ی شۆڕشی ئەیلول بوو، دوای هەڵگیرساندنەوەی شەڕی نێوان رژێمو پارتی دیموکراتی کوردستان لەساڵی١٩٧٤دا، رووومان کردە ئاوارەییو چووینە خاکی ئێرانەوە، هەرلەوکاتەدا هاوسەری (پ.م)م هەڵبژارد بەناوی مامۆستا(جەمال عەزیز)، لەسەوڵاوای ئێران لەژێر خەیمەدا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە، ئێمەی کچی گەلێکی چەوساوەو داگیرکراو ئەبێت رۆژە خۆشەکانی ژیانمان لەئاوارەییو ژێر خەیمەدا بەسەربەرین، پاش ماوەیەك مانەوەمان بەرەو کامیران رۆیشتین تانسکۆی ساڵی١٩٧٥ ماینەوە، دواتر بەرەو سلێمانی گەڕاینەوە.

لەساڵی١٩٧٦ دا خۆمو هاوسەرەکەم و خوشكو براکانم بەشێوەیەکی نهێنی دەستمان کرد بەکاری رێکخستن لەناو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا، هاوسەرەکەم مامۆستابوو لەگوندی(کێلێ)ی ناوچەی پێنجوێن، ماڵەکەشمان لەقوتابخانەکەدا بوو، هەرلەوێشەوە دەستمان کرد بەکارکردن، لەکاتی دەرکردنی بڵاوکراوەکاندا ئەو تایپ و رۆنیۆیەی کەلەناو گوڵو گوڵزاری باخچەی قوتابخانەکەدا لەحەشارگەیەکدا شاردبویەوە دەری ئەهێناو ئامیلکەو بڵاوکراوەکانی پێ چاپ ئەکردو ئەیخستەوە ئەونایلۆنەی کەلەچاڵەکەدا دایخستبوو جوان ئەیپێچایەوەو خۆڵی ئەدایەوە بەسەریاو تەختی دەکردو هیچ کەس بەم کارەی نەئەزانی .

خۆیشی لەگەڵ چەند هاورێیەکیدا ئیشیان، ئەکرد بەڵام دووسێ جار فەرمانگەی ئەمن هاتن پشکنینیان کردلە ماڵەکەو قوتابخانەکەدا هیچیان دەستگیر نەئەبوو ئەگەڕانەوە، منیش بڵاوکراوەکانم لەخۆمدا ئە شاردەوە، هەندێکیشم لەقوماتی کچە ساواکەمدا (کوردستان) ئەشاردەوە، بڵاوکراوەکانم ئەگەیاندە(پێنجوێن) لەناوکەسو کاری نزیك وباوەڕپێکراودا بڵاوم ئەکردەوە .

هەرچەندە ئەوکارە کارێکی سەخت و پڕمەترسی بوو، لەورۆژانەدا کە سەرەتای دروست بوونی شۆڕش بوو، بەعسیش لەچڵەپۆپەدا بوو، چەندین جار بڵاوکراوەکانو کاغەزی رێکخستنم بێ هیچ ترسو سڵەمینەوەیەك بەبازگەکانی رژێمدا گەیاندۆتە سلێمانی، لەوێش خوشكو براکانم بڵاویان ئەکردەوەو کاغەزە بچوکەکان کەلەشێوەی چوکلێتێکدا بوو ئەمگەیاندە دەستی رێکخستنی سلێمانی .

بەڵام بەهۆی دەستی خۆفرۆشان وازیان لێنەهێناین، فڕۆکە گەندەڵەکانی بەعسیان هێنایە سەرمانو بۆردومانی قوتابخانەکەیان کردو بەپەلە منو شەهید رامانکرد دەرباز بووین، قوتابخانەکەیان داڕمان و تەپاندیانە سەر ئەو باخچەیەی تایبەو رۆنیۆکەی تێدابوو کەلەورۆژەدا خزمەتێکی زۆری گەلو شۆڕشی دەکرد، ملی گوڵە جوانەکانیان هەمووی

شکاند شوێنی زانستو زانیاریان دارمان، چاپەکانیش بووبە ژێر گڵو خۆڵی ئەوبینا گەورەیەوە.

دوابەدوای بۆردومانەکە راستەوخۆ سەربازەکانی رژێم دابارین بەسەر قوتابخانەکەدا بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە، منیش گەڕامەوە ماڵی باوکم لەسلێمانی، هاوسەرەکەشم لەگەڵ کۆمەڵێ مامۆستای هاوڕێیدا چونە شاخ و بوون بە (پ.م).

من لەماڵی باوکم مامەوە لە بارودۆخێکی زۆر نائارامدا ئەژیام چەند جارێك ملازم محسین بەخۆیو دەستەودایەرەوە هاتنە ماڵی کوتایە سەرمان بۆ دەستگیرکردنی من، بەڵام من نەك خۆم ماڵی باوکیشم هەموو رامان دەکردو ماڵەکەمان چۆڵ دەکرد، بەهۆی منەوە ماڵی باوکیشم کەتبونە ئازارو ئەشکەنجەوە، ژیانم بەوشێوەیە بەردەوام بوو، تا ساڵی ١٩٧٧ هاوسەرەکەم ناردی بەشوێنما بچم بۆ ئێران، لەگەڵ دایکمدا رۆیشتین، پاش(٢٠)رۆژ مانەوەم لەشاری مەریوان لەناوچەی کوردەکاندا دەگەڕاین، دواتر گەڕاینەوە ناوچەی شارباژێڕ بۆ گوندی(حاجی مامەند)، من نەمئەتوانی بگەڕێمەوە بۆ شار چونکە لای رژێم ئاشکرا بووم لەبەرئەو چالاکییە زۆرانەی هاوسەرەکەم لەناوشاری سلێمانیدا ئەنجامی دابوون. لەدەرەوە جلی (پ.م)یەتیم لەبەرکردو چەکم کردە شانم و دەمانچەم هەڵگرت شان بەشانی هاوسەرەکەم کەوتمە جەولەکردن بەناوچەکانی شارباژێڕدا.

بەپارتیزانی چەند جارێك لەکاتی شەڕدا لەگەڵیان رۆیشتم، رژێم هێرشێکی قورسی کردە سەرمان لەناوچەی سیتەكو گەڕەدێ، فڕۆکەکان لەکاتی بۆردوماندا ئەو سەیارەیەیان تەقاندەوە کە پێمان بوو بۆ هاتوچۆی خۆمان، بەڵام کەسی تێدا نەبوو لەوکاتەدا شەڕبوو، هەریەکەمان لەلاپاڵێکدا دامەزرابووین، جەیشێکی لەرادەبەدەرمان بۆ هاتبوو، بەردەوام لە(حاجی مامەند) لەژێر بۆردوماندا بووین، هەربۆیەش بەرەو گوندی هەرمێلە رۆیشتین، بەڵام سکم هەبوو ماڵێکی سادەو ساکارمان هەبوو زۆر خۆشحاڵ بووم بەو ژیانە، لەژیانێکی پڕ لەشانازیو ئازادی بووم، هەرچەندە زۆر قورسو سەخت بوو.

لەگوندەکەمان بەژانی مندال بوونەوە بووم بەهەزار ترسو لەرز گەڕامەوە ماڵی باوکم، زۆر هیلاك بووم منداڵەکەم لێ نەئەبوو، لەوکاتەشدا ئیسعافیان بۆ بانگ کردم کەبمبەن بۆ نەخۆشخانەی منداڵ بوون، لەهەمان کاتدا هاوسەرەکەم هاتبووە سەرشار چەند نەجدەیەکیان سوتاندبوو ونەمنیان گرتبوو، لەگەڕەکی سابونکەران کە ماڵی باوکمی لێبوو، لەبەینی (پ.م) و پیاوانی(ملازم محسین)دا شەڕبوو، کارەباش نەبوو، هاوسەرەکەم چاوی لەمن بوبو لەوساتەدا کەمنیان خستۆتە ئیسعافەکەوەو بردمیان بۆ نەخۆشخانە، کچێکم بوو ناومان نا (کانی)، دوو رۆژ بەترسولەرز لەشاردا مامەوە و بەوزەیستانیە بەسواری وڵاغ گەڕامەوە بۆ گوندی( هەرمێلە) زۆری رۆیشتنەکانی رێگاوبانمان بەپێو بەوڵاغ بوو.

کەمنداڵم پێ ئەبوو مەمکەکەم دەئاخنیە دەمی منداڵەکەوە ئەوەکو رەبیەکان ئاگادار ببنەوە لەدەنگی گریانی منداڵەکەو بماندەنە بەر رێژنەی گوللە، بەسەرماو سۆڵە لەژێر رێژنەی بارانە بەخوڕەکەی زستاندا بەناچاری نایلۆنمان ئەدا بەسەرخۆمانو وڵاغەکاندا

تاتەڕ نەبین، بەوشێوەیە بەکچێکی تەمەن دووڕۆژەوە گەیشتمەوە ماڵەوە لەساڵی١٩٧٨دابوو، بارەگای هاوسەرەکەم لەوگوندەدا بوو شەهید جەمال فەرماندەیی کەرت بوو.

هەمووکات لەژێر بۆردومانی تۆپەکانی ڕژێمدا بووین، بەدوومنداڵی بچوکەوە ئەبوایە رومان بکردایە بۆ شاخەکان، برایەکی منو برایەکی هاوسەرەکەم هەرلەگەڵ خۆماندا بوون لەبەرئەوەی خوشكو براکانم لەڕێکخستندا بوون بەبەردەوامی هەواڵی ناو شاریان دەربارەی ڕژێم پێ ئەگەیاندین.

منو هاوسەرەکەم دووجار بەجەولە چووین بۆ سەرکردایەتی، هاوسەرەکەم بەشداری کۆنفرانسی کرد، کاتێك کوردستانی ئێران رزگارکرا ئێمە لەسەرکردایەتی بووین، کوردەکانی ئێران ڕاپەڕینیان کرد، ئەوکاتە جمهوری ئیسلامی هاتە سەرحوکم، ڕژێمی شا لەناوچوو، ئێمەش لە(قاسمە رەش)ەوە چوینە ناوشارە ئازادکراوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ژیانی سەربەستی زۆر خۆش بوو، منو هاوسەرەکەم ئاواتەخوازی ڕۆژێکی واشکۆدار بووین، هەرچەندە ئازادییەکەمان زۆر کەم بوو، بەڵام ساتەوەختی ئازادی ساتێکی گەشو جوانە، ئێمە گەڕاینەوە شارباژێڕ ماڵمان لەگوندی(هەرمێڵە) مایەوە تاکاتی شەهیدبوونی هاوسەرەکەم.

منو خێزانەکەی شەهید فایەق ئەمانویست بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی، سکم بەکچی سێهەمم چڵ شەوبوو، مامۆستا جەمال منی برد بۆ گەڕەدێو سیتەك، خۆیشی ئەیویست بڕوات بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی منی ڕەوانەکردو خواحافیزیمان لەیەك کرد بۆ هەتاهەتایە، خۆی بەرەو گەڕەدێ لەگەڕانەوەدا بوو لەوکاتەدا تووشی شەڕێکی گەورەبوبو لەرۆژی٢ی پوشپەڕی ساڵی١٩٨١شەهیدکرا لەگەڵ(فەرهاد قادر رەشید)ی برامداو شەهید(وەستا فایەق و وەستا رەسوڵ)و چەند (پ.م)یەکیش بریندابوون، کاك(مارف سیتەکی) چاوێکی لەدەست داو ژنێکی خەڵکی گوندەکە بریندار بوو.

من کەگەیشتمەوە سلێمانی بۆ ماڵی باوکم زانیبویان شەڕێکی قورسبووە لە(گەڕەدێ) هەموو خەڵکی سلێمانی هەواڵەکەیان زانیبوو کە هاوسەرەکەم لەوشەڕەدا شەهید بووە، بەڕاستی بۆ من کارەسات بوو برایەکمو باوکی دوو منداڵم سکیشم چڵ شەوبوو بەمنداڵی سێهەمم، کارەساتێکە هەرگیز لەیاد ناکرێت.

من ئەو ڕێبازەم پێ خۆش بوو، دوای شەهید بوونی هاوسەرەکەم هەر سەردانی سەرکردایەتیم دەکردو ئەچوومە ماڵی کاك مەلا بەختیار ئیشی ڕێکخستنم ئەنجام ئەدا، وتم باجێگەی هاوسەرەکەم چۆڵ نەبێت، خۆیشم بەسێ کچەوە هەتائێستاش لەماڵی باوکمم، کچەکانیشم کەگەورەبوون هەرخەریکی ئیشکردنن حەزیان بەڕێبازەکەی باوکیانە وخۆیشم هەربەردەوامم لەکاری ڕێکخستن لەکۆمیتەی توی مەلیك لەسلێمانی بەشداری کۆبونەوەکان دەکەم.

## شکریە کەریم قادر

شکریە کەریم قادر ئەو ژنە شۆڕش گێڕ و کورد پەروەرە بوو، کەلەناو شۆڕش دا خەریکی کاری ڕێکخستن بوو،بۆووریاکردنەوی ژنان ئیشی دەکرد ، کەئەمەش تروسکاییەك بوو بۆ دامەزراندنی یەکێتی ژنانی کوردستان، وەنەبێت ئەم سەرەتایە تەنها کەسێك بوو بێت، بەڵکو بەهەوڵی کۆمەڵێ کەسانی شۆڕش گێڕبوو، ئێستاش ئەم خاتوونە بەڕێزە باسی ڕۆژانی شۆڕش‌و خەباتمان بۆ دەکات.

من لەڕۆژێکی مانگی خەرمانانی ساڵی١٩٥٦دا لەشاری هەڵمەت‌و قوربانی لە خێزانێکی‌کوردپەروەر هاتومەتە ژیانەوە ئەوەی هانی دام بۆ کەوتنەناوکۆڕی خەبات‌و تێکۆشانەوە(شەهید جەمالە ڕەشی)خوشکەزام بوو، وەخۆیشم بەرۆحیەتێکی لەخۆبوردن‌و گیان فیداییەوە قۆڵم هەڵماڵی لەمانگی گوڵانی١٩٧٦دا بوو، کە گەلەکەم زامداربوو، دوژمن لەشکۆفەدا بوو، چاوی بڕیبوە خاك‌و نەتەوەم، بۆیە منیش پەیوەندیم کرد بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کەرتی شەهید لەیلا قاسم بەشێوەیەکی نهێنی بەگوێرەی توانای خۆم ئیشم کردووە، بەتایبەتی دوای دامەزراندنم لەفەرمانگەی برید لەساڵی١٩٧٧دا، کە گەلێ کاری نهێنم لەکاتی کار کردنم ئەنجام داوە ،

دیارە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانم بەڕێکەوت نەبوو، بەڵکو ئەمە بڕیارێکی خۆم بووکە ئەوەی هەڵی ئەبژێرم ئەبێت هەمان بیرو باوەڕی خۆمی هەبێت ، هەربۆیەش لەمانگی پوشپەڕی١٩٨٤دا لەگەڵ حاکم ئیبراهیم دا کەوتینە ژیانی هاوسەرییەوە کە(پ.م)بوو لەشاخ،

دیارە من بەدرێژ ای(٢٩)ساڵ خەباتی بێ دابڕان لەشارو ڕێکخستنەکاندا و لەشاخ دا کۆمەڵێ ڕووداوو بەسەرهاتی لەخۆی گرتووە کە بەچەند پەڕەیەك تەواو نابێت، بەڵکو ئەتوانم کەمێکی لێ باس بکەم.

سەرەتا چوومە شاخ ماڵمان نەبوو، بەلکو لەبارەگایەکدا لە(سورداش) ژیانمان بەسەرئەبرد، دواتر بەرەو گوندی(سیتەك) ڕۆیشتین لەوێش بەهەمان شێوە تادانوستانەکەی بەینی ڕژێم و یەکێتی بن بەست بوو، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی‌شەڕدا بەرەوگوندی(شوکێ) ڕۆیشتین، گەوڕێکمان پاککردەوە کەکەوتبوە کۆتایی گوندەکەوە، لەماوەی مانەوەماندا لەشوکێ تووشی زۆر نەخۆشی بووم، بەهۆی سەختی ژیانەوە، ئاوهێنان‌و فەرمانی زۆرەوە .

پاش بەسەربردنی ماوەیەك لەوگوندەدا ماڵ‌و کۆچمان پێچایەوە بەڕێکەوتین بەرەوگوندی چنگیان ، پاشی ماوەیەکی‌تر بەرەوگوندی(گورگەدەر) ڕۆیشتین، ماوەیەك لەوگوندەدا ژیانێکی سادەمان بردەسەر، تامەڵبەند گواستیەوە بۆ بەری قەرەداغ، منیش بەپێ لەگەڵ هێزی(پ.م)دا بەڕێکەوتم ، دیارە ماڵەکەمان لەگەڵ کەل‌وپەل بارەگاکان پێش خۆمان گەیشتبوە گوندی(دسکەرە) ،جاش هەمووشتەکانی تاڵان کردبوو، ماڵەکەی ئێمەش لەچی پێك هاتبوو چواربەتانی کۆمبارێکی شڕ دوسێ پەرداخ دوومەنجەڵ‌و جانتایەکی زل ، ئای من سەرم سوڕما بوو لەوهەڵوێستە نامرۆڤانەیان .

ئێمە گەیشتینە(دسکەرە) چەندرۆژێك ماینەوە، دواتر بەرەوگوندی(تەکێ) سەربەقەرەداغ بەرێکەوتین .

من لەگوندی تەکێ نەخۆش کەوتم گەڕامەوە بۆ سلێمانی بۆ چارەسەر وەرگرتن، بەهۆی ئەوەی لەفەرمانگەی تەلەفۆناتەوە فەرمانی دەرکردنم دەرچووبو. هەرلەفەرمانگە ئیخباری کرابووم کەمن ژنی شاخم، لەترسی گرتن کەوتمە گەڕانەوەو چارەسەرەکەم بەتەواوی وەرنەگرت، بەرەو قەرەداغ رۆیشتم پێش ئەوەی بگەمە بازگەیەکی رژێم دابەزیم و بەلاڕێ دا رۆیشتم، چونکە مەفرەزەی ئیستخبارات ئەوەستان و ناویان پێبوو بۆ گرتن.

کەلەبازگەکە دەربازبووم، دوبارە سواری سەیارەکە بومەوە بۆ گوندی ژاڵە ، خزمێکمان دەواجنی هەبوو هاتوچۆی دەکرد، بوبو بە ناسیاویان ، منیش لەگەڵ کازیوەی بەیانی هەستام و وەکو ژنێکی دێهاتی خۆم گۆڕی و لەگەڵیان رۆیشتم تاگەیشتمە(زرگوێز) شەوێك مامەوەو رۆژیی دوای بەسەیارەیەك گەڕامەوە بۆ گوندی تەکێ، پێش ئەوەی بگەینە ناوگوندەکە توشی بۆردومان بووین ، دابەزین و ڕامانکردە ناو باخ و چرونزارەکان ، سەیارەکە بەجێ ی هێشتم منیش مامەوە تاتاریك داهات، شەولەگەڵ خەڵکی گوندەکەدا، گەڕامەوە بۆ ناوگوندەکە .

ماڵمان لەژورێکی قوتابخانەکەدا بوو ، لەبەرئەوەی زۆری بارەگاکانی مەڵبەند لەتەکێ دابوو بۆردومانمان زۆر لەسەربوو ، هەربۆیە رۆژی دوایی دەمەدەمی ئێواری بوو لەوەدابوو خۆرئاوابێت کەفرۆکەکان هاتن بۆردومانیان کردین ،ژورکەی ئێمەش پارچەیەکی بەرکەوت لۆکسەکەمان شکا .

هاوسەرەکەم لە رسراوی دادگابوو، ئەمان ئەتوانی ناوگوندە بەجێ بهێڵین بچینە شاخ ، بەهۆی ئیشی خەڵکەر، .

بەهۆی ئەو بۆرد.مانەوە، ئاگادارکراینەوە ناوگوند بەجێ بهێڵین ، لەهاوینی ساڵی١٩٨٥دا بوو چوید ، ئاوباخەکانی پشت گوندەکەوە کە پرێکمان لەلق و گەڵای درەختەکان دروست کردو تیانیشتەجێ بووین.

بەیانیەکی زوو خۆر بەلاری ئەیدا لەزەوی، درەختەکان لەشنە شنی خۆیاندا روویان لەبەرزایی ئاسمانی شین کردبوو، هاوسەرەکەم خەریکی کێشەی میوانەکانی گەرمیان بوو، منیش خەریکی چا لێنان بووم، فرۆکەکانی رژێم هاتن بۆرومانیان کردین ، دوو پیلاتۆز و حەوت کۆپتەربوون بۆ ماوەی(٥٥)خولەك بۆردومانێکی چڕوپڕیان کردین، لەکاتی بۆ ردومانەکە دا دۆشکەی سەرشاخەکە ئاشکرابوو چواردەوری دۆشکەکەیان بۆردومان کرد.

من هەڵ خۆشاردنەوەم نەبوو چونکە سکم هەبوو بەکورە گەورەکەمەوە نەمتوانی رابکەم ، لەبەرزاییەکەوە چوینە شوێنێکی تۆزێك چاڵ ، لەشوێنی خۆمان دانیشتین، یەك ساروخ کەسێ مەتر لێمانەوە دووربوو دای بەزەویدا، ئەوانەی ئێمەیان دیبوو کەس بەتەمامان نەبوو، دوای بۆردومانەکە دەم و لێوم شین بووبوەوە کەفی لێهات یەکسەر فڕاندیانم بۆ خوارەوە ئاوم خواردەوەو خۆم فێنك کردەوە، کەچووم بۆلای دکتۆر فشاری خوێنم

بەرزبوو‌بوەوە هەرلەوترسەوە تووشی بەرزبوونەوەی فشاری خوێن‌و دڵ گەورەبوون بووم هەتائێستاش چارەسەرم بۆ وەرنەگیراوە.

بەهۆی ئەو بۆردومانە زۆرانەوە، مەڵبەند بڕیاری دا هەندێ لەبارەگاکان‌و ماڵە(پ.م)کان بڕۆین بەرەو (بەلەکجاڕ) منیش بەهۆی ئەوەی تەندروستیم باش نەبوو(ژیار)ی کوڕم بەحەوت مانگی لەدایك بوو نەشم وێرا لەشاردا بمێنمەوە ، ئەو منداڵە ساوایەم هێنایەوە بەلەکجار ماڵمان نەبوو خەیمەیەکمان لەسەر تەبرانی گوندەکە هەڵدابوو، لەژێر بۆردوومان‌و مشك و ماری سەرقەبراندا کوڕەکەم گەورەکرد.

پاش ماوەیەك کوڕەکەم توشی نیکاف بوو بەشێوەیەکی نهێنی گەڕامەوە بۆ شار، هەرمن گەڕامەوە باوکی نەخۆش کەوتبوو من بێئاگابووم لەهاوسەرەکەم، چوم بۆ هەواڵی کەزانیم نەخۆشە بەپەلە گەیاندویانەتە ئێران بۆ چارەسەر کەگەڕامەوە ماڵی باوکم بەردەرگاکەیان زۆر قەرەباڵغ بوو زانیم کەکوڕەکەم چێشتی پیا رژاوەو سوتاوە منیش بەپەلە چوم بۆ نەخۆشخانە، بەوەدەرونە هەژێراوەوەم بەرهەستە زامدارەوەم لەنەخۆشخانەش یەکسەر ئیخباری کرام، بۆیە بەپەلە گەڕامەوە ماڵەوەو کوڕەکەشم کەسوتانەکەی دەرەجە سێ‌بوو دەرم کرد لەم ماڵ‌و لەوماڵ چارەسەرم بۆ وەرگرت ، یەکێك لەوپزیشکانەی زۆری یارمەتی‌دام خوێنی بۆپەیدا کرد دکتۆر نەجاتی منداڵان بوو ، لێرەوە شایانی رێزو سوپاسە لەو زەمەنەشدا خەڵکانی دڵسۆز هەبوون .

من ئیخباریم لەسەربوو نەمتوانی بمێنمەوە لەشاردا ئەومنداڵە سوتاوەم بردەوە بەڕێگای دووکان و مچەکوێردا گەڕامەوە بۆ گوندەکەمان دکتۆر"فایەق" چارەسەری دەکرد دواتر لەبەرزۆری بۆردوم‌ ن ماڵمان بردە(قۆپی قەراغ) دیارە شاڵاوی ئەنفال هەموو ناوچە ئازاد کراوەکانی گرتەوەو زەرەروزیانێکی زۆر گەورەی گیانی و ماڵی تێدابوو، ئێمەش لەوڕۆژەدا هەڵبەتە بەشێکمان بەر ‌ەوتووە ئەوکاتەی ماڵمان لەسەر(گۆشان و قۆپی)بوو لەناو سەختی قۆپی‌دا بەرزستانە پڕلە زیان‌و تۆفانەدا رژێم کیمیاوی ئەڕشت بەهەرکوێیەکدا دەستی بگەیشتایە بەبێ درێغی کردن ، لەوساتانەدا گەل کورد وەکو گەڵای داری پایز شەهیدو بریندار ی هەبوو، منیش کوڕەکەم نەخۆش بوو لەوبارە سەختەدا کەڵکی مانەوەم نەبوو، بۆیە بەشێوەیەکی نهێنی هەتا قەراغ شار هاتین ، دواتر بەلاڕێ‌دا بەرەوناوشار گەڕامەوە .

هەرچەندە ئەو چەند رۆژەی ناوشار بەقەد هەمووتەمەنی(پ.م)یەکی تووشی نارەحەتی و ئازاری دەروونی بوم، چونکە هیچ کەس نەینەگرتینە خۆ ناخۆشترین ساتەوەختەکانی ژیانم ئەوکاتانە بوو کەڕوم دەکردە ماڵێك‌و ئەوان لەترساندا نەیان گرتمایەتە خۆیان‌و دەستیان بەڕوومەوە بنایە.

بێ ئومێدترین کاتم ئەنفال بوو کەهەرگیز لەیادم ناچێت ، پاشی چەند ڕۆژێك هاوسەرەکەم هەواڵی بۆ ناردم کەبەرەو پشدەر بڕۆم ، چوومە(سوورەدێ) شەوێك لەقەراغ چەمێك خەوتین لەگەڵ ڕۆژهەڵاتندا هەڵساین کەوتینە رێگا بەرەوقەندیل ، هەندێ جاربەپێ‌و هەندێ جار سواری‌ولاغ دەبوین ، لەهەندێ شوێندا جێگەی سمی ولاغەکە نەبوو لەبەرئەوەی

ناوچەیەکی سەخت و بەستەڵەك بوو، کەسمی وڵاغەکە ئەکەوتە ناوەوە هەمووگیانمان ئەبوبە ئاوبەفراو، دووڕۆژ بەڕێگاوە بوین گەیشتینە(دۆڵەکۆکی) ە.

شەوێك لەماڵی ئەلوەن خان ماینەوە پشویەکماندا دواتر چووینە گوندی(کاولان) لەوێشەوە بۆ سەردەشت ، کۆمەڵێ خەڵکی عیراقی کۆبوینەوە بەرەو گوندی(کانی زەرد) کە گوندێکی سەخت بوو لەکوردستانی رۆژهەڵات، لەگەڵ ماڵی کاك فەرەیدون و پاکیزە خان و چەند ماڵێکی تردابوین ، دواتر چووینە سەقز من لەهەموو تەمەنی(پ.م)جلی ژنانەم لەبەرنەکردووە تاچوینە خاکی ئێرانەوە، هەتاجلی بوکێنیەکەم شەرواڵێك بوو کە گێلاس خانی کارگێڕی مەڵبەندی سلێمانی شایەتی حاڵە کەلای ئەوبوو وەکو رێکخستن.

یەکێك لەوبیرەوەریانە کە هەرگیز لەیادم ناچێت شەهید جەمالە رەشی خوشکەزام بوو، چەند کاتژمێرێك پێش لەسێدارەدانی لەزیندانی موسڵ داوای لێکردین هەڵپەڕین لەجیاتی گریان.

هاوسەرەکەم هەمیشە هاندەرم بووەو هاوکارم بووە بەردەوام لە کارکردندا، چونکە ئێمە هەمووکات دووهاوڕێ و هاوخەمو هاوخەبات بووین، تەمەنام دەکرد کە هەموو خەڵکە تێکۆشەرەکانی تریش بەو جۆرە بیریان بکردایەتەوە.

من لەمجاڵی کارەکەم دا خۆم بەپەراوێز کراو ئەزانم.

لە بواری خەبات و دڵسۆزی بوایە ئەبوایە من شوێنی شیاوترو ئاستی بەرزترم بوایە، بەڵام ئەوەش کاری نەکردۆتە سەرئیش و کارم، من بەرژەوەندی گەلەکەم لاگرنگترە لەبەرژەوەندی تاکەکەس.

## شەوبۆ فەتاح ئەحمەد

شەوبۆ فەتاح ئەحمەد ئەو ژنە قارەمانەبوو کە ئەمنەکان چون بۆ گرتنی بەدەستی جەلادەکانەوە کەوت و قاچێکی شکا، بەوشێوەش زیندانیان کرد، سەرەڕای دابڕین لەکۆرپە شیرە خۆرەکەی و هەموو منداڵەکانی تری، ماوەی چەند مانگێك لە ناو دیواری زیندانەکان دا ژیانی بەدەست بەسەری بەسەربرد ، ئێستاش ئەوخاتوونە بەڕێزە نوسراوی خۆیمان بۆ بڵاودەکاتەوە.

من لەرۆژێکی ساڵی ١٩٥٦دا لەگەڕەکی(کانی ئاسکان)ی شاری سلێمانی لەخێزانێکی کوردپەروەردا هاتوومەتە ژیانەوە ، هەرلەوکاتەی چاوم کردەوەو ڕوانیمە رەهەندەکانی ژیان(کاك نورە دینی)برام یەکێك بوو لەوزیندانیانەی کە هاوڕێ و هاوڕێبازی(شەهید خاڵە شەهاب)و هاوڕێکانی بوو.

بەهۆی جموجوڵی سیاسیانەوە ماڵی باوکم ڕوخێنراوەو تاڵان کراوە ، من لەساڵی ١٩٧٢دا کەوتمە ژیانی هاوسەریەتیەوە لەگەڵ(تەها نادر عەبدولرەحمان) کەناسراوە بە(مام تەها) ، خێزانێکی بەختەوەربووین خاوەنی سێ کچ و دووکوڕبوین ، هاوسەرەکەم بەرلەوەی ڕێگای شاخ بگرێتەبەر، پەیوەندی کرد بەڕیزەکانی شۆڕشەوە .

چەندجارێك گیراوە لەلایەن بەعسیەکانەوە بەتوندی ئازارو ئەشکەنجە دراوە، هەتا ساڵی١٩٨٥ لەنیوەڕۆیەکی گەرمای هاویندا کەبانگ کرا بۆ لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوە لەلایەن فەرمانگەی ئەمنەوە.

بەڵام لەلایەن شۆڕشەوە ئاگادارکرایەوە، کە بە زوترین کات خۆی دەرباز بکات . ئەویش ڕێگای شاخی گرتەبەر، خۆم و پێنج منداڵ بەسەرگەردانی ماینەوە بۆئەوەی منداڵەکانم خوێندنیان نەفەوتێ خۆم دەستم کرد بەکاری وردەواڵە فرۆشتن هەتا بژێوی خێزانەکەم دابین بکەم، هەتا ئەوکاتەی جەللادەکان هاتن و گرتیانم منیش بەدەست جەللادەکانەوە کەوتم قاچێکم شکا .

ئەو نامرۆڤانە بەوشێوەیەش پەلکێشیان کردم و بردمیان بۆ(ئەمنە سورەکە) پاشان بردیانم بۆ بەندیخانەی سەرەوە، بەڕێوەبەری بەندیخانەکە زۆری هەوڵدا بمگەیەنێتە نەخۆشخانە، بەڵام فەرمانگەی ئەمن رازی نەبوو، وتیان نابێت بەهیچ جۆرێك دەرەوە ببینێت ، ئەوجەلادانە هەرئەوکارە نامرۆڤییەیان نەکرد، بەڵکو دایانبڕیم لەهەردی کوڕم و کۆرپەیەکی شیرەخۆرە بو لەگەڵ منداڵەکانی ترمدا بەدەست بەسەری بۆ ماوەی شەش مانگ لە ژوورە تاریك و ژیانە لێڵەکەی بەندیخانەدا مامەوە، لەوێ ژنە زیندانیەکان کەوتنە یارمەتیدانم و تەداوی قاچمیان دەکرد ، خەریکم بوون چونکە من لەژیانێکی زۆر سەختدا دەژیام ئازاری جەستەم و شکاویەکەم ئازاری دەرونیم و بەجێهێشتنی منداڵەکانم زۆر کاری لێکردبووم .

منداڵی گەورەم لەپۆلی یەکەمی ناوەندی بوو منداڵەکانم لەنازی دایكو باوك بێ بەش بوون لەناوکەس و کارەکەمدا بەسەرەدابەشیان کردبوون، هەرجارەو لەماڵی یەکێکیان بن ، پاش بەسەر بردنی شەش مانگ لەزینداندا باوکم بو بەکەفیلم بەوەمەرجەی کەرازیبم رژێم خۆی تەلاق نامەیەك کەدەستکردی خۆی بوو لەرۆژنامەکاندا بلاوبێتەوە، گوایە من بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیم بەهاوسەرەکەمەوە نیەو وازم لێ هێناوە.

رژێم هەرچی نامرۆڤی هەیە دەرهەق بەگەلەکەمان کردی ئەوەش ریسواییەکیتری ئەوجەللادانە بوو کەبەیارمەتی قازی برایمو چەند گەورەپیاوێکی ناوسەرا تەلاقنامەیەکی تەزویریان بۆ دروست کردمولە بەندیخانە ئازادکرام .

پاش بەربونم لەزیندان، بۆ ماوەیەك لەلایەن(ئەورەحمانی زەرەنگەرەوە) کەهاوسەری خوشکەکەم بوو بژێوی ژیانمانی گرتە ئەستۆی خۆی وەك ماڵە(پ.م)یەکی ناوشار، لەم نامیلکەیەوە جێگای رێزو سوپاسە.

پشوی نیوەی ساڵ بوو کوڕە گەورەکەم زۆربیری باوکی دەکرد داوای لێکردم ڕێگای بدەم سەردانی باوکی بکات ئەوە بوو(هۆگر) گەیشتە لای باوکی، پاشان بەهۆی ئەنفال وێرانکاری کوردستانەوە ریگای لێگیراو نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە لەگەڵ باوکیا مایەوە لەتەمەنی یانزە ساڵیدا چەکی(پ.م)یەتی کردەشانی بەهۆی دابڕانی ونبوونی کوڕەکەم لەخوێندن لەلایەن رێکخستنەکانی ناوشارەوە ئاگادار کرامەوە لەوەئەچێت ئەمجارە راپێچی بەندیخانەت بکەن بەربوونیشت مەحاڵ ئەبێت.

ناچار هەموو منداڵەکانم لەقوتابخانە دەرهێناو خۆمان ئامادەکردو لەگەڵ ماڵی ئەحمەد کوردە دا بەڕێکەوتین تاگەیشتینە( بەستەسێن )لەوێ بەمەبەستی کڕینی هەندێ کەلوپەلو خواردەمەنی منو سەرگوڵ خانی خێزانی(هەڵۆی ئەحمەدە کوردە)چوینە بازاڕ لەوکاتەدا لەلایەن چەند بەکرێگیراو خۆفرۆشێکەوە ئیخباری کراین کەئێمە ماڵە(پ.م)ین . سەرانی رژێم چووبوونە ئەوماڵەی ئێمەی لێبووین ، تاڤگەو تارای کچم و لەگەڵ هەردوو ژنەکەی خوالێخۆشبوو ئەحمەد کوردەو دوومنداڵی سەرگوڵ خان هەموویان گرتبوونو بردیانن بۆ بەندیخانە ، ئێمەش هەرلەناو بازاڕ ئاگادار کراینەوە لەلایەن رێکخستنەکانی ناو شارۆچکەکەوە کەنەگەڕێینەوە ئەوماڵەو من لەحاڵەتێکی پڕترسو لەرزو ناخۆشدا ئەژیام دەرونم بەتەواوی شلۆق بوو، ئاخۆ منداڵەکانم چۆن بن ، ئەوشەوە تابەیانی بۆ یەکساتیش خەو نەچووە چاوەکانمو ئائارام بووم ، رێکخستنەکان چەند ماڵێکیان گێڕاین تائێمەش دەستگیر نەکرێین.

بەیانی زوو کەتیشکی خۆر خۆی حەشاردابوو لەپشتی چیاکانەوە وردەوردە خەریك بوو خۆی دەردەخست ، ولاغیان بۆ هێناینو سواری ولاغ بووین بەڕێکەوتین بەو دەرونە زامدارەوە بەرەوگوندی (ڕەزگە) کەبارەگای هێزی دیمکراتی لێبوو، من بەدرێژای هەموو رێگاکە هەستم بەجوانی دیمەنەکان نەدەکرد چونکە خۆم بەندیخانەم دیبوو، هەرخەیاڵم لای

کچە ئازیزەکانم بوو ، ئەوەی ئاگاداری کردمەوە ئەوتەڵقە تەنورانەبوو کەرێگاکەی بۆ جەللادەکان روناك دەکردەوەو دەیان داینە بەردەستریژ، دوای دوو شەوورۆژ مانەوەمان هەواڵی بەربوونی کچەکانمو خێزانەکەم پێگەیشت ، پاشی چەند رۆژێك لەگوندی(رەزگە) بەیەك شادبوینەوە .

ئەوچەند رۆژەی لەوگوندەدا بووین هەموو ژەمەکانی نان خواردنمان لەناو کونە تەیارە دا بوو لەبەربۆردوومانی فرۆکەکانی رژێم .

دوای پشودان ولاغمان بەکرێ گرتو کەوتینە رێگا بەرەو گوندی(زەڵێ) ، بەڵام ئەمجارە ئاسوودەبووم هەستم بەجوانی رێگاکەو ئازداری ئەم نیشتمانە دەکرد هەرچەندە خۆمان فیداکەین لەپێناویدا هێشتا هەرکەمە، دواتر چوینە گوندی(نۆکان) لەسەرمەرزی ئێران بوو.

رژێمی عیراقی زانیبوی هێزی(پ.م)لەو گوندانەدا هەیە کەوتە تۆپ باران کردنمان ، بەناچاری رومان کردە گوندی(ئالوەتان)ی سەربەئێران ، پاش ماوەیەکی زۆر لێکدابڕان لەگەڵ هاوسەرەکەمدا لەم گوندەدا خێزانەکەمان بۆ جارێکیتر یەکمان گرتەوە ، هاوسەرەکەم لێپرسراوی جبەخانەی شۆرش بوو، ماوەی چەند مانگێك ماینەوە دواتر بەرەو سەردەشت رۆیشتین دواتریش بەرەو(سەقز) کاتێك لە(سەقز)بووین لەگەڵ کۆمەڵێك ژندا(یەکێتی ژنانی کوردستان )مان دامەزراند بەهاوکاری خاتوو(کافیە سلێمان) و رەحمە خانی خێزانی عومەر غەریب و حەسیبە خانو تارای شێخ عوسمان و چۆمانی ئەحمەد هەردی و بێگەردی کچم دا ، دواترماڵمان بەرەو(سنە) رۆیشت لەوێ ماینەوە تاساڵی ١٩٩١هاوسەرەکەم و مۆگری کورم گەرانەوە بۆ کوردستان بۆ بەشداری راپەرین.

ئێستاش دوای ئازادکردنی شاروشارۆچکەکانی کوردستان و رەخساندنی فەزایەکی ئازادی لەکوردستاندا، رەخساندنی ئازادی ئەقڵو مافی مرۆڤ، منیش وەك ژنێکی خاوەن هەڵوێست هەربەردەوامم لەسەرکارەکانم لەریزەکانی(ی .ن . ك ) و ( ی . ژ . ك ) دا لە پێناوی داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان دا .

## شیرین کەریم مەعروف

شیرین کەریم مەعروف ئەو ژنە تێکۆشەرەبوو، خۆشەویستیی بۆ ئازادیو بۆ خاکەکەی لەچڵەپۆپەدابوو، هەرئەوەش وایلێکرد لەشاری هەڵمەتو قوربانییەوە بەڕێبکەوێت بۆ ناوچەی کەرکوکی گڕوبڵێسەو ئاگر کەژیانێکی زۆرسەخت بەسەربەرێتو بەڵکو بەئەرکی سەرشانی خۆی دابنێت، بەڵام کارەساتی ئەنفالو شەهیدبوونی هاوسەرەکەی ئەو ڕۆژگارانە بەسەختتر دابنێت.

من لەخێزانێکی شۆڕشگێڕی شاری سلێمانی چاوم بەژیان هەڵهێناوە هەرئەو فاکتەرانەش بوونە هۆی هەڵبژاردنی هاوسەری(پ.م)بە ناوی(ئیسماعیل سەیدقادر) لەتیپی٢١ی کەرکوک ئامر مەفرەزەی کەرتی یەکی ساڵەیی بوو لە٣ی بەفرانباری ساڵی١٩٨٤دا گوێزرامەوە بەبوکی بۆ گوندی(قەفار) لەناوچەی(شوان)، تازەچووبووم ئەوگوندە، ڕۆژێک کۆمەڵێ میوانمان هات(مامە ڕیشە)و(پ.م)کانی بوون دیارییان بۆ هێنام بەبۆنەی کەوتنە ژیانی هاوسەریمەوە.

لەبەرئەوەی گوندەکەمان نزیک شاری کەرکوک بوو هاوسەرەکەم بە ئیختفا ئەگەڕایەوە، ئەمان توانی لەوگوندەدا درێژە بەژیانمان بدەین، گواستمانەوە بۆ گوندی(سەرچنار) لەشێخ بزەینی لەگەڵ مام ڕۆستەم و شەهید شوانی تەنسیقو ماڵی شەهید جمهورو ماڵی کاک شۆڕش قەرەهەنجیری، تیپی(٢١)ی کەرکوک بوو بەدووبەش، تیپی(٢٥)ی خاڵخالان و(٢١)ی کەرکوک، پاش ماوەیەک بەسەردان گەڕامەوە ماڵی باوکم لەشاری سلێمانی، دوای چەند ڕۆژێک هاوسەرەکەم هەواڵی بۆناردم کەبگەڕێمەوە، لەگەڕانەوەمدا لەبازگەی(تەق تەق) زۆر بەتوندی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردین، هەموومانیان دابەزاند، کەزانیمان(مامەڕیشە) شەهید بووە، خەڵکەکە هەموی خەمو پەژارە گرتبووی بۆ شەهیدبوونی ئەو(پ.م) خۆشەویست و خۆشەویستەی ناوگەل کورد.

لەکاتی گەڕانەوەمدا جلوبەرگی خۆم پێچابوو لەتاق تاقمو تفەنگی هاوسەرەکەم لەجانتاکەمدا دامنابوو، لەوکاتەدا خێرایی لێدانی دڵم زیادی کرد هەمووگیانم لەترسا هاتەلەرزین، نازانم چۆن دڵم لەلێدان نەکەوت، بەڵام باش بوو لەناوهەموو خەڵکی ناو سەیارەکەدا بەتەنها جانتاکەی منیان نەپشکنی، وایانزانی مامۆستای ئەوگوندانەم، دوای دەرچوونی ئێمە لەبازگەکان هەرچی شۆفێرێکی تری ئەوگوندانە پۆیشتبون گرتبویانن و بردبوویانن بۆ بەندیخانەی دارەمان.

دوای مانەوەم پاش ماوەیەک هاوسەرەکەم چوو بۆ شەڕی(دابان هەلاج) بەشداری کرد، من زۆر ئەترسام چونکە هاوسەرەکەم لەشەڕی(قرناقاو پشت ئاشان ) دا تووشی ڕەبۆ بوو، ترسم هەبوو شەهیدبێت، سەرەڕای ئەوەش خۆمان لەژێر بۆردومانێکی خەستدابوین ڕژێم بەتۆپی ئەمساوی بۆردومانی دەکردین.

هاوسەرەکەم زۆری لێکردم بەمانگێك پێش منداڵ بونم بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی چونکە ژنی یەکەمی هاوسەرەکەم بەناوی(پەروین مستەفا) بەسەردوانەیەکیەوە ئاگەیاندیانە چەمچەماڵ بەهۆی ئەوەی فریای پزیشكو نەخۆشخانە نەکەوت لەڕێگا شەهید بوو، دەتوانم بڵێم شەهیدێکی ونە، منیش کەوتمە گەڕانەوە بەڵام ڕێگاکان محەرەمەبوو بەسەیارەی شۆڕش چووینە ڕێگای نزیك(تەق تەق) لەوێ بە بەلەم بەزێدا پەڕینەوە، بەڕاستی ترسم

هەبوو لەخورەی ئاوەکە هەرگیز سواری بەلەم نەبووبووم، گەیشتمەوە سلێمانی ماڵی باوکم، لە٢٠ی رەزبەری ساڵی١٩٨٥دا کوڕێکم بوو، من نەخۆش و زەیستان بووم، لەسەر جێگا کەوتبووم کەلە٢٤ی رەزبەری١٩٨٥دا تەمەنی کوڕەکەم٤رۆژ بوو کەمنعەتەجەولەکەی شاری سلێمانی بوو، کە عەسکەرەکان تەقەی پۆستاڵەکانی پێیان گەیشتە گوێم، هەمووگیانم هاتە لەرزین، لەحاڵەتێکی دەروونی زۆر ناخۆشدا ئەژیام، باوکم بەناچاری وتی ئەمە بوکمەو کوڕەکەم عەسکەرە، سەربازەکان ڕۆیشتن من رزگارم بوو، بەڵام شاری سلێمانی هەر شاری قوربانی بوو لەوڕۆژە شوومەدا، چەند قوربانی تردرا بەشەهید بونی چەند گەنجێکی رۆشنبیر، بەشۆفڵ کۆمەڵێ ماڵیان ڕوخاندو چەند خێزانێك دەستگیرکران، ئەوەش پیشەی ئەو رژێمە گەندەڵەبوو، کەوای ئەزانی بەوکارانەی سەرکەوتو ئەبێت، نۆ ڕۆژ دوای منداڵ بونم لەگەڵ خەسووم‌دا گەڕامەوە گوندی(قەسرۆك) هاوسەرەکەم لەچاوەڕوانی ئێمەدا بوو، کەئێمەی بینی خۆشحاڵ بوو، کوڕەکەشمان شەهید شوان ناوی نا(ڕەوەن) ، دواتر گەڕاینەوە ماڵەکەی خۆمان لەگوندی(سەرچنار) بەبەردەوامی بۆردومانی کۆپتەر لەسەرمان بوو، سەرەڕای ئەوەش تۆپ باران ئەکراین لەئاغجەلەرو تەق تەق و چەمچەماڵەوە شەهیدو بریندار زۆربوو، هەشت نۆ رۆژ بوو گەڕابوومەوە کە هاوسەرەکەم ڕۆیشت بۆ جەولە بۆسەر شاخی(دابان) لەوێشەوە چوو بۆ(سەرگەڵو)، لەکاتی تۆپبارانەکەدا هاوسەرەکەم برینداربوو لەگەڵ حاکم قادردا دووشەهیدیشیان هەبوو، من نەمزانی کەهاوسەرەکەم بریندارە خۆم ئامادەکرد کەبێتەوە، لەوکاتەدا خەسووم هات زۆر شپرزەبوو وتی ئیبراهیمی کوڕم گیراوە مستەشارێك ناوی(عومەر ئەسحەدە)وە گرتویەتی و(٢٠٠٠)دیناری ئەو رۆژەیان لێسەندبوو لێشیان دابوو، لەبەرئەوەی دوو برای (پ.م) یە، بۆ سبەینێ ئێوارێ خۆر لەزەردەپەڕدابوو ئەوەندەم زانی هاوسەرەکەمیان بەبریندار لەچەمی(ڕەزانەوە) سوارولاغێك کردبوو هێنایانەوە.

هەتا شەهیدیش بوو پارچە تۆپەکە هەرلەقاچیابوو هەرلەماڵەوە دکتۆر دڵشاد و دکتۆر کامەران تەداوییان ەکرد، هاتوچۆی نەخۆشخانەکەی(سورقاوشانی) دەکرد نەخۆشخانەی شۆڕش بوو، دواتر بر. بەمعاون کەرتی دووی شوان.

خەسووم و شوبرایەکەم لەسەر ئێمە گیران، شوبراکەم قوتابی زانکۆبوو ،دواتربەربوون بەڵام شوبراکەم خوێندنی‌نەو ساڵەی فەوتا، خەسووم هات لای من مایەوە، من سکم هەبوو میوانێکی زۆرمان هەبوو قاچم زۆرئەیەشا بەهاوسەرەکەم وت قاچم بشێلە، ئەویش قاچێکی نابەقاچما شکا، وتم قاچمت شکاند، وتی گاڵتە ئەکەیت بۆ ئەوەی ئەچم بۆشەڕ وائەڵێیت، هەرئەو ڕۆیشت و قاچم زۆر ئاوسا، بردیانم بۆ گوندێکی نزیك ،جەراحێکی لێبوو قاچی گرتمەوە، هاوسەرەکەم و(پ.م)کان شەو درەنگانێ لە شەڕ گەڕانەوە بۆ ئەوگوندەی منی لێبوم.

پێیان وتبو قاچی(شیرین)ت شکاندووە، هاتە ژوورەوە وتی بەڕاستی شکاوە؟، ئەوشەوەمان لەوگوندە بەسەربرد، بۆبەیانی گەڕاینەوە بۆ ماڵی خۆمان من بەژانی منداڵ بوونەوە بووم، جاشەکانی(قالە فەرەج و تەحسین شاوەیس) بەجەیش و جاشێکی زۆرەوە لەگەڵ(کۆپتەر و پیلاتۆس) هێرشیان هێنایە سەرسنوری خاڵخاڵان، خەسویشم دەستی مامانی هەبوو یارمەتی دام، هاوسەرەکەم لەجەولەدابوو، زۆر خەمم بوو، باش بوو هاوسەرەکەم شەشی ئێوارەی هەمان ڕۆژ گەڕایەوە، وتی من چیبکەم لەئینزارام شەڕە، (پ.م) کان پێیان وت تۆلای بمێنەرەوە تامنداڵەکەی دەبێت و دووریان دەخەینەوە بۆ شوێنێکی دوور لەشەڕ، کاتژمێر هەشتی شەو کچێکی جوانم بوو، پاشی دووکاتژمێر هەڵیان ساندم

بەوهیلاکی وکەشەنگییەوە، بەلاَم ترس هەڵیساندم، سواری سەیارەی (پ.م) بوین لەگەڵ کۆمەڵێ ماڵی تردا بردیانین بۆ گوندی(ئاوبارە) لەڕێگا ئازارێکی زۆرم بوو، بردیانینە ماڵی "مەلا عەبدولرەحمان و مەلا هۆشیار)ی کوڕی، خەسوم کەمنی وابینی زەرد هەڵگەڕاوم، زۆر بەزەیی پیاهاتمەوە، وتی هەرفریانەکەوتین یەك پارونان بدەین بەوژنە زەیستانە، خەسوم چوار کوڕی شەهید ببوو، هێندەی ئەو شەوەی من کاریگەری لەسەر دروست نەکردبوو.

هەرهەمان شەو کەمن منداڵەکەم بوو، ژنێکی(سۆردی خوارو) مانگی خۆی بوو لەبەر بۆردومان لەکونە تەیارەدابوو، مارێك بەوژنەوەی دابوو یەکسەر منداڵەکەی بوو، پاشی(٤٠)شەو دایکەکە شیری خۆیدا بە کۆرپەکەی یەکسەر مرد، ژەهری مارەکە لەشیری دایکەکەدابوو.

شەوێك لەوماڵە ماینەوە دواتر لەگەڵ ماڵی شەهید(شوان)چوینە چەمی(قوڵ قوڵە) شەوروژێك ماینەوە، پاشی دووشەو دوو ڕۆژ ئینجا توانیم مەلۆتکەی کچەکەم بکەمەوە لەناو ئەشکەوتەکەدا، خۆشم لەرزم لێ هاتبوو ، ئەو بەرزاییەی بەدیواری ئەشکەوتەکەدا هاتبوو خوارەوە، دیمەنێکی هێجگار دڵفڕێنی هەبوو بەلاَم شێکەی زەویەکەی کردبوو بەقوڕو لیتە، خواردن بەس پەنیری قتومان پێبوو، هیچمان پێ نەبوو هەڵیپچڕین، بەبەرد قوتوەکەمان شکاندو بەردو پەنیر تێکەڵاو بوو، ئەوە خواردنمان بوو.

من و خەسوم بەپێ و بەولاَغ گەڕاینەوە بۆ(ئاوبارە) هاوسەرەکەشم لەشەڕدابوو، کەهێرشەکە سوك بوو، هاتینەوە بەرەو گوندی شێخان، بەرەو هەر گوندێك ئەڕۆیشتین تۆپ باران بوو، لەچەمەکەی(شێخان)دا (پ.م)ی حیزبی شیوعیمان دی شەهیدیان دابوو لەشەڕەکەدا، لەسنوری شاری کەرکوك ماڵ نەبوو ڕژێمی لەناوچووی بەغداد زەبرێکی کاریگەری لێ نەدابێت، لەوشەڕەدا ڕژێم ئەیویست زنجیرە شاخەکانی(خاڵخالاَن) بگرێت، مەبەستی بوو دەست بگرێت بەسەر ئەو ناوچەیەدا.

(پ.م)ش بەرگرییەکی زۆر سەختیان کردو دوژمنیان ڕاونا، ڕژێمیش لەداخی خۆی گوندبەگوندی ناوچەکەی بەتۆپ بۆردومان کرد، گوندی شێخان هەمووی چۆڵیان کردبوو، پیرێژنێك چووبووە کونەتەیارەی حەوشەکەیانەوە، بەرمیلێکی نەوت لەحەوشەکەیاندا بوو، پارچە تۆپێك بەر بەرمیلەکە کەوت ئاگرچووە ناوکونەتەیارەکەوە پیرێژنی بەستەزمان بوبو بەقەرەبروت و سوتا.

ئێمە ئەمانوێرا بچینە ناوگوندی شێخانەوە هەربەپێ گەڕاینەوە گوندەکەی خۆمان، چوینە ماڵەوە ئەوەندە هیلاك بووم وتم بیشمرم لەم گوندە ناچمە دەرەوە، کچە ساواکەم خستە بێشکەو ماڵم پاککردەوە و ئاوم لەکانی هێناو لەوەدابووم پشویەك بدەم لەوکاتەدا بەری ئاسمان بەهەورێکی چڵکن گیرابوو، فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی لەناوچوو کەوتنە بۆردومان کردن بەپەلە خۆمان کرد بەکونەتەیارەی کانیەکەدا، ژنێکی دراوسێمان گەڕابووەوە ناودێ، وتی چی دەکەیت لەم گوندە چۆڵەدا، لەگەڵ من وەرە بۆ چەمەکە، منیش هەندێ نان و هێلکەم ئامادەکردبوو، کەوتینەوە ڕۆیشتن بەناو توپکەو داروبەردی چەمەکەدا، خۆشی ئەوچەمە شتێکی نەبڕاوەبوو، ئەوژنە بردینیە ماڵی خۆیان، بۆ ئێوارێ برنجێکی لێنا لەسەر قامیش، دوکەڵ و سوتوی قامیشەکە هەمووی چوبووە ناوبرنجەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خواردنێکی زۆر خۆش بوو، من هیلاك بووم لێی خەوتم، بەیانی هاوسەرەکەم خەبەری کردمەوە ئەمەش شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو لەلایەن منەوە چونکە بەتەمای هاوسەرەکەم نەبووم، وتی هەستە ئەڕۆین بۆ(ئیلنجاخ)ی سەرزێ، لەوێ لەکەپرێکدا ژیانمان بەسەرئەبرد منداڵەکانم نەخۆش کەوتن ویستم بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی، بەکەڵەك پەڕینەوە چوینە

گوندی(گرمك و ساتو وقەڵا) بەری کۆیە، لەوێوە چوینە(تەق تەق) لەوێشەوە بۆ کەرکوك لەوێشەوە بۆ سلێمانی لەنەخۆشخانە خستمن و چارەسەرم بۆوەرگرتن پاش(١٥)ڕۆژ بەهەمان شێوە زۆر بەهیلاکی گەڕامەوە گوندی(سەرچنار)، گەڵاگەڵی پایز بوو لەبەرئەوە کەپرمان بەجێ هێشت و گەڕاینەوە گوند، هاوسەرەکەشم لەشەڕی (کلکە سماق)دا ناوی بەشەهید هاتبووەوە، بەڵام ڕاست نەبوو، ئەنفال قەرەداغ لە(خاڵە بازیان)ەوە پەرییەوەبۆلای ئێمە، ویستمان بڕۆین بۆ گوندی(گۆپتەپەو عەسکەری) بۆ ئەوەی بەرشاڵاوی ئەنفال نەکەوین، دواتر بەرەو شاخی(خاڵخاڵان) ڕۆیشتین هەتا(شێوەسور) هاوسەرەکەم لەگەڵدابوو، هاوسەرەکەم وتی لەگەڵ خەڵکی ئەوگوندانە خۆتان دەرکەن، ئەویش لەگەڵ هێزی (پ.م)دا ڕۆیشت و هەرگیز نەمبینییەوە، هاوسەرەکەم ولاغێکی بۆ گرتین و کوڕەکەم بەپەتێك بەخۆمەوە بەست و کچەکەم لەبەردەممدابوو، ڕۆیشتین بەرەو گوندی(دوو بزنێ) بەناو داروبەردا هەرسێکمان کەوتینە خوارەوە، ئازارم زۆربوو سکیشم هەبوو بە تەمای منداڵەکەم نەمام، سێ چوار ڕۆژ دوای ئەوەی لەهاوسەرەکەم دابڕام ئەوڕێگایە مەرگەساتێك بوومەپرسە، کەس سەرکەسی نەدەپەرژا لەڕێگا هیچ جۆرە خواردنێکمان نەبەپارە نەبەیارمەتی دەست نەدەکەوت، لەبرسانداو لەپەرێشانیدا دووسێ ڕۆژ بوو نانمان نەخواردبوو، لەناچاریدا خۆڵی زەوییەکەم دەخوارد، بەهەر فەلاکەتێك بێت گەیشتینە سەرجادەیەك زۆر قەرەباڵغ بوو، پڕبوو لەجاش، مستەشارێك هات قسەی بۆ کردین، مخابن ناوەکەیم بیرچۆتەوە، وتی ئێمە ڕزگارتان دەکەین، پاش نیوکاتژمێر کۆستەرێك هات خەڵکەکەی هەموو ڕایکردە ناوی، منیش بەوەمیلاکی و برسێتییە، هەرچۆنێك بێت خۆم و منداڵەکانم خستەناو کۆستەرەکەوە نزیکەی٦٠-٧٠کەس زیاتر خۆیان بەوکۆستەرەدا هەڵواسیبوو بردیانین بۆ(مەقەر فەوجی دووبزنە) لەژوورێکدا دایان نایین و ئاو وسەمونیان داینێ، جاشەکان وتیان کۆمەڵ، کۆمەڵ دەرتان دەکەین بڕۆنەوە شوێنی خۆتان، من سواری هەمان کۆستەربوومەوە، هێنایانیان بۆ بازگەی(تەق تەق) هەولێر، لەڕێگا سەیارەیەکی کرۆنا دەستی لەپاسەکە. ان ڕاگرت وتی بەرەو کوێ ئەڕۆیت، وتی بۆ هەولێر وتی مەڕۆ ئەو مستەشارەی کە خ لکی دەرکرد ئیخباری کراوەو گیراوە لەلایەن ڕژێمەوە، گەڕایەوە بۆ(پردێ) لەوێوە بۆ ناو کەرکوك شۆفێری کۆستەرەکە لەبازگەی کەرکوك سلێمانی دای بەزاندین منیش گەڕا ەوە چەمچەماڵ بۆ ماڵی خەزورم، ئەو مستەشارەو شۆفێری کۆستەرەکە دوو مرۆڤی زۆر کورد پەروەربوون خەڵکێکی زۆریان ڕزگارکردبوو لەدەستی ئەنفال، یەکێك لەوانە من و منداڵەکانم بووین، لەهاوسەرەکەم دابڕام بۆهەتا هەتایی نەمدییەوە، بەچالاکی هاتبوونەوە ڕژێم دەستگیری کرد، لەساڵی١٩٨٨دا لەمعەسکەری تانجەرۆ لە٢٤ی گەلاوێژی١٩٨٨دا ڕەمی کرا، لە٢٦ی گەلاوێژدا پارەی گوللەکەشیان لێ سەندینەوە، نەیان هێشت پرسەی بۆ دابنێین، ئەو کاتەی هاوسەرەکەم شەهید کرا من زەیستان بووم تازەکچێکی ترم بوبو کە باوکی خۆی نەدی، قورسی وناخۆشی ژیانی من دوای کارەساتی ئەنفال وشەهید بوونی هاوسەرەکەم دەستی پێکرد، هیواکانم یەك لەدوای یەك ئەکوژانەوە، هەر ڕۆژەو لەماڵێك بووم جێگام نەئەبۆوە بەسێ منداڵی وردەوە، هەموو کەس لێمان ئەترسان.

بەڵام ڕاپەڕین یەکێکە لەڕۆژە هەرە خۆشەکانی ژیانم کەخۆم بەشداریم تێداکردو تۆڵەی شەهیدەکانمان سەندەوە.

## شنۆ غەفوور

شنۆ غەفور ئەو ژنە تێكۆشەرو چەلەنگەیە كەژیانی خۆی لەپێناوی شۆڕشدا بەسەربردووەو ئازایانە رووبەڕووی نەهامەتییەكان بووەتەوە، دواجار هاوسەرەكەی شەهیدبووە بەلام كۆڵی نەداوە، لێرەدا شنە خان بەشێك لەبیرەوەرییەكانی خۆی لەڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتیدا دەگێڕێتەوە.

لەساڵی ١٩٦٣ لەناحیەی زەڕایەنی كۆن لەدایك بووم، لەبنەماڵەیەكی كوردپەروەر پێگەیشتووم، باوكم پێشمەرگەیەكی خەباتگێڕی شۆڕشی ئەیلول بووە بەهۆی ئەو ڕێبازەوە چەندین نەهامەتی هاتووەتەرێ، بۆنموونە لەساڵی ١٩٦٣دا تەنها ماڵێك لەزەڕایەن لەلایەن دەسەلاتداری ڕژێمی ئەوسادا سوتێنرا ماڵی ئێمە بوو، لەكاتێكدا باوكم لەژێر حوكمی سێدارەدا بوو بەلام خۆشبەختانە حوكمەكە جێبەجێ نەكراو لێبوردنی گشتی دەرچوو بەلام هەردوو چاوی لەبەندیخانەدا لەدەستدا.

هەروەها بەهۆی بەشداریكردنی باوكم و براكانم لەشۆڕشی ڕزگاریخوازی ساڵی ١٩٧٤ جارێكی تر ماڵەكەمان سووتێنراو كرا بەبنكەی سەربازی، خۆیشمان ئاوارەی ئێران بووین، لەدوای هەرەسی شۆڕشی كورد لەساڵی ١٩٧٥دا براكانم ڕێڕەوی خەباتیان بەرنەدا بەتایبەتی برا گەورەكەم قادر غەفوور كە لەساڵی ١٩٨٧دا لەگەڵ هەردوو هاوڕێی پێشمەرگەیدا عەبدوڵڵا ئاغاو كاك ئەوزاد لەلایەن جاشە خۆفرۆشەكانەوە سەرنگوم كران و تائێستاش چارەنووسیان دیارنیە.

ڕێڕەوی خەباتگێڕانەی براكانم هۆكارو پاڵنەرێك بوو بۆ هەڵبژاردنی پێشمەرگەیەك بۆ ژیانی هاوسەرێتی، كەناوی (سالاری حاجی قادری شارەزووری) بوو، لەسەرەتادا نەمدەناسی بەلام لەبەرئەوەی پێشمەرگە بوو وەك هاوسەری ژیان هەڵمبژارد، كاتێك بەبووكی ڕۆیشتم لەترسی بەعس بەجلوبەرگی ئاساییەوە بەڕێكەوتم كە ئەمە لەمانگی هەشتی ساڵی ١٩٨٦ دا بوو چووینە دێیەك ناوی كۆزەی گەورەی بناری قەرەداغ بوو، لەوێ وەكو بووك رازێنرامەوەو زەماوەندمان سازكرد.

سەرباری سەختی و دژواری ژیان لەلادێدا بەلام خۆم بەبەختەوەر دەزانی، ئێمە بەردەوام لەژێر بۆردومانی تۆپ و كۆپتەرەكانی ڕژێمە دڕندەكەی بەعسدا بووین، واتە زۆربەی كاتمان لەحەشارگەو كونە تەیارەدا بەسەر دەبرد، ڕۆژێكیان تۆپباران دەستی پێكردو منیش (شێنێ)ی كچم بردە كونە تەیارەكەوەو دوایی بیرم كەوتەوە كە هەندێ پارەم لەژێر سەرینەكەدا جێهێشتووە، لەكاتی گەڕانەوەمدا ڕووبەڕووی تۆپبارانەكە بووم و پریشكم بەركەوت و بریندار بووم.

مامەڵەو ڕەفتاری خەڵكی ئەو گوندە زۆر باش بوو بەڕێزەوە سەیری خێزانی پێشمەرگەیان دەكردو بەهەموو شێوەیەك هاوكارییان دەكردین، بۆنموونە ژنە بەتەمەنەكانی ئەو لادێیە چاودێرییان دەكردین بەشەو لەبەر ئەوەی مێردەكانمان پێشمەرگە بوون و لەشەڕدا بوون، ئەو ژنانە نەیاندەهێشت بەتەنها بین و چاودێری بارودۆخەكەیان دەكرد

ئەوەکا جەیش و جاش لەپڕێکا بێنە ناو گوندەکە، لەوانە پوورە ئاسکەو پوورە ئایشێ، زۆرجار خەڵکی لادێ بەقاچاغی ئێمەیان دەبردەوە بۆ لای کەسوکارمان.

پاش ٣ ساڵ شەهید سالاری هاوسەرم گوێزرایەوە بۆ هەوارە کۆن کەنزیکی هەڵەبجەی شەهیدە لەبناری شاخی سورێن، ژیان لەوێدا زۆر سەخت و ناڕەحەت بوو، لەژێر کەپرو دارگوێزەکاندا دەژیاین، بەڵام هەر خۆم بەبەختەوەرو ئاسوودە دەزانی چونکە لەگەڵ شەهید سالاردا بووم.

جا لەبەرئەوەی ئەوکاتە شەهید سالار بەردەوام لەجێگۆڕێکدا بوو لەشەڕەکاندا بەشداریی دەکرد، من بەقاچاغی گەڕامەوە بۆ سلێمانی دووگیان بووم، بەحەوت مانگی کە منداڵەکەم بوو تەمەنی گەیشتە پێنج مانگی ئەوسا گەڕامەوە بۆ لادێ.

شایانی باسە بەیارمەتی پێشمەرگەیەکی دیموکراتی ئێران گەڕامەوە بۆ سلێمانی، لەڕاستیدا ژیانم لەشاردا سەختترین قۆناغی ژیانم بوو، لەترسی ئەوەی بکەومە ژێر چەپۆکی بەعسییەکانەوە هەر لەبەرئەوەش خەزوورم لەبەرامبەر بێدەنگی جاشە کوردەکاندا هەموو مانگێك سەرانەو بەرتیلی دەدانێ بۆئەوەی خەبەرمان لێنەدەن.

لەکاتی لەدایکبوونی کچەکەمدا پاش چوار ڕۆژ هەواڵی سەرنگومکردنی قادری برام پێگەیشت، لەپاش شەش ڕۆژ جاش و ئەمن گەنجی گەڕەکەکەیان لەئیسکان گرت ئێمە لەکاتێکدا ترسێکی زۆرمان لێ نیشتبوو کە لەپڕ لەدەرگای ئێمەش بدەن و بمانگرن، ژنێکی دراوسێمان کەخزمی یەکێك لەجاشەکان بوو بەجاشەکانی وت ئەم ماڵە بەتەنها ئافرەتی لێیە، دەرگاکەی گرت و نەیهێشت بێنە ژوورەوە، تائێستاش چاکەی ئەو ژنەم لەیادناچێت.

هەر ئەو شەوە لەکاتژمێر چواری بەیانیدا خەزوورم و خەسووم گواستمیانەوە بۆ ماڵی خوشکەزای خەزوورم، پاش ئەوە بەیانی زوو بردیانم بۆ هەولێر تا لەوێ بمشارنەوە، خەسووم و ئەوانیتر دوو ڕۆژ جارێك بەدەست و دیارییەوە سەردانیان دەکردم. بۆ ماوەی ١٧ ڕۆژ لەهەولێر مانەوە پاش گەڕانەوەم لەهەولێرەوە بۆ سلێمانی بۆ ماڵی خەزوورم دواتر چوومەوە بۆ لای شەهید سالاری هاوسەرم بۆ گوندی کۆڕەی گەورەی بناری قەرەداغ.

پاش دوو مانگ ئەنفالە بەدناوەکەی ساڵی ١٩٨٨ی بەسەردا هات، لەگەڵ ماڵی خاڵم و مێردی پورێکم ڕۆیشتین و ئەوان شارەزابوون و ئێمەیان لەدەستی ئەو شاڵاوە ڕزگارکرد، چووینە دێی دوکەڕۆ پاشان چووینە دێی دوکان ئینجا بەرەو گۆشان و بەلەکجار کەوتینەڕێ دواتر چووینە گوڵەنازێ، لەوێ بارودۆخەکەمان سەخت و دژوار بوو چووینە قازان قایە لەوێ شەش هەزار خێزانی ئاوارەو ماڵە پێشمەرگەی لێبوو، لەدێی دوکان خەڵکەکە بەر پەلاماری کیمیایی کەوتن و تارادەیەك کاری لەئێمەش کرد، لەقازان قایە گیرمان خواردو کەس نەیدەوێرا بڕوات بەڵام مێردی پورەکەم دەربازی کردین بەهۆی دیلێکی عەرەب کە سەرباز بوو کەسوکاری هاتبوون تابیبەنەوە، ئێمە لەگەڵ ئەواندا بەرەو ئەڵڵایی بەڕێکەوتین، لەئەڵڵایی زیلێکی عەسکەری بەرەو ڕومان هات ویستی بمانگرێت ئەفسەرەکە وتی سەرکەون ئێمەش وتمان لەسەیرانی نەورۆز بووین لەدێکانی بازیان، هەرچەندە بڕوای نەکرد بەڵام وتی خێرا بڕۆن خۆتان بکەن بەماڵێکدا.

ناخۆشترین ڕۆژی من بوو چونکە لەشەهید سالار دابڕابووم و چارەنووسی ئەوم نەدەزانی و لادێکانیش کیمیاباران کرابوون و ڕادەگوێزران، خەڵکەکە نەیدەزانی بەرەو چ لایەک بڕوات، بەهەرحاڵ لەئەڵلایی ماڵێك میوانداریبیان کردین هەموو گیانمان قوڕ بوو سێ ڕۆژ بوو نانمان نەخواردبوو، ئەو ماڵە لەبرسێتی ڕزگاریان کردین، پاشان بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتین خاوەنی ماڵەکە سەیارەی بۆ گرتین وتی بەبازگەکە بڵێن میوانی ئەوان بووین بۆئەوەی ڕێگەتان لێنەگرن چونکە ئەو پیاوە ناودارێکی ناوچەکە بوو.

من بەهیچ جۆرێك هەواڵی شەهید سالارم نەدەزانی، پاش ٢٥ ڕۆژ لەپشتی کارتۆنێکدا نامەیەکی بەشوانێکدا بۆناردم لەڕێگەی خزمەکانی قەرەگۆڵەوە نامەکە گەیشتە خەزورم کەشەهید سالار ماوە، بەڵام لەدوای ٥٠ شەو ئینجا هەواڵی ڕاستەقینەی شەهید سالارم زانی و دڵنیابووم کە لەژیاندا ماوە، هەواڵ و دەلیلی بۆ ناردم کەبچم بۆ بناری قەندیل، بەڕێکەوتین بۆ بناری سورەدێ تا کونە کۆتر خەسوم لەگەڵمدا بوو، بەیانی زوو کاتژمێر پێنج بە لاندکرۆزی جاشەکان کە بەنهێنی کاریان بۆ یەکێتی دەکرد بەرەو قەندیل بەڕێکەوتین، بەترسەوە دەڕۆیشتم و کچەکەشم بەسنگەوە بەستبوو.

گوێمان لەچەند دەنگێك بوو دڵم خۆش بوو وامزانی پێشمەرگەیە، پرسیارم لەدەلیلەکە کرد وتی ئەمانە موستەشارن، کاتێك دەلیلەکە کەهەستی بەترسی من کرد وتی مەترسە ئەمانە هەموویان دڵسۆزی یەکێتین و بەنهێنی کاری بۆ دەکەن، تا ئەوکاتە هیچ ژنێکم نەبینی، بەڵام پاش ماوەیەك چەند ژنێکم بینی زۆر دڵم خۆش بوو کە لەماڵە جافەکان بوون و گەرمیان و کوێستانیان دەکرد لەکاتێکدا چەند وڵاغێکیان بۆ هاتبوو، مامەپیرەی دەلیل وتی ئەمانە وڵاغی منن تا بەیەکێك لەو وڵاغانە من بەرەو سورەدێ بەڕێ بکات، کە گەیشتمە سورەدێ لەوێ چارم بەشەهید سالار کەوت و ئیتر هیچ هیلاکییەك لەگیانمدا نەما، لێرە چووینە ماڵی هاوڕێیەکی شەهید سالار کەماڵەکەی خۆی بۆ چۆڵ کردین.

پاشان بەیانی زوو بەرەو قەندیل بەڕێکەوتین، لەڕووکاری بناری ئەودیوی قەندیل لەدێیەکی ڕاگوێزراو لاماندا لەماڵە چۆڵەکاندا شەوێکی زۆر سارد بوو بەخێمەی سەر پشتی وڵاغەکاندا خۆمان داپۆشی، بەڵام شوێنێکی زۆر جوان بوو دیمەنێکی ئێجگار دڵفڕێنی هەبوو، هەستم بەهیلاکی نەدەکرد، بەداخەوە ناوی دێیەکەم لەبیرنەماوە.

کاتژمێر پێنجی بەیانی لەدێیەکەوە بەرەو شاخی دۆڵەکۆکێ بەڕێکەوتین کەبارەگای یەکێتی لێبوو، کە گەیشتینە سەر لوتکەی شاخەکە نزیکەی پێنجی ئێوارە بوو، بەڵام کەوتینە بەرهێرشی تۆپباران، پەرت و بڵاوبووینەوە ڕێگەمان هەڵە دەکرد، وڵاغ و خەڵك بەلادا دەخران لەبەرئەوەی بەفرێکی زۆر بوو شاخێکی سەختی ئاسنین بوو، شەهید سالارو شێنێی کچم لەشاخەکە کەوتنە خوارەوە من ئەمزریکاند بەڵام خۆشبەختانە سەلامەت بوون، دوای ئەو هەموو نەهامەتیە گەیشتینە بارەگای یەکێتی لەدۆڵە کۆکێ، پاش حەسانەوەمان بەرەو ئێران بەڕێکەوتین بەسەر وڵاغەوە بەسەر شاخێکی زۆر سەختدا گوزەرمان کرد، کاتژمێر نۆو ... ی شەو گەیشتینە گوندی کونە مشکی ئێران کە کەشوهەوایەکی زۆر سەخت و ساردی هەبوو، سەربازی ئێرانی لێبوون وتیان لەبەرئەوەی خێزانتان لەگەڵدایە

دەبێ بچن بۆ گوندی ئالوەتان، کە گەیشتینە ئالوەتان کەس جێگەی بۆ نەدەکردینەوە چونکە خەڵکەکە بێزاربببوون لەزۆری ئاوارە، بەڵام برادەرێکی شەهید سالار ئێمەی بردە ماڵی خۆیان و ئەو شەوە لەوێ بووین و زۆر رێزیان لێگرتین، بۆ بەیانی زوو بەرەو قاسمە رەش بەڕێکەوتین، لەوێ لەبارەگای پێشمەرگەکانی سەرکردایەتی حەساینەوە.

ئێوارە چووینە سەریاس و دواتر بەرەو سەقز بەڕێکەوتین لەسەقزیشەوە بۆ سنە بۆ ماڵی باوکم کە لەساڵی ١٩٨٧ەوە بەهۆی سەرنگومکرانی کاکم ئاوارە بوون، سێ مانگ لەسنە ماینەوە شەهید سالاریش چوو بوو بۆ شەڕ لەشاخی گولان و قەندیل کە ئەوکاتە سەرتیپی تیپی ٣٣ی سورێن بوو هەروەها بەرپرسی رێکخستن بوو.

لەپاش سێ مانگ مانەوەمان لەسنە چووینە کانی دینار چونکە هەموو خێزانی پێشمەرگە لەوێدا دەژیان و بنکەی پێشمەرگەشی لێبوو، لەوێ کاک ئەوشیروان مستەفا کۆبوونەوەی پێکردین و لەکانی دینار بنکەو بارەگای بۆ شەهید سالار دانا، دواتر چووینە دۆڵەناو لەلای شاخی سورێن لەوێش بۆ ماوەی چوار ساڵ پارتیزان بوو.

لەساڵی ١٩٩١ دا کەڕاپەڕین دەستیپێکرد شەهید سالار لە١٩٩١/٤/٣ لەناوچەی کفری لەزنجیرە چیاکانی قرچانی نزیک سەرقەڵا شەهیدبوو، لەکاتێکدا هێزی پێشمەرگە لەکشانەوەدا بوو هەموو بنکەکان ئاگادارکرابوونەوە بەڵام شەهید سالار ئاگادارنەکرا، هەرچەندە شەهید سالار لەجیاتی عوسمانی حاجی مەحمود لەو بنکەیەدا بوو ئاگادار نەکرابووەوە بۆ کشانەوەی گشتی، بۆیە کەوتە نێو هێرشێکی گەورەی سەربازەکانی بەعس بەڵام تا دواهەناسە هەر لەبەرگری و هێرشدا بوو، بەداخەوە لەدوای شەهیدبوونی و تا ئەمڕۆش وەکو پێویست ئاوڕیان لێ نەداوینەتەوە.

من جگە لەوەی هاوسەرەکەم شەهیدبوو دوو براشم شەهیدبون کە قادر غەفوور لەساڵی ١٩٨٧ سەرنگوم بوو، سەردار غەفوور لەگەڵ شەوکەتی حاجی موشیر لەپلانی ئیسلامیەکاندا لەگوندی گامێش تەپە شەهیدبوو، شوبرایەکیشم لەساڵی ١٩٧٩ بەزیل جەنازەکەی لەکەرکوکەوە تا سەید سادق راکێشراوە چونکە خەزوورم کەسێك بوو هەمیشە خزمەتی پێشمەرگەی کردووە.

شایانی باسە من وەك ژنە پێشمەرگەیەك هەموو خشڵ و ئاڵتونی خۆم لەپێناو شۆڕشدا فرۆشتووە، لەدوای شەهیدبوونی سالار تەنها پارچەیەکم مابوو ئەویشم لەپێناوی بەخێوکردنی کچەکانمدا فرۆشت.

## سەبریە سالح محەمەد

ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام لەم چاوپێکەوتنە دا لەگەڵ (سەبریە سالح محەمەد) ئەویش خەمخۆری وناخ هەڵکێشان بوو بۆ فەوتانی خوێندنی کوڕەکانی و نەبونی بڕوانامەیان، ڕوودەکەنە هەر دامەزراوەیەکی هەرێم ڕاستەوخۆ داوای بڕوانامە دەکەن ، کەس نالێت ئەم ئازادییەی ئەمڕۆ هەیە لە سەر خوێن وهیلاکی وفەوتانی ژیانی (ئەوەی‌شاخە ).

من لە خێزانێکی کورد، پەروەر لەشاری سلێمانی هاتوومەتە ژیانەوە، هەر بۆیەش لەڕۆژێکی ئازادیدا لەساڵی ١٩٧٠ دا بوم بەهاوسەری (پ•م) (فەتاح حمە سور) کەهەر لە سەرەتای لاوییەوە هەستی نەتەوایەتیی تێدا گەشەی کردبوو ، بۆیە لەساڵی (١٩٦٣) دا بووبە(پ•م) ی شۆڕشی ئەیلول لە مێزی خەبات لە تەوێڵە ، پاش بەسەربردنی پێنج مانگ لەژیانی هاوسەری، ماڵمان بردە (تەوێڵە) هاوسەرەکەم بەردەوام لە جەولەدا بووە ؛ دواتر ماڵمان بردە (خورماڵ) پاش ماوەیەك گەڕامەوە بۆ سلێمانی، لەساڵی١٩٧٢ دا (زەردەشت) ی کوڕم لە دایك بوو، لەساڵی١٩٧٤ دا کوڕێکی ترم بوو بەناوی (ئاری)، هەرلەوساتەدا شەڕی بەینی ڕژێم وگەلی‌کورد دەستی پێکردەوە، بەو نەخۆشییە ماڵمان بردە (کانی پانکە) دواتر چوینە(سەیدسادق)، بەهۆی بۆردومانێکی زۆرەوە ماڵمان بردە( تەڕاتەوەن)، لەو کاتەدا ڕژێمی عێراقی هێرشێکی گەورەی کردبووە سەر سەکردایەتی پارتی لە گەلاڵە، هاوسەرەکەم وشوبراکەم چوون بۆ شەڕ، من وهێوەژنەکەم مایەنەوە تا دوومانگ هیچ دەواڵیان نەبوو ، شوبراکەم لەشەڕدا بریندار بوو پارچەی تۆپی بەرکەوتبوو، بۆچارەسەرکردن بردبویان بۆ شاری( مهاباد) دوای گەڕانەوەی هاوسەرەکەم ماڵمان برد بۆ پێنجوێن ژوورێکی گەورمان دەستکەوت چووینە ناوی ، ڕژێمی بەعس وەکو پیشەی هەمیشەیی خۆی بۆردومانی پێنجوێنی کردو لە بەنزیخانەکەی دا ، گڕی گرت، ماڵی‌ئێمەش نزیکی بەنزیخانەکەبوو ، خەڵکی پێنجوێن یارمەتییان داین و لە ئاگرەکەیان دورخستینەوە، ، هاوسەرەکەم زۆرکەم دەکەوتە ماڵەوە، کوڕەکەم تەمەنی سێ‌مانگ بووکە باوکی هاتەوە ، نەشیزانیبوو کە منداڵم بووە، پاش نەختێك منداڵەکەی بینی وتی چیمان بووە، پاش مانەوەمان لە دەرەوە بە ساڵێك، ڕۆژێکیان هاوسەرەکەم گەڕایەوە ماڵەوە،زۆر شڵەژابوو،ڕەنگی تێك چووبوو،لێم پرسی چی ڕویداوە؟

وتی‌لەوەنەچی‌گەل کورد کارەساتێکی زۆر گەورەمان بە سەرهاتبێت پاش چەند ڕۆژێك نسکۆی ١٩٧٥ڕویدا کە کارەساتێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ گەل کورد، هاوسەرەکەم بڕیاری‌دا بگەڕێنەوە بۆ عێراق و،وتی‌ئێران ئەم کارەساتەی بە سەر هێنایین، پاش گەڕانەوەمان بەماوەیەك هاوسەرەکەم کرا بەسەرباز ، کاتێك لەدەرەوە بووم لە کاتی پشکنیندا ماڵەکەمان تالان کرابوو، منیش گەڕامەوە لای دایکم لە باری ئابوورییەکی‌نزمدا ئەژیام، براکەم خوێندنکار بوو ، خوێندنەکەی خستە شەو ، بەیانیان شاگردنانەوایی دەکرد تا بژێوی ڕۆژانەمان داین بکات چونکە دایکیشم شەش حەوت مەتیوی بەسەردا کەوتبوو، ڕژێمی

عێراقی ناوی چەند ماڵێکی دیاریکردبوو کەنەفی بکرێن بۆسەماوەئێمەشی تیابووین،هاوسەرەکەم ووتی هەرچیم پێقبوڵ بکرێ ئەمەیانم پێ قبوڵ ناکرێت بچم بۆ سەماوە و باشوور، بە تەنها ئەچمە ئ و شاخانە دائەنیشم. هاوسەرەکەم بەشێوەیەکی نهێنی پەیوەندی ڕێکخستنی بەستووە. لە ١٩٧٨ دا کچێکمان بوو ناومان نا (هێرۆ). لە ساڵی (١٩٨٠) دا شەڕی عێراق و ئێران دەستی پێکرد، ڕۆژێکیان هاوسەرەکەم فەردەیەك گەنمی هێنا ووتی ئەمە بۆ تەنگانە دایبنێ، منیش وتم ئەو هەموو ئاردە هەیە گەنممان بۆ چیە، بە براکەم وت لەم گەنمە ببە بۆ باڵندەکانت، ڕۆژێکیان براکەم بە ڕاکردن هات دەمانچەیەکی بە دەستەوە بوو، وتی ئەو دەمانچەیە لەناو گەنمەکەدا بوو، منیش دەمانچەکەم هەڵگرت و کەهاوسەرەکەم هاتەوە ووتم ئەو دەمانچەیە چییە؟ زۆر تورە بوو ووتی چۆن دەست منداڵ کەوتووە، منیش وتم ئەی ئەوە ڕاستە، تۆ ڕاستیت لەمن شاردۆتەوە، فەردە گەنمی هەڵڕشت سێ چوار دەمانچەی تری دەرهێنا.

هەر بە نهێنی کاری دەکرد تا ساڵی (١٩٨٣)دا شەوێکیان بە پاسێکی کۆستەر کۆمەڵێ کەس هاتنە سەرمان، هاوسەرەکەم میلی تفەنگی هێنا یەوەو ڕایانکرد، دوای ئەوە بەرەو ئێران ڕۆیشتن.

چوینە گوندی(دێکۆن) بۆ ماڵی کاك (حمە ڕەشید) وەرزیش کۆتایی پایز بوو بەفرو باران بوو، تراکتۆرێکمان گرت و بەرەو (ئەحماوا) کەوتینە ڕێگا، بە ناوێکدا پەڕینەوەو پاشان دایبەزاندین، ووتی بەو ڕێگایەدا بڕۆن ئەگەنە گوندەکە ،لە مبەرو ئەوبەری ڕێگاکە (پ.م)دامەزرابوون، دەنگیان لێکردین ئێوە کێن، هاوسەرەکەم وەڵامی دانەوە ووتیان کاك فەتاح ئەمجارە ماڵ و منداڵەکەت بۆکوێ ئەبەیت. شەو لەو گوندەماینەوە سپێدە سواری ولاغ بووین بۆ شاخ. (مەڵە خورت).

شاخێکی سەخت و زەحمەت بوو، من هەرگیز سواری ولاغ نەبوم بەلام لە ناچاریدا سواربوم، کوڕە بچووکە ەشم لەباوشمدا بوو، هێشتا ماوەیەکی کەم بەناوەکەدا ڕۆشتبوو من وکوڕەکەم لە سەر ولاغەکە کەوتینە ناو ئاوەکەوە ،باش بوو زۆر بە خێرایی فریامان کەوتن وەدەریان هێنایینەوە ئەگینا ئەخنکاین.

لە ڕێگا هەموو گیانم ئاوی لێ دەچۆڕایەوەو سەرمای پایزە، لەرزم لێهاتبوو بە ڕێکەوت(پەروین خان وکاك سامی)هاوسەریم بینی کە (پ.م)ی حیزبی شیوعی بوون ئەگەڕانەوە، چاویان بە منداڵەکانیان بکەوێت،لە شاخی (مەڵە خورت) خۆم و منداڵەکانم لە حاڵەتی ڕەقبوونەوەدا بووین دەم ولێومان شین ببوو لە سەرمادا، دو سێ پاسدارمان بینی کە زانییان حاڵمان زۆر پەرێشانە منداڵەکانیان لە کوڵ گرتین وخۆشمان بەخلیسکان بە شاخەکەدا هاتینە خوارەوە، بە سەیارە بردیانین بۆ سەربازگەی (دزلێ) لە پێش تۆپ بارانی ڕژێمی عێراق لەسەر سەربازگەبوو، ئەو شەوە نانیان پێداین و زۆپایان بۆ داخستین و بەیانی ووتیان بڕۆن، دەست بە سەریان کردین و وتمان چیمان کردوە، لە دەست بەعس ڕامان کردو کەچی دەست پاسدار کەوتین.

کتابیان بۆ کردین وبە دوو پاسەوانی خۆیاندا ناردیانین بۆسەربازگەیەکی مەریوان، هاوسەرەکەمیان برد بۆ لێکۆڵینەوە، بەڕێکەوت هاوڕێیەکی خۆی بینی بە ناوی (تایەر) وتی چی ئەکەیت لێرە؟ ئەویش حاڵەکەی تێگەیاندبوو .ئەویش وتبوی هەر ئێستا بەرتان ئەدەم ،بەڕاستی پیاوەتی لەگەڵدا کردین کە بەریداین و بووە کەفیلمان و بردینیەوە ماڵی خۆیان .

منداڵەکانم لە خوێندن دابڕان و خانوومان گرت هەندێ کەل و پەلمان کڕییەوە ،ماڵمان لە پاڵ مزگەوتێکدا بوو، کاتژمێر هەشتی بەیانی بوو لە بۆردومانی فڕۆکەکانی ڕژێمی بەغداد بە ئاگا هاتین .

لەژێر دارو پەردوی خانوەکاندا قەتیسمان سەرەڕای ئەوەش ناو بازاڕی مەریوان بوو بە خوێن .ئەوەتی من هەم بۆردومانی وا کاریگەرم نەدیوە بەپەلە ڕامان کردە مزگەوتەکەوە، دواتر بۆدەرەوەی شاری مەریوان : ئێوارە کە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە بە هاوسەرەکەم وت بە هیچ جۆرێك من ئەمشەو ڕۆژ ناکەمەوە لە خاکی ئێراندا. ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ عێراق .

خۆم منداڵەکانم پێچایەوە بە پێ بە ڕێکەوتین بەرەو دووڕیانەکەی (دزلی) لەوێ سواری سەیارە بووین تابن شاخە سەختەکە، بەو بەفرو سەرمایە بەو شاخە سەختەدا سەرکەوتین کەبەفری چەندەها ساڵی پێوەبوو، لە سەر شاخەکە ڕەشەبا هەڵیکردبوو هەموومان خەریك بوو ڕەق ببینەوە . بە تایبەتی کوڕە یەك ساڵەکەم چاوی زەق ببوو (پ.م) کانی حزبی شیوعی بەهانامانەوە هاتن وبەخێرایی کوڕەکەمیان ڕفاند ویارمەتی ئێمەشیان دا .

کە گەیشتم بینم کوڕەکەمیان خستبوە ناو تەشتێك ئاوی شلە تێنەوە، زۆڕیان داریان بۆ داخستین، لە پڕ کوڕەکەم جوڵایەوە بەڕاستی زۆر دڵخۆش بوم، ئەگەر یارمەتی ئەو پێشمەرگانەی حیزبی شیوعی نەبوایە، پێش ئەو شەوە ڕەق ئەبوینەوە ،

بەڕاستی ئەوانە جێگای ڕێزن ، بەڵام کوڕەکەم لەو شەوەوە تووشی ڕوماتیزمی قاچ بووە، دەفتەری مانگانەی هەیە ، هەتا ئێستا لەژێر چارەسەردایە ، دیسان گەڕاینەوە (ئەحماوا) و دواتر گەڕاینەوە سلێمانی.

هاوسەرەکەم سەیارەیەکی کڕی و وتی من ئیشی خۆم دەکەم. چووینە ماڵی خەزورم، هەتا ساڵی(١٩٨٤) لە ژوورێکدا تەم ومژ دەوروبەرمانی گرتبوو، منداڵەکانم لە قوتابخانە بوون منیش غەسالەم داگیرساندبوو جلم دەشت، لەناکاو دایکم هات وتی ئەوە سویچی سەیارەکەی (فەتاح) وتویەتی بە زووترین کات دەرنەچێت لە سلێمانی ئەگیرێن ،دایکم چوومنداڵەکانی لە قوتابخانە هێنابوو من هێشتا لەشاردا بوم ماڵەکەم تاڵانکرا، تازەش ماڵم کردبۆوە، هەتا فریانەکەوتم تەسکەرەکانمان بهێنمە دەرێ، چووین بۆ (عەربەت) لەوێ هەندێ جل و پێڵاومان کڕی

وچوین بۆ (سورەقەڵات) دواتر بەرەو (میراوا) دووسێ وڵاغمان بە کرێ گرت و لەژێر تۆپ وبارانداا ڕێگامان ئەبڕی ، تا گەیشتینە گوندە چۆڵکراوەکان بەو شەوی سەرماوتۆفەنە، شەوێکی تاریك بوو چاوچاوی نەئەبینی، بەناو دارستانە چڕەکەدا ئەڕۆشتین تا قاچاغچییەکان پارەکانی خۆیان دا بە من پارەی خۆشمانم پێبوو ، وتیان ڕێگاوبان دزی

لێیە، لەوکاتەدا دزەکان هاتنە سەر ڕێگامان و منییان وەستاند ، من زۆر ترسام چونکە بڕێکی زۆر پارەم پێبوو ، تا هاوسەرەکەم تورەبوو ووتی بۆ ناڕۆیت، هاوسەرەکەم بە دزەکانی ووت ئەوە کۆمەڵی(پ٠م)ی زۆر لە دوامانە وەن تەقەتان لێ ئەکەن وا ئەزانن دزەکانن ، کە گوێیان لە و قەسانەبوو دزەکان ڕایان کرد . ئێمەش بەو شەوە ئەسپمان غاردا تا سەر چەمی چۆمان پەڕینەوە بەو شەوە ساردە بەسەر شاخی (گمۆ) دا سەرکەوتین کوڕە گەورەکەم نینۆکی قاچی لێببۆوە، هەموومان حاڵمان زۆر خراپ بوو تا گەیشتینە گوندێك لەوێ ماینەوە . دواتر بە پارە گەیشتینە خاکی ئێران و بۆ شاری بانە، هاوسەرەکەم ئێمەی دامەزراندو خۆی گەڕایەوە بۆ ناو شۆڕش بووە (پ.م) دواتر چوینە (سەقز ) لە ساڵی ١٩٨٥ لە بەر (ڕوماتیزمی )کوڕەکەم گەڕاینەوە بۆ بانە، بە هۆی ئەم شارو ئەو شارەوە خوێندنی کوڕەکەم فەوتا . هاوسەرەکەشم ماوەیەك هەواڵی نەبوو . چووم بۆ (کانی دینار) بۆ هەواڵی لە وێشەوە گەڕامەوە بۆ سەرگەڵو بەرگەڵو بۆ هەواڵی دایکم . جارێکی تریش بە ئێشی ڕێکخستن هاتم بۆ (زرگوێز ) . هەموو ئەرکی ماڵ و منداڵ بە سەر شانی منەوە بوو . هاوسەرەکەم بەئیش و ڕێکخستن لە ساڵی ١٩٨٩ دا هاتبووە ناو داروبەردەکانی شاخی(گۆێژە)، لەوێ گیراو بێ سەرو شوێن کرا . من نەمتوانی لە بەر کوڕەکەم بگەڕێمەوە ، کوڕەکانم سەربازی فیرار بوون هەتا ڕاپەڕین . خۆشترین ڕووداو بۆ من کە کوڕەکانم لە فیراری ڕزگاریان بوو ئەوەش کە نەمتوانی سەردانی هاوسەرەکەم بکەم بۆ (ئەبوغرێب ) چونکە هاوسەرەکەم حوکمی هەتاهەتایی درابوو، دوای گەڕانەوەم سێ ساڵ بە بەردەوامی هاتوچۆی بەندیخانەم کرد هەتا بەربوو . من وەك ژنێکی کورد زۆر هیلاك بووم لە شۆڕشەکاندا ڕەنجێکی زۆرم کێشاوە زۆرئاسایی بووە بەلامەوە، من شۆڕشی گەلەکەم خۆشویستوە . بەڵام منداڵەکانم خوێندنەکانیان فەوتا بە هۆی ڕاکەڕاکەوە .

داواکارم لە حکومەتی هەرێم چاوێك بەم ئەوەیەدا بخشێنێتەوە کە تازە پێدەگەن . چونکە ئەچنە هەر دام و دەزگایەکی هەرێم داوای بڕوانامەیان لێدەکەن حسابی ئەو ڕۆژە سەختانەی خەبات و شۆڕشیان بۆ ناکەن .

## لەیلا عەلی

لەیلا عەڵی ئەو ژنە تێکۆشەرەیە لەپێناو ئازادیدا ئەم ڕێبازەی گرتۆتەبەرو ئەوخەباتە سەختەی کردووە، کەچەند ساڵێك لەژیانی گەنجێتی خستە پێناو ئازادیو ڕاپەڕین.

لەخێزانێکی کوردپەروەردا لەشاری سلێمانی هاتوومەتە دنیاوە، هەرلەتەمەنێکی زووەوە حەزم بەئیش کردن کردووە بۆ ڕەدوونانی دوژمنانمان وسەرفراز کردنی خاکەکەمان، هەڵبژاردنی هاوسەری (پ.م) بەهۆی چارەنوسەوە نەبوو بەڵکو بەهۆی خۆشەویستی زۆرم بووە بۆ (پ.م)و شاخ و کوردستان، ئەوەبوو لەڕۆژێك لەڕۆژە بریقەدارەکانی ساڵی١٩٨٢دا چوومە ژیانی هاوسەرییەوە.لەگەڵ (یاسین حەمە قرگەیی) یەکەم ماڵی (پ.م)یەتیمان لەگوندی(گورگەدەر) بوو لەناوچەی شارباژێڕ، هاوسەرەکەم ئەوکاتە ئامرکەرتی تیپی٣٣ی سلێمانی بوو.

سێ مانگ بوو لەژیانی هاوسەریدا بووم کە شەڕی حیزبەکان ڕوویدا، لەودەمەدا شەڕی حسك و پارتی دەستی پێکرد، کۆمەڵێك (پ.م) شەهید بوون، من لەوساتەوە خوێنی ئەو (پ.م)انە گرتوومی، سەیرە بۆ ئەبێت کورد کورد بکوژێت کە هەموویشمان یەك چارەنوس و یەك مێژوو یەك داهاتوویشمان دەبێت، سەرەڕای بوونی جاشیش لەوە دەترساین دزەبکەن و بێنە سەرمان.

لەساڵی١٩٨٤دا کچە گەورەکەم بوو بەناوی (تاڤان)، ناخۆشترین و سەختترین شت هاتوچۆکردن بوو بەبازگەکانی ڕژێمداو دەرۆیشتین یان نزیك دەبوینەوە من بەتەواوی دەگۆڕام و ترسێکی زۆر لەچاوەکانما بەدی ئەکرا، هەمو جارێك وەك ژنێکی گوندی خۆم دەگۆڕی بۆ ئەوەی هەست نەکەن.

لەساڵی١٩٨٥دا چووینە بەری قەرەداغ لەگوندی(تەنگی سەر) نیشتەجێ بووین، هاوسەرەکەم لەتیپی ٥٥ی قەرەداغ بوو، لەماوەی مانەوەماندا لەو گوندەدا چەندین جار بۆردومان کراوینو بەپەلە خۆمان دەکرد بەکونەتەیارەدا، جاری وا هەبوو ئەوندەمان میوان هەبوو، فریانەدەکەوتم سەرپەرشتی کچەکەم بکەم لەناچاریدا دەمنارەدەوە بۆ شار، پاش بەسەر بردنی نۆ مانگ لەو گوندەشمان بەجێ هێشتو بەرەو ئەستێڵی سەروو بەڕێکەوتین. لەوگوندەش بۆردومان زۆر بوو، لەتانجەرۆوە بۆردومان دەکراین، زۆرجار دەچووینە دەرەوەی گوندەکە، ماوەیەك چوینە قوڕی بەناوی(دەرەبلی)و شتی پێویستمان ئەبردو لەو شاخانەدا ئەژیاین لەژێر ڕەحمەتی مارو دوپشكو مێشولەدا، لەبۆردومانەکە ناخۆشتر ئەوتەپو تۆزو خۆڵەبوو کەتێیدا ئەژیاین.

لەمانگی ڕەزبەری ١٩٨٧دا شەڕێکی گەورە لەقەرەداغدا کراو گیرایەوە، لەوکاتەدا بۆردومانێکی زۆرمان لەسەربوو، هاوسەرەکەم گوێزرایەوە بۆ تیپی٣٣ی زمناکۆ لەگەڵ ماڵی کاك جەمیل هەورامی و مام هێرشو دکتۆر کەماڵدا، من پەیوەندیم هەبوو بە(شەوبۆ)خانی خێزانی کاك(جەمیل)ەوە، لەکاتی گەڕانەوەم بۆ شار لە(سەوسێنان)وە دەگەڕامەوە، لەزستاندا ناوی (تانجەرۆ) هەڵئەسا چەندین جار ڕێگام لێگیراوەو لە(دەربەند فەقەرە) ماومەتەوە تا ڕێگا هەبووە بگەڕێمەوە بۆ ماڵەکەم.

هاوسەرەکەم بەشداری شەڕەکانی دەربەندیخانی کرد لەوشەڕانەدا دوژمن زەرەرو زیانێکی زۆری بەرکەوت، لەساڵی١٩٨٨دا هاوسەرەکەم چوو بۆ هەڵەبجە، منیش بەدوو منداڵی بچووکەوە(١٥) ڕۆژ مامەوە، تاخاڵی هاوسەرەکەم بەناوی (عەلی ڕەشە جووتە)وە دوو پێشمەرگەی نارد بەشوێنما، کەچووم بۆ ماڵیان لەئەستێڵی سەروو دووسێ ڕۆژ مامەوە.

کەتۆپ بارانی چڕوپڕی ناوچەی قەرەداغ دەستی پێکرد، لەدەربەندیخانەوە یەک ڕەتڵ تۆپ نرا بەسەرمانەوە، لەوکاتەدا(٧٦)کەس شەهید بوون، ماڵەکەی ئێمەش بوو بەتۆپەوە، خانووەکە داڕما بەسەر کەلو پەلەکاندا، هاوسەرەکەم بۆ وادەی دوو ڕۆژ ڕۆیشت شەش مانگ نەمدییەوە، باروودۆخ ئاسایی نەبوو، هاوسەرەکەم هەواڵی نارد کەبگەڕێمەوە بۆ شار.

کۆمەڵێ ژنی شاخ بووین منوشەو بۆ خان و روناک خان و منداڵەکانیشمان بەپێ کەوتینە ڕێ بەرەو(گۆشان) ڕۆیشتین، لەوێ مایەنەوە هێزی بەرگری هاتن وتیان خێزانی (پ.م) خۆیان ئامادەکەن دەیانبەین، ئێمەش کاتژمێر چواری بەیانی هەستاین بەیانیەکی سارد بوو، شتەکانی دەوروبەرمان بەباشی نەدەبینران، ئەوەبوو بەتراکتۆر بە گڵە زەردەدا کەوتینە ڕێ، زۆرسارد بوو، هەموو گیانمان لەقوڕدا بوو، منداڵەکانمان وەک بیی ئاو دەلەرزین، خۆشمان لەحاڵەتێکی دژواردا بووین، لەتانجەرۆ دابەزین، کرێکارەکانی تانجەرۆ زۆر بەزەییان پێماندا هاتەوە، بۆیە چەند پارچە تەختەیەکیان کۆکردەوەو ئاگرێکی گەورەیان کردەوە.

ئەوەندەمان زانی سەیارەیەکی جاش بەرەو ڕوومان هات وەک بڵێیت لەزەوییەوە هەڵقوڵابێت بۆمان، هەموومان لەرزمان لێ هاتبوو، سەرەڕای سەرماکە ترس و لەرزیش زیادی کرد، ئێمە یەکەم کۆمەڵەبووین کە گرتیانین و دایان نایین، جاشەکان چوون بۆ نانخواردن بەڵام ناوی ئێمەیان نوسیبوو، لەوکاتەدا بەختێکی زۆر یارورمان بوو بەڕێکەوت لانکرۆزێک کەشۆفێرەکەی ئاسیاومان بوو بەناوی (کاک ساڵح ئەستیلی)، هەموومانی سەرخست زۆر بەخێرایی ڕۆیشت ولەوناوە دوورکەوتینەوە، مەردانە هەریەکەمانی گەیاندە شوێنی خۆی، منی برد بۆ گەڕەکی (ئیبراهیم پاشا) بۆ ماڵی باوکم، لەژێر ترس و لەرزێکی زۆردا هەرلەکونی ژوورەوە بووم نەمنەوێرا بێمە بەر دەرگاش.

ماوەیەکی زۆر هەواڵی هاوسەرەکەم نەبوو، هەواڵم بۆ هات کەلە کیمیابارانەکەی هەڵەبجەدا شەهید بووە، بەڵام دوایی زانیم کەبریندار بووەو بەفڕۆکە گەیشتۆتە ئێران بۆ چارەسەر کردن، پاش ماوەیەک نامەیەکم بۆ هات لەلایەن هاوسەرەکەمەوە بەرەو ئێران بچم.

خۆی لەقەندیل بوو، منیش بەدرو منداڵی وردەوە چووم بۆ ڕانیە، هاوسەرەکەم لەنامەکەیدا ناوی ماڵێکی دابوومێ کەبچم بۆ ماڵیان، ئەو ماڵەش کچێکیان لەگەڵ ناردم تا سەنگەسەر، لەڕێگا لەنزیکی بازگەکان بەپێ بەپشتی ڕەبایەکاندا ڕۆیشتم، دوایی سواری سەیارە بووینەوە تاسەر مەرزی قەلادزێ، لەوێوە بەوڵاغ بەو شاخە سەختانەدا سەرکەوتین، بەپردێکدا ڕۆیشتین من تائەوکاتە پردی وام نەدیبوو، سەرەکەی دارەڕابوو ژێرەکەی گڵ بوو، هێشتا لەنیوەی پردەکەدا بووین وتیان دوێنێ (پ.م)یەک کەوتۆتە خوارەوەو شەهید بووە، بەهەرحاڵ گەیشتمە لای هاوسەرەکەم پاش شەش مانگ دابڕان بۆ جارێکی تریش یەکمان گرتەوە، هەفتەیەک لەقەندیل مایەنەوە دواتر بەرەو ئێران کەوتینەڕێ، شەوێک بەوڵاغ ڕۆیشتین تا(بادیناوا)شەومان لەسەرقەبرانێک ڕۆژ کردەوە، بەیانی سەیارەمان گرت و بەرەو (سەقز) ڕۆیشتین.

پاش نۆمانگ مانەوەمان ماڵە (پ.م) بوون بەدوو بەشەوە، بەشێکیان بۆ(کانی دینار) لەوێ نیشتەجێ بووین تاراپەڕینی١٩٩١ وبرایەکی هاوسەرەکەم شەهیدبوو بەناوی کامەران محەمەد مستەفا، برایەکی تریشی زیندانی هەتا هەتایە بەناوی(مەریوان محەمەد مستەفا).

## نەسرین کەریم محەمەد

نەسرین کەریم محەمەد ئەو ژنە ماندووەیە کە رۆژانی خەباتی زۆر بەسەختی بڕی ، لەترسی گرتن نەیئەتوانی بەبازگەکانی رژێمدا هاتوچۆ بکات زۆربەکەمی هاتوچۆی شاری دەکرد.

من لەخێزانێکی کورد پەروەردا لەشاری سلێمانی هاتوومەتە ژیانەوە، لەرۆژێکی ئاسمان ساماڵی ساڵی ١٩٧٩دا لەگەڵ(خالید مەحەمەد عەلی) کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە، لەسلێمانی ماوەیەکمان بەسەربرد، پاشان هاوسەرەکەم بوو بەپێشمەرگە لەتیپی ٤٧ی پیرەمەگرون ، یەکەمماڵی(پ.م)یەتیمان لەگوندی(کانی درکە)بوو لەناوچەی شارباژێڕ، کچە بچوکە شەش مانگەکەشم بردبوو هاوسەرەکەم بەکاروفرمانی(پ.م)یەتی زۆرترین کات لەجەولە بوو ، دیارە ئەمەش وایکردبوو زۆرجاربە تەنهابم بەڵام گوندەکەمان زۆربەیان خزمو ئاسیاو بوون .

من زۆر لەگرتن دەترسام زۆربەکەمی هاتوچۆی شارم دەکرد هەتالەکاتی ئەخۆشیو زۆرپێویستدا نەدەگەڕامەوە، پاش بەسەربردنی ماوەیەك بەرەوگوندی(دۆڵ پەموو) رۆیشتین، لەم گوندەش وەکو گشت ماڵە(پ.م)کانیتر لەخزمەتی برا(پ.م)کاندا بووین نان کردن بەدارو ئاوهێنان بەشانو جل شتنی زۆرو هەموو ئەرکەکانی ماڵو میوانو منداڵ بەخێوکردن بەسەر شانی خۆمەوەبوو.

دواتر ماڵمان ب.دە دۆڵی جافایەتی لەگوندی(شەدەڵە) لەم گوندەدا بەبەردەوامی لەژێر بۆردومانیدا بووین، زۆربەی شەوان لەکونەتەیارەی بن شاخەکەدا ئەخەوتین، کە زەویەکەی هەڵدڕابوو قووڵ کرابوو، لەو زەمەنەدا ژیان سەختبوو ئەبوایە بچووینایەتە هەرگوندێك یەکسەر هەوڵی دروستکردنی کونەتەیارەمان بدایە .

دواتر بەرەو(یاخسەمەر) رۆیشتین، بەهەمان شێوەش لێرە بۆردومانی کیمیاویش کراین.

لەژێرسەختی باروردۆخەکەدا ئەمانناڵاند، دواتربەرەو قەرەداغ بەرێکەوتین یەك مانگ ماینەوە.

لەرۆژێکدا کە هەورەچڵکنەکانی ئاسمانیان گرتبو هەمووخاکی کوردستان لەژێر لێزمەو بارانو بەفرێکی زۆری ئەوساڵە تووش و پڕنەهامەتیەدا ئەیناڵاند، ئێمەپێش ئەنفالی١٩٨٨ لەرێگای حزبی دیموکراتەوە بەرێکەوتین بەرەو ئێران چەند شاخێکی سەختی پڕبەفرینمان بڕی لەرێگا چەند جارێك خەریك بوو رەق بینەوە هەتاگەیشتینە(بانە کۆن) لای بیمارستانەوە بەچوار ماڵە (پ.م) خانویەکمان بەکرێ گرتبوو .

ژیانێکی سەختو پڕئاوارەیو ئاخۆشمان بەسەرئەبرد، باری ئابوریمان هەتا بڵێیت خراپ بوو، شۆرش لەسەرەتادا نەیئەتوانی یارمەتی ئەوهەموو ماڵە ئاوارەیە بدات،

هاوسەرەکەشم بەکاری(پ.م) یەتی نەگەڕایەوە بۆ کوردستان من بەتەنها دەمامەوە، ئێمە زۆرمان ناخۆشی بینی، بەڵام خۆشەویستی بۆ خاکەکەم و نیشتیمانەکەم وای لێکردم گشت کاتێ پشتی هاوسەرەکەم بگرم و لەگەڵیدابم، لەپێناوی کاری نیشتمان پەروەرانەدا تاسەرکەوتن بەدەست بهێنن.

بەهیچ شێوەیەك گوێم نەداوە بەژیانی خۆم چەند جارێك روبەروی مەرگ بوینەتەوە تا ئازادی هێنرایە بەرهەم.

بەڵام وەکو ژنی شاخ زۆرپەراوێز خراوین ئاوڕێکی ئەوتۆمان لێ نەدراوەتەوە.

## نازەنین عەبدولرەحمان

نازەنین عەبدولرەحمان ئەوژنە هیلاکو تێکۆشەرەی ڕێگای خەبات کەسەختیی ژیانی خۆی بەکارێکی سەختو پیرۆز ئەزانێت بەڵام فەوتانی خوێندنو قوتابخانەی(ئەوەی شاخ) بەڕووداوێکی زۆر سەختتر ئەبینێت لەم سەردەمەدا.

من لەشاری سلێمانی چاوم بەژیان هەڵهێناوە، لەرۆژێکی ساڵی ١٩٧٦دا بووم بەهاوسەری(مامۆستا عەبدوڵلا کەریم تۆفیق) کەپەیوەندی ڕێکخستنی هەبوو بەسۆسیالیستەوە، خۆشە پەیوەندی ڕێکخراویم هەبوو بە(سوعاد خانی) خوشکی ئەنوەری مەجید سوڵتانەوە.

لەساڵی١٩٨٣دا ڕێگای شاخمان گرتەبەرو یەکەم ماڵی(پ.م)یەتیمان لەگوندی(گاپیلۆن) بوو، لەوێ ماڵمان دەستنەکەوت چوینە قوتابخانەی گوندەکەوە، ماینەوە لەوگوندەدا تاکاک"شۆڕش"خەیمەیەکی داینێ وتی قوتابخانەکە قەرەباڵخە، لەم گوندەدا ناحەوێنەوە، سپێدە دەچووین بۆ شاخو ئەشکەوتەکان کە تاریک دائەهات ئەگەڕاینەوە، ناو ئەشکەوتەکان پڕبوو لەکێچو جڕوجانەوەر بێچگە لەبۆردوومان، رۆژێکیان تۆپێک دای بەدەرگای ئەشکەوتەکەدا لەوکاتەدا دوومنداڵ شەهیدبوونو هێستریکیشی کوشت، شەوێکیان مانگ چواردەبوو ئێمەلە ناو خەیمەکەماندا بەئارامی خەوتبووین، لەنیوەی شەودا چەند سەگێک هاتنە ناو خەیمەکەو لەسەر ورگی منداڵەکانم هەڵبەزو دابەزیان دەکرد، هەمووممان لەترساندا نەخۆش کەوتین، هاوسەرەکەم گوێزرایەوە بۆ(شەدەڵە)، بوو بەلێپرسراوی ناوچەی دوکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، منو منداڵەکانم گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، هاوسەرەکەم هەواڵی بۆ ناردین کەلەژێرپردەکەی سلێمانیدا سەیارە هەیە بەقاچاغ ئەڕوات بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، ناوی ژنێکی دامێ ناوی(قەدەم)بوو، ژنەکە کاری ئەوەبوو ماڵە(پ.م)ی ڕەوانەی شاخ ئەکرد، بەڕێکەوتین بەرەو (کۆتەڵ) چوینە ماڵی برای(قەدەم)، من بۆماوەی دووسێ کاتژمێر چووم، بەڵام بەفرو بارانو سەرماوسۆڵە ڕێگای لێگرتین وسێ چوار رۆژ ماینەوە، منیش خۆم بەئەرک ئەزانی بەسەرئەوماڵەوە هەربۆیە داوام لەکاک عەبدولرەحمان کرد کەبمانبات بۆ شەدەڵە، وتی بارانو قوڕە تراکتۆرەکەم ئەچەقێت، ناچارخۆم و هەرشەش منداڵەکەم بەپێ بەژێر لێزمەی بارانێکی بەخوڕدا کەوتینە ڕێگا، هەموومان خوسباینەوە، پێڵاومان لەپێدا نەما هەمووی لەقوڕا چەقیبوو، لەوکاتەدا من کۆمەڵێ پێداویستیم هەڵگرتبوو لەگەڵ کچە ساواکەشما بەرە بەرە هەموو کەلو پەلەکانم فڕێ داو دەستیشم کچەکەی نەئەگرت لەگۆ چووبوو هەناسەم بۆ نەئەدرا، تەنگە نەفەس بوبوم لەوکاتە سەختەدا واهات بەبیرما کەکچەکەم فڕێ دایە ناوشیوێکەوە، خوشکەکانی دەستیان کرد بە گریان، وتیان دایکە مەڕۆ ئێمە یارمەتیت ئەدەین، خۆشیان زۆر منداڵ بوون تەمەنیان هەشت نۆ

ساڵ بوو، خۆشم دڵ و دەرونم دەکوڵا بۆ کچەکەم، گەڕامەوە بۆی لەناو شیوەکە هەڵمان گرتەوە، کچەکانم یارمەتییان دام تاپشویەکمدا، لەوکاتەدا پیرەمێردێك بەلاماندا گوزەری کردو سەلامی لێکردین وتی خوشکم بەم منداڵە وردانەوە بۆکوێ ئەڕۆیت، ئەموێرا بڵێم خێزانی(پ.م) وتم ئەچم بۆ سورداش، وتی خوشکم تۆ ئەوەندەت ئەماوە خۆت بکەیت بەڕەبیەیەکی رژێم دا، من شارەزای ئەوناوچەیە نەبووم، یەکەمجاربوو پێم، هەواکەشی تەمو مژێك بوو بەردەمی خۆمان نەئەبینی، ووتم خاڵەگیان بەڵکو بمانخەیتە سەررێگای سورداش، چوینە سەر رێگاکەو بەهەزار دەردی سەری نزیك بوینەوە، هەموومان لەتەڕی و ئاو وسەرمادا هەڵئەلەرزین، لەدوورەوە پیاوێك سەربانی دەگێڕا هاوارمان لێکرد فریامان کەوە مردین، کوڕێکی سەربازی هەڵاتووبوو هات و بردینیە ماڵی خۆیان، دایکی خێرا زۆپای بۆ داخستین و ئاوی گەرم کردو منداڵەکانی بۆ شتم، جلی کوڕەکانی پێچا لەمنداڵەکانمەوەو نانی داینێ و کوڕەکەش لێیپرسیم بۆچی بەم رۆژە هاتوویت، منیش وتم هاوسەری مامۆستا عەبدوڵلام بۆ لای ئەو هاتووم، وتی مامۆستا چوار رۆژە چاوەڕوانتانە، هاوسەرەکەم دەستەیەك جلی فانیلەی بۆ منداڵەکان کڕی بوو، هات دوای پشودان بەو هیلاکیو بارانە سواری تراکتۆر بووین بەرەو گوندی(شِبەدەڵە)، رۆیشتین چوینە ماڵی شێخ فوئاد کە ئامۆزای شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەبوو، رۆژی دوایی ژوورێکمان پەیداکردو هەندێ پێویستیمان لەبارەگاکان هێناو ئێمە بەردەوام لەژێر بۆردومانداد ئەژیاین، لەکاتی بۆردوماندا سەگێکی گوندەکە لەترساندا خۆی دەکرد بە کونەتەیارەکەی ئێمەدا، جارێکیان هاوسەرەکەم ویستی دەری بکات، سەگەکە پەلاماری قۆڵیداو برینداری کرد، پاشان هاوسەرەکەم گوێزرایەوە بەری قەرەداغ، منو منداڵەکان گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، پاشی پانزە شەو هاوسەرەکەم هەواڵی نارد کەبچم بۆ گوندی(قارەمان) بۆ ماڵی زڕخوشکێکی، ئێمە چوینە(بەردەکەڕ) لەوێشەوە بۆ قارەمان، ژوورێکی ئاگردان بوو وشوێنی چێشت لێنانی خۆیانی بۆ چاك کردبوین، ماوەی سێ مانگ ماینەوە، هاوسەرەکەم لەگوندی(دوکان) ئەگەڕایەوە بۆلامان لەوێش بەهەمان شێوە بۆردومان بوو، شوێنێکی لێبوو خەڵکی ئەوگوندە ناویان نابوو(کونەفیران)، لەگەڵ سپێدەدا ئەچوینە پاڵ ئەوبەردانەو کەخۆر ماڵئاوایی لێدەکردین دەگەڕاینەوە ناو گوند، رۆژێکیان کۆپتەر نیشتەوە شوانێکی هەڵگرت و کەس نەیبینیەوە، هێرش هەبوو بۆ سەرگوندەکەمان، کاتژمێر دووی شەو هەستاین و کوڕێکی دشیەکەم لەگەڵمان هات و بەڕێکەوتین بەرەو گوندی(سوێراوا) بۆ ماڵی پەروینی دشم، کەگەیشتینە گوندەکە کەسی تیانەمابوو، ئەوکوڕە لەگەڵمان هات هەتاشاخی(زڕگوێز)، ئەگەر ئەوشەوە دەرنەچوینایە رژێم ئەیگرتین، جەڵەبێ حەیوانمان بینی کوڕێکی شوان سەرپەرشتی دەکردن، ئێمە لەگەڵ ئەوکوڕەدا کەوتینەرێگا بەڵام تاریك و روون بوو، وتی دەوروبەرمان هەمووی رەبیەیە ئەبێت خۆت و مناڵەکانت بەچوار چنگۆڵە وەکو بزنەکان بەشاخەکەدا هەڵگەڕێن، ئەگینا ئەماندەنە بەرماوەن، خۆم و منداڵەکانم بەشێوەیەکی زۆر سەخت

بەوشاخەدا سەرکەوتین تاگەیشتینە(زرگوێز)، کوڕە شوانەکە وتی ئێرە مەحەرەمەیە ناتوانم لەگەڵتان بێم، منیش لەبارێکی زۆر ناخۆشدا ئەژیام، دەستم کرد بەگریان بۆ ئەوژیانە سەختەی خۆمان، لەناکاو ژنێك هات وتی چی ئەکەیت؟

وتم خەڵکی سوێراوام ئەڕۆم بەرەو شار، وتی وەرە ماڵی ئێمە دابنیشە بەومەرجەی هەتائێواری کەستان لەو ژوورە نەیەنە دەرەوە، ئەوژنە بەڕێزە بەدیار کوڕێکی فیاریەوە دانیشتبوو وتی هەموو رۆژێکی سێ شەممە مستەشاری ئەو رەبیەیە دێت جاشەکانی بەدل ئەکات، خۆی لەگەڵمان هات تاسەرجادەکە، مستەشارەکە رۆیشت بەرەو رەبیەکەو دانیشتین تاگەڕایەوە، دەستی لەو سەیارەیە راگرت، وتی بوکمەو هاتووە سەردانی کردووم، هاوسەرەکەی لەگەڵ خۆتانە بەڵکو تاسلێمانی بیگەیەنن، پێشتر منداڵەکانم فێرکردبوو کەبڵێن باوکمان عەسکەرە، ئێمەی سەرخست بەڵام تاسلێمانی یەك وشەی لەگەڵ نەوتین، دابەزین و چوومە ماڵی شوبرایەکم بۆ بەیانی چوومە ماڵی دشێکم وتم ئەچم بۆ ماڵی خەسوم، وتیان گیراوە، ئێمەش لەشاردا لانەمان لێشێواو پاش چەند رۆژێك هاوسەرەکەم هەواڵی بۆ ناردم بچین بۆ(قەمچوغە) لەگەڵ(گوڵێ مەحمود جاف)دا کەهاوسەرەکەی(پ.م)بوو، کەسمان نەئەناسی ژورێکمان بەکرێ گرت، نزیکەی شەش مانگ هاوسەرەکەم نەبینی، هەواڵی بۆ ناردین بچین بۆ (تەلان)، منیش فەردەیەك ئاردم کڕی و گوێدرێژێکم بەکرێ گرت فەردە ئاردەکەم و کوڕەکەم سەرخست، تاگەیشتینە سەرجادە، خاوەنی گوێدرێژەکە فیاربوو نەیتوانی لەگەڵمان بێت، منیش نەمئەزانی چۆن بەومنداڵەوە بڕۆین، چوبووم ملی گوێدرێژەکەم گرتبوو قەپاڵێکی گرت لەقۆڵم و کوڕەکەی هەڵدامە خوارەوە سەری شکا، حاڵمان زۆر شڕبوو، تاگەیشتینە گوندی تەلان کەماڵی خوشکی هاوسەرەکەم بوو خێزانی بەکر تەلانی بوو بەخۆی و دەمنداڵەوە ئەنفال کران.

ماوەیەکی زۆر لێرەش مامەوە هاوسەرەکەم هەرلەجەولەدا بوو دیارنەبوو، منیش هەواڵم بۆ نارد رێگایەکمان بۆ دانێت، ئەمە نابێت ئێمە لەهیچ شوێنێك جێگامان نابێتەوە، پاش چەندرۆژێك هەواڵی بۆ ناردین لەگەڵ(١٥)ماڵی تردا بەرەو ئێران بکەوینە رێ، بڕیارماندا بڕۆین لەگەڵ ماڵی ئەحمەدقەیەفەری و عەلی بچکۆل و نوری حەمە عەلی) گەیشتینە گوندی(قەیەفەری)، مەفرەزەی(پ.م)هات بردینی بۆ(دێکۆن)، هاوسەرەکەم لەوێ بینیەوە، پاش ماوەیەکی زۆر لەیەکدا بڕان هەرهەمان شەو کەتاریکی کرد بەڕێکەوتین بۆ شاخە سەختەکەی(سورێن) من و منداڵەکانم لەڕێگا زۆر پەرێشان بووین، نینۆکی پەنجەکانی قاچمان هەمووی هەڵیدابوو کەپێم دەنا بەزەویدا لەئازاردا سوێ دەچوو بەدڵما ، ئێمەو ماڵێکی تر بەو شەوە بەجێماین بەوشاخە بەرزەی سورێنەوە ئەم لاولای رێگاکەمان بەمین چێنرابوو، ئەبوایە هەموومان بەو تولە رێگا باریکەدا بڕۆیشتینایە، نەئەبوایە منداڵ بگریایە یان قسەیان بکردایە لەترسی رەبیەکان، منداڵەکان بەدەم رێگاوە خەویان لێ ئەکەوت، خەوەکە بەسەریاندا زاڵبوو نەیان ئەتوانی بڕۆن، ئێمە لەکۆمەڵەکە دابڕاین رێگاکەمان

هەڵەکرد، سێ چوار(پ.م) هاتن بەهانامانەوەو بەیانی ڕۆیشتین بەرەوگوندی(کەپەژاڵ) لەبارەگاکانی ئەوێ هەفتەیەك پشوماندا، دواتر بە(پلەی مستەفا)دا سەرکەوتین تاچوینە (دزلی) لەوێ کاك(محەمەدی حاجی مەحمود) بارەگای لەوێبوو، هاوسەرەکەم مانگێك لامان مایەوە، ئیتر ڕۆیشت پاش ساڵێكو سێ‌مانگ بینیمانەوە، دوای ڕۆیشتنی هاوسەرەکەم ڕژێمی لەناوچوو کیمیاوی کرد بە دزلی‌دا، من ماڵەکەم گواستەوە بۆ(باراماوا)، دوای ئەوە چوینە(دۆشکێن) هەموو ئەرکەکانی ژیان لەسەرخۆم بوو هەتا ڕاپەڕین لەناوارەییدا ماینەوە.

کاتێك گەڕاینەوە، ساراو سایەی کچم خوێندنیان فەوتا بەهۆی ڕاکەڕاك و دەربەدەری، خۆمان هیلاك بوین لەشۆڕشدا، بەڵام منداڵەکانمان هەموو ژیانیان فەوتا خوێندنیان لەدەستچوو، خۆزگە حکومەتی هەرێم چاوێکی لە(نەوەی شاخ) ئەبوو کەژیانیان پڕ لە سەختی وڕاکەڕاك بوو.

هاوسەرەکەم باڵی(ڕەسوڵ مامەند)بوو، لە١٩٩٢دا یەکێتی و سۆسیالیست یەکیان گرتەوە ئێستا ئەندام مەڵبەندە کاتی خۆی ئەندامی ئیحتیاتی سەرکردایەتی سۆسیالیست بوو برای شەهید(مامە ئاراسە) باوکی هاوسەرەکەم لەبەندیخانەکانی ڕژێمدا لەژێرئازارو ئەشکەنجەدا شەهید بوو، مێردی دشێکم بەنوسراوی هاوسەرەکەمەوە گیراو لەسێدارە درا بەناوی(تایەر جەلال)، برایەکی خۆیشم ••بەناوی(محەمەد عەبدولڕەحمان) بەدەستی جەللادەکان شەهید کرا.

## نەزیرە کەریم فەتاح

نەزیرە کەریم فەتاح ئەوکچە هەست ناسک و شۆڕشگێڕەبوو کەبەنهێنی پەیوەندی کرد بە ڕێکخستنەکانی شارەوە بەڵام چۆن پەیوەندیەك، دیارە وەك زۆرێك لەکچانی ناونەم پەرتوکە نیە چونکە هەندێك لەوکچانە لەخێزانێکی شۆڕشگێڕەوە ئەو هەستەی تیا گەشەکردووە ، بەڵام ئەم جیاواز لەوان ، ئێستەش ئەم خاتوونە بەڕێزە لەزاری خۆیەوە باسی ڕۆژانی شۆڕش و خەباتمان بۆ ئەکات.

من لەشاری سلێمانی هاتومەتە ژیانەوە ، هەستی نەتەوایەتیم و خۆشەویستیم بۆ شۆڕش و بۆ نیشتمان هانی دام کەپەیوەندی بکەم بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە، لەساڵی١٩٨١دابوو کە بەشێوەیەکی نهێنی پەیوەندیم کرد بەهاوڕێ ئاوارە وە ئەم هاوڕێیە پاش ماوەیەکی کەم گیراو سەرەونگوم بوو.

منیش لەوزەمەنەدا قوتابی بووم لەترسی گرتن وازم لەپیرۆزترین شت هێنا لەژیانمدا کە خوێندن بوو، نەموێرا بگەڕێمەوە قوتابخانە، بەڵام کەس وکارم زۆریان هاندام کەبەردەوام بم لەسەرخوێندن .

بەڵام چونکە ئیشکردنەکەم شێوەیەکی نهێنی هەبوو، نەمتوانی لایماڵەوە ئاشکرای بکەم ، وەپاش ماوەیەکی‌تر پەیوەندیم بەست بە(ڕەحیمە بچکۆل)تا مانگی سەرماوەزەی١٩٨٢ من بەنهێنی کاری ڕێکخستنم دەکرد، دواتر ئەوهاوڕێیەش چووەشاخ، بەمنی گوت واباشترە دەست لەکاربکێشیتەوە .

د یارە خۆشەویستی من بۆ نیشتمان بۆ ئازادی ئەوەی لادروست کردم کەبڕیا بدەم، من خێزانێکی شوڕشگێڕ هەڵبژێرم، هەربۆیەش لە٢١ی نەورۆزی١٩٨٣دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ(کەریم حەمەئەمین)کەخەڵکی سەنگاوە،ژیانی هاوسەریم لەوێ بەسەربرد تامانگی جۆزەردانی١٩٨٣ لەوکاتەدا خەزوورم و شوبرایەکم گیران، لەلایەن ڕژێمەوە هاوسەرەکەشم بوبە(پ.م) لەتیپی ٥٥ی گەرمیان، گەورەترین ئاواتی من هاتەدی بڕواناکەم هیچ پێوەرێك ئەوخۆشیەی منی پێوابێت کە چونە شاخ بوو، یەکەم ماڵی(پ.م)یەتیمان لەگوندی(کرپچنە)بوو تامانگی خەرمانان لەوگوندەدا بووین .

دوایی کۆچ و بارمان گواستەوە بەرەو(قەڵاگە) تامانگی(ڕەزبەر) دواتر بەرەوگوندی(بانی مۆرد ) ڕۆیشتین ماڵمان لەو گوندە دانایەوە .

کەماڵمان لەوگوندە دابوو بەیانییەکی زوو هەستام لەخەو بەری ئاسمان بەهەورێکی ڕەش داگەڕابوو، بەڵام دەشت و چیاکان خۆیان نەخشاندبوو، ئەو بەیانیە ڕۆژی لەدایك بونی سەدامی دیکتاتۆربوو، کاتژمێر نۆی، بەیانی چەند فڕۆکەیەك هاتن بۆردومانیان کردین، من لەوساتەدا کوڕەکەم بەباوەشەوەبو و یەکەمجاربوو لەژیانمدا تەنوور دابگیرسێنم و نان بەتەنور

بکەم، بۆردومان دەستی پێکرد، هەرچی خەڵکی گوندەکە ڕایان دەکردە ناوکونە تەیارەو بن تاشەبەردەزلەکان، بەڵام من وەستابووم و سەیری ئاسمانم دەکردو فرۆکەکانم دەژمارد کەچوار کۆپتەرو دوو هەنتەربوون بۆ ماوەی یەک کاتژمێر بۆردومانی گوندەکەیان کردین، شوێنی گوندەکەمان زۆر سەخت و شاخاوی بوو هەربۆیەش دوو(پ.م) بریندار بوون لەبارەگای کۆمەڵایەتی کەلەوگوندەدا بوون بەدرێژای سێ مانگ تۆپ بارانمان لەسەربوو، هەربۆیەش ڕۆیشتین بەرەو گوندی(دەرەواری خوارو) ئێمەماڵمان لەگەڵ ماڵی کاک(مەحمود سەنگاوی) شوبرامدابوو بۆماوەی یەکساڵ لەوگوندەدا ماینەوە .

ژیانمان زۆرسەخت بوو، لەژێر بۆردوماندا ئەمان ناڵاند، دواتر بەرەوگوندی(گەڕەزیل) ڕۆیشتین پاش ماوەیەک جەیش و جاش هاتن شاخی(گڵەزەردەیان)گرت، ڕژێم و(پ.م) بوو شەڕیان شەڕی(بورجەکەو دارەڕەش)ڕوی دا ماوەیەکی زۆری خایاند لەوشەڕانەدا کۆمەڵێ(پ.م)ی شەهیدو بریندارهەبوو وەکو شەهید محەمەد سەعید تەلانی و شەهید عوسمان هەڵەدنی و کۆمەڵێ شەهیدیتریش گیانیان بەخشی بەنیشتمان.

لەمانگی ڕێبەندانداا بوو ڕژێم بەسەختی دەستی کرد بەهێرشە دڕاندانەکانی خۆی تۆپ بارانی گوندەکەمان سەرەڕای ئەوەش بەوچلەی زستان و زریان و تۆفە ماڵمان چۆڵ کردوو،چووینە شاخەکان هەرماڵەو لەبن ئەشکەوتێکدا ژیانمان ئەگوزەراند، من لەوساتەوە سەختەدا لەژێر بۆردومانی فرۆکەو تۆپ باراندا کەئەمان دەوێرا سەرلەئەشکەوتەکان بێنینە دەرەوە ژان گرتمی بەکورێکم ، ئەمامان هەبوو، ئەچارەسەر، ئەدەرمان ، ئەوەی یارمەتی دام ژنێکی شاخ بوو بەناوی چیمەن خان و ڕەحمەخان و خەسوم ، زۆربەنارەحەتی منداڵەکەم بوو، بەوشاخە ڕەقەوە بێجگە لەئێمەو کۆمەڵێ(پ.م)زیاتر کەسیتری پێوەنەبوو، هەتا ئەوەندە ساردبوو، بەدەمای ژیانی کۆرپەکەم نەمابوین ، بەوسەختیە ژیانمان بردەسەر تامانگی گەلاوێژ نەمانتوانی بگەڕێینەوە ناوگوند، دووساڵ ژیانێکی سەختمان بەسەر برد ، لەوگوندەدا ماینەوە تاگەلا ڕێزانی١٩٨٧ ڕژێم هات قەرەداغی گرت و تەختی کردوو گەڕایەوە.

ئێمەش کۆچ وبارمان پێچایەوە بەرەوگوندی(هۆمەرامان) مانگێک ژیانمان بەسەربردو گەڕاینەوە ناوچەی(سەنگاو) من زۆر یارمەتی هێزی(پ.م)م ئەدا لەچەک شاردنەوەو ئیشی ڕێکخستندا، من بۆ سەردان گەڕامەوە بۆ سلێمانی، پاش ماوەیەک خۆم و هەردوو کوڕەکەم ویستمان بگەڕێینەوە ناوچەی سەنگاو، گەڕامەوە(هۆمەرامان) لەوێوە بەپێ بەڕێکەوتم خۆم و هەردوو منداڵەکەم لەژێربارانێکی زۆردا هەموو گیانمان قوڕاو باراناوبوو تاگەیشتمە(دەربەندی سەگرمە) تراکتۆرێک هات هەڵی گرتم، لەژێر لێزمەی باران و شەوی ئەنگوستەچاودا گەیشتمە گوندی(کریچنە) لەوگوندەدا کەسم نەئەناسی هەموو گیانمان تەڕو قوڕاوبوو، چومە ماڵێک خاوەن ماڵەکە ناوی(فهمی)بوو دوای ئەوەی پشویەکم دا لێیپرسیم

خوشکی خۆم چۆن رێگات کەوتۆتە ئەم گوندە ، منیش ناونیشانی خۆم بۆهەڵدا، ئاسیاوی ماڵی خەزورم دەرچوو.

واهەواڵ گەیشتبووە ماڵی خەزورم من گیراوم لەرێگاو شوبرایەکم گوندبەگوند بەدوامدا گەڕابوو تاگەیشتە ئەوگوندەی منی لێبووم، بەرێکەوت خاوەن ماڵەکە چووە دەرەوە شوبراکەم پرسیاری لێکردبوو ژنێک و دوومناڵت نەدیووە لەم گوندەدا ئەویش وتبووی با وان لەماڵی ئێمە، شوبراکەم هات بۆلامان و بەیانی لەگەڵیا گەڕامەوە بۆ(دەرەوان) لەوێ ماینەوە تا ئەنفال سەنگاو دەستی پێکرد لە٢٤ی ئەوروزی ١٩٨٨بوو یەکەم گوند کەرژێم سوتاندی‌گوندی کچان بوو، لەو داستانەدا(هاوسەرەکەم و کاك مەحمود) چوبون بۆ حملەی سەرکردایەتی لەشەڕدا بوون هەواڵیان بۆ ناردین ئەوگوندە چۆڵ بکەن و فرۆکەی سیخۆ هات گوندی(بانی مۆرد)ی بۆردومان کردو پێنج(پ.م) شەهید بوون .

ئێمەشی بەرەوچارەنوسێکی نادیار کۆڵەپشتمان بەست و منداڵمان کردە قەڵاندۆشکان و بەژێر لێزەمەی باران و زریاندا کەو تینەڕێ گەیشتە گوندی(تیلەکۆ)من و سەعدەی خێزانی کاك مەحمود و خەسوم و خەزورم و شوبرایەکم و خێزانی مامۆستا جوامێر، لەوگوندەدا شەوێك ماینەوە لەماڵی شەهید(شینە) کەلەدوایدا خێزانەکەی و چوارمنداڵی ئەنفال کران .

دواتر رۆیشتین بەرەو گوندی(گۆڕی‌ئەسپ) لەماڵی مام ساڵح پشویەکماندا، لەوێ لەگەڵ ماڵی مەلائەحمەدی گەرمیان بەرێکەوتین بەرەوگوندی(شۆراوا)جەیش و جاش هەربەدوامانەوە بون چووینە گوندی(قەڵاتەبزان) دواتر رۆیشتین بەرەوگەرمیان دووشەو د و رۆژ بەرێوەبوین تاگەیشتینە گوندی(تاڵەبان) پاش ئەوگوندە بەرەوگوندی(بلە) رۆیشتین شاڵاوهێرشی ئەنفال لەهەموو لایەکەوە دەستی پێکردبوو، گەیشتینە گوندی(بنەبەران) شەش رۆژ ماینەو .

دوای ئەوە کەوتینەوە رۆیشتن لەژێرباراندا، دوبرادەری جاشی دەربازیان کردین بەرەو(کفری) بەشێوەیەکی نهێنی سێ مانگ لەکفری ماینەوە، هاوسەرەکەم دەلیلێکی نارد بەشوێنما لەرێگەی بەغدادەوە بڕۆین من لەگەڵ تۆبای خێزانی جلال شۆرایی لەگەڵ خێزانی ساڵح پوتەیی و خەزوریی توباو لەگەڵ ئەبوعەلی کە دەلیلمان بوو، ئەبوایە ئێمەش کاتژمێر ١٠ی بەیانی بگەیشتینایەتەلای ئەوان ، بەڵام ئێمە سەیارەکەمان لەدوز چەند خولەکێك دواکەوت، ئێمە گەیشتینە شوێنی دانراو هەموویان گیرابوون لەلایەن رژێمەوە ئێستاش بێ سەروشوێنن ، من و شوبراکەم گەیشتینە بەغداد ئەمان توانی بڕۆین چونکە دەلیلەکەش گیرابوو، چووینە ماڵە ئاسیاوێك ئەیان وێرا بەخۆمان بگرن، لەوڕۆژە سەختانە هەتاچەند کاتژمێرێك لەماڵیان بوین نانیان ئەداینێ و ئیزنیان داین ، بەڕاستی ئەوە کارەساتێکی ناخۆش بوو بۆ ئەوانیش و بۆ ئێمەش، ئەو رژێمە کارێکی وایکردبوو، بەتایبەتی لەشاری بەغداد دا کەس نەی ئەوێرا بشدوێ لەگەڵ یەکدا ئەك جێگای(پ.م) بکاتەوەو خزمەتی بکات، رۆیشتین بۆ(ساحەی نهچە) نانێکمان خوارد یەکسەر گەڕاینەوە بۆ شاری

سلێمانی(سلێمانی) ، چومە ماڵی خوشکێکمماڵیان لەسەر جادەی ئیبراهیم پاشا بوو ، (١٥)رۆژ مامەوە لەلایان تاژورێکیان بۆگرتم لە لەگەرەکی خەبات و کەس و کار هەندێ کەل وپەلیان بۆ کۆکردینەوە، خۆم و شوبراکەم لەوژورەدا ئەژیاین، تەندروستیشم زۆر ناتەواوبوو لەسەر منداڵ بون بووم، لەم شارەگەورەیەدا نەمویرا بچمە نەخۆشخانە.

بەمامانێکی لاکۆلان بەشێوەیەکی سەخت و نارەحەت کچێکم بوو ، سوعاد خانی خوشکم زۆر دڵسۆزم بولەو رۆژە سەختانەدا یارمەتی دام .

پاش ئەوەی کچەکەم بو بەسێ مانگ هاوسەرەکەم دەلیلێکی تری نارد بە شوێنما چوم بۆ رانیە(١٥)رۆژ ماینەوە رێگا نەبوو هەمدیس گەراینەوە بۆ شاری سلێمانی، پاش دوومانگی تر بەژیانێکی سەخت لەشار مامەوە هەمدیس دەلیلێکی تری ناردبەشوێنما بەرەوناوارەیی و ئێران کەوتمە رێ ، لە(قاسمە رەش) پاش لەیەکتری دابرانێکی زۆرو خێزانێکی پەرتەوازە ، ئەوجارەش یەکمان گرتەوە ماڵمان لە(کانی دینار)ی ئێران دانا و هەتا راپەرینە مەزنەکەی ١٩٩١ ماینەوە.

لە٢١ی ئابیشدا هەمدیسان بەرەو گوندی(میشیاو)لەگەڵ ماڵی کاک مەحمودی شوبرام و کورستانی خێزانی کاک عومەردا هەشت رۆژ لەدەشتێکی چۆڵ و بێ ئاودا بوین ، هەمووگیانمان خۆڵ بوو چڵکن بووین ، ویستمان بگەرێنەوە ناو گوند خۆمان و جلەکانمان بشۆین لە رێگا کەوتم و قاچێکم شکا .

بەو نەخۆش وهیلاکیەوە پارتی منیان گرت تائێوارێ بەحاڵێکی ناخۆش بەریان دام ، دوای چەند رۆژێک بە ئازارێکی زۆرەوە بەسواری هێسترچوین بۆ(مەریوان)٢٥ رۆژ ماینەوە دواتر گەراینەوە باشماغ و پاش ماوەیەک گەراینەوە ماڵەکانی خۆمان.

## گەلاوێژ حەمەساڵح

گەلاوێژ حەمەساڵح ئەوژنە ئازاو بوێرەی مەیدانی خەباتە بێ هیچ سڵەمینەوەیەک لەکاتی شەڕدا کاری (پ.م)یەتی خۆی ئەنجام داوەو زۆرنهێنی ڕێکخستنەکانی لەحەشارگەدا حەشارداوە.

لەشاری سلێمانی لەخێزانێکی کوردپەروەر هاتومەتە ژیانەوە، من وەک کچی وڵاتێکی داگیرکراو، هەرلەتەمەنی منداڵیدا هەستم بەچەوسانەوەی گەلەکەم کرد، هەربۆیەش لەڕۆژێکی ئاسمان سامالی ساڵی١٩٧٩دا پەیوەندی ڕێکخستنم بەست بەئامۆزای خۆمەوە بەناوی(سەیوان) کەئێستا هاوسەرمە، فیشەک و پارەمان کۆدەکردەوەو دەمان نارد بۆ دەرەوە بێجگە لەبڵاوکراوەکانیش بەشێوەیەکی نهێنی کارمان دەکرد زۆر بەوردی ئیشمان دەکرد تا لای ڕژێم ئاشکرا نەبین.

لە١٣ی جۆزەردانی ١٩٨٣دا کەوتمە ژیانیهاوسەرییەوە لەوکاتەدا هاوسەرەکەم لەڕێکخستنی ناوەندی کاری دەکرد، یەکەم ماڵی (پ.م)یەتیمان لە(سورداش)بوو، دوای تەواوبوونی دانوستانەکە هاوسەرەکەم بوو بەلێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی چوارتا، ماڵمان بردە گوندی (بەردەزەرد)و(قوتابیان)، پاش ماوەیەک مانەوەمان لەوگوندەدا، ئەو ناوچانەی شارباژێر گەمارۆ درابوو لەنێوان ڕژێم و جاشداو کەمتر چالاکیی تێدا ئەنجام ئەدرا، زوو زوو جاشەکان هێرشیان دەکردە سەر ناوچەکە هەتا شەڕی(دەربەندی واژە) ڕوویدا جاش و ڕژێم پەلاماری ناوچەکەیان داو تیپی٣٧ی شارباژێر هێرشەکەی ڕژێمیان تێک شکاندو (پ.م)یەکیش شەهید بوو، دواتر هاتینە (باخی ئاش) لەوێ کەپرێکمان لەلق و گەڵای درەختەکان دروست کرد ، سەکۆیەکی گەورەو خۆشمان دروستکرد، ئەگەر لەترسی شەوانەی جاش نەبوایە بێگومان شوێنەکەمان سەیرانگایەک بوو بۆ خۆی.

لەگوێ چەمی سنکێ)بوین هەمووجۆرە میوەیەکی بەرداری لێبوو، هەوا فێنکەکەی شەوانی و ورشەی ئەستێرەکان لەشەودا ئەشئەی دەبەخشی بەژیان.

بەڵام مەخابن ئەوایە بەشەو من و هاوسەرەکەم و کاک ئاراسی شوبرام بەسەرە بخەوتینایە، هەر کاتژمێرەو یەکێکمان چاودێری خەوتوەکانمان بکردایە، دواتر بەرەو گوندی(وەڕان) ڕۆیشتین، ئێمەش هەرچیمان هەبوو خستمانە سەرپشتی گوێدرێژێکەو بەپێ بەڕێکەوتین بەرەو (وەڕان)، دواتر کەرتی ڕێکخستن بەرەو (کونجرین) ڕۆیشتن بەهەمان شێوە ئێمەیش ماڵەکەمان بردە کونجرین .

شەو تابەیانی لەژێر ناڵەو گرمەی تۆپ باراندا ئەمانناڵاند سەرەڕای بێ ئاویەکەشی، هەتا دەبەیەک ئاومان دەست دەکەوت بەو هەموو میوانەوە زۆر هیلاک دەبووین، من ماوەی شەش مانگ بوو ژیلوانی کوڕم نەدیبوو لەماڵی باوکم بوو، هاوسەرەکەم نزیکەی مانگێک لەجەولە بوو منیش زۆر بیری کوڕەکەم دەکرد، بەرەو شار کەوتمەڕێ بۆ ئەوەی کوڕەکەم بهێنمەوەلای خۆم بەڵام لەبازگەی نێوان سیتەک قەڵاچوالان گیرام، هەندێ پارەی وردەم پێبوو لەجانتاکەمدا، جانتاکەیان پشکنیم وتیان فیشەکی تێدایە، بەڵام لەڕاستیدا هیچ فیشەکێکی تێدا نەبوو، ئەفسەری بازگەکە کەوتەبیانوو گرتن پێم و قسەی ناشیرین کردن و کلاشینکۆفەکەی خستە سەرملم وتی ئەبێت بڵێیت تۆ (پ.م)ی شیوعیت یان اتحاد وەتەنی منیش هەربەرگریم لەخۆم دەکرد کەهیچ نیم.

لەکاتژمێر چواری عەسر تلیفۆنیان بۆ فەیلەق کرد، وتیان ژنێکمان گرتووە بەکۆمەڵێک فیشەك و قومبەلەوە منیش زۆر توڕەبووم پێم وتن ئێوە درۆزنن، من هیچ شتێکم پێ نییە، چۆن درۆی وادەکەن.

کاتژمێر حەوتی ئێواری سواری زیلێکی عەسکەرییان کردمو بەناو هەموو شاری قەڵاچوالاندا ناردیانم بۆ فەیلەقی یەك بۆ چوارتا، لەوێش(رائید دارا)ی لێبوو چەند پرسیارێکی لێکردم منیش وتم مامم نەخۆشە لەگوندی(وەڕان)چووم بۆ سەردانی، زۆری پرسیار لێکردم من حاشام لەهەموو شتێك کرد، پاش لێپرسینەوەیەکی زۆر، پێی وتم من بەرت ئەدەم، ئەبێت ئەمشەو بەپێ خۆت بگەیەنیتە قەڵاچوالان ئەگینا کاتژمێر حەوتی بەیانی دەتبەن بۆ ئیستخباراتی سلێمانی .

منیش چارم ناچاربوو لەژێر شینایی ئاسماندا بەرهاوینە کەوتمەڕێ لەناخی خۆمدا زۆر ئەترسام بەناو ئەو هەموو رەبیانەی بەینی چوارتاو قەڵاچوالاندا لەبازگەی قەڵاچوالان وەستانیانم وتم من بەهەڵە گیراوم و(رائید دارا) بەری داوم، بەهەرحاڵ گەیشتمە قەڵاچوالان چومە ماڵێك وتم ئەمشەو جێگام بکەنەوە، هێشتا یەك کاتژمێر بوو لەماڵەکەبووم رێکخستنی قەڵاچوالان هاتن وتیان بۆ گیراویت، وتم نازانم چوم سەردانی مامم کردووە، یەکێ لە (پ.م)کان ووتی ئەتناسم خێزانەکەی کاك(سەیوان)یت، کاتژمێر چواری بەیانی ئامادەبە ئەتبەمەوە بۆ کونجرین، منیش لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم تاڵی زیوینی خۆر کە خۆی پەخشی دەکات بەسەرخاکەکەمدا بەپێ کەوتمە رێگا بەرەو گوندی (کونجرین).

نەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ شار، دایکم (ژیلوان)ی کوڕمی بۆ هێنام نزیکەی مانگێك لام بوو، لەوکاتەدا هێرشەکانی رژێم دەستی پێکرد بەرەوگوندەکانی(کونجرین، کوڕەداوێ، میراوا) مانگی گەلاوێژو رەزبەری١٩٨٥بوو، کاتێك رژێم هێرشی کردە سەر گوندەکە هەمووی چۆڵی کرد،منو کوڕەکەمو ئاشتی ماینەوە رامانکردە سەرجادەو چووینە گوندێکی ئەوبەر جادەکەوە، ئەجلم پێبوو ئەشیر هیچ پێویستییەکی کوڕەکەم لانەبوو.

تائێوارێ هەر هێرشیان لەسەربوو تاتیپی٢٧ی شارباژێڕ هاتن بۆ یارمەتیان، ئێمەش دووبارە گەڕاینەوە ئەوبەر جادە، چووینە ماڵە شێخێك، هەواڵم نارد بۆ دایکم بێت کوڕەکەم بەرێتەوە بۆ شار، هاوسەرەکەم و (پ.م)کانی رێکخستن لەگوندی کوڕەداوێو کونجرین خۆیان حەشاردا بوو، لەشاخ و ئەشکەوتەکاندا شەوانە جارجار ئەهاتن سەردانی ئێمەیان دەکردو نانیان دەخواردو دەڕۆشتن .

پاش دووهەفتە دابڕان لەیەکتری چوم بۆ شوێنی حەشارگەکەیان وتم ئێمە چی بکەین لەوماڵە، هاوسەرەکەم وتی ئەم ناوچەیە ئابڵوقە دراوە ئەبێت ئێمەش بکشێینەوە، دواتر بەرەو گوندی(گاپیلۆن) رۆیشتم لەوێشەوە بۆ سلێمانی، بەنهێنی مانگێك مامەوە لەوزەمەنەدا من لەشاربووم ماڵی خەزوریشم گیران، خانوو وسەیارەیان دەستی بەسەرداگیرا، من لەسلێمانی شوێن نەبوو خۆمی تێدا بشارمەوە، گەڕامەوە(گاپیلۆن) هاوسەرەکەم لەوێ نەمابوو، وتیان گوێزراوەتەوە تیپی٣١ی سلێمانی لەگوندی (بزەینان)، رۆژی دوایی لەژێر ترس و لەرزدا بەشێوەیەکی نهێنی خۆم گەیاندە شارباژێڕ وتیان بەرێوەیەو نەگەیشتووە.

هەمدیس گەڕامەوە بۆ سلێمانی، دوو رۆژ دواتر کەوتمەوەڕێ بەرەو شارباژێڕ لەگوندی(بزەینان) هاوسەرەکەم بینیەوە، چوینە ماڵی حەسیبە خان خێزانی مامۆستا کەمال، پاشان لەبارەگای کەرتی رێکخستن ژورێکیان بۆ چۆڵکردین، بەرۆژ بارەگابوو کۆبونەوەی تێدا دەکرا، بەشەو ئێمەی تێدا دەخەوتین، پاش مانگێك بەرەو گوندی (کاژاو) بەڕێکەوتین نزیکەی مانگێك ئەبوو لەوگوندەدا ئەژیاین.

رۆژێکیان لەناکاو هێرش کرایەسەر گوندەکە، لەوکاتەدا ڕێکخستنەکان کۆبونەوەیان هەبوو هاوسەرەکەم لێپرسراوی ڕێکخستن بوو، هەرچی ناوی ڕێکخستنە لای بوو، جانتاکەی دایە دەستی من ووتی ئەگەرخۆت کوژراویت نابێت ئەم جانتایەبکەوێتەدەست دوژمن، منیش خێرا لەژێرخانی ماڵێکدا چاڵێکم بۆ هەڵکەندو خستمە ژێرگڵەوە، ئەوڕۆژە لەبەیانییەوە تائێواری شەڕێکی زۆر قورس بوو، چوارکۆپتەر بۆردومانیان دەکرد، (پ.م)یەك شەهید بوو، گوندەکە هەمووی چۆڵی کرد.

تەنها من و ژنێکی پیر مابووینەوە، ئێمەش نانمان تەڕ دەکردو دەمان نارد بۆ سەرشاخ، (پ.م) کشانەوە لەناوچەکە منیش لەگەڵیان گەڕامەوە تاگوندی(وێڵەدەر)، ئەوشەوە لەگەڵ پیاوێکی پیردا گەڕامەوە بۆ سلێمانی بۆ ماڵی باوکم، لەکاتی شەڕەکانی (قەیوان ماوەت)دا سێ مانگ بوو ماڵەکەمان لەوێ بوو.

لەوماوەیەی پێش شەڕدا بەجەولە لەگەڵ هاوسەرەکەم و کۆمەڵێ (پ.م)دا بەرەو (مۆکەیە) ڕۆیشتین لەناکاو کەوتینە کەمینی جاشەوە، هەموو (پ.م)کان خۆیان دایە لاپاڵێك و بن بەردێك و ئامادەبوون بۆ شەڕکردن من نەبێت بەپێوە وەستابوم هاواری هاوسەرەکەم کرد چی بکەم، ئەویش وتی تۆش وەکو ئەو (پ.م)نە لەپاڵ دەوەنێکدا خۆت بدە بەزەویدا، بەڵام بۆمن ئاسایی نەبوو چونکە سکم هەبوو، دواتر بەرەو(سنروو مێولاکە) ڕۆیشتین و پاش ماوەیەك شەڕی قەیوان ماوەت لە٨ی گەلاوێژی١٩٨٦دا دەستی پێکرد ئێمەش شەش ژنی شاخ بووین بەیەکەوە شەوی یەك فەردە ئاردمان دەکرد بەناوساجی بۆ شەڕەکەو تەداوی بریندارەکانمان دەکردو بۆ ماوەی سێ مانگ بەشەو هێزی (پ.م) شاخی (دووبرای) دەگرت و بەیانی ڕژێم لەژێر زەبری تۆپ باران و بۆردومانی فڕۆکەدا شاخەکەی ئەگرتەوە، تالەکۆتاییدا ئەو شاخە کەوتە ژێر چنگی ڕەشی بەعسیەکانەوە.

هێزی (پ.م) لەناوچەکە کشایەوەو بەخێزانەکانیان وت بڕۆن، من بەتەنها مامەوەو گاپیلۆن بوو بەخەلفی، منیش چووم بۆ(عیلاقات) کە شەهید ئازاد هەورامی لێپرسراوی بوو، (پ.م) لەگاپیلۆنەوە خواردنیان دەبرد بۆ بەرەکانی ( سنر وو مێولاکە). دوای ماوەیەك مانەوەم لەعلاقات بەرەو گوندی(هەناران) ڕۆیشتین، ماڵمان لەوێ دانایەوە، ڕۆژێك میوانمان هەبوو سەیرم کرد (ڕائید دارا) لەناو میوانەکاندایە، بە هاوسەرەکەم وت ئەوە (ڕائید دارا)یە کەمنی بەردا، وتی ئەوە لەگەڵ خۆمانەو هەفتەیەکە هاتۆتە دەرەوە، پاش ماوەیەك مانەوەم لەوگوندە گەڕامەوە بۆ سلێمانی، چووم بۆ نەخۆشخانەی منداڵ بوون، لەوێ سەرانی ڕژێم لەناو نەخۆشخانەکەدا بەدوامدا دەگەڕان، بەڵام بەهۆی دکتۆر ناهیدەوە کەئەشتەرگەری بۆ کردمو پاراستمی لەدەست ئەو جەللادانە بەشێوەیەکی نهێنی چوار ڕۆژ لەنەخۆشخانە مامەوە. لەم نامیلکەیەوە سوپاسی دەکەم.

کەداستانی ڕزگاری رووی دا تەمەنی کوڕەکەم ٤٠ شەو بوو، بەرەو گوندی چۆخماخ کەوتمەڕێ، من نەمئەتوانی بەبەردەوامی سۆز بدەم بەمناڵەکانم، زۆربەی کات لەیەکتر دابڕابووین، لەبەربێ شیری سەرکەوتی کوڕم بردەوە بۆ شارو (ژیلوانم) هێنا، پاش ماوەیەك مانەوەمان گوندی چۆخماخ مان بەجێ هێشت و بەرەو(مالومە) ڕۆیشتین، کەگەیشتینە ئەو گوندە زەوییەکەمان لەباری درێژی پێنج مەتر چاڵ کرد لەشێوەی خەندەقێکدا سەرەکەی شیشی ئاسن بوو گڵێکی زۆری لەسەربوو، منیش بەتانی تەڕم ئەدا بەمسەرو ئەوسەری خەندەقەکەدا، من و روناك خانی خێزانی دکتۆر وریا شەوانە لەو کونەدا بلۆکمان دانابوو لەسەری دائەنیشتین، من کوڕەکەم لەباوەش دەگرت و سەری بە سنگمەوە دەنوساند. ئەو شەوانە کۆتایی سەرکردایەتی بوو لەوناچانە، شەو هەتا بەیان بەراجیمەو تۆپی کیمیاوی لێی ئەدان.

بەیانییەکیان لەکونەکە هاتینە دەرەوە یەك مەرگەسات بوو مەپرسە، شەهید زۆر بوو، ئیمەش لەبەرئەوەی شەوان ئاگرمان دەکردەوە لەکونەکەدا هیچمان لێ نەهاتبوو، منو روناك خان منداڵمان بەکۆڵدا دابەستو بەرەو چۆخماخ رۆیشتین، پاش شەوێك مانەوەمان لەماڵی کاك ئاراس بڕیارماندا بگەڕێینەوە سلێمانی، لەمانگی رێبەندانی ١٩٨٨لەژێر ئەوبەفرە ئەرمەدا ورد ورد ئەهاتە خوارێ کەوتینە رۆیشتن بەرەوشاخی قزلەر، پاش چارەکێك پشودان بەرەو گوندی هەناران رۆیشتین، (پ.م) هاتن وتیان ئەمشەو ئەوگوندە چۆڵ کەن رێگا نەماوە، ویستمان بەهەمان رێگا بگەڕێینەوە بەڵام رژێم شاخەکەی دایە بەر راجیمەی کیمیاوی ناچار بە(دۆڵە روتەدا) چوین بۆ(مێرگەپان)، .

من زۆر هیلاك بووم کوڕەکەم هەربەپشتمدا بەستبوو، ئەوهەموو شاخو رێگایەم لەژێر بەفرو سەرمای١٩٨٨دا بڕی، ئەگەر بیروباوەڕێکی پۆلاینو ورەیەکی بەرز نەبوایە کێ ئەتوانێت ئەو هەموو شاخە سەختانە ببڕێت، ئەوشەوە لەماڵێكماینەوە لەگەڵ سپێدەدا بەخەبەر هاتین، هەموو رێگاکان گیرابوون تەنها رێگەی شاخە سەختە بەفرینەکەی(قاتڕۆڵێ) مابوو کەدوو سێ مەتر بەفری تێدا بوو کەس نەی ئەوێرا پیا سەرکەوێت،٢٠٠-٣٠٠کەس وەستابوون چاوەڕوانی یەکەم کەسیان دەکرد، دکتۆر وریا وتی من دەرمانم پێیە بۆ بریندارەکان ئەبێت سەرکەوم، ئێمە بەسێ کاتژمێرونیو گەیشتینە سەرلوتکە، دواتر گەیشتینە(چۆخماخ) شەو لەوێ ماینەوە، کاتژمێر سێی شەو بەئاگایان هێناین کە رژێم هێرش دەکات.

کەوتینەوە رۆیشتن بەشاخی ژیلواندا سەرکەوتین، یەك شەوو رۆژ بەڕێوەبوین کوڕەکەم هەر لەپشتمابوو، لەژێر کرێوەی بەفردا قاچەکانمان بەستبووی، بەدرێژایی هەموو رێگاکە هاوسەرەکەم نەبینی، لەڕێگا کوڕەکەم لەحاڵەتی رەق بوونەوەدابوو، خۆم خورمام دەجوو وردە وردە دەمکردە دەمی کوڕەکەم، بەڵام ئەو دەمی رەق ببوو بۆی نەدەکرایەوە.

تاگەیشتینە (شاناخسێ) پاسدارەکان لێیان وەرگرتم پەرەمێزیان داگیرسان گەرمیان کردەوە تا وەردە ور.ه کەوتە جوڵە، دواتر بەسەیارە بەرەو شاری بانە رۆیشتین، شەو کوڕەکەم بەپەلە گەیاندە نەخۆشخانە زۆرهیلاك بوو، بۆ رۆژی دوایی بەرەو سەردەشتو قاسمەرەش رۆیشتین، چوینە گوندی(وەردێ) پاش بیست رۆژ مانەوەمان لەماڵی(خاڵە هەمزە)هیچ هەواڵی هاوسەرەکەم نەئەزانی، پاش مانگێك هاوسەرەکەم گەڕایەوە. بەئێمەو ماڵی دکتۆر وریا ژورێکی گەورەمان هەر لەوگوندەدا گرت بەکرێو چوینە ناوی، هاوسەرەکانمان چوون بۆ باڵەکایەتی، منو روناك خان هیچ پێویستییەکی ژیانمان نەبوو، تەنانەت پارەش، جاربەجار ئەچوین بۆ بارەگاکانی قاسمەرەش داوای ئازوقەمان لێدەکردن بۆ ئەوەی پێی بژین، پاش نۆ مانگ هاوسەرەکەم گەڕایەوەو بەرەو (سەقز) رۆیشتین.

پاش ساڵێك مانەوەمان لەسەقز، چوینە گوندی(سەبەتلۆ) لەوێ بەشداریم کرد لە( یەکێتی ژنانی کوردستان )دا، من یەکسەر ناوچەی بلەکێو سەردەشتم وەرگرتو گەوتمە کارکردن، لەشاری (بانە)یش قوتابخانەی نەهێشتنی نەخوێندەواریمان کردەوە بۆ ژنە نەخوێندەوارەکان، تاراپەڕین ماینەوە، دوای راپەڕین من لەلقی سلێمانی( یەکێتی ژنانی کوردستان )کارم دەکردو ئەندام کۆمیتەی رێکخستنی سەرچناربوم، دواتر بەرەو وڵاتی هۆڵەندا رۆیشتین، ئێستاش گەڕاومەتەوە کوردستان.

## گەلاوێژ تۆفیق محێدین

گەلاوێژ تۆفیق محێدین ئەوژنە بوو کەترووسکایی ئازادی لەناخیدابوو، هەرئەوش وای لێکردبوو گوێ نەدات بەژیانی خۆی چەندەها شاخی سەخت ببڕێت کە بەبەفری ئەستوور داپۆشراوبوو.

من لەخێزانێکی نیشتمانپەروەر لەشاری سلێمانی هاتومەتە ژیانەوە، ئەم شارەی کەمەڵبەندی رۆشنبیری و شۆڕشگێڕانە هەربۆیە منیش هەستم کرد پێویستە لەسەرشانم کاری شۆڕشگێڕانە ئەنجام بدەم، ئەو هۆکارەش بووە هۆی هەڵبژاردنی هاوسەری (پ.م) بەناوی"شێخ حسێن سور" فەرماندەیی تیپی٢٧ی شارباژێڕ بوو من لەوکاتەدا مامۆستابووم کەچوومە ژیانی هاوسەرییەوە.

یەك هەفتە مۆڵەتم وەرگرت، لەبەرئەوەی لەیەکتر دورئەکەوتینەوە، نەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانەکەم لەچوارتا یەك مانگ غایب بووم، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم لەسەری نوسیم، غیابەکەشم چووە بۆ فەرمانگەی(تەربیە) ئەوکاتە(خدر شەوکەت) بەڕێوەبەربوو بانگی کردم، منیش چووم بۆلای وتی: بۆیەك مانگ غایبی خێزانکەی(شێخ حسەینە سور)؟ بۆ شوت کردووە بە (پ.م)؟

وتم من ئازادم کێ هەڵئەبژێرم،(خدر شەوکەت) وتی دە ئەبێت یان کارەکەت هەڵبژێریت یان هاوسەرکەت، منیش ڕاستەوخۆ وتم ژیانی ئازادی و شاخ هەڵئەبژێرم، هەر بۆیەش فەرمانی دەرکردنم دەرچوو، گەڕامەوە بۆ گوندی(گەڕەدێ) دانیشتم یەك مانگ بوو کەلەژیانی هاوسەری دابووم شەڕی(کەتوو) ڕوی دا لەوشەڕەدا هاوسەرەکەم برینداربوو، کەبەو شێوەیە بینیم خوێن بەهەموگیانیا ئەهاتە خوارەوە یەکسەر بورامەوە چونکە پارچە بەر سەرو ملی کەوتبوو، پاش ماوەیەکی زۆر چارەسەرکردن بەرەوچاکبوونەوە ڕۆیشت.

لەبەرتۆپ بارانی ناوچەکە نەمانتوانی بمێنینەوە چووینە بەری قەرەداغ بەڵام خۆم بەشێوەیەکی نهێنی گەڕامەوە بۆ سلێمانی بۆ ماڵی باوکم. هەتا من لەشار بووم، هاوسەرەکەم ماڵەکەی گواستبۆوە بۆ شیوی قازی، دوای مانگێك مانەوەمان بەرەوگوندی(سێوسێنان) ڕۆیشتین، لەوێ ماڵی کاك(بەکری حاجی سەفەر و مەلا بەختیار)ی لێبوو ماوەی شەش مانگ ماینەوە، ئەوەندەم گونداو گوند کرد بەسواری تراکتۆر، نۆبەرەکەم کچ بوو بەمردوویی بووم، هەرچەندە لەشاریش بووم لەترسی گرتن نەموێرا بچمە نەخۆشخانە، هۆکاری مردنەکەش ترسی گرتن بوو، بەڵام خۆمان بەرەو ناوچەی(بادینان) ڕۆیشتین چوینە گوندی(کۆلەکان) هەموو بارەگای حیزبەکانی لێبوو بارەگای حیزبی(پارتی گەل و زەحمەتکێشان و حسك)و کۆمەڵێ بارەگای تر، بەڕاستی ناوچەیەکی هەتا بڵێیت سەخت و شاخاوی بوو، هەمووی بەردی گەورە گەورەو کونە بەردو ئەشکەوت بوو دارستانێکی زۆر چڕ بوو شوێنێکی

هەتابڵێیت سەرنجڕاکێش بوو، من هەرگیز شوێنی واسەختم نەبینیبوو هەتا ئەوکاتە، لەبەرئەوەش ناوچەکە موحەرەمە بوو هەمیشە فڕۆکەکانی ڕژێم بەسەرمانەوە بوو، لەهەمووی زەحمەتتر ئەوەبوو کەمن تەنها ژن بووم لەوگوندەدا، پاش مانەوەم بەچەند مانگێک گەڕامەوە بۆ سلێمانی بۆ منداڵ بوون، چونکە منداڵی یەکەمم مرد، لەبەر پاراستنی ژیانی منداڵەکەم، بڕیارم دا بچمە نەخۆشخانە منداڵم بێت.

کچێکم بووبە ناوی(ڕۆژان) پاش یەک مانگ بەیارمەتی ڕێکخستنەکان بەرەوگوندەکانی دەوروبەری هەولێر گەڕامەوە هاوسەرەکەم چاوەڕوانم بوو بەمەفرەزەیەکەوە، مانگی سەرماوزەی١٩٨٦ بوو، بە شاخی قەندیلدا سەرکەوتین تا ناوقەدمان بەفر بوو، مانگێکی سارد بوو چاو چاوی نەئەبینی لەبەر تەم ومژ. سەرماش بەتەواوی کاری لەجەستەم کردبوو بەو زەیستانیە هەستم دەکرد ئێستا ئائێستا ڕەق دەبمەوە بەشاخە سەختەکەی قەندیلدا ئەگەڕاین، ولاغەکان خزان، خەریکبوو هەڵدێرێن، لەناچاریدا دابەزین، من لەجیاتی پێکانم بیدا لەزەوی هەردوو ئەژنۆم کەوتە سەربەفرەکە، چونکە سەرما هەردوو قاچی لەگۆخستبووم، هەرچۆنێک بێت سەرەوخوار داخزاینە خوارەوە، بەناو ئەو بەفرو سەهۆڵ بەندانەدا لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بووین تاگەیشتینەوە گوندەکەمان، گەڕامەوە ماڵە ساردو ساکارەکەم.

لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا دیمەنی ئەوناوچەیە زۆرجوان بوو حەزم نەدەکرد چاو بتروکێنم لەدیمەنی شاخ و ئەشکەوت و بەردەکانی، مەگەر هەر گەردوون بتوانێت ئەونیگارە بکێشێت، بەڵام مارو دوپشکێکی نێجگار زۆرمان هەبوو هەمیشە ئەبوایە دەرگای ژوورەکەمان داخراو بوایە، چونکە دووجار مار هاتە ژوورەکەمانەوە، جا ماری چی هەر زۆر گەورەو ئەستورو ترسناک بوو، ژیانمان زۆر سەخت بوو، خواردن دەست نەدەکەوت، بەهۆی جاشەکانەوە قاچاغچێتییان دەکرد خواردنیان بۆ ئەهێنانین، ئەگەر جاشەکان خواردنیان بۆ نەهێنانایە ئێمە لەوشوێنە سەختەدا لەبرساندا دەمردین، بەهاوسەرەکەم وت ئەگەڕێمەوە بۆ سلێمانی بۆ ماڵی خوشکەکەم پشوویەک دەدەم، ژنێکی پارتی گەڵ هات بۆماڵمان بەڵام کچە حەوت مانگەکەم هەر کە ژنەی بینی دایە زریکەی گریان، بەهیچ شتێک ژیر نەدەبوویەوە، چونکە تائەوکاتە ژنی نەدیبوو بەوشاخە سەختەوە لەخۆم زیاتر.

لەگەڵ ئەوخوشکەدا بەشەو کەوتینە گەڕانەوە بەرەو هەولێر، هاوسەرەکەشم لەگەڵماندابوو، بەوشەوە تاریک و تووڕو چڵپاوە لە زێی گەورە سواری کەڵەک بووین بۆ پەڕینەوە، من لەوکاتەدا زۆر ئەترسام ئەگەر کەڵەکەکە وەرگەڕێت ئێمە ئەمرین چونکە هەتا ئەوکاتە زۆرێک لەژنی کورد مەلەی نەئەزانی، من لەوخەیاڵانەدابووم گەیشتینە ئەوبەری زێ کە کچەکەم بەبەردەوامی ئەگریا، منیش خەمم بوو بەناو ڕەبیەی جاش و عەسکەریدا ئەڕۆیشتین ئەترساین تەقەمان لێبکەن، ئێمە لەچاڵاییدابووین جاشەکان لەسەرومانەوە بوون، تاپیاوێکمان بینی ولاغی پێبوو هاوسەرەکەم پارەیەکی باشی دایە کەشەو بماناتە ماڵی

خۆیان، ئێمەش هەموو گیانمان لەقوڕاودابوو لەترسی ڕاکەڕاکی شەو پێڵاومان لەپێدا نەمابوو، کە گەیشتینەماڵەکەش سەیر دەکەم ماڵە جاشن، من ئەوشەوە زۆر بە ئائارامی خەوت،م لەوە دەترسام ئەوپیاوە بەگرتمان بدات یان هاوسەرەکەم لەناو ئەوهەموو ڕەبیەی جاش و عەسکەرییەدا تووشی کارەسات بێت، چەند جارێك لەپڕ لەخەو ڕانەچڵەکیم ، بەڵام پیاوێکی بەڕێز بوو هیچ خراپەیەکی لەگەڵدا نەکردین.

ڕۆژی دوایی بەسەیارە گەڕاینەوە بۆ هەولێر، دواتر بەرەو سلێمانی، پاش مانگێك پشوودان لەماڵی خوشکەکەم، بە هەمان ڕێگەی قەندیلدا گەڕامەوە، بەشێوەیەکی سەخت و ناڕەحەت. کچەکەشم توشی سکچوون و ڕشانەوە بوو زۆر هیلاك بوو، کە گەیشتمەوە گوندی(کۆلەکان) زۆر ماندوو بووم ڕێگایەکی سەخت و دوور ودرێژم بڕیبوو، ئەمجارە ژوورکەش ـان نەمابوو، هاوسەرەکەم خەیمەیەکی هەڵدابوو، لەوشاخە دائەنیشتین ڕەش ماری زل زل بەبەردەم خەیمەکەماندا ئەڕۆیشتن و زمانیان دەرئەهێناو فیشکەیان دەکرد، من نەمنەوێرا لەشوێنی خۆم بجوڵێمەوە بەبەردەوامی دەترسام، ئێمە لەو شوێنە ماینەوە هەتا ئەنفالەکانی بادینان نزیك بووەوە، هێزە(٢٠) کەسیەکەمان بەرەو سنور کەوتینە ڕێ بەتەنها من ژن بووم، لەڕێگا هیچ هاوڕێیەکم نەبوو، زۆرسەخت بوو بۆمن ، بەپێ و بە وڵاغ بەومنداڵە نەخۆشەوە لەژێر بۆردومان و تۆپ باراندا ڕێگامان ئەبڕی، ناچاربووین بەڕۆژ خۆمان لەئەشکەوت و کونەبەردەکاندا ئەشاردەوە، کەشەو تاریك دائەهات لەژێر شینایی ئاسماندا بەناو ئەو شاخە سەختە بەرز بەرزانەدا ئەڕۆیشتین، هەرئەڕۆشتین و شاخی بەرزمان ئەبڕی، شاخ شەڕی لەگـەڵ هەورەکاندا ئەکرد، هەرنەئەگەیشتین، پاش(١٠)ڕۆژ ڕێگابڕین بەوسەختیە گەیشتینە سێ گۆشەی بەینی عیراق و ئیران و تورکیا، ئێمە بەری ئێرانمان گرت، کەگەیشتینە خـاکی ئێران چووینە ئۆردوگای(زیوێ) لەهۆڵێکدا ئەژیاین لەگەڵ ماڵی(مەلا بەختیار)و (ڕوداك خان)ی خێزانیدا، لەگەڵ کۆمەڵێ ماڵە (پ.م)ی تردا ژیانمان زۆر سەخت ئەگوزەراند، زۆر هەژار بووین هەتا پارەی کڕینی قتویەك شیرمان نەبوو بۆ کچەکەمان، هاوسەرەکەم کەوتە ئیش کردن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانمان ،دوای شەش حەوت مانگ مانەوەمان، بەرەو(شنۆ) ڕۆیشتین.

لەساڵی١٩٨٩دا کوڕێکم بوو بەناوی(سەهەند) لەوێ ماینەوە هەتا نزیك ڕاپەڕین، ئەوماڵە سادەیەی هەمان بوو فرۆشتمان، هاوسەرەکەم لەگەڵ هێزی (پ.م)دا بەرەو کوردستان گەڕایەوە منیش چووم بۆ(سەقز) لەماڵی کاك(بەکری حاجی سەفەر) مامەوە، دوای ڕاپەڕین هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆ(بانە) باسی ئازاد کردنی شارەکانی کوردستانی کرد، منیش وتم ئەگەڕێمەوە چوار ساڵە کەسوکارم نەدیوە، زۆر بیرم ئەکردن هاوسەرەکەم وتی دوای ڕزگارکردنی کەرکوك بگەڕێرەوە، بەڵام من گەڕامەوە پاش هەفتەیەك مانەوەم لەسلێمانی کۆڕەوەکە دەستی پێکرد، بەهاوسەرەکەم وت سەیارەمان بۆ بگرە، وتی من ئەچم بۆشەڕ بۆ (سەرچیمەن) بەبراکەی وت تراکتۆرێکمان بۆ بگرە، بەڵام سەیارەمان دەست نەکەوت بەپێ

بەوباران و قوڕو چلپاوە بەدوو منداڵی بچووکەوە هەتا ناوشاری(بانە) یەك دەقیقە سواری سەیارە نەبووین.

هاوسەرەکەم لەگەڕانەوەدا خەمی ئێمەی بوو بەلای هەر شەهیدێکدا ڕۆیشتبوو سەیری کردبوو بزانێ ئێمەین یا نا، هەتا لە(بانە) یەکمان گرتەوە.

دواتر هاوسەرەکەم بوو بەلێپرسراوی میحوەری پێنجوێن، ئێمەش ماڵمان بردە پێنجوێن، دواتر گەڕاینەوە سلێمانی هەتا ٣١ی ئابی١٩٩٦ چووینە دەرەوە بۆ(سەیرانبەن) کەگەڕاینەوە ماڵەکەمان تالأن کرابوو یەك شتمان نەمابوو کرێچی بووین.

هاوسەرەکەم مرۆڤێکی شۆڕشگێڕو ئازابوو بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کردووە، بەڵام مخابن لەشەڕی براکوژیدا لەیادی(گەردەلولی تۆڵە)دا لە٣١ی ئابی ١٩٩٧دا شەهید کرا.

خۆشم لەساڵی١٩٩٨وە گەڕامەوە قوتابخانەو ئێستا مامۆستام لەقوتابخانەی بلندی سەرەتایی، لەژنانیش کاردەکەم خۆم و ئەوڕانە سەختەم لاپیرۆز بوو بۆیە ژیانی گەنجیم بەخشی بەئازادی، خۆشم وەکو دایکێ، سەرپەرشتی سێ منداڵم دەکەم.

## گوڵستان شێخ محەمەد

گوڵستان شێخ محەمەد ئەو ژنە تێکۆشەرو ماندووەیە لەسەرەتای تەمەنیەوە بەوپەڕی دڵسۆزی لەگەڵ ڕێکخستنەکاندا ئیشی کردووە ، لەناو شۆڕشدا دەورێکی کارای هەبووە.

من لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەر لەرۆژێکی ساڵی ١٩٦٤دا لەشاری سلێمانی چاوم بەدنیا هەڵهێناوە.

(کاك تۆفیق)ی برام کارمەندبوو لەسەندیکای کرێکاران، ماوەیەك بوو پەیوەندی کردبوو بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە، لەئەنجامی جموجۆڵ و چالاکیدا گومانی خرابووە سەر هەربۆیە پاش ساڵێك و حەوت مانگ بەسەر هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا تێپەڕی بوو، کە کاکم چووە شاخ و بووبە (پ.م) لەمەفرەزە سەرەتاییەکاندا لەشارەزوور وناوی خۆی گۆڕی بە(وشیار).

لەترسی دڕندەیی ڕژێم بەرامبەر کەس و کاری (پ.م)بۆ ئەوەی بەردەستی دوژمن نەکەوین، باوکم وای بەباش زانی خۆمان لەبەرچاوی دوژمن ون بکەین و بگەڕێینەوە بۆ گوندەکەمان گوندی(حاجی مامەند) کەناوچەیەکی سەخت و چڕو نزارە لەخوار ئاواییەکەوە، دوور لەماڵەکان هەتا گوندیەکان ئاگاداری جموجۆڵمان نەبن باوکم خانویەکی دروست کردو حەشارگەیەکی زۆر نهێنی تێدا دروستکرد بۆ شاردنەوەی برا (پ.م)کەم و هاوڕێکانی لەکاتی پێویستدا، زۆرجار چەك و تەقەمەنیشمان تێدا ئەشاردەوە.

لەوسەردەمەدا ژمارەی (پ.م) زۆر کەم بوو چەند مەفرەزەیەك لەشارەزور بوون، وەك من بیرم بێت مامۆستا شاهۆو کاك عەلی شامارو شەهید دکتۆر ڕەزاو شەهید تۆفیق بەرزنجی و شەهید عەلی شیعە، مەفرەزەکانی شارباژێڕیژ کە دەهاتنە حاجی مامەند مەفرەزەی شەهید ئەنوەری مەجید ، سوڵتان و مەفرەزەی شەهید سەلاحی موهەندیس بوون لەو زەمەنەدا (پ.م) بەرۆژ و بەئاشکرا نەیاندەتوانی بێنە ناو گوندەکانە وە چونکە سیخوڕەکان زانیاریان لێئەدەن و هێزەکانی ڕژێم بەکۆپتەرو بەپیادە بەدوایانەوە بوون، جار جار شەوان ئەهاتنە ناو گوندو نان و خواردنیان کۆدەکردەوەو هەندێ جاریش کۆبونەوەیان بەخەڵکەکە دەکردو باسی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشیان بۆ دەکردن و دواتر دوور دەکەوتنەوەو دەرۆیشتن کەس نەیدەزانی ئەچن بۆ کوێ و لەکوێ دەخەون؟

جگە لەکاکم یەکەم (پ.م) لەنزیکەوە ناسیم (حاجی چاوشین) بوو لەشەوێکی درەنگ وەختدا خۆی کرد بە ماڵماندا دیاربوو ناونیشانی پێدرابوو، (پ.م)یەکی وریاو گورجو گۆڵ بوو لەنێوان سەرکردایەتی و ناوچەکانی تردا پۆستی ئەهێناو ئەبرد، ئەوشەوە هەندێ نامەی پێچراوەی پێبوو بۆ مەفرەزەکانی شارەزوور، لەماڵی ئێمە دایئا بیدەین بەکاکم، حاجی لەرۆیشتن و گەڕانەوەیدا سەردانی ماڵی ئێمەی دەکرد. کاکم و برادەرەکانی هەر نامەیەکیان هەبوایە ئەیاندایە دەست من هەتا شەهید حاجی چاوشین دەهات و دەیبرد، کاکم تازە خێزانی پێك هێنابوو زوو زوو دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە سەردانی دەکردین. براژنم هەڵای خۆمان بوو هەرکات دەگەڕایەوە باسی شۆڕش و چالاکیەکانی خۆیانی بۆ دەکردین، بەوجۆرە بووە یەکەمین مامۆستاو ڕێکخەری من و براکانم.

هەموو مەفرەزەکان هێڵی ڕێکخستنی خۆیان هەبوو لەناو شارو شارۆچکەکاندا کاریان دەکردو هەواڵ و زانیاریان بۆ دەناردین. مەفرەزەکەی کاکیشم هێڵی ڕێکخستنی هەبوو(ئاڵپاریز و سەید سادق و بەرزنجە) بەهۆی کاکمەوە هێنان و بردنی نامەو

بڵاوکراوەکانی ئەو هێڵەم ناسیو پەیوەندی ڕێکخراوەییم لەگەڵیاندا بەست. هەندێ جار باوکم نامەو پۆستی دەبرد بۆ ڕێکخراوەکانی شار، زۆر جار منیشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، چونکە لەوکاتەدا کەمتر گومان دەکرایە سەر کچان و ژنان.

ئەو پەیوەندییە ڕێکخراوەییەم بەردەوام بوو تامانگی جۆزەردانی ۱۹۸۷ کەکاکم لەشەڕی ناوخۆدا لەشاخی(دالانی) بەدەستی قیادە موەقەتە شەهید بوو. لەبەرسەختی ناوچەکە هاوڕێ (پ.م)ەکانی تەرمەکەیان بۆ نەهاتەوە، خزمو کەسو کاری ئەرکیان کێشاو تەرمەکەیان هێنایەوە لە(حاجی مامەند) بەخاکامان سپارد.

دوای شەهید بوونی کاکم چوومە سەر ڕێکخستنەکانی دەرەوە لەناوچە ئازادکراوەکان، شەهیدبوونی کاکم زیاتر سووری کردین لەسەر خەباتو تێکۆشان، هێشتا چلەی کاکم نەچووبوو کەخالیدی برام بوو بە (پ.م) ماوەیەك لەسەرکردایەتی بوو لای کاك(نەوشیروان) پاشان گەڕایەوە بۆ شارباژێڕ، ئێمە بێ ترس کارمان دەکرد، ماڵمان بووە بنکەی (پ.م)، ئەرکەکانی سەرشانی منیش قورستربوو چونکە کچی گەورەی خێزانەکەمان بووم، پانتاییەکی گەورە لەلای ماڵەکەمانەوە بوو، چەند جارێك کۆپتەر لەوێدا ئەنیشێتەوەو ئەهاتن بۆ ماڵی ئێمە داوای نانو ئاویان دەکرد، لەجارێکیاندا خالیدی برامو (پ.م)یەك لەماڵەوە بوون بەپەلە خۆیان گەیاندە حەشارگەکەو، دایکم عەرەبی باش ئەزانی چونکە ماڵمان لە(دیوانیە) بوو، سەربازەکانی دەدواندو دەیخلافاندن کە گومان نەکەنو ماڵەکەمان نەپشکنن، جارێکی تریش وا ڕێکەوت کاك حامیدی حاجی خالید بەبرینداری لەماڵمان بوو هێزێکی زۆری سەربازی هاتنە ناو گوندەکەوە، بەهەمان شێوە ئەویشمان شاردەوە بێ ئەوەی دوژمن پێ بزانێت.

ڕۆژ بەڕۆژ هێزی (پ.م) گەشەی دەکرد چ لەرووی ژمارەو چ لەرووی چالاکییەوە، جموجۆڵی دوژمن لەناوچەکەدا لاوازتر دەبوو، تەشکیلاتی هێزی (پ.م) گۆڕاو، هەرێمەکان دامەزران، ئێمە کەوتینە سنووری هەرێمی سێ، کاك بەکری حاجی سەفەر فەرماندە بوو، لەبەرئەوەی سنووری ناوچەکە سەخت بوو (پ.م)ی هەرێمی یەکیش بۆ پشودان ئەهاتنە شارباژێڕ کاك حەمەی حاجی مەحمود فەرماندەی بوو.

لەدوای کۆنفرانسی یەك کۆمەڵە شێوەی ڕێکخستنەکانی گۆڕا کەرتی ڕێکخستن لەناوچەکان دامەزرا، کاك ئەبو شەهاب بوو بە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لەشارباژێڕ، (ئاسۆی شێخ نوری)یش بوو بەلێپرسراوی لقی یەکی(ی.ن.ك) بەهۆی شەڕی نێوان عیراق و ئێرانەوە، ژمارەیەکی زۆر لەگەنجانی ناوشارەکان لەسەربازی هەڵاتنو ڕوویان کردە ناوچە ئازاد کراوەکان، لەناو شارەکانیشدا زۆربەی گەنجان پەیوەندی ڕێکخراوەییان هەبوو، شانەو پۆلیان لێ پێك هێنرا، منیش پەیوەندیم کرد بەپۆلی ڕێکخستنی سرۆچك مامۆستا پێشڕەو لێپرسراوی بوو. (غەریبی) برایشم کە خوێندکار بوو سەربەهەمان پۆل بوو.

لەڕۆژێکی ئاسمان ساماڵی هاوینی۱۹۸۲دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ ئاسۆی شێخ نوری، ئەو دەمە لێپرسراوی لقی یەك بوو، ئەو هاوسەرییەمان لەلایەن کاك کەمال شاکیرو ئەمیرە خانی خێزانیەوە ڕێکخرا، پاش گواستنەوەم هاوسەرەکەم بارەگایەکی ئاشکرای لە(حاجی مامەند) کردەوە.

لەگەڵ سپێدەدا لەخەو هەڵئەسام بەدووربین سەیری شاخ و کێوەکانم دەکرد، چونکە زۆر جار دوژمن شەوانە پیادە ئەهاتنە دەوری گوندەکان و کەخۆرهەڵئەهات ئەهاتنە ناودێ.

پاش ماوەیەك بارەگای مەڵبەند لە(حاجی مامەند) دانراو مەلابەختیار لێپرسراوی بوو، هاوسەرەکەم وەك ئەندام مەڵبەند دانرا لەبەرنەوەی مەڵبەند لە(حاجی مامەند)بوو، وردە وردە ماڵە (پ.م)ی بۆمات، لەوانە ماڵی ئاوات عەبدولغەفور و کاك کەمال شاکیرو کاك حەمەی حاجی سابیرو کاك حەمەسەعید و ماورێ جەبارو کاك مەنسوری ئەنوەر بەگ و کاك ئاراس حەمەلاو.

حیزبی شیوعی بارەگایان هێنایە ئەو گوندە. کاك بەهادین نوریو کاك مەلا علیو کاك شێخ سەعید لێپرسراوەکانیان بون و خێزانیشیان لەگەڵ بوو، تاشەڕی(بەرەی جود) لەکۆتایی ساڵی١٩٨٣دا رووی‌دا حیزبی شیوعی‌بارەگاکانیان چۆڵ کرد، هاوسەرەکەم لەگەڵ کۆمەڵێ (پ.م)دا چوون بۆ جەولە بۆ شارباژێڕی تەخت بۆ چارەسەری هەندێ کێشەی کۆمەلایەتی، بەلام وارێکەوت لەگەڵ چەند دەستەیەکی‌تردا لەگوندی ویلەدەر چوبوون بۆ سلێمانی یەکێك لەوانە(ئاگر)ی برای هاوسەرەکەم بوو، پاش گەڕانەوەیان لەشار لەشەوی٥/٦ی پوشپەڕی١٩٨٣ لەنزیك گوندی(قڕگە) کەوتبونە کەمینی جاشەوەو(١٧) (پ.م) شەهید بوو، چوار (پ.م) لای هاوسەرەکەم بوو لەگەڵ ئاگری هێوەرم دا شەهید بوون،شەهید بوونی ئەوکۆمەڵە (پ.م)یە کاریگەری زۆری لەسەرم هەبوو.

لەساڵی١٩٨٢دا شەڕی عیراق ئێران کەوتە ناوچەی پێنجوێنو شارباژێڕەوە، رژێم تۆپ بارانی ناوچەکەی دەکرد، هەمووماڵە (پ.م)کان چۆڵیان کرد تەنها ژنێك من بووم مابوومەوە مانگی خۆم بوو.

رۆژێکیان لەگەڵ کازیوەی بەیاندا تازە گزنگی خۆر لەچیاکانی ئەدا لەگەڵ(غەریبی) برام بەڕێکەوتم بەرەو بەرزنجە، چوومە ماڵە خزمێکی سەر بەرژێم، دوای چەند رۆژێك کچێکم بوو بەناوی(تەوار)، مەڵبەندیش حاجی مامەندیان چۆلکردو لە(باراو) بارەگا سەرەکییەکانی خۆیان دانا، هەر رۆژی دوای چۆلکردن جەیش پەلاماری گوندەکەی دابوو، پاش شەڕێکی یەك رۆژی جەیش باشەکشەی کردبوو (پ.م)یەکی قارەمان شەهید بوو بەناوی(فەرەج هۆنەرینەی)، پاش ئەو شەڕە چەند رۆژێك گفتوگۆی نێوان رژێم و یەکێتی دەستی پێکرد، پاش چەند رۆژێك گەڕامەوە گوندی(نۆدێ) لەماڵی کاك شێخ مەحمود ژوورێکیان داینێ، بارەگای مەڵبەندیان هێنایە شوکێ.

(شوکێ) گوندێکی بچوكو خۆش بوو خەڵکێکی باشی هەبوو سەرچاوەی ئاوەکەی کانییەکی بچوك بوو لەماڵەکان نزمتربوو بۆیە دەبوو بەشان ئاو بکێشن بۆ ماڵەوە، پاش ماوەیەك مەڵبەند موەلیدەیەکی هێناو هێڵێکی دا بەماڵە (پ.م)کان. ئەوزستانەمان لەوێ گوزەراند، لەماویندا مەڵبەند گواستیەوە پشتی گوندی(گورگە دەر)، ئێمەش خێوەتێك و کەپرێکمان کرد، تاقە خێزان بووین لای بارەگاکانەوە، هەرئەوساڵە گۆڕانکاری لەمەڵبەندا کراو هاوسەرەکەم بوو بەلێپرسراوی رێکخراوی پێنجی کۆمەڵە لەسنوری گەرمیان، سەگرمە، قەرەداغ، دیسانەوە کەوتینە خۆپێچانەوە بەرەو گوندی(جافەران) لەبەری قەرەداغ.

کەوتینە دانانی ماڵو بارەگا، کاك پۆلاو کاکە رەش بوونە کارگێڕی مەڵبەند، دواتر وتووێژی رژێمو یەکێتی گەیشتە بنبەست شەڕ هەڵگیرسایەوە، ئێمەش بەرەو ئەستێڵێ سەرو رۆیشتین لەژێر لێزمەو سەرمای زستاندا ماڵی کاك پۆلا ژوورێکیان داینێ.

هێزی (پ.م) کەوتنە داستانی گەورەو شەڕی گەورە، ئەرکی ئێمەش زیاتر دەبوو، هاوسەرەکەمو (پ.م)ەکانی زوو زوو دەچوون بۆ(جەولە) بۆ کاروباری رێکخستن، جاری واهەبوو چەند مانگێکیان پێ دەچوو وەك داستانی (قەیوان ماوەت) بارەگاکە چۆڵ دەبوو زۆرجار ناچار دەبووم خۆم پاسەوانی بارەگاکانم دەکرد، شەوێك کاك (جەبار فەرمان)

بەهێزێکی زۆرەوە هاتنە گوندەکەمان، پێی وتم کەنیازیانە هەلمەت بەرن بۆ سەرقەرەداغ ئاگات لەخۆت و منداڵەکان بێت، ئەوشەوە من و براژنم ئەوانیش ماڵە (پ.م) بون دەستمان کرد بە ئاوساجی، کاتێك شەڕەکان دەستی پێکرد لەگەڵ کۆمەڵێ ژنی(پ.م)دا بەرەو گوندی کۆشك ڕۆیشتین، ڕۆژی دوایی فڕۆکەکانی ڕژێم بەچەکی کیمیاوی لەناوچەکەیانداو ژینگەکەیان پیسکردو هەناسەیان تاساندین، گوندەکە هەمووی چۆڵی کرد، منیش بەرەو بارەگای حیزبی شیوعی چووم کە خزمێکی هاوسەرەکەمی لێ بوو، پاش ئەوەی ڕۆژێکم لەوێ بەسەر برد، گەڕامەوە گوندی ئەستێل، هەندێ کەل و پەل و پێداویستی بۆ خۆم و منداڵەکانم بردو لای دەربەندەکەوە جێگایەکم چاك کرد، پاش چەند ڕۆژێك هاوسەرەکەم گەڕایەوە منیش گەڕامەوە ئاوایی، فڕۆکەکانی ڕژێم بەردەوام بەئاسمانی ناوچەکەوە بوون و بۆردومانی گوندەکانیان دەکرد بەناپاڵم و ڕۆکێت، چەند جارێك لەبەلەکجاڕو بارەگاکانی مەلبەندیدا، بەکیمیاویش لەگوندەکانی(سێو سێنان، زێی هۆمەریان)دا چەند (پ.م) وهاولاتی شەهیدو بریندار بوون.

بەیانییەك لەناکاو شەش کۆپتەر هاتە سەرگوندەکەمان، کۆپتەرێکیان ڕێك لەسەر حەوشەکەمان بوو، (پ.م) کان بەهەموو چەکێك تەقەیەکی زۆریان لێکردن و راویان نان، ئێوارەی هەمان ڕۆژ هاوسەرەکەم خەڵکی گوندەکەی کۆکردەوەو پێی ڕاگەیاندن ئەگەری هێرشی دووژمن هەیە، داوای لێکردن کەلەگەڵ سپێدەدا گوندەکە چۆڵ بکەن، لەگەڵ کازیوەی بەیاندا (پ.م) کان لەدەوری ئاوایی‌دابەش بوون . کۆپتەرێك لەسەر شاخی(دارە ڕەشەوە) پەیدابوو هێندەی پێنەچوو دوژمن لە تانجەرۆوە کەوتە تۆپ باران، زیاد لە(١٠٠)گوللە تۆپی نا بەگوندەکەوە، خۆشبەختانە زیان بەیەك خانو گەیشت و چەند سەر ئاژەڵێکی کوشت. ئیتر لەو ڕۆژەوە تۆپ بارانی ئاوەخت دەستی پێکردو ناچار گوندەکەمان چۆڵکردو ئێمەش لەگەڵ چەندین ماڵە (پ.م) چوینە(دوانزە برا) کەپرمان کرد ئەو هاوینەمان لەوێ بەسەربردو جێگەمان خۆش بوو بەڵام مارو دوپشکی زۆربوو، زۆرجار لەناکاو مار خۆی دەکرد بەکەپر کەدا، جارێکیان مارێکی گەورە هاتە سەر سفرەی نان خواردنەکەمان، هەروەها دووپشکمان زۆربوو زۆربەمان دوپشك پێوەیدابووین، هاوسەرەکەم جارێك دوپشك پێوەیداو منیش دووجار دوپشك پێوەی دام. (پ.م) بەناوی(فازیل حەمە ڕەش جافەرانی)دووپشك پێوەیدا ژیانی کەوتە مەترسییەوەو بەپەلە گەیاندمانە نەخۆشخانەی بەلەکجاڕ، دواتر ئەو پێشمەرگەیە لەشاخی(خەجە لەرزانە) شەهید بوو، لەپاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ ڕژێم پەلاماری ماڵە (پ.م) کەس‌وکاری دا، یەکێ لەوماڵانە ماڵی خەزورم بوو کە ماڵەکەیان دەستی بەسەرا گیراو کەلو پەلیان تاڵان کراو هێوەرێکم گیرا، باقی خێزانەکە رایان کردو خۆیان شاردەوە. لەدوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ چەند داستانێکی گەورە تۆمارکرا لەلایەن هێزی (پ.م) ، گرتنی قەرەداغ و ئامێدی و سەنگاو داستانی ڕزگاری‌و، گرتنی زنجیرە چیای گڵە زەردەو شەڕی دارە ڕەش‌و گرتنی چەند سەربازگەیەك.

لەکۆتای ساڵی ١٩٨٧دا هاوسەرەکەم لەجەولەبوو لەپڕ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە وتی دەبێ لەماوەی سێ ڕۆژدا بەرەو ئێران بڕۆم کارێکی نوێم پێ سپێردراوە.

ماوەکە زۆر کورت بوو یەکسەر گەڕامەوە بۆ شار بۆ بینینی کەس‌و کارم، لەگەڕانەوەمدا بۆ گوندی وێڵەکە زۆربەی کەس‌وکار هاتن چاویان بەئاسۆ بکەوێت، بەپەلە هەرچیمان هەبوو بڵاوەمان پێکرد یەك جانتا جل نەبێت، ماڵاواییمان لەخەڵکی گوندەکە کرد، من و منداڵەکانم لەگەڵ هاورێیەکی هاوسەرەکەم بە وڵاغ بەرێکەوتین بەرەو جادەی قیر، لەوێوە بۆ هەڵەبجە،

بڕیار بوو هاوسەرەکەم بەپێ بێت لە(هەوارە کۆن) لەبارەگای تیپی ١١ی هەورامان یەک بگرینەوە.

لەهەڵەبجە هەواڵی هەندێ خزمم لەپیاوێک پرسی وتی دایکەکەم ئەو ناوانەت بۆچییە؟ لەکەس مەپرسە هەموو لەترسی ڕژێم بەرەو ئێران ڕایان کردووە ، ئیتر کەوتمە هەواڵی ماڵی حاجی مەحمود کوڵکنی، هەرچۆنێک بوو دۆزیمانەوە خۆشیان ژیانیان لەمەترسیدا بوو کوڕێکیان (پ.م) بوو کوڕێکی تریان شەهید بوو، پاش دوو ڕۆژ مانەوەم لەوماڵە بەڕێزە برادەرێکی ڕێکخستنیان بۆ پەیدا کردم بردمی لەبەردەم چاخانەیەکدا لەهاوار دابیەزاندم، کوڕێکی لەدوورەوە نیشان دام وتی بچۆ بۆلای ئەو وڵاخدارە بڵێ(سەرچڵ) ناردوومی کە بمبەی بۆ هەوارە کۆن، کاتێک چوومە پێشەوە چاخانەکە پڕبوو لەجاش، یەکێک لەجاشەکان لێمهاتە پێشەوە کەوتە پرسیار کردن، منیش وتم دەچم بۆ ماڵی باوکم لەئێرانن سەردانیان دەکەم. جاشەکە زۆر ویستی بمترسێنێ سوودی نەبوو، پاش ماوەیەک چوومە لای وڵاغدارەکە پێم وت کاک سەرچڵ ناردوومی، ئەویش کەوتە معامەلەکردن تا جاشەکان تێنەگەن، دوایی سواری وڵاغ بووم‌و ڕێگەکە زۆر ناخۆش وسەخت‌و هەورازو نشێوی بوو، کەدوورکەوتینەوە وڵاغدارەکە وتی لەدوێنێ شەوەوە چاوەڕوانی تۆم دەزانم خێزانی ئاسۆی شێخ نوریت.

لە(هاوارە کۆن)چوومە ماڵی مام هادی، دوای شەوێک مانەوەم هاوسەرەکشم گەیشت، پاش دوو ڕۆژ پشودان مام هادی وڵاغی بۆ پەیدا کردین بەرەو سنور بەڕێکەوتین ڕێگەکە زۆر سەخت بوو باریکە ڕێیەک بوو بەکەنار دۆڵێکی هەزار بەهەزار دەڕۆیشت، لەهەرجێگەیەک بخزایتایە هەتا بنی دۆڵەکە نەدەگیرسایتەوە، ئەو ڕۆژە گەیشتینە شوێنی گوندە وێرانەکەی(گریانە)، گوندەکە چۆڵ بوو، ئێمەش چوینە ماڵی شەهید ئەحمەدی گریانە کەلەدەمی ئەشکەوتێکی گەورەدا نزیک چەمەکە خانوویەکی پاک و خۆشیان هەبوو، دیمەنەکەی ئەوەندە شیرین بوو هەرحەزت دەکرد لێی دانیشی، هاژەی چەمەکە بەشەو ترسی دەخستە دڵەوە. ئەوشەوە ماینەوە بەیانی بەڕێکەوتین بەرەو گوندی(شێخان) پاسداری ئێرانی لێبوو، مام هادییان دەناسی لەوێ پسوڵەیان بۆ کردین‌و بەئۆتۆمۆبێل بەرەو شاری (پاوە) چووین، دوو شەو لەماڵی شەهید(نیازی) ماینەوە هەتا بەڵگەیان بۆ کردین، پاشان چوین بۆ سەقز کەنوسینگەی سەرەکی پەیوەندییەکان ئەوکاتە لەسەقز بوو ودکتۆر کەمال خۆشناو لێپرسراوی بوو، سەرەتا چووینە ماڵی کاک جەبارو سەبیحە خان، پاشان چووینە ماڵی کاک حەمە سەعیدو بێگەرد خان کەزانیمان زۆرمان پێدەچێت چووینە ئوتێل، هەتا کاریان بۆ هاوسەرەکەم دیاری کردو بوو بەلێپرسراوی(میحوەری پاوە)، خۆمان‌و بارەگاکەمان لەوێ نیشتەجێ بووین.

سەرەتای مانگی ڕەشەمێی ١٩٨٨ کەهێزەکانی (پ.م) کشانە دواوە بۆ ناوخاکی کوردستانی ڕۆژ هەڵات، ئێمەش میوانێکی زۆرمان هەبوو.

لەدوای کشانەوەی بارەگاکانیش زۆربەی چەک‌و تەقەمەنی هێنرایە ماڵی ئێمە، ترسی زۆری لەسەر دروست کردین کە ئاشکرا بێت‌و ڕژێمی ئێرانی دەستی بەسەردابگرێت، هەندێ جێگامان بۆ پەیدا کرد هەتا وردە وردە چەکەکان گوێزرایەوە بۆ(قاسمە ڕەش)، پاش ماوەیەک هاوسەرەکەم گوێزرایەوە بۆ پەیوەندییەکانی یەکێتی لەتاران. پاش چەند مانگێک مانەوەی لەوێ گوێزرایەوە بۆ قاسمە ڕەش، بوو بە ئەندامی ڕێکخستن‌ ئیش‌و کاری زۆربوو

کەمتر نەکەوتە ماڵەوە، لەوماوەیەدا چەند جارێك سەردانی(سەقز)مان کرد، هەندێ لەژنان لەبیری دامەزراندنی( یەکێتی ژنانی کوردستان )دا بوون، ئەو ژنانە(هێرۆ خان، کافیە خان، پەخشانی شێخ جەلال، سەبیحە خان) بوون، زۆربەی ماڵە سەرکردەکان لە(سەقز)بوون پاش ماوەیەك هەواڵی ژنانی شاخمان بیستو گۆڤارەکەش ناونرا(تەوار)، داوایان لەئێمەش کرد بکەوینە جموجۆڵ، منیش کەوتمە کارکردنو سەردانی ماڵی (پ.م)کانی ناو(پاوە)و گوندەکانی دەوروبەری دەگەڕام بەسەر ئۆردوگاکاندا.

پاش ئەوەی عیراق پەلاماری کوێتی دا جموجۆڵی دەوڵەتان دەستی پێکرد بۆ لێدانی عیراق، جارێکی تر هاوسەرەکەم گوێزرایەوە(میحوەری پاوە)و دەستی کرد بەناردنی چەكو تەقەمەنی و ئازوقە بۆ ناوەوەی کوردستانی باشور، هەروەها (پ.م)کانیشی دەناردەوە، کاتێك ڕاپەڕین دەستی پێکرد ئەرکی ئێمە قورستربوو، شەو و ڕۆژ سەرقاڵی ناردنی هێزی (پ.م) و چەكو تەقەمەنی و ئازووقە بووین، هێنانی برینداریش بەڵام خۆشبەختانە ڕاپەڕین بواری بۆ هەستی ماندووبون نەهێشتبۆوە، لەپاش چەند هەفتەیەك دوای ڕاپەڕین کۆڕەوەکە دەستی پێکرد، بروسکەیان بۆ کردین کە خەڵکێکی زۆر بەپێو بەئۆتۆمبێل بەرەو سنور بەڕێوەن لەژێر لێزمەی بارانێکی زۆردا، هاوسەرەکەم چەند تەن ئاردی لەمەخزەندا دەرهێناو دابەشیکرد بەسەر ماڵە (پ.م) ە ئاوارەکاندا بیکەن بەنان بۆ ئەوخەڵکە لێقەوماوە چونکە ئێستا هەموو پەككەوتەو هیلاكو برسین، نانکردنو پەتاتەکوڵاندنیش ئیشی ئێمە بوو، (پ.م) کان پەیتا پەیتا دەیان گواستەوەو خەڵکی پاوەش کەوتنە کۆکردنەوەی نانو ئازوقەو پێداویستییەکان، هاوکارییەکی زۆر باشیان کردین، ژمارەیەکی زۆر لەوخەڵکە گەیشتنە پاوە هەرچی ماڵە عیراقی هەبوو جێگای چەند خێزانێکی کردبۆوە هەندێکیشیان دابەشدەکران بەسەر ماڵەکانی خەڵکی پاوەدا.

لەوماوەیەدائیت؟عاتی ئێرانی گێچەڵیان بەهاوسەرەکەم دەکردو هەرکێشەیەك ڕووی بدایە ئەمان زەختیان لێدەکردو جارێکیشیان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك گرتیانو شاردیانەوە هەتا بەشەخسی بەڕێز(مام جەلال) ناڕەزایی دەربڕیو پاشان ئازاد کراو لێپرسراوەکان لەگەڵ کاك(فەرەیدون عەبدولقادر)دا هاتنە ماڵمانو داوای لێبوردنیان کرد.

لەوەماوەیەدا شوبرایەکم بەناوی(ئاوات) کۆچی دوایی کرد چەند ساڵ بوو لەسەر هاوسەرەکەم ڕژێم گرتبووی، پاش ئەوەی لەزیندان تووشی نەخۆشی دەبێت ئازادی دەکەن، پاش ماوەیەك کۆچی دوایی کرد.

لەدوای ڕاپەڕین گەڕاینەوە سلێمانی چوینە خانویەکی ماڵی خەزورم تا ئەوکاتە حجز کرابوو، دوو جار ڕژێم تاڵانی کردبوو جاری دووەم خەسویشم گیرابوو، ماوەیەك لەزیندان دابوو خانوەکە بە چۆڵی مابۆوە کاول ببوو.

هاوسەرەکەم کرا بەکارگێڕی مەڵبەندی سلێمانی کە بارەگایان لەقەلاچوالان بوو. پاش ماوەیەك ئیشوکارەکان کەوتنەوە سەر ڕەوتی خۆی، لەسلێمانی پەیوەندیم کردبە(خاتوو شەمام)ەوە پاشان بەخاتوو (کافیێ سلێمانو مەهاباد خان)ەوە.

لە٢١ی ئاب دا هاتینە قاسمە ڕەشو پاشان چووینە سەیران بەن بۆ جاری سێهەم ماڵەکەمان تاڵان کرا، پەیوەندی ڕێکخراوەییم هەتا ئێستاش بەبێ پسان بەردەوام هەبووە.

سهرچنار

## سوعاد عومەر ئەحمەد

سوعاد عومەر ئەحمەد ئەوژنە رەنجکێشەی رۆژانی سەختی خەباتە کەپاشی دووساڵ ژیانی شاخ و ژیانی هاوسەری، هاوسەرەکەی شەهید بوو، خۆی و کۆرپە شەش مانگەکەی بەتەنها مانەوە.

خەڵکی(قول قولەی)لای دۆڵە رووتی سەرچنارەوەم، لەخێزانێکی کوردپەروەردا قۆناغەکانی ژیانم بڕیوەو دواتر لە٦ی گەلاوێژی١٩٨٦دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ( ئەکردم ئەمین عەبدولرەحمان) ناسراو بە(ئیمام)، لەوکاتەدا هاوسەرەکەم سەرتیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بوو، یەکەم ماڵی (پ.م)یەتیمان گوندی قول قولە بوو، ئەوکاتەی شەڕی قەیوان ماوەت لە١٨ی گەلاوێژی ١٩٨٦دا دەستی پێکرد، پێنج رۆژ بوو گوێزرابوومەوە، هاوسەرەکەشم چوو بۆ شەڕ، هەرچەندە خۆی لەپێشدا بوو، دوای مانگێک گەڕایەوە من نەمناسییەوە دەتووت من کەسم لەوشێوەیە نەدیوە، زۆر لاواز بوو سەروریشی هاتبوو، دوای بەسەر بردنی سێ مانگ لەگوندی قول قولە ماڵمان بەرەو(قزلەر)برد کەدەکەوێتە ناوچەیەکی سەخت و شاخاوییەوە، لەوێ خانویەکمان دەستکەوت کەئێمەو(نامین)ی خێزانی وەستا ئەسال تێیدا دەژیاین.

لە١١ی بەفرانباری١٩٨٧دا لەئێوارەیەکی ساردی زستاندا کۆمەڵێ میوانمان هەبوون ئەوانیش کاک(دانای ئەحمەد مەجید، شۆڕش ئیسماعیل، سەرهەنگ ئیسماعیل بەگ، خاڵە ئەحمەدی باوکی کاک دانا) لەماڵمان بوون، دوای رۆیشتنی ئەوان تۆپباران دەستی پێکرد، یەک تۆپ دای بەژوورەکەماندا، ژوورەکەمان داتەپی و بەسەریەکدا روخا، ئیتر ئێمە رۆژانە لەدوای کاتژمێر چوارەوە حەوت هەشت تۆپی ژەنگاری بەدیاری بۆمان ئەهات، بریندارو شەهیدیش زۆربوو.

لەئەنجامی ئەو تۆپ بارانەو لەدوای روخانی خانوەکەمان چوینە خانوەکەی ماڵی کاک(حەمە جەزا)ی هونەرمەند، خانوەکە لەبن شاخێکدا بوو کونەتەیارەکەش لەبن شاخەکەدا هەڵکەندرا بوو پێچی کردبۆوە بەدەروی خانوەکەدا لەشاخەکەدا بڕابوو لەشێوەی ژوورێکی گەورەدا بوو، ئێمەش زەویەکەمان تەخت کرد کە (پ.م) دەهاتن بۆ ماڵمان دەچونە کونەتەیارەکەوە، زۆرینەی جارەکان هەرلەوێش نانمان دەخوارد لەوێ بۆردومانێکی زۆرمان لەسەربوو هەراسان ببووین، بۆیە چوینە شاخەکان کەپرمان دروستکرد، زۆرینەی جارەکانی من بە تەنیابووم لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەم یان لەشەڕبوو یان لەجەولە بوو.

ئێمە دوای چوار مانگ مانەوەمان لەو کەپرانەدا هاوسەرەکەم گوێزرایەوە بۆ تیپی٥٥ی قەرەداغ لەوێش سەرتیپ بوو، ماڵمان لەگوندی(دۆڵانی سەروو)دانا، گشت کات

میواندار بووم، دوای دوو مانگ مانەوەم مانگی خۆم بوو تەندروستیم زۆر خراپ بوو بۆیە گەڕامەوە بۆ شار بۆ ماڵی مامم بەناوی(ئەکرەم ئەحمەد مەجید)، هاوسەرەکەی بەناوی(فەخریە) زۆرباش بوون بۆم، لە١٧ی گەلاڕێزانی ١٩٨٧ لەماڵی ئەوان بووم تاشەوێکی تاریک و ترسناکی سەرەتای مانگی بەفرانباری هەمان ساڵ پارچەکاغەزێکیان هەڵدایە ماڵی مامم تیایدا نوسرابوو بۆ خوا پێت ئەڵێین لەم ماڵە مەمێنەرەوە ئەگینا ئەگیرێیت .

ئەوێم بەجێ هێشت و بەرەوماڵی مامێکی‌ترم رۆیشتم لەوێ ژێرزەمینێکیان دامێ تاهاوسەرەکەم ناردی بەشوێنما، لەکۆتایی سەرماوەزەی ١٩٨٨دا لەگەڵ مەهاباد خانی خێزانی ئیسماعیل تەپڵ بەنیازی گەڕانەوە کەوتینەڕێ، لە(ئەلامی) جاشەکان گرتیانین بەفریش دەباری لای ئێوارە ئەفسەرێکی عەرەب هات و چەندپرسیارێکی کرد وتمان بەمیوانی ئەڕۆین بۆ(دێلێژە)، ئەفسەرەکە بەری داین، من لەماڵی مهاباد خان مامەوە چونکە هاوسەرەکەم لەوێ چاوەڕێی دەکردین، دوای دوو رۆژ مانەوەمان بەسواری تراکتۆر بەرەو(جافەران) رۆیشتین.

ئێمە ماوەیەکمان بڕی بوو، کەتراکتۆرەکەمان کەوتە ناو چەمێکەوە خەریکبوو بخنکێین، بەڵام خۆشبەختانە خەڵکی گوندی(گۆڕبان) هاتن و دەریان هێنایەنەوەو بردیانینە ماڵی خۆیان تاوشک بوینەوە، دواتر هەر بەهەمان تراکتۆر چوینە(جافەران) لەوێ دوو شەو لەبارەگای (پ.م)کاندا بوین تاژورێکمان چاککرد، لەژورەکەدا کومبارێکی کۆن و زۆپایەکی داری تێدابور .

پاش ماوەیەک چوینە(سەوسێنان) کەلەوێ بوین هاوسەرەکەم لەئێنزاردا بوو، بەتەنها هەرخۆم و کوڕەکەم بوین، شەوان میلی کلاشینکۆفەکەم دەهێنایەرەو وەک هاوەڵێکی خۆمم لەلای خۆمەوە دام دەناو دەخەوتم، لەوێ تۆپ بارانێکی زۆرمان لەسەربوو، خەڵکی گوندەکە بەیانیان زوو دەچوونە شاخ و ئێوارانیش کە روناکی ئەدەما دەگەڕانەوە ماڵەکانیان، بەڵام من لەبەر کوڕەکەم تۆزپەبوو لەوبڕوایەدا نەبووم بەرگەی ئەو سەرما زۆرە بگرێت، بۆیە بەردەوام لەماڵەوە بووم لەژێر بۆردوماندا.

رۆژێکیان تۆپێکی کیمیاوی کێشای بەحەوشەکەماندا کۆمەڵێ مریشکی کوشت وکاری کردە سەرخۆمان، من چاوم ئاو دەکات دیارە کوڕەکەشم بێ بەش نەبوو لەنەخۆشی و ژەهراوی بون بەکیمیاوی، لەدوای ئەوبۆردومانە لەگەڵ کازیوەی بەیاندا هەڵئەسام لەخەو کوڕەکەم جوان ئەپێچایەوەو دەچومە ئەشکەوتەکان، ساردی و تاریکی ئێوارانیش دەگەڕامەوە ماڵەوە، پاش ئەوەی سەوسێنان کیمیاباران کرا، هاوسەرەکەم گەڕایەوەو وتی هێرشی راماڵین بەدەستەوەیە، ئەوەبوو لەنەورۆزی١٩٨٨دا لەڕێگەی گەڕانەوەم بۆ ماڵی مامم دووبارە لە(ئەلامی) لەگەڵ ماڵی حاجی عەلیدا گیرامەوە، ئێمە کەگیراین هیچمان پێ نەبوو من

ملوانکەیەکی ئاڵتونم پێبوو جاشەکان لێیان سەندمو نەیاندامەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سێ ڕۆژ گیراین، ئێمە وتمان میوانین باش بوو جاشێکیان حاجی عەلی ئەناسی بەهۆی ماڵی(حاجی عەلی)یەوە منیش بەربووم، چوینە ماڵی ناسیاوێکمان دواتر گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

بەشێوەیەکی نهێنی مامەوە تا مانگی جۆزەردانی١٩٨٨نامەیەکم لە هاوسەرەکەمەوە بەدەست گەیشت بچم بۆ(سورە دێ)، بەڕاستی دیمەنی ئەو ناوچەیە زۆر جوان بوو، هەموو دارەکان سەوزبوون و گیای سەوز لەژێر دارەکاندا وەك فەرشێکی سروشتی وابوو، ئاو وهەوایەکی پاكو فێنك ژیانی تازە دەکردەوەو مژدەی ئازادیو جوانی دەدا بەگشت کەس .

من چونم بۆ(سورە دێ) لەگەڵ ڕزگار خانی خێزانی مامۆستا عەباس بوو، دەلیلێك بەناوی کاك حسێن بردینی تا(ڕانیە)،خەسوشم لەگەڵمدا بوو، کەلەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بووین لە کاتژمێر دوودا لەبازگەیەکدا جاش کەوتنە بڕوبیانو پێگرتنمان و نەیان هێشت بڕۆین، هەرچەندە من بەشێوەیەك خۆم گۆڕیبوو کەس نەزانێت ژنی شاخم، تاکاتژمێر پێنجی ئێواری ماینەوەو دواتر ڕێگەیان داین بڕۆین .

دووبارە کەوتینەوە ڕێگاو ڕۆیشتین، من گرانەتام هەبوو نەمدەتوانی بڕۆم، کاك حەسەن منداڵەکەو جانتاکەی بۆ هەڵگرتم، شەوبوو گەیشتینە(سورەدێ) هاوسەرەکەم لەوێ بوو، پاش مانەوەمان بەحەوت شەو ئێمە چوینە شاخێکی ئەو دیو(سورەدێ) کەرژێم زانیبووی (کاك ئەوشیروان) لەوێیە کەوتە بۆردومان کردنمان، دووبارە گەڕاینەوە(سورەدێ)، ژیان لەوێ زۆرسەخت بوو، شیرو خواردن نەبوو بۆ کوڕەکەم، شەووڕۆژ لەبرساندا ئەگریا .

دواتربەرەو(دوڵەکۆکێ) ڕۆیشتین پاش سێ چوار ڕۆژ مانەوەمان لەبارەگایەکی (پ.م)دا بەڕێکەوتین بەرەو(ئالوەتان) هەربەپێ من زۆر نەخۆش و بێهێزی گرانەتاکەم بووم نەمدەتوانی ڕێگا بڕم، لەبارەگایەك لاماندا و ئەسپێ زۆر زۆر بوو تووشی حەساسیەت بووین، دوای شەش ڕۆژ ئەوێشمان بەجێ هێشت، هاوسەرەکەم ولاغی بۆیەکرێ گرتم بەرەوئێران، کاتێك لەسەرپردە سەهۆڵینەکە بووین کوڕەکەم لەدەست کەوتە خوارەوە، خۆم لەتەمەندا منداڵو نەخۆش و بێ هێزبووم کەهەڵمانگرتەوە، هەر ئەیزریکاندو دەگریا، ئێمە درێژەمان بەڕۆیشتنەکەماندا، شەوێك لەلای دەوارنشینەکان لاماندا، ئەوشەوە لەناو ئەو دەوارانەدا لەسەرماندا هەڵئەلەرزین بێ خواردن بێ جێگە لەسەر بەفرەکە تۆزێك خەوتین زۆرمان برسی بوو، پەرژین خانمان لەگەڵدا بوو چوو هەندێ برنجی لای دەوارنشینەکان هێناو لێیتا .

دووبارە کەوتینەوە ڕۆیشتین بەناو بەفروشاخی سەختدا تاگەیشتینە(بانە)، لەوێ هاوسەرەکەمو چەند (پ.م)یەك گیران، ئێمە لەسەر جادە ماینەوە پاش چەند کاتژمێرێك بەربوون، چووینە ماڵی خزمێکی مامۆستا عەباس دوو شەو لەوێ ماینەوە هاوسەرەکەم چوو بۆ سەرشاخی(کونە کۆتر و باڵەیان) تا(٤٠)شەو نەمبینییەوە، کوڕەکەم زۆر هیلاك بوو

چوارمانگ لەنەخۆشخانە کەوت بۆمان دەرکەوت کەوتنە خوارەوە کەی لەسەرولاغەکە فەقەراتی پشتی و لوتیشی شکابوو، تائێستا سێ نەشتەرگەری گەورەمان بۆ کردووە، هێشتا نەشتەرگەریەکی تریش ماوە.

هاوسەرەکەم چوار رۆژ بوو لامان بوو نێنزار کرا کە هێرشە بۆ سەر(قەندیل)، من نەمزانی کە ئەوە دوا بینینمانەو ئەبەد یەکتری نابینینەوە، هاوسەرەکەم لە٦ی گەلاریزانی١٩٨٨داو دوای بەسەربردنی دوو ساڵ ژیانی هاوسەری پێکەوە شەهید بوو، گیانی خۆی بەخشی و بەخوێنی گەشی بەفری سەرشاخی قەندیلی سور کرد.

وەک پێیان وتم کاک ئازاد هەورامی چووە سەعات و پارەوتەسکەرەی هاوسەرەکەمی دەرهێناوە بۆ ئەوەی بیداتەوە دەستی من، کەچی مەخابن ئەویش پاش ماوەیەکی کورت شەهیدبوو، لاشەی ساردیان لای یەکەوە کەوت، بەلام کاک(قادری حاجی عەلی) شتەکانی لەگیرفانیان دەرهێنابوو بۆیان هێنامەوە، پاش هەشت رۆژ زانیم کە هاوسەرەکەم شەهیدبووە، دوای لێبوردنی گشتی گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

لەساڵی ١٩٩٢ تەرمەکەیان هێنایەوە بۆ گردی شەهیدانی سلێمانی.

هەڵەبجە

## ئاشتی حەمەئەمین سالح

هەرچەندە ئاشتی حەمە ئەمین لەبەشی خۆرهەلاتی کوردستان بوو، بەلام هەمیشە هەستی بەئاوارەیی دەکردو، هەموو شەوێك لەخەونەکانیدا دووبارە لەکوردستانی باشوور بوو، ئەوخاکەی تیاهاتە ژیانەوە، تیاگەورە بووەو لەپێناویشیدا ئاوارەبوو.

من لەخێزانێکی نیشتمانپەروەر لەگوندی(تەپی سەفا) هاتوومەتە ژیانەوە، هەر کەچاوم بەژیان هەڵهێناوە باوکم ئەندامێکی کارای حزبی شیوعی بووە، بەردەوام بووە لەسەر کاری شۆڕشگێڕانە.

دووبرای شەهیدم هەیە (حەمە سیاسی) کە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو، لەگەڵ شەهید(جەمال) خوێنی خۆیان بەخشی بەنیشتمانوبە ئازادی.

خۆشەویستی خۆم بۆ خاك‌و نیشتمان وایلێکردم کە مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست‌و شۆڕشگێر هەڵبژێرم بەناوی(عەزیز حەمە ئەمین) کە ناسراوەبە(عەزیز کوڵکنی)، لەکاتی دانوستانەکەی ڕژێم‌و یەکێتی دابوو.

لەرۆژێکدا تازە گەڵای دارەکان چرۆیان دەکردو وزەوی لەبوژانەوەدا بوو کانیاوەکان ئەتەقینەوە، لەوکاتەدا من لە(تەپی سەفا)وە چووم بەرەو(کوڵکنی) لەسەرجادەی خورماڵ، بەهۆی شەڕی ناوخۆوە نەمانتوانی بمێنینەوە، گەڕاینەوە(تەپی سەفا)، ماڵەکەمان لەبارەگاکەدا بوو، پاش دوومانگ بەیەکەوە بونمان شەڕ دەستی پێکردەوە، هاوسەرەکەم بەرەوسەرکردایەتی ڕۆیشت پاش(٤٠) شەو گەڕایەوە لەگوندی(کۆرەی گەورە) جێگای دابین کرد.

لەمانگی خەرمانانی١٩٨٥دا بوو ماڵەکەم بردو بەرەو ئەوگوندە ڕۆیشتم کە گەرما بەتینەکەی هاوین، هەموو گیاکانی وشك‌و زەرد کردبوو، لەنزیك بارەگای (پ.م)کان کەپرێکمان دروستکرد، پاش ماوەیەك ڕژێم هێرشێکی گەورەی کرد بەیارمەتی جاشەکانی‌و تۆپ‌و فرۆکەکانی لەوهێرشەدا ڕژێم شکا، منیش لەوکاتەدا تازە منالم ببوو لەگەڵ چەند خێزانێکی تردا بەرەو دوکان‌و دوکەرۆ ڕۆیشتین، کە شەڕ تەواوبوو لەگەڕانەوەماندا لەسەرشاخەکە پەکم کەوت، لەهیلاکی‌و ناتەندروستیدا لێیکەوتم وپشویەکمدا، دواتر بەرەو گوندی کۆرە گەڕامەوەو درێژەمان بەژیان دا.

کەپایز بەخۆی‌و خەزانیەوە هات‌و گەڵازەردەکانی بەسەردا دابارانین، نەمانتوانی لەناوکەپردا بژین، ژورێکی گەورمان گرت بەکرێ کەچواردەوری گەورو کایەن‌و ژووری قەل‌و مریشکەکانیان بوو، ئەو ژوورە هەتا بڵێیت ژورێکی تاریکی قوڵی بۆگەن بوو، هەموو بەیانییەك تەنەکەیەك کام لێ دەرئەهێنا، لەم ژورەدا نیشمان راوەمشك بوو، شەوان کە هاوسەرەکەم ئەچوو بۆ بارەگا هەتانەو ئەگەڕایەوە من بەو سەرماو بارانە ئەچووم لەسەربان دائەنیشتم، بەشێوەیەکی زۆر سەخت ئەو زستانەمان تیا گوزەراند. هاوسەرەکەم چوو بۆ شەڕی تەرەداغ لەساڵی١٩٨٧دا بوو، منیش گەڕامەوە ماڵی باوکم لە(تەپی سەفا)، دووسێ

جار لەکاتی گەڕانەوەمدا ئیخباری کرام وجاش و عەسکەریە بۆم هاتن، بەلام خۆم شاردەوەو دەستگیرنەکرام.

دوای چەند ڕۆژێك لەگەڵ زاوایەکماندا گەڕامەوە( قەرەداغ)، بەپێ ڕۆیشتین کچە گەورەکەم بەکۆڵەوە بوو مانگی خۆشم بوو، کە گەیشتینە (قسرت) زاواکەم گەڕایەوە نەیتوانی لەوەزیاتر بێت، چوومە ماڵێك کەشەو تاریك داهات لەگەڵ سەیارەی (پ.م)کاندا کەوتمە گەڕانەوە، بەلام چۆن سەیارەیەك؟

هەر سوکانەکەو تەختەکەی بوو نەدەرگای هەبوو نەپەنجەرە، بەوسەیارەیە تا(ئاوەکەڵە) بردیانم، وتیان ئێمە لێرە زیاتر ناڕۆین، وتم بەوشەوە تاریکە من بەومنداڵەوە چیبکەم، وتیان ئەوە تراکتۆرێکە گەنم باردەکات بەڵکو بتبات، منیش چووم پێمگوتن، وتیان ئەگەر سەرنەکەویتە سەر ئەو فەردە گەنمانە سەرکەوە، منیش لەترسی تەنیایی و تاریکیی شەو هیچ بیرم نەکردەوە کە مانگی خۆمە چۆن لەسەر ئەوفەردە بەرزانە خۆم ئەگرم، یەکسەر سەرکەوتم، بەلام هەڵبەزو دابەزی تراکتۆرەکە زۆرجار خەریك بوو بەرئەبومەوە، چنگم لەفەردەکان گیردەکرد لەتاو ئازاری خۆم لەترسی ئەوەی نەکەوم، خەمی کچەکەشم بوو لەدەستم بەرنەبێت وبەڕاستی هەتابڵێیت ئارام نەبووم.

کەتراکتۆرەکە گەیشتە ڕێکی گوندەکەمان دایبەزاندم وتی بەپێ بڕۆرەوە، کاتژمێریش ١٢ی شەوە، بەئازارێکی زۆر وبەترس و هیلاکی بەڕێکەوتم بەرەو ناودێ، لەپڕ سەگەلی ئاوایی بۆم هاتن، لەترسا لەجێی خۆم دانیشتم، ئەوشەوە ئەوەندە ترسام و هیلاك بوم بەتایبەتی لەکاتی ئەوسەگەلەدا هەرتۆزێك ئەڕۆیشتم سەگەکان بۆم ئەهاتن وهەمدیس دائەنیشمەوە، بەهەزار سەختی و ناخۆشی گەیشتمە ماڵەوە.

خێزانەکەی کاك(عەبدول) تازەبووك بوو هات بەدەنگمەوەو منداڵەکەی لێوەرگرتم، لەئازارو هیلاکیدا ئەوەندە گریام، وتم کەی ئەوە ژیانە ئێمەی تێدایین، خۆ ئێمە ڕێگایەکی چەوتمان نەگرتووە بۆ کەس نایەت بەهانامانەوە.

پاش سێ ڕۆژ دوای گەڕانەوەم منداڵم بوو، لەوکاتەدا شەڕی قەرەداغ بوو کە ڕێکەوتی ١٢ی ڕەزبەری ١٩٨٧بوو تەمەنی کچەکەم دوو ڕۆژ بوو کە هاوسەرەکەم بەرەو سەرکردایەتی ڕۆیشت، هەرچەند وتم بەدوو منداڵی بچووکەوە لەژێر ئەو بۆردومان و هێرشە بەو نەخۆشی و بێ هێزییە بەجێم مەهێڵە بەلام بێ سود بوو، ئەو ڕۆیشت و پاش ماوەیەك برایەکم هات بۆ سەردانم، لەگەڵیا گەڕامەوە ماڵی باوکم.

پاشماوەیەك منداڵەکەم نەخۆش بوو لەنەخۆشخانەی تەواری خستم بەرامبەر ژورەکەی من، ژورێك بوو یەك منداڵی ساوا بەدەست کۆمەڵێ ئەمن و عەسکەرەوە بوو، پزیشکەکان وتیان کوا دایکی ئەومنداڵە، ئێمە چارەسەری ناکەین، چون دایکەکەیان هێنا ژنێکی زۆرگەنج و جوان بوو، ژنەی هەژار چوار دەوری بەئەمن گیرابوو، نەیئەوێرا هیچ بڵێت تالەناکاو فرسەتێکی بۆ خوڵقابوو، وتبووی من خێزانی (پ.م) و بەندم، هەتا نەیتوانیبوو ناوی خۆی بڵێت، منیش زۆر خەمم خۆشم بوو بەهەمان شێوە، ئەو ڕوداوە کاریگەری زۆر تێکردم کە هەرگیز لەیادم ناچێت.

کە هاوسەرەکەم گەڕایەوە لەسەرکردایەتی، منیش گەڕامەوە بۆ گوندەکەمان هەتا ساڵی ١٩٨٨لەژێربۆردوماندا ئەمان گوزەراند.

ڕۆژێکیان بەری ئاسمان تەمومژێك بوو بەرچاوی خۆت نەتەبینی، تۆپباران دەستی پێکرد بەپەلە بەرەو کونەتەیارەی شاخەکە ڕامدەکرد لەناکاو یەك پارچە بەلای گوێچکەمدا گیڤەی کرد، نازانم چۆن نەیپێکام، چوومە ناوکونەکەوە زۆر گەورەو تاریك و دورو درێژو پێچاو پێچ بوو، لەبن شاخەکەدا بوو زۆر قایمتربوو لەکونەتەیارەکانی ماڵەوە، زۆربەی خەڵکی گوندەکە ڕایان دەکردە ئەو کونەتەیارەیەوە، هەتا سەگی گوندەکەش لەترسی بۆردومانەکانی بەعس پێش هەموو خەڵکەکە ڕایان دەکردە ئەوکونە تەیارەوە، ئەوسەگەش هەستی دەکرد کە ڕژێمی بەعس چەند زاڵمەو هەوڵی کوشتنی ئەدات.

هاوسەرەکەم لەدەوری هەڵەبجەبوو کیمیاوی کرا بەهەڵەبجەدا ئەو ناوچەیە زۆر چۆڵ بوو، خەڵکی گوندەکە حەوت سەرئاژەڵیان کردبوو بەخێر ڕژێم هێر ش ئەکاتە سەرمان، هێشتا گۆشتەکە بەدارەکەوە هەڵواسرابوو کەس نەیخواردبوو، کەلەگەڵ سپێدەدا هێرش کرا بۆ ناوچەکەمان، باش بوو بەرێکەوت کاك جەلالی برام هاتبوو بۆ سەردانم، کەوتیان هێرشی ئەنفال هات منداڵەکەم لەبێشکەکە ڕاکێشا فریانەکەوتم پانتۆڵێکی لەپێ بکەم، بەرەو (دوکان و دوکەڕۆ) ڕامان کرد لە(دوکەڕۆ) چووینە ماڵێك هەمووی بریندار کیمیاوی بوو، بەناچاری شەوێك ماینەوەو ڕۆژی دوایی بەرەو(دوکان) ڕۆیشتین، ئەمانزانی کیمیاویش کراوە بەو گوندەدا، مەفرەزەیەك (پ.م)ی لێبوو کاك بەهزاد هاواری کردو وتی کەسی لێ نییە بڕۆن بۆ چەمی دیوانە ٢٠٠کەسی لێیە کەتاریك داهات ئەڕۆن ئەگەر ئەمشەو خۆتان دەرنەکەن ئەنفال ئەکرێن.

کەچووینە چەمەکە خەڵکێکی زۆرو مەڕو ماڵاتێکی زۆری لێبوو، کە خۆر ماڵئاوایی لێکردین لەژێر تۆپباران و بارانی ئەوشەوەدا بەڕێکەوتین بەپێ بەرەو(بلیکیان و کۆرەو و دودارە)ئەو شەوەمان زۆر بەسەختی بڕی، بەو شاخە سەختەی( خەنجەرە)دا هاتینە خوارەوە بۆ(کانی هەنجیرو شارەزوور)، خەڵکەکە دەلیلیان لەگەڵ بوو ولاغیان پێبوو، جار جارە یارمەتییان ئەدایین لەهەڵگرتنی منداڵەکانمدا، بەڵام کاکم قاچی شکابوو نەیئەتوانی ڕێگا ببڕێت بۆیە دواکەوتین، (باجی عەینە) ژنێکی شاخ بوو وەستا لەسەرمان وتی بەجێتان ناهێڵم، لەڕێگا زۆرمان برسی بوو سێ ژەم نانمان نەخواردبوو، پاشان داوای نانمان لەدوو سێ کەس کرد،پێیان نەبوو تا دواتر دوو پاکەت پسکیتمان دەست کەوت، ئەگەر ئەوبسکیتانەمان نەخواردایە نەمان ئەتوانی بڕۆین. بەهەرهیلاکییەك بێت گەیشتینە (کانی مین) لای زەڕایەن و هەڵەبجەی تازە، چوینە ماڵی پورزایەکی باجی(عەینە)، بەوکاتژمێر دووی شەوە چایان بۆ لێنانین و نانیان بۆ هێناین، نانمان خواردو پشویەکماندا، کچەکەم هەموو گیانی میزو تەڕی بوو، ژنی خاوەن ماڵەکە دووسێ پارچە پەڕۆی دامێ لەکچەکەم پێچاو، بەیانی لەگەڵ سپێدەدا گەڕاینەوە ئۆردوگای باریکە بۆ ماڵی خوشکێکم، سەیری قاچم دەکەم پێستی پێوە نەماوە، هەمووی بلۆق و تلۆق بوو، تایەك هەفتە نەمدەوێرا لەتاو ئازار قاچم بنێم بەزەویدا ، پاش هەفتەیەك هاتم بۆ سلێمانی دواتر گەڕامەوە، لەگەڵ ئاسیاوێکماندا کەناوی

(کاوەی بارامی)بوو لەحیزبی دیموکرات بوو منو نامیدەخانی خێزانی کاک حامیدو کاک جەلال برامی برد بۆ سلێمانیو لەوێوە بۆ قەڵادزێ گوندی(لێوژێ)، دواتر لەدووریی خۆیان خەیمەیەکیان بۆ هەڵداینو خواردنیان بۆ هێناینو وتیان لێرەبن هەتا هەواڵی (پ.م)کانی یەکێتی نەزانین، خەیمەکە ژێرەکەی ئاوبوو بەفروبارانێکی زۆر بوو، ساڵی واسەختم کەم بینیوە. پاش حەوت ڕۆژ مانەوەمان ئێوارەیەك هاتن سوار سەیارەیان کردین، پاش نیو کاتژمێر دایان بەزاندین وئینجا بەپێ ڕۆیشتین بۆ بارەگایەکی یەکێتی لەوێ‌پشوومان داو وڵاغیان بۆ گرتین تاگوندی(ئاشقوڵکە)، شەوێك لەماڵە (پ.م)یەکداماینەوە، دواتر سوار وڵاغ بوینەوە گەیشتینە چەمو ئاوێك، قاچاغچییەکان چوون ڕێگا تاقی بکەنەوە، کۆمەڵێ (پ.م)ی یەکێتییان بینی بوو، پێیان وتبوون کاک حامید ئاوتان لەگەڵە، وتبویان ئەوە کاک حامیدەو وتبویان ئەی عەزیز کوڵکنی -واتە هاوسەرەکەم- ، وتبوی منم بۆچی پرسیار دەکەیت؟

لەوەڵامدا وتبویان خێزانەکانتانمان بۆ هێناون، هاوسەرەکەی من زۆر پێخۆشحاڵ بوو، وتبووی لەمن وایە ئەنفال کراون کەچی ئێوە بوکتان بۆ هێناوم.

منو هاوسەرەکەم و ئامی خان لەژێر تۆپبارانداا بەڕێکەوتین بەرەو ئێران ، شەو لەبارەگایەکی (پ.م)دا خەوتینو بەرەبەیان بەرەو(دۆڵە کوکێ) ڕۆیشتین، تولەڕێگایەکی باریك بوو ئەملاو ئەولای ڕێگاکە مین ڕێژ کرابوو هەمووی بەفربوو، شەوێکیش لەوگوندە ماینەوەو سپێدە کەوتینە ڕێگا بەرەو(کونە مشکێ) لەوێ چوینە چایخانەیەك هەندێ نانو هێلکەمان خواردو بەرەو(قاسمە ڕەش) کەوتینە ڕێ، ئێوارێ لەگەڵ خۆرئاوابوندا گەیشتین، شەو ماینەوە دواتر بەسەیارە بەرەو سەردەشت ڕۆیشتین و دواتر چوینە(سەقز و سنەو پاوەو)و ئینجا چوینە(مەنسور ئاغا) چوار شەو ماینەوەو دواتر بۆ(نۆریا)و هەمدیس گەڕاینەوە بۆ هاوارو هاوارە کۆن، من چووم بۆ سەردانی ماڵی باوکم بۆ گوندی(بۆین)، دوای مانەوەمان بەچەند مانگێك ڕژێم هێرشی کرد بۆ ئەوناوچانە، بەرەو گوندی(شێخان) ڕۆیشتین دواتر چوینە (شمشێر)و دواتر چوینە کانی دینار تاڕاپەڕینی١٩٩١ گەڕاینەوە هەڵەبجەی شەهید.

من شانازی دەکەم بەڕۆژانی خەباتو بەشەهیدەکانمانەوە، خۆزگە شەهید نەبوونایە، تازیاتر خزمەتی خاکی نیشتمانیان بکردایە، خۆیشم وەکو ژنی شاخ پاش ژیانێکی سەختو ماندووبونێکی زۆر پەراوێز خراوین، خۆزگە ڕێز هەبوایە بۆ ئەو ڕۆژە سەختانە.

## بەدیعە حمە رەشید عەزیز

بەدیعە حمە رەشید عەزیز ئەو ژنە شۆرشگێڕە بوو کە لەرۆژانی سەختی خەباتدا، چەندەها جار بەنیشی ڕێکخستن گەڕاوەتەوە ناو شاری سلێمانی و نامەی بردووە بۆ ڕێکخستنەکانی سلێمانی، لەو سەریشەوە دەمانچەی دەخستە ناو مەلۆتکەی کورپەکەیەوە هەتا لەبازگەکانی ڕژێم دەربیبکات و بیگەیەنێتە ناو شۆرش، ئێستاش ئەم خاتوونە بەرێزە لەزاری خۆیەوە باسی بیرەوەرییەکانی خۆیمان بۆ دەکات.

من لەخێزانێکی نیشتمان پەروەر لەڕۆژێکی سالّی ١٩٥٦ لە شاری هەڵەبجە هاتوومەتە ژیانەوە. کەس وکارم لەشۆرشی کۆن و نوێدا بەشداربوون. بەئاوارەیی لەسالّی ١٩٧٤دا چوینەتە خاکی ئێرانەوە. خۆیشم هەر لەمنداڵییەوە هەستم بەئازارو چەوسانەوەی گەلەکەم کردووە، هەربۆیەش لەمانگی بەفرانباری ١٩٧٩دا پەیوەندیم بەست بەڕێکخستنەکانەوە من لەرۆژێکی سالّی ١٩٧٨دا نیشانەکرام لەلایەن خالۆزای خۆمەوە بەناوی (بەهزاد) کە خەڵکی شاری خانەقینە.

لەوکاتەدا ڕژێم فشارێکی زۆر توندی خستبوە سەرشارەکان بەتایبەتی شاری خانەقینی پڕ لەنەوت و سامان، هەر ئەوەش وای لە بەهزاد کردبوو کە لەوکاتەدا پەیوەندی بکات بەڕێکخراوی ئالای سوورەوە لەناو قولایی شاری بەغدادا ئیشی ڕێکخستن ئەنجام بدەن، کە ڕژێم بەدەستی ئاسنین لەهەموو جولانەوەیەکی شۆرشگێڕیی ئەدا.

کۆمیتەکەیان لەلایەن ڕژێمەوە ئاشکرابوو بەهۆی کوژرانی وەزیرێکی کوردەوە، کۆمیتەکەیان حەوت کەس بوون، چواریان شەهیدبوو، سیانیان رایکرد، یەکێکیان دەستگیرانەکەی من بوو، گەڕایەوە بۆ سلێمانی، لێرەوە پەیوەندی ڕێکخستنی دروست کردەوە، خۆیشم لەسالّی ١٩٧٩دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە مالّمان لەگەڕەکی کارێزەوشك بوو، زۆری کوبونەوەکانی ڕێکخستن بەشێوەیەکی نهێنی لەمالّی ئێمە ئەنجام ئەدرا، بەوشێوەیە ماینەوە هەتا مانگی ڕێبەندانی سالّی ١٩٨٠هاوڕێیەکی زەرەنگەرمان بەناوی (شێخ صدیق) لەلایەن ڕژێمەوە ئاشکرابوو ، بۆیە ئێمە چتر ئەمان توانی لەشار دابنیشین،

هاوسەرەکەم و هاوڕێکانی بەوزستانە سەخت و پڕ بەفرو سەرمایە ڕێگای شاخ و سەرکردایەتیان گرتە بەر، خۆشم لەوکاتەدا فەرمانبەربووم لەفەرمانگەی ڕێگاوبانی سلێمانی، دوو سالّ خزمەتم هەبو، وازم لەفەرمانگە هێناو لەگەلّ لاوکۆی کوڕمدا بەرەو شارۆچکەی هەڵەبجە چووم، لەناو کەس وکاردا خۆم شاردەوە ، چونکە لەسلێمانی پیاوانی ڕژێم بەدوامدا دەگەڕان بمگرن.

تاسێ مانگ بەشێوەیەکی نهێنی خۆم حەشاردا، هەتا ڕۆژێکی بەهار ئەشت و دەر سەوز ئەچۆوەو بەرەو گوندی دوکانی قەرەداغ کەوتمە ڕێگا لەقەرەداغ و شارەزوری بناردا، هەم ئەخۆشخانەبو، گشت کات جێگەی حەوانەوەی کەس وکاری (پ.م)بوو. من کەس وکارم سەردانیان دەکردم و پێویستییەکانی ژیانیان بۆ دەهێنام، چونکە ئەم ئەتوانی هاتۆوچۆ بکەم ناوم لەفەرمانگەی (ئەمن)هەبوو.

هەر لەو گوندەدا منداڵی دووەم بوو لەسالّی ١٩٨٢ دا بەناوی (لاوین)، بەشێوەیەکی زۆر نارەحەت و سەخت منداڵەکەم لێبۆوە هەتا منداڵی سێهەمیشم کە (لانە)بوو هەر بەوشێوەیە

بوو، هیچ پێداویستییەکی ژیان نەبوو، هەتا مامانیش دەست نەدەکەوت، بەڵکو ژنە (پ،م)کان خۆمان کەس‌وکاری یەکتری بووین ولەئازاری یەکتریدا دەژیاین.

لەکاتی لەدایك بونی ئەو دوو منداڵەمدا زۆریان یارمەتی دام، من خۆم ناوکی دوو منداڵی پەخشانم بڕیوە کە خێزانی مەلا ئەحمەد دسکەوەیە، لەو ساڵانەدا ژیانی (پ،م)یەتی زۆر سەخت بوو، لەشەوێکی ئەنگوستەچاوی ساڵی ١٩٨٢ دابوو فرۆکەکانی دوژمن ئێنزاری گوندەکەیان کردین، کەشەڕێکی گەورە ڕوویدا (پ،م)ی شەهیدو بریندار زۆربوون.

بریندارەکانمان بەکۆڵ دەگواستەوە بۆ ئەشکەوتەکانی دەوروبەری گوندەکە، من لەچەند شەڕێکدا بەشداربووم، بەکۆڵ دەرزیو دەرمانو خواردنو پێداویستیم بۆ دەبردن، کاتێك کە دوژمنیش راو دەنراو شەڕ تەواو دەبوو، بریندارەکان دەهێنرانەوە ماڵی ئێمەو چارەسەر دەکران، تابەرەو چاکبونەوە دەچوون، زۆرجار پرسەی شەهیدەکان لەماڵی ئێمە دادەنرا، من ئەبووم بەدایكو خوشكیان، شەهیدەکان چەند ژیانیان دەبەخشی بەخاكو بەنیشتمان، منیش ئەوەندە ئازارم هەڵئەگرت بۆیان.

چەند جارێك بەشێوەیەکی نهێنی بەئیشی ڕێکخستن گەڕاومەتەوە بۆ سلێمانی، بەشێوەی ژنە گوندیەك خۆم گۆڕیوە جلی کوردیو سەرپۆشی سپیو عەبام داوە بەسەرما نامەم بردووە بۆ ڕێکخستنەکانی ناوشارو کەس‌و کاری (پ،م)، لەو سەریش کە گەڕاومەتەوە دەرزیو دەرمانو هەتا جارێکیان دەمانچەیەکم لەمەلۆتکەی لاوینی کوڕمدا شاردەوە تا گەیاندمەوە ناو شۆڕش.

من لەژیانی (پ،م)یەتیدا زۆر شوێن گەڕاوم :گەرمیان، قەرەداغو شاربازێڕو شارەزوری بنارو شارەزوری تەخت، هەتاگوندی دۆستێرە لەشاربازێڕ لەو گوندەدا پانزە ڕۆژ گەمارۆ دراین بەهۆی شەڕی ئیسلامی ویەکێتیەوە، هەرلەوکاتەدا کەس‌وکاریشم هاتبوون بۆ سەردانم، لەوێ ڕێگایان لێگیرا، لەوساتەدا شەڕی ناوخۆ هەر درێژەی هەبوو، ئەوساتانە زۆر پڕ ئێش‌و ژان بوو، ئەو ئایدۆلۆژیا تاڵەی بەینی حزبە کوردییەکان بێگانە دەستی خستە ناو ئایدۆلۆژیاکەمانەوە لە جیاتی لوولەی تفەنگ ئاراستەی دوژمن بکەین ئاراستەی خۆمان دەکرد.

پاش ماوەیەك بۆ سەردانی هاوسەرەکەم چووم بەرەو خۆشناوەتی، هاوسەرەکەم لەشەڕی ناوخۆدابوو، دوای گەڕانەوەیان لەشەڕەکە مامە ریشە ژنی دەگواستەوەو شایی بوو، من لەشاییەکەدا یەك هەفتە نانو چێشتم دورست کرد ، چەند ساڵێك مامەوە لەگوندی دووکان، لەڕۆژێکی پایزی ١٩٨٧دا ڕژێم قەرەداغی گرتەوەو کەوتە تۆپ بارانمان، منیش دەچوومە ئەو کونە تەیارەیەی کە بەچەند پلەیەك دەچوویتە خوارەوە دیوارەکانی زۆرسارد بوو، خوارەوەم چاك کردبوو جێگام تێیدا داخستبوو زۆربەی شەوان کە بۆردمانمان لەسەربوو لەوێدا ژیانمان بەسەر ئەبرد.

مانگی رەشەمێی ١٩٨٨بوو، سەرەتای هێرشە دڕندانەکانی ئەنفال دوو بوو بۆ قەرەداغ، ژنێکی (پ،م) بەناوی حەسیبە خان کە دوو کچی هەبوو، منداڵی سێهەمی بەژانەوەبوو. زۆر هیلاك بوو نەپزیشك هەبوو نەدەرمان نەڕێگا، ئەم ناوچانە لەژێر کارەساتدا دەژیان، ئەو ژنە

هەژارە چوار شەوو رۆژ بەژانەوە بوو منداڵەکەی لێ نەنەبۆوە، هەموو ژنە (پ،م)کان لەدەوری بوین جەخارمان دەکێشا کەسمان بەتەمای ژیانی نەبووین، هاوسەرەکەشی لەشەڕدابوو کەسیان ئاگاداری ژیانی ئەوی تریان نەبوون، حەسیبە خان بەو هەموو ئازارو ژانەوە هەواڵی شەهیدبونی وەستا جەلالی هاوسەری پێگەیشت، پاش ئەو غەمە زۆرە کچی سێهەمی بوو.

سەرەتای مانگی نەورۆزی ١٩٨٨ بوو لەشەوێکی هەورو هالاو وبارانایدا ئاسمانیش شینی دەکرد بۆ ئەم گەلە چەوساوەیە گوندەکەمان تۆپ باران کرا. (پ،م)کان چونە شاخ، ژنە (پ،م)کانیش هەموویان لەماڵی ئێمە کۆبونەوە. ئەو شەوە هەر مەپرسە چ بۆردمانێك بوو، لەسەر قەلاقایمس ئەو گوندەی دایە بەر تۆپی کیمیاوی هەواکەی گەڕایەوە بۆ ئێمە، خۆم دەمو چاوم سوتاو رەشداگەڕام، هاوسەرەکەم گەڕایەوە وتی: لەوەئەچێت هێرشی ئەمجارەیان راماڵین بێت. ئێوە خۆتان کۆبکەنەوەو بگەڕێنەوە بۆ شار، هێشتا دوو کاتژمێر بەسەر قسەکەیدا نەرۆیشتبوو درانە بەر راجیمەی کیمیایی، دە کەسی تر لە رۆڵەی کورد بەخوێنی خۆیان خاکی نیشتمانیان نەخشاندو ئێمەش هەموومان بەچاوی کزو کوێر دەستی یەکترمان گرتو بەرەو چەمی دێوانە رۆیشتین، ئای چ مەرگەساتێك بوو، چوینە گوندێك جلی پاکیان داینێو خۆمان گۆڕی ومن لەگەڵ خێزانەکەی کاك عەدنانی حەمە مینە یەکمان گرتەوەو بەپێ رۆیشتین تا گەیشتینە گوندێك لەلای گوندیکولەجۆەوە، پیاوێکی لێبوو زۆر بەرێز بوو، هاوسەرەکەمی ئەناسی بردینیەوە ماڵی خۆیان،

دواتر گەڕاینەوە بۆ سلێمانی ماوەیەکی زۆر لەژێر ترسو لەرزو خۆشاردنەوە لەم ماڵو ئەو ماڵمان بردە سەر، هاوسەرەکەشم لەئێران بوو، دیسان لەڕەوەکەدا ئاوارە بووین کە لەهەموو کوردستانی باشور کۆڕەوە مەزنەکە ڕویدا کە سێ ملیۆن مرۆڤ لەژێر بارانو رەهێڵو زریاندا کەوتنە ئەو شاخو کێوە بێ ئەوەی یەك گوند بەپێوە مابێت.

ئێمەش چووینە گوندی مێشلە لەبەینی تەوێلەو بیارەدا، هەتا مانگی رەزبەری هەمان ساڵ ماینەود، دواتر گەڕاینەوە بۆ سلێمانی بێ ماڵ بێ شوێن هەر رۆژە لەماڵێك بووین، من لەگەڵ هاوسەرەکەمدا هیچ گیروگرفتێکم نەبووە هەتا ساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ لەهەموو خۆشی وناخۆشییەکی یەکتردا بەشداربووین.

من وەکو ژنی شاخو هاوسەری (پ،م) هەرچی گونداو گوندو شاخەو شاخو ئەهامەتیو دووری لەکەسوکارو دابڕان لەمنداڵەکانم کە پارچەیەك بوون لەخۆم، بەهەموو شتێك رازی بووم لەپێناوی خاکەکەم، نیشتمانەکەم، رێبازەکەم، هاوسەرەکەشم و منداڵەکانیشم، بەڵام مخابن کە رۆژگار منی خستە پەراوێزەوە لەلایەن هاوسەرەکەمەوە بەڵام خۆم وەکو دایکێك باڵم بەسەر منداڵەکانمدا کێشاو هەتا دواساتەکانی ژیانم دەست بەرداریان نابم. خۆشم ئەندام کۆمیتەم لەتووی مەلیكو فەرمانبەریشم لە ئیشغالو ئاوەدانکردنەوە. ئەگەر ژنی کورد قولی لێ هەڵمالی بەهەموو ئامانجەکانی خۆی دەگات.

## حەسیبە عەبدولکەریم

حەسیبە عەبدولکەریم وەکو هەر ژنێکی تری شاخ لەم کۆمەڵگایەدا، کۆمەڵێ سەختیی ژیانی بینیوە. ژنێکی ماندونە ناس بووە لەشۆڕش دا. گونداو گوندو شاخەو شاخ و ئاوارەی کردوە، ژیانێکی پڕ لەمەترسی بینیوە ؛ خۆی و منداڵەکانی زۆر بەسەخت بەگازی کیمیاوی بریندار بوون ، پاشی چەند رۆژێك لەنەخۆشخانەی تەبرێز هاتنە دەرەوە، هەواڵی شەهیدبوونی دایکی و برای ئازیزی پێگەیشت ، کە بەگازی کیمیاوی لەهەڵەبجەی شەهیدبوون .

لەخێزانێکی کورد پەرەوەرو دڵسۆز بۆ خاکەکەم لەهەڵەبجەی خاوەن هەزاران شەهید چاوم کردۆتەوە ، لەساڵی ١٩٧٤دا لەو ساڵە پڕ لە کارەساتەدا (عابد)ی برام لەلایەن سەرانی رژێمەوە دەستگیرکرا ، لە ئەمنی عامەی بغداد بەندبوو، پاش ئازارو ئەشکەنجەدانێکی زۆر لەلایەن سەرانی رژێمەوە پاش چەند مانگێك لەبەندێتی بەلێبوردنی گشتی بەربووە .

هەر لەوکاتەشدا ئێمە لەئۆردووگاریی سەریاس بووین لەئێران ، هەربۆیە هەستی نەتەوایەتی هانی دام کە لە مانگی گەلاوێژی ١٩٧٨ پەیوەندی بکەم بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بەشێوەیەکی نهێنی.

لەرۆژێکی پایزی ساڵی( ١٩٧٩)دا ژیانی هاوسەریم هەڵبژارد لەگەڵ مامۆستا کەمال عبدالله ، خۆر چیتر ئەو گوڕو تینەی نەدەبەخشی بەزەوی گەلای درەختەکانیش چیتر سەوزیان نەدەتواند، وردە وردە رەنگیان بەلای زەردا مەیلی دەکرد، لەوساتانەدا هاوسەرەکەم مامۆستا بوو لەگوندی گۆزەدێم وە بەنهێنی لەڕێکخستنەکاندا کاری دەکرد، بەهەمان شێوە خۆیشم پەیوەندی ڕێکخستنم گواستەوە بۆلای کاك جوامێر ناوی نهێنم پەروا بوو، سەرپەرشتی گشت چالاکی ڕێکخستنی ئەو ناوچەیە لەئەستۆی مندابوو.

لەکۆنفراسی ١٩٨١دا هاوسەرەکەم پەیوەندیەکانی ئاشکرابوو، لەفەرمانگەی پەروەردەی سلێمانی ناوی هەبوو بۆ گرتن. لەبەر ئەوە خەبات و هەوڵ و تێکۆشانمان لەشارەوە بردە شاخ، واتە هاوسەرەکەم بوو بە (پ،م) ، لەو زەمەنەدا زۆرم سەختی و ناخۆشی و ژان چەشتووە.

لەئێوارەیەکی رەزبەری ١٩٨٣دا لەوکاتەدا کە چیدی تیشکی خۆر ماڵئاوایی دەکرد لەخاکی ئەو ناوچەیە ، لەگوندی موبرە جەیش و جاشی هێرشیان هێنایەسەرمان، منیش هەر ئەوەندە فریاکەوتم کچە ساواکەم و دوو ژێر سێ هەڵگرم و لەگەڵ هێزی (پ،م)دا کەوتمە ڕێگا بەرەو گوندی هەولۆ، لەڕێگا هێرشی مەلا خدر کچەکەی کردە باوەشی . دواتر بەو بەردەڵان و شاخو هەردەدارۆیشتین تاگەیشتینە مزگەوتی گوندەکە، شەو لەمزگەوتەکەدا خەوتین. بەیانی زوو لەگەڵ جریوەی چۆلەکەداو هەڵهاتنی خۆردا بەرەو شاری سلێمانی بەرێکەوتم .

چەند رۆژێك لەم شارەدا مامەوە ، هەر رۆژێکی بەساڵێك دەچوو لەترسی گرتن و ئازاردان، پاش چەند رۆژێك ئەمجارە بەرەو گوندی نودێ کەوتمەڕێگا بۆ بنیادنانەوەی ماڵەکەم لەقوتابخانەی گوندەکەدا کە حەوت ماڵە (پ،م)بووین ، ماڵی شەهید سالار قادر مامۆستا جوامێرو کاك عومەر غەریب و تۆفیقە رەش و عومەر مختارو مام غەریب، هەروەك دەستوری ماڵە (پ،م)رۆژێکیان میوانێکی زۆرمان هەبوو، من خۆم فریای نانخواردن نەکەوتم

پاش ئەوەی میوانەکان ڕۆیشتن، هاوسەرەکەم هەردوو منداڵەکەی برد بۆ ناودێ تا من پشوویەك بدەم .

دوای تەواوکردنی کارەکانم ویستم نان بخۆم ، ڕۆنی کوردیی و دۆشاو مان هەبوو، دەستم کرد بەنان خواردن هەر ئەوەندە ئاگام لەخۆم بوو کە پارووەکە لە دەممدابوو، ئاگام لەخۆم نەمابوو، لەناکاو لەو کاتەدا کاك سالارو کاك عومەر غەریب بەویادا ڕۆیشتبوون، منیان بینیبوو کە خوێن بەدەممدا هاتۆتە خوارەوەو کەوتوو بەلادا بەڵام نەیانزانیی بوو من چیمە، بەخێرایی ژنە پێشمەرگەیەکی حەوشەکەیان بانگکردووە، بۆ ئەوەی بزانن من چیم بەسەرهاتووە ، لەوساتەدا بەختم هەبووە میوانێك هاتووە بۆ گوندەکەمان ئوتومبێلی پێبوە ، خێرا منیان خستۆتە سەیارەو گەیاندومیانە گوندی سیتەك .

لەوکاتەدا دانوستاندنی بەینی (ی ن ك)و ڕژێم لەهەڵوەشاندنەوەدابوو ، باروودۆخی ناوچەکە نائارام بوو، دکتۆر هەژار لەگوندی سیتەك بوو، وتبوی زمانی بەشووشە بڕاوە، بەشەش تەقەڵ دەیدروێنێتەوە. ئەو شەوە لەماڵی کاك جەمال مامەوە، کە هۆشم هاتەوە گوڵەباخ خانی خێزانی کاك جەمال و بینی هەوڵمدا لەگەڵیا بدوێم، بەڵام نەمتوانی قسەبکەم، پاشان بۆ ڕۆژیی دوای بەو هەموو ئازارو ژانەوە گەڕامەوە بۆ گوندی نودێ .

لەوکاتەدا لەسەر وەختیمنداڵ بونبووم بەکوڕێکم کە ناوی ئاراکۆیە، چوار شەو بەسەر درونەوەی زمانمدا تێپەڕی ، زستان بو شەوێکی ساردو سڕوتەنیابووم ، لەنیوە شەودا لەژورە چوڵەکەدا هەرهاتۆچۆم بوو، پاشان ژنێکم بانگ کرد بەناوی شکریەخانەوەکە ڕەحمە خانم بۆ بانگ بکات، ڕەحمە خان هات بۆ لام هەتا کاتژمێر دووی شەو خوا کوڕێکی دامێ، بەنەشارەزایی ناوکی منداڵەکەمان بەست من لەتاو ئازارو هیلاکی خۆم ئارامم نەبوو، کە بەیانی منداڵەکەمان کردەوە هەموو گیانی خوێن بوو، خەریکبوو منداڵەکەم لەدەست بچێت ، بەهۆی نەبوونی پێداریستی و پزیشك هەتا مامانیش نەبوو.

تاماوەیسێ ساڵ لەگوندی نودێ ماینەوە ، دواتر کۆچ و بارمان پێچایەوەو بەرەو بزەینان ڕۆیشتین- پاش ماوەیەك کە ژیانمان بەسەر برد لەو گوندەدا، لەگەڵ خێزانەکەی تۆفیق عەلی لە گەڕاینەوە دا بوین بۆ سلێمانی، گەیشتینە ئەو بازگەیەی کە لە ڕێگەمان دایە ویستمان درێژە بەگەڕانەوەکەمان بدەین، لە بازگەکەدا ئۆتوموبێلەکەیان وەستاندو سەربازی بازگەکە هەرچی کەل و پەلمان هەبوو فرێیدایە دایە سەرجادەکە .

فەرمانیان بەشۆفێرەکە کرد بڕوات، منیش ترس بەسەر هەستمدا زاڵبوو بەتایبەتی لەو کاتەدا کە دەستی (ئاڵا) و( شاڵاو) یان گرت و بردیاننە ژورێکی بچوك کە ژووری پشکنین بوو پرسیاریان لەمنداڵەکان کرد. کە ئایا باوکیان ئیشیی چییە؟

منیش خۆشبەختانە لەوەپێش فێرم کردبوون کە بڵێن سەربازی ڕژێمە لەبەغداد، پاش بوو هەردووکیان وایان وتبوو، پاش مانەوەمان بۆ چەند کاتژمێرێك وتیان بڕۆن، ئێمەش گەڕانیەوە بۆ سلێمانی، پاش بەسەربردنی چەند ڕۆژێك لەسلێمانی گەڕانیەوە بزەنیان ، لەوساتانەدا هەردوو ڕژێمی عێراقی و ئێرانی شەڕیان خستە کوردستانەوە، بەتایبەتی ناوچەی شارباژێر، کە لە شەڕی کەتوودا شەهید سالارو شەهید عەلی چوارتای شەهید بوون.

شەهید سالارم هەرگیز لەیادناچێت، تازە منداڵێکیان بوبوبەناوی دابانەوە ئەو منداڵە کوڕییە باوکی خۆی نەدی ، بەهۆی شەڕو بۆردمانی ناوچەکەوە، شارباژێر چۆڵی کرد، من گەڕامەوە بۆ هەڵەبجە تاهێزی (پ.م)پەڕینەوە بەری خەمزدو قەیوان ، پاش چەند رۆژێك مانەوەم لەهەڵەبجە، بەشێوەیەکی نهێنی هاتمەوە بۆ سلێمانی تازانیاریم دەربارەی هاوسەرەکەم دەست بکەوێت ، کەپرسیارم کرد لەگوندی خمزە بوو .

پاشان بەرەو خەمزە کەوتمە رێ کە گەیشتم سەردانی باخەکانی( گەورەم ) کرد رێکخراوی کەرتی رێکخستن لەوێ بارەگای خۆیان دانابوو، منیش چوومە ئەوێ جێگایەکمان چاکردو کە پرێکمان دروست کرد ،بەلقو گەڵای درەختەکان ، لەگەڵ چەند ماڵە پێشمەرگەیەکی تردا ماڵی (هەڵۆی ئەحمەد کوردە و حەکیم هنیدی مامۆستا چەمال و گەلاوێژ خانی خێزانی ماڵی کاك حەسەن )، تاسێ مانگی هاوێن تەواو بوو ئێمە لەو کەپرانەدا ژیانمان بەسەربرد .

کەسەرمای پایز هات و بارانی پەڵە نزیك بۆوە ژوورێکمان پەیداکرد لەماڵی حاجی ساڵح دا بووین ماوەیەك ژیانمان بەسەربرد، پاش ماوەیەك بەسەردان گەڕامەوە بۆ شار، پاش چەند رۆژێك دوای سەردانی شار ویستم بگەڕێمەوە بۆ خەمزە ، لەگەڵ دایکی رەحمەتیمدا سەردانی گەراجی سەیارەکانمان کرد، لەوێ شۆفێرەکان وتیان گوندی خەمزە لەلایەن جەیش و جاشەوە هێرشی بۆ کراوەو سوتاوە .

ئێمەش بەنائومێدی گەڕاینەوە ماڵی خاڵم لە سلێمانی ، پاش ماوەیەك سەردانی گوندی (باڵغ )م کرد لەوێ ژوورێکمان بەکرێ گرت دوبارە ماڵمان دانایەوە ، پاش ماوەیەك بەرەو کارێزەکەی گاپیلۆن لەگەڵ ماڵی کاك عزەت شەمساوای. و ماڵی براکەیدا ئەوان کەپریان کردبوو، ئێمە چادرمان هەڵدا بوو ، بۆ ماوەی چەند مانگێك ماینەوە دوایی هاوسەرەکەم گوێزرایەوە بۆ تیپی پارێزگاری لە یاخسەمەر ، لەوێش ژوورێکمان گرت لەلای ماڵی ئەبوشەهابەوە.

سەرکردایەتی بەردەوام لەژێر بوردمانداببوو، تابۆردمانە گەورەکەی یاخسەمەر کە فرۆکەکانی رژێمی داگیرکەر پەلاماری یاخسەمەریاندا، ئەو بۆردومانە ماڵی لەناو گوندا نەهێشت تەنها دیواری ڕوخاو نەبێت ، هەموو ماڵە (پ.م)کان ڕایان کردبوو بۆ دەرەوەی گوندەکە، ئێمەش چوینە گوندی گوێزلە ، وەنەبێت ئەم گوندە لەوانی ترپاشتربێت، هەمیشە بۆردومانمان لەسەر بوو ، تۆپ باران ژیانی زۆر نارەحەت کردبووین، ئەوە بوو لەمانگی رێبەندانی ١٩٨٧دا بەڕێز مام جەلال حەفتاو دوو کادری نارد بۆ تاران بۆ دەروە یەکێك لەو کاردانە هاوسەرەکەم بوو، ئەو ڕۆیشت بۆ تاران منیش لەو گوندەدا بەسێ منداڵەوە مامەوە.

لەترسی گرتن نەماندەتوانی هاتوچۆ بکەین، چونکە ناوم لە خاڵی پشکنینەکان دا هەبوو ، ماینەوە لەوگوندەدا تاشەوی (٢٦-٢٧)ی مانگی رەشەمێ ١٩٨٨بوو لەشەوێکی سامالدا بوو کە بۆردمانێکی قورس کراین و لەناکاو لەدەنگی نالەی تۆپ بە ئاگاهاتم، هەرسێ منداڵەکەم باوەشیان کرد بەقاچمدا گریان، چۆن گریانێك ترس بەسەریاندا زاڵ بوبو ، چاوەکانیان داوای یارمەتی دەکرد، دەستەکانیان دەلەرزی ووشەکانی سەر لێویان لەرزەی

تیابوو، بەشێوەیەك ترسی دەخستە دڵەوە، خۆیشم لەوان زیاتر دەترسام، هەستام‌و هەنگاوەکانم بەرەو لای دەرگاکە هێنایەوە بۆ ئەوەی دەرگاکە بکەمەوەو بڕۆینە دەرەوە، کە دەرگاکەم کردەوە هەستم بەبۆنێکی ناخۆش کرد، لەگەڵ ماڵی (مامۆستا عەلی)دا لەسەریەك هەیوان بووین.

منداڵەکان لەگەڵ خۆم لەوهەیوانە دابووین، ناڵەیەك وەك ڕەشەبایەکی بەهێز کە مرۆڤ ناتوانێت بەرهەڵستی بکات بەرەو ڕوومان هات . من بەمامۆستا (عەلی )م ووت کیمیاوییە، چەند ساتێکی کەم بەسەر قسەکانمدا ڕۆیشت بوو هەر ئەوەندە فریاکەوتم کە ئەو خاولیەی بەتەنافەکەوەبوو تەڕی بکەم‌و بیدەم بە دەم‌و لوتی منداڵەکانم ، ئاگرم لەهەیوانەکەدا کردەوە بۆ ئەوەی کاریگەریی کیمیاوییەکە کەم بێتەوە، ئیتر دوای ئەوە نەمزانی چی ڕوویداوە ، پێشمەرگەکان ئێمەیان ڕەوانەی بەرگەڵو کردبوو، لەوێشەوە کاك شەهاب چووبوو بۆلای کاك نەوشیروان پێی وتبوو ماڵ‌و منداڵی مامۆستا کەماڵ بریندارن بەکیمیاویی‌و ژیانیان لەمەترسیدایە. کاك نەوشیروان فەرمانی دابوو کەبیان نێرن بۆ ئێران ، بەکۆپتەر ناردیانین بۆ نەخۆشخانەی تەبرێز، لەدوای (١٥)ڕۆژ هاتینە دەرەوە .

تائێستاش کاریگەری ئەو کیمیاوییە لەسەر خۆم‌و منداڵەکانم ماوە، پاشان لەسەقز ژورێکیان بۆ گرتبوین لەئوتێل سەقز کە ئەوئوتێلە بۆ ماڵە (پ،م)کان گیرابوو. تازە لەنەخۆشخانە هاتینە دەرەوە کە هەڵەبجەی ئازیز شەهید کرا، لەوبۆردمانە شومەدا خۆشەویسترین کەسم لەدەستدا کە دایك‌و برای ئازیزم بوو، بەراستی ئەو غەمە گەورەیە کاری لەهەست‌و دەروونم کرد هەتا داو ساتەکانی ژیانم لەیادم ناچێت.

پاش ماوەیەك ئوتێلەکەمان بەجێ هێشت‌و ژورێکمان گرت لە چوار ڕای سەقز لەماڵی باجی ئامین ئاوێکدا ، بەراستی بۆمن زۆرباش بوون‌و گشت کات دڵنەواییان ئەدامەوە ، پاش بەسەربردنی سێ مانگ لەغەم ، ئازارو خەفەت ، هاوسەرەکەم لە تاران گەڕایەوە.

هەرچەندە ماڵە (پ،م)کان زۆر پەیوەندیمان باش بوو لەگەڵ یەکدا ژیانیش زۆرگران بەڕێوەدەچوو، چونکە ئیش‌و کار نەبوو بەڵام ئێمە ژیانمان باشتربوو ، چونکە دەستم کرد بە ئیش خەیاتی وەکارەکەم زۆر باش بوو.

پاش بەسەربردنی سێ ساڵ لەسەقز لەونەهامەتیو ئاوارەییە، ڕاپەڕینە مەزنەکە ڕوویدا خۆشترین ڕووداوی مێژوویییە بۆ من ، بەرەو کوردستانی باشور گەڕاینەوە و ماڵئاوایم لەکوردستانی خۆرهەڵات کرد، لەمانگی گەلاوێژی ١٩٩١دا گەڕاینەوە شاری سلێمانی، من لەپێناوی خاکەکەم‌و ڕێبازەکەم‌و خێزانەکەمدا هەرچی گونداو گوندو شاخەوشاخ‌و ئاوارەیی ماندوێتم بینی ، بەڵام مەخابن کە من لە لایەن هاوسەرەکەمەوە خرامە پەراوێزەوە. هیلاکی‌و ماندوبوونی من بۆ یەکێکی تربوو بە خاوەنی بەرهەمی چەند ساڵە.

خۆشم دانەبڕاو لە شۆڕش‌و هەربەردەوام بووم ، ئێستاشی لەلیژنەی باڵای ژنانی شاخدا کاردەکەم، لە خزمەتی ژنانی شاخدا چیم لەتوانادا بێت ئەیکەم.

## حەسیبە عوسمان حەمە شەریف

ئاخۆ ترسی دڵی حەسیبە حەمە شەریف چۆن بووبێت؟ لەو نیوە شەوەی کە مانگ بەتەواوی خۆی لەپشت هەورەکانەوە حەشاردابوو، کاتێک کە سواری بەلەمێکی تەختە بوو بەناو ئاوە خوڕەکەدا کەوتنە ڕۆیشتن.

من لەشارۆچکەی هەڵەبجەی شەهید هاتەدووتە ژیانەوە کە لانکەی ڕۆشنبیریو نیشتمانپەروەریێتی بوو وە هەر لەوێش گەورە بووم، هەر بۆیە لەڕۆژێکی سەختی ١٩٧٩دا پەیوەندی ڕێکخستنم بەست بە (مامۆستا شاهۆ)و لەو کاتەدا ڕژێمی فاشی بەئاگرو ئاسن دەجولایەوە لەگەڵ گەلی کورددا. لەسەر کاری ڕێکخستنم بەردەوام بووم هەتا لەڕۆژێکی ئاسمان ساماڵی ١٩٨٤دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ (محەمەد محەمەد سەعید) کە ناسراوە بە (مامۆستا شاهۆ). ئەو سەردەمە سەرتیپی تیپێکی شارەزوور بوو، خۆشم فەرمانبەر بووم لەفەرمانگەی بانقی هەڵەبجە (ئەمین سندوق) بووم، پاش حەوت مانگ مانەوەمان لەماڵە بچووکەکەماندا، دانووستانەکەی نێوان ڕژێمو یەکێتی تێکچووەوەو هاوسەرەکەم چووە شاخ و منیش لەهەڵەبجە مامەوە، هەتا ڕۆژی ١١ی گوڵانی ١٩٨٥ پیاوانی ڕژێم چووبوون بۆ فەرمانگەکە بۆ گرتنم، بەڵام خۆشبەختانە ئەو ڕۆژە پشوو بوو بەبۆنەی یەکی ئایارەوە من لەماڵی باوکم بووم.

ئەمنەکان بەرەو ماڵی باوکم هاتبوون بۆ گرتنم بەڕێکەوت بە ئامۆزایەکمیان وتبوو کوا ماڵی (حەسیبە عوسمان) کلیلی بانقەکەمان دەوێت، بەڵام ئامۆزاکەم منداڵێکی وریابوو بەڕاکردن هات وتی باجی حەسیبە خێرا راکەو بڕۆ ئەمن هات بتگرێت.

منیش هەر بەماکسییەکەی بەرمەوە چەند ماڵێك گەڕام. زۆربەی گەنجی هەڵەبجە سەربازی هەڵاتوو بوون هەر منیان دەبینی لەترساندا رایاندەکرد، چونکە هاوسەرەکەم لە هەڵەبجەدا ناسراو بوو. تا لەدواییدا چوومە ماڵی سەرگوڵی ئامۆزام کە تا ئێوارێ لەوێ مامەوە.

لای ئێوارە کە خۆر لەئاوابووندا بوو، (جیهانگیری) برام هاتو بردمی بۆ (ئیمامی زامن)، سکیشم حەوت مانگ بوو بەکوڕەکەم، من دەرچووم و نەگیرام، ئەمنەکان باوکمیان بەندکرد لەناو ئاسایشخانەکەیداو پاش دوو شەو بەندێتی بەریاندا. ئەو فاشیانە کێشەیەکی خێزانیان بۆ دروستکردین، چوون باوکی هاوسەرەکەمیان گرت (١٥) ڕۆژ بەندبوو بەو ڕیشە سپییەوە نەخۆشیش بوو، سەرەڕای ئەوەش جەرگی سووتا بوو کوڕێکی شەهید بوو.

کە گەیشتینە (ئیمامی زامن) چووینە ماڵی (کەریمی عەبەی خاسە)و هەفتەیەك لەماڵیان مامەوە، ماڵێکی زۆر بەڕێز بوون، ڕۆژانەش ماڵی باوکم سەردانیان دەکردمو خواردنیان بۆ دەهێنام تا شەوێکیان کاتژمێر یانزەی شەو هاوسەرەکەم گەیشتە لامو زانیبووی باوکی هەردووکمان گیراوە زۆری پێناخۆش بوو، هەر هەمان شەو پاش نیو کاتژمێر جامانەیەکم کرد بەلەچكو خۆم ئامادە کرد بۆ ڕۆیشتن، گەیشتینە سەر ئاوەکە بە بەلەم بپەڕینەوە زۆر زۆر ترسام، ئەو شەوە یەکەم شەوم بوو تا ئەوساتە نە لەلادێدا ژیابووم نە بەشەویش

بەڕێگادا ڕۆیشتبووم، کە چوومە ناو بەنەمەکەوە تا دە خولەک هەموو گیانمان وەک ناو دەلەرزی، دەمگووت دەکەوینە ئاوەکەوەو دەخنکێین، بەڵام پاش ماوەیەک ئاسایی بوومەوە. یەک کاتژمێرو نیو بەناو شەپۆلی ئاودا ڕۆیشتین لەترسی جەیش و جاش ئەو ڕێگایەمان کەوتە بەر، بەو نیوەشەوە کە دابەزین برایمی برام لەوبەر ئاوەکەوە چاوەڕوانمان بوو، دواتر ئەو شەوە چووینە گوندی (قەڵبەزە)و چووینە ماڵی (حاجی ئەفرۆز)، پاش پشوودان خەوتین.

ڕۆژی دوایی هاوسەرەکەم لە (قەڵبەزە) مایەوەو منیش لەگەڵ دوو براکەمدا بەجێب بەشاخە سەختەکانی دووکانی قەرەداغدا سەرکەوتین، ئێواریٚ کە خۆر ماڵئاوایی لێدەکردین، بەحاڵ زەردەیەک لەقوتەی شاخەکانی دەدا دیمەنێکی شیرینی هەبوو، شەو لەکاتژمێر سێی شەو هاوسەرەکەم بەلاڕێدا بەقاچاخ گەیشتە لامان. دوای مانەوەمان بەسێ شەو لەدووکان بەرەو گوندی (ئەوتی) ڕۆیشتین چووینە ماڵی کاک (فوئاد) کە خێزانەکەی ناوی شەونم خان بوو، دوای هەفتەیەک مانەوەمان لەو ماڵە بەڕێزە خانوومان گرت و ماڵێکی بچووکمان دروست کردەوەو لەوێ دەژیایین.

لەگوندی (ئەوتی) لەماڵەکەی خۆمدا کوڕەکەم لەدایکبوو لە ٢٣ی جۆزەردانی ١٩٨٥دا، بەزەحمەت و ئازارێکی زۆر، زۆر نەخۆش بووم بەسەرییەوە، بۆیە پاش سێ ڕۆژ دوای لەدایکبوونی منداڵەکەم گەڕامەوە بۆ سلێمانی بۆ لای پزیشک، چوومە ماڵی باوکی شەهید سالار کەماڵی پوورم بوو. لەوکاتەدا ڕژێم چەکەکەی دەستی، گرتنی کەس و کاری پێشمەرگە بوو لەناو شاردا، بۆیە نەمتوانی بمێنمەوە چوومە ماڵی پوورزایەکی شەهید سالار بەناوی (چرۆ خان)، هەفتەیەک لەماڵیان مامەوەو لەو نەخۆشیەمەدا یارمەتی زۆری دام و کوڕەکەمی بەخێو کرد.

دواتر گەڕامەوە بۆ ئەوتی، بە بەردەوامی میوانمان هەبوو شەرواڵێکم لەبەردابوو، جووتێ پێڵاوی لاستیکم لەپێدا بوو، شەوی وابوو کاتژمێر یەکی شەو جلی برا پێشمەرگەکانم دەشت و نانم بەشەو دەکرد، ژیانم زۆر سەخت بوو، سکیشم هەبوو. شەوێکیان نیوە شەو دووپشک پێوەی دام زۆر بێ تاقەت بووم، دراوسێکانم بەهانەمەوە هاتن و شیریان دامێ بۆ ئەوەی بڕشێمەوە، زۆر هیلاک بووم بەسەر منداڵەکەمەوە. لە ١٢ی گوڵانی ١٩٨٦دا بۆردوومان کراین، شەوەکەشی یەک زریان و ڕەشەبا بوو، کەس نەیدەوێرا سەر لەکوون بێنێتە دەر، منیش ژان دەیگرتم بێ کەس وکارو بێ هیچ پێداویستییەکی منداڵبوون، مریەم خانی دراوسێمان کە خانەقینی بوو چوو مامانێکی بۆ هێنام و لەلام بوو هەتا کوڕەکەم بوو بەناوی (ڕەوەز). لەترسی گرتن بەکەمی سەردانی شارم دەکرد، جارێکیان لەگەڵ مریەم خاندا دەگەڕاینەوە بۆ سلێمانی جاش چواردەوریان گرتین، هەر پرسیارێکیان لێ دەکردم وەڵامم نەدەدانەوە، وتیان تۆ کەڕولاڵیت؟ تا لەدواییدا وازیان لێهێناین و بەتەکسییەک گەڕامەوە ماڵی (خاڵە حەمە). ئەگەر هاتووچۆم بکردایە خاڵم دەیهێنام و یەک هەفتە دەمامەوەو هەر ڕۆژەی لەماڵێک دەبووم، دواتر گەڕامەوە ئەوتی، زۆر لەو گوندەدا ژیاین، بەڵام هاوسەرەکەم خۆی لە جەولە بوو. لەساڵی ١٩٨٦دا ئابلووقەیەکی ئابووری توندمان لەسەر بوو، هەتا

جەژن خواردن دەست نەدەكەوت لێی بنێین، یان لەبەر بۆردوومان رۆژی دوو سێ جار منداڵەكانم دەڤڕاندە ناو كوونە تەیارەیەكەوە كە ناوەكەی هەمووی مارو دووپشكو مشكو تۆرو لیتە بوو. لەبۆردوومانێكدا خۆمو هەردوو كوڕەكەم كە چووینە كوونە تەیارەكەوە یەك ماری گەورەم بینی، هاوارم كردو هاوسەرەكەم هات بەپەلە رایكێشاینە دەرەوە. لەژوورەوە لەبەر بۆردوومان‌دا دانیشتین نەماندەوێرا بچینەوە كوونەكە.

لەبەر سەختی بۆردوومان هاوینەكەی چووینە شاخ، لەترسی مارو مێروو منداڵەكانم ناردەوە بۆ هەڵەبجە ماوەیەك لەیەكتری دابڕاین. لەو گوندەدا ماینەوە تا ئەنفال دوو دەستی پێكرد، ماڵەكەمان بەجێهێشتو بەسەڵتە زەلامی رامانكرد، بەپێ سێ رۆژو شەو رۆیشتم تا گەیشتمەوە سلێمانی لەگەڵ كۆمەڵێ ماڵی تردا. من چوومە ماڵی (حاجی قادر) لەوێ خۆم شاردەوە، ژیانێكی سەختو ناخۆشمان هەبوو، هەتا كیمیاوی كرا بەهەڵەبجەدا مامو ئامۆژنمو دوو ئامۆزام شەهید بوون، ئای لەسەختی ئەو رۆژانە، (٨٠) كەس لەخزمو كەسوكاری هاوسەرەكەم بەر كیمیاوی كەوتن و شەهید بوون، خێزانی وا هەبوو كەسیان دەرنەچوون هەموویان شەهید بوون. پاش مانگێك مانەوەم (مامۆستا شاهۆ) ناردی بەشوێنمدا بەرەو (هاوار) رۆیشتم براكەشم لەگەڵدا بوو، لە (هاوار)ەوە سوار ولاغ بووم كوڕێكیانم خستە پشتمەوەو كوڕەكەی تریانم خستە بەردەمم، لەوكاتەی كە لەچەمە خوڕدكە دەپەڕینەوە، ئەسپەكە هەڵبەزەیەكی كرد خەریكبوو بكەوینە ناو ئاوە خوڕەكەوە، بەڵام باشبوو خۆم گرتەوەو گەیشتینە (شێخان). دواتر بەرەو (پاوە) بەڕێكەوتین، چوومە ماڵی خوشكی هاوسەرەكەم، قەرەباڵەغییەكی زۆر زۆر بوو هیچ هەواڵی كەسو كارم نەدەزانی، بەڕاستی زۆر نائارام بووم، نەمدەزانی كوێ بەدوایاندا بگەڕێم، سەر جادەكان، لادێكان هەمووی گەڕام پاش دوو مانگ مانەوەم لە (پاوە) ئەوسا هەواڵیانم زانی كە لەئۆردووگای (سەنقور) بوون، پاش سێ مانگ مانەوەم لەماڵی دشەكەم، هاوسەرەكەم گەڕایەوە، دەمێك بوو لەیەكتری دابڕابووین، خانوویەكمان گرتو هەندێ كەلوپەلمان كڕییەوەو دانیشتین لە (پاوە). پاش ماوەیەك لەبەر ژیانی هاوسەرەكەم چووینە ئۆردووگا، چونكە هاوسەرەكەم لەساڵی ١٩٧٧ەوە پێشمەرگە بوو، رژێمی ئێرانی رقیان لەزۆربەی پێشمەرگەكانی یەكێتی بوو. هەر بۆیە لە ئۆردووگادا خۆمان حەشاردا، دواتر چووینە ئۆردووگای (كەنگاوەر)، لەوێ پەیوەندیم كرد بە یەكێتی ژنانی كوردستانەوەو بە (مەهاباد خانی شێخ حەمە ئەمین)، لەئۆردووگاش بەنیشی ژنان دەچووم بۆ (سنە)، هەر لەناو ئۆردووگادا دوو منداڵی ترم بوو. لەدوای راپەڕین گەڕاینەوە سلێمانی، هاوسەرەكەم كرا بە لێپرسراوی ئاسایشی سلێمانی، هەر لەبەر ئەوەش بوو لە ٣١ی ئابدا ماڵەكەمان داگیر كراو تاڵانكرا، لەڕێگاش تووشی شەڕ بووین، بەزەحمەت گەیشتینە (قاسمەڕەش). من ئەو رێبازەم گرتە بەر زۆر سەخت بوو، بەڵام راپەڕینو ئازادی رۆژێكی خۆش بوو لەژیانمدا.

## خەرمان ئەنوەر عومەر

خەرمان ئەنوەر عومەر ئەو ژنە ئازاو ماندووەی رۆژانی سەختی خەباتەکە لەپێناوی بەدەستهێنانی ئازادیدا بۆ ماوەی یەکساڵ جلی پیاوانەی لەبەرکردو بەشاخە سەختەکەی زەڵێوە مایەوە کە تەنها ژن بوو بەو شاخەوە.

من لەشارۆچکەی شاعیران و رۆشنبیران و کوردپەروەرانی بەزەهری کیمیایی خنکێنراو هاتوومەتە ژیانەوە ئەو هەڵەبجەیەی کە لانکی خۆم و خێزانەکەم بوو. من لەخێزانێکی شۆرشگێردا پەروەردە بووم باوکم و برایەکم ئەندامی حزبی شیوعی بوون بەڵام شەهید موختاری شێخ ئەنوەر ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەران بوو دواتر ماڵەکەمان چووینە ریزی کۆمەڵەوە هەر ئەو فاکتەرانەش بووە هۆی ئەوەی کە هاوسەری پ.م هەڵبژێرم بەناوی شەهید محەمەد سیاسییەوە.
لەرۆژێکدا کەدارو درەختەکان چرۆیان دەکردو لێزمەی بارانە بەخورەکەی بەهارو نەورۆزی ١٩٨٤ زەویان دەژیاندەوە لەو رۆژە پڕ جوانیەدا ژیانی هاوسەریمان دەستپێکرد یەکەم ماڵی هاوسەریمان گوندی تەپی سەفا بوو پاش بەسەربردنی ٢٠ رۆژ بەیەکەوە هاوسەرەکەم بەکاری پ.م بەرەو سەرکردایەتی رۆیشت کاتێك هاوسەرەکەم گەڕایەوە دانوستاندنەکەی نێوان رژێم و یەکێتی تێکچووبوو گوندەکەمان نزیکە جادە بوو لەمانگێکدا ئەگەر دوو شەو لەماڵەوە بوایە ئەبوایە حەراسەتمان بگرتایە پاش شەش مانگ بەرەو گوندی کۆرە رۆیشتین ئەویش لەمانگێکدا پانزە رۆژ لەجەولە بوو زۆر کەم دەکەوتە ماڵەوە ئێمەش دوو سێ ژنی شاخ یەکمان گرتبوو شەوانە لەلای یەك دەخەوتین. دوای ساڵێك مانەوەمان لەکۆرە بەرەو سێ تەلان گواستمانەوە لەوێ کەپرێکمان دروست کرد گەڵای دارەکانمان دا بەسەریا، تا لەچاوی فرۆکەکانی دوژمن بەدووربین. ئێمەی ژنی شاخ ئەگەر سەردانێکی کەسوکارمان بکردایە زۆر بەزەحمەت هاتووچۆمان دەکرد بەترس و لەرزەوە بازگەکانی رژێممان دەبڕی. دوای ئەوەی سێ مانگەی هاوینمان بەسەربرد گەڕاینەوەو بەرەو کۆرە ژوورمان دەست نەکەوت لەناچاریدا گەورێکمان پاککردەوەو نایلۆنمان پێداگرت پڕبوو لەمشك، سێ مانگەی زستان لەو ژوورە تاریك و بۆن ناخۆشەدا ژیاین. دووبارە هاوسەرەکەم بەرەو سەرکردایەتی رۆیشت منیش لەسەرماو زریانی زستانی ساڵی ١٩٨٦ دا کوڕێکم بوو لەو ژوورەدا دوای چەند رۆژێك چووینە ژوورێکی تر لەپشتی گوندەکە لەم ساتانەدا لەبەر سەختی بۆردومان رۆژێکیان سێ جار ناونم دانا، تا بیخۆین لەبەر بۆردومان رامان دەکردە کونە تەیارەوە ئەوەندە لەبۆردومان ترسابووین هەتا ئەگەر فرۆکەئەش بەسەر ئاسمانی گوندەکەدا تێپەڕبوایە رامان دەکردە کونە تەیارەوە.

رۆژێکیان لەگەڵ کازیوەی بەیاندا هێرشی جاش و عەسکەریە بەئاگایان هێناین ئێمەش سێ چوار ژنی شاخ بووین بەرەو بلکیان و دووکان و دوکەرۆ کەوتینەرێ رێگاکەی ئەوەندە سەخت و شاخاوی بوو لەنیوەی شاخەکەدا نەمانتوانی سەرکەوینە سەرەوە پشتێنیان خستە ناوقەدمان و سەریان خستینە سەر شاخ دوا شکانی هێزەکانی رژێم ئێمەش گەڕاینەوە ماڵەکانمان. پاش ئەوەی ماوەیەك بەخۆشی و بەناخۆشی گوزەرانمان کرد لەهاوینێکی گەرمدا بەرێکەوتین بەرەو هاوارە کۆن ئەو هاوینەمان لەکەپردا بەسەربرد، هاوسەرەکەم گەڕایەوە پاش ئەوەی سێ مانگ لەسەرکردایەتی بووین زستانی ئەو ساڵەشمان لەژوورێکی بچووکدا بەسەربرد خەڵکی ئەو گوندە فرەچەشن بوون ماڵە ئێرانی، قاچاخچی، یەکێتی دیمکرات، لەرێگای کورە هاوارییەکانەوە هاتووچۆمان دەکردو وڵاغیان بۆ دەگرتین. من لەژیانمدا یەکەمجار سواری وڵاغ بووم زۆر ترسام لەرۆژێکی بەهاردا کە گوڵە بەیبونە جوانی کردبوو بەبەری سروشتدا ئێمە کۆمەڵێ ماڵە پ.م بەپێ بەرێکەوتین بەرەو گریانەو شێخان، بۆنی خاکەکە ئەوەندە خۆش بوو مێشکی مرۆڤی دەکردەوە. بەڵام سەختی و بەرزی شاخەکان و رێگاکانی قاچمان زۆر میلاك بوو هەمووی ببوو بەبڵقی گەورە گەورە کە گەیشتینە ناو گوندی شێخان هەندێ بسکیت و خواردنیان دایێ و سواری زیلێکی عەسکەری بووین بۆ شارۆچکەی پاوە، پ.م یەك یارمەتی دام بردمی بۆ ماڵی

خوشکەکەم لەتاراوا بوون لەگەڵ گەیشتنمان یەک شەوو ڕۆژ گریام لەتاو ئازاری قاچم گەرماویان بۆ گەرم کردم وتیان ئازاری قاچت نەشکێت بەڵام بێ سوود بوو.

دوای ۲۰ ڕۆژ لەگەڵ ئامۆزایەکمدا گەڕامەوە هەوارە کۆن لەیەک ژووری بچووکدا خۆم و منداڵەکەم دەژیاین پاش گەڕانەوەی هاوسەرەکەم کەدوو مانگ بوو خەریکی کارەکانی ڕێکخستن بوو. من و منداڵەکەم زۆر کەم هاوسەرەکەم دەبینی ژیانی ئەو زەمەنە زۆر سەخت بوو ژیانێکی پڕ لەهەژاری دەژیاین هەر بۆیە ئەو ئێوارەیە هاوسەرەکەم میوانی هێنابووەوە.

منیش زۆر دڵخۆش و بەختیار بووم بەگەڕانەوەی هاوسەرەکەم زۆر بەشەوقەوە نانم ئامادەکرد بۆخۆمان و میوانەکان لەسەریان جێگام داخستبوو چاوەڕێ بووم زوو کاتی نانخواردن بێت. هەموو کۆبووینەوە لەسەر سفرەکە ویستم نان تێکەم لەناکاو پ.م کان کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ هاوسەرەکەمدا وتیان بانگ کراوینەتەوە بۆ شەڕ. منیش کەزانیم دەچێتەوە بۆ شەڕ تووڕە بووم لەو ژیانە سەختە کە چەند مانگێکە نانێکمان بەیەکەوە نەخواردووە هەر بۆیە ئەو نانەی ئامادەم کردبوو هەموویم هەڵدایە خوارەوەو ڕشتم. هاوسەرەکەم زۆر هێمنی کردمەوە وتی ناڕۆم بۆ شەڕ بەڵام دواتر هەر ڕۆیشت و برایەکی نارد بەشوێنمدا و چووم بۆ ماڵی خەزوورم ئەو شەوە کەمن و هاوسەرەکەم لەیەکتری دابراین پاش پێنج مانگ لەئۆردوگایەکی ئێران یەکترمان گرتەوە. لەگوندی مەنسور ئاغا لەئێران ژوورێکم بەکرێ گرت دواتر چووینە گوندی شمشێر زستانم لەو گوندەدا بەسەربرد دیارە زستانێکی ساردبوو سەرما تەنگی پێ هەڵچنیوین لەلایەکی تریشەوە ڕژێمی ئێرانی بۆ هاوسەرەکەم دەگەڕان بیگرن ئەوەش هۆی گەڕانەوەی هاوسەرەکەم بوو بۆ قاسمەڕەش دووبارە لێک دابڕاین پاش ئەوەی من گەڕامەوە بۆ ئۆردوگاو مانەوەم بۆ ماوەی دوو مانگ. شەوێک دنیا ساماڵ بوو مانگیش خەرمانەی دابوو بەتەواوی چواردەور دەبینراو لەڕۆژی ڕووناک دەچوو، هاوسەردکەم بەنهێنی خۆی کرد بەماڵدا، من زۆر بەو سەردانەی دڵخۆش بووم لەوەش دەترسام بگیرێت، بەڵام ڕۆژی دوایی چووین بۆ سەقز و هەفتەیەک لەماڵی نەسرین خان بووین بەڕاستی جێگای ڕێزە. دواتر ژوورێکمان بەکرێ گرت چۆن ژوورێک؟ لەئەشکەوتی مرۆڤە سەرەتاییەکان دەچوو، بێ پێداویستی ڕووت و هەژار لەوکاتەشدا کوڕکم بوو بەبێ کەسوکار هاوسەرەکەم هەر مەترسی گرتنی لەسەر بوو، بۆیە گەڕایەوە بۆ قاسمەڕەش منیش گەڕامەوە ئۆردوگا بۆ ماڵی باوکم، پاش ماوەیەک برایەکی هاوسەرەکەم هات و بردمی بۆ زەڵێ کە گەیشتم ژوورێکی بارەگاکەی پەیداکردبوو، ژوورەکەش بەقەد پاڵی چیا سەختەکەی زەڵێوە بوو، لەبەردەم گۆڕستانێکدا منیش جلی پیاوانەم پۆشی بۆماوەی یەک ساڵ و خزمەتی بارەگای پ.م دەکرد لەهەمووی گرانترو ناخۆشتر کە کاری لەدەروونم کردبوو نەبوونی هاوڕەگەزی خۆم بوو لەوێ هەموویان لەمنەوە زۆر دووربوون لەبەهاری داهاتوودا ژیانمان لەناو کەپردا بەسەربرد. دواتر چووینە پشت گوندی کاوێ ڕۆژێکیان خێزانەکەی کاک کوردۆ قاسم و منداڵەکانی لەماڵمان بوون لەبەر سەختی بۆردومان رامان کرد بۆ ئەشکەوتەکانی قاسمەڕەش پاش دوو ڕۆژ گەڕامەوە بۆ کانی دینار دوایی گەڕامەوە بۆ گوندی نۆکان لەپاڵ قاسمەڕەشدا گوندێکی ساردو بەفراوی سەرەڕای هەمووی لەخەیمەدا دەژیاین ئاگر نەدەسووتا لەبەر ساردی و شێی لەناو خەیمەکەدا منیش لەوە ترسام منداڵەکانم نەخۆشی کەون، هەر بۆیە گەڕامەوە کانی دینار ژوورێکم بەکرێ گرت و دانیشتم هاوسەرەکەشم لەقاسمەڕەش مایەوە ئەمجارە جیاوازتر لەجاران لەیەکتری دابڕاین تا دوای ڕاپەڕین یەکمان نەبینیەوە. دواتر گەڕاینەوە بۆ هەڵەبجەی شەهید کە ۲۵ ماڵی تێدا بوو چووینە خانوویەکەوە ساروخ لێیدا بوو یەک ژووری مابوو لەو ژوورەدا تا ساڵی ۱۹۹۲ ماینەوە. دواتر هاتینە سلێمانی هەر سێ مانگ و لەخانوویەکدا دەژیاین زۆر بێ جێگابووین تا خانوویەکی بێ دەرگاو پەنجەرەیان داینێ، لە۳۱ی ئابیشدا هەمدیس ئاوارە بووینەوە. دواتر گەڕاینەوە هەمان خانوو بەڵام مەخابن هەزار مەخابن هاوسەرەکەم لەشەڕی ئەوڕۆڵی دا لە۱۹۹۷/٤/۲۷دا شەهیدکرا لەشەڕی ئیسلامیدا برایەکیشم شەهیدەو مێردی خوشکێکم لەسێدارەدرا بەناوی محەمەد حەمە فەرەج.

## ڕەحمە عەبدوڵڵا حەمە ئەمین

ڕەحمە عەبدوڵڵا حەمە ئەمین، ئەو ژنە ڕەنجدەرو شۆڕشگێڕە بوو بێ هیچ سڵەمینەوەیەک لەژێر تۆپبارانلدا بە مەتارەیەکی پێنج لیترییەوە سەنگەر بەسەنگەر ئاوی دابەشدەکرد بەسەر برا پێشمەرگەکانیدا، هەر بۆیە وەکو دایکێکی دڵسۆز سەیریان دەرکردو ناویان نابوو دایە گەورە.

من وەکو هەموو منداڵێکی ئەم چەرخە خێر لەخۆ نەدیوەی کوردستان لەباوەشی خێزانێکی جووتیاری گوندی دێکۆن سەر بە شارۆچکەی (خورماڵ) هاتمە ژیانەوە.

خێزانەکەم کوردو شۆڕشەکەیان لا پیرۆز بوو، هەر بۆیە باوکم لێپرسراوی گوندەکەمان بوو لەشۆڕشی ئەیلولدا، من لەهەناوی شۆڕشدا گەورە بووم.

لەڕۆژێکدا زەوی سەرانسەر بەرگی سەوزی پۆشیبوو، تەنها شت کە بێبەش بوو، تاشە بەردە گەورەکان بوو، خۆشبەختانە لەساڵی ١٩٧٠دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ کوڕێکی کوردپەروەر بەناوی (عومەر غەریب)، هەر لەسەرەتای لاوییەوە هەتا ئەمڕۆش هەر لەڕیزەکانی شۆڕش و تێکۆشاندایە بەبێ وچان. من زیاتر توانیم تێکەڵاوی شۆڕش و جۆری کارکردن ببم بەهۆی ئەو کۆڕو کۆبوونەوانەی کە لەماڵەکەمدا شەوانەو ڕۆژانە ئەنجامدەدرا.

من و هاوسەرەکەم وەکو زۆرینەی کورد بەشداری شۆڕشی ئەیلولمان کرد، هەر بۆیە لەمانگی نەورۆزی ١٩٧٤دا بەرەو ئاوارەیی و ئێران ڕۆیشتین. لە (سەول ئاباد) مەریوان لەخانووی شێدارو بێ درەگاو پەنجەرەدا دەژیاین.

دواتر بەرەو کامێران ڕۆیشتین، زۆرمان ئازارو برسێتی و ڕەش و ڕووتی و نەخۆشی بینی.

ڕژێمی فاشی کەوتبووە بۆردوومان کردنی هەموو ناوچەکانی کوردستان و خاپوور کردنی قەڵادزێ و هەڵەبجە بەناپاڵم.

دوای نسکۆی ١٩٧٥ ئێمەش ناچاربووین گەڕاینەوە بۆ شارۆچکەی پێنجوێن، بێ ئومێدی باڵی بەسەر هەموو گەلی کورددا کێشابوو.

ڕەشترین ڕۆژ، ڕۆژەکانی تەسلیم بوونەوەمان بوو بەڕژێمی بەعس، هەر بۆیە ئێمە هەستی کوردایەتیمان هەر لەجۆشدابوو، لەڕۆژێکی ساردو بارانی ساڵی ١٩٧٦دا ڕۆژێکیان میوانێکمان هات هاوسەرەکەم قەمسەڵەکەی بەری داکەندو بەتانییەکی لەناو نوێنەکان دەرهێناو دای بەو پیاوە کە من نەمدەناسی، لای من وتی پیاوێکی هەژارە. ڕۆژانە چەند هاوڕێیەک هاتوچۆی دەکردین، دەچوونە ژوورەوەو دەرگایان دادەخست و لای من باسی هیچی نەدەکرد. هەتا ڕۆژێک ژنێک هات بەناوی (باجی سەعدە)، خێزانی کاک جەبار ناصری گوندی دووکانی قەرەداغ بوو، کە من چاو ناوم بۆ دەبردن لە گفتوگۆ دەوەستان، هەر بۆیە لەکونی دەرگاکەوە سەیرم کردن، ژنەکە پڕیاسکەیەکی دایە دەستی هاوسەرەکەم، ئەویش زۆر بەپەلە خستیە ناو نوێنەکانەوە. دواتر هاوسەرەکەم بانگی کردم کە بچمە لای میوانەکە دابنیشم، دوای چەند خولەکێک ژنە میوانەکەمان لەوەدابوو بچێتە دەرەوەی ماڵەکەمان و هاوسەرەکەم خواحافیزی لێدەکرد، منیش ڕاستەوخۆ دەستمکرد بەنوێنەکانداو پڕیاسکەکەم دەرهێنا، سەیرم کرد دەمانچەیەک بوو، دڵم داخووڕپا وتم ئەم دەمانچەیە ئاخۆ هی کێ بێت؟ پرسیار لەسەر پرسیار بەمێشکمدا گوزەری دەکرد، کە هاوسەرەکەم هاتە ژوورەوە وتم ئەو ژنە کێ بوو بۆچی هاتبوو؟ وتی ژنێکی دێهاتییەو توتنەکەیان بۆ فەحس دەکەم. هەر کەسێ من نەمناسیایە هاوسەرەکەم توتنی بۆ فەحس دەکرد، بەڵام من سەرەداوێکم دەست کەوتبوو، دامە بەر پرسیار پێم وت ئەو دەمانچەیە هی کێیە؟ بەڵێنت دەدەمێ کە بۆت

بشارمەوەو نایەڵم کەس بزانێت و بەهیچ جۆرێک نایدرکێنم، ئیتر هەموو شتەکانی بۆ باسکردم وتی ئەو دەمانچەیە هی پێشمەرگەیەکە بەناوی کاک (مستەفا چاوڕەش) کە لەناوچەی قەرەداغە.

ئیتر لەگەڵ هاوسەرەکەم بووین بەدوو هاوڕێ، هاوسەرەکەم باسی شۆڕش و کۆمەڵەو یەکسانی ژن و پیاوو خەبات و تێکۆشانی بۆ کردم. ئەرکی سەرشانی ژن و پیاوە بەیەکەوە خەبات بکەن بۆ سەرخستنی شۆڕش.

پاش ماوەیەک هاوسەرەکەم پێی وتم: کارێکی تریان پێ سپاردووم ئەویش کراوم بەلێپرسراوی رێکخراوی شەهید وەستا ئەنوەر لە هەڵەبجە، رەنگە بۆ هەندێ کاری گرنگ تۆشم پێویست بێت، منیش زۆر خۆشحاڵ بووم کە گوێم لەم وشانە بوو، هەستم بەبوونی خۆم کرد لەم بارە سەخت و ئاڵۆزەدا کە کەس نەیدەوێرا بڵێ ئوردم. من هەستام بەگەلێک کاری پیرۆز، پاش ماوەیەک هاوسەرەکەم وتی بەیانی هەینییە دەچین بۆ هەڵەبجە، دەمانچەیەک هەیە لەوانەیە بۆ تۆ ئاسانتر بێت دەچین دەیهێنین بۆ سلێمانی، منیش وتم زۆرباشە ئامادەم بەیانی چووم بۆ هەڵەبجە (دەمانچەکەم) هەڵگرتبوو، لەبازگەکانی رژێمدا زۆر بەتووندی پشکنینی لەسەر بوو، هاوسەرەکەم و شۆفێری سەیارەکەیان بەتووندی پشکنی، بەمنیشیان وت دابەزە، بەڵام من دانەبەزیم تریفەی کچم لەباوەشدابوو، تا هاوسەرەکەم کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ سەربازەکەدا وتی ئەو کچەمان لەسەرباز دەترسێت، سەربازەکە سەلامێکی لێکردین و خۆشبەختانە وتی بڕۆن.

گەیشتینەوە سلێمانی دەمانچەکەمان هێنایەوە بۆ شار، رۆژێک هاوسەرەکەم هاتەوە لە (١٧گوڵانی١٩٨١)دا بوو لەگەڵ دوو سێ هاوڕێی پێشمەرگەی ناو شارو هەندێک خواردنی قووتوویان کردە جانتایەک و دەستێ جلی خاکی لەبەرکردو بەرەو سنووری ئێران کەوتنە رێگا، پاش چەند رۆژێک بەیانی زوو هاوسەرەکەم گەڕایەوە، سیمای زۆر هیلاکی پێوە دیاربوو.

منیش لێم پرسی لەکوێ بووی چیتان کرد؟ ئەویش باسی کۆنفرانسەکەی بۆ گێڕامەوە کە بۆی چوو بوو لەسەر سنووری ئێران لەشاخی (مالیمۆس) گیرا نزیکی (قاسمەڕەش)، باسی خێزانەکەی شەهید (دکتۆر رەزا)ی بۆ کردم چۆن زۆر ئازایانە شاخ بەشاخ و دۆڵ بەپێی ئەوان دەرچووەو رێگای بڕیوە، منیش بیرم لەژنە ئازاو نیشتمانپەروەرەکانی دنیا دەکردەوە کە ژیانیان پێشکەش بەخاک و نیشتمانیان کرد، بەڵام ژنی نیشتمانی من زۆر رەنج ئێش و لەخۆ بوردوون بۆ گەل و نیشتمان، ئەوەتا ژنی شەهیدێک شاخە و شاخ دەڕوات بۆ بەشداری ئەو کۆنفرانسە.

هاوسەرەکەم لە ١٣ی سەرماوەزی ١٩٨٢دا لەرێکخستنەکانی ناو شاردا لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێیدا ئاشکرابوون، هەر بۆیە بڕیاری دا بەرەو شاخ بڕوات، خزم و کەس وکار هاتن ماڵەکەیان بۆ دەرکردین و کتێبەکانی کە زۆر هاوڕێی بوون، بردمانە ماڵی ئاسیاوێکمان لە (بەکرەجۆ) بەناوی حاجی ئیبراهیم، هەر هەمان شەو هەموو کتێبەکان گەیشتە (باچوخ) بۆ ماڵی کاک ئەحمەد ناوێک، منیش لەمانگی رێبەندانی ١٩٨٢دا گەڕامەوە ماڵی باوکم بۆ گوندی (دێکۆن)، پاش سێ مانگ هاتمە (عەربەت و یەخی ماڵی و گورگەچیا) تا بەشێوەیەکی نهێنی هاوسەرەکەم ببینم، دواتر ماڵمان لەگوندی (نۆدێ) دانایەوە، سێ ساڵ لەو گوندەدا ماینەوە، لەناو گێژاوی شەڕی ناوخۆدا کە گەورەترین تیری جەرگ بڕی لە هەناوی هەموو کوردێک دا، کە هێزە کوردییەکان بوون بەدوو بەشەوە، یەکێتی بەتەنهاو بەرەجوود بەهەموویانەوە چەندین شەڕ روویدا، چەند قارەمان لەگۆڕەپانەکەدا بوون بەقوربانی شەڕی ناوخۆ. شۆڕش سەری دوژمنی نەدەپڕژا، ئەوەندەی بەشەڕی ناوخۆوە خەریک بووین هەر

لەهەمانکاتدا شەڕی (دیموکرات و ئێران)یش روویدا، یەکێتی هێزێکی گەورەی بەناوی هێزی (پشتیوان) نارد بۆ هاناچوونی حزبی دیموکراتەوە، چەند شەهیدێك هاتەوە، وەکو شەهید مستەفا هۆنگەرێنێ و شەهید فەخرەدین، ئەم هەموو غەم و پەژارەیە رووی تێکردین، جگە لەنەخۆشی و منداڵ مردن و ئەو بەڵا گەورەیەی شەڕی ناوخۆشمان هاتە سەر.

هەتا ساڵی ١٩٨٥ شەڕی (دابان- هەلاج) روویدا، هاوسەرەکەم بەشداربوو لەشەڕدا، قۆناغی شەڕ گوڕا لەپارتیزانییەوە بۆ (بەرامبەری) کە سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێنا. شەڕی عێراق ئێران وردە وردە کوردستانیشی گرتەوە، ناوچەی شارباژێڕیش کەوتە بەر بەرداشی شەڕو خەڵکەکەی ئاوارەبوون و جەیشی ئێرانی چوونە (مامە خەلان)و جەیشی عێراقی چوونە (چوارتاو کەتوو)و چەندین شوێنی تریان گرتبوو، بەهۆی گواستنەوەی مەڵبەند بۆ (حاجی مامەندو گورگەدەرو سیتەك)و لەوێوە بۆ بەلەکجاری ناوچەی قەرەداغ، ئێمەش چەند مانگێك لە (کانی هەنجیرە) بووین، دواتر بارمانکرد لە بەرامبەر (کۆرە) کەپرێکمان دورست کرد کە چەند ماڵە پێشمەرگەیەك بووین. چەند ژنێکی شاخ کارماندەکرد لەکەرتی رێکخستنی شارەزووردا، هەمووومان هاوڕێ و کەس و کاری یەکتری بووین. چەند شەڕو پێکدادان روویدا لەنێوان هێزی پێشمەرگەو سەرانی رژێمدا.

رۆژێکیان هەواڵ هات بۆ هێزی پێشمەرگە کە (فەتاح بەگ) بەهێزێکی جاش و سەربازەوە بە (٣٠) دەبابەوە دەعوەت بوون لەگوندی (دسکەرە)، کە ژمارەیان (٤٠٠–٥٠٠) کەس بوو. زیاد لە (٣٠) پێشمەرگە کۆبوونەوە چەند کەرتێکیان ئاگادار کردەوە، رێکەوتن لەهەموو قۆڵەکانەوە هێرش بکەنە سەریان، ئەوەبوو لەماوەی یەك کاتژمێردا پەلاماری گوندەکایان داو جاشەکان و سەربازەکانیان راونا تا سەر جادەی (زەڕایەن)، هەندێکیان بەپێی پەتی رایانکردبوو، هەرچی خواردنێك بۆیان ئامادەکرابوو، بۆ هێزی پێشمەرگە مایەوە.

چەند رۆژێك دوای ئەوە جاشەکان ویستیان ئابڕووی تکاوی خۆیان بسێننەوە، (١٠٠٠) جاش لەچەند قۆڵێکەوە روویانکردە ناوچەی (کۆرەو کانی هەنجیرو سێ تەلان و ئەمەڵ)، بەڵام ورەیان رووخابوو نەیانتوانی یەك هەنگاو بێنە پێشەوە، زۆری خێزانەکان ناوچەی شەڕیان جێهێشت بەمنیشیان وت تۆش برۆ، وتم ناڕۆم لاتان دەمێنمەوە نان و ئاوو چاتان بۆ ئامادە دەکەم، رژێم کەوتە تۆپبارانی ناوچەکە، منیش بەمەتارەیەکی پێنج لیتری سەنگەر سەنگەر ئاوم بۆ دەبردن، نانم ئامادە دەکردو دەستە دەستە پێشمەرگە ئانیان دەخواردو دەچوونە سەنگەرەکانیان، هەر بۆیە هەموو پێشمەرگەکان دەیان وت تۆ دایکێکی دڵسۆزیت ناویان نام دایە گەورە. جاشەکان شکان، نەیانتوانی هەنگاوێك بێنە پێشەوە لەگوندی (جولانە)وە.

زستان هات، لەگوندی (کۆرە) گەوڕێکمان پاککردەوە چووینە ناوی. لەهەمووی خۆشتر، هەموو ئێوارەیەك و بەیانیەك ولاغەکانیان دەهاتن سەرێکیان دەکرد بە ژوورەکەدا، منیش پێم دەوتن وازمان لێ بێنن ئەم زستانە ئێمە خاوەن ماڵین.

بۆ هاوینەکەی هاوسەرەکەم بوو بە دەزگای دارایی، ماڵمان بردە گوندی (بەلەکجار) لەنێوان دوو داری گەورەدا کە گەڵاکانی پەخش ببوو بەسەر ئەو کەپرەی کە دروستمانکردبوو، شێوەیەکی جوان و سەرنج راکێشی هەبوو، بێجگە لەهەوا فێنکەکەی بەیانیان و ئێواران، لەوێ دۆستایەتیمان پەیداکرد لەگەڵ خوشکی بەڕێز (کافیە خان)، رۆژانە سەردانی هەموومانی دەکردو بەتایبەتی لەکاتی نەخۆشییەکانماندا زۆر بەتەنگمانەوە دەهات.

من دوویشك پێوەی دام لەو گوندەداو منداڵ لەدەرەوەی منداڵدانم دروستبوو، زۆر نەخۆش بووم بەپەلە گەیاندمیانە سلێمانی بۆ لای پزیشك. لەدوایدا گەڕامەوە قەرەداغ و

جافەرانی دایە بەر کیمیاوی و تەکێی بەر ناپالم دا، لەبەر ئەوە مەڵبەند گواستییەوە بۆ قۆپییەکان، ئێمەش ماڵەکەمان بردە (گۆشان)، لەساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨ دا لەژێر قەسف و ناخۆشیدا ژیانمان بەسەر برد هەتا رژێم لەساڵی ١٩٨٨ پەلامارێکی بەرفراوانی کردە سەر سەرکردایەتی و بەچەکی کیمیاوی لەهەڵەبجەی دا، منیش کەس و کارم لەهەڵەبجە بوون، بەبیستنی زۆر بێزار بووم لەژیان، لەدواییدا هەواڵی کەس و کارم زانی بەرەو ئێران ڕۆیشتوون، بەڵام ئەی (٥٠٠٠)هەزار کەس هەمووی خزم و ناسیاو و هاوڕێ بوون. دوای ئەوێ (سەوسێنان و دووکان و جافەران)ی بەر کیمیاوی دا، زیاد لە (٧٠) کەسی شەهید کرد. رژێم ئەنفالی دووی بۆ قەرەداغ دەستپێکرد، لە دەربەندیخان و سۆڵە و ناوەکڵەوە لە ٨ی نەورۆزی ١٩٨٨دا قەرەداغ گیرا، چەند پێشمەرگەیەک شەهیدو بریندار بوون. مەڵبەندی یەک بڕیاریدا بەرەو گەرمیان بڕوات، زۆر ژن و ماڵی پێشمەرگە بەرەو شار بوونەوە، بەڵام من و کافیە خان بڕیارماندا لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا بمێنینەوە، چووین بەرەو قۆپی، ماڵەکەشمان هاتە قۆپی و کتێبەکان و کەلوپەلی نەخۆشخانەمان سووتاند، پەلامارەکانی رژێم کات لەدوای کات چڕو پڕتر دەبووەوە. هەرچی بریندارو نەخۆش و ئەوانەی کیمیاوی لێدابوون رەوانەی (بانی مۆرد) کران. من وکافیە خان و عالیە خانی خێزانی کاک حەمە لەتیف بەرێکەوتین بەرەو (مەسۆیی بەرگەچ)، سوار زیلێکی بێ لایت بووین، لەوێوە بەرەو گوندی (قولیجانی سەرحەد) و (قەڵبەزەی لوقمان)، شەو لەماڵی (کاک عوسمانی حاجی مەحمود) بووین، لەگەڵ سپێدەدا چووین بۆ (مەسۆیی سەرچەم)، لەوێوە چووینە (مەسۆیی بەرگەچ) و شەوێک لەماڵە (میرە کوردەکان) لاماندا، فڕۆکە هاتە سەرمان، لەتاوا خۆمان لەناو گژوگیاو تۆڵەکەدا شاردەوەو بۆ بەیانی گەڕاینەوە، چوونەکەمان بێ سوود بوو، لەڕێگا پێشمەرگەکانمان لێ وون بوو، بۆمان نەدۆزرانەوە، جارێکی تر گەڕاینەوە (مەسۆیی بەرگەچ) لەوێ کاک عومەرو شەهید (شێرکۆ جدی)مان بینی بەمنی وت بڕۆ بۆ لای (عومەر غەریب)ی هاوسەرت لەو گوندە بارەگایان داناوە، ئەو شەوە لەگەڵ (کافیە خان) لە (مەسۆیی بەرگەچ) مابنەوەو بۆ بەیانی هاتینە خوارەوە بۆ دیدەنی ماڵی شەهید (حەمەڕەش).

پاش چەند رۆژێک ئەنفالی سێ دەستی پێکرد، لەهەموو لایەکەوە لەسنووری (بەکریاف و لەسنووری سەرقەڵاو هۆمەر مل و سەنگاو و گۆڵەباخ)، رۆژ بەڕۆژ هەڵقەی هێرشەکە بچووک دەبووەوە بەهۆی کەمی هێزی پێشمەرگەو لەترسی کیمیاوی و زەبەلاحی هێزەکانی دوژمن و جۆری چەک و ئالیاتی شەڕ، زۆربەی پێشمەرگەکان بەهۆی شەڕی ئەنفالی یەک و شەڕی هەڵەبجەوە لەناوچەی خۆمان دوور کەوتبوونەوە. لە ٢٤ی گوڵانی ١٩٨٨دا برووسکەیەکمان بۆ کرا بەپەلە بگەینە لایان، بۆیە هەر ئەو رۆژە کاک (ئاوات قارەمانی) پاشەکشەی کرد لە (گۆڵەباخ) و هاتە بارەگا، داویی بۆ شەوەکەی مەکینەمان گرت هەموو کەلوپەل و پێداویستییەکانمان برد بۆ (مەسۆیی سەرچەم) و بەرەو (مەسۆیی بەرگەچ) بەرێکەوتین، بۆ بەیانی پەیتا پەیتا هێزەکان لەبەرەکانی شەڕ دەکشانەوە، هەندێ لەخێزانی پێشمەرگەکان بەرەو چەمچەماڵ و کەلارو سەنگاو و شوێنەکانی ژێر دەستی رژێم ڕۆیشتن بۆ خۆ حەشاردان، ئێمەش دەستمانکرد بە ئاوساجی دروست کردن بۆ سەفەرە نادیارەکەمان، لە (مەسۆیی بەرگەچ) لەژنانی پێشمەرگە من و خوشکە کافیەو خوشکە عالیە مابووینەوە، بەڵام عالیە خان لەبەر ئەوەی وەزنی هەبوو سکیشی هەبوو نەیتوانی وەکو پێویست ڕێگا بڕێت، داوای کرد کە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، عالیە خان تەنها یەک هیوای هەبوو کە چەندین ساڵ بوو منداڵی نەبوو، ئەوە یەکەم منداڵی بوو، وتمان لەگەڵ ماڵە شەهیدێک بڕۆرەوە بەرەو کەلار، ئەو ڕۆیشت، بەڵام مەخابن لە کەلار ویستبووی بگەڕێتەوە بۆ دەربەندیخان، لەڕێگا

جاشەکان ناسیبویان بۆیە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت، هەموو هیواکانی سەرەونگون بوو، کە من هەتا ئەبەد ئەو بیرەوەرییەم لەیاد ناچێت.

ئێمە بەشەو بەرێکەوتین بۆ قۆپییەکانی پشتی (ئارام سین)، ئیتر لەبن بەردو داردا هێزەکە لێی خەوت، هەتا بەیانی، بەیانی لە ئازووقەکانی حزبی شیوعی چێشتمان لێناو هەندێ ئاوساجیمان کرد بۆ رێگا، کات لەدوای کات پێشمەرگەکان لەهەموو قوڵێکەوە بەرەو لای ئێمە دەهاتن، هەتا ئێوارە لەقۆپییەوە بەرەو قۆپی سەرکۆ بەرێکەوتین. هێزێکی زۆر لە پێشمەرگەکانی پارتیو حزبی شیوعی و یەکێتی کە ژمارەمان (٧٠٠) پێشمەرگە بوو، شەوێکی تاریكو باراناوی هەهوو لەشمان ئاو تەڕی کردبوو، لەڕێگا پەیتا پەیتا ئاگاداریان دەکردینەوە هەتا ئاشکرا نەبین، بەو شاخە هەزار بەهەزارەدا دەڕۆیشتین هەتا گەیشتینە چەمی (سەرکۆ)، ئاوی چەمەکە زۆر هەستابوو ئێمەش لەبەر شپرزەییو دڵە راوکێ بەپێڵاوەوە لەچەمەکەماندا، منو خوشکە کافیێ لەیەکتری دانەدەبڕاین لەهەندێ شوێنی سەختدا دەستی یەکترمان دەگرت، ئیتر بەو حاڵە پڕ لەئازارەوە بێ سایەو سێبەر وەکو مرۆڤی بێگیان رێمان دەبڕی، روومان کردە خوار ماڵەکانی (جافەران)، لەبەر ئەوەی ئەمبەرو ئەوبەری جادەکە رەبایەو سەرباز بوو بەهەرحاڵ پەڕینەوە جافەران و لەودیووەوە بۆ هۆمەرامان، لەبن زاخەکاندا خۆمان دا بەزەویدا، بەیانی لەدەنگی زیلو سەیارە بەئاگا هاتین کە زۆر لێمانەوە نزیك بوون، هەربۆیە پێشمەرگەکانم خەبەر کردەوە، یەکەم کەس سەرکەوتە سەر شاخ کاك شێخ جەعفەر بوو، دوای ئەو خالید ماوەتی ویستی سەربکەوێتە سەرەوە گوللەیەك بەر سەری کەوت، یەکسەر تلۆر بووەوە خوارێ، منو کافیە خان بەپەلە خۆمان گەیاندێ، کاك خالید خەریکبوو خۆی بکوژێ، یەکسەر لایەکی تووشی شەلەل بوو ئێمە نەمانهێشت وخێرا سەرمان بۆ پێچا، بەپەلە ولاغەکانمان راکێشایە شیوەکە، جلو بەتانیمان خستە سەر ولاغەکەو کاك خالیدو بڕی (٢٨٠٠٠٠) هەزار دیناری شۆڕشمان خستە سەر، ئەوەندە تەقەمان لەسەر بوو لەوکاتەدا بەپەلە بەتەپاوتل خۆمان فڕێدایە ناو چەمەکەوە، کاك (حەمە رەئوف)یش گوللەیەك بەر قۆڵی کەوت، بریندارەکەش لەسەر ولاغەکە خۆی فڕێدایە خواردوە، بەپەلە (حەمە رەئوف)مان راکێشایە ناو چەمەکەوە، هاوسەرەکەمو شەهید بەکر هەردوو بریندارەکەیان خستە سەر ولاغەکەو من بەئاوی چەمەکەدا رامکێشان تا تۆزێك دوورمخستنەوە لەگوللەکان. کاك شێخ جەعفەر موعتەمەدی بۆ ناردین هەر لەوێ خالیدی تەداوی کردو قۆڵی (حەمە رەئوف)مان بەدارو جامانەکەی خۆی بەستو رۆیشتین بەرەو (باخە سوتاو) لەگەڵ بریندارەکاندا بەرەو قازانقایە بەرێکەوتین، کە گەیشتینە ئەوێ بەهاوسەرەکەمیان وت تۆ بەرەو دواوە بگەڕێرەوە منیش زۆرم پێ ناخۆشبوو، بەڵام بڕیارمدا لەگەڵ (کافیەخان)دا بمێنمەوە بەشەو گەیشتینە ناوچەی سووورداش لەوێوە بەرەو (گەرەدێ)، شەوێك ماینەوە بۆ سپێدە چووینە گوندی (سۆتکە) لەوێوە بۆ گوندی (عەسکەر)، بەرۆژ لەبەر بۆردوومان نەماندەتوانی بڕۆین بەس بەشەو دەڕۆیشتین چووینە (گۆپ تەپە) چووینە ماڵی کاك (حەسۆ)، دواتر بەرەو (تەق تەق) رۆیشتین لەوێشەوە سەیارەیان بۆ گرتین بۆ (کەرکوك) لەوێشەوە بۆ سلێمانی. بۆ ماوەی دوو مانگ لە سلێمانی مامەوە، لەغەمو پەژارەیەکی قوڵدا دەژیام، ماڵمان بوو بە سەر بەشی ماڵان، خۆمو تریفەی کچم نەماندەزانی چی بکەین، هەر رۆژەو لەماڵە خزمێك خۆمان پەنا دەدا، ماڵی وا هەبوو زۆر بەڕێز بوو ماڵی واش هەبوو نەیاندەوێرا بەخۆیانمان بگرن. دواتر هاوسەرەکەم هەواڵی بۆ ناردین بەرەو ئێران بەرێکەوتین چووینە سوورە دێ لەوێوە بۆ (توە سوران)و بەرەو (گۆماوان) بەرێکەوتین. بە رۆژو شەوێك گەیشتینە لای هاوسەرەکەم لەگوندی (ئاشقوڵگە)، ئیتر هێرش دەستی پێکرد، دەبوایە بەرەو ئێران بڕۆیشتیانە، بەهەرحاڵ سەرکەوتین بەسەر (قەندیل)داو دواتر

بەرەو (گوێزێ) لەوێشەوە بۆ (قاسمەڕەش) ڕۆیشتین، بەسەیارە بەرەو (سەردەشت و بانەو سەقز) بەڕێکەوتن، لەسەقز خانوومان گرت بەکرێ و چەند ماڵە خزمێکی لێبوو یارمەتیان زۆردایین. پاش چەند ڕۆژێك (کافیە خان)م بینییەوەو بەسەرهاتی خۆمان بۆ یەکتر باسکردو پاش چەندین دیدار بیرۆکەی یەکێتی ژنانی کوردستان کە خوشکی بەڕێز (هێرۆ خان) بیری لێکردبووەوە لەگەڵ کافیە خاندا ڕێکەوتین لەسەر دامەزراندنی، گورج وگۆڵانە (کافیە خان) پەیوەندی بەمن و چەند خوشکێکی ترەوە کرد کە ئەمانەن:

سەبیحە خانی خێزانی کاك جەبار فەرمان.

دڵدار خان خێزانی حەمید بلباس.

مهاباد خان خێزانی سەربەستی جیهاز.

بەخشان خان خێزانی ئەرسەلان بایز.

کەژاڵ خان خێزانی ئەوزادی نوری بەگ.

چیمەن خان خێزانی دانای ئەحمەد مەجید.

ڕەحمە خان خێزانی عومەر غەریب.

پەری خان خێزانی حاکم محەمەد.

پاکیزە خان خێزان فەرەیدوون عەبدولقادر.

دوو خوشکی تریش ناویانم لەبیر نەماوە، واتە پانزە ژن دەستەی دامەزرێنەری ژنانی شاخ بووین، لە ١٣ی گەلاوێژانی ١٩٨٨دا بۆ یەکەمجار وەکو دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی ژنانی کوردستان کۆبوونەوەمان کرد لەماڵی (کافیە خان)، بەڵێن درا هەرکەس هەوڵبدات بۆ کۆکردنەوەی ژنە ئاوارەکانی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لەکاتێکدا ڕەشەبای نائومێدی خۆی کێشابوو بەسەر هەموو کوردستاندا. دامەزراندنی ئەم یەکێتییە هەنگاوێکی چاکبوو بۆ بەرزبوونەوەی هەستی پێشمەرگەکان، کەوتینە پەیوەندی کردن لەگەڵ چەند خوشکێکی تر لەوانە:

حەسیبە خانی خێزانی کاك ئەحمەد ڕەخساو.

حەسیبە خانی خێزانی مامۆستا کەمال.

شوکریە خانی خێزانی حاکم ئیبراهیم.

خێزانی مام تەها.

نەزیری خێزانی خاڵە ڕەئووف.

ئیتر یەکێتی ژنان پەلوپۆی هاویشت بۆ لای ژنە ئاوارەکانی (سەردەشت و پیران شەهرو بۆکان و مەریوان و سنە و کانی دینارو دزلی) لەکوردستانی ڕۆژهەڵات، توانرا پەیڕەوو پرۆگرام دەربکرێت و چەندین بانگەوازو کاری جەماوەری کرا، لەوانە پێشانگایەك بەناوی شەهیدانی هەڵەبجەو کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ منداڵە شەهیدەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە، بێ وچان کارماندەکرد هەتا گەڕاینەوە. کە ڕاپەڕینە مەزنەکە ڕوویداو لەهەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان بارەگای ژنان کرایەوەو چەندین جار سەردانمان کردن، بەڵام ئەو بایەخەی لەنێران پێماندرا لێرە بەهۆی ژنانی ترەوە خراینە پەراوێزەوە، ئێمە ئەو هەموو هیلاکی و کارکردن و شارەو شارە بە شانازییەوە دەڵێم بۆ سەرخستنی یەکێتی ژنانی کوردستان بوو نەك بۆ مەبەستی تر.

## فاتمە عەلی عەبدولرەحمان

فاتمە عەلی عەبدولرەحمان ئەوژنەیە کە روودانی شەڕی ناوخۆ بەکارێکی سەختو پڕ ئازار دادەنێت، ئەوشەڕە ترسناکە بووە هۆی شەهیدبوونی دووکەسی ئازیزی، ئەوژنە ماندووەی ڕێگای خەبات لەسەر زاری خۆیەوە باسی ڕۆژانی شاخمان بۆ دەکات.

من لەخێزانێکی نیشتمانپەروەر لەگوندی (کولکنی) هاتومەتە ژیانەوە، خێزانەکەمان بەشداری کاریگەری لەشۆڕشی نوێدا هەبووە، هەمیشە ڕژێم چاوی لەسەرمان بووە، باوکم دووسێ جار گیراوە لەسەر ئەوەی خزمەتی (پ.م)ی کردووە،ماڵەکەمان جێی حەوانەی برا (پ.م)کان بوو، چەند جارێك سەرەك جاش (ڕەشەی ساڵح) هاتووە بۆ دەستگیر کردنمانو لەدەستی ڕامانکردووەو خۆمان شارۆدۆتەوە، لەساڵی ١٩٨٠ دا برایەکم لەشەڕی ناوخۆدا شەهید بوو بەناوی( شەهید عومەر). ڕژێم ژیانی سەختو دژوار کردبووین، ئەوەندەش لایەنەکانو شەڕی ناوخۆ ژیانی ئاڵۆزترو پڕمەترسی کردبووین.

من هەرلەمنداڵییەوە هەستم بەئازارو ژانەکانی گەلەکەم کرد، هەربۆیەش هاوسەری (پ.م)م هەڵبژارد بەناوی (ئیبراهیم ڕەشید) کەلەتیپی١٥ی هەورامان بوو، لەڕۆژێکی مانگی گەڵاڕێزانی ١٩٨٤دا گەڵای دارەکان هەڵئەوەرینە سەرزەوی، گەڵاکان لەبەر تیشکی خۆر وەك ئاڵتون ئەبریسکانەوە، لەوکاتەدا دەشتو دەرو شاخ و لەبووکێکی قژزەرد ئەچوو، کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە، هاوسەرەکەم (پ.م) بوو لەگەڵ (کاك جەلال)ی برام کە ئامر کەرت بوو، ماڵمان لە(تەپی سەفا)دانا، پاش دوو مانگ بەیەکەوە بوون، هاوسەرەکەم چوو بۆ جەولەی سەرکردایەتی وچوار مانگی پێچوو، منیش ماڵەکەم بردەوە بۆ گوندی (کولکنی) ئەوێ بۆ من باشتربوو چونکە ماڵی باوکم لەوێ بوو.

پاش ماوەیەك لێکدابڕان، هاوسەرەکەم نامەی بۆ ناردم بچم بۆ گوندی (کۆزە) کەدەکەوێتە بناری قەرەداغەوە، لەوێ کەپرێکمان لەلقو گەڵای درەختەکان دروست کرد، بەڵام بەبەردەوامی لەژێر بۆردوماندا بووین، لەوکاتەدا لەسەرمنداڵ بوون بووم، گوندەکە کەسی تیانەمابوو، کەپرەکانی خۆشمان دوور لەئاوایی بوو، هەربۆیە ڕەحمەخانی خێزانی کاك عومەر غەریبو براژنێکی خۆم یارمەتییان دام هەتا ڕزگارم بوو، کچێکی جوانم لە ناوکەپردا بوو.

لەساڵی ١٩٨٦دا کچەکەم تەمەنی سێ ڕۆژ بوو، کە هێرشێکی گەورە کرایەسەر گوندەکەمان، بەو زەیستانییە کچەکەم کرد بەقوماتەو لەگەڵ کۆمەڵێ ماڵە (پ.م)دا بەپێ کەوتینە ڕۆیشتن، لەژێر تۆپبارانو بۆردومانی فڕۆکەکانی دوژمندا ، دواتێکشکاندنی هێزەکانی دوژمنمان لەلایەن هێزی (پ.م)وە بینی، ئێمەش گەڕاینەوە ژێر کەپرەکانمان، بەڵام لەبەر زۆری بۆردومان گشت کات لەکونەتەیارەدا ئەژیاین.

لەساڵی١٩٨٧دا چووینە (هاوارە کۆن)، پاش دوو مانگ مانەوەمان لەوێ هاوسەرەکەم گوێزرایەوە ناوچەی قەرەداغ، بۆیە دووبارە گەڕاینەوە گوندی (کۆزە)و لەوێ خانوومان دەست نەکەوت، لەناچاریدا ژوورو هەیوانێکی بچوکمان دروستکردو تێیدا ئەژیاین، بەڵام ژیانمان سەختو ناخۆش بوو، بۆسەردانی ماڵی باوکم گەڕامەوە تەپی سەفا، پاش چەند ڕۆژێك بەنیازی گەڕانەوە بووم بۆ گوندەکەمان، هاوسەرەکەم هەواڵی بۆ ناردم بەشەو بگەڕێمەوە، لەترسی کۆپتەرەکانی ڕژێم لەڕێگا هەرکەس ببینن هەڵی دەگرن، هاتووچۆ

زەحمەت و گران بوو، ئەبوایە لەبەردەم خانەقای سلێمانی سواری سەیارە بین، من و برایەکم و خێزانەکەی کاک جەلال و خێزانەکەی شەهید عومەر هاتین پرسیاری سەیارەمان کرد، لەوەلامدا وتیان باسی ئەو سەیارانە مەکەن قەدەغەیە دەگیرێن .

براکەم بردینی لەماڵی خەزوری خۆی داینایین، وتی سەیارەیەکتان بۆ پەیدا دەکەم، دواتر بەسەیارەیەکی‌تر تا(قەرەگۆل) رۆیشتین تاشەو تاریک داهات، لەوێشەوە بەسەیارەیەکی تر تاپشتی (وێڵەکە) رۆیشتین وکاتژمێر نۆی شەو گەیشتینە ئەوبنارە بەلام هەمووی چۆڵی کردبوو، تاکە تاکە ماڵی تێدابوو، ئێمە بەشۆفێرەکەمان وت بمانبە بۆ (ناوەکەڵە) چەندت پارە ئەوێت ئەتدەینێ، کەچی نەیبردین، کەلەسەیارەکە دابەزین کوڕێکی خەڵکی گوندی (کۆزە) پاتری بارەگای (پ.م)کانی هێنابوو بۆ شەحن کردنەوە، داوامان لێکرد لەگەڵ خۆی بمانبات.

بەو شەوە تاریکە لەژێر تۆپباراندا منداڵ بەکۆڵەوە، کەوتینە رێ بەشاخ و دۆڵ و بەرزی و نشێویدا سەگ ئەهاتن بۆمان بە بەرد راومان ئەنان. ئەو رۆژە رۆژێکی سەخت بوو تا کاتژمێر یەکی شەو گەیشتینەوە گوندی (کۆزە)، هاوسەرەکانمان لەماڵ نەبوون چووبون بۆ شەڕ، پاش دووسێ رۆژ ئەوسا گەڕانەوە ماڵەوە.

بەهۆی سەختیی بۆردومانەوە ماڵەکانمان ببوو بەو کونە تەیارەیەی کە دروستمان کردبوو، ئەمانئەوێرا سەر لەکون بێنینە دەر، تا هاوسەرەکەم گوێزرایەوە بۆ(هاوارە کۆن و گریانە) لەوێش ژیانمان زۆر ناخۆش بوو، سەرەڕای ئەوەش بۆردومانی رژێمی ئێرانمان لەسەر بوو بۆ بارەگاکانی حیزبی دیموکرات، لەژێر رەحمەتی بۆردوماندا ژیانمان بردەسەر تابۆردومانی هەڵەبجە کرا، ئەوسا بەپێ و بەولاغ بەرەو کوردستانی رۆژهەلات رۆیشتین وچووینە شارۆچکەی (پاوە).

پاش سێ مانگ مانەوەم هیچ هەواڵێکی هاوسەرەکەم نەئەزانی، گەڕامەوە بۆ (هاوارە کۆن) کە هەواڵم زانی کەبەچەکی کیمیاوی بریندارببو، بارەگای لە(هاوارەکۆن) بوو، منیش بۆ ماوەی سێ مانگ لەوێ مامەوە، تارژێم هێرشێکی قورسی کرد بۆ گرتنەوەی ناوچەی هەڵەبجە، ئێمەش بەرەو کوردستانی رۆژهەلات رۆیشتین وچووینە (ئۆردوگای جوانڕۆ)، دوای دوو مانگ مانەوەمان چووینە ئۆردوگای (سەریاس) لەژێرخەیمەدا ئەژیاین، بەوپەڕی هەژاری و ئاوارەیی کچی دووەمم لەناو خەیمەدا بوو، زۆر هیلاک بووم بەسەریەوە، لەشاخ خراپتربوو، هیچ پێداویستییەکی منداڵ بوون نەبوو، دواتر گوێزراینەوە (کانی دینار) و لەوێ نیشتەجێ بووین تاراپەڕین.

لەپێناوی ئازادی و راپەڕیندا زۆرمان ناخۆشی و سەختیی ژیان بینی ، بەلام مەخابن هاوسەرەکەم لە١٤ی گولانی١٩٩٤ لەشەڕی ناخۆدا لەخورماڵ شەهید بوو، خۆیشم وەکو دایکێك سەرپەرشتی سێ کچم دەکەم.

## گەلاوێژ عەزیز حەمە ئەمین

گەلاوێژ عەزیز حەمە ئەمین ئەو تەوارەی ڕێگای خەباتە کەژیانی شۆڕش و پ.م زۆر بەسەختی بەڕێکرد.

خورماڵ لانکەی لەدایک بوونم بوو هەر لەوێش گەورەم بووم و لەساڵی ١٩٧٨ دا کەوتمە ژیانی هاوسەریەوە کە هاوسەرەکەم ناوی غەریب عەلی ئەحمەد بوو کەفەرمانبەر بوو لەفەرمانگەی هەڵەبجەدا بەشێوەیەکی نهێنی کاری ڕێکخستنی دەکرد تا ساڵی ١٩٨١ ڕێگای شاخ و پ.م یەتیمان گرتە بەر، بەرەو گوندی دەرەمیانە ڕۆیشتین، کادری ڕێکخستن بوو، لەژوورێکی بۆگەن و تاریك و ناخۆشدا ژیانمان بەسەردەبرد کە گەوڕی ولاغ بوو پاکمان کردبووەوە بەلام بێ سوود بوو سەرەڕای هێرشە یەك لەدوای یەکەکانی ڕژێمیش زوو زوو رامان دەکرد بەرەو شاخەکان پاش ساڵێك مانەوەمان بەرەو گوندی بایانە بەڕێکەوتین کە لەو گوندەدا دەژیاین، شەهید جەمال بەبریندای پانزە ڕۆژ لەماڵی ئێمە بوو خزمەتم کرد من بەبەردەوامی خەریکی خزمەتکردنی برا پ.م کان بووم.

بەهۆی نەخۆشی کورەکەمەوە ئەمویست بگەڕێمەوە بۆ شار هاوسەرەکەم لەگەڵما هات بەلام لەڕێگا زمانیان لێدایین و پارتی هاوسەرەکەمیان گرت، زۆریان ئەشکەنجەدا بوو، دەمەوبەیانی بەناوی ئاوخواردنەوە رایکرد بوو چووبووە ئالپارێز بۆ ماڵی خەلیل سەرکانی دواتر (پ.م) کانی شەهید حەمە ئەمین هاتبوون بردبوویان.

لەساڵی ١٩٨٣ دا ناوچەکە بوو بەبەرداشی شەڕ، ئێمەش بەسەڵتە زەلامی بەرەو دڵپەموو رامانکرد خۆم و کوڕە سێ ساڵەکەم و کۆمەڵێ ژنە پ.م ویستمان بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی لەگوندی گوێزە ڕەشە کەوتینە کەمینی جاشەوەو گیراین هەر هەموومانیان داناببوو لەبەر تیشکی خۆرەکە، کەڕاستەوخۆ هەموو گیانمان ئارەقی پێدا دەچۆڕایەوە لەناو گەرمی و خۆڵدا لەبەیانیەوە تا گزنگی خۆر لەشاخەکانەوە خۆی حەشاردا، بەو شێوەیە ماینەوە پیرێژنێکی خەڵکی گوندەکە وەکو فریادرەسێك زۆر لەجاشەکاندا پاڕایەوەو ئەوانە خێزانی پێشمەرگەن چۆن دەیانگرن و دەیاندەنە دەست ئەو بەعسیە فاشیانە تا ویژدانیان جولاو بەریاندایین و گەڕامەوە سەیدسادق بۆ ماڵی باوکم پاش ماوەیەك مانەوەم گەڕامەوە بۆ گوندی دۆڵپەمو لەبەر زۆری بۆردومان پاش دوو مانگ مانەوەمان بەرەو ناوچەی قەرەداغ گوندی هاڵدەرە کە لەبەردەم گوندی خاوێدا بوو ڕۆیشتین، دوای ساڵێك مانەوەمان ماڵمان بردە دوکانی قەرەداغ، لەوێش ژیانمان لەناو گەوڕدا بەسەردەبرد دووجار دووپشك پێوەی دام لەو گەوڕەدا کچێکم بوو، هاوسەرەکەشم لەتیپی ٥٥ی قەرەداغ پ.م بوو جارێکیان لەکاتی سەردانی شاردا لەبازگەیەکی ڕژێمدا چەند کاتژمێرێك رایانگرتم و هەزار قسەی ناشرینیان پێ گوتم.

لەسەر ئەوەی قوتویەك شیرم پێبوو بۆ کچە ساواکەم دوای گەڕانەوەم بۆ گوندەکەمان بەماوەیەك لەدەمەو ئێوارەیەکدا کە گزنگی خۆر ماڵئاوایی لێدەکردین لەناکاو فرۆکە گەندەڵەکانی بەغدا بۆردومانیان کردین بەو تاریکیە ڕۆیشتین و رامانکرد بەرەو گوندێکی تر چووینە ماڵێك شەهیدیان هەبوو زۆر بێ ئارام بوون لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ماڵێکی بەڕێزبوون بۆ ڕۆژی دوایی بەرەو قامیشان بەڕێکەوتین کەپرێکمان دروست کرد لەلق و گەڵای درەختەکان و کونە تەیارەیەکیشمان بەدەم کەپرەکەوە دروست کرد بۆ بۆردومانی لەناکاو، لەو کەپرەدا ژیانمان بەسەربرد هەتا خەزانی پایز بۆمان هات و هیچ کەسێ لەبەردەم سەرماکەیدا خۆی نەدەگرت هەر بۆیەش گەڕاینەوە گوندی دوکان پێش ئەوەی ئەنفالەکان دەستپێبکات من و منداڵەکان گەڕاینەوە بۆ سلێمانی بەلام هاوسەرەکەم لەدوکان مایەوە

لەدوکان بەهۆی بۆردومانی کیمیاییەوە لەسەرکۆ هەردوو چاوی کوێر بوو، کافیە خان و هەندێ ماڵە پ.م تر زۆر یارمەتییان دابوو منیش لەسلێمانی ژیانێکی سەخت دەژیام، ڕژێمی ڕەفتارفاشی هەر ڕۆژەو گەرەکێکی دەپشکنی بۆ خێزانی پ.م و لەئەنفال ڕاکردو لەو ڕۆژە سەختانەدا هەر ڕۆژەو لەماڵێك دەبووین لەهەموو ساتێکدا بەتەمای گرتن بووین دوو مانگمان بەو سەختیە بەسەربرد هەتا هاوسەرەکەم دەلیلێکی نارد بەشوێنمانداو لەگەڵ ماڵی گۆردە کەخێزانەکەی ناوی زارا بوو لەگەڵ خێزانێکی تریشدا بەرەو ڕانیە ڕۆیشتین دواتر بەتەکسیەك چووینە قەڵادزێ بۆسەیان بۆ دانابووین لەڕێگا گەڕانیانینەوە وتیان مەڕۆن ماڵە پ.م زۆر گیراون.

ئێمەش گەڕاینەوە سەرکەپکان لەڕێگا تووشی کۆمەڵەی ئێران بووین کە کیمیایی لێی دابوون.

لەسەرکەپکانەوە سواری وڵاغ بووم بۆیەکەمجار لەژیانمدا، کچەکەشم لەبەردەمی خۆمدا بوو، پاش ماوەیەك ڕۆیشتن هەردووکمان لەوڵاغەکە کەوتینە خوارەوە، جومگەی ئەژنۆم بەردی پێداچوو، برینداری کردم توانای ڕۆیشتنم نەما، ڕەبایەکانیش بەسەرسەرمانەوە بوون لەناچاریدا دوو منداڵەکەم دایە دەست دەلیلەکە، وتم منداڵەکانم بگەیەنە دەست باوکیان بائێوە تێدا نەچن بڕۆن خۆم بەتەنها مامەوە، بەڵام جامانەکەم لەدەلیلەکە سەندو بەئازارێکی زۆر سەخت بەردەکەم دەرهێناو خوێنێکی زۆرم لێهات هەستم بەئارامیەك کردو توند بەجامانەکە قاچم پێچا، وردە وردە بەڕێگاکەدا کەوتمە دوایان تا گەیشتمە گوندی وەرتێ لەوێ منداڵەکانم بینیەوە، بەیانی لەگەڵ سپێدەدا ئەو هەوا ساردەی بەیانی ئارامی دەبەخشی بەجەستە، بەپێ بەڕێکەوتین بەرەو حاجی ئاوا، لەوێشەوە بەسەیارە ڕۆیشتین تا بناری قەندیل بەڵام شەوێك لەهاوینەهەوارەکانی بەردەم قەندیل ماینەوە، ڕۆژی دوایی بەپێ و بەوڵاغ بەشاخە سەختەکەی قەندیلدا سەرکەوتین، کاتێك گەیشتینە سەر شاخ گزنگی خۆر ماڵئاوایی لێ کردبووین لەوێ پاش چەند مانگێك لێکدابڕان بەهاوسەرەکەم شادبووینەوە لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بووین چووینە خوارەوە بەدیوی چەمێکدا ئەمجارەش بەوڵاغەکەوە خەریك بوو ئاو بمبات لەچەمەکەدا هاوسەرەکەم هات بەهانامەوە پەلاماری وڵاغەکەیدا وڵاغەکەش سمەکانی نا بەقاچی هاوسەرەکەمدا و نینۆکێکی دەرهات ئەگەر کاك سۆران لەوێدا یارمەتی نەدایناییە ئاو منی دەبرد، پەڕینەوە بەری ئێران، لەو بەینەدا لەنێوان ڕەبایەی هەردوو ڕژێمدا بووین بەو سەرمایە نەمان دەوێرا ئاگریش بکەینەوە سەرەڕای ئەوەش هیچ خواردنێکمان پێ نەبوو، لەبرساندا ڕێواسمان لێ دەکردەوەو دەمانخوارد، دواتر بەرەو ئەو گوندە ڕۆیشتین کە خەیمەکانی لێبوو، پاش شەوێك مانەوەمان بەرەو ئۆردوگای خویی سەر سنووری تورکیا بوو لەگەڵ ماڵی مامۆستا سۆران دا بووین بەهەردوو ماڵەکە خانوویەکیان داینێ، بەڵام دەست بەسەر بووین پاش دوو مانگ مانەوەمان بەرەو ئۆردوگای دزڵی ڕۆیشتین دواتر بەرەو جوجەسازی ڕۆیشتین لەوێ نیشتەجێبووین هاوسەرەکەم کادری ڕێکخستن بوو گەڕایەوە بەلای کارەکەیەوە بەرەو ئێمەش تاراپەڕین ژیانمان لەئاوارەییدا بەسەربرد، دوای ڕاپەڕین هاوسەرەکەم بەکاری شۆڕش و پ.م خەریك بوو تا ٢١ی ئاب ڕامان کرد لەمانگی گەلاڕێزاندا گەڕاینەوە، هاوسەرەکەم ئێستا لەفەرمانگەی ئیدارەی گشتی لێپرسراوی سەیاراتە، من وەك ژنێکی شاخ زۆرم سەختی ئەو ڕۆژانە بینیوە بەڵام مەخابن زۆر پەراوێز خراوین ئەو ئازادیەی ئەمڕۆ بەدەست هاتووە بەری ڕەنجی شەهیدانەو ماندووبوونی چەند ساڵەی ئێمەیە.

# قەرەداخ

## حەپسە مەجید قادر

حەپسە مەجید قادر ئەو ژنە ماندووەی ڕێگای خەباتە کە پاش بەسەربردنی ژیانێکی پڕ لەهەوڵ و ماندووبوون کەچی لەکاتی ئازادیدا ژیانی زۆر سەخت و پڕئازارترە.

من لەقەرەداغی سەوزو پڕگوڵ و ناوی سازگار هاتوومەتە ژیانەوە، لەساڵی ١٩٧٣ کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە، هاوسەرەکەم ئامۆزای خۆم، بوو بەناوی ئەحمەد حەسەن قادر بەشداری شۆڕشی ئەیلول کردووە، لەڕێکخستنەکانی یەکێتیدا کاری دەکرد لەساڵی ١٩٨١ چووە شاخ، بەڵام من هەر لەسلێمانی مامەوە بەشێوەیەکی نهێنی تا ساڵی ١٩٨٥ یەکەم ماڵی شاخم لەگوندی دووکانی قەرەداغ بوو، هاوسەرەکەم کادری ڕێکخستن بوو ژیانی خۆم تەرخان کرد بۆ خزمەتکردنی پ.م دوای هەشت مانگ مانەوەمان بەرەو گوندی داری زاین، بەڕێکەوتم و لەوێ ژوورێکی گەورمان پاککردەوەو چووینە ناوی، پەنجەرەیەکی تێدابوو لەبەردەم ئەو پەنجەرەیەدا تەنکیەکی ناوی بچووکمان دانابوو، لەو گوندەش بۆردومان بەردەوام بوو لەڕۆژێکی گەرمی هاویندا کۆپتەر بۆردومانی کردین، ساروخێکی دا بەتەنکی ئاوەکەماندا پارچەی ساروخەکەش چووە ژووری ژوورەکەی دابەسەرییەکدا، ئێمەش ئەو دیمەنەمان بینی من کچەمەم دا بەکۆڵمداو خەسووشم کوڕەکەمی کۆڵکردو رامانکرد بۆ تەنوریانێك خۆمان حەشاردا، لەبەر زۆری بۆردومان روومانکردە گوندی نەوتی، لەوێ ماڵەکەمان لەدوو ژوور پێکهاتبوو ژوورێکیان بەس بۆ کۆکردنەوەی پ.م تەرخان کرابوو گشت کات میوانمان هەبوو، لەکاتی زۆر نەخۆش و حاڵەتی زۆر پێویست نەبوایە هاتووچۆی شارمان نەدەکرد، دەبوایە شەرواڵمان لەپێ بکردایەو منداڵم بەکۆڵمدا ببەستایە بەشەو بەرەو میریاس بکەوتینایە ڕێ لەوێشەوە هەر بەپێ بۆ شەمەو وێلەکە تا گەیشتینە سەر جادەی ئەسر ئامۆزایەکم یارمەتی زۆر دەداین، چونکە لەناو شاردا ئیشی دەکرد لەبەر ئەوە زۆربەی جارەکان لەوێوە سەیارەی بۆ بەکرێ دەگرتین و بەشێوەیەکی نهێنی من لەماڵی باوکم دەبووم، لەکاتی نەخۆشی منداڵەکەم دەبوودایکم یان خوشکەکەم لەنەخۆشخانە بەدیارییەوە بوونایە، پاشان خۆم لەگەڵ خەسووم گەڕامەوە لەو ماوەیەدا هاوسەرەکەم سێ مانگ لەسەرکردایەتی بوو. بەشەو نانم دروست دەکردو دەمپێچایەوەو بەیانیش هەر کە ئاسمان روون دەبووەوەو ڕۆژیش یەکەم تاڵی ئاڵتونی دەنارد بۆ سەر زەوی و گەڵای سەر دارەکانیش بریقەیان لێوە دەهات، قەدە پیرەکانیش ئاهێکیان پیادا دەهات و ئێمە دەچووینە ئەشکەوتەکان و دەبووین بەهاوەڵی مارو دووپشك تا ئەوکاتەی ئاسمان تاریك دەبوو ئەستێرەکانیش هەریەکە لەسوچێکەوە خۆیان دەنەخشاند ئینجا دەگەڕاینەوە بۆ ناو گوند ئەو زەمەنە هاوسەرەکەم لەسەرکردایەتی بوو سێ جار ناوی هاتەوە کە وا شەهید بووە ئەوەش راستیەکی قورس بوو بۆ من خۆشبەختانە ئەمانە راست نەبوون ئێمە تا ئەنفالەکان

مایەنەوە زۆرینەی کاتەکان هاوسەرەکەم لەجەولە بوو بەڵام هەر لەناوچەی قەرەداغ بوو ئەو شەوەی کەرژێمە گەندەڵەکەی بەغدا کیمیایی کرد بەدوکان و جافەران و سێوسێنان هەر لەهەمان کاتدا هاوسەرەکەم چوو بەشوێن خێزانەکەی مامۆستا سۆران و وەصفیە خان و رووناک خانی خێزانی شێخ ئەحمەد و زارای خێزانی گۆرده ئەوان لەدوکان لەئەشکەوتدابوون.

هاوسەرەکەم هەواڵی بۆ ناردم کە نانخواردن ئامادە بکەم منیش لەئەشکەوتدا بووم لەژێر بۆردومان‌دا گەڕامەوە بۆ ماڵەوە نانم ئامادەکرد باوکم و جەزای ئامۆزام لەشارەوە هاتبوون بۆ یارمەتیدانمان ئەو نان و خواردنەی ئامادەمان کرد هەموویمان بەجێهێشت بەسەڵتی رامانکرد لەگەڵ ئەو ماڵانەی لەدوکانەوە هاتبوون بەکیمیاییەکە چاویان کوێر بووبوو دەستمان رادەکێشان لەرێگا، بەڵام خەسووم گەڕایەوە وتی تاکوڕەکەم نەبینم من لێرە ناجوڵێم.

بەدیلاکیەکی زۆر گەیشتینە سەرجادەی قەرەگۆل جزای ئامۆزام سێ سەیارەی بەجیاجیا بۆ گرتین، من لەگەڵ ماڵی وەصفیە خان بووم چووینە ماڵی جەزای ئامۆزام، چونکە نەمدەوێرا بچمەوە ماڵی باوکم لەماڵی جەزا مایەنەوە تا هاوسەرەکەم ناردی بەشوێنما بچم بۆ سەر سنوور ئامۆزاکەم من و منداڵەکانم و خەسووم و رووناک خان و منداڵەکانی بەرەو رانیەو قەڵادزێ کەوتینە رێگا، شەڕێکی گەورە لەنێوان هێزی ی.ن.ک و رژێمدا روویدابوو لەقرناقاو پشت ئاشان بەناچاری گەڕاینەوە بۆ سلێمانی چووینە ماڵی مینا خان دایکی جەزا پاش سێ شەو مانەوەمان لەو ماڵە بەرێزە، بەرێکەوتینەوە لەبازگەکانی رژێمدا لەرانیەو قەڵادزێ ئامۆزاکەم وتی ئەمانە خێزانی ی.ن.ک ـی دیموکراتن بەو شێوەیە پشت ئاشانمان بەجێهێشت و وڵاغی بۆ بەکرێ گرتین بۆ منداڵەکان من و خەسووشم بەپێ دەرۆیشتین و کە گەیشتینە ترناقا هاوسەرەکەم لەوێ بوو هەر لەوێ هاوسەرەکەم وڵاغێکی بەکرێگرت و وڵاغێکیشی کڕی شەومان لەکەلاوەیەکدا رۆژ کردەوە کە بەیانی هەستاین لەخەو دەبینین ئەو وڵاغەی کڕیومانە مار پێوەی دابوو ناچار وڵاغێکی ترمان بەکرێگرت.

ئەوکاتە مانگی گوڵان بوو کەتاریک و روون بوو بەرێکەوتین بەرەو قەندیل ئێمە خێزانی ی.ن.ک بووین لەهەمووی سەختر تا یەک هەنگاو بەرەو پێشەوە دەچووین دوو هەنگاو بەرەو دواوەوە دەگەڕاینەوە چونکە بەفرو زریان بوو هەموو گیانمان بەفر بوو هەر لەشێرە بەفرینەیەک دەچووین کە رۆحی لەبەردا بێت.

هەموو دەورووبەرمان یەک پارچە شەختەو سەهۆڵ بوو ئەو بەفرە نەرمەی کە هەر لەلۆکە دەچوو ببوو بەسەهۆڵێکی سەخت و رەق و پردێکی سەهۆڵی دروست کردبوو لەژێر ئاوی چەمە بەخوڕەکەدا کاتێک کەتیشکی زیوینی مانگ لەناو سەهۆڵەکەی دەدا تیشکە شکاوەکەی چواردەورمانی بەتەواوی رووناک کردبووەوە بەفرەکانی ئەولاشەوە بریقەیان دەدایەوە ئاوی ژێر پردە سەهۆڵینەکەی ئەو شەوە وردە شەپۆلی هەبوو قەترەی ئاوەکان وەکو

ئەستێرەکانی ئاسمان دەبریسکانەوە لەجەوهەرێکی گران بەها دەچوون کاتێ ولاغەکە لەسەر پردە سەهۆڵینەکە دەڕۆیشت هەردوو منداڵەکەشم لەسەر ولاغەکە بوون لەناکاو پاشووی ولاغەکەدا چوو، خەریك بوو بکەوینە خوارەوە، بەلام من زۆر بەخێرایی هەردوو منداڵەکەم بەرەو لای سەرەوە هەڵدا ئەوەك بکەونە چەمە خوڕەکەوە باش بوو رزگارمان بوو. گەیشتینە ئەوبەر ئاوەکە بەدەم ڕێگا ڕۆیشتنەوە هەر تەڵە پووش چیلکەم کۆدەکردەوە تا لەجێگایەکدا ئاگرێك بکەینەوەو گڕی ئاگرەکەی پێ خۆش بکەین گەیشتینە دۆڵەنێ هەر لەقەندیل بوو ماڵی شێخ ئەحمەد جیابوونەو ئێمەش بەرەو شیوەکە چووین بەهەموومان تۆزێك بەفرمان پاك کردەوەو شوێنێکمان ئامادەکردو نایلۆنێکمان لەزەویەکەدا داخست و بەتانیەکمان بەسەر نایلۆنەکەدا داخست، من ئەو شەوە نەخۆش کەوتم سەرماکە زۆر بەتوندی کاری لەهەموو گیانم کرد.

نان و خواردنیشمان تەنها چەند ئاوساجیەك بوو ئەو شەوەمان لەو سەرمایەدا بەسەربردو بەیانی بەڕێکەوتین، وردە وردە خەریك بوو هەستمان بەتۆزێك گەرمایی دەکرد لەڕێگاکەماندا کەوتینە ناو شەری دیموکرات و پاسداری ئێرانیەوە، ئەوەندە فیشەك بەلاماندا دەڕۆیشت بەتەمای ژیانی خۆمان نەمابووین، بەلام خۆشبەختانە رزگارمان بوو گەیشتینە گوندی گوێزێ لەوکاتەدا کە رۆژ لەئاوابووندا بوو گەیشتینە سەر سنوور لەگەڵ مەلا خالیدا خەیمەیەکمان هەڵداو خەیمەیەکی تریشمان پەیداکرد، تا مانگی رەزبەری ئەو ساڵە ماینەوە زۆر بەسەختی ژیاین لەڕووی خواردنیشەوە بارەگا ئاگاردیان دەداینێ من دەمکرد بەنان بۆ خۆمان و بۆ بارەگاکەش دواتر رۆیشتین بەرەو قاسمە رەش دواتریش لەکانی دینار نیشتەجێ بووین لەگەڵ ماڵی کاك محەمەد رەزاو کاك عەلی حسێندا خانوومان بەکرێ گرت کەئێمە لەکوردستانی رۆژهەلات بووین دایکم و باوکم لەشاری سلێمانی بوون لەلایەن رژێمی رەفتارفاشیەوە ئازاردرابوون ماڵەکەشیان داگیرکرابوون ١٩٩١ دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان گەڕاینەوەو برایەکم بەناوی عەتا محەمەد کە پ.م بوو شەهیدکرا لەمەسەلەیەکی عەشایریدا ئەوە کارەساتێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ من.

دووبارە لە٣١ی ئابی ١٩٩٦ چووینە سەیران بەن کە هاتینەوە ماڵەکەمان تاڵان کرابوو ئێستاش هاوسەرەکەم چوار ساڵە لەسویدە لەخانوویەکی یەك هۆدەو هەیوانی کرێدا دەژیم و خەسووشم بەخێودەکەم کوڕەکەشم بەدەم خوێندنەوە خەریکی کاری سەختە یارمەتیشمان لەلایەن شۆڕشەوە تەنها خانەنشینیە.

## روناک محەمەد بابارەسوڵ

روناک محەمەد بابارەسوڵ ئەوژنە ماندووە تێکۆشەرەی رێگای خەبات لەپێناو ئازادیدا، کۆمەڵێك سەختی ژیانی بینی. لێرەدا هەندێك لە بیرەوەرییەکانی خۆیمان لە شاخدا بۆ دەگێڕێتەوە.

لەساڵی١٩٦٢و لەشاری سلێمانی هاتوومەتە ژیانەوە هەرلەو شارەدا گەورەبووم و کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ(حسام الدین قادر) لەساڵی١٩٧٨دا ئەوکاتە هاوسەرەکەم کاسب بوو، وەك ماڵێکی سادە ژیانمان بەسەردەبرد، هەتا ساڵی١٩٨٣ هاوسەرەکەم پەیوەندی کردبە رێکخستنەکانەوە، من ئەوهەڵوێستەم زۆر پێخۆشبوو.

بەدەست هێنانی ئازادی، پێویستی بەڕشتنی خوێن بوو، چونکە ئازادی یەکێکە لەو شتە پیرۆزانەی کە بەدیاری بۆت ناهێنن، بەڵکو بەهەوڵدانو گیانفیداکاری بەرهەم دێت.

ئەو بەنهێنی لەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەراندا کاری دەکردو بەرپرسی رێکخراوی شەهید ئەزیف هەورامی بوو کەلە ساڵی١٩٨٧دا لەشەڕی رووبەڕووی ناوچەی(دوودارە) لەنێوان گوندی (میرەدێ و چنارە)دا شەهید بوو.

لەرۆژی٢٤ی پوشپەڕی ساڵی١٩٨٥دا هاوسەرەکەم لەتیپی١٧ی زمناکۆ لەلای شەهید(مەحمودی مامە عەزە)چەکی (پ.م)یەتی کردۆتەشان، کەلەسنوری قەرەداغ بوو ئێمەش چوینە گوندی بەڵخە، ئەوێ ناوچەیەکی گونجاو بوو بۆ سنوری چالاکیی ئەوتیپە.

ئێمە لە٢٩ی خەرمانانی ١٩٨٧دا ماڵمان بردە دەربەندی وەزیارە لەوێ نیشتەجێ بووین، بەراستی ئەو رۆژانە زۆر سەخت بوو، پڕبوون لەنەهامەتیو رۆژانی پێش ئەنفال بوو، ئەو ناوچانە کەڵکی ژیانو گوزەرانی تێدا نەمابوو.

هاوسەرەکەم لەتیپی١٧ی زمناکۆوە، گوێزرایەوە بۆ کەرتی سجن لەمەڵبەندی یەك لەبەلەکجاڕ، لەڕوداوەکانی ئەو رۆژانە کەلەیادم مابێت، رۆژێکیان لەناکاو فڕۆکە جەنگییەکان هاتن بۆ بۆردومان کردنی (بەلەکجاڕ)بۆردومانی نەخۆشخانەکەی کرد، کەچەند (پ.م)یەکی بریندراری تێدابوو.

ئەو نەخۆشخانەیە لەلایەن (دکتۆر فایەق محمد گوڵپیو دکتۆر حەسەن)ەوە سەرپەرشتی دەکرا، لەکاتی بۆردومانەکەدا ئێمە بەخێزانەوە لەناو نەخۆشخانەکەدا بووین، شۆڕش بۆ پاراستنی نەخۆشخانەو بارەگاکان دۆشکەی لەسەر گردی (سیاو چیا) دانابوو، بەڵام فڕۆکە گەندەڵەکانی رژێم، پێش بۆردومانی ناوگوند دۆشکەکەی دایە بەر ساروخ و تێکی شکاند.

لەچەند شەڕێکدا بەشداربووین، شەڕی سەنگاو، شەڕی چەمەرگە، شەڕی زنجیرە چیای گڵە زەردە ، شەڕی زەردەی قەرەداغ هەروەها شەڕەکانی ئەنفال تاکۆتایی شەڕەکانی داگیرکردنی قەرەداغ.

هاوسەرەکەم لەکاتی ئەنفالەکاندا نەخۆش کەوت بۆیە شۆڕش ئیزنی داین بۆ ئەوەی هاوسەرەکەم چارەسەر وەربگرێت. برایەکی هاوسەرەکەم هات بەدواماندا بۆ ئەوەی بمانباتەوە بۆ ناو شار، بەڵام لەرێگا بەرئەنفال کەوتو ئەمان بینیەوە .

پاش ماوەیەك توانیمان بگەینە سنوری سلێمانی، هاوسەرەکەم چارەسەری وەرگرت تاساڵی١٩٩٢ پەیوەندی کردەوە بەشۆڕشەوە تائێستاش بەردەوامە.

## مەلیحە رەئوف مستەفا

مەلیحە خان ئەو ژنە ڕەنجدەرەیە کە ئاواتەکانی ئاوێتەی بوون بۆ ئازادی و ڕاپەڕین زۆر سەختی ژیانی بینیوە بەلام ئەو شەوەی لەقەندیل شەو هەتا بەیان بەپێوە وەستان شەوێکی سەخت بوو لەلای بەلاَم ڕۆژانی خستنە پەراوێزیەوە لەوە سەختتر بوو.

لەخاوێی سەر بەقەرەداغی سەوزو سەخت لەدایکبووم، بەلاَم خۆمان دانیشتووی کەرکوکین، وەك زۆرینەی خەلّك ئاواتم بوو ولاّتەکەم بەئازادی ببینم لەژێر ئالاّیەکی بەرزو شەکاوەدا بەیەکسانی بژین، ئەوە بوو لەسالّی ١٩٨١دا کەوتمە ژیانی هاوسەریەوە لەگەلّ جەلال کەریم عیسی کەناسراوە بەمامۆستا جەلال، کاتێ من بووم بەهاوسەری ئەو لەر ێکخستنەکاندا کاری دەکرد، هەفتەیەك بوو چووبوومە ژیانی هاوسەریەوە هاوسەرەکەم گیرا بەعەسکەر کاتی شەڕی نێوان عیراق و ئێران بوو بەلاّم لەبەرئەوەی مامۆستا بوو بەئینتداب گەڕانیانەوە بۆ قوتابخانەکەی خۆی لەبەرئەوەی خۆی لەر ێکخستندا کاری دەکردو برای شەهید حەمە ڕەش بوو زۆرینەی کات جەیش و جاش دەهاتنە سەرمان.

بەو شێوەیە سالێ و نیوێك لەکەرکوك ماینەوە دواتر چووینە بازیان دوای هەشت مانگ مانەوەمان چووین بۆ چوارقوڕنە بۆ ماوەی دوو سالێ خۆمان شاردەوە تا ڕۆژێکیان دۆزیانینەوەو هاتن بۆمان هاوسەرەکەمیان گرت و زۆریان ئازاردا، دواتر بەهۆی خزمێکمانەوە بەربوو، ئەوە بوو لەسالّی ١٩٨٥دا ڕوومانکردە شاخ و چووینە گوندی خاوێ لەگەلێ مالّی شەهید حەمە ڕەشدا دەژیاین، پاش دوو مانگ مانەوەمان چووینەوە بۆ کرپچنە بۆ مالّی خەزوورم هەشت مانگ لەمالّی ئەوان ماینەوەو دواتر چووینە خانووی خۆمانەوە، هاوسەرەکەم ڕابەر سیاسی بوو زۆربەی کات خۆم و سێ مندالّەکەم بەتەنها دەماینەوە لەمالّەوە هاوسەرەکەم یان لەشەڕ بوو یان لەجەولە.

شاخێکی بەرز لەپشتی گوندەکەمانەوە بوو بەیانیان زوو مندالّەکانم هەلّدەستاندو نانم دەخستە تورەکەیەکەوەو مندالّەکانم پێش خۆم ئەداو بەو شاخە بەرزەدا سەردەکەوتین تا ئێوارە خۆر خۆی دەشاردەوە لێمان بەو تاریکییە دەکەوتینەوە ڕێگا بۆ مالّەکەمان، لەناو گوندیش هەمیشە لەخزمەتی برا پ.م کان دا بووم، تا ئەنفالەکان ماینەوە دواتر لەگەلێ مالّی شوبراکەم بەرەو گوندی پێنج ئەنگوشت ڕۆیشتین، پاش چەند ڕۆژێك بەرەو مەسۆیی و دواتر گوندی بنەکە دواتر گەڕاینەوە بۆ قولیجانی سەرحەد دواتر هاوسەرەکەم منی نارد بۆ سەرقەلا، ئێمە لەناو تراکتۆرێکدا بووین ڕۆیشتین تۆپ باران دەستی پێکرد هەر تۆپ بوو دەیدا لەپێش و پشتمان لەملاولەولامان دەتەقینەوە، هەر نازانم چۆن نەکوژراین و ڕزگارمان بوو، ئێمە لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بووین زۆرمان مابوو بۆ بازگەکەی ڕژێم تراکتۆرەکە دایبەزاندین، مندالّێکم بەبارەشەوە بوو دوو مندالّەکەی تریشم بەدوای خۆمدا ڕادەکێشا

لەژێر لێزمەی باراندا قاچمان لەقوڕەکەدا دەچەقی منداڵەکانم زۆر هیلاك بوون یەکێکیان دەیوت دایە سەرمامە ئەوی تر دەیوت تاکی پێڵاوەکەم بەجێما، سەرەڕای ئەوەی ناو لەهەموو گیانمان دەچۆڕا بەهەر هیلاکیەك بوو گەیشتینە چەمچەماڵ، بەو شەوە ماڵی پورێکم دۆزییەوەو چوومە ماڵیان، بەڵام دیار بوو پورم ترسا بۆیە هەر ئەو شەوە ناردمی بۆ ماڵی خزمێکمان لەتەکێ، شەو لەماڵی ئەوان بووم ڕۆژی دوایی براکەم هات بردمی بۆ ماڵی خاڵێکم بەناوی قادر حسێن، دوانزە ڕۆژ لەوێ بووم دواتر خۆم گەڕامەوە بۆ کەرکوك بۆ ماڵی باوکم، ١٢ ڕۆژیش لەوێ بووم ماوەیەکیش لەماڵی براکەم بووم.

هاوسەرەکەم ناردی بەدوامدا بچم بۆ سلێمانی، تامن گەیشتمە سلێمانی ئەو بەرەو قەڵادزێ ڕۆیشتبوو لەوێ چاوەڕوانی دەکردین، بەیارمەتی خزمێکمان کە سەرباز بوو گەیشتمە ڕانیە لەوێشەوە بەهۆی کوڕێکەوە لەڕێکخستندا کاری دەکرد گەیشتمە قەڵادزێ هاوسەرەکەم بینییەوە، لەڕێگەی حزبی دیموکراتەوە بەسەیارە ڕۆیشتین تا سوورەدێ لەوێشەوە سوار ولاغ بووین شکارو کەنارم کردە هەگبەی ولاغەکەوە، شەوێك لەشاخە سەختەکەی قەندیل ماینەوە ئەو شەوە هەر ئاگرمان کردەوەو بەپێوە وەستابووین تۆزێك خواردنمان پێ بوو خواردمان، ئەو شەوە زۆر هیلاك بووین هیچ نەخەوتین، لەگەڵ سپێدەدا بەشاخە سەختەدا بەقنە خلیکسێ داگەڕاینە خوارەوە گەیشتینە بەردەم چەمێك بەهەزار دەردەسەری لەو چەمەش پەڕینەوە خاکی ئێران بوو، کاتژمێر ١٢ی شەو گەیشتینە سەقز چوین بۆ ماڵی خەزوورم شەش مانگ ماینەوە، دواتر ئێمە و ماڵی خەزوورم شەهید حەمە ڕەش بڕیارماندا بچین بەرەو کانی دینار لەڕێگا پاسەکەمان وەرگەڕا هەموومان ئازارمان پێگەیشت.

کە لەئێران بووین هاوسەرەکەم لەسەرکاری خۆی بەردەوام بوو بەسێ مانگ پێش ڕاپەڕین بەنهێنی گەڕایەوە بۆ گەرمیان بۆ بەشداربوونی لەڕاپەڕیندا، دوای ڕاپەڕین گەڕاینەوە بۆ کوردستانی باشوور بەڵام کۆڕەوەکە ڕوویدا هەمدیس گەڕاینەوە کانی دینار، دواتر گەڕاینەوە گۆخلان دوای ماوەیەك هاتینەوە بۆ سلێمانی کەناری کچم ساڵێك خوێندنی لەوتاوە.

## ناهیدە حسێن محەمەد

ناهیدە حسێن محەمەد ئەو کچە تێکۆشەرەبوو، کە حەزو ئاواتی ئەوەبووە پەیوەندیی هەبێت بەڕێکخراوێکی ژنانەوە، بەڵام مەخابن لەو سەردەمەدا بەس ڕێکخستن هەبووە کە ئەم وەکو کچی گەلێکی چەوساوە خۆی تیابببینێتەوە.

من لەسالی١٩٦٨ لەگوندی (بلکیان)ی قەرەداغ لەدایکبووم، لەساڵی(١٩٨٣)دا پەیوەندیمکرد بەمامۆستا ئەنوەرەوە، ئەوکاتە یەکێتی ژنان نەبوو، بەس تەنها ڕێکخستن هەبوو، کە ژنان وکچان پەیوەندیی ڕێکخراوەیی سیاسییان هەبێت، دەستم کرد بەکاری ڕێکخستن.

منیش کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ (شەهید تارق) خێزانم پێکهێنا، کە شەهید لەساڵی١٩٨١وە پەیوەندی ڕێکخراوی هەبووەو، ساڵی ١٩٨٢بوو بە (پ.م) لەشاخ، یەکەم ماڵی (پ.م) گوندە سەختەکەی (دوکانی قەرەداغ)بوو کە لەناو شاخ وداخێکی زۆر سەختدایە کەچەمی(دێوانە) بەتەنیشتا دەڕوات دواتر ماڵمان بردە (بلیکانی قەرەداغ) ئێمە لەساڵی١٩٨٦وە ژیانێکی زۆر سەختمان بردۆتەسەر لەترسی بۆردومان، زۆربەی بەیانیان کە بەئاگا ئەهاتین، سەربازەکانی ڕژێمی لەناوچوو شاخەکانیان گرتبوو چەندین شەڕوو داستانی قارەمانانە ئەنجامدرا لەلایەن (پ.م)کانی ئەو دەڤەرەوە، سەرەڕای ئەوەی ژیانمان هەر لەکونەتەیارەو ناو ئەشکەوتەکاندا لەبەرتۆپ باران ئەگوزەراند هەتا ئەنفالە بەدناوەکە دەستیپێکرد، لەو ساتانەدا ژیانمان زۆر سەختبوو، هاوسەرەکەم لەشەڕی سەرکردایەتی بوو، منیش لەبلکیان بوو، ڕژێم بەگازە ژەهراوییەکانی، گوندی (سێوسێنان و دوکانی قەرەداغ)ی بۆردومانکرد، چواردەورمان هەمووی جەیش و جاش بوو، خەڵکی گوندەکە بەرەو نۆردوگای نەسر هاتنە خوارەوە من لەگەڵ باوکو مامو ئامۆزایەکمدا شەو چووینە خوارەوە، لای گوندی(جۆڵانە)دا گیراین، دواتر ئازادکراین، سێ مانگ بەتەنها لەئۆردوگای نەسر مامەوە، چەندجارێك هەوڵی گرتنیان دام، بەڵام دەستگیرنەکرام، پاشان لەسلێمانی لەگەڵ هاوسەرەکەمدا ژیانمان دەبردەسەر، بەڵام چۆن ژیانێك، پڕ لەترس و سەختی و ئازار هەتا ساڵی١٩٩١ ڕاپەڕین ماینەوەو هاوسەرەکەم بەشداریی هەموو ڕاپەڕینەکانی کردوو دواجار لەمعەسکەر خالید بریندارکراو گەیەنرایە نەخۆشخانەی تاران، بەڵام لەبەر سەختی برینداریيەکەی شەهیدبوو ژیانی خۆی بەخشییە ئەوەی نوێو خاکەکەی و لەپێناو ڕاپەڕین وئازادیدا شەهیدبوو.

## نەزیرە حمە کەریم

ناخۆشترین ساتەوەختی ئەم ژنە ئەو ساتە بوو کە لەکاتی ئەنفالەکاندا لەناو لۆرییەکدا بوون جاشەکان بەلایاندا تێپەڕین کەوتنە چەپڵەلێدان و گاڵتەپێکردنیان و پێیان پێ دەکەنین وایان دەزانی ڕۆژ هەر ڕۆژی جاش دەبێت.

لەگەرمەی شۆڕش و خەباتدا لەگوندی دوکانی قەرەداغ هاتوومەتە ژیانەوە، لەناو شۆڕشدا گەورە بووم، من گشت کات لەئازارو ژانەکانی نەتەوەکەم و خاکەکەم دوورنەبووم و لەناو قوڵایی زامەکاندا ژیاوم. هەر ئەو فاکتەرانەشی بوونە هۆی هەڵبژاردنی هاوسەری پ.م کەرێکەوتی ڕۆژی داستانی ڕزگاری کرد واتە لەڕۆژی ٢٥ی نەورۆزی ١٩٨٧دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ ڕەئوف غەریب کە لەساڵی ١٩٨١ ەوە پ.م بووە، من زیاتر کەوتمە ناو گەرمەی شۆڕش و پ.م-ەوە.

یەکەم ماڵی پ.م گوندی بەلەکجار بوو کە هاوسەرەکەم لەدارایی مەڵبەند ئیشی دەکرد. ئەو ڕۆژەی کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە زۆر خۆش بوو، پ.م سەرکەوتنێکی مەزنیان تۆمارکرد لەمێژووی گەلەکەمدا، بەڵام ڕژێمە دڕندەکەی بەغدا لای عەسر هەموو جوانیەکانی شێواند کەوتە بۆردومان کردنی گوندی بەلەکجارو تەکێ و گوندەکانی تریش.

پاش شەش مانگ مانەوەمان لەو گوندە بەرەو گوندی گۆشان ڕۆیشتین، بەبەردەوامی لەژێر گرمەو ناڵەی بۆردومانەکاندا دەگوزەراین، ڕژێمی لەناوچوو پاش کیمیای کردنی بەهەڵەبجەدا کەوتە کیمیاییبارانکردنی گوندەکانی قەرەداغیش (سێوسێنان و دوکان و بەلەکجار) هەواو ژینگەی بەگازەکەی پیسکرد مرۆڤەکانی خنکان و تاساندن چەندەها مرۆڤ هەتا ئەمڕۆش دەناڵێنن بەدەست ژەهری ئەو گازانەوە.

من و کچەکەی کاک عومەر غەریبی شوبرام کە ناوی تریفە بوو لەژێر لێزمەی باران و تاریکی شەودا بەپێ بەڕێکەوتین تا بەرەبەیان گەیشتینە بنای گڵەزەردە، کۆمەڵێك خەڵکی زۆر بووین پ.م نەیهێشت بڕۆین تا لای نیوەڕۆ هێرشی ئەنفال دەستی پێکرد ئەوسا ڕێگەیان داین بڕۆین، پاش ماوەیەکی کەم لۆرییەك هات و هەموو خەڵکەکەی سەرخست، ناو لۆرییەکە زۆر قەرەباڵغ بوو چەند کەسێك خۆیان بەلۆرییەکەدا هەڵواسیبوو.

من ئێستاش پیاوەتی ئەو شۆفێری لۆرییە لەیاد ناکەم کە ئەو هەموو خێزانەی ڕزگارکرد، بەماوەیەکی کەم پاش ڕۆیشتنی ئێمە هێزی ئەنفال گەیشتبووە شوێنەکەمان.

ناخۆشترین ساتەوەختی ژیانم ئەو کاتە بوو کە ئێمە لەناو لۆرییەکەدا بووین سەیارەیەکی پڕ لەجاش بەلاماندا تێپەڕی و کەوتنە چەپڵەلێدان و گاڵتەپێکردنمان من بەو حاڵەتە زۆر زۆر دڵگران بووم.

ئێمە ژیانمان لێ شێوا ماڵمان ئەما هەموو بەری قەرەداغ بەر شاڵاوی دڕندانەی بەعس کەوت، منیش گەڕامەوە ماڵی شوبراکەم بەناوی جەبار غەریب چوار مانگ لەوێ خۆمان شاردەوە، براکەم لەگوندی دوکان کیمیایی لێیدا هەردوو چاوی کوێر بوو ماوەیەکی زۆر براکەشم لەماڵی کاك جەبار خۆی شاردەوە بەنهێنی چارەسەری وەردەگرت لەڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە پزیشکی تایبەتی چارەسەری دەکرد. برایەکم بەناوی هادی حەمە کەریم لەگوندی کانی مێو لەئەنفالی دوودا بێ سەروشوێنە تائێستاش خێزانەکەی و خەڵاتی کچی چاوەڕوانن.

ماوەیەکی زۆر لەسلێمانی مامەوە جاربەجار بەشێوەیەکی نهێنی سەردانی ماڵی باوکم دەکردو دەگەڕامەوە ماڵی کاك جەبار، دواتر لەنەخۆشخانە کچێکم بوو منداڵەکەیان تا سێ چوار کاتژمێر نەدامەوە وتیان تەسکەرەی باوکی بهێنە، بەپەلە ناردمان بەشوێن کاك جەباری

شوبرام و تەسکەرەی هێنا ئەوسا کچەیان دامەوە. کچەکەم ناونا دڵخۆش چونکە چوار مانگ بوو باوکی و مامی هەواڵیان نەبوو لەگەڵ لەدایک بوونی ئەودا ئەوان بەنهێنی گەڕانەوە بۆ شار.

تەمەنی کچەکەم حەوت ڕۆژ بوو خۆم زەیستان بووم لەگەڵ براژنە ڕەحمەو تریفەی کچیدا کەوتینە ڕێگا بەرەو سنووری کاک عومەر لەپێش ئێمەوە کەوتە ڕێگا، هاوسەرەکەشم بەقاچاخە ڕێ بەدوامانەوە دەڕۆیشت ئێمەش لەڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناوشارەوە بەسەیارە ڕۆیشتین تا تووە سووران لەوێوە بەپێ و بەوڵاغ کەوتینە ڕێگا تا گەیشتینە گوندی گوێزێ چووینە ناو ماڵەکانەوە بارەگای پ.م لەسەرو گوندەکەوە بوو سەر بەمەڵبەندی سێ بوو.

ئەو شەوە خەڵکی گوند نەیان هێشت لەناو گوندا بخەوین وتیان خێزانی پ.م بەخۆناگرین قاچاخچییەکان دوو بەتانیان بۆ پەیداکردین لەولا ماڵەکانەوە لەو گڵ و خۆڵەدا بەو زەیستانیە لێی پاڵ کەوتین ئاوو هەواکەش زۆر ساردبوو، ئەو شەوەمان زۆر بەسەختی لێ ڕۆیشت، کەڕۆژ بووەوە چووینە بارەگای پ.م کاک عومەری شوبرام لەو بارەگایەدا بوو. ئەو شەوە ئەو هەموو سەختیەمان کێشا، نە ئێمە زانیمان ئەو گەیشتووە نەئەویش ئاگای لەئێمە بوو.

کچەکەم بەدەم ڕێگاوە تەمەنی بوو بەسیانزە ڕۆژ، پاش چوار شەو مانەوەمان لەو بارەگایەدا بەرەو شاخە سەختەکەی قەندیل بەڕێکەوتین. هەشت کاتژمێر بەناو بەفری سپی وەکو لۆکەو شاخی سەخت و بەفری بەستراودا دەڕۆیشتین، سەرەکەی سەهۆڵ بوو ژێرەکەی ئاو بوو لەو ڕێگایە ئێمە زیاد لە بیست جار هەڵخلیسکاوین و کەوتووین ئازاری زۆرمان پێگەیشتووە بێجگە لەوەی قاچەکانمان لەبەفرا سڕبووبوو.

دواتر گەیشتینە ئالوەتان لەوێشەوە بۆ قاسمە ڕەش لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بووین بەرەو سەردەشت، دوای ڕۆژێک مانەوەمان بەرەو بانە ڕۆیشتین سێ مانگ لەبانە ماینەوە دواتر چووینە سەقز ساڵێکیش لەوێ ماینەوە دواتر بەڕێکەوتین بۆ کانی دینار لە١٠ی خەرمانانی ١٩٨٩دا. لەکانی دینار ئاودێری کوڕم لەدایک بوو هەر لەوێش پەیوەندیم کرد بەی.ژ.ك بەخاتوو وەصفیە خانەوە هەتا ئێستاش بێ پچڕان بەردەوامم.

هاوسەرەکەم ماوەیەك پێش ڕاپەڕین گەڕایەوە خۆشمان دواتر چووینە سەرای سوبحان ئاغا دانیشتین کە گەڕاینەوە زۆر دڵخۆش بووم بەئازادی و ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی کوردستان.

چاوەڕوانی خزم و کەسوکار بووم بێن بۆلام برایەکم قوتابخانەی تەواو کردبوو بەناوی عومەر حەمە کەریم زۆر چاوەڕوانیم کرد هەر دیار نەبوو کەس ڕاستی پێ نەدەوتم، ڕۆژێکیان پوورزایەکم هات بۆلام پێم وت نازانم زۆر چاوەڕوانی عومەرم بۆ نایەت بۆلام وتی چیت لێ بشارمەوە نزیکەی ساڵێکە ئەمری خوای کردووە، ئەوە کارەساتێکی سەخت و ناخۆش بوو بۆ من برایەکم یەکساڵە نەماوە لەژیاندا من بەهۆی ئاوارەبوونەوەو دەربەدەری ئاگاداری نەبووم.

دواتر بەرەو سلێمانی هاتین لەگەڕەکی ئاشتی نیشتەجێ بووین لە٣١ی ئاب چووینە شاخ لەگوندی شێنێ و زەڵێ بووین، من بەکچێنی و لەژیانی هاوسەریشدا لەبەر خۆشەویستی زۆرم بۆ شۆڕش و بۆ خاکەکەم زۆرم خزمەتی پ.م کردووە دریغیم نەکردووە لەئەرکەکانی سەرشانمداو لەپرسەکەی مامۆستای ئەمر ئیبراهیم ئەحمەددا بەشداریم کردووەو چەند ڕۆژێك بەپێوە وەستاوم و خەریکی کارکردن بووم.

خۆشترین ڕۆژی ژیانم دەستگیرکردنی سەدامی دیکتاتۆرو هەموو ژیانی گەنجانمانی مژی و خواردی و کەسوکاری ئەنفال کردین.

# پێنجوێن

## ئامینە نادر قادر

ئامینە نادر قادر ئەوژنە ماندووەی ڕێگای خەباتە کەسەرەڕای هیلاکیو ماندوبوون و سەختیی ژیانی لەناو شۆڕشدا، دووجگەر گۆشەشی لەم شۆڕشەدا شەهیدبوون وەکوڕێکیشی کەم ئەندام بووە.

لەگوندی(زەردکاوا)ی بەرکێوی تالێر لەساڵی ١٩٥٧دا لەدایك بووم، ڕژێم هەروەکو هەموو کارە نامرۆڤایەتییەکانی خۆی گوندەکەمانی داگرت لەگەڵ گشت گوندەکانی سەرسنور وبردینی بۆ ئۆردوگای (سیروان)، بەڵام پێش داگرتنمان من کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ(محەمەد غەریب فەرەج) ناسراو بە(محمد مێشوولانی).

هاوسەرەکەم لەساڵی ١٩٧٨وە پەیوەندی ڕێکخستنی بەست بەکاك(نجمەدین حەسەن)ەوە، هەرلەهەمان ساڵدا هاوسەرەکەم گیراو لەلایەن دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکەی بەعس توشی ئازارو ئەشکەنجە بوو گورچیلەیەکی لەژێر ئەشکەنجەدا وەستا، دوای ئازادبوونی پەیوەندیی کرد بەهێزی (پ.م)وە لەهەرێمی سێی شارباژێر لەکەرتی پێنج بە(شەهید مامۆستا جەمال عەزیز) کەئەو کاتە کاك بەکر ئامر هەرێم بوو، لەوساڵەدا بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕۆیشتین وچەند گوندێك گەڕاین(کەندە سورەو بانەو، ئارمەردەو دەشتی).

پاش دوو ساڵ مانەوەمان گەڕاینەوە گوندی(مێشولان)، لەوگوندەدا زوو زوو زمانم لێ ئەدرا، شەوێکیان هاتن بمگرن کاتژمێر دووی شەو لەژێر ئاسمانی ساماڵدا رامکرد بەرەو گوندی(دێگەڵە)، سەربازەکان شاخەکەیان گرتبوو بۆ من دەگەڕان، بۆ ماوەی هەفتەیەك شاردمیانەوە، بەهەمان گونددا گەڕامەوە، لەمانگی جۆزەردانو پوشپەڕو خەرماناندا لەو گوندەدا بووم، هەمووەمانگێك ئەهاتن بۆ گرتنم، تا مامۆستا(جەمال عەزیز) نامەیەکی نارد بۆ (پ.م) کانی خۆی بمبەن بۆ گوندی(هەوڵو)، ماوەی شەش مانگ لەوگوندە بووین.

هاوسەرەکەم بەپارتیزانی ڕۆیشت بۆ شەڕی ئێران و ئەگەڕایەوە، منیش گەڕامەوە ماڵی باوکم لە(بایانە)دواتر چوینەوە گوندی(زەردکاوا)، دوای گەڕانەوەی هاوسەرەکەم بەرەو گوندی(زەڵان) چووین ماوەیەکمان لەوگوندە بەسەربرد، ناوچەکەمان کەوتەبەر شەڕو هێرشەکانی هەردوو ڕژێم، بۆیە بەرەو گوندی(مەحمودی)لای بازیان ڕۆیشتین دواتریش چوینە خێوەتە.

ئێمە بەینی گوندەکانمان یان بەپێ ئەبڕی یان بەوڵاغ یان بەتراکتۆر، دواتر هاوسەرەکەم چووەلای(شێخ حسێنە سوور) لەوکاتەدا ماڵمان لەگوندی(تەگەران) بوو، کەریم کانی ساردی ماڵەکەمی سوتاندو هەموو خەڵکی گوندەکەی ڕاگوێزایە سەربانی مزگەوتەکە بەشوێن من دا دەگەڕا، بەڵام من لەماڵی کاك(حەمە ڕەش)خۆم شاردبۆوە . زۆرجار کاری ڕێکخستنم

ئـەنجامداوە چـەند جـارێك دەمانچـەم بەهـەموو بازگـەکانی ڕژێمـدا گەیاندۆتـە دەسـتی ئەوبرایانـە(ڕەفیق عەلی سالح و ئازاد سدیق سالح) لـەکاتی دانوستانەکەی ١٩٨٤دا ماڵمان بردە(کانی پانکە) .

کەدانوستانەکە بن بەست بوو مامۆستا عوسمان کانی پانکەییو ئەڵماس خانی خێزانی منیان شاردەوەو مامۆستا عوسمان تاکسی بۆ گرتم بردمی بۆ گەڕەکی شێخ محێدین بۆ ماڵی کاك عەلی سالح سوری (زەلان ) مامەوە، بەڵام سەرانی ڕژێم ماڵەکەیان سوتاندم، هەر ڕۆژە لەماڵێك بووم بەشێوەیەکی نهێنی، پاش ساڵێك هەندێ کەل وپەلی ماڵم کڕییەوەو ماڵمان لـەگوندی(گـەڕەدێ) شـارباژێڕ دانایـەوە، دواتـر چووین بـۆ(سـیرە مـێرگ) و پاشـان بـەرەو گوندی(شێخان) ڕۆیشتین تاساڵی١٩٨٨لەناوشۆڕشدا درێژەمان بەژیان دا.

بەڵام بەهۆی نەخۆشیی هاوسەرەکەمەوە کەلەژێر ئەشکەنجەی زیندانە قوڵ و تاریکەکانی بەعسدا گورچیلەیەکی لەکارکەوتبوو قاچیشی توشی دەوالی بوو نەیتوانی ئیشی (پ.م)یەتی بکات، شۆڕش ڕێگەیان پێدا دانیشێت و چارەسەری نەخۆشییەکانی بکات، لـەبازیان دانیشتین تاکاتی ڕاپەڕین کەپەیوەندی کردەوە بە(خەلیل دۆسکی)، بەردەوام بوولە (پ.م) یەتی تاساڵی٢٠٠٠ هاوسەرەکەم توانای (پ.م) یەتی نەماو موچەکەیشی تەنها ٤٠٠ دینارە.

خۆشـم وەك دایکێکـی جگەرسـوتاو کوڕێکـم بـەناوی(کـاروان مـەحمود غـەریب) لەساڵی١٩٩٦دا بەلوغم لـەگوندی مێشولان شەهید بوو ، کوڕێکی تریشـم هـەردوو چاوی لەدەست داوەو قۆڵێکی قرتاوە هەربەلوغم، لەکۆڕەوەکەی ساڵی١٩٩١دا کوڕێکی‌ترم لـەڕێگا مرد تەمەنی ساڵ و نیوێك بوو.

## بەهیە حەمە جەمیل

ئەوژنە ئازاو لەخۆبوردوەی رۆژانی خەبات بوو، کەبەمنداڵە وردەکانیەوە لەناو تۆزو خۆڵ و مارو مێرو ئەشکەوت و بن شاخەکاندا ئەژیا، ئەم ژنە بەرێزە لەزاری خۆیەوە باس لەرۆژانی سەختی خەباتی خۆی دەکات.

من لەگوندی(بناوە سوتەی)سەری بەشارۆچکەی پێنجوێن هاتوومەتە ژیانەوە خۆم لەخێزانێکی کورد پەروەردا پەروەردەبووم شۆڕش و (پ.م) م زۆر خۆش ئەویست، هەربۆیەش بڕیارم داکەببمە هاوسەری (پ.م) بەناوی(رەزا حەمەمین) رۆژێک پێش ئەوەی بەرەومالی خۆم بەرێکەوتم، فرۆکەکانی رژێمی لەناوچوو بۆردومانی رێگاکەی کردبوو لەدوانزە سیارەو مەکینەی دابوو هەمووی سوتاندبوو.

هیچ کەس نەیدەوێرا بەورێگایەدا بڕوات، دوای شۆفێرێکی تراکتۆر وتی ئەگەر تیاچووم لەرێگا من ئەیبەم، لەرۆژێکی هاوین گەرمی ساڵی١٩٨٢دا بەشێوەیەکی نهێنی بەجلە سادەکانی ماڵەوە لەترسی چاوی خۆفرۆشان کەوتمەرێگا عەبایەکی رەشیان تێوەپێچام هەتا تۆزو خۆڵی رێگام تێوەنەچێت، چونکە بوک بوم کەگەیشتینە گوندی(ئارەزەن) چلی بوکێنیم لەبەرکرد (پ.م) کانی تیپی ٢١ی سلێمانی کەرتی چوار کردیان بەتەقە، هاوسەرەکەم و هاورێ (پ.م) کانی و خەڵکی گوندەکە بەپیرمانەوە هاتن کەگەیشتینە گوندی(بایانە) کەیەکەم ماڵی هاوسەریم و (پ.م) یەتیشم بوو، یەکسەرشایی و هەڵپەرکێ دەستی پێکرد لەشاییەکەدا خۆم یەک مەخزەن فیشەکیشم بەئاسماندا تەقاند لەو گوندەدا ماینەوە کچێکم بوو بەناوی(زیلان)ەوە بەهۆی شەڕەوە نەمانتوانی درێژە بەمانەوەمان بدەین، بەرێکەوتین بەرەو گوندی(رەزڵە) کە گوندێکی هەتا بڵێیت خۆش بوو هەمووی داری گەورەو باخ و رۆژێکیان وەک زۆر لەرۆژانی‌تر نانی ئێوارێم ئامادە کردبوو چاوەرێی هاتنی میوان بوم لەناکاو کاک مەحمودی ئامۆزای باوکم دەستی دایە تفەنگی هاوسەرەکەم، بەگاڵتەوە وتی بتکوژم، من هاوارم کرد ئەکەی فیشەکی لەبەردایە ئەو زرمەی لێ هەستاند یەک دەسڕێژی بەلای سەرمدا کردوو یەکسەر کەوتمە زەوییەکە، هەمووومان لەناو خۆڵ و تەپوتۆزی بنمیچی خانوەکە غەرق بووین بۆنی باروتی گوللەکانیشی گێژی کردین، هاوسەرەکەم ویستی کاک مەحمودی خزمان بکوژێت یەکسەر هاوارم کرد وتم هیچم لێنەهاتووە، ئەیکوشتم باش بوو بێ کارەسات رزگارمان بوو، ئەورووداوەش بەهۆی شەڕی ناوخۆوە بوو بەرەی جوود بەبەردەوامی لەو ناوچەیەدا بوون، شەڕی ناوخۆ لەئارادابوو، هاوسەرەکەم هەمیشە فیشەکی لەبەرلولەی کلاشینکۆفەکەیدابوو، لەهەموو ئازارەکان ناخۆشتر شەڕی ناوخۆبوو کەهەرگیز ئارام نەبوین بێجگە لەهێرش و پەلاماردانەکانی رژێمیش.

بۆجاری دووەم گەڕاینەوە بۆ گوندی(بایانە) تاساڵی ١٩٨٤کەناوچەی شاربازێر کەوتە بەینی بەرداشی شەڕی عێراق ئێرانەوە، هاوسەرەکەم چووەتیپی ٥٥ قەرەداغ ماڵمان بردە گوندی(ولیان) نزیک بوولە قەرەداغەوە لەژێرمەترسی دابووین، پاش شەش حەوت مانگ

مانەوەمان لەوگوندەدا هەموو ماڵە (پ.م) کان بەشەو بارمان کرد چووین بۆ گوندی(بەلەکجاڕ)هەموویان هاوسەریان لەگەڵدا بوو بەڵام هاوسەرەکەی من لەجەولەبوو، هەموویان چونە ژوورو ماڵی خۆیان بەڵام من بێجێگامامەوە چومە ماڵی کاک حامید هەتا هاوسەرەکەم لەجەولە گەڕایەوە، ژوورێکی قەڵو مریشکمان پەیداکردو پاکمان کردەوەو چووینەناوی یەکەم شەو لەوژوورەدا خەوتین بەیانی زوو بەئاگاهاتمەوە چاوم بەدووپشکێك کەوت لەبەینی منو کچەکەمدا بوو، زۆرترسام بەوەی بەکچەکەمەوە بدات، چەند مانگێك لەوژوورەدا ژیانمان بردە سەر، تاژوورێکمان دەستکەوت چووینە ناوی.

لەزستانێکی پڕبەفرو سەرماوسۆڵەدا حەوت شەوورۆژ بەژانی منداڵەوەبووم، ئەوەندە بەفرباریبوو ڕێگا گیرابوو سەیارە هاتووچۆی نەدەکرد، منیش زۆر هیلاك بووم وتیان مەگەر بیخەینە دارەمەیتەوەو بیبەین بۆ قەرەداغ، بەڵام هاوسەرەکەم زۆرلای ناخۆش بوو خۆیو دوسێ (پ.م) چون بەشوێن(حاجی عاسم)دا بەوڵاغ هێنایان کەسو کارەکەی شیوعی بوون، دەستی دەرمانی کوردەواری هەبوو مامانێکی زۆر شارەزایش بوو، پاش چەند کاتژمێرێك لەیانزەی شەودا ڕزگارم بوو کوڕێکم بوو بەناوی (بڕوێن) من ئەوەندە هیلاك بووم لەو گوندەدا کەس بەتەمای ژیانم نەمابوو هەموو گیانم ئاوسا بوو هەربۆیە هاوسەرەکەم جارێکی تر چوو بەشوێن (حاجی عاسم)دا تا فریام بکەوێت.

بەهاری ١٩٨٥ بوو لەگوندی (بەلەکجاڕ) بە بەردەوامی لەژێر بۆردوومانداا بووین لەگەڵ سپێدەدا منداڵم لەکۆڵ دەکردو بەرەو شاخ و ئەشکەوتەکان دەڕۆیشتین، کە خۆر ماڵئاوایی لەگوندەکەمان دەکرد، دەگەڕاینەوە من زۆر هیلاك بووم بەو هاتووچۆیە هەربۆیە ئەو بەهارو هاوینەمان لەبن تاوێری بەردەکان و ئەشکەوتکاندا بردە سەر لەگەڵ مارو دووپشكو لەناو خۆڵەپەتانێو تۆزدا بووین ژیانمان زۆر لەناڕەحەتیدا بوو، خۆزگەم بە بۆردوومانی ناو گوند دەخواست، چەندین جار لەو شاخانە ڕووبەڕووی مەرگ بووینەتەوە خۆمو منداڵەکانم.

کە پاییزو گڤەگڤەکەی هات، سەرما بەتینەکەی کاری لەئێسقانەکانمان دەکرد نەمانتوانی لەناو شاخ بمێنینەوە بەرەو گوندی (سەوسێنان) چووین لەوێش بەهەمان شێوە لەژێر بۆردوومانداا نەمانئالاند تا کیمیاوییەکەی کرد بەوێدا، دواتر بەرەو گوندی (گاپیلۆن)ی ناوچەی شارباژێر ڕۆیشتین ژوورمان دەستنەکەوت چووینە گەراجی تراکتۆری ماڵێکەوە ئەملاولایمان بە نایلۆن گرت، بەڵام چۆن ژوورێك ئەگەر لەم نامیلکەیەدا باسی ئەو ژوورە بکەین، ڕەنگە کەم کەس باوەڕ بکات مرۆڤێك لەم سەردەمە مۆدێرنەدا لەشوێنی وادا بژی منداڵی لەشوێنی وادا پەروەردە بکات.

ژوورەکەمان پشتەوەی گەوڕی کەرو وڵاغ بوو پڕ بوو لەمشك کە دەچووم بۆ کانی خەمم لێدەهات بە پەلە دەگەڕامەوە ئەوەکو مشك چووبێتە بێشکەی کوڕەکەمەوە. ڕۆژێکیان (سەبیحە خانی خێزانی کاك قادری حاجی عەلی) بەڕێکەوت بەوێدا تێپەڕی کە منی بینی لەشوێنی ئاژەڵدا دەژیم سەری سوڕما، وتی چۆن دەتوانیت لەشوێنی وادا بژیت. هەرچەند دەهات بۆ سەردانی هاوسەرەکەی سەردانی منی دەکردو دڵخۆشی دەدامەوە. بۆ بەهارو هاوینی ١٩٨٦ چووینە گوندی (گەڕەدێ) لەپاڵ سەرکردایەتیدابوو ئەو گوندەش دووپشکی

زۆر بوو، بێشکەی کوڕەکەم دەخستە سەر قەرەوێڵە تا دووپشک پێوەی نەدات. ڕۆژێکیان لەم گوندەدا (١٢) فڕۆکە بە بەردەوامی بۆردوومانیان دەکرد، منیش لەو کاتەدا بەژانی منداڵ بوونەوە بووم زۆر هیلاک بووم ، دکتۆر موشیرو پەخشانی خێزانی یارمەتیان دام کە منداڵەکەم بوو کردیان بەمەلۆتکە، داوام لێکردن کە بڕۆن بۆردوومانەکە زۆر سەخت بوو، ئەو منداڵە ساوایە کە چەند چرکەیەك بوو هاتبووە ژیانەوە لەگەڵ دوو منداڵەکەی ترمدا بردیانن بۆ شاخ و ئەشکەوتەکان خۆم بەتەنها لەناوماڵەکەدا لەژێر ڕەحمەتی تۆپ و فڕۆکەکانی بەعسدا مامەوە، پاش دوو کاتژمێر لەبەر سەختی بۆردوومانەکە و ترسی خۆشم هەستام چوومە دەرەوە ماکسییەکی سورم لەبەردابوو، ماڵی کاك عومەر موختار سەگێکی پۆلیسی هەبوو، پەلاماری دام و گرتمی لەبەر بێهێزی خۆم کەوتم و لەهۆش خۆم چووم، پاشان کە گەڕانەوە بەدوامدا منیان بەئاگا هێنایەوە بەڕاستی ژیانێکی سەخت بوو لەکاتی بۆردوومانداا منداڵت بێت، پاش ماوەیەکی کەم هاوسەرەکەشم نەخۆشییەکی ترسناکی گرت، کەسمان بەتەمای ژیانی نەمابووین، لەسەر بڕیاری شۆڕش دانیشت، بەڵام نەگەڕایەوە بۆ شار، من خۆم و منداڵەکانم گەڕامەوە سلێمانی بۆ ماڵی خەزوورم، ماوەی سێ مانگ هاوسەرەکەم نەبینیبوو چووم بۆ سەردانی بۆ (سەوسێنان) من گەیشتمە ئەوێ و کاك حامی جیهازی کرد وتی با (شەهید ڕەزا) دابەزێت بۆ شارەزوور، من یەك مانگ چاووەڕوانم کرد نەگەڕایەوە، لەگەڵ (٩) پێشمەرگە و خێزانەکەی کاك حامیدا سوار پیکابی کاك شاسوار بووین لای (باوەخۆشێن) سیارەیەکەمان وەرگەڕا هەموو سەروچاوم شکاو شووشە چوو بەقاچم و ڕانم هەموو گیانم خوێنی لێدەچۆڕا زۆر ژیانم لەمەترسیدا بوو منیان گەیاندەوە ماڵی باوکم لە (کانی پانکە) کە بەو شێوەیە منیان بینی زۆر ترسان وایانزانی بە پارچە تۆپ بریندار بووم. ماوەیەکی زۆر لەسلێمانی لەژێر چارەسەردابووم تا بەرەو چاکبوونەوە چووم، هاوسەرەکەم کە زانیبووی زۆری پێناخۆش بوو کە من چووم بۆ لای ئەو لەڕێگای گەڕانەوەدا ئەو کارەساتەم بەسەرهاتبوو.

هاوسەرەکەم لەبەر نەخۆشییەکەی دانیشت، بەڵام پێش ڕاپەڕین چەکی پێشمەرگایەتی کردەوە شانی لە ئازادکردنی هەموو شارەکانی کوردستاندا بەشداری کرد خۆی فەرماندەی هێزبوو دواتر کارەکەی گواستەوە بۆیە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی لەساڵی ١٩٩٢ دا بەدەستی چەند تاوانبارێك بەخەستی بریندار کرا، (٥٠) شەو لەسەر جێگا کەوت. دوای کەوتەوە کارکردن و پلەی ئەفسەری وەرگرت تا بەکارێکی حوکومی بەدەستی چەند تاوانبارێك دوژمن بەگەل و نیشتمان شەهیدیان کرد لەڕۆژی (٧ی گەلاوێژی١٩٩٥)دا ئێمە چەند ساڵ هیلاك بووین ویستمان پشوویەك بدەین، بەڵام مەخابن شەهید بوونی هاوسەرەکەم کاریگەریی زۆر ناخۆش لەسەر دورست کردم، من لەژیانی خۆمدا خۆشیم نەدیوە هەر لەناخۆشیدا ژیاوم، بەڵام بە بینینی و دەستگیرکردنی ئەو دیکتاتۆرە خوێن ڕێژە زۆری ناخۆشییەکانم فەراهەم کرد.

## شەمسە محمد مستەفا

شەمسە محمد مستەفا ئاخۆ دڵو دەروونی ئەودایکە چۆن بوو بێت؟ لەوکاتەدا کەجگەرگۆشەکەی، بەپشتا لەسەرولاغەکە کەوتەخوارەوە، ئەگەریەك مەتر لەولاتربوایە، ئەکەوتە چەمەخورەکەوەو هەرگیز نەی ئەبینیەوە.

من لەگوندی(بناوەسوتەی) سەربەشارۆچکەی پێنجوێن لەساڵی١٩٥٣دا، هاتوومەتە ژیانەوە، تەمەنی منداڵیم لەگوندا بەسەربردوە، وەکو کچەکانی هاوتەمەنی خۆم نەخوێندەوارم خەریکی ئیشی کشتوکاڵ بووم.

هەتا لەڕۆژێکی ساڵی ١٩٦٩دا، کەتیشکی خۆر پەخشدەبۆوە بەسەر گوندەکەماندا، و دیمەنێکی سەرنج راکێشی هەبوو، کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ(حسێن فارس) وە خێزانمان پێکهێنا.

رژێمی بەعسی لەناوچوو، کەوتە راگوێزانی گوندەسەر سنوریەکان، گوندەکەی ئێمەش لەساڵی ١٩٧٨دا بەر ئەوشاڵاوەکەوت، هاتین بەرەوشارۆچکەی(پێنجوێن) لەساڵی(١٩٨٠) دا بەهۆی شەڕی عێراق ئێرانەوە(پێنجوێن) مان چۆڵکردو هاتین بۆ سلێمانی.

هاوسەرەکەم لەساڵی١٩٨١دا رێگەی شاخ و (پ.م) یەتی هەڵبژاردو، منیش بەرەو شاخ رۆیشتم، یەکەم ماڵە (پ.م) یەتیمان لەگوندی(بادانە)بوو، لەوێ ژیانێکی سادەو پێشمەرگانەمان دەبردەسەر.

لەساڵی١٩٨٢دا ناوچەکە بووبە مەیدانی جەنگی عێراق ئێران، بەرشاڵاوی هێرشی هەردوو رژێم کەوتین، بەرەو گوندی(دۆلپەمو) رۆیشتین، لەوێش بەهەمان شێوە هەربۆردومان و شەڕبوو لەوناوچەیە، بوبەمەیدانی شەڕ.

ئێمەش بەرەو شارباژێری تەخت بەڕێکەوتین، لە گوندی نۆدێ نیشتەجێ بووین، دوای ماوەیەك بەرەو گوندی(گەڕەدێ) رۆیشتین، پاش ساڵێك مانەوەمان بەرەوگوندی(گورگەدەر) بەڕێکەوتین تاساڵی١٩٨٤ دانوستانەکەی بەینی یەکێتی‌و رژێم دەستی پێکرد چوینە(کانی دڕکە) لەساڵی١٩٨٤بۆ ١٩٨٥بەفەرمانی سەرکردایەتی شارباژێڕمان بەجێ هێشت‌و بەرەو قەیوان رۆیشتین، لەوێ ماڵمان دروستکردەوە، هەتاشەڕی(قەیوان ماوەت)دەستیپێکرد، لەکاتی شەڕەکاندا فڕۆکەکانی دوژمن هاتنە سەرمان، فڕۆکەیەکی ئێرانی پێکرا، لەولای ئێمەوە کەوت، کەرتی چواری پێنجوێن، چونەسەرفڕۆکەوانەکە ئەوکاتە شەهید(حەمەئەمین) ئامرکەرت بوو.

بەهۆی سەختی شەڕەکان‌و بۆردومانی زۆرەوە نەمانتوانی بمێنینەوە، بەرەو دۆڵی جافایەتی رۆیشتین لەوکاتەدا منداڵەکانم پێبوو، کوڕەکەم بەناوی(هێمن) لەکۆڵمدا بوو، بەپێ کەوتمە رێگا هەرلەقەیوانەوە هەتا چووینە مالومە شاخی کۆڵەردو چۆخماخ‌و کاپیلۆن ئەوهەموو رێگا سەختەم بڕی، هەربۆیەش تووشی فەقەرات بووم ماوەیەك گەڕامەوە بۆ سلێمانی بۆ چارەسەرکردن، بەشێوەیەکی پڕلەمەترسی‌و ترس‌و لەرز، لەوزەمەنەدا رژێم دەستی کردبۆوە بەگرتنی خێزانی (پ.م) پاش مانگێك بەناچاری گەڕامەوە بۆ مالومە.

لەناکاو لەرۆژێکی هاویندا، کە خۆرتیشکی زێڕینی خۆی پەخش دەکرد، ئەوەندەمان نەزانی، فرۆکەکانی رژێمی ئەفلەقی کەوتنە بۆردومان کردن و روخاندنی زۆربەی خانوەکان و چەند کەسێک شەهیدبوون و بریندارێکی زۆریش هەبوو.

ئەوکاتە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە بارەگاو نەخۆشخانەیان هەبوو، لەوگوندەدا، بریندارەکانیان بردبوە ئەونەخۆشخانەیە، کەمتریان بردبوە سەرگەڵو.

زۆربەی رۆژان بۆردومانمان لەماوەت و سوسێوە لەسەر بوو، دواتر ئێمە لەسەرداوای مەلبەندی دوو، بارەگاو ماڵەکانمان گواستەوە بۆ شەدەڵە، بەبەردەوامی فرۆکە جەنگیەکانی عێراق بۆردومانیان دەکردین، ئەوزەمەنە ژیان زۆرسەخت بوو بۆیە ناچارکونەتەیارەمان دروستکرد.

بەبەردەوامی ژیانمان لەکونەتەیارەدابوو، لەوکاتانەدا (پ.م) زۆربەیان رادیۆی(FM) یان پێبوو، هاوسەرەکەی منیش رادیۆیەکی وای پێبوو، لەکاتی بۆردوماندا منداڵەکانی مەشغوڵ دەکردبە رادیۆکەوە.

لەرۆژی٢٥/٢٤ی نەورۆزی ساڵی ١٩٨٧ دا داستانی رزگاری روویدا، لەمەعسکەر سوسێوە تۆپ باران کراین، ئەوجارەیان تۆپەکان دوکەڵ بوون، وتیان کیمیاویە خاولی تەربکەن و بیدەن بەدەمو لوت تاندا.

لەبیرمە هەندێك لە (پ.م) کانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون شەهید بوون، بەکیمیاویەکە شەهید(جەلالی حەمەی مەحە) شەهیدبوو بریندراری تریش زۆربوون.

لەبەر زۆری بۆردومان بەرەو بەختۆخە رۆیشتین، لەوێ کەپرمان کرد لەبناری شاخی پیرەمەگرون، شوێنێکی زۆر خۆشەو زۆرساردو کوێستانیشە، خەڵکی شەدەڵە خانووی بچوك و کۆلیتان دروستکردبوو.

ئێمە نەمان توانی بمێنینەوە، گەراینەوە بۆ سلێمانی لەو کاتانەدا ئەنفالە بەدناوەکە دەستی پێکرد، هاوسەرەکەم لە(یاخسەمەر)بوو لێپرسراوی ئیدارەی جەبهەکان بوو، پاش کشانەوەی هێزەکان بەرەو سنوور، من لەشاردا مامەوەتا مانگی گوڵانی ١٩٨٨ هاوسەرەکەم دەلیلێکی نارد بەشوێنما بچم بۆ(سورەدێ) لەگەڵ دەلیلەکەدا بەرێکەوتم بەرەو(سورەدێ) لەرێگا شوکری خانی خێزانی حاکم ئیبراهیمم توش بوو، سوارولاغ بووین بەرێکەوتین بەرەو قەندیل سازگارو هێمنم خستبووە ناوخورجی ولاغەکەوە، تانەکەونە خوارەوە.

گەیشتینە بارەگایەکی (پ.م) بەیەك بەتانیەوەو بێ جلی گەرم ئەوشەوە ماینەوە، تاسپێدە هەڵڵەرزین لەسەرماندا.

کاتێك یەکەم تیشکی زێرینی خۆرپەخش دەبویە سەرشاخە سەختەکەی قەندیلدا، ئێمە سوارولاغ بووینەوە بەرەو قاسمە رەش گەیشتینە پردەکەی رەزگەو مارەدوو لەوپردە پەرینەوە، بەردێکی گەورە لەبەردەماندا بوو، لەوکاتەدا هیوای کوڕم بەسەر ولاغەکەوە بوو، خۆی توندنەگرتبوو لەوکاتەی ولاغەکە هەردوودەستی پێشەوەی هاویشتە سەر ئەو بەردەی کەبەرزیەکەی مەترێك دەبوو، کوڕەکەم بەپشتا کەوتەخوارەوە، ئەگەریەك مەتر لەپێشدابوایە، ئەکەوتە ناوئەو ئاوە خوڕەی کەمرۆڤ ناوێرێت تەماشایشی بکات ئەبوایە هەتا ئەمرۆش،

بموتایە کوڕێکم بوو ناوی هیوابوو ئەوساتەوەختە ئەوەندەترسان، تائێستاش لەهەرشوێنێك پردێك ببینم، یەکسەر ئەوساتەم دێتەوە یاد لەوکاتەدا ماڵی کا حەمە جەزای (پ.م) و هونەرمەندمان بینی ئەوانیش بەرەو قاسمەڕەش دەچوون، بەڕێگایەکی زۆر سەخت و ناخۆشدا هەڵزناین ئەتگوت(قولەی قاقە) رێگاکە ئەوەندە سەخت بوو، رێگای وڵاغ نەما، منداڵەکانیش دابەزین و بەپێ کەوتینەڕێ شەوی دووەم گەیشتینە(دۆڵە کوکێ) شەو لەوێ ماینەوەو، پشویەکماندا.

لەگەڵ سپێدەدا بەرەو کانی زەرد رۆیشتین چوینەماڵی کاك ئەبوبەکر کە ناسیاوێکی خۆشەویستمان بوو ئەوشەوە رێکەوتی چەژنی دەکرد، لەوماڵە بەڕێزە خۆمان شت و تۆزو خۆڵی رێگامان لەخۆمان کردەوە، بۆ رۆژی دوای بەرەو سەردەشت بەرێکەوتین شارزۆر چۆڵ بوو، لەترسی بۆردومانی فڕۆکە مرۆڤ کوژەکانی بەعس، پاش دوورۆژ مانەوەمان بەرەو سەقز رۆیشتین، چەند رۆژێك لەماڵی کاك حسێنی رەشە کوردە ماینەوە، خزمەتێکی زۆریان کردین.

دواتر خانوویەکمان لەگەڕەکی(حەماڵاوایی) سەقز بەکرێ گرت پاش چوارمانگ مانەوەمان، چوین بۆ مەریوان ئەوشارە بۆ ئێمە خۆش بوو، جیاوازی نەبوو لەگەڵ پێنجوێندا . چووینە ماڵی خزمێکمان بەناوی حاجی ئەحمەدی بایەوەی ساڵێك لەو ماڵە بەڕێزە ماینەوە، لەوێ هاوسەرەکەم و دوئامۆزای و خاڵۆزای دوکانێکی شیرینیان دانا، گوزەرانمان بەرەو باشتر چوو، لەمەریوان ماینەوە تاراپەڕینی ١٩٩١ لەکۆڕەوە مەزنەکەدا خەڵکێکی زۆرلە ماڵماندابوون و خەزمەتمان کردن.

بەڵام خەڵکە خۆراگرو نیشتمان پەروەرەکەی شاری مەریوان یارمەتیەکی زۆری ئاوارەو لێقەوماوانی کوردەکانی باشوریاندا.

بەهۆی ئەوکۆڕەوە سێ ملیۆنیەوە، ویژدانی دەوڵەتانی جیهانی هەژاند بەرامبەر بەکوردیش پشتێنەی ئەمنیاندانا وەڕژێمە رەفتارفاشیەکەی بەغدادیان ئاگادارکردەوە کە ناتوانێت سنوور ببەزێنێت و لەکوردەکان بدات.

دواتر شادبوینەوە بەکوردستانی دوورلەودەستە خوێنڕێژە، درێژەمان بەژیانێکی سادەوساکارو پڕلەسەربەرزی رزگارکردنی کوردستاندا، لەسایەی هیمەتی گەلەکەمان و خوێنی شەهیدان.

ئەمە مشتێکە لەخەروارێك لەژیانی کولەمەرگی و بیەختی و ناخۆشی رۆژانی شاخ و ئاوارەبوون، ئەوەندە بۆ ئێمە بەسە کە بەژنانی شاخ بانگمان دەکەن.

ئاواتم گەیشتنە بەچەسپاندنی ئازادی و فیداڵیەت و بوونی (پ.م) بەسوپایەکی باوەڕپێکراو هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەرانسەری کوردستانی گەورەدا، بەدیهێنانی کوردستانێکی گەورە لەساڵی٢٠٠٢دا هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆ ئەوروپا پێ ی وتم، کەموچەی خانەنشینیم بۆ کراوە، بەڕاستی زۆرم پێخۆش بوو کەماندووبون و هیلاکی چەندساڵەم حەسایەوەو رێزێکمان بۆ دانرا، لەگەڵ ئەوهەموو ژنە تێکۆشەرەدا.

## سەبیحە شەریف ساڵح

سەبیحە شەریف ساڵح ئەژنە ماندووەی ڕێگای خەبات، زۆربەی شەوان بەنائارامی سەری خستۆتە سەرسەرین، تەنانەت دارو بەردو خشەی گیانلەبەرانی لێدەبوو بەسەرانی ڕژێم.

من لەگوندی بناوەسوتە هاتوومەتە ژیانەوە، لەخێزانێکی کوردپەروەردا گەورەبووم، لەڕۆژێکی ئاسمان ڕوونی بێ هەوردا چوومە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ(محمد عەبدوڵلا محمد) ناسراو بە(وەستا محمد) لەساڵی ١٩٨٠دا ژیانی شاخمان هەڵبژارد، لەبەر زوڵم و زۆری حیزبی بەعسی بەئاگرو ئاسن دەجوڵایەوە لەگەڵ نیشتمان پەروەراندا، هاوسەرەکەم لەتیپی٣١ی سلێمانی کەرتی چواربوو بەپێشمەرگە، هەمیشە شان بەشانی هاوسەرەکەم کارم کردووەو هەوڵم داوە کەبەباشترین شێوە خزمەت بکەم.

یەکەمماڵی(پ.م) یەتیمان گوندی(دەرەمیانە) بوو لەناوچەی شارباژێڕ ئەو ژوورەی ئێمەی تێدا ئەژیاین گەوڕی وڵاخ بوو، لەتاوبۆنی شیاکەو کێچ ئەمان ئەتوانی بخەوین، لەماوەی مانەوەمان لەو گوندەدا جاش هاتە سەرمان بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە مامەڵەیان دەکرد وەکو لەم خاکە پیرۆزەدا لەدایک نەبوبێتن، هەموزەخیرەکانمانیان تێکەڵ بەیەکتری کرد جلەکانیشیان فڕێ داینە ناوچەمو دۆڵەکەوە، دواتر بەرەوگوندی(جارخ) ڕۆیشتین لەوگوندەش فڕۆکەبەزیوەکانی ڕژێمی ئەفلەقی بۆردومانیان کردین، گوزەران لەوێش ئەما، بەرەوگوندی(قەڵاتێ) کەوتینە ڕێگا وماڵمان برد، من دەڵێم ماڵ بەڵام هەربەناو ماڵمان هەبووە، هەرچیەکمان هەبوو باری گوێ درێژێک نەدەبوو، دوای ماوەیەک بارمان کردو بەرەو گوندی(نودێ)هەرلەناوچەی شارباژێڕ شەوانی ئەوگوندە زۆربەسەختی لەمن و منداڵەکانم و گشت ژنە(پ.م)کانی تریش ئەڕۆیشت، چونکە شەوانە هاوسەرەکانمان دەچوون کەمینیان دادەنا بەچواردەوری گوندەکەدا، ئەوەش لەبەر هێرشەکانی ڕژێم بوو، ئێمەش شەولەدوای شەو ترسی زیاتر گەشەی دەکرد لەناخماندا.

پاشان بڕیارماندا بچین بۆ گوندی(کەنگێ) لەڕێگا بەسواری تراکتۆرەکەوە فڕۆکەبەزیوەکانی ڕژێمی بەغداد بەسەرمانەوە بون کەوتنە بۆردومان کردنمان لەوڕۆیشتنەدا بۆیە سەرمان لێتێکچوو، جگەر گۆشەکەم کەناوی(سەردار)بوو لەتراکتۆرەکە کەوتە خوارەوەو یەکسەر گیانی لەدەستدا کەئەوەش کارەساتێکە هەتا مردن لەیادم ناچێت.

دوای گەیشتنمان بۆ گوندی(کەنگێ) لەقوتابخانەکەدا ماڵمان دانایەوە، هێشتا پێنج ڕۆژ بوو لەوگوندەدابووین فڕۆکە بەزیوەکانی بەغداد وەک پیشەی هەمیشەیی خۆیان دەستیان بەبۆردومان کردو چەند(پ.م)و چەند هاوڵاتیەکی گوندەکە شەهیدبوون، بریندارێش زۆربوون، لەهەموو بۆردومانێکدا کۆمەڵێک زەرەری گەورەی ئابوری لەناوچەکە ئەدا.

پاش ماوەیەک بەرەو گوندی(واژە) ڕۆیشتین، ئەم گوندە نزیک جادەبوو زۆر لەجاش و لەسەرانی ڕژێمی بەعس دەترساین، بۆیە داروبەردەکەشمان لێ بووبوو بەجاش و عەسکەر، لەنیوە شەوێکی ئەنگوستە چاودا لەخشەخشێک بەخەبەرهاتم بەتەواوەتی شڵەژام وامزانی سەرانی ڕژێم هاتوونەتە سەرمان، ترسی بەسەر هەموو گیانمدا زاڵ بوو هەر بۆیە زۆر بەپەلە میلی کلاشینکۆفم هێنایەوە یەکسەر تەقەم کرد لەشوێنی خشەخشەکە یەک سەلیە فیشەکم پێوەنا.

ئەشم وێرا بچمە دەرەوە هەتابەیانی بەنائارامی لەوتاریکیەدا دانیشتم، کەڕۆژ بۆوە دەرگاکەم کردەوە ئەوەی بەتەمای ئەبووم بینیم، تەنانەت بەبیریشمدا نەهاتبێ ئەوە بووکە

ئەو گوندرێژە بەستەزمانەم کوشتووە زۆر خەفەتم خوارد بۆ ئەوکارەی کردوومە هەمیشە پەشیمانم.

لەبەرنائارامیمان بڕیارماندا بچینە گوندی(سنکێ) لەچەمەگەورەکەی(سنکێ) دەبوایە بەسیم بپەڕینایەتەوە بۆ ئەوبەری گوندەکە، لەسەرچەمەکە کۆمەڵی(پ.م) لەکاتی پەڕینەوەدا، یەکێکیان دەستی لەسیمەکە ترازاو کەوتەناوچەمەکەوەو شەهیدبوو، کە ئێمەش ئەوەمان بینی زۆر ترساین بەهەزار حاڵ پەڕینەوە، ترسەکەشمان لەجێی خۆی بوو، ئاوەکە باری ئاسایی خۆی نەبوو زۆرخێرا ڕەوبوو چەمەکەشی هەڵسابوو، کەگەیشتینە گوندی سنکێ پاش ماوەیەك چوین بۆ گوندی(کونجرین) بەڵام ئەوەندە نەماینەوە بەرەو(سورەقەلات) ڕۆیشتین لەوێش ماڵێکی تێدابوو کەکوڕەکەیان فیراربوو زۆربەی جار(پ.م) ئەچوونە ئەوماڵە تاڕۆژێك سەربازەکانی ڕژێم دای بەسەریاندا بەڵام کوڕە فیرارەکە دەرباز بوو، دایكو خوشکی کوڕەکەیان گرتو بردیانن.

ئەوەبوو(پ.م)لەوکاتەدا دەستەوەستان نەوەستابوون هاوسەرەکەم وچەند هاوڕێیەکی، توانییان بچن لەشەڕێکی دەستەو یەخەدا دایكو کچەکە ڕزگار بکەن، سەربازەکان هەڵهاتن دوای ماوەیەکی کەم هێزێکی سەربازی گەورەی ڕژێم هاتن بەهانای ئەوسەربازانەوە، لەوکاتەدا شەڕێکی قورسو خویناوی ڕویدا لەنێوان هێزی(پ.م) سەربازە بەزیوەکانی ڕژێمی بەغدادا ئەنجامەکەشی بەسەرکەوتنی(پ.م)ئەمرەکان بوو لەوشەڕەدا هاوسەرەکەم وچەند(پ.م)یەکی‌تر ینداربوون.

من هێشتا لەناو(سورە قەلات) دابوم سەربازەکانی ڕژێم هاتنەسەرمان، بەمنیان وت تۆ ژنی مخریبی، منیش بەنەخێر وەڵام دانەوە، لەوکاتەدا پیاوێکی ئەوێ منی کرد بەبوکی خۆی، وتی ئەوە بووکمەو ئەوەش کوڕەکەمە وەك دەبینن(پ.م)نی‌یە، من زۆر قەرزاری ئەوپیاوە بەڕێزەم کەدەستی یارمەتی بۆ درێژ کردم ڕزگارم بوو لەدەستیان، ئەوە بوو بڕیارمان دابچین بۆ(کونجرین) ماوەی ساڵێکمان لەوگوندەدا بەسەربرد، تاساڵی١٩٨٨ ئەنفالە بەدناوەکە دەستی پێکرد، هیچ گوندێك نەما کەماڵە(پ.م) ژیانی تێدا بەسەر بەرێت، چونکە تەنها ڕوخاندنو سوتانی ماڵو کەڵو پەلەکان نەبوو بەڵکو ژینگەکەی بەگازی کیمیاوی پیسکرد، هەموو جوانیەکانی لەناوبرد، کیمیاوی دەورێکی باڵای هەبوو بۆ لەناوبردنی بەکۆمەڵی شۆڕشگێڕانو نیشتمان پەروەران.

لەوسەردەمەدا دوو ڕێگە هەبوو یان گەڕانەوە بۆلای ڕژێمی فاشی یان بەرەوسنور ڕاوێشتن، ئێمە بەرەو ئاوارەبوونو سنور کەوتینەڕێ، پاش برینی ماوەیەکی زۆر بەپێ بەبرسێتیو هیلاکیو لەسەرماو تۆفدا گەیشتینە(کانی دینار) لەوێ نیشتەجێ بووین ژیانێکی سەخت ئەژیاین بەهەژاری دەردی سەری تاڕاپەڕین ماینەوە، خۆشترین ڕوداو لەژیانی هەموو کوردێکی بەئەمەك ئەوکاتە بوو کەکوردستانی باشور ئازاد بوو لەژێر پێی ئەو پۆستاڵ ڕەشانەدا، دەتوانم بڵێم ژنی شاخو پشودرێژییان بناغەی سەرکەوتنی شۆڕش بوو، من خۆم پێنج منداڵم لەشاخ هاتونەتە ژیانەوە بەئازارو هیلاکی لەژێر بۆردومانو سەختی ژیاندا.

لەدوای گەڕانەوەمان بۆ کوردستانی باشور ژیانێکی ئاسایی پڕلە شانازیو خێزانێکی بەختەوەر ئەژیاین تاساڵی ١٩٩٢ کەهاوسەرو هاوڕێی ئازیزم شەهید بوو، لەوکاتەوە ڕێڕەوی ژیانم بەتەواوی گۆڕاوە، خۆزگەم دەخواست هەموو ژیانم خەباتو شۆڕشو ماندویەتی بوایە بەڵام هاوسەرەکەم شەهید نەبوایە. خۆشم وەکو دایکێك سەرپەرشتی هەر حەوت منداڵەکەم دەکەم.

## کەوسەر حەسەن نادر

کەوسەر حەسەن نادر هەر لەو ئان و ساتەی کە لەبیرو مێشکی خۆیدا گفتی گەورەو مەزنی بەستبوو لەگەڵ خاک و خۆڵی نیشتماندا و وڵاتی داگیرکراوی پارچە پارچەی پڕ مەینەتیدا ، بڕیاردا ئەو گفتە مەزنەی بە جۆش وخرۆشەوە بەجێ بهێنێ ، لەتافی لاویدا ڕوویکاتە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەشارۆچکەی سەید صادق. ئەم خاتونە باسی ڕۆژانی سەختی خەباتی خۆیمان بۆ دەکات .

بەڕەچەڵەک خەڵکی پێنجوێنم، بەڵام لەشاری کەرکوکی ئازیز چاوم بەژیان هەڵهێناوە، لەم ژینەدا من هەستم بەبوونی خۆم کرد کەلەخێزانێکی کورد پەروەردا ئەژین، هەستی نەتەوایەتی تیامدا گەشەی کرد، ئەبێت ئەوەش لەیاد نەکەم گەشەکردنی من لەم خێزانەدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە باوکم شاعیرێکی میللی کوردبووە، سیاسیەکی کوردیش بووە، هەربۆیە بۆتە میوانی بەندیخانەکانی ڕژێم و ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆریش دراوە، بۆ ماوەی (٢٠)ساڵیش فەرمانی زیندانی کردنی بەسەردا دراوە .

من ئەوەی هەستی وروژانم لەمنداڵیما جلە خوێناوییەکانی باوکم بوو کە لەدوای ئەشکەنجەدانی لەزینداندا دەستمان کەوتەوە. ئەمەش زیاتر ئاخی هەژانم و کەڵبەی دوژمنان لەگیانم چەقی بوو، وەخۆم و خێزانەکەم لەشاری کەرکوک ژیانمان بردە سەر تاپۆڵی سێهەمی ناوەندی .

دواتر ماڵمان چووە شارۆچکەی سەید صادق و لەوێ درێژەم بەخوێندن دا، بەهاری ١٩٧٨بوو لەو کاتەدا گوڵی نێرگز ڕووی خۆی کردبۆوە بەرامبەر خۆر، خۆریشی تیشکی زێنوی بە گوڕێکی زیاتر لە جارانەوە دەیدا لە زەوی ، وەکو بڵێت نەورۆزو ڕێکخستنەکانی سەید سادق دەیانەوێت ڕوونیکەنەوە کە هەرگیز کورد سەرشۆڕی قبوڵ نیەو، ئالەو ڕۆژەدابوو، کە ئاهەنگی نەورۆز لەقوتابخانەکەماندا سازکرا، منیش بە جلی کوردی ڕەسەنەوە، خۆم پیشانی هاوەڵەکانمدا ، جموجوڵی سیاسیم هەبوو، هەر ئەوەش بووەهۆی ئاشکرابوونم کەمەخابن پەیوەندییەکەم کورت خایەن بوو .

بۆ ڕۆژی دوایی لەسەر تەختەڕەقەکەی پۆل دانیشتبووم، مامۆستابەکر فێری وانەی ئینگلیزی دەکردین بۆ ئەوەی ئاشنابین بەزمانێکی جیهانی، لەنیوەی وانەکەدابوو، یەکێک لەهاوەڵەکانی ڕێکخستنم خۆی کرد بە پۆلدا چەند وشەیەکی چرپاند بەگوێی مامۆستاکەدا ، لەساتەدا دەرکە هاوڕێکەم بینی ڕەنگم گۆڕاو گیانم هاتە لەرزین و لێدانی دڵم زیادی کرد.

هەرواش دەرچوو مامۆستاکەم یەکسەر ڕووی کردە من وتی: کەوسەر جانتاکەت هەڵگرەو بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە بەبێ وەستان، کە چوومە دەرەوە هاوڕێکەم چاوەڕوانم بوو، لەبەردەرگای پۆلەکەمدا. ووتم چی ڕووی داوە، وەڵامی دامەوە لەلایەن فەرمانگەی ئەمنی سەید صادقەوە ئاشکرابووین. زۆر بەپەلە لەم شارۆچکەیە دەرنەچیت ئەگیرێیت.

منیش بێ دواکەوتن گەیشتمە ماڵەوە و جانتاکەم داناو بەدایکم گووت من دەچم بۆ ماڵی ئەنکم بۆ گوندی کۆلیتان دایکم وتی چی ڕووی داوە کچەکەم، منیش ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە کە ئێمە کۆمەڵێ کوڕو پێنج کچین، لەڕێکخستندا کارم کردوە لەگەڵیاندا، ئێستا ئاشکرابووین، یەکسەر ئەڕۆم ئەگیرێم .

هەریەكەمان ڕوومان كردە گوندە ئازادكراوەكانی كوردستان منیش چووم بۆ گوندی كۆلیتان سەربەشارۆچكەی پێنجوێن ماوەی (٢٠)ڕۆژ مامەوە، لەو ماوەیەدا شەوێكیان پۆلێ (پ،م) هاتنە ناو گوندەكەوە، من لەهەستی خۆمدا وام دانابوو كە (پ،م)كەسێكە جیاواز لەكەسانی تر بەبینینی (پ،م)زۆر خۆشحاڵ بووم، بەتایبەتی ئەو شەوەی كە كاك عمری قالە گوڵباخ لەگەڵ مەلا فایەق هاتنە ماڵی ئەنكم ، لەوساتەدا كەوتمە گفتوگۆ لەگەڵیانداو باسی ڕووداوەكەم بۆ كردن، من داوام لێكردن كە چەكم بدەنێ و ببم بە (پ،م). ئەوانیش زۆریان قسە بۆكردم، ووتیان لەم زەمەندا (پ،م)ی ژنمان نیەو بارودۆخی كۆمەلایەتی ئێمە ڕێگا نادات چەك بدەین بەتۆو بیت بە (پ،م).

باشتر وایە كەس و كارتان نیشتان بۆ بكەن و درێژە بەخوێندنەكەت بدەیت ئەوەشی هەركارێكی نیشتمان پەروەرانەیە ، بۆیە باوكەكان هەموویان كۆبوونەوەو كار ئاسانیان بۆكردین و ئەیان هێشت ناوەكانمان بچێتە فەرمانگەی ئەمنی سلێمانی و لێبوردنیان بۆ دەركرین و گەڕاینەوە بۆ قوتابخانە.

هەر لەئێشی خۆمەوە بۆ ڕێكخستن وام لێهات خۆشەویستیم بۆ شۆڕش و بۆ (پ،م) زۆر زیاتر بێت . هەر ئەوەش بوو پەیمانم بەخۆم داسەرلەنوێ دەست بكەمەوە بە كاری ڕێكخستن، بەلام ئەمجارە پەیوەندیم كرد بەئامۆزاكەمەوە ناوی (تۆفیق)ە كە ئێستا هاوسەرمە لەناو شۆڕشدا بە (تۆفیقە ڕەش) ناسراوە، هەر لەكۆتایی ساڵی ١٩٧٨بوو كەوتمە ژیانی،هاوسەرییەوە .

مایەنەرە لەشاردا تاساڵی ١٩٨١ خەباتی ڕێكخستنەكانم گواستەوە بۆ شاخ، ئەو ڕۆژەی چوومە شاخ گەورەترین ئاواتم هاتەدی،وام هەست ئەكرد كە مەدالیای زێڕینم پێشكەش كراوە ، وە هەستم بە گەورەیی خۆم كرد كە لەپێناوی گەلەكەمدا خەبات بكەم و خۆم فیدا بكەم، من لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا گونجاو بووم هەرچەندە ژیانێكی سەخت و ناڕەحەت بوو لەژێر بۆردمانی فرۆكەو تۆپ باراندا بووین، چونكە ڕێبازەكەم بە بەرزو پیرۆز ئەزانی، چاوم لەڕەمەندەكانی ئەو ژیانەبوو، زۆرشوێن گەڕام لەشارباژێری سەخت و شارباژێڕی‌تەخت ، یەكەم ماڵی (پ،م)پەتیمان گوندی پارەزان بوو لە ناوچەی شارباژێر. كەلەم گوندەدابوین، شەڕی عێراق ئێران گەیشتە سنوری‌گوندەكەمان هەر بۆیەش خەڵكی گوندەكە چۆڵیان كردبوو، لەترسی بۆردمانی فرۆكەكانی ڕژێم .

ئێمەش پێنج ماڵە (پ،م)مابووینەوە، چووین تراكتۆرێكمان بەكرێ گرت و ماڵەكانمان خستە ناو تراكتۆرەكەوە بۆ ئەوەی باربكەین لەوگوندە بڕۆین لەوەدابوو سواری تراكتۆر بین و بكەوینە ڕێگا ، كاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆبوو، لەناكاو دنیابوو بەچەرە دووكەڵ، فرۆكەكان بۆردومانیان كردین ، لەو كاتەی تیشكی خۆر دەیدا لەزەوی گەروم پێویستی بەچەند دڵۆپە ئاوێك بوو بۆ تەڕبوونی ، لەناكاو بەری ئاسمان بەتاریكی گیرا، زەویەكەشی بەخوێنی كۆمەڵێ شەهید سووربوو، یەكێك لەوشەهیدانە حاجی ڕەحمان بوو لەژێر تراكتۆرەكەدا ڕیخۆڵەكانی لەسەرزەویكە كەوتبوو، كەیەك هەفتەبوو خێزانی پێك هێنابوو، خوشكی هاسەرەكەم خێزانی بوو، هێشتا لەمانگی هەنگوینی‌دا بوو ، كە هاوسەری پاش چارەكێك شەهیدبوو .

سەیری ئەولاترم كرد، كاك ئەكرەم دەم و چاوی برینداربوو ئەلووتی مابوو نە لچی بەڕاستی ئەمناسیەوە دەموچاوی زۆرتێك چووبوو، لەولاتریشەوە شۆفێری تراكتۆرەكە لاشەكەی لەناوجۆگەلەیەكدا پەلەقاژەی بوو، وەكو مریشك چۆن سەری ئەبڕی، سەری لێ بو بۆوە. هاوسەرەكەم و شنۆی كچم لەپشتی تراكتۆرەكەدا كەوتبوون و برینداربووبوون.

کەل‌وپەلی ناو تراکتۆرەکە هەمووی خوێن‌و مێشکی ئەو مرۆڤە ئازادیخوا زا ئەبوو، کەبوون بەفیدای خاك‌و ئازادی، ئەم کارەساتە لەناخەوە ئازاری دام ئەگەر ئەم ڕووداوەم لەخەودا بدیایە لەوانەیە شێت بوومایە، بەلآم گشت کات واقیع زاڵترە بەسەر خەون‌و خەیاڵدا.

برینداڕەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەکران، ئێمەش ژنەکان بەو هەموو خەم‌و خەفەتەوە بەپێ کەوتینە ڕێگا بەتایبەتی دشەکەم کە ڕژێمی داگیرکەر ڕێگەی نەدا لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ژیان بەرنەسەر بەجێ هێشت .

بەسێ شەوو سێ ڕۆژ گەیشتینەوە سلێمانی ، ماوەیەك لەسلێمانی مامەوە کە هەواڵی چاکبونەوەی هاوسەرەکەم پێگەیشت ، پاش ماوەیەك بەدەلیلێکدا نامەکەی بچوکی پێچراوەم پێگەیشت کە بڕۆم بەرەو شارباژێر بۆ گوندی شوکێ. ماڵمان دانا لەماڵی حاجی ئەحمەد بووین ، ژوور دەست نەکەوت، لەژوورێکدا ئەژیاین زۆرتاریك‌و نزم بوو، پەنجەرەشی تیانە بوو، ئەبوایە بە ڕۆژیش چرام داگیرسانایە .

دواتر بارمان کرد بەرەو گوندی نودێ لەساڵی ١٩٨٤ بوو کاتی دانوستاندنەکەی ڕژێم و یەکێتی بوو، هەمدیس ماڵمان خستە پشتی تراکتۆرو بەرەو هەورازو شاخ‌و نشێویەکانی گەڕەدێ ڕۆیشتین ، لێرەش دوای ماوەیەك ، بەتەواوی پشوومان نەدابوو ؛ کە لەسەر کردایەتیەوە بروسکەهات بڕۆین بۆ بەری قەرەداغ. من گەڕامەوە بۆ سلێمانی‌و لەوێ وەخۆم‌و هەرسێ منداڵەکەم کەوتینە ڕێگا بەرەو قەرەداغ، لەبازگەیەکی ڕژێم دایانگرتین یەك کاتژمێر وەستانیانین ، چونکە ئەمجارە وەك ژنێکی گوندی خۆم ئەگۆڕی بوو، یەکسەر جل‌وبەرگەکانم و پرپاسکەکان زانیاریەکی وای دا بەدەستەوە من ژنە گوندی نیم‌و ژنە (پ.م)م. بەلآم یەکێك لە پۆلیسەکان پیاوێکی باش بوو، زۆر هەوڵی دا تارزگارمان بوو ڕۆیشتین.

گەیشتمە گوندی کۆشك ژوورمان دەست نەکەوت، گەوڕێکمان پاك کردەوەو چووینە ناوی هەمووگیانمان ڕەش ئەچۆوە لەکێچدا ، ئێمە دەرمانمان پەیداکردوو زەوی ژوورەکەمان چیمەنتۆکردو نایلۆنمان کڕی‌و گرتمان بەدیوارەکاندا تۆزێك پاك بۆوە.

دوای ماوەیەك چووینە گوندی سەوسێنان بەلآم لەم گوندەدا بۆردومانمان زۆر لەسەر بوو. فڕۆکە بۆردومانی کردین شەهیدو بریندار زۆربون ، ماڵەکەمان خستەوە پشتی تراکتۆرو بەو هەورازو شاخانەدا بەرەو گوندی تەکێ ڕۆیشتین. لەم گوندەشدا بەهەمان شێوە لەترسی بۆردومان لەگەڵ کازێوەی بەیاندا کوڵ‌وبارمان ئەپێچایەوەو منداڵە وردەکانم پێش خۆمان ئەداو بەرەو هەورازو شاخ‌و هەردەکان سەردەکەوتین ، لەوێ دەمانیەوە تاگزنگی خۆر ئارادەبوو، ئەوسا ئەگەڕاینەوە ناوگوند، من ئەو ساتانە زۆر هیلاك بووم، ئەبوایە بەشەو نانم بکردایەو خواردنی ڕۆژی دوایم ئامادەبکردایەو، کارەکانی ناو ماڵم ئەنجام بدایە. ڕۆژێکیان نەچووەمە شاخ هەر لەماڵەوە مامەوە لەناکاو فڕۆکەکانی ڕژێم هاتنە سەرمان‌و بۆردومانیان کردین، من لەوساتەدا شنۆی کچم گوم بوبو کە تەمەنی زۆر منداڵ بوو، هەربەشوێن کچەکەمدا دەگەڕام، هەست‌و سۆزی دایکایەتی وای لێکردبووم، گوێ نەدەمە بۆردومانەکە، هەر ئەگەڕام بەدوای کچەکەمدا. ئەمگوت ئاخۆ لەچ پەناو کۆڵانێکدا کوژراوە .

دوای تەواو بوونی بۆردومانەکە کچەکەم دۆزییەوە لەماڵێکی دراوسێمان بوو ئەو سا دڵخۆش بووم .

پاش ماوەیەکی تر گەڕاینەوە گوندی کۆشك ، ڕۆژێکیان پرسەی شەهید جەمالی شوبرام بوو کە (پ.م)بوو لەداستانی ڕزگاریدا لەساڵی ١٩٨٧دا شەهیدبوو دوو میوانی

(پ،م)هاتبوون بۆ پرسەکە کە شەهید عومەرو شەهید فەرهاد بوون. لەژوورەوە دانیشتبووین ، فڕۆکەکان هاتنەوە، بەڵام ئەمجارە جیاواز لەجاران دیارییەکەیان گازی کیمیاوی بو، بۆ ئێمەی کوردو ناوچە ئازادکراوەکان، ڕامکرد بەرەو دەرگای ژوورەوە لەهۆشی خۆم چووم ، کاتێك هۆشم هاتەوە، هاوسەرەکەم خاولیەکی تەڕکردبوو دەیدایە دەمو لوتمدا.

میوانەکانیش منداڵەکانیان بەباوەش برد بوو بۆ سەر شاخەکەی پشتمانەوەو ئاگریان بۆ کردبوونەوە . لەدوایدا هەموو لەشمان وەك سوتاوی لێ هات بۆ چارەسەر گەڕاینەوە بۆ شار. پاش (٢٠) ڕۆژ مانەوەم لەشاردا هاوسەرەکەم نامەیەکی بچووکی بۆ ناردبووم کەبەزووترین کات خۆت و منداڵەکان بەرەو ئێران بڕۆن، چونکە فڵان هاوڕێمان گەڕاوەتەوە لای ڕژێم و یەکسەر بە گرتت ئەدا.

خۆم و منداڵەکان بەنەشارەزایی هەستام و بەرەو ئێران کەوتینە ڕێگا بەسەیارە چوومە هەڵەبجەی شەهید ، لەوێشەوە بەرەو هاوار ڕۆیشتم، لێرەش سواری وڵاغ بووم گوند بەگوند بە پرسیار هەتا گەیشتینە گوندی شێخان ، لەوێ منداڵەکانم زۆریان برسی بوو هیچ دوکانێك نەبوو تاشتیان بۆ بکڕم، بەناچاری لەدەرگای ماڵێکم دا فەرموویان لێکردم و نانی نیوەڕۆمان خواردو پشوویەکمان دا، ژنی خاوەن ماڵ پرسیاری لێکردم کچی خۆم بەو منداڵانەوە بۆکوێ دەچیت؟ وتم بۆ شاری پاوە بۆ ماڵی شەهید نیازی لە پڕ ئەو ماڵە میوانێکیان هات، دوای گفتوگۆ ئەویش وتی: ئەچم بۆ پاوەو دراوسێی ماڵی شەهید نیازی دەرچوو. ووتی: لەگەڵ ئێمە وەرەو سەیارەشمان پێیە .

منیش زۆر خۆشحاڵ بووم بەو هەواڵەو لەگەڵیان ڕۆیشتم . گەیشتمە ماڵی شەهید نیازی و شەو لەماڵیان بووم زۆر ڕێزیان گرتم ، بۆ بەیانی زوو سەیارەی بۆ گرتم بۆ دزلی و لەوێشەوە چووم بۆ کانی‌دینار بۆ ماڵی حاجی ئیبراهیم کوڕی خاڵی هاوسەرەکەم، بۆ ماوەی سێ مانگ لەماڵیان مامەوەو، هاوسەرەکەم نەهات لەشەڕی بورجەکەی قەرەداغ بوو، چونکە ئەرکی ڕزگارکردنی نەتەوەکەی زۆر بەلاوە گرنگتربوو هەتا لەئێمەش، ڕۆژێکیان دانیشتبووم کەسەرەنجمدا سەیارەیەکی پاسدار چەند جارێك بەبەردەم دەرگاکەدا هاتن و چوون، منیش ووتم ئازانم چی ڕوویداوە ئەم سەیارە هەر هاتووچۆیەتی ماڵەکە ووتیان مەترسە هیچ نیە .

بۆ ڕۆژی دوای سیارەکە هات و من و منداڵەکانمیان گرت، من زمانم لێدرا بوو کە بەجاسووسی چوومەتە خاکی ئێران ، منیش ئاوارە بەسێ منداڵی وردەوە بۆ ماوەی (٢٥) ڕۆژ لە اکلاعاتی ئێران زیندانی کرام و لێپرسینەوەیەکی چڕوپڕیان لەگەڵدا کردم، زانیان هیچیم لەسەر نەبوو ئازادکرام ، بەڵام بۆ من ڕودایکی ناخۆش بوو.

پاش سێ مانگ هاوسەرەکەم گەیشتە لامان . ماڵێکی بچوکمان لەمەریوان پێکەوەنا، بەڵام بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی عێراقەوە نەمان توانی دانیشین بەرەو گوندی ( بەردەسپی ) ڕۆیشتین هەتا ساڵێك لەوێ بووین دوایی گەڕاینەوە مەریوان و لەوێشەوە بۆ کانی دینار لێرە نیشتەجێ بووین تاراپەڕینی ١٩٩١و ئازادکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان ئێمە گەڕاینەوە کوردستانی ئازادکراو، بۆ ماوەیەك لەپێنجوێن بووین، دواتر هاتین بۆ سلێمانی.

خۆم هەتا ئێستاش هەر بەو ڕۆحیەتەی جارانەوە بەردەوامم لەخەباتکردن، هەرچی لەتوانامدا بێت دەیکەم بۆ خزمەتکردنی ژنانی کورد .

## کاڵێ محەمەد مستەفا

کاڵێ محەمەد مستەفا ئەو ژنە بوو زۆر سەرسام بوو کە بەو مەودا کەمە ڕاپەڕین و ئازادی دەستەبەرکرا، چونکە خۆی لەو ڕاستییەدا ژیابوو کە خاکی نیشتمان بوو بوو بەیەک کڵپە لەئاگر، هەتا ئاستی کشاندنەوەی هێزەکانی (پ.م) گەیشتبووە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئاوارەبوون.

من کە لەشارۆچکەی جوان و دڵڕفێنەکەی پێنجوێن هاتوومەتە ژیانەوە، وەکو کچێکی وڵاتێکی داگیرکراو هەستی نەتەوایەتیم تێدابوو، بەڵام لـەڕێی چارەنووسـەوە بـووم بەهاوسەری (جەبار محەمەدی مستەفا عەزین) لە ٢٣ی نەورۆزی ١٩٨٢دا کە دەشت و دەرو خاکی وڵات بەرگێکی سەوزی ئاودامانی پۆشیبوو، گوڵاڵە سوورەکان لەهەموو بستێکی ئەم خاکە شیرینەدا دەگەشانەوە. لەو ڕۆژەدا من گوێزرامەوە ماڵی خۆم، پاش ماوەیەکی کەم هاوسەرەکەم باسی خەبات و شاخ و شۆڕش و (پ.م)ی بۆ کردم، منیش زۆرم پێخۆش بوو بێ دوودڵی ژیانی شاخم قبوڵ کرد، چونکە هەستی نەتەوایەتیم هانیدام و ئارەزووشم هەبوو شان بەشانی هاوسەرەکەم ئیش بکەم.

سەرەتای ئیشکردنمان لەوەو دەستی پێکرد کە زانیان هاوسەرەکەم لەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا کار دەکات، تووشی گرتن و لێدان بوو لەلایەن کۆمەڵێ جاشەوە، دوای ئازادبوونی هەردووکمان بڕیاری ئەوەمان دا کە بچینە شاخ بەرەو گوندی (بادانە) ڕۆیشتین کە برایەکی هاوسەرەکەم و خێزانەکەی بەناوی (نەهیە) لەو گوندەدا بوون، لەڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٩٨٢دا گەیشتینە لایان لەژێر کەپردا دەژیان.

زۆری بیرەوەرییەکانی ژیانی شاخم لەگەڵ نەهیەخانی هێوەرژنمدا بوو. من خۆم زۆر خۆشەویستیم بۆ خاک و نیشتمانەکەم و ئازادی هەیە لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا چەند سەختیش بوایە گوونجابووم، هەرەچەندە من لەتەمەنێکی زۆر منداڵیدا بووم لەگەڵ ئەوەشدا ژنێکی ئازاو لێهاتوو بووم، زۆرجار هاوسەرەکەم پێم سەرسام بوو کە بێ وەستان و ماندوو بوون یارمەتی برا (پ.م)کانم دەدا.

هەرچەندە نەمدەتوانی لەسەنگەرەکانی بەرگری و شەڕدا بەشداری بکەم لەگەڵیاندا بەهۆی ئەرکی ماڵ و خێزانەوە، بەڵام یارمەتیدانی ئەوانیش کارێکی گرنگ بوو، ئەو ڕۆژگارانە لەدەرەوە بووین چەند شوێنێك گەڕاین، ناوچەکەمان کەوتە نێوان بەرداشی شەڕە دزێوەکەی عێراق ئێرانەوە، بەهۆی شەڕەوە چەند گوندێك گەڕاین، لەپاڕەزان دوو شەو ماینەوە لەماڵی (کاک تۆفیقە ڕەش) لەو کاتەدا ناوچەکانی دوڵپەموو پاڕەزان و ڕەزڵەو گوێزە ڕەش بۆردوومانی فڕۆکەیان لەسەربوو. ئەوەشی بووە هۆی شەهید بوون و بریندابوونی کۆمەڵێ (پ.م) و خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان.

لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٢دا ڕژێمی ئێرانی شاخە بەرزەکانی پشتی دەرەمیانەی گرتبوو، ئێمە لەگەڵ ئەو ماڵانەدا بووین (مامۆستا جەمال، مامۆستا جوامێر، مامۆستا کاکەڕەش، کاک حسێن فارس، جەلال بناوە سووتەیی) لەگوندی دۆڵپەموو بووین هیچ شتێکمان بۆ دەرنەچوو یەك شەو ڕۆژ بەپێ ڕۆیشتین تا گەیشتینە هەولێر دواتر شەوێك لەگوندی هەرمێلە ماینەوە، دایکی هاوسەرەکەم و دایکی کاک حسێن فارس هاتبوون تا بزانن هەواڵمان چییە، ئەو ماڵە بەڕێزە دوو وڵاغیان داینێ و بەرەو بزەنیان بەڕێکەوتین دواتر

چووینە گوندی (گورگە دەر) لەم گوندەدا بووین کە دانوستانی نێوان ڕژێم و یەکێتی دەستی پێکرد، ماینەوە لەو گوندەدا تا شەڕ دەستی پێکردەوە، لەو کاتانەدا شەڕی نێوان ڕژێم و یەکێتی بەرەو سەختتر لەجاران دەچوو، هێزی (پ.م) شەڕی بەرامبەری دەکرد وەکو شەڕی (دابان هەلاج) کەلە ٢١ی ڕێبەندانی ١٩٨٥دا بوو وگرتنی سەربازگەی شەدەڵەو لەچەند قۆڵێکی ترەوە هێرشی کردە سەر (حاجی مامەندو شاخی کەتوو) لەو شەڕانەدا شەهیدو بریندار زۆر بوون، دوای چۆڵکردنی ناوچەکە لەساڵی ١٩٨٥دا بوو بەرەو گوندی (سەوسێنان) ڕۆیشتین لەم گوندەش هەندێ بیرەوەری خۆش و ناخۆش هەبوو، چونکە بەردەوامبووین لەسەر ئەم گوندو ئەو گوند بێ پشوودان و سوور بووین لەسەر خەباتکردنی خۆمان ئەوەش بەتەنها هەڵوێستی من نەبوو، هەڵوێستی ئەو ژنانەش بوو کە هەستی نەتەوایەتی لەناخیاندا جۆشی دەخوارد.

که لەگوندی (سەوسێنان) بووین بەهۆی بوونی مەڵبەندی یەك لە بەلکجاڕ بارەگاکانی (تەکێ و بەڵخەو کوشك و بەلەکجاڕ و گوندەکەمان لەژێر بۆردوومانی فڕۆکەکانی ڕژێمدا بووین)، بەتایبەتی زۆربەی کات عەسران بۆردومانمان لەسەر بوو. بەهۆی ئەو ژیانە سەختەوە منداڵەکانم ناردەوە بۆ شار، خۆشم گشت کات شەرواڵم لەپێدابوو ئامادەبووم بۆ ڕاکردن بۆ ناو کوونە تەیارە، زۆربەی ژیانمان لەو ژێر زەمینە قووڵ و تاریك و مشکاوییانەدا بەسەر دەبرد. ڕژێم بەئارەزووی خۆی بۆردوومانی دەکردین، زۆرجار بەترس و لەرزەوە یەك دوانێکمان دەچووینەوە ناو ماڵەکانمان و خواردنمان دەهێنایە ناو ژێر زەمینەکە، ناخۆشترین ڕۆژ گرتنی شاخی زەردە بوو لە ٢٥/٢٤ی نەورۆزی ١٩٨٧دا بوو خۆشبەختانە (پ.م)کان شاخی زەردەیان گرت.

کاتێك کە بەرەی کوردستانی دروست بوو پێش ئەنفالەکان، ئێمە کەلوپەلی ماڵمان فرۆشت و بەرەو ئێران کەوتینەڕێ لەڕێگای حزبی دیموکراتەوە گەیشتینە (هاوارەکۆن) لەوێوە بە ولاغ بەو شاخە سەختانەدا بەڕێکەوتین بۆ (شێخان)، لەمانگی ڕەزبەری ١٩٨٧دا گەیشتینە شاری (پاوە) لەوێشەوە بۆ کرماشان و سنە و مەریوان. دوایی ماڵمان لەگوندی (نێ) دانایەوە، کە لەو گوندەدا بووین ڕژێمە بەزیوەکەی بەغداد وەك پیشە نامرۆڤانەکانی خۆی داینییە بەر گازی کیمیاوی، لەو کاتەدا بەڕێکەوت میوانێکی (پ.م)مان هەبوو بەناوی (کاك ئەنوەر عەبدول پێنجوێنی) ئەو ڕۆژە یارمەتی داین لەدەربازکردنی منداڵەکانمدا خۆمان ماڵەکەمان لەسەروو گوندەکەوە بوو، بەڕاکردن بە بەرزایەکدا سەرکەوتین و ئاگرێکی گەورەمان کردەوەو دواتر هاتینە سەر ئاوەکە، دەمو چاومان شت چاومان دەکزایەوە، بەڵام کاریگەریی زۆری لەسەمان نەبوو هەرچەند خەڵکی گوندەکە برینداریکی زۆریان هەبوو.

پاش ماوەیەکی کەم کوردستان ئازاد کرا هەرگیز بڕوام نەدەکرد بەو ماوەدا کەمە کە هەموو هێزەکانمان پاشەکشەمان کردە خاکی کوردستانی ڕۆژهەلات وابەزوویی ئازادی دەستەبەر بێت، ئەوەندەمان ئازار چەشتبوو کە گەڕاینەوە مەرزی (باشماخ) ژیانێکی زۆر ئاسودەو خۆش دەژیام، یەکەمجار بوو دوای ژیانێکی پڕ ماندوو بوون بەئازادی دانیشین.

من وەکو ژنێکی شاخ زۆرم هەژاری و ئازارو ئەشکەنجە بینی، بەڵام خۆڕاگری ئێمەو هاوسەرەکانمان لەبەردەم هەموو تەنگ و چەڵەمەکاندا بووە هۆی بەرهەمهێنانی ئازادی، بەڵام سەختترین یادەوەری شەهیدبوونی هاوسەنگەرانمان بوون، هەرچەند خۆشمان ڕێگەی شەهیدبوون لەبەردەممان‌دا بوو.

## گوڵەباخ ئەحمەد ڕەحیم

گوڵەباخ ئەحمەد ڕەحیم ئەوژنە ماندووەی ڕێگای خەباتە، خۆشترین ڕووداو لەژیانی ئەم تەوارەدا، ڕاپەڕینە کە لەحەشارگە نهێنییەکانی ناوشارو لەچواردەورگرتنی ماڵ بەتەواری و ئەمن ڕزگاری بوو.

من لەشارۆچکەی فێنك و ئاودارو سەوزەکەی پێنجوێندا هاتومەتە ژیانەوە، ساڵی١٩٧٥دا بومە هاوسەری (حەمە زاهیر محیدین شکور) لەڕۆژێکی ساڵی١٩٧٦دا کەگەلەکەمان نائومێدی ورەشبینی باڵی بەسەردا کێشا بوو، بۆیە هاوسەرەکەم بەنیشی خۆی زانی کەپەیوەندی ڕێکخستن بکات بە(ی.ن.ك)وە، بەردەوام بوو لەکاری نهێنی هەتا ساڵی١٩٨٠ کەشارۆچکەکەمان جەللادەکان شوانێکیان سوتاند بەوهۆیەوە خۆپیشاندانێکی گەورە ڕوویدا لەلایەن دانیشتوانی شارۆچکەکەوە .

خۆم و هاوسەرەکەم بەشداریمان تێدا کردو ئاشکرابوین، من لەخۆپیشاندانەکەدا بە یانزە سەرباز ڕاویان نام و دوام کەوتن کۆڵان بەکۆڵان، خۆشم نازانم چۆن دەربازبووم، هاوسەرەکەم هەرهەمان ساڵ چووە شاخ ، منیش لەماڵی خوشکەکەم خۆم شاردەوە، ئەم خۆشاردنەوەیەم چوارمانگی خایاند تا هاوسەرەکەم ناردی بەشوێنمداو بەڕێکەوتم بەرەو گوندی(بەیانان)        کەیەکەم ماڵی (پ.م)یەتیمان بوو.

هاوسەرەکەم لەهەرێمی سێ لای(کاك بەکری حاجی سەفەر) بوو، پاش دووساڵ مانەوەمان لەوگوندەدا، بوو بەجێگای شەڕەتۆپی ئێران و عیراق، من بەگەشاوی کچمەوە کەساوابوو لەژێر تۆپبارانا ڕامکرد بەرەو گوندی(دۆڵپەموو) ، دیارە لەوێش هەرلەژێر تۆپباراندا بووین بۆیە کۆچ و بارمان بەرەو گوندی (چنگیان)گواستەوە، لەوگوندەدا(حەمە تایەری) شوبرام ژنی هێنا ، ماڵمان لەوگوندەدا بۆ دانا ، کەبارمان کرد بەرەو ماوەت ئەوانیشمان لەگەڵدا بوو، لەوکاتەدا هاوسەرەکەم کادیری کۆمەڵایەتی بوو، ئێمە بەبەردەوامی میواندارنوین، خۆم لەشاخ ڕاپەڕاندنی هەموو ئەرکە گرنگەکانی ماڵ بەسەرشانی ئێمەوە بوو

پاش ماوەیەك بەرەو کونجرین ڕۆیشتین، من لەکاتی گەڕانەوەمدا بۆ شار کۆمەڵێ کاغەزی ڕێکخستنم پێبوو، بازگەکانی ڕژێممان زۆر بەترس ئەبڕی لەترسی گرتن و زمان لێدان، نەبوایە لەدەپانزە ڕۆژ زیاتر لەشاردا نەمابنایەتەوە، دوای گەڕانەوەم بۆ کونجرین، پاش ماوەیەك بەڕێکەوتین بۆ گوندی(کوڕەداوێ) کە دارەگەورەکانی ئەم گوندە ، تەمەنیان دەیەهاساڵ بوو، ئاوە سازگارەکەی جوانییەکی بێ وێنەی پێ بەخشی بوو لەگەڵ سەختی جێگاکەیدا، بەڵام ڕژێم بەکارە نامرۆڤانەکانی هەموو جوانی سروشتی ئەوێش لەناو دوکەڵە ڕەشەکانیان بەتۆپ باران نوقم کرد، ناچار پاش شەش مانگ بەرەو شاناخسێ بەڕێکەوتین

لەوگوندەدا (حەمە تایەری) شوبرام شەهیدبوو هەربۆیەش نەمانتوانی درێژە بەژیانمان بدەین هەربۆیەش چوین بۆ گوندی(بلەکێ).

پاش دوو ساڵ مانەوەمان ژیانێکی سەختمان هەبوو بەڵام من هەموویم زۆرلا خۆشبوو، هاوسەردکەم زۆر خۆشنەویست چونکە پیاوێك بوو دژی رژێمێتی فاشی تێدەکۆشا لەپێناوی نیشتمانەکەیدا زۆر گونجاوبووم لەگەڵ ژیانی شاخدا چونکە بەکارێکی بەرز پیرۆزم ئەزانی.

پاش دووساڵ مانەوەمان بەرەو سەردەشت بەڕێکەوتین، لەژیانی ئاوارەیی و پڕ لەهەژاریدا ئەژیاین، خاوەنی هەشت کچ بووم، ژیانم ئەنەچوو بەڕێوە گشت کات لەژێر بۆردومانداا بووین، دواتر گەڕاینەوە سلێمانی.

بەڵام هاوسەرەکەم بەهیچ جۆرێك نەگەڕایەوە لای ڕژێم هەربەقاچاغی لەشاردا مایەوەو ژێرخانێکمان بەکرێ گرت بە(٣٠) دینار لەگەڕەکی مەڵکەندی، زۆر هەژاربووین لەتاو هەژاری نەمانتوانی لەئێران بمێنینەوە، لێرەش وەنەبێت ئاسودە ژیابێتین لەترسی گرتنی گەڕەك بە ئەمن و تەواری لەیەکێ لەژوورەکانی ژێرخانەکەدا، حەشارگەیەکمان بۆ دروستکرد بەقەدەر باڵای خۆی، هاوسەرەکەم خۆی تێدا دەشاردەوە لەوکاتانەدا کە گەڕەك بەئەمن و تەواری دەگیرا، ئێمەش بەڕەو کومبارمان ئەدا بەسەر حەشارگەکەدا بۆ ئەوەی ئاشکرانەبێت.

ئێمە ژیانێکی زۆرسەخت و پڕنەهامەتیمان لەم شۆڕشەدا بەسەر برد، هەتا ڕاپەڕین هاوسەرەکەم دەستی کردەوە بەکاری ڕێکخستن لەگەڵ(مامۆستا جەمال)دا هاوکاری (پ.م)یەتی کردووە، هەتا ئەو ڕۆژەی خانەنشینی کراو فۆرمی وەرگرت پڕیبکاتەوە یەکسەر جەڵدەی دەماغ لێیدا، ئێستاش لەماڵەوە کەوتووە زۆر هەژارو ئەدارین، ماڵمان لەپێنجوێنە بەهۆی (پ.م)و گونداوگوندەوە لەهەشت کچ پێنجیان خوێندنیان فەوتاوە، من ئەڵێم بەڕاستی (پ.م)ی دێرین و ژنی شاخ و ئەوەی شاخ زۆرینەمان پەراوێز خراوین، پاش ئەوهەموو ڕەنج و هیلاکییە چەندهاجار ڕووبەڕوی مەرگ بوینەتەوە هەتا خانەنشینەکەشیان بڕیوم.

بەڵام خۆشترین ڕۆژ لەژیانمدا ڕاپەڕین بوو کە رزگارمان بوو لەحەشارگە نهێنییەکان و لەگەڕەك گرتن، خۆشترین یادەوەریم دەستگیرکردنی سەدامی جەللادبوو.

## مریەم محەمەد

مریەم محەمەد ئەو ژنە تێکۆشەرو ماندووەی ڕێگای خەباتە چەند ساڵێك سەختی ژیانی بینیوە، بەڵام لەهەمووی ناخۆشتر ئەوە بووە لەئاوارەییدا نەیاندەتوانی کرێی ژوورە داڕووخاوەکەیان بدەن، جل‌وبەرگەکانی بەریان دەفرۆشت بۆ کرێ.

من لەخێزانێکی نیشتمانپەروەری گوندی (بناوە سووتە)ی سەر بەشارۆچکەی پێنجوێن هاتوومەتە ژیانەوە، لەڕێگای چارەنووسەوە بووم بەهاوسەری (عومەرە قۆخە). لەڕۆژێکی ساڵی ١٩٧٩دا کە شۆڕشی گەلەکەمان وەکو پشکۆ لە گەشانەوەدابوو، لەگەڵ شوبراکەم بەناوی (شەهید جەمال) بەڕێکەوتم بۆ گوندی (دەرەمیانە). لەساڵی ١٩٨٢دا یەکەم کۆرپەم هاتە ژیانەوە، لەبەر نەبوونی گوزەران لەشاردا گەڕامەوە بۆ لای هاوسەرەکەم، لەخاکە ئازادکراوەکاندا، نەماندەزانی پەنابەرین بۆ کوێ، هەمووی بۆردوومان و تۆپ باران بوو، خاکی کوردستان گڕو کڵپەو ئاگری لێ بەرزەبووەوە لەژێر پێی ڕەفتارفاشییەکاندا هەر بۆیەش لەگوندی (دەرەمیانە) لەکەپردا ژیانمان بەسەر دەبرد، کوڕێکی ترم لەناو کەپردا چاوی بەژیان هەڵهێنا. لەچنارەوە بەڕێکەوتین بەدوو کۆرپەی بچووکەوە لەڕێگاکەدا دووجار فڕۆکە بۆردوومانی کردین، منیش ژیانم زۆر سەخت بوو تا لەڕێگا (پ.م)یەکیشم نەدەناسی یارمەتی دام لەهەڵگرتنی منداڵەکانمدا. دواتر گەیشتینە ماڵی شەهید (حەمە ئەمین) دوو شەو ماینەوە، جێگامان دەست نەکەوت، لە لق و گەڵای درەختەکان کەپرێکمان دروستکردو ژیانمان تێدا بەسەر دەبرد، ئەوکاتە هاوسەرەکەم لەجەولە بوو، دواتر بەرەو سیتەك ڕۆیشتین و لەوێشەوە گەڕامەوە ماڵی باوکم لەسلێمانی، پاش ماوەیەك مانەوەم چووم بۆ ماڵی (حاجی عەبدوڵڵا) چەند ڕۆژێك لەو ماڵە بەرێزەبووم، ئاحەزان زمانیان لێدام‌و جاش‌و عەسکەرییە دەوری ئەو ماڵەیدا کە منی تێدابووم، کاك حاجی عەبدوڵڵا وتی چارمان نییە دەبێت بڵێم کچی خۆمەو من بە (ڕووناك) بانگت دەکەم.

ناوی دوو منداڵەکەشمی گۆڕی، جاش‌و عەسکەرییە کە هاتنە ناو ماڵەوەو ئەو ناوانەمان پێ ووتن؛ بەڵام ئەوان وتیان تۆ ئیخباری کراویت کوڕە گەورەکەت چاوی شینەو کوڕە بچووکەکەت ئەسمەرە، ئەوەتا ڕاستە، پاش مشت‌و مڕێکی زۆرو ئەمسەرو ئەوسەر بەهەزارحاڵ ڕزگارم بوو. ئەو شەوەش لەو ماڵە بەڕێزە مامەوە لەسپێدەدا خۆم و هەردوو منداڵەکەم هاتینە دەرەوە، تویتایەکم بینی بەشوفێری تویتاکەم وت: کاکە بۆ کوێ دەچیت؟ من هەر خۆم و ئەو دوو کوڕەم تا (سوورە قەڵات) دەڕۆم، کە دابەزیم پارەمدا بەشۆفێرەکە لێی وەرنەگرتم وتی: تۆ پێویستت بەپارە دەبێت. لەناو سوورە قەڵاتدا زۆر دەترسام، چاوم دەگێڕا کەسێکی ئاسیاو ببینم تا لەناکاو (شەهید محەمەد عەبدوڵڵا)م بینی زۆر دڵخۆش بووم‌و ئارام بوومەوە، بردمیەوە ماڵی خۆیان لێم پرسی ئازانی هاوسەرەکەم لەکوێیە؟

لەوەڵامدا وتی لە (کونجرین‌و کوڕەداوێ)یە، پاشان هاوسەرەکەم‌و دوو (پ.م) هاتن بەشوێنمدا بردیانم بۆ ماڵی کاك (جەماڵی حەمەی خواکەرەم) پاش هەفتەیەك مانەوەمان لەوماڵە بەڕێزە، گەوڕێکمان لەگوندی کونجرین پەیداکردو پاکمان کردەوەو بەقوڕ دیوارەکانی و زەوییەکەیمان سواغ داو ژیانمان تێدا بەسەر دەبرد، زۆرجار لەبەر خراپیی باری ئابووریمان لەبارەگای (پ.م)کانەوە خواردنمان بۆ دەهات، بێگومان ئەو ناوچانەش بەر شاڵاوی تۆپ باران‌و بۆردوومانی ڕژێمی لەناوچوو کەوت‌و ژیانی تێدا نەما. منیش بەسێ منداڵی وردەوە گەڕامەوە ناو شار، لەگەڵ هێزی (پ.م)دا نەگەیشتمە قەرەداغ کە بەفەرمانی شۆڕش گوێزرامەوە. پاش ماوەیەك مانەوەم لەماڵی باوکم هەواڵم بۆ هات هاوسەرەکەم بریندارە، منداڵەکانم لەماڵی باوکم بەجێهێشت، تەنانەت منداڵە پێنج مانگە شیرەخۆرەکەشم.

لەسپێدەی بەیانییەکدا لەگەڵ دایکم بەڕێکەوتم بەرەو (بەرگەڵو) دوو هەفتە لەنەخۆشخانە لای هاوسەرەکەم مامەوەو دواتریش چووم بەشوێن منداڵەکانمدا، ئەوجارەش ماڵێکی سەرەتاییمان لەگوندی (باڵخ) دروست کرد.

پاش ماوەیەك نەمانتوانی درێژە بەژیانمان بدەین لەبەر شەڕی (قەیوان ماوەت)و زۆریی بۆردوومان، بەرەو گوندی مالوومە ڕۆیشتین و ژوورێکمان بەکرێ گرت و کەلووپەلی ناوماڵەکەمان تێخست و خۆمان لەخوار گوندەکەوە لەکەپردا دەژیاین و کوونە تەیارەمان لەبەردەم کەپرەکەدا کردبوو، زۆربەی ژیانمان لەوگوندەدا لەکوونە تەیارەدا بەسەر دەبرد.

لەبەر زۆریی بۆردوومان نەماندەوێرا بێینە دەرەوە، هەتا (پ.م)کان هەفتەی جارێك بەو شەڵتە ئاوانەی دەیانخستە سەر پشتی وڵاغ ئاویان بۆ دەهێناین بۆ کوونە تەیارەکان کە دەمانخستە تەنکییەوە، زۆرجار ئاومان لێدەبڕا.

لەولاشەوە ڕژێمی ڕەفتارفاشی بەبۆردوومان گوندی (مالوومە)ی تەخت کرد، ژوورەکەمان و ماڵەکەی ئێمەشی بە بۆردوومان وێران کردو تەخت کرا.

منیش بەحاڵێکی ناخۆش و کۆمەڵێ گیروگرفت گەڕامەوە ماڵی باوکم بۆ شار، پاش یەك ساڵ مانەوەم لەماڵی باوکم، هاوسەرەکەم نامەی بۆ ناردم لە (چەمی شلێرە)منیش کەوتمە ڕێگا لەگەڵ ئامۆزایەکیدا تا گەیشتمە (قەڵادزێ)لەوێوە کەسم نەدەناسی، زۆر بەزەحمەت سەیارەیەکم دەست کەوت گەیشتمە (تووە سوران) لەناو داروچڕو نزارەکاندا بووم کە (پ.م) بینی، زۆر دڵخۆش بووم وام دەزانی تازە لەدایك بوومەتەوە، هەر لەهەمان ساتدا کاك (سدیق حەسەن)م بینی پرسیاری هاوسەرەکەم لێکرد.

ئەو (پ.م)انە وڵاغیان بۆگرتم بەکرێ و پاش بینینەوەی هاوسەرەکەم کەماوەیەکی زۆربوو لەیەکتری دابڕابووین، بەڕێکەوتین بەرەو (قەندیل) لەشاخی قەندیل نەمانتوانی بڕۆین، چونکە سێ ڕشۆژ بوو بە بەردەوامی دەڕۆیشتین هەر بۆیەش لەسەر ئەو بەفرو سەهۆڵاوەی قەندیل لێی کەوتین، بەو خێزانە یەك بەئانیمان پێبوو.

ڕۆژی دوایی کەوتینەوە ڕۆیشتن، لەڕێگا کوڕەکەم لەسەر وڵاغ کەوتە خوارەوە، کاك سدیق خێرا نەیگرتایەتەوە یەکسەر دەکەوتە چەمە خوڕو تیژڕەوەکەی قەندیلەوەو ئاو دەیبرد، هەشت کاتژمێر بەناو بەفرو شاخی سەختی سەهۆڵێندا ڕۆیشتین تا گەیشتینە (قاسمە ڕەش) لەوێشەوە بەرەو (گۆێزێ) بەڕێکەوتین، دوای شەوێك مانەوەمان بەرەو (ئاڵوەتان) لەوێشەوە چووین بەرەو (ڕەبات). دوای پشوودان و نانخواردن بەرەو شاری (بانە) کەوتینەڕێ، دوا بەدوای ئەوێ بەرەو گوندی (وێنە) بەڕێکەوتین، دووجار لەو گوندەدا بۆردوومان کراین بەفڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی لەناوچوو.

لەو گوندەدا خواردن دەست نەدەکەوت، ژیانێکی زۆر سەخت و هەژارانەمان بەسەر دەبرد، فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێم وازیان لێ نەهێناین تا بەهێرشی سەربازی وێنەو دارۆخانیان گرتەوە ئێمەش لەژێر تاریکایی شەودا بەو منداڵە وردانەوە ڕامانکرد. منداڵەکان نەیان دەتوانی ڕێگا بڕن بەناو دارو دەوەن و تاریکاییدا هەتا مەکینەیەکمان تووش بوو هەڵیگرتین بەرەو دێهاتەکانی (دەرەتفێ). شەوێك لەو گوندەدا ماینەوەو لەوێشەوە بەرەو گوندی (نێ) بەڕێکەوتین، هەفتەیەك لەماڵی (جەبارو جەلال)ی برام ماینەوە، پاش ئەوە ژوورێکی داڕووخاومان گرت بەکرێ، پارەمان نەبوو کرێی ئەو ژوورە بدەین، جل و بەرگەکانی بەرمان فرۆشت و دامان بەکرێکەیدا.

بۆ ماوەی چوار ساڵ لەو ژوورە داڕووخاوەدا ژیانمان بەسەر برد، ڕژێمی ئێرانی بڕیاری دابوو بمانخاتە ئۆردووگاوە، ئێمەش حەزمان بەژیانی ئۆردووگا نەبوو، بەرەو گوندی (بەرقەڵا) ڕۆیشتین لەوێ ماینەوە تا ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان. دواتر گەڕاینەوە بۆ دەوروبەری دێهاتەکانی پێنجوێن.

## مەریەم عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان

مەریەم عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان، ئەو ژنە ماندووەیە سەختی‌و ناخۆشی زۆری بینیووە، بەڵام لەڕۆژانی پێشمەرگایەتی سەختتری نەمڕیە، کە منداڵەکەی ناو سکی بەکیمیاوی کەمئەندام بووە.

من لەخێزانێکی نیشتمانپەروەر لەگوندی (بێ ماوا)ی شارۆچکەی پێنجوێن هاتوومەتە ژیانەوە، خۆم وهاوسەرەکەم بەناوی (ئیسماعیل عەبدوڵڵا) روومانکردە شاخ لەڕۆژێکی دەشت‌و دەر سەوزی ئاسمان ساماڵی ١٩٨٦دا. یەکەم ماڵی پێشمەرگایەتیمان لە گوندی (وێڵە)ی شارباژێڕ بوو، پاش بەسەربردنی ماوەیەك لەو گوندەدا، هاوسەرەکەم وتی من دەچم بۆ چالاکی تۆش بگەڕێرەوە بۆ شار. منیش لەگەڵ کۆمەڵێك ژنی شاخ بەڕێکەوتم، شەو لەماڵی ئامیدە خانی خێزانی (مامۆستا سابیر) مامەوە، دواتر گەڕامەوە ماڵی خەزوورم لەگەڕەکی گۆیژە، پاش دوو هەفتە مانەوەم لەشار گەڕامەوە ماڵەکەی خۆم بۆ (وێڵە)، دوای ماوەیەك بەرەو گوندی (زێوێ) رۆیشتین. پاش ماوەیەك لەوگوندەدا بووین ئامۆزایەکی هاوسەرەکەم بەناوی (عەبدوڵڵا رەشید) شەهیدبوو، بەڕاستی کەسێکی نیشتمانپەروەرو خەمخۆرمان لەدەست چوو. پرسەکەی لەماڵی ئێمە بوو، منیش شەوانەو رۆژانە دەبوایە لەگەڵ بەڕێوەبردنی پرسەکەدا گەرماوم گەرم بکردایە بۆ ئەو پێشمەرگانەی لەشەڕ دەگەڕانەوە، جلەکانم بۆ بشۆردنایە. یەکەم رۆژی جەژنی قوربان هات، دەستوورە لای خۆمان کە هەموو ساڵێك سفرە دەڕازێنینەوەو نان ئامادە دەکەین، بەڵام لای ئێمە خواردنی چەند ماڵێك تەنها یەك مەنجەڵ تسکێنە بوو، رژێمی ئەفلەقی کەوتە تۆپباران کردنمان، پیرۆزبایی جەژنی لێدەکرین، ناچار مەنجەڵە تسکێنەمان هەڵگرت بردمانە کوونە تەیارەوە بۆ ئەوەی پارێزراو بین، مەنجەڵەکە بەدەست نامی خانی خێزانی مامۆستا سابیرەوە بوو، ئەویش لەشریخەو ناڵەو گرمەی تۆپە مرۆڤکوژەکانی رژێم شڵەژاو لەکاتی چوونە ناو کوونەکەدا تسکێنە لەدەستی رژا، تۆزێك لەبنی مەنجەڵەکەدا مابووەوە، دامان بەمنداڵان تا بێدەنگ بن.

لەو جەژنەدا ئێمە ئاشتامان نەکرد، سەرەڕای ئەوەی ئابووری عێراق لەوپەڕی باشیدا بوو، بەڵام ژن‌و منداڵی شاخ هەژارترین کەسی ئەم وڵاتە بوون. بۆ رۆژی دوایی رژێم بێ بەزەییانە کەوتە بۆردوومان کردنمان، ئێمەش بەناچاری منداڵمان دا بەکۆڵمانداو بەرەو شاخە سەختەکەی پیرەمەگرون رۆیشتین. لەوکاتانەدا نوکتەی خۆشیش رووی دەدا لەناو ئەو ژیانە سەختەدا، کیمیاوییەکە هەموومانی شڵەژاندبوو، یەکێك لە پێشمەرگەکان هاواری کرد (لووتتان تەڕبکەن بیدەن بە پەڕۆکاندا) لەجیاتی بڵێت: (پەڕۆکان تەڕبکەن بیدەن بەلوتتاندا). هەتا خۆر دوا ماڵئاوایی خۆی لێکردین بەو شاخە سەختەی پیرەمەگروونەوە ماینەوە، لەدوای ئەو هەموو ناخۆشیانە (زێوێ)مان بەجێهێشت و بەرەو (دۆڵی جافایەتی) کەوتینەڕێ. رۆیشتین بۆ گوندی (مالوومە) ساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨ لەوێ بووین، یەك سات خۆشیمان نەبینی، هەموو رۆژەکانی ژیانمان سەخت‌و سەختتر دەبوو، پارەو ئازووقەمان نەمابوو، هەر بۆیە لەگەڵ دوو سێ ژنی شاخدا بەڕێکەوتین بەرەو سلێمانی، پاش هەفتەیەك مانەوەمان لەشاردا. رێگاکان‌و بازگەکانی رژێم هەمووی سەخت‌و نارەحەت بوون، مرۆڤ نەیدەتوانی بەئاسانی هاتووچۆ بکات، داوامان لەحزبی دیموکرات‌و کۆمەڵە کرد بمانبەنەوە بۆ مالوومە، وتیان ناتوانین، پاشان نامی خان‌و شەرمن خان‌و بەدری خان توانیان کەسێك بدۆزنەوە بمانگەیەنێتەوە شوێنی خۆمان.

شۆفێرەکە خزممان بوو، بێگومان لەهەموو ئەو بازگانەی دەهاتە بەردەممان دەیان وەستاندین و دەیانگووت ئێوە ژنە پێشمەرگەن، ئێمەش دەمانگووت وانییە بۆ پرسە دەچین

بۆ (قەرە تەپە). هەرچۆنێك بێت ئەو شۆفێرە دەربازی کردین و توانیمان بگەینە ماڵی خزمێکی شۆفێرەکە. پاش کەمێك پشوودان ئەو ماڵەش پارمەتیان داین و جێبێکیان بۆ پەیداکردین و رۆیشتین، شۆفێری جێبەکە وتی دەزانم هەمووتان خێزانی پێشمەرگەن، دەبێت ئازاو چاونەترس بن، لەپێشمانەوە جاشەکانی (عومەرە بچکۆل)ی لێیە نابێت بشڵەژێن. کە گەیشتینە بازگەی جاشەکان، هەمدیس دایانبەزاندین وتیان ئێوە خێزانی پێشمەرگەن، دەبێت بگیرێن، پاش گفتوگۆیەکی زۆر رزگارمان بوو لەدەستیان لەسەر رۆیشتن بەردەوامبووین لەناکاو سەیارەکەمان پەنچەر بوو، زۆر بەسەختی و ناخۆشی گەیشتینە (چالاوا) شەومان بەسەردا هات، لەوێوە تراکتۆرمان گرت لەژێر تاریکایی شەودا کاتژمێر یانزەی شەو گەیشتینەوە مالوومەو ماڵەکانی خۆمان. بە بەردەوامی بۆردوومان هەبوو لەسەر مالوومە، هەر بۆیە لەرێکەوتی ٥ی رێبەندانی ١٩٨٨دا بەرەو (دۆڵەرووت) رۆیشتین، لەو کاتەدا ئەنفالی یەك دەستی پێکرد، کە بۆ گەلی کوردو هێزی پێشمەرگە زۆر سەختو ناخۆش بوو. بۆ منیش زۆر سەخت بوو، چونکە سکم هەبوو، رێگاو رۆیشتن بەو قورسیەوە بەناو بەفرو قوڕاوو هەورازی سەختدا زەحمەت بوو، رۆیشتین بەرەو (گوێزلێ)، لەرێگا زۆرمان برسیبوو، کە چووینە ناو گوندەکەوە لەبرساندا بیرمان چووبوو کە کیمیاوی کراوە بەو گوندەداو خواردنەکانی ژەهراوی بوون، کەوتینە نانخواردن، بەو گازە مرۆڤکوژە زۆرمان نەخۆش کەوتین ژیانمان کەوتە مەترسییەوە، پاشان ئەو گوندەمان بەجێهێشتو بەرەو (چالاوا)و بەشاخی (ژیلوان)دا سەرکەوتین، لەوێشەوە بەرەو (گۆمەزەل) بەرێکەوتین. بەفر رێگاکانی گرتبوو، شێوەو وێنەی بەفرەکە چەند جوان بوو، ئارامی پێدەبەخشین، لەو رۆژە سەختانەدا ئەوەندەش مرۆڤکوژ بوو، بارانێکی زۆریش باریبوو، زەوییەکە شڵەقابوو، (هەڵمەت)ی کوڕم بەکۆڵی باوکییەوە بوو لەرێگا باوکی وا هەست دەکات رەق بووەتەوەو هەموو گیانی سارد بۆتەوە، بەهاورێیەکی پێشمەرگەی دەڵێت کاك حەسەن بزانە (هەڵمەت) ماوە یان مردووە بەکۆڵمەوە؟ بەڵام با مریەم نەزانێت. ئەویش دەستی لێدەدات سارد بۆتەوە ، دەڵێت (هەڵمەت) نەماوە، بەڵام لای براژن قسە مەکە ئەگینا ئەم رێگا سەختەی بۆ نابڕێت.

منیش بێئاگا لەو رووداوە هەتا گەیشتینە (گۆمەزەل)، چووینە ماڵێك پشوو بدەین، هاوسەرەکەم وتی مریەم با ئێمە نانو چا بخۆینو پشوویەك بدەین هەڵمەت با بخەوێت. پاش حەسانەوەمان هەڵمەت گەرم بووەوەو جوڵایەوە، باوکی لەپڕ باوەشی پیاکردو گوتی هەڵمەت گیان نەمردوویت، منیش بەسەر سووڕمانەوە وتم چی روویداوە؟ هاوسەرەکەم وتی: لەرێگا هەڵمەت سارد بووەوەو هەناسەی لەبەربڕا، وامانزانی مردووە. لەو کاتانەدا من نەمدەزانی بگریم یان پێبکەنم، سەرم سووڕمابوو. ئەوە رووداوێکی زۆر ناخۆشبوو بۆ من. پاشان سێ رۆژ ماینەوە لەو گوندەش، رژێم بەدوامانەوە بوو هێرشی هێنا، بەرەو سنووری کوردستانی رۆژهەڵات بەرێکەوتین. بەو رێگا سەختە بەفراوییەدا بەرەو سەفرەو شاناخسێ رۆیشتین لەژێر زرمەو ناڵەی تۆپباران و بەفر باریندا تا گەیشتینە شاری (بانە)، لەو شارە نیشتەجێ بووینو ماینەوە، لەدواییدا پەیوەندیم کرد بە رێکخراوی ژنانەوە لە ٣٠ی سەرماوەزی ١٩٨٩دا تا ئێستاش بەردەوام کاردەکەم.

لەشاری بانە ماینەوە تا راپەڕینی ١٩٩١ گەڕاینەوە. لەهەمووی سەختترو پڕ ئازارتر بۆ من ئەو کۆرپەیەی سکم بوو بەناوی (هەڵوەند) کە تەمەنی گەورە بووە، هیچ قسە ناکات. پزیشك دەڵێت کە لە سکتدا بووە کاریگەریی کیمیاوییەکەی لەسەرە، بۆیە لاڵی کردووە. چەندەها پزیشکم گێڕاوە، لەهەموو شارەکانی عێراق، بەڵام بێ سوودە. هەتا بردمە (پەیمانگای هیوا)ش، پاش ماوەیەك دەریان کرد، وتیان بەکەڵکی ئەم شوێنە نایەت. لەژیانی مندا راپەڕینو ئازادی خۆشترین ساتەوەختەکانی ژیانم بووە، بەڵام ئێمەی ژنانی شاخ هەر خۆمان نەفەوتاوین ئەوەکانیشمان فەوتاون.

# شارەزوور

## بەهار جەلال

بەهار جەلال ئەو ژنە ماندووەیە لەکاتی ئاوارەبووندا بێ ئاگابوو لەوەی خۆشەویسترین کەسی لەداست داوە، کە دایکی ئازیزی بوو.

لەگوندی (سواو) سەر بە ناحیەی شارەزوور لەدایك بووم، لەڕۆژێکی ئاسمانی سامالّی ۱۹۸۷دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەلّ (عەبدوللاّ گێلّەکەی) کە پێشتر ئەو (پ.م) بوو لەتیپی (۱۵)ی شارەزوور. من بەشێوەیەکی نهێنی گوێزرامەوە بۆ هەلّەبجە، لەترسی جاشەکان و جەللادەکان، جلە بووکێنییەکانم لەژێر عەبای ڕەشدا شاردەوە نەوەك هەستم پێبکەن. لەهەلّبجە چووینە مالّی کاك عومەر کە برا گەورەی حەمە سەعید بوو، بەداخەوە لەکیمیاوییەکەی هەلّەبجەدا شەهید بوو.

پاش دوو سێ ڕۆژ بەیەکەوە بوونمان، هاوسەرەکەم ڕۆیشت بۆ کۆرەی قەرەداخ منیش گەڕامەوە مالّی باوکم پاش (۲۰) شەو، مالّی خەزوورم هاتن و هەندێ کەلوپەل‌و پێویستی ناومالّیان دامێ منیش لەگەلّ کاك عەلی کە برای کاك عومەر کولّکنی بوو، بەرەو (کۆرەو دوومالّە) ڕۆیشتین، بارودۆخی ژیان زۆر سەخت بوو، هەمیشە خەریکی خزمەت کردنی برا (پ.م)کان بووین.

ئەگەر بمویستایە سەردانێکی سەید صادق بکەم ئەوە دەبوو بچوومایە بۆ (دەربەند فەقەرە) لەوێوە بۆ (درسکەوە) لەو گوندەدا جاشەکان بەسەر یالّەکەوە بوون، واتە کۆنترۆلّی ناوچەکەیان کردبوو، منیش هەندێ جار نامەی ڕێکخستنم دەگواستەوە، زۆر بەترسەوە دەڕۆیشتمەوە، جارێکیان لە ناوەکەی (تانجەرۆ) پەڕینەوە، ترسم زۆر بوو کەوتمە ناو ئاوەکەوە، ئێمە کەلە کۆرە بووین کۆمەلّێ مالّ بەیەکەوە بووین وەك خێزانێکی گەورە دەژیاین.

پاش هەشت مانگ مانەوەم لەو گوندەدا ئەوەبوو هێرشە بەدناوەکەی ئەنفال ئێمەشی گرتەوە، هاوسەرەکەم پێی وتم بگەڕێرەوە بۆ سەید صادق لەو کاتەدا سکم هەبوو، منیش گەڕامەوەو بەشێوەیەکی نهێنی خۆم دەشاردەوە، زۆرجار بەشەو لەمالّەوە دەچوومە مالّێکی تر، یان لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر. زۆر لەمالّە خزمەکان جێیان نەدەکرینەوەو دەترسان.

لەو ساتانەدا ئێمە لەپشکۆی ناو ئاگر دەچووین، ئەگەر دەستیان لێبدایناية دەسووتان‌و بەرگەی ئازارەکەشیان نەدەگرت، لەشاریشدا وەك نێچیرمان لێهاتبوو، ڕاوچییەکان بەدواماندا دەگەڕان، ئێمە لەبارێکی سەخت‌و ناخۆشدا دەژیاین. زۆریش لەخزمان دەرگایان ئاوەلا بوو، زۆر ئازایانەو لەخۆبووردوانە لەگەلّیان دەژیاین.

پاش ماوەیەك هاوسەرەکەم هەوالّی بۆ ناردم کەوا لەگەلّ چەند مالّە (پ.م)یەکی تردا لەڕێگای حزبی دیموکراتەوە بچنە ئێران. ئەوەبوو کاك (محەمەدی موزەفەری) کە لێپرسراوی

حزبی دیموکرات بوو هات و بەسەیارە بردینی تا گەیاندینیە ناوچە ئازادکراوەکان، منیان لە (قەلادزێ)وە برد بۆ (سوورەدێ) هاوسەرەکەم لەهەڵەبجە بەر کیمیاوی کەوتبوو زۆر هیلاك بوو، بەفرۆکە گەیاندبوویانە نەخۆشخانە، پاش ماوەیەك هاوسەرەکەم لەسوورە دێ بینییەوە. شەوێك ماینەوەو ڕۆژی دوایی لەگەڵ سپێدەدا بەسواری ولاغ گەیشتینە (قاسمەڕەش) پاش شەوێك مانەوەمان بەرەو (ئالوەتان) ڕۆیشتین چووینە (سەردەشت) دواتر بەرەو (بانە) ڕۆیشتین لەوێشەوە بۆ (پاوە) چووینە ماڵی کاك (ئاسۆی شێخ نوری) لەوێوە وەرەقەیان بۆ کردین چووین بۆ (جەلیلە) لەپشتی هەڵەبجەی شەهید.

دوای ماوەیەك مانەوەمان چووینە (هاوار) ماوەیەکیش لەوێ ماینەوە چووین بۆ (هاوارە کۆن) هەتا ڕێکەوتنی هەردوو دەوڵەت ماینەوە، کە ئەوان ڕێکەوتن بەپەلە گەڕاینەوە شاری (پاوە) دواتر چووین بۆ (شمشێر) گوندێکە لەودیو (پاوە)وە ماڵمان دانایەوە. پاشان چووینە (میراوای لای جوانڕۆ) هەتا مانگی گەلاڕێزانی ١٩٨٩ لەخەیمەدا دەژیاین، کە گەڵای دارەکان دەوەرینە سەر زەوییەکەو ڕەشەباو سەرما بۆمان هات چووینە ئۆردوگای (سلاسی باوەجان) لەسنووری (پەرویزخان) لەنزیك شاخی (بەمۆ) لەو ئۆردوگایەدا کچێکم بوو بەناوی (فرمێسك) لەو ئۆردوگایەشدا نۆ مانگ لە خەیمەدا ژیانمان بردە سەر، دوانزە خانوویان بۆ دروست کردین سی ساڵ بەئاوارەیی مامەوەو سێ منداڵم بۆ لە ئۆردوگادا، من هەر لەگەڵ ماڵی خەزوورم دەژیام هەتا ڕاپەڕین.

لەکاتی ئاوارەبوونمدا دایکم ئەمری خوای کردبوو، لەمنیان شاردبووەوە تا پێنج مانگ، دواتر کە زانیم ساتەوەختێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ من کە خۆشەویسترین کەسم لەدەست چووە، گەڕامەوە بۆ ماڵی باوکم بۆ (نزارە)ی ئەودیو پێنجوێن، سێ چوار مانگ مامەوە لەماڵی باوکم. گەڕامەوە بۆ هەڵەبجەی شەهید، ماڵی خەزوورم هەندێ کەلوپەلیان دامێ، هەمیس ماڵم دانایەوە لە (خورماڵ) تا ساڵێك لە (خورماڵ) ماینەوە دواتر گەڕاینەوە بۆ هەڵەبجە.

من زیاتر ژیانم لە ئاوارەییدا بەسەر برد، دەربەدەر بووین. بێ ماڵ و بی شوێن، هەر ڕۆژەو لەگوندێکدا ژیانم دەگوزەراند، ژیانێکی سەخت و پڕ لەئازارو ئەشکەنجە، هەرچەندە ئازارمان زۆر بینی، بەڵام ئازادی و ڕاپەڕین زۆر لەژیانی گۆڕین، بەو خەباتە سەختەی ژنانی شاخ دایان ئازادیمان چنیەوە.

## بێگەرد محەمەد خوامراد

بێگەرد محەمەد خوامراد ئەو ژنە خۆڕاگرەیە کەلەکۆتایی چاوپێکەوتنەکاندا بەدەنگێکی پڕشانازیو زەردەخەنەی سەرلێوەوە وتی من تائەو کاتەی دەمرم شانازی بەرزگارکردنی ژیانی هاوسەرەکەمو حەوت (پ.م)ی ترەوە دەکەم.

من لەشارۆچکەی سەیدسادق هاتومەتە ژیانەوە، لەوکاتەوە هەستم بەبوونی خۆم کردووە، چەوسانەوەی نەتەوەکەم زۆربەڕوونی بینیوە، لەرۆژێکی ساڵی١٩٧٧دا تازە خۆری شۆڕش گەرمیی بەجەستەی نەتەوەکەم دەبەخشی، لەوساڵەدا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ"وەستا عەتا.

هاوسەرەکەم بەشێوەیەکی زۆر نهێنی پەیوەندی هەبوو بەرێکخستنەکانی ناوشارەوە، پاش ئەوەی هاوسەرەکەم چەند کارێکی نهێنی ئەنجامدا، منیش تاڕادەیەك لەزۆر کاردا هاوکاری بووم، تا ساڵی ١٩٨٠ لەرۆژێکی ئەوساڵەدا من بەژانی منداڵ بوونەوە بووم، زۆر هیلاك بووم، سەرەڕای ئەم هەموو ئازارو هیلاکییەش هاتنی جەللادەکانو گرتنی هاوسەرەکەم دەئەوەندەی تر لەرووی دەروونی و جەستەییەوە هیلاکی کردم، پاش مانەوەی بەماوەیەك لەژێرئازارو ئەشکەنجەدا ئازاد کرا، هەر لەهەمان ساڵدا روومان کردە شاخ، هاوسەرەکەم لەتیپی(٤٧)ی پیرەمەگرون بوو، من لەوکاتەدا خاوەنی دوو منداڵی بچووك بووم، بەرەو(کانی دڕکە) بەڕێکەوتم، لەوێ خزمو کەسوکارێکی زۆرم هەبوو.

لێکدابڕانی منو هاوسەرەکەم ماوەیەکی زۆری ئەخایاند بەهۆی بەرفراوانی سنورەکەی نێوانمانەوە لەم گوندەدا زۆرینەی شەوان لەشاخ دەخەوتین لەترسی هێرشی جاشو عەسکەری، دوای ماوەیەك بەرەو گوندی(دۆڵپەموو) رۆیشتین، لەم گوندەدا رووداوێکی وادڵتەزێن رویدا کە هەرگیز لەیادم ناچێت.

لەئێوارەیەکی هاوینی ساڵی١٩٨١دا هاوسەرەکەم کوڕەکەمانی بەباوەشەوە بوو لەسەربان شنەبایەکی فێنك دەرروونی ئارام دەکردینەوە لەناکاو چاوی چووە سەر(سەعدی خان) کە هەمووگیانی کڵپەیەك ئاگربوو، لەوکاتەدا هاوسەرەکەم بەتەواوەتی شڵەژاو کوڕەکەمانی فڕێ دایە خوارەوە، کوڕەکەم بەلقو پۆپی دارەچڕەکەی بەردەمیەوە گیرسایەوە، هەتا گەیشتینە سەر (سەعدی خانی خێزانی حاجی رزگار) کەپێشمەرگە بوون، ئەوژنە جوانە تازە کەوتبووە ژیانی هاوسەرییەوە سکی سێ مانگ بوو، بەهۆی ئەشارەزاییەوە لەبەکارهێنانی چراوە گیانی کەوتە مەترسییەوە، هەربۆیە بەپەلە من گەیاندمە سلێمانی، مخابن پاش یەك هەفتە کۆچی دوای کردو، بووبە شەهیدێکی ونبوو.

پاش مانەوەمان بۆ ماوەی دووساڵ لەوگوندەدا، لەبەر سەختیی بۆردومان بەرەو گوندی(پارەزان) رۆیشتین، دواتر چووین بۆ گوندی (باڵغ) ساڵێك ماینەوە، دواتریش بۆ دۆڵی جافایەتی گوندی شەدەڵەو ماوەیەکیش لەوگوندە بووین، گشت کات لەژێر بۆردوماندا بووین بەشەو وبەرۆژ ژیانمان لەناو کونەتەیارەدا بوو، هەربۆیە بەرەو گوندی (یاخسەمەر)

ڕۆیشتین، یەک مانگ ماینەوە دواتریش بەنیشی ڕێکخستن بەشێوەیەکی نهێنی گەڕاینەوە بۆ سلێمانی بەئیختفا لەناوشاردا ماینەوە.

زۆرجار کۆبونەوەکانی ڕێکخستن لەماڵی ئێمەدا ئەنجام ئەدرا. هەتا لە٢٠ی ڕەشەمێ ساڵی١٩٨٨دا شەوێك لەنیوەی شەودا جەندرمەکان لەسەربانەوە هاتنە خوارەوە بۆ ناو ماڵەکە وهاوسەرەکەمیان دەستگیرکرد، دەست بەجێ تەنافی حەوشەکەیان پچڕاندو هەردوو دەستیان لەدواوە بەستەوە، هەربەو بیجامەیەی کەپێوەی خەوتبوو بردیان و ماوەیەکی زۆر بێ سەروشوێن بوو، ئێمە هەر بەدوایدا دەگەڕاین نەمان ئەدۆزییەوە.

ئێمە لەوکاتەدا نیشتەجێی خانوەکانی (عەلی کەمال) بوین، ڕۆژێك موختارەکە هات بۆ ماڵمان وتی لە(ئەمنی بەلدە) داواتان دەکەن. دوای چونم پێیان وتم کەمواجەهەی (عەتایە) لە(ئەمنی عامەی بەغداد)، من زۆر بەشەوقەوە چاوەڕێی بینینی هاوسەرەکەم بووم، هەربۆیە خۆمو منداڵەکانمو شوبراکەم، زۆر بەدڵخۆشییەوە بەڕێکەوتین وامان ئەزانی مواجەهەیە، کەگەیشتینە پرسگەی ئەمنی عامە بەتەلەفۆن وتیان بابێت بۆلای(مقدم ماهیر) ئەویش وتی بەیانی مواجەهەیە.

دووبارە بەیانی ڕۆیشتینەوە، وتیان بەتەنها (بێگەرد) خۆی بێت، منیش وتم عەرەبی نازانم باشوبراکەم لەگەڵما بێت، کە چوومە قاتی سەرەوە ڕاستەوخۆ کەوتنە لێکۆڵینەوە لەگەڵما، پێیان وتم کێ ئەناسیت پێمان بڵێ، وتم کەس ناناسم هاوسەرەکەم هاوڕێی نەبووە، وتیان مەترسە ئێمە کوردین، ناوی ئەوکەسانەمان پێ بڵێ کەهاتوچۆی کردوون، لەناکاو سەیری خوارەوەم کرد (شەهید عەتا)م بینی هەربەو بیجامەیەوە کە ئەوشەوە بردیان، دەستی کەلەپچە کرابوو بێ تاقەتو بێ هێزی لەچاوەکانیدا زۆر بەڕوونی دیاربوو، کەهاتە سەرەوە منو منداڵەکان دەستمان کردە ملی و ماچمان کرد، بەڵام ئەو ئەوەندە بێ هێزبوو توانای وەڵام دانەوەشی نەبوو، بەهاوسەرەکەمیان گوت بەکوردی قسەیان لەگەڵدا بکەیت خێزانەکەت ئەگرین.

پاش چەند چرکەیەك ئەویان بردو منیشیان بردە ژوورێکی تر، هەردانیشتم ڕاستەوخۆ چاوم چووە سەرپلاکێك کەبەکارەباوە بوو وایەرەکەی شۆڕبوبۆوە بۆ ناوچەکمەجەی مێزێك، هەرلەخۆمەوە زۆر ترسامو سلەمیمەوە لەدڵی خۆمدا وتم ڕەنگە تەسجیل بێت، پاش تۆزێك یەکێکیان هێنایە بەردەمم، کەچەند جار لەماڵەوە کۆبونەوەی کردووە لەگەڵ هاوسەرەکەمو هاوڕێکانیدا، یەکسەر زانیم کەئەم خۆفرۆشە هاوسەرەکەم و هاوڕێکانی بەگرتن داوە.

گەر بمتوانیایە هەرلەوێدا تۆڵەی خۆمم لێدەکردەوە، لەوکاتەدا سەلامی کرد وەڵامی سەلامەکەیم دایەوەو هەستاو کورەکەمی گرتە باوەش، کەوتە باسی ئەوڕۆژانەی کەسێ شەو سێ ڕۆژ کۆبوونەوەی ڕێکخستنەکان لەماڵی ئێمەدا ئەنجام دراوە، زۆری قسەکرد، بەڵام من یەك وشەم وەڵام نەدایەوە.

وتی بێگەردخان بۆ وەڵامم نادەیتەوە ئەم ڕوداوانە هەمووی ڕاستەو لەماڵی ئێوەدا ڕوی داوە.

سێ ئەمن هاتنە ژوورەوە، بێ ئەوەی قسەبکەن تەسجیلەکەیان دەرهێناو کەوتنە لێدانی قسەکان، من لەوکاتەدا زۆرخۆشحاڵ بووم کە هیچ قسەیەکم نەکردبوو، کەگوێیان گرت من تەنها وەڵامی سەلامەکەم داوەتەوە دیاربوو ئەمنەکان زۆر پێی تێکچوون‌و پێیان ناخۆش بوو، دواتر کەوتنە پرسیار کردن لەمن وتیان هاوسەرەکەت حەوت هاوڕێی هەیە ناوەکانیانمان پێ بڵێ، من وتم نایان ناسم، خۆفرۆشەکە هەڵیدایەو وتی بێگەردخان بۆ نایانناسیت هەموویان هاوڕێی هاوسەرەکەتن سێ شەو سێ ڕۆژ ماڵت بۆ ئێمە چۆڵ کردووەو کۆبوونەوەمان تیا کرد هەتا کاغەزی کۆبونەوەکانمان لەحەوشەکەی پشتانەوە لەچاڵێکدا شاردمانەوە، منیش وتم ئەم قسانە ڕاست نییە من ماڵم چۆڵ نەکردووەو منداڵەکانم قوتابین، هەر بەرگریم لەخۆم دەکرد، منیان کردە دەرەوە ئەمنێك هات شەقێکی تێ هەڵدام‌و جوێنی پێدام، ئەیگوت ئەگەر ڕاست نەڵێیت ئەتگرین، دیسانەوە بردمیانەوە بۆ پرسگەی خوارەوە شوبراکەم لەوێ دانیشتبوو، وتی بۆ واتێکچوویت، منیش ئەموێرا وەڵامی بدەمەوە چوار دەورم ئەمن بوو، دوایی بەشوبراکەمیان وت بزانە ئەوپیاوەی خەبەری لێداون ئەیناسێت، منیش وتم نەخێر نایناسم .

دوای ماوەیەك وتیان هەردوو منداڵەکەت بدەرە دەستی مامیان، منیش کەگوێم لەو وشانەبوو ترس بەسەرمدا زاڵ بوو، وتم تازە گیرام، منیان سواری سەیارەیەکی سەوز کردو چوار دەورم بەپیاوانی ڕژێم گیرابوو زوو زوو ئەیانکێشا بەتەپڵی سەرما، ئەیانوت سەرت دابنەوێنەوە باکەس نەتبینێ، بردمیانە ژوورێکەوە، سەیرئەکەم هاوسەرەکەم هەڵواسراوە، پێیان وتم ئەم پیاوە ئەناسیت، وتم بەڵێ باوکی منداڵەکانمە، بەشەهید عەتایان وت ئەگەر ڕاستی نەڵێیت لەسەر هەمووشتەکان، ئێمە ئازاری ژنەکەت ئەدەین، ئەویش وتی چی لێدەکەن لێی بکەن من هیچ نازانم.

هاوسەرەکەمیان داگرت و منیان هەڵواسی چەند بەچەند هەڵیان واسیم ئەیانوت ئەبێت ڕاستیەکان بڵێیت. منیش خەریکبوو هەردوو باڵم لەبن ئەهاتە دەرەوە، وتم دامگرن هەموو شتێکتان پێ ئەڵێم، دایان گرتم‌و ڕێزیان گرتم‌و ئاویان دامێ خواردمەوەو ئاویان کرد بەدەموچاومداو پشویەکی کورتم دا، وتیان دەی قسەبکە کێن ئەوانەی ئەهاتنە ماڵتان، وتم هیچ نازانم، دیسانەوە هەڵیان واسیمەوە، ئیتر بڕیارمدا خۆڕاگربم‌و یەك وشە نەدرکێنم، ئەمجارە بێجگە لەهەڵواسینەکەش بەکێبڵ پیایاندا ئەکێشام و زۆر هیلاك بووم خەریك بوو باڵەکانم دەرئەهات، ماوەیەکی پێچوو ئەقیبێك هات وتی دایگرن، دایان گرتم دوو ئەمن هاتن بەقژ ڕاکێشان‌و کێبڵ لێدان‌و کارەباشیان لێدام و تێم کەوتن، هاوسەرەکەیشم لەودیو دەرگای ژوورەکەی منەوە لەساڵۆنەکەدا کەوتبوو بەدڵ ئاگاداری من بوو چۆن ئەشکەنجەم ئەدەن، بەدوو ئەمن فڕێیان دامە تەنیشت هاوسەرەکەمەوە نیوە بوراوەبووم، لێدانەکەم لەرادەبەدەر بوو، ژیانی هاوسەرەکەم‌و هاوڕێکانی لەسەر ئیعترافی من بەند بوو، ئەمنەکان وایانزانیبوو کەمن ژنم بێ هێزم یەکسەر هەموو ڕاستییەکان ئەدرکێنم بۆیە بەوشێوە دڕندانەیە تێم کەوتن، کەئێمە لەساڵۆنەکەدا کەوتبوین کاك هۆشیاریان هێنا، منی بینی زۆر

ترسا وایزانی من راستیم وتووە ئەویشیان لەژوورەوە ئەشکەنجەدا وتیان(بێگەرد)هەموو راستییەکانی لەسەروتوون، ئەویش وتبووی من نایناسم.

لەدوای کاتژمێرێك دووبارە منیان بردەوە وتیان چۆن هۆشیار ناناسیت راستی لەتۆ وتووە، منیش وتم هەرگیز نەمدیوەو ناینا‌سم، کەوتنەوە لێدانم‌و هەزار چوێنی ناشیرینیان پێدام، دوای ماوەیەك منیان بردەوە بۆلای شوبراکەم و دوومنداڵەکەم، شوبراکەمیان بەرداو من و دوو منداڵەکەمیان بەند کرد، من لەشوێنێك بەند بووم‌و هاوسەرەکەم لەشوێنێکی‌تر، یەکترمان نەئەبینی من بۆ ماوەی(٢١)رۆژ هەموو رۆژێك ئەشکەنجە ئەدرام بەهەڵواسین بەکارەباو کێبڵ‌و قژراکێشان وجنێوی ناشیرین ، بێجگە لەئازارە دەروونییەکانیش، من یەك وشەم نەدرکاند، دوای (٢١) رۆژ وازیان لێ هێنام وبەبەندی مامەوە بۆ ماوەی یەکساڵ خۆم‌و دوومنداڵەکەم دوای ئەوهەموو ئەشکەنجەدانە من‌و دوومنداڵەکەم وهاوسەرەکەم حەوت هاورێکەی بەربوین، ئەو حەوت (پ.م)یە هەتا ئەمرۆش ئەڵێن ئێمە قەرزاری تۆین و تۆ ژیانی هەموومانت کڕییەوە بەرگەی ئەوهەموو ئازارو ئەشکەنجەیەی بەندیخانەت گرت.

کەگەڕاینەوە سلێمانی نەمانوێرا لەشاردا بمێنینەوە، لەرێگای حیزبی دیموکراتەوە گەیشتینە ئێران شاری بانە تا راپەرینی١٩٩١ لەوێ ماینەوە، مخابن هەزار مەخابن هاوسەرەکەم لەو ئەرکە پیرۆزانەدا نەلە شاخ نەلەبەندیخانە شەهید نەبوو، بەڵام لەشەڕی ناوخۆدا لەگەڵاڵەو چۆمان لە١١ی بەفرانباری١٩٩٥دا بریندار بوو لە٢١بەفرانباری١٩٩٥دا شەهیدبوو.

وەك پێویست ئاورمان لێنەدراوەتەوە دوای ئەوهەموو هیلاکی‌و بەندێتی‌و شاخەو شاخەو چەندین جارو رووبەرووی مەرگ بوینەتەوە، کوڕەکەشم بەهۆی بەندێتی‌و ئاوارەبونەوە قوتابخانەی فەوتاوەو کەگەڕاینەوە لەئێران تەمەنی گەورەبوو نەیتوانی درێژە بەخوێندنی بدات، وەکو ژنی شاخ‌و وەکو زیندانی سیاسی زۆر پەراوێز خراوم وخۆیشم لەرێکخستنی کۆمیتەی ١٥ی توی مەلیك کاری رێکخستن ئەکەم.

## دڵشاد محەمەد عوسمان

دڵشاد محەمەد ئەوژنە قارەمانەیە کە زۆر لەرۆژانی ژیانی بەسەختی بردۆتەسەر، لەمیانەی درێژەدان بەقسەکانیدا، لەناکاو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا وەک بیری شتێکی سەختی کەوتبێتەوە وتی لەناکاو سەرم هەڵبڕی(١٢) فڕۆکەم بینی راستەوخۆ لەوە دڵنیابووم کە بۆ بۆردمان هاتون، بۆیە بەپەلە بێشکەی کوڕەکەم کردەشانمو بەپەیژەکەدا هاتمە خوارەوە. ئەم خاتوونە بەڕێزە راستەوخۆ فرمێسک رژایە چاوەکانیو نەیتوانی درێژە بەقسەکانی بدات.

من لەرۆژێکی گەرمی هاویندا، لەشارەزووری پڕپیتو بەرەکەت لەخێزانێکی کوردپەروەردا هاتمە ژیانەوە، هەربۆیەش هاوسەری (پ.م)م هەڵبژارد بەناوی(بەهجەت حاجی خالید) لەرۆژێکی ئاسمان ساماڵی ساڵی١٩٨١دا لەو کاتەدا هاوسەرەکەم خەریکی کاری رێکخستن بوو، خۆمان دانیشتوی گوندی( بەشارەت) بووین، بەڵام بەهۆی کاری (پ.م)یەتیەوە نەمنەتوانی لەناوگوندا دانیشم، نەچومە دەرەوەی گوند، یان لەماڵەوە خۆم نەشاردەوە، هەتارۆژێکیان مسەلەحەیەک هات، ویستیان بمگرن، منیان بەخێزانی کاک حامیدی شوبرام زانی، زۆریان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردم، هەتا موختارەکەیان بانگکردو چەند پرسیارێکیان دەربارەی من لێکرد، ئەوسا وازیان لەمن هێنا.

ماڵمان پێچایەوەو بەرەو( بەشارەتی سەروو) چووین، بەڵام لەدوای دوو مانگ، جاش وازیان لێ نەهێناین ویستیان بمگرن، لەناچاریدا ماڵمان بردە(تەپی سەفای خوارەوە)، لەوکاتەدا کە دانوستانەکە کۆتایی هات ماڵمان بردە ناوچەی قەرەداغ گوندی( بەلەکجاڕ)، بیستو پێنج رۆژ ماڵمان لەوگوندەدا بوو هاوسەرەکەم لەگەڵ کاک حامیدی شوبرام چوون بۆ جەولە شەش مانگیان پێچوو .

ئێمە ژیانمان زۆر ناخۆش بوو، لەژێر بۆردومانندا بووین رۆژێکیان (پ.م) جاڕی دا کەس لەناو گوندا نەمێنێت هەموویچنە شاخ چونکە بۆردومان ئەکرێن، بەڵام من بەسێ منداڵی وردەوە نەمتوانی بڕۆم، هەر ئەو رۆژە، یەکەم رۆژ بوو قوتابخانەی شۆڕش کرابویەوە، لەوکاتەدا کوڕەکەم تەمەنی پێنج ساڵ بوو، منیش ناچار لەناوگوندا مامەوە، پێم وابێت چەند ماڵێکی کەم لەناو گوندا مابوینەوە، لەترسی بۆردومانەکە لەحاڵەتێکی زۆر دژواردا بووم، خەریک بوو دڵم لەقەفەزەی سنگم ئەهاتە دەرەوە، ناچار رۆژانی تر لەگەڵ سپێدەدا ئەچووینە شاخەکانو کەخۆر ماڵئاوایی لێ ئەکردین ئەگەڕاینەوە ماڵەوە.

رۆژێکیان نانمان نەمابوو منداڵەکانم زۆر چڵکن بوون وتم ئەیانشۆم، لەرۆژێکی گەرمی هاویندابوو کاتژمێر نۆی بەیانی چوومە سەریان منداڵەکەم بهێنمە خوارەوە، بەڕێکەوت سەرم هەڵبڕی دوانزە فڕۆکەم بینی، ئەوەندەم پێکرا لەوکاتەدا بێشکەی کوڕەکەم کرد بەشانما بەسەر پەیژەکەدا هاتمە خوارەوە، من ویستم رایکەمە ژێر خانی وڵاغەکان بۆ بەدبەختی پێڵاویشم لەپێدا نەبوو لەکاتی راکردنەکەمدا هەڵنوتام و پەنجە گەورەکەی قاچم هەڵتەقی، منیش شوێن خەڵکەکە کەوتم بەرەو ئەشکەوتی( دەرەبلێ)، لەهەمووی ناخۆشتر

زەحمەتتر ئەوەبوو منداڵێکم بەکۆڵەوە بوو یەکێکیشیان بەباوەشمەوە بوو لەگەڵ هەڵهێنانەوەی هەرهەنگاوێکمدا جارێکیتر پێم ئەکەوتە سەر زەوی سوێیەکی زۆر دەچوو بەدڵمدا، هەتا ژنە دراوسێیەکمان جووتێ پێڵاوی پیاوانەی دامێ لەپێم کرد .

هەرگەیشتمە ئەشکەوتەکە دیمەنی (شلێر)م بینی کە ژنە (پ.م)یەک بوو، تازە منداڵی بوبو، لەترسی بۆردومانەکە تووشی نەزیف بوبو، ئەوەندە ژیانی لەمەترسیدا بوو من خۆم بیرچووەوە، چەند کەس لەوئەشکەوتەدا بوین بەژن و پیاوەوە بەتەمای ژیان نەمابوین هەتا بۆردومانەکە کۆتایی هات و هەردووکمانیان برد بۆ نەخۆشخانەکە، قاچی منیان بەپێنج تەقەڵ دوورییەوەو دەرزیەکیان لێدام، ئاویشیان بۆ(شلێر) هەڵواسی و خێرا دەرزی نەزیفیان لێدا.

ئیتر ئێمە گشت کات ئاوارەی شاخان بووین بەهۆی بۆردومانی بەردەوامی شەوانەو رۆژانەوە، لەسەنگاوەوە لەگولانەوە لەدارە رەشەوە بوبو بەسەرە بەشەو تۆپ باران وبەرۆژ بۆردومانی فرۆکە، لەژێر قورسی بۆردوماندا نەمانالاند، هەربۆیەش کۆمەڵێ ماڵە (پ.م) ماڵمان بردە(کانی شامان)، ماڵی ئێمەو عومەر غەریب و شێرکۆ جدی ماڵمان لەوچەمەدا بوو. پایزهات و گەڵارێزان دەستی پێکردو لەئێوارەیەک لەئێوارەکاندا، کردیە باران و تۆف و زریانێك، ئێمەش لەژێر ئەو کەپرانەدا خوسایئەوە بۆیە بەپەلە گەڕاینەوە ناوگوند.

بەیانی رۆژی دوایی فرۆکەکان هاتن بارەگای (پ.م)کان و کەپرەکانی ئێمەی بۆردومان کردو هەموی روخاند، ئێمەش لەناو گوندا ماینەوە، لەوناوچەیەدا رژێم شەبەکەیەکی دروستکردبوو بۆ بەکۆمەڵ کوشتنی هێزی (پ.م)، رۆژێکیان دوو (پ.م) خۆیان ئەشت لەوچەمەی گوندی سەوسێنان و بەلەکجاڕدا، ئەو مەفرەزەیە بەبێ دەنگ هاتبوون فرسەتیان لەو دوو (پ.م) هێنابوو بەئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر شەهیدیان کردبوون.

هێزی (پ.م) تەقەیان قەدەغەکرد لەناوچە ئازادکراوەکاندا، چونکە جاش دزەی دەکردو بەنهێنی ئەهاتنە ئەو ناوچانەوە، لەگوندەکەماندا(جەلیل) ناوێك هەبوو دوساڵ بوولەوێ دەژیاو سەربازی فیراربوو، رێککەوتبوو لەگەڵ مخابەراتی بەغدادا، کەئەو لەگوندی بەلەکجاڕ لێپرسراوەکان بانگ بکات بەبۆنەی ژنهێنانەوە ژەهر بکرێتە پاقلاوەو شەربەتەوە، بێجگە لەوەش یەك کیلۆ ژەهر بکەنە سەرچاوەی ئاوەکەی، بۆ ئەوەی لەماوەی ١٠کاتژمێردا زۆرترین خەڵك شەهید بکات و خۆیان رابکەن .

بۆ ئەم مەبەستەش ژنێك بەرێوەبوو بەهەموو کەرەستەکانەوە بەناوی(ئەحلام)وە منداڵێکی یەکساڵیشی پێبوو، پێش ئەوەی ژنەکە بگاتە ئاوێ، هەواڵ گەیشتبوویە مەڵبەندی یەك وا ژنێك بەوشێوەیە بەرێوەیە، هێزی (پ.م) چاودێرییان خستە سەرماڵەکە، ئەحلام گەیشتە ماڵەکەو کاغەزێکی دابووە دەست جەلیل، لەوکاتەدا جەلیل سەرگەرمی خوێندنەوەی کاغەزەکە بوو، (پ.م)کان بازیانداپە حەوشەی ماڵەکەوە، ئەویش کاغەزەکەی سوتاند، (پ.م)یەك فریاکەوت کاغەزەکەی بەقاچ کوژاندەوە نیوەی مابوو، جەلیل و ئەحلام و ژەهرەکان هەمووی گیران. دوای دوو سێ رۆژ هەردووکیان لەگوندی سەوسێنان رەمی کران.

دوای ماوەیەك لەبەر زۆری بۆردومان چوینە(گەچۆڵ) لەقوپی قەراغ، لەوێ خانوومان دروستکرد لەگەڵ ماڵی شەهید رەسوڵ‌و شەهید عەباس‌و شەهید حسێن، زۆر هیلاك بووم دوو رۆژ پێش جەژن گەڕامەوە ماڵی باوکم لەتەپی سەفا، بەڵام نەیانهێشت پشوویەك بدەم، بەپەلە گەڕامەوە بۆ(گەچۆڵ) کەلەبن ئەشکەوتێکی ساردی نسرمدا ئەژیاین، لەوشوێنەدا ماینەوە تادەمەو بەهار، لەرۆژێکدا کەگوڵە بەیبونە گوڵاڵە سورە هەموو دەشت‌و دەریان رازاندبۆوە بەرێکەوتین بەرەو ئاوایی(حەمەی کەرەم)، لەبەر زۆری بۆردومان چووینە (کانی کوچەڵە) لەبەینی(ئاوایی حەمەی کەرەم و دوکەرۆ)دا دوانزە ماڵە (پ.م) بووین لەکەپردا ئەژیاین زۆر مەترسیمان لەسەر بوو، جاش دزەی دەکردو دەهاتە ئەوناوچانە لەبەر ئەوە هەرماڵەو پارێزگاری لەخۆی دەکرد.

کەپایزو سەرما هات‌و قوتابخانە کرایەوە چوینە گوندی(چاڵگە) ماڵی مام شاسوار ژورێکیان داینێ ( سەرشۆرك بووژووری قەل‌و مریشکەکانیان بوو، هەتا بڵێیت ژوورێکی پیس‌و ناخۆش‌و بۆگەن بوو، دوبارە فرۆکەش لێرە کەوتە بۆردومان کردنمان، بەڵام زۆر جیاواز لەبۆردومانەکانی‌تر (قومبەلەی عنقودی)یان (مێشویی) بۆ فرێ داین کەپارچەیەك تەپە دۆربوو کیسەیەك بوو مادەیەکی ووشکی کیمیاوی تێدا بوو، بۆ ئەوەی بەهەموو شوێنێکدا بڵاو بێتەوە، بکەوێتە ئاوەوە منداڵ هەڵی بگرێتەوە زۆرترین کەس شەهیدو بریندار و نابینا بکات.

ئێمە لە٢٨ی گەلاڕێزانی ساڵی١٩٨٧دا کەبەرەو پایزو سەرما ئەچوین، رۆیشتم بەرەو هەوارەکۆن نەشارەزابووم بەپرسیار گەیشتمە ئەوێ کەبچمە ماڵی(فایەق هاواری) کە گەیشتمە ئەوێ هەمووی جاش بوو، منیش کۆمەڵێ زەخیرەم پێبوو، لەترسی جاشەکان نەموێرا کەسێك بانگ بکەم یارمەتیم بدات، هەموو زەخیرەکانم بەشان گواستەوە بۆ ئەوماڵە، لەوکاتەوە هەموو دەمارەکانی لەشم دایە ئازارو، تووشی فەقەرات بووم، هەربۆیەش پزیشك ئێستا بۆ نەشتەرگەری بۆی نوسیوم.

دواتر چووینە پاوە بۆ بارەگای شەهید نیان، هاوسەرەکەم گەیشتە لام، لەئێران رژێمی ئێرانی وتی ئەبێت بچینە ئۆردوگای کرمانج ئێمە رازی نەبووین، پێیان وتین بگەڕێنەوە وڵاتی خۆتان، ئێمەش وتمان باشە ئەگەڕێینەوە، وڵاتی خۆمان باشترە لەم هەموو بڕوبیانوەی ئێوە پێمان دەگرن، دواتر ناردیانین بۆ (روانسەر)و لەوێ لەخەیمەدا ئەژیاین، پاش ئەوەی تۆفان‌و سەرمای زستان هاتە پێشەوە شەوێکیان لەنیوە شەودا، بەفروبارانێکی زۆر باری، خەریك بوو ئاو بمانبات، کاتژمێر دوانزەی شەو بردیانینە قوتابخانەیەك، دوای ئەوە ئازادیان کردین، وتیان لەکوێ دائەنیشن دانیشن .

ئێمەش رۆیشتین بۆ گوندێکی سەر بە پاوە، دوای ماوەیەك رۆیشتین بۆ گوندی (مەنسور ئاغا) ژورێکمان دەستکەوت پڕبوو لە گەچ‌و چیمەنتۆ دەرگاو پەنجەرەی نەبوو ژورەکەش گەچکاری نەکرابوو، زۆر ماندوبووم هەتاژورەکەم پاککردەوە، یەکەم شەو چوومە ناوی بەتانیم گرت بەدەرگاکەو پەنجەرەکەدا، ئێوارێ تاریك داهاتبوو پیاوێك هات پەردەکەی لادا، منیش بێ ئاگام لەوەی ئەو پیاوە شێتەو عەقڵی لەدەستداوە، خێرامیلی

کلاشینکۆفەکەم هێنایەوە، خەریك بوو تەقەی لێ بکەم باش بوو رایکرد، دوایی بۆم دەرکەوت ئەو پیاوە بێ شوێنە شەوان لەناو ئەو ژورەدا خەوتووە.

دوای شەش حەوت مانگ چوینە کانی دینارو سێ سەد ماڵە (پ.م)ی لێبوو لەوێوە چوینە(جوجە سازی) نیشتەجێ بووین تاراپەڕین، هاوسەرەکانمان گەڕانەوە بۆ کوردستان، لەلایەن هێزی (پ.م)وە دوو فەردە ئارد دابەشکرا بەسەر هەریەك لەوماڵە (پ.م)ئەدا کەبیکەن بەنان بۆ خەڵکی ئاوارەو لێ قەوماو، دوکانێکیان لەکانی دینار دانا بوو بۆ نان کۆکردنەوەو جل و بەرگ و خواردەمەنی، ئێمە رۆژانی راپەڕین چەندە خۆشحاڵ بووین بەو رۆژە مێژووییە ئەوەندەش ترس و لەرز لەگیانماندا بوو.

هەواڵ لەسەر هەواڵی شەهیدانمان بۆ ئەهات، یەك رووبار خوێن رژا تائازادی دەستەبەرکرا، ئەوئێوارەیەی کە ئاگری ئەورۆزمان کردەوەو سرودی نیشتیمانیمان بەدەوری ئاگرەکەدا ئەوت لەخۆشیا هەڵئەپەڕین، دوای راپەڕین گەڕاینەوە (بناوەسووتە) و لەوێ کەپرێکمان دروستکرد.

ئێمە ژن و پیاوی شاخ لەشۆڕش و ئاوارەییدا هەرخۆمان ئەفەوتاوین بەڵکو منداڵەکانیشم خوێندنیان فەوتا، کەگەڕاینەوە دوو کوڕم تەمەنیان گەورەبوو نەیانتوانی درێژە بەخوێندن بدەن.

یەکێك لەکارەساتە ناخۆشەکانی ژیانم شەهید بوونی خاڵم بوو بەناوی(شەوکەتی حاجی موشیر) ئامۆزایەکیشم بەناوی(عەبدولرەحمان مەلاتاهیر) لە٣١ ئاب دا شەهید بوو وشوبرایەکیشم بەناوی(مەجدی حاجی خالید) لە٣١ی ئاب دا شەهید بوو.

خۆشترین رۆژ لەژیانما راپەڕین و لەناوچوونی حیزبی بەعس بوو لەگەڵ لەناوچوونی عودەی و قوسەی کوڕی دیکتاتۆر، ئەوجەلادە خوێنڕێژە بەچاوی خۆی بینی چی بەسەرهات، تۆڵەی هەموو شەهیدەنەمرەکان و ئەنفال و هەڵەبجەی بەسەرەوە ئەڕۆیشت وگەڵ بەریسوایی لەمیدیاکانەوە بینی.

## سەعدیە محەمەد عەلی

سەعدیە محەمەد عەلی ئەو ژنە ماندوو چالاکەی ڕێگای خەباتە، ڕەفتارەکانی ڕژێم کاریگەریی زۆری کردۆتە سەر، دەپرسێت ئاخۆ گژوگیاو داروردەخت چ گوناهێکیان هەبوو تا بەناپاڵم لەڕەگو ریشەوە دەریان بهێنێت؟

من لە (سەید صادق) لەدایك بووم، هەر لەوێش دانیشتووین وەك زۆرینەی کچان کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ (ئەسعەد سلێمان حەمە فەرەج) ناسراو بە (ئەسعەد بیرشکەیی) کاتێك من بوومە هاوسەری کاری ڕێکخستنی دەکرد، دواتر لەساڵی ١٩٨٣دا چووە شاخ بوو بە (پ.م) لە تیپی (١٥)ی شارەزوور، یەکەم ماڵی (پ.م)یەتمان لەگوندی (ڕەزەڵە)بوو.

گوندێکی خۆش و ئاوەدان بوو دیمەنێکی شیرینی هەبوو. لەو گوندەدا بە بەردەوامی میوانداربووم، پاش سێ چوار مانگ مانەوەمان بەرەو گوندی (کاژاو) ڕۆیشتین، کە چووینە کاژاو کوڕوکچێکم هەبوو، کوڕەکەم لەشار مایەوەو ماڵی خەزوورم تەسکەرەیان لەسەر خۆیان بۆ دەرهێنا تا بچێتە قوتابخانە، چونکە ئاسنامەی نەبوو، بەس کچەکەم پێبوو.

لەو گوندەدا ژوورمان دەست نەکەوت ناچار بەماڵی ئێمەو (شەهید ڕۆستەم) گەوڕێکمان دەستکەوت بەنایلۆن بەینمان کردبوو بەشەو تێیدا دەخەوتین. زۆر پیس و پۆخڵ و تاریك و ناخۆش بوو، کە دانووستانی نێوان یەکێتی و ڕژێم بوو گەڕاینەوە گوندەکەی خۆمان (بیرشکە) بۆ شارەزوور، ساڵێك لەوێ بووین تا بن بەست بوونی دانووستاندنەکە، دواتر بەرەو گوندی (سێتەلان) ڕۆیشتین، پاش دوو ساڵ مانەوەمان لەبەر زۆریی بۆردوومان بەرەو گوندی (بەلەکجاڕ) ڕۆیشتین کە مەڵبەندی یەکی لێبوو لەبەر ئەوە بە بەردەوامی لەژێر بۆردوومان‌دا بووین، دوای نیوەڕۆیەك فڕۆکە هاتە سەرمان ئەوەی فریاکەوت چووە کوونە تەیارەوە بەناپاڵم بۆردوومانی کردین، چواردەوری مەڵبەند هەمووی کێلا کەس لای ئێمە پێوە نەبوو، بەڵام ناپاڵمی گەورەی وەهای هاویشتبوو داری لەبن و ڕشەگەوە هەڵکێشابوو، زەوییەکەی زۆر قووڵ کردبوو، کردبووی بەچاڵی ڕەشی زل زل.

هەر هەمان ڕۆژ بۆردوومانی تەکێی کردبوو، بەڵام بە بەردەوامی فڕۆکە بە ئاسمانەوە هەوراوی و تەماوییەکەمانەوە دەسوڕایەوە، لەناچاریدا خەڵکی گوند دەچووینە شاخی (گەچۆڵ) تۆزێك لەناو دێکەوە دوور بوو لەبن شاخەکەدا خەڵك کونی دەکردو هەر کوونەی جێگای خێزانێکی تێدا دەبووەوە وەکو کوونە تەیارە.

کە لەو گوندەدا هاتووچۆمان بکردایە بۆناو شار دەبوایە شەو بکەوتینایەتە ڕێ پێنجی بەیانی دەگەیشتینە سلێمانی. لەگەڕانەوەشماندا بەهەمان شێوە دەبوایە تاریك دابهاتایە و دەکەوتینە ڕێگا لەترسی فڕۆکە گەندەڵەکانی ڕژێم، هاتووچۆمان تەنها لەحاڵەتی نەخۆشیدا بوو.

دواتر باروکۆچمان پێچایەوەو بەرەو گوندی (سەوسینان) تا مانگی گولانی ١٩٨٤ دواتر گەڕامەوە بۆ سەید صادق کە خۆپیشاندانێکی گەورەبوو سی کەس شەهید بوو یەکێکیان بەناوی لەتیف و لەگەڵ کچێکی سەید صادقی و کوڕێکی گەنجدا، خەڵکی داخ لەدڵ بوون لەڕژێم و نەشدەترسان جاش و عەسکەرییەیان دابووە بەر بەرد.

جاشە خۆفرۆشەکانیش بەگوللە وەلامی خەڵکیان دایەوەو فڕۆکەش بۆردوومانی شاخەکانی دەوروبەری سەید صادقی کرد. هاوسەرەکەم چوو بۆ تیپی (بالانێو) ئێمەش بەهۆی حزبی دیموکراتەوە ڕۆیشتین بەرەو هاوار، لەوێ بەپێ کەوتینە ڕێگا بەرەو (هاوار) منداڵەکەشم هەر بەباوەشمەوە بوو لەوێوە بۆ (هاوارە کۆن) لەوگوندە ماینەوە تا شەڕی عێراق ئێران تەواوبوو، لەگەڵ وەستانی شەڕی هەردوو وڵاتدا بەرەو گوندی (شێخان) بەڕێکەوتین پاش سێ چوار ڕۆژ مانەوەمان چووینە گوندی (خانەگا) نزیکە لە (پاوە)وە سێ مانگ ماینەوە، دوا ڕۆیشتنی بارەگای (پ.م) بۆ (دزلێ) ئێمەش چووینە (کانی دینار) تا ڕاپەڕین گەڕاینەوە گوندی (بناوە سووتە) کەپرمان کرد لەو گوندەدا سەرماو تۆفانی زستان نزیک بووەوە بەرەو هەڵەبجەی شەهید گەڕاینەوە.

لەشەڕیشدا ئێمە لەهاوسەرەکانمان زیاتر ناڕەحەتی و سەختی ژیانمان بینیوە، بەلام مەخابن ناوڕێکی ئەوتۆمان لێ نەدراوەتەوە وەکو ژنی شاخ، لەشەڕی ناوخۆدا (شەهید غەفورو شەهید نیازی)یان هێنایە ماڵی ئێمە بە بریندراری لەو زەمەنە سەختەدا، من خزمەتی ئەو بریندارانەم کرد، بەعس و جاش لەوپەڕی دەسەلاتدابوون، لەو کاتەدا لەگوندی (بیڕشکە)دابووین بەشەو پزیشکیان بۆ هێنایەن، کاک غەفور شەهید بوو، بەلام شەهید نیازیان برد بۆ سەرکردایەتی.

تاڵییەکانی ڕۆژگار زۆر لە بیرەوەرییەکانی لەبیر بردوومەتەوە. برایەکم لەساڵی ١٩٧٧دا شەهید کرا، لە میرسوور (پ.م) بوو جاشەکانی (ڕەشەی ساڵح و سالە خەیات) چوونە سەریان. خوشکەزایەکیشم شەهید بوو بێجگە لەکەس وکاری ترمان کە شەهید بوون.

عەتیە عەلی

عەتیە عەلی ئەوژنە ماندوو وکۆڵنەدەرەی ناو زیندانەکانی بەعس بوو، بەهۆی هاوسەرەکەیەوە بەندکرا چونکە بوو بەپێشمەرگە : کەس نەی ئەزانی ئەم ژنە خۆڕاگرە لەچ زیندانێکی ئەم وڵاتەدا بەندە ، ئێستاش ئەم خاتونە باس لەبیرەوەرییەکانی خۆی دەکات .

من وەکو کچێکی کورد هەستی نەتەوایەتیم مانی دام کە هاوسەری (پ.م) هەڵبژێرم بەناوی(محەمەد سابیر سەعید)ەوە، لەرۆژێکی ساڵی١٩٧٤دا ئەوکاتە هاوسەرەکەم (پ.م)ی شۆڕشی ئەیلول بوو، کادربوو لەناوچەی مارەت. لەدوای نسکۆی ١٩٧٥گەڕاینەوە تاماوەیەك ماینەوە، لەگەڵ دامەزراندنەوەی شۆڕشی نوێدا لەساڵی١٩٧٦ هاوسەرەکەم ڕێگای شاخی گرتەبەرو بوویەوە بە (پ.م)، پاش چونە دەرەوەی بەدوو مانگ من گیرام لەلایەن ڕژێمەوە سێ رۆژ لەسید سادق بەندبووم، دوایی هێنایانم بۆ سلێمانی، پاش دووهەفتە بەندێتی ڕەوانەی باشوری عیراقیان کردم ناریانم بۆ بەندیخانەی ناسریە .

من کاتێك بەندکرام هیچ کەسێك نەی ئەزانی لەچ شوێنێکی ئەم وڵاتەدا بەندم ، ئەمن ئاگام لەکەس ما، ئەکەسیش هەواڵی منی ئەزانی، لەوزیندانەدا سێ ژووری پڕ تەنها کوردبووین، من خۆم چوار مانگم لەوزیندانەدا بەسەر برد، بەڵام چۆن بەسەر بردنێك؟

کات نەدەڕۆیشت دەتوانم بڵێم چرکەیەکم بەچەند کاتژمێرێك دەچوو، ژیانمان زۆر سەخت بوو، بهێنە پێش چاوی خۆت منداڵێکی شەش مانگ کەپێویستی بەوپەڕی چاودێری و سەرپەرشتی کردنە، جێگای خەوتنی نەبوو، تەنانەت جلیش نەبوو لەبەری کەم شەوان خۆم دادەنیشتم بۆ ئەوەی جێگایەکی ئارام و فراوان بۆ میدیای کچم دابین بکەم .

سەرەڕای ئەوەش بەوچلەی زستانە پانکەیان بۆدائەگیرساندین هەموومان نەخۆش کەوتبووین، بێجگە لەوەش خواردنەکانمان زۆرپیس بوو هەموومان تووشی سکچوون بووین بەخوێنەوە ، هەرهەمور بەندییەکان باری دەروونی و تەندروستیمان لەوپەڕی خراپیدابوو، دەتوانم لێرەوە بڵێم راستییەکی نەگۆڕە کەدایکی ئازیزم زۆرینەی شارەکانی عیراق گەڕابوو وسەردانی گشت بەندیخانەکانی کردبوو، بۆ ئەوەی من بدۆزێتەوە، لەدواهەمین جاردا بڕیاریداوە لەگەڵ خەزورمدا سەردانی ناسریە بکات ، بەندیخانەکانی ئەوێ بگەڕێت، پاش مانەوەیان بۆ ماوەی(١٢) ڕۆژ دایکم ئەوبەندیخانەیەی دۆزیبووەوە لەکاتی مواجەهەدا لەگەڵ ژنە عەرەبدا خۆی تێهەڵکێش کرد و هاتەژوورەوە ، زۆرباش لەبیرمە لەبەردەم دەرگای ژورەکەماندا کزکز دانیشتبووم هیچ میوایەکم نەبوو، غیرەشم هەبوو بەرامبەر ئەوانەی ئێستا کەس و کاریان دەبینی، لەناکاو چاوم هەڵپڕی دایکم بینی وەکو ئەوەی دایکم لەئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە بەدەوری خۆیدا دەیڕوانی بۆ من دەگەڕا.

منیش لەوكاتەدا بەگەروویەكی توندەوە هاوارم كرد دایكە گیان لەوەلامدا دایكم گوتی وەی گیان تۆ لێرەیت، ئەوچاوپێكەوتنەمان تەنها چەند چركەیەكی خایاندو ڕاستەوخۆ ئەمن و سەربازی عەرەب بەسەرماندا دابارین و دایكمیان بەپاڵ كردە دەرەوە ، هەندێ شیروجل و بەرگی بۆ خۆم و منداڵەكەم هێنابوو، دایكم بە هەزار دەردی سەری چەشتبوو تانەو كەل و پەلانەیان لێوەرگرتبوو، دواییش كەل و پەلەكانیان دایە دەستم .

من بەبینینی دایكم تروسكەیەك كەوتە ژیانمەوەو لەدڵی خۆمدا وتم ئۆخەی شوێنەكەیان دۆزیمەوە، پاش ماوەیەك ڕۆژێكیان سەیارەكی لەقەفەز سەوزەكانی بەندیخانەیان بۆ هێناین و خستینیانە ناوی و بردیانین بۆ بەندیخانەی(فزەیلیە ) لە بەغداد بەندیخانەیەكی زۆر گەورەبوو نزیكەی(١٠٠٠) كەسی تێدا بوو زۆرینەی كوردبوون جێگامان لەولا باشتربوو، دوومانگیش لەوێ بێ چاوپێكەوتن ماینەوە .

ئەو ژوورەی تێیدا بووم پەنجەرەیەكی بچووكی تێدا بوو، ڕۆژێكیان لەوپەنجەرەیەوە سەیری حەوشەكەم دەكرد، بەڕێكەوت چاوم بەدایكم كەوت بەناو حەوشەكەدا دەسوڕایەوەو بۆ من دەگەڕا تابمدۆزێتەوە ، منیش خێرا سەتڵێكم هێناو كەوتمە كۆكردنەوەی زبڵی ژوورەكە ، سەتڵەكەم بردو چوومە حەوشەی بەندیخانەكە تادایكم بمبینێت و بزانێت لێرەم ، كەچوومە حەوشە دایكم بینیمی بەڵام قسەم لەگەڵدا نەكرد، من چوومە گەرماوی بەندیخانەكەو، پەنجەرە هەوایەكەم كردەوەو لەگەڵ دایكمدا ماوەیەكی باش قسەمان كرد، دوای پێنج مانگ بەندێتی ، كورە عەرەبێك من و دایكمی بینی بەیەكەوە قسەدەكەین، زمانی لێداین بۆمان هاتن دایكمیان گرت وتیان تۆ كاغەزی (پ.م)ت پێیە، دایكمیان زۆر ئازاردا، لەدواییدا پاش دوو ڕۆژ ئازادیان كرد، بەكێبڵێكەوە بۆ منیش هاتن وتیان جارێكیتر قسە لەگەڵ هەركەسێكدا بكەیت ئەتكوژین .

دوای ماوەیەك مواجە كرایەوەو خزم و كەس و كار سەردانیان دەكردین، بەندیخانەكەی ئێمە خەڵكێكی كەمی تێدا مابوو، هەندێكیان هاوسەرەكانیان شەهیدبوون و خێزانەكانیان بەرئەدان، هەندێكیشیان هاوسەرەكانیان ئەگەڕانەوە لای ڕژێم و خێزانەكانیان بەرئەبوون من ساڵێك و نۆ مانگ بەبەندێتی مامەوە، هەتا ڕژێم لێبوردنی گشتی دەركرد لەساڵی١٩٧٨دا فەرمانی بەربوونمان دەرچوو، كچە شەش مانگەكەم لەنێو دیوارەكانی زینداندا گەورەبوو.

منیان بردەوە بۆ بەندیخانەی ناسریەو دواتریش بۆ بەندیخانەی سلێمانی و لەوێشەوە هەركەسەو بۆ شوێنی خۆی، من گەڕامەوە ماڵی باوكم بۆ سیروان دوای چەند ڕۆژێك چوومەوە گوندی قاینجە بۆ ماڵی خەزوورم، پاش چەند مانگێك كوڕێكم بوو، هەمدیس ڕژێم كەوتنەوە بانگكردنم، لێیان پرسیم تۆ چۆن منداڵت بووە كوا مێردەكەت، ئەی چۆن خەبەرت لێنەداوە، منیش پێم وتن چۆن من خەبەر لەهاوسەری خۆم ئەدەم باوكی منداڵەكانمە ئەتوانن خۆتان بیگرن .

چەند جارێك بانگیان کردم و لێیان پرسیمەوە، دواتر چوومە ماڵی خوشکێکم، کەگەڕامەوە هەمدیس بانگیان کردمەوە وتیان تۆ لەئێران بوویت. وتم شتی وانیە چۆن چوومە ئێران و گەڕامەوە، ئەگەر وازم لێناهێنی ئەوا بەتەواوی ئەڕۆم، پاش چەند ڕۆژێك موختارەکەی سیروان هات ووتی ئاگاداری خۆت نەبیت هەردووکمان ئەگیرێین من وتومە ڕۆیشتوەو لێرە نەماوە .

بڕیارمدا بەرەو شاخ بڕۆم، بۆ ڕۆژی دوایی لەوکاتەدا هەنگاوەکانم بەرەو دەرگای دەرەوە هەڵئەهێنا، چۆلەکەکانی سەر دارتووە بەرزەکەی ماڵمان گشت ئەیان جریواند، جریوەیەك جیاواز لەجریوەکانی جاران وەك ئەوەی ماڵئاواییم لێبکەن، لەگەڵ دایکمدا بەرەو گوندی (پارەزان) ڕۆیشتین، لەوساتەدا ژیانی شاخ زۆر سەخت بوو لەژێر بۆردومانی فڕۆکەکاندا دەژیاین، لەبۆردومانێکدا (عەبەی مەلا) کە (پ.م) بوو شەهید بوو، لەو گوندەدا ئەوەندەم ناو بەشان هێناو خزمەتی (پ.م) کردبوو جاری وا هەبوو مەفرەزەی (پ.م) بەمانگ و دوومانگ لەماڵی ئێمە بوون، بەجلشتن و نان ئامادەکردن و بەخێوکردنی منداڵەکانمەوە ئەرکێکی زۆرم لەسەربوو، نەخۆش کەوتم و نەشتەرگەری کرام، تازە لەنەخۆشخانە هاتبومە دەرەوە گەڕامەوە شاخ و بەرەو ئێران ڕۆیشتین، ئەمەش لەسەرەتای ساڵی هەشتاکاندا بوو، سواری وڵاغ بووم بەرەو(کۆلنان و چەوتان) لەژێر کرێوەی زریان و تەمی بەفری ئەو زستانە سەختەدا خۆم و منداڵەکانم لەوڵاغەکە کەوتینە خوارەوە، ڕێگاکە ئەوەندە سەخت بوو شەومان بەسەرداهات.

درەنگانێ گەیشتینە گوندێکی سەرسنوور، ئەوشەوە لەوێ خەوتین، هاوسەرەکەم هات بەشوێنمانا بردینی بۆ گوندی(بەردەڕەش)، ساڵێك ماینەوەو هاوسەرەکەم بەئیش گەڕایەوە بۆ شارباژێڕ، ماڵمان بردە (چناری باسك) شەش حەوت مانگ لەوێش ماینەوە کە دانوستانەکەی بەینی یەکێتی و ڕژێم دەستی پێکرد، ئێمەش هاتینە خوارەوە بۆ شارەزوور .

کەشەڕ دەستپێکردەوە، لەڕۆژێکی باران و لێزمەدا هەمدیس بەسواری وڵاغ بەرەو ئێران ڕۆیشتین، نزیکەی ساڵێکی تر ماینەوە لەئێران، دواتر هەمدیس گەڕاینەوە شارباژێڕ گوندی(ڕەزڵە) گوندێکی زۆر خۆش بوو، هەمووی باخی گوێز و درەختی بەرداربوو، پاش ماوەیەك هەمدیس کۆچ و بارمان گواستەوە بۆ (سەرگەڵو)، لەوێش بەومنداڵە وردانەوە لەژێر سەختی بۆردوماندا ئەمانناڵاند، هاوسەرەکەم گوێزرایەوە بەری قەرەداغ، ئەمجارە کۆچ و بارمان بردە گوندی (سێوسێنان) .

چەند ڕۆژێك بوو ماڵمان لەوگوندەدا بوو، ماڵی دراوسێیەکمان بەتەمای ژن مارەکردن بوون بۆ کوڕێکیان، لەکاتژمێر دووی نیوەڕۆدا فڕۆکەکانی ڕژێم هاتن ڕەسەدی گوندەکەیان گرت و ڕۆیشتن، پاش ماوەیەك درانە بەرتۆپ، ماڵەکەی دراوسێمان دووسێ سەرحەیوانیان سەربڕیبوو بۆ شاییەکەیان، یەکەم تۆپ دای بەوماڵەدا سیانیان لێ شەهید بوو، گۆشتی خۆیان و گۆشتی حەیوانەکانیان تێکەڵ ببو، کوڕێکیان تازە قوتابخانەی تەواو کردبوو

گەڕابویەوە گوندەکەیان پارچە پارچە بوبو، بە پارچەی تۆپەکە دایکی و خوشکێکی لەگەڵ دوو کچی دراوسێیاندا شەهیدبوون، کوڕو کچێکی منیش بەخەستی برینداربوون، کوڕەکەم بەناوی(فیدا)وە پارچە بەرپشتی ملی کەوت چاوێك و گوێیەکی ئێستاش باش نیشناکات، کچەکەشم بەناوی(شەیدا) پارچە بەرسنگی کەوت هەردووکیان زۆر هیلاك بون گەیاندمانەوە سلێمانی لەوێ وتمان پارچەی تۆپی ئێران لێیداون بۆ ئەوەی چارەسەریان بۆ بکرێت .

ئەو پزیشکەی کەنەشتەرگەری بۆ کردن و تەداوی دەکردن کەزانی منداڵی (پ.م)ن زۆر زۆر یارمەتیداین، بەڵام مەخابن ناوی ئەوپزیشکە بەڕێزەم بیرنەماوە تاڵەم ئامیلکەوە سوپاسی بکەم.

لەورۆژە سەختانەدا ژیانی خۆیان دەخستە مەترسییەوەو چارەسەری ئێمەیان دەکرد، پاش ماوەیەك کەمنداڵەکانم تۆزێ بەرەو باشی چون گەڕامەوە سەوسێنان، ئینجا کۆچ و بارمان بردە (بەلەکجاڕ) لەوێش هەر لەژێر بۆردومانداوین، دواتر بەرەو گوندی (دووکان)و(دوکەرۆ) رۆیشتین، دواتر لەوەرزی هاوینی١٩٨٧دا بۆجاری سێهەم خۆم و منداڵەکانم بەرەو ئێران رۆیشتین .

لەهەڵەبجەی کۆنەوە بەرەو هاوارو لەوێوە چوینە پاوەو دواتر چوینە ئۆردوگای (ڕەوانسەر) لەوێشەوە بۆ (کانی دینار) تاڕاپەڕینی١٩٩١ گەڕاینەوە بۆ شارەزوور.

من بەهۆی ئەو چەند ساڵ خەبات و شاخەو شاخ و رۆیشتن بەناو بەفرو هیلاکی و ماندوبوون و بەرسەرماکەوتن و گەرماکەوتن، چوارجار نەشتەرگەری گورچیلەم کردووە ، توشی کۆمەڵێ نەخۆشی بووم وەکو پەستانی خوێن و شەکرە و فەقەرات و ئیسقان لەبن پێم هاتووە .

فاتمە یار ئەحمەد

لەمیانەی خوێندنەوەی ئەو دەقەی کە لەلایەن فاتمە یارئەحمەد بۆم هاتووە، بەئازارترین بەشی لەبیری مندا ئەوەیە کە خۆزگەی دەخواست توانای خوێندن و نوسینی ببوایە خۆی بەباشترین شێوە ڕوداوەکانی بنوسیایە بۆ ئەوەی نەوەکانی ئەمڕۆ کەبەئازادی پەروەردەدەبن، پێویستە بزانن ئەو ئازادییە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووەو هاتوەتە بەرهەم.

من لە(شارەزوور) هاتومەتە ژیانەوە، زۆرم حەز بەئازادی و رادەربڕینی خۆم بوو، هەرئەوەش وایلێکردم بڕیاربدەم لەگەڵ مرۆڤێکی شۆڕشگێڕدا بژیم، بەساڵێك پێش چوونە ژیانی هاوسەریم لەگەڵ(حەمە عەلی یارئەحمەد)، هاوسەرەکەم لەلایەن سەرانی رژێمەوە گیرا وزیندانی کرا، پاش بەربونی کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوەو ژیانی شاخمان گرتەبەر، یەکەم ماڵی (پ.م)یەتیمان لەشاخ لەگوندی کۆرە بوو لەبناری قەرەداغ .

یەکەمجار چەند کەسێکی شانەکانی رێکخستنی(ی.ن.ك) هاتنە ماڵمان ئەوانەیش( شەهید غەفور دەروێش، حەمەی حەمەسەعید، شەوکەت حسێن). لەساڵی١٩٨٣دا بەتەواوەتی پەیوەندیم لەگەڵ ماڵی باوکم پچڕا نەمدەتوانی بەهیچ شێوەیەك بیانبینم، چونکە ناوی من و چەند ژنێکی تر لەلای رژێم هەبوو بەتایبەتی لەخاڵی پشکنینەکاندا.

کەلەبناری قەرەداغ بووم بووین بەخاوەنی سێ منداڵ، هەموو بەیانییەك لەگەڵ سپێدەدا، خواردنم ئەدا بەکۆڵمداو منداڵم دەخستە قەڵادۆشکان ئەچووین بەرەو(ئاوەکەڵەو سێ تەلان)، لەوێ خەڵکی کەم لێبوو، خۆمان لەمردن ئەشاردەوە، وەك کردارە چەپەڵەکانی رژێمی بەغداد، هێرش لەسەر هێرش دەکرایە سەر ناوچە ئازادکراوەکان، هێزی (پ.م) ئازایانەو شێرانە روبەڕوویان دەبوونەوە، ناخۆشترین کارەسات لەدەرونمدا شەهیدبوونی (پ.م)یەکی رۆح سوك و بەجەرگی نیشتمانپەروەر بەناوی(نەوشیروان محمەد)کە شەهید بوو، (پ.م)کان داوایان لەمنکرد بچم بۆلای حیزبی دیموکراتی ئێران بۆ ئەوەی تەرمەکەی بهێنینەوە، بۆ بەیانی تەرمەکەیم هێنایەوە.

ئێمە هەرلەقەرەداغ بووین کە هاوسەرەکەم بەبڕیاری سەرکردایەتی چوو بۆ ئێران، ئەمەش بۆ من زەحمەت بوو بەتایبەتی لەکاتی بۆردومانەکاندا، هەروا مایەوە تا(٢٠)ی جۆزەردانی١٩٨٧ پێش سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکەی هەڵەبجەی شەهید ئێمە لەگەڵ کۆمەڵی ماڵە (پ.م)دا کەوتینە رێگا بەرەو (هەوارەکۆن)، بڕیارماندا ڕوبکەینە کوردستانی رۆژهەڵات، لەهەرەیادەوەرییە ناخۆشەکانم لەم رێگایەدا، کۆپتەر بەسەرسەرمانەوە بوو زۆر بەنزمی دەفڕی، ئێمەش هەموومان شڵەژابووین، لەم سەرلێتێکچوونەدا کەدوو جگەر گۆشەکەم(ئایار و ئەشمیل)م وون بوون، لەوکاتەدا پێنج منداڵم پێبوو، هەموو (پ.م)کانی ئەوسنورە بۆمان دەگەڕان. بەڵام دیارنەبوون هەتانزیك بوینەوە لەباخەکانی هەوارەکۆن

پیاوێك منداڵەکانی هێنایەوە بۆمان کە دۆستی یەکێتی بوو، ئێمە تائێستا سەردانی دەکەین، پاش دۆزینەوەیان چووینە ئەودیو سنور لەناوچەی(سەریاس) سەربەشارەوانی پاوە نیشتەجێ بووین، ژیانی ناوئێران ژیانێکی ناخۆش و سەخت و دوورلەکەس وکاربووین، بەتایبەتی بۆ من کەلەعیراقیش بووم نەمدەتوانی سەردانی کەس و کاربکەم لەترسی چنگەرەشەکانی رژێم.

لەئێران ماینەوە تاراپەڕینی ١٩٩١ئێمەش وەك گشت ماڵە (پ.م)کانی تر گەڕاینەوە کوردستانی باشوور، هاتین لەهەڵەبجە نیشتەجێ بووین، دوای سەرهەڵدانی ناکۆکی نێوان ئیسلامی و یەکێتی بەماڵەوەهاتین بۆ سلێمانی، بەڵام ئەوەبوو لە٣١ی ئابی١٩٩٦دا جارێکی تر رومان کردەوە سنور لەناوچەی سەیران بەن نیشتەجێ بووین، دوای ماوەیەك چوینە باشماخ، دوای دەست پێکردنی(گەردەلولی تۆڵە)جارێکی تر گەڕاینەوە ماڵەکانی خۆمان، بەڵام چۆن ماڵێك وێران و تاڵان کراو، راخەر نەمابوو لەژێرمانا رایبخەین.

من وەکو خۆم خۆشەویستیم بۆ شۆڕش و بۆ ئازادی بۆ خاکەکەم گوێم نەئەدا بەکۆسپ و ناخۆشییەکانی ژیان، بەڵام ژیانی شاخ بەچەند لاپەرەیەك تەواو نابێت، بێگومان(٢٣) ساڵ ژیانی ناوشاخ و (پ.م)یەتی هەروا بەئاسانی ناتوانین لێی بدوێین، خۆشحاڵ دەبووم ئەگەر خوێندەواریم هەبوایە بەتەواوەتی بیرم بکردایەتەوە، ئەو رۆژانەم لەسەر پەڕەی کاغەز دابڕشتایە بەتێروپڕی بەتایبەتی لەدوای لەگۆڕنانی(سەدامی دیکتاتۆر)، هیوادارم ئەمڕۆ لاوەکانمان بتوانن ئەو بۆشاییانە پڕبکەنەوە ئەوەی ئێمە نەمانتوانی جێبەجێی بکەین کوڕ و کچانی کورد ئەوەی نوێ بەتواناوە دروستی بکەن، من زۆر خۆشحاڵم کە ئێستا گەنجانمان ئەتوانن بەئازادی بنوسن، بخوێنن و رادەربڕن، بۆیە هیواخوازم ئەوەی نوێ ببێتە دەستپێشخەری دیموکراتی بۆ ئایندەی کوردستان.

## لەیلا رۆستەم

لەیلا رۆستەم هەرگیز ئەو یادەوەرییەی لەیادناچێت، کە ئێوارەیەکیان دەمەوخۆرئاوابوون، جاشەکان چوونەتە سەر ماڵەکەیان و شەقێکیان لەو رادیۆیە هەڵداوە کە دەنگی گەلی کوردستانی پەخشدەکرد.

لەگوندی قەیەفەری لەدایکبووم، لەسەیدسادق نیشتەجێبووین، من لەخێزانێکی کوردپەروەردا گەورەبووم، مەجید رۆستەمی برام لەڕێکخستنەکاندا کاریدەکرد، ئەوەبوو جاشەکانی(رەشەی ساڵح) زانیبویان کە براکەم کاردەکات، جارێك شتی بردبوو بۆ (پ.م) دوایکەوتبوون و گرتبوویان و بردبوویان بۆ ئەمن، ئێمەش هەموو شوێنێکی بۆ گەڕاین، بەڵام هەر بێسەروشوێن بوو، هەتا هەواڵمان بۆ هات کە(٢٠) ساڵ دادگاییکراوە لە(ئەبوغرێب)، چووین بۆ سەردانی، ئەوەبوو لەساڵی١٩٨٧دا بەلێبوردنی گشتی بەربوو، براکەم منی دا بەژن بۆ خۆی، بەو مانایەی کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ(فوئاد کەریم رەزا) کە بەشێوەیەکی نهێنی لەڕێکخستنەکاندا کاریدەکرد، تاساڵی ١٩٧٨ لەخۆپیشاندانەکانی (سەیدسادق) ئاشکرابووین و چووینە شاخ وبەرەو ناوچەی قەرەداغ گوندی(شێوەی قازی) رۆیشتین، لەبەر زۆری بۆردومانی ناوچەکەو بەبەردەوامی فڕۆکە جەنگییەکانی عیراق بەسەرمانەوەبوون لەو گوندەدا خانوومان دەست نەکەوت، بۆیە ناچار چووینە گەوڕی وڵاغەوە، من لەوکاتەدا سێ منداڵم پێبوو، هەمیشە بەتانییەکی تەڕکراو لەژوورەکەماندا هەبوو، چونکە زۆر ترسی کیمیاییمان هەبوو، لەوێ ژیان زۆر قورسبوو، پاش سێ مانگ مانەوەمان بەرەو گوندی (ئەستێڵی خواروو) رۆیشتین، کە لەوێ بووم لەکەپرا دەژیاین، هەمیشە لەخزمەتی هێزی (پ.م)دا بووین، هەمووومان وەکو خوشك‌وبرا دەژیاین دوای مانەوەمان بەسێ مانگ بەرەو گوندی(بەلەکجاڕ) رۆیشتین لەو گوندەدا بۆردومانمان زۆر لەسەربوو پاش شەش مانگ مانەوەمان دواتر چووینە گوندی(وێڵە) پاشماوەیەك مانەوەم بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ(سەیدسادق) بۆ ماڵی خەزوورم، هاوسەرەکەشم لەشەڕدابوو ئێوارەیەکیان خەزوورم رادیۆکەی کردبۆوە گوێی لەپەخشی دەنگی گەلی کوردستان دەگرت، ئەوەندەمان نەزانی جاش هات یەکسەر شەقێکیان لەڕادیۆکە هەڵدا بەخەزورمیان وت دەتکوژین تۆ باوکی (پ.م) یت، ئێمەشیان کردە ژوورەوەو گلۆپیان لێ کوژاندینەوەو ئازارێکی زۆریاندایین، دواتریش ئەو بێشەرمانە، نانی ئێوارێیان پێنامادەکردین، بەڕاستی جاشەکان زۆر خراپبوون لەگەڵ خەڵکەکەدا و پاش ماوەیەك هاوسەرەکەم هەواڵی بۆ ناردم بچم بۆ قەندیل، ئەوەبوو خەزورم منو منداڵەکانی برد بۆ(رانیە)و دواتریش چووین بەرەو(سەنگەسەر)، کە گەیشتینە بازگەکە، سەیرێکی منیان کردوو وتیان تۆ ژنە (پ.م)یت بۆت نییە بڕۆیت، خەزوریشم لەگەڵماندا دابەزیو گەڕاینەوە سەنگەسەر لەوێ وتیان منداڵێك

دەتوانێت بەپشتی بازگەکاندا بتبات، ئەوەبوو خەزورمو سەیارەکە دوور لەبازگەکەوە وەستان من بەپێ بەپشتی بازگەکەدا رۆیشتم، دواتر سواری سەیارەکە بوومەوە، دواتر لەبارەگایەکی دیموکرات پشوماندا و نانمان خواردوو بردیانین بۆ(پشت ئاشان)، شەوو رۆژێک ماینەوە، بەلام ولاغمان دەست نەکەوت، پاش چەند مانگێک لەیەکتریی دابڕان هاوسەرەکەم بینییەوەو خەزوریشم گەڕایەوە بۆ سەیدسادق، دواتر بەرەو قەندیل رۆیشتین هەموو شاخەکە بەفربوو هەموو دەلەزین لەسەرماندا، زۆریش لەڕەقبوونەوە دەترساین، لێومان سپی ببوو، هەر دەمانڕوانی‌و بەفربوو، ناوچەکە سپی دەچۆوە، بەڕاستی سەیرکردنیشی ئازایەتی دەویست، منیش منداڵەکانم خستبووە توویەرەی ولاغەکانەوەو درێژەمان بەڕۆیشتنەکەماندا، لەڕێگابووین لەناکاو منداڵێك کەوتە خوارەوە بۆ ناو ئاوی چەمەکەو ئاو لوول داو بردی، دواتر گەیشتینە گوندی گوێزێ‌و دواتریش بۆ(قاسمەڕەش)، ئەوەبوو پارەمان بۆ سەرفکراو چووین بەرەو ناوچەی شلێرو لەوێ کەپرمان دروستکرد، لەدەرەوەی کەپرەکە هەرزاڵمان دروستکردبوو کە شەوان لەوێدا دەخەوتین لەترسی مارو دووپشك.

منو هاوسەرەکەم لەوێ ماینەوە بڕیارماندا خانوو دروست بکەین، بەلام هەواڵمان بۆ هات کە رژێم بەرەو ئەو ناوچانە دێت، بۆیە ئێمەش رامانکرد بەرەو(سەردەشت)و لەوێشەوە بۆ مەریوان، لەگەڵ وەستانی شەڕی(عێراق-ئێران)دا چووینە کانی دیناروو لەوێ منداڵێکم بوو، ئێمە ئاوارەو دەربەدەری ولاتان بووین، زۆر هەژارو کەم دەرامەت بووین، ژیانمان زۆر سەختبوو هاوسەرەکەم گشت کات لەجەولەبوو، جاری وا هەبوو بەدووسێ مانگ هەر نەم نەبینییەوە، دوای راپەڕین گەڕاینەوە بۆ سەیدسادق‌و ئێستا خۆم‌و هاوسەرەکەم خانەنشینین، ئێمە هەژاریی‌و دەربەدەریی‌و شاخەوشاخی زۆرمان بینی‌و رەنجماندا، بەلام نە خۆم‌و نە هاوسەرەکەم وەکو پێویست ئاوڕمان لێنەدراوەتەوە.

## مەحسوم مەحمود حەسەن

مەحسوم مەحمود حەسەن ئەوژنە خاوەن هەڵوێستەیە کەگەورەترین خەونی چوونە شاخ و بەشداری کردن بوو لەکارەسات و ناخۆشیەکانی گەلەکەیدا.

من لە خێزانێکی کوردپەروەری (ناوگردان)ی شارەزوور هاتوومەتە ژیانەوە، لەساڵی ١٩٨٢دا پەیوەندیم کردووە بە رێکخستنەکانەوەو لەخۆپیشاندانەکانی(سەیدسادق) بەشداریم کردووە، هەرلەوخۆپیشاندانانەدا بەشی خۆمان قوربانیمان هەبوو، ئێمەی کورد هەرلەبچوکترین جوڵانەوەمانداو داواکردنی ئازادیدا کۆمەڵێ قوربانیمان داوە، پێنج شەهیدو پانزە بریندارمان هەبوو، من بۆ کارکردنم لەرێکخستنەکاندا باوکم هاندەرم بوو، چونکە مرۆڤێك بوو زۆر دڵسۆز بوو بۆ نیشتمان، خۆیشم زۆرم خاکەکەمو گەلەکەم خۆش دەویست، هەربۆیەش رێبازی شۆڕش و شاخم پێخۆش بوو.

لەرۆژێکی ساڵی ١٩٨٤دا هاوسەری (پ.م)م هەڵبژارد بەناوی(غەریب سەعید رەحیم) کەناسراوە بە(مام غەریب)، هاوسەرەکەم لەساڵی ١٩٧٧وە (پ.م) بوو، کەمن بوم بە هاوسەری معاون کەرتی تیپی ٢١ی سلێمانی بوو، یەکەم ماڵی (پ.م)یەتیمان لەگوندی(نۆدێ)بوو، کەچوومە شاخ گەورەترین خەونم هاتەدی، چونکە حەزم دەکرد وەکو ژنێکی شاخ و ژنێکی خاوەن هەڵوێست، بەشداری کارەسات و ناخۆشییەکانی گەلەکەم بکەم، دووهەم رۆژم کە هاتبوومە دەرەوە چوار دەهەمین ساڵەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو، بەشداری ئەو ئاهەنگەم کرد کەلە گورگەدەر ئەنجامدرا.

دوای چوار مانگ مانەوەمان بەرەو(گورگەدەر) رۆیشتین، لەو گوندەدا کوڕێکم بوو بەناوی(هەردی)، ئێمە بەنیازی ئاهەنگ گێڕان بووین حەیوانێکمان کڕی، کەچی لەگەڵ سپێدەدا ٥ی حوزەیرانی ١٩٨٥ شەڕی کەتوو روی دا، لەوشەڕەدا شەهیدو بریندار زۆر بوو، هاوسەرەکەشم لەشەڕدا بوو من زۆرترسام، بەو نەخۆشییە هەستام چوم بۆ ماڵی(شفە خان)ی خێزانی(مامۆستا جەمال)، وتی تۆ بەم نەخۆشییە بۆ هاتویت تازە منداڵت بووە، بەڵام خۆشبەختانە هاوسەرەکەم لەشەڕ گەڕایەوە.

دوای رۆژێك هەموو خێزانی (پ.م)کان بەرەو شار گەڕانەوە، منیش بەرەو سەید سادق بەڕێکەوتم بۆ ماڵی باوکم، بەڵام لەوێش بەهۆی تۆپبارانی شەڕی عیراق و ئێران نەحەساینەوە سەرەڕای ئەوەش جاش زمانی لێدام بۆیە لەگەڵ ماڵی باوکم گەڕامەوە بۆ گوندی ناوگردان، هاوسەرەکەشم هەرلە شەڕدابوو، تەمەنی کوڕەکەم ببوو دوومانگ، گەڕامەوە بۆ شاخ بەرەوگوندی(کۆشکی قەرەداغ) بەڕێکەوتم، لەو گوندەدا خزمەتێکی زۆری (پ.م) و کەسی کاریانم دەکرد، هەرلەو گوندەشدا لەشاخی گڵەزەردە شەڕ رویدا (پ.م)یەك شەهیدبوو بەناوی(عومەرە سور) خۆم کفنەکەم بۆ دروی.

ئامانگی رەزبەری ١٩٨٥دریێژەمان بەژیانماندا لەوگوندەدا دواتر بەرەو گوندی( تەکێ) قەرەداغ کەلەوگوندەبوین هاوسەرەکەم بەشداری گرتنی سەنگاوی کرد، لەهەمان رۆژدا کۆپتەر هەستایە سەرمان و رەسەدی گرت، بەڵام بۆردومان نەکراین لەهەمان کاتدا

جاشەکانیان گرت، کاک سامان گەرمیانی (پ.م)کانی بانگ کردو یەکی سەرو پەڕۆی سپی بەست بەقۆڵیانەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ جاشەکاندا تێکەڵ نەبن، بەڵام جاشێکی پیر دەرپێی سەرخەرمانەکەی خۆی دڕیبوو پەڕۆیەکی سپی کردبووە قۆڵی بەڵام زوو ناسرایەوە کە ئەوە جاشە.

لەمانگی ڕێبەندانی ١٩٨٦دا چووینە گوندی (بەڵخە)، هاوسەرەکەم بوو بەئامر کەرتی سێ لەشەڕی(شاخی زەرد)دا بەشداری کرد کەلەکۆتایی مانگی گوڵانی١٩٨٧دا بوو، لەسپێدەدا کە (پ.م)کان بەئاگاهاتنەوە (شاخی زەرد) گیرابوو بەفڕۆکە سەربازیان دابەزاندبوو (پ.م)کانیش هەڵۆئاسا شاخەکەیان لەداگیرکەران پاککردەوەو سەربازە دیلەکانیان هێنا بۆ ماڵی ئێمە، هەموویان دەگریان، منیش پێم وتن خەمتان نەبێت هیچتان لێ ناکەن قەڵەوتان دەکەن و پاش ماوەیەک بەرتان ئەدەن.

لەوگوندەدا پەیوەندیم هەبوو لەگەڵ(کافیە خان و تارا خان)ی خێزانی کاک سامان، هەرلەو گوندەدا لەساڵی١٩٨٧داکچێکم بوو بەناوی (ڕێناس) لەبەر شەڕو لێپرسینەوەی توندی بازگەکانی ڕژێم و هاتوچۆی شار دەبوایە لەشەودا بوایە، ئەمتوانی سەردانی شاربکەم و دەرزی شەلەلی لە کچەکەم بدەم ئێستا کەم ئەندامە.

دیاربوو ڕژێم زۆر داخی گرتنەوەی شاخی زەردی لەدڵدا بوو، لەوکاتەی تەمەنی کچەکەم سێ ڕۆژ بوو جەیش و جاش هێرشێکی بەرفراوانیان کردو بەفڕۆکەی سیخۆ کەوتە بۆردومان کردنمان و قومبەلەی(عنقودی) (هێشوویی) بەکاردەهێنا، حەرشەی ماڵەکەی ئێمەش بێبەش نەبوو لەودیارییەی ڕژێم وەک هەموو ڕەفتارەکانی تری.

پاش ماوەیەکی تر سەرقاڵی ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆ بووم لەناکاو هەستم کرد کەفڕۆکە بەسەر ئاسمانە ساماڵەکەی گوندەکەماندا دەسوڕێتەوە، بەپەلە خۆم و منداڵەکانم چووینە کونەتەیارەکەوە، لەهەمووی ناخۆشتر کەجەنجاڵی کردبووم، لەپەلەپەلدا فریانەکەوتم غازەکە بکوژێنمەوە، لەوەدەترسام ساروخێک بدات بەماڵەکەداو زیانێکی گەورە لەگوندەکەش بدات، بەڵام خۆشبەختانە ئەو جارەش ڕزگارمان بوو.

ژیانمان لەو گوندەدا زۆرسەخت و پڕئازار بوو هەربۆیەش چووین لە(دەشتی حەمە شاوك)کەپرمان کرد، ئەودەشتەش زۆر چڕ وپڕبوو لەداربەڕووی گەورە گەورەو تاشەبەردی زل زل کەسێبەری دارەکان ئەیدا بەئاشە بەردەکاندا دیمەنێکی جوان و شیرینی هەبوو، بەسۆندەش ئاومان رادەکێشا و تەپەتۆری ئاوەکەشمان بەقوڕ سواخ دابوو، تەنکی ئاوەکەش لەگوێنیمان گرتبوو لەترسی فڕۆکەکانی دوژمن کەبەسەرئاسمانی ئەودەشتەدا ئەفڕین نەوەك لەبەرزاییەوە بمان بینن و بۆردومانمان بکەن، دوای دوو مانگ مانەوەمان بەرەوگوندی(سۆڵە) ڕۆیشتین، کەلەوگوندەبووین هێزی (پ.م) قەرەداغی گرتبوویەوە، ڕژێم کیمیاوی کرد بەچەمی سمۆرو ئەستێل و هەندێ گوندی تردا.

دوای مانگێك مانەوەمان ئەوەبوو تیپی(حەمە مۆریاسی) هاتە ناوشۆڕش، مەڵبەندیش کۆمەڵێ (پ.م)ی کۆنیان تێکەڵ ئەو تیپە کردو ناردیانین بۆ ناوچەی شلێر، هاوسەرەکەشم

تێکەڵ ئەو تیپەکرا، من گەڕامەوە سەید سادق بۆ ماڵی باوکم، پاش(٢٠) ڕۆژ ماتەوەم بەرەو سنور کەوتمەڕێ .

لەبازگەی سەید سادق وەستانیانین، منیش یەك ئەلبوم رەسمی (پ.م)م پێبوو، لەراستیدا زۆرترسام وتم ئەگەر جانتاکەم بپشکنن ئەگیریم، بەڵام خۆشبەختانە ئەوکاتە شەڕی عیراق ئێران بوو لەوساتەدا یەك تۆپ دای بەولای بازگەکەی ڕژێمدا سەربازەکان لەترسی تۆپەکە رایانکرد، ئێمەش سواری سەیارەکە بووینەوەو ڕۆیشتین .

ئێمە سیانزە خێزانی (پ.م) بوین شەوێك لەهەڵەبجە ماینەوەو لەگەڵ سپێدەدا بەرەو هاوار ڕۆیشتین، سێ ڕۆژی سەختی بێ وێنەمان لە هاوار بەسەربرد بێ خواردنو بێ جل هەمووومان لەحاڵەتی رەقبونەوەدا بووین، بەرەو گریانە و شێخان و پاوە ڕۆیشتین، دوو شەو لەماڵی مامۆستا جەمال ماینەوە بڕیارماندا بەرەو سنە بڕۆین، شەو لەئوتێل ماینەوە لە(ساوجی) مەریوان دوای دابڕانێکی زۆر هاوسەرەکەم بینییەوەو کەلو پەلی ناوماڵمان کڕییەوەو چوین بۆ گوندی(وێنە) لەناوچەی(شلێر) لەوێ ماڵمان دانا .

پاش پانزە ڕۆژمان بەئارامی لەوماڵە خنجیلانە بەسەر برد، لەناکاو هەواڵی مردنی برایەکی هاوسەرەکەم مان پێگەیشت ئێمەش بەسەختییەکی زۆر گەڕاینەوە بۆ سەید سادق بۆ پرسەکەی، منوهاوسەرەکەم بەئیختفا پێنج ڕۆژ ماینەوە زمانمان لێدراو جاشو سەربازەکانی ڕژێم بۆ هاوسەرەکەم چوبوون، ئەویش رایکردبوو دەرباز بوبو، منیش لەماڵی باوکم بووم دەلیل هات بەشوێنماندا بۆ ئەوەی بمانبات بۆ ئۆردوگای (شانەدەر)، منیش لەگەڵیان گەڕامەوە دواتر بەشاخە سەختەکەی سورێندا سەرکەوتینەوە ئەوەش پێنج کاتژمێری خایاند، لەوێشەوە بەسەیارە گەڕاینەوە بۆ(وێنە) پاش ماوەیەکی کەم هاوسەرەکەم چوبوو بۆ(حملەی سەرکردایەتی)منو منداڵەکانم بەتەنها ماینەوە، هاوسەرەکەم چاوی بەکیمیاوی کوێر ببوو، ( شنەخانی خێزانی مامۆستا جەمال) خزمەتی زۆری کردبوو.

پاش ماوەیەکی کەم هاوسەرەکەم بانگکرایەوە بۆشەڕی مەڵبەندی سێ تاوەستانی شەڕی عیراق ئێران نەمدییەوە، لەبەرئەوەی گوندەکەمان لەسنوور بوو وتیان دەبێ زوو چۆڵ بکرێ، بۆیە منیش بەرەو گوندی (باڵان) ڕۆیشتم لەوێشەوە بۆ (ساوجێ)، دوای شەوێك مانەوەمان چووین بۆ(مەریوان) سێ مانگ ماینەوە، کە هاوسەرەکەم هاتەوە چوینە(چوچەسازی) سێ ساڵ ماینەوە تاراپەڕینی ١٩٩١، دواتر لەراپەڕینو ئازادکردنی شارەکاندا گەڕاینەوە سلێمانی.

دوای شەهیدکردنی باوکم لەشەڕی ناوخۆدا کە ئەوەش کارەساتێکی زۆر ناخۆش بوو بۆمن، نەمتوانی لەسلێمانی بمێنمەوەو بەرەو سەید سادق گەڕامەوە، تائێستاش لەوێ دەژین، ئێمە هەوڵێکی زۆرماندا، ماندوبونێکی زۆرمان چێشت، بەڵام بەری رەنجی ژنی شاخو (پ.م)ی دێرین راپەڕینو ئازادی بوو.

## نەسرین محەمەد مارف

نەسرین محمد مارف ئەوژنــە بوێـرو گیـان فیداکـارە بـوو، کەمنداڵەکـەی بـەکۆڵیدا دابەستبوو، چەندین کاتژمێر بەناوشاخی بەفرین‌و لەژێر گەردەلولی تەم‌و مژاوی بەفردا پێنج شەوڕۆژ لەژێر بۆردومانێکی قورسدا دەڕۆیشت، ڕێگای ئاوارەی گرتبووە بەر، بۆ دەربـاز بوون لەدەست ڕژێمی بەعس، ئێستاش ئەوخاتوونە بەڕێزە لەزاری خۆیـەوە باسی ڕۆژانی شۆڕش‌و خەباتمان بۆ دەکات.

لەڕۆژێکی ساڵی١٩٦١دا لەگوندی(ئاوگران)ی ناوچەی شارەزوور لەدایك بووم، پـاش ئەوەی هەستم کرد کە خۆشەویستی بۆ نیشتمان زۆر گەورەترە لەخۆشەویستی بۆ ژیان، بۆیە لەساڵی١٩٧٩دا بەشێوەیەکی نهێنی پەیوەندیم کرد بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵـەوە، دوای بڕینی حەلقەی ڕۆشنبیری، شەرەفی ئەندامێتیم پێ بەخشراوە، بووم بەئەندامی دووشانەی سەرەکی شەهید وەستا ئەنوەر.

من بەهۆی بیروباوەڕەوە هاوسـەری (پ.م) هـەڵبژارد لـەمانگی سـەرماوزەی ساڵی١٩٨٤دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە، هاوسەرەکەم ناوی ئەحمەد ڕەزایە، بەرەو شاخ ڕۆیشتم یەکەم ماڵی هاوسـەریم لـەگوندی(کـانی بەردینـە)ی سـەربەناحیەی سـەرچناربوو، نـۆ ڕۆژ ماڵمـان لەوگوندەدا بوو دانوستانەکەی بەینی(ی.ن.ك)و ڕژێم لەتێکچونەوەدا بوو، ئێمەش ماڵەکەمان لێشێواو هەریەکەمان بەرەولایەك ڕۆیشتین، دیارە کۆچ‌و بارمان بردە گوندی(ئاوگردان) ئەو ماڵەشمان(١٥)ڕۆژی خایاند، من گەڕامەوە ماڵی بابم ئەوگەڕانەوەیەم دوومانگی خایاند.

پاشـان بـەرەو گونـدی(ئـاوەژێ) ڕۆیشـتم ئـەمجارەش لەگـەڵ هاوسـەرەکەمدا یـەکترمان بینیەوە، بۆ ماوەی هەفتەیەك لەماڵی هاوڕێیەکی بوین ماڵەکەی خۆی دایناێ، پاش شانزە ڕ ۆژ ماڵێکی ترمان هـەر لـەئاوەژێ دانایـەوە، وەنـەبێت تەمـەنی ئـەم ماڵـەمان لەماڵـەکانی تـر درێژتربێت، پـاش(٢٣) ڕۆژ ئـەو ماڵـەشمان بـەجێ هێشـت، چونکـە هـێزی (پ.م) بۆجـەولـە ڕۆیشت، منیش گەڕامەوە بۆ گەرمیان بۆ حەشاردان لـەماڵی کـەس‌و کاردا، پاش سێ مانگ لەیەکتردابڕان هاوسەرەکەم نامەیەکی بۆ نـاردم کەبگەڕێمـەوە بـۆ گونـدی ئـاوەژێ، منیـش یەکسەر گەڕامەوە بەڵام بۆ چ شوێنێك؟ چۆڵ بوبو بۆردومـان کرابوو، ئەوەی ناوی ئاوەدانی بێت تێیدا نـەبوو، ئێمەش چووینـە خانویەکەوە پاکمان کـردەوەو ئاومـان بـۆ هێنـاو لەگـەڵ دووماڵە (پ.م) تردا بووین.

خێزانی (پ.م)کان ڕۆیشتنەوە بەتەنها وەکـو ژن هـەرخۆم بووم خزمـەتی پێنـج (پ.م) تریشم دەکرد، شەوێکیان چرایەکمان دەسوتاند لە(قەرەسـەرت)وە هێزەکانی ڕژێم چاویان لەترووسکایی چراکەبوو لەناو تاریکی ئەو شەوە زەنگەدا دیاربوو، بۆیە درایـنەبەر تۆپ باران، تۆپێـك دای بەهەیوانەکـەماندا تۆپێکیـش دای بەپشـت ماڵەکـەماندا، چونکـە ئـەوخانووە بارەگـای (پ.م) بـوو، مـن‌و هاوسـەرەکەم و لەگـەڵ دوو (پ.م) تـردا خۆمـان گـەیاندە نـاو بۆرییەکی ئاو لـەژێر پردێکدا ئەوشـەوەمان لـەوێ بەسـەربرد، بـەیانی لەگـەڵ خۆرهـەڵاتندا بەرەو(کوران) بەڕێکەوتین، بەڵام دوبارە گەڕاینەوە بۆ ئاوەژێ بۆ ماڵەکەی خۆمان .

هیچ پێداویستیەكمان نەبوو، هەتا خواردنی ڕۆژانەش، بۆیە چوومە مەخزەنە كۆنەكەی جاران كە بارەگای (پ.م) بوو لەبنی فەردەیەكدا هەندێ ئاردم دۆزیەوەو هێنام شێلام‌و گەڕام چیلكەو دارم كۆكردەوە و ئینجا ساج نەبوو، گەڕام سەری بەرمیلێكی حەمامم دۆزیەوەو پاك شتم‌و كردم بەساج‌و ئاگرم كردەوە، لەوكاتەدا ویستم دەست بكەم بە نانكردن هاوسەرەكەم بانگی كردم ئەوە تۆچی دەكەیت ئەوا ڕژێم هێرشی كرد، ئێمە ئەچین بۆشەڕ، تۆش ئاگات لەخۆت بێت لەژێرئەم تۆپ بارانەدا نان ئەكەیت، ئەوان ڕۆیشتن‌و منیش دەستم كرد بەنانكردن، بەمەرجێ بەتەنها خۆم بووم لەو لەوگوندەدا كەسم شك نەئەبرد، زۆر ئەترسام ئاگام لەخۆم ئەبێت جاش‌و عەسكەریە بێنە ناوگوندەكەوە، هەرنانێكم دەكردەو هەڵئەسامەوە سەرپێ سەیری دەرووبەری خۆم دەكرد، ناتەكەم تەواوكرد چوومە ئەوباخە(بەیارە)ی بەردەمی ماڵەكەمان سەلكێ پیازو دوسێ تەماتەو باینجانم هێناو لەسەر ئاگری نانەكە لێمنا، كە (پ.م)كان هاتنەوە لەدوورەوە هاواریان كرد ئەوبۆنە خۆشە چییە، لەژێر تۆپ باراندا نانیشت كردووەو چێشتیشت لێناوە هەزار جاش‌و حكومەت بەقوربانت بێت، لەبەر سەختی تۆپ بارانەكە ئەچوینە ناو ڕەزەكانەوە هەربەنیو كاتژمێر جارێك ڕژێم یەك ڕەتڵ تۆپی پێوەئەنایین، لەبن بەردێكی گەورەدا بنی بەردەكەمان دڕی بوو كردبوومان بەكونە تەیارە لەكاتی تۆپ باراندا دەچووینە ناوی.

ڕۆژێك باجی مەقبولی دایكی حەمە عەلی و برازایەكی بەتەكسیەك هات بۆ سەردانمان هەندێ خواردنیشی هێنابوو، بەهاوكاری چێشتەمان لێنا بەڵام لەژێر بۆردوماندا چونكە هەركە تەكسیەكەی ئەو ڕۆیشت بەچەند دەقیقەیەك تۆپباران دەستی پێكردو یەكەم تۆپ دای بەوشوێنەی كە یەكەمجار تەكسی‌یەكەی لێ وەستابوو .

ڕۆژی دوایی گەڕانەوە ئێمەش ئەو گوندەمان بەجێ هێشت بەرەو(سێروان)كەوتینەڕێ كە ئەكەوێتە نێوان ( ئاوەژێ و كانی توورە)وە كەپێشتربارەگای مەكتەبی عەسكەری لێبوو تەنها یەك ڕۆژ لەوگوندەدا ماینەوەو بەرەو(یاخسەمەر) كەوتینە ڕێ، لەوێ ژوورێكمان دەست كەوت، بەڵام هیچ شتێكمان پێ نەبوو لەناچاری‌دا قەمسەڵەی هاوسەرەكەمم لەزەویە ڕوتەكەدا داخست‌و تاقم‌و تفەنگەكەمان كردبەسەرین، شەوڕۆژێك واژیانمان بردەسەر تادوایی دوسێ بەتانی كۆنەو كومبارێكی تەنكەڵەمان پەیداكرد، ماوەیەك واژیانمان گوزەراند دواتر ماڵمان چووە(سەرگەڵو) لەوكاتەدا من گەڕامەوە بۆ شار بۆلای پزیشك، چەند ڕۆژێك بەشێوەیەكی نهێنی مامەوە، تانامایەكی هاوسەرەكەمم بەدەست گەیشت بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە.

لەڕۆژێكی باراناوی‌و زەوی قوڕاویدا كەتراكتۆرەكە نەیتوانی بڕوات بۆیە منی لە(هەڵەدن) دابەزاند، جا تۆ بیهێنەرە بەرچاوی خۆت تراكتۆر نەتوانێت لەوڕێگایەدا دەربچێت من چۆن ئەتوانم بڕۆم، هەموو گیانم قوڕو باراناو بوو هەرئەڕۆیشتم ئەمگوت ئێستانا ئێستا ڕەق دەبمەوە، بۆ بەختی من(هەڵەدن) بۆردومان كرابوو تاكو تەرا ماڵە (پ.م)ی تێدا بوو، لەناچاریدا چوومە بارەگای (پ.م) كان هەڵئەلەرزیم لەسەرمانا بەناچاری بەڕۆژ لەبارەگای (پ.م) كان دەمامەوەو خزمەتم دەكردن بەشەویش دەچوومە ماڵی خاوەن ماڵەكەی(كاك شەهاب) كە ماڵێكی گوندی بوون زۆر بەڕێزبوون شەو لەوێ دەخەوتم.

ماوەیەك وامامەوە چونکە هاوسەرەکەم بەئیش دابەزی بوو، دوایی وەك برایەکی بەڕێز داوام لەکاك(حەمە عەلی) کرد لەگەڵما بێت بچین بۆ(بەرگەلو) ئەویش قبوڵی کردو لەبەیانیەوە بەڕێکەوتین پاش چەند کاتژمێرێك گەیشتین چونکە من سکم هەبوو ڕێگاکەش هەمووی شاخ بوو، کەگەیشتینە( بەرگەلو) چوومە ماڵی(کاك نەوشیروان) شوعلە خان ژنێکی زۆربەڕێز بوو نەیهێشت بگەڕێمەوە وتی لێرەبە (ئەحمەد) زۆری پێ دەچێت، پاش بەسەربردنی(٢٣) ڕۆژ هاوسەرەکەم گەڕایەوە ماڵمان( لەبەرگەلو) دانا.

بەرگەلو شوێنێکی سەخت بوو ئەمبەرو ئەوبەری شاخی بەرزو سەختە دۆڵێکی قووڵیش لەنێوانیاندایە، لەم بەری شاخەکەوە بارەگای کاك نەوشیروان و دکتۆر فوئاد بوو، لەوبەری شاخەکەی تریش ئیزاعەو ئیعلام و بەندیخانەبوو، لەسەری نەوسەریشی خەستەخانەی شۆڕش بوو، بەگوێرەی ئەو ڕۆژەی خۆی پێشکەوتووبوو، ژووری عەمەلیات و ئەشیعەو کۆمەڵێك پێداویستی گرنگی تێدابوو، ئەو نەخۆشخانەیە تەنها چارەسەری (پ.م) ی نەئەکرد بەڵکو چارەسەری هاوڵاتای ناوچەکەشی دەکرد.

من گەڕامەوە بۆشار بەشێوەیەکی نهێنی بۆ منداڵ بوون، ئێمە تەنگ و چەڵەمەی بەیان ولادەو عەقدی زەواج و تەسکەرەمان زۆر بوو کەتەندروستیم بەرەو باشی چوو لەگەڵ ژنە (پ.م)یەکدا گەڕاینەوە، بەڵام جیاوازی ئەم گەڕانەوەیەم ئەوەبوو لەبازگەیەکی سەر ڕێگاکەماندا ڕایان گرتین و(ئەمنێك) سجلێکی گەورەی پێبوو، لێی پرسیم ناوت چی یە؟ منیش ترسام و لەناچاریدا ناوێکی هەڵەم پێ وت، ئەم مانەوەیەمان زیاد لەکاتژمێرێکی خایاند، دواتر کەوتینە ڕێ گەیشتمەوە( بەرگەلو) لەوکاتەدا ڕژێم زیاتر لەجاران بۆردومانی خستبووە سەرناوچەکانی سەرکردایەتی لەبەیانیەوە هەتا شەو تۆپباران دەکراین بێجگە لەفڕۆکەش کەبەقومبەلەی عنقودی (هێشویی) بۆردومانی دەکردین، ئەم جۆرە قومبەلەیە بڵاودەبۆوە لەچەند دانەیەك زیاتر بوو.

من شەوانە بەشەرواڵەوە دەخەوتم بۆ ئەوەی لەکاتی تۆپ باراندا زوو بگەینە کونەتەیارەکە، هاوسەرەکەم پێشنیاریکرد کەیەکێك لەمنداڵەکانم بنێرمەوە بۆشار لەبەرئەوەی بەخێوکردنی دوومنداڵ زۆر زەحمەت بوو لەوکاتەدا، منداڵێکم ناردەوە ماڵی باوکم دواتر پاش چوارده ڕۆژ هەست و سۆزی دایکایەتی ڕێگای نەدام کچەکەم لێم دووربێت گەڕامەوە بۆ شارو کچەکەم هێنایەوە بۆ لای خۆم بۆیە لەکاتی کارکردنمدا کچێکیانم بەکۆڵمەوە دەبەست یەکێکیشیانم لەکونەتەیارەکەدا دانەنا، ڕۆژێکیان بۆردومانێکی زۆرمان لەسەربوو دوپشکێك دای بەکچەکەمەوە لەکونەتەیارەکەدا باوکی باوەشی پێداکردو لەوژێر بۆردومانە سەختەدا گەیاندیە نەخۆشخانەکەی شۆڕش چارەسەری بۆ وەرگرت.

زۆرجار کاك بەختیارو هاوسەرەکەم پێیان ئەوتین بڕۆنەوە ژیان لەم شوێنە سەختە بەمنداڵی ساواوە، بەڵام من بۆردومان و ژیانی کونەتەیارەم هەزاران جار پێ باشتربوو لەژیانی ترس و لەرزی ناوشار.

دواتر لەمانگی ڕەزبەری١٩٨٧دا بڕیاری گەڕانەوەمدا، هاوین تەواو بوو بەرەوپایزو باران و تەرزە ئەڕۆیشتین، بڕیار وابوو پاش نیوەڕۆ بکەوینەڕێ، منداڵەکانم یەکێکیان لەکونەتەیارەکەدا خەوتبوو، ویستم منداڵەکەی تریشم بەرمە کونەتەیارەکە چەند هەنگاوێکم مابوو بگەمە بەردەمی کونەکە، لەپڕ بۆردومانی فڕۆکە دەستی پێکرد، بۆردومانەکە بۆ

بارەگای کاک نەوشیروان بوو، یەک ساروخ دای بەژوورەکەی کاک(حەمە توفیق)دا کەبەتەنیشت ژوورەکەی ئێمەوەبوو، شەهید مەحمود سیدەری خۆیو کوڕەکەی پاش هەفتەیەک شەهیدبوو، نەقیب ئەنوەر یەکسەر شەهید بوو وەئەبێت لەم بۆردومانەدا ئێمە بێزیان دەرچووبین بەڵکو خۆمو هاوسەرەکەم و هەردوو منداڵەکەم بەسەختی بریندار بووین، هەردوو منداڵەکەم هەموو گیانیان سوتابوو ئەتگوت ئاری کوڵاریان پێداکراوە، منو حازیمەخانو منداڵەکان بەرەو سێروان کەوتینە ڕێگاو شەومان لەماڵی کاک عومەر بەسەربرد، بەڕاستی ماڵێکی بەڕێز بوون حەمامیان بۆ داخستین، بۆ ڕۆژی دوایی گەڕاینەوە بۆ شار.

بەڵام چ سەفەرێک؟ پڕترسو لەرزو خۆشاردنەوە، شەوێک لەخەوما کوێربوبوم بەزەییم بەخۆمدا ئەهاتەوە، دەمەربەیانی کەلەخەو هەستام هێشتا چاوم نەکردبۆوە لەدڵی خۆمدا خۆشحاڵبووم کە ئەمە خەوەو ڕاست نیە بەڵام کەچاوم کردەوە هەستم کرد هیچ شتێکی دەوروبەری خۆم نابینم، کیمیاریەکە بەتەواوی کاری لەچاوم کردبوو، سەردانی پزیشکی چاوم کرد، منداڵەکانیشم برد بۆلای پزیشك، ئەم چونەلای پزیشکانە لەسەر حسابی ژیانی خۆم بوو، چونکە ڕژێم پیاوەکانی خۆی بڵاوکردبۆوە بۆ وەرگرتنی کمیاوی لێدراوەکان، بەشێوەیەکی نهێنی سەفەرێکی کەرکوکم کرد پێستمان ڕەش داگەڕابوو دەتوت توشی گەڕی بووین، پاشان چووم بۆ گەرمیان کەلەوێ لەناو خزمو کەسوکاردا مامەوەو زۆریان یارمەتی دام تا تۆزێك باشتربووم، پاش شەش مانگ ژیانمان ئاسایی بووەوەو هاوسەرەکەم نامەی بۆ ناردم کەبگەڕێمەوە بۆ بەرگەڵو، منو خەسوم بەڕێکەوتین بۆ بەرگەڵو، لەڕێگاکەماندا گەیشتینە گوندێك مەخابن ناوەکەیم بیرنەماوە، بەناو گوندەکەدا گەڕاین هیچ ماڵێکمان دەست نەکەوت ئێوارەیەکی دردنگان بوو ناچار لەبن دیواری ماڵێکدا هەڵتروشکاین، پاش تۆزێك جێبێك وەستا شۆفێرەکەی وتی خوشکم بەم ئێوارە تۆفو بارانە بۆ لەویا دانیشتون ئێمەش وتمان ناگەینە گوندەکەی خۆمان خێزانی (پ.م) ین ماڵیشمان دەست نەکەوت تا ئەمشەو ڕۆژی تیابکەینەوە، شۆفێرەکە پێشنیاریکرد بچین بۆ ماڵی ئەوان، بەڵام خەسوم زۆر ترسا وتی کاکەگیان قەیناکا وتی پورێ گیان وەکو کوڕێکی خۆت سەیرم بکە، ئێمەش لەگەڵیا ڕۆیشتینەوە بۆ ماڵیان، چوار پیاوی قاچاغچیشی هێنایەوە بۆ ماڵەوە لەژوورەکەدا زۆپایەکی داری تیادا بوو ژوورەکەی کردبوو بەدوو بەشەوە، کاتی خەوتن هات منو خەسوم ومنداڵەکانمو خێزانی خاوەن ماڵەکە لەپشتی زۆپاکەرە جێگامان داخست، خۆم نەمتوانی بۆیەك چرکەش بخەوم لەبارێکی دەروونی ناخۆشدابووم چونکە پێنج پیاوی نەناس لەهەمان ژووردا خەوتبوون.

تاریك‌و ڕون بوو هەور پەڵە پەڵە لەئاسماندا ئەخشابوو ئەوەبوو تراکتۆرێك هات ئازوقەی دەبرد بۆ سەرکردایەتی، هەموومان سواری تراکتۆرەکە بووینو شۆفێرەکە نایلۆنێکی گەورەی دابەسەرئێمەو زەخیرەکاندا بۆ ئەوەی تەڕنەبین، تاگەیشتینە گوندێکی دوور لەدۆڵی جافایەتی لەناوچەی سەرگەڵو شۆفێرەکە دایبەزاندین، چووم بۆ بارەگای (پ.م)کان داوام لێکردن کەجیهاز بکەن بۆ بارەگای کاك نەوشیروان کە هاوسەرەکەم بێت بەهانامانەوە، گەڕامەوە ماڵەوە شەش ڕۆژ خەسوم مایەوە لامان، کەبارودۆخەکەمان بینی لەبارنەبوو هەموو ڕۆژێك بۆردومان بوو خەسوم کچە گەورەکەمی بردەوە بۆ شار ئێمەش بۆردومان لەسەر بۆردومانو هێرشکرابووە سەرناوچەی سەرکردایەتی جەیشێکی زۆر شەدەڵەی گرت بەینی

ئێمەو جەیشەکە شاخی(دابان)بوو، ئێمە چوار ژن بووین(من و حازیمەو شوعلە خان و دلارام) ئێمە لەوکونەتەیارەیەدا یەك هەفتە نەمانتوانی بێینە دەرەوە لەبەر بۆردومان، شەوێکیان خەبەرمانبۆوە هەموگیانمان قوڕبوو لەناو قوڕدا غەرق بوبوین، بەرگەلو دوا مالی شۆڕش و (پ.م) تیمان بوو.

لەمانگی رەشەمێی۱۹۸۸دا بوو کە بەفەرمانی سەرکردایەتی بەرەو سنورەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات و ئێران کەوتینە رێگا، لەیەك جانتای بچوك کەجلی منداڵەکەم بوو هیچی ترم پێ نەبوو چونکە جلە ژنانەکانمان هەموری سوتاندو مالەکەمان بەجێ هێشت خۆشمان بەسواری ولاغ کەوتینە ڕێگا تا کاتژمێر دوانزەو نیوی نیوەڕۆ گەیشتینە گۆمەزەل کەبارەگای (پ.م)ی لێبوو، پشویەکمان دا بۆ شەو دابەشبووین بەسەر مالەکاندا، ئێمە بەرمالی(حەسەن فەرتەنە)کەوتین، جێگەیەکی سادەمان داخست بۆ خۆمان لەپشتی ژوپاکەوە، پێش ئەوەی بنوین ژنەکە چای بۆ لێنایین، ژنەکە سکی هەبوو چوار منداڵی وردیشی هەبوو، ئەوەی من دیم لەو پیاوە لەهیچ پیاوێکی ترم نەدیوە، ژنەکەی چای بۆ تێدەکرد نیوەی چاکەی ئەخواردەوە نیوەکەی تری دەکرد بەژنەکەیدا ئەوشەوە تابەیانی هەرجوێنی پێدا، بەدەم مال کۆکردنەرەوە بەیانی کەهەلساین کەسمان خەومان لێنەکەوت لەبەر جوێن دانی ئەوپیاوە.

هاوسەرەکەم هات بەدواماندار ئێمە سواری ولاغ بوین و کەوتینە ڕۆیشتن سەیر دەکەم(حەسەن فەرتەنە) یەك فەردەی پڕکردووە بەستویەتی بە کوڵی ژنەکەیەوە منداڵێکیشی خستۆتە قەلادۆشکان سێ منداڵی وردیش وەکو جوجك بەناو ئەوبەفرەدا بەپێ ئەڕۆیشتن خۆشی تەسجیلێکی گرتوود بەدەستیەوە بەدوایانەوە ئەڕوات، کۆلانێکیان دروستکردبوو خەلکەکە بەناویا ئەڕۆیشت بەپێ ئیتر شوێنی ولاغ نەمابوو، چونکە ڕێگاکە بزنەڕێ و هەوراز بوو، ناچار ئێمەش پانزە کاتژمێر بەپێ ڕۆیشتین بەبێ وەستان بەدۆلی شێخ محەمەدا، دۆلێك بوو تۆ هەستت دەکرد بەبەینی زەوی و ئاسماندا ئەڕتۆ دەڕۆیت، زۆر توش و سەخت بوو بەفرەکە گێژاوی دەکردو تەمی دەکرد، ئەبوایە لەتولەڕێگا لانەدەین یان نەچەقین لەبەفرا یان گوم ئەبین ناوبەناویش لاشەی سەربازێکی کوژراوی شەڕمان دەبینی، ڕژێمی ئێرانی عیراقی شکاندبوو لەوناوچانەدا.

گەیشتینە کۆمەلێ (پ.م) ی عیلاقات خەیمەیان هەلدابور لەوێ پشویەکمان داو نانمان خوارد بەلام جانتاکەم گوم بوبو کە منداڵەکەم بگۆڕم، تاچیشم زۆر ئازاری هەبوو هی ئەو پێلاوە لاستیکە پیاوانانەی کە هەرئەڕۆیشتم و ئەخلیسکام و ئەکەوتم شاخەکانم زۆر بەسەختی بڕی.

لەبارەگای عیلاقات ئەهاوسەرەکانمان جیا بوینەوە پاسدارهات سەیارەیەکی پشت بەتالیان پێبوو وتیان با خێزانەکان سەرکەون، کاك بەختیارو کاك حەمیدیش لەگەلماندا هاتن، لەناو سەیارەکەدا بووین کە لە ناوێکی قولی دا، خەریك بوو هەمومان بخنکێین هەموو جلەکانمان لەقوڕاوی سورهەلکشا، شۆفلێك بەپەلەفریامان کەوت و رزگاری کردین تاریك وروون گەیشتینە شاناخسێ، شارەزای رێگەکەنەبوین تابچینە بارەگاکان، منداڵەکەم توند لەباوەش گرتوو بەکەندێکا خۆم خلیسکانە خوارەوە بەناونزارو چنارێکی چڕا رۆیشتم هاوارم کرد لە (پ.م) کان وتم فریامان کەون (پ.م) هات بەهانامانەوە بردیانینە بارەگاکەیان و

زۆرپایان بۆ گەرم کردین پشویەکمان داو، دابەشیان کردین بەسەر ماڵە (پ.م) کانی تردا، من بەرماڵی کاک کاوە کەوتم، جلیان دامێ خۆمان وشك کردەوە، دوو ڕۆژ ماینەوە لەشاناخسێ ئەولافاو زریانە بەهێزەی ساڵی١٩٨٨ پردەکەی بەینی شاناخسێو ئێرانی بردبوو، ئەوساڵە هەرساڵی ئەنفال نەبوو بەڵکو ساڵی زریان و لافاویش بوو بۆ نەگبەتی گەلی کورد، عەلاقات تەکلیفی لەڕژێمی ئێران کرد کە پردێکی دەستکردیان بۆ دروستکردین لەتەختەو حەبل بوو لەهەردوو سەری پردەکە شۆفڵ گرتبووی ئاوی چەمەکە زۆر پان و خوڕبوو سور ئەچۆوە کۆمەڵێ ماڵە (پ.م) زۆربوین خۆی ئەدا لە(٢٠٠) کەس کێ ئازاترینە یەکەم کەس بپەڕێتەوە، خێزانەکەی(فەرماد سەنگاوی) بێژەری ئێسگە پەڕیەوە هەموومان چەپڵەمان بۆ لێدا، دوای ئەویش من پەڕیمەوە، منداڵەکەشم بەکۆڵی باوکیەوە بوو هەموومان پەڕینەوە، لەوێ پیکابێکمان پەیداکرد چوینە گوندێکی ئێران بەفرێکی زۆری لێبوو، چاومان تێکچووبوو ئەوەندە سەیری بەفرمان کردبوو، لەوێشەوە بەرەو بانە بەڕێکەوتین، بەڵام چەندجارێك سەیارەکەمان لەبەفرا چەقی هاوسەرەکانمان بەپشتێنەکانیان سەیارەکەیان ڕادەکێشا ئەوەندە ساردبوو هەموومان لەحاڵەتی ڕەق بونەوەدابوین، نزیکەی لای ئێوارێ گەیشتینە شاری بانە.

ڕۆژی٥/٣/١٩٨٨بو لەوێ چوینە ئوتێلە کۆنێك و وەکو دەست بەسەر وابوین، نەیان دەهێشت بچینە دەرەوە، دوای ئەوێ چوین بەرەو(سەقز) لەوێ شۆڕش ئوتێلێکی بۆ حیجز کردبوین من نەخۆش کەوتم، ئازارێکی زۆرم لێپەیدا بوو بەهۆی جلی تەڕو سەختی ڕێگاکە توشی میکرۆبێك بووم بۆ چەندین پزیشکیان بردم، دوایی چووم بۆ کرماشان بۆلای(دکتۆر نەوزاد ساڵح) ئەو چارەسەری بۆ کردم بێ بەرامبەر لێرەوە سوپاسی دەکەم.

لەدوای(٢٥) ڕۆژ خانوومان بەکرێ گرت، بەڵام من توشی خەمۆکی بووم لەدووری کچەکەم، گشت کات دڵ و بیرم لای کچەکەم بوو هاوسەرەکەشم زۆرکەم دەکەوتە ماڵەوە چونکە لەوساتانەدا شۆڕش زۆر ئیشی هەبوو، هاوسەرەکەم لەدەوری هەڵەبجە بوو، پاش سێ مانگ کچەکەمیان بەڕێگایەکی زۆرسەختدا بۆ هێنام، هێوەرژنەکەم کچەکەی من و کچەکەی کەی کاك بەختیاری هێنا بۆ قاسمە ڕەش خۆی گەڕابۆوە (پ.م) کان جیهازیان کرد بۆ سەقز کە(ئارا و نەوا) گەیشتون وەرن بیان بەن، باوکی بەیانی زوو هاتەوە، یەکسەر ناردم بەشوێن منداڵەکاندا بووبە شەو هەرنەگەڕایەوە، کاتژمێر نۆی شەوبوو لەدەرگا درا کاك حەمە سەعید بوو، وتی کاك ئازاد منداڵەکانی بۆ هێناویت، منیش زۆر ترسام وتم باوکی چی بەسەرهاتووە، لەحاڵەتێکی سەیردا بووم لەبەینی خۆشی و ناخۆشیدا سەرم لێتێکچوو بوو، کەسەیری(ئارا)م دەکرد ئەتگوت بەرخەو خراوەتە ناوخۆڵەوە مێشوولە هەموو لەشی خواردبوو، کچەکەم بردە ژوورەوە هەرچەندە نەخۆشی کەوتبو لەڕێگا، منی نەئەناسیەوە، دوایی وتی تۆ دایکە نەسرینی وتم بەڵێ دەستی کرد بەگریان وتی ئەڕۆمەوە بۆ ماڵی خۆمان، باوکیشی تایەك مانگ نەگەڕایەوە، کچەکەم باوکشی هەرنەناسیەوە.

تائەمڕۆ من بەبێ وەستان هەوڵ ئەدەم، لەجاران دڵسۆزترم بەتایبەتی بۆ ئیشی ژنان، ئەگەر ژن قوڵی لێهەڵماڵێ و ڕابردووی خۆی لەیاد نەکات بەهەموو مافەکانی دەگات.

## ئەهیە عەبدوڵلا محەمەد

ئەهیە عەبدوڵلا محەمەد ئەو ژنە ئازاو چاو نەترسە بوو لەوکاتەی شۆڕش لەلانکەدا بوو، ئەو زۆر مەردانە ئەچوو نانی ئەبرد بۆ برا (پ.م)کانی.

من لەشارۆچکەی سەید سادق هاتومەتە ژیانەوە، باوکم و براکانم خەریکی بوون بەئیش و کاری شۆڕش بوون، برایەکم لەتەمەنی مێردمنداڵیدا بوو، واتە قوتابی پۆلی شەشی سەرەتای بوو کەچووە شاخ و بوو بەپێشمەرگە، لەمەفرەزە سەرەتاییەکاندابوو، لەساڵی ١٩٧٨دا بەشداری کارەساتی هەکاری کرد کەلێپرسراوەکەی ناوی(عەلی شیعە)بوو، برایەکی تریشم لەشەڕی ناوخۆدا شەهیدکرا بەناوی(شەهید عوسمان)، ماڵی باوکم شەوو رۆژ دەرگامان ئاوەڵابوو بۆ برا (پ.م)کان، لەگوندی(مەسەکان)ئەژیاین، باوکم هەر زۆر شۆڕش و (پ.م)ی خۆشەویست، ئێمەیش لەسەر رێبازە پیرۆزەکەی باوکم بەردەوام بوین.

لەساڵی١٩٧٧و١٩٧٨دا کاک محەمەدی حاجی سابیر کادر بوولەناوچەکەی ئێمە خەریکی کاری رێکخستن بوو، منیش لەگەڵیدا کارم دەکرد، زانیاریم بۆ کۆدەکردەوەو لەهەر جێگایەکدا وەسوەسەم بکردایە (پ.م) لەچ شوێنێکە نان و خواردنم بۆ دەخستە ناو تەنەکەیەکەوە بەناوی چەم و کانییەوە منداڵێکم لەگەڵ خۆمدا دەبردو دەچووم خواردنم بۆ ئەو برایانە دەبرد، ئەوەندە چالاک بووم و کاری گورج و گۆڵانەم ئەنجام ئەدا زۆرجار کاک محەمەد پێی دەگوتم ئافەرە کاری پانزە پێشمەرگە ئەنجام ئەدات ئەوەندە رەنجکێش و ئازایە.

لەساڵی١٩٧٩دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە، هاوسەرەکەم ناوی(نەجیب حەمە ئەمین) بوو، لەساڵی ١٩٨٠دا بەنهێنی پەیوەندی رێکخستنی بەست ، هەرچەندە بنەماڵەکەیان هەمووی پارتی بوون، بەڵام هاوسەرەکەم بیروباوەڕێکی تری هەبوو، لەشاردا کاری رێکخستنی ئەنجام ئەدا هەتاساڵی ١٩٨٧ چووینە شاخ ماڵمان بردە گوندی(شەممەو وێلەکە)، دواتر بەرەو(ئەستێڵی سەرو) بەرێکەوتین لەوێ لەبن کەپرا ئەژیاین، لەترسی بۆردومان و تۆپباران لەگەڵ سپێدەدا ئەچووینە شاخ وگزنگی خۆر ماڵئاوایی لێدەکردین، دەگەڕاینەوە ئاوکەپرەکان و نانێکی سادەم ئامادە دەکردو دەمانخوارد .

ژیانمان زۆر سەخت بوو لەهەمووی سەختتر فەوتانی قوتابخانەی سێ منداڵەکەم بوو، لەئەستێڵی سەروو گواستمانەوە بۆ ئەستێڵی خواروو، خۆم قوڵم لێهەڵماڵی وەکو زۆرجاری تر لەبن دارێکی گەورەی تەمەن چەند ساڵەم پاککردەوەو تەختم کردو کردم بە سەکۆ سواغمدا بەقوڕ کردم بەشوێنێکی پاک و خاوێن، هەر ئارەزوت ئەکرد لەبن شنەی شەماڵی بن ئەو دارە گەورەیەدا دانیشیت و پشوویەك بدەیت.

ماڵە سادەکەمان هەموو کەل و پەلێکی پێویست و سەرەتایی تێدابوو، بەبەردەوامی بۆردومانمان لەسەربوو، ئەبوایە قاپ و بەرمیلی ماڵ و هیچ کەل و پەلێکی ماڵ دیارنەبوایە لەترسی فڕۆکە مرۆڤ کوژەکانی رژێم کەبەبەردەوامی بەسەرماندا ئەسوڕانەوە.

بەگوێی چواردەوری بەرمیلی ئاوەکەم گرتبوو، دیارە پاش ماوەیەك مانەوەمان لەوێوە چووین بۆ(کانی کۆچەڵە) لەبەینی دوو گوندبوو، لەوێش کەپرێکی ترمان دروست کرد، بەڵام شەو لەترسی مار لەسەر هەرزاڵ ئەخەوتین، لەوێ کۆمەڵێ ماڵە (پ.م)ی لێبوو، ماڵی کاک حامیدو کاک محەمەدی حاجی سابیرو شەهید رەئوف و کۆمەڵێ ماڵە (پ.م)ی تر.

لەوێ ئەوماڵەی باری ئابووری باشبوایە سۆندەی ئاوی لەکانیەکەوە رادەکێشا بۆ بەردەمی کەپرەکەی، بەڵام ئێمە زۆر هەژار بووین، هەر بەسەر ئاوم دەکێشا بۆ ماڵەوە، ئەوەندەم مەنجەڵە ئاوی قورس خستبووە سەرسەرم تووک بەناوەڕاستی سەرمەوە نەمابوو، بێجگە لەوەش تووشی ژانە سەرێکی توندی کردم تائێستاش بەبەردەوامی سەرم دێشێت.

پاش ماوەیەك مانەوەمان هاوسەرەکەم بەفەرمانی سەرکردایەتی گوێزرایەوە بۆ چەمی شلێر، منیش گەڕامەوە بۆ سەید سادق بەڵام رژێمی بەعس وەکو هەموو کارە نامرۆڤانەکانی کەوتە گرتنی خێزانی (پ.م)، منیش لەترسی گرتن چووم بۆ شانەدەری، تاماوەیەك بەشێوەیەکی نهێنی خۆم شاردەوە تارۆژێکیان کوڕێکی ئامۆزام هات من و خێزانی حەمە مۆریاسی و مەحسومی خێزانی مام غەریب و دایکم و براژنم بەسەیارە بردینی بۆ( هەواری تازە)، لەوێشەوە (پ.م)کانی دیموکرات ولاغیان بۆ گرتین چووین بۆ (هەواری کۆن)، لەبارەگاکەی کاك(قادر کۆکۆیی) سێ رۆژماینەوە، لەوێشەوە چووین بۆ (گریانە) شەو لەبارەگایەکی (پ.م)دا خەوتین، سپێدە هەستاین کەوتینە رێ ئەو هەوا ساردەی بەیانی ئەیدا لەجەستەمان فێنکایی بەلەش ئەبەخشی، لەترسی رەبیەکان زۆر زوو کەوتینە رێ، ئەگەر بەئاگا بهاتنایە ئەیانداینە بەر گوللە.

گەیشتینە (شێخان) لەوێوە بەزیلی عەسکەری بردیانین بۆ عیلاقاتی (پ.م) لە(پاوە)بووین ئەوشەوە دابەشیان کردین بەسەرماڵە (پ.م)کانی تردا وەرەقەیان بۆ کردین و بەپاس بەرەو (سنە) رۆیشتین ولەوێشەوە بۆ(مەریوان)، هاوسەرەکەم هات بەشوێنما بردمی بۆ(ساوجی) مەریوان، خۆیشی لەتیپی ٣٥بوو، بردیان بۆ شەڕی هەڵەبجە، ئێمەش لەترسی بۆردومانی کیمیاوی رژێمە بەزیوەکەی بەغداد چووین بۆ (مێرگە درێژ)، کە هاوسەرەکەم گەڕایەوە چووین بۆ (باڵان) لەچەمی(شلێر) لەوێ کەپرێکمان کردو دارمان بڕییەوەو بەردم کۆکردەوەو زەوییەکەمان پاککردەوە بۆ ئەوەی خانوو دروست بکەین، بەڵام لەناکاو فرۆکەکان هاتنە سەر پایەگاکانی مەعەسکەری ئێرانی و بۆردومانی کیمیاوی کردن.

منیش لەترسی بۆردومانەکە رامکردو سکیشم هەبوو، لەپڕکەوتم بەسەرکچێکی بچوکما کچەکەم بوو بەژێرمەوەو سمتی دەرچوو، لەدواییدا پێمان زانی تازە چارە نەبوو، ئێستا کچەکەم کەم ئەندامە، لەکاتی بۆردومانەکەدا رامانکرد بۆ شاخ و ئەشکەوتەکان، نەمانتوانی خانووەکە بکەین لەبەر ڕێکەوتنی هەردوو رژێم. هەر رەنجێکماندا بەفیڕۆ رۆیشت و بەرەو مەریوان بەڕێکەوتین چووینە (جوجەسازی) مەریوان، من لەژیانێکی سەخت و ناڕەحەتدا ئەژیام لەسەرمنداڵ بوون بووم هاوسەرەکەم بۆ مەشقکردن ئەچوو بۆ مازندەران، زۆرم بە هاوسەرەکەم وت بەجێم مەهێڵە ئەخۆشم، بەڵام ئەو رۆیشت، منیش لەباری ئابوورییەکی هێجگار لاوازدا لەئاوارەیی بەنەخۆشی منداڵم بوو، هەتا خواردن نەبوو بیخۆم هەموو دەم و پلم بوبوو بەبرین و سەرم ئاوسابوو لەرزم هەبوو لەرووی جەستەی و دەروونیەوە زۆر ناتەواو بووم.

هاوسەرەکەشم لە (پ.م)تیدا توشی کۆمەڵێ نەخۆشی بوو وەکو گورچیلە و قورحەو رۆماتیزم، بەڵام لەساڵی١٩٩٧دا ئەمری خوای کرد، زۆرم هەوڵدا شەهیدانەی بۆ بکەم بەڵام ئەوان وەڵامەکەیان ئەوەیە ئەڵێن لەسەنگەردا شەهید نەکراوە تاشەهیدانەت بەیێنێ، منیش وەکو دایکێك سەرپەرشتی شەش منداڵم دەکەم، سەرچاوەی ژیانم ئەو مووچەی خانەنشینەیە کە ئەویش شتێکی رەمزییە، من زۆرم رەنجدا هەر لەکچییەوە چەندەها کاری ترسناکم ئەنجام داوە، شۆڕش و ئازادیم خۆش ویستوە بەڵام بەپێچەوانەوە وەك پێویست نە ئاوڕ لەژنی شاخ دراوەتەوە نە لە (پ.م) .

## نەهیە عەلی فەتاح

نەهیە حەمە عەلی فەتاح ئەو ژنە بوێرو لەخۆبوردووەی رۆژانی سەختی خەباتە، ئاواتەخواز بوو کە ژیانی شۆڕش و (پ.م)یەتی بەتەنها هەوڵ و خەبات و شاخەو شاخ نەبێت، بەڵکو بەچاوەکانی خۆشی ئازادی ببینێت و لەژێر چنگاڵی زوڵم و ستەمی ئەو دیکتاتۆرە خوێن ڕێژەدا رزگار بوینایە.

من لەشارۆچکەی سەیدسادق هاتوومەتە ژیانەوە، وەك کچێکی کورد ناوی (پ.م) زۆر پیرۆزو جوان بوو لەلام، ئەو کاتانەی کەئەو ناوەم بەرگوێ دەکەوت، هەناسەیەك لەئازادی و جوانییەك لەژیان و چارەنوسی میللەتێکی چەوساوە وریای ئەکردمەوە، بۆیە هاوسەری (پ.م)م هەڵبژارد، ئاواتە خوازبووم کە ژیانی هاوسەریم ئەو شاخ و داخ و خەبات کردنە نەبێت، رۆژێك بێت ئازادی بەچاوی خۆم ببینم و گەلەکەم لەژێر زوڵم و ستەمی ئەودیکتاتۆرە خوێن ڕێژە رزگاری بێت و ئازادی دەستەبەر بکات،

لەبەرئەو هۆکارانەش بڕیاری خۆمدا کە هاوسەری (پ.م) هەڵبژێرم بەناوی(جەلال بناوەسوتەیی) لەرۆژێکی بەفروسەرمادا لە٢٦رەشەمێی١٩٨٢دا بەشێوەیەکی نهێنی من لەگەڵ کەس وکاری هاوسەرەکەمدا بەبوکی بەڕێکەوتم بەرەو گوندی (بادانە)، بەڵام لەترسی سەرانی رژێم بەجلە سادەکانیماڵەوە رۆیشتم ، هەرچەندە چاویان لەسەرمان بوو، لەبازگەیەکدا گرتیانین بەو رۆژی بەفرو سەرمایە زیاد لەدوو کاتژمێر وەستانیانین هەتا هەزار سوێندمان خواردو کەفالەتماندا کە دەچین بۆ ئالیارێن. دوای رزگاربونمان لەبازگەکە کەوتینە رێ چوینە ماڵی(حاجی کەریم) ئەوماڵە بەڕێزە زۆر بەخۆشحاڵییەوە هاتن بەپێشوازیمانەوە، پاش پشودان باسی روداوەکەمان بۆ کردن، دووکوڕی ئەو ماڵە بەتراکتۆری خۆیان بردیانین.

ساڵی١٩٨٢ لەڕادەبەدەر بەفر باری بوو، هەربۆیە تراکتۆرەکە تا شەخسەکەی( عەرەبە )رۆیشت دەشت و دەرو شاخ و دۆڵ بەبەفرێکی زۆرو بەستوو داپۆشرابوو بەرگێکی سپی پۆشی بوو، ئێمەش لەتراکتۆرەکە دابەزین و کوڕەکانی حاجی کەریم لەگەڵمان هاتن و بەپێ کەوتینە رێ، هەرلەیەکەم رۆژی ژیانی هاوسەریمەوە تووشی ئازارو سەختی ژیان هاتم، دەیانجار ئەکەوتم و هەڵئەسامەوە، دەستەکانم بەهۆی بەفرەکە روشاو وبریندار بوو، قاچەکانم لەناو بەفرو سەهۆڵاودا بەستی، بەهەزار دەردی سەری گەیشتینە دەرەمیانە، زۆر سەرماو برسیمان بوو، لەهیلاکیدا پەرێشان بووین تاچوینە ماڵی(کوێخای دەرەمیانە)، دوای پشوودان و نانخواردن گەرم بووینەوە، دوو (پ.م) هاتن بەمیوانی هاوڕێی هاوسەرەکەم بوون.

کەوتیان ئەوە بووکەو دەڕوات بۆ(دابانە) لەگەڵ مام کوێخادا دوو هێستریان بۆ پەیدا کردین، ئێواریێ خەریك بوو تاریك دادەهات گەیشتمە گوندی بادانەو بەفرباریین هەربەردەوام بوو، منیش هاوسەرەکەم بینی هەردوو دەستی لەتوڕدابوو، جلەکانی بەری هەموی قوڕاوی بوو خەریکی دروست کردنی ژوریك بوو لەلاهەیوانی ماڵی کاك مستەفادا، کەئەوم وابینی خۆمم بیرچووەوە، خۆم لەخۆم پرسی ئەگەر خۆشەویستی کوردستانو ئازادی نەبێت زۆرێك لەکچانی هاوتەمەنی من کە ئەچنە ژیانی هاوسەرییەوە، لەهۆڵە گەورەکانی شاردا ئاهەنگ دەگێڕن، بەڵام بەبڕوای من ئاسوودەیی گەورەترین شتە لە هەرحاڵەتێکدا بیدۆزێتەوە.

ماڵی کاك مستەفای خاوەن ماڵ بردیانینە ناکە ژورەکەی خۆیان، پشومان داو گەرم بووینەوە، پاش سێ رۆژ ژورەکەمان وشك بویەوە، چوینە ئەو لەتە هەیوانە کەجێگای ژیانی خۆمانو میوانەکانمان بوو، لەوکاتەدا ماڵی شەهید(حەمەمینی خەجێ) لەکەرتی چواری هەرێمی سێ بوو، یەکەم ماڵ بوون لەوگوندەدا، ئێمەش بوینە دووهەم ماڵ، ماڵەکانمان بووە حۆی حەوانەوەی دەیان (پ.م) لەبەرئەوەی خۆم ئەو ژیانەم هەڵبژارد هاوسەرەکەم (پ.م) بێت وهەموو سەختیەکانم قبوڵ بوو، پاش هەفتەیەك هاوسەرەکەم مۆڵەتەکەی تەواو بوو گەڕایەوە بۆلای کاری خۆی جەولەکردن بەناوچەکاندا، بە(١٥) رۆژ جارێك لەگەڵ (پ.م)کاندا ئەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

من سێ مانگ بوو لەژیانی هاوسەریدابووم، نەمنەوێرا بگەڕێمەوە بۆ سەردانی ماڵی باوکم، هەرلەوێ درێژەم بەژیانمدا، لەوکاتەدا تازە گەڵاکان چرۆیان دەکرد و دەگەشانەوە، لەگەڵ کۆمەڵێ ماڵە (پ.م)دا کەپرمان دروستکردو ژیانمان تێدا بەسەر ئەبرد.

تا سەرەتای پایز هات وهەوا ساردی کرد، لەماڵی کاك (عەبدوڵڵای حاجی غەریب) ژورێکمان پەیداکرد کە هاوسەرەکەم لەجەولە نەبوو من لەگەڵ دایە حەلاودا ئەژیام، هەتا بڵێیت ژنێکی بەڕێز بوو، لەوێ مایەوە تاکۆتایی١٩٨٢ رژێمە بەزیوەکەی بەغداد کەهێرشی کردە سەر ئەو ناوچانە، هاوسەرەکەشم لەبەرەکانی شەڕدا بوو، منیش لەگەڵ کۆمەڵێ خزمدا چوین بۆ گوندی(پاڕەزان) و(مەمەنداواو چارغ)، گوند بەگوند ئەڕۆیشتین، دوو شەو لەگوندی (پاڕەزان) ماینەوەو دواتر بەرەو گوندی (دڵپەموو) بەڕێکەوتین، نزیکەی مانگێك ماینەوە، شەوانە لەبەر تۆپ باران خەوتن نەبوو، هەتا کوڕێکی دراوسێمان شەهید بوو، من زۆر نائارام بووم لەدوری هاوسەرەکەم رێگای شاریش نەبوو، ناچار لەگەڵ ماڵی مامۆستا جوامێرو ژنە (پ.م)کانی تردا کەوتینە رێگا بەرەو گوندی (هەڵۆ)، شەو بەشاخەوە ماینەوە، دواتر چوینە (هەرمێلە) لەگەڵ هاوسەرەکەمدا یەکمان گرتەوە، تۆپ بارانێکی زۆرمان لەسەر بوو، هاوسەرەکەم وتی بامردنو ژیانمان بەیەکەوە بێت.

ئێمە چوینە شاخەکان وچەندەها شەو بەشاخەوە ماینەوە، ئەوەندەمان سەختیو ناخۆشی بینی، ئەو نارەحەتیانە بەچەند دێڕێك کۆتایی نایەت، گەیشتینە گوندی نۆدێ پاش مانەوەمان بەهەفتەیەك بەرەو (بزەینان) رۆیشتین، تەنانەت جلەکانی بەرمان بۆ

دەرنەچوو تا ماڵی خەزورم هەندێ کەل‌و پەل‌و پێداویستییان بۆ ناردین‌و ماڵەکەمان بردە قوتابخانەی گوندەکەوە لەگەڵ دروسێ ماڵی تردا شوێنێکی زۆرناخۆش‌و ترسناك بوو دوور لە گوندەکەبیین، لەوێ کچێکم بوو بەناوی (دێرین) بەڵام ماوەیەکی کەم ژیاو بەهۆی سەختی ژیانەوە مرد ، هاوسەرەکەم لەکەرتی ڕێکخستن بوو لەگوندی(گورگەدەر) ماڵمان بردە ئەوگوندە، هەتارژێمی بەعسی لەناوچوو دەستی کرد بەتۆپ بارانی مەڵبەندی یەك بەری قەرەداغ؛ بەڵام من لەبەر ئەوەی دووگیان بووم نەمتوانی بڕۆم، هەتا خەسوم هات بەشوێنما وەکو هەموو جارەکانی تر دەهات بەهانامانەوە، هێنامیەوە بۆ سلێمانی‌و کچێکم بوو بەناوی (زریان)؛ بەشێوەیەکی نهێنی ماوەیەك لەشاردا مامەوە هەتا٣ی گەلاوێژی١٩٨٥ بەرەوگوندی (سەوسێنان) بەترس‌و لەرزێکی زۆرەوە بەڕێکەوتم، هەر بەپێ یان بەتراکتۆر هاتوچۆمان دەکرد چونکە هەژاربوین، ئەوەندەمان نەبوو سەیارە بگرین بەکرێ، بەڵام ئەمجارەیان لەبەر لەدایکبوونی کچەکەم بەسەیارە ڕۆیشتین، بەو شەوە تایەیەکی سەیارەکە پەنچەربوو، هەتاکو شۆفێرەکە ڕۆیشت بەدوای هاوسەکەمدا، گەلەسەگێك پەلاماریان داین خەریك بوو بمانخۆن، کەگەیشتمە سەوسێنان ماڵێکی بچوکمان پێکەوەنایەوە، ژورەکەمان زۆری جرو جانەوەرو مارو دووپشك ئەبوو.

یەکێك لەڕۆژە ناخۆشەکانم لەوخانوەدا ئەوەبوو لەکاتێکدا کچە پێنج مانگەکەم لەخەوێکی ئارامدا بوو لەناو بێشکەکەیدا، چۆلەکەکان دەستیان کرد بەجریوە جریوێکی سەیر وەك ئەوەی ئاگادارم بکەنەوە کە مار هاتووە، منیش بەپاکردن چوومە ژورەوە، سەیر دەکەم ڕەشمارێك خۆی شۆڕکردۆتەوە بەسەر بێشکەی کچەکەمداو زمانی دەرهێناوە، بێ ویستی خۆم یەك قیژەو هاوارم کرد دراوسێکان هاتن بەهانامەوە، کاك ئامیق لەگەڵ چەند کەسێکی‌تر مارەکەیان بەفیشەك کوشت، کچەکەم لەدەنگی فیشەکەکە زریکاندی، مارەکە زۆر درێژبوو، لەترسی مارو مێروو لەسەر (هەرزاڵ) دەخەوتین .

بەبەردەوامیش لەژێر تۆپ باراندا بووین، هەتا رژێم بەچەکە کوشندەکەی خۆی کەهەموو ژینگەی بۆگەن دەکردو گازی کیمیایی پێداکردین، هەرلەوساتانەدا هاوسەرەکەم فەرمانی گواستنەوەی دەرچوو بۆ ناوچەی (شلێر)، منیش گەڕامەوە بۆ ئۆردوگای نەسر بۆ ماڵی باوکم، من لەترسی جاشەکان خۆم شاردەوە هەتا هاوسەردکەم ناردی بەشوێنماو نامەو ناونیشانی بۆ ناردین تابچین بۆ هەڵەبجە، لەگەڵ کاڵێ‌ی هێوەرژنم چوین تاکاك ئەسکەندەرمان دۆزییەوە، لەگەڵ دوو ژنی شاخی تردا لەڕێگەی حیزبی دیموکراتەوە بەسەیارە بردیانین، دواتر کەڕێگای سەیارە نەما بەپێ هەرچوار ژنەکەو منداڵەکانمان‌و کاك ئەسکەندەر کەوتینە ڕێگا تاگەیشتینە (هاوارە کۆن)، لەوێ پاش ماوەیەك لەیەکدابڕان لەگەڵ هاوسەرەکانمان بەیەك گەیشتینەوە.

بەڵام زۆرمان برسی‌بوو، نەمانتوانی ڕێگا ببڕین، ئەو شەوە لەقوتابخانەی گوندەکەدا خەوتین، هاوسەرەکەم چوو نانمان بۆ پەیدابکات، بەهەزار دەردی سەری شەش نانی دەستکەوتبوو بۆ هەموو خێزانەکان ئێمە دوونانمان بەرکەوت.

لەگەڵ سپێدەدا بەرەوگوندی (شێخان) بەڕێکەوتین، دواتر بەرەو (پاوە)، ئێواری خۆر لەئاوابووندا بوو گەیشتین، زۆرهیلاک‌و برسی بووین، خواردنمان تەنها ئەو دوو نانەی شەوی پێشوو بوو، نانمان خواردو بەڕێکەوتین بەرەو(کرماشان)، لەوێشەوە بۆ سنەو مەریوان، لەوێ کەسمان نەئەناسی، چووین بۆ گوندی (نێ)، ئەوشەوەمان لەماڵی برادەرێکی هاوسەرەکەم بەناوی کاک(عزەت) بەسەربرد، بەڵام ئەوماڵە تەنها ژوورێکیان هەبوو، من‌و هاوسەرەکەم و پێنج منداڵ زۆر ئەرک بوین بەسەریانەوە، بۆ بەیانی هاوسەرەکانمان چوون بۆ ناوچەی شلێر ماڵمان بۆ پەیدابکەن بەڵام خزمێکمان هات بردینی بۆ ماڵی خۆیان وهەفتەیەك لەماڵیان بووین، دواتر ژوریان بۆ پەیدا کردین‌و کەل‌و پەلی ناوماڵیان بۆ کۆکردینەوە تەنانەت نەوتیش.

هاوسەرەکەم پاش(٢٠) ڕۆژ گەڕایەوەو وتی ئەم جێگایە زۆر باشە، ئیتر ساڵ‌و نیوێك لەوێ ماینەوەو دواتر بەرەو (جوجە سازی) ڕۆیشتین، ماڵە (پ.م)کان لە(کانی دینار) بوون ئێمەش چووین بۆ(کانی دینار) تاراپەڕین لەوێ ماینەوە. لەچەژنی نەورۆزدا ئاهەنگێکی گەورەمان گێڕا، دوای ڕاپەڕین‌و کۆڕەوە مەزنەکەی کوردستان ئێمەش گەڕاینەوە، ساڵێك دوای ڕاپەڕین هەل چوون بۆ هاندەرانمان بۆ ڕەخسا، بەڵام خۆم‌و هاوسەرەکەم ئەوەندە وابەستەبووین بەم خاکە پیرۆزەوە، ئازادی‌و ڕاپەڕینیش بەخوێنی شەهیدان‌و ڕەنجی ماندوبون‌و هیلاکیی ئێمەو هاوخەباتەکانمان ئەزانی، نەمانتوانی خاکەکەمان بەجێ بهێڵێن‌و بەئازارو ژانەکانمانەوە ماینەوە.

خۆیشم لەساڵی١٩٨٢وە بەبێ پچڕان بەهەموو سەختییەکانی ژیاندا ڕۆیشتم، توشی چەندین گیروگرفت‌و ماندوێتی‌و هیلاکی بوین، هیوادارم زیاتر ئاوڕ لەئێمەی ژنانی شاخ بدرێتەوە، تالەسایەی ئازادیدا زیاتر هەست بەبوونی کەسایەتی خۆمان‌و خەباتەکەمان بکەین.

# شارباژێڕ

## پیرۆز حەسەن مستەفا

پیرۆز محمد مستەفا ئەو ژنە ماندوەی ڕێگای خەبات ئەڵێت لە ژیانی شاخ و لەناو ئازادیدا هەربەهەزاری ژیاوین، هیچ ڕێزێك بۆ ژنی شاخ دانەنراوە، تەنها موچەیەکی ڕەمزی نەبێت ئەویش تا مانگێك هەیە سێ مانگ نیە.

من لەڕۆژێکی ساڵی ١٩٦٠دا لەگوندی کەناروێ لەدایك بووم هەرلەو گوندەشدا گەورەبووم تا ڕۆژی١٤ نەورۆزی١٩٧٦ کە دەشت و دەرو شاخەکان وەك فەرشێکی سەوز داخرابوون گوڵەبەیبونەکان لەگەڵ گوڵاڵەسوورە سەریان دابوو بەیەکدا، لەوڕۆژە ئاسمان سامانەدا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ( عەلی ڕەشید قادر) هەر هەمان ڕۆژ گوێزرامەوە هاوسەرەکەم پەیوەندی کرد بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە لەوساتەوە شان بەشانی هاوسەرەکەم بەبێ پچڕان خەبات دەکەم، هەتا ئەم ساتە وەختەش.

دوای پێکهێنانی ماڵی نوێمان خۆم و هاوسەرەکەم زۆر بەپەرۆشەوەو بەنهێنی کەوتینە کارکردن دەرزی و دەرمانمان لەنەخۆشخانەکان پەیدادەکردوو دەمانارد بۆ هێزی (پ.م) تاساڵی ١٩٨٦ هاوسەرەکەم لەفەرمانگەی جیهانی بەکرەجۆ کارمەندبوو، بەهۆی گیرانی چەند هاوڕێیەکی لەوێ فشاری زۆری حیزبییەکانی ناو فەرمانگە بۆ کردن بە(بەعس) بوونیان، بەڵام هاوسەرەکەم پێ قبوڵ نەکرا بێتە پیاوی ڕژێم، ڕێگای شاخی هەڵبژاردوو بووبە (پ.م) منیش پاش(١٥)ڕۆژ ڕێگەی شاخم گرتەبەر، لەوێ ژیانێکی سەختم هەبوو بێجگە لەخزمەتی کردنی منداڵەکانم، خزمەت کردنی میوانی (پ.م) ش دواتر چووینە گوندی(گۆزەدێم) لەوگوندەدا کوڕێکم بووبەناوی(شوان) لەو کاتەشدا شەڕبوو ڕژێم هێرشی کردەسەر گوندەکەمان و٩ (پ.م) شەهیدبوون هەموو ماڵمان تاڵانکراو هیچمان بۆدەرنەچوو، ڕومان کردە گوندی(گەپەدێ) لەمارەی دانوستانەکەدا بەشداریمان لەیادی دامەزراندنی ١٤ ساڵەی کۆمەڵەدا کرد لەگوندی(گورگەدەر) شانۆگەریەك پێشکەشکرا کە هاوسەرەکەم تێیدا بەشداربوو، نووسین و دەرهێنانی شانۆگەریەکە(حیکمەت هندی) بوو دواتر شەڕبووەوە برازایەکم بەناوی(بەهادین) لەڕێکخستنەکاندا کاری دەکرد گیرا بەفەرمانی پارێزگاری سلێمانی ئەوسا(شێخ جەعفەر) بەبەرچاوی دانیشتوانی شارەوە گوللەباران کرا، پارەی فیشەکەکەیان لێ سەندینەوەو نەیانهێشت پرسەی بۆ دابنێین.

ئەشەڕە پێکدادان دەستی پێکردەوە لەگوندی(گەپەدێ) ئێمەش ماڵمان تاڵانکرا بەسەڵتی دەرچووین بەرەو گوندی(سیرە مێرگ) لەوێش لەژێر بۆردومانی فڕۆکەکاندا نەمانتوانی بۆیەبەرەو(حەمزە) ڕۆیشتین دیسانەوە ماڵمان دروستکردەوەو زەخیرەیەکی زۆرمان کڕی بۆ زستان، ڕۆژێکیان لەگەڵ کازیوەی بەیاندا بەئاگاهاتم جەیش و جاش هەموو شاخەکانیان گرتبوو، ناوگوندیش پڕبوو لەفیرارو (پ.م) ئێمەش ماڵەکەمان پڕبوو لەهەموو کتێبێکی سیاسی و پۆستەرو بڵاوکراوەکان هاوسەرەکەم لەگەڵ (پ.م) یەکی هاوڕێیدا فەردەیەك کتێبیان کۆکردەوەو فەردەکەی خستەسەرشانی بەردو دەرەوەی گوندەکە لەگەڵ هاوڕێ تەیدا ڕایان دەکرد لەوساتەدا سەربازەکانی ڕژێم چاریان لێیانبرو دایانە ڕێژنەی

گوللە من ئاگام لە هاوسەرەکەم ئەما چی بەسەرهات چونکە فڕۆکەکانیش کەوتنە بۆردومانکردنی ناوگوندەکە، لەدوای بۆردومان بانگەوازیان کرد خەڵکی گوندەکە بێنە دەرەوە بچنە سەرقەبران گوندەکەتان دەسوتێنین هەموو خەڵکەکەیان لەسەرسەر قەبرانەکە کۆکردەوەو من لەحاڵەتێکی نائاسایی‌دا دەژیام ئاگام لەژیانی هاوسەرەکەم نەماو خۆشم ژنی شاخم چارەنوسی خۆم‌و منداڵەکانم نادیاربوو.

ژن‌و منداڵیان لەپیاوەکان جیاکردەوەو بەرامبەر بەیەک وەستانیان لەسەرەتادا ئەومالانەی لەجادەوە نزیک بوون بەشۆفڵ روخاندیان، هەر بەبەرچاوی خۆمانەوە ئاگریان بەردایە ماڵەکان‌و سوتاندیان خەڵکەکە سەیری کڵپەو بڵێسەی ئەوئاگرەیان دەکرد کەبەری رەنج‌و هیلاکی چەند ساڵە بەرهەم هاتبوو لەساتێکی کەمدا هەمووی بووبە خۆڵەمێش.

ئێمەیان پێش خۆیاندا بەرەو(قوولەڕەش) هەموو نائارامبووین کەس بەهیوای ژیان نەبوو، هەرلەکازیوەی بەیانەوە تاتاریکی کرد هەربە پێوە وەستابووین بێ نان‌و ئاوخواردن بەتایبەتی منداڵەکان زۆرهیلاک‌و برسی بوون دوای سەربازەکان رۆیشتن، ئێمەیان بەسەرجاشەکاندا بەجێ هێشت جاشەکانیش ڕێگەیان داین بگەڕێنەوە، من بەختەوەربووم کەپێیان نەزانیم کەژنی شاخم لەگەڵ خەڵکەکەدا کەوتینە رۆیشتن تالە پێچەکانی ئەزمەڕدا سەیارەی گەورە هاتن‌و هەڵیان گرتین بەرەوسلێمانی گەڕامەوە ماڵی باوکم من سەرباری سەختی ژیانی خۆم، بەزەییم بەو گوندە حاڵ سوتاوو ماڵ وێرانانەدا ئەهاتەوە، ئێمە خۆمان راهاتبووین لەسەرگونداوگوندو ماڵ سوتان‌و تالانکردن، دوای گەڕانەوەم زۆر نائارام بووم بۆ هەواڵی هاوسەرەکەم بۆیە پاش هەفتەیەک لەگەڵ پورزایەکمدا بەنهێنی چوینەوە دەرەوە تابزانین چی بەسەرهاتووە دوای گەڕانێکی زۆر لەقەیوان دۆزیمانەوە، من گەڕامەوە لای منداڵەکانم، چەند مانگێک لەشاردا مامەوە هەر رۆژەو لەماڵێک بوین هەندێک لەخزمان لەترسی ئازارو ئەشکەنجەی رژێم دەرگایان لێ نەکردینەوە، پاش ماوەیەک چوین بۆ(قەیوان) ئەمجارەش ماڵمان کرییەوەو ماڵمان پێکەوە نایەوە لەساڵی١٩٨٦دا داستانی(قەیوان ماوەت) رویدا ناوچەکە بەر شالاوی فڕۆکەکانی دوژمن کەوت، لەوکاتەدا کچەتەمەن شەش ساڵەکەم سوتا بەپەلە گەیاندمە نەخۆشخانەی سلێمانی پاش پێنج رۆژ لەبەرچاوی خۆمەوە گیانی دەرچوو، کەئەوەش کارەساتێک بور بەسەرم هات هەرگیز لەیادم ناچێت تەمەکەشیان نەدامەوە بەچاوە پڕلەفرمێسکەکانمەوەو بەودڵە بیمارەوە، بەهەزار دەردی سەری خۆم کێش دەکرد بەزەویەکەدا تاگەیشتمەوە ماڵی باوکم‌و پێم راگەیاندن، تاتەرمەکەمان وەرگرتەوەو پرسەمان بۆ دانا دواتریش وەک دایکێکی جگەر سوتاو گەڕامەوە بۆلای منداڵەکانی‌ترم هاوسەرەکەم لەوێش لەبەرزۆری بۆردومان نەمان توانی درێژە بەژیانمان بدەین لەنیوەشەوێکی تاریکدا ئێمەو هەموو خەڵکی گوندەکەمان بەجێ هێشت‌و بەرەو(مێولاکە) رامانکرد بۆ ماوەی چەند مانگێک لەژێر خەیمەدا ماینەوە لەگەڵ چەند ماڵە (پ.م)یەکی‌تردا، دواتر بەرەو(چۆخماخ) بەڕێکەوتین کۆمەڵێ ماڵ بە یەکەوە دەژیاین، لێرەبوین کە داستانی رزگاری روویدا ژیانێکی زۆر سەختمان گوزەراندو گوێزراینەوە(هەڵەدن) ژیانمان لێرە گەلێک خراپتربوو لەبەرسەختی بۆردومان ژیانمان لەگەڵ دوپشکدا بەسەرئەبرد، هەتانەمان ئەتوانی

ئاگرێک بکەینەوەو بینەدەرەوە نانێک ئامادەبکەین هەموو ڕۆژێک چەند جارێک لەگەڵ سپێدەدا دەچووینە شاخی ژیلوان و کەخۆر ماڵئاوای لێ دەکردین ئەگەڕاینەوە ماڵەکانمان تابەفەرمانی سەرکردایەتی هاوسەرەکەم گوێزرایەوە قەندیل من و منداڵەکان بەنهێنی گەڕاینەوە بۆ ناوشار، پاش ١٢ ڕۆژمانەوەمان لەماڵی باوکم لەگەڵ دایکم و زاوایەکماندا بەڕێکەوتین بۆ قەندیل هەرمەمان ڕۆژ ئەیشتینە گوندی(زووکان) هەرلەوگوندە کچێکم کەوتە ناوەوە خەریکبوو بخنکێت باش بوو فریای کەوتن دەریان هێنایەوە بۆم ئەوەشەوە لەماڵێک ماینەوە دایکم و زاواکەم گەڕانەوە بۆ سلێمانی ئێمەش نیوەشەوێ تاریک بوو سواری وڵاغ بووین و کەوتینە ڕێگا بەناو ڕەبیەو سەربازگەکانی ڕژێمدا هەرتاریکەشەو بوو پەڕینەوە لەوکاتەدا بەهەورازە سەختەکەدا سەرئەکەوتین وڵاخێک تل بۆوە بەسەرقاچی کچەکەمدا خەریک بوو لەگەڵ خۆیدا تلی باتەوە خواردوە بەوشاخە سەختەدا، ئازاری زۆر پێگەیشت شەوێک لەماڵێکی هەولێری لاماندا، ڕۆژی دوای کەوتینەڕێگا تاگەیشتینە لای هاوسەرەکەم لەقەندیل شەش مانگ ماینەوە لەگەڵ ماڵی مەلاخالید بوین لەبەرسەرمای قەندیل لەپایزی١٩٨٧ داچووینە(ئالوەتان) وەرەقەیان بۆ کردین بەرەو(سەقز) ڕۆیشتین لەوێشەوە بۆ(مەریوان) دواتر لەگوندی(نێ) نیشتە جێ بوین لەوگوندەدا بە بۆردومانی کیمیاوی بریندار بوین هاوسەرەکەم هەردوچاوی کزبووە بێ عەینەک هیچ نابینێت خۆشم تەمێکی لەسەر هەردووچاوم پاش ماوەیەک چووین بۆ(کانی دینار) ماینەوە تاڕاپەڕینی١٩٩١ خۆشترین ڕووداو لەژیاندا ئەوەبوو گوێم لەئێستگەی دەنگی گەلی کوردستان بوو کەوتی جەماوەری شاری سلێمانی ڕاپەڕیوە لەدژی ڕژێمی ڕەفتار فاشی، لەو زەمەنەدا چوار ساڵ بوو کەس و کارم نەدیبوو لەکاتی کۆڕەوەکەدا زۆر حاڵم پەرێشان بوو بۆ کەس و کارم بۆ ئەو مەبەستەش هەموو ڕۆژێک ئەخۆشخانەکانی شار ئەگەڕام ئەوەندە گەڕام ئێوارەیەکیان بەنائومێدی لەگەڕانەوەدا بووم لەپاسێکدا کوڕێک پشتی لێم بوو هەربۆیە بانگم کرد ئازاد یەکسەر ئاوڕی دایەوە کە سەیرم کرد براکەم بوو لەناوپاسەکەدا خەریک بوو لەهۆشی خۆم بچم، بردمەوە ماڵی خۆمان بەدۆی ئەودوە هەواڵی کەس و کارم زانی، دووجار سەردانی ماڵی باوکم کرد لەدوای ڕاپەڕین دواتر چووینە(کۆخەلان) بەوزستانە سەختە لەژێر خەیمەدا ژیانمان ئەگوزەراند هاوسەرەکەم ئەندامی کۆمیتەی بەرەی کوردستانی بوو، هەتا ساڵی١٩٩٣ گەڕاینەوە پێنجوێن نیشتەجێ بووین.

بەڵام ئێمە لەکاتی شۆڕش و لەکاتی ئازادیشدا هەر هەژارو بێ جێگاو ڕێگاین هاوسەرەکەم پارچە زەویەکی وەرگرت لەبەر هەژاری و گرنگیتی ئەمان توانی بیکەین بەخانوو، نیوەمان فرۆشت نیوەکەی ترمان پێکرد بەخانوو ئانەم نوسراوەش نەدەرگای هەیە نەپەنجەرە ئەگەچکاری کراوە بەوشێوەیە تێیدا ئەژین.

ئێمە ژیانێکی سەخت و چەندین جار ڕووبەڕووی مەرگ بوینەتەوە بەڵام وەکو ژنی شاخ هیچ ڕێزێک دانەنراوە بۆ خەبات و ماندوبونی ئێمە موچەیەکی ڕەمزی نەبێت ئەویش تامانگێک هەیە سێ مانگ نیە.

من لەم نامیلکەیەوە ئەڵێم چۆن لەکاتی شۆڕشدا چەوساوەو هەژارو ڕەنجکێش بووین بەهەمان شێوە زۆربەمان لەژنی شاخ و (پ.م) دێرین لەئازادیشدا دەربەهەژاری ئەژین.

## خانم عەبدوڵلا عەبدولرەحمان

خانم عەبدوڵلا عەبدولرەحمان ئەو ژنەیە کە زۆر ستایشی رۆڵی باوکی ئازیزی دەکات لەو زەمەنە سەختەدا بەرامبەر دوژمنی ئازادی و خۆشەویستی رەستایەوە یان بێ گوێدانە هیچ قسەو قسەلۆکێکی مرۆڤە سادەکان.

من لەخێزانێکی کوردپەروەر لەگوندی ئارەزەری ناوچەی شارباژێر هاتوومەتە ژیانەوە باوکم مرۆڤێکی نیشتمان پەروەر بوو لەو رۆژە سەختانەدا کەکەس نەی دەوێرا ناوی شۆرش و پ.م بهێنێت بەڵام باوکم بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە رازی بوو بەوەی ئەڵقەی دەزگیرانی بگۆڕمەوە لەگەڵ پ.م ماندوو نەناس تایەری حاجی عەزیز لەساڵی ١٩٧٦ کە تازە گڵکۆی شۆرشی نوێ لەگەشانەوەدا بوو رژێمە بەزیوەکەی بەغدا وەکو هەموو پیشە نامرۆڤانەکانی خۆی هەموو گوندە سەر سنووریەکانی باشووری داگرت و کردی بەناوچەی محەرەمە بەهۆی راگواستنی گوندەکان من بێ ئاگام لەهەواڵی شەهید تایەر ئەودشی بەهۆی بەشداریکردنی بوو لەکارەساتی هەکاری لەمانگی سەرماوەرزی ١٩٧٧ بەرەو تورکیا رۆیشت لەگەڵ هێزی پ.م ماوەیەکی زۆر هەواڵی نەبوو دواتر هەر کەس بەوشێوەیەك هەواڵیان دەدامێ یەکێك ئەیوت شەهیدبوو یەکێکی تر دەیوت بریندارە هەتا مانگی خەرمانانی ١٩٧٨ لەگەڵ حەوت هاوڕێی خۆیدا گەڕایەوە دوای گەڕانەوەی بڕیارماندا بکەوینە ژیانی هاوسەریەوە بەڵام ئەو پۆستاڵ رەشانە ئەو ئومێدەیان ئاینەچاڵ بەهۆی داگرتنی هەندێ گوندی ترەوە بۆ ماوی سێ مانگی تر لێی بێ ئاگا بووم.

دواتر دیاریەکی بۆ ناردم کە هەرگیز لەیادی ناکەم لەمانگی نەورۆزی ١٩٧٩دا بوو هەواڵی نارد بۆ ماڵ خاڵم کە بمگوێزێتەوە لەگوندی ئاسناوای ئێران چاوەڕوانی وەڵامی من بوو بۆی بچێت؟

دیارە قیادە موقەتەی ئەوسا دەوری کۆمەڵێك پ.م یەکێتیان دابوو بوو بەشەڕ سێ پ.م شەهیدکرد کە هاوڕێی شەهید تایەر بوون خۆشی دەستگیرکرا ئێمە هیچ هەواڵێکمان نەدەزانی: لەوکاتەدا شۆرش لەنەشونمادا بوو رژێمیش لەناوچووش خاوەنی هێزێکی زەبەلاح بوو لەوکاتە دژوارەدا باوکم چوو هەواڵی بزانێت دوای ئەوە زانیمان کە بەندە رۆژێکمان لەبەندیخانە شەهید تایەر لای هاوڕێیەکی خۆی وتبووی ئاواتم ئەوە بوو ماڵ و خێزان دروست بکەم بەڵام تازە هیچ رێگایەك لەبەردەما نەماوە تەنها دیاری من لەلای دوستیلەیەك بوو دابووی بەهاڕێکەی بۆم بهێنێتەوە چونکە بەتەمای ژیان نەمابوو لەوکاتەدا ئالە ئەورامی گوێ لەگفتوگۆی شەهیدو هاوڕێکەی دەبێت پێی دەڵێت لەبەر خاتری دەزگیرانەکەت ئازادت دەکەم لە١٦ی پوشپەری ١٩٧٩ لەدزڵی ئازاد کرا نامەی نارد بۆ دایکی ئەمەردانی بکات بۆئەوەی من بگوێزێتەوە پاش سێ ساڵ دەزگیرانێتی کەرژێمی فاشی رێگەی پێکەوەژیانی ئەدەدا دەبوایە ژنی شاخ و هاوسەری پ.م بەبەردەوامی دوور لەیەکتری و بێ ئاگا لەژیانی یەکتر بەئاسەوەو هیواوە بژیانایە هەر بۆیەش ٢٦ی خەرمانانی ١٩٧٩ بەشێوەیەکی نهێنی دوور لەچاوانی رژێم بەشەو بردیانم بەجلە سادەکانی ماڵەوە گەیشتمە گوندی بادانەو دەرەمیانە چووینە ناو باخە چنارێك بەمەبەستی لەبەرکردنی جلی بوکێنی بەڵام لەبەر هەندێ هەلومەرج جلەکانم هەر نەکردەوەو نەشم توانی خۆم بگۆڕم بەجلە سادەکنی خۆمەوە گەیشتمە لای هاوسەرەکەم بەڵام ئەوەندە شادمان بووم وام دەزانی بەجوانترین شێوە رازێنراومەتەوە.

دوای مانەوەمان بەدوو کاتژمێر لەو گوندەدا وتی ئامادەیت جلی پیاوانە لەبەربکەیت و لەگەڵما بێیت منیش وتم تۆ لەهەر شوێنێك بیت منیش لەوێم کەوتینە ڕێگا بەرەو چەمپاراو کاتژمێر دوانزەی شەو گەیشتین چووینە ماڵی حەسەن بەگی چەمپاراو پاشان بەڕێکەوتین بەرەو شاری بانە دوای پانزە شەو مانەوەمان بەرەو قەڵای مەریوان بەڕێکەوتین و لەوێشەوە بەرەو بایاوا و دواتر بەرەو ئاسناوا شوێنی شەهید بوونی سێ هاوڕێکەی خۆی پیشان دام لەگەڵم هات هەتا گوندی ئاسن کوڵێنی پێنجوێن لەوێوە لەگەڵ هاوڕێیەکی دا گەڕامەوە ماڵی خاڵم پاش ٢٠ ڕۆژ بەیەکەوە بوون لەوێ بیستم کە باوکم لەفەرمانگەی ئەمنی پێنجوێن بانگکراوەو پێیان وتووە تۆ کچت داوە بەپ.م دەبێت لێی بسەنیتەوە لەوەڵامدا باوکم وتبووی ئەو پ.م من ناتوام کچی لێ بسەنمەوە.

دواتر گەڕامەوە ماڵی باوکم پاش ماوەیەك مانەوەم لەمانگی گەلاوێژی ١٩٧٩دا گەڕامەوە بۆ شاخ لەوێ درێژەم بەژیانمدا هەتا هاوسەرەکەمیان لەسەرکردایەتی بانگکرد لەمانگی گەلاڕێزاند هەمدیس من گەڕامەوە ماڵی باوکم لەوێ زیاتر شوێنێکی تر نەبوو من بەخۆی بگرێت پاش ماوەیەك مانەوەم دیارە ئەمجارە بەرەو شاری بانە بەڕێکەوتم پاش ١٠ ڕۆژ مانەوەمان بەفرێکی زۆر باری بوو لەبلەکێ هاتینەوە چەمپاراو لەوێشەوە بەرەو شاربازێڕ ڕۆیشتین پاش مانەوەمان بەمانگێك لەشارباژێڕدا ئەمجارەش هاوسەرەکەم لەسەرکردایەتی بانگکرایەوە هەمدیس دابڕان دەستی پێکردەوە بەراستی ئەو ڕۆژانە چەند بۆ پ.م سەخت بوو.

دە ئەوەندە بۆ ژنی شاخ و پڕمەترسی بوو لەمانگی گوڵانی ١٩٨٠ دا کە دەشتو دەری کوردستان جوانترین تابلۆی بوو هەوا پاکەکەی ژیانی مرۆڤی تازە دەکردەوە بەرەو ماڵی خۆم لەگوندی جارغ کەوتمە ڕێگا سێ چەم لەبەردەمماندا بوو لەپەڕینەوەدا بازم ئەدا بەسەر تاشەبەردەکاندا بۆ پەڕینەوە ئەو پیاوەی لەگەڵمابوو لەرووم نەهات پێی بڵێم سکم هەیە ئەوەش بووە هۆی لەناوچوونی کۆرپەکەم کە گەورەترین ئاواتی هەردووکمان بوو.

من زۆر نەخۆش و هیلاك بووم هاوسەرەکەم دوو سێ جار خۆی ئامادەکرد بچێت پزیشکم بۆ بهێنێت لەئالپارێز من نەمهێشت لەوە ترسام تووشی کارەسات بێت.

لەڕۆژی ١٥ی پوشپەڕی ١٩٨٠ لەگوندی جارخ لەماڵی خۆمان دانیشتبووین کاك ئازاد دەرەمیانەی میوانمان بوو خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو زۆر ئاسوودە بووم تا کاتژمێر ١٢ی شەو قسەی خۆشمان کرد. دواتر لەکاتژمێر سێی هەمان شەودا هاتن بەشوێن هاوسەرەکەمدا بۆ ئیشوکاری شۆڕش لەوکاتەدا دڵم تەزوییەکی ترسناکی بەخێرایی پێدا تێپەڕی لێم پرسی کەی دەگەڕێتەوە؟ لەوەڵامدا وتی بۆ حەز دەکەیت لەلات بم دەچم بۆ گوندی بادانە بۆ سوڵحی عەشایری بێویستی خۆم زۆر بێ تاقەت و ئائارام بووم بۆ ڕۆژی دوایی بەتەمای گەڕانەوەی هاوسەرەکەم بووم کاك ئازادم بینی زۆر شڵەژاو بوو وتم کوا تایەر وتی لەگەڵ چەند پ.م بریندارادیە ڕاستیەکەی لێشاردمەوە پاشان لەعەسردا هەواڵیان هێنا بریندارە سەرم لێشێوابوو نەمدەزانی چی بکەم دەمێك پێڵاوەکانم لەپێ دەکرد دەمێك دەگرت بەدەستمەوە بەناو دڕك و داڵی شاخەکاندا رامدەکردو هاوارم دەکرد دواتر گەڕامەوە ماڵەوە تا لەئێوارەیەکی درەنگدا کە خۆری خۆشەویستی ماڵئاوایی بۆ هەتا هەتایە لێکردم بەرەو گوندی دەرەمیاتە بەڕێکەوتم کاتژمێر دەی شەو بەو دڵە زامدارەمەوە گەیشتمە ئەو گوندە بەڵام خەڵکی گوندەکەش لێیان شاردمەوە من وام زانی بریندارە ئەمبەن بۆ ئێران بۆ لای وتیان ئێرانی چی بچۆ بۆ مزگەوت و بزانە چی ڕوویداوە کەچووم چی ببینم ئەوەی هەموو ژیانم پێشکەش کرد شەهیدبووە لەوساتەوە هەموو خۆشیەکی ژیانم لەدەستدا تەنها ئەوەمان بۆ ماوەتەوە کە بڵێم لەڕێگایەکی سەربەرزانەدا شەهیدبوو.

## رووناک صبری ساڵح

رووناک صبری ساڵح لەنووسراوەکەیدا دەڵێت ئەم جیلە کە بەژنی شاخ ناودەبرێت بەشانازیەوە خۆمان بەمشتێك لەخەرواری پڕ لەسەروەری و قوربانی و فیداکاری ناو شۆرشی نوێی گەلەکەمان دەزانین کە کوردی لەنوچدان و ئەمان هەستاندووەتەوە بەرووی دوژمناندا، ئێمەی ژنی شاخ ئەگەر بوارمان بۆ برەخسێت رووی پرسیارمان ئاراستە بکرێت زۆرمان لەلایە لەبیرەوەریەکانی سەختی خەبات.

من لەگوندی سیتەك هاتوومەتە ژیانەوە هەر لەتەمەنی منداڵیمەوە هەستم بەچەوساندنەوەی گەلەکەم کردووە؛ هەر بۆیەش بووم بەهاوسەری جەمال مەحمود محەمەد ئاسراو بەجەمال سیتەکی دوای ماوەیەك پێکەوەژیان هاوسەرەکەم لەسەر فەرمانی سەرکردایەتی ناردیان بۆ ئێران بەرەو تاران رۆیشت بۆ گەیاندنی نامەو پەیوەندیەکانی سەرکردایەتی حزبەکانی ئەودیو بەنهێنی هاوکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی برا پ.م و شەهیدەکەی کە بەشێوەیەکی ناڕەوا شەهیدکرا لەوکاتەوە لەیەکتردابڕان و ناخۆشی دەستی پێکردو منیش بەسێ منداڵەوە لێرە مامەوە.

هاوسەرەکەم لەگەڕانەوەیدا بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان لەسەر گوزارشتی هەندێ خۆفرۆش لەئیتلاعاتی ئێرانی دەگیرێت لە.. بانە زیندانی دەکرێت ئەو زەمەنەش شەڕی عیراق ئێران تەڕو وشکی بەیەکەوە دەسووتاند.

هاوسەرەکەم ماوەیەکی زۆر بێ سەروشوێن بوو ئەویش لەبەندیخانە دڵی لای من و منداڵەکانم بوو پاش ماوەیەکی زۆر بەسەردا تێپەڕی نامەیەکی پێچراوەم وەکو چکلێت پێگەیشت نامەکە بۆنی دڵسۆزی و پ.م یەتی و شاخی لێدەهات کەنووسیبووی من و منداڵەکان بچین بۆ گوندی مالومە پاش ماوەیەکی دوورو درێژ لێدابڕان گەیشتمە ماڵە خنجیلانەکەی مالومە هەموو شتەکان تازە بوو لەنوێ ماڵ دەچووین، کەلێم پرسی خاوەن ماڵەکە لەکوێن وتی لەترسی بۆردومان لەئەشکەوتدا دەژین، لەوێش لەناو دوکەڵی ناپاڵم و لەژێر زوڵم و زۆرداری زاڵمدا بۆردومان کراین منداڵەکانم بەنهێنی لەشار دەیانخوێند، پشووی سەری سال دەستیپێکردو منداڵەکان لەلامان میوان بوون ئەو رۆژە بەنیازبووین جەژن و شادی بکەین زۆر لەناکاو کەلە فرۆکەیەك چەشنی داڵەکەرخۆرەی دوژمنی بەعی عەفلەقی لەئاسمانی شین و سایەقەوە پەلاماری گوندی مالومەبدا بەبۆمبی گڕاوی و هێشوویی و ناپاڵم گوندەکەیان لەئاگرو باروت و دوکەڵی ناپاڵمدا ونکرد لەماڵێکدا ژنێك مەشکەی دەژەنی مانگی خۆی بوو یەکپارچە ساروخ بەر سکی ژنەکە کەوت دەستی منداڵەکە لەردەمی دایکیەرە هاتبووە دەرەوە لەناو کەوڕو خانووەکاندا ئاژەڵەکان دەسووتان و دەبرژان، لەوکاتەدا کاک حسێن فارس میوانمان بوو بەپەلە دوو منداڵی فڕانە پەناگاکەوە

بەڵام منداڵێکی ترمان بەپلەکاندا سەرکەوت و رایکردە ژوورەوە خۆی کرد بەژێر ئەو مێزەدا کەکردبوومان بەکەنتۆر بۆ جلوبەرگەکانمان و سەرەکەشمانی نوێنەکانمان لەسەر هەڵچنیبوو من و باوکی کێشمان دەکرد، دەمویست رایکێشم و خێرا بینێرم بۆ ناو پەناگەکە باوکیشی بەهەمان شێوە لەو کێشمە کێشەی نێوانماندا بەیەکتری پێدەکەنین، درێژەمان بەژیانماندا تا زستانی ساردو بەفری قورس و وەیشوومە هاتە پێشەوە لەنزیك گوندی بەختۆخەماڵێکمان لەناوجەرگەی زەوی سەختدا بڕیبوو چەند لەترسی تۆپ و فڕۆکە و کیمیایی دوژمن سەد ئەوەندە لەترسی سەرماو بەفرو کڕیوەی ئەو زستانە، دەگێڕنەوە لەزەمانی زوودا گوندێك هەبوو لەو جێگایەی ئێمە تێیدا دەژیاین لەبەردەم شاخی دابان-هەلاج دا تادەگاتە چیای جەرماوەند-قاتزۆلی گوندێکی ئاوەدان و بەپیت و بەرکەوت بوو لەزستانێکی سەختدا هەرەسی بەفر لەشەوێکی ئەنگوستەچاودا بەزریان و تۆفانەوە نیوەی راستی گوندەکەی داپۆشی، زۆر خەڵکەکە رەق دەبنەوەو دەمرن، ئەوەی رزگاری دەبێت بەرەو شام دەڕۆن جێگەیەکی تر ئاوەدان دەکەنەوە ناوی دەنێن بەختۆخە، ئێمەی ماڵە پ.م جێگاو گوندی ئەوانمان ئاوەدان کردبووەوە چەندین شەو من و ئاشنای کچم بەتەنیا دەماینەوە هاوڕێ و پشتیوانمان چەند دانە نارنجۆکێك بوو لەناوەراستی ئەو زستانە سەختەی ١٩٨٨ رژێمی عەفلەقی هێرشی کردە سەر ناوچە ئازادکراوەکان و هێزی پ.م بەیارمەتی وڵاتە عەرەبییەکان و کڕینی چەکی قەدەغەکراو وەکو خەردەل و سیانیدو گازی ئەعساب لەدەوڵەتە ئەوروپییەکان دروستکردنی چەندین فەوجی خەفیفە لەزۆڵە کوردی هەڵخەڵەتێنراو کەترسناکترین چەك بوون وەك کلاوسوری پێش بەعس لەهەموو لایەکەوە پەلاماریان دەدا، رۆژان دەهات و شەوگاری تاریك و بەفرو زریانەکەش ئاڵۆزتر دەبوو پ.م-ی کوردستانیش زیاتر خوێنی لێ دەچۆڕا بەسەر بەفرو سەهۆڵ بەندانی سنگی پۆڵاینیان دەکردە تانك و زرێپۆشی بەنەوتی بابەگوڕگوڕ کراو هەزارەها تۆپی ئەمساوی جۆراوجۆر سەدان هەزار قوات خاسە ر لیوای حەرەس جمهوری و جەیش شەعبی هەڵخەڵەتێنراو هێرشیان دەکرد هەتا ئەڵقەی گەمارۆکە تەنگتر بووەوە تا بوو بەشەڕی ماڵ بەماڵ و دەستەویەخە بووە هۆی شەهیدبوونی محمد رازیانی و چەندەها هەڵۆی تر.

یەکەم هێرشی ئەنفال بۆ سەرکردایەتی بوو بەفەرمانی سەرکردایەتی دەستکرا بەپاشەکشە بۆ سەر سنووری شۆڕش خۆی ئاگاداربوو کەچەندەها تەن بۆمب و گوللە و تۆپی کیمیایی ئامادەکرابوو لەلایەن رژێمەوە بۆیە کەوتینە رێگا لەچیای جەرماوەند بەرێگای قاتزۆلیدا سەرکەوتین بەرەو یاخسەمەر بەفر تا پشتی ئەژنۆ بوو لەزۆر جێگا دەکەوتینە رەنوە کلیلەی بەفرەوە یەکترمان رادەکێشاو یەکترمان دەردەهێنا.

سەرماو کڕێوە بەردەوامی ئاسمانی دووروو زەوی جەهەنەم ئەو تاقم و تفەنگ و کۆڵە پشت و نان و خواردنەشمان پێبوو سەرەڕای ئەوەش ئاشنای تەمەن شەش ساڵم قیناعی غازی لەپشت دابوو، لەجێگا سەختەکانیشدا دەستی منی رادەکێشا کەبەناو گوندی

باخسەمەر تێپەڕبووین هەر ئێمە نەبووین ئاپۆرەیەك لەخەڵکی ماندوونەناسمان بینی وەك هەنگی لانە شێواو بەچیای کەرکەر یان کورکوڕ دا سەردەکەوتین بەرەو گۆمەزەل بەرەو چارەنووسێکی نادیار و تێکشکاو بەچەکی کیمیایی پۆلێك دوو پۆل چەند پۆلێك شەهیدی پێ کنن و بێ شیوەن و بێ پرسە..

بەرەو هەوارەکانی سیرەمێرگ بەرێکەوتین زریان و بەفرو تەرزە بەشەرەهاتن دەتوت گەردوون رقی هەڵساوە ئەو تەوژمی سەرمایە وەکو چەقۆ دەیدا لەرووومان لەسەر رۆیشتن بەردەوام بووین تا گەیشتینە چادری پاسدارەکان سێ پاسداریان نارد نان و کۆمەك بۆ ئێمە بێنن لەناو زریانەکەدا سەریان لێ تێکچووبوو هەر سێکیان رەق بوونەوەو بەفر لاشەی داپۆشیبوون، ئەوان خۆیان کرد بەقوربانی بۆ نانی ئێمەو منداڵە برسیەکانمان.

بەناچاری لەترسی ئەنفال بەرەو دۆڵی شێخ محەمەد و زینوی کونە سەگ ملی رێگامان گرتەبەر لەسەرماو رەمێڵەی ئەو شاخە سەختەدا ٢٨ کەسمان لێ رەق بووەوە کە لەناویاندا کوردێکی کوردستانی رۆژهەڵات بەناوی عەلی لەفتە بوو زۆر جار برا پ.م بەفریاد رەس ناویان دەبرد، خۆزگە ئەوانەی هاوسەفەرمان بوون ئەم رێگایەی دەکرد بەداستانێك بەتایبەتی برای نووسەرو هاوخەباتمان حەمەی حەمە باقی و خوشکە نەجیبە کە لەکاتەدا لاقەی کچیان هاوتەمەنی ئاشنای کچم بوو.

ئەو خەڵکە پ.م جەماوەر سەربازی دیل پاسدارو ئەرتەشی ئێرانی منداڵ ژنی دووگیان بریندار ساغ هەتا ئاژەڵی گوندەکان بەیەك تولە رێگای باریکدا وەك میروولە رێچکەیان بەستبوو بۆ رزگاربوون لەمەرگ و تۆپ باران و کیمیاباران.

لەسەر رۆیشتن بەردەوام بووین بەرەو دۆڵی گەڵاڵە داری گەورەی لێبوو بەفر تا ناوقەدی دارەکان هاتبوو لەسەر ناو لقی دارەکانەوە سەربازی رەق بووەوە وەك مۆمیا کرابێت وابوو کە گەیشتینە لای پاسدارانی ئێرانی من دڵخۆش بووم وام دەزانی رزگارمان بوو لەچنگاڵی ئەو فاشیانە هێشتا پێشوومان نەدابوو بەراجیمەو تۆپی نەمساوی بۆردومان کراین ئای چ کوشتارێك روویدا؟ لەو خەڵکەو لەسوپای ئێرانی لەسەر پردێك سواری لۆری بووین بەڵام بەفرۆکەی پیلاتۆرز دواتر بەکاتیۆشا بۆمب باران کراین ناچار دابەزین بەلاپاڵەکاندا بەپێ کەوتینە رۆیشتن بەرەو شاناخسێ لەوێشەوە بەلۆری و سەیارەی گەورە بردیانین بەرەو بانە لەرێگای جادەکە رۆچووبوو لەنزیك گوندی کەوپێنج ئێمەش لەناو لۆریەکەدا کەسیرە کەوتبروین لەنیوەشەودا قریشکەی ژنێك ساردی و بێدەنگی شکاندو هاواری کرد فریام کەون منداڵم دەبێت هاوسەرەکەم و برا پ.م بەسەر لۆریەکاندا گەڕان دوو مامانی شارەزایان سەرخستە سەرەوەو رۆیشتین دارو چیلکەیان هێناو ئاگرێکی گەورەیان کردەوەو کردیان بەپشکۆو خستیانە تەنەکەیەوەو ناردیانە ناو لۆریەك پاش کەمێك واقەی منداڵێکی کوردی تازەبوو مژدەی ژیانی ناو مەرگەساتی ئەدا بەگەڵ کورد ژنەکان هاواریان کرد کوڕمان بوو ناوی بنێین چی؟

هاوسەرەکەم هاواری کرد ناوی بنێن پشکۆ، پشکۆ رۆژی دواتر بەپێ بەرێکەوتین بەرەو شاری بانە هەرگیز جوامێری و خۆڕاگری شاری بانەم لەیاد ناچێت، لەبەر خۆشەویستی ئێمە شاریان بەجێ نەهێشت لەژێر بۆردومانی فرۆکەکانی رژێمە بەزیوەکەی بەغدا مانەوە.

دواتر چووین بۆ شاری سەقز پاش ماوەیەک پشوودان هەستمان بەخۆمان کرد هەموو کوت و کوێری چەکی ژەهراوی سیانیدو خەردەل و گازی ئەعساب بووین بەو ژیانە پر لەغەم و پەژارەیە مامەوە نەمزانی بیری کێ بکەم؟ بیری دوو کۆرپەی بەجێماوم بکەم یان بیری ئەو دایکەم بکەم کە دایکیشم بوو باوکیشم بوو.

من ئەم دەزانی شیوەن بۆ کێ بکەم؟

بۆ شەهیدانی هێزی پ.م بێ کفن و بێ پرسە، بۆ هەڵۆسوورەکانی تێکشکاو بەچەکی کیمیایی بۆ ئەنفال کراوەکانی گەرمیان و هەولێرو کەرکوک و بادینان، بۆ خیانەتی خۆفرۆشەکان کەنیشتمانیان فرۆشت و خاکیان فرۆشت یان ولاتە زەبەلاحەکان خاوەنی چەکی قەدەغکراو دژ بەمرۆڤ و مرۆڤایەتی بۆ ئەو هەموو چاوچنۆکانەی کە پەترۆلی ولاتەکەمیان دەدەن بەچەک و دەیان دا بەسەری ئێمەوە یان بۆ ماڵە خنجیلانەکەی دۆڵی جافایەتیم و مێرگەپانم کە جێ حەوانەی برا پ.م کانم بوو.

ئەم دەزانی لەگەڵ دایکمدا دیارو ئاخر دەبم کە بەپەرداخێک ژەهری ئەمنە بەعسیەکان شەهیدکرا.

## زەکیە قادر ئەحمەد

من تێناگەم بۆچی کۆمەڵگا زۆرینەی خەونەکانم دەخاتە چاڵ (زەکیە قادر ئەحمەد)یش یەکێکە لەو ژنانەی کە خەونەکانی هێشتا شکۆفەی نەکردبوو زیندەبەچاڵ کراوە لەرۆژانی شۆڕشدا.

من لەو گوندە هاتوومەتە ژیانەوە کەشاخی گۆیژە وەک چادرێک سێبەری بۆ دروست دەکات ئەویش گوندی ولانەیە کەتێیدا لەدایکبووم بەڵام دواتر لەگوندی کۆزەرەقە نیشتەجێ بووین من لەخێزانێکی نیشتمان پەروەر گەورە بووم مامم بەناوی شێخ حەمە ئەمین کە پ.م لەسەفەرجە سەرەتاییەکانی لەکاردەساتی هەکاری لەساڵی ١٩٧٨دا شەهیدبوو بەخوێنی گەشی خاکی نیشتمانی ئاودا هەروەها باوکیشم پەیوەندی ڕێکخستنی هەبوو لەگەڵ شەهید سەلاحی ئەندازیار لەڕێکخستنەکانی سلێمانییەوە فیشەکیان دەهێنا بۆ ماڵی ئێمە حەزو ئارەزووی خۆم و ڕۆڵی تێکۆشەرانەی باوکیشم لەوکاتەدا ڕێگەی پێدام لەڕێکخستنەکاندا ئیش بکەم وای لێکردبووم کەدەستەوەستان نەوەستم بۆیە بڕیارمدا ئەو فیشەکانەی کەڕێکخستنی دەهێنا بۆ ماڵمان بەکۆڵ بەرەو پوشێن و سیتەک و وێڵەدەرو وەلانە بیگوێزمەوە بۆ بارەگای پ.م و لەکارکردن بەردەوام بووین تا کاک سەلاحی موهەندیس شەهیدکرا دواتر باوکم پەیوەندی ڕێکخستنی بەست لەگەڵ مامۆستا پێشڕەودا ڕۆژێکیان مامۆستا پێشڕەو کۆبوونەوەی پێکردین لەوکاتەدا خۆشم لەڕێکخستندا کارم دەکرد کۆمەڵگای دەوروبەرمان ڕێگایان پێ نەدام ئەو ئاواتەم بهێنمەدی کەببم بەئەندام دەیانگوت تۆ کچیت بگیرێیت لەسێدارەت دەدەن ئەوەش کارێکی نەشیاوە بۆ خێزانەکەمان بەڵام من هەر بیروباوەڕی کۆمەڵەی ڕەنجدەرام خۆش دەویست و هەرچی لەتوانامدا بوایە لەسنووری خۆم دەرنەچوایە ئەمکرد لەپێناوی ڕێبازەکەمدا.

دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە مامۆستا پێشڕەو لای ئێمە دەرچوو ڕۆیشت لەخەراجیان جاش گرتیان جانتایەکی پێبوو جانتاکەی فڕێدابوو وتبووی من شوانم.

مامۆستا پێشڕەو لەدانوستانەکەی نێوان ڕژێم و یەکێتی دا گۆڕرایەوە بەربوو ئێمەش پەیوەندیمان گواستەوە بۆ لای کاک عومەر غەریب لەو زەمەنەدا کاک عومەر لەڕێکخستنی شاردا کاری دەکرد ئاشکرابوونی یەکێک لەڕێکخراوەکان بوو بەهۆی ئاشکرابوون کاک عومەر هەر بۆیە هاتە شاخ باوکم بردی بۆ گوندی وێڵەدەر ماڵەکەشیان هێنا بۆ کۆزەرەقە بۆ ماڵی خۆمان ئێمە ماڵمان هاتە سلێمانی من لەئیشکردن دابڕام تا ساڵی ١٩٨٦ بەڵام خۆشەویستم بۆ شۆڕش و پ.م وای لێکردم کە هاوسەری پ.م هەڵبژێرم بەناوی عەبدوڵڵا کەڵتەکەی کە لەساڵی ١٩٨٢وە پ.م بوو لەتیپی ١٥ی شارەزوور ئیشی دەکرد، لەڕۆژێکی ئاسمان ساماڵی ١٩٨٦ دا بەشێوەیەکی نهێنی گوێزرامەوە بۆ سەیدسادق بۆ ماڵی خوشکی شەهید مەحمود گەرمیانی پاش سێ ڕۆژ مانەوەمان بەنهێنی ماڵمان بردە گوندی کێرە لەگەڵ ماڵی کاک عەزیز کوێکنی کە خێزانەکەی ئاشتی خانە لەگەڵ ماڵی کاک جەلال کوێکنی ژوورمان دەست نەدەکەوت، ژوورێکی گەورەمان پاککردەوەو چووینە ناوی پەنجەرەیەکی بچووک لەژوورەدا

بوو هەر ئێواریٚ دادەهات و گزنگی خۆر ماڵئاوایی لێدەکردین ژوورە تاریکەکەمان بە چرایەکی نەوت رووناک دەکردەوە دەبوایە هەموو ئێوارەیەك دۆشەکڵەیەك بخەمە پەنجەرە بچووکەکەوە بۆئەوەی شەوقی چراکەمان دیارنەبێت و نەماندەنە بەر تۆپ لەزەڕایەنەوە چونکە هەڵکەوتنی ماڵی ئێمە روو لەزەڕایەن بوو یەکێك لەئێوارەکان دۆشکڵەکەم جوان نەنابوو بەپەنجەرەکەوەو تیشکی زەردی چراکە بەرچاوی دوژمنان کەوتبوو هەر بۆیە لەناوکاو تۆپ باران کراین هەر تۆپ بوو دەیدا بەملاولاماندا‌و دەتەقیەوە لەناو ناڵەو گرمەی تۆپەکاندا کاس بووین تا دوایی پێمان زانی کە تیشکی چراکە لەپەنجەرەکەوە دیارە خێرا دۆشەکڵەکەمان چاکردو تۆپەکانیش کۆتایی هات ئەوە ژیان و گوزەرانی ئێمە بوو لەشاخ سەرەڕای ئەوەش چەندەها رۆژ نەمان دەوێرا سەر لەکونە تەیارەی بن شاخەکە بهێنینە دەرەوە واتە بنکی شاخەکەمان هەڵدڕیبوو قوڵمان کردبوو پاکمان کردبووەوە لەکاتی بۆردوماندا دەچووینە ئەو کونەوە ئێمە ئەو ژیانە سەختەمان زۆر پێخۆش بوو بەو هەموو بۆردومانە ورەمان بەرزبوو چونکە لەپێناوی ئاواتێکدا دەژیاین ئەویش ئازادی بوو رزگارکردنی خاکەکەمان بوو لەژێر پۆستاڵی رەشی داگیرکەراندا.

من گەڕامەوە بۆ گوندی کەڵتەکە کچێم بوو بەناوی شەهێن لە٤ی گوڵانی ١٩٨٧ هاتووچۆکردن زۆر گران بوو دەبوایە بەشەو هاتووچۆمان بکردایە دوای گەڕانەوەمان بۆ گوندی کۆرە درێژەمان بەژیاندا لەو گوندەدا.

من لەو بڕوایەدام کە ئێمە چەندێك هیواو ئاواتمان ئازادی بوو کەسوکارەکانمان دوو ئەوەندەی ئێمە خۆشەویستیان بۆ ئازادی لەدڵدا چەسپیبوو هەر بۆیە خەسووم کە ژنێکی بەتەمەنی بەڕێز بوو نانی بۆ دەکردم و دەیکردە تۆردەو دەیخستە گوێنیەوە تا سەرجادە بەسەیارە دەیهێنا لەشەممەو ویلکەوە ئەو فەردە نانەی دەخستە سەر سەری بەپێ بۆی دەهێنام هاتووچۆ کردنمان بەپێ ئاسایی تر بوو نەك لەسەیارە زۆرجار سەیارەکان لەرەبیەکانەوە دەدرایە بەر تۆپ باران.

کاتێك لەو گوندە بووین کاك بەکر قادر حەسن و شەهید سەلام دەهاتن بۆ ماڵمان لەرێکخستندا کاریان دەکرد من چەند جارێك لەگەڵ ئەو دوو برایەدا دەگەڕامەوە تا سەر جادەی ئەسر کە نامەی رێکخستن و ئەو کەلوپەلانەی دەیانبردەوە بۆ شار بۆم هەڵدەگرتن جارێکیان جاشەکان بانگیان کردم وتیان تۆ چی دەکەیت لەگەڵ ئەو دوو پیاوەدا منیش لەوەلامدا وتم برا من بەو شێوەیە شتەکانم بۆ دەردەکردن.

ئێمە لەگەڵ ماڵی شنۆ خان ماینەوە تا ئەنفالی دوو کرا بۆ سەر ناوچەی قەرەداغ ئەو رۆژە هێرشێك کرا تەنها هاوسەرەکەم و سێ چوار پ.م لێبوو هێزەکەی دوژمنیان لەناو هەرچی کەلوپەل و خەیمەی سەربازەکان بوو سووتاندیان شەوی هێرشە گەورەکە هاوسەرەکانمان لەماڵ بوون من و ئاشتی خان و رەحمە خان و فەوزیە خانی خێزانی شەهید تایەر لەگەڵ شنۆ خاندا بووین ئێمە لەشیرین خەودا بووین کە پ.م کەمین دەرچووبوون زانیبویان جەیش و عەسکەریەکی زۆر هێرش دەهێنێت هاوسەرەکانمان وتیان هەستن ئێوە برۆن بەرەو گوندی دوکان تا هێرشەکە دەکرێت بەو شەوە تاریکە لەناو نوێنی گەرم هاتینە

لێزمەی باران و سەرمای نیوەشەودا منداڵم دا بەکۆڵمدا و کەوتینە ڕێگا بەو شاخە سەختەی دوکانی قەرەداغدا سەرکەوتین کە گەیشتینە ناو گوند کۆمەڵی پ.م هاواریان کرد مەچنە ناو دێ بەراجیمەی کیمیایی لەم گوندە دراوە بەو شەوە درێژەمان بەرۆیشتنەکەماندا بەرەو گوندی دوکەرۆ بەو نیوە شەوە زریان و تۆفەی ساڵی ١٩٨٨ چووین بۆ ماڵی کاک ئەحمەد خێزانەکەی لەشار بوو وتی ئەوە ماڵە بۆخۆتان نان دروست بکەن و شەو لێرە بخەون پاش سێ رۆژ مانەوەمان کاک جەلال پ.م ی نارد بەشوێن رەحمەی فەوزیەدا بەرەو گوندی فەقیرە رۆیشتن ئاشتی لەگەڵ براکەیدا رۆیشت.

من و کچە حەوت مانگەکەم مامەوە لەگەڵ پیاوێکی خەڵکی گوندەکە و خوشکێکی لەگەڵ بوو بەناوی شیرین بڕیارماندا بچین بۆ گوندی گۆشان بۆ ماڵی عومەر غەریب بەشەو لەژێر ئاسمانی هەوراوی و تەماویدا دەرۆیشتین و لەماڵە چۆلکراوەکاندا نانمان کۆدەکردەوەو بەرۆژ خۆمان دەشاردەوەو ئانە رەقەکانمان دەخواردو تابەپێ گەیشتینە ئەوتی چوومە ماڵی کچێکی هاورێم لەئەوتی شوی کردبوو ئەو شەوە هاوسەرەکەم هات منی لەو گوندە دۆزیەوە پێنجەم رۆژی هێرشی ئەنفال بوو منیش لەگەڵ هێزی پ.م بەپێ کەوتمە رێگا کچە حەوت مانگەکەم بەباوەشەوە بوو جانتایەک جلی منداڵەکەم بەشانەوە بوو قەناسەیەکیشیم هەڵگرتبوو بەرەو قەرەداغ رۆیشتین من و هاوسەرەکەم و کاک جەلال کوڵکنی شەهید تایەرو شەهید سالارو دوو سێ پ.م تر لەژێر لێزمەی باراندا و بۆردومانێکی چڕوپڕدا دەرۆیشتین بەرەو تاڤان لەوێ تراکتۆرێک هات پڕبوو لەکیمیایی لێدراوی سێوسێنان هەموویان بریندار‌بوون منیش لەکاتژمێر سێی شەودا لەگەڵ تراکتۆرەکە کەوتمە گەڕانەوە بەرەو گوندی جافەران رۆیشتین ئەو شەوە کیمیایی کرابوو بەجافەراندا لەکاتی رەت بوونی تراکتۆرەکە بەو گوندەدا حاڵی هەموو بریندارەکان سەختتر بوو منیش چاوم کەوتە کزانەوەو ئاوسان و ئاوی پێدا دەهات.

کە گەیشتینە بازگەی تانجەرۆ بەتراکتۆرەکەوە گیراین بەس من ژن بووم کۆمەڵێ جاش دەوریان داین یەکێک لەجاشەکان هەر لەخۆیەوە دەیویست یارمەتیم بدات لەدواییشدا بەخزم دەرچوو بێ ئەوەی یەکتری بناسین.

جاشەکەی خزمەمان تەکبیری بۆ کردم وتی لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ دەکەن بڵێ من ژنە جوتیارێکی خەڵکی سێوسێنانم کە رژێمی ئێرانی کیمیایی پێداکردین ئەم تراکتۆرە ئامادەبوو منیش رامکردە ناوی ئەو رۆژە حەوتەم رۆژی ئەنفالی دووەم بوو تا سەعات دوانزەی نیوەرۆ بانگیان کردم باش بوو خزمەکەم لەگەڵدا بوو یارمەتی دام کەپرسیاریان لێکردم منیش بەهەمان شێوەی وتەکانی ئەوم وتەوەو تا ئێوارەیەکی درەنگ تاریکداهات مامەوەو دواتر بەریاندام و خزمەکەم خێرا بەسەیارەی خۆیان هێنامیەوە بۆ سلێمانی دوایی زانیم ئەو پیاوەی ئەو هەموو یارمەتیەی دام مستەشارەو خزمیشە.

بەشێوەیەکی نهێنی لەشاردا مامەوە چاوم ئازارێکی زۆری هەبوو براکەم مزمدێکی بۆ هێنام دەرزی لێدەدام بە٥٠ دیناری ئەو رۆژە دەیگوت ئەگەر رژێم بزانێت لەسێدارەم دەدات.

لەکاتێکی چاوەڕوان کراودا هاوسەرەکەم دەلیلێکی نارد بەشوێنمدا بەرەو سنووری بکەومەڕێ دەلیلەکە پیاوێکی پیر بوو ناوی مامە قالە برو پاش ماوەیەک دابڕان لەگەڵ یەکتری لەگوندی وەرتێ هاوسەرەکەم بینییەوە بۆ رۆژی دوایی بەرەو سوورەدێ و قرناقاو ئۆرنە دشکێ بەرێکەوتین چووینە بارەگای حزبی شیوعی پشووێکماندا: دواتر بەشاخە سەختەکەی قەندیلدا سەرکەوتین بۆ دۆڵە کۆکێ شەو لەبارەگای کاک فەرهاد ماینەوە دواتر چووینە قاسمە رەش و بەرەو سەردەشت چووین قاچم دیلاکی رێگاکە ئەوەندە ئاوسابوو هیچ پێڵاوێکی پێدانەدەچوو هەر بەپێی پەتی لەسوپرامەوە سوێیەکی زۆری کرد بەدڵمدا هی رۆیشتنی زۆری ناو بەفرو سەهۆڵ بەندانی رێگەی سەخت دواتر بەرەو مەریوان و جوجەسازی و کانی دینار رۆیشتین دواتر سواری سەیارە بووین بۆ بارەگاکانی پ.م لەجێیەلە ماوەیەک لەبارەگادا دەژیاین لەگەڵ پ.م جێمان نەدەبووەوە کاک عەزیز ژوورێکی دایەنێ بەمنی وت چێشت و نان بۆ خۆتان و بۆ ئێمەش دروستبکەن، دوای ماوەیەک مانەوەمان بەرەو هەوارەکۆن رۆیشتین و دواتر چووینە شێخان لەو گوندەدا نەیانهێشت خێزانی پ.م دانیشێت چووینە پاوە بۆ رۆژی دوایی چووینە ئۆردوگای میراوا لەوێ لەخەیمەدا دەژیاین تا مانگی رەزبەری ئەو ساڵە دواتر ماڵمان بردە ئۆردوگای جوانڕۆ لە. باوەجان لەئازاوا لەوێدا درێژەمان بەژیانماندا تا سێ مانگ دوای راپەڕین گەڕامەوە کوردستانی ئازادکراو.

من هەر لەسەرەتای گەنجیمەوە کەوتمە کارکردن گوێم نەدا بەسەختی ئەو رێگایە هەرچەندە دابونەریتەکانی کۆمەڵگا رێگریش بوربێتن.

## سەبریە عەلی ئەحمەد

سەبریە عەلی ئەحمەد لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکەماندا وتی رۆژانی سەختی خەبات و (پ.م) یەتی بەبەردەوامی خێزانەکانی لەسۆزو خۆشەویستی بێ بەشکردبوو.

من لەناوچەرگەی شۆڕشدا لەدایک بووم و گەورەبووم لەگوندی گەپەدێی ناوچەی شارباژێڕ، دەربۆیە هەستم بەهەموو ئازارو ئەشکەنجەکانی ئەتەوە زامدارەکەم دەکرد، هەرئەو هۆکارانەش بوو کەهاوسەری (پ.م) هەڵبژێرم بەناوی (جەمال حسێن) لەتیپی ٣٧ی شارباژێڕ ئەرکەرت بوو، لەرۆژێکی ئاسمان ساماڵی ١٩٨٥دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە، کەشۆڕش گەلەکەمان لەوپەڕی توانایدابوو، یەکەم ماڵی (پ.م) یەتیمان لەگوندی (باڵغ) بوو بەبەردەوامی بۆردومانمان لەسەربوو، لەکاتی بۆردومانەکەدا خەڵکی رایدەکردە کونەتەیارەوە بەڵام بەپێچەوانەوە من رامدەکرد لەکانی ئاوبهێنم بەهۆی قەرەباڵغی گوندەکەوە ئاو بەرنەئەکەوت، لەژێرێکی پیس و ناخۆش و تاریکدا ئەژیاین لەکاتی بۆردوماندا گڵ و خۆڵ و وردەبەرد بەردەرماندا ئەکەوتە خوارەوە. دوای دوومانگ مانەوەمان بەرەو گوندی (کانی دڕکە) رۆیشتین لەوێش پاشماوەیەکی کەم بەرەو گوندی (کۆزەی) بناری شارەوزوور رۆیشتین، ئەو هەموو هاتووچۆیە خۆی لەخۆیدا کارێکی سەخت و گران بوو هەرمانگەو لەگوندێک و ناوچەیەکدا ژیانمان بەسەختی ئەگوزەراند دوبارە گەڕاینەوە (باڵغ) لەبەر زۆری بۆردومان بەرەو گوندی (کانی مێو) رۆیشتین تازە هاتبووینە ئەو گوندەوە کوڕێکم بوو بەناوی (ئارارات) ئەمەش کوڕەکەم چەند رۆژێک بوو کە هێرشکرایە سەرناوچەکەمان بەبۆردومانی فڕۆکە بەزیوەکانی بەغداد کراین.

منیش لەترسی کۆرپەکەم کەلەبێشکەکەی دابوو بەپەڕۆکانییەوە رامدەکێشا و بردمە ئەردەشارگەیەی کەخۆمان تێدا پەنائەدا بەردەوام بۆردومانمان لەسەربوو لەناچاریدا لەرێگەی حیزبی دیموکراتەوە منداڵەکەم بردەوە بۆ ماڵی باوکم لەوێ بەجێم هێشت و خۆم لەکاتی گەڕانەوەمدا خەریک بوو بگیرێم لەکۆمەڵێ جاش و سەربازی عەرەب دەوریان دام، لەوکاتەدا شۆفێرێکی حیزبی دیموکراتم بینی لەبەر ئەوە شوێنێکی سەیارەکە هەڵمگرێت و رزگارم بێت لەدەست سەرانی رژێم وتم ئەچم بۆ ماڵی (هاشمی کەریمی) لەناو حیزبی دیموکرات دابوو، شۆفێرەکەش دوسێ جار لێی دوبارەکردمەوە بەڕاستی ئەچم بۆ ئەوێ، منیش وتم بەڵێ تا گەیشتینە گوندی (کانی مێو) بەشۆفێرەکەم وت دائەبەزم من خێزانی (پ.م) م و ئەمە ماڵەکەمانە شۆفێرکە وتی ئەی ئەتگوت ئەچم بۆلای حیزبی دیموکرات، وتم بەڵێ وام گوت ئەگەر وام نەگوتایەتۆ هەڵت نەئەگرتم و ئەگیرام دواتریش لەکاتی دائەبەزیندا بوو بەدەنگەدەنگمان.

دوای گەڕانەوەم بەماوەیەك هێرشی سەربازیو بۆردومان دەستپێکرد چواردەورمان گیرا ئەوشەوەی لەژێر لێزمەی بارانو رەهێڵەدا بەسەڵتە زەلامی ماڵمان بەجێهێشت تەنها دەمانچەیەكو ئاربیچیەكو کلاشینکۆفێك کە خۆمو هاوسەرەکەم هەڵمانگرت.

لەڕێگا(شەریفی قورنانی)مان بینی بەرەو(شەدەڵە) کەرتینە ڕێگا بۆ رۆژی دوای بەشێنری ئەوسەیارانەمان وت کەهەندێك کەلو پەلی ناومالسان بۆ بێنن چونکە هیچمان نەبوو.

پاش ماوەیەکی کەم مانەوەمان هاوسەرەکەم گوێزرایەوەو ماڵە تازەکەشمان بەجێهێشت لەژێر بەفرو زریاندا بەسواری ولاغ بەڕێکەوتین بەرەو(چۆغماغ) لەوکاتەی بەشاخە سەختەکەی(دابان)دا سەرئەکەوتین سەیارەکانی سەرکردایەتی بەرەو روومان هاتن ولاغەکە هەڵبەزەیەکی کردووە من کەوتمە خوارەوە پەراسوییەکم شکا بەدەم ئازارێکی زۆرەوە گەیشتمە گوندی(چۆغماخ) بێ ماڵو بێ لانەبوین هەربۆیەش چوینە ماڵی کاك(عزەت شەمسارایی) دوومانگ لەماڵی ئەوان ماینەوە رۆژێکیان گوندەکە لەژیانی ئاسایی خۆیدا ئەژیا لەناکاو فڕۆکەکانی بەغداد هەمووژیانیان شێواند منو سەبریە خانی خێزانی کاك عزەت لەگەڵ دوومندالیدا لەماڵەوە بوین لەترساندا لەم ژوور راماندەکردە ئەوژوور، چەند هاوارمان دەکرد، کەس نەئەهات بەهانامانەوە لەپڕامانکرد، ژورێکی‌ترو یەك سارۆخ دای لەوژوورەی کەپێشتر ئێمە تێیدا بووین یەکسەر ژورەکە داڕما ئێمەش بەپەلە بەرەو شاخەکە رامانکردو شەهیدو بریندار زۆربوو، وەرزیش بەرەو بەهار ئەڕۆیشت لەوشاخە بۆ ماوەی سێ مانگ خەیمەمان هەڵدا لەوێ ماینەوە، پاش ماوەیەك لەساڵی١٩٨٧دا بەرەو (یاخسەمەر) رۆیشتین لەهەموو شوێنەکانی‌تر ناخۆشترو پڕمەترسی‌تر بوو هەتا ئەوەندە ژیانمان سەخت بوو نانو ئاومان لەکونە تەیارەدا ئەخوارد هاوسەرەکەشم لە(قوتەی حەسەن بەگ) لەشەڕدا بوو من تەنها بووم، شوبراکەم ئێوارەیەك درەنگان هات بۆ سەردانمان وتی بەتەنهایت وتم بەڵێ وتی، باروذۆخەکە مەترسیدارە ئەگەری هێرشی رژێمەئارادایە ئێواری کەخۆر ماڵئاوای لێکردین، شوبراکەم (پ.م) یەکی بریندای ناردەوە بۆ ماڵی ئێمە هەتاجلم بۆشتو پزیشکمان بۆ هێنا تەداویمان کرد کاتژمێربووبە دوانزەی شەو یەکپارچە شاخو دەشتو دۆڵو درەخت لەبەفردا کپو خامۆش، منیش لەهیلاکیدا ودنەوزە خەوم ئەدا، لەناکاو رژێم کەوتە بۆردومان کەشوبراکەم هات وتی هەستە بابڕۆین هەموو هەواو ژینگە پیس بون بەبۆردومانی کیمیاوی بەشەو بەناو بەفردا رامانکرد بەرەو شاخی(ئاسنگەران)لەڕێگا ئەوەندەمان بەفرکرد بەسەر دەمو چاودا کەچوینە کوردستانی رۆژهەلات شەش مانگ لەژێر چاودێریدابووم تابەری بەیان لەشاخ ماینەوە بەوسەرمایە چاوی هەردوکمان ئاوسابوو ئاوی پێدائەهاتە خوارەوە بۆ بەیانی چوینە بارەگایەك لەبەینی گوێزەلێو یاخسەمەردا جیهازمانکرد کەکیمیاوی لێیداوین هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆلامان، هاوسەرەکەم وتی نەبێت بگەڕێنەوە(یاخسەمەر) ماڵ پاك بکەینەوە پرسەی دووشەهید هەیە منیش نەم ئەوێرا بگەڕێمەوە ماڵێ لەترسی بۆردومانەکەی شەوی ڕابردوو رۆژ بەرەو خۆر ئاوابوون دەچوو

هاوسەرەکەم بەزۆرەملێ بردەوە بۆ ماڵەوەو خۆی ڕۆیشت بۆپرسەی خزمێکی کە بەخێزانی تیاچووبوون منیش خەریکی ماڵ پاککردنەوە بووم لەناکاو سەرم هەڵبڕی دووفڕۆکەی گەورەم بینی بەئاسمانەوە بەپەلەرامکردوە کولانەی سەگەکە ئریای کونەتەیارە ئەکەوتم، منداڵەکانیش رایانکرد بەقورسکە قورسک خۆیاندا بەسەرمندا لەکولانە تەسکەکەدا. لەکاتی راکردنمدا فڕۆکەکە منی دیبوو بۆ یەک ناپاڵمی گەورەیدا بەخانوەکەداو تەختی کرد، هەرلەهەمان بۆردومانەدا لەبارەگای کاک(سەلاح چاوشین) دوو (پ.م) شەهیدبوون بریندار زۆر بوو، هاوسەرەکەم کەگەڕایەوە خانوەکەی بینی تەخت بووە نەیزانیبوو بێتە ناوماڵەکەو من ببینێت لەپشت ماڵەکەوە بەغەمباری دانیشتبوو بەڵام (پ.م) کان لەشاخەکەوە چاویان لەمن بوو کەڕامکردبۆتە کولانەی سەگەکەوە، بانگی هاوسەرەکەمیان کرد، منیش گریم لەدەنگیان بوو هاتمە دەرەوە زۆر تووڕەبووم وتم تۆ بەزۆر منت هێنایەوە ناو ئەم ئاگربارانە پاشان چووینە ئەشکەوتەکانی(گوێزەڵێ) شەش حەوت ماڵ لەوێ ئەژیاین پیرێژنێکی خەڵکی گوندەکە نوێنەکانی بردبووە ئەشکەوتەوە تالە ئەوتان رزگاری کات، ئێمەش شەوێکی دەخەوتین لەناو ئەشکەوتەکەدا، لەگەڵ گازیەوەی بەیاندا گەیشتە سەرمان و دەستێکی تێوەداین و ژنە رایکرد، ئێمەش بەدوای ژنەداهاتینە دەرێ بزانین بۆ رایکرد؟ ژنەی هەژار هەرایدەکردوو ئەیگوت بسم الله وای زانیبوو ئێمە جنۆکەین لەناو نوێنەکانیا ئەیوەقیین، مەگەرگەلێکی وەک ئێمە چەوساوە ژیان لەناو ئەشکەوتدا بەرینە سەریان لەوجیهانەی تینوی ئازادی بوو.

دواتر بەرەو سنور کەوتینە ڕێ بەناو بەفرو مەرگەساتدا ناخۆشترین ڕووداو کەمن بینیم ئەو دایکەبوو کە لەتولەڕێگا کەقاچی خزاو هەڵدێرا بەناو قەدی شاخەکەدا، هەرسوێندی هاوسەرەکەی ئەدا! کەئاگاداری دووجگەر گۆشەکەی بێت چونکە ژیانی خۆی تەواو، دووجگەرەسالەکەم هەرگیز لەیادناچێت، پاشان گەیشتینە شاناخسی و لەوێشەوە بەلۆری بردینیانە(بانە) هاوسەرەکەم خۆی گەڕایەوە پاش یەک مانگ بینیمەوە کیمیاوی لێیدابوو هەدوو دەموو لەشی بڵقی سپی بوو چاوێکی ئازاری زۆربوو، دیارە چارەکەی تریشی لەساڵی ١٩٧٦دا لەدەست دابوو پێش ئەوەی ببمە هاوسەری، کەئەوکات ئەبووین بەشداری یەکێتی ژنانی کوردستانم کرد لەگەڵ نەرمین خان و کوردەخاندا دوای مانەوەمان بەساڵێک بەرەو سەقز بەڕێکەوتین بەبەردەوامی خۆی لەجەولەبوو کوڕەکەشم لەسلێمانی بەجێمابوو، منیش هەرلەساڵە خزمان بووم هەتا ڕاپەڕینی١٩٩١ ڕوویداو گەڕاینەوە ماڵی باوکم.

لەوێ کۆمەڵێک منداڵیان پیشاناین وتیان کامە کوڕەکەتانە بیناسنەوە هاوسەرەکەم پەلاماری برایەکی بچوکی منیدا چونکە کوڕەکەی لەتەمەنی دووماڵگیەوە نەبینیبوو، خۆشم هەربەشێوە ناسیمەوە لەماوەی ئەوچوار ساڵەدا یەکجار بینیبووم.

ئائەمەبوو ژیانی سەختی (پ.م) یەتی کەباوک و دایکی جگەر گۆشەکەیان نەناسنەوەو دوور لەسۆزو خۆشەویستی یەکتری بژین و بەبەردەوامی خێزانێکی دابڕاوبووین لەیەکتر.

## گوڵاڵە سەعید محەمەد

گوڵاڵە سەعید محەمەد، ئەو تێکۆشەرە بوو کە دوژمنانی گەل و نەتەوەکەمان سنوورێکی دەستکردیان دروست کردووە لەنێوان دایک و جگەر گۆشەکانیدا، ئەو ژنە خۆڕاگرە بۆ ماوەی سێ ساڵ دوور بوو لەدوو منداڵی چارگەشی هەریەکەیان کەوتبوونە پارچەیەکی کوردستانەوە.

من لەخێزانێکی نیشتمانپەروەر لەگوندی (سنگێ)ی هەمیشە سەوزو ئاوداردا هاتومەتە ژیانەوە کە گوندێکە سەر بەناوچەی شارباژێڕ من هەستم بەو ئازارە دەکرد کە خەڵکی هەیەتی بەدەست ڕژێمی بەعسەوە، هەر ئەو هۆکارەش بووە هۆی ئەوەی هاوسەری پێشمەرگە قبوڵ بکەم لەو زەمەنە سەختەدا کە ساڵی ١٩٨٤ بوو خێزانمان پێکەوەنا لەگەڵ (عەبدوڵڵا غەفور محەمەد) کە لەو کاتەدا پێشمەرگەی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بوو. هەر هەمان ساڵ پەیوەندی ڕێکخراویم کرد بەشەهید (جەلال شارەزووری) کە لەکەرتی ڕێکخستنی چوارتا بوو. دوای بنبەستبوونی دانووستانەکەی نێوان ڕژێم و یەکێتی، ماڵمان بردە گوندی سنگێ لەناوچەی شارباژێڕ. خانووەکانی لەناو درەختە سەوزەکاندا بە ئەستەم دیاربوو، شێوەی تابلۆیەکی هەبوو، سەرەڕای بوونی چەمێکی خوڕ بەناوی چەمی سنگێ، بەڵام هێرشە یەک لەسەر یەکەکانی ڕژێمی بەغداد هەموو جوانییەکانی شێواندبوو، بەتایبەتی ئەو هێرشەی کرایە سەر شاخە سەرکەشەکەی (وەڕاز) کە ڕژێم لەو شەڕەدا شکاو سێ پێشمەرگە شەهیدبوون. من تا ئێستاش کەبیر دەکەمەوە سەرم دەسوڕمێ لە نامرۆڤایەتی ئەو ڕژێمە کەبە بەرچاوی خۆمانەوە بە پۆستاڵەوە چوونە سەر پشتی سێ (پ.م) شەهیدەکەو ڕایانکێشانە خوارەوەو فڕێیاندانە ناو زیلە سەربازییەکانیانەوە. بردیانن لەسەرجادەی قیر تەرمە پیرۆزەکانیان فڕێ دابوون، من پرسیارم لەخۆم دەکرد دەمگووت: ئەگەر دایکیان ئەو دیمەنەیان بدیایە ئاخۆ چییان دەکرد؟ هەر هەمان ڕۆژ هێزی پێشمەرگە کشانەوەو بۆ ئێوارێش جاش و جەیش لەپشتی گوندەوە بوون و ئەو ناوچەیەیان گرت. جاشەکان بەشێوەیەکی نهێنی ئاگاداری خەڵکی گوندەکەیان کردبووەوە کە ئەمشەو هەموو لەو گوندە بچنە دەرەوە، بەیانی ڕژێم گوندەکە تەخت دەکات.

لەکاتی ئەو شەڕەدا هیچ هەواڵێکی هاوسەرەکەم نەدەزانی، منیش وەک ژنی شاخ هەر خۆم بووم، بۆیە ماڵەکەم بەجێهێشت و شوێن خەڵکی گوندەکە کەوتم بەرەو گوندی (واژە)، بەیانی بە بەرچاوی خۆمانەوە گوندەکەیان تەختکردو سوتاندیان، منیش گەڕامەوە بۆ ماڵی خەزوورم، دوو مانگ لەوێ بووم. لەو زەمەنەدا ئێمە کە دەگەڕاینەوە بۆ سلێمانی دەبووین بە ئەرک بۆ کەس وکارمان، ژیانی خۆمان و ئەوانیشمان دەخستە مەترسییەوە. لەپاش دوو مانگ هەواڵم زانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ چووەتە دۆڵی (سەفرە) لەوێ بارەگایان داناوە، منیش لەڕۆژێکی مانگی جۆزەردانی ١٩٨٦دا بەرەو دۆڵی (سەفرە) کەوتمەڕێ و هاوسەرەکەم دۆزییەوەو پێمووت من ناگەڕێمەوە بۆ سلێمانی ژیانیان گشت کات لەمەترسیدایە. بازاڕێکی گەورەی لێبوو هەندێ کەلوپەلی ناوماڵمان کڕییەوەو خێمەیەکمان هەڵدا لای ماڵی کاک عوسمان چنارەیی کە خێزانەکەی ناوی (کەلسوم خان) بوو. کە

هاوسەرەکانمان دەچوون بۆ جەولە یان شەڕ ئێمە بەیەکەوە دەبووین، زۆرجار شنە خانیش دەهات بۆ لامان، ئێمەی ژنی شاخ هەموو دەم پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ بەیەکییەوە بەستبوویەنییەوە. لەمانگی گەلاوێژی ١٩٨٦دا ڕۆژێکیان هەورێکی تەمومژاوی بەری ئاسمانی گرتبوو، هەر ئەو ڕۆژە شەڕێکی قورس ڕوویداو هاوسەرەکەم چوو بۆ شەڕ، ئێمەش تۆپبارانێکی زۆرمان لەسەر بوو. لای ئێوارە کە خۆر ماڵئاوایی لەگوندەکەمان دەکرد، سەیارەیەك وەستاو هاوسەرەکەمیان بە برینداری هێنایەوە قۆڵێکی لەشەڕدا شکابوو، شۆڕش ناردی بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران. تا دەهات تۆپباران زیاتر دەبوو بۆ سەر گوندەکانی ناوچەی (سەفرە)، خەڵکی گوندەکە چۆڵیانکردو خێزانی پێشمەرگە گەڕانەوە بۆ شار. هەر منو کەلسوم خانو خێزانەکەی کاك جەمال سیرینیو دایکی مانەوە، هەر چوارمان چووینە خانوویەکەوە بەیەکەوە دەژیاین، ئێمە هەموو ڕۆژێك نانمان دەکرد بۆ هێزی پێشمەرگە. ئەو دۆڵە تیپی پێشمەرگەی ٥٥ی قەرەداغ هاتبوونە جێگای تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، بۆ ڕۆژی داویی ولاغی بۆ گرتینو ڕەوانەی ماوەتی کردین. نیوەی ڕێگاکەمان بەپێ بڕی لەژێر بۆردومماندا لەماوەتەوە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. لەڕۆژێکی سەختی مانگی بەفرانباری ساڵی ١٩٨٦دا گەیشتمەوە ماڵی خەزوورم. دوای گەڕانەوەی ئێمە بۆ شار دۆڵی (سەفرە) لەلایەن ڕژێمەوە گیرابوو.

ماوەیەك لەشاربووم، هاوسەرەکەم ناردی بەشوێنمدا ئەمجارە بەرەو (شاناخسێ) بچم. لەڕۆژێکی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٩٨٧دا بوو لەگەڵ براکەمدا کەوتینە ڕێگا، درێژەمان بەڕۆیشتنەکەمان دا تا گەیشتینە گوندێکی سەختی بەفراوی دڵڕفێن کە گوندی (کورەداوێ) بوو؛ چەند کاتژمێرێك ماینەوە تا تاریك داهاتو هەموو شتە جوانەکان لەناو تاریکی شەودا نقووم بوون. لەگەڵ ولاغدارەکان کەوتینە ڕێگا لەژێر سەختی بۆردوومماندا تا بەشاخە سەختەکەی گمۆدا سەرکەوتین. لەوێوە ولاغدارەکان بەفێڵێك ئێمەیان لەسوار ولاغەکان دابەزاندو وتیان ڕێگاکە سەرەولێژە بەپێ بڕۆن، منیش بەکورپە چوار مانگەکەمەوە لەگەڵ براکەمدا بەپێ کەوتینە ڕێ. ئیتر ئەو کاروانە ڕۆیشتنو ئەمان بینینەوە، چونکە پارەکەیان پێشەکی وەرگرتبوو.

تۆزێك ڕێگا ڕۆیشتین لێیکردینە بارو بەفرو زریانێك بەشاخی گمۆوە، هەر سەرمان لێشێوا نەمانزانی ڕێگاکە کوامەیە، یەك کاتژمێرو نیو ئێمە بەس بۆ ڕێگایەك گەڕاین، لەژێر ئەو زریانەدا تا کەسیرە کەوتین، بەهەردووکمان بەزەحمەت توانیمان بەتانیەك لە کۆرپەکەمەوە بپێچین ولەسەر بەفرەکە دانیشتین بەوپەڕی نائومێدییەوە کە بەهیوای ژیان نەمابووین، پاش ماوەیەکی کەم گوێمان لەکۆمەڵێ کاروانچی تر بوو بانگمان کردن یارمەتیمان بدەن. ئێمە ئەوەندە گەڕابووین زۆر لەڕێگاکە لامان دابوو، باش بوو هاتن بەهاناماناەوەو سوار ولاغیان کردینو بردیانین بۆ بارەگای گومرگەکە، (بەکری خاڵە عەلی) چوارتایی لێبوو، خێرا زۆپایان بۆ داخستینو نانیان داینێ و پشووماندا. شەو لەوێ

مایینەوەو بەیانی بەرێکەوتین بەرەو گوندی (شاناخسێ)، هاوسەرەکەم چاوەڕوانمان بوو ماڵی کرێبووەوە. تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لەوێ بوو لەپاڵ بارەگاکانەدا لەژوورێکدا دەژیاین.

گوندەکە چۆڵکرابوو. تەنها چەند ماڵە پێشمەرگەیەکی تێیبوو، کۆمەڵێ ژنی شاخ بووین بەیەکەوە، لەگەڵ ماڵی کەژاڵ خان و کوردە خان و کۆمەڵێ ماڵی تردا پەیوەندی پتەومان هەبوو. من لەگەڵ کەژاڵ خاندا زۆر هاوڕێ بووم. پۆستەری بۆ شەهیدەکان دەکێشاو زۆرجار کە دادەنیشتین وێنەی شاخ و دۆڵەکانی دەکێشا، بەڵام تۆپباران ژیانی لێکردبووین بە دۆزەخ، ناوچەکەمان گشت کات شەڕو پێکدادان بوو. ئێمە (١٦) ژن بووین کەوتبووینە نێوان شەڕە دژێوەکەی عێراق ئێرانەوە، کاک بەکر فەتاح کە هاوسەری کەژاڵ خان بوو، بە لێپرسراوێکی ئێرانی وت کە ناوی (حاجی ئاغا) بوو بمانبات بۆ (ئوتێل پور بۆ سەردەشت). حاجیش هەموومانی خستە ناو زیلێکەوە، هەر گەیشتینە ئەوبەر چەم یەکسەر ڕژێمی عێراقی داینییە بەر راجیمەو قەسفێکی توندو زۆریشمان منداڵ پێبوو.

لەبەر سەختی بۆردوومانەکە خستیانینە ناو مەلجەئەوە لەگوندی زەڵێ، شەو لە مەلجەئەکەدا مایینەوە تا بەیانی. حاجی ئاغا هات و سوار زیلەکە بووینەوە بردینی بۆ گوندی (بڵەسەن) لەپەنا سەربازگەیەکی گەورەی ئێرانیدا دایبەزاندین و وتی بچنە ئەو خێمانەوە، ئێمەش هەر هەموومان تووڕەبووین وتمان چۆن لێرەدا بژین؟ بمانبەنەوە بۆ (شاناخسێ) با لەژێر بۆردوومانەکەی ئەوێدا بکوژرێین گەلێک باشترە لێرە.

دواجار ناچاربوون بردیانین بۆ (ئوتێل پور) لەسەردەشت. کە ئێمە لەئێران بووین (داستانی رزگاری) روویدابوو لەتیپی ٣٧ی شارباژێڕ هەشت کەس شەهیدبوون کە پێنجیان هاوسەری ئێمە بوون لەو شانزە ژنە. بۆیە پاش ماوەیەکی کەم کاک سەید ئەحمەد هات بەشوێنماندا: لەڕۆژێکی مانگی پوشپەڕی ١٩٨٧دا ئێمە هەموومان چووین بۆ بازاڕو دیاریمان کڕی بیبەینەوە بۆ هاوسەرەکانمان دواتر سوار پاسێک بووین گەڕاینەوە بۆ (شاناخسێ) لەسەر قەبرسانەکە دایبەزاندین و کاک سەید ئەحمەد دەستی کرد بە قسەکردن بۆمان وتی: ئێوە نموونەی ژنی خۆڕاگرو ئازادو مرۆڤێکی گەورەن، لەقسەکردندابوو کوردە خان گورتی: کاک سەید ئەحمەد چی روویداوە خێرا پێمان بڵێ؟ ئەویش بەقوڕگێکی تاساوەوە، هەناسەیەکی گەرمی هەڵکێشاو وتی لەو هەشت گۆڕە تازەیە، پێنجیان گۆڕی هاوسەرەکانی ئێوەیە. ئێمەش هەر شانزە ژنەکە بەیەکەوە قیژاندمان، کێن ئەوانەی کە شەهید بوون؟ لەوەڵامدا وتی: جەلال شارەزووری، شێخ تایەر پێنجوێنی و شەهید مەحمود شاناخسێی و عومەر سوورە قەڵاتی و شەهید شاخەوان.

ئێمەش هەتا ئێوارە لەسەر گۆڕەکانیان گریاین و شەو چووینەوە ماڵی کەژاڵ خان. بەیانی کاک سەید ئەحمەد پاسێکی گرت بۆ ماڵە شەهیدەکان و ناردنیەوە بۆ سلێمانی، منیش وەکو خۆم هەرگیز ئەو رۆژە ناخۆشەم لەیاد ناچێت. ئەو کۆمەڵە ماڵە مابووینەوە دوورکەوتینەوە لەیەکتری هەر دووماڵ و سێ ماڵ لەشوێنێکدا دەژیاین، من و کەلسوم خان ماڵمان لای یەکەوە بوو، بە شەو لەناو یەک کوونە تەیارەدا دەخەوتین، بەهەردووکمان یەک

تفەنگمان لابوو، بەڕۆژ نیشانمان دەگرتەوە بۆ ئەوەی بەشەو پاریزگاری خۆمانی پێبکەین. هاوسەرەکانمان هەر لە جەولەو شەڕدا بوون. تیپی ٣٧ی شارباژێڕ گوێزرایەوە بۆ سەرکردایەتی، ئێمەش لەژێر بۆردوومانداا حاڵمان شڕ بوو، کاک سەید ئەحمەد پاسێکی بۆ گرتین لەشاناخسێوە چووینە مەریوان و لەوێوە گەڕاینەوە هەڵەبجەو لەوێشەوە بۆ سلێمانی.
لەمانگی رەزبەری ١٩٨٧دا بوو هەموو ژنەکان لەگەراج لەیەکتری جیابووینەوە، هەریەکەمان بەترس و دڵەڕاوکێوە چووینەوە ماڵی کەس و کارمان، دوو مانگی تر بەو ژیانە سەختەی ناو شار ماینەوە، دواتر هاوسەرەکەم ناردی بەشوێنمدا بچم بۆ (یاخسەمەر)، منیش دوو کوڕم لەماڵی خەزوورم بەجێهێشت و تەنها منداڵە دوو مانگانەکەم پێبوو، لەبناری ژێلوان لەگوندی گوێزڵ ژوورێکمان پەیداکرد، ئەمجارەش ماڵێکی ترمان دانایەوە، بەو زستانە سەختە هەر لەسەرەتای مانگی رێبەندانی ساڵی ١٩٨٨ەوە بۆردوومانی کیمیاوی و هێرشی یەک لەسەر یەک بۆ گشت سەرکردایەتی بەوپەڕی دڕندەیی و توندوتیژییەوە دەستپێکرد بۆ سەر گوندەکانی دوڵی جافایاتی. لەشەوێکی مانگی رێبەندانی ١٩٨٨دا دنیا کپ و بێدەنگ، چیاو دۆڵەکان و ماڵەکان یەک پارچە بەرگێکی سپی ئاودامانیان لەبەردا بوو، بەڵام رژێمی مەرگ و داگیرکەر لەنیوەشەودا هەموو کێوەکانی بۆگەنکرد بەتۆپی کیمیاوی، کۆمەڵێ مرۆڤی ئازادیخوازی خنکاندو بریندارکرد، ئێمەش بەحاڵەتێکی زۆر ناخۆشەوە پاش تەقاندنی (٤٠) تۆپی کیمیاوی ئەو گوندەمان بەجێهێشت کە هەواکەی ژیانی تێدا نەمابوو. بەو سەرماو تۆف و زریانە رووماکردە شاخە بەرزەکان و لەناو ئەشکەوتەکاندا رۆژمان کردەوە، بریندارەکانیشیان بەکۆپتەر گەیاندە ئێران، یەکێک لەو بریندارانە (حەسیبە خان و منداڵەکانی) بوون، کەژیانیان لەمەترسیدا بوو بە بەردەوامی ئەم ناوچەیە هێرشی کیمیاوی بەرفراوانی لەسەر بوو، بۆیە سەرکردایەتی فەرمانی پاشەکشەی بەهێزەکانی دا بۆ سەر سنوور، لەڕێگا زۆرمان نارەحەتی و سەرماو کەسیرەبوون چەشت لەژێر بۆردوومانداا، بەبێ هیوا هەنگاوەکانمان دەنا، بەدڵێکی پڕ لەغەم و جەغارەوە تا گەیشتینە شاری (بانە). لەوێ شەش ماڵ لەیەک ژووردا دەژیاین زۆر ژیانمان سەخت بوو، دوای بیست رۆژ چووینە (هاوار) کە بارەگای پێشمەرگەکانی لێبوو، بۆ ماوەی سێ مانگ و نیو چووینە گوندی (دەرەتوو) لەودیو گوندی (شنروێ) کە نیزگەی دەنگی گەلی کوردستانی لێبوو، دواتر بەهۆی وەستانی شەڕی عێراق ئێرانەوە چووینە ئۆردووگای (میراوا و جوانڕۆ تاژاو) لەناوچەی (جوانڕۆ)دا لەخانوودا دەژیاین، نزیکەی (٢٥) ماڵێک بووین، زۆر رێزو خۆشەویستی لەنێوانماندا هەبوو، بەڵام من بێزاربووم لەژیان و گشت کات لەخەمی منداڵەکانمدا بووم کە دوژمن سنوورێکی دەستکردی لەنێوانماندا دروست کردبوو ئەو دایک و جگەرگۆشەیەی چەند ساڵێک لەیەکتر دابڕاوبووین هەتا راپەڕین. لەمانگی جۆزەردانی ١٩٩١دا لەگەڵ کۆمەڵە ماڵێک لە ئۆردووگای (تاژاو)وە گەڕاینەوە بۆ دەربەندیخان لەوێشەوە بۆ سلێمانی.

ئێمەی ژنانی شاخ لەژیانی پێشمەرگایەتیماندا شانبەشانی هاوسەرەکانمان بێ ووچان هەرڵماندا وەو ئەفەس درێژ بووین لەپێناوی ئازادی و راپەڕیندا.

## گوڵەباخ عەبدوڵڵا عەبدولرەحمان

گوڵەباخ عەبدوڵڵا عەبدولرەحمان ئەوژنە ئازاو لەخۆبوردووەی رۆژانی سەختی خەبات کەشان بەشانی هاوسەرەکەی لەزۆربەی شاخ و ئەشکەوتەکانی ئەم وڵاتەدا ژیاوە، هەربۆیەش داوا لەکاربەدەستان دەکات کەوەکو (پ.م)ی دێرین مامەڵی لەگەڵدا بکرێت لە سایەی ئازادیدا. دیارە ئەو وشەی پێشمەرگەو ژنی شاخ بە گەورەترین سەروەری ئەزانێت.

من لەگوندی(ئارەزەری) شارباژێڕ لەخێزانێکی کوردپەروەر هاتومەتە ژیانەوە، من رۆڵی باوکم لەیاد ناکەم کەلەرۆژانی سەختی شۆڕش پشتو پەنا بووە، باوکم یەکەم ڕێنیشاندەرم بوو بۆ شۆڕشو بۆ خەبات، هەرئەو فاکتەرانەش وایلێکردم کەشۆڕش و(پ.م)م خۆش بوێت.

من لەڕۆژێکی ساڵی١٩٧٩دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە، لەوکاتانەدا خاکی نیشتیمانم لەژێر پێی پۆستاڵە ڕەشەکاندا ئەیان ناڵاند هەربۆیەش هاوسەرەکەم لەساڵی١٩٨٠دا پەیوەندی بەرێکخستن بەستو چوینە شاخ، کاری ڕێکخستنی دەکرد تالەمانگی گەڵاڕێزانی١٩٨٢کە گەڵازەردەکان بەزەرییەکەدا پەخش بوبون لقی دارەکان رووت ببوونەوە، لەوکاتەدا چەکی (پ.م)یەتی لەشان کردو ماڵمان لەگوندی(چارغ)بوو نزیک گوندی(ئاڵپارێز)، ماڵی خوشکەکەشم لەهەمان گوند بوو کە خێزانی شەهید(تایەری حاجی عەزیز)بوو (پ.م)ی کۆمەڵەبوو، خۆیشم لەساڵی١٩٨٢دا پەیوەندیم بەرێکخستنەوە بەست لەگەڵ مامۆستا(عەلی عەبدوڵڵا) پێنجوێنیدا، لەوگوندەدا لەژوورێکی قوڕی بچوکدا بووین زستانی ئەو ناوچەیە زۆر سەخت بوو، دەشتو دەروماڵەکانیش بەفر دایپۆشیبوو وەکو بەرگی بوکێنی پۆشی‌بێت، لەوساتە سەختو پڕ زوقمەدا من بەژانی منداڵ بونەوەبووم، زۆرهیلاک و کەشەنگ بووم، زمانم لاڵ بوبو بەسەریەوە؛ هیچ ڕێگاچارەیەکیش نەبوو تاناوقەدمان بەفربوو، ڕێگای شارو نەخۆشخانە نەبوو، لەوگوندەشدا هیچ پێویستییەکی ژیان نەبوو، بەهەزار فەلاکەت کوڕێکم بوو.

تامانگی خەرمانانی١٩٨٢ ڕژێمی عیراقی هێرشێکی سەختی بەربڵاوی کردە سەر ناوچەکە، ئەوگوندانەی ناوچەی سنوریون کەتبوونە بەینی بەرداشی شەڕە دزێوەکەی ئێران و عیراق وهەموکات لەژێر بۆردومانەدا بووین، لەوشەڕەدا دوژمن شکا بەڵام پاش دوومانگی‌تر دووبارە هێرشێکی زۆر درندانە کرایە سەرناوچەکە بەتۆپو بەفڕۆکە هەردوو ڕژێم لێیان داین، ئەوشەوە خەریکی نان خواردنی ئێواریێ بووین کەبەتۆپ باران مەتر بەمەتری زەوییەکەی دەکێلا، هەربۆیە هەموو خەڵکی ئاوایی دەستمان کرد بەڕاکردن لەژێربۆردوماندا بەژنو منداڵو پیرو گەنجەوە بەپێ ئەڕۆیشتین خۆبەختی کێ دەرئەچێت کێ شەهید ئەبێت، من لەگەڵ خەڵکی گوندەکەدا بەسەڵتەزەلامی گەڕامەوە بۆ سلێمانی، پاش مانگو نیوێک مانەوەم لەشاردا، هاوسەرەکەم ناردی بەدوامدا کەبچم بۆ گوندی(هەوڵو)

لەبەرشاخی(کورەکاژاو) ڕێگاکەمان بەشەش کاتژمێر بڕی بەسواری تراکتۆر تاگەیشتمە ئەوگوندە، هەندێ بارەگای (پ.م)ی لێبوو، تەنها من ژنی شاخ بووم، پاش(١٥)ڕۆژ کاک(ئازاد دەرەمیانەی) ناردی بەشوێن(مەستورە)خانی خێزانیدا ئەویش هات بۆ ئەوگوندە، ئەوەندەی پێنەچوو هودنەکەی بەینی ڕژێم و یەکێتی دەستی پێکرد، چوین بۆ گوندی(گەڕەودێ) بۆ ماڵی(شەهید حەمەئەمین خەجێ) دە ڕۆژ لەماڵیان ماینەوە دواتربەرەو(سیتەك) ڕۆیشتین، خانویەکمان گرت بەکرێ ژورێکی قوڵو تەنگ بوو لەوکاتی هودنەیەدا خەڵکی لەسەیران و خۆشی‌بوون، ئێمەش هاوسەرەکانمان لەجەولەدابوون لەناوچەی شارەزوور دوومانگ نەگەڕانەوە. ئێمە لەخۆشیشدا هەر لەناخۆشیدا ژیاوین، هەرچەندە پشویەکی کورتماندا درێژەمان بەمانەوەماندا هەتاشەڕ بۆوە، هاوسەرەکەم لەتیپی(٣١)ی شارباژێربوو بەئیختقا گەڕایەوە ناوچە قەدەغە کراوەکانی شاخی(کورەکاژاو) لەوێ بارەگایان هەبوو، تیم تیم بەناوچەکەدا بڵاوبوبونەوە، منیش لەگەڵ خەزورم چوم بۆ گوندی(وەڵانە) بارەگای لە(ئاڵە سیاو)بوو، لەمانگێکدا دووسێ ڕۆژ نەکەوتە ماڵەوە، دوای ڕودانی شەڕی کەتوو تیپی(٣١) بەفەرمانی سەرکردایەتی کشاینەوە بۆ(دۆڵی جافایەتی)(مەرگەو شارستێن) دوومانگیان پێ چوو کەس لەوگوندەدا نەئەژیا،ناچار منیش ماڵەکەم بردەوە بۆ سلێمانی بۆ ماڵی باوکم، بەشێوەیەکی نهێنی لەشاردا ئەژیام، ژیانێکی پڕ ترس و لەرز، پاش دوومانگ لێکدابڕان ناردی بەشوێنما بۆ گوندی(خمزە) مانگێك لەژێر(سابات)دا ژیانمان بەسەربرد، دواتر کەسەرما بەتینەکەی پایزمان بۆهات، ژورێکمان پەیداکرد پاکمان کردەوە خۆم بەدوومنداڵی ووردەوە ماڵەکەم لەوبەری گوندەوە گواستەوە بۆ ئەوبەری گوند، ئەوەش بووە هۆی توش بوونم بە(ئینزیلاق)، هەتا ئێستاش بەدەستیەوە دەناڵێنم، ئێمەی ژنی شاخ ئەوکارانە لەسەرشانی ئێمە بوو، چونکە بەبەردەوامی هاوسەرەکەم یان لەشەڕبووە یان لەجەولەدا بووە، پاش دوومانگ مانەوەمان دووبارە شۆڕش تیپی(٣١)ی ناردەوە بۆ شارباژێڕ منیش هەرلەوێوە ماڵەکەم خستەپشتی پیکابێكو بردم بۆ گوندی(بزەینان) ئەویش لەمانگی سەرماوزدی١٩٨٥دابوو، پاش سێ مانگ کەوتینەوە بەر بۆردومانی تۆپو ڕامانکردەوە بۆ سلێمانی: مانگێکی تر لەماڵی باوکم بووین دواتر گەڕامەرە گوندی(وێڵە) بۆ ماڵی کاك(حسن جارغی) پاش ماوەیەك شەڕی(قەیوان ماوەت) لەساڵی١٩٨٦دا دەستی پێکرد، هاوسەردکانمان چوون بۆ شەڕ، ئێمەش بەیەکەوە ئەژیاین، لەوشەڕەدا ئامۆزایەکم شەهید بوو بەناوی"عوسمانی پیرێژن" زۆر خۆشەویست بوو لامان.

کەڕژێم زانیاری دەست کەوتبوو کەرتەکان گەڕاونەتەوە شارباژێڕ، دووبارە هێرشێکی سەختی کردەوە بۆ ناوچەکە، من خۆم ڕۆیشتم تابەشداری شەڕەکە بکەم، گوللەی ئارپیجیم پێبوو، نزیك شەڕەکەبوومەوە کاك(جەمال مەحمود بەگ)بینیمی گوللەو فیشەکەکانی لێ وەرگرتم وتی نابێت بچیت بۆ شەڕ بگەڕێرەوە بۆلای منداڵەکانت، منیش وتم حەز دەکەم بەشداری ئەوشەڕە بکەم، وتی ئەزانم کەتۆ ئەتوانیت بەڵام شەڕەکە زۆر قورسە، منداڵەکانت

پێویستیان بەتۆپە، لەوهێرشەدا دوو سێ ماڵی گوندی(عازەبان) سوتاو ڕامانکرد بۆ گوندی(کاژاو)، هێرشەکەی ڕژێم شکاو ئێمەش پاش دوو ڕۆژ گەڕاینەوە گوندی(وێڵە)،تیپی٣١ بەرەو دۆڵەڕوت ڕۆیشت هاوسەرەکەم ناردی بەشوێنما بەرەوگوندی(زێوێ)، ڕۆیشتین دوای سێ مانگ مانەوەم(داستانی ڕزگاری)لەشەوی٢٥/٢٤ی نەورۆزی١٩٨٧دەستی پێکرد، شەهید عەبدوڵڵای ئامۆزام و شەهید نوری محمود و ئامۆزای هاوسەرەکەم وشەهید ستار کە شوبرام بوو، لەوشەڕەدا شەهید بوون، ئەوبەهارو نەورۆزە کۆمەڵێ شەهید بەخوێنی گەشیان دەشتە سەوزو ئاودارەکەی کوردستانیان نەخشاند، لەوهێرشەدا ١٨٠ مۆڵگەو ڕەبیەی دوژمن گیرا . ئێمە لەترسی هێرش وبۆردومان لەناو ئەشکەوتێکدا بوین، لەگوندی زێوێ لەگەڵ(ڕوخۆش)ی خێزانی شەهید عەبدوڵڵا وکۆمەڵێ ماڵە (پ.م)ی تردا من ئەوڕۆژە زۆر بێتاقەت بووم، کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ بوو کوڕێک ولاغێکی پێبوو هات بەشوێنما وتی براژنە گوڵەباخ"عەبدوڵڵا" شەهید بووە، ئێمە بەژن و پیاوەوە ئەوڕێگایەمان هەڵبژاردبوو کە پێش مەرگ ئەکەوین، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرکاریگەری لەسەرم هەبوو، ناهیدەخانی خێزانی شەهید مامۆستا سابیرمان ناردەوە بۆ شار هەواڵ بەکەسوکارمان بدات، من گەڕامەوە بۆ سلێمانی بۆ پرسەی ئامۆزاکەم، یەک چارەك لەپرسەکەدابووم زمانم لێدرا کەژنی شاخم، بەپەلە ماڵی مامم بەجێهێشت و گەڕامەوە بۆ زێوێ، بەبەردەوامی لەژێر بۆردوماندا بووین هێشتا ئاووهەوا ساردبوو کەڕامانکردە شاخەکان و کەپرمان دروستکرد، لەمانگی پوشپەڕی١٩٨٧دا بو کە ڕژێم بەرتۆپ و کیمیاوی داین، بەڵام جاری دووەم لەمانگی گەلاوێژی١٩٨٧ دابوو جارێکی تر تۆپ باران و کیمیاوی کراین، (٢٥)کەسمان چاوی کوێر بوو، ئێمە لەدوای کیمیابارانەکەوە بەرەو مالومە کەوتینەڕێگا بەوشاخە سەختانەی پیرەمەگروندا سەرکەوتین ئارەق بەهەموو گیانماندا ئەهاتەخوارەوە، من زۆر هیلاك بوم تاگەیشتمە(قزلەر) چووینە ماڵی کاك شۆڕش ئیسماعیل کەس لەماڵ نەبوو، تەنها کاك ئازادی لێبوو، وتم ماڵەوە لەکوێن، پێیینەوتین، خۆم هەستام تەماتەم سورکردەوە، پاش تۆزێك بوکێك دابەزی لەسەیارەکەی کاك شۆڕشدا هەرزۆر سادەو ساکاربوو منیش بەکاك ئازادم وت بۆ قسەت نەکرد ژنت هێنا خواردنت بۆ ئامادەبکەم، ئەوشەوە لەوێ ماینەوەو بەیانی گەیشتینە(مالومە) لە ٢٤ی ڕەشەمێ١٩٨٨دا بەبەردەوامی لەژێر بۆردوماندا بوین، گەڕامەوە بۆ سلێمانی بۆسەردان هەفتەیەك مامەوە، کوڕەتەمەن چوارساڵانەکەم لای دایکم بەجێهێشت، بەیانیەکەی زۆر دڵتەنگ بووم کوڕەکەم بەنەخۆشی بەجێ هێشت، ئەم زانی بۆ چەند ساڵێك لەیەکتری دائەبڕێین.

من و ناهیدەخان کەوتینە ڕێگا بەرەومەرگە، شەو بەنەشارەزایی چووینە ماڵە جاشێك بەڵام ماڵێکی بەڕێز بوون ڕۆژی دواترلای ئێوارە تراکتۆریان بۆ پەیداکردین، ئەوسا لەبەر مەترسی بۆردومان ئەبوایە بەشەو ڕێگامان ببڕیایە، کاتژمێر یانزەی شەو گەیشتمە ماڵەوە هاوسەرەکەم لەماڵ بوو هێرشەکانی سەرکردایەتی دەستی پێکرد، ئێمەش شەش ماڵە

(پ.م)بوین بەرەو قزلەر گەڕاینەوە لەژێرتۆپ باران و بەفرو زریاندا کاتژمێر٩ی شەو گەیشتینە قزلەر کەسی تیانەبوو، ئێمەش بەوشەوە تۆقە چوین بۆ(مێرگەپان) کۆمەڵێ ماڵ بووین، دومەڕمان کڕی دەستمان کرد بەگۆشت برژاندن.

هەمدیس تۆپ باران دەستی پێکردەوە، چەند ژەمێك بوو نانمان نەخواردبوو بەبرسێتی ڕامانکرد بەرەو یاخسەمەر، هەموگیانمان لەبەفرو قوڕاودا بوو خواردنمان دەست نەکەوت چوین بۆ(گوێزلێ)، کیمیاباران کرابوو کەسی تیانەبوو، ئەچوینە هەرگوندێك ئەوڕژێمە دڕندەیە بەژەهری کیمیاوی ژینگەی جوانی سروشتی خاکەمانی پیس کردبوو، زۆرمان برسی بوو گوێمان نەدایە، قەلێکمان کڕی و خواردمان، هەموومان خەریك بوو بمرین، قەلەکە ژەهراوی ببوو، پاش دوو ڕۆژ بەرەو(چالاوا) ڕۆیشتین هەرئەو شەوە گەیشتینە(گۆمەزەڵ) دووشەومایەنەوە، ناخۆشترین ڕووداو لەژیانما کشانەوەی هێزەکانی شۆڕش بوو بەرەو سنور ئەوخەڵکە هەمووی ماڵ و سامان و زەوی چەند ساڵەیان بەجێ هێشت، من خۆم سێ چەکم بەشانەوەبوو زۆرهیلاك بوم تاگەیشتینە خەیمەکان نیوکاتژمێر پشومان دا لە(گۆجاڕە)وە دراینە بەر راجیمە، ڕامان کرد بەرەو(سەفرە و گەڵاڵە) ئەو ساڵە پردەکانی ڕوخابوون، خەڵکیان بەلۆری و بەشۆفڵ لەناو چەمەکە ئەپەڕانەوە، گەیشتینە شاناخسێ و لەوێوە بۆ(بانە) لەڕێگا سەیارەکانمان لەقوڕا چەقی، شەولەماڵی کاك ئازاد ماینەوە، دواتر گەڕاینەوە گوندی وێنە من لەگەڵ کوڕی پورێکمدا خەیمەیەکمان دوو لەت کرد، لەلەتێ خەیمەدا ئەژیاین، دواتر گەڕاینەوە بانە زۆربێتاقەت بوم بۆ کوڕەکەم، سێ جار ناردم بەشوێنیا تامانگی سەرماوزەی١٩٩٠ لەڕێگای مەرزەکانی کانی خانەوە بەدەستم گەیشت.

من لەئێران پەیوەندیم کرد بە(ی.ژ.ك) لەڕێگای گەلاوێژ خانی خێزانی(کاك سەیوان)ەوە، من لای خۆمەوە داواکارم لەحکومەتی هەرێم چۆن مامەڵە لەگەڵ(پ.م) دەکرێت و خزمەتیان لەساڵی١٩٧٦وە بۆ دیاری کراوە، ئێمەش بەهەمان شێوە بێ یان ئەوانەی لەدامەزراندنی ژنانی شاخ لەئێران جیاوازترین، بەڕاستی ئێمەی ژنی شاخ ڕەنجێکی زۆرمان داوە زۆربەی ژیانمان لەکونەئەشکەوتی ناو شاخەکاندا بەسەر بردووەوە، ئێمە کەچووینە شاخ ژیانمان وماڵ وسامانمان کرد بەفیدای خاکی نیشتیمان بەلام لەڕۆژی ئازادیشدا پێویستە ئاوڕ لەئێمەی ژنانی شاخ بدرێتەوە نەخرێینە پەراوێزەوە، هەرچەندە من زۆر شانازی بەخۆمەوە دەکەم کەپێمان ئەڵێن ئەوە ماڵە(پ.م) یە گەورەترین سەروەرییە.

# چوارتا

## نیاز قادر عەبدوڵڵا قادر

نیاز قادر عەبدوڵڵا ئەو ژنە بەهێزە بوو لەزیندانی جەللادەکاندا؛ ئەهەڵواسین ئەکارەبا ئەکێبڵ‌و ئەزیندانی کردن بە١٥ساڵ، ئەئازاردانی دەروونی هیچ کارێکیان تێنەکرد، ئەوەی لەچاوەکانیا بینیم و لە قسەکانیدا هەستم پێکرد پچڕانی نێوان قسەکان‌و بیرچوونەوەی رووداوەکان بوو، منیش پرسیارم لێکرد لەوەڵامدا وتی کچە چوار ساڵانەکەیان لەزینداندا لێی دابڕیوە‌و لەدووریی کچەکەی تووشی نەخۆشیی خەمۆکی و بورانەوە بووە..

من لەشارۆچکەی چوارتا هاتومەتە ژیانەوە، چوارتا شارۆچکەیەکی جوان‌و دڵڕفێنە، کەوتۆتە باوەشی کۆمەڵێ شاخەوە. بەشێوەیەکی نهێنی لەساڵی١٩٨٣دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ(ئەحمەد کامیل محمەد) کەناز ناوی (شەهاب)ە. یەکەم ماڵی (پ.م)یەتیمان لەسورداش بوو کە پانزە رۆژ تەمەنی ئەو ماڵەمان بوو، کۆچ وبارمان پێچایەوە بەرەو گوندی (ناوەژێ).

کاتێك ماڵمان لەو گوندەدا بوو، هاوسەرەکەم رۆیشت بۆ جەولە شەش مانگی پێچوو، منیش گەڕامەوە بۆ سلێمانی، دوای گەڕانەوەی هاوسەرەکەم بۆ هەڵەدن منیش بەهەمان شێوە گەڕامەوە، ئەو رۆژەش دووبارە وەك هەموو رۆژانی‌تر تیشکی خۆر بەسەرماندا پەخش ببوو ، ئێمەش لەساڵی ١٩٨٦دا ماڵمان بردە گوندی(هەڵەدن)، ژوورێکی گەورمان دەست کەوت سەروخواری خانوەکە گەورەبوو، ژیانێکی سەختمان هەبوو ژوورێکی تاریك‌و پیس‌و پۆخڵ بوو بۆنێکی ناخۆشی هەبوو، تەمەنی کچەساواکەشم(٤٠)رۆژ بوو، بێجگە لەوەش بەبەردەوامی لەژێر بۆردومانەدا بووین، دواتر چووینە گوندی سەرگەڵو ئەوێش شوێنێکی سەخت‌و شاخاوی بوو.

لەشەوێکدا کەدەشت‌و چیاو دۆڵ نوقمی تاریکی بوو، منیش لەخەوێکی قوڵدا بووم، لەنێوی شەودا دوپشکێك دای بەمەمکمەوە کەبەدەم خەوەوە مەمکەکەم لەدەمی کچە ساواکەمدا بوو، زۆر ئازاری دام، خێرا گەیاندمیانە نەخۆشخانەی(سەرگەڵو)، لەوێ چارەسەریان بۆ کردم، بەڵام یەکسەر شیرەکەم وشکی کرد.

پاش ماوەیەك رۆیشتین بەرەو(بەرگەڵو) لەوکاتەدا سەرکردایەتی لەم گوندەدابوو، لەشەوێکی ساڵی١٩٨٧دابوو کەرژێمی عیراقی بەگازی کیمیاوی لێیدایین‌و شەهیدو بریندارێکی زۆرمان هەبوو، بەگازەکە هەموو گیانمان سوور بوبۆوەو ئەخورا‌و چاوم ئاوی پێدائەهاتە خوارەوە، لەوماوەیەدا سێ جار بۆردومانی کیمیاوی کراین، بێجگە لەتۆپ باران و بۆردومانی فرۆکەش، زۆربەی ژیانمان لەکونەتەیارەدا بەسەر ئەبرد، تاشەوێکی مانگی رێبەندانی ساڵی١٩٨٨ کەهێزی (پ.م)و خەڵکی گوندەکان بەرەو سنور کشاینەوە، منیش

یەك جانتا جلی کچەکەم پێبوو، لەگەڵ چەند ماڵە (پ.م)یەکی تردا لەژێر زریان وتۆفاندا بەپێی پەتی رۆیشتین بەئاومێدی تاگەیشتینە(بانە) لەخاکی ئێران، ئەجلمان بەبەرەوە مابوو ئەپێڵاومان لەپێدامابوو، هیلاك و ماندوو، منیش هەندێ ئاڵتونم هەبوو فرۆشتم و دامان بەپێداویستییەکانی ژیان، لەشاری سەقز چوار ماڵە (پ.م) خانویەکمان بەکرێ گرت و تێیدا ئەژیاین.

لەسەرکردایەتی یەکێتییەوە فەرمان دەرچوو ئابێت (پ.م)ی یەکێتی لەناوشاردا بەچەکەوە بسورێتەوە ، هاوسەرەکەم رۆیشت چەکەکەی بەرێتەوە بۆ بارەگاکانی خۆمان، کەچی شۆفێری تەکسیەکە ئیخباری کردبوو، گوایە ئەم چەك دەبات بۆ حیزبی دیموکراتی ئێران، رژێمی ئێرانی چوار مانگ هاوسەرەکەمی گرت، منیش زۆر بێتاقەت بووم کەهاوسەرەکەم گیرابوو، خۆم ئاوارە بووم.

دوای بەربونی هاوسەرەکەم ئامۆزایەکم بەبریینداری هێنابویان بۆ شاری(بانە) کە ناوی"محەمەد حاجی سەعید" بوو (پ.م)ی تیپی ٣٧ی شارباژێر بوو، لەنەخۆشخانەی(بانە) شەهید بوو.

کەس ئەبوو هەواڵ بگەیەنێت بەکەس و کارم، من لەرێگای قەڵادزێوە گەڕامەوە پانزە رۆژ لەسلێمانی مامەوە، لەرێگای گەڕانەوەمدا بەرەو(بانە) لەقەڵادزێ گیرام، هەندێ کاغەزی رێکخستن و ماڵە (پ.م)م پێبوو لەگەڵ بڕی(٢٠٠٠)دینار پارەی ئەوسەردەمە، کەگیرام کچە تەمەن سێ ساڵانەکەشم پێبوو، پاش چەند خولەکێك وتم ئەم کچە ئەبەم بۆ توالێت باش بوو یارمەتیان دام، منیش ئەو هەلەم قۆستەوە چی کاغەزم پێبوو هەموویم کردە کونی ئاودەستەکەوەو ئاوێکی زۆرم پێدا کرد، پارەکەشم هەڵگرت.

ئەم گیرانەی من لەرۆژێکی هاوینی ساڵی١٩٨٧دابوو، کەتیشکی خۆر گەرمیاییەکی زۆری ئەدا لەزەوی منیش چۆڕ چۆڕ ئارەقم دەڕشت، ئەمئەزانی هێنی گەرمای هاوین بوو یان لەترس و لەرزی ئەو دڕندانە بوو، دوایی بردیانم بۆ ئەمنەسورەکە، کەوتنە ئەشکەنجەدانم لەژوورە تاریکەکانی رژێمدا، بەهەڵواسین و کارەباو کێبڵ چەندان ئەشکەنجەی دەروونییان دام، ژیانێکی هەتا بڵێیت سەختمان هەبوو نزیکەی(٥٠-٦٠) ژنیان کردبووە یەك ژورەوە، شەو بەسەرە دەخەوتین چۆڕچۆڕ ئارەقم دەردەدا، بەوگەرمای هاوینە ئاوی بۆیلەریان بۆ خواردنەوە ئەدایننێ، هەفتەی یەك(لەت سابون و یەك پەرداخ تایت)یان ئەدایننێ .

لەم وڵاتەدا هەرکەسێك بەندبوایە بێ سەروشوێن ئەبوو، هەتا هاوسەرەکەم و ماڵی باوکم پاش یەك مانگ زانیبویان کەمن گیراوم، هاوسەرەکەم وا هەواڵی پێگەیشتبوو کە من لەقەڵادزێ رەمی کراوم.

کاتێك لەبەندیخانەی ئەمنە سورەکەبووم، مـن و سێ چوارژنـی تـر تووشـی نەخۆشـی گرانەتا بووین، ئەمنەکان کەلەپچەیان کردە دەستمان و بردیانین بۆ نەخۆشخانەی فێرکاری لەقاتی سێ لەژورێکی چەپکدا دایان ناین، توالێتمان جیاواز بوو، تاکەس ئەمان بینێت پانزە رۆژ بەکەلەپچەکراوی لەو نەخۆشخانەیە ماینەوەو تەنها بۆ توالیت کەلەپچەکانیان لەقەراغی ئەو قەرەوێڵەی لەسەری پاڵکەوتبووم دەکردەوە.

رۆژێکیان لەسـەر جێگەکـەم زۆر بـەبێ هیوایـی راکشابووم و غـەم و پـەژارە و نەخۆشـی بەسەرمدا زاڵ بوو، لـەپڕ(دکتۆرە ژیان) دەرگـای ژورەکـەی کردینـەوەو هـات پشـکنینی بـۆ کردین، کەهاتەلای منەوە یەکسـەر ناسیمیەوە، خزمی زاوەکەمان بوو، زۆر بەهێواشی پێی وتم هـەواڵ ئەدەم بـەدایکت و خوشـکەکەت بێن سـەردانت بکـەن، کەئەوان هـاتن بـۆ سـەردانم بەحەرەسەکەم وت ئەم تەوالێتە ئاوی پیانایەت بچم بۆ تەوالێتەکەی ئەولا، باش بـوو رێگـای دام کەچوومە تەوالێتەکـەوە دایکـم و خوشـکەکەم بینـی لەخۆشیا شاگەشـکە بـووم، چـەند چرکەیەك بەیەکەوە قسەمان کرد.

پاش ماوەیـەکی زۆر بەسـەر گیرانەکـەمدا ئینجا کـەس و کـارم زانییان کـەوامن لەئەمنـە سـورەکە بـەندم، بەوشـێوەیە دووجـار دایکـم و خوشـکەکەم لـەناو توالێتـەکاندا بینـی، خوشکەکەم وتی بەهەزار دەردی سەری لەدەست ئەمنێك رزگارمان بووە، شوێن خوشکەکەم کەوتووە، چونکە ئەوخوشکەم زۆر شێوەی لـەمن ئـەچێت، منیش وتم لەمـەودوا سـەردانم مەکەن باتوشی گیروگرفت نەبن.

پاش دوو سێ رۆژ بردینیانینـەوە بـۆ بەندیخانـە، پـاش ئـازار و ئەشـکەنجەدانێکی زۆر بردیـانین بـۆ بـەغداد بـۆ دادگـایی کـردن لەمحکەمـەی بـەناو(سـەورە)، کـاتێك مـن لەقەفـەزی چاوەڕوانیدا بووم هەموو یادگارییەکانی رۆژانی شاخم ئەهاتەوە بەرچاو، من خۆشەویستی خاکەکەم و ژیانی ئازادیم لاگرنگتر بوو، لەبەرئەوە زۆرلام چاوەڕوان کراوبوو کە پانزە سـاڵ حوکم درام بەمادەی((١٥٧)) لەپێناوی یەکێتی و هێزی (پ.م).

چەند ژنێکی تریش لەگەڵ من دادگایی کران، کوردەخان پێنج ساڵ و مانگێك وگەلاوێژ خـان حـەوت سـاڵ وخەدیجە خـان ١٠سـاڵ حوکم دراین، بردیـانین بـۆ بەندیخانـەی(رەشـاد) کاتژمێرێك لەئەبوغرێبەوە دوربوو،بردیانینە ئەو بەندیخانەیە کە چوار دەوری دیوارەکانی حەوشەکەی تەلبەندبوو کارەباشی لە سەر بوو، بۆ ئەوەی کـەس رانەکات پاش دوو مـانگ مواجەهەمان کرایەوە، ئیتر کچەکەمیان لێ سەندمەوە .

پاش هەشت مانگ بەندێتی، ناخۆشترین شت کەقەت لـەیادم ناچێت ئـەوەبوو کـەمن و کچەکـەمیان بەفرمێسك و گریـان لەیـەکتری جیـاکردەوە ئـەو دوژمنانـە ژورە تاریکـەکانی زیندانیشیان پێ رەوانەبینین بەیەکەوەبین، کچە چوارساڵەکەم زۆرگریـاو تاسـاو لەهۆشـی

خۆی چوو، منیش لەدوای بردنی کچەکەم کە زۆر هۆگری بووم نزیکترین هاوڕێی ڕۆژانی تەنیایی (پ.م)یەتی‌و دیوارە تەنگەکانی بەندیخانەبوو.

بەو هەموو ئەشکەنجە دەرونی و جەستەییەوە هەستم بەبەندێتی نەکرد، ئەوکاتە هەستم کرد بەندم کەجگەرگۆشەکەیان لێ دابڕیم، کچەکەم کراسێکی لێ بەجێمابوو هەموو شەو ئەمخستە سەرسنگم‌و ئەگریام تابەهیلاکی‌و شەکەتی زۆرەوە پێڵوەکانم قورس دەبوون‌و دادەخران، بەم شێوەیە سێ ساڵ ژیانم بەسەر بردو توشی نەخۆشبی دەرونی‌و خەمۆکی‌و بورانەوە بووم. هاوسەرەکەم کەزانی یووی باری ژیانی من وکچەکەم بەو رادەیە سەختە، گەڕایەوە بۆ عیراق، هەموو مانگێك سەردانی دەکردم و ئەیزانی من تازە حوکم دراوم‌و بەرنایم.

سێ ساڵ لەحوکمەکەم تەواوکرد لەبەندیخانەدا هەتا لە١٧ی خەرمانانی ساڵی١٩٩١دا بەڕێز مام جەلال داوای کردین وبەگۆڕینەوە بەربوین، خۆشترین ساتەوەختی ژیانم ئەوەبوو کەکچەکەم خستە سەرنگم‌و خێزانە لەیەك هەڵوەشاوەکەمان، کە بۆ ماوەی سێ ساڵ کەدوور لەیەکتری ئەژیاین هەریەکەمان بەژان‌و ئازارێکەوە ئەتلاینەوە، یەکی گرتەوەو خێزانێکی بەختەوەرمان پێك هێنایەوە.

من خۆم وەکو ژنێکی شاخ دوای ئەوهەموو دەردی سەری‌و نەخۆشی‌و هیلاکییە وەکو پێویست ئاوڕم لێ نەدراوەتەوە. بەڵام ئەوەی جێگای باس کردن‌و ڕێز گرتنە هاوسەرەکەم لەهەموو ناخۆشییەکاندا یارمەتی‌دەرم بوو.

## گەردە شەریف عەبدوڵڵا

گەردە شەریف عەبدوڵڵا، ئەو ژنە هیلاکو ماندووەی ڕێگای خەباتە، لەوکاتەی لەسەر لێواری کوونە تەیارەکە بوو پارچەی ساروخ بەر سەری کەوتو ئێستاش کاریگەریی لەسەر چاوانی کردووە. وردە وردە چاوی بچووک دەبێتەوە.

لەگوندی (مێشوولانی) ناوچەی شارباژێڕ لەخێزانێکی کوردپەروەر لەدایک بووم، براکەم بەناوی (ئەحمەد شەریف) لەڕێکخستنەکانی ناو شار بەنهێنی کاری دەکرد، تا ساڵی ١٩٨٠ چەکی پێشمەرگایەتی کردە شانیو بوو بە پێشمەرگە، بەڵام پاش ماوەیەك دووبارە گەڕایەوە ریزی ڕێکخستنەکان. من بۆ ماوەی سێ ساڵ دەزگیرانی (حەسەن کەریم) بووم، کەسوکارم ڕازی نەبوون بمگوێزنەوە لەبەر ئەوەی پێشمەرگە بوو. ئەوەبوو لەپاییزی ١٩٨٣دا کەسو کارم ڕازی بوون کە ببم بەهاوسەری پێشمەرگە، بێگومان ئەوە خۆشترین کاتی من بوو، هاوسەرەکەشم ئامر مەفرەزە بوو لە گوندی (مامە خەلان)، منیش بەشێوەیەکی زۆر نهێنی بەجلە سادەکانیماڵەوە برام بەبووکی بەرەو گوندی (مامە خەلان) کە گەڵای درەختەکان دەوەرینە سەر زەوییەکە گەڵاڕێزان بوو، دیمەنی دەشتو دەر جۆرە جوانییەکی لەخۆی گرتبوو، هەموو درەختێکی تەمەن چەند ساڵە هەزارەها گەڵای لەبندا کەڵەکە ببوو، ئێمە لەو گوندەدا درێژەمان بەژیانمان دا تا ساڵێك. ڕژێمی ڕەفتارفاشی جەیشێکی زۆری ناردە سەر ناوچەی شارباژێڕ، بە فڕۆکە ڕەمی دەکردینو تۆپبارانیش بەردەوام بوو بەناچاری لەژێر بۆردووماندا رامانکرد بەرەو گوندی (نۆدێ). لەساڵی ١٩٨٥دا بوو کە لەو گوندەدا کچێکم بوو بەناوی (ڕەنگین)، تەمەنی کچەکەم (١٨) ڕۆژ بوو کە شەڕی (کەتوو) ڕوویدا، چەند شەهیدێك خوێنی خۆیان نەخشاند لەسەر خاکی نیشتمان.

دیار بوو ڕژێم پەستانێکی زۆری خستبووە سەر هێزی پێشمەرگە، بۆیە بڕیاری کشانەوە درا لەو ناوچەیە، بەڵام من وتم چۆڵی ناکەم. شووبراکەم سێ جار هات بەشوێنمدا ئەوەبوو لەکۆتاییدا بڕیاری ڕۆیشتنمدا لەگەڵ مەحسوومی خێزانی مام غەریبو ئامینی خێزانی شەهید سالارو رووناکی خێزانی مامۆستا جوامێر بەپێ کەوتینە ڕێ تا گەیشتینە (گورگەدەر)، لەوێش سەیارەمان دەست نەکەوت لەسەر ڕۆیشتنەکەمان بەردەوام بووین تا ماڵەکانی (شارستێن). من زۆر بێ هێزو لاواز بووم تازە منداڵم ببوو، بەهەرحاڵ گەیشتمەوە سلێمانی چوومە ماڵی باوکم لەگەڕەکی (ئازادی) ماڵەکەمان لەپاڵ مەخفەرەکەدا بوو، لەبەر ئەوەی ماڵی باوکمو خەسووم لەیەکەوە نزیك بوون، هێشتا ڕۆژ ماڵئاوایی نەکرد بوو، مانگ بەشێوەیەکی ناڕوون لەناو ئاسمانی شینداا خۆی نەخشاندبوو. من بەڕێوەبووم بۆ ماڵی خەسووم، (خوولە شەل) جامانەیەکی کردبوو بەدەمو چارییەوە بۆ ئەوەی کەس نەیناسێتەوە، جاسووسی دەکرد، منیش بەخەسووم وت ئەوە جاسووسی دەکات. پاش دوو

سێ کاتژمێر دوای قسەکەم (ئەمن) بەسەر گەڕەکدا دابارین و کەوتنە وێزەیماڵە پێشمەرگەکان، دایکی شەهید ڕەزا گیراو باجی ئامین کوڕەکەی پێشمەرگە بوو لەگەڵ حەلاوە خانی خێزانی شەهابە سوور، منیش بەپەلە کچەکەم هەڵگرت و هەندێ دەرزی و سرنجم گرت بەدەستمەوە، گوایە کچەکەم نەخۆشەو دەرزی لێ ئەدەم. بەرەو ماڵی مامێکم ڕۆیشتم ئەوانیش خستیانمە ژێرزەمینێکی نهێنی کە جێ گەوڕی مانگای دراوسێکان بوو، ئامۆزاکەم بە ئەنقەست وای لێکردبوو بۆ ئەوەی ڕژێم هەست بەهیچ نەکات، لەکاتی کۆبوونەوەی ڕێکخستنەکاندا بەکاریان دەهێنا، ئەو شەوە زۆر بەناڕامی ڕۆژم کردەوە هەتا بەیانی میوانی جرج و مشک بووم، گازیان لەقاچم دەگرت، بۆنێکی زۆر ناخۆش هەبوو سەرەڕای ترسێکی زۆریش، ئامۆزاکەم ناوی (کەریم عەزیز)ە لەلایەن ڕژێمەوە گیراو گرتنەکەش لەسەر من بوو، بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ دادگایی کرا لەسەر ئەوەی کەلوپەل و خواردەمەنی دەنارد بۆ پێشمەرگە.

دوای (١٤) ڕۆژ مانەوەم لەشاردا، چووم بۆ گوندی (کۆشک)، بەڵام دوای سێ ڕۆژ گەڕامەوە بۆ سلێمانی. زەخیرەو پێویستیم کۆکردەوەو بەو نیازەی بگەڕێمە بۆ گوندی (کۆشک) لەبازگەی عەربەت، کە زانیان زەخیرەو کەلوپەل زۆرم پێیە ڕایانگرتم تا سێ کاتژمێر هێشتیانمەوە، من جلی ڕەشم لەبەردا بوو، چونکە شوبرایەکم کوژرابوو، پێم وتن من ژنی جاشم زۆریش پاڕامەوە تا بەریاندام، پێیان وتم جارێکی تر شتی وا زۆرت پێ بێت دەتگرین ، بەڵام ترس و لەرزێکی زۆر دایگرتبووم تووشی دڵەکوتێ بووم، چونکە ئەو کاغەزەم پێبوو کە بۆ (کاک عومەر غەریب)یان ناردبوو، من ترسی نامەکەم هەبوو. کە گەیشتمە گوندی (کۆشک) لەگەڵ ماڵی (مام غەریب) کایەنێکمان دەست کەوت. ئەو بەردانەی کایەنەکەی لێ دروست کرابوو کونی زل زلی تێدا بوو کۆڵانمان لێ دیاربوو، لەکاتی خەوتنیشدا بێشکەمان دەکرد بەسنوور لەنێوان ماڵی ئێمەو ئەواندا. دوای مانەوەمان بەساڵێک لەو کایەنەدا، دواتر لەگەڵ ماڵی کاک حامیددا چووین بۆ گوندی (تەکێ)، پاش سێ مانگ مانەوەمان وڵاغمان بەکرێ گرت و بەرەو گوندی (بەلەکجار) بەڕێکەوتین، لەوێ لەماڵێکدا بووین کە کەوتبووینە نێوان بەندینخانەو ماڵی کافیە خان. لەو گوندە کوڕێکم بوو هێشتا تەمەنی کەوڕەکەم جەوت ڕۆژ بوو لەناکاو بەیانییەکیان شەش فڕۆکە چەشنی داڵە کەرخۆرە هاتنە سەر ئاسمانە شین و بێگەردەکەی گوندەکەمان کەوتنە بۆردوومانکردن و بووە هۆی تێکدانی سروشتی جوانی ناوچەکە، بۆیە من و کاک عومەر و دوو پێشمەرگەی تر بەپەلە چووینە ناو ئەو کوونە تەیارەیەی کە بە نۆ قادرمە دەچوویتە خوارەوە، کونەکەش گەورە بوو جێگای (١٠-١٥) کەسی تێدا دەبووەوە، لەبەردەم کوونەکەدا بووم پارچەیەک بەر سەرم کەوت و بریندار بووم، هەشت ساروخ دابووی لەدەوروپشتی کوونە تەیارەکەمان. پاش بۆردوومان (دکتۆر فایەق) بەدوو تەقەڵ سەرمی دوورییەوە، پێی وتم کەوا باشترە بچم بۆ شارو (ئەشیعەی سەر) بگرم، بەڵام من نەموێرا، چونکە وتی ئێستا گەنجیت کارت لێ ناکات،

بەڵام کە تەمەنت گەورەتر بوو ئەوسا کاریگەریی لەسەرت دروست دەبێت. ئیتر دوای چەند کاتژمێرێك بەرەو دەشتی حەمە شاوك رامانکردو کەپرمان دروست کرد، بەدەم کەپرەکانەوە حەشارگەیەکمان دروست کرد بۆ کاتی بۆردوومان.

شەوێکیان دونیا کش و مات، خەڵکی لەخەوێکی قووڵی ئارامدا بوون، کاتژمێر چواری بەرەبەیان بەفڕۆکە بۆردوومانی کیمیاوی گوندی بەلەکجاری کرد، هەوای پاك و سافی ژەهراوی کرد، بەڵام لەئێمە دوور بوو کەمتر کاریگەریی لەسەرمان هەبوو، بەڵام (مام غەریب) هەردوو چاوی کوێر بوو. ئەوەبوو گەڕامەوە بۆسلێمانی پاش (١٥) رۆژ مانەوەم لەناکاو لەدەرگا درا، کە بینیم (مەحسوومی خێزانی مام غەریب) بوو زۆر بە نهێنی هاتبوو بەشوێنمدا، گوتی ئێمە (١٨) ژنە پێشمەرگەین بەزووترین کات دەرنەچین هەموومان دەگیرێین، چونکە زمانمان لێدراوە. ئەوەبوو بەرێکەوتم بۆ هەڵەبجە لەگەڵ خێزانی مامۆستا جەمال و خێزانی حەمە موریاس و ساجیدەی خێزانی دکتۆر ئاسۆ. ئەم کۆمەڵە سوار ولاغ بووین بەرەو (شێخان) کەوتینە رێ. دەمەو هاوین بوو، ئەو درەختە گەورانەی بەشاخە سەختەکانەوە بوو کۆچەڵەیان لەقوڕ بۆ دروست کردبوو بۆ ئەوەی بنێشتەکەی تێ بچێت، دوای رۆیشتنمان چەمێکی گەورە هاتە رێمان، ئاوی چەمەکە سەیر خۆی دەکێشا بە بەردە گەورەکاندا وەك بیەوێت ئەو بەردانە بشکێنێت. دواتر رێگەیەکمان گرتە بەر، تۆولە رێیەکی باریك بوو، ئەملاو ئەولای رێگاکە مینرێژ کرابوو، پێیان وتین ئەگەر زۆر ئاگاتان لەپێی خۆتان نەبێت خل دەبنەوە ناو چەمەکە. باش بوو ئەو رێگەیەشمان بڕی و بەرەو (پاوە) رۆیشتین، هاوسەرەکەم بەوەی نەزانیبوو کە لەخاکی کوردستانی رۆژهەڵاتم، پاش سێ رۆژ مانەوەمان لە (پاوە) بە سەیارە رۆیشتم بەرەو (مەریوان)، دوای پێنج رۆژ مانەوەمان جیهازمان کرد بۆ هاوسەرەکانمان هاتن بەشوێنماندا چووین بۆ (وێنەو داروخان) لەماڵی کاك حەکیمماینەوە تا خانوومان دروست کرد. دوو مانگ لەخانووەکەماندا بووین، عێراق هێرشی کردو ئەو ناوچانە چۆڵکران، هاوسەرەکەم لەمەڵبەندی سێ بوو، سێ مانگ بوو هیچ هەواڵێکم نەدەزانی چووم بەرەو (مەریوان)، کاتێك لە (مەریوان) بووین لەناکاو لەبڵندگۆی مزگەوتەوە جاڕیان دا سێ شەهید لەمزگەوتەکەیە وەرن بزانن هی کامتانە، چونکە هیچ هەواڵی هاوسەرەکەم نەدەزانی لەترسا تووشی تەزیف بووم، خەریك بوو بمرم بە پەلە (حەمە مۆریاس و مەلا حسێن) کە خێزانەکەی ناوی دڵسۆزە بردمیان بۆ نەخۆشخانەی (کانی دینار)، دوو بتڵ خوێنیان تێکردم، برووسکەشیان بۆ هاوسەرەکەم کرد بگەڕێتەوە. لە راپەڕیندا هاوسەرەکەم دەستی بریندار بوو، ئێمەش لەجووجەسازی ماینەوە، دوای راپەڕین گەڕاینەوە شاری سلێمانی. من خۆم شوێن بیروباوەڕ کەوتم ئاواتم ئازادی بوو، کە هاتینەوە زۆر بەهەژاری دەژیاین، جاری وا هەبووە بەسێ مانگ نە خۆم نە هاوسەرەکەم خاوەنی یەك دینار نەبووین، ئێستاش وتەکەی (دکتۆر فایەق) لەسەرم رەنگی داوەتەوە، چاوی چەپم ئاوی پێدا دێتە خوارەوەو وردە وردە بچووك دەبێتەوە.

## ئاڵتون مەحمود سۆفی فەرەج

ئاڵتون مەحمود سۆفی فەرەج ئەو دایکە دڵسۆزەیە کە هەرگیز لەیادی ناچێت کەجارێک لەکاتی بۆردوماندا خۆی بەتەنها ڕایکردە ناوکونە تەیارەکەوە، جگەرگۆشەکانی لەبیرنەماوە، ئەوەش بەهۆی شەهیدبونی دووکەسی ئازیز کەزۆرێک لەڕۆژانی ژیانی لەگەڵیان بەسەربردووە.

من لەسیوەیلی سەربەناحیەی چوارتا هاتومەتە ژیانەوە، خۆشەویستییەکی زۆرم هەیە بۆ خاکی نیشتمان‌و چیا ڕازاوەکانی کوردستان‌و ڕقێکی زۆریشم لەو ڕژێم‌و هێزانەیە کە هەوڵی تواندنەوەی کوردیان داوەو دەدەن، هەمیشە ئامادەم سەروماڵم ببەخشم بۆ مشتێ خۆڵی کوردستانی گەورە، هەرئەو هۆکارانە وایانکرد هاوسەرێکی نیشتمانپەروەر هەڵبژێرم بەناوی"حسێن مەحمود رەحیم" لە١٥ی گەلاڕێزانی ١٩٨٠دا، لەوکاتەدا کەگەڵاکان هەریەکە بەسەمای تایبەتی خۆیان نەرمە نەرمە دەکەوتنە سەرزەوی، وەك فەرشێکی قەشەنگ زەوییەکەیان دادەپۆشی، چوینە دەرەوەو هەردووکمان پەیوەندیمان هەبوو بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە وئیشی ڕێکخستنەکانمان دەکرد، دواتر لەساڵی١٩٨٢دا هاوسەرەکەم بوو بە (پ.م)بە تەواوی بووین بەهاوەڵی شاخەکان، ماڵمان لەگوندی(موبرە)بوو، ڕۆژێکیان دەمەوئێواری سەرگەرمی نان خواردن بووین، من جارجارە سەیرێکی هەورەکانم دەکرد، لەناکاو لەلایەن ڕژێمە بەزیوەکەی بەغدادەوە تۆپ باران کراین، هەمووومان شپرز بووین لەژێر بۆردوماندا دوای ئەوخەڵکە کەوتین ، تاگەیشتینە(کانی سارد) دوای ماوەیەك دانوستانەکەی بەینی ڕژێم و(ی.ن.ك) دەستیپێکرد، دوای تەواوبونی گفتوگۆ ڕژێم هێرشی کردە سەر ناوچەکانی شاربازێڕ و ناوچەی پیری شەوکێڵ ماڵەکەی ئێمەش بەر سوتان کەوت، ماڵمان بردە گوندی(کۆڵەرد)، لەساڵی١٩٨٦دا شەڕەکانی(قەیوان ماوەت) دەستی پێکرد، لەوێش بەرشالاوی بۆردومانەکانی ڕژێم کەوتین، دوبارە دەربەدەربوینەوە، ڕۆیشتین بەرەو گوندی(مالوومە) لەوێش لەبەرزۆری بۆردومان نەمانتوانی دابنیشین، لەگەڵ ماڵە شەهابە(سور)دا چوینە ناوئەشکەوتەوە، لەوێشدا زۆربەزەحمەت دەژیاین بەردەوام تۆپ بارانمان لەسەر بوو ژیانێکی سەختو ناخۆشمان بەڕێکرد، بۆیە چوینە گوندی(چۆخماخ) زۆر نەماینەوە لەوگوندەدا، چوینە گوندی(گۆێزلە) لەم گوندەدا ئێمەو کۆمەڵێ ماڵە (پ.م)ی تر لەسەر کانی ئاوێك کەپرمان دروستکرد لەگەڵ ئەوماڵانەدا تارادەیەك خۆش دەژیاین تالەناکاو تۆپێك دای لە کانییەکە هەموو بلاوەمان لێکرد، ناخۆشترین کارەسات لەژیانمدا کەبیستم هەواڵی شەهید بونی خوشك و برایەکم بوو، کاریگەری زۆری لەسەرم هەبوو، لایەنی دەرونیم ڕوخابوو، مێشکم وەستابوو، هەربۆیەش ڕژێمە درندەکەی بەغدا لەناکاو

تۆپبارانێکی تری کردین، من خۆم ڕامکردە کونە تەیارەوەو منداڵەکانم بەجێهێشت ، لەجیاتی بیان فرێنمە کونە تەیارەوە، لەکاتی کیمیابارانکردنی دۆڵی جافایەتیدا چەندین جار بەر تۆپ‌و بۆردومانی فرۆکە کەوتین، کیمیاوی کرا بەسەرماندا، ڕژێم هێرش‌و پەلامارەکانی سەخت کردەوەو بەتەواوی تەنگی بەکورد هەڵچنیبوو، ئەوەبوو بەفەرمانی سەرکردایەتی لە١٢ی ڕەشەمێی١٩٨٨دا بڕیاردرا بەرەو سنوری کوردستانی ڕۆژهەڵات بڕۆین، بەفرو سەرماو سۆڵەی ئەوساڵەش لەئەندازە بەدەربوو، لەڕێگا لەشاخێکی کوێستاناوی گیرمان خوارد، دوومنداڵم پێبوو یەکێکیان بەهاوسەرەکەم بوو ئەوی‌تر بە (پ.م)یەك بوو بەناوی کاك"مەولود"، لەم نامیلکەیەوە سوپاسی ئەوبرا بەڕێزە دەکەم کەئەرکی لەگەڵ کێشاین، منداڵەکەم ساردبووەوە کە لەباوەشیدا بوو، وایزانیبوو مردووە بەس لەمنیان شاردەوە. دوایی کەزانیم زۆر لەژیانی خۆم بێزار بووم کەگۆرپەکەم بەو دەردەچوو.

دواتر گەیشتینە خاکی ئێران، سەرەتا لە(بانە زێ) سنوری سەردەشت بووین پاشان چوین بۆ (سەبەتڵۆ) پاشان چووینە (سەقز) دواتر چوینە شاری بانە دواتریش مەریوان، لەساڵی١٩٩١دا گەڕاینەوە کوردستانی ئازادکراو، ڕوداوی٣١ی ئابیش لەئەهامەتی و ئازارو سەختی بێ بەشی نەکردووین، کاتێك دووبارە دەربەدەربوینەوە لە(چۆمان)نیشتەجێ بووین، لەوێش کەوتمە خزمەتکردنی (پ.م)، ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە کەپێمان دەڵێن ژنی شاخ زۆر ماندوبووم بەڵام سەرفرازی کوردو ڕاپەڕین‌و ئازادی کەمێك لەماندوبونمانیان کەم کردەوە.

# هاوەت

## حەلیمەساڵح ئیسماعیل

حەلیمە ساڵح ئیسماعیل، نەخوێندەواری کارێکی کوشندەی کردۆتە سەر دەروون و ناخی ئەوژنە تێکۆشەرە، گەورەترین ئاواتی ئەوە بووە کە وەك هاوتەمەنەکانی خۆی ژیانی منداڵیی لەقوتابخانەدا بەسەر ببردایە، بریا شۆڕشیش چاوی لەو رۆژە سەختانەیان بوایە قوتابخانەیەکی وەهایان بۆ بکردنایەتەوە کە بیانتوانیایە برەو بەژیانی خۆیان بدەن.

لەخێزانێکی کوردپەروەر لەگوندی (بەرگورد)ی لای ئاوەکورتێ هاتمەتە ژیانەوە، من لەتەمەنی منداڵیدا بووم کەباوکم بۆتە پێشمەرگەی یەکێتی و لەرژێم یاخی بووە. خۆم و خوشك و براکانم قوتابخانەمان فەوتا،چونکە گوندەکەمان ناوچەی محەرەمە بوو، من منداڵ بووم کە باوکم ئێمەی بەرەو ئێران برد، سێ سێ خستینیە سەر پشتی ولاغ و لەچەمەکەی (ئێبیبەت) پەڕینەوە بەرەو گوندی (مەزناوێ) لەوێ نیشتەجی بووین. پاش دوو ساڵ مانەوەمان بەرەو گوندی (زەڵێ و قاسمە رەش) بەڕێکەوتین، لەوێ لەژێر خێمەدا دەژیاین، هەتا بڵێیت ژیانی منداڵیمان سەخت و پڕ ئازار بوو بە بەردەوامی لەژێر بۆردوومانی فرۆکەکانی دوژمندا دەمانناڵاند، من هەر لەشاخ ژیام و گەورە بووم. یەکێك لەخەونەکانی منداڵیم ئەوەبوو کە رۆژێك بێت جل و بەرگەکانم لەکەنتۆردا بێت، چونکە بە بەردەوامی ئێمە لەوگوندو ئەم گوندو لەژێر خێمەدا دەژیاین، بۆیە جلەکانم لەناو گوێنیدا بوو. کە باوکم لە جەولە دەگەڕایەوە بەجارێ بیست پێشمەرگەی لەگەڵدا دەهاتەوە، من دەبوایە جلی هەموویانم بشتایە گشت کات لەخزمەتی برا پێشمەرگەکانمدا بووم. زۆربەی شەوان بێ شێو سەرمان دەنایەوە نانمان بەر نەدەکەوت، یان نوێنمان بەر نەدەکەوت بیدەین بەخۆماندا. شەو هەتا بەیان لەسەرمای ژێر خێمەدا لەو بەرفرو زریانەدا هەڵدەلەرزین، هەر بۆیە برایەکی چوار ساڵم نەخۆش کەوت و مرد. ئەوکاتەشی لە (بەسرێ) لەژێر خێمەدا دەژیاین من ئازاری ئەو برایەم هەرگیز لەیاد ناکەم، چونکە سەرمای زستان و بی دەرمانی و بێ پزیشکی کوشتی.

یان ئەو کاتانەی لەحەسیرو کەپردا خۆمان ئەشت زۆرجار حەسیرەکە بەهۆی رەشەباو زریان و تۆفانەوە بەسەرماندا دەڕما. ئەوکاتانە سەخت بوو بۆ ئێمەی منداڵ، ئەوەندەش سەرمای منداڵی کاری تێکردووم ئێستاش تووشی چەند نەخۆشییەك بووم، بەو تەمەنە منداڵییەوە فەقەرات و پشت ئێشەو بە بەردەوامی نەخۆشم، هی ئەو رۆژە سەختانەی زەمەنی شاخ.

لەبەر زۆری بۆردوومان بارمان کرد بەرەو (کاولان) شەش مانگ لەناو خێمەدا ماینەوە لەناو خۆڵە پەتانیە و مێشوولەو مارو دووپشکدا، دووجار برایەکم دووپشك پێوەیدا.

ئاویش دوور بوو لێمانەوە دەبوایە ئاوم بەشان سەرخستایە بەو شاخە سەختەدا، ئەوەش زۆر ماندووی دەکردم.

بەرەو پاییزو زستان هاتین لەژێر خێمەدا خەریك بوو رەق دەبووینەوە، هەر بۆیە لە (زەڵێ) لەپاڵ بارەگاکەدا دوو ژوورمان بۆخۆمان دروست کردو تێیدا دەژیاین، بەڵام ئەوەندە نەماینەوە بەرەو (گاپیلۆن) رۆیشتین. هەرگیز ئاسۆری ئەو شەوەم لەیاد ناچێت بە شەوێکی تاریکی ئەنگوستەچاو بەسواری ولاغ بەڕێکاوە بووین، دایکم خوشکە تەمەن یەك ساڵەکەمی بە باوەشەوە بوو، بۆ ولاغەکە ئەکەوت و خوشکەکەم پەڕی و یەکسەر گیانی دەرچوو. ناخۆشی ئەو شەوە نەبڕاوەبوو بەتایبەتی بۆ دایکم کە بەو هەموو ئازارەوە بەخێوی کرد.

کە گەیشتینە ئەوگوندەش بەهەمان شێوەی گوندەکانی تر لەژێر بۆردوومانی زۆرو میوانی زۆردا دەماننالاند، سەرەڕای ئەوەش شەڕی ناوخۆمان بۆ دروست بوو لەهەموو ئازارەکانی تر سەختر بوو، شەڕی نێوان (ئیسلامیو یەکێتی) بوو، شەوان نەمان دەوێرا لەماڵەوە بخەوین، هەر شەوەو لەماڵێك بووین.

لەبەر سەختی ژیان بەرەو (گەورەدێ) ڕۆیشتین دوای ساڵێك مانەوەمان بەرەو (بەسرێ)ی لای (سەردەشت) کەوتینە ڕێگا، من هەموو ژیانم بەخشی بەشۆڕش، نەخوێندەواری کاری کردۆتە سەر دەروونمو ناخم، گەورەترین ئاواتم ئەوەبوو وەك هاوڕێکانی هاوتەمەنی خۆم ژیانی منداڵیم لەقوتابخانەدا بېردایەتە سەر، نەك ژیان بردنە سەر لەخێمەدا بە کەژو کێوو هەردەوە. لەسەردەشت بەر کیمیاوی کەوتم هەردوو چاوم کوێر بوو بردمیان بۆ (تاران) بۆ چارەسەر کردن، بەڵام ئێستاش بێ عەینەك هیچ نابینم بە بەردەوامی چارەسەر وەردەگرم.

هەر بۆیە پاش ئەو هەموو بارە سەختەی خۆم، شۆڕشو پێشمەرگەم خۆشدەویست، هەر بۆیە هاوسەری پێشمەرگەم هەڵبژارد بەناوی (عومەر عەلی ناوەکورتێیی)، ماڵی باوکم لە (بەسرێ) بوو منیان بەبووکی هێنا بۆ (سەردەشت)، هاوسەرەکەم ژوورێکی بۆ بەکرێ گرتمو ناوماڵێکی سادەمان پێکەوەنا. هاوسەرەکەم باسی ڕۆژانی ئەشکەنجەدانی زیندانەکانی بەعسی بۆ کردم کەمانگی نەورۆزی (١٩٨٠) گیراوە، ئەشکەنجەیەکی زۆر درابوو هەموو پشتی جێ سووتاوی ئوتوو بوو هەروەها لەشەڕیشدا بریندار بوو فیشەك شانی پێکابوو. پاش سێ مانگ مانەوەمان بەیەکەوە هاوسەرەکەم گەڕایەوە بەلای کاری خۆیەوە لەدەزگای راوێژکاری بوو، منیش شەوانە ژنێکی دراوسێمان لەلام دەبوو.

من کە کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە، بەهەمان شێوەی ماڵی باوکم میواندار بووم، کەوتمە خزمەتی پێشمەرگەو نانکردنی زۆرو جل شتنی زۆر، بەهەرحاڵ کارەکەم لەماڵی باوکمەوە گواستەوە بۆ ماڵی خۆم. هاوڕێکانی دەیانگووت عومەر تۆ ژنت هەیە، هەر بە جانتای زل زل جلی چڵکنیان بۆ دەهێنام بۆ شتن. سکیشم هەبوو لەکاتی منداڵ بوونەکەمدا بە نۆبەرەکەم ئەوەندە هیلاك بووم خەریك بوو بمرم، ئەوکارە قورسانە نەخۆشی خستم، هەر لەنەخۆشخانەو لەهاتوچۆدا بووم هەتا یەك مانگ نەمدەتوانی سەرپەرشتی کوڕەکەم بکەم. ئێمە لە سەردەشتماینەوە هەتا ڕاپەڕین دواتر گەڕاینەوە (ناوەکورتێ)، بەڵام کە کۆڕەوەکە روویدا هەمدیس بەپێ بەرەو سەردەشت گەڕاینەوە لەڕێگا دوو کوڕم لێ وون بوو لەحاڵەتێکی زۆر ناخۆشدا دەژیام، پاش سێ ڕۆژ منداڵەکانم دۆزییەوە لەلای پوورییان بوون. کە گەیشتینەوە سەردەشت بێ لانەو بێ ماڵ ماینەوە تا سێ چوار ڕۆژ لەو سەرجادانە بووین هەتا خانوومان دەست کەوت. پاش مانگێك گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، هاوسەرەکەم خانووی بۆ گرتین بەکرێو خۆی گەڕایەوە بۆ گەڵاڵە بۆ لای پێشمەرگەکان، لەوێ خێمەی پاککردبووەوە تا پێشمەرگەکان تێیدا بخەون. مینی پێدا تەقەییەوە قاچێکی قرتاند زۆریش پارچەی پێوە بوو زۆر هیلاك بوو. پاش دوو سێ نەشتەرگەری گەورە ئەوسا بەرەو چاکبوونەوە ڕۆیشت. ئێمە ژیانێکی سەختمان بەسەر برد لەشۆڕشدا، بریا شۆڕش چاوی لەو ڕۆژە سەختانەی ئێمە بوایە بەتایبەتی کە نەخوێندەواری دەردێکی کوشندەیە، قوتابخانەیەکی وەهامان بۆ بکرایەتەوە بمان توانیایە برەو بە ژیانی خۆمان بدەین، بەتایبەتی بۆ ئەو منداڵانەی لەژیانی شاخ و لەژێر ناڵەو گرمەی بۆمبدا گەورە بووین.

## روناک فەقێ سەلیم

روناک فەقێ سەلیم ئەوکچە تێکۆشەرو ئازایە بوو کە لەو زەمەنە سەختەدا، چەند شاخێکی سەختی دەبڕی لەژێر لێزمەی باران و تاریکی شەودا نانی دەبرد بۆ برا (پ.م) کانی.

لەساڵی ۱۹٦۱ لەناحیەی ماوەت کە ناحیەیەکی دڵفڕێن و رازاوەیە، لەخێزانێکی کوردپەروەر لەدایك بووم، براکەم بەناوی(حەمەساڵح فەقێ سەلیم) لەسەرەتای شەستەکانەوە پەیوەندی بەبەڕێز (مام جەلال)ەوە هەبووە، بیرم دێت کەمنداڵ بووم فڕۆکە دەهات ناپاڵمی گەورەی فڕێ ئەدان، ئێمە خانوەکەمان لەبن بەردێکی گەورەدا بوو، رۆژێکیان فڕۆکەهات روانگەی گرت، ئێمەش لەورۆژەدا حەیوانمان کردبوو بەخێر، لەوکاتەدا خوشکە گەورەکەم تەنەکەیەك ئاوی خستبووە سەرشانی چونکە لەکانی گەڕابۆوە ئاوی دەهێنا دیاربوو کە قورسبوو بۆی، دەستەکەی ئەملای تاڕەدەیەکی کەم بەرز کردبۆوە بۆ گرتنی لەنگەری، وردە وردە بەرەوماڵ دەهاتەوە.

براکەشم چوو بۆوە ئەوبۆشاییەی کەلەبەینی ماڵەکەمان و بەردە گەورەکەدا بوو، خۆی حەشاردابوو برنەوێکیشی پێبوو ئەوەندەم نەزانی باوکم چوو براکەمی راکێشایە دەرەوە بەرەو ئەشکەوتەکە رامانکرد، خوشکە گەورەکەشم رایکردە ئەوئەشکەوتەی کەکەوتبوە ناوشیوەکەی پشتمانەوە ئەوەندەمان زانی گرمەو ناڵە بەرزبۆوە وەك ئەوەی زەویەکە هاواربکات لەتاو ئەوناپاڵمانە، یەکەم ناپاڵمی کێشا بەماڵەکەی ئێمەدا، پاشان کەوتە بۆردومانی ناوچەکە، دوای بۆردومانەکە گەڕاینەوە ماڵەکەی خۆمان کە دەبینن داروبەردی ماڵەکە هەمووی تێکەڵ بووە بەسەریەکداو هیچمان نەمابوو.

ئەو بۆردومانە لەشۆڕشی ئەیلولدابوو بۆیە خزمان و هاوسێکانمان هەریەکەو پارچە شتێکیان داینێ بۆ دانانەوەی ماڵ، من هەرمنداڵ بووم زستانی ساڵی۱۹٦۹ بوو، بیرمە جارێکیان فڕۆکەیەکی سیخۆ هات، قومبەلەیەکی فڕێ داو رۆیشت، دایکم وتی ئەوە قومبەلەی غازە زۆر بەخێرایی خاولی تەڕکردو دای بەسەرماندا، بەوسەرمایە هەموومان هەڵئەلەرزین لەسەرماندا ئەوجارەش بێ زیان دەرچووین.

کەتەمەنم بوو بە(۱۸)ساڵ پەیوەندیم کرد بەکەرتی رێکخستنی شەهید(ئاشتی)یەوە کە(کۆمەڵە)بوو، کاك(سەید ئەحمەدی) ماوەت کە ئامۆزامە لێپرسراوی بوو، من یارمەتی

براکەشم ئەدا کە خوێندکاری کۆلێژی ئەندازیاری بوو، لەزانکۆی سەلاحەدین لەساڵی١٩٨٢دا لەگەڵ خوشکەزاکەم ئاشکرابوون .

خوشکەزاکەم لەسەر دیوار شتی نوسیبوو لەوکاتەدا گیرابوو، براکەم کەخوێندکاری پۆلی دووبوو هاتبۆوە بۆ سلێمانیو هەواڵی بۆ منو دایکم ناردبوو کە بچین بەدوایدا لەبازگەکان دەری بکەین، ئێمە چووین لەڕێگەی کەناروێوە دەرمانکردو گەیاندمانە ماڵی خوشکەکەم، خۆشم لەوکاتەدا هەندێ بڵاو کراوەو شتی گرنگی ڕێکخستن هەبوو لەشارەوە بەستم بە ناوقەدمەوە عەبارەشەکەم دا بەسەرمداو گەڕاینەوە بۆ شاخ .

بەڵام خوشکەزاکەم بەناوی(سەردار عەتا ماوەتی) بەپێنج ڕۆژ دوای گرتنی لەسێدارە درا و شەهید بوو، دوای هەفتەیەك تەرمەکەمان وەرگرتەوە پرسەمان دانا تەنها بۆ ژنان، بەڵام لەپرسکەدا ئیستخبارات چاودێرییان دەکردین بۆ ئەوەی بزانن کێ دەگریو کێ قسەدەکات.

پاش ماوەیەك ئێوارەیەکیان کۆمەڵێ (پ.م) هاتن ویستیان چالاکییەك ئەنجام بدەن لەناو(منەزەمەی ئیستخباراتی) ماوەتدا، شەودرەنگ هاتنە ماڵی ئێمە سەرچاوەی هاتوچۆی (پ.م) بوو، ئەوەندەمان زانی هەواڵ هات کەوا کەمینی عەسکەری دەرچووە بۆ دەورووبەری ماوەت، بۆیە ناچار ڕێگەمان دۆزییەوە کە ئەو کۆمەڵە (پ.م) پیا بڕوات ئەویش لە(بایەوە) وە بۆ(سەرئەشکەوتان) بڕۆنەوە بۆ (بەرد بەرد) .

ئەوان ڕۆیشتن بەڵام گوللەی قازیفەکەیان لەماڵی ئێمە بەجێ هێشت، وتیان سبەی شەو دێینەوە ئیشەکەمان دەکەین، کەبەیانی لەخەو هەستام دەبینم هەموو سەربانێك گیراوە، منیش بەپەلە هەستام گوللە قازیفەکەم بردو لەکادینەکەدا شاردمەوە بڕێکی زۆر کاما دا بەسەریدا، کەگەڕامەوە دەبینم خەریکی پشکنینی ماڵی ئێمەن هەمووشتێك در ... بەسەریەکدا، جلەکانی بەرمان هەمووی لەناوەڕاستی ژورکەدا کەوتووە . عەسکەرەکانیش بەپۆستاڵەکانی پێیانەوە بەسەر جلەکاندا ئەڕۆیشتنو سوچ بەسوچی ژورەکە دەگەڕان ڕەسمەکەی مەلیك مەحمودیان بینی وتیان ئەوەکێیە وتم ئەوە(مەلیك مەحمودە) مەلیکی کوردە، دوای ئەوەی کەسەربازەکان ڕۆیشتن چوومە کادینەکە گوللە قازیفەکەم دەرهێناو خستمە ناو سەتڵی پەینەوەو بردم لەناو کێڵگەکەماندا شاردمەوە، شەو درەنگانێك قازیفەکەم هێنایەوەو نانم ئامادەکرد بۆ (پ.م) کانو من لەگەڵ دووکەسی تردا کەلەڕێکخ... کاریان دەکرد نانەکەمان برد لەژێر کڕێوەی سەرماو بەفری زستاندا بەوشاخە سەختە هەڵگەڕاینو نانەکەمان لەئەشکەوتی(ئازادی)بۆ دانان، خۆمان گەڕاینەوە .

من کە گەڕامەوە کاتژمێر شەشی بەیانی بوو لەناکاو دایانینە بەر ڕێژنەی گوللە، ئێمەش بەپەلە خۆمان خستە ناو شیوەکەی لامانەوە تاتەقەکان تەواو بوو، دواتر گەڕاینەوە ماڵەوە لەدانوستانەکەی ساڵی ١٩٨٤دا سەردانی براکەم کرد لەگوندی(میراوا) لەگەڵ کۆمەڵێ (پ.م)دا ڕۆیشتم لەبازگەیەکی ڕژێمدا بەمنیان وت نابێت بڕۆیت تۆ (پ.م)ی ئێرانیت، بەڵام لەبەرئەوەی(کاك دلێر) ماوەتیم لەگەڵدا بوو ڕێگەیان داین ڕۆیشتم، لەوسەر لەگەڕانەوەمدا هەمان بازگە بەمنیان وت دابەزە، بەڵام (پ.م) کانی خۆمان میلی کلاشینکۆفیان هێنایەوە تەقەیان لێ بکەن لەناچاریاندا پێیان وتین بڕۆن.

هەرلەهەمان ساڵدا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ(کەمال عەزیز مەحمود)دا کەکادری ڕێکخستن بوو .

هەرچەندە لەکاتی دانوستانەکەدا بوو بەڵام بەشێوەیەکی نهێنی بوو، یەکەم ماڵی (پ.م) یەتیمان لەگوندی(میراوا)بوو، لەوگوندەدا زۆرینەی ماڵە (پ.م)کان تازە خێزانیان دروستکرد بوو، زۆر ئاسودەبوین بەیەکەوە دەژیاین، هاوسەرەکەم وتی حەزدەکەم سەردانی ماڵی باوکم بکەم تۆ بگەڕێرەوە، منیش شەوبەشێوەیەکی نهێنی دێم، لەوکاتەدا من سکم هەبوو .

سواری سەیارەبوین کەگەیشتینە نێوان کونجرین و کوڕەداوێ، کۆپتەرێك دەرکەوت، ئێمەش لەسەرشاخێکی ڕووتەن بووین نەماندەزانی چی بکەین، یەکێك لە (پ.م) کان پێشنیاری کرد، کەمن دابەزمو بچم لەسەرجادە بوەستم، منیش لەوکاتەدا جلی کوردی ژنانم لەبەردا بوو بۆ ئەوەی بزانن کە خێزانین، بەڵام کە کۆپتەرەکە چووبووە سەر کونجرین (پ.م) لەوێ تەقەیان لێکرد ئێمەش هێشتا لەجێی خۆمان نەجوڵابوین، ئەوەندەمان نەزانی لەرەبیەکەی(زەینەڵە)وە بەرهاوەن دراین، هەمووومان بەپەلە ڕامانکردە ناوشیوەکەوە لەبن قەدی درەختە بەتەمەنەکاندا خۆمان شاردەوە تاهەستمان بەبوونی ئارامی کرد، ئینجا کەوتینە ڕۆیشتن .

منیان تا(سەرکەند) گەیاند، لەوێوە سواری سەیارەی نەفەربووین تاماوەت، کەشەو داهات، (پ.م) هاتنە سەر ماوەت، منیش بەخەسوم وت باجی(عاسم)بابچینە ژێر دەراوانی دەرگاکە، ئەوەبوو چووین ماوەیەکی زۆر وەستاین، بەڵام دوایی چووینە ژێر قەرەوێڵەیەك نوێنی زۆرمان خستەسەر قەرەوێڵەکە، چاومان چووە خەو لەپڕ دەنگێك بەرزبۆوە کە بەئاگاهاتم لەوناوە چرە دوکەڵێکی زۆر بەرز بوبۆوە، هاوەنەکە دابووی بەناوەڕاستی ژوورەکەدا، ئێمەش بەهێواشی چووینە ژوورێکیتر .

بەیانی لەدەنگەدەنگێکی زۆر بەئاگاهاتین، کەگوێم هەڵخست، خەڵکەکە دەڵێن ئا خۆنەو داماوانە نەبوون بەژێر پەردووی ماڵە روخاوەکەیانەوە، هەرنەو شەوە هاوەنێك دابووی لەماڵی مامم، ژنەکەی شەهید بوو کچەکەشی پارچە بەرسەری کەوتبوو، من بەیانی زوو گەڕامەوە بۆ(میراوا) کۆتایی ساڵی١٩٨٥بوو دوای گەڕانەوەم کچێکم بوو بەناوی(گۆڤار)، چوار رۆژ دوای لەدایکبونی کچەکەم، باوکی گیرا لەگەڵ دوو (پ.م) ی هاوڕێی‌دا لەلایەن قوات خاسەوە، بەڵام هاوسەرەکەم فریاکەوتبوو، دەمانچەکەی فڕێدابوویە شیوەکەوە، وا خۆی دەرخستبوو کە سازمانی خەباتە، چونکە وەرەقەی ئەوانی پێبوو، بەڵام ئەوان کە گرتبوویان لەسەربازگەی(مەیدان)ەوە ناردبویان بۆ(چوارتا)، بەسەرانی رژێمی وتبوو تەلەفۆن بۆ مەلا شێخ جەلال کەلێپرسراوی سازمانی خەباتە، ئەویش زۆر مەردانە وەڵامی دابۆوە وتبووی ئەوانە (پ.م) ی منن بۆچی گرتوتن، ئەوانیش بەریانداو هێنایانەوە بۆ ماوەت.

دواتر گەڕاینەوە بۆ(وڵاغ لو) ژوورێکی گەورەمان گرت، ئێمە زۆر نەماینەوە لەبەرئەوەی باوکم شەلەل لێیدا، گەڕاینەوە لەساڵی١٩٨٨دانیشتین، بەڵام پەیوەندی رێکخستنمان تائێستا نەپچڕاوە.

پیشرو

## ئامینە عەبدولرەحمان

ئەو ژنە بەهیمەتە بوو کەژیانێکی سەختی بینی لەرۆژانی خەباتدا لەمیانەی گفتوگۆکانیدا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، چاوەکانی بریقەدار بوون و فرمێسکیان تێرژا، بەدەم گەروویەکی پڕ لەگریانەوە بیری ئەو دیمەنەی کەوتەوە کە کاتێك دوو جگەرگۆشەکەی لەناو ئەو سەیارەیەدا بوون کە خەریکبوو لەو خەرەندە هەزار بەهەزارەوە بەربنەوە بۆ ناو دۆڵێکی قووڵ.

لەشاری قەڵادزێ هاتوومەتە ژیانەوە لەرۆژێکی بەهاری دڵرفێن دا لەساڵی ١٩٧٩ کەوتمە ژیانی هاوسەریەوە بەهۆی خزمایەتیەوە هاوسەرەکەم ناوی مامۆستا عەزیز حەسەنە کە ئەوکاتە لێپرسراوی مالیە بوو، لەگوندی شێنێ.

یەکەم ماڵمان لەگوندی ئاڵوەتان بوو تەنها دوانزە رۆژ بەیەکەوە بووین، کەفرۆکەکانی ئێران بۆردومانی بارەگاکانی حزبی دیموکراتیان کرد لەبەر ئەوە رۆیشتین بۆ گۆرە شێرو سەرمێرگان و دۆڵە توو هاوسەرەکەم بەئیشی رێکخستن چوو بۆ زەڵێ منیش لەسەر مێرگ مامەوە، لەوکاتەدا کەسمان لەو گوندە نەبووین کە فرۆکەکان بۆردومانیان کردبووین و ماڵە ئۆماڵەکەمان پێوە بوو هیچمان بۆ دەرنەچوو، منیش بەشێوەیەکی نهێنی گەڕامەوە ئۆردوگای بەستەسێن بۆ ماڵی خەزوورم کە لەو ئۆردوگایەدا دەژیاین.

من سکم هەبوو رژێم گرتمی لەگەڵ خەزوورم و شوبرایەکمدا بەهەر شێوەیەك بوو من بەربووم بەڵام خەزوورم دوو مانگ بەندکراو من لەماڵی خەزوورم مامەوەو کچێکم بوو بەناوی کوێستان بەبۆنەی لەدایکبوونی منداڵەکەمەوە لای رژێم بەتەواوی ئاشکرابووم.

رۆژێك کەرۆژ خۆی شاردبووەوە لەناو گەواڵەی هەورەکاندا سەیری دیمەنە جوانەکەی دەشت و دەورەکانم دەکرد، کە لەفەرمانگەی ئەمنی سەنگەسەرەوە هاتن بمگرن و بمبەن خەزوورم و کاك محەمەد نەیانهێشت بەپارەو بەرتیل منیان بەردا بەڵام دووبارە خەزوورمیان بۆ ماوەی مانگێك بەندکرد کاك محەمەدیش بۆ ماوەی هەفتەیەك لەدوای ئەو بانگ کردنە زۆر سڵم دەکردەوەو دەترسام هیچ رۆژێك کوێستانم لەماڵەوە نەدەدەخستە ناو لانکەوە بەرۆژیش نەمدەوێرا لەماڵی خەزوورم بم هەر لەماڵە دراوسێ و خزم و ئاسیاوەکانمان بووم رۆژێکیان لەماڵە دراوسێکەمان بووم کە سەربازەکانی رژێم و جاشەکان لەدەرگای ئەو ماڵەیاندا بەرێکەوت چووم دەرگام لێکردنەوە یەکسەر وتیان خوشکی بووکی ئەو ماڵەی دراوسێتان ناوی ئامینەیە وەکو تۆ بزانیت لەوێ ماوە منیش یەکسەر زانیم کە ئامناسن وەڵامم دانەوە وتم رۆیشتووە بۆ شاخ بۆ لای هاوسەرەکەی، منیش بریارمداو خۆم ئامادەکرد کە بگەڕێمەوە بۆ شاخ هەندێ نامەی نهێنی رێکخستنەکان و نامەی ماڵە پ.م پێبوو، کە شەو تاریك داهات

و دنیا کپ و خامۆش بوو لەگەڵ کاروانچییەکاندا بەڕێگای قاچاخ کەوتمە ڕێگا بەناو بەردو کەندەڵان و شاخی سەختدا ڕۆیشتین هێشتا لەنیوەی ڕێگابووین کەوتینە کەمینی جاش و سەربازەکانەوە تەقەیان لێکردین کاروانچییەك کەخزممان بوو بەناوی حسێن محەمەد بریندار‌بوو، بەڵام من توند کچەکەم بەباوەشمەوە نوساندو بەناو ئەو دارستان و چڕو نزارەدا رامدەکردو گوێم لەناڵەو هاوارو زریکەی حسێن بوو کە جەلادەکان هەر بەزیندوویی خستیانە ژێر گڵەوەو بەهەر حاڵ و دەردی سەریەك بێت گەیشتینە گوندی شرویت شەو لەو گوندە ماینەوە تا درەنگانی دوایی گەڕامەوە بۆ قەڵادزێ تا ڕۆژی دواتر مامەوە کە شەو تاریکی کرد لەگەڵ کۆمەڵێ قاچاخچی تردا ڕۆیشتم بەرەو گوندی داودێ و سونێ هەرچەندە بارەگاکانی ڕژێم زۆر بوون لەوێ بەڵام باش بوو ئاشکرا نەبووم سەرەڕای ئەوەی کە ڕێگایەکی قاچاخمان گرتەبەر ئاووهەواش لەحاڵەتی بەستندا بوو، بەفرو باران ڕێگای نەدا بڕۆین لەلای چەمێك بارەکانمان خست و چاوەڕوانمان کرد تا تۆزێك زریانەکە خۆشی کردەوە سواری وڵاغەکان بووین لەگەڵ بەرەبەیاندا گەیشتینە گوندی دوڵەتوو چووینە ماڵی کاك عەبدوڵڵا بەڵام ژیان زۆر سەیرە بەرێکەوت هاوسەرەکەم بینی لەو ماڵە پاش دوو ساڵ دابڕان لەیەکتری کچە تەمەن یەك ساڵەکەشمانی بۆ یەکەم جار بینی ماوەی چەند ڕۆژێك بەیەکەوە ماینەوە لەو گوندەدا، وەرز پایز بوو ناوچەکە کوێستان بوو زۆر سارد بوو ژوورێکمان پەیداکردو هاوسەرەکەم گوێزرایەوە بۆ باڵەکایەتی بەکاری ڕێکخستن؛ منیش ئەو پایزو زستانە سەخت و پڕ بەفرو زریانەم بەتەنها لەو گوندەدا بەسەربرد لەگەڵ کچەکەمدا باری ژیانم زۆر سەخت بوو ڕۆڵی باوکیش و دایکیشم دەبینی بەو ژیانەشەوە زۆر ئاسوودەتر بووم کە لەشارو لەچنگی ڕەشی فاشیەکان دوورکەوتبوومەوە بەهار هاوسەرەکەم گەڕایەوە لامان ئەو بەهارە سەوزەش لەوێ ژیانمان بەسەربرد لەوکاتانەدا کۆنگرەی یەکێتی بەسترا ڕژێم کەوتە بۆردومان کردنی بارەگاکانی حزبی دیموکرات و زیندانەکانی لەگوندی دۆڵەتوو شەهیدو بریندار زۆر بوون ئێمەش لەگەڵ ماڵی کاك عەبدوڵڵا و مام حەسەن و کۆمەڵێ ماڵی تردا ئاوارە بووین چووین بۆ سێبنان خەڵکەکەی مەڕداربوون ڕەشماڵیان هەڵدابوو ئێمەش خەیمەمان هەڵداو لەترسی بۆردومانی بەردەوام خەیمەکەمان داپۆشی بەگەڵا هەرچەند وەرز لەکۆتایی بەهاردا بوو بەڵام زۆر ساردبوو ناوچەکە کوێستان بوو خواردن دەست نەدەکەوت، ماست و پەنیری ماڵە مەڕدارەکان نەبێت و هەندێ خواردنی قوتو، شوێنەکەمان دوورە دەست بوو هیچ نە دەگەیشتە لامان حەشارگەی گەورەمان دروست کردبوو لەکاتی بۆردوماندا دەچووینە ناوی پایز گەڕاینەوە گوندی دۆڵەتوو کچێکی ترم بەو بەناوی نیشتمان و لەو گوندەدا هەمدیس هاوسەرەکەم گوێزرایەوە بۆ دۆڵە ڕەق ماڵمان کۆکردەوە بەرەو گوندی بۆتێ ڕۆیشتین لەوکاتەدا هیچ ماڵێك لەو گوندەدا نەبوو تەنها ئێمەو

ماڵی شەهید حەسەن کوێستانی نەبێت لەگەڵ ئەواندا لەیەک خانوودا دەژیاین پاش ماوەیەک ماڵی شەهید حەسەن کوێستانی باریان کردو ڕۆیشتن من تەنها ژن بووم لەو گوندەدا دەژیام، دە بارەگای یەکێتی لەو گوندەدا بوو لەو ماوەیەدا سەردانێکی شارم کرد پاش چەند ڕۆژێک لەگەڵ خەسوومدا گەڕامەوە لەبازگەیەکی ڕژێمدا رایان گرتین لەبەرئەوەی دەستێ جلی تازەمان پێ بوو بۆ هاوسەرەکەم بەخەسوومیان گوت کوڕەکەت پ.م جلی بۆ دەبەیت بەهەزار دەردی سەر پاش یەک دوو کاتژمێر بەریان داین گەیشتینەوە گوندەکەمان ئێوارەیەکی درەنگ بوو ڕۆژئاوا بووبوو تۆپ بارانیش بوو هاوسەرەکەم وتی دەبێت بەو سەیارەیە دایکم و دوو کچەکە بگەڕێنەوەو دانەبەزن لەسەیارەکە منیش لەحاڵەتێکی دەروونی ناخۆشدا بووم سەیارەکە تۆزێک ڕۆیشت تایەی سەیارەکە لەجادەکە ترازاو وەرگەڕا کەس نەیدەوێرا دەستی باتێ ئەگینا بەو شاخە بەرزەدا خل دەبووەوە ناو دۆڵەکە بەڵام بەهیمەتی پ.م گوریسێکیان هێناو سەیارەکەیان بەستەوە بەشاخەکەوە من وەکو دایکێک لەبەردەم ماڵەکەمەوە کە ئەو دیمەنەم دەبینی خەریک بوو سویێم دەبووەوە بۆ ئەو دوو کچەم کە چەند بەئازارو هیلاکی بەخێوم کردبوون، دواتر لەپەنجەرەی سەیارەکەوە هەردوو کچەکەم و خەسوومیان دەرهێناو پاش دوو کاتژمێر گەڕانەوە ئامێزی گەرمی خۆم، دوای ماوەیەک چووینە گوندی پڵنگان نزیکەی دە ماڵێک دەبووین دوای بن بەست کردنی دانوستانەکە ڕژێم بەخەستی بۆردومانی کردین ماڵەکەمان هەمدیس رووخاو هیچمان بۆ دەرنەچوو پاش بوو خۆمان رزگارمان بوو هەر بۆیەش دووبارە بەقاچاخ گەڕامەوە ئۆردوگای بەستەسێن بۆ ماڵی خەزوورم نزیکی منداڵ بوونیشم بوو لەبەر سەختی بارەکە نەمتوانی لەوێ دانیشم هاتم بۆ بەکرەجۆ لەماڵی خزمێکمان بووم ماوەی دوو مانگ لەوێ بووم لەنێوە شەوێکی تاریک و ئەنگوستە چاودا کە لەتولاَیی خەودابووین ڕژێم وەکو هەموو کارە دزێوەکانی تری دای بەسەرمانداو تەقەی لێکردین خوشکی هاوسەرەکەم شەهیدبوو لەگەڵ برازایەکی بریندارببوو، لەبەرئەو ئەو هۆکارانە نەمتوانی بمێنمەوە بەسێ منداڵی وردەوە بەقاچاخ گەیشتمە سێروان ئەو زستانە جێگامان نەبوو لەبارەگای پ.م بووین لەگەڵ ماڵی کاک مستەفا چاوڕەش و کۆمەڵێ ماڵی تر بەڵام لەسەر سەختی بۆردومان ئەمان دەزانی ژیان چیە هەر لەکونە تەیارەدا دەژیاین ئێمەو ماڵی کاک عەبدوڵڵا و ماڵی کاک حەسەنی فەقێ عەلی بەڕێکەوتین بەرەو ئەشکان سواری هەشت ئەسپ بووین بەراستی شەوێکی سەختمان بەسەربرد بەو منداڵە وردانەوە بەو چلەی زستان و قوڕو تۆفەوە بەحاڵێکی ناخۆش نزیکی بەرەبەیان گەیشتینە ئەشکان من تائێستاش سەرم سووڕدەمێنێت هەمووی چەند چرکەیەک بوو لەئەسپەکان دابەزیبووین کە بۆردومانی تۆپەکان هەموو ئەسپەکانی کوشت.

## فاتمە عەلی عەزیز

فاتمە عەلی عەزیز ئەو ژنە هیلاکەی ڕێگای خەباتە، کە زۆری هەوڵداو هیچی نەچنییەوە، ئەو تەوارە ژیانی ئەوەندە سەخت و ناخۆش بووە مەگەر هەر بەنووسین بتوانێت هەندێک بیرەوەری ئەو ڕۆژگارانەی بیربێتەوە.

من لەخێزانێکی کوردپەروەری ناوچەی (پشدەر) لەشارۆچکەی رانیە هاتوومەتە ژیانەوە، کە گەورە بووم هەستم بە چەوساندنەوەی گەلەکەم کرد، هەر ئەو فاکتەرانە بووە هۆی خۆشەویستیم بۆ شۆڕش وپێشمەرگە. ئەو ڕێگا سەختەی خەباتم گرتە بەر، هاوسەری پێشمەرگەم هەڵبژارد بەناوی (عەلی حەمەڕەش) کە پێشمەرگەی شۆڕشگێڕان بوو. هەر لەو ساتەی کە بەبووکی ڕێگای شاخم گرتە بەر سەختییەکی بێ وێنەم چەشت. لەسلێمانییەوە بەشێوەیەکی نهێنی لەگەڵ کەس وکاری هاوسەرەکەم بەڕێکەوتین بەرەو بەستێن لە (٦)ی بەفرانباری ١٩٨١دا، کە شەو تاریک داهات بەسواری وڵاخ کەوتمە ڕێگا بەرەو گوندی (بێدەڵان)ی سەر سنوور، هەشت نۆ کاتژمێر بەڕێگایەکی بەفرو قوڕین و پڕ سەرماو سۆڵەدا ڕۆیشتین، سەرەڕای نەشارەزاییم لەسواربوونی وڵاخ، لەسەروو ئەمانەشەوە ڕەبییەکانی سەر لووتکەی شاخەکان و کەمینەکانی ڕێگاش. کاتژمێر یازدەی شەو لە ئاوی چەمە خوڕەکەی گوندی (بەلکێ) پەڕینەوە، لایەنی دەروونی من لەوساتەدا زۆر ناجێگیربوو، ترسێکم هەبوو لەو ئاوەی کە هەرگیز بەشەو پیایدا نەڕۆیشتووم.

کاتژمێر چواری بەرەبەیان لەڕێگاو ترس و ڕەبییەکان ڕزگارمان بوو، لەحاڵی ڕەقبوونەوەدا بووین، هەر بۆیە دارێکی زۆریان کۆکردەوەو ئاگرێکی زۆر گەورەیان کردەوە، ماوەی یەک دوو کاتژمێر خۆمان گەرم کردەوە لە (قەڵاتی دارەبەنان)، ئەم گوندەش کاتژمێرێک دووربوو. لەگوندی (بێدەڵان) وەستاین هەتا ڕۆژ لەودیو چیاکانەوە خۆی دەرخست، کاتژمێر هەشتی بەیانی کە ئێمە دەرکەوتین لەگوندەکەوە پێشمەرگەکان بەهەموو چەکێک کردیان بە تەقەی خۆشی بۆ یەکەمجار لەو گوندەدا ژنێک بەچەک تەقەی کرد، هەر هەمان ڕۆژ بوو بەشایی و هەڵپەڕکێ، کە گەیشتمە گوندەکە هاوسەرەکەم وچەند هاوڕێیەکی خانوویەکیان بە وشکە کەڵەک هەڵچنی بوو، نایلۆنیان گرتبوو بەدیوارەکاندا، بنمیچی خانووەکە دارەڕابوو، ئەو خانووە بۆنی ماری لێدەهات، بە بەردەوامی سیرم لەو ژوورەدا دابوو. دیارە ئێمە لەگوندی (بێدەڵانی خواروو) بووین بارەگایەکی زۆری تێدابوو لەگەڵ چەند ماڵێکی دێهاتی.

کە لەوگوندەدا بووین سەردانی ماڵی مامۆستا عەزیزی ئامۆزام کرد لەگوندی (دۆڵەتوو). لەبەهاری ١٩٨٢دا هاوسەرەکەم کرا بە لێپسراوی ناوچەی (قەڵاتووکان)، ماڵەکەشمان بردە

هەمان گوند، ئەوێ بۆ من خۆشتربوو، چونکە ناسیاوو خزممان هەبوو لەو گوندەدا، بەڵام چەند مانگێك لەژێر چادردا دەژیاین، تا کڤە کڤی پایزمان بۆ هات و سەرما پێستەکەی هەڵدەقرچاندین. بەهاوکاری پێشمەرگەکان دەستمان کرد بەدروستکردنی خانوو، هەر هەمان ساڵ هێشتا سەری خانووەکەمان نەگرتبوو، هاوسەرەکەم وەکو هێزی پشتیوانی رۆیشت بۆ هاوکاری حزبی دیموکراتی ئێران کەلە شەڕدابوون لەگەڵ رژێمی ئێرانی. خانووەکە نە دەرگای هەبوو نە پەنجەرە، بەو شوێنە سەختەوە شەو هەتا بەیان لەترسی دڕندەی کێوی نەدەخەوتم، هەر لەو ژوورەدا کچێکم بوو بێ هیچ پێویستییەکی ژیان لەو گوندی سەر سنوورە، هەر لەبەر ئەوە کچەکەمان ناو نا سنوور. ژیانمان گوزەراند تا ساڵی ١٩٨٣ پاشان ماڵمان چووە سنووری (زەڵێ) کە هاوسەرەکەم لەگەڵ مامۆستا (عەزیز)و چەند پێشمەرگەیەکدا وەکو کادر بەیەکەوە بوون. هەر هەمان ساڵ بارەگای بەڕێز (مام جەلال) چووە خۆشناوەتی وگوندی (خەتێ)، لەوکاتەدا تۆپبارانێکی زۆری رژێمی ئێرانی هەبوو لەسەر سەرکردایەتی، هەر بۆیە بەپەلە ماڵەکەم بەجێهێشت و بەشێوەیەکی نهێنی گەڕامەوە (بەستەسێن). دواتر هاوسەرەکەم پێی وتم کە کراوە بەلێپرسراوی ناوچەی (قەڵادزێ)، ماڵ و بارەگامان دەگوێزینەوە ناوچەی (ئاکۆیەتی). لەو سنوورەدا بە ئازارو زەحمەتێکی زۆر ماڵمان دامەزراندەوە. پاش ماوەیەك مانەوەمان لەو گوندەدا بەرەو گوندی (سوورەبنە) رۆیشتین، ئەم گوندە لەسەر رووبار بوو، شوێنێکی زۆر خۆش بوو، بەڵام ئاوەکەی دوور بوو سەرەو هەوراز بوو سەرەڕای ئەوەش ئاوی ژێرابی دەچووە سەر، هەر بەسەتڵ و تەنەکە ئاومان دەبرد ئاوەکەش سارد بوو، زستانی ١٩٨٣مان لەوێ بەڕێکرد.

لەهەمووی ناخۆشتر کوڕێکی ئامۆزام بەناوی (عوسمان) برای مامۆستا عەزیز بوو شەوێك لەڕەبایەوە تەقەیان لێکرد بەخەستی برینداربوو، نزیکەی دوو مانگ لەماڵی ئێمە (دکتۆر شوان) تەداوی کردو من زۆر بەپەرۆشبووم بۆی.

بەڕاستی کە بیر لەچیرۆکی ژیانی خۆم دەکەمەوە، هەر بە قەڵەم و دەفتەر دەتوانم هەندێکیان وەبیر خۆم بێنمەوە، ئەگینا ژیانێکی ناخۆش و پڕ ترس و رەزالەت ژیاین، بەڵام تامی ئازادی و راپەڕین زۆر لەناخۆشییەکانی فەراهەم کردین. لەمانگی سەرماوەزو بەفرانباری ١٩٨٣دا کە هودنەکەی نێوان رژێم و یەکێتی بوو، من بۆ یەکەمجار سەردانی ماڵی خەزوورم کرد لەسلێمانی.

هاوسەرەکەم لەساڵی ١٩٨٤دا گوێزرایەوە بەری (مەرگە) ماڵمان لەمەرگە بوو بەڵام بارەگای پێشمەرگەکان لە (هەلۆنە)ی پشتی مەرگە بوو، هاوسەرەکەم زۆرترین ک. نی لە جەولەدا بوو ساڵی ١٩٨٤ و نیوەی ١٩٨٥ لەگوندی (هەلۆنەو نەلۆچکە)ماینەوە. ساڵی ١٩٨٥ شەڕ دەستی پێکردەوە، هەموو ناوچە ئازادکراوەکان کەوتنە بەر بۆردوومانێکی

خەستو چڕو پڕی دوژمن. لەئێوارەیەکی مانگی رەمەزانی ١٩٨٥دا کە بەڕۆژوو بووین دوو کچمان هەبوو، لەناکاو بۆردوومان دەستی پێکرد وا سەرم لێشێوابوو لەترساندا تەنها سروەی کچە بچووکم هەڵگرتو رامکرد، دوایی لەڕێگا بیرم کەوتەوە سنوورم لەبیر چووە، هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بەشوێن سنووردا، لەژێرخانی ماڵێکی دراوسێمان بوو، ئێمە رامانکرد بۆ بنگرد، جاشو جەماوەرەکەش ئەو شەوە یارمەتیان زۆر داین، بۆردوومانەکە راستەوخۆ لەماڵی ئێمەو بارەگای پێشمەرگەکانی دابوو، ئەوە بووە هۆی شەهیدبوونی (ئازادی حەمە بەگ)و بریندار بوونی چەند کەسێکی تر. لەو کاتانەدا شۆڕش دەیووت دەبێت هەموو ماڵێك کوونە تەیارەیەك هەڵبکەنێت لەبەر زۆریی بۆردوومان. من بە بەردەوامی هاوسەرەکەم لە جەولەدا بوو لەشاخی ئاسۆس. بەو بۆردوومانە هەر خۆم سەرپەرشتی منداڵەکانم دەکرد، هاوسەرەکەم بەشداری شەڕی (دابان، هەلاج)ی کرد. لەساڵی ١٩٨٦دا بوو ماڵەکەمان گواستەوە گوندی (گەڕەدێ). هاوسەرەکەم بوو بە لێپرسراوی ناوچەی دووکان، ئەو گوندە شوێنێکی بەرزو کەم ئاوو ناخۆش بوو، نزیکەی (٣٥) ماڵ بووین، رژێم لەوێش کەوتە بۆردوومانی بەردەوام بۆ سەر چیاکانی (حەسەن بەگو قەیوانو ماوەتو شاخی سنووری سەفرە). هاوسەرەکەم لەبەر ئەوەی لێپرسراو بوو گشت کات لە جەولەو شەڕەکاندا بووە، منیش هەموو کات لەژوورێکی تاریکو پڕ ترس جێدەمام.

لەمانگی بەفرانباری ١٩٨٦دا کچێکی ترم بوو، منداڵێکی تر زیادی کرد، خەمی ئەوەم بوو فریا نەکەوم لەکاتی بۆردووماندا بیانخەمە کوونە تەیارەوە، هەر هەمان ساڵی ١٩٨٦ ماڵمان ئەمجارەش سووتا بە بۆردوومان، ناچار لەبەر سەختی ژیان چووینە (کانی زێوکەی هەڵەدن) لەگەڵ ماڵی مامۆستا عەبدوڵڵا عومەر کە لێپرسراوی ناوەندی شۆڕشگێڕان بوو لەگەڵ حاکم پێشڕەو برای کاك رابەری سەید برایمو چەند کەسانێکی تر. پشتی هەڵەدن زۆر سازگارو کوێستان بوو هەر بۆیە لەگەڵ گەلاڕێزانو سەرمای پاییزدا بەرەو گوندی هەڵەدن گەڕاینەوە، هاوسەرەکەشم لەشاخی (حەسەن بەگ) بوو، شەوێکیان منداڵە ساواکەم رووتکردەوە بیشۆم بەو بەفرو زستانو تۆفە یەك قاپ ئاوم کرد بەسەریدا تۆپباران دەستی پێکرد، بەرووتی ئەو منداڵە ساوایەم بردە ناو ئەو کوونە تەیارە شێدارو ساردەوە، منداڵەکەم نەخۆش کەوت، ناچار بەپەلە گەیاندمانە شارو چارەسەرم بۆ وەرگرت، زۆر بەزەحمەتو ترس رۆیشتمو گەڕامەوە لەترسی گرتن. دووبارە گەڕامەوە ماڵەوە هەر بۆردوومان بوو، شەوێکیان میوانمان هات من سوێو ناڵەی ئەو دایکەم هەرگیز لەیاد ناچێت ئەوەش ئاموسۆزی ئەو دایکە جگەر سووتاوە بوو شەو هەتا بەیانی لەماڵی ئێمە خۆی دەخواردەوەو وەکو برێشکە دەرپوونی هەڵدەقرچا بۆ شەهید (ئەردەڵان)ی کوڕی کە رژێمی فاشی لەشاخی (حەسەن بەگ)ەوە بەر تۆپی دانو چەند شەهیدێك هەبوو.

لەبەر زۆری بۆردوومان بەڕێکەوتین بەرەو قەلادزێ، ئێمە لەوکاتەدا بەڕێوە بووین کە سەرکردایەتی درایە بەر بۆردوومانی کیمیاوی، وەرزی هاوین بوو سێ شەو و سێ رۆژ بەڕێوە بووین بەرەو قەندیل، بەڕۆژ دەڕۆیشتین، بەشەو لەماڵە مەردارەکان لامان دەدا، بەیانی سپێدە دەکەوتینەوە رۆیشتن، لەسەر سنوور حاڵمان زۆر شڕ بوو بەهۆی مەرزەکانەوە مامەڵەی تێدا دەکرا.

رژێمی ئێرانی تۆپبارانی مەرزەکانی دەکرد، منیش هیلاکی رێگا شەکەتی کردبووم، دوو منداڵم بە باوەشەوە بوو لەسەرەوژوورەکاندا بەڕاکە راك هەوڵی سەرکەوتنم دەدا، هەر تۆپ بوو دەیدایە دەورووپشتمان، ئەم دیمەنەی من بینیم مەگەر لەشەڕی فیلمە جەنگیەکاندا ببینرێت، بەهەر شێوەیەك بێت خۆمان گەیاندە کوونە ئەشکەوتێك بەشاخەکەوە، لەهیلاکیدا زمانم وشك ببوو هەناسەم لێبڕابوو، خەریك بوو دەخنکام لەتینواندا.

نازانم چۆن شەهید نەبووین، بە هەزار دەردی سەری گەیشتینە (سەردەشت)، تازە کیمیاوی کرابوو بە سەردەشتدا چۆڵ کرابوو دووکان و بازاڕی نەبوو، چووین بۆ ماڵی مامۆستا عەزیز لە (دۆڵەتوو) بوون چوار پێنج مانگ لەماڵیان ماینەوە، دواتر چووینە (خانێ و نەغەدەو سەردەشت) هەتا راپەڕینی ١٩٩١ گەڕاینەوە (حاجیئاوا) کە ئۆردووگایەکی زۆرەملێیە پاشان گەڕاینەوە رانیە، خۆشم پەیوەندیم هەیە بە یەکێتی ژنانی شاخەوەو لەیەکەم کۆنفڕانسی ژناندا بەشداربووم لەڕانیە و پەیوەندیم هەیە بە (قەدری خان)ەوە کە سەرۆکی ژنانی رانیەیە.

خۆزگە ئاوڕێکی زیاتر لەژنانی شاخ دەدرایەوە، هەموو لەوڕێگایەدا تووشی کۆمەڵێ کێشەو نەخۆشی بووین بەهۆی ئەو بارە سەختەوە کە تێیدا دەژیاین.

سورداش

## پرشنگ عەلی محەمەد

پرشنك عەلی محەمەد هەرکەدەهاتە سەرباسکردنی بەندیخانەکان، ئەو پرسیارە سەیروسەمەرانەی بیر دەکەوتەوە کەلەفەرمانگەی ئەمنی سلێمانی ئاراستەی کرابوو، بۆ ئەوەی لەیەك وشەیان تێبگات.

من لەگوندی شەدەڵەدا هاتومەتە ژیانەوە، لەتەمەنێکی زۆر منداڵیدا کەوتمە ژیانی هاوسەریمەوە لەگەڵ "عەبدوڵڵا محەمەد" کەناسراوە بەوەستا "عەبدول"، ئەوەش لەڕۆژێکی ساڵی١٩٧٦دا بوو، کەگەلی کورد لەهەوڵدانی دروستکردنەوەی شۆڕشی نوێدا بوو. هەربۆیەش هاوسەرەکەم پەیوەندی ڕێکخستنی هەبوو، ژیانمان گوزەراند تائەوکاتەی من بەژانی منداڵ بوونەوە بووم، زۆرهیلاك بووم کە هەواڵیان بۆ هێنام هاوسەرەکەم چۆتەشاخ لەمانگی پوشپەڕی١٩٧٧دا بوو، تەمەنی کچەکەم هێشتا(٢٤)کاتژمێری تەواو نەکردبوو، کەموسلەحەوسەربازەکانی ڕژێم دایان بەسەرماندا و لەگەڵ ماڵی خەزورمدا ڕاپێچی بەندیخانەیان کردم، بەهەموو ئازارو نەخۆشییەوە هەتاڕێگایان پێنەدایین یەك پارچە جل بۆ خۆم و کچەساواکەم بەرم، لە(سورداش)ەوە بردیانین بۆ دوکان و دواتر بۆ بەندیخانەی سەرەوە لەشاری سلێمانی، بەوگەرمای چلەی هاوینە کچەکەم لەسەر چیمەتۆ گەرمەکە پاڵ دەخست، بێ هیچ ڕاخەرێك، ڕۆژی چەند جێگایەکم بۆ ئەگۆڕی هەتا تۆزێك هەوا لێیبدات، ژیانێکی سەخت و پڕئازارو کولەمەرگیم بردە سەر، پاش مانگێك بێ ئەوەی بزانین بێ هۆ بەربوین، دوای بەربونمان زانیم کە هاوسەرەکەم کەوتۆتە کەمینەوەو گیراوە، ئێمەیان بۆیە بەرداوە، خۆم و کچەکەم تووشی نەخۆشی بوین، ئەومانگەی ژنی تر لەسەرجێگا ئەکەوێت و (پشوو) ئەدات من لەچوار دیوارە پڕ میکرۆب و پیسەکەی بەندیخانەدا بەسەرم برد، لەولاشەوە هیچ هەواڵێکی هاوسەرەکەم نەبوو، ڕۆژێکیان سەردانی ماڵی باوکمم کرد، کچەکەم لای دایکم بوو من لەگەرماوەکەیاندا جلم ئەشت لەناکاو دەنگە دەنگێك هاتە گوێم، لەپەنجەرە هەواییەکەوە تەماشای حەوشەکەم کرد، پڕبوو لەسەرباز، یەکسەر هەموو گیانم هاتە لەرزین، بەوتەمەنی منداڵییەوە ئەوژیانە سەختەم هەبوو، دوبارە گرتمیان و بردمیان، دایکم شوێنم کەوت و کچەساواکەی بۆ هێنام، بردیانم بۆ مەرکەزەکەی(دوکان) هەر خۆم بەتەنیا لەناو کۆمەڵێ ئەمن و سەبازدا بینیەوە، ئاسیاوێکمان لەوێ بوو کەمنی بینی حەپەسا وتی بۆچی گیراویت؟

وتم نازانم بەڵکو هەواڵێکم بۆ بپرسی لەسەر چی منیان گرتووە، پاش کەمێك گەڕایەوە، وتی کاك عەبدولی مێردت لەگەڵ کۆمەڵێ لەهاوەڵەکانیدا هەیئەی کەرکوکیان شکاندووەو ڕایان کردووە، بەڵام زۆر بەداخەوە پاش سێ ڕۆژ نەیانتوانیبوو دەرباز بێن گیرابوونەوە، ئەمنەکان ئەوشەوە لەدوکان منیان دایە دەست "مام کوێخا" بەکەفالەت هەتابەیانی، بەدایکمیان وت تۆ بڕۆ تۆمان ناوێت فەرمانی(سید رئیس)ە بەس بەتەنها خێزانی (پ.م) دەگرین.

بۆ رۆژی دوایی بردیانم بۆ(فەرمانگەی ئەمنی سلێمانی) لەوێ لەحاڵەتێکی زۆر دژواردا بووم، خەریك بوو لەترسا زراوم بتۆقێ لەترسی ئەو ئەمنانە، پرسیاری وایان لێدەکردم، هەرنەمئەزانی چی دەڵێن، هەتائێوارێ من گریام و نانم نەخوارد، کاتێك بەرەو خۆرئاوابوون دەچوو لەترسا زۆرپەشۆکابووم بەئاواتەوەبووم بمبەنەوە بۆ بەندیخانەی سەرەوە، لەوشوێنە ترسناکەدا نەمێنم، ئەگەر ئەوشەوە لەئەمن رۆژم بکردایەتەوە لەوانەیە شێت بومایە، دوایی بردمیانەوە بۆ بەندیخانەکە هەموو بەندەکان بەرەورووم هاتن وتیان ئەمجارە بۆگیراویت، وتم ئەمجارەیان هەرگیز بەرنایم، هاوسەرەکەم و هاورێکانی هەیئەی کەرکوکیان شکاندووەو رایان کردووە.

بەندەکان زۆریان دڵخۆشی دامەوە، مانەوەم لەبەندیخانەدا کچەکەمی تووشی سکچوون و رشانەوە کردو برینی لێهات لەوبەندیخانە پیس و پۆخڵەدا، خۆشم زۆر کەشەنگ و هیلاك بووم، پاشی مانگێك لەئێوارە وەختێکدا گوێم لەپۆستاڵی پێی سەربازەکان بوو کەهاتن مژدەی بەربوونیان دامێ، ئەمجارەش ئەمزانی بۆ بەرئەبم من لەجیاتی دڵخۆش بوون سەرم سورمابوو چەندەها پرسیار بەمێشکمدا گوزەری دەکرد.

لەدوای بەربونم پێیان وتم کەهاوسەرەکەم لەناو شاری کەرکوکدا گیراوەتەوە، هەتا حەوت مانگ دوای ئەم رووداوە هەرچی بەندیخانە هەیە لەعیراقدا گەراین سەروشوێنی نەبوو، لەناکاو رۆژێك موختار هات ئاگاداری کردینەوە کەمواجەی هاوسەرەکەمە لەئەبوغرێب، ئای لەو رۆژانە چەند سەخت بوو، لەچاوەروانی و دڵەراوکێدا بووم، چاوم بەدرێژایی رۆژگارو شەوگار لەسەرکاتژمێرەکە بوو، کات خێرا تێبپەرێ و رۆژی مواجە بێتە پێشەوە، زۆر حەزم بەبینینی هاوسەرەکەم دەکرد، لەکاتی مواجەدا لەریزەکاندا هەرئەچوومە پێشەوە بۆ ئەوەی بەزووترین کات بیبینم، لەقاوشێکدا ئەسوڕامەوە لەپڕ یەکێك باوەشی پیاکردم و منداڵەکەی لەباو[ەشم] دەرهێنا وتی شوێنم کەوە، منیش هەر سەیرم دەکردو حەپەسابووم، شێوەی هاوسەرەکەمی تێدابوو بەڵام لەژێر ئەشکەنجەی ئەودرندانەدا شین شین بوبۆوە، سەروریشی هاتبوو چڵکن و بێتاقەت هەموو لەشی هەڵا هەڵا ببوو، منیش کەهاوسەرەکەم بەوشێوەیە بینی زۆربێ تاقەت بووم، دوو کاتژمێر یەك دووشە قسەمان نەکرد بەس گریاین، بۆ چاوپێکەوتنی دووەم هاوسەرەکەم وتی بابچینە حانوتەکە تۆزێك قسە بکەین ، هاوسەرەکەم پێی گوتم تۆ گەنج و جوانیت من دەساڵ دادگایی کراوم، ئەگەر بەریشبم ئەبمەوە بە (پ.م) تۆ ژیانی خۆت بەمنەوە مەبەستە من وازت لێ ئەهێنم تۆ بەئارەزووی خۆت بژی.

منیش یەکسەر وتم تۆ لەرێگایەکی پیرۆزدا گیراویت ژیانی من لەگەڵ ژیانی تۆیە هەرمن گەنج نیم تۆش گەنجیت ئەك دەساڵ دادگای بیت من(٢٠)ساڵیش چاوەروانتم، هاوسەر[ە]کەم زۆردڵخۆش بوو، تاسێ ساڵ بەندێتی هەموو مواجەیەك سەردانم دەکرد، پاشان بەلێبو[ردن]ی گشتی بەربوو، دوای بەربوونی پەیوەندی کردەوە بەشەهید(جەمالی عەلی باپیر)ەوە [و]تی ئەچمەوە شاخ، بەڵام پێیان وت جارێ پشویەك بدە، ئەوسا ببەرەوە بە (پ.م)، لە[ک]اتی ئەشکەنجەداندا دەستی باش ئیشی نەدەکردو نەیئەتوانی ئیش بکات، زۆر بەه[ەژ]اری

ئەژیاین، پاش دووساڵ کەساڵی١٩٨٢بوو هەواڵم بۆ هات هاوسەرەکەم ڕایکردووە بۆ شاخ منیش یەکسەر ماڵ‌و منداڵم پێچایەوەو چووم بۆ(شەدەڵە)، بەزستان لەگوندابووین بەوەرزی بەهارو هاوین لەئەشکەوت‌و بن کەپرەکانی(مێرگەپان) ئەژیاین.

لەترسی بۆردومان بەوچلەی زستانە لەکونە تەیارەدا ئەنوستین، شەوێکیان کاتژمێر دووی شەو بەدەم ژانی منداڵ بوونەوە بەخەبەرهاتم لەژێر تۆپ‌و باراندا بەوشەوە ئەنگوستەچاوە کچە تەمەن حەوت ساڵەکەم نارد بەشوێن پیرێژنێکی ماماندا هەتا بەفریام کەوتم، لەسەرماندا لەرزیشم لێهاتبوو، لەناو قوڕو لیتەی کونەتەیارەدا منداڵێکم بوو هاوسەرەکەشم لەجەولەبوو، پاشماوەیەك ماڵمان بردە(هۆمەرقەوم)لەکاتی شەڕی(دابان هەلاج)دا گەڕامەوە ماڵی براکەم لەسلێمانی، پاش دوومانگ زمانم لێدرا بەوچلەی زستان‌و سەرمایە گەڕامەوە(مێرگەپان) ئەماڵمان هەبوو ئەجێگا، لەناو ئەوقوڕو لیتەدا ژورێکمان لەنایلۆن دروست کرد، گشت کاتیش میوانداربووم هەموو ڕۆژێك یەك تەشت نانم دەکرد بەچوار منداڵی وردەوە ئەرکم زۆربوو، بێجگەلەوەی کە (پ.م) لەشەڕ ئەگەڕانەوە جلی شەهید و بریندارەکانم ئەشت بەتایبەتی لەشەڕی(قەیوان ماوەت)دا.

هاوسەرەکەم لەتیپی مەڵبەندی (پ.م) بوو لەشاخی(هەلاج) لەڕەبایەدا بوو، هەتا ساڵی١٩٨٨ بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز بوو، لەهەرچوارلاوە هێرشمان لەسەربوو، سێ منداڵم بەماڵی خەزورمدا ناردەوە، دوومنداڵم لامایەوە، ئەوان ڕۆیشتن‌و هێرشەکان زیاتربوو، پاش پانزە ڕۆژ هاوسەرەکەم گەڕایەوە وتم چارێکمان بکە، وتی بەتەمای من مەبە من ئیشم هەیە خۆت چی دەکەیت بیکە، منیش لەکاتی هێرشەکەدا ماڵەکەم بەجێ هێشت و بەسەڵتە زەلامی شوێن خەڵکی گوندەکە کەوتم بەرەو سوسێ، من لەڕێگا ئەمنەتوانی بڕۆم دوومنداڵە بچوکەکەم پێ بوو سکیشم هەبوو دواکەوتم هەرچی چۆنێ بێ چوومە ناو(سوسێ)وە، من درەنگ گەیشتم خۆم کرد بەماڵێکدا شاردمیانەوە، بۆ شەو ناسیاوێکمان هات وتی چۆن نەگیراویت خەڵکەکە هەموی ڕایانکردۆتەوە شاخەکە یان گیراون( کاك شەریف) بردمی بۆ ماڵی خۆیان‌و بەیانی بردمیەوە بۆ ماڵی براکەم، لەژێر ترس و لەرزدا ئەژیام بەکۆمەڵێ منداڵی وردەوە، خۆشیان کرێچی بوون، هیچ هەواڵی هاوسەرەکەشم نەئەزانی چی بەسەرهاتووە، هەرلەوڕۆژە سەختانەدا کەتەم‌و مژ بەری ئاسمانی کوردستانی گرتبوو، سێ برایشم بەر شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفال کەوتن، برایەکم (پ.م) بوو لەگەڵ(٥٤)کەسی تردا مستەشارێك بەڵێنی پێدان ڕزگاریان بکات، تائەمڕۆش بێ سەروشوێنن، پاش سێ مانگ مانەوەم لەشاردا هاوسەرەکەم نامەو ناونیشانی بۆ ناردم کەبچم بەرەو ئێران، منیش خۆم‌و منداڵەکانم کۆکردەوەو ڕۆیشتم بەرەو ڕانیە لەوێشەوە بۆ(سەنگەسەر)، بەپێ کەوتینە ڕۆیشتن زۆرهیلاك بووم مانگی خۆم بو ئەمنەتوانی بڕۆم بەوشاخ‌و دۆڵەدا، کەگەیشتینە(سورە دێ)هاوسەرەکەم هات بۆلامان، پاش چەند مانگێك دابڕان لەیەکتری بەیەك گەیشتینەوە، دوای پێنج ڕۆژ مانەوەمان ولاغمان گرت و منداڵەکانمان کردە شەڵتەی ولاغەکەوە، پێنج شەو ڕۆژ بەڕێوە بووین تاگەیشتینە(گۆیزێ)، من بەژان‌و ئازاری منداڵ

بوونەوە لەرزێکم لێ هاتبوو نەمئەزانی ساردی شاخەکەیە یان ئازاری خۆم بوو، هەموولەشم شین‌و مۆر بوەبۆوە کە بەڕووی چەمەکەدا هاتینە خوارێ، خۆر ماڵئاوایی دەکردو مانگیش وردە وردە خۆی دەرئەخست، لەقەراغ چەمێك لەناوئەویەفرو ڕەندوەدا جێگایەك تۆزێك ڕەشایی‌دەکردەوە لەوێدا بارمان خست‌و هاوسەرەکەم بەتانییەکی بۆ داخستم‌و ئاگرێکی گەورەی بۆ کردمەوە، بێ مامان‌و بێ هیچ پێداویستییەکی ژیان من بەژانێکی زۆر توندەوە بووم تالەشەشی بەیانیدا رزگارم بوو.

کچێکی جوانمان بوو باوکی ناوی نا(سنور) چونکە لەسەر سنور لەدایك بوو، پاش دووکاتژمێر پشوودان سواری ولاغەکان بوینەوەو کەوتینە ڕۆیشتن، پاش نیوکاتژمێر گەیشتینە سەرسنور لەولاغەکان دابەزین، هاوسەرەکەم بەتانیەکانی داخست‌و لەزەوییەکەدا کەوت، پاسدارێك پرسی ئەوژنە چییەتی هاوسەرەکەم وتی منداڵی بووە، دواتر بەسەیارە چووین بۆ گوندی(ئالوەتان) چوینە ماڵی(کاك عەبدوڵڵای قەرەنگۆیی) ئەوماڵە زۆر یارمەتییان دام‌و خزمەتیان کردم، دوای دوو شەو مانەوەمان بەرەو(سەردەشت) بەڕێکەوتین ،شەوێك لەئوتێلدا ماینەوە بۆ بەیانیەکەی بەهەشت فڕۆکەی عیراقی بۆردومان کراین، ڕوومەتی کچەکەم پارچەی بەرکەوت‌و بریندار‌بوو،(٢١) پاسدار کوژران، ئەوشەوە ماینەوە بۆ بەیانی چوین بۆ شاری(بانە)، دواتریش چوین بۆ سەقز لەوێ بەشداری دامەزراندنی ژنانی شاخم کرد، یەکەم کۆبونەوەمان لەماڵی"حەسیبە خان"بوو، هاوسەرەکەم بەبەردەوامی لەجەولەدابوو لەکوردستانی باشوور، خۆیشم بەهۆی هیلاکی ڕێگاو ئەنفال کردنی سێبرام توشی نەخۆشییەکی سەخت بووم، بۆ چارەسەر شاری تەبرێزو مهابادو سەقز گەڕام، تائێستاش ئەونەخۆشییەم هەر لەگەڵدایە.

چەند مانگێك پێش ڕاپەڕین هاوسەرەکەم گەڕابۆوە کوردستان، چەند مانگێك بوو هەواڵی نەبوو، کە کۆڕەوەکە ڕوویدا کەس‌و کار بەرەو ئێران هاتن، منیش چوومە سەر جادەکە بزانم خزم‌و کەسوکار نابینم، لۆرییەکی ناسیاومان وەستا کوڕێکی منداڵکاری تێدابوو وتی باجی پرشنگ وەستا عەبدول لەڕاپەڕیندا شەهید بووە، منیش وەك شێتم لێهات بەسەر ئەو جادانەدا ڕامدەکرد تاگەیشتمە(گەڕەکی بلوار) چووم بۆلای کاك"سالار جیهاز"پێم وت وتی درۆیە شتی وانەبووە، منیش بڕوام نەکرد چوومەوە ماڵەوە حاڵم زۆرپەرێشان بوو لەحاڵەتێکی دەروونی سەختدا بووم، گەڕەك و ماڵە (پ.م)کان لێم کۆبونەوە، تائێواریێ لەناکاو هاوسەرەکەم خۆی کرد بەماڵدا، بێگومان خۆشترین ساتەوەختی ژیانم بوو، کردمان بەشایی‌و خۆشی، لەمانگی پوشپەڕی١٩٩١ بەئێجگاری گەڕاینەوە سلێمانی.

ڕاپەڕین‌و ئازادی ڕوداوێکی خۆش بوو لەژیانمدا بەڵام خۆم وەکو بەندێکی سیاسی‌و وەکو ژنی شاخیش زۆر لەپەراوێزداین، پێویستە لەڕۆژانی ئازادیدا ڕێزێك بۆ ئەو ژیانە سەختەمان دابنرێت.

## خاوەر عبدولقادر حاجی

خاوەر عەبدولقادر حاجی، ئەو کچە ئازاو لەخۆ بووردووە بوو کە لەتەمەنی پانزە ساڵییەوە کەوتە کاری (تەتەری) لەنێوان ڕێکخراوی سلێمانی و سەرکردایەتیدا. لەلایەن ڕژێمی فاشییەوە دووجار فەرمانی گرتنی دەرچوو، لەگەڵ یەکسەر ڕەمی کردندا.

من لەخێزانێکی نیشتمانپەروەر لەگوندی هەڵەدن هاتوومەتە ژیانەوە، هەر لەتەمەنی پانزە ساڵییەوە کەوتمە کۆڕی خەباتێکی سەختەوە، باوکم وەکو هەموو مرۆڤێکی ئازادیخوازی ئەم وڵاتە لەدوای نیسکۆ گڕی کوردایەتی لەناو دڵ و دەروونیدا کڵپەی دەکرد هەر بۆیە لەساڵی ١٩٧٥دا پەیوەندی کرد بە شەهید (ئارام)ەوە، لەو ساڵانەدا شۆڕش زۆر سەخت بوو. هەر بۆیە بەڕێز (مام جەلال) نامەیەکی نارد بۆ ڕێکخستن کە مەفرەزەیەک یان تیمێک دروست بکرێت لەماڵی (عەبدولقادر حاجی) لەگوندی هەڵەدن واتە لەماڵی ئێمە، ئەو کەسانەش (کاک سالار عەزیز، شەهید عەلی عەسکەری و شەهید جەمالی عەلی باپیرو کاک حەمە سەعید)بوون. لەساڵی ١٩٧٦دا کە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوو، ئەو پێشمەرگانە بەشێوەیەکی زۆر بەنهێنی بۆ ماوەی سێ مانگ لەماڵی ئێمە خۆیان شاردەوە لەژوورەوە بوون، نەدەبوایە هیچ کەسێک بیانبینیایە هەتا نان خواردنمان لەژوورەوە بۆ ئامادە دەکردن، جلەکانیان هەر لەژوورەوە دەشۆردراو بۆمان وشک دەکردنەوە.

چەندەها پێشمەرگە دەهاتن بۆ ماڵی ئێمە،ئەم تیمەی کە لەماڵمان بوون دابەشیان دەکردن بەسەر ناوچەکاندا، لەشاخ و ئەشکەوتەکاندا دەژیان و کڵپەی شۆڕشیان جارێکی تر گەشانەوە، ئێمە لەلایەن ڕژێمەوە ئاشکرابووین، چواردەوری گوندی هەڵەدن گیرا، من و دایکم و باوکم لەگەڵ مەفرەزەی پێشمەرگەدا ڕامانکرد بۆ شاخی (ژیلوان) واتە بووینە پێشمەرگە. باوکم بوو بە (ئامر کەرت)ی مەفرەزە سەرەتاییەکان. ئێمە هەربەشاخەوە دەژیاین، ڕۆژێکیان گەڕامەوە ناو گوند بۆ سەردانی ماڵەکەمان، ئەمزانی ئیخباری کراوم، شەو درەنگانێک کاکم هات بەشوێنمدا وتی: ئیشێکی گرنگم پێتە. ئێمەش بەو شەوە لەژێر ئاسمانێکی ساماڵدا کەوتینە ڕێگا تا گەیشتینە سەر شاخ. وتی: دەزانیت بۆ وا بەپەلە هاتم بەشوێنتدا؟ لەبەرئەوەی ئیخباری کراویت. بەو شەوە گەیشتینە (مێرگەپان)، دایکم لەوێ بوو کەپرێکمان دروست کردبوو بۆ حەوانەوەی خۆمان.

لەگەڵ شێبەدا سەربازەکانی ڕژێم چواردەوری گوندەکەیان گرتبوو، هاتبوون بۆ دەستگیرکردنی من، دواتر چووبوونە ناو گوندەکەوەو کوێخایان بانگ کردبوو وتبوویان: کوا خاوەر دەبێت هەر ئێستا تەسلیمان بکەیت، ئەگینا گوندەکەتان دەسووتێنین.

ئامر لیواکە تا بانگی شێوان مابووەوەو ئەو خەڵکەش هەمووی لەدەوری خۆی کۆکردبووەوە تا بەناچاری کوێخا وتبووی شەو براکەی هاتووەو بردوویەتی لێرە نییە.

سەرانی رژێمیش لەداخاندا تەپاڵەیان هەڵدابوو بەسەر خەڵکی گوندەکەداو پێیان وتبوون ئاواتان لێدەکەین خاوەرمان تەسلیم ناکەن.

دوای دوو رۆژ لە (مێرگەپان)ئیخباری کراین، بەناچاری ئەو شەوە لەسەر شاخ خەوتین، بۆ بەیانی لەگەڵ رۆژهەڵاتندا چووینە گوندی (یاخسەمەر)، ئەو رۆژە لە یاخسەمەر بووین دووبارە رژێم شوێنمان کەوت، لای ئێوارە کە گزنگی خۆر لە زەردەپەڕدا بوو گەیشتینە سەر شاخی ئاسنگەران، بۆ بەیانی ناو گوندی یاخسەمەر پڕ بوو لەجاش و جەیش. کاک غەریب بە دووربین سەیری ناو دێی کرد. وتی: خاوەر وەرە سەیر کە ئەوە (حامیدە) بەرەو ناو گوند دەڕوات، هەرچەندە هاوارمان لێکرد بەداخەوە، چونکە دووربووین دەنگمان نەگەیشتێ، حامید دەستگیر کرا یەکێك بوو لە کادرە چالاکەکانی کۆمەڵە مەخابن لەسێدارە درا.

دووبارە جارێکی تریش رژێم کەوتەوە گەڕان بەدواماندا. من لەماڵی کوێخا خۆم شاردبووەوە. پێشمەرگەیەکی نەخۆش خۆی لەماڵێکدا شاردبووەوە جاشەکان هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەو شەهید محەمەدیان دەستگیر کرد، منیش لەتاواندا خۆم لەبیر چووەوەو رامکردە بەردەم جاشەکان زۆریان تیا پاڕامەوە وتم: پارە چەندتان دەوێت دەتاندەمێ بەس ئەو پێشمەرگەیە مەدەنە دەست عەسکەرییە، بەڵام بێسوود بوو ئەو چڵکاوخۆرانە تەسلیمی جەیشەکەیان کردو بەو نەخۆشییەوە پاش ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر لەسێدارە درا.

پاش ماوەیەك باوکم لەگەڵ کەرتەکەی چوو بوو بۆ سووریا، بۆ ئەوەی چەك بهێنێت، دوای گەڕانەوەی باوکم نەمانتوانی لە هەڵەدن دانیشین چووین بۆ (یاخسەمەڕ)، رژێم دووبارە بۆمان هات لە قەڵاچوالانەوە تا مەرگە رژێم هەموو کانی و ئاوەکانی گرت. لەگەرمای مانگی خەرماناندا کە تیشکی خۆر بەنیمچە ستوونی پەخش بوو لەسەر گۆی زەوی، هەتا گژوگیاو زەوییەکە لەبەردەم گەرماکەدا زەردو وشك هەڵگەڕابوو، سێ شەوو سێ رۆژ بێ ئاو بووین خەریك بوو لەتینواندا بخنکێین. ئێمەش لەسەر لوتکەی شاخی ئاسنگەران بووین، عەسکەرییەش لەدامێنی شاخەکەدا بوون، سمکۆی برام تەمەنی سێ ساڵ بوو داوای ئاوی کرد، هیچ ئاومان لا نەبوو زۆر نووزایەوەو گریا بە باوکمی دەوت ئەگەر ئاوم نەدەنێ ەوا عەسکەرەکان بانگ دەکەم. لەتاوا براکەم میزی کردە قاپێك و میزەکەمان دەرخوارد دا، ئەوسا منداڵەکە بێدەنگ بوو هەتا کاك حەمە سەعیدە قەڵەو لەگەڵماندا بوو، ئێستاش کە دەمانبینێت باسی ئەو رۆژگارە تاڵە دەکات. هەرگیز لەیادمان ناچێت کە ئەو فاشیانە هەرچی نەشێ و نەکرابێت بەم گەڵە زوڵملێکراوەیان کرد. شەو گواستمانەوە بۆ شاخی هەڵەدن، منیش وەکو کچێك هەموو کات لەخزمەتی شۆرشدا بووم بە جەستەو بەڕۆح. هەر هەمان شەو برسێتی و تینوێتی شپرزەی کردبووین، کاکم لەگەڵ دوو پێشمەرگەدا نیوە شەو چوونەوە ناو گوندی هەڵەدن، بەمەرجێ پڕ بوو لە عەسکەرییەو جاش، دوو دەبە ئاوو نۆردوویەك نانیان هێنا و گەیشتنەوە لامان.

ئێمە دەستگیر نەکراین لەبەر ئەوە جەیشەکەی ڕژێم کشایەوەو ئێمەش گەڕاینەوە بۆ گوندی (یاخسەمەڕ)، مانگی دووجار بۆمان دەهاتن بۆ ئەوەی بمانگرن. لەجارێك لەهاتنەکانیاندا ئامۆزایەکی باوکم بەناوی (عومەر حەمە سالّح)، کە پیاوێکی کاسب بوو هیچ پەیوەندییەکی بەشۆڕشەوە نەبوو گرتیان و شەهیدیان کرد، لەسەربازگەکەی پشتی هەڵەدن بەناوی (هەنجیری مچە شانە). ڕژێم لەساڵانی ١٩٧٧ بۆ ١٩٧٨دا لێبووردنی گشتی دەرکرد کە واز لەگرتنی ژن و منداڵی پێشمەرگە بهێنێت، ئێمەش گەڕاینەوە هەڵەدن لەوێ دەژیاین. لەڕۆژێك لەڕۆژە سەختەکانی شۆڕشدا کە زریانی تۆفان و مەرگ دەیویست ئەو ئەمامەمان لەڕەگ و ریشە هەڵبکەنێت، بەوپەڕی دەسەڵات و سامانییەوە.

دیارە ئەو ڕۆژانەش زۆر گەش و پرش هیوا بوون بۆ ئێمەی کورد بەتایبەتی بۆ من، هەربۆیە لەلایەن کاکم و کاك جەمالی عەلی باپیر رایان سپاردم کە هەسم بەکاری تەتەری، منیش بەوپەڕی شانازییەوە قبوڵم کرد.

کارەکەشم لەسەرکردایەتییەوە پەیوەندیم هەبوو بەشەهید (جەمالی عەلی باپیرو مامۆستا جەبارو ئەسعەد پیرانی) نامەی ئەمانم دەبرد بۆ ڕێکخستنەکانی سلێمانی و بە پێچەوانەشەوە نامەی ڕێکخستنم دەگەیاندە سەرکردایەتی، بەشەوی ئەنگوستەچاوو تاریك نامەی زۆر بەپەلەم گەیاندووەتە بەلەکجار، ئەم کارەشم هەتا ئەنفالەکانی ساڵی ١٩٨٨ درێژەی کێشا، لەلایەن ڕژێمەوە دووجار فەرمانی گرتنم دەرچووەو فەرمانەکەشی وا دەرچوو بوو لەگەڵ گیراندا یەکسەر ڕەمی بکرێم، بەڵام من وازم نەهێنا هەر جارەو بەهەویەو تەسکەرەی یەکێك لەگوندییەکان دەڕۆیشتم چالاکانە کارەکەم ئەنجام دەداو دەگەڕامەوە هەڵەدن. لەڕۆژێکی ساڵی ١٩٨٠دا لەدەشت و دەری کوردستان وەکو بووك ژیانی نوێ کردبووەوە هەموو گوڵ و دارو درەختەکان بریقەیان دەهات، دەتگوت تازە زەمین لەدایك بووە، لەو ڕۆژەدا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ خاڵۆزای خۆم بەناوی (عوسمان محەمەد عەزیز) ناسراو بەعوسمانی حەمە کاکی لەگوندی هەڵەدن. بەیارمەتی برادەرانماڵێکی سادەو ساکارمان پێکەوەنا. کاتێك هاوسەرەکەم گەوتە گەرمەی خەباتی کوردایەتی تەمەنی (١٥) ساڵ بوو لەگەڵ کاکمدا بوو بە پێشمەرگە.

خۆشم لەڕۆژێکی ساڵی ١٩٨٢دا زۆر بەهیلاکی و کەشەنگی کوڕێکم بوو، بێ هیچ پێداویستییەکی ژیان.

من گشت کات هاوسەرەکەم لەجەولەو لەشەڕدا بوو، لەساڵی ١٩٨٥ بۆ ١٩٨٦تەنها (١٥) ڕۆژ یەکترمان بینی. لەبەرئەوە هەموو ئەرکەکانی ژیان و کاری شۆڕش بەتەنها لەئەستۆی خۆم بوون.

تازە منداڵم ببوو کە شەڕی (دابان هەلاج) دەستی پێکرد، کاك جەبار فەرمان هەواڵی بۆ ناردین دەبێت (نان و ئاوو کولێرە) دابین بکەین بۆ ئەو هێزەی کە دەچوون بۆ شەڕ.

ئەو شەوە هەتا بەیان پێڵوی چاوەکانم نەنایە سەرەیەك، چاوەڕوانی ئەنجامەکانی هێرشەکە بووم. لەشەڕەکەدا هێزی پێشمەرگە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. هەموو زنجیرە شاخەکانی سەری دابان، گورەجوو، هەلاج، فەوجی شەدەڵەو گشت رەبایە وردەکانی تریان ئازاد کرد. بەیانی کە خۆر تازە هەڵدەهات چوومە ناو گوند تەماشا دەکەم یەك کەسی تێدا نەماوە بێجگە لەمن و دایکم و باوکم و براژنم. هێزی پێشمەرگە شەهیدی هەبوو وەکو شەهید محەمەدو شەهیدی تریش، منیش لەژێر بۆردوومانداا ئاوم هێناو ئاومان گەرم کرد بۆ شتنی شەهیدەکان، من و دایکم بەدەم فرمێسك و ژانەوە کفنمان بۆ دوورین هەتا خەڵکی گوندەکە گەڕانەوە ناو گوندو سپاردیانن بەو خاکەی کە خۆیان کرد بەقوربانی. دوای ماوەیەك ماڵمان بردە (بەلەکجار) ماوەی دوو مانگ لەژوورێکدا بووم باران دەهاتە ناو ژوورەکەوە، ژیانێکی ناخۆشمان هەبوو، بۆیە گەڕامەوە بۆ هەڵەدن، ئێمە لەژێر بۆردوومانیشدا دەبوایە ئاومان بهێنایە، نانمان بکردایە، میوانمان زۆر بوو بەتایبەتی ئەندامەکانی سەرکردایەتی کە متمانەی تەواویان بەئێمە هەبوو.

لەساڵی ١٩٨٦دا دیسان شەڕی (قەیوان ماوەت) دەستی پێکرد، شەڕێکی جەبهەوی بوو لەنێوان هێزی پێشمەرگەو رژێمدا، سێ مانگ شەڕ بەردەوام بوو، هاوسەرەکەم رۆیشت بۆ شەڕ، منیش هاتم بۆ سلێمانی، بەڵام منیش لەبەرئەوەی دووجار فەرمانی گرتنم دەرچوو بوو کەس نەیدەوێرا بەخۆم بگرێت، پاش سێ رۆژ گەڕامەوە بۆ (هەڵەدن) کەپرێکم دروست کردو تێیدا دانیشتم تا هاوسەرەکەم لەشەڕدا گەڕایەوە.

بۆردوومان زۆر بوو لەسەر ناوچەکەمان، سکیشم هەبوو نەمدەتوانی هەموو کات راکەم بۆ کوونە تەیارە، لەبن بەردێکی گەورەدا کەوتمە چاڵ هەڵکەندن بۆ ئەوەی حەشارگەیەك دروست بکەم، براکەشم یارمەتی دەدام کوونەکەمان قووڵ کرد، هەردووکمان لەناو کوونەکەدا بووین، بەردە زلەکە خزایە سەردەمی کوونەکە گیرمان خوارد لەناوەوە، هاوارمان کرد باش بوو بەڕێکەوت کاروانی ئامۆزام لەو ناوەدا بوو هات و بەردەکەی لابردو رزگاری کردین.

ئێمە ژیانمان زۆر سەخت بوو، نیوەی ساڵانی شۆڕش ئێمە لەخانووی نایلۆن و زەوی قوڕاویدا ژیانمان بەسەر دەبرد لەژێر بەفرو سەرمادا. شەوێك لەنیوەی شەودا بەخەبەرهاتم ژێرمان هەمووی ئاو بوو جێگاکەمان کانی بوو ژیابووەوە، بۆ بەیانی دوو پیاوم بانگ کردو دوو دیواری وشکە کەڵەکیان بۆ دروست کردم و لەوحێکم دا بەسەریدا لەپشتی هەڵەدن لەشاخەکاندا لەویادا دەژیام. لەڕۆژێکی سەختی مانگی بەفرانباری ١٩٨٧دا کوڕێکم بوو لەژێر بۆردوومانداا، لەناو کوونە تەیارەدا هەڵدەلەرزیم لەسەرماندا، لەژیانێکی پڕ ئێش و ئازاردا دەژیام، هاوسەرەکەشم شەش مانگ بوو رۆیشتبوو بۆ ئێران چەك بهێنێت. ئێمەش گشت کات لەژێر بۆردووماندا دەژیاین.

لەڕۆژێکی رێبەندانی ١٩٨٧دا بووین، واتە لەڕۆژەکانی کۆتایی ساڵدا بووین لەسەر کوونە تەیارەی شیوەکەمان دانیشتبووم، باوکیشم بەرامبەرم وەستابوو لەپڕ فڕۆکەکان هاتن

زۆر بەنرمی، ئێمە وامانزانی (رەصەد) دەگرن، بەڵام فڕۆکەکان ڕۆیشتن، من گوێم لەهیچ دەنگێکی بۆردوومان نەبوو. باوکم هاواری کرد دوکەڵێکی سەوز لەپشتمانەوە بەرز بووەوە، من تا ئەوساتە بۆردوومانی کیمیاویم نەدیبوو.

ئاگام لەخۆم نەما هەردوو چاوم کوێر بوو، کاروانی ئامۆزام خێرا سەتڵێک ئاو دانرابوو لەوێ کردبووی بەسەرماو مەڵحەمی چاوی کردبووە چاوم، دواتر بردیانم بۆ (بەرگەڵو) بۆ لای دکتۆر شوان. هەتا ئێستاش چارەسەر وەردەگرم بەهۆی چەندین جار بۆردوومانی کیمیاوی تووشی رەبووی کردووم، پزیشک دەڵێت چارەسەری یەکجاریت نییە، بەڵام هەموو ساڵێک لە نەخۆشخانە دەکەوم.

لەبەر زۆریی بۆردوومان رامانکرد بۆ شاخی (کەر کەر) بەفرو زریانی ئەو ساڵەش لەڕادە بەدەر بوو، (لیوا خەلیل)ی رەحمەتی هەر دڕک و داری کۆدەکردەوەو ئاگری بۆ ئەو منداڵە سێ مانگەم دەکردەوە دەیووت با نەمرێت. کاک جەباریش ئەیووت مادام ئەو منداڵە لەناو بەفردا لەدایک بووە هیچی لێنایەت.

هێرش لەسەر هێرش و بۆردوومانی کیمیاوی وای لەخەڵکەکە کردبوو هەموو چووینە سەر شاخ ئەمانزانی مامەڵە لەگەڵ چەکی کیمیاویدا بکەین، هەر دەنگی تەیارە دەهات بەو چلەی زستانە، خێرا بەتانیمان تەڕ دەکردو ئاگرمان دەکردەوە، من سێ منداڵم کیمیاوییەکە کاریگەریی لەسەر بەجێهێشتوون ئەوانیش هەتا ئێستا بە بەردەوامی لەژێر چاودێری پزیشکدان.

هێزەکانی رژێم دەستیان گرت بەسەر سەرکردایەتیدا، ئێمەش لەشێوەی کۆڕەوێکدا کەوتینە ڕێگا منداڵمان دا بەکۆڵماندا بەناو شاخ و زریان کەوتینە ڕۆیشتن لەڕێگا مەرگەساتێک بوو مەپرسە. ئەو رووداوەی کە لەڕێگا بینیم هەرگیز لەیادم ناچێت، منداڵێک لەدەستی باوکی خزا لەتوولە رێگاکەدا، منداڵەکە بەناوقەدی شاخەکەوە ئەنوزایەوەو ئەگریا دەیگووت باوکە جێم مەهێڵەو رزگارم بکە، باوکەی بەستەزمانیش نەیتوانی رزگاری بکات. هەر کەسێ پێی هەڵبخلیسکایە لەتوولە رێیەکە ژیانی تەواو دەبوو، بۆیە باوکەی هەژاریش بەناچاری کوڕەکەی جێهێشت بۆ دڕندەی کێوەکان.

بەهەر ناڕەحەتییەک و دڵێکی پڕ جەغار بێت گەیشتینە شاری (بانە)، چووینە مزگەوتەکەی (بانە) هەشت رۆژ ماینەوە لەوێش کارەستێکی ناخۆشی ترم بینی، پیاوێک سەری کردەبووە کۆشی هەر دەگریا، چەند جارێک پرسیارمان لێکرد وەڵامی نەبوو، تا هاوسەرەکەم پێیووت کاکە بەڵکو چارێکت بکەین وەڵاممان بدەرەوە. وتی کەس چاری منی لا نییە، هەموو خێزانەکەم پێش ئەوەی بگەینە گەڵاڵە کەوتنە بن هەرەسی بەفرەوە کەسیان دەرنەچوون، بەس خۆم ماوم.

دواتر چووینە (بێوران) واتە گەڕاینەوە سەر سنوور. شۆڕش بەتەمای شەڕی پارتیزانی بوو، کاکم بەپارتیزانی گەڕایەوە خاکی کوردستان. دوای سێ مانگ چووینە ئۆردووگای (پیر

شێخ) خێمەمان هەڵداو هاوسەرەکانمان گەڕانەوە بۆ سنووری مەڵبەندی سێ، دواتر سەردانێکیان کردین وتیان ئێمە دەگەڕێینەوە دۆڵی جافایەتی. ئێمەش (٤٠) ژن بووین بێجگە لەمنداڵەکانمان بەهەموومان خاوەنی (١٠٠) تمەن بووین، هەژارو کەمدەست و ئاوارەی وڵاتان.

جەژن هات هیچ نەبوو بیخۆین، بەسێ ماڵە پێشمەرگە سەروپێیەکمان بەقەرز کڕی. یەکەم جەولەی هاوسەرەکەم نۆ مانگی پێچوو، ئێمەش لەژێر سەرماو سۆڵەو گەرمای هاوین و نەبوونیدا دەمانناڵاند. منداڵێکم سێ مانگەی هاوین بەپێی پەتی سوڕایەوە، پارەم نەبوو جووتێ پێڵاوی بۆ بکڕم کە بایی (٢٠) تمەن بوو. خۆم دوو دێراو تەماتەم کرد، ئەو سێ مانگەی هاوینە خۆم و منداڵم نانی رەق و تەماتەمان خوارد. لە ئۆردووگاکەماندا دوو دوکان هەبوو، داوای قاڵبێك سابوونم بەقەرز لێکردن نەیاندامێ، ئەیانوت مێردەکەت پارتیزانە، تووشی تەنگ و چەڵەمە دەبین.

یەکێك لە ئەندامەکانی سەرکردایەتی هاتە ئۆردووگاکەمان، ئێمەش کۆمەڵێ ژن هەستاین چووین بۆ لای بەڵکو یارمەتییەکمان بدات بەرە جەژنان بوو، کەزانی ئێمە چووین یەکسەر پاڵکەوت و پشتێنەکەی دا بەدەم و چاویدا. منیش یەکسەر وتم خۆ نەخەوتوویت بۆ وا دەکەیت؟ هەر دەمان بەنائومێدی هەستاین و رۆیشتین.

رژێمی ئێرانی خانووی بۆ کردین کە بریتی بوو لەیەك ژووری سێ مەتر درێژو دوو مەتر پان بوو، دیوارەکانی ئاوی پێدا دەهاتە خوارەوە لەبەر تەڕی زەوییەکەی خشتی سوورم راخستبوو پارچە خێمەیەکم داخست بەسەر خشتەکەدا، ئێمە ئاوا دەژیاین، خەڵکی ئەم دەڤەرە سەروپێیان نەدەخوارد، فڕێیان دەدا ژنە پێشمەرگەکانیش لەناچاری و لەبرساندا هەڵمان دەگرتەوەو لێمان دەنا.

لەڕاپەڕیندا هاوسەرەکەم و شەهید غەریبی برام بریندار بوون، بەهەزار دەردی سەری من و براژنم چووین هەردووکیانمان هێنایەوە بۆ ئۆردووگاکە. من زۆرم رەنج داوە تووشی چەندان نەخۆشی بووم خۆم و منداڵەکانم.

(شەهید غەریب هەڵەدنی) برام کە کاری لەهەست و ناخم کردووەو هەتا هەتایە لەبیری ناکەم، شەهیدەکانمان ژیانیان بەخشی بەنەوەی نوێ و نیشتمانەکەمان، بەڵام مەخابن سەد مەخابن کاکم لەئازادیدا شەهید بوو.

هاوسەرەکەشم لە ٣١ی ئابدا جارێکی تر بریندار بوو لە (هیران و نازەنین)، خۆشم بەرەو ئێران رۆیشتم کە هاتمەوە ماڵەکەم تاڵان کرابوو.

خۆشترین بیرەوەری من راپەڕین و دەستگیرکردنی ئەو دکتاتۆرە خوێن ڕێژە بوو بۆ هەتا هەتایە چووە سەرەنوێکلی مێژووەوە.

## سروە ساڵح ئەحمەد

سروە ساڵح ئەحمەد ئەو ژنە لەخۆبوردووەیە لەمیانەی گفتوگۆکەماندا، چاوەکانی پڕ لەفرێسکبوو بۆ ئەو رۆژگارانەی کە گۆڕی دوو جگەرگۆشەی لەئاوارەییدا بەجێهێشت.

من لەگوندی قزلەر لەبن شاخە سەرکەشەکەی پیرەمەگروندا هاتوومەتە ژیانەوە، منیش وەك زۆرێك لەکچانی وڵاتەکەم خۆشەویستییەکی بێسنورم هەبوو بۆ شۆڕش، ئەوکاتەی قوتابی ناوەندیی بووم لەقوتابخانەی خانزادی کچان لەخۆپیشاندانەکانی ساڵی١٩٨٢دا بەشداربووم، تاوای لێهات پیاوانی رژێم چواردەوری قوتابخانەکەیان گرتین، دیارە ژمارەیەکی زۆر لەخوێندکارە کچەکان گیران، منیش لەدەرەوەی قوتابخانەکەبووم نەموێرا بگەڕێمەوە قوتابخانە، پاش بەسەرچوونی سێ رۆژ ئینجا گەڕامەوە، دوای دەرچوونم بۆ پۆلی سێی ناوەندیی، داواکارم هەبوو بەناوی(حسێن حەسەن عەبدوڵڵا) کە (پ. م)بوو لەتیپی ٢٢ی سلێمانی، دوای شووکردنم بەحسێن ماڵێکی بچووکمان لەماڵی خەزورمدا پێکەوەنا، کە دانوستانەکەی ١٩٨٣ کۆتاییهات هاوسەرەکەم گەڕایەوە شاخ و ناردی بەشوێنمدا کە بچم بۆ(دۆڵەڕووت) کە گەیشتم هاوسەرەکەم لەوێ نەمابوو شەوێك لەوێبووم و دواتر بەسواری مەکینە بەرەو گوندی (گەڕەدێ) کەوتینەڕێ، بەڕاستی ژیانمان زۆر لەمەترسیدابوو، بەهەرحاڵ گەیشتمە (گەڕەدێ)و لەوێ ژوورمان دەست نەکەوت پاشان بە دووماڵ ژوورێکمان جیاکردەوەو لەژوورێکدا دەژیاین و ماڵمان دانایەوەو پاش ماوەیەك(ئاراسی) کوڕم لەدایکبوو، دیارە نارەحەتییەکی زۆرم چەشت و بەردەوام لەژێر بۆردوماندابووین، سپێدە دەچووین بۆ شاخ و ئێوارەش کە بەتەواوی رۆژ خۆی لەپشتی چیاکانەوە دەشاردەوە بەرەو ناودێ دەگەڕاینەوە.

دواتر ماڵمان بردە گوندی (باڵخ)و لەوێ زۆر نەماینەوەو چووینە(وڵاغ لو)، دواتر (قامیش و کەلاڵە) دواتر چووینە (سەفرە)و ژورمان دەست نەکەوت ژوورێکمان بەچیخ دروستکردو تۆپبارانی(سەفرە) دەستیپێکرد، ئاسۆی برام قوتابی پێنجی ئامادەیی بوو زووزوو هاتوچۆی دەکردین لەلایەن رژێمەوە دەستگیرکراو برایەکی تریشم لەگەڵدابوو چوینە(زەروون) هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆلام لەوکاتەدا چەك وتەقەمەنیی ئەهات بۆ هێزی (پ.م)، لەوشەوەدا هێرشبوو بۆ سەر(زەرەون) هەتا بەیانی نەخەوتین هەر لەژێر بۆردوماندابووین، هاوسەرەکەم پارچەی تۆپی بەرکەوت بریندار بوو ژیانی زۆر لەمەترسیدابوو لەسەعات دووی شەوەوە هاتا هەشتی بەیانی تووشی خوێن بەربوونبوو، بەدوو هاوڕێی خۆی وتبوو من ژیانم تەواو ئێوە هاوسەرەکەم و کوڕەکەم بنێرنەوە بۆ شار، بەڵام من رازینەبووم بەگەڕانەوەم و دوو وڵاغمان بەکرێ گرت و لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بەڕێکەوتم بەرەو ئێران و لەژێر بۆردوماندا گەیشتینە سەرچەمی ئەشکان، براکەشم بەدوو (پ.م)دا ناردەوە بۆ

سلێمانی و من هیچ ئاگاداری ژیانی براکەم نەبووم، کە گەیشتینە گوندی(ئەشکان) هاوسەرەکەمیان بە ئیسعاف گەیاندە ئێران و من بەکورێکی کۆرپەوە لەبارەگای (پ.م) مامەوە، کاک حسێن کە لێپرسراوی ئەم گوندەبوو بردمییەوە ماڵی خۆیان، هەتا پاسدار هاتن بمگرن کاک حسێن میلی تفەنگی هێنایەوەو وتی تاخوێنم نەرژێ واز لەم ژنە ناهێنم ئەم ژنە لەماڵی من دەمێنێتەوە تا هاوسەرەکەی ئەگەڕێتەوە بۆلای، من ژیانم زۆر دژوارو سەختبوو، لەلایەک خەمی براکەم بوو لەلایەک دڵم لەلای هاوسەرەکەم بوو نەمئەزانی چی بەسەرهاتووە، بێجگە لەوەی خۆشمان لەژێر بۆردومانێکی سەختدا ئەژیاین، چونکە هێزی(پ.م) هێرشێکی زۆر گەورەی کردە سەر هێزەکانی رژێمی عیراقی، منو خێزانەکەی کاک حسێن لەسەعات دووی شەوەوە تاکو هەشتی بەیانی نانمان دەکرد بۆ هێزی (پ.م) لەبەیانییەوە تاشەو تاریک دائەهات ئەچووینە ناو گەورەوە لەترسی بۆردومان، من لەم گوندی ئەشکانەدا بەبەردەوامی غەمباربووم، شەهید زۆربوو، کاتێك تەرمی شەهیدەکانم دەبینی چەند ژەمێك نانم بۆ نەدەخورا، پاش(٢١) رۆژ هاوسەرەکەم لەئێران گەڕایەوە، دواتر بۆردومانی ناوێ دەستیپێکرد، من ویستم بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی بۆ هەواڵی براکەم زۆر دڵم لای بوو، بەڵام رێگا نەبوو هەر هەمان رۆژ ماڵئاوایمان کرد لەماڵی کاک حەسەنو خێزانەکەیو دوو وڵاخمان بەکرێ گرتو رۆیشتین بەرەو گوندی(گاکی)هەموو چۆڵیان کردبوو، یەك شەو لەو گوندەدا ماینەوەو بەیانی بەرەو ئێران کەوتینەڕێو چوینە خاکی ئێرانەوە، کوڕی پوری هاوسەرەکەم لەسەردەشتەوە هات بەشوێنماندا‌و بردینی بۆ ماڵی خۆیانو زۆرێکیان داینێو بردیانم بۆلای پزیشکی چاو یەك مانگ لەژێر چارەسەردابووم تاچاوم بینیو کرایەوە، پاش ماوەیەك کوڕێکم بوو ناومان لێنا (رێبان)، چوار مانگ بەخێومکرد دواتر مردو هەر لەسەردەشت ناشتمان، گوزەرانمان زۆر لاوازبوو هەربۆیەش لەلێبوردنی گشتی ساڵی١٩٨٩دا گەڕاینەوە کوردستان بەڵام هاوسەرەکەم نەگەڕایەوە بۆلای رژێم هەر رۆژەی لەماڵێك خۆی ئەشاردەوە، بەڵام من گەڕامەوە ماڵەکەی خۆم، هەتا راپەڕینەکەی١٩٩١، لەکۆڕەوەکەدا بەرەو ئێران رۆیشتین، لەنەخۆشخانەی مەریوان کچێکم بوو مانگێك بەخێوم کرد بەڵام مردوو لەمەریوان ناشتمان، ئەوەی زۆر کاری لەمن کرد مردنی ئەو دوومنداڵەم بوو کە هەریەکەیان لەگۆڕستانەکانی شارێکی کوردستانی رۆژهەڵات بەجێهێشت ئەویش بەهۆی راکەڕاكو هەژاریی و دەربەدەریی و ئەو ژیانە سەختەی ئێمە بردمانە سەر لەناو ئەم شۆڕشەدا، هەرچەندە زۆر پەراوێزخراوینو وەکو پێویست لەلایەن شۆڕشەوە هیچ ئاوڕێکمان لێنەدراوەتەوە.

## فاتمە عەزیز عەبدوڵڵا

لەمیانەی ئەم چاوپێکەوتنەوە دەتوانم درك بەهیلاکی و ماندووبوونی خۆشەویستی نیشتمان بکەم لەخاتوو فاتمە عەزیز عەبدوڵڵادا.

من لەساڵی ١٩٦٣ لەگوندی چالاوایی سەر بەسورداش هاتوومەتە دنیاوە، پاشان لەساڵی ١٩٧٧ کە تەمەنم (١٤) ساڵان بوو بەشێوەیەکی هەڵە گیرام، چونکە ناوی خۆم و دایکم لەناوی خێزانەکەی (نامیق هەڵەدنی) دەچوو. کاتژمێر نۆی شەو بەهۆی برادەرێکی سەر بە رژێمەوە بەر بووم.

لەڕۆژێکی پڕ شەوقی بریقەداری ئاسمان ساماڵدا من و شەهید غەریب یەکترمان بینی، من لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بووم، شەهیدیش کادری ڕێکخستن بوو. شەوێك کۆمەڵێ پێشمەرگە هاتن بۆ ماڵمان داوای منیان کرد بۆ شەهید غەریب، ئەوکاتە زانیم داواکارم هەیە. باوکم ئێمەی بەماڵەوە بردەوە بۆ گوندی چالاوا، پاش چەند جارێك داواکردن باوکم رازی بوو بمدا بە شەهید غەریب هەڵەدنی، ئەوەبوو لەمانگی خەرمانانی ساڵی ١٩٨٠ کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوەو ماڵمان لەگوندی هەڵەدن بوو. پشت گوندەکە هەمووی سەربازگەی رژێم بوو، یەکەم شەو تا دووی شەو لام بوو ئیتر گەڕایەوە بۆ لای هاوڕێکانی. هەموو شەوان وابوو تا یەك هەفتە، دواتر چوو بۆ جەولە بۆ ناوچەی (مەرگە) پاش پانزە رۆژ گەڕایەوە. پاش دوو رۆژ هەمدیس گەڕایەوە لای ئیش‌وکاری خۆی هەتا دانووستانەکەی نێوان رژێم و یەکێتی، لەیەك مانگدا یەك شەووڕۆژ لەماڵەوە دەبوو، منیش خۆشەویستی نیشتمان و خۆشەویستی هاوسەرەکەم وای لێکردبووم ئەو ژیانە سەختەم قبوڵ بێت. لەساڵی ١٩٨١دا کوڕێکم بوو بەناوی (رەوەند)، باوکی دوای سیانزە رۆژ هاتەوە، ئەوساتە من لەکانی ئاوم دەهێنا مزگێنیان دامێ کەهاوسەرەکەم گەڕاوەتەوە، منیش تەنەکە ئاوەکەم لەحەوشە دانا لەڕووم نەدەهات بچمە سەرەوە تاخۆی هات وتی بۆ شەرم دەکەیت وەرە سەرەوە، کۆرپەکەی کردبووە باوەشی هەر سەیری دەکرد. ئەوکاتەی هاوسەرەکەم بەڕێکەوت بڕوات بۆ شەڕی قیادە موەقەتەو ئێران لەمانگی رەزبەری ١٩٨٢دا بوو، کە تەمەنی خەندەی کچم دوو رۆژ بوو، من هەتا ئەو چل رۆژەی هاوسەرەکەم گەڕایەوە، فرمێسك لەچاوانم نەبڕا لەدووری هاوسەری ئازیزم، ئەویش بەهەمان شێوەی من زۆر غەمی هەبوو، هەر بۆیە نامەیەکی بۆ بەجێهێشتبووم لە (ولاغ لو) وتبووی ئامانەتی تۆو (رەوەندو خەندە)، ئەم شەڕە شەڕێکی زۆر سەختە فیدائی ئێران شەڕمان لەگەڵ دەکات، ئەگەر شەهیدبووم گەردنت ئازاد بێت لەهەڵبژاردنی هاوسەری نوێت. بەڕاستی بەجێهێشتنی ئەو نامەیە زۆر کاری کردە دەروونم و ترسێکی زۆر قووڵی تێدا بەدیدەکرا.

پاش چەند رۆژێك خزمێکمان مزگێنی دامێ کە هاوسەرەکەم گەڕاوەتەوەو لە (یاخسەمەر)ە دواتر گەڕایەوە ماڵەوەو خۆشیمان تێکەوت. لەساڵی ١٩٨٣دا بوو دەستمانکرد بە دروستکردنی خانووەکەمان، لەنیوەی خانووەکەدا بەجێیهێشتم، ئەوەندە خەریکی فەرمان و ئیشکردنی خانووەکە بووم کە تەواوی بکەم، لەبەر قورسی ئیش‌وکار تووشی

نەزیف بووم، ئەو کورە پێنج مانگەی سکم لەبارچوو مرد، خۆشم زۆر هیلاك بووم. هاوسەرەکەم لەمانگی گەلاڕێزانی ١٩٨٥دا چوو بۆ بەری قەرەداغ لەگەڵ کاك (جەبار فەرمان)دا، خۆم بەسێ منداڵی وردەوە مامەوە، دوای ماوەیەك هاوسەرەکەم ناردی بەشوێنمدا کە بچم بۆ (بەلەکجار) سەردانی بکەم، کاتژمێر (١٢)ی شەو گەیشتمە بەلەکجاڕ نۆ ڕۆژ مامەوە لای، دواتر گەڕامەوە هەڵەدن. لەمانگی ڕێبەندانی ١٩٨٥دا تەختیتی شەڕی (دابان) لەماڵی ئێمە دانرا، سەرکردەکان کۆبوونەوە (کاك جەبار، کاك سەمان، کاك فەرەیدوون و کاك ملازم عومەر). هەر ئەو شەوە نەخەوتین هەتا بەیانی دوو فەردە ئاردمان کرد بەناوساجی بۆ شەڕەکە. گوندەکە هەمووی چۆڵی کردبوو هەر ئێمە و ماڵی خەزوورم مابووینەوە. بۆ ڕۆژی دوایی هاوسەرەکەم و کاك جەبارو پێشمەرگەکانی گەڕانەوە لەشەڕ، هەموو گیانیان ئاو و قوڕاو بوو، چەند ڕۆژێك پێش شەڕەکەو بیست ڕۆژ دوای شەڕەکە ماڵەکەمان بارەگایەك بوو بۆخۆی. کاتژمێر (١٢)ی شەو، دووی شەو و پێنجی بەیانی مەفرەزەکان دەگۆڕان دەهاتن بۆ ماڵمان جلە قوڕاوییەکانیانم دەبرد بەو شەوە لەکانی دەمشت و وشکم دەکردەوە بۆیان، نانم بۆ ئامادە دەکرن، زۆرپام بۆ دادەخستن بەو حاڵەی خۆمەوە سکم هەبوو بەدوانەیەکم. کە شەڕەکە تەواو بوو هاوسەرەکەم دەستی خستە سەرشانم وتی سەرت بەرز کردم، ئەوەی تۆ کردت بەکەم کەس بکرێت. لەمانگی بەفرانباری ١٩٨٦دا تۆپباران ژیانی نەهێشتبووین، بەیانیان زوو کەهێشتا ڕۆژ لەهیچ شوێنێکەوە هەڵنەهاتبوو، دەچووین بۆ پشت گوندەکە، ئێواران خۆرئاوا دەبوو دەگەڕاینەوە ناو گوند بەو بەفرو چلەی زستانەو بەو سێ منداڵە وردەوە، ژیانێکی ئێجگار سەخت و پڕ ئەندێشەمان هەبوو، زۆربەی جار باوکیان لەوێ نەبوو. ئەم ژیانەم بردە سەر هەتا مانگی گوڵانی ١٩٨٦ کە ژیانم کەوتە مەترسییەوە، تۆپبارانێکی سەخت بوو، منیش دوو شەو و دوو ڕۆژ بەژانی منداڵەوە بووم، هاوسەرەکەشم لەماڵ نەبوو. بۆردوومانی فڕۆکەو تۆپبارانمان لەسەر بوو بەو هەموو ئازارو ژانەوە منیان بردە پشتیوی ولاغەکان لەجیاتی بمبەن بۆ نەخۆشخانە، لەوێ بەهەزار داماوی دوو کچم بوو بەناوی (بێری و بازێ)، هەر ئەو پشتیوە پیسە بووە هۆی نەخۆش کەوتنی کچێکم، بردم بۆ شار لەنەخۆشخانە خەواندم دوایی پورێکی نەیهێشت بیهێنمەوە، خۆی بۆی بەخێو کردم. خۆم گەڕامەوە بۆ هەڵەدن، خانووەکەی خۆمان چۆڵکردوو چووینە گوندی چالاوا بۆ ماڵی باوکم. شەش حەوت ڕۆژ ماینەوە، بەیانیەك زوو چووم بۆ کانی لەسەری ژیلوانەوە دوو فڕۆکەی سیخۆم بینی بەپەلە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، خۆم و خوشك و براکانم هەریەکەو منداڵێکمان هەڵگرت و رامانکرد بەرەو بەردە گەورەکە، هێشتا لەکۆڵانەکەی خۆماندا بووین کە فڕۆکەکان کەوتنە بۆردوومان کردن. (٧٠) ساروخ دای بەو گوندەدا، بێجگە لەڕەمی کردن، ئەوەی من بینیم لەهیچ فیلمێکی جەنگیدا نییە. سەرمان لێشێوابوو هەر پارچە ساروخ و پەلی داربوو بەسەرماندا و بەلای گوێچکەماندا گیڤەی دەکرد.

لەکۆتایی بۆردوومانەکەدا شەش شەهیدو (١٥-٢٠) بریندار هەبوو، رامانکرد بەرەو شاخی (گردەڵ) لەوێ مامەوە تا هاوسەرەکەم گەیشتە لامان، وتم چارێکمان بکە بەم

شاخەوە، وتی من ئیشم هەیە دەبێت بگەڕێمەوە (بەرگەڵو)، ئەو ڕۆیشت ئێمەش ئێواریٚ درەنگانێك بەرەو گوند گەڕاینەوە شەهیدەکانیان ناشت، بریندارەکانیان برد بۆ سەرگەڵو، گوندی (چالاوا) چۆڵی کرد. ئێمەش گەڕاینەوە (هەڵەدن). بن بەردێکی گەورەمان هەڵدڕی بۆ خۆ حەشاردان لەکاتی بۆردوومانداْ، کەپرێکمان بەدەم حەشارگەکەوە دروست کرد لەلق و گەڵای دارەکان، هاوسەرەکەم چوو بۆ ئێران چەك بهێنێت و دابەشیشی دەکرد بەسەر مەڵبەندەکاندا. لەشەڕی قەیوان ماوەتیشدا دوو مانگ نەگەڕایەوە، هەموو ئەرکەکانی ژیان و بەخێوکردنی منداڵەکان و پاراستنیان لەئەستۆی مندا بوو. کەبەرەو پاییزو سەرما چووین ژوورێکی نایلۆنم دروست کرد لەپشتی گوندەکەوە، نەمانتوانی زۆر بمێنینەوە سەربازەکانی ڕژێم لێمانەوە نزیك بوون، لەناچاریدا ڕۆژێکی دوا نیوەڕۆ منداڵەکانم سوار وڵاغ کردو بەرەو ماڵی باوکم چووم لەگوندی (چالاوا) دوو ڕۆژ لەویٚ مامەوە، هاوسەرەکەم هات بەشوێنمدا وتی بەیانی دەگەڕێینەوە هەڵەدن و ماڵ دەبەین بۆ گوندی (ئەشکان). مانگی سەرماوەزی ١٩٨٦ بوو کەوتینەڕیٚ بەو شەوە پڕ بەفرو زریانە، شوێنێك ڕەش دەچووەوە وامان دەزانی وشکانییە بۆ پیایدا ئەڕۆیشتین کەوتینە چاڵە بەلالۆکێکەوە، هەموو گیانمان لەقوڕاو و بەفراودا غەرق بوو، کاتژمێر دوانزەی شەو گەیشتینە بارەگاکانی یەکێتی کە چووینە ژوورەوە بەڕێز (مام جەلال) بەو شێوەیە ئێمەی بینی لەگەڵ دوو سیٚ سەرکردەی تری لێبوو، لەشەهید غەریب تورە بوون وتیان بەم نیوە شەوە ئەو ماڵ‌ومنداڵەت بۆ خستۆتە ئەم ژیانە سەختەوە؟ ئەو شەوە هەموومان لەبن یەك بەتانیدا خەوتین، ئێمە لە گەڵاڵە ماینەوە، هاوسەرەکەم لەگەڵ بەڕێز مام جەلال گەڕایەوە بۆ (بەرگەڵو). دوو شەو ماینەوە، بە بەردەوامی بۆردوومانمان لەسەر بوو، شوبراکەم چوو بۆ (سەفرە) دوو هێستری هێنا، هێسترەکانیش شێت بوون.

بەچوار پەل سەمایان دەکردو هەڵدەپەڕین. ئێمە بە (گردە ڕەش)دا هەڵدەگەڕاین، لەو ماوەیەدا چەند جارێك ڕەوەندی کوڕم لەسوار وڵاغەکە کەوتە خوارەوە خەمی ئەوەم بوو ئازاری پێبگات.

ئێواریٚ تاریکمان لێهات کە بەرەو چەمەکە داگەڕێین، ئاوی چەمەکە هەڵسابوو بەهۆی ئاوی باران و لافاوەوە، تۆپبارانێکی خەست لەسەر چەمەکە بوو دەیانزانی کە خەڵك دەپەڕێتەوە، پیرەمێردێکی لێبوو شوبراکەم بەسیمەکە پەڕییەوە دوایی من و دوو منداڵیشم هەر بەسیمەکە پەڕینەوە، بەڵام من لەحاڵەتێکی دەروونی ناخۆشدا بووم، چونکە کچە هەشت مانگەکەم لەو بەرەوە لەسەر بەفرەکە بەجێهێشت. دوای پەڕینەوەی ئێمە کچەکەمیان بەتەنها خستە شەڵتەیەکەوەو نەشیان بەستەوە، ئەو منداڵە لەخۆشیا هەڵدەپەڕی، منیش ترسم لێنیشتبوو بکەوێتە ئاوەکەوە. دوو کاروانچی هاتن بەو شەوە ئێمەیان گەیاندە (ئەشکان)، بۆ ڕۆژی دوایی چوومە ئەو ماڵەی کە هاوسەرەکەم بۆی ئامادە کردبووین، دەمەو نیوەڕۆ بوو ئاسمان بەهەورێکی تاریکی ڕەش داپۆشرابوو، هێشتا جێگام دانەخستبوو کە یەك تۆپ دای بە بەر پەنجەرەی ژوورەکەماندا چراو نایلۆن و هەندیٚ کەلوپەلی بردین بەئاسماندا، پاش دوو ڕۆژ هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆ لامان. (٢٠) ڕۆژ لەو گوندەدا ماینەوە لەبەر سەختی تۆپباران و

هەروەها گەیشتنی تیپی (٢٧)ی شارباژێر بۆ ئەشکان نەمانتوانی بمێنینەوەو بەرەو (سەردەشت) ڕۆیشتین. من لەئوتێل بووم کە هەواڵی گرتنی هاوسەرەکەم پێگەیشت لەسەردەشت. برادەرانی سەرکردایەتی هەوڵیاندا تا بەربوو، لەبەر ئەوە بڕیارماندا بگەڕێینەوە بۆ (نۆکان)، شەوێك لەماڵی شەهید حامید بووین، شەوی دواتر هاتینە (شێنێ) پێنج ڕۆژ لەو گوندەدا ماینەوە لەماڵی (مام ئەلایی) بووین، بەفرێکی زۆر باری بوو. ڕێگاکەیان بۆ شکاندین تا چووینە گوندی (سونێ) لەبناری قەندیل، هاوسەرەکەم لەگەڵ بوو تا ئێرە. خۆی گەڕایەوەو ئێمەی دایە دەستی (کاك مەحمودی دۆڵەتوو)، لەگەڵ کاك مەحمود ڕێکەوتین بەرەو (ڕەزگەو مارەتوو)، خۆم و منداڵەکانم بەو شەوە بەناو بەفرو زریاندا ڕۆیشتین لەحاڵەتی ڕەقبوونەوەدا بووین گەیشتینە جاشەکان. زۆر خەمم بوو بمانگرن، بەڵام ئەوان بەزەییان پێماندا هاتەوەو خێرا ئاگریان بۆ کردینەوەو نانیان داینێو ڕزگاریان کردین لەمردن. لەدووی شەودا بەڕێکەوتین بەرەو (بەستەسێن) بەناو بەفرو تاریکی ئەو شەوەدا منداڵە هەشت مانگەکەم خستە بن دەستم و هەڵگەڕام بەو شاخە سەختە سەهۆڵ بەندانەدا، هەر دەخزام و سەردەکەوتمەوە. ئێستاش دەستم زامی ئەو شەوەی پێوەیە، تا کاك مەحمود وتی دەستم بەرێ با سەرت خەم، منیش دەستم نەدایە. ئینجا وتی خوشکی گەورەی منی.

سەرکەوتینە سەر شاخەکە منداڵەکەم لەگۆ چووبوو، مەمکی نەدەگرتم و دەیزریکاند، لەوە دەترساین ڕەبییەکان ئاگاداربینەوەو بماندەنە بەر تەقە، کاك مەحمود منداڵەکەی لێوەرگرتم سەری منداڵەکەی کرد بەژێر باڵیا تا دەنگی گریانەکەی نەیەت، خۆشمان بەسوار ئەسپەکانەوە کەوتینە غار غارێن تا لەڕەبییەکان دەرچین و نەکوژرێین. بەو حاڵەتەوە بەرە بەیانی ١٠ی بەفرانباری ١٩٨٦ گەیشتینە ئۆردووگای (بەستەسێن)، چەند کاتژمێرێك لەماڵێك بووم نانیان داینێ و وتیان بڕۆن ئێمەش تووش دەکەن. منیش بەپیاوی خاوەن ماڵەکەم وت وەرە بمگەیەنەرە (ژاراوە) بۆ ماڵی کاك (ئیبراهیمە شەل)، ئەویش بردمی کاك برایم زۆر یارمەتی دام، سوار سەیارەیەکی کردم بۆ سلێمانی.

گەیشتینە (بازگەی بێستانە) یەك کاتژمێر ڕایانگرتین، باش بوو نەیان پشکنین، کە هاتین بەولاترەوە جانتاکان شل ببوونەوە شۆفێری سەیارەکە چوو جانتاکان چاك بکات کە سەیری کردبوو کتێبێکی (مارکس) لەسەری جانتاکەدا دانراوە، شۆفێرەکە کێشای بەسەری خۆیدا وتی ئەمە چییە پێت؟ وتی خۆ ئەگەر بیانپشکنینایە ئەو ماوەیەی وەستاندیانین هەموومانیان ڕەمی دەکرد. کە بیرم کەوتەوە ئەو کتێبە بەدەست شەهیدەوە بوو دەیخوێندەوە، بێ ئاگاداری من خستبوویە ئەو جانتایەوە. ڕۆژی ١١ی بەفرانباری ١٩٨٧ گەیشتمە ماڵی دشەکەم لەسلێمانی، پاش ئۆ ڕۆژ گەڕامەوە بۆ (هەڵەدن). هەمان شەو لەڕێگای (قاسمە ڕەش)ەوە گەیشتەوە (هەڵەدن)، منیش بەسەرهاتی سەختی ڕێگاکەم بۆ خەزوورم گێڕایەوە، خەزوورم دەستی کرد بەگریان و لە (شەهید غەریب) تووڕە بوو.

هاوسەرەکەم وتی من بۆیە وا ئازاری دەدەم، من شەهید دەبم با ئەو بتوانێت ژیانی خۆی و منداڵەکانی دابین بکات و پێویستی بەکەس نەبێت. بەو زستانە سەختە شوێنمان نەبوو چووینە ژووری گوێرەکەکانی ماڵی خەزوورم کە لەپشتی گوندەکە بوو. ژوورەکە هەر

وشكە كەڵەك بوو كە بەفر دەباری بەڕەشەباوە، لەكوونی كەڵەكەكەوە دەهاتە ناو ژوورەكەوە، چەندین بەیانی كە لەخەو هەڵدەستام بەفر لەسەر پشتیەكەم بوو. لەمانگی نەورۆزی ١٩٨٧دا چووین بۆ (یاخسەمەر)، شەش حەوت مانگ ماینەوە هەتا مانگی رەزبەری ١٩٨٧ گەڕاینەوە هەڵەدەن. شەوێكیان رژێم داینییە بەر تۆپی كیمیاوی، (٨٠) تۆپی نابە هەڵەدنەوە بێجگە لەتۆپی (١٢٠) ملم، ئەمان دەتوانی بچینە كوونە تەیارەوە شوبراكەم بەناو ئەو هەموو كیمیاویەدا رایكرد بۆ لامان یارمەتی دام لەسەرخستنی منداڵەكان بەشاخەكەدا، سەرو پەرۆی تەڕمان دا بەدەمو لووتماندا. منو شوبراكەم بەرەو شاخی ژیلوان كەوتینە رێگا بۆ ماڵی خوشكی هاوسەرەكەم، بۆ رۆژی دوایی گەڕامەوە (یاخسەمەر)، ماڵەكەم سوار تراكتۆرێك كردو گەڕامەوە (هەڵەدن) بۆ لای ماڵی خەزوورم، كەپرێكمان كرد، وەرزیش بەرەو پاییزو سەرما دەچوو، هاوسەرەكەشم لەجەولە بوو، خۆم بەتەنها دەستمكرد بەدروستكردنی ژوورێكو كوونە تەیارەیەك، ژوورەكە لەكاتی دارەڕادا رووخا، هەمدیس دروستمكردەوە. كاتێك هاوسەرەكەم گەڕایەوە ژوورەكە تەواو ببوو، كوونە تەیارەكە دوو مەتر درێژ بوو مەترێك پان بوو. دارم هێنابوو بۆ زستان ناوەڕاستی مانگی بەفرانباری ١٩٨٨ بوو. لەژوورەكەماندا بووین لەشەوێكی نیوە شەوی مانگی رێبەندانی ١٩٨٨ رەتڵی تۆپی كیمیاوی دای لەدەوروبەری ماڵی ئێمە، منیش ئەوەندەم پێكرا منداڵەكانم خستە كوونە تەیارەكەوەو بەتانیەكی تەڕم دا بەهەموویانداو بەتانیەكم دا بەدەرگای كوونەكەدا. بەو چلەی زستانو بەفرە، هاوسەرەكەم پاش كاتژمێرێك گەڕایەوەو وتی هیچتان لێ نەهاتووە ماون؟ بەو نیوە شەوە لەژێر بۆردوومانی تۆپدا بەڕێكەوتین بەرەو بناری (ژیلوان)، دووسێ رۆژ ماینەوە، دواتر شەوێك لەكاتژمێر دوانزەی شەودا جیهازكرا كە هێزی پێشمەرگە بكشێنەوە بەرەو سنوورەكان، ئێمەش بەپێنج منداڵی وردەوە بەڕێكەوتین بەرەو شاخی (خەرێنن) كە زنجیرە چیای (ژیلوان) بوو. یەك پشتێن بەفری تێدابوو، سەرماو سۆڵەی ئەو زستانە لەڕادەبەدەر بوو، بەدەگمەن ساڵ هەبووبێ وا ساردو تۆفان بووبێت، وەكو رەوێك كۆچمان كرد لەژێر تۆپباراندا بەرەو دۆڵی (شێخ محەمەد) لەوێوە بەرەو (خەندەكەو گەلاڵە) لەسەر بەفرەكە دانیشتین تۆزێك نانمان پێبوو خواردمان، كوڕە تەمەن شەش ساڵانەكەم لەهەڵەدنەوە هەتا ئێران بەپێ رۆیشت. لەڕێگا پیرەژنێك رەق بووەوە خستمانە نێوان دوو چینكۆ بەجێمان هێشت، قاچو دەستمان لەسەرماندا پەڕیبوو، جلی منداڵەكانم تێوە دەپێچا، پێڵاوەكانمان لەبەفرا نقوم دەبوو دەرنەدەهاتەوە بەپێی پەتی دەڕۆیشتین. خۆم بەچاوی خۆم ئەو راستیەم بینی كە ژن لەو بەفرەدا منداڵی بووەو كردوویەتی بەمەلۆتكەو لەسەر بەفرەكە بەجێیهێشتووە لەترسی هێرشو بۆردوومانو سەرماو برسێتیو ئازارو ژانی زەیستانی خۆی، منداڵەكەی بۆ نەبراو بەجێیهێشت بۆ ئاژەڵی كێوەكان. هەر ئەو رۆژە گەیشتینە سەر چەمەكەی گەلاڵە، منو هاوسەرەكەم لەیەكتری دابڕاین دوو منداڵ لای هاوسەرەكەم بوو سێ منداڵیش لای من بوون. من سوار سەیارەیەكی ئێرانی بووم بردیانین بۆ (شاناخسێ) شەو هەتا بەیان ئاگرمان كردەوە بۆ ئەوەی رەق نەبینەوە، بەیانی لۆرییان بۆ هێناین و بردیانین بۆ شاری (بانە)، خەڵكی بانە زۆر یارمەتیان داین بە باوەش لەسەریارەكە دایانگرتین، زۆر هیلاك بووین. منیش حاڵم پەرێشانبوو بۆ هەواڵی هاوسەرەكەمو دوو منداڵەكەم، پیاوچاكێك

شەش حەوت رۆژ بردینییە ماڵی خۆیان. دواتر چووینە مزگەوتەکەی (بانە)، کە چوومە ژوورەوە خەسوومم بینی هەموو دەمو چاوی شین ببووەوە وتم بۆ وات لێهاتووە؟ وتی شوبراکەت خەریکبوو لەو شاخە بەرزەوە (خەندە) بەربداتەوە لەتاوا منیش وام لەخۆم کرد وتی ئەی کوا باوکیان؟ وتم نازانم، ئەی لەگەڵ تۆ نییە؟ پاش دوو رۆژ هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆ لامان وتی: ئەوخەڵکانەی لەوبەر چەمەکە بوون من هەموویانم پەڕاندۆتەوە لەچەمەکە دوا کەس خۆم هاتم. پاش پانزە رۆژ چووینە گوندی (بێوران) وتم وا عێراقمان لەدەستچوو، بالێرە بۆ خۆمان تۆزێك بەیەکەوە بژین. وەڵامی دامەوە: بۆ بەتەمای من واز لەشۆڕش و پێشمەرگایەتی بهێنم؟ من بەیانی زوو دەگەڕێمەوە بۆ (شاناخسێ). دوای رۆیشتنی ئەو، ئێمەیان بردە ئۆردووگای (پیر شێخ) لەخوار سەردەشتەوە، خێمەیان داینێ لەناو ئەو چڕو تزارو دارستانەدا. خێمەمان هەڵداو زراومان چووبوو لەترسی مارو مێروو ئاژەڵی دڕندەی جەنگەڵەکە. هاوسەرەکەم شەوێك گەڕایەوە بۆ لامان دواتر چوو بۆ مەڵبەندی سێ، چوار مانگ نەگەڕایەوە بۆ لامان. لەمانگی رەزبەری ١٩٨٨دا هاوسەرەکەم سەرێکی لێداین چەند رۆژێك لامان بوو وتی: من دەگەڕێمەوە بۆ عێراق بۆ شەڕی پارتیزانیو دوو سێ ساڵم پێدەچێت، وتم ئەی من چیبکەم بەپێنج منداڵی وردەوە؟ هەموو سەرمایەکەم (٥٠٠) تمەن بوو کە لەو رۆژەدا دەیکردە (١٠) دیناری عێراقی لەژێر خێمەیەکی دڕاودا. وتی ئێوەش وەکو ئەو خەڵکەی تر بژین. باری ئابووریمان زۆر خراپ بوو، ژیانمان زۆر بەسەختی دەگوزەراند بەتایبەتی لەئاوارەییدا، لەڕۆژانی دواییدا رژێمی ئێرانی خانووی بۆ کردبووین نە دەرگای تێدابوو نە پەنجەرە، ئاو بەدیوارەکانیدا دەهاتە خوارەوە، خێمەکە گەلێك باشتر بوو، هاوسەرەکەم لەمانگی خەرمانانی ١٩٩٠ دا هاتەوە تا مانگی سەرماوەزی هەمان ساڵ دواتر گەڕایەوە بۆ عێراق بۆ ئیشوکاری راپەڕین، چەند مانگێك هەواڵی نەبوو لەدوای راپەڕین نامەیەکەم بۆ نارد وتم دیارە ئێمەت لەیادچووە. کەجوابی نامەکەی دامەوە نووسیبووی لەڕاپەڕیندا بریندار کراوەو لەیەکێك لەنەخۆشخانەکانی سلێمانی کەوتووە. منیش خێرا گەیشتمە سلێمانیو دوو رۆژ لای مامەوە، کوڕەوەکە دەستی پێکرد، بەنزین نەبوو نەوتم کڕی بۆ ئەو سەیارەیەی پێی رۆیشتین تا رانیە، لەوێشەوە وڵاغم بۆ گرت تا (قاسمەڕەش) لەوێشەوە بردمەوە بۆ ئۆردووگاکەی خۆمان. ماوەیەك لەوێ ماینەوە خەندەی کچم زۆر دڵخۆشبوو بەڕاپەڕین دەیگووت دەگەڕێینەوە بۆ گوندەکەمان، کەچی مەخابن لەڕۆژێکی مانگی گەلاوێژی ١٩٩١دا لەسەربانی ماڵەکەمان کەوتە خوارەوە. منو باوکی گەیاندمانە نەخۆشخانە، پاش شەش حەوت رۆژ گیانی سپاردو لەقەبرسانی (پیر شێخ) ناشتمان، لەدوای پرسەکەی گەڕاینەوە بۆ هەڵەدن.

مەخابن هەزار مەخابن خۆشەویسترین کەسم لەئازادیدا شەهیدکرا کە شەهید غەریب بوو لەڕۆژی ٣٠ی پوشپەڕی ١٩٩٣دا گیانی بەخشی بەنەتەوەی خۆیو بەخاکەکەی. لەم ئامیلکەیەشەوە سوپاسی بەڕێز مام جەلالو هێرۆخان و دکتۆر بەرهەم دەکەم، داوام لێکردن کچێکم تووشی (غوودەی مێشك) بووە بۆیان ناردەمە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەرکردن، ئێستا ئەو کچەم قوتابی ئامادەییە.

# کۆیە

## نازەنین خالید رەشید

نازەنین خالید رەشید ئاخێکی ساردی هەڵکێشاو وتی لەژیانما زۆرم ناخۆشی دیوە، ناخۆشترین و کاریگەرترینیان ئەوەبوو کەفەرمانگەی ئەمن هاتن بۆ گرتنمان، من دەستی منداڵەکانم گرت و رامکرد بۆ ماڵە دراوسێیەکمان، بەڵام ئەوان دەرگاکەیان گرت و نەیانهێشت بچمە ژوورەوە .

لەشارە خنجیلانەکەی حاجی قادری کۆییدا لەدایک بووم، هەرلەژیانی منداڵیمەوە تێکەڵ بەژیانی (پ.م) و شۆڕش بووم، باوکم (پ.م)ی شۆڕشی ئەیلول بوو، هەرلەسالانی شەستەکانەوە تائەمڕۆ بنەماڵەکەمان تێکەڵ بەکاری سیاسی بوون، هەرلەشارە خۆشەویستەکەی کۆیەدا لەگەڵ ئامۆزای خۆم بەناوی(هاشم) لەساڵی١٩٧٦دا کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە ، لەرۆژێکدا کەدیمەنە جوانەکەی سروشتی کۆیە ژیانی ئەبوژاندەوە ، گڵکۆی شۆڕشی نوێیش لەگەشانەوەدابوو .

دوای چوار ساڵ بەیەکەوە بوون هاوسەرەکەم ژیانی شاخی هەڵبژارد، هاندەریش بۆ هەڵبژاردنی ئەو رێگا پیرۆزە ئەوزوڵم و ستەمەبوو کەلەخەڵکی کوردستان دەکرا، بەتایبەتی لەشاری کۆیە، رژێمی بەعس بەشێوەیەکی درندە دەستی خستبووە بینەقاقای شارەکەمان ، ئەوەبوو لەساڵی١٩٧٩دا لەدەشتی کۆیە کۆمەڵی (پ.م) شەهید کران ، سەرانی رژێم بەشۆفڵ کردیانن بەژێر گڵەوە، لەسێدارەدانی(جەعفەر واحید) بەراستی کاریگەریی گەورەی کردەسەر خەڵکی کۆیە بەتایبەتی خەڵکانی شۆڕشگێڕ، ماتەمینی خەڵکی کۆیە بەرادەیەك بوو لەهیچ دوکان و گازینۆیەك هەتا دەنگی رادیۆش نەدەهات ، تاسەرانی رژێم تورەییان گەیشتە ئەورادەی بڵێن(پێغەمبەری کوردان مردووە) .

من لەناو ئەوهەموو زوڵم و ستەمەدا ژیام بۆیە شان بەشانی هاوسەرەکەم ژیانی شاخم هەڵبژارد، لەساڵی١٩٨١دا هاوسەرەکەم بەرەو(ئاوزەنگ و شێنێ) رۆیشت و چەکی (پ.م)یەتی کردە شانی، پاش هەشت مانگ سەردانی هاوسەرەکەم کرد، منداڵەکانم نەیان ئەناسیەوە ، لەوکاتەدا لەبەینی شارو شاخدا بەنهێنی هاتوچۆم دەکرد، چونکە منداڵەکانم لای نەنك و باپیریان بوون کەلە(یاخسەمەر) بووم ، ئەڤینی کچم پێیبوو یاری بەناوکی ئەو بۆمبایانە دەکرد کەفڕۆکەکان لەکاتی بۆردومانداا ئەیاندا پێماندا ، بۆمبای هێشوییان پێدەگوت، منداڵەکانم لەژیانی منداڵیان بێ بەش بوون ، لەژێر رەحمەتی بۆردومان و تۆپ باران و کیمیاویدا دەژیان و گەورەبوون . جارێکیان گەرامەوە سەردانی منداڵەکانم بکەم سەرانی رژێم لەگەڵ موختاردا هاتنە سەرمان بۆ گرتنم خەزوورم لەماڵەوە نەبوو، لەمنیان پرسی چی(مام عەلی)یت، واهات بەسەر زمانمدا کەبڵێم میوانم و بۆ جەژن هاتووم ، بەڵام خەسومیان گرت لەگەڵ کۆمەڵێ دایکی (پ.م)ی تردا(٢٥)رۆژ لەهەولێر زیندانییان کرد،

دوایی هاتن خانوەکەیان داگیرکردو کەل‌وپەلی ناومالیان هەمووی برد وتیان بەیانی کلیلی خانوەکەمان بۆ بهێنن بۆ فەرمانگەی ئەمن .

ئێمەش چووین بۆ هەولێر، مالی پوری هاوسەرەکەم دوو ژوریان داینێ کوڕەکەی ئەوانیش (پ.م) بوو، دوای ماوەیەك مانەوەم لەهەولێر گەڕامەوە بۆلای هاوسەرەکەم، سواری سەیارە بووم بۆ سورداش لەوێشەوە سواری تراکتۆر بووم بۆ شەدەلە، دوای ماوەیەك مانەوەم لەژێر بۆردومانذا بەشێوەیەکی نهێنی گەڕامەوە مالی باوکم ، دیارە ئەمجارە لەگەڕانەوەمدا مندالەکانیشم بردو چوم بۆ یاخسەمەر، هاوسەرەکەم زۆرکەم دەکەوتە مالەوە بەشەو ڕۆژ خەریکی کاری (پ.م)یەتی بوو، نەدەپەرژایە سەر ئێمە .

ئێمەش لەناو خەیمەدا ئەژیاین بەبەردەوامی مندالەکانم لەکونەتەیارەدابوون لەترسی بۆردومان، مندالێکم سێ مانگ بوو ئەویتریان چوارسال بوو ئێمە بەئازارو ئەشکەنجە ئەژیاین بەلام زۆر ئاسودە بووم، چونکە هەستم بەبونی خۆم دەکرد وەکو مرۆڤێکی خاوەن هەلوێست، ئەوکاتەی لەشاخ بووم دوربوم لەچاوانی پیاوانی رژێم، چونکە بەهیچ شێوەیەك نەیان دەمێشت بژین‌و ئاسودەبین، کەگەڕامەوە بۆشار فەرمانگەی ئەمن هاتن بۆ گرتنمان، بەپەلە خۆم‌و مندالەکانم خۆمان کرد بەمالە دراوسێیەکدا ، خاوەن مالەکە دەرگاکەی گرت، ڕێگەی نەدام بچمە حەوشەکەیانەوە تاجەللادەکان لەگەڕەکەدا دەڕۆن .

هاوسەرەکەم لەگوندی(شاناخسێ) بەرکیمیاوی کەوت وبریندارببوو، لەگەل چەند (پ.م)یەکی تردا بۆ چارەسەکردن ناردیانن بۆ ئیران، دوای گەڕانەوەی بۆ سونێ ناردی بەشوێنمانا، چوین بۆ(گوێزێ) دوای مانگێك مانەوەمان چوین بۆ(کەوپەڕ) گوندێکی ئێران بوو، دواتر بەرەو سەقز ڕۆیشتین خانومان گرت، بەباری ئابوورییەکی لاوازەوە سێ سال ماینەوە ، دوور لە سێ مندالم زۆر غەمباربووم چونکە مندالەکانم لای ئەنك‌و باپیریان بوون .

ڕۆژێك فەرمانگەی ئەمن ئەچێتە سەریان، پێیان ئەلێت کوڕەکەتان بهێننەوە ئەگینا خانوەکەتان بەسەردا ئەڕوخێنین، ئەوانیش لەگەل قاچاغچیدا دێن‌و مندالەکان ئەهێنن لەسەر سنور ئەگیرێن، پاش(٤٠)ڕۆژ بەندێتی لەبەرئەوەی تەمەنیان هەبوو بەریان ئەدەن، بەلام نەیانهێشت بگەڕێنەوە شاری کۆیە، بردویانن بۆ ئۆردوگای زۆرە ملێ (بەرحوشتر) لەناو ئەوقوڕاوەدا لەژووری نایلۆندا ژیانیان بەسەربرد تاڕاپەڕین، کەگەڕاینەوە پاش سێ سال دابڕان لەگەل مندالەکانمدا گەڕانەوە باوەشی خۆم.

ئەوئازادییەی ئەمڕۆ بەخوێنی شەهیدان‌و بەری ڕەنجی ئێمە کەلەوزەمەنەدا بێ هیچ گوێدانە مەترسییەك ئامادەبوین بەردوبناغەی شۆڕش بوین خۆمان ببەخشین لەپێناو ئازادیدا .

# پھپھال

## خەمین سەلام سادق

خەمین سەلام سادق هەرلەسەرەتای ژیانی منداڵییەوە کەچاوی کردۆتەوە لەخێزانێکی نیشتمانپەروەردا خۆی بینییەوە، هەر ئەوەش وایلێکرد کەبەرەنگای ژیان بێتەوە، زۆرانبازی بکات لەگەڵ چیا سەرکەشەکانی قەندیلدا و کۆرپە شەش مانگانەکەی دابەستێت بەسنگیەوەو بەپێ تەزیوەکانیەوە بەشاخە بەفرینەکەی قەندیلدا سەرکەوێت.

لەسەرەتای ژیانمدا هەستم کرد کە لەناو خێزانێکی کوردپەروەردا چاوم کردۆتەوە، ئەوکات من منداڵ بووم دایکم(خوا لێی خۆشبێ) لێپرسراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بوو لە(چەمچەماڵ) وبراگەورەکەشم کەناوی(میرزا)بوو (پ.م)ی شۆڕشی ئەیلول بوو لەساڵی١٩٧٤دا، هەر لەبەر ئەو هۆکارانەش فەرمانی گرتنمان لەلایەن ڕژێمەوە دەرچوو.

ئێمەش بەرەو ئێران هەڵهاتین و ئاوارەبووین، لەسەرەتادا لەئۆردوگای (کامیاران) نیشتەجێ بووین، دوایی بردیانین بۆ شاری (ئەراکی سوڵتان ئاباد)، لەبەهارێکی پڕ فەڕو جوانی سروشتدا لەساڵی١٩٧٧دا کەچوومە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ(شەهید موئمین) ماوەیەك ماڵمان لەئەسفەهان بوو، کوڕو کچێکم بوو لەوێ.

پاشی چەندین ساڵ ئاوارەیی گەڕاینەوە کوردستان، لەبەرئەوەی خەڵکی کەرکوك بووین ئەو داگیرکەرانە نەیانهێشت بچینەوە سەرخاکی خۆمان، لەئۆردوگای زۆرەملێی عەربەت خانویان داینێ، پێیان وتین ئەم خانووە لەبری خانوی کەرکوکە.

ئەومالآنەی کەلەو ئۆردوگایەدا بوون زۆربەی زۆریان پیاوانی ڕژێم بوون، ئێمەش زۆر بێزار بووین لەو ئۆردوگایەدا، لەسەرەتای ساڵی١٩٨١ هاوسەرەکەم گیرا بەسەرباز کەجەنگی عیراق و ئێران بوو، ئێمەشی هێنا بۆ سلێمانیو ماڵەکەمان بەجێهێشت، لەرۆژێکدا کە تەمومژ سروشتی شارەکەی تەماوی کردبوو، منیش هەواڵی دەرگا شکاندنی ماڵەکەم پێگەیشت لەگەڵ تالآن کردنیشیدا و ڕژێم کردبووی بەبارەگای خۆی .

کە چووم بۆ سەردانی چیم بینی بەشۆفڵ خۆڵێکی زۆریان لەبەر دەرگاکەدا لە شێوەی تەلآیەکدا کۆکردبۆوە، سەرکۆمەڵە خۆڵەکەش کرابووە خاڵی پاسەوان، من بەدڵتەنگی گەڕامەوە بۆ شار، پاش یەك دوو ڕۆژ هاوڕێیەکی هاوسەرەکەم هات بۆ ماڵەوە وتی ئەگەر موئمین هاتەوە نەهێڵن بچێتەوە بۆ عەربەت چونکە ئاشکرابووەکە بەنهێنی ئیش دەکات، کاتێك هاوسەرەکەم گەڕایەوە هەواڵەکەمان پێ ڕاگەیاند، یەکسەر بڕیاری دابچینە شاخ ئەویش لەرۆژێکی گەرمی مانگی خەرمانانی ٩٨١ پەیوەندی کرد بەمامۆستا(هەڵۆ قەرەناری)، لەدواییدا ڕۆیشتین بۆ ناوچەی کۆیە چوینە گوندی(ئیللەڵڵا) ماڵمان دانا، لەدوای ماوەیەك چوین بەرەو سەنگاو لەکاتی دانوستانەکەدا ڕژێم ژیانی لەوناوچانەدا نەهشێشت بوو، گوایە

شەڕ وەستابوو، لەبەیانیدا بەناچاری چووین بەرەو قەرەداغ، چووینە گوندی(هۆمەرمان) ماڵمان دانایەوە، لەوێ ژیانێکی سەخت دەژیاین.

زۆربەی شەوان منداڵەکانمان بەپێڵاوەکانەوە دەخەوان بۆ ئەوەی لەکاتی بۆردومانی نیوە شەودا فریای کونەتەیارەکە بکەوین، بێجگە لەبۆردومانی ڕۆژ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کازیوەی بەیاندا کۆڵەپشتەکانمان دەکردە کۆڵ و بەچیاکاندا هەڵدەگەڕاین، لەکونە ئەشکەوتێکدا دەگوزەراین تا خۆر ماڵئاوایی لێدەکردین ئەوسا ئەگەڕاینەوە ناوگوند.

دوای ماوەیەك بێزاربووین کەس نەدەچووە دەرەوە تالە ڕۆژێکی وەرزی هاویندا لەقرچەی نیوەڕۆدا شوان وگاوان ئاژەڵەکانیان هێنابۆوە نزیکی گوند لەژێر سێبەری دارەکاندا رایان گرتبوون، خەڵکی لەبەر گەرمای هاوین لەخەودا بوون دەنگی بۆردومانی فڕۆکەکان بەئاگایان هێنا،ین کە چوار کۆپتەروچوار فڕۆکەی هەنتەر نزیکەی نیو کاتژمێر بۆردومانی گوندەکەیان کرد مەتر بە مەتری زەوییەکەی کێڵابوو، بەڵام خۆشبەختانە خەڵکەکە شارەزای کردەوە نامرۆڤانەکانی ڕژێم بوون هەمووی لە حەشارگەدا خۆی شاردبۆوە تەنها سێ کەس بریندار بوو، بەڵام مەڕوماڵاتێکی زۆر کوژران، لەکاتی داستانی رزگاریدابوو ڕێگاوبانی ناوچە ئازاد کراوەکان قەدەغەکرابوو، منیش زۆر نەخۆش بووم سێ ڕۆژ بوو(کۆسرەت)ی کوڕم لەدایك ببو، زۆر پێویستم بە چارەسەرکردن هەبوو، هەربۆیەش لەگەڵ خەسوومدا بەڕێگایەکی زۆر زەحمەتدا گەڕامەوە بۆ سلێمانی، پاش دە ڕۆژ کەچارەسەرم وەرگرت لەگەڵ خەسوم گەڕامەوە ڕێگای قەرەداغ گیرابوو، بەڕێگای سەنگاودا گەڕامەوە لەوێوە سواری تراکتۆر بووین بۆ(کەڕەچیا) پاشان لەوێوە گەڕامەوە هۆمەرامان.

پاش ماوەیەکی کەم ئەنفال دەستی پێکرد، شەوێکیان کاتژمێر سێ‌ی شەو کەوتینە ڕێگا هەرچی ماڵ و سامانمان هەیە بەجێمان هێشت بەتایبەتی دوکانی چەکسازییەکەی کە لەپاڵ کاری (پ.م)یەتیدا چەکسازیشی دەکرد، دەورێکی کارای هەبوو لەنیش وکار راپەڕاندنی شۆڕشدا.

ئێمە لەژێر تاریکیی شەودا ئەڕۆیشتین تاگەیشتینە گەرمیان، دوو شەو ودوو ڕۆژ بە ڕێگاوەبووین تاگەیشتینە (تیلەکۆ)، هەموو پەنچەکانی قاچمان تلۆق ببوو، زۆربەی کات لەگوندەکانی سەر ڕێگا لامان ئەدا لەترسی بۆردومانی فڕۆکە، ماوەیەکی کەم لەتیلەکۆ نیشتەجێ بووین بەداخەوە شاڵاوی ئەنفال بەرەو ئەوێش هێرشی هێنا، من ئەم ئەویست لەهاوسەرەکەم جیاببمەوە، بەڵام لەبەر بچوکی منداڵەکان ناچاربووم کەبگەڕێمەوە، لەگەڵ ئاسیاوێکماندا کەوتینە ڕێگا لەشاخی (ئیمام شاسوار)ەوە هاتین بەرەو جادەی قیر، هاوسەرەکەشم لەگەڵماندا بوو لەڕێگا کاك(ئەحمەد)ی ئاسیاومان بە من و گوڵەباخی کچی دەگوت خێرا خێرا خۆڵ بکەنە بەدەموچاوتانا تاسەربازەکان لەرەبیەکانەوە نەتان بینن، ئەوەندەمان خۆڵ کردبوو بەسەروچاوماندا هەرکەسێك ئێمەی بدیایە لێمان ئەترسا،

هەرچۆنێك بوو گەیشتینە سەرجادەی قیر سەیارەیەك هات شۆفێرەکەی ناوی کاك(رەئوف حەمە عەلی)بوو سواری سەیارەکە بووین لەڕێگا زۆر ئەترساین نەك لەمردن بەڵکو لەگرتن.

بەهەرحاڵ گەیشتینە ئەوبازگەیەی کە دەچووینە ناو ئۆردوگای شۆڕشەوە، ئەمنێکی کورد وەستابوو سەیارەکەی راگرتین رووی کردەوشۆفێرەکە وتی بێگومان ئەمانە کەس وکاری (پ.م)ن، ناوی هەموومانی نوسیو رەقەمی سەیارەکەی گرتو وتی یەکسەر ئەچیت بۆ قاعەکان لەهیچ شوێنێك ناوەستی، شۆفێرەکەش وتی باشە بەسەرچاو.

کەوتینە رێگا خەریکبوو لەئۆردوگای شۆڕش دەرچین، منیش بەپەلە کێشام بەجامی سەیارەکەدا، شۆفێرەکە وەستا، وتی چیتان دەوێ منیش وتم بۆ کوێمان دەبەیت وتی بۆ قاعەکان، وتم قاعەکان کوێیە، وتی ئەوشوێنەیە کە هەرچی خەڵکی ئاوچە ئازاد کراوەکانە تێیدا بەندە، منیش زۆری لێ پاڕامەوە کەدامان بەزێنێت، وتی باشە من داتان دەبەزێنم بەڵام خۆم و سەیارەکەم تیادەچین.

من لێرەوە زۆر سوپاسی کاك رەئوف دەکەم کەلەو رۆژە سەختەدا ئەویارمەتییە گەورەیەی داین .خێرا رامانکردە ناو ماڵەکانی ئۆردوگای شۆڕشەوە کەتازە دروست کرابوو، چەند ماڵێك گەڕاین لەناو ئۆردوگاکەدا چوینە ماڵی مام و کاکم چەند شەوێك ماینەوە بەڵام باری چەمچەماڵ زۆر نالەبارو ناخۆش بوو، خەڵکی چەمچەماڵ خۆپیشاندانیان سازداو پەلاماری سەیارەکانیان ئەدا تایەیان ئەسوتاندبۆ ئەوەی کەس و کاریان رزگار بکەن لەدەست ئەنفالچی و چەتەکانی بەعس.

هەتا رژێم بەوپەڕی دڕندانە بۆردومانی ناوشاری چەمچەماڵی کردو، جاڕی دا هەرکەسێك جێگای ئەوان بکاتەوە چارەنوسی وەك ئەوانە، بۆیە منیش خۆم و منداڵەکانم بەرەو سلێمانی هاتین یەك مانگ لەماڵی خاڵم بووم تاهاوسەرەکەم ئاسیاوێکی نارد بەشوێنما بچین بەرەو (خەلەکان)، کە گەیشتمە ئەوێ هاوسەرەکەم زۆر نەخۆش بوو، یەك هەفتە خواردنیان دەست نەکەوتبوو گژوگیایان خواردبوو، گەدەی تێکچووبوو، هەر ئەڕشایەوەو باری تەندروستی زۆر لەمەترسیدا بوو.

پاش چەند رۆژێك چوین بۆ(حاجی ئاوا) دواتر چوین بۆ رانیە، ئەو خەڵکانە زۆر مرۆڤ دۆست بوون و بەتایبەتی خزم و کەس وکاری هاوسەرەکەم کەلەرواڵەتدا سەربەڕژێم بوون بەڵام بەنهێنی (پ.م)بوون و بەسەیارەی خۆیان بەشێوەیەکی لەخۆبوردوانە بەهەموو بازگەکانی رژێمدا ئێمەیان دەربازکرد تا گەیشتینە(توە سوران) تاسەرجادەی خۆڵ هاتن لەگەڵماندا تابەتەواوی لەمەترسی دوریان خستینەوە، کە ئێمە بەرەو قەندیل کەوتینە رێگا جلی هاوینەمان لەبەردابوو.

شەوێك لەتووەسوران ماینەوە ماڵێکی لێبوو خەیمەیەکیان داخستبوو، وتی منداڵەکانت بهێنە بالەسەر لایەکی خەیمەکە پاڵ بکەون، منیش هەرچواریانم لەسەر خەیمەکە خەواندو عەباکەی خۆم پیادان بەڵام خۆم و هاوسەرەکەم ئاگرمان کردەوە هەتا بەرەبەیان دانیشتین،

دواتر سواری ئەو وڵاغانە بووین کە بەکرێمان گرتبوو، منیش کۆسرەتی کوڕم بەسنگمەوە دابەستو جارجار بەپێ ئەڕۆیشتمو جارجار سواری وڵاغەکە دەبووم تاگەیشتینە قەندیل هەرکەسێك ئەوچیا سەرکەشەی نەبینیبێت نازانێت چەندە سەختە.

چوار کاتژمێر سەرکەوتین لەناو قەدی شاخەکەوە کەسەیری خوارەوەمان دەکرد دەترساین، هەربۆیە وڵاغدارەکان ئەیانگوت بەس سەرکەون سەیری خوارەوە مەکەن، ماوەی چواردە کاتژمێر بەس بەناو بەفردا ڕۆیشتین هەموگیانمان قوڕاو و بەفراو بوو، لەشوێنێکدا تۆزێك بەفرەکە چۆبووەوە لەقەراغ چەمێکدا بارەکانمان خستو دابەزین قاچمان سڕببو، تاماوەیەکیش ئەمان ئەتوانی بەپێوە بوەستین.

پشومان داو هەندێ نانو هێلکەمان خواردو هەمدیس سواری وڵاغەکان بووینەوە، دەمەو ئێوارێ و خۆرئاوابوون بوو ئێمە لەوەدا بووین کەبەسەر شاخەکەدا سەربکەوینو بگەینە لوتکە، زۆر بەسەختی و ئازارو ناخۆشی گەیشتینە لوتکە، کەسەیری خوارەوەمان کرد، بینیمان شاهۆی تەمەن شەش ساڵانم، سەد مەتری ماوە بگاتە سەرێو ڕۆژ لە ئاوابوندایەو خەریکە دونیا بەتەواوی تاریك دادێت، سەیر لەوەدابوو ڕێگا ئەوەندە لێژبوو کەس نەی ئەتوانی بچێت بەشوێنیدا بیهێنێت، من و باوکیشی بەزمانی شیرین هەر هانمان ئەدا بۆ ئەوەی بتوانێت سەرکەوێتە سەرەوە، من لەئاژەڵی کێویو دڕندە زۆر ئەترسام پەلاماری کوڕەکەم بدات.

بەڵام خۆشبەختانە شاهۆ بەچنگە کڕێو چوار چنوڵە سەرکەوتە سەرەوەو گەڕایەوە ئامێزی گەرمی خۆم، لەچاوەکانیدا هیلاکیو ماندوێتیو پرسیاری تێدا دەبینرا. دوایی کەمێك ڕۆیشتن گەیشتینە کۆمەڵێ ڕەشماڵ، شەو لەوێ لاماندا‌و ماینەوە، دووبارە بەڕێکەوتین بەرەو(قاسمە ڕەش) سەرەڕای ماندوێتیمان بەڵام کۆمەڵێ برادەرو خۆشەویستمان بینییەوە نزیکەی(١٠)ڕۆژ ماینەوە، حەوت ماڵ بووین لەژێر یەك خەیمەدا ئەژیاین، دوایی ڕۆیشتین بۆ(دزڵی) لەم ئۆردوگایەدا ژیانمان زۆر خراپ بوو، دەستم کرد بەئیشی خەیاتی ئیشم باش بوو، دواتر چووینە (کانی دینار) لەوێ پەیوەندیم کرد بە یەکێتی ژنانی کوردستانەوە کەلەئێران دامەزرا، لەوێ ماینەوە تاراپەڕینی ١٩٩١.

بەڵام مخابن کەهاوسەرەکەم لەئازادیو ڕاپەڕین دا لە ١٨/ی حوزەیرانی١٩٩٤دا لەگردەنازێ لەشەڕی ناوخۆدا شەهید بوو.

لہرلول

## ئەڵماس فەرەج

ئەلماس خان لەپێشەکیی نووسراوەکەیدا نووسیویەتی من هیوادارم نەوەی نوێ بزانێت چۆن نرخی ئازادی و راپەڕین بپارێزن، ئێمەی ژنانی شاخ و پ.م ی دێرین بەسەرسەختیەکانی ژیاندا چۆن سەرکەوتن بەهۆی خەباتی نەپساوەی ئێمەوە وخوێنی شەهیدان ئەم ڕۆژانە دروست بوو، من لەخێزانێکی کوردپەروەر لەشاری گڕو کڵپەو بڵێسەی کەرکوکم هاتوومەتە ژیانەوە، چەوسانەوەی گەلەکەم وای لێکردم ڕقم لەدوژمنان بەخاك و نەتەوەکەم بێت، برایەکیشم بەناوی مەحمود فەرەج پێشمەرگە بوو.

لەڕۆژێکی کۆتایی سالی ١٩٧١ هاوسەری خۆم هەڵبژارد بەناوی مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی، من لەشاری کەرکوکی ئازیزەوە بەرەو خاك و خۆڵی شارەزوور بەڕێکەوتم کە هەوارگەی شاعیرانی وەك نالی -یە، هاوسەرەکەم ئەوکاتە لەڕێکخراوی سەید سادق نوێنەری مامۆستایان بوو، لەکاتی شەڕبوونەوەی سالی ١٩٧٤دا ماڵە نوێیەکەمان بەجێهێشت و بەهەندێ کەلوپەلی ترەوە بەرەو گوندی وەڵەسمت لەبناری سورێن ڕۆیشتین، پاشان لەبەر بۆردومانی فڕۆکەکانی ڕەفتارفاشی بارمانکرد بەرەو شارۆچکەی بیارە لەناوچەی هەورامان کەسروشتی ئەو ناوچەیە ئەوندە دڵفرێنە چاو تێرنابێت لەدیمەنە قەشەنگەکانی ئەو دەڤەرە بەرەو زستان و سەرماهاتێن ئێمەش بارمانکرد بۆ سەیدسادق، دواتر بەرەو پێنجوێن ڕۆیشتین.

لەنسکۆی ١٩٧٥ دا بەرەو سەولاوای کوردستانی ڕۆژهەلات ڕۆیشتین، هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆ لامان گەڕاینەوە بۆ پێنجوێن سەرماو تۆف و ڕێگا گیرانی سالی ١٩٧٥ بووە کارەسات ، سەرەڕای نسکۆ کە داخێکی جەرگ بڕبوو بۆ هەموو گەلی کورد، منیش هاوسەرکەم گەڕابووە بۆ سلێمانی بۆ خۆ تەسلیم کردن خۆشم دوو منداڵم تووشی سورێژە ببوون زۆر نەخۆش بوون لەوکاتەدا هەرچەند هەوڵمدا نە نەخۆشخانە هەبوو نە برین پێچی دەست دەکەوت، کچەکەم بەناوی خوشکە لەیلا لەوێ بەنەخۆشیەکەی مرد، لەبەر بێ چارەسەری، دەرو دراوسێ لەگۆڕستان ناشتیان، من ئەو کچەم لەکاتی لەسێدارەدانی خوشکە لەیلا قاسم دا لەدایك بوو هەر بۆیەش ئەو ناوەمان لێنا ، بەهەرحاڵ دوای مانگێك گەڕاینەوە سلێمانی و ژوورێکمان بەکرێ گرت، پاش ماوەیەك زانیم کە هاوسەرەکەم پەیوەندی ڕێکخستنی هەیە بەمامۆستا جەمال تاهیر، ئاگادارکرابووەوە کەبگەڕێتەوە ناو شاری سلێمانی، زۆر لەهاوڕێیان ڕۆژانە سەردانیان دەکردین، دواتر داوایان لێکردین خانوویەکی سەربەخۆ بگرین ژێرزەمینی تیابێت، ئێمە لەماوەی یەك ساڵدا دوو خانوومان گرت بەکرێ، خانووی یەکەمیان لەگەڕەکی گۆیژە بوو لەو خانوودا مەلا بەختیار کۆبوونەوەی بەلیژنەی ڕێکخستنی سنووری هەڵەبجەو شارەزوور دەکرد.

لەخانووی کانێسکان دا شەهید جەمال تاهیر ئەویش سەرپەرشتی زۆری کۆبوونەوەکانی لەماڵی ئێمە دەکرد، لەساڵی ١٩٧٧ دا مامۆستا جەمال تاهیر مۆری ڕێکخستنی بەهاوسەرەکەم سپارد، لەکاتی پێویستدا بەکاری بهێنێت، هاوسەرەکەم بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ناوشار بوو، لەو زەمەنەدا ئەو کارانە کاری سەخت بوون و ئاشکرابوونی لەلایەن ڕژێمەوە کارێکی مەترسیدار بوو، بەڵام من ئاسوودە بووم لەهیچ سڵم نەدەکرد هەتا پەیوەندیم پەیدا کرد لەگەڵ زۆربەی ماڵە [illegible]خراوکاندا بەهۆی گەیاندنی بڵاوکراوکانەوە کە من ئەمگەیاندە دەستیان هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ بەو جۆرە ماینەوە هەتا مامۆستا جەمال

تاهیر گیرا لەلایەن ئەمنی سلێمانییەوە، ئەوە بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو هەرچی کەلوپەل لەماڵی ئێمە هەبوو بەمۆرەکەشەوە گواستیانەوە.

ئێمەش سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ لەرۆژێکدا کە لێزمەی باران و زریانێکی بەخوڕ بوو گەڕاینەوە کانی پانکەی خواروو، پاش ماوەیەکی کەم کەوتینە بەر چاوی ئەمنی سەید سادق و سەراو، من و هاوسەرەکەم چارێکیان بەیەکەوە گیراین، ئامەی ڕێکخراوی سلێمانیمان پێ بوو بۆ کاک هەڵۆی ئەحمەد کوردە باش بوو فریای شاردنەوەی کەوتین، هەتا ساڵی ١٩٨٦ لەبارێکی دەروونی دژواردا دەژیاین شەوانە مەفرەزەی عەسکەری دەهاتە سەر ماڵی ئێمەو کاک مەجید، لەو ساڵەدا فەرمانی دەرکردنی هاوسەرەکەم دەرچوو بەشداری تەدریبی بەناو جیش الشعبی نەکردبوو هاوسەرەکەم چووە شاخ، منیش ماوەیەك لەسلێمانی و چەمچەماڵ خۆم شاردەوە، بەڵام سەرانی ڕژێم وازیان لێ نەهێنایین، منیش لەرۆژێکدا دەشت و دەری کوردستان لەفەرشێکی سەوزی داخراو دەچوو کە ڕازابووەوە بەگوڵاڵە سوورەو گوڵە بەیبونە، بەتراکتۆرێك ماڵەکەم گەیاندە گوندی قەواڵی دواتر گوندی دەربەند فەقەرە دواتر چووینە گوندی کۆرە کە بارەگای تیپی ١٥ی شارەزووری لێبوو لەگەڵ ماڵی کاک جەلال کوڵکنی و کاک عەزیزو شەهید عومەرو شەهید برایم لەو گوندە زۆر بێ جێگا بووین، ڕۆژانەش بۆردومانی فرۆکەی پیلاتۆز مان لەسەر بوو بێجگە لەتۆپی دوورهاوێژ لەزەڕایەن و دووداڕەو میرەدێ و لەنانخواردنێکی نیوەڕۆدا جاری واهەبوو سێ جار نانەکەمان بەجێ دەهێشت و دەچووینە کونە تەیارەوە، تەنانەت جارێکیان جەژن بوو هەتا پیاوانی ناو دێ بەیانی هاتن بۆ جەژنە پیرۆزە ئەوسا زانیمان جەژنە.

پاش ماوەیەك هاوسەرکەم گوێزرایییەوە بۆ سنووری قامیشان و دوکەڕۆ کەدەکەوێتە خوار گوندی فەقیرە، منیش لەگەڵ ماڵی شێخ ئەحمەد و مەلا حسێن و خێزانەکەی ناوی دلسۆز بوو کەپرێکم دروستکرد لەلق و گەڵای درەختەکان ژیانمان زۆر خراپ بوو بەهۆی زۆری دووپشکەوە، هەتا خۆر ماڵئاوایی لێ دەکردین خەریکی دووپشك کوشتن و ئاوکردنە کونی دووپشکەکانەوە بووین، دواتر چووینە گوندی میریاسی خواروو چووینە خانووەوە، دواتریش بەرەو شیوی قازی ڕۆیشتین لەگەڵ ماڵی مامۆستا عەلی پێنجوێنی کادری کۆمەڵایەتی بوو خێزانەکەی ناوی سێوەخان بوو من لەگەڵ بەیاری کچمدا گەڕامەوە بۆ شار، گەیشتمە ماڵی کاک عومەری ئامۆزام لەگەڕەکی سەرشەقام، کاتژمێر ١٢ی شەو ئاگاداریان کردمەوە کە مەفرەزەی قوات خاصە لەگەڕەکدایە، منیش زۆر ترسام پێشتر هەواڵی منیان پرسی بوو منیش مانگی خۆم بوو لەسەر منداڵ بوون بووم لەوکاتەی من لەسەریانەوە خۆم شۆڕکردەوە بۆ ماڵی سەرگوڵ خان ناوێك کەکچێکی زۆر باش بوو، لەکاتی بازدانەکەمدا یەکسەر ئازارێکی توند بەپشتم و سێ بەندەم گەیشت بەجۆرێك ئازاری دام بەرەبەیان بردمیان بۆ نەخۆشخانەو دیاری کوڕکم لەدایك بوو بەو ئازارە زۆرە توندەوە، هەرزوو لەنەخۆشخانە هاتمە دەرو لەترسی جەلادەکان بۆ ماوەی مانگێك لەماڵی خوالێخۆشبوو شێخ جەبارە خرەو سەید عەبدوڵڵاو مامۆستا باقی و مامۆستا ئەنوەر شاردمیانەوەو چارەسەریان بۆ وەرگرتم، دوایی بەوڵاغ بەو هەموو ئازارەوە لەڕێگەی شەمەو وێڵەکە گەڕامەوە شیوی قازی قەرەداغ.

ئەو ساڵە زۆر ساردو زریان بوو، پاش چەند مانگێك، ئەنفالە بەدناوەکەی ساڵی ١٩٨٨ دەستپێکرد وهێرشێکی سەختگیر کرا بۆ ناوچەکە، ڕژێم بەفرۆکە گەندەڵەکانی جوانی و سروشتی هەوای پاکی ناوچەکەی ژەهراوی کرد، ژیان بوو بەشتێکی مەحاڵ بەهەشتی کوردستانی لێکردین بەشەوەزەنگ هەر بۆیە وڵاغێکم بەکرێ گرت و لەگەڵ خەڵکی گوندەکە بەرەو فەقیرە ڕۆیشتین دواتر خۆمان گەیاندە قسرت لەژێر تۆپبارانداا لەڕێگا پێڵاوەکەم لەناو

ئەو قوڕە سوورەی کە دەشتێکی کشتوکاڵی بوو لێ بەجێما لەنۆردوگای نەصر جووتێ پێڵاوم دەست کەوت لەپێم کرد.

لەگەڵ کۆمەڵێ خێزانی پ.م دا بەیارمەتی کاک مەجید گەڕاینەوە سلێمانی، دوای گرتنی سەرکردایەتی و قەرەداغ و گەرمیان ڕژێمی ڕەفتارفاشی لەسلێمانی کردی بەمنع تجول، من لەگەڵ صبیحە خانی خێزانی کاک قادری حاجی عەلی دا لەماڵی کاک مەحید بووین لەشەهیدانی سەرچنار، لەترساندا بردیانین بۆ چەمچەماڵ بۆ ماڵی مەحمودی برام، هەر ئەو ڕۆژەی گەیشتینە ئەوێ خۆپیشاندانەکەی ناو چەمچەماڵ کرا خەڵکی شار هەوڵی ڕزگارکردنی ئەو خەڵکانەیان دەکرد کە عەسکەرییەکان گرتبوویانن لەناو سەیارەکاندا بوون لەبارودۆخێکی زۆر ناخۆشدا بوون، لەچەمچەماڵ کۆپتەر هەڵسا هەر ئەو ڕۆژە بەپەلە گەڕاینەوە بۆ ماڵی کاک مەجید لەوێش مەنع تجول بوو گەڕان و پشکنینی ناوماڵەکان دەستیپێکرد، ئێمە بەهۆی کاک شێخ عەلییەوە کە ئازری زراعی بوو ئەو بەر سنوورەکەمان کەوتبوو ڕزگارمان بوو نەگیراین.

من دووبارە تووشی نەخۆشی فەقەراتەکەم بومەوە، زۆر هیلاک بووم نەمدەتوانی وەکو پێویست بەو نەخۆشیە سەختەوە سەردانی پزیشک بکەم لەترسی گرتن پاش ئەوەی ئازارەکەم بەرەو کەمی دەچووخۆم و منداڵەکانم بەجلەکانی بەرمانەوە بەڕێکەوتین بەرەو سنگەسەر، لەوێشەوە نیوەی بەپێ و نیوەی بەسەیارە بەرەو دۆڵی شەهیدان بۆ ڕەبایەی ڕۆنەکەیان پێ دەوت نزیک گوندی سورەدێ ڕۆیشتین بەهۆی چەکدارەکانی ئەو سنوورەوە دەرچووین، بۆ مێژوو باسی دەکەم زۆریان هاوکاری کردین لەسوورەدێ-شەوە بەرەو گوندی قرناقاو پشت ئاشان کە گەیشتین پاش چەند مانگێك دابڕان هاوسەرەکەم و هەندێ کادری پ.م لەو ناوچانەدا بوون.

لەوکاتەدا بەوڵاغدارەکان ڕاگەیەنرابوو نابێت نرخی وڵاغ لە٩٠ دینارەوە هەتا ١٢٠ دینار زیاتر بێت، بەڕۆژو تاقێك گەیشینە گوندی بادیناوای پیران شەهر، شەوێك لەناوەراستی شاخە سەختەکەی قەندیل لەهەوارێکی کۆنداماینەوە تابەیانی گیای گەون مان سوتاند منداڵەکانمان خستبووە کونە بەردەکانەوە ئاگرەکە لەبەردەم دەمیاندا بوو بەشانزە سەرخێزان تەنها چوار بەتانیمان پێ بوو.

لەقەندیل لەشاخێکەوە بۆ سەرەو خوارەکان دەبوایە بەقنە خلیسکێ بچووینایەتە خوارەوە ئەگەر بەوڵاغەکانەوە بخزاینایە هەڵدەدێراین، بەدرێژایی ڕێگای شاخی قەندیل هەمووی ئەو بەفرە سپیە جوان و بێگەردە بوو جۆگەلەی ئاووکانی بەستبووی لەرێگاش ئازاری فەقەراتم هەراسانی کردبووم، بەهەرحاڵ گەیشتینە بادیناوا لەسەرقەبرانێك چەند شەوێك لەگەڵ مردووەکاندا ڕۆژمان کردەوە، دوایی لەناو گوندەکەدا سەرتەنورێکمان دەستکەوت وامان دەزانی لەخۆشترین قەسردا دەژین چونکە منداڵە تەمەن یەك ساڵەکەم حاڵی زۆر پەرێشان بوو، دوای ماوەیەك مانەوەمان بەرەو بانە ڕۆیشتین وچەند ڕۆژێك لەماڵی کاک حەمە کوردستانی باوکی شەهید بەختیار ماینەوە دواتر بەرەو ناوچەی شلێر ڕۆیشتین کەتیپی ٣٠ ی کوڕە کاژاوی لێبوو، چەند ماڵە پ.م خانوویان دروستکردبوو بۆ خۆیان لەگوندی گۆخڵان و بادەڵان وێنەو داروخان لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی عیراق ئێراندا ڕژێمی لەناوچوو کەوتە تۆپبارانی ئێمە هەموو ماڵەکان بەرەو سنووری سەقز ڕامانکرد گەیشتینە گوندی لارەدەر نزیك شایان و میشیاو خۆمان و ماڵەکەمان گەیشتینە ساوجی سەربازی ئێرانی

گەڕاندیانینەوە دواتر بەناچاری خۆمـان کردەوە بەساوجیدا خانوومان دەستنەکەوت لەکۆڵانێکدا چادرمان هەڵدا، هەرچی ژن و منداڵی ئەوێ هەیە دەوریان داین تا هاوسەرەکەم وتی ئێمە قەرەجین ئەگەر بێژنگ و شتتان هەیە بیهێنن بابۆتان چاك بکەین، ژن و منداڵ لێمان دوورکەوتنەوە هەمدیس پاسدار هاتەوە وێزەمان ڕامانکرد چووینە گەڕەکی چوارباغی مەریوان، زۆر چۆڵ بوو لەبەر بۆردومانی فڕۆکەکانی عیراقی کوردەکانی ڕۆژهەلات لەترسی بۆردومان لەلادێکاندا خانوویان بۆ خۆیان دورست کردبوو.

ئێمە ئەو هەموو ماڵە پ.م بێ لانەو بێ دەرەتان بووین دەرگای یەك ماڵی چۆڵمان نەکردەوە تا یەك مانگ خۆیان گەڕانەوە خانووەکانیان ماڵە پ.م-کان چووینە جێگای ئەو ماڵانەی گەڕانەوە لەکانی دینارو جوجەسازی نێ، ئێمە بەهۆی ئیشوکاری علاقاتەوە هاتینەوە مەریوان، لەمانگی گەلاڕێزانی ١٩٨٩دا بەڕێزان هێرۆخان و کافیە خان هاتنە سنووری مەریوان بۆ پێکهێنانی ی.ژ.ك لەماڵی کاك مەجید بڕیاری ئیشکردن و هاکاریمان دا لەگەڵ وەسفیەخانی خێزانی کاك عەلی شامار دڵسۆز خێزانی مەلا حسێن محسومە خێزانی مام غەریب گەلاوێژی برازام و بەیاری کچم زۆر هاوکاری کردم بڵاوکراوەکان و نامیلکەی تەوارو مناسەبەتەکانی کیمیابارانی هەڵەبجەی دەخوێندەوە زۆریان پێخۆش بوو بەڵام لەبارەی ئابوونەوە ژنی شاخ زۆر هەژاربووین کەم کەس دەیتوانی ئابوونە بدات.

کاتێك عیراق کوێتی گرت زۆر دڵمان خۆش بوو بەرنامەی ڕاپەڕین دەستپێکرد ئاواتمان زۆر ڕۆشن بوو لەڕۆژێکی بەفرو سەرما شەختەی کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٠ دا هێزی پێشمەرگە گەڕانەوە کوردستانی باشوور ڕاپەڕین کرا، بەڵام کۆڕەوەکە زۆر دڵگران و بێ ئومێدی کردین ئێمە گەڕاینەوە پێنجوێن لەسەر سنووری گۆخلان پاش چەند ڕۆژێك شۆفلێك هات بەردەم کۆمیتەی پێنجوێنی پاك بکاتەوە بەڵام دای لەماڵەکەمان و هەموو شتەکانی شکاندین باش بوو خۆمان لەوکاتەدا لەماڵ نەبووین دواتر گەڕاینەوە سلێمانی گەڕەکی شەهیدانی سەرچنار، لەدروستبوونی کۆمیتەکانی ژنانی سەرچناردا بەشداربووم دواتر کۆمیتەی کرێکاران، بووم بەئەندام کۆمیتە لەگەڵ شوکری خاندا هەتا ساڵی ١٩٩٥ کارم کرد.

لەشەڕەکانی ناوخۆدا داوای خوێنیان کرد من نەمزانی نەخۆشیەکەم بەیەکجاری دەمخات ..بۆ هاندانی ئەندامەکان لەپێشەوە خۆم خوێنمدا ڕاستەوخۆ دوای ئەوە کەوتم چەند جارێك هاتووچۆی پزیشکی بەغداو موسڵ و کەرکوکم کرد جگە لەهەولێرو سلێمانی بەڵام ئەوەی جێگای داخ و نیگەرانی من بوو لەوکاتەدا ٣٠٠ دینار یارمەتیم هەبوو هەرزوو بڕیان و لەبەسەرکردنەوەشمدا بێجگە لەخزمان و چەند هاوڕێیەکی نزیك کەسی تر سەردانی نەکردم، بەڵام لە٣١ی ئابدا لەڕاکردنەکەماندا حاڵم زۆر خراپتربوو بەتەواوی کەوتم بردیانم بۆ شاری سنە لەسەر جێگا کەوتم بەو نەخۆشیەوە مامەوە هەتا ٢٥ی گەلاوێژی ٢٠٠٤ لەلایەن دکتۆر ئاری سامی نەشتەرگەریم بۆ کرا ئێستا بەرەو چاکبوونەوە دەڕۆم لەگەڵ ئەو هەموو ئێش و ئازارەدا کە تووشم هات بەهۆی سەختی ڕۆژانی شۆڕشەوە هیچ پەشیمان نیم لەوەی کردوومەو خۆشحاڵ دەبووم نەخۆش نەبوومایە خزمەتی زیاترم پێشکەش بەگەلە چەوساوەکەم بکردایە.

## پەخشان عەبدوڵڵا شەریف

پەخشان عەبدوڵڵا شەریف ئەو ژنە تێکۆشەرو چالاکەی رێگای خەباتە کە لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیدا دەورێکی کارای خۆی هەبووە لەخزمەتکردنی شۆڕش و لەکۆڕەوەکەشدا درێغی نەکردووە لەکۆکردنەوەی جلوبەرگ و خواردەمەنی بۆ خەڵکانی ئاوارە.

لەساڵی ١٩٦٢ لەشاری کەرکوکی قودسی کوردستان لەخێزانێکی کورد پەروەردە لەدایک بووم دایکم و باوکم بەشداری شۆڕشی ئەیلولیان کردووە لەناوشاری کەرکوکدا چەندین کاریان ئەنجامداوە.

لەدوای نسکۆکەی ١٩٧٥ درێژەیان بەخەباتی خۆیاندا لەناو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا کارەکانیان ئەنجامداوە تا ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠ لەو ساڵەدا هەردووکیان کۆچی دواییان کرد.

لەرۆژێکدا کەمەورە سپییەکان لەئاسماندا شێوەیەکی سەیرو سەرسوڕهێنەریان دروست دەکردو مەلەکانیش لەئاسمانی بێ سنووردا مەلەیان دەکرد من و پرشنگی خوشکم پەیوەندیمان کرد بەکۆمەڵەوە هەمان خەبات و رێبازی دایکم و باوکمان گرتەبەر، کەوتینە کارکردن و لەخۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ دا بەشداریمان کردووەو رۆڵێکی بەرچاومان هەبوو خوشکەکەم گیراو منیش رامکرد بۆ ماڵی پوورم بەرەو داری کەلی لەبازیان، خوشکەکەم پاش سێ مانگ بەلێبووردنی گشتی بەربوو، منیش گەڕامەوە بۆ کەرکوک.

ئەو ساڵە هەردووکمان خوێندکاری پۆلیس شەشەمی ئامادەیی بووین ئەو ساڵەمان فەوتا ساڵی دواتر پۆلی شەشمان تەواوکرد دواتر من بووم بەمامۆستای محوالامیە لەلادێکاندا، ئێمە ١٥ مامۆستا بووین لەسنووری گوندەکانی چیمەن و گورکەو شێخ جیری و عومەر گەدە واتە بەس وانەمان بەژنان دەوتەوە، من لەماوەی ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٤ کاری زۆرم بۆ رێکخستنەکان کردووە.

لەو گوندانەدا دەوری هۆشیارکردنەوەمان هەبوو بۆ خەڵکی گوندەکان، سەرەڕای ئەوەی سەیارەمان پێ بوو پ.م مان پێ دەگواستەوەو کەلوپەلمان بۆ دەبردن و دەرزی و دەرمانمان بۆ دەکڕین، بڵاوکراوەکانمان دەگواستەوە لەبەینی گوندەکاندا، لەناوشاری کەرکوکدا راپۆرتی ئاگاداریمان دەخستە ناو ماڵە بعسیەکانەوە بەو جۆرە بەردەوام بووین تا ساڵی ١٩٨٤.

لەرۆژێکی ساڵی ١٩٨٤دا کە دەشت و دەر رازابووەوە بەشێوە سروشتیەکەی خۆی کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ مەلا ئەحمەدی دسکەرە کە ئەوکاتە کادر بوو لەسنووری جەباری یەکەم ماڵی پ.م گوندی شێخ جیری بوو پاش پێنج مانگ مانەوەمان لەو گوندەدا هاوسەرەکەم گوێزرایەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ.

لەکاتی دانوستانەکەدا گەڕامەوە بۆ سلێمانی کوڕێکم بوو بەناوی بڕیار دوای بنبەست بوونی دانوستانەکە سەرانی رژێم هاتن بۆ گرتنم بەڵام خۆم و کوڕەکەم رامانکرد بەرەو گوندی دسکەرە بۆ ماڵی خەزوورم، دوای چەند مانگێک مانەوەم لەوێ هاوسەرەکەم هات بەشوێنما بەرەو گوندە سەختەکەی دوکانی قەرەداغ بەڕێکەوتین.

لەو گوندەدا چەند ماڵە پ.م بەیەکەوە دەژیاین وەک خێزانێکی گەورە وابووین سۆزو خۆشەویستی و یارمەتی لەبەینماندا بوو بەڵام بۆردومان هەموو جوانیەکانی شێواندبوو، ناچار چووینە سەر چەمی دێوانە لەکەپردا دەژیاین.

ژیانی ناو کەپر سەختیش بوو خۆشیش بوو هەوا فێنکەکەی بەیانیان و ئێوارانی ئارامی و ئاسوودەیی دەبەخشی بەمرۆڤ.

لەساڵی ١٩٨٧دا جارێکیان لەگەڕانەوەمدا بۆ شار لەبازگەیەکی رژێمدا کوڕە تەمەن سێ ساڵەکەیان لێ سەندم من نەمزانی بۆچیانە بەڵام لەژوورە بچووکەکەیاندا کەوتبوونە

پرسیارکردن لەو منداڵە، ڕێبازیش وەڵامی نەدابوونەوە هەر بۆیە کوڕەکەم نەتگوت جلە شڕە بەدەستیانەوە بۆیان هەڵدامەوەو گەڕایەوە ئامێزی خۆم پاش دوو سێ کاتژمێر.

دوای گەڕانەوەم لەشار هاوسەرەکەمیان گواستەوە بۆ تیپی ١٧ی زمناکۆ لەوێ جێگری تیپ بوو ئێمەش لەژێر تۆپبارانداا ژیانمان بەسەردەبرد.

ئەوە بوو لەساڵی ١٩٨٨دا ڕژێم کەوتە بۆردومانی کیمیایی یەکەم ناوچەش سنوورەکەی ئێمە بوو، کەکیمیایی کاری کردە سەر خۆم و منداڵەکانم لەهەمان کاتدا هاوسەرەکەشم لەشەڕەکانی سەرکردایەتیدا بوو هەواڵی شەهیدبوونیمان پێگەیشت ناخۆشترین هەواڵ بوو بۆ من پاش ماوەیەکی کەم بروسکەیەکمان بۆ کرا وتیان زۆر بەسەختی بریندارە من و منداڵەکانم بەرەو گۆشان رامانکرد، ئێمە چەند ڕۆژێک زۆر بەسەختی لەوێ ماینەوە تا خەزوورم هات بەشوێنماداو بردینی بۆ سلێمانی.

دوای چەند مانگێک ماندووم لەسلێمانی چووم بۆ کەرکوک کەبچم بۆلای لەدەشتی هەولێرە دوای ماوەیەک مانەوەمان بەیەکەوە من زۆر دڵخۆش بووم کە هاوسەرەکەم بەرەو چاکبوونەوە دەڕۆیشت، من گەڕامەوە بۆ کەرکوک پاش چەند ڕۆژێک هەواڵی شەهیدبوونی کاک محەمەد غەریبی شوبرام پێگەیشت کە لەشاخی تەکەڵتو لەشەڕدا شەهیدکرا.

دوای سێ مانگ هاوسەرەکەم ناردی بەشوێنمدا بچم بۆ قەندیل ئەوە بوو لەگەڵ کەلسوم خانی خێزانی کاک جەمال دیموکرات دا بەڕێکەوتم.

بەهۆی حزبی دیموکراتەوە توانیمان بگەینە رانیە چەند بازگەیەکی رژێممان بڕی تا گەیشتینە قڕناقاو پشت ئاشان پاش مانەوەمان بەچەند ڕۆژێک لەبەر هێرشی دوژمن بۆ سەر ناوچەکە دەرنەچووین، دووبارە لەڕێی حزبی دیموکراتەوە گەڕاینەوە سلێمانی، دوای هێوربوونەوەی بارودۆخەکە دووبارە بەڕێکەتینەوە بەرەو سنوور بەشاخە سەختەکەی قەندیلدا سەرکەوتین لەکاتژمێر هەشتی بەیانیەوە تا هەشتی ئێوارە گەیشتینە گوندی گوێزێ لەوێ خەیمەمان هەڵدا چەند هەفتەیەک ماینەوە خۆم و منداڵەکانم و شوبراکەم بەرەو ئێران ڕۆیشتین بەڵام هاوسەرەکەم لەخاکی کوردستانی باشوور مایەوە نەهات لەگەڵماندا.

ئێمەش چووین بۆ سەقز لەماڵی زەینەب خانی خێزانی کاک ئاوات قارەمانی ماینەوە تا هاوسەرەکەم هات بۆ لامان و بەرەو سنووری مەریوان ڕۆیشتین چووینە ماڵی خزمێکی هاوسەرەکەم، تا ماڵمان دروست کردەوە لەکانی دینار لەوێش هاوسەرەکەم هەر لەجەولەدا بوو کەم دەکەوتە ماڵەوە جارێکیان بەدەورە ناردیان بۆ ئەهواز چل ڕۆژ نەگەڕایەوە بۆ لامان.

دوای گەڕانەوەی هاوسەرەکەم ماڵمان بردە سەقز لەوکاتەدا کافیە خان ناردی بەشوێنما ی.ژ.ك دروست دەکەین منیش بەشداریم کرد وەك ئەندامێك؛ دووبارە گەڕاینەوە بۆ کانی دینار لەوێش بەهەمان شێوە کارم دەکرد لەگەڵ وەسفیە خانی خێزانی کاک عەلی شامار چەندین کارمان کرد وەکو هوشیارکردنەوەی ژنە پ.م یادی کیمیابارانی هەڵەبجەمان لەماڵی خۆمان کردەوە، چەند وێنەیەکیشمان گرتووە بۆ یادگاری ئەو ڕۆژانە.

پێش ڕاپەڕین هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆ کوردستان من و منداڵەکانم لەژیانی ئاوارەییدا زۆرمان هەژاری و سەختی ژیانی بینی.

من و کۆمەڵێ ژنە پ.م لەکاتی کۆڕەوەکەی ١٩٩١دا توانیمان جلوبەرگ و خواردن کۆبکەینەوە بنێرین بۆ ئەو خەڵکانەی ئاوارە بوون لەگەڵ رووناک خانی خێزانی کاک عەلی حسێندا سەردانی ئۆردوگاکانمان دەکرد.

لەڕاپەڕیندا بەسەر کارەساتێکی ناخۆش و دڵتەزێندا گەڕامەوە بۆ کوردستان شەهیدبوونی مامێکم بەناوی جەلال شەریف کەپ.م بوو لەسنووری بازیان.

دوای ساڵێك پەیوەندیم کردەوە بەی.ژ.ك بەڵام لەبەر چەند هۆیەك دابڕامەوە لێیان.

لە٣١ی ئابیشدا رامانکرد بۆ خرنەی سۆتك کە لەناوچەی دەربەندیخان بوو هاوسەرەکەم بەشداری هەموو شەڕەکانی کردووە لەساڵی ١٩٩٧ دا بەسەختی بریندار بوو لەشەڕی ناوخۆدا.

## خاوەر عەبدولقادر

خاوەر عەبدولقادر ئەو ژنە هیلاك و ماندووەی ڕێگای خەباتە، بەهۆی سەختی ژیانیەوە چەند ئەشتەرگەرییەك کراوە بەلام لەهەمووی سەختتر ئەوانە بوون کە تەنها چەکێك هاوڕێ و پارێزەری لەشەوانی تەنیایدا دەیپاراست.

لەخێزانێکی نیشتمانپەروەری شاری کەرکوك هاتوومەتە ژیانەوە، باوکم پ.م شۆڕشی ئەیلول بوو برایەکی گەورەم بەناوی صمد پ.م یەکێتی بووە، برایەکی تریشم بەناوی لوقمان پ.م بوو لەئەنفالە بەدناوەکەوە بێ سەروشوێنە.

لەڕۆژێکی سالی ۱۹۸۰ کە ئاسمانی ولات بەهەورە چلکنەکان گیرابوو، براکەم منی دا بەژن بۆخۆی، من تەنها تەمەنم ۱۲ بەهار بوو، لەشاری گڕو بلێسەو ئاگرەوە بەبووکی بردیانم بۆ گوندی قەلام کایل، هاوسەری ژیانم بابا محەمەد سەعید لەوکاتەدا لەڕێکخستنەکاندا بەنهێنی کاری دەکرد.

ئەو کاتە من لەسەرەتای ژیانی هاوسەریدا بووم لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەداو تەمەنێکی مندالی لەشار چوونە گوند کارێکی سەخت بوو خۆگونجاندنێکی زۆری دەویست، لەو زەمەنە سەختەدا وشەی پ.م وشەیەکی نهێنی بوو کە پ.م نەیدەوێرا بێتە ناو گوند بۆیە من و هاوسەرەکەم خواردنمان بۆ ئامادە دەکردن و خواردنەکەمان دەخستە هەبگەی ولاغەکەوەو جلمان دەخستە سەر، هەتا خەلکی گوند نەزانن خواردن بۆ پ.م دەبەین. زۆرجار خۆشم بەهەمان شێوە بەناوی کانی و جل شتنەوە خواردنەکەم دەخستە ناو تەشتەکەوەو جلم دەخستە سەر مەنجەلەکان تەشتەکەم دەخستە سەرسەرم و دەچووم خواردنەکەم بۆ دەبردن.

بەو شێوەیەماینەوە هەتا سالی ۱۹۸۳ کە کچەکەم تەمەنی یەك مانگ بوو ئەوکاتە خەبیری ولاتان دەهاتن سەیری کەژو کێوو شاخە سەربلندەکانی کوردستانیان دەکرد بۆ ئەوەی بزانن چ مەوادێکی خام لەم خاکە زێڕو پڕ گەوهەرەدا هەیە، لەوکاتەدا هاوسەرەکەم وهاوڕێیەکی ڕێکخستنی هاتنە مالەوە ژێسێکەیان بردو ڕۆیشتن سەیارەکەو هەرسێ خەبیرەکەیان گرت و دایانە دەست شەهید حەمە ڕەشی سەرتیپ.

هەر ئەوان خەبیرەکانیان دەستگیرکرد، ئێمە یەکسەر گوندی قەلام کایل-مان چۆلکرد بۆردومانیشیان لەسەربوو تا سێ چوار ڕۆژ وامانەوەو دواتر مالەکەمان پێچایەوەو چووینە گوندی گولباخ لەوێ نیشتەجێ بووین.

هاوسەرەکەم ڕێگای شاخ و پێشمەرگایەتی گرتەبەرو بوو بەپ.م لای شەهید حەمە ڕەش شۆڕشیش لەئەنجامی چالاکی و دلسۆزی و لێهاتوویی هاوسەرکەمدا کلاشینکۆفێکیان بەدیاری پێ بەخشی بەلام مەخزەنی نەبوو ئێمەش ئەوەندە هەژارو دەست کورت بووین پارەمان قەرزکردو هاوسەرەکەم مەخزەنی کڕی.

لەو زەمەنەدا پ.م بەو شێوەیە پێشمەرگایەتی دەکرد ئێمەی ژنی شاخیش هەردەم لەپێناوی ئازادی و سەرفرازیدا یارمەتیدەری هاوسەرەکانمان بووین.

ئێمە ماڵەکەمان لەناو قوتابخانەکەدا بوو لەخوار گوندەکەوە نزیکی سەرقەبرانەکە بووین دوور بووین لەئاوایی وخەڵکەوە، بەو تەمەنە منداڵییەوە بەکچێکی ساواوە تەنها چەکێك کە لەلام بوو، هاوڕێ و پارێزەرم بوو، جاری واهەبوو هاوسەرەکەم بەسێ مانگ نەگەڕاوەتەوە بۆ لام.

چەند ساڵێك لەو قوتابخانەیەدا مامەوە لەرۆژێکی خەزانی پایزدا کە گەڵای دارەکان دەرژانە سەر زەویەکەو هەڵدەوەرین، من سێ شەوو سێ رۆژ بەژانی منداڵبوونەوە بووم تاکو کوڕەکەم بەخنکاوی بوو لەبەر نەبوونی مامان و پزیشك و پێداویستی منداڵ بوون، ئەوەش کاریگەری لەسەر بەجێهێشتم و زۆرم پێ ناخۆش بوو.

ئێمە بەبەردەوامی لەژێر بۆردوماندا بووین زۆربەی جار ڕامان دەکردە بن کەلۆزەکان جاری واهەبووە ئەمان وێراوە سێ رۆژ بگەڕێینەوە ناو گوندەکە بێجگە لەوەی ئەمان دەتوانی بە١٥ رۆژ جارێك خۆمان بشۆین لەبەر زۆری بۆردومان.

لەگوندی لەك هێزی پ.م ویستیان کۆمەڵێ ڕەبیە بگرن، شەش ڕەبیەیان گرت بەسەرکەوتوویی، بەڵام لەرەبیەی حەوتەمدا ڕوومانەیان بۆ هەڵداین نۆ پ.م شەهید بوون هاوسەرەکەشم بریندار بوو.

هاوسەرەکەم سێ جار لەشەڕدا بریندار بوو جارێك لاقەبەرغەی گرت جارێکی تر سەری بەرکەوت، هاوسەرەکەم پێش ئەنفالەکان چوو بۆ .. سەرکردایەتی سێ مانگ هیچ هەواڵێکی نەبوو، لەشەڕەکاندا کیمیایی بەرکەوتبوو هەردوو چاوی کوێر بوو بوو، ناردبوویان بۆ ئێران بۆ چارەسەرکردن.

ئەوکاتانەی هاوسەرەکەم لەماڵ نەدەبوو ئێمە بەژیانێکی سەخت و هەژاری و تەنیایی گوزەرمان دەکرد. هەتا هەرچی ئیشی سەختی گوند هەبوو بەتەنها لەسەرشانی خۆم بووە، پاش چاکبوونەوەی هاوسەرکەم لەئێرانەوە بەپێ گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، پاش بیست رۆژ ڕێگا بڕین یەك شەو لەماڵ بووم کە ئەنفالە بەدناوەکە گەرمیانیشی گرتەوە، لەگەڵ سپێدەدا هاوسەرەکەم و کچەکەم و سکیشم پێنج مانگ بوو بەکچێکی ترم کەوتینە ڕێگا بەرەو گوندی لەك ماڵی باوکم لەو گوندە بوون، بۆئەوەی من بچم لەگەڵ ماڵی باوکم بم، هاوسەرەکەشم بگەڕێتەوە بۆ لای هێزی پ.م.

بەڵام ئەو ڕۆژە هەر ئەم بن کەلۆزو ئەو کەلۆزمان کرد هەتا کاتژمێر سێ و نیوی شەو لەژێر لێزمەی باران و بەردەوامی تۆپ باراندا، لەبن کەلۆزێك ماڵی باوکم دۆزیەوە.

بەڵام ماڵی برا گەورەکەم کە ماڵە پ.م بوون بڕیاریاندا بەهیچ شێوەیەك نەگەڕێنەوە بۆ لای ڕژێم.

ئێمە بەشێوەیەکی نهێنی بەرەو قادرکەرەم بەڕێکەوتین، هەریەکەمان ماڵێکمان بۆ دەستنیشانکرا کەخزمی خۆمان بوون. کاتژمێر پێنجی بەرەبەیان لەگەڵ دەرکەوتنی کازیوەی خۆردا نزیکی قادرکەرەم بووینەوە ئەمان وێران بچینە شارەوە، تا ڕۆژ بووەوە چووینە ئەو ماڵانەی بۆمان دانرابوو.

من لەماڵی خزمێکمان بووم خاوەن ماڵ منی کرد بەکچی خۆی و بردمی بۆ کەرکوك، چوومە ماڵی شوبراکەم، ئەوانیش مەترسی گرتنیان هەبوو، تا سێ مانگ لەژیانێکی سەخت و لێڵدا دەژیام، جاری واهەبوو کاتژمێر ١٢ی شەو بەڕێکەوتووم بەرەو دوز یان هەولێر یان کەڵەکی یاساین ئاغا خۆم لەماڵان دەشاردەوە هەربیان وتایە حەملەیە بۆ گرتنی ئەنفالەکان دەبوایە ڕامان بکردایەو ئەو شوێنەمان بەجێ بهێشتایە.

من سەختترین کاتی ژیانم ئەو ماوەیە بوو، خۆم و منداڵم لەهیچ کوێ جێمان نەدەبووەوە، هەواڵی هاوسەرەکەم نەبوو هەر کەسێك شەوێك بیگرتمایەتە خۆی نەچوومە ماڵیان، گوێم نەدەدایە خزم بوایە ئاسیاو بوایە، هەتا شوبراکەم وتی ژیان بەو شێوەیە ناڕوات وبەیەکجاری وەرە ماڵی ئێمە دانیشیە ئەگەر گیراین باهەموومان بەیەکەوە بگیرێین، لەوێ مامەوە بەڵام هیچ کەس نەدەبوایە منی ببینیایە.

هاوسەرەکەشم بەپارتیزانی لەگەرمیان مابووەوە کەسمان ئاگاداری ژیانی کەسمان نەبووین، نەمن هەواڵی ئەوم دەزانی نە ئەو هەواڵی منی دەزانی، تا سێ ساڵ بەو شێوە سەختە مامەوە. هاوسەرەکەم لەگەرمیان نەخۆش کەوتبوو تووشی ئازاری قورحەی گەدە بووبوو، شۆڕش ناردبوویان بۆ تاران نەشتەرگەری گەورەی بۆ کراو، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ گەرمیان.

کاتێك هاوسەرەکەم بەپارتیزانی لەگەرمیان بوو کۆمەڵەیەك دروست بووبوون بەناوی پ.م دەستیان هەبوو لەگەڵ ڕژێمدا. دەچوون پ.م یان دەگرت و سەریان دەبڕین و سەرەکەیان دەبرد بۆ ڕژێم بۆئەوەی پارەی پێ وەربگرن.

هاوسەرەکەم کە دەگەڕان بۆ خواردن بەناو کەلاوەو خانووە داڕوخاوکانی گەرمیاندا ئەو کۆمەڵە بەناو پ.م ی بینیبوو، دوو پ.م ی حزبی شیوعیشیان لەگەڵ دا بوو، یەکێکیان خاڵۆزای هاوسەرکەم بوو ئەوانیش وەکو هاوسەرەکەم نەیانزانیبوو ئەوانە خۆفرۆشن. کاك ئازم کەرکوکی زانیبووی بەپەلە خۆی گەیاندبووە سەید بابا پێی وتبوو کە گوایە براکەی من داوای هەندێ ڕەسمی لێ دەکات بگەڕێتەوە، بەو شێوەیە لەو کۆمەڵە پیاوکوژەی دوورخستبووەوە. دواتر پێی وتبوو ئەوانە خۆفرۆشن پاش یەك چارەك دوای ڕۆیشتنی هاوسەرکەم خاڵۆزای هاوسەرەکەمیان شەهیدکردبوو ملازم سعدیشیان بەزیندوویی دابووە دەست ڕژێمی ڕەفتار فاشی بەغدا.

ئێوارەکیان کە خەریك بوو خۆر ماڵئاوایی لێ دەکردین شوبراکەم هاتەوە بۆ ماڵەوە بردینیە قاتی سەرەوە سوێندی داین قورئان بخۆین، کەهیچ ڕاستیەك لای کەس نادرکێنین.

دوایی ڕەسمێکی هاوسەرەکەم و نامەیەکی دەرهێنا کە زۆر بەزەحمەت و دەستاو دەست گەیشتبووە دەست شوبراکەم، لەنامەکەدا نووسیبووی ١٥ ڕۆژی تر ڕاپەڕین دەست پێدەکات باخۆی و منداڵەکانی بچنە چەمچەماڵ بۆ ماڵی باوکم، ئەگەر ڕاپەڕین ڕوویندا دەیانبەم بۆ گەرمیان بەپارتیزانی لەگەڵما بن.

من گەڕامەوە بۆ چەمچەماڵ بۆ ماڵی خەسووم گوێمان لەڕادیۆکەی دەنگی گەلی کوردستان دەگرت کوڕێکی خاڵی هاوسەرەکەم هات وتی گوێ لەڕادیۆ مەگرن سەید بابا وا لەناو چەمچەماڵدا.

شەو هاوسەرەکەم هاتەوە بۆ ماڵی خەسووم پاش سێ ساڵ لەیەکتری دابڕان یەکتریمان بینیەوە، کچەکەی کە لەسکما پێنج مانگ بوو خەوتبوو کە باوکی گەڕایەوە ئەو کچەم هاوتەمەنی کچی شوبراکەم بوو کە باوکی ئەنفال کرابوو، سێ چوار منداڵ بەڕیز خەوتبوون، سەرم هەڵدانەوە وتم کچەکەت ئەناسیتەوە؟ هاوسەرەکەم بەکچی براکەی وت ئەوە کچەکەمە. ئەو ژیانە سەختەی ڕۆژانی پ.م بەتایبەتی لەگەرمیان و ناوچەی کەرکوک وا بوو کەباوک منداڵەکەی خۆی نەناسێتەوە.

من و هاوسەرەکەم سێ چوار ڕۆژ مایـنەوە لەچەمچەماڵ بەڵام ڕژێم هەموو ڕۆژێک تۆپبارانی دەکرد، هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆ شەڕو بەیەک هەفتە کەرکوک ئازادکرا، دیارە ڕژێمی لەناوچوو هێرشی پێچەوانەی کرد بۆ سەر کەرکوک و هەموو شارەکانی ڕاماڵی و کۆڕەوەکەی ١٩٩١ ڕوویدا.

ئێمەش بەرەو سنوور ڕامانکرد دووبارە لەسلێمانی لەیەکتر دابڕاینەوە، پاش هەفتەیەك لەگۆخلان یەکترمان بینیەوە، هاوسەرەکەم لەکانی دینار خانووی بۆ گرتین و خۆی لێرە بەئیش وکاری پ.م مابووەوە ئێمەش بەتەنها لەخاکی ئێران بووین.

پاش پێنج مانگ گەڕاینەوە سلێمانی لەگەڕەکی ئاشتی خۆرەتاوی ئازادی لێی داین هەناسەیەکی ئارامی پێ بەخشین و چوار ساڵ بەئاسوودەیی بەیەکەوە ژیاین. بەڵام مەخابن کە هاوسەرەکەم لەئازادی و لەشەڕی ناوخۆدا لە٢/٤ی گەلاوێژی ١٩٩٤ لەقەڵادزێ شەهیدکرا.

خۆشم وەکو دایکێك سەرپەرشتی سێ کچم دەکەم. خۆشم بەهۆی ئەو هەموو ئێش و ئازارو مەینەتیەکانی ژیانەوە پێنج ساڵە تووشی نەخۆشی دڵ بووم وجەڵدە لێی دام نۆ مانگ لەژێر چارەسەردا بووم دوو نەشتەرگەری دڵ کراوم و قەستەرەش وباڵۆنیشم بۆ دانراوە.

کارەساتی شەهیدبوونی هاوسەرەکەم و باوکی منداڵەکانم کاریگەری زۆر لەسەر من هەبوو، ڕاستە ئەو لەپێناوی ئازادیدا شەهیدکرا بەڵام کۆمەڵێك تەنگ و چەڵەمەی گەورەم بۆ بەجێما هەتا سەختی و ڕۆژانی پ.م بوونەتە هۆی لەبیرچوونەوەی زۆری ڕووداوو کارەساتەکانی ژیانم.

## ڕەمزیە محەمەد ئەحمەد

ڕەمزیە محەمەد ئەحمەد ئەو ژنە تێکۆشەرە بوو شان بەشانی هاوسەرەکەی لەدەڤەری کەرکوکی گرو بلێسەدا بەشداربوو لەشۆڕشدا هەموو ئازارەکان و سەختیەکانی ئەو زەمەنەی پێ قبوڵ بوو.

لەڕۆژێکی ئاسمان سامالی ساڵی ۱۹۸۳ دا هاوسەرەکەم چەکی پ.م کردە شان و بوو بەپ.م لەناوچەی شوان لەگوندی تۆمار لەتیپی ۲۱ی کەرکوک منیش لەشاردا مامەوە بەخۆم و دوو منداڵی بچووکەو هەموو ڕۆژێك جەلادەکان ماڵەو ماڵ بەشوێنمدا دەگەڕان.

پاش سێ مانگ مانەوەم بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان ڕۆیشتم ئەو ناوچەیەی کە بەبەردەوامی دەیناڵاند لەژێر تۆپ و فڕۆکەکانی ڕژێمی لەناوچوودا پاش دوو ساڵ مانەوەمان لەدەڤەری کەرکوك، هاوسەرەکەم کە بەنەبو شەهاب ناسرابوو گوێزرایەوە بۆ سەرکردایەتی لەدۆڵی جافایەتی.

لەو زەمەنە سەختەدا هەر چ مرۆڤێك لەو دەڤەرەدا ژیابێت شایەتی حاڵە کە چۆن ناوچە ئازادکراوەکان لەژێر گرمەی ناپاڵم و زرەی زنجیری دەبابەکانی ڕژێمدا دەیاناڵاند.

بێجگە لەبۆردومانە یەك لەسەر یەکەکان بەگازی کیمیایی کە هەموو ئەندامەکانی خێزانەکەم بەر کیمیایی کەوتن و بریندرابوون.

لەبەر زۆری هێرشی دڕندانەی ڕژێم هێزەکان کەوتنە پاشەکشە بەرەو سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات ئێمەش لەشەوێکی پڕ لەزریان و بەفردا کەوتینە ڕۆیشتن بەناو شاخی بەفرین و سەرماو سۆڵەی ئەو ساڵە سەختە پڕ ئێش و ئازارە ۱۵ کاتژمێر بەناو بەفردا ڕۆیشتین ئەو خەڵکە زۆرەی بەو ڕێگا سەختەدا دەڕۆیشتن دەگریان لەتاو ئازاری سەرماو برسێتی، مەرگەساتێك بوو مەپرسە، ئەگەر ئەو ڕووداوە مێژووییە گرنگانەی زەمەنی شۆڕش کە بەسەر گەلی کوردا هاتووە بەشێوەیەکی زانستیانە بگێڕێتەوە بێگومان بەچەندەها لاپەڕە کۆتایی نایەت.

## سەکینە حەبیب ڕەمەزان

سەکینە ئەو کچە ئازاو بوێرە بوو کە بەبازگەکانی ڕژێمدا بڵاوکراوەکانی دەمێناو بەشەو لەناو گڕو کڵپەی شاری کەرکوکدا هەڵیدەواسی بەدیواردا.

لەساڵی ۱۹٦۳ لەگەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوك لەخێزانێکی شۆڕشگێڕو کوردپەروەر لەدایك بووم، لەساڵی ۱۹٦۹ خرامە قوتابخانەی چواردەی ڕەمەزان تا ساڵی ۱۹۷٤ کە لەپۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم، کاتێ کە شەڕ بوو لەنێوان ڕژێمی عیراقی و شۆڕشی ئەیلولدا ئێمە چووینە دەرەوەو ڕوومان کردە ناوچە ئازادکراوەکانی سنووری حاجی ئۆمەران لەوێشەوە بەرەو ئێران، منیش لەخوێندن دابڕام زۆر تینووی قوتابخانەش بووم، لەنسکۆکەی ساڵی ۱۹۷۵دا گەڕاینەوە کەرکوك من دووبارە بەوپەڕی تاسەوە خۆم ئامادەکردەوە بۆ قوتابخانە بەڵام براکانم ڕێگەیان پێ نەدام چونکە باری ناو کەرکوك شلۆق

بوو، ئەوە بوو لەساڵی ١٩٧٨دا باوکم مەنی پێشکەش بەئامۆزایەکم کرد بەناوی سەلاحەدین محەمەد رەمەزان ئەویش لەساڵی ١٩٧٩ دا پەیوەندی کرد بەهێزی پ.م کوردستانەوە لەگەڵ کاک دارای شێخ جەلال دا لەسنووری شارباژێر.

پاشان لەساڵی ١٩٨٠ دا گوێزرایەوە بۆ هەرێمی حەوتی باڵەکایەتی چەندەها جار سەردانم کردووە، دوای ساڵێک چووە سنووری شارباژێر، من و ئامۆژنم سەردانمان کرد بۆ گوندەکانی سیتەک و گورگەدەرو مەخزەنی فیشەک و کلاشینکۆفم بۆ بردووە، پاشان گوێزرایەوە بۆ هەرێمی چوار، لەدوای شەهید جەماڵ عەلی باپیر ئامۆزاکەم لەشۆڕشدا بەمغدید ناسرابوو، ئەوە بوو هەرێمەکان کران بەمەڵبەند، زۆرجار چووم بۆ مەڵبەندی دوو بۆ سەردانی بۆ سەرگەڵوو، جارێکیان دوای لێکردم هەندێ بڵاوکراوە بەرم بۆ شارو بڵاوی بکەمەوە، منیش بردم بەشەو لەگەڵ براکانم و برازاکانمدا بەدیوارەکاندا هەڵمان دەواسی، دوای ئەوەی کە سەرکەوتوو بووم داوایان لێکردم کەزانیاری دەربارەی چەند کەسێ کۆبکەمەوە کە پەیوەندیان بەرژێمەوە کردووە، منیش کۆمەڵێ زانیاری باشم کۆکردەوەو بۆم ناردن. دوای بن بەست بوونی دانوستانەکە لەساڵی ١٩٨٤دا شەڕ دەستی پێکردەوە دووبارە وەک جاران رێگەی سەرگەڵووم کەوتەوەبەر.

لەساڵی ١٩٨٥دا پەیوەندیم بەرێکخستن بەست لەگەڵ بەرێز ئاوات بەهادین دا کەئەوکاتە ئەندام ناوچەی دوکان بوو، بەهۆی کەسانی خۆفرۆشەوە براکانم و برازاکانم ئاشکرابوون، ئێمەش بەخێزانی بەرەو ناوچە ئازادکراوکان رۆیشتین.

براکانم بوون بەپ.م لەتیپی ٢١ی کەرکوک، چوار ئامۆزای تریشم پ.م بوون ئێمەش لەگوندی حەسەن قەپاغ ماینەوە تا ئەنفالەکان دەستییێکرد، برا گەورەکەم لەبەرئەوەی منداڵی زۆر بوو لەگەڵ باوکمدا روویان کردە دەوری هەولێر، من و دایکم و مامێکی ترم بەرەو مەڵبەندی سێ رۆیشتین کە لەگوڵان بوو، لەدڵەڕەق براو برازاکان و ئامۆزاکانم بینیەوە زۆر خۆش بوو بۆ ئێمە ئەو شەوە لەمەڵبەندی سێ بووین، بۆ بەیانی بەرەو ئێران کەوتینە رێ لەشێخ ئایشەوە چووینە ئوردوگای پیرشێخ و گوێزیلە کە عەبدولکەریم حاجی سەرپەرشتی دەکرد، دوای ماوەیەک مانەوەمان چووینە ناحیەی رەبەن ئەوە بوو لەساڵی ١٩٨٩ دا بەهۆی ئەڵماس خانی خێزانی عەبدوکەریم حاجی هات و باسی دامەزراندنی ی.ژ.ک ی بۆ کردم، منیش پەیوەندیم پێوەکرد.

لەرۆژێکی ئاسمان ساماڵی ساڵی ١٩٩٠دا لەئێران کەوتمە ژیانی هاوسەریەوە لەگەڵ ئامۆزاکەم، لەوکاتەدا پلەی جێگری تیپی ٦٣ی جووتیاران بوو، لەپاشان بوو بەفەرماندەی تیپ، لەکاتی راپەریندا هاوسەرەکەم لەگەڵ رەتڵی سورداش وەک فەرماندەی تیپ دابەزین بۆ سنووری ئۆردوگای پیرەمەگروون، پاشان بەرەو کەرکوک، برا گەورەکەم بەناوی خورشید حەبیب رەمەزان لەگەرەکی رەحیماوا شەهیدبوو لەدوای خۆی نۆ منداڵی بەجێهێشت، ئامۆزایەکم لەراپەرینەکەی رانیەدا شەهیدبوو بەناوی رەشاد دوو برای هاوسەرەکەم کەم ئەندام بوون، دوای راپەرین گەراینەوە کوردستانی باشوور پەیوەندیم کرد بەگەلاوێژخان کە سەر بەکۆمیتەی رێکخستنی سەرچنار بوو، دوای ماوەیەک بووم بەئەندام پۆل تا ساڵی ١٩٩٥ بەردەوام بووم لەکارکردن دواتر بەهۆی نەخۆش و ماڵ گواستنەوەو منداڵ بەخێوکردن دابرام.

## سزا ئیسماعیل عەلی

سزا ئیسماعیل عەلی ئەو ژنە تێکۆشەرەیە کەبەپارتیزانی لەگەڵ هاوسەرەکەی مایەوە لەناوجەرگەی ناوچە ئەنفالکراوەکاندا. لێرەدا بەشێک لە بیرەوەرییەکانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە.

لەساڵی ١٩٦٣ لەشاری کەرکوکی ئازیز لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەر لەدایک بووم، باوکم بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە، لەساڵی ١٩٦٣دا باوکم گیراو لەژێر ئازارو ئەشکەنجەی حەرەس قەومیەکاندا تووشی نەخۆشییەکی ترسناک بوو، بەماوەیەکی کەم دوای بەربوونی کۆچی دوایی کرد، دایکیشم بەهۆی خزمەتکردنی باوکمەوە تووشی هەمان نەخۆشی بوو، پاشماوەیەک دایکیشم کۆچی دوایی کرد. تەنها من و دوو برام ماینەوە، برا گەورەکەم خزمەتی دەکردین و کاسبی دەکرد تا ساڵی ١٩٨٣ بوو بەپ.م و چووە شاخ، ئێمەش لەگەڕەکی شۆریجە کرێچی بووین، دواتر مامم مەسرەفی من و برا بچووکەکەمی دەکرد، ئەوەبوو بەهۆی دانوستانەکەی بەینی ڕژێم و یەکێتیەوە پ.م بەچەکەوە دەهاتنە ناوشار، براکەشم ئاشکرابوو، هەر لەگەڵ بنبەست بوونی دانوستانەکەدا ئەمن دەهاتن بمان دۆزنەوەو بمان گرن.

ڕۆژێکیان من و براکەم لەماڵەوە بووین، بەپەلە ئامۆزایەکم خۆی کرد بەژووردا، وتی ئەمن بۆتان دەگەڕێن وا لەماڵی ئێمەن، من و براکەم چووینە سەربان لەوێوە چووینە گەڕەکی ئەودیو کە ماڵی خاڵمی لێبوو، پاش ماوەیەکی کەم چووین بۆ ماڵی پورزایەکم لەگەڕەکی ڕەحیم ئاوا، دە ڕۆژ لەوێ ماینەوە، ڕۆژێکیان مامم هات وتی سوودی نیە، ئەمنەکان هەموو ڕۆژێک بەدواتاندا دەگەڕێن، ئێمەش هەروودکمان لەساڵی ١٩٨٤دا بەرەو شاخ ڕۆیشتین، بۆ خۆپاراستن لەدەستی ئەو ڕەفتارفاشیانە چووینە بناری گل، یەکەم گوندو ماڵمان گوندی کۆشک بوو، دوو ساڵ لەوێ ماینەوە ژیانی من زۆر زۆر سەخت بوو، لەشارەوەو بچم بۆ لادێ و ئیشکردنی زۆرو ئاوهێنان و هتد.

لەساڵی ١٩٨٦ هاوسەری پ.م-م هەڵبژارد بەناوی کەریم ئەحمەد خدر ناسراو بەشێخ کەریم چاورەش، ماڵمان لەئاوباریک دانا، من بەهیچ جۆرێک نەمدەوێرا هاتووچۆی شاربکەم، لەساڵی ١٩٨٧دا کوڕێم بوو بەناوی هێژا بەڵام بەداخەوە بەهۆی ڕاکەراک و کاری قورس و نەبوونی پێویستی لەکاتی منداڵ بووندا، منداڵەکەم کەم ئەندام دەرچوو، هاوسەرەکەم ئامر کەرتی تیپی ٥١ی گەرمیان بوو، زۆرینەی کاتەکان لەشەڕدا بوو جاری وا هەبوو بەسێ مانگ نەمدەبینیەوە، تەمەنی کوڕەکەم شەش مانگ بوو کە ئەنفالی سێ دەستی پێکرد، خۆم وەک پارتیزانێک سێ مانگ لەگەڵ هاوسەرەکەمدا مامەوە، کاتێک هێزی ئەنفال لەئاوباریکەوە بۆمان هات، ئێمە چووینە کەریم باسام و ڕەمەوان کەچووینە ئەو گوندە وەک ڕۆژی حەشر وابوو یەکێک بەدەوری خۆیدا دەسوڕایەوە، یەکێک بەتاکێک پێڵاوەوە بەرەو قادرکەرەم دەڕۆی، یەکێک دەیکێشا بەسەری خۆیدا، منداڵێکیش فرمێسکەکانی هەموو ڕوومەتی تەڕکردبوو ،پەنجەکانیلە پارچە پەڕۆکەی دەستی توندکردبوو وەکو تۆڵەکردن بەناواتی سەرەکی بخوازێت، ئێمە شەو لەو گوندە ماینەوەو بەیانی بەرەو کەلۆسی واتە بن شاخەکە ڕۆیشتین، دوو شەوو دوو ڕۆژ هاوسەرەکەم بەشوێنماندا گەڕابوو، ئێمە هەر لەکەلۆسدا بووین کە دوو پ.م شەهید یاسینە بچکۆل و مەلا ئەحمەد هاتن بەدوامانداوتیان بگەڕێنەوە ڕەمەوان، کە گەیشتین دەبینین شێخ کەریمی هاوسەرم و ڕزگاری برام و چەند پ.م-ێکی تر دوو قەلیان سەربڕیوە، شەو لەو گوندە بووین و لەگەڵ سپێدەدا چووینە ئەشکەوتی خورخوڕ لەوێ ماینەوە تا شەو بەرەو تەکیَ کۆن ڕۆیشتین، ئێمە لەو کاتەدا جەعفەری برای شەهید جەوهەرمان لەگەڵ بوو، ئەوەندەمان نەزانی هەواڵی شەهیدبوونی سەید جەوهەرو هەموو

پ.م کەشیمان پێگەیشت ئەو شەوە خەفەت هەموومانی مات کردبوو، گەڕاینەوە کەلۆسەکەی شەوی پێشوو کەلێی بووین.

هەر لەکاتی ئەنفالدا برا بچووکەکەم کەپ.م ی تیپی ٥٩ی حەمرین بوو لەئەنفالەکەدا شەهیدبوو. ڕژێم بەردەوام بوو لەڕووخان و سووتانی گوندو ماڵەکان، بێ ئاگابوو لەمانەوەی ئەم کۆمەڵە بچووکە پارتیزانە.

ئێمە لەناو کەلبەزەکەدا بووین پ.م-ێکی سەید جەوهەرمان بینی پرسیارمان لێ کرد تۆ ماویت؟ ئەی شەهید سەید جەوهەر کوا؟ وتی سەید جەوهەر ماوەو شەهید نیە، ئەوەندەی پێنەچوو سەید جەوهەر گەیشتە لامان، ئەمە شتێکی زۆر خۆش بوو بۆ ئێمە، ئێمە چوار پێنج کچمان لەگەڵدا بوو، ئەوەندەمان شاخەو شاخ کردبوو بەشەو ڕۆیشتبووین و جلەکانمان لەدارو دەوەن گیرابوو جلەکانی بەرمان دڕابوو بەتایبەتی ماکسی یەکێك لەکچەکان جلیشی نەبوو لەبەری بکات ناچار یەکێك لەپ.م کان ماکسیەکەی بەتەل بۆ دووریەوە، پاش ماوەیەك پێنج لەکچەکان گەڕانەوە بۆ قادرکەرەم بەس من و براژنم مانەوە، هاتنی جەیش بۆ ئەو ناوچەیە کەم ببووەوە وایان دەزانی کەسی لێ نەماوە، بەڵام من و خەسووم لەگەڵ هێزی پ.م دا ماینەوەو لەگوندی ڕەمەوان بوین کە لەوێ دوو ژوور مابوون نەڕووخابوون من و خەسووم پاکمان کردەوە لەگەڵ ١٥ پ.م ی تردا بووین، کاك نازم ماتۆڕە شکاوێکی دۆزیەوەو لەگەڵ پ.م کانی دەچوون خواردنیان دەدۆزیەوە لەژێر داروپەردووی خانووە ڕووخاوەکاندا، من و خەسووم ئامادەمان دەکرد، جلەکانی بەرمان هەمووی دادڕابوو ڕزیبوو لەبەرماندا، ناچار ژێر دارو پەردووی خانووەکانمان هەڵدەدایەوە بۆئەوەی پارچە جلێك بدۆزینەوەو لەبەری بکەین.

دوای سێ مانگ مانەوەمان من و خەسووم لەگەڵ دوو پ.م دا بەرەو گوندی تەپەدێ ڕۆیشتین، پیاوێکی خزممان هات و ئێمەی برد بۆ چەمچەماڵ، دوابی پورزایەکم هات بردینی بۆ ماڵی برادەرێکی تورکمان، دوای ماوەیەك مانەوەمان لەوێ ناردمان بەشوێن پورزایەکی هاوسەرەکەمدا کە ئامر سریە بوو هات بردینی بۆ ماڵی خۆیان، ماڵەکەیان دوو قات بوو لەسەرەوە هەموو شتێکی بۆ ئامادەکردبووین لەهەموو شتێ ناخۆشتر نەماندەتوانی خۆمان دەربخەین هەر لەکونی ژوورەوە بووین، پاشماوەیەك هەواڵمان بۆ هات کەوا مەڵبەندی سێ پ.م لێماوە بۆیە من و خەسووم و براژنەکەم و شەمیلەخان بەسەیارەی ئامر سریەکە بەرەو مەڵبەندی سێ ڕۆیشتین کە گەیشتین کاك سامان گەرمیانی پارەی بۆ سەرف کردین بۆ ڕۆیشتنمان بەرەو ئێران، بەڵام شەمیلە خان گەڕایەوە وتی من هاوسەرەکەم لەگەرمیان بێت بچم بۆ ئێران چی بکەم.

ئێمە بەڕێکەوتین بەرەو گوندی گوڵان، ناردمان بەشوێن براکەم کە لەگەرمیان بوو هەر هەمان ئامر سریە چوو براکەمی هێنا بۆ گوڵان بەسەیارەی جاش بردیانین بۆ شاخی ئەستێرۆکان لەوێ براکەم و زاوایەکی خەسووم لەبارەگای کاك ئازاد هەورامی بوون، ئێمە دوو سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە دوایی لەئەستێرۆکان بەوڵاخ ڕۆیشتین یەکەمجار بوو سواری وڵاخ ببم، تا گەیشتینە ئالوەتان چووینە ژێر خەیمە کەپرسگەی یەکێتی لێبوو وەرەقەیان بۆ کردین چووینە ناو سەردەشت، دوایی چووینە بانە خانوومان گرت بەکرێ، دواتر چووینە کانی دینار لەمانگی گەلاوێژی ١٩٨٨ دا بەتەنیا لەگەڵ خەسووم و براکەم لەخانوویەکدا بووین، دوو ساڵ چاوم بەهاوسەرەکەم نەکەوت ئەو لەگەرمیان بەپارتیزانی مابووەوە، دواتر هات بۆ ئێران هاوسەرەکەم پێش ڕاپەڕین بۆ ئازادکردنی کوردستان گەڕایەوە، ئێمەش چووینە سەر سنووری گۆخڵان لەمانگی پوشپەڕی ١٩٩١دا چووینە تەینال، برایەکم لەئازادکردنی کەرکوکدا شەهیدبوو. لەدواییدا دەڵێم ئێمە زۆر ماندووبووین با لەیادنەکرێین و نەخرێینە پەراوێزەوە.

## شوکریە محەمەد عەلی

شوکریە محەمەد عەلی ئەو ژنەماندوەیە کە لەترسی زیندانەکانی بەعس دەبوو هەمیشە لەماڵاندا خۆی بشارێتەوە، چونکە چاوی دوژمنان و تەمعکاران زۆر بەتوندی لەسەر شاری کرکوك بوو.
من لەشاری گڕو گڵپەو بڵێسەی کەرکوکی ئازیز هاتوومەتە ژیانەوە، هاوسەرەکەم ناوی عەبدوڵڵا عیزەدین-ە لەساڵی١٩٨١دا رێگای شاخی گرتەبەرو بوو بە(پ.م)، ئەوکاتەش سەرانی رژێم زۆر بەتوندی چاودێریی ماڵە (پ.م)یان دەکردو ئازاریان دەدایین و راپێچی زیندان دەکران، بۆیە منیش لەژیانێکی سەختدا دەژیام هەر ماوەیەك لەجێگایەکدا خۆم حەشار ئەدا، تادانوستانەکەی ١٩٨٣ دەستیپێکردو چووین لەگوندی(حەسار)ی نزیك کەرکوك نیشتەجێبووین، دوای دروستبوونەوەی شەڕو بەبنبەستگەیشتنی دانوستانەکە ئەو ناوچەیەش کەوتە ژێر مەترسییەوە، بۆیە چووینە گوندی (قەفار)ی ناوچەی شوان و بۆ ماوەی دوساڵ لەوێ ماینەوە، لەهەڵمەتی پەلاماردان و هێرشی رژێم بۆ ئەو ناوچەیە لەساڵی١٩٨٧دا دێهاتەکانی ئەو ناوچەیە هەمووی تەختکران و بەناچاریی بەماڵەوە چووین بەرەو گوندی (دەلۆ)ی ناوچەی شوان تا ئەنفالەکان لەوێ ماینەوە، بەڵام ژیانێکی سەختم هەبوو لەژێر بۆردومان و تۆپبارانی فڕۆکە لەناوچووەکانی رژێمدا، سەرەڕای ئەوەش ئەرکی خێزان بەسەرشانی منەوەبوو، بەبەردەوامیی هاوسەرەکەم لەجەولەو لەشەڕەکاندابوو، لەکاتی ئەنفالدا رووەمکردەوە شاری کەرکوك و دواتر بۆ هەولێر، پاش مانەوەم بەچەند مانگێك لە٢٥ی خەرمانانی ١٩٨٨دا بەرەو ئێران رۆیشتم، لەمەرزی (بادیناوا) دومانگ ماینەوە، دواتر چووینە شاری(سەقز)و لەوێ بۆ ماوەی ٣ساڵ نیشتەجێبووین، لەمانگی جۆزەردانی١٩٩١ گەڕاینەوە کوردستان، لەئۆردوگای بنەسڵاوە لەهەولێر نیشتەجێبووین و دواتر گەڕاینەوە بۆ سلێمانی لەگەڕەکی ئاشتی نیشتەجێبووین.
هەموو ئەو روداوانە بەسەرهاتی تاڵ و ناخۆشبوون جگە لەزیانی ئابووریی و تاڵانکردنی چەندین جارەی ماڵ و سامانمان و چەندینجار ژیانمان لەمەترسیدا بووە لەژێر هێرشی دووژمن و بۆردومانی کۆپتەرو ئابلۆقەی دێهاتەکان و کەمینی شەوانە.

## کوردستان حەمە رەحیم

کوردستان حمە رەحیم ئەو مرۆڤە شۆڕشگێڕو لەخۆبردووەیە کە لەسەرەتای تەمەنیەوە کەوتە ناو زۆرانبازی سیاسەتەوە بەهۆی خێزانەکەیەوە کەشەهیدێکی دەبوو، ئەم ژنە خۆڕاگرە نەیدەوت خۆزگە شەهید نەبوایە بەڵکو دەیگوت خۆزگە ئەوەندەی ترمان پ.م بوایە خۆی فیدابکردایە بۆ نیشتمان، ئەم خاتوونە لەزاری خۆیەوە قسەمان بۆ دەکات:
من لەشاری بابەگوڕگوڕی پڕ لەنەوت و سامان هاتوومەتە ژیانەوە، باوکم پ.م شۆڕشی ئەیلول بوو، هەر لەو شۆڕشەدا لەساڵی ١٩٧٢ بۆ ١٩٧٣ لەشەڕی پیرکە دا برایەکم شەهیدبوو بەناوی حسێن، من ئەوکاتە تەمەنم منداڵ بوو هەر لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێدا کاك

ڕۆستەمی برام بوو بەپ.م، لەبەرئەوەی زمانمان لێدرا بۆ ماوەی یەك ساڵ لەژێر چاودێری ڕژێمدا بووین، دواتر باوكمیان گرت، ئەركاتەی باوكم بەندبوو زوو زوو دەهاتنە سەرمان هەڕەشەیان لەدایكم دەكرد، ئێمەش چەند جارێك لەسەردیوارەوە بازمان دەدایە ماڵە دراوسێ بۆئەوەی خۆمان بشارینەوە.

هەموو كاتێك شاری كەركوك چاوی دوژمن و تەماحكارانی لەسەر بوو بەتایبەتی لەلایەن جەلادەكانی بەعسەوە، كەڕۆژانە خەریكی بەعەرەب كردن و بەبەعسی كردن و ڕاگوێزان بوون.

باوكم دوای ئەشكەنجەدانێكی زۆر پاش شەش مانگ بەربوو، بەڵام ئەوەندەیان ئازاردابوو سێ مانگ لەسەر جێگا كەوت.

هەر چالاكیەك لەناو شاری كەركوكدا دەكرا دەهاتن بۆ دڵشادی برام كە قوتابی ناوەندی بوو لەناچاریدا ناردمان بۆ موسڵ بۆ ئەوەی درێژە بەخوێندن بدات.

ئەوكاتەی من خوێندكاری پۆلی سێی سەرەتایی بوم لەلایەن ڕژێمەوە فەرمانی لەبەركردنی جلی تەلایع دەرچوو بۆ قوتابخانەكان بەڵام من وتم لەبەری ناكەم من بەس مەبەستم خوێندنە، بەڕێوەبەری قوتابخانەكەمان ناوی ست فایزە بوو بانگی كردم پێی وتم بۆ وتوتە جلی تەلایع لەبەرناكەم و بڕیارەكان دەخەمە ژێرپێمەوە، لەڕاستیدا من قسەی وام نەكردبوو بەس وتبووم جلی تەلایع لەبەرناكەم، نۆ داری لێدام هەموو پەنجەكانم ئاوسا، بەڕاكردن گەڕامەوە ماڵەوە هەر هەمان ڕۆژ بانگی دایكم و باوكمیان كرد وتیان دیارە ڕۆستەمی كوڕتان هەواڵی بۆ ناردون جل لەبەر نەكات ئەوان وەڵامیان دایەوە وتیان نەخێر ئەوە بڕیاری خۆیەتی لەبەرچاوی ئەوانیش لێیان دامو دەریان كردم لەقوتابخانە، لەهەمان كاتدا وانەكانی خوێندن بوو بەزمانی عەرەبی.

دوو ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە بەڕێكەوت پ.م هاتبوونە سەر قوتابخانەی ئازەنین كەمن لەوێ قوتابی بووم هەموو پەرتوكە عەرەبییەكانیان سووتاند، ئەو كارە بووە هۆی فەوتانی هەموو ژیانم وبێبەشی كردم لەخوێندن كە گەورەترین ئاواتی من بووە، هیچ قوتابخانەیەكی ئەوێ وەری نەگرتمەوەو بەتەواوی دابڕام لەخوێندن.

بەبەردەوامی ئێمە لەژێر چاودێری ڕژێمدا بووین تا ساڵی ١٩٨٠ بەخێزانی هەموومان گیراین، ئەوكاتە تەمەنم ١٢ ساڵ بوو ژن و منداڵیان بەرەو زیندانی پیریادی برد، باوكیشم لەمركز عام گیرا بۆماوەی سێ مانگ و چواردە ڕۆژ لەو زیندانەدا بووین، پاش دوو مانگ بەندێتیمان دڵشادی براشمیان بەكەلەپچەوە هێنا بۆ لای ئێمە، دواتر ناردیان بۆ بەندیخانەی فەزلیە لەوێ باری دەروونیم زۆر خراپ بوو هەمیشە سەرم لەكۆشمدا بوو، ڕۆژێكیان وەك گشت ڕۆژانی تر بیرم لەكاك ڕۆستەم دەكردەوەو پشتم لەو تەلەفزیۆنەدا بوو كە لەقاعەكەدا بوو، لەناكاو ئاوڕم دایەوە وێنەی سەدامی دیكتاتۆر لەسەر شاشەكە بوو منیش یەك تفم لێكرد، هەر لەو ژوورەی بەندیخانەدا جاسوسی تێدابوو ژنێك بوو بەناوی ئیمان، پاش چەند خولەكێك هاتن و بەقژڕاكێشان بردیانم بۆ ئەمنی عامەی بەغدا، كەوتنە هەڵواسینم بەكێبڵ لێدان و بەكارەبا سووتاندن ئێستاش شوێنەواری سووتاندنەكە لەسەر لەشم دیارە پەنجەیەكی دەستم و پەنجەیەكی قاچم شكا، پاش مانەوەم بەشەوو ڕۆژێك لەژێر ئازارو ئەشكەنجدا دوایی بردیانمەوە بۆ فزلیە.

پاش تێپەڕبوونی مانگێك بەسەر ئەو ڕووداوەدا لەکاتی چاوپێکەوتنی بەندیەکانی تردا نامەیەکیان بۆ هاتە ژوورەوە، کەتێیدا نوسرابوو پ.م یەکی ئازاو کۆڵنەدەر دروست بووە لەناو شۆڕشدا بەناوی مامە ڕیشە، منیش لەخۆشیاندا حاڵم نەبوو، چووم بڵاوم کردەوە بەناو هەموو بەندیەکاندا بەژن و پیاوەوە، کاتێك ئەو خۆرەی کەنەمان دەدی ماڵئاوایی لێکردین و تاریکی داهات، ئەمنەکان هاتنەوە ئەمجارە من و دایکمیان بردەوە بۆ ئەمنی عامەی بەغدا، یەکسەر دایکمیان بەقژ هەڵواسی، منیشیان بەدەست هەڵواسی بەهەموو شێوەیەك لێیان دەداین دواتر ناوی ساردیان پێدادەکردین، بەکێبڵ دەکەوتنە لێدانمان بۆئەوەی شوێنی لێدانەکە بناوسێ، پاش شەش کاتژمێر پشوودان منیان برد بۆ ژووری ئەفسەرەکە، لەسەر کورسیەك دانیشتم و کۆمەڵێ ڕەسمی پیشاندام وتی کامەیان مام ڕۆستەمە، منیش سەیری ڕەسمەکانم کرد وتم نایناسم من زۆر منداڵ بووم کە ئەو چووەتە شاخ، ڕاستەوخۆ یەك شەقی لەدەمم هەڵدا، بەکورسیەکەوە کەوتم بەزەویدا دانێکیشم کەوتە دەممەوە، چاویان بەستمەوە بەرەو شوێنێك بردیانم شەقێکیان تێهەڵدام بە١٥ پلەکەدا خل بوومەوە بۆ ژێرزەمینێك بورامەوە، کاتێك بەئاگاهاتمەوە شتێکی ڕەق چوو بەلاڕانمداو دواتر بەپێنج تەقەڵ بۆیان دروومەوە.

من سەرم و دەستم و دوو پەراسووم شکابوو، هیچ ئاگام لەدایکم نەماو بردیانم بۆ ژووری تاك زیندانی، کەچوومە ئەو ژوورەوە وام هەست دەکرد چەند ساڵێکە لەو ژوورەدا بەندم، چونکە باوکم ڕۆژانە باسی ئەو ژوورەی بۆ دەکردم کە منیش چوومە ناوی دوو شەوو دوو ڕۆژ بوو نان و ئاوم نەخواردبوو خەریك بوو لەتینواندا دەخنکام، چاوم گێڕا بەژوورەکەدا قوتویەکی بچووکی تێدا بوو لەناچاریدا میزی خۆم کردە قوتوەکەو خواردمەوە، بەو هەموو هیلاکی و ئەشکەنجەدانە وازیان لێ نەهێنام جەلادکان هاتن و هەردوو چاومیان بەستەوەو هەردوو دەستیشم، بەڵام سوێ چوو بەدڵمدا دەستم شکابوو، ڕایان کێشامە ناو سەیارەیەکەوە گوێم لەنوزە نوزێك بوو لەناو سەیارەکەدا کە گوێم هەڵخست دایکم بوو، بردیانینەوە بۆ فەزلیە بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ لەزمان کەوتم نەشم دەتوانی دانیشم، بەندەکان یارمەتیان دەدام.

خێزانەکەی ئەحمەد مەجیدو ماڵی شەهید سوارەو دکتۆر عاسی و خوشکەکانی شەهید ئازاد هەورامی شیرین و ژیان و شەوبۆ یارمەتیاندام، شەوبۆ خان لەو کاتەدا لەبەندیخانە تووشی ڕەبۆ بووبوو تەندروستی تەواو نەبوو هەر ئەوەش بووە هۆی شەهیدبوونی.

بەهەموویان خەریکم بوون داوای پزیشکیان کرد بۆم، دکتۆرەیەکی ئەقیبی کچیان بۆ هێنام و برینەکانی تیمارکردم وتی بیبەن بۆ دکتۆری عەسکەری، سواری سەیارەیەکی قەفەزیان کردم و بردیانم بۆ لای پزیشکێکی هیندی، پشکنینی بۆ کردم و وتی لەوانەیە مێشکی تێك بچێت چونکە خوێن لەگوێی هاتووەو چارەسەری بۆ نووسیم وتی دەبێت جگەرە بکێشێت، بەدەست ئیشارەتم کرد وتم زۆرم ڕق لەجگەرەیە وتی دەبێت بیکێشیت بۆئەوەی بیر لەژیانی خۆت نەکەیتەوە لەوکاتەوە فێری جگەرەکێشان بووم ئێستاش وازی لێ بهێنم مێشکم تێك دەچێت.

ماوەیەکی تر بەسەر بەندێتیما تێپەڕبوو لەناکاو کاتژمێر هەشتی ئێوارە دووبارە بانگیان کردەمەوە بەناوی بەربوونەوە، بەتەنها منیان لەخێزانەکەم جیاکردەوەو بەرەو ئەمنی عامە بردیانم لەوێ کردیانمەوە ژوورێکی تاک زیندانی، ناخۆشترین جێگا لەژیانمدا بینیبێتم ئەو ژوورە تاریکانە بوو، پاش چەند ڕۆژێك مانەوەم بردیانمەوە بۆ فەزلیە پاش دوو ساڵ و یەك مانگ بەندێتی بەو ژیانە پڕ لەئەشکەنجەیەو بێ هیچ چاوپێکەوتنێك، بەهۆی خاڵمەوە کەسەربازبوو لەمەهران لەساڵی ١٩٨٢ وەکو هەموو ئیشە بێ سەرەو بەرەکانی خۆی ڕژێمی بەعسی بەری داین بەڵام باوکم بەرنەبوو، کەگەڕاینەوە بۆ کەرکوك ماڵمان لەگەڕەکی شۆریجە بوو هەردوو خانووەکەمان بەشۆفڵ و بلدۆزەر تەخت کرابوو، هەر ڕۆژەو لەماڵە خزمێك بووین ژیانمان ئەوەندە سەخت بوو خۆزگەمان بەمردن دەخواست.

دوو مانگ پاش بەربوونمان فەرمانی گرتنمان دەرچوو لەلایەن ڕژێمەوە، من هاتم بۆ سلێمانی بۆ ماڵی خاڵم بەنامە پەیوەندیم کرد بەهێزی مامە ریشەوەو بەشداری خۆپیشاندانەکانی کارگەی جگەرەی سلێمانیم کرد لەگەڵ کرێکارەکاندا، لەترسی گرتن بەپێی پەتی ڕامکردو گەیشتمەوە چوارباغ، لێرەش ئاشکرابووم و گەڕامەوە بۆ کەرکوك چووم بۆ ماڵی پوورێکم لەگوندی کەوەڵە لەسنووری مامە ریشە، لەوێش لەگەڵ شەهید مارف دا کەوتمەوە کاری ڕێکخستن، پاش ماوەیەك مانەوەم گەڕامەوە کەرکوك لەخۆپیشاندانێکدا بەشداریم کرد، دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە کاك ئازم کەرکوکی بەماتۆڕێکەوە بەپەلە هات بۆ ماڵمان، وتی هەر ئێستا دەرنەچیت دەگیرێیت وەرە خۆم بەماتۆڕەکە دەرت بکەم، بەڵام دایکم وتی خۆم هەموو منداڵەکان دەربازدەکەم، دواتر دایکم بردینی بۆ گوندی قەواڵی پاش ماوەیەك مانەوەمان لەو گوندە لێبوردنی نهێنی دەرچوو لەلایەن ڕژێمەوە باوکم ئازادکرا، لەسلێمان بەگەوە هات بۆ لای ئێمە بۆ گوندی قەواڵی، پاش سێ مانگ پشوودان لەگەڵ دڵشادی برام بوون بەپ.م.

من بەنهێنی لەبەینی کەرکوك و گوندەکاندا کاری ڕێکخستنم ئەنجام ئەدا، تا جارێك لەگەڕانەوەمدا گیرام، بۆ ماوەی هەفتەیەك سەرانی ڕژێم نەیان ناسیم و هیچ زانیاریەکیان دەست نەکەوت وئیتر بەربووم، من لەگوندەوە بڵاوکراوەم دەگەیاندە شارو بەپێچەوانەشەوە فیشەك و دەمانچەم دەبردەوە بۆ شاخ، تا ساڵی ١٩٨٤ بووم بەسەرۆك شانەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، بارەگای پ.م لە هەر گوندێك بوایە ماڵمان دەبردە ئەو گوندە بۆیە بەماڵەوە بەرەو بناری شاخی سەگرمە ڕۆیشتین بۆ گوندی زەردەلیکاو نیشتەجێبووین، لەبەرئەوەی ئەو گوندە زۆر سەخت و شاخاوی بوو لەڕۆژێکی دەشت و دەر سەوزی بەهاری ١٩٨٤ دا بەرەو گوندی هەزارکانی ڕۆیشتین دواجار گواستمانەوە بۆ ژاڵەی ڕەبات.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ بوو لەوێ هاوسەری پ.م هەڵبژارد بەناوی عومەر سەنگاوی ڕۆژی مارەکردنم ٤ی ڕێبەندانی ١٩٨٥ بوو کە لەهەمان ڕۆژدا مامە ریشە شەهیدکرا، دوای سێ مانگ شەڕ دەستی پێکردەوە، یەکەم ماڵی پ.م گوندی دەرەواری خواروو بوو دوو مانگ بوو لەژیانی هاوسەریدا بووم کە شەڕی هەنارە ڕوویدا، هاوسەرەکەم لەشەڕەکەوە نامەیەکی بۆ ناردم وتی ئەچم بۆ سەرکردایەتی، پاش چوار مانگ گەڕایەوە، شەهید جەلال ئەمین ناسراو

بەمام جەلال گەرمیان، وتی بۆ نایەیتە پێشەوە هاوسەرەکەتم بۆ هێناویتەوە بەلام من لەسەرەتادا نەمناسیەوە ئەوەندە لاواز بوو سەرو ریش هاتوو چڵکن و هیلاك، پاش هەفتەیەك بەیەکەوە بوونمان شەڕی زیقانە ڕوویدا شەوو ڕۆژێك هێرشیان لەسەر بوو، زمانیان لەئێمەش دا جاشەکانی سەنگاو لەگەڵ شەش کۆپتەردا پەلاماریاندایین تەقەکردن بەئاربیجی و بیکەیسی تەقەیان لەفڕۆکەکان کرد، من و چوار پ.م تر بووین یەك شەهید هەبوو بەشینە ناسرابوو، بۆماوەی هەفتەیەك خەڵکی گوندەکە چۆڵیان کرد پاش ماوەیەك یەك هەفتە بەژانی منداڵبوونەوە بووم هیچ پێویستیەکی ژیان نەبوو، چوون سەیارەیان بۆ هێنام بمبەن بۆ کەرکوك باوکم و هاوسەرەکەم نەیانهێشت وتیان لێرە بمرێت گەلێك چاکترە نەك دەست پیاوانی ڕژێم بکەوێت، هاوسەرەکەم بەمەفرەزە چوو بۆ سەر کەرکوك کۆمەڵێ خەفیفەیان هێنابوو دایکی یەکێك لەخەفیفەکان مامان بوو بەپێوشوێنی کوڕەکەوەیەوە هاتبوو ماڵی ئێمەی دۆزیەوە، لەسەر دەستی ئەودا هەورامانی کوڕم لەدایك بوو.

لەساڵی ١٩٨٦ دا کە بوم بەدایك دەستم گیرا بەهۆی جگەرەگۆشەکەمەوە نەمدەتوانی لەگەڵ هاوسەرەکەم بچم بۆ جەولەو کاری پ.م ئەنجام بدەم بەلام کاری ڕێکخستنم هەر ئەنجام دەدا.

ڕۆژێکیان کوڕەکەم لەبێشکەدا بوو پ.م یەك میوانمان بوو، لەناکاو زرمە وناڵەی بۆردومان لایەکی ژوورەکەمانی داڕووخاند، بەپەلە کوڕەکەمان لەبێشکەکە دەرکێشاو بەرەو چەمەکە ڕامانکرد، گوندی دەرەوار شۆڕش و پ.م یان زۆر خۆش دەویست چەند ماڵە پ.م تر بەرەو ئەو گوندە هاتن، ماڵی مەحمود سەنگاوی، کاك سەمەد چەم سورخاوی و کاك ئەجم خانەقینی، لەو گوندە درێژەمان بەژیانماندا تا نەورۆزی ١٩٨٦ دوایی بەرەو مەسۆیی بەرگەچ ڕۆیشتین، کوڕەکەم تەمەنی پێنج مانگ بوو باوکی چوو بۆ حەملەی سەرکردایەتی لەو گوندەدا زۆر بێ کەسوکار بووم زۆر ناخۆش بوو بۆ من.

هاوسەرەکەم پاش حەوت مانگ گەڕایەوە، کوڕەکەم لەباوەش ژنێکی دراوسێماندا بوو ماچی کرد نەیزانی کوڕەکەی خۆیەتی نەیناسیەوە بەهەمان شێوە کوڕەکەشم نەدەچووە لای باوکی، دوای چوار ڕۆژ مانەوەی لەماڵەوە هاوسەرەکەم چوو بۆ شەڕی برزوو بالۆسە شەڕێکی زۆر سەخت بوو، پاش دوو مانگ گەڕایەوە یەك هەفتە لەماڵ بوو چوو بۆ سەرشاخی گولان ئەوکاتەی ئەو دەڕۆیشت هەموو ئەرکەکانی ماڵەوە بەسەرشانی منەوە بوو سەرەڕای تۆپ بارانی شەوانەو ڕۆژانەش لە١٦ی پوشپەڕی ١٩٨٧ دا کچێکم بوو، دوای یەك کاتژمێر کە فڕۆکەی هەنتەر کەوتنە بۆردومان کردنمان ئەوەندە هیلاك و بێ هێزو نەخۆش بووم نەمتوانی بجوڵێم وتم چی دەبێت بابێت هەتا بۆردومانەکە تەواوبوو، پاشان باش بوو بێ زیان بووین.

پاش هەفتەیەك باوکی گەڕایەوە ناوی نا دابان، ژیانمان زۆر سەخت بوو ئابلۆقەی ئابووری بوو بەتایبەتی بۆ ئەو ناوچانەی ئێمە، لەژێر گرمەو ناڵەی بۆردوماندا دەمانناڵاند دووبارە ئەمجارەش هاوسەرەکەم لە٢٢ی سەرماوەرزی ١٩٨٧ بریندار بوو ناردیان بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران، منیش وتم بەدوو منداڵی بچووکەوە چی بکەم لەو گوندەدا یا بەژیان

و مردن لەگەڵ ماڵی باوکمدا بم نەمزانی هێرشی ئەمجارە ڕاماڵینی یەکسەریە، بۆیە سواری تراکتۆر بووم و گەڕامەوە ماڵی باوکم، لەپرسەی شەهید ئاسۆو شەهید فەتح الله دانیشتبووین کە لەسەرکردایەتی شەهیدبوون لەناکاو سەرگوڵی براژنم شەرواڵێکی لەپێدا بوو ڕەنگی هەڵبزڕکاو بوو خۆی کرد بەژووردا وتمان چی ڕوویداوە وتی ئێوارە لەگەڵ خۆرئاوا بووندا گوندەکەیان بەبۆردومان وێران کردین و کاتژمێر دەی شەو هەڵیان کوتایە سەر گوندی ڕەبات و گرتیان.

پاش شەش ڕۆژ مانەوەم لەو گوندە بەدڵشادی برام وت تۆ چی دەکەیت وتی من بەهیچ شێوەیەك خۆم تەسلیم بەڕژێم ناکەم، هێرشی ئەنفالیش لەگەرمیان و دوزخورماتوو قادرکەرەم و کفری و کەلارو تیلەکۆو سەنگاوو دەربەندیخان لەهەموو قۆڵەکانەوە ئەهاتنەناوەوە، هێرشیش بۆ سنووری گەرمیان کراو منداڵەکانم دایە دەست دایکم و شەو لەگەڵ هێزی پ.م بەرەو گوندی مەسۆیی ڕۆیشتم هەرچی فیشەك و چەکمان هەبوو بەمەکینە گەیاندمە سنووری پ.م بۆئەوەی فیشەکیان لێ نەبڕێ، دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە لەگەڵ گوڵاڵەی خوشکمدا چوار تەشت ئاردمان کرد بەنان ئەو شەوە بۆ یەك چرکەش دانەنیشتم.

کە لەنانەکە بووینەوە هەشت سندوق فیشەك کە لەشەڕدا گیرابوو گەیاندمە سنووری تازەشارو ئەوجول کە دەکەوێتە سەر چەمی داوێ، پێش دەرکەوتنی گزنگی خۆر گەڕامەوە ماڵەوە، کچە ساواکەم شیرەخۆرە بوو نەخۆشیش بوو گرتمەوە ئامێزم و شیرم دایە، بۆ شەوی دوایی ئێمە بڕیاری ڕۆیشتنمان نەدابوو، لەپڕ بوو بەتۆپ باران و جەیش و جاش هێرشی کرد، بەبۆردومانەکە ژنێك و پیاوێك و منداڵێك شەهیدبوون زۆر بەپەلە ویستم بەدلەیەك بکەمە بەری هەورامانی کوڕم فریانەکەوتم هەتا گۆبەرۆکەکەشم لەبیرچوو، دایکم گەڕایەوە بۆی هێنام، بەدڵشادی برام گوت چی دەکەیت لەگەڵمان وەرە وتی ناتوانم دەست لەگوڵاڵەی خوشکم هەڵگرم، لەیەکتر جیابووینەوەو بۆ هەتا ئەبەد ماڵئاوایمان لەیەکتری کردو هەرگیز یەکترمان نەبینیەوە.

پاش چوار ڕۆژ دڵشادی برام و گوڵاڵەی خوشکم بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن لەگەڵ ئامۆزاو خزمەکانمدا، گوڵاڵەی خوشکم پاش حەوت مانگ و نیو بەربوو بەڵام دڵشاد تائێستاش چاوەڕوانین، پاش دیارنەمانی دڵشاد بەچوار مانگ خێزانەکەی کچێکی بوو ناومان نا چاوەڕوان، تا ئێستاش چاوەڕوانی ئەو باوکەیەتی کە نەیبینی، ئێمەش چوارشەو چوار ڕۆژ لەژێر مەرگەساتدا بێ نان و ئاو گەیشتینە قادرکەرەم، دوو مستەشاری لێبوو بەناوی حەمەی سلێمان و جەبارە درێژ بەباوکمیان وت مەترسە، سەیارەیەکیان بۆ هێناین پاش ماوەیەك مانەوەمان بەیارمەتی خزم و کەسوکارمان دەژیاین.

ڕۆژێکیان مریشکم پاك دەکرد لەپڕ جاشێك هات و شەقێکی لەمریشکەکە هەڵدا وتی چی دەکەیت؟ ئەمن سێ ڕۆژە بەشوێنتاندا دەگەڕێت. بەرەو کەرکوك ڕۆیشتین شەوێك لەماڵی پورێکم بووین لەگەڵ کازیوەی بەیاندا بەرەو سلێمانی هاتین دوو دوو دابەش بووین بەماڵاندا، ئەو گەڕەکەی منی لێبووم ئەو ڕۆژە پشکنینی لەسەر بوو بۆیە خاوەن ماڵەکە هەردوو منداڵەکەمی خستە حەشارگەیەکەوە کە گوێم لەدەنگی سەربازە عەرەبەکان بوو خێرا

دەمکەکەم ئاخنیە دەمی کچە ساواکەمەوەو دەستیشم توند خستە سەر دەمی کوڕەکەم کە نەگریاو لەحەشارگەکە دەترسا، من لەحاڵەتێکی دەروونی ئاڵۆزدا دەژیام، دوای ڕۆیشتینی جەلادەکان دەستم لەسەر دەمی کوڕەکەم لابرد تاسابوو، خێرا جووڵانمان،هەتا هۆشی هاتەوە، دواتر بەتەکسیەك چووم بۆ کارێزەوشك بۆ ماڵی خاڵی دایکم، لەکاتی نانخواردنی ئێوارەدا بووین کە سەرانی ڕژێم دایان بەسەر گەڕەکداو ماڵێکیان داڕووخاند لەبەرئەوەی ماڵە ئەنفالکراوی تێدابوو.

ئەو شەوەم بەترسێکی زۆرەوە ڕۆژ کردەوە ترس لەخۆم تا لەو ماڵەی تێیدا بووم بۆ بەیانی چووم بۆ ماڵی ئەسمەر، ژنێك بوو لەگەڵ پ.م کاری دەکرد ماڵیان لە وڵویە بوو، کە خۆم کرد بەماڵدا ماڵیان پڕبوو لەجاش، هەورامانی کوڕم پ.م کان فێریان کردبوو بڵێت جاش دەکوژم جاش ئەخۆم وای بەجاشەکان وت، مستەشارەکە وتی ئەسمەر ئەوە منداڵی پ.م-ە، ئەسمەر وتی باوکی گیراوەو سەربازە، وتیان ئەخێر ئەوە لەدەرەوە فێریان کردووە، ژنێکی تریشی لێبوو مستەشارەکە ماچێکی هەورامانی کردو پارەی دایە،پارەیشدابە ژنەکە ، بەهەورامانی وت جلی پێ بکڕەو ڕۆیشتن.

من لەوکاتەدا زۆر نەخۆش بووم گرانەتاکەم زۆری لێ پیس کردبووم، بردیانم بۆ لای دکتۆر فوئاد بابان، دوای ئەوەی پشکنینی بۆ کردم وتی کچم تۆ زۆر هیلاکی زۆر، تووشی خەفەتی زۆر بوویت، دەبێت خەفەتی تۆ چی بێت، ئەو ژنەی لەگەڵمابوو نەیهێشت من قسە بکەم وتی هاوسەرەکەی ئەفسەرەو لەشەڕی هەڵەبجەدا دیار نیە، دکتۆر فوئادیش منی ئەناسی وتی جا رۆڵە خەم بۆ دەخۆیت ئەی لەجێگای ئەو ژنە پ.م هەزارانە بێت کەس ناوێرێت جێگایان بکاتەوە، ئەو وشانە زۆر ترساندمی لەدڵی خۆمدا وتم ئاخر منیش لەوانم بۆیە دەردم گرانە، دواتر چووم بۆ چەمچەماڵ بۆ ماڵی مامم کەریم مامم زۆر ڕێزی گرتم وتی نەخۆشیت حەزت لەچییە بۆت بکڕم وتم مامە حەزم لەبینینی پ.م یە وتی پشت بەخوا پێشمەرگەش دەبینیەوە.

پاش هەفتەیەك مانەوەم لەناکاو دایکم و ڕەحمە کە ژنێك بوولەرێکخستن کاریان دەکرد خۆیان کرد بەژووردا وتیان عومەر ناردوویەتی بەشوێنتا نامەی بۆ ناردووین، لەبەرئەوەی ئەو ئێوارەیە بەدرەنگ گەیشتین شەو مامەوە، دەرەنگانێ ئەوەندەمان زانی کۆڵان و سەربان هەمووی گیرا بەجاش و پیاوانی ڕژێم بۆ پشکنین بەدوای ماڵە پ.م و ئەنفالدا، ماڵی مامم دایکمیان خستە ناو تەنووری نانەوە منیش ماڵی کچی مامم لەکۆڵانی پشتەوە بوو لەسەربانەوە بازمدا خۆم بۆ نەگیرایەوە چونکە نەخۆش و بێ هێز بووم دوو پەنجەی قاچم شکاو سەریشم شکا، کچە ساواکەیان بەتورەکە بۆ خستمە خوارەوە.

کڵۆپی کۆڵانەکانیش هەمووی ئەسووتا باخێك لەبەردەم ماڵەکەیاندابوو چووم بۆ خۆشاردنەوە لەناو گەڵا چڕەکانیدا وقوڕو لیتەی باخەکەدا دانیشتم خوێن بەسەرو شان و ملمدا دەهاتە خوارەوە، تا کاتژمێر سێی شەو کاك جەلالی مێردی ئامۆزاکەم وتی وەرە ژوورەوە کەسی لێ نەماوە، بەئازارەوە سەرخەوێکم شکاندو لەگەڵ سپێدەدا بەئاگاهاتم گەڕامەوە بۆ سلێمانی، چووم بۆ ماڵی ڕەحمە لەپشتی سەرقەبران بوون وتم دەلیلەکە کێیە

وتی پورە خەزانە سێ کوڕی پ.م خۆی دانیشتبوو بەمنی وت پارەت پێیە دەتوانیت بەپێ بڕۆیت، وتم بەڵێ بۆ ڕۆژی دوایی ئاڵتونەکەم فرۆشت و ماڵئاوایم لەدایکم کردو بەڕێکەوتم بەرەو ڕانیە، دواتر بەرەو تۆوەسوران، نەموێرا سواری وڵاغ ببم هەموو ڕێگاکەم بەپێ بڕی، کاتژمێر ١٢ی شەو گەیشتینە دەوارەکانی بن بناری قەندیل بەڵام لەبەرئەوەی گەنج بووم کەسی دڵسۆزم لەگەڵدا نەبوو نەموێرا تا بەیانی پێڵوەکانم لێک بنێم.

سپێدە بەڕێکەوتین بەرەو قەندیل لەسەر پردەکە بووین لەدواوە یەکێک بانگی کردم (دڵە)، لەخۆشیانا ناوکەمی بیرچووبووەوە، کەسەیرم کرد نەبەرد بوو، وتم بەڕاستی تۆ نەبەردیت چۆن من گەیشتوومەتە ناوچەی پ.م، لەخۆشیاندا خەریک بوو دڵم بووەستێت یەکسەر هەواڵی کاکم و هاوسەرەکەم پرسی وتی باشن بەڵام عومەر قاچێکی سەقەت بووە، وتم گرنگ نیە، دواتر هاوسەرەکەم هات بۆ لامان پاش حەوت مانگ و نیو لێک دابڕان ئەو جارەش بووینەوە بەیەک خێزان باوەشی کرد بەمنداڵەکاندا‌و زۆر گریا وتی کێ ماوە کێ گیراوە، وتم برایەکت گیراوە لەگەڵ دڵشادی برام و گوڵاڵەی خوشکم بێجگە لەکەسوکاری تر.

ئەو شەو لەماڵە دیموکراتێک ماینەوە دواتر چووین بۆ گوێزێ و ئالوەتان، پانزە ڕۆژ ماینەوە بەرەو بانە ڕۆیشتین، ئێمە زۆر هەژار بووین ئێرانیەکان ڕقیان لەناو عومەر بوو دەفتەرچەی خواردنیان بۆ نەکردین، ناچار هاوسەرەکەم ناوەکەی گۆڕی بەنەوزاد لەبەرئەوەی بێبەش نەبین لەخواردن، بەشداری یەکەم کۆبوونەوەی ژنانی شاخم کرد لەگەڵ هێرۆ خان و کافیە خان، لەکاتی پرسیارەکاندا یەکەم کەس من دەستم هەڵبڕی لەکۆبوونەوەکەدا هێرۆ خان وتی ناوت چیە وتم کوردستان چ ئیشێکتان هەیە ئامادەم بیکەم، ژنەکانی هاوڕێم وتیان خوشکی مام ڕۆستەمە دەتوانێت هەموو کارێک ئەنجام بدات، لەوێ پەیڕەوو پرۆگرامی دامێ منی لەکانی دینار دانا ئیشەکانمان بریتی بوو لەتێگەیاندنی ئەو خەڵکەو چۆنیەتی بەکۆیلەکردنی ژن و ماف سەربەخۆیی ژن و یەکسانی نێوان ژن و پیاو، ئیش کردنی ژنان لەبواری سیاسیدا لەکارکردن بەردەوام بووم تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ ماینەوە لەصمود، ماڵی خەزوورم نزیک بارەگایەکی ڕژێم بوو، لەکاتی ڕاپەڕین کەهێزی پ.م چوون بۆ گرتنی بارەگاکە ئەوانیش نامرۆڤانە کەوتنە تەقەکردن بەناو گەڕەکەکەدا خەسووم و خەزوورم شەهیدبوون دایکیشم لەبازیان هەر لەڕاپەڕیندا گولەیەک.بەر سنگی کەوت ئێستاش گوللەکەی تیایە.

خۆم هەر بەردەوام لەکارکردندا بووم لەساڵی ١٩٩٤ دا ئاسکۆڵ خان هات کردمی بەلێپرسراوی لقی شارەزوور، دواتر بووم بەپ.م لەهێزی ژنان ئەندامی کۆنفرانسیش بووم کەشەهیدێکمان دەبوو نەمدەوت خۆزگە شەهید نەبوایە بەڵکو دەموت خۆزگە ئەوەندەی ترمان پ.م هەبوایەو خۆی فیدابکردایە بۆ نیشتمان، هەورامانی کوڕم لەتەمەنی ١٦ ساڵیەوە بووە بەپ.م، جگە لەشەهیدبوونی باوکم و دوو برام و خوشکێکی تەمن یەکساڵم پەشیمان نیم لەو خەباتە سەخت و پڕئازارەی بەڕێمان کرد، بەڵام بەداخەوە بۆ هاوسەنگەرانمان من و هاوسەرەکەم چەند بەڕاستی و بەپاکی کارەکانمان ئەنجامدا بەڵام بەپێچەوانەوە هیچ ئاوڕێکیان لێ نەدراوەتەوە.

## مەحبوبە عەزیز مستەفا

ئەو ژنە ڕەنجدەرو تێکۆشەرەی تری کوردە کە ڕۆحی نیشتمانپەروەریی لەدەمارەکانیدا هاتوچوو دەکات، هەمیشە ئامادەبووە بەسەرو ماڵ‌ومنداڵ خۆی فیدابکات، بۆ ڕزگاریی مشتێ لەخاکی کوردستان.

من لەشاری کەرکوکی قودسی کوردستان لەدایک بووم، خێزانەکەمان سیمای کوردپەروەری پێودیاربوو، لەساڵی ١٩٨٢دا ئێمە سەردانی ماڵی خاڵمان کرد لەسلێمانی، خاڵم لەڕێکخستنەکاندا ئیشی دەکرد، ئەوە بوو ئێمە ئەمانوێرا بگەڕێینەوە کەرکوک چونکە ڕژێمی بەعسی زۆر توندوتیژ بوو، ڕوومانکردە شارباژێڕ، کە لەوێ بووین پ.م یەک بەناوی عەلی ئەحمەد محەمەد هات بۆ داوام من و کەسوکارم ڕازی بووین و ژیانی هاوسەریمان پێکەوەناو یەکەم ماڵی پ.م یمان لەگوندی قەڵاتێ بوو، پاش دوو مانگ بەیەکەوە بوونمان لەیەکتری دابڕاین بەهۆی داگرتنی دێهاتەکانەوە، ئەو ماوەیە من چووم بۆ سەید سادق بۆ ماڵی خوشکێکی هاوسەرەکەم، دوای نۆ مانگ هاوسەرەکەم ناردی بەدوامدا بچم بۆ گوندی کونجرین، ماڵمان لەوێ دانایەوەو ژیانمان لەخەیمەدا بردەسەر ژیانمان زۆر سەخت بوو لەوکاتەدا سکم هەبوو.

لەدوای دوو مانگ گەڕامەوە بۆ ماڵی باوکم کەلەگەڕەکی خانووە قوڕەکانی شاری سلێمانی بوون و لەکەرکوک دەرکرابوون، لەو زەمەنەدا بەشەوان لەگەڵ خوشك و براکەمدا بڵاوکراوەکانمان بەدیوارو عەمود دادەکوتی تا شەوێکیان لەلایەن ڕژێمەوە ئاشکرابووین، لەبەر ئەو هۆکارە ماڵی باوکم بەرەو قەڵاتێ هاتن ئەو ماوەیەی کە لەوێ بووین دانوستانەکەی بەینی ڕژێم و یەکێتی بوو من چوومەوە ماڵی خوشکی هاوسەرەکم، لەوێ بەختەوەری کچم هاتە ژیانەوە، دواتریش دانوستانەکە بەنبەست گەیشت چووینە گوندی بالخ، لەوێ لەژوورێکی ناو بارەگای پ.م کاندا دەژیاین حەوت ماڵ بەیەکەوە بووین لەو ژوورەدا بەژانی منداڵ بوونەوە بووم هیچ کەس لەخەڵکی گوندەکە نەدەهات بەدەنگمەوە، دەیانگوت ژوورەکەیان بەرامبەر ژووری پ.م کانە خەریك بوو دەمردم تا هەتاوخان کەخێزانی پ.م بوو هات و یارمەتی دام ناوکی منداڵەکەی بڕی.

تەمەنی کۆرپەکەم دوو ڕۆژ بوو بەرەو شاخە سەختەکەی دابان ڕۆیشتین بەو زەیستانی و نەخۆشیە لەرزم لێهاتبوو، لەبەر زۆری بۆردومان دوو شەوو دوو ڕۆژ لەو شاخە ماینەوە بێ نان و ئاو ڕەنگم زەرد بوو خەریك بوو دەمردم، هەر بۆیە هاوسەرەکەم وتی ئەگەر کوژراوم دەبێت بچم نان بهێنم بۆ ئەو ژنە زەیستانە پێویستی بەخواردنە، کە بۆردومانەکە سووك بوو لەسەرمان گەڕامەوە بۆ سلێمانی بۆ ماڵی شووبراکەم لەبەرئەوەی بارودۆخی ئەوکاتە ناتەواوبوو ئەوانیش ئەترسان خەسووم بردمیە ماڵەکەی خۆی ژوورێکی بەکرێ گرتبوو لەگەڵ ماڵێکی تردا، ماڵەکە حزبی بوون زوو زوو بەخەسوومیان دەوت ئەوە کێیە ئەویش وتی کچمەو لەسەید سادق هاتووە، پاش هەفتەیەك مانەوەم هاوسەرەکەم ناردی بەشوێنما بچم بۆ چۆخماخ، لەوێش ژیانێکی سەخت و پرئازارمان هەبوو لەخەیمەدا دەژیاین لەگەڵ ماڵی کاك بەکری حاجی سەفەر کەخێزانەکەی ناوی کافیە خان بوو، لەو گوندەدا کۆمەڵێ ماڵە پ.م ئێرانی لێبوو هەردوو ڕژێم تۆپبارانی دەکردین حاڵمان زۆر شڕبوو، خزمێکی هاوسەرەکەم شەهیدبوو من و کافیە خان کفنەکەمان بۆ دووری، دوای یەك هەفتە دایك و باوکی زانیان کوڕەکەیان شەهیدبوو هاتن بۆ سەر گۆڕەکەی.

پاش ساڵێك مانەوەم لەو گوندەدا بەرەو سلێمانی گەڕامەوە، من ژیانم لەژێر بۆردومانەکاندا زۆر خۆشتر بوو نەك گەڕانەوەمان بۆ شار، ئەبوایە هەر ١٥ ڕۆژ جارێك ماڵێکم بگۆڕیایە، تا هاوسەرەکەم ناردی بەشوێنما بەرەو گاپیلۆن ڕۆیشتم، کە گەیشتمە ئەوێ

دەبینم هاوسەرەکەم لەسەر کانی و ناوێك خەیمەی هەڵداوە، ڕاستە خوڕەی ئاوەکە دیمەنێکی ئێجگار جوانی هەبو هەوا فێنکەکەی سپێدەو ئێوارانی کە خۆر ماڵئاوایی دەکرد ئەشنەی دەدا بەژیان، بەڵام لەگەڵ ژیانێکی زۆر سەختدا لەکاتی نانکردندا دەبوایە بەدار نانمان بکردایە، لەترسی فڕۆکەکانی ڕژێم دەبوایە پ.م حەراسەتیان بگرتایە هەر فڕۆکە دەربکەوتایە ئێمە دەبوایە ئاگرەکەمان بکوژاناییەتەوەو ڕامان بکردایەتە ناو کونە تەیارەوە، جاری واهەبوو تا تەشتێ نانم کردووە زیاد لەسێ چوار جار هەستاوم ڕامکردووە ئاگرم کوژاندووەتەوەو ئاگرم دووبارە کردووەتەوە، ئەوەش کارێکی سەخت بوو چێشت لێنانیش بەهەمان شێوە.

کچەکەم نەخۆش کەوت بردم بۆ کارێزە هەفتەیەك لەوێ بووم چارەسەرم بۆ وەرگرت، هاوسەرەکەم لەجەولە گەڕابووەوە هەواڵی بۆ ناردم نەگەڕێمەوە ماڵەکەمان تاڵان کراوەو هیچمان نەماوە، دیسان بەرەو سلێمانی گەڕامەوە، پاش ماوەیەك بەرەو ماڵی خەسووم بەڕێکەوتم بەرەو پێنجوێن. تا یەك ساڵ کەسمان ئاگاداری ژیانی کەسمان نەبووین ئەوە بوو ناردی بەشوێنما بەرەو پارەزان ڕۆیشتین کەناوچەکە موحەرەمە بوو، لەشارباژێر ماڵمان دانا هەشت مانگ لەوێ بووین من گەڕامەوە بۆ سلێمانی منداڵەکانم لەماڵی باوکم بەجێهێشت و خۆم گەڕامەوە بەپارتیزانی.

من و کافیە خان و هەتاو خانی خێزانی کاك جەمالی حەمەی خواکەرەم لەگەڵ هێزی پ.م دابووین بەشەو جەولەمان دەکردو لەگەڵ هێزەکەدا ئەڕۆیشتین، بەڕۆژ نانمان دەکردو چێشتمان لێ دەناو خزمەتی ئەو هێزە گەورەیەمان دەکرد، هەر سێکمان لەچەند گوندێك دا جەولەمان کرد بایانە دەرەمیانە، پارەزان، قەڵاتی چۆخماخ، پاش ماوەیەك دایکم نامەی بۆ ناردم کەمنداڵەکانم بیرم دەکەن بۆئەوەی بگەڕێمەوە بۆ لایان، پاش دوو مانگ مانەوەم کەزانیم منداڵەکانم تەندروستیان باشە گەڕامەوە دەرەمیانە، پ.م کان بەشەو دەچوونە سەر مۆڵگاکانی دوژمن شەوو ڕۆژ لەژێر بۆردومان و جەولەکردندا بووین، بۆیەك ساتیش پشوومان نەدەدا چونکە ئەو ناوچانە محرمە بوو واتە قەدەغەکراوبوون.

دووبارە گەڕامەوە بۆ سەردانی منداڵەکانم لەسلێمانی، خاڵم هات بەشوێنما بردمیەوە بۆ ماڵی خۆیان، بەهیچ شێوەیەك نەمدەوێرا خۆم دەرخەم هەتا کاتی نەخۆشیش نەدەچوومە نەخۆشخانەو لای پزیشك، چونکە لەڕێکخستندا کارم دەکردو شتم زۆر لەسەربوو هەر بۆیە ڕێکخستنەکانی سلێمانی منیان بەشێوەیەکی نهێنی نارد بۆ سەید سادق دوو ناویان پێدام کەپێیان وابوو بەعسین خۆشیان سەر بەیەکێتی بوون، منیش ڕۆیشتم دەستم کرد بەپرسیارکردن لە ڕێکخستنەکان وتیان سەر بەڕژێم نین و خەڵك ڕاستیەکان نازانێت بەڵکو یارمەتی تەواوی پ.م دەدەن لەجلوبەرگ و خواردن و پێداویستیەکانی ژیان.

گەڕامەوە دەرەمیانە دوای ماوەیەك مانەوەمان چووین بۆ مەرزەکەی ئێران دووبارە گەڕاینەوە قەڵاتێ بۆ ناوچەی شارباژێر، بێگومان ئەو هاتووچۆیانە ڕۆیشتن بەپێ و لەژێر لێزمەی باران و بڕینی شاخ سەخت بوو، کەڕژێم کەوتە کیمیاباران بەسەرکردایەتی و هەڵەبجەو بەری قەرەداغدا ئێمە بەرەو ئێران بۆ شاری سەقز لەگەڵ ماڵی کاك جەمالی حەمەی خواکەرەم لەڕاپەڕین گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، من بەهۆی دەربەدەری سێ منداڵم لەخوێندن و قوتابخانە بێبەش بوون، ئێمە هەر خۆمان نەفەوتاوین منداڵەکانیشمان ژیانیان فەوتاوە، لەوکاتەدا منداڵەکەم تەمەنی حەوت ڕۆژ بوو باوکی لەشەڕەکانی ناوخۆدا بوو هاتەوە سەرێکی کوڕەکەی دا بۆماوەی نیو کاتژمێر و ناوی نا شکارو دوایی بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لێکردین ونەگەڕایەوە لەساڵی ١٩٩٥ دا لەشەڕی ناوخۆدا شەهید بوو ئەوەش گەورەترین کارەسات بوو بۆ من کە هاوسەرەکەم لەئازادی شەهیدبوو.

## مەهاباد نەجم حەسەن

مهاباد نەجم حەسەن كچە شەهیدێكی ماندووی تێكۆشەری ڕێگای خەباتە، زۆری سەختی و ناخۆشی بینیوە، بەلام لەهەمووی سەختتر، كە بەعسیەكان دەچوونە ناو خوێندنگاوەو داوای بەبەعسی بوونیان لێ دەكرد مهاباد لای خۆیەوە ڕەتی دەكردەوە هەر بۆیە بەبێ بڕوانامە مایەوە.

لەشاری گرو كێپەو بلێسەی بابەگورگور لەساڵی ۱۹٦۳ لەبنەماڵەیەكی كوردپەروەر هاتوومەتە ژیانەوە، كە من لەدایك بووم باوكم لەشاخ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوو دایكم ناوی لێنابووم زەینەب، بەلام كە باوكم گەڕاوەتەوە بۆ سەردان ناوی ناوم مهاباد.

لەساڵی ۱۹٦۳دا لەناوتاق نزیكی دەربەندیخان لەشەڕێكدا كەڕژێم هێرشی كردبوو بۆ ناوچەكە باوكم لەسەر دەبابە شەهیدكرا كەپ.م بوو لەگەڵ خالید ڕەباتی لێپرسراوی بوو.

پ.م كان قارەمانانە شەش كاتژمێر شەڕیان كردبوو تا تەرمەكەی باوكم دەست دوژمن نەكەوێت، من ئەو كاتە تەمەنم یەكساڵ بوو كە باوكم شەهیدكرا باوكی خۆم نەبینیوە، دایكم هەر منی هەبوو هەوەڵی تەمەنی و ژیانی گەنجێتی بوو، هەر بۆیەش من لەماڵی خاڵەكانم گەورە بووم، بڕوانامەی شارستانێتی واتە تەسكەرەی نفوسم نەبوو، خاڵم منی خستە قوتابخانە تا دەرچووم بۆ پۆلی یەكی ناوەندی، تەسكەرەیان بۆ كردم، باوكم كاتی خۆی پێش ئەوەی ببێت بەپێشمەرگە بەندبوو لەگەڵ ۱۵ زیندانی تردا ڕای كردوە، ئەوە هۆكارێكی گەورە بوو كەمن بێ ناسنامە مامەوە.

هەتا خاڵم لەساڵی حەفتاكاندا چوو بۆ بەغدا تەسكەرەی بەپارە بۆ دەرهێنام بە٦۰۰ دیناری ئەو ڕۆژە واتە پارەیەكی زۆر بوو، منیش بەردەوام بووم لەسەر خوێندن تا پۆلی سێهەمی ناوەندیم تەواوكرد. كاتێك كە لەناوەندی بووم لەشاری كەركوك زۆرجار پیاوانی ڕژێم دەهاتنە ناو قوتابخانەكانەوە، بۆئەوەی ببین بەبەعسی بەلام من لای خۆمەوە ڕەتم دەكردەوە.

كە لەناوەندی دەرچووم ویستم بچمە دارمعلمات یان خوێندنگە پیشەییەكان هەموو كات باروذۆخی ناوشاری كەركوك بۆ كوردەكان زۆر خراپ بووە. هیچ قوتابخانەیەك وەری نەدەگرتیت ئەگەر شەش مانگ خزمەتی بەعسێتی نەبوایە منیش لای خۆمەوە ئەوەم پێ قبوڵ نەبوو ببم بەبەعسی خوێنی شەهیدبوونی باوكم بەفیڕۆ بدەم هەر لەبەرئەو هۆكارەش بوو بێ بڕوانامە مامەوە.

لەڕۆژی ۲٤ی ڕەشەمێ ۱۹۸۰دا تازە درەختەكان چرۆیان دەكرد زوقم و سەرمای زستان بەرەو كۆتایی دەچوو بەرەو بەهارو ژیانەوە دەڕۆیشتین، كەوتمە ژیانی هاوسەریەوە لەگەڵ عەبدوڵا كەریم مەحمود كە ئەوكاتە مامۆستا بوو ئێستاش ڕۆژنامەنووسەو خاوەنی دوو بەرگی (ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال)ە بەتەمای بەرگی سێهەمیشە.

کە من بووم بەهاوسەری لەڕێکخستندا کاری دەکرد ئەندام پۆل بوو لەپۆلی شەهید ئازاد، ماڵمان لەسلێمانی بوو خۆشی مامۆستا بوو لەدارەبەش وهاتوچۆی دەکرد.

دواتر بوو بەمامۆستا لەگوندی جافەرانی سەوزی پڕ لەدارو درەخت، لەو گوندەدا منیش ئیشی ڕێکخستنم دەکردو خۆم نووسراوکانم هەڵدەگرت، تا ساڵی ١٩٨٤ وا ماینەوە، دواتر هاوسەرەکەم بوو بەپ.م و چووینە شاخ لەسەرکەڵو بەرگەڵو کادیری ڕێکخستن بوو.

لەشەوێکدا ورشە ورشی ئەستێرەکان لەناو شینایی بێ سەروبندا نقوم بووبوون، ئەوکاتە گەیشتینە گوندی مێوڵاکە کە یەکەم ماڵی پ.م یەتیمان بوو، لەو گوندەدا گشت کات ماڵەکەمان بارەگایەك بوو بۆ خزمەتکردنتی برا پ.م کان، ئێمە ئەو ڕێگایەمان هەڵبژارد لەپێناوی ئازادی نیشتماندا گوێمان نەدا بەسەختییەکانی ژیان، بۆ هیوایەك دەژیاین کە ئەوەی ڕۆژێك بێت لەسەر خاکەکەمان بەسەربەخۆیی بژین.

من کوڕو کچێکم هەبوو کچە هەشت مانگەکەم لەخواردنەوەی ئاوی پیسەوە تووشی نەخۆشی سکچوون و گورچیلە بوو، بردمان بۆ لای دکتۆر شاکری کەپزیشکی کۆمەڵەی ئێران بوو وتی ڤایرۆس چووەتە خوێنەکەیەوە، هەموو گیانی ئەو منداڵە ئاوسابوو، پەڵە پەڵە ببوو لەبەرئەوە بڕیارمدا بیمەوە بۆ شار.

خۆم و کچەکەم بۆ یەکەمجار لەژیانمدا سواری وڵاغ بووین ولەڕێگا کەوتمە خوارەوە، بۆئەوەی کچەکەم ئازاری پێ نەگات خۆم خستە سەرلا، کەوتم بەتاشە بەردێکدا سکم هەبوو ئازارم زۆر پێگەیشت، جگەرم ئازاری هەبوو قۆڵم بریندابوو، کە گەڕامەوە بۆ سلێمانی یەك مانگ لەنەخۆشخانە بەدیار کچەکەمەوە بووم نەمتوانی لەوە زیاتر بمێنمەوە خۆم گەڕامەوە، کچەکەم لەماڵی باپیری بەجێ هێشت.

دواتر گوێزراینەوە بۆ هەڵەدن ماوەی شەش مانگ لەو گوندەدا ماینەوە بەبەردەوامی بۆردومانمان لەسەر بوو من لەسەرەتادا نەدەترسام لەبۆردومانەکەو نەدەچوومە کونە تەیارەو تا پ.م بارەگای چریکەکانی ئێران پێیان وتم ئەوە بۆردومانەو مەترسیدارە ئەتکوژێت ڕاکە کونە تەیارەکەوە، هێشتا ئەوان وشەکانیان تەواونەکردبوو کەپارچەیەك کەوتە بەردەمم خەریك بوو بمکوژێت.

دواتر ماڵمان بردە گوندی گەڕەدێ پاش ماوەیەك لەو گوندەدا لە٧ی ڕێبەندانی ١٩٨٦دا کاتێ منداڵ بوونم نەبوو هیچ جلوبەرگ و پێداویستیەکی منداڵەکەم لانەبوو کەوتمە سەرژانی منداڵ بوون و کوڕێکم بوو بەڵام لای ئێوارەکەی بەڕێکەوت خەسووم هات بۆ سەردانمان، ژێرکراسەکەی بەری خۆی داکەندو پارچە پارچەیان کردو لەمنداڵەکەمانەوە پێچا، سپێدە خەسووم گەڕایەوە بۆ شارو جلوبەرگ و کەلوپەلی پێداویستی هێناو گەڕایەوە بۆلامان.

پاش ماوەیەك مانەوەمان بەرەو قزلەر ڕۆیشتین ماڵە گوندیەکان چۆڵیان کردبوو بەس سێ ماڵە پ.م ی لێبوو، پاش ماوەیەك دوو خێزانیان گەڕانەوە بۆ شار، بەس بەتەنها من مامەوە لەو گوندەدا گشت کات بۆردومان بوو ژیانم زۆر سەخت بوو.

ئێوارەیەکیان سێ پ.م دەسوڕانەوە هەر دەگەڕان بەناو گوندەکدا کەسی تیانەبوو نانیان بداتێ، من بانگم کردن بۆ ماڵی خۆمان و نانی ئێوارەم دانێ چەندەها ژەم خۆم نانم نەخواردووە خواردنەکەی خۆمم داوە بەبرا پ.م کان، ڕۆژێکی تریش لەسەر تەنورەکە نانم دەکرد، کۆمەڵێ پ.م هاتن بۆ سەر تەنوورەکە نانم دانێ من نەمتوانی بگەڕێمەوە ماڵەوە خواردنیان بۆ ئامادەبکەم.

لێم پرسین ئەو نانە وشکە بەچییەوە دەخۆن؟

وتیان لەڕێگا بەبەفرەوە دەیخۆین، من زۆرم پێناخۆش بوو زۆرم خەفەت خوارد خۆشم کچە شەهیدم باوکیشم ئاوا چەندەها ژەم نانی دەست نەکەوتووە بیخوات.

لەگوندی قزلەر جیهازێکی ڕاکاڵیان دا بەهاوسەرەکەم، لەبەر جیهازەکە ئاشکرابووین لای ڕژێم بەبەردەوامی تۆپباران بوو بەڵام دوای جیهازەکە ڕەسەدکانی بۆ ماڵی ئێمە بوو، هەر تۆپ بوو ئاڵەی دەکردو دەتەقیەوە چواردەورمان، لەناچاریدا کورەکەم بۆ بەخێونەکرا، لەبەر زۆری بۆردومان ناردمانەوە بۆ ماڵی خەزوورم، پاش ماوەیەك هاوسەرەکەم گوێزرایەوە بۆ گەرمیان لەگەڵ کۆمەڵەی نووسەراندا محمد کەریم و محەمەد موکری چووینە گوندی گەڕە چیا دوو منداڵی وردم پێ بوو، لەوێ هەردووکیان تووشی نەخۆشی پێست بوون، وەکو ئاوڵە دەبوو بەپیس و جەراعەت بەهۆی کێچ و مێشوولەوە، باوکی بردنی بۆ نەخۆشخانەی شۆڕش بۆ لای پزیشکەکەی گەرمیان گیراوەیەکی بۆ گرتنەوە چاکتر بوون.

دوای ماوەیەك گەڕاینەوە بۆ سەرکردایەتی جێگەمان نەبوو، چووینە مێرگەپان چوار ماڵ بووین، هەمووی بەفر بوو شاخ و دۆڵ و دەشت و دەر بەرگێکی سپی ئاودامانی پۆشیبوو، چاوی دەبردین، سەرەڕای ساردیەکەش بەبەردەوامی گۆرەوی و پێڵاوم لەپێدابوو قاچەکانم تووشی حەساسیەت بوو.

لەبەر سەرماو زوقم و نەبوونی گەرمی و ئەوە خۆشتن هەر نەبوو لەژوورێکدا دەژیاین کە دەرگاکەم دەکردەوە بەفرو باران دەهاتنە ژوورەوە، هەموو نوێنەکانمان تەڕ دەبوو، منداڵەکانم وەزعیان زۆر ناخۆش بوو سەرەڕای بۆردومانی کیمیاییش لەسەر ناوچەکە، ئەوە ژیانی ئێمە بوو ماڵی خەزووریشم لەسلێمانی گیران، دوو برای هاوسەرەکەم بەناوی سەردارو سالار دوو ساڵ بەندکران، خەزووریشم مانگێك بەندکرا خەسووم و دشێکیشم گیران و بەپاس بردیانن لەسەر شاخەکەی شەدەڵە بەریاندان.

ئێمە لەناو بەفرو سەرمادا بەژیانێکی کولەمەرگی دوو مانگ ماینەوە تا ئەنفالە بەدناوەکە دەستیپێکرد، لە٩ی ڕەشەمێ ١٩٨٨دا هەواڵمان پێگەیشت بەرەو سنوور بکشێینەوە، بەڕێکەوتین بەرەو شاخە سەختەکەی قاترۆڵی کە شاخێکی سەخت و بەرزو بەفراوی بوو،

کەقاچمان لەبەفرەکەدا دەچەقی بەحاڵ بۆمان دەردەهاتەوە، لەسەر ڕۆیشتنەکەمان بەردەوام بووین تا گەیشتینە یاخسەمەر، پێش گەیشتنی ئێمە یاخسەمەر بۆردومانی کیمیایی کرابوو، گازە بۆگەنەکەی هەواو ژینگەی پیس کردبوو، هەناسەمان بەگران بۆ ئەدرا بەپەلە لەو گوندە دەرچووین بەرەو دۆڵی شێخ محەمەد ڕۆیشتین خواردنی ڕێگەمان بەتەنها خورما بوو، ڕێگەکەمان ئەو تولە ڕێگا باریکە بوو هەموومان لەسەر ڕێچکەیەك بەڕیز دەڕۆیشتین، لەڕێگا ئارەقمان کردبووەوە، بەبەردەوامی بەفریش دەباری ئەگەر بوەستاینایە ڕەق دەبووینەوە.

دواتر گەیشتینە سەفرەو زەروون، هەڵوێست بەکۆڵی باوکیەوە بوو، سەنگەر تەمەنی شەش ساڵانم هەتا ناو خاکی ئێران بەپێ ڕۆیشت بەناو ئەو بەفرەدا.

گەیشتینە گوندێکی سەرسنوور، لاماندا پشوویەك بدەین جلەکانم لەبەری منداڵەکانم داکەند بۆیان وشك بکەمەوە، لەپڕ لەپاش چەند چرکەیەك دراینە بەر راجیمە مرۆڤ کوژەکانی بەعس، هەر فریای ئەوە کەوتین بەپەلە منداڵەکان بەڕووتی هەڵگرین و ڕابکەین، لەو ڕێگایە کارەساتی زۆر ناخۆشم بینی، دایك منداڵەکەی فڕێ دەدا، هەر خەڵك بوو لەشاخ بەردەبووەوە لەخەرەندەی هەزار بەهەزارو کەس نەیدەبینیەوە، مەرگەسات بوو مەرگەسات.

ڕژێمی ئێرانی لەسەر سنوور گواستینیەوە بۆ ناوشاری بانە دواتر چووینە سەقز لەئوتێلدا بووین، من بەهۆی سەختی ڕێگاکەوە نەخۆش کەوتم وەرەقەیان بۆ کردم بۆ بیمارستانی سینا لەتەبریز ٤٠ شەو لەو نەخۆشخانەیەدا لەژێر چارەسەردا بووم.

دوا گەڕانەوەم لەنەخۆشخانە لەسەقز دانیشتین بۆ ماوەی پانزە مانگ، من سێ ساڵ لەکوردستانی ڕۆژهەلات و لەئاوارەیی دەژیام، بەژیانێکی سەخت، ڕەسمی کوڕەکەم هەڵواسیبوو لەسلێمانی کە لەماڵی باپیری بەبەردەوامی بەچاوە پڕ لەفرمێسکەکانم سەیرم دەکرد، دەسەڵاتی ئەو زەمەنە سەخت و قورسەشم نەبوو لەدوای ڕاپەڕین کە گەڕاینەوە کوڕەکەم ئەمنی دەناسیەوەو نەباوکی، نەدەهاتە لامان ماوەیەك لەماڵی خەزوورم ماینەوە دواتر شوێنمان دەست نەکەوت سێ مانگ لەقوتابخانەی تیشکدا ژیاین، تا شوقەیەکمان دەست کەوت و چووینە ناوی.

## نەرمین نوری سەعید

ناوم نەرمین نوری سەعیدە لەدایکبووی سالّی 1956 کەرکوک -بلاخ. دایکی شەش منداڵم )بەهرە، ئامانج، زاگرۆز، ژیلۆ، رەنج و هانا.(

هەردوو قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیم لە کەرکوک تەواوکردووەو لەتەمموزی1976 دا بڕیاری پێکەوەژیانی هاوسەریم دا لەگەڵ محەمەد حەمە سەعید) کەساس جەباری(، بەژیانێکی مامناوەندی قایل بووین و ئیتر لەو قۆناغە بەدواوە هەستمکرد هاوسەرکەم سەروسەختی لەگەڵ ڕێکخستنی نهێنی و مەسەلەکانی کوردایەتی و شۆڕشدا هەبوو، لەو کاتەوە هەستم بەوە کرد وەك چۆن لەسەردمی باوکمدا هەمیشە دایکم و خێزانەکەمان هاوهەڵوێستی بۆچوونەکانی باوکم بووین، ئاوهاش دەبێ تێکەڵ بەو هەڵوێستەی هاوسەرەکەم بم.

هەمیشە لەبیری ئەوەدا بووین بچینە دەرەوە، هەر لەو ماوەیەدا هاوسەرەکەم لەپەروەدەی سلێمانی مامۆستای دواناوەندی بوو، ژیانێکی چەرمەسەریمان هەبوو هەمیشە لەفەسڵ کردن و گەڕانەوەدا بوو بەتاییەتی لەسنووری هەورامان و دووکان و سلێمانیدا.

شەڕی عێراق ئێران هات بەسەردا، گەلێ ناهەمواری بۆ سەر خەڵکی کوردستان هێنا .تا وەکو کۆتایی سالّی 1983 ئێمە لەژیانی بگرەو بەردەدا بووین، ئیتر هاوسەرەکەم چووە دەرەوەو پەیوەندی کرد بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لەسنووری کەرتی چواری جەباری تیپی(57) ی سەگرمەو کەرتی ڕێکخستنی بازیانی ئەوسا.

پاش ماوەیەك ئێمەش خۆمان کۆکردەوە لەناوچەی جەباری گوندی بانگۆڵ گیرساینەوە، دیسانەوە خۆ ڕاهێنان لەسەر ژینی لادێ ئەمجارەیان وەك دایکی منال و وەك خێزان و هاوسەری پێشمەرگە، هەر لەو ماوەیەدا دانووستانی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ڕژێمی ئەو سەردەمەی بەعس دەستی پێکرد، پاش ساڵێك تێکچوونی دانووستان و شەڕو پێکدادان و زیندە بەچاڵکردنی حەزەکانی گەل کورد بەرۆکی گرتینەوە.

هاوسەرەکەم مامۆستا محەمەد کەساس جەباری کادری کەرتی چواری جەباری بوو .ئەو کەرتەش وەك باقی کەرتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی هەمیشە لەچالاکی و بزاڤدا بوون، بەتایبەتی لەناو شاری کەرکوك و دەورووبەری گورزی کوشندەی لەهێزو دامودەزگاکانی ڕژێمی بەعس و پیاوەکانی و مەفرەزەو جاشەکانی دەوەشاند .ڕژێمی بەعس پیاو و سیخورەکانی خۆی تەرخانکردبوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و زانیاریدان لەکەسوکاری پێشمەرگەو کادرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و نەیارانی خۆی، بەو هۆیەوە خێزانی ئێمەش کەوتبووە بەر سەرنج و رامانی پیاوان و کاربەدەستانی خۆی و دەست و پێوەندەکانی.

زانیارییەکانیش ئەمانە بوون :هاوسەرەکەم کادری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵەیە، هاوسەرەکەشی کە منم وەك دکتۆرو برین پێچ تیمارو چارەسەری پێشمەرگە دەکات .کەس و کارەکەشی لەکەرکوك یارمەتیی دەدەن، هەروەها وەکو ئەوەی کە من هاوسەری ئەوم لەو نێوانەدا من وەك هاوسەری پێشمەرگە، وێڕای سەختی ژیان و پەلاماری

رژێم و مەفرەزە تایبەتییەکان بۆ سەر ناوچەکەمان، وێڕای دابڕانی تر لەشار، دیسانەوە لەگەڵ ژیانی گوندنشینی و شاخدا خۆم راهێنایەوە.

کاری سەرەکیم خزمەتکردنی گوندییەکان بوو لەدابین کردنی کەرەسەی پزیشکی و برین پێچی و دەرزی لێدان و چارەسەرکردنی نەخۆش و پێشمەرگە .من ئەو ئەزموونەم لەباوکمەوە فێری بوبووم .لەمڕووەوە زۆرێك لە پێشمەرگەکانی کەرتی چوارو کەرتەکانی ترم چارەسەرو تیمار کردووە، داو دەرمان و دەرزییەکانیش لەڕێگای رێکخستنەکانی شارەوە بۆمان دەهات.

هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە زانیارییەکان بگاتە دەستی رژێم و دەزگاکانی ئەمنی کەرکوك کە بووە هۆی ئەوەی سەرپاکی خێزانەکەم بگیرێن و لە بەندیخانەکانی رژێمدا توند بکرێن، کە تیایدا کچەکەم) بەهرە (تەمەن (6) ساڵان و کوڕەکەم ئامانج تەمەن 5 ساڵان و خەزوورم تەمەن (85) ساڵ و خەسووم (70) ساڵ، خوشك و برایەکی محەمەد) ئاڵاو کامل(، بێگومان ئەمەش کارەساتێکی لەڕادەبەدەر بوو هاتە پاڵ کارەساتەکانی تری ژیانم .

شەوی16/17 ی شوباتی ساڵی 1986 لەگەڕەکی شۆریجە ئەمن و سیخوڕەکانی رژێمی بەعس هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەمان، هەموو ئەندامانی خێزانەکەمانیان گرت و راپێچی زانیدانە تاریکەکانی خۆیانیان کرد، ئیتر دەنگ و سەدایان و سۆراخیان نەما .ئەم کارەساتە لەهەموو کەرکوك و ناوچەی جەباری دەنگی دایەوە، هەر لەگەڵ خێزانەکەی ئێمەش چەندین خێزان و کەس و کاری پێشمەرگە لەو سەردەمەدا گیران و حیجز کران، دواتر دەیانگێڕایەوە کە هەموویان بەچاو بەستراوەیی راپێچ کراون و لە بەندیخانەکانی کەرکوك و ئەمنی کەرامەو ئەمنی عامەو مەرکەزی موسەڵلاو پیریاری و هەولێرو سلێمانی و حەویجەو سوق ئەلشیوخی ناسرییە توندکراون و بەشێکی ئەو رووداوانە لەبیرەوەری منداڵەکان و ئاڵاو کامل و خەسوو خەزوورمدا بوون .بەداخەوە خەسوو خەزوورم ئەو گرتن و ئازاردانە بووە هۆی نەخۆشکەوتن و تەنانەت کۆچ کردنیان، چونکی کاریگەریی سەخت و ئازاری زۆری لەسەریان دروست کرد.

ماوەی ساڵێك و پێنج مانگ زیاتر بێئاگا لەدەنگ و باسیان وەك دایکێکی منداڵ بەندکراو وەك مەلێکی بێ هێلانە کە هەمیشە قسەو باس و دەنگ و سەداو گەمەکانیان لەخەیاڵ و هزرماندا دەخوولانەوە .هەر لەو ماوەیەدا مردنی مامم لەهەولێرو دایکم لە کەرکوك کە رووداوێکی خەم ئامێزو ناخۆش بوو هاتنە رێگام، لەوەش سەختتر نەمدەتوانی لەپرسەکەیان ئامادەبم، چونکە خۆشم فەرمانی گرتنم هەبوو کەهاوسەری پێشمەرگەو هاوکاری رێکخستن و هێزی پێشمەرگە بووم.

وێڕای ئەو تاڵییانە رووداوی تاڵ و ناخۆشی تر ئەوە بوو لەمانگی نیسانی 1986 رەنجی کوڕم تەمەنی (9) مانگ بوو، تووشی نەخۆشییەك هات چارەسەری لای خۆمان نەبوو بەناچاری لەژێر ناوێکی تردا بە تەسکەرەی یەکێکی ترو بەنهێنی و بەهاوکاری رێکخستن و دۆستان بردمە شار بۆ چارەسەرکردنی، ئەوەی کە زۆر کاری تێکردم بەلای ئەو مەرکەزەدا تێپەڕیم کە منداڵەکانمی تێدا بوو، لەوێش بەدزییەوە گریام و فرمێسکم هەڵڕشت .ئەمەش بووە مایەی ماتەمی ئەوانەی لەگەڵمدا بوون؛ پاشان زانیم ئەو منداڵە تەمەن نۆ مانگەش فەرمانی گرتنی لەلایەن رژێمەوە هەبوو، دەرکەوت لەدۆسییەی خێزانەکەماندا ناوی ئەویشی تێدا بوو.

دوای چاوەنواڕی لەبەربوون و ئازاد نەبوون، ئەندامە گیراوەکانی خێزانەکەمان بەچەند قۆناغێکی جیاجیادا ئازاد کران، ئەمەش هەتاوەکو ناوەڕاستی1987 ی خایاند، لەسەرەتادا هەردوو منداڵەکەم وپاشان خەسووم ونالای کچم لە کەرکوك ئازادکران، لەسنووری بناری گڵەوە درانە دەست مەفرەزەیەکی کەرتی چواری جەباری شەهید شێخ وریاو هاوڕێکانی هێنایانەوە بێگومان ئەمەش گەشبینییەکی زۆری پێبەخشیم

خەزوورەکەم سەید ئەحمەدیش لەسنووری کۆیە ئازاد کرا، بەڵام مامیان) کامل (ناسراو بە کامەران، پاش چەند مانگێك ئەویش ئازاد کراو یەکسەر لەکەرتی چواری جەباری بوو بە پێشمەرگە .ئیتر هەموو خێزانەکەم کۆبووینەوە، بەڵام هیچ شتێکمان بۆ نەمابوو، خانوو ماڵو ناوماڵ هەرچییەکمان هەبوو حیجزکران.

کارەساتی ئەنفالیش نەك بۆ ئێمە، بەڵکو بۆ هەموو کورد مەرگەسات بوو، سەرەتای پرۆسەی ئەنفالی بەدناو، محەمەد لەگەڵ هێزەکانی) ت(59ی حەمریندا لەدۆڵی جافایەتی بوو، لەیەکەم پەلاماری ئەنفال بۆ سەر سەرکردایەتی لەوێ بوو بۆ ماوەیەك لەیەك دابڕاین، لای ئێمەش باروودۆخەکە زۆر ئاڵۆزو ناهەموار بوو، خەڵکی بەرە بەرە چۆڵی دەکرد تا وایلێهات لەگوندا هەر ئێمەماینەوە، بەڕاستی ئەوە دۆخێکی زۆر ناخۆش و مەترسیدار بوو بۆ من.

ئیتر هێرشەکانی یەك، دوو، سێ و چوار دەستی پێکردو ئێمە بەر شاڵاوی ئەنفالی چوار کەوتین، کە سنووری گەرمیان -جەباری بوو، پێش مانگی نیسانی 1988 هەندێ شەڕو پێکدادان لەسنوورەکە هەبوو، لەوێ هێزی پێشمەرگەو پشتگیری شەڕی باشیان کرد. لەمانگی چواردا هێزەکانی پێشمەرگەی گەرمیان لەدۆڵی جافایەتی گەڕانەوە، ئەو هێزەی پێشمەرگە یەك ڕۆژیش نەحەسانەوە، منیش تەنها دوو ڕۆژ هاوسەرەکەمم بینی، پەلامارەکان دیسان دەستی پێکرد، خەڵکەکە گوندەکەیان جێهێشت و بەرەو چۆڵ و بەندەنەکان ڕۆیشتن، ئێمەش لەگەڵ ئەواندا خۆمان شاردەوە .پاش چەند ڕۆژێك کۆمەڵێ لەجاشەکان دەهاتنە ئەوسنوورانە خەڵکیان دەبردەوە، بەرە بەرە ناوچەکە چۆڵ بوو، ئیتر ئێمە سەرگەردان و ماڵوێران بەخۆم و منداڵەکانم بۆ ماوەیەك ماینەوە، پاشان لەڕێگای هەندێ خزم و ڕێکخستنەوە بەنهێنی دەربازکراین .بەشێکی زۆر لەو خەڵکە ئەوەی بەقسەی جاشەکان قایل بوون بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن.

لەو ڕزگار بوونەمان خێزانی پێشمەرگەی هەڤاڵ) چالاك (کە ناوی نەسرین بوو لەگەڵمان بوو .ئێمە بەرەو قەرەهەنجیرو کەرکوك و تەکیێ براین، لەوە بەدوا لەماڵە خزمان و دۆستاندا دەسوڕاینەوەو هیچ دەرەتانێکمان نەبوو، خەڵکیش نەیاندەوێرا نزیکمان بکەون .لەو ماوەیەدا لەگەڕەکی ئازادی لەخانوویەکی قوڕیندا کە یەك دوو مانگ پێش ئەنفال خەسوو خەزوورم بەنهێنی تیایدا دەژیان، ئێمە لەوێ لای ئەوان بووین، بەڕاستی خەڵکی ئازاو بەئەمەك و بەوەفاو کورد پەروەر بوون ولە شاردنەوەماندا هاوکارییان دەکردین، مانەوەی ئێمە لەچاوی ئەوانی ئەزانین و زۆر سوپاسیان دەکەم.

لەو ماوەیەدا دوای تەواوبوونی شاڵاوەکانی ئەنفال بەدزییەوە چەندجار دەچوومەوە بۆ جەباری بۆ لای محەمەد کە لەوێ لەگەڵ حەوت پێشمەرگەدا مابوونەوە، بەتایبەتی لەمانگی حەوت و هەشتدا، ئەوانیش فشاری کێومالْ کردن و پەلاماری کت وپڕی ڕژێم و جەشەکانییان

لەسەر بوو، ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە سێ ئامۆزای) ئەحمەد کانی بایزو عەلیو سەید(و ئامۆژنێکی بەکۆپتەر پەلاماریان دانو ئەنفالیان کرێن .من رۆژێك پێش ئەو شالاوە لەوێ بووم، بەڕاستی دڵەڕاوکێو ترس دایگرتبووم .خۆشبەختانە ئەوانی تر لەو شالاوە رزگاریان بوو.

لەوە بەدواوە لە کەرکوك جێمان نەبووەوەو بەناچاری چووینە سلێمانی، لەماڵی خزمێکماندا ماڵی کاك غازی ئەمین جەباری خۆمان شاردەوە، بەڕاستی پیاوێکی قارەمانو ئازا بوو، هاوسەرو دایکیشی قارەمان بوونو زۆر هاوکارییان کردینو دڵی منیان دەدایەوەو زۆر زەحمەتیان بەدەستمانەوە کێشاو زۆر سوپاسیان دەکەم .کە ساڵی ١٩٨٨ تەواو بوو، پێش ئەو ماوەیەش محەمەد پەیوەندی بەڕێکخراوی سلێمانییەوە کرد، هەڤاڵانی ڕێکخستن وەك لەم دواییەدا محەمەد ئەیووت ئەوان ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون، بەڕاستی ئەو هاوڕێیانەی لەسلێمانی دەوری کاریگەریان هەبوو لەمانەوەی ئەم خێزانەی ئێمە، هەر بەنهێنی خانوویەکمان بۆ دۆزرایەوە کە هی دۆستێك بوو لەوێ بەیارمەتیو هاوکاری ئەو هەڤاڵانە بەردەوامی ژیانمان دا، بەڵام زۆر بە دڵەڕاوکێو ترسو لەرزەوە.

ئەو مانەوەیەی ئێمە لەسلێمانی لەسەر بڕیاری ئەوساتەی شۆڕش بوو، یارمەتیشمان هەر هی ئەو هەڤاڵو ڕێکخستنانە بوو، بەتایبەتی شێخ عوسمان عەبدول بەرزنجیو مامۆستا ئەحمەد سالح وەك محەمەد دەیووت .لەکۆتایی ساڵی1990 دا گورزێکی ترمان لێوەشێندرا ئەویش گرتنی هاوڕێکانی بوو، ئیتر بەناچاریو بەنهێنی سلێمانیمان بەجێهێشتو چووینە چەمچەماڵ دیسان بەنهێنی .تەنانەت کەس پێی نەدەزانی و خۆمان پیشان نەدەدا، بەڕاستی ئەو کاتەش ڕژێم لەهەوڵی ئەوەدا نەمابوو چاودێریو گەڕان کەمتر ببووەوە بەهۆی سەرقاڵ بوونی ڕژێم بەداگیرکردنی کوێتو هەڵاتنی سەربازەکانی؛ ئیتر دیاردەی هەڵاتنو بێزاربوونی خەڵك بەرەو ئەوە دەچوو کە زیاد بێو دەسەڵاتی ڕژێم لەق ببوو.

ڕاپەڕین سەریهەڵدا، ئەو ڕووداوە بەلای ئێمەوەو بەلای هەموو کوردەوە لەدایك بوونێکی نوێ بوو، وەرچەرخانێکی مەزنو بێ وێنە بوو .ئیتر لەو کاتەوە خۆم لەناو ڕێکخستنەکانی ژناندا بینییەوە، لەچەمچەماڵ لەگەڵ هەڤاڵی خوا لێخۆشبوو وەزیرە خانو هاوڕێ سەبریو چەند ژنێکی تر کۆمیتەیەکی ژنانمان دامەزراند، من تیایدا کارگێڕ بووم، وەك ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەندام کەرتی ڕێکخستن بووم.

ئەوانەی پێشتر ڕووداوە ناخۆشەکانی بەشێکی ژیانم بوو، خۆشییەکانیش ئازاد بوونی منداڵەکانمو خێزانەکەمان .ڕاپەڕینو دامەزراندنی حکومەتو پەرلەمان و دامەزراندنم وەك فەرمانبەرو حسابکردنی ئەو ماوەیەی ناخۆشی ژیانم بەخزمەتی پێشمەرگایەتی، لەهەمووی خۆشتریش پرۆسەی ئازادکردنی عێراقو ڕووخانی ڕژێمی بەعسو دادگایی کردنی سەدامو داروودەستەکەی کە هەموو ئەو کارەساتە جەرگبڕانەی وەك گرتنی خێزانەکەم وبێسەروشوێنکردنی سەدان خزم وچوار جار ڕوخان وحیجزکردنی ماڵ و خانوومان و لەنێوچونی کتێبخانەکەمانی لەبیربردەوە.

سه‌دنیاو

## ئامینە فائیح حسێن

ئامینە فاتیح ئەو ژنە بوو کە بەپارتیزانی زۆربەی گوندەکانی بڕی، بەشەوی تاریک لەژێر لێزمەی باراندا و منداڵەکەی دابەستبوو بەکۆڵیدا.

من لەکریچنەی بناری سەنگاو لەخێزانێکی نیشتمانپەروەرو هاتوومەتە ژیانەوە، خۆمان لەشۆڕشی ئەیلولدا چوینە دیوی ئێران دوای گەڕانەوەمان بەچەند ساڵێك لەڕۆژێکی بەفرانباری ساڵی ١٩٨٣ شاخ و دەشت و دەرو بەرگی بوکێنی سپی پۆشی بوو کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ شەهید حەمە ڕەش کەریم عیسی کە پ.م کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، یەکەم ماڵی پ.م گوندی خاویێ بوو لەناوچەی قەرەداغ، پاش ١٢ ڕۆژ بەیەکەوە بوونمان هاوسەرەکەم چوو بۆ شەڕی ناوخۆ لەگوندی رەزڵەو پارەزان لەکاتی شەڕدا بەدووربین تەماشای هێزی بەرامبەری کردبوو لەوکاتەدا یەك فیشەکی قەناسە دابووی لەدووربینەکە دەموچاوی بریندار بوو بە٤٤ تەقەڵ بۆیان دروبۆوەو دانەکانی هەمووی شکابوو لێوی برینداربوو دەموچاوی لەسێ لاوە هەڵدڕابوو، سەرەڕای ئەوەش خۆشەویسترین هاوڕێ و هاوسەنگەری شەهیدبوو بەناوی خالید باڕۆیی.

تاکۆتایی ساڵی ١٩٨٣ لەگوندی خاویێ ماینەوە، دواتر گەڕاینەوە گوندەکەی خۆمان گوندی کریچنەی بناری سەنگاو، لەمانگی ڕێبەندانی ١٩٨٤دا کچە گەورەکەم بەناوی رۆژان لەدایك بوو کە ئێستا خوێندکاری زانکۆیە لەکۆلێژی یاسا دەخوێنێت، دوای بن بەست بوونی دانوستانەکە گەڕاینەوە گوندی خاویێ، دوای ماوەیەك ژیان بەسەربردن گەڕامەوە کریچنە بۆ سەردانی ماڵی خەزوورم، هاوسەرکەم چوو بۆ شەڕی دابان هەلاج پاش ماوەیەك مانەوەم لە١٥ی گەلاوێژی ١٩٨٥دا کەژوەستی کچم لەدایك بوو کەئێستا قوتابی زانکۆیە لەکۆلیژی پزیشکی دەخوێنێت.

تەمەنی ساواکەم دوو ڕۆژ بوو لەگوندی هەنارە شەڕ بوو گوندەکە چۆڵیان کردو هاتن بەرەو گوندەکەی ئێمە، خەڵکی گوندەکەی ئێمەش لەترسی بۆردومانی ڕەفتارفاشیەکان دایانە شاخ و ئەشکەوتەکان، منیش بەو منداڵە تەمەن دوو رۆژە بەو زەیستانیە لەترسی بۆردومان چووینە ئەشکەوتێك کەدواتر گەڕاینەوە ناو گوند تەمەنی کچەکەم سێ مانگ بوو باوکی گەڕایەوە دووبارە خۆمان پێچایەوەو بەرەو گوندی خاویێ گەڕاینەوە، لەوکاتەدا هەندێك لەپ.م کان چوون بۆ سەرجادەی سەنگاو بۆ رەبایەگرتن، لەڕێگا نۆ پ.م کەوتن بەسەر ڕەتڵی میندا و شەهیدبوون، لەکۆتایی ١٩٨٦ دا گەڕاینەوە گوندی کریچنە لە٢٩ی سەرماوەرزی ١٩٨٦دا هێزی پ.م دای لەسەنگاو هەر هەمان شەو کاروخی کوڕم لەدایك بوو لەژێر بۆردومانی فڕۆکەو هێرشی دوژمن و تۆپ باراندا، پاش چەند کاتژمێرێك بەسەر تەمەنی کوڕەکەمدا ئەرڕێشت بوو بەو زەیستانیە لەژێر لێزمەی باران و تۆپ بارانی فاشیەکاندا منیش کە هیلاك ناو لەگیانم دەچۆڕایەوە بەو مەلۆتکەیەوە بەرەو شاخەکان دەرڕێشتم.

من ژیانم بەدەردی سەری و سەختی بردەسەر، دوای شەڕەکە گەڕاینەوە ماڵەوە ئیتر ئێمە تا مانگی گەلاریزانی ١٩٨٧ بەو شێوەیە ژیانمان بردەسەر لەژێر بۆردوماندا، هاوسەرەکەم بەرەو ئێران ڕۆیشت تا مانگی بەفرانباری ١٩٨٨ گەڕایەوە خاکی نیشتمان

ئەوکاتە سەرتیپی ٥٣ی شیروانە بوو بەڵام نەگەڕایەوە بۆلای ئێمە بەڵکو بەرەو هەڵەبجە ڕۆیشت منیش بەسێ منداڵی وردەوە لەماڵی خەزوورم مامەوە، هەموو ڕۆژان سپێدە هەڵدەستاین کۆڵەپشتمان دەبەست و منداڵم دەکردە قەڵادۆشکان و بەرەو شاخ و ئەشکەوتەکان دەڕۆیشتین کەخۆرئاماڵئاوایی لێدەکرین و تاریکی بەسەرماندا دەهات دەگەیشتینەوە ماڵەوە، شەوانەش لەبەر شەوقە زەردەکەی چراکەمان دەبوایە نان بکەین و جل شتن و خۆشتن و چێشت لێنان بۆ ڕۆژی دوایی بەو شێوەیە ژیانمان گوزەراند هەتا نەورۆزی ١٩٨٨ بەرەو بناری شاخی ئاشداخ ڕۆیشتین، چووینە گوندی پێنج ئەموست سێ شەو ماینەوە.

بەیانیەکیان لەخەودا بووین خەڵکی گوندەکە لەدەرگاکەیان داین وتیان هەڵسن جەیش و جاش شاخەکەیان گرتووە، خزمێکمان تراکتۆری پێ بوو بەرەو گوندی مەسۆیی ڕۆیشتین تا دوانیوەڕۆ ماینەوە، دواتر بەرەو گوندی بنکە ڕۆیشتین ئێمە بەپێ گونداو گوندمان دەکرد لەناو قوڕو لیتاو لەژێر لێزمەی باران و تۆفاندا بەسێ منداڵی وردەوە من و هاوسەرەکەم چەند مانگێك بوو یەکترمان نەبینی بوو لەو گوندەدا یەکتریمان بینیەوە، پاش نانخواردنی نیوەڕۆ ڕۆیشتن و ئێمەیان بەجێهێشت وتیان لەناوچەی شێروانە شەڕە.

پاش ١٢ رۆژ مانەوەمان لەو گوندە بەرەو گوندی قولیجان رۆیشتین تەشتێ هەویرمان شێلابوو بیکەین بەنان بەجێمان هێشت وتمان ئێوارێ دەیکەین بەنان، ئێوارێ کە گەڕاینەوە کەس لەو گوندەدا نەمابوو ئێمەش تەشتە هەویرمان خستە سەر سەرمان و لەژێر لێزمەی باراندا ڕۆیشتین تا گەیشتینە قولیجانی سەرحەد، ئەو شەوە لەبارەگای پ.م ماینەوە تەپاڵەمان پەیداکردو هەویرەکەمان کرد بەخەپلەی بچوك بچوك بۆ رێگا، لەگەڵ سپێدەدا خەڵکی گوند چۆڵیان کرد ئێمەش چووینە بن شاخەکان، بەیانی لەگەڵ خۆرکەوتندا شەش حەوت ڕۆژ بوو چێشتمان لێ نەنابوو کەوتینە چێشت لێنان، مەنجەڵەکان لەسەر ئاگربوون هێشتا چێشتەکە نەکوڵابوو پ.م هات بەشوێنماندا بەناوی تەیب حسێن وتی جاش ئەو ناوەی گرتووە شەهید حەمە ڕەش وتویەتی بچن بۆ چەمن مامەراندکەچووین بۆئەوێ دوو سێ خێزانی پ.م ی لێبوو چێشتیان لێنابوو، نانمان خوارد.

شەوداهات لەگەڵ ئەو خێزانانەدا کەوتینە ڕۆیشتین لەژێر لێزمەی باراندا بەپێی پەتی پێڵاو لەپێماندا ئەما منداڵ بەکۆڵەوە گەیشتینە گوندی شەلەیی ئەو شەوە لەو گوندە ماینەوە، هاوسەرەکەم وتی من وام پێ باشە بەشاخەوە بێمنەوە بەپارتیزانی، نەگەڕێنەوە بۆلای ڕژێم، بەمنیشی وت ئەو دوو کچە بنێرەوە ماڵی باوکت، منیش سۆزی دایکایەتی ڕێگای نەدام یەکسەر دەستم کرد بەگریان وتم ناتوانم لێیان جیاببمەوە، هاوسەرەکەم وتی ئارەزووی خۆتە، هاوسەرەکەم وتی ئەمشە برۆن لەجادەی هەزارکانی بپەڕنەوە، بەڵام گزنگی خۆر دەرکەوت نەمانتوانی بپەڕینەوە، لامان دایە گوندێك بەناوی قەڵبەزە لوقمان تائێوارە تاریکی کرد چووینە پشت گوندی رەبات، ئەو شەوە لەو گوندە ماینەوە هێزی پ.م لەو گوندەدا ئەکشانەوە بەرەو سنوور.

هاوسەرەکەم گەڕایەوە پاش نانخواردن وتی من هێزی ٥١ی گەرمیان و ٥٣ی شیروانەو ٥٩ی حەمرین دەپەڕێنمەوەو ئەگەڕێمەوە بۆ لاتان.

ئێمە ئەو ماوەیە لەبن ئەشکەوتێکدا بووین بۆ بەدبەختی ئێمە زەوی ئەشکەوتەکە ئاوی پیادا دەڕۆی ناچار بەردی گەورە گەورەمان دەهێنا لەسەری دادەنیشتین، منداڵیش

لەباوشماندا بوو هەرچەند هەوڵمان بدایە قاچمان تەڕ نەبێ بێ سوود بوو، لەبارێکی سەختدا دەژیاین بەتایبەتی بۆ منداڵەکانم، خەو زۆر بەکەمی دەبووە میوانی چاومان. لەو شەوانەدا ماڵێکی پ.م لەهەمان ئەشکەوت دابوون بەناوی تەیب حسێن شاش منداڵی پێ بوو، خەندەکێکی بۆ هەڵکەندن و هەر شەش منداڵەکەی خستە ناو خەندەکەکەو بەتانی دا بەسەریانداو بۆ منداڵە چارەنووس نادیارەکانی ئەگریا.

کەهاوسەرەکەم گەڕایەوە چوینە ئەشکەوتەکانی پشتی ژاڵە، دەشەو ماینەوە بەر ڕۆژ لەئەشکەوتەکاندا بووین بەشەو کە خۆر خۆی لێ ئەشاردینەوە دەگەڕاینەوە بناری سەگرمە خەپلەی بچووکمان دەکردو دوو مەتارە ئاوی پێنج لیترمان دەبردو دەگەڕاینەوە بۆ ئەشکەوتەکە.

ماوەیەکی زۆر بوو بەپارتیزانی ئەم شاخ و شاخمان دەکرد، هاوسەرەکەم وتی بابگەڕێینەوە گەرمیان ڕژێم هەموو گوندەکانی ڕووخاندووە، گەڕاینەوە گوندی مامەران لەگەڵ سێ چوار خێزانی تردا ١٢ ڕۆژ ماینەوە، هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆ ناوچەی شێروانە وتی بزانم هێزی پ.م ماون ئەماون چی دەکەن؟

کە هاوسەرەکەم گەڕایەوە ئێمە یەك مانگ و نیو بوو لەو ناوچانەدا هاتووچۆمان دەکرد، نەمانتوانی خۆمان بشۆین جل نەبوو بیگۆڕین هەر لەناو ئەشکەوتدا ژیانمان بەسەردەبرد ئەسپێ تێیدابووین دەم و چاوی منداڵەکانمان بووبوو بەبرین، دواتر بەرەو گوندی فەقێ مستەفا ڕۆیشتین چوار شەو لەو گوندەدا ماینەوە مەلا ئەحمەد جیهازی بۆ کردین وتی لەناو ئەو گوندانەدا مەمێننەوە کە نەڕووخاوە چونکە جێگای مەترسیە، بەڵام مەخابن مەلا ئەحمەد و حەوت پ.م ی پارتیزانەکەی هاوڕێی ئەشکەوت بەسەریاندا ڕووخاو هەموویان شەهیدبوون.

دووبارە جیهازیان بۆ کردینەوە لەگوندا نەمێنین و بچینە شاخ، ئێمە چووینە دەرەوەی گوندەکە بەڵام زۆربەیان نەهاتن، لەناکاو لەکاتژمێر دەی بەیانیدا کۆپتەر هاتە سەرمان و کەوتە سەلیەکردن بەڕەشاش بەڵام کەسی نەبینی و گەڕایەوە، ئێمە ٦٠ کەس بووین هەموومان شلەژابووین تا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بەرەو باخەکان ڕۆیشتین هاوسەرەکەم وتی ژیان وا ناڕوات بەڕێوە، بەرەو چەمچەماڵ ڕۆیشتین نیشمان بۆ بکات بمان نێرن بۆ ئێران ئێمەش لەئەشکەوتدا ماینەوە تا گەڕانەوە بۆلامان دواتریش بەسێ شەوو سێ رۆژ گەیشتینە گوندی قیرچەی نزیك چەمچەماڵ بەشەو ڕێگامان ئەبری بەر ڕۆژ خۆمان ئەشاردەوە شەوێکیان زۆر هیلاکی ڕێگابووین بێ بیرکردنەوەو بێ ئەوەی سەیری ناوچەکە بکەین لێی خەوتین، کە بەناگاهاتین هەموو گیانمان مێرولە بوو لەسەر شارە مێرووڵە خەوتین، کە گەیشتینە چەمچەماڵ کوڕی کەریم ئاغا هات و سوار تراکتۆری کردین بردینی بۆ ماڵی خۆیان، کاتژمێر یانزەی شەو گەیشتینە ئەو ماڵە لەگەڵ کازیوەی بەیاندا بەڕێکەوتین بەرەو سلێمانی، هەر ئیمە لەو ماڵەوە بەڕێوە دەرچووبووین هەموویان بەخێزانی گیرابوون پێیان وتبوون ماڵە پ.م تان شاردووەتەوە پاش مشت و مڕێکی زۆر ئەوسا بەربوون.

ئێمەش سێ ڕۆژ لەسلێمانی بووین شەش ماڵمان کرد کەس نەیدەوێرا لەخۆیمان بگرێت لەو ڕۆژە سەختەدا لەڕێگای عەباس ئاغاوە گەیشتینە سەنگەسەر، چوار وڵاغیان بۆ گرتین بۆ تووەسوران لەوێشەوە تا بەیان ڕێگەمان بڕی بەوڵاغ، کاتژمێر هەشتی بەیانی

گەیشتینە سوورەدێ ئەو شەوە کاک قادری حاجی ئەلی چوار وڵاغی بۆ گرتین بەکرێ وتی شەو مەمێننەوە بڕۆن، ئەو زانیبووی کە ئەو شەرە هێرشە بۆ سەر مەڵبەندی سێ بەڵام لەبەر هیلاکی نەمانتوانی درێژە بەڕۆیشتنەکەمان بدەین، شەو لەقەڵاتوکان ماینەوە بەو مانگی جۆزەردانە زۆر ساردبوو شەو هەتا بەیان ئاگرمان کردەوە وتیان هێرشە لەناچاریدا دووبارە گەڕاینەوە گوندی سوورەدێ لەبەردەم قەندیلدا وەستابووین کە بەرگی سپی ئاودامانی پۆشیبوو بۆ ئەوەی یەک جێگاپێ پێوەببینرێت وشکایی بێت، من دڵم نەدەهات پێ بەبەفرەکەدا بنێم چونکە بەڕاستی دیمەنێکی جوانی هەبوو.

ئیتر وردە وردە لەگەڵ سەرکەوتنمان بەمنداڵە وردەکانمانەوە بەفرەکەمان دەشکاندو ڕێگایەکمان دروست کرد بەڵام تارادەیەک زۆر جوانی شاخەکەو بەفرەکەمان شێواند، لای ئێوارە گەیشتینە ماڵە دەوارنشینێک کەخەڵکی پشدەر بوون شەو لەوێ ماینەوە، بۆ بەیانی بەزۆر یەک قاچاغچی و یەک ئەسپمان هێناو کەوتینە ڕۆیشتن بەڕێگای هەڵەدا کەوتینە کەمینی ئێرانەوە، کەوتنە تەقەکردن لێمان خەریک بوو هەمووومان بکوژرێین، تەقەکان زۆر بوون لەناچاریدا دەستمان هەڵبڕی و ئاڵای سپیمان هەڵکرد لەناو ئەو بەفرە زۆرەی قەندیلدا هەر لەو کارەساتەمان کەمبوو.

دەیابەیەک بەرەو ڕوومان هات کە زانییان ڕێگامان هەڵەکردووە وتیان لەزەمانی شاوە کەس بەم ناوەدا نەڕۆیشتووە، بردیانین بۆ گوندی کەوپەڕ چووینە ماڵی شێخ صدرالدین کە سەرتیپ بوو لەپشدەر شەو لەوێ ماینەوە بۆ ڕۆژ دوایی چووینە مهاباد شەو لەئوتێل بووین دواتر چووینە سەقز پاش شەش مانگ مانەوەمان چووین بۆ کانی دینار هاوسەرەکەم بەپارتیزانی لەگەرمیان مابووەوەو کەسمان ئاگاداری ژیانی کەسمان نەبووین هەتا لەکۆتایی مانگی گەلاوێژی ١٩٩٠دا هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆ لامان، پاش ساڵێک و چوار مانگ دابڕان لەیەکتری دووبارە لەمانگی گەلاڕێزانی ١٩٩٠ کە گەڵای دارەکان خەزانی بوو زەویەکە زەرد دەچووەوە درەختەکان بەس لقەکانی مابوو، من و هاوسەرەکەم دوای ماڵئاوایی کردن لەیەکتری هەتا ئەبەد یەکترمان نەبینیەوە ئەو گەڕایەوە بۆ قوڵایی گەرمیان و منیش بەسێ منداڵەوە ئاوارە لەخاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لەکاتی ڕاپەڕیندا بیستمان شەهید زۆرە منیش هەمو دەمارەکانی دڵم گرژ بوو بروسکەیەکی ماتەمینییەک بەدڵماهات ئەوەک هاوسەرەکەم شەهید بووبێت.

لەگەڵ دشەکەم و هێورژنەکەمدا چووین بۆ هەواڵی بۆ مەریوان هیچمان دەست نەکەوت، ئێوارە کە گەڕاینەوە ماڵێ، گەڕەکەکەمان زۆر قەرەباڵغ بوو زۆر ترسام منداڵەکانم لەسەیارەیەکدا بوون وتم چی ڕوویداوە کەس هیچ پێ نەوتین، بۆ ڕۆژی دوایی هاتن بردیانین بۆ سەر مەرزەکەی باشماخ وتیان مامۆستا جەلال داواتان دەکات، دواتر بەرەو سلێمانی هێنایانین لەڕێگا سەیارەیەکمان بینی وەستا ئێمەیان ئەناسی پێیان وتین خێزانەکەی شەهید حەمە ڕەش-تان نەبینیوە لەڕێگا؟ یەکسەر زانیم هاوسەرەکەم شەهید بووە، بەڕاستی ناخۆشترین کارەسات بوو، هاوڕێی خەباتم و باوکی سێ منداڵم لەپێناوی ئازادیدا شەهید بوو. ئێستاش وەک دایکێک سەرپەرشتی منداڵەکانم دەکەم.

## ڕەزیە تەیب ساڵح

ڕەزیە خان ئەو ژنە چەلەنگەیە کە هەرگیز شاری نەدیبوو نە بەنەخۆشی و نە لەکاتی منداڵبووندا، ئەو کچی دێهاتەکانی ئەو شارەیە کەرکوک-کە هەتا ئەمڕۆش ، لەسەر ئاستی جیهانی لەگەرمەی ململانێ سیاسیەکاندایە.

لەگوندی هەنارەی سەر بەناحیەی سەنگاو لەخێزانێکی نیشتمانپەروەردا لەدایکبووم، باوکم ئەنجومەنی گوندەکەمان بوو پ.م یدابەش دەکرد بەسەر ماڵاندا.

من خۆم بڕیارمدا هاوسەری پ.م قبوڵ بکەم، لەو زەمەنەدا وشەی پ.م ناوێکی بەرزو پیرۆز بوو هەریەکەیان خاوەنی چەندان داستان و ئازایەتی و خۆفیداکاری بوون، خۆشم ڕێبازەکەم خۆشدەویست هەر بۆیەش هاوسەری پ.م بەناوی حەسەن عەبدوڵلا کەریم کە ئامۆزای خۆمە هەڵبژارد، ئەوکاتە کادری ڕێکخستن بوو منیش پشت و پەناو یاریدەدەری هاوسەرەکەم بووم بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و ڕاپەڕین.

یەکەم ماڵی پ.م یتمان لەگوندی هەنارە بوو، پاش سێ مانگ بەیەکەوە ژیانمان دانوستانەکەی نێوان ڕژێم و یەکێتی بەبن بەست گەیشت شەڕبووەوە، کەوتینەوە ژێر بۆردومانی فڕۆکەکانی بەعسی کە زۆر بەتوندی دەستی دادەگرت لەناوچەی کەرکوکدا هەتا ئەمڕۆش ئەو شارە لەگەرمەی ململانێی سیاسیەکاندایە لەسەر ئاستای جیهانی.

ئێمەی خەڵکی شارێکی پڕ لەنەوت و سامان هەردەم بەهەژاری ژیاوین و ڕژێمی ئەو سەردەمە پارەو سامانەکەی ئەدا بە بەناپاڵم و ساروخ و فڕۆکەو ئێمەی پێ بۆردومان دەکرد، پیشەو ژیانی ئێمەش ئەوە بوو لەگەڵ سپێدەدا کۆڵەپشتمان دەبەست و بەرەو شاخ و ئەشکەوتەکان دەڕۆیشتن.

جارێکیان بۆماوەی سێ چوار مانگ نەگەڕاینەوە لەناو شاخەکاندا جێگامان چاککردو ئەوێمان ئاوەدان کردەوە بەبەردەوامی من خەریکی نانکردن بووم بەتەنوور، ئاوم بەشان دەهێناو زۆر خزمەتی پ.م دەکرد، ئەگەر هاوسەرەکەشم لەماڵ نەبوایە من هەر خزمەتم دەکردو میواندار بووین.

لەساڵی ١٩٨٥ دا لەگوندی هەنارە کچێکم بوو زۆر هیلاك بووم بەسەریەوە، نەشمدەوێرا بچم بۆ نەخۆشخانە، دوای ماوەیەك بەرەو گوندی کربچنە ڕۆیشتین لەوێش بەهەمان شێوە لەژێر بۆردوماندا بووین هاوسەرەکەم چوو بۆ سەرکردایەتی ٢٠ ڕۆژ دوای ڕۆیشتنی ئەو، کوڕێکم بوو هەر لەگوندا تەمەنی کوڕەکەم ٢٠ شەو بوو باوکی هاتەوە، بەبەردەوامی هاوسەرەکەم لەجەولەو شەڕدا بوو، ماڵی خەزوورم زۆر جار شەوان لام دەخەوتن. ئەوانیش

بەهۆی هاوسەرەکەمەوە لەگوندی قەلاَ نەیانتوانی بژین لەبەرئەوەی نزیکی سەنگاو بوو هاتنە گوندەکەی ئێمە.

هاوسەرەکەم لەتیپی ٥١ی گەرمیان کادری ڕێکخستن بوو، ئێمەش لەناو گونددا ژیانمان نەبوو چەندەها جار چێشتمان بەسەر ئاگرەوە بوو ڕامانکردووەتە کونە تەیارە هەتا بڵێیت ژیانێکی سەختمان هەبوو، من زۆر بەکەمی هاوسەرەکەم دەبینی جاری واهەبوو هەر نەمدەزانی لەکوێیە.

بەو جۆرە ژیانمان بردەسەر تا ساڵی ١٩٨٨ ئەنفالەکان دەستیپێکرد، منیش بەماڵەوە چووم بۆ گوندی ڕەبات لەژێر لێزمەی باراندا ماڵەکەمان خستە تراکتۆرەوەو خۆمان بەپێ دەڕۆیشتین بەدوو منداڵی بچووکەوە هەموو گیانمان لەقوڕ اوو ئاو ئاودا خوسابووەوە.

هاوسەرەکەم پاش ماوەیەک گەڕایەوە بۆ لام وتی من دەچم بۆ هەواڵی ماڵی باوکم، ئەو ڕۆیشت گوندەکە کەوتە ڕاکە ڕاک و ڕۆیشتن، وتیان جەیش و جاش هات، کەوتمە ڕۆیشتن بەدوو منداڵی وردەوە لەژێر لێزمەی باراناو لەژێر تاریکایی شەودا بەبێ ئەوەی هاوسەرەکەم لەگەڵدا بێت، ئەو شەوە ئەوەندە سەخت بوو بەدەم باس ناکرێت تا گەیشتینە گوندێک لەناو تاریکی شەودا نقوم بووین نەماندەزانی ئەو گوندە کوێیە.

بەیانی کەخۆرمان لێ هەڵهات ژنێکی دراوسێمان وتی ئەوە گوندی کانی (بەکتاش)ە، لەوێوە ڕۆیشتینە گوندێکی تر ماڵی خەزوورم و هاوسەرەکەم بینیەوە بەرەو مەسۆیی سەرچەم ڕۆیشتین چوار ڕۆژ لەماڵی پورێکی هاوسەرەکەم ماینەوە لەگەرمیانی خواروو دواتر بەرەو گوندی سپێ سەر ڕۆیشتین، ماڵەکەمان تا ئەو گوندە هێنا یەک هەفتە ماینەوە جاش و ڕژێم هەر بەدوامانەوە بوون، ئێمە لەژێر تۆپ باران و لێزمەی باراندا هەموو ڕێگاکانمان بڕی.

ماڵەکەمان بەجێ هێشت ڕژێم دەگەیشتە هەر گوندێ وێران و خاپووری دەکرد، هەموو جوانیەکانی دەشێواند کلتورو کەلەپووری هەزاران ساڵەی خاکەکەمانی بەنوکی شۆفڵ و بلدۆزەر لەڕەگ و ڕیشە دەردەهێناو تەختی دەکرد نەک هەر من و منداڵەکانم لەزەحمەت و ناڕەحەتیدا بووین بەڵکو هەموو ئەو خەڵکە هەژارە زۆر حاڵیان خراپ بوو سەرەڕای هەموو ناخۆشیەکان هەژاریە لەڕادەبەدەرەکەمان کە ماڵە پ.م خاوەنی هیچ سەرمایەیەک نەبووین.

لەگوندی کێلەبەرز برایەکی شیری هاوسەرەکەم شەهیدکرا ئێمە پرسەمان بۆ دانا لەمەسۆیی چونکە ماڵی باوکی لەشار بوون. بەلاَم زۆرمان خۆش دەویست وەکو برایەکی ڕاستی وابوو گشت کات لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بوو.

کاتێک ئێمە لەو گوندەدا بووین ماڵی باوکم بینیەوە هەفتەیەک لەو گوندە ماینەوە لەهاوسەرەکەم دابڕ ام من لەگەڵ ماڵی خەزوورم بەرەو قادر کەرەم ڕۆیشتین لەئەنفالەکاندا.

حەوت تراکتۆر بەماڵەوە هاتن ڕژێمی لەناوچوو هەموو خەڵکەکانی بەجیا لەلایەکەوە کۆکردەوەو هەر حەوت تراکتۆرەکەی لەدەشتاییەکی لای قادرکەرەمدا دایە بەر تۆپ، بەڵام باش بوو هەموو ماڵ و کەلوپەل بوو.

من هەرگیز نەهاتبووم بۆ شار لەترسی گرتن، نە بەنەخۆشی نە بەمنداڵ بوون، لەترساندا هەر لەلادێ بووم. لەئەنفالەکاندا خاڵم گیرا تائێستاش بێ سەرو شوێنە بێجگە لەخزم و کەسوکاری ترمان.

من و منداڵەکانم و ماڵی خەزوورم چووین بۆ قادرکەرەم لەماڵی خزمێکمان بووین بەڵام نان و ناوی خۆمان جیاکردەوە تا زۆر نەبین بەئەرکێکی زیاتر بەسەریانەوە، پاش چەند ڕۆژێك وتیان هاوسەرەکەم لای قادر کەرەم بینراوە لەکەندرِ ی ئاودا خۆی شاردووەتەوە، براکەی بینیبووی، گەڕایەوە بۆ ماڵەوە خواردنی بۆ برد بۆ هەمان جێگا بەڵام ئەو ڕۆیشتبوو ئەو جێگایەی بەجێهێشت بوو، ئەوەش زۆر منی بێ تاقەت کرد، ئێمە دوو هەفتە لەو ماڵە ماینەوە ڕژێم وەکو هەموو پیشە نامرۆڤانەکانی خۆی بانگەوازی کرد هەرچی خەڵکی دێهاتەکانە بێن ئۆردوگایان بۆ دەکەینەوە، ماڵەکەی خزممان نەیانهێشت ئێمە بچین وتیان ڕژێم درۆ دەکات بەو شێوەیە خەڵك کۆدەکاتەوە، لەدوایش هەروا دەرچوو کۆمەڵێ خەڵکی هەژار بوون بەداوەکەی بەعسەوە.

ئامۆزایەکم من و هاوسەرەکەم و ماڵی خەزوورمی بەهۆی موستەشارێکەوە کەناوی فخرالدین بوو دەرکردو گەیاندینە چەمچەماڵ، پاش دوو هەفتە مانەوەمان هاتین بۆ سلێمانی ئامۆزایەکی ترمان دەستی هەبوو لەگەڵ ڕژێمدا چوو هاوسەرەکەمی هێنا بۆ ماڵی خۆیان لەسلێمانی.

سێ مانگ من هەر نەمتوانی هاوسەرەکەم ببینمەوە، ئێمەش کە هاتینە شارە خۆڕاگرو ئارامەکەی سلێمانی ماڵی خەزوورم خانوویەکیان هەبوو کرێچییەکە هەرزوو ڕۆیشت کەزانی بێ جێگەین، دراوسێکانمان یارمەتیان زۆر داین، ئێمە خاوەنی یەك قاپ نەبووین خاوەنی یەك بەتانی نەبووین بەڵام ئەو خەڵکە ئازاو خۆڕاگرە زۆری پێویستیەکانیان بۆ جێبەجێکردین.

هاوسەرەکەم گەڕ ایەوە بەڵام وتی بەهیچ شێوەیەك تەسلیم بەڕژێم نابمەوە هەر لەماڵی ئامۆزاکەی بەئیختیفا مایەوە، منیش لەماڵی خەزوورم بووم نەماندەوێرا بچین بەو ناوەدا، زۆر درەنگ سەردانێکی یەك کاتژمێریمان دەکرد، ئەو ئامۆزایەی ناوی ئیسماعیل بوو زۆر یارمەتی داین لەو ڕۆژگارە سەخت و تەنگانانەدا لەوێ ماینەوە تا لێبوردنی گشتی دەرچوو، گەڕ ایەوە بۆ سەربازیی و پاش چەند مانگێك تەسریح کرا.

## ڕێزان عومەر عەلی

ڕێزان خان ئەو دایکە زامدارەیە کەزۆری سەختی ژیانی بینیوەو ڕووبەڕووی چەندەها ناخۆشی هاتووە، من دەپرسم ئاخۆ دڵ و دەروونی ئەو دایکە چۆن بێت؟ کەوا دوو کۆرپەی لەدەست بدات بشزانێت کە لەنەخۆشخانەکاندا چارەسەری نەخۆشیەکانیان هەیە.

لەساڵی ١٩٦٤ لەگوندی مەسۆیی بەرگەچ لەدایک بووم، لەساڵی ١٩٧٠ماڵمان باری کرد بەرەو سەنگاو، لەساڵی ١٩٧٨ دا کەوتمە ژیانی هاوسەریەوە کەکوڕی خاڵم بوو بەناوی ئاسر ئامیق ڕەسول کە پ.م ی ناوچەی گەرمیان بوو.

ماڵی هاوسەرەکەم لەمەسۆیی سەرچەم بوو پاشان ژیانی هاوسەریم دەستپێکرد لەڕۆژێکدا کە هەورێکی چڵکن بەری ئاسمانی وڵاتەکەمی گرتبوو، من بەبووکی لەسەنگاوەوە گوێزرامەوە بۆ مەسۆیی سەرچەم.

کە هاوسەرەکەم خەریکی کاری پ.م بوو منیش خەریکی کاری ناوماڵ و منداڵ بەخێوکردن بووم، کوڕێکم بوو بەناوی ئاوات، لەساڵی ١٩٨٤دا کوڕێکی ترم بوو بەناوی ئارام لەتەمەنی ساڵ و نیودا بەهۆی نەخۆشییەوەو دووریمان لەپزیشك و دەرمان و نەمدەوێرا بگەڕێمەوە بۆ شار بۆ چارەسەرکردنی، ئیتر کۆچی دوایی کرد.

من چوار منداڵم بوو کچ و کوڕێکم بۆ ماوە، دوو کوڕم کۆچی دواییان کرد لەو کارەسات و مەرگەساتانەی بەسەرمدا هات بەتەنها خۆم لەماڵ بووم هاوسەرەکەم ئاگاداری مردنی هیچ منداڵێکیان نەبوو، خزم و دەرو دراوسێ ئاشتبویانن، هەموو بارە قورسەکان و نەخۆشیەکان و خەمەکان هەمووی لەسەر شانی خۆم بوون بەتەنها.

ماڵەکەشمان لەوپەڕی ئاوایی بوو بەهۆی ناسراویمان کەم شەو ماڵی ئێمە بێبەش بووبێ لەمیوانی پ.م، هەمیشە دەروازەی ماڵمان کراوەبووە بۆ هێزی پ.م لەخزمەتیاندابووین.

ئەو چەند ساڵەی لەو گوندەدا دەژیاین لەژێر ناڵەو گرمەی تۆپ باران و بۆردوماندا دەژیاین.

بارودۆخی نەك گوندەکەی ئێمە بەڵکو ناوچەکە هەمووی ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپی دەچوو بەتایبەتی ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ ئەو ناوچەیە بۆردومانی زۆر قورسی لەسەر بوو کرابوو بەناوچەی محرمە بەتەواوی لەکەسوکارم دابڕام لەسەنگاو.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٨ شاڵاوە دڕندانەکانی حزبی بەعس لەژێر ناوی بەنفالدا دەستی پێکرد، بەتەواوی شپرزە بووین و ڕوومان دەکردە دەرەوەی گوند، زۆرجار بەدرێژایی ڕۆژ لەگەڵ هەردوو منداڵەکەم و خەڵکی گوند بەرەو شاخ و ئەشکەوتەکان دەڕۆیشتین کە تاریك دادەهات دەگەڕاینەوە ناو گوند، ئەوکارەش هەر بەدەم خۆشە باسکردنی خۆت لەژێر

بۆردومانێدا بیت هاوسەرت لەشەڕو جەولەدا بێت بەهەموو قورساییەکانی ئەنفال لەسەر شانت بێت.

دواجار کە هێرشەکە لێمان نزیک بووە بەهەر حاڵ و دەردی سەریەک بێت بەپێ و لەژێر لێزمەی باراناو هەموو گیانمان لەقوڕاودا غەرق بوو خۆمان گەیاندە چەمچەماڵ بۆ ماڵی باوکم.

خۆم لەژیانێکی سەختدا دەژیام هەردەم مەترسی گرتن لەسەرمان بوو لەوساتە وەختە ناخۆشانەدا هەواڵێکی گورچك بڕم پێگەیشت کە شەهیدبوونی هاوسەرەکەم بوو لەگەڵ چەند پ.م تردا لەشاخی ئاژداخ، لەوکاتەدا بەبەردەوامی خەڵکی گوندەکانیان دەهێناو ئەنفالیان دەکردن، لەبەر ئەو بارودۆخە نەك هەر پرسەمان بۆ دانەنان بەڵکو نەشماندەوێرا بۆی بگرین، هەواڵی ئەوەشمان بیست کە لاشەکانیان لەلایەن ڕژێمی داگیرکەرەوە بێ سەروشوێن کراون.

لەساڵی ۱۹۸۸ تا ۱۹۹۱ ژیانێکی زۆر سەخت و ناخۆشم بەسەربرد، هەموو کاتێك مەترسی ئەوەمان هەبوو بگیرێین ماوەی ئەو سێ ساڵە لەماڵی باوکم دەژیام.

لەبەهاری ۱۹۹۱ دا کەراپەڕینە مەزنەکە دەستی پێکرد گەورەترین ئاواتم هاتەدی و خوێنی شەهیدەکانمان بەفیڕۆ نەڕۆیشت و بەرهەمی گەورەتری لێ کەوتەوە، بەبینینی پ.م شادمانی سەراپای ژیانی گرتەوە، هەر لەهەمان ساڵدا لەکۆڕەوەکەدا لەگەڵ ماڵی باوکم بەرەو ئێران کەوتمە ڕێ ، لەئۆردوگای قەدەری شاری مهاباد بۆ ماوەی سێ مانگ مامەوە، دواتر لەگەڵ ماڵی باوکم گەڕاینەوە شاری سلێمانی و لەگەڕەکی خەبات کرێچی بووین.

پاشان ی.ن.ك داوایان کردین پەیوەندی بکەین بەڕێکخستنەکانەوە، ئێمەش لەکۆمیتەی جووتیاران کۆبوونەوەیەکمان بەئەنجام گەیاند، تاچوار ساڵ بەردەوام بووم دواتریش پەیوەندیم کرد بە ی.ژ.ك تا ئەمڕۆش هەر ئەندامم.

من وەکو خۆم زۆر خاکەکەم و گەلەکەم خۆش ویستووە هەر بۆیەش بوومە هاوسەری پ.م و ئەو ژیانە سەختەم بڕی، لەژیاندا زۆر خۆشحاڵم کە هەموو ماندووبوونەکانی ئێمەو خوێنی شەهیدان بەفیڕۆ نەڕۆیشت و بەرهەمەکەی ئەوەیە بەئازادی دەژین.

## زوهرە عەبدولعەزیز

زوهرە عەبدولعەزیز لەمیانەی قسەکردن لەسەر شەهید بوون و ناشتنی هاوسەرەکەی چاوەکانی بریقەیەکی زیاد لەرادەی تیادەبینرا، چاوەکانی پڕ لەفرمێسک بوون دواتر فرمێسک لەسەر ڕوومەتەکانیدا جۆگەلەی بەست.

لەداربەڕوولەی سەر بەناحیەی سەنگاو لەدایک بووم، لەساڵی ١٩٨٣ کەوتمە ژیانی هاوسەریەوە لەگەڵ شێخ جەمال گەرمیانی کە لەوکاتەدا پ.م بوو لەگوندی داربەڕوولە، هەر هەمان ساڵ ڕژێم بۆردومانی کردین و زیانێکی زۆری گەیاند بەناوچەکە، پاش ماوەیەک بەترس و لەرز گەڕامەوە بۆ سەنگاو کچێکم بوو بەناوی ئاڵاوە، دواتر گەڕامەوە بۆ داربەڕوو تۆپبارانێکی زۆرمان لەسەر بوو لەترساندا چووینە ژێر ئەو پردەی کە دەکەوێتە خوار گوندەکەوە، لەناو تەپ و تۆزو خۆڵی ئەو ژێر پردەدا ماوەیەکمان بەسەربرد.

لەساڵی ١٩٨٥دا ماڵمان بردە بانی مۆرد چونکە تیپی ٥١ی گەرمیان چووە ئەوێ، پاشان چووین بۆ کێلە بەرز پاش ماوەیەک مانەوەمان چووینە گوندی سێگمەتان تەنها هەفتەیەک ماینەوە دواتر بەرەو درۆزنە ڕۆیشتین، چوار ڕۆژ ماینەوە هاوسەرەکەم هات بەدواماندا شەو پێی وتین بچن بۆ تەپەگەڕۆس چونکە بۆردومانی زۆر لەسەر نەبوو، ئێمە کە لەوێ بووین ئاری کوڕم نەخۆش کەوت، بەشەو بردمان بۆ سەنگاو بۆمان دەرکەوت لەئەنجامی سەرمابوونی زۆردا تووشی ڕۆماتیزم و قەسەبات بوو، هەتا دوای ئەنفالەکان نەمانتوانی چارەسەری بۆ وەربگرین، تائێستاش کاریگەری کردووەتە سەر، ئێمە ماڵمان لەبانی مۆرد بوو دوو منداڵی وردیشم پێ بوو، هاوسەرەکەم ئێمەی برد بۆماڵی باوکم وتی دوای هەفتەیەک دەگەڕێمەوە بۆ لاتان، کەڕۆیشتین تا بیست ڕۆژ هەواڵمان نەزانی، تا ڕۆژێکیان لەنامەیەکی کورتدا کە بۆنی ئازایەتی و پ.م لێدەهات خەتی نووسینەکەی ڕەقی و خۆفیداکاری تێدا دەبینرا، نووسرابوو کەوا بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە منیش لەگەڵ براکەم گەڕامەوەو ٤٠ ڕۆژ چاوەڕوانی هاوسەرەکەم بووم ، تا ڕۆژێکیان سێ پ.م چوونە ماڵی خەسووم، منیش منداڵەکانم خەواندو چووم بۆ ماڵیان بەڵکو هەواڵێکی هاوسەرکەمیان لابێت کەلەشەڕدایە، دوای نانخواردن پ.م کان وتیان چیتان لێ بشارینەوە شێخ جەمال بریندارە، خەسووم زۆر بەپەلە و ڕاکردن چوو قورئانێکی هێنا وتی پێم بڵێن شەهیدە یان بریندارە، ئەوانیش بەگەروویەکی تاس و چاوی پڕ لەفرمێسکەوە وتیان شەهیدە.

لە١٥ی گەلاوێژی ١٩٨٦ هاوسەرەکەم لەشەڕی قەیوان ماوەت لەشاخی برزو باڵۆسە شەهیدبوو، بۆ هەتا هەتایە ئێمەی بەجێهێشت، پاش سێ ڕۆژ دوای شەهیدبوونی تەرمی هاوسەرەکەم گەیشتەوە لەو ساتەدا فڕۆکە بەسەر گوندەکماندا دەسووڕایەوە، خەڵکی گوندەکە هەمووی ڕایانکردو کەس لەگوندا نەما تەنها من و خەسووم و دشەکەم، لەدەورەی جەستەی ساردو خوێناوی هاوسەرەکەم دانیشتبووین و دەگریاین و هاوارمان دەکرد،

خەسووم بەتەواوی بێ هێزبوو ئاهەقیشی نەبوو، چەند کاتژمێرێک بەدیار جەستەی جگەرگۆشەکەیەوە ئەیلاواندەوە بینی وردە وردە مێژم تیا نەما، لای ئێواریٚ کەفرۆکە گەندەڵەکانی ڕژێم ئاسمانی گوندەکەیان چۆڵکرد خەڵکی ئاوایی گەڕانەوە ئاو گوندو شەهیدیان بەخاکی نیشتمان سپارد.

ئەوەش کارەساتێکی گەورە بوو بۆ من باوکی دوو منداڵم و سکیشم هەبوو هەشت مانگ دوای شەهیدبوونی باوکی (ئاگرین)ی کوڕم لەدایك بوو، چەند مانگێك لەداربەڕولە مامەوە ئەنفال لێمان نزیك بووەو بەرەو تیلەکۆ ڕۆیشتین کەدەکەوێتە نزیک کەلارەوە، لەوێشەوە بەرەو گوڕی ئەسپ دواتر بەرەو ئاوەخوێڕێ، شەو چووینە ماڵی حاجی حەمە فەرەج کەخزمی باوکم بوو، سۆپەرێکی پێ بوو بردینی بۆ ماڵی خۆیان، لەبازگەکاندا وتی ئەمانە ماڵ و منداڵی منن، گەیشتینە کەلار ٤٠ شەو لەماڵی ئەو بەڕێزە بووین، تا موختارەکە هات و پێی وتین ئەگەر ماڵە ئەنفال لەماڵتانە بابڕۆن چونکە پشکنین دەکەن وئێوەش تووشی گیروگرفت دەبن، ئەوە بوو ئێمەیان برد بۆ ماڵی مستەشارێك کەناوی حەمەی عیسا بوو سێ شەوو ڕۆژ لەوێ ماینەوە پاشان گەڕاینەوە ماڵی حاجی حەمە فەرەج یەك هەفتە مامەوە دووبارە وتیان تەحەرییە، بردمی بۆ گوندی کێژەکان کەنزیك گوندێکی عەرەبە، پاش دوو ڕۆژ مانەوەمان خزمێکی دایکم هات و ئێمەی برد بۆ جەلەولا پانزە ڕۆژ لەوێ بووین لەوێ ترسی کەمتر بوو، ئامۆزاکەی دایکم دکتۆر بوو لەنەخۆشخانەی عەسکەری بەسەیارە بردمی بۆ ماڵی خاڵم لەسلێمانی.

پاش ١٥ ڕۆژ مانەوەمان لەگەڵ ماڵی دایکم خانوومان گرت بەکرێ لەگەڕەکی حاجیاوای شاری سلێمانی، پاش چوار مانگ مانەوەمان خەزورم و باوکم لەشەڕی لای سەنگاودا کەوتنە کەمینی جاشەوەو لەیەك شەودا هەردووکیان شەهیدبوون، ماڵی باوکم ئاژەڵیان هەبوو هەموویان فرۆشت و دایان بەخانوویەك لەگەڕەکی حاجیاوا ژوورێکیان دا بەمن لەبەینی دوو تەواڵێتدا بوو زۆر تاریك بوو، من و منداڵەکانم بەژیانێکی کولەمەرگی دەژیاین خەڵك خێری پێ دەکردین، منداڵەکانم وەختی قوتابخانەیان هات تەسکەرەیان نەبوو تابچنە قوتابخانە، ڕۆژێکیان برازایەکی دایکم هات وتی لەپۆلی چەندن منیش وتم نەچوونەتە قوتابخانە لەبەر بێ تەسکەرەیی ئەویش زۆری پێناخۆش بوو وتی دەچمەوە بۆ چەمچەماڵ هەوڵێکتان بۆ دەدەم، لای خزمەکەیان وتبووی ئەو منداڵانە باوکیان بەنەخۆشی ڕیخۆڵە کوێرە مردووە زۆر هەژارن بەڵکو یارمەتیان بدەیت، کاك شێخ محەمەد هەواڵی بۆ ناردم کەڕەسمی منداڵەکانم بگرم و بچم بۆ چەمچەماڵ بۆ ئەو کارە، دایکم زۆر یارمەتی دام و هاوکارم بوو حاکم داوای شەش شایەتی کرد کە ئەم منداڵانە هی شێخ جەمالن، ئێمە ناوی منداڵەکانمان لەترسا گۆڕی ئاگرین بۆ ئاری برزو بۆ محەمەد تەسکەرەمان بۆ دەرهێنان پاشان بەرەو ئێران ڕۆیشتین لەگەڵ ماڵی خەزوورمدا لەوێ بەشداری ی.ژ.ک-م کرد.

## تەلعەت عومەر کاکە عبداللە

تەلعەت خان ئەو ژنە ماندوو هیلاکەی ڕێگای خەباتە بەهۆی ئەوەی خەڵکی ناوچەی گرو بڵێسەو ئاگر بوو زۆری سەختی ژیان بینیوە بەڵام لەهەمووی سەختتر ئەوکاتە بوو کە لەئەنفالەکاندا بەربوو، کچەکەیان لەنەخۆشخانەی منداڵان خست لەشاری سلێمانی، کەسی نەدەناسی لەو شارە خۆڕاگرەداو نەیدەزانی چۆن بگەڕێتەوە بۆ لای جگەرگۆشەکانی تری لەعەربەت.

لەخێزانێکی نیشتمانپەروەر لەشارۆچکەی سەنگاوی ئازیز هاتوومەتە ژیانەوە، لەڕۆژێکی ئاسمان ساماڵی ١٩٧٦دا کەوتوومەتە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ حەمە ڕەشید حەمە ساڵح، پاش ماوەیەك سەنگاومان بەجێهێشت و لەگوندی هەزارکانی نیشتەجێ بووین، ماڵی باوکم و خەزووریشم لەهەمان گونددا بوون.

ڕۆژێکیان لەگەڵ سپێدەدا دایکم بەئاگا هاتبوو کە سەیری کردبوو هەموو شاخەکان بەجاش و عەسکەریە گیرابوون، یەکسەر هاتبوو بۆ ماڵی ئێمە زۆری لەدەرگا دابوو ئێمە بەئاگا نەهاتبووین، هەر بۆیەش دەرگاکەی شکاندو هاتە ژوورەوە وتی عەسکەریە بۆ ئێرە هاتوون پ.م تان هەیە.

شوبرایەکم ڕایکردو ئەو دەرچوو، کۆپتەر بەسەرمانەوە بوو عەسکەریە هاتنە ناو گوند هەر زۆر زۆر بوون، من هێشتا منداڵم نەبووبوو ماوەیەك بوو لەژیانی هاوسەریدا بووم، لەگەڵ خۆرهەڵاتندا هاتنە ناو گوندەوە یەکسەر بەرەو ماڵی ئێمە هاتن من و هاوسەرەکەم و خەسووم و خەزوورم و سەعیدی برای هاوسەرەکەم و حەپسەی ژنی، هەموومان گیراین، ئێستاش سەرم سوڕماوە لەو ڕژێمە ڕەفتارفاشیە ئێمە شەش حەوت کەس بووین زیاد لە٧٠ زیلمان بۆ هاتبوو، سواری زیلیان کردین و بردیانین بۆ فیرقەی کەرکوك، لەڕۆژێکی ساڵی ١٩٧٨دا بوو گیراین هەر هەموومان لەژوورێکی بچووکدا دەست بەسەر بووین دەرەوەمان نەدەبینی جێگەی خەوتنمان نەبوو، نەیاندەهێشت بچین بۆ سەر پێشاو ئەوە خۆشتن هەر زۆر کەم بوو .ناوبەناو دەیانبردین پرسیاریان لێ دەکرین هەرچی پرسیارێکیان دەکرد، بەناژانم وەڵامیمان دەدایەوە.

پاش یەکساڵ بەندێتی بەژیانێکی زۆر سەختەوە من و هاوسەرەکەمیان بانگکردو خستیانینە سەیارەی سەوزی داخراوەوەو بردیانین بۆ چەمچەماڵ، دواتریش بردیانین بۆ سەنگاو من و هاوسەرکەم بەربووین، بەڵام ئاگاداری ماڵی خەزوورم نەماین .دوو ڕۆژ دوای ئێمە ئەوانیش بەربوون، من هاوسەرەکەم پ.م نەبوو بەس بەتەنها گومانیان لەسەر بوو کە لەڕێکخستندا کاردەکات.

ئێمە لەسەنگاو دانیشتین چوار منداڵم بوو نیگاری کچم تەمەنی ٢٠ شەو بوو کە لەشەوێکی تاریکی ئەنگوستە چاوی ساڵی ١٩٨٥ دا جاشە خۆفرۆشەکان ئازارێکی زۆری

هاوسەرەکەمیان دا، هەر بۆیەش هەمان شەو بەرەو شاخ ڕۆیشتین و بوو بەپ.م لای کاک مەحمود سەنگاوی خاڵۆزای بوو، من و منداڵەکانیش ڕامان کرد بۆ گوندی هەزارکانی، لەسەنگاویش سێ خانوویان بەشۆفڵ تەخت کردین و سەیارەیەکیشیان سوتاندین.

منداڵەکانم لەخوێندن دابڕان، بەبەردەوامی لەو گوندەدا بۆردومانمان لەسەر بوو، هەلومەرجی کەرکوك و شارو شارۆچکەکانی جیاوازتر بوو، ڕژێم زۆر بەتوندی دەستی بەسەرداگرت، لەبەر بۆردومانی زۆر لەگەڵ کازیوەی بەیاندا کە خۆر تیشکی زیوینی خۆی بەسەردا پەخش دەکرین هەڵدەستام و ئەو خواردنەی کە شەو ئامادەم کردبوو ئەمبەستە کۆڵم و منداڵەکەشم باوەش دەکردو ئەوانی تریشم لەپێشەوەو بەدەم وەنەوزی خەوەوە بەشەکەتی هەنگاویان هەڵدەهێنا بەرەو کەلۆزەکان دەڕۆیشتین، کەخۆر ماڵئاوایی لێ دەکردین و تاریکی ئەبووە میوانی گوندەکەمان ئەگەڕاینەوە بۆ خانووەکانمان.

لەبەر شەوقە زەردەکەی چراکەمان بەشەو نانکردن و خۆشتن و هەموو ئەرکەکانی ماڵم جێبەجێ دەکرد، ڕۆژێکیان بەرەو کەلۆزەکان ئەڕۆیشتین کاتژمێر دەی سەرلەبەیانی لەناکاو فڕۆکە مەرگ هێنەرەکانی بەعسیەکان بەڕۆکێت و ناپاڵم دایان گرتینەوە، سەفینی کوڕم و جەباری شوبرام کەئێستا ئەنفالە لەژوورەوە دانیشتبوون لەناکاو پارچەیەك ساروخ دای لەژوورەکەمان، لەسەرەتادا لەبەر تەپ و تۆزو چرەدوکەڵ و خۆڵ هاتنە خوارەوە هیچم نەبینی پارچەکە دابووی لەناو نوێنەکان باش بوو کەسیان پێوەنەبوون.

چەندەها شەو پێڵوەکانی چاوم بەنائارامی و شەکەتی دەچووە خەو، زۆربەی شەوان برنەوێك یان کلاشینکۆفێك پارێزەری خۆم و منداڵەکانم بوو لەترسی سەرانی ڕژێم، هاوسەرەکەم لەشەڕدا بریندارببوو ئێستاش دوو تەڵزم لەناو سکیدا ماوە، زۆربەی جار هەر نەمدەزانی لەکوێ و لەچ شاخێکەو لەچ گوندێکە ژیانم بەسەختی بەسەردەبرد.

ڕۆژێکیان هێزی پ.م چوونە سەر سەنگاو وەکو هەموو جارەکانی تر ئەوانیش تۆپ بارانیان کردین لەناچاریدا ڕامانکرد بەرەو گوندی جام ڕێز چووینە قوتابخانەکەی ئەوێ کە دیوەخانی ماڵی براکەم بوو دابووی بەقوتابیان وانەی تێدا بخوێنن .لەو گوندەدا ماینەوە بەلام بۆردومان لەوێش بەردەوام بوو، ئێمە ژیانمان هەر لەبن کەلۆزو ئەشکەوتەکاندا بەسەردەبرد تا ئەنفالە بەدناوەکە دەستی پێکرد.

لەکاتی ئەنفالدا هەر نەمدەزانی هاوسەرەکەم لەکوێیە، خۆم و منداڵەکانم ڕامانکرد بۆ گوندی کۆیك، بەپارتیزانی هەر ئەسوڕامەوە نەمدەزانی ڕووبکە کوێ لەنیشتمانەکەمدا هەر چوار لام کڵپەی ئاگرو بۆردومان و گرتن بوو .دواتر بەرەو گوندی هۆمەربل بەڕێکەوتین لەوێش ماڵەکەم بوو بە بۆردومانەوەو سووتا بۆ جاری دووەم هەتا یەك پارچە جل نەبۆخۆم نە بۆ منداڵەکانم دەرنەچوو.

بەرەو گوندی سەرقەلا ڕۆیشتین ماوەی هەفتەیەك لەگەڵ سەعدەی خێزانی کاك مەحمود سەنگاوی بووین ئەوان دەرچوون، بەلام ئێمە گیراین .خۆم و پێنج منداڵی وردو

ماڵی خەزورم و دوو شوبرای گەنجم، پێش ئەوەی بمانبەن جاشێکی ناسیاومانی لێبوو زۆری لێ پاڕامەوە ئەو ماڵ و منداڵەم بۆ دەربکات بەتایبەتی ئەو دوو شوبرایەم کە تازە پێگەیشتبوون، جاشەکە هەر دەیوت هیچتان بۆ نابێت ناتانگرن دەتانخەنە ئۆردوگاوە، هەموومانیان خستە سەیارەوەو بردیانین بۆ چەمچەماڵ، لەگەڵ سپێدەدا بردیانین بۆ تۆپزاوا پاش شەوێك مانەوەمان بردیانین بۆ دبس .هەر لەگەڵ گەیشتنمان بۆ دبس هەردوو شوبرا گەنجەکەمیان لێ جیاکردینەوە هەرگیز نەمان بینینەوە کەجاشی ناسیاوی خۆمان بەکوشتنی دان.

ئێمە لەقاعەیەکی زۆر گەورەدا بووین لەم لاو ئەولامان هەمووی خەڵك بوو دەمرد، هەموو منداڵان تووشی سکچوون و ڕشانەوە بووبوون، کچە بچووکەکەشم ئەوەندە هیلاك بوو بەحاڵ هەناسەی ئەدا.

زۆری دێهاتەکان فێری ئەو هەوا پاك و سازگارەی نیشتمان بوون، لەو قەرەباڵغیەدا هەر خەڵك بوو هەناسەی توند دەبوو دەخنکان، ماوەی شەش مانگ نەخۆم نەهیچ منداڵکێم جلمان نەگۆڕی و خۆمان نەشت زۆربەی خەڵکەکە تووشی نەخۆشی پێست بووبوون، هەرچی ڤایرۆس و نەخۆشیە لەناو ئەو قاعانەدات بڵاوبووبووەوە، هەتاومان بەهیچ شێوەیەك نەدەبینی، ئەو کەسانەی لەقاعەدا شەهیددەبوون ڕژێمە گەندەڵەکەی بەغدا لاشەکانی جوان نەئەشاردنەوە بەحاڵ تۆزێ خۆڵیان ئەدان بەسەردا، شەو سەگ لاشەکانی دەردەهێنانەوەو دەیخواردن، بەڕۆژیش لەدەوری قاعەکان هەر حەپەیان دەهات چاوەڕوانی جەستەی هیلاك و شەکەتی ئێمە بوون شەهیدبین و بمان خۆن.

هەر لەهەمان بەندیخانەدا ژنێکمان لەگەڵ بوو بەناوی خاوەر ژنە لەبەندیخانە ڕایکردو عەسکەریە دایانە بەر ڕێژنەی فیشەك ئەو دەرچوو بۆیان نەگیرا، بەڵام مەخابن لەجیاتی دایکەکە کوڕە گەنجەکەیان بردو ڕۆیشتن ئیتر نەمان بینیەوە.

پاش چەند مانگێك بردیانین بۆ تکریت، پاش بیست شەو مانەوەمان لەوێش بانگیان کردین پارەو ئاڵتونیان لێ سەندین، سواری سەیارەیان دەکردین بمان نێرن بۆ نوگرەسەلمان، یەك کەس مابوو سواری سەیارەکە بێت جیهاز کرا یەکسەر دایان بەزاندینەوەو نەیان بردین ئەو شەوە ماینەوە.

بەیانی زوو لەگەڵ خۆرهەڵاتن ئەمنەکان هاتن کتابێکیان پێبوو هەندێ لەقسە هەلەق و مەلەقیان بۆ کردین کەڕەحممان پێکراوەو لێبوردنمان بۆ دەرچووە خۆمان کۆبکەینەوە، ئێمەیان بەزیل ڕەوانەی عەربەت کرد نانیان داینێ و بەریاندایین بەڵام منیان نارد بۆ نەخۆشخانەی منداڵان لەسلێمانی، منداڵەکەم بیست شەو لەنەخۆشخانە مایەوە لەژێر چارەسەردا بوو زۆر هیلاك بوو خوێنیان تێکرد.

کاتێك من و منداڵەکانم لەبەندیخانە بەربووین شەش مانگ و بیست ڕۆژ ئەو جلانەی بەرمان نەگۆڕیبو، ناخۆشترین ساتەوەختی ژیانم ئەوکاتە بوو کە لەنەخۆشخانە پاش ٢٠

ڕۆژ دەرچووم، هەرگیز شاری سلێمانیم نەبینیبوو، کەسم نەدەناسی نەمدەزانی عەربەت لەکوێوەیە لەڕووم نەدەهات داوای پارەو ناونیشانی ئەو گەراجە بکەم تا بگەڕێمەوە بۆ عەربەت، لەحاڵەتێکی دژوارو دەروونێکی تێکشکاردا دەژیام هەر چۆنێک بێت گەڕامەوە بۆ عەربەت ئاسیاوێکمانم بینی بردمیەوە بۆ ماڵ خەزوورم.

کە لەوێ بووین یەك قاپمان نەبوو جلمان نەبوو هیچ پێویستیەکی ژیانمان نەبوو منیش لەژیانمدا لەڕووم نەهاتووە داوای هیچ یارمەتیەك لەکەس بکەم چونکە تا ئەو زەمەنە هەر خۆم یارمەتی خەڵکم داوەو ڕۆژی چەندەها میوانم بەڕێ کردووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خەڵکە نیشتمانپەروەرە درێغیان نەکردو بەپێی پێویست یارمەتی ماڵە ئەنفال کراوەکانیان دەدا.

من لەگەڵ ماڵی خەزوورم دانیشتم چەند مانگێك پێش ئەنفالەکان لەهاوسەرەکەم دابڕابووم هیچ هەواڵیم نەدەزانی ماوە یان شەهیدە، خۆم بەو هەموو ژیانە سەختەدا تێپەڕیبووم بێ ئاگا بووم لەهەموو جۆرە هەواڵێك تا ڕاپەڕین.

کە پ.م هاتە ناو شارەوە هاوسەرەکەم پاش سێ ساڵ و چەند و مانگێ'ك لەیەکتری دابڕان بینیەوە، بۆ ماوەی دوو سێ ڕۆژ لەماڵ بوو هەمدیس گەڕایەوە بۆ شەڕ کەڕژێمی ڕەفتارفاشی هێرشی پێچەوانەی کرد ئێمەش بەرەو سنوور هەڵهاتین چووینە سەیران بەن، زۆر بەشوێن هاوسەرەکەمدا گەڕام چووینە باشماخ دوای مانگێك گەڕایەوە بۆ لامان، لەدوای ئازادکردنی کوردستان گەڕاینەوە بۆ عەربەت، من لەئازادیشدا هاوسەرەکەم هەر نەدەبینی یان لەشەڕ بوو یان لەجەولە، لەمانگێکدا یەك شەو نەماندەبینی، زۆرترین کاتی ژیانم بەتەنیایی بەسەربردووە هەرچی ئەرك و ماڵ و گیروگرفتەکانی بەهەموو سەختیەکانیەوە لەسەر شانی من بوو.

منداڵەکانم خوێندنیان فەوتاوە، سەفینی کوڕم لەپۆلی دووی سەرەتایی بوو، دوو کچەکەی تریشم بەهۆی چوونە شاخەوە ئازادرو بەهار هەر قوتابخانەیان فەوتاوە بەهۆی ڕاکە ڕاك ئەو گوندو گوندو گیرانی کاتی ئەنفال و هەژاری نەیانتوانی بەردەوام بن لەسەر خوێندن، ئەو هەموو ژیانە سەختەی بینیمان لەپێناوی ئازادی بوو، خۆزگە لێپرسراوان بەتەنگ ئەوەکانمانەوە بهاتنایە ئەوەی شاخ وەك خۆمان خراوینەتە پەراوێزەوە با ئەوانیش نەخرێنە پەراوێزەوە.

## گەلاوێژ کەریم عیسا

ئەوکچە ئازاو بوێرە بوو کەشۆڕش و(پ.م)ی خۆش ئەویست، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە جاشەکان کەمینی بۆ دابنێن بۆ گرتنی، بەڵام ئەو تەوارە بەپێچەوانەی ویستی ئەوانەوە چەند گوندێکی بڕیو گەیشتە ماڵەوە.

من لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەری گوندی کریچنە لەبن شاخی سەگرمەدا هاتومەتە ژیانەوە، لەساڵی١٩٧٧دا شەهید حەمەڕەشی برام پەیوەندی کرد بەڕێکخستەکانەوە لەگەڵ(شەهید سیروان تاڵەبانی و مام ڕۆستەم)دا بوو. لەڕۆژێکی ساڵی ١٩٧٨دا چووە شاخ و بوو بە(پ.م)، پاش بەسەربردنی ماوەیەکی کەم لە(پ.م)یەتی، لەشاخ بریندار کرابوو ٤٠شەو خزمەکانمان تەداوییان کردبو و شاردبوویانەوە، ئێمە پێمان نەزانیبوو، تابەرێکەوت ژنێك هەواڵی براکەمی لەدایکم پرسی بوو، ئەوکاتە زانیمان بریندارە، ئێمەیش چووین بۆ سەردانی، جاشێك لەسەر پردەکەی (سەنگاو) پێی وتم ئەچیت بۆ لای حەمەڕەشی برات کە بریندارە.

لەگوندی(کچانەوە) بەپێ بەسەر شاخە سەختەکەی ئاژداغدا سەرکەوتین، لەوێوە داگەڕاینە خوارەوە بۆ گوندی پێنج ئەنگوست، لەوێ براکەمان بینی و پاشی شەوێك مانەوە لای، گەڕاینەوە بۆ سەنگاو.

لەساڵی١٩٧٩ بەخێزانی گیراین، منو دایکمو سارای خوشکمو ئەکرمو بەهادینی برام لەبەندیخانەی سەرەوە لەشاری سلێمانی بەند بووین، لەشوێنێکی تاریکی تەسکی ژێر قادرمەدا هەشت نۆ ژن بووین جێگای خەوتنمان نەبوو، لەشەودا بەسەریەکتریدا دەکەوتین، سەرەڕای ئەوەش چاوپێکەوتنمان نەبوو ، خواردنی پیسو ناخۆشیان ئەدایني ، تە نەکە بۆ دانەناین، لەوجێگە تەسکەدا لەجیاتی تەوالێت لەژیانێکی ئێجگار سەختا دەژیاین، پاش چوار مانگ مانەوەمان بەواستە بەربوین، دوای سێ مانگ بەسەر بەربوونماندا تێپەڕی بوو لەمەرکەزی سەنگاو فەرمانی گرتنمان دەرچوو، هاوڕێیەکی براکەم ناوی فەریق بوو ژنەکەی نارد بۆ ماڵی ئێمە پێی وتبوو فریای خۆیان کەون فەرمانی گرتنیان دەرچۆتەوە، ئێمەش یەکسەر بەسەڵتە زەلامی ماڵی چەند ساڵەمان بەجێ هێشتو چووینە ماڵی خاڵم ، خاڵۆزاکانم ماڵەکەیان بۆ دەرکردین، بەڵام ڕژێم لەدواییدا خانوەکەیان سوتاندین ، ئێمە ماڵمان بردە گوندی (کریچنە) کە خۆمان خەڵکی ئەو گوندەین.

لەکاتی دانوستانەکەی نێوان ڕژێمو یەکێتیدا لەساڵی١٩٨٣ باوکم گیراو لەلایەن جاشەکانی سەنگاوە وە زۆریان لێدابوو، شەهید حەمە ڕەش هەواڵی نارد بۆ جاشەکان کە باوکی هەموو (پ.م) گیراوەکان بەربدەن ، ئەوان تەنها باوکمیان بەردابوو، شەهیدیش باوکمی ناردەوە وتی بەندی بکەنەوە من هەموو باوکەکانم ئەوێت، تاناچار زۆربەی باوکەکانیان بەردا

. لەوگوندەدا لەژێر ترس و لەرزی جاش وعەسکەریدا ژیانمان دەبردەسەر، شەویەدزییەوە ئەهاتنە سەرمان، شەوێك لەناکاو کۆمەڵێك جاش هاتنەسەرمان وتیان(پ.م)ی مامەڕیشەین، بەڵام ئەکرەمی برام یەکسەر ناسینیەوە کە جاشەکانی سەنگاون ئەوشەوە شەهیدی برام لەماڵ نەبوو پاش ئەختێك دانیشتن ڕۆیشتن.

لەورزەمەنەدا حاڵمان زۆر شڕبوو زیاد لە دەجار عەسکەرەیەو جاش دەهاتنەسەرمان. جارێکیان گەڕامەوە بۆ کەرکوك بۆسەردان وتیان جاشەکانی سەنگاو لەچەمچەماڵەوە تاکارەباکەی سەنگاو کەمینیان بۆ داناویت بۆ ئەوەی بتگرن، منیش لەترسی گرتن لەگەڵ حاجی ئایشدا بەپێ کەوتمە گەڕانەوە، لەپشتەوە ڕۆیشتین لەڕێگای گوندی (خدری)ەوە چووم بۆ(هەمزە و رووسی)، لەوێشەوە بۆ(پێنج ئەنگوست)، لەڕێگاش شەش فڕۆکە بەسەرمانەوەبوو بۆردومانی گوندی کرپچنەو هەناریانیان دەکرد، واتەمن بەپێ بەو هەموو شاخ و گوندەدا گەڕامەوە ماڵەوەو نەگیرام.

من کچ بووم لەماڵی باوکم بەڵام لەگەڵ خێزانەکەی شەهید حەمەڕەش دەچووم بۆ گوندی خاویێ و لەگەڵ ئەوان دەگەڕامەوە کرپچنە، من زۆر خزمەتی(پ.م)م دەکردو بەبەردەوامی خەریکی نان ئامادەکردن و کارکردن بووم چونکە خۆم شۆڕش و(پ.م)م خۆش دەویست ئاواتم ڕزگاربوونی نیشتیمانەکەم بوو. جارێکی تریش عەسکەریە هاتن بۆ گرتنی ئەکرەمی برام کەلەرێکخستندا کاری دەکرد، ئەویش کەزانی بۆ ئەو هاتوون دارێکی گرت بەدەستیەوەو وردە وردە بێ ئەوەی خۆی تێك بدات بەشاخەکەدا سەرکەوت، عەسکەریە چواردەوری ماڵی ئێمەیان دا، هاتن وتیان ئەوماڵە لەکوێن، میوانێکمان هەبوو ناوی مام قادر بوو وتبوی هەرئەو پیرەژنەیە ئەویش ئەوەتا دانیشتووە لەبن ئەو حەسارەدا چی لێدەکەن، عەسکەرەکان ڕۆشتن.

خەڵکی گوندەکە بەبراکەمیان وتبوو تۆچی دەکەیت لێرە هەموو ڕۆژێ بەهۆی تۆوە جاش و عەسکەر دێنە سەرمان، براکەشم چوو بۆ گوندی پێنج ئەنگوست دووبارە لەوێش جاش دەوری گوندەکەی دابوو، ئەکرەمی برام دەمانچەو قونبلەو کاغەزی ڕێکخستنی پێبوو هەر ڕایکردبوو تادەرباز بوبو، بەڵام کڵاو جامانەکەی بەدەم ڕاکردنەوە لێ کەوتبوو جاشەکانی سەنگاو کەلوپەلەکانیان بردبویەوە بۆ سەنگاو پیشانی مامۆستا(جەلالی برامیان) دابوو، پێیان وتبوو حەمەڕەشی براتان شەهید بووە، وایان زانیبوو تەقەیان لەشەهید حەمەڕەش کردووە. لەگەڵ کازیوە ی بەیاندا مامۆستا جەلال گەیشتە ماڵی ئێمە وتی کوا ئەکرم، لەوساتە وەختەدا ئەکرەم بەپەشۆکاوی خۆی کرد بەماڵداو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاینەوە.

جارێکیان بەسەردان گەڕامەوە ماڵی خاڵم بۆ سەنگاو، کە خاڵم هاتەوە وتی شەڕە و کۆمەڵێ(پ.م) شەهید بوون، بەخاڵم وت مامم بۆ بانگ بکە کەهات پێم وت هەواڵێکی ئەوشەڕەی گوندی (شۆڕاوا ) م بۆ بزانەو بزانە کێ ماوەو کێ شەهیدە .

دوای گەڕانەوەی مام وتی ئەڵێن حەمەڕەش شەهیدبووە، من لەگەڵ دوو پورمدا گەڕامەوە کرپچنە بێ ئەوەی بهێڵم دایکم بزانێت، ئەکرەمی برام نارد بۆ هەواڵی کاکم، براکەم لەکانی خاکیەوە ڕۆیشتبوو تالەناوچەی قەرەداغ بەبریندار دۆزیبویەوە، کاتژمێر دوانزەی شەو براکەم گەڕایەوە پێست بەقاچیەوە نەمابوو، وتی بریندارە نابێت کەس بزانێت سبەی شەو ئەیهێنمەوە بۆ ماڵەوە ئەگەر جاشەکانی سەنگاو بزانن یەکسەر دێن دەیبەن. لەپشتی بۆفیەکەوە جێگامان بۆ داخست و سێ ڕۆژ شاردمانەوە بێ ئەوەی کەس بزانێت تاخزمێکمان بردی بۆ گوندی (پێنج ئەنگوست)، پاش دووسێ ڕۆژ زمانی لێدرا جاش‌و عەسکەر هاتنە سەرمان هەواڵی شەهیدیان پرسی، وتمان کەسمان نەدیوە .

ئێمە لەناو گوندا ئەژیاین ئەوەنە ژیانمان سەخت بوو تا کاتی ئەنفالەکان لەمانگی گوڵانی ١٩٨٨دا بەسەڵتی لەگوندی کرپچنە چووینە دەرەوەو ڕومان کردە گەرمیان گوندی( بنکە)پاش دوانزە ڕۆژ مانەوەمان بەرەو شێخ حسەین‌و هەزار کانی‌و قولیجان ڕۆیشتین، پاش چوار شەو مانەوە لەقولیجیان تەشتێ هەوریمان شێلابوو لەگەڵ خۆماندا چووینە ئەو دەشتە ، فڕۆکەو دەبابە هێرشیان هێناو بەدوامانەوە بوون، فرسەتێکمان نەبوو ئەوهەویرە بکەین بەنان ، دارمان دەست نەئەکەوت سێ چوار ڕۆژ هەویرەکەمان گێڕا دڵیشمان نەئەهات فڕێی بدەین چونکە هیچ نەبوو بیخۆین ، بەپێی پەتی لەژێر لێزمەی باراندا‌و منداڵ بەکۆڵەوە گەیشتینە (قولیجیانی سەرحەد)، هەویرەکەمان کرد بەنان وەرکە لەنانەکە تەواو بووین وتیان ڕژێم هات ، بەپەلە خۆمان کۆکردەوەو مناڵمان بەست بە کۆڵماندا‌و ڕاکە لەژێر لێزمەی ئەوبارانە خوڕەدا ئاوی چەمەکەی بەینی هەروو قولیجیانەکە هەڵسابوو، من نەمئەتوانی لەچەمەکە بپەڕمەوە برازاکەیشم بەکۆڵمەوە بوو .

مەفرەزەیەکی پارتی لەپێشمانەوە بوون کاک ( ئازاد عەبدولقادر ئاغا ) یارمەتیدام لەپەڕینەوەمدا بۆ ئەوبەری چەمەکە، لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بووین زۆر هیلاک‌و شەکەت بووین گەیشتینە گوندی(مەسۆیی) ، وتیان ڕژێم هات ڕاکەن ئێمەش بەو قوڕو لیتەو بارانە هەموو گیانمان قوڕاوبوو بێ ئەوەی پشویەك بدەین کەوتینەوە ڕۆیشتن گەیشتینە گوندی (شەلەیی) چووینە ماڵێك (٣٠-٤٠) کەس خزابوونە ژوورێکی زۆر بچکۆلەوە، ئاو لەگیانمان دەچۆڕا خەڵکەکە ئەیانویست بگەڕێنەوە بۆلای ڕژێم، منیش ئەو شەوە زۆر ترسام خەفەتم خوارد لەخەمی خۆمدا هاتمەدەرەوە دنیا شەوەزەنگ بوو، لەناکاو گوێم لەدەنگێك بوو بانگی کردم منیش یەکسەر دەنگیم ناسی کەشەهیدی برامە، وتم ئێمە لەم ماڵەین.

شەو نوقمی تاریکی‌و ساردی و تەڕو توشی ببوو، تەنانەت گەردوونیش بەشەڕ هاتبوو لەگەڵمان، مانگ‌و ئەستێرەکان لەژێر گەڵاڵەی هەورە چڵکنەکاندا خۆیان شاردبۆوە، مەگەر ژن‌و پیاو ئەوەی ئەم گەلە چەوساوەیە لەشەوی وادا ڕێگا ببڕێت، کاك(حەمە ڕەش) چاوی لەمن نەبوو وتی هەرقسەبکە تا دەگەمەلات بەرەوڕووی دەنگەکەم هات بۆ لامان، وتی ئێوە چی دەکەن؟

منیش وتم نەگەڕێینەوە بۆلای ڕژێم، بەڵام شەهیدی برام وتی نەتانگرن و نەتانکوژن گەڕانەوەی چی.

ئەو شەوە بەهەر شێوەیەك بێت قەناعەتی بەمن کرد نەگەڕێینەوەو بەپارتیزانی بمێنینەوە، هەرئەو شەوە وتی بڕۆن مەمێننەوە لەجادە بپەڕنەوە، بەڵام نەماتوانی لەگوندی(سێگمە تان) ماینەوە، ئێمە(٤٥) ڕۆژ بەوسەختییە ژیانمان بردەسەر، بەخواردنی ئەو خەڵکەوە ژیاین کەلەشاخ و ئەشکەوتەکان بەجێیان هێشبوو، بەهیچ شێوەیەك نەماننەتوانی ئاگر بکەینەوە و چێشت لێ بنێین، ئەگەر لەتینوێتیدا بخنکاینایە ئاونەبوو بیخۆینەوە، بەبەردەوامی فڕۆکە لەسەر ئاسمانی ناوچەکە دەسوڕایەوە.

ڕژێم زانیبووی ئێمە لەگەرمیان ماوینەتەوە، (پ.م)یەکی خۆمان گەڕایەوە بۆلای ڕژێم، بەشەهیدم ووت چۆن ناردووتەوە وتی هیچ ناکات باوك و برایەکی شەهیدە ، بەڵام هەموو سەختیەکانی ژیانمان لەگەرمیان بەهۆی ئەو منداڵەوە بوو کەگەڕابۆوە بۆلای ڕژێم و هەموو ڕاستییەکانی بەڕژێم وتبوو، فڕۆکەش گوند بەگوند بۆمان دەگەڕا، ڕژێم لەوکارەدا سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە کوڕەکەو دووکەسی تریشی لەگەڵدا نارد گوایە دەبن بە(پ.م)و دایکی و خوشکەکەشی دێنێت، شەهید حەمەڕەش لەوێ نەبوو بەڵام چاودێرمان خستەسەر تابراکەم گەڕایەوە لەترساندا ڕاستیەکانی هەموو وت کەهاتووە براکەم شەهید بکات ویستویەتی دەستڕێش بەناو ژن و منداڵدا بکات و دەرباز بێت، هاوڕێکەی نەیهێشتبوو .

کاکم ڕێگای گەڕانەوەی بۆ دانایین بەشەو بڕۆین وبەڕۆژ پشوو بدەین، خۆمان لەئەشکەوت بشارینەوە، شەوێك لە(قیرچە)وە ڕۆیشتین بەرەو(مەملەحە) دواتر بەرەو(دێ ڕەش) تاگەیشتینە چەمچەماڵ و دواتر سلێمانی تابەرەو سنوری کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕۆیشتین، لەگوندی(کەوپەڕ) دوو شەو پیاوەکانیان گرتین و ئێمەشیان دوو ڕۆژ لەوگوندەدا هێشتەوە تا دواتر ڕێگەیان پێ دەین بەرەو(مەهاباد) ڕۆیشتین، پاشان بەرەو سەقز ڕۆیشتین .

پاش شەش مانگ دانەوەمان هاتین بۆ(کانی دینار) لەوێ (هێرۆخان) هات سەردانی کردین، داوای لەمن کرد کەژنی شاخی بۆ کۆبکەمەوە، منیش لەگەڵ ژیان خاندا نزیکەی (٣٠٠-٤٠٠)ژنم ئاگادارکردەوە کەلەماڵی مەحمود سەنگاوی کۆبوونەوە سازبکەین. لەساڵی١٩٨٩دا (ی.ژ.ك) لەشاخ دامەزرا، لەوکاتەوە من نەپچڕاوم بەشداریم لەڕاپەڕیندا کردووە، شەهید حەمە ڕەشی برام خوێنی خۆی بەخشی بەئازادی و بەنەوەی نوێ، لەڕۆژ٢٠ی ڕەشەمێی ١٩٩١دا بریندار بوو، لەئازاد کردنی شاری(دوون)دا لەشەوی ٢١ی ڕەشەمێدا شەهیدبوو.

# قادر کەرەم

## ئەمینە ئەحمەد ڕەحیم

ئەمنە ئەحمەد ڕەحیم ئەو ژنە ئازاو خۆڕاگرەی کە بەپێ پەتی بەناو بەفر ڕۆیشتن و سەرکەوتن بەسەر شاخی بەرزو سەخت و هەژاری لەڕادەبەدەردا وای لێ نەکردووە کە هەرگیز ناڕەزایی دەربڕێت نەوەک کاریگەری بکاتە سەر هاوسەرەکەی و ڕۆژێک بگەڕێتەوە لای ڕژێم.

من لەشارۆچکەی قادر کەرەم لەدایک بووم، وەک زۆرێک کچی سادە کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ جەبار قادر کەناسراوە بەجەبارە ڕەش، لەقادر کەرەمەوە بەرەو گوندی تۆپخانە بەڕێکەوتم کەدەکەوێتە ئەوبەری بناری سەنگاوەوە بەرامبەر تەپەی عەرەبی حاجی مارف، کە من بووم بەهاوسەری لەڕێکخستندا ئیشی دەکرد، بەڵام من نەمدەزانی کەهاوسەرەکەم پەیوەندی هەیە، ڕۆژێکیان دوو پیاو هاتن بۆ لای هاوسەرەکەم کەچی لەناکاو بوو بەدەمەقاڵێیان، خەڵکیان لێ کۆبووەوە هەریەکە لەلایەکەوە وتی ئەوانە قەرزاری منن و پارەکەیان بۆ نەهێناومەتەوە، دواتر هاتنە ژووری دەستیان کرد بەقسەکردن و کاغەز دەرهێنان کە پیاوەکان ڕۆیشتن وتم دەمەقاڵێ و کاغەزدەرهێنان و قسەکردن بەشێوەیەکی نهێنی کوجا مەرحەبا، بەهاوسەرەکەم وت من حەزم لێ نیە هیچ شتێکم لێ بشارێتەوە بۆیە داوات لێ دەکەم ڕاستیم پێ بڵێیت. هاوسەرەکەم وتی باشە پێت دەڵێم بەو مەرجەی کەس نەزانێت وتی من پەیوەندیم هەیە بەکۆمیتەی ڕێکخستنی ئاگرینی کەرکوکەوە ئەوە نهێنی بوو لەنێوان من و هاوسەرەکەمدا.

پاش ماوەیەک باوکم هات بۆ لامان منیش بۆماوەی مانگێک چوومەوە بۆ قادرکەرەم، ڕۆژێکیان هاوسەرەکەم ناردی بەشوێنما کەبگەڕێمەوە بۆ بنەکە، من و هاوسەرەکەم بەیەکەوە بووین گزنگی خۆر بەلاری پەخش دەبووەوە بەسەر ناوچەکەدا هەر لەوە دەچوو نێو کاتژمێری مابێت تاریک دابێت هاوسەرەکم وتی لەسەر ئەم گردە دابنیشە، من تا ئەو چەمە دەچم، بەڵام کەڕۆیشتم نەیەیت بەدوامدا منیش وتم باشە زوو وەرە باتاریک نەکات، من لەسەر گردە بەرزەکە هەر لەچاوەڕوانی هاوسەرەکەمدا بووم بەتەنها جار بەجار تەزویەک وەک کارەبا بەمێشکمدا تێدەپەڕی، هاوسەرەکەم بۆ نەگەڕایەوە من چی بکەم بەتەنها، تا بەتەواوی دنیا تاریک داهات و کەوتمە دڵەڕاوکێ هەر دیارنەبوو لەخۆم پرسی بابچم بەرەو چەمەکە بزانم چی لێهاتووە، لەپڕ یەکێک لەدوورەوە دەرکەوت زۆر ترسام هاوسەرەکەم نەبێت، بەڵام خۆی بوو ، لێم پرسی ئەو هەموو کاتە خەریکیچی بویت ،ئەویش ووتی ئاوم خواردەوەمیلاک بووم خەوم لێ کەوت ، من بەدرێژایی ڕێگاکە هیچ پرسیارێکی ترم لێ نەکرد .

بەڵام کە چووینەماڵەوە شەو درەنگ بوو پێم وت من ناتوانم لەگەڵ تۆ بژیم ئەگەر ڕاستیم لێ بشاریتەوە، بەڵام هیچی نەوت جاری وا هەبوو بەسێ ڕۆژ دەڕۆیشت و نەدەگەڕایەوە کەپرسیارم لێدەکرد هیچ وەڵامێکی نەبوو، پاش ماوەیەک براکەی پێی وت بچۆ بۆ قادر کەرەم دەفتەری خدمەی عەسکەری دەربهێنە، پاش چەند جارێک پێ وتن ناچاربوو بچێت، کە گەیشتە ئەوێ سەید جاسم مدیری ئیستخبارات بوو یەکسەر گرتی، ئێمە پاش سێ چوار

ڕۆژ زانیمان کە زیندانی کراوە، مانگێك بەسەرچوو سەرو شوێنی نەبوو هەموو دنیای بەشوێندا گەڕاین، تا لەڕێگەی خزمێکمانەوە زانیمان وتویانە ڕۆژێك لەقادر کەرەمەوە لەگەڵ ژنەکەی گەڕاوەتەوە کە لەکەلۆسی مستەفا کۆبوونەوەی کردووە لەگەڵ کۆمەڵی کادری کۆمەڵەدا، هەتا بەو ناونیشانەی گوێزانی پیش تاشینی بۆ بردوون، هاوسەرەکەم لەژێر لێدانی کێبڵ و کارەباو ئەشکەنجە نامرۆڤانەکانی بەعسدا بوو هەر بۆیە شوبراکەم بانگی کردم و پێی وتم دەبێت ڕاستیم پێ بڵێیت ئەو مێردەی تۆ خەریکی چییە؟ وتم نازانم دوایی وتم هەندێ کاغەزی داومەتێ هەڵیگرم، کە کاغەزەکانم دایە سەیری کرد هەمووی کاغەزی ڕێکخستن بوو، براکەی هەوڵی بۆ دا بەبەرتیل و پارەیەکی ئێجگار زۆر هەرچیمان هەبوو بۆمان فرۆشت، دوای دوو مانگ بەندێتی بەربوو، هاوسەرەکم گەڕایەوە ماڵەوە وتی لەبەرئەوەی ئیعترافم نەکردووە بەربووم ئەگینا هەرگیز بەر نەدەبووم، تا ئەوساتە بەنهێنی کاری دەکرد.

دوای بەربوونەکەی بەئاشکرا کەوتە کارکردن، نامەی ڕێکخستنی دەدایە دەست من. منیش ئەمگەیاندە دەست ژنێك بەناوی پاریزە، من لەبەینی هاوسەرەکەم و ڕێکخستنەکان نامەو کەلوپەلم ئاڵوگۆڕدەکرد، تا بوو بە پ.م بووبە کادیری ڕێکخستن، لەڕۆژێکی ساڵی ١٩٧٩ دا کوڕێکم بوو هەر لەهەمان کاتیشدا بارمان کرد بۆ قیرچە، دوای ماوەیەك بەرەو گوندی گەڕاوێ ڕۆیشتین، ژیانمان نەدەگوزەرا لەو گوندەدا بۆیە گەڕایەوە گوندەکەی خۆمان تۆپخانە، هەتا ساڵی ١٩٨٢ درێژەمان بەژیانماندا، من ماوەیەك زۆر ئاارام بووم سکیشم هەبوو گەڕامەوە ماڵی باوکم بۆ قادرکەرەم سێ ڕۆژ بوو کچەکەم لەدایك ببوو، زمانم لێدرابوو بەڵام هاوسەرەکەم بەهۆی ڕێکخستنەکانەوە زووتر زانیبووی، ئامۆزایەکی خۆی نارد بەشوێنما وتی کاك جەبار وتویەتی هەر ئێستا بەپەلە بگەڕێتەوە ئەگینا دەگیرێت ڕژێم بەشوێنتا دەگەڕێن، بەو زەیستانی و نەخۆشیەوە گەڕامەوە گوندی گەڕاوێ ئەو شەوە لەوێ بووین، بەیانی زوو هاوسەرەکەم هەڵیساندم وتی من ئیشم هەیە دەبێت بگەڕێینەوە گوندەکەی خۆمان، هەرچەند وتم من نەخۆشم سێ ڕۆژە منداڵم بووە ناتوانم بەڵام بێ سوود بوو.

سواری تراکتۆرێك بووین لەژێر لێزمەی باراندا کەوتمە گەڕانەوە هەتا دابەزین و گەیشتینە گوندی هەڕێنە باران خۆشی نەکردەوەو هەموو گیانمان ئاو بوو کە تەماشادەکەم کچە تەمەن سێ ڕۆژەکەم ناجوڵێتەوە، هەرچەندە ڕامان وەشاند هاوسەرەکەم وتی مردووە. دواتر بردیانە بەر ئاگرەکە منداڵەکە گەرمی بووەوەو کەوتە جوڵە جوڵ، کۆمەڵی پ.م ی لێبوو وەکو مامۆستا بێستوون و مامۆستا مارف وتیان ناوی دەنێین هاوسەرەکەم قسەکەی پێ برین و وتی خۆم ناوی دەنێم (سزا) چونکە سزام داوەو بەم ڕۆژە زریان و تۆفانە هێناومە، بەڵام شۆڕش و پ.م یەتی زۆر زیاتر دەهێنێت لەمنداڵ، ڕۆژی دواییش بەهەمان شێوە لەژێر باران و ڕەهێڵەدا بەرەو قیرچە ڕۆیشتین لەوێ گەڕاینەوە گوندەکەی خۆمان، ئەو پ.م لەشەڕو جەولە من لەماڵەوەو بەژیانێکی پڕ لەهەژاری و تەنیایی و سەختی گوزەرانم دەکرد.

هاوسەرەکەم بەشداری شەڕەکانی برزوو بالۆسەی کرد کە شەڕێکی زۆر سەخت بوو، پاش حەوت مانگ گەڕایەوە، ئێمەش بەبەردەوامی لەژێر بۆردوماندا بووین ئێمە ماڵەکەمان لەسەر بەرزاییەك بوو کە کلیلی ناوچەکە بوو بەرامبەر شاخەکانی ئاژداغ، من لەگەڵ کازیوەی بەیاندا هەڵئەستام بەدووربین سەیری شاخەکانم دەکرد نەوەك دوژمن پەلامارمان بدات، ئێوارێیەکیان تۆپبارانێکی زۆرمان لەسەر بوو گشت خەڵکی گوندەکە چۆڵی کرد منداڵەکانیشم لەگەڵ پورێکیاندا ڕۆیشتن بەرەو شاخەکانی ناو گوندەکە بەتەنها من و پیرەژنێك مابووینەوە، ژنە پیرەکەش زۆر دەترسا چەند جارێك وتی بابڕۆین بەڵام من وتم تا هاوسەرکەم نەیەتەوە ناڕۆم.

کاتژمێر دوانزەی شەو هاوسەرەکەم هاتەوە وتم بۆ وا دواکەوتیت وتی لەشاخی ئاژداخ شکاین و حاکم قادر شەهید بوو خەریکی ناشتنی ئەو بووین، بەماوەیەکی کەم دوای قسەکان بەرەو شاخەکان ڕۆیشتین شەو درەنگی کرد نەماتوانی بەمنداڵەکانمان بگەینەوە، شەو لەئەشکەوتێکدا خەوتین.

سپێدە کە بەئاگاهاتین جاش و عەسکەریە بوون بەسنوور لەنێوان من و جگەرگۆشەکانمدا هەر چواردەورمان گیرا بوو هیچ ڕێگایەك نەمابوو بەناچاری بەرەو گوندی مەلا عومەر بەڕێکەوتین و کەچووینە ئەو گوندەش چۆڵکرابوو چارەنووس نادیاربوو، دواتر بەرەو گوندی خان ڕۆیشتین کە گەیشتین سەرمان سوڕما گوندەکە زۆر ئارام بوون هەر نەتدەوەت هێزی ئەنفال لەناوچەکەدایە، پ.م یێکمان بینی بەناوی مەلا سەعیدەوە بەهاوسەرەکەمی وت شەڕە لەیاوەکر بابڕۆین، هاوسەرەکەم وتی دایکی سزام لەگەڵدایە ناتوانم بێم، ئەو شەوە لەو گوندە ماینەو دواتر چووینە ئەوبەر گوندی خانێ ماڵی پوری هاوسەرەکەمی لێ بوو ئەو گوندەش بەئەنفالیان نەزانی بوو چونکە گوندێکی قوڵ و دوورە دەست بوون، شەو لەوێ بووین هێشتا نەنووستبووین هەواڵ هات چۆڵی بکەن بڕۆن، ئێمەش بەناچاری بەو شەوە تاریکەو بەو هیلاکیە بەرەو شاخەکانی مەسۆیی ڕۆیشتین من لەڕێگاش زۆر ناثارام بووم لەبەرئەوەی هیچ هەواڵێکی هەر سێ منداڵەکەم نەدەزانی جەرگم ژانی دەکرد وەکو دایکێك ئاخۆ ئەوانیش ئێستا ڕێگادەبڕن لەژێر لێزمەی باران و بۆردوماندا.

ئەو شەوە بەشاخەوە ماینەوە بەیانی دانیشتبووین لەناکاو دەنگێك زۆر ترساندینی کە ئاوڕمان دایەوە شوانێك بوو وتی مامە جەبار ڕژێم باوەکری گرت پ.م شکاو عەسکەریە گەیشتە خان، هاوسەرەکەم وتی بابەرەو قلوجان بڕۆین لەڕێگا ئاوو باراناو بەهەموو گیانمانا دەهاتە خوارەوە وەك بی ئاو ئاو دەلەرزین لەڕێگا هاوسەرەکەم قەمسەڵەیەکی بۆ کڕیم ئێمە لەڕێگا لاماندا قەمسەڵەکەم هەمووی ئاوی بوو دامکەن و هەڵمواسی بەدارێکی گۆێژدا، کە ڕۆیشتین لەبیرم چوو لەقلوجان شەهیدو بریندار زۆر هەبوو، شەو لەوێ ماینەوە هاوسەرەکەم وتی تۆزێ ئارد بکە بە نان بۆ سەفەرە نادیارەکەمان، منیش گەڕام هەندێ ئاردم دۆزیەوەو دەستم کرد بەنان کردن، پ.م هەر دەهاتن و نانی گەرمیان دەخوارد بەهەزار حاڵ ١٠ نانم بۆ خۆمان گلدایەوە، ئیتر من وەکو پارتیزانێك لەگەڵ هاوسەرەکەم و هێزی پ.م دا گوند بەگوند دەگەڕام سەرەڕای ئەوەش وێنەی منداڵەکانم یەکە یەکە دەهاتە بەرچاو خەریك

بوو شتێت دەبووم بۆیان، لەقولیجانەوە بەرەو زینەڵی کان و دەرەوار و تیلەکۆ و قەلەندەر ڕۆیشتین.

من تاکە ژن بووم لەگەڵ هێزەکەدا ئەو ماوە دوورو درێژەم بڕی تا گەیشتینە بانی مۆرد، لەوێش برینداری زۆری لێبوو چەند خێزانێکی تریشی لێ بوو لەوێ ماینەوە تا شەو تاریک داهات لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بووین بەرەو دەربەندی ژاڵە بە بێ‌دەلیل سەرمان لێشێوا بوو، لەمیانەی ڕۆیشتماندا پ.م یێکی بریندارمان بینی برینەکەی زۆر سەخت بوو کەس نەدەچوو بەلایدا، وەك ڕۆژی حەشر وابوو کەس سەرکەسی نەدەپەرژا، من و هاوسەرەکەم زۆرمان بەزەیی بەو کوڕە گەنجەدا هاتەوە هەر ئەینالاندو داوای ئاوی دەکرد هیچمان پێ نەبوو ئاوی بەینێ بۆیە من چوومە چەمەکە پێڵاوە لاستیەکەکانم داکەندو پاك شتم پڕم کرد لەئاوی چەمەکەو بۆم برد، نەختێ ئاوم کرد بەدەمیەوە هەندێ نانە ڕەقم بۆ بەجێ هێشت، هاوسەرەکەم وتی تۆ پێڵاوەکانت بەجێ دەهێڵیت بەم شەوە بەپێی پەتی بەو قوڕە چۆن بەم شاخ و داخەدا دەڕۆیت، وتم بەڵکو شەهید نەبێت.

بەردەوام بووین لەسەر ڕۆیشتن چەند دڵم لای منداڵەکانم بوو ئەوەندەش دڵم لای پ.م-ەکە بوو من بەپێی پەتی درێژەم بەڕۆیشتندا ، لەگەڵ سپێدەی بەیاندا گەیشتینە دەربەندی ژاڵە، لەوێ ماینەوە تا شەو دووبارە لەوێش پ.م-یێکی تری بریندارمان بینی من زۆر هیلاك بووم هاوسەرەکەم ولاغی بۆ گرتم بەکرێ بەڵام من خۆم هەر بەپێی پەتی کەوتمەوە ڕۆیشتن ولاغەکەم دا بەپ.م-ە بریندارەکە، من زۆر خۆشحاڵ بووم کە ئەو پ.م شەهید نەبوو ڕزگاری بوو لەمردن. گەیشتینە دلکەوکانی خاکی ئەمانتوانی لەبەر کۆپتەرو جەیش بڕۆین تا شەو خۆمان حەشاردا.

دواتر لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بووین لەچەمی باسەرە پەڕینەوە ئەمبەر بۆ سەر جادەی چەمچەماڵ تەکێ لەو بەینەدا جووتێ پێڵاوی ئەدیداس تاکەو تاکم دەست کەوت و لەپێم کرد گەیشتینە ئەوبەری تەکێ بۆ ناوچەی شوان دواتر بەرەو ئاغجەلەرو تەق تەق چەند شەوێك بوو بەڕێوە بووین، ئەو شەوە ماینەوە بەرەو تاڵەبان ڕۆیشتین شەوێك ماینەوە بۆ لای عەسرەکەی چوینە کانی عارەبان لەسەر ڕۆیشتین بەردەوام بووین، گەیشتینە ئەسکەندەربەگی دواتر گەیشتینە کانی هەنجیر لەسەر زێکە بوو شەوێك ماینەوە، بۆ بەیانی لەگەڵ کازیوەی بەیاندا بەبەلەم لەزێکە پەڕینەوە بەڵام زۆر سارد بوو یەکەم گوند چووینە گرد.. خەبەر دواتر چووینە قولەڕەسی، شەوی دوایی کەوتینە ڕێ بەرەو ئیلینجاخ دواتر گەیشتینە شاخی باواجی چووینە دۆڵی سماقولی، بێگومان لەم سەفەرەدا زۆر هیلاك و ژیان نادیار بووین، هەشت ڕۆژ ماینەوە لەخەیمەدا، لەدۆڵی بالیسان بەیانیەك بەئاگاهاتین وتیان کیمیایی کراوە بەگۆپتەپەدا وتیان باهێزی گەرمیان بڕوات بەدیوی کونە فلسێدا، شەوێك ماینەوە دواتر شاخی هەوریمان بڕی چووینە چێوە ڕۆکان نانمان پێ نەبوو هاوسەرەکەم هەر ئەو زەمزمیەی پێ بوو جاربەجار قەترەیەك ئاومان دەکردە دەممان.

ئەو ڕۆژە تا ئێواری بێ نان خواردن ماینەوەو تابرادەرانی مەڵبەندی سێ پ.م یێکیان نارد بەشوێنماندا لەبارەگاکەی ئەوان نانمان خواردو خەوتین، لەگەڵ سپێدەدا کەوتینە

ڕۆیشتن بەرەو گوندی خەتێ دوای دوو شەو مانەوەمان پێیان وتین بڕۆن بۆ دۆڵی خانەقا بەڵام هێزەکە نەڕۆیشتن دەیانگوت بەرەو کوێ بڕۆین.

لەشاخە سەختەکەی شیرێ دا کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ گەیشتینە سەر لوتکە، ئەوەندە سەخت و بەرز بوو پێنج کاتژمێر سەرکەوتین چووینە دۆڵی مەلەکان و ئازەنین، هاتینە خوارەوە بەرەو وەرتێ پاش شەوێك مانەوەمان لەگەڵ کازیوەی بەیاندا بەرەو دۆڵی خانەقا کەوتینە ڕێ شەومان بەسەرداهات، لەکاتی ڕۆیشتنماندا تۆپ بارانمان لەسەر بوو ئەو شەوە نەدەبوایە بووەستاینایە چونکە ئاوو جادەی قیر لەبەردەمماندا بوو، دەبوایە هەردووکمان ببڕیایە، ئەو شەوە پەڕینەوە ئەوبەر بۆ قڕناقاو پشت ئاشان، پاشان شەوێك پشوومان داو دواتر کەوتینەڕێ گەیشتینە سەر پردی ڕەزگەو دوڵە کۆکێ لەوێ یەك شەو ماینەوە، بەیانی هاتینە سەر مەرزی ئێران بەرەو ئاڵوەتان ڕۆیشتین ١٠ ڕۆژ ماینەوە، هاتین بۆ قاسمە ڕەش، ئینجا بۆ سەردەشت.

سێ شەو ماینەوە چووین بۆ بانە بێ کەسی بێ پارەیی بێ هیچ جۆرە پێویستیەکی ژیان تا شەش مانگ بەهیچ جۆرێك هەواڵی منداڵەکانم نەدەزانی ماون یان ئەنفالکراون، سۆزی دایکایەتیم دەروون و گیانمی شەکەت و هیلاك کردبوو زۆر نائارام بووم، بۆیە بڕیاری گەڕانەوەمدا ئەگەر لەڕێگا تیاشدابچم، هەرچەندە لەڕێگا زۆر هیلاك بووم لەگەڵ ماڵی مامم کەریمدا گەڕامەوە بۆ چەمچەماڵ، منداڵەکانم مابوون، وامدەزانی ئەوکاتە هەرسێکیان هاتوونەتە ژیانەوە فرمێسکی خۆشی نەئەوەستایەوە.

پاش شەش مانگ جیابوونەوە من و منداڵەکان لەئامێزی یەکتریدا دەگریاین، لەم کتێبەوە ڕێزو سوپاسی خۆم ئاڕاستەی ئەو ماڵە بەڕێزە دەکەم کە لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا منداڵەکانی منیشی دەرکرد لەچنگاڵی ڕەشی فاشیەکان ڕزگاری کردین، بەڵام کەسی جێ نەدەکردەوە لەترسی پیاوانی ڕژێم، چووم بۆ کەلار بەشێوەیەکی نهێنی منداڵەکانیان بۆ هێنام، پاش ٤٠ شەو مانەوەم لەگەڵ دەلیلێکدا گەڕامەوە بۆ قەڵادزێ، ڕێگا گیرابوو بەدەلیلەکەم وت هەرچۆنێك بێت دەبێت بگەمەوە سەر سنوور.

بەپێ خۆم و منداڵەکانم کەوتینەڕێ گەیشتینەوە گوندی شێنێ، لەوێ وڵاغێکم بۆ منداڵەکان گرت بەکرێ بەڵام خۆم بەپێ ڕۆیشتم بەناو بەفرو شاخ و سەرمادا پارەم پێ نەبوو وڵاغ بۆخۆم بگرم، لەو کاتەوە قاچم تووشی ئازار بووە هی سەختی ڕێگاکان، گەیشتینە قاسمە ڕەش هاوسەرەکەم چاوەڕوانی دەکردین بگەڕێینەوە بۆ بانە لەوێشەوە بۆ دزڵی و مەریوان دواتر بۆ کانی دینار هەتا کاتی ڕاپەڕین لەوێ ماینەوە.

من خۆم زۆرم حەز لەئازادی بوو شۆڕش و پ.م-م خۆشدەویست، لەژیانی پ.م ێتیدا قەناعەتم بەسەختیەکانی وبەهەژاریەکانی هەبوو، هەرگیز بێزاریم دەرنەدەبڕی ئەموت نەوەك ڕۆژێك هاوسەرەکەم بگەڕێتەوە بۆ لای ڕ.ژێم.

ئێمە لەسەربەرزی و ئازادی کوردستان زیاتر هیچمان ناوێت هەرچەندە ژیانێکی پڕمەرگەسات و ناخۆشمان بەسەربرد لەپێناوی ئازادیدا.

هاوسەرەکەشم لە٣١ی ئابدا بریندارببوو.

## جیهان ئەحمەد خدر

دەبێت لەو ساتەدا هەستی ئەو دایکە چۆن بووبێت بەرامبەر رەفتار فاشیەکان کە خەریک بوو هەتا هەتایەماڵئاوایی لەکچە ساواکەی بکات.

من لەچەم سورخاوی سەر بەناحیەی قادرکەرەم لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەر لەدایک بووم، برایەکم چوو بۆ سەربازی بۆ ئەبوغریب، پاش ماوەیەک بەسەر رۆیشتنیدا گشت کات ئەمنەکان دەهاتنە سەرمان و سوکایەتیان پێ دەکردین ئەمە لەساڵی ١٩٧٨دا بوو، ساڵێک بەسەر رۆیشتنی براکەمدا تێپەری بوو، ئێمە هیچ هەواڵێکمان نەدەزانی وامان دەزانی رژێم گرتوویەتی، تا رۆژێکیان پیاوێکی خەڵکی بناری گل هات بۆ ماڵمان وتی کورەکەتانم بینیوە پ.م یە، پاش ماوەیەک بەبیستنی ئەم هەواڵە دایکم چوو بۆ گوندی لەک بۆ بینینی براکەم، کەدایکم گەرایەوە من و دایکم و شەهید فازڵ برام و ئامینەی خوشکم گیراین لەسەر براکەم، دوای گیرانەکەمان سەربازێک لەقادرکەرەم کوژرا چەکەکەشی برابوو ئامر لیواکەی قادرکەرەم وتی ئێوە چەکی سەربازە کوژراوەکەمان بۆ بهێننەوە، بۆ ئەم مەبەستە دایکم و برایەکم و مامێکی دایکم لەلایەن ئامر لیواکەوە دەستنیشان کران بۆ هێنانەوەی چەکەکە. بەلام کەدایکم رۆیشت ئامۆژنم و زرپرایەکم گیران لەجێی دایکم و ئەوان چووبوون بۆ لای خالد گەرمیانی کەسەرتیپ بوو ئەویش نامەیەکی بۆ ئامر لیواکە نووسی تێیدا نووسرابوو ئەو چەکە لای منەو گرتوومە چیتان لەدەست دێت بیکەن ناشی نێرمەوە تازە چەکی شۆرشە، دایکم نامەکەی هێناو هاتەوە ئامۆژنم و براکەم بەربوون و دایکم هاتەوە بەندیخانە، شەو سواری سەیارە کراین بردیانین بۆ لیواکەی قادرکەرەم، ئەو شەوە لەوێ بەند بووین، ئێمە زۆرمان پێ ناخۆش بوو کە شۆرش ئەو چەکەی نەناردەوە، هێشتا ماوەیەکی کەم بوو لەوێ بووین بانگی من و خوشکەکەمیان کرد بۆ لێپرسینەوە، دەنگێکی رەق و ترسێنەر لەپشتمانەوە بیسترا، وتی براکەت کەی رۆیشتە دەرەوە؟ هاورێکانی کێ بوون؟ وەلامەکانی ئێمەش تەنها نازانم بوو، دواتر بردیانین بۆ لیوای چەمچەماڵ شەوێك لەوێ بووین لەوێشەوە بۆ فیرقەی سلێمانی رۆژێك لەوێ بووین لەوێشەوە رەوانەی بەندیخانەی سەرەوە کراین لەسلێمانی. کەسوکارمان هەواڵیان نەدەزانین، پاش ١٥ رۆژ مانەوەمان کورێکی چەمچەماڵی بەربوو کەدراوسێی ماڵی خزمێکمان بوو، ئێمەش نامەیەکمان پیادا نارد بەدوو رۆژ دوای بەربوونی بەندە چەمچەماڵیەکە خزم و کەسوکارمان هاتن و نان و خواردنیان بۆ هێنایین لەگەل بەتانی و جلوبەرگدا، هەموو هەفتەیەك سەردانیان دەکردین بەلام مواجەهەمان نەبوو چونکە بەندی سیاسی بووین، پاش ساڵێك من و دایکم و خوشکەکەم بەربووین بەلام براکەم برا بۆ بەندیخانەی فەزیلیەو دوو ساڵی رێك لەبەغدا بەند بوو تا دواتر بەلێبوردنی گشتی بەربوو. کەبراکەم بەربوو خوشکەکەمی دا بەژن بۆخۆی، دووبارە من و دایکم گیراینەوەو بردیانین بۆ دۆز، لێرە کراینە ژوورێکەوە ٤٨ کەسی تێدا بوو هەریەکە سوچێکی گرتبوو بێ قسەو مات دانیشتبوون، ژوورەکەش ژوورێکی پیسی دیوارەکانی زەرد ەەچووەوە کۆمەڵێ نووسراوی لەسەر دەبینرا دەرگایەکی پۆلاینی هەبوو زۆر گەورە بوو بەچەند شیش و قفڵی گەورە دادەخرا، رووناکی زۆر بەکەمی دەهاتە ژوورەوە هاوینیش بوو پانکەمان نەبوو ئاو نەبوو خۆمان بشۆین، هەتاومان بەدەگمەن دەبینی بۆ هەر هەمووومان یەك توالێت بوو، بەراستی هیچ مەرجێکی بەندیخانەی تێدا نەبوو سەرەرای پیسی ناخۆش ئەو خواردنانەی بۆیان دەهێنایین چونکە راهاتبووین لەسەر چا خواردنەوە، بێ چایی کاری لەسەرمان کردبوو تا رۆژێك بەپۆلیسێکمان وت چامان بەپارە بۆ لێبنێ، رۆژ ئارۆژێك لەقۆریەکی رەش کە لاکانی قوپا بوو ناوەکەی دەتوت قیری رەشە لەسوراحیەکی لێوارشکاوی پیسدا دەیان داینێ چای بە٥٠ فلس بوو ئەوەش پارەیەکی زۆر بوو بەرامبەر ئەو رۆژە.

پاش شەش مانگ لەدانوستانەکەی بەینی رژێم و یەکێتیدا بەربووین گەراینەوە گوندەکەی خۆمان، ئەو رۆژەی ئێمە بەربووین برایەکم لەتیپی ٥١ی گەرمیان بوو ژنی

گواستەوە، دوای دوو هەفتە من و دایکم و شەهید عومەری برازام و لەگەڵ عەسکەر کە ئامر کەرت بوو بەڵام ئێستا ئەنفال کراوە بەسەیارەکەی عسکر بەڕێکەوتین کەبچین بۆ ماڵی شێخ کەریمی برام بەهۆی ژن هێنانیەوە زمانمان لێدرابوو لەبازگەیەکی رژێمدا گیراین، راستەوخۆ ئیستخبارات هاتن من و دایکمیان خستە سەیارەکەوەو شەهید عومەری برازام لەگەڵ عەسکەر دا بەدەست بەستراوی خرانە سەیارەکەی ترەوە، ئێمەیان برد بۆ ئیستخباراتی قادرکەرەم لەوێ ئێمەیان ئەناسی پرسیاریان لێکردین بۆ کوێ دەچوون؟ لەوکاتەدا برایەکم سەرباز بوو لەقەڵام کایل ئێمەش وتمان دەچین بۆ ئەوێ لەوێش دادەنیشین باوەڕیان پێکردین و بەریان داین بەڵام برازاکەم و عەسکەریان گرت، عەسکەر پاش دوو مانگ بەربوو بەڵام برازاکەم چونکە فیراربوو خەریک بوو رەمی بکەن بەهەزار محامی گرتن و بەرتیل دان حوکمەکەی بوو بەدوو ساڵ بەندیتی. من و دایکم لەساڵی ١٩٨٤دا بەیەکجاری چووینە دەرەوە بەرەو گوندی دەرەوار رۆیشتین لەوێ درێژەمان بەژیانمان دا تا بن بەست بوونی دانوستانەکە ئینجا گەڕاینەوە بناری سەنگاو گوندی گەڕەچیا هەموو رۆژێک لەژێر تۆپ باراندا ئەمان تاڵاند هەر بۆیە سپێدە بەرەو چیاو ئەشکەوتەکان دەرۆیشتین و کەتاریکی دەکرد گەڕاینەوە ماڵەوە، کە لەو گوندە بووین تۆپ ژوورەکەمانی رووخاندو بەرەو گوندی گوڵەباخ بەڕێکەوتین لەوێشەوە بۆ ئاوباریک بۆ ماڵی شێخ کەریمی برام، لەو ماوەیەدا لەژنی یەکەمی جیابووەوە منی دا بەژن بۆ خۆی ئەوەش لەساڵی ١٩٨٦دا بوو بەو واتایەی کەوتمە ژیانی هاوسەریەوە لەگەڵ رزگار ئیسماعیل کە پێشمەرگە بوو، یەکەم ماڵمان لەگوندی کۆشک بوو لەبناری گل دوای دوو مانگ مانەوەمان ماڵمان بەرەو ئاوباریک برد لەوێش هەر لەژێر بۆردوماندا بووین.

سێ مانگ بەسەرژیانی هاوسەریمدا رۆشتبوو ، کە هاوسەرەکەم چوو بۆ حەملەی سەرکردایەتی، پاش چەند مانگێک گەڕایەوە، تەمەنی دالیای کچم چوار مانگ بوو کە ئەنفالە بەدناوەکە دەستپێکرد زۆربەی گوندەکان گیرابوون، ئێمەش کەوتینە ڕۆیشتن بەرەو (کەریم باسان) لەسەر گردەکە وەستاین سەیری ناو گوندەکەمان دەکرد، یەکەم ماڵ ماڵی ئێمەیان سووتاند گڕێکی یەکجار زۆر بەرز بووەوە، چونکە تەقەمەنی تێدابوو. شەر کەوتە گوندەکەمانەوە هەربۆیە شێخ کەریمی برام بە کاک نازمی ووت بە لاندکرۆزەرەکەت ئەم خێزانەم بۆ دەربکە، بەڵام سەیارەکە لەرێگا شکا، بەرەو ئەشکەوتێک رامان کرد کە شەو تاریک داهات بەرەو گوندی (رەمەوان) رۆشتین دوای دوو شەو مانەوەمان هاوسەرەکەم ئێمەی دۆزیەوە ناچار بەپارتیزانی مأینەوە، لەگەڵ سپێدەدا بەرەو ئەشکەوتەکان دەرۆشتین دواتر بەرەو ئەشکەوتێک ڕۆشتین کە بارەگای حیزبی شیوعی لێبوو بەناوی (خورخورە)، ئەوەندەمان نەزانی ئاڵەو گرمەیەک لەسەرمانەوە پەیدابوو لەناکاو فیرارێک خۆی کرد بەئەشکەوتەکەداو وتی جەیش و جاش بەدوامەوەیە، ئێمەش زۆر ترساین هەشت ژن و هەشت پیاو بووین پ.م کان دەرگای ئەشکەوتەکەیان بەپووش و پەڵاش گرت و میلی تفەنگەکەیان هێنایەوە شەر بکەن، بەڵام باشبوو ئاشکرا نەبووین کە شەو داهات بەپێی پەتی بەبێ نان و خواردن بەرەو تەگی کۆن ڕۆشتین لەو گوندەدا هەندێک خواردنمان دۆزیەوە، ڕۆشتین بەو شەوە زۆر هیلاکبووین ووتمان باپشوویەک بدەین لەکازیوەی بەیاندا کە بەئاگاهاتین بۆمان دەرکەوت (١٥)مەترێک لە سەربازەکانەوە دوورین خۆمان خستە کەندەڵانێکەوە بەڵام کچە ساواکەم هەر دەگریا، هاوسەرەکەم و پ.م کانی تر ووتیان بابەهۆی گریانی ئەم کچەوە (١٦)کەس تیانەچێت، بۆیە توند بەتانییەکیان پێچا لە دەم و لووتیەوەو لەسەر دەم دایان ناو وتیان با بمرێت. ئەو جەیشە زلە بەلاماندا تێپەڕی هەستیان پێ نەکردین، دواتر بەتانیەکەم لەکچەکەم کردەوە باشبوو نەمردبوو ئێستا قوتابی ئامادەییە،پاش چەند ڕۆژێک گەڕامەوە بۆ کەرکووک لەماڵە جاشێک مامەوە تادواتر بەرەو ئێران ڕۆشتین و تا ڕاپەڕینی ١٩٩١مأینەوە.

من دووبراو خوشکەزایەک و برازایەکیشم شەهیدن.

من زۆر سەرفرازم کە بەئازادیی باسی ڕۆژانی سەختی ژیانی خۆم دەکەم.

## شەمیلە حەبیب محەمەد

شەمیلە حەبیب محەمەد ئەو ژنە رەنج کێشە بوو کە بۆماوەی سێ ساڵ هەواڵی هاوسەرەکەی نەبوو، تەنها شێوەی هاوسەرەکەم لەقوڵایی دڵیدا بەخەیاڵ هەبوو، تاڕۆژانێك ڕاپەڕین ڕوویداو هاوسەرەکەی لەخەیاڵەوە بووبە واقع ولەقوڵایی خاکی گەرمیانەوە هاتەوە بۆلای .

لەڕۆژێکی خەزانی پایزدا کەگەڵای دارەکان زەردهەڵگەڕابوون و دەکەوتنە سەرزەوی لەشارۆچکەی(قادرکەرەم) هاتمە ژیانەوە، بەڵام چۆن ژیانێك لەبەرئەوەی لەنەتەوەیەکی ژێر دەستەدابووم وئازادیخوازبووم، خەڵکی دەوڵەمەنترین شاری کوردستان بووم، هەرگیز خۆشیم نەدی، بەتایبەتی خۆشەویستی بۆ (پ.م) و بۆ ئازادی وای لێکردم ئامۆزای خۆم بەناوی(سەید جەوهەر)هەڵبژێرم، لەڕۆژێکی دنیاسەوزی پڕئومێددا لەساڵی١٩٨٤کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە، لەقادر کەرەمەوە بەرەو گوندی(چەمسورخاو) کەوتمە رێ، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم بەرەوگوندی(کەرەچیا) کەوتمە رێگا کەلەناوچەی سەنگاو بوو .

شەڕو پێکدادان هەردرێژەی ئەکێشاو جاش و سەربازەکانی رژێم دەستیان دەگەیشتە گوندە دوورەکانی کوردستان، لەوگوندەش بارمان پێچایەوەو رۆیشتین بەرەو(کۆشکی ئاوەڕاست)، لەوکاتەدا لەم گوندەدا بووین هاوسەرەکەم لەشەڕی (عەول گوڕاودا) بریندار بوو، لەماڵەوە کەوتبوو براکەی و دوو (پ.م) بەدیاریەوە بوون .

لەڕۆژێکدا گەواڵەی هەورەکان بەری گوندەکەیان گرتبوو، سروشتی گوندەکە شێوەیەکی تەم و مژاوی بەخۆیەوە گرتبوو، هەواڵیان هێنا کەلە(زینانە) شەڕە، کاك حەمیدی شوبرام یەکسەر خۆی بەستوو وتی ئەچم بۆشەڕ، هاوسەرەکەم زۆری هاوارکرد بەجێم مەهێڵن ئەوەك جاش و سەرباز بێن و دەستگیرم بکەن، بەڵام ئەو لەوەڵامدا وتی شەڕە چۆن ئەبێت نەچم؟

بەڵام مەخابن پاش چەند کاتژمێرێك لەو شەڕەدا شەهیدبوو بەخوێنی گەشی خاکی زینانەی سورکرد.

ئەمەش خەم و پەژارەیەکی زۆری لادروستکردین، بەڕاستی کارەسات بوو ئێمە بەبەردەوامی ماڵمان بەکۆڵمانەوە بوو، هاوسەرەکەم بچوایە بۆ چ سنورێك دەبوایە ماڵەکەشمان ببردایەو بڕۆشتینایە، هەربۆیە بەرەو (داوێ) و گوندی(گەرمك) بارمان کرد، ئەوساتانەی ژیانمان لێرە دەگوزەراند زۆر سەخت بوو، لەڕۆژێکی زریان و تۆفانی ساڵی١٩٨٦دا شەڕێکی گەورە لە(قادرکەرەم) روویدا، هەرلەو رۆژەدا هەواڵی شەهیدبوونی باوکی ئازیزم پێگەیشت کەڕۆژێکە لەڕۆژە ناخۆشەکانی ژیانم و ئازاری زۆردام .

بۆ پرسەی باوکم گەڕامەوە (قادرکەرەم) زمانم لێدرا لەلایەن سەردانی ڕژێمەوەو گیرام، بەهەرحاڵێك بێت بەکەفالەت بەربووم بەومەرجەی نەگەڕێمەوە بۆلای هاوسەرەکەم، شەش مانگ مامەوە تاشەوێکیان هاوسەرەکەم کەرتێ (پ.م) هێناو هاتنەناو قادرکەرەمەوە، کەس و کاری ئەوانەی ئیخباری منیان کردبوو هەمووی گرتن و بردنیە دەرەوە، هاوسەرەکەم هەموویانی دەست بەسەرکرد هەتا خۆیان ناچاربوون دەست بەسەریەکەی منیان لابردو گەڕامەوە ماڵەکەی خۆم، هاوسەرەکەشم ئەوانی بەردا .

ئێمە ماوەیەك ماینەوە بەیەکەوە بەڵام بەژیانێکی پڕ لەهەژاری و کولەمەرگی دەژیاین، لەهەمان کاتدا بەئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانی کەبجەنگین لەگەڵ دوژمنێکی سەرسەختدا، کەهەموو مافەکانی ژیانی لێ زەوت کردبووین .

ڕۆژێکی سەختی مانگی بەفرانباربوو هاوسەرەکەم وتی ئەبێت بچم بۆ سەرکردایەتی زۆرمان پێ ئەچێت، ئەی تۆ چی ئەکەیت؟ منیش منداڵم بۆ نەدەما، سکم هەبوو، وتم باشە ئەگەڕێمەوە بۆ کەرکوك با ئەم منداڵەمان لەناو نەچێت، هاوسەرەکەم پێی خۆش بوو، وتی ئەگەر کوڕمان بوو ناوی بنێ (پۆڵا) .

ئیتر لەو ڕۆژەوە دابڕان دەستی پێکرد دابڕانێکی پڕترس و هیواو چاوەڕوانی، لەنەخۆشخانەی کەرکوك بووم ئەنفال دەستی پێکرد، تازە کوڕەکەم بوبو لەسەر قسەی باوکی ناوم نا(پۆڵا)، کەلەسەرجێگای نەخۆشخانە کەوتبووم هەواڵ لەسەر هەواڵ پێم گەیشت کەخەڵکی ناوچەکەمان ئەنفال کران، هەندێکیان بەرەو ئاوارەیی و ئێران کەوتنە ڕێگاو هەندێکیان گەڕانەوە بۆلای ڕژێم، بەڵام هیچ هەواڵێکی هاوسەرەکەم نەبوو، لەنەخۆشخانە هاتمە دەرەوەو، ڕۆیشتم بەرەو هەولێر بەرەو گوندی (گوڵان) بۆ مەڵبەندی سێ. خۆم و پۆڵای جگەرگۆشەم حەوت ڕۆژ ماینەوە .

هیچ هەواڵێکم دەست نەکەوت دەربارەی هاوسەرەکەم، بەناچاری گەڕامەوە بۆ سلێمانی و شەو گەیشتمەوە چەمچەماڵ بۆ ماڵی باوکم، دوومانگ لەوێ مامەوە بەڵام لەژێر ترس و دڵەڕاوکێ و گرتن و دیارنەمانی هاوسەرەکەمدا لەحاڵەتێکی زۆر دژواردا دەژیام، دواتر چوومە کەرکوك چوارمانگ مامەوە، لەوێش هەر ئەتگوت لەزینداندا ژیان بەسەر ئەبەم، بەڕاستی ئەگەر لەئەشکەوتدا ژیانم بەسەر بردایە زۆر ئاسودەتر بووم ئەوەك ببم بەئەرك و ترس بەسەر ماڵانەوە، سەرەڕای ئەوەش بەبەردەوامی دڵم لای هاوسەرەکەم بوو، ئەو ماڵەی منی لێبووم ڕاگوێزران بۆ هەولێر، منیش لەگەڵیاندا ڕۆیشتم، بۆمن هەولێر شوێنێکی باش بوو کەس نەی ئەناسیم ، ئەوماڵەش باری ئابوورییان باش نەبوو بێجگە لەخێزانی خۆیان خێزانی شەهیدێکیان بەسەرەوەبوو، من و کوڕەکەشم بەسەریانەوەبووین لەناچاریدا بڕیارمدا ئیش بکەم هیچ نەبێت پارەی شیری منداڵەکەم دابین بکەم، ماوەی یەکساڵ کارم کرد،

کارەساتی ئەنفال منو هاوسەرەکەمی دابڕی لەیەکتری تەنها یادگارێ لەبەینماندا (پۆلا)ی ئازیزم بوو، ئەوڕۆژەی هاوسەرم هەڵبژارد، هاوسەرەکەم (ملوانکەیەکی ئاڵتونی) پێشکەش کردم، من ملوانکەکەم بەجێ هێشتبوو لەماڵەکەمدا دوایی هاوسەرەکەم کەلەشەڕ گەڕابۆوە ملوانکەکەی هەڵگرتبوو، پاش ئەوماوە زۆرە لەدابڕان، ملوانکەکەی دابویە دەست هاوڕێیەکی خۆی بیداتەوە بەمن، ئەویش زۆر مەردانە هاتو وتی هەواڵێکی خۆش یەکسەر ملوانکەکەی دەرکرد لەگیرفانی، سەرتاپا لەشم کەوتە لەرزین لەخۆشیا دەستم کرد بەگریان وتم هاوسەرەکەم لەکوێیە، وتی لەگەرمیانە .

بەیانی زوو خۆم گەیاندە چەمچەماڵ بۆ ماڵی باوکم، پاش چەند ڕۆژێك پیاوێك هات سڵاوی هاوسەرەکەمی پێگەیاندم، داوای ڕەسمی منو پۆلای کرد، منیش بڕوام پێ نەکرد تاجارێکی تر نامەو ڕەسمی خۆی بۆناردم، منیش دڵنیابووم کە هاوسەرەکەم تەنها لە خەونەکانی مندا نیە، بەڵکو ئێستا لەناو واقع و قوڵایی خاکی گەرمیاندا ئەژی، ئەو پیاوە چەند جارێك هاتوچۆی کردین، ماوەیەکی پێچوو لەلایەن ڕژێمەوە گیرا ، زۆر ترساین، ئەوەندەم دەردی سەری چەشتبوو نەموێرا لەماڵی باوکم بمێنمەوە ، ڕۆیشتم بەرەو شاری کەرکوك لەماڵە ئاسیاوێك بووم زۆر ئازاری ئەوپیاوە هەژارەیاندا بوو، سێ جار بەچاوی بەستراوەوە ئەمنەکان بردبوویان بۆ ماڵی باوکم، ڕژێم بەدوای مندا دەگەڕان تابمگرنو شایەتی لەسەر ئەوپیاوە بدەم .

لەڕۆژێکدا ڕەشەبایەکی توندو گێژەڵوکەو گەردەلول هەمووشتێکی ڕادەماڵی، دوای ئەوەی شەش مانگم لەکەرکوك بەسەربرد، بڕیارمدا سەردانی ماڵی باوکم بکەم، لەگەڵ گەیشتنم بۆ ئەوێ یەکسەر گیرام ، چونکە ئیخباریم لەسەر بوو، بردیانم بۆ ئەمنی چەمچەماڵ بۆلای(رائید حافض ) زۆر لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردم، لەوەڵامدا وتم هاوسەرەکەم سێ ساڵە منی تەڵاقداوەو لەهەولێر ئەژیم، بەهەرحاڵ بەریاندام بەومەرجەی تەڵاق لە هاوسەرەکەم وەربگرم، (رائید حافض ) خۆی سکاڵانامەیەکی بەناوی منەوە نوسی بەدەستو خەتی خۆی لەگەڵ دووپیاوی ئەمندا ناردمی بۆ فەرمانگەی مەحکەمە، بەڵام حاکمی ئەوفەرمانگەیە تابڵێیت پیاوێکی بەڕێزو بەویژدان بوو هەرباسی تەڵاقی منی کرد من بێ ویستی خۆم فرمێسك لەچاوەکانمدا وەك دڵۆپی باران دابارین، حاکمەکەش دڵۆپە فرمێسکەکانی خوێندەوەو یەکسەر تێگەیشت من بەبەندکراویو زۆرە ملێ پەلکێشیان کردم بۆ بەردەم دادگا .

حاکمەکە وتی ئەم ژنە تا هاوسەرەکەی ئامادە نەبێت تەڵاق نادرێت پاش سێ جەلەسە کۆتاییان بەتەڵاقەکەم هێناو بەکەفالەت بەریاندام، ئەحمەدی برام بوبە کەفیلم بەمەرجێك کەلەئۆردوگای شۆڕش دابنیشمو بەهیچ لایەکدا نەڕۆم هەتا ڕاپەڕین وامامەوە .

هەموو ناوچەکان پاککرانەوە لەرژێمی فاشیست، ڕاپەڕین گەیشتە دەڤەری کەرکوک من هەمدیس لەخۆشترین ڕۆژی ژیانمدا بووم کەڕاپەڕینو بەیەکگەیشتنەوەی منو هاوسەرەکەم و کوڕەکەی خۆی کەتەمەنی سێ ساڵ بوو بۆیەکەمجار باوکی بینی، لەوساتە پڕشادی وخۆشەدا، لەناکاو هەواڵی شەهید بوونی ئەحمەدی برام پێگەیشت لەرزگار کردنی شاری کەرکوکدا ، کەئەمەش غەمێکی تربوو سەرباری هەموو غەمەکان، من وەکو گەڵای پایز کەسو کارەکانم دەوەرین، چەندین جار زۆر بەقوڵی زامداربووم لەماوەی سێ ساڵ دابڕاندا لەگەڵ هاوسەرەکەم لەڕۆژانی ئازادیدا تەنها دووجار شەهید جەوهەرم بینی.

بەڵام جارێکی تریش قەدەرو شکستی ڕاپەڕین لەیەکتر جیای کردینەوە، ئێمە بەرەو ئێران ڕۆیشتینو هاوسەرەکەم لەوزنجیرە شەڕە یەك لەدوای یەکەدابوو، هەردووکمان بێ ئاگا لەیەکتری تارۆژێکیان لەپاوە بووم لەڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە گوێم لێبوو کە شەهید جەوهەر داوای (پ.م)کانی کردووە بگەڕێنەوە بۆلای بۆ(قەڵاچوالان)، منیش بەنەشارەزایی وبەپرسیار لەپاوەوە گەیشتمە قەڵاچوالان بۆلای هاوسەرەکەم، پێنج مانگ لەوێ ماینەوە دواتر گەڕاینەوە بۆ تەیناڵ.

لەساڵی١٩٩٢دا کوڕێکم بوو بەناوی(تۆڵە)، دوابەدوای ئەو (ڕەوا)ی کوڕیشم لەساڵی١٩٩٣ لەدایك بوو.

بەڵام یەکێك لەهەموو کارەساتەکان ناخۆشتر ئەوکوڕەی کەنیشانەی خۆشەویستی خۆشی و ناخۆشی ژیانم بوو، بەوپەڕی هەژاریو کولەمەرگی تاگەورەم کرد لەناکاو لە ساڵی ١٩٩٥دا توشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو ولەساڵی١٩٩٦دا کۆچی دوایی کرد، بەمەرگی ئەومنداڵەمان هەردووکمان ئازارمان زۆر چێشت، دواتریش ئازارەکانی شەڕی ناوخۆ لەگشت برینەکان گەورەتربوو هەربۆیەش هاوسەرەکەم بۆ دواجار هەتاهەتایەماڵئاوایی لێکردمو لەشەڕی ناوخۆدا لەشاخی(شەکرۆك) لەڕۆژی ٢٤ی ڕەزبەری ساڵی ١٩٩٧دا شەهید بوو.

من ژیانم زۆر بەسەختی گوزەراند کارەسات لەسەرکارەسات برینێکم ساڕێژ نەئەبوو برینێکی قوڵترو سەختر ئەهاتە سەری .

# رموز

## حەسیبە عەزیز مستەفا

حەسیبە عەزیز ئەو مرۆڤە ماندووەیە ، بەژیانێکی سەختدا ژیانی گوزەراندووە بەتایبەتی کاتی ئەنفالەکان زۆربەی کاتەکانی لەژێرزەمیدا بەسەردەبرد لەترسی گرتنی جەلادەکان.

من لەساڵی ١٩٦٣ لەشارۆچکەی دوز لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەر لەدایک بووم، برایەکم ڕژێم گرتی بۆماوەی چوار مانگ لەژێر ئازارو ئەشکەنجەی فاشیەکاندا تووشی نەخۆشی ئەعصاب بوو واتە شێت بوو بەریاندا، دوای ماوەیەك بوو بەژێر سەیارەوەو شەهیدبوو، برایەکی ترم لەساڵی ١٩٨١ بوو بەپ.م و چووە شاخ و زمانمان لێدراو ڕژێمی بەعسی ژیانی لێ تاڵ کردبووین، چەندین جار دەهاتنە سەرمان و ئێمەش لەسەر دیوارەوە بازمان ئەدا، من کە لەدوز بووم لەمحو الامیە بووم دەمخوێند ڕۆژێکیان بەڕێوەبەرەکەمان خۆی کرد بەژووردا بۆن و ڕەنگی بەعسێتی لەگەڵیدا هاوشان بوو، پرسی کێ لەئێوە سەردانی دەرەوەو پ.م دەکات؟ بێگومان پرسیارەکەی بێ وەڵام بوو بەڵام لەپڕ ڕووی کردەو من و چاوەکانی تێبڕیم وای لێکردم هەڵبلەرزم ، وتی تۆ چوویتە دەرەوەو وانیە وتم ماڵە خزممان هەیە لەلادێ بەڵام بۆ سەردانی پێشمەرگە نەخێر.

دواتر بۆم دەرکەوت کەدراوسێیەکی عەرەبمان هەبوو زمانی لێ دابووم وتبوشی کەوا من پارە کۆدەکەمەوەو دەیبەم بۆ پ.م، بەڵام ئەو قسەیەی ڕاست نەبوو ئێمە لەماڵەوە بووین نەوەندەمانزانی پۆلیس هات بۆ ماڵەوە وتی ئێوە هاتوچۆی دەرەوە دەکەن و زمانتان لێدراوە، چوون مختاریان بانگ کرد مختارەکەش وتی ماڵی چاکن و هیچی خراپیان تیانابینم، باش بوو وازیان لێهێناین بۆماوەی ١٥ ڕۆژ ڕۆیشتین بۆ کفری و دوزمان بەجێ هێشت، کە گەڕاینەوە دراوسێیەکمان هەواڵی بۆ ناردین بۆ ساڵێکی سەرسوچیگەڕەکەمان وتبووی نەیەنەوە ماڵەوە ماڵەکەیان ئابلۆقە دراوە بەجاش و پیاوانی ڕژێم، من ڕامکرد قولەپێم دەرچوو بەڵام دایکم دەستگیرکرا، منیش چووم بۆ لای براکەم لەگوندی ئاوای مەحمود بوو، لەوکاتەدا شەڕبوو لەنێوان ڕژێم و هێزی پ.م دا ئێمەش لەژێر تۆپبارانێکی خەستدا بووین، براکەم وای بەباش زانی بچم لەکانی تەنەکەیەك ئاوبهێنم، ئەوەك لەکاتی شەڕدا ئاومان نەمێنێ ئەوسا قورس و ناخۆش دەبێت، منیش کە لەکانی گەڕامەوە خەریك بوو بەپەیژەکەدا سەردەکەوتم تەنەکە ئاوەکەش لەسەرشانم بوو، لەناکاو بۆدرومانی فڕۆکە

گەندەڵەکانی ڕژێم دەستیپێکرد لەترسانا بەتەنەکەکەوە لەچەند پلەیەك کەوتمە خوارەوە، تائیستاش ئازارێکی زۆر توند لەسمت و سێبەندەمدا هەیە.

کەمن لەو گوندە بووم لەگەڵ براژنەکەمدا گەڕاینەوە بۆ لادێ و دەبوایە بەدوز خورماتودا تێبپەڕینایە، شەو لەسەر ڕێگای ئاوە سپی بووین مەفرەزەیەك جاش گرتینیان، ئێمە کۆمەڵێ ژن بووین کەلوپەلمان کڕیبوو دوو فەردە ئاردو فەردەیەك شەکر بۆ گوندەکە، یەکێك لەجاشەکان پێی وتم تۆ شاریت ئیشت چیە بەلادێ؟ یان دەچیت بۆ لای پ.م، وتم نەخێر ناچم بۆ لای پ.م، گوێم لێبوو براژنەکەم لەسەر منی کردەوە وتی ڕاست دەکات ئێمە ناچین بۆ لای پ.م، ئامر سریەکە دوو شەقی لەبراژنەکەم هەڵدا، جاشەکانیش هەردوو فەردە ئاردو شەکرەکەیان خستەناو ئاوەکەی ئاوەسپی دواتر ڕێگایان داین بڕۆین و گەڕاینەوە گوند، لەهەمان کاتدا ماڵی باوکم لەگەڕەکی شۆریجەی کەرکوك بوون خانووەکەیان تەخت کردن لەبەرئەوەی کوڕیان پ.م بوو.

لەیەکێك لەشەڕەکاندا براکەم بریندداربوو، حەمە دوزی کۆڵی کردبوو دەری کردبوو تا دەستی ڕژێم نەکەوێت، هێنایەوە بۆ لامان ئیتر من لەوکاتەدا حەمە دوزیم ناسی ئەوەبوو لەکۆتایی ١٩٨٧دا لەگەڵ حەمە دوزی دا کەوتمە ژیانی هاوسەریەوە، بەهۆی شوکردنی منەوە دوکان و ئانەواخانەیەکمان لەدوز هەبوو دەستی بەسەرداگیرا لەلایەن ڕژێمەوە، دایکیشم بۆ جاری دووەم گیرا ئەم جارە لەسەرمن بوو.

یەکەم ماڵی پ.م لەبناری گل بوو کە لەم گوندە بووین ڕۆژێکیان ماکسیەکی سوورم لەبەردا بوو لەکانی بووم گەڕامەوە بەرەو ماڵەوە دوو مەتارە ئاوم بەدەستەوە بوو ئەوەندەم زانی فڕەفڕی فڕۆکە جوانی سروشتی شێوان وەك بڵێ پەروانەی فڕۆکەکە شەڕ لەگەڵ هەواکە دەکات و هەواش دەزریکێنێ، بەهەرحاڵ من گەیشتمەوە ماڵەوە ماڵێك لەوبەرەوە بانگیان کردم وتیان وەرە ناوکونە تەیارەکەمانەوە، منیش ڕامکردو ماکسیە سوورەکە ئاشکرای کردم لەفڕۆکەکان ساروخێکیان لەنێوان من و کونە تەیارەکەدا تەقاندەوە ڕاستەوخۆ کەرتم بەزەویەکەدا تۆزو خۆڵ و دوکەڵێکی زۆر بەرزبووەوە بەڵام باش بوو زیانی گیانی نەبوو.

من سێ مانگ بوو لەژیانی هاوسەریدا بووم کە ئەنفالە بەدناوەکەی گەرمیان دەستیپێکرد، من تا ٢٥ ڕۆژ لەگەڵ هاوسەرەکەم و هێزی پ.م دا بەپارتیزانی ئەو گوندو شاخ و ئەشکەوتانە دەگەڕام، ئەوە بوو دواتر بڕیارمدا لەگەڵ ڕێکخستنەکان بگەڕێمەوە بۆ دووزخورماتوو، لەڕێگا لەبازگەیەك دایان بەزاندین وتیان ئێوە خێزانی پ.م منیش وتم

نەخێر ئێمە خێزانی پ.م نین، یەکێك لەئەمنەکان یەك سۆندەی گەورەی پیاکێشام وتی تۆ مناقەشە دەکەیت.

ئێمە کە لەقادرکەرەم دەرچووین ئەمبەرو ئەوبەری جادەکە جاش زێباری بوو دوو دوو دار چەقێنرابوو جلی کوردی ژنانەیان پیاهەڵواسی بوو، منیش ئەلبومێکم پێبوو سەرنشینی ناو سەیارەکە وتیان تۆ بەهۆی ئەو ئەلبوومەوە ئێمەش ئاشکرا دەکەیت، ناچار ئەلبومەکەم هەڵدایە ناو گۆماوێك و جاشێك هەستی پێکردو یەکسەر ئاوڕی دایەوەو پرسیاری کرد ئەوە چیت فڕێدا؟ منیش وتم هیچ، جاشەکە دەستی کرد بەجوێندان.

دواتر لەدوز لەژێرزەمینی ماڵی ڕێکخراوێکدا بووم، پاش ماوەیەك داوام کرد کەبچم بۆ سلێمانی بەڵام وتیان پیاوانی ڕژێم وتویانە بەردەستمان بکەوێت سەری دەتاشین، بەهۆی کاك کامەران کەرکوکییەوە کە ئەندامێکی لەخۆبردوو بوو بردمی بۆ کەرکوك دوو ڕۆژ لەژێرزەمینی ماڵێکدا لەوێش مامەوە، ئەوە بوو تەلەفۆنم کرد بۆ ماڵی خەزوورم کەبێن بەدوامدا بەڵام ئەوان ئەترسان لەبەرئەوەی کوڕیان پ.م بوو، تا ئامۆزایەکی هاوسەرەکەم هات و بردمی بۆ سلێمانی بۆ ماڵی خەزوورم، پاشان بیستم کەوا کاك محەمەد عەزیزی برام بریندارببوو لەشەڕدا، سۆندەی خوێنیان بۆ هەڵواسیوە، بەڵام ڕژێم لەو ساتە پڕ ئازارو برینداری و نەخۆشیەدا سۆندەکەیان لێکردەوە بەبرینداری گیراو بردیان و بەو شێوەیە ڕەمییان کرد، هاوسەرەکەشی بەناوی ناهیدە مەجید هەر شەش منداڵەکەی ئەنفال کران، خۆشی بەرەو شاخەکان ڕایکردبوو پاشان لەبۆردومانێکی زۆردا بێ ئەوەی بپێکرێ زراوی تۆقی بوو توزێ ڕشابووەوەو یەکسەر شەهیدبوو.

ئەوە ناخۆشترین کارەساتە کە لەژیانما بەسەرمان هات، خێزانێك هەر هەموویان شەهیدبوون، بەهۆی خزمانەوە بەرەو سنوور بەڕێکەوتم، لەسەنگەسەر دوو شەو مامەوە شەوێکیان لەماڵی ئامر سریەیەك مامەوە ئەوە زۆر ناخۆش بوو بۆ ئێمە، سپێدە لەخەو هەستام و بەرەو مەڵبەندی سێ کەوتینەڕێ، لەبارەگایەکی پارتی ماینەوە تاکو ڕێگایەکمان دۆزیەوە تا گەیشتمە قاسمەرەش، من لەگەڵ مێزی پ.م دا بۆ ماوەی مانگێك مامەوە پاشان چووینە سنەو مەریوان و پاشان سەقز لەوێ بۆ ماوەی مانگێك لەماڵی کاك محەمەد سەنگاوی مامەوە، بەبۆنەی گوێزانەوەی بارەگای پ.م کان بۆ دزڵی ئێمەش چووینە کانی دینار، پاش ماوەیەك گەڕاینەوە سەقز لەڕۆژێکدا یەك مەتر بەفر باریبوو ئاووهەوا لەپلەی بەستندا بوو، ئێمە دووبارە بەرەو کانی دینار دەگەڕاینەوە لەڕێگا منداڵێکم بوو لەناو ئەو

بەفرو سەرمایەدا ناوکیان بەچەقۆی میوە بڕی، کە گەیشتینە کانی دینار لەگەڵ ماڵی کاک مەحمود سەنگاویدا بووین.

هاوسەرەکەم پێش ڕاپەڕین بەسێ مانگ گەڕایەوە بۆ ئازادکردنی ناوچەکان، منیش لەگەڵ ڕووناک خانی خێزانی کاک جوامێر بووم، لەدوای ڕاپەڕین ماڵەکەم بەسەیارە هێنا بەرەو پێنجوێن لەبازگەکانی ڕژێمی ئێرانیدا زۆر دەترسام دەمانچەیەکم لەناو فەردە ئاردا شاردبووەوە کلاشینکۆفێك لەناو کەلوپەلی ناو ماڵەکەمدا تا ساڵی ۱۹۹۲ لەپێنجوێن ماینەوە لەناو خەیمەدا ژیانم بەسەر دەبرد بەهۆی سەرماو سۆڵەوە ماڵەکەم هێنایەوە بۆ سلێمانی، ماوەیەك کرێچی بووین دواتر خانوومان کڕی هاوسەرەکەم سەرتیپ بوو دواتر بووبەجێگیری لەشکر، کەپشووی وەرگرتبوو هێشتا ۱۵ ڕۆژ بەسەر پشووەکەیدا تێنەپەڕی بوو لەناوشاری سلێمانیدا شەهیدکرا.

خۆشم لەدوای شەهیدبوونی هاوسەرەکەم توانیم دەست بگرم بەسەر سێ منداڵم و گەورەیان بکەم و دەستی دایکایەتی بەسەریاندا بهێنم، ئێستاش ئامادەم چی لەتوانامدا بێت لەخزمەتی شۆڕش و نیشتمانەکەمدا ئەنجامی بدەم.



## قەدریە تاهیر حەمە ئەمین (نەوەی شاخ)

ئەم ژنە بوێرە خەڵکی شاری گڕو بڵێسەو ئاگرینە هەر بۆیەش هەستی نەتەوایەتیی وەکو ئاگرەکەی باوەگوڕگوڕ هەر لەبڵێسەدابوو. لێرەدا بەشێك لەبیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە.

من لەخێزانێکی نیشتمانپەروەر لەناغچەلەری دەقەری کەرکوك لەدایك بووم، ئەو شارە ئازیزەی کە هەموو چاوچنۆکان و تەماحکاران چاویان تێبڕیوە .

بەهۆی چەوسانەوەی لەڕادەبەدەرمان لەلایەن ڕژێمی عەفلەقیەوە هەستی نەتەوایەتیمان زیاتر گەشەی دەکرد، ئەوە بوو باوکم زۆر شۆڕش و پ.م ی خۆشدەویست و یارمەتیدەدان، هەر بۆیە لەساڵی ١٩٧٨دا جەلادەکان باوکمیان دەستگیرکرد. پاش ئازارو ئەشکەنجەدانێکی زۆر لەهەینەی کەرکوك حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا درا هەتا بەرتیل و پارەیەکی زۆر زۆر دواتر بەربوو، دوای ئەو گیرانەش دووجاری دی گرتیانەوەو ماوەیەکی زۆر بێ سەروشوێن بوو.

هەر بۆیەش براکانم هەمان ڕێبازە پیرۆزەکەی باوکمیان گرتەبەر، برا گەورەکەم بەناوی سەلاح تاهیر کە لەڕێکخستنەکانی سەر بەتیپی ٢١ی کەرکوك بەنهێنی کاری دەکرد، هەتا لەساڵی ١٩٨٧دا بووە هۆی ئاشکرابوونی کاکم و بەرەو شاخ ڕۆیشت، دوای ئەو ئێمەش ماڵمان پێچایەوەو هەموو منداڵەکان لەقوتابخانە هاتنە دەرەوە بەڵام من پێشتر وازم لەقوتابخانە هێنابوو.

لەگەڵ ڕۆیشتنی ئێمەدا ڕژێم خانووەکەی ئێمەی دا بەماڵە ئەمنێکی عەرەب، خانووەکەی تاپۆکردە سەر خۆی کە لەگەڕەکی ئیسکانە، ئێستا ئەمنەکە مردووە ماڵ و منداڵەکانی هەر لەو خانووەدان.

ئێمە بەرەو هەڵەبجە ڕۆیشتین پاش شەوێك مانەوەمان بەرەو هەوار ڕۆیشتین لەبارەگای حزبی دیموکراتی ئێران، شەوێك لامان داو پشوویەکمان دا دواتر بەرەو هەوارە کۆن ڕۆیشتین، ئەو هەموو ڕێگایەمان بەمنداڵی وردەوە کە لەکۆڵماندا بوو بەپێ بڕی، زۆرجار لەژێر لێزمەی بارانە بەخوڕەکەی بەهاردا کەدەشت و شاخ هەروەکو فەرشێکی ڕەنگین دەچوو ئاسوودەیی دەدا بەچاوو دڵ و دەروونمان.

لەترسی گرتن، ماڵی برا گەورەکەشم بەخێزانی هاتن لەگەڵمان بەپێ بەرەو (گریانە) ڕۆیشتین، پاش شەوێك مانەوەمان کەوتینەوە ڕێ ئەمجارە لەژێر تۆپ و باراندا زۆر بەسەختی ڕێگامان دەبڕی، ئێمە خێزانێکی گەورە بووین لەناچاریدا بەرەو ئێران ڕۆیشتین.

چوورینە ئۆردوگای سەریاس ماوەی شەش مانگ لەژێر خێمەدا دەژیاین بەفرو باران و سەرما هاتە پێشەوە، نیوەشەوان بەفر خەیمەکەی بەسەردا دەرووخانین، لەژیانێکی سەختی پڕ لەئازاردا دەژیاین هەتا ڕژێمی ئێرانی ڕێگەی داین خۆمان خانوو بگرین بەکرێ.

بەرەو شاری پاوە ڕۆیشتین خانوومان بەکرێ گرت براکەم لەتیپی ٢١ی کەرکووکەوە خۆی گواستەوە بۆ تیپی ١١ی هەورامان لای کاک قادر کۆکۆیی پ.م بوو. لەشەڕێکدا لەقەرەداغ براکەم بریندار بوو حاڵی زۆر لەمەترسیدا بوو.

لەساڵی ١٩٨٩ پ.م زۆری بەلێبوردنی گشتی گەڕایەوە بۆ لای ڕژێم زۆربەی خێزانەکانیش بەرەو ئەورووپا ڕۆیشتین، بەڵام ئێمە درێژەمان بەژیانماندا لەخاکی کوردستانی ڕۆژهەلات، لەڕۆژێکی ساڵی ١٩٨٩ دا هاوسەری پ.م هەڵبژارد بەناوی وریا ئاغجەلەری کە لەساڵی ١٩٧٩وە چووەتە شاخ و بووەتە پ.م، لەو زەمەندا پ.م زۆر هەژار بوو خاوەنی هیچ سەرمایەیەک نەبوون، تاکە سەرمایەیان ژیانی خۆیان بوو کەبیکەن بەفیدای خاک و گەلەکەیان و ڕێبازەکەیان.

ئەو هاوسەریەی من ڕێکخرا لەلایەن پ.م ماندوونەناسی گەلەکەمان وەستا عەبدول و پرشنگ خانی خێزانیەوە کە هاتن بۆ پاوەو منیان برد بۆ سەقز، هەشت کاتژمێر لەسەیارەدا بووین بەڵام بەجلوبەرگێکی سادەوەو بەسەیارەی نەفەر تا سایەقەکان نەزانن بوکم و داوای پارەی زیاتر بکەن، کە گەیشتینە سەقز ٢٠ شەو لەماڵی وەستا عەبدول بووین.

دواتر دوو ژوورمان بەکرێ گرت لەگەڕەکی بەزدبڕان لەسەقز مانگی بە٨٠٠ تمەنی ئەو ڕۆژە، زۆر پیس و ناخۆش و مشکاوی بوو، هەندێک لەبرادەران یارمەتیان داین و ماڵێکی سادەمان پێکەوەنا.

هاوسەرەکەم مانگی ١٥ ڕۆژ لەجەولە بوو دەچوو بۆ قاسمە ڕەش، منیش دەچووم بۆ ماڵی وەستا عەبدول وەک ماڵی باوکم وابوو، ژنی خاوەن ماڵەکەم لا دەخەوت، ماڵێکی زۆر بەڕێز بوون.

پاش ساڵێک کچێکم بوو بەناوی ژیلە، هەر لەسەقز پەیوەندیم کرد بە ی.ژ.ک بەپەیمانی مام حەمید، پاش ماوەیەک بەرەو هەندەران ڕۆیشت، دواتر پەیوەندیم کرد بەمهاباد خانەوە ئەویش بەهەمان شێوە ڕۆیشت بۆ هەندەران.

دوای ماوەیەک ڕاپەڕین دەستیپێکرد هاوسەرەکەم بەشداری هەموو ڕاپەڕینەکانی کردو دوای ئازادکردنی هەموو شارەکانی کوردستان هاتینە گەڕەکی ئاشتی دانیشتین، هاوسەرەکەم ئێستا جێگری مەڵبەندی کەرکوکە لەوێ کاردەکات.

من شۆڕش و پ.م زۆر خۆش دەویست هەر بۆیەش ئەو ڕێبازە سەختەم گرتەبەر لەپێناوی ئازادیدا.

# خانەقین

## تابان عەبدوڵلا تەیب (نەوەی شاخ)

تابان خان نەوەی شاخە هەر لەسەرەتای ژیانی منداڵیەوەو لەناو ئازارو کێشەکانی گەلەکەیدا گەورە بووە، ناخۆشترین کارەسات لای تابان ئەنفال کردنی براو خوشکەکانی بوو کە هەرگیز وێنەیان لەبەرچاوی لا ناچێت، هەر بیرکردنەوەیەکی برینێک دەخەنە جەستەیەوە.

ساڵی ١٩٧٢ لەشاری خانەقین هاتوومەتە ژیانەوە، لەدوای نسکۆی شۆرشی ئەیلول بەخێزانی ڕەوانەی خوارووی عیراق کراین، لەساڵی ١٩٨٠ دا بەخێزانی تووشی گرتن بووین لەلایەن ڕژێمی بەعسی لەناوچووەوە، باوکم بەهۆی چالاکیەکەوە لەناحیەی سەر قەلا کە دەکەوێتە بەینی کفری و کەلارەوە دەکەوێتە بۆسەی سەربازەکانی ڕژێمەوە، بۆ ماوەی ١٦ مانگ بێ سەروشوێن دەکرێت، پاش ئازادکردنی لەساڵی ١٩٨٢دا پەیوەندی دەکات بەهێزی پ.م ی کوردستانەوە لەسنووری تیپی ٥١ی گەرمیان، لەپاش بوونی باوکم بەپ.م دایکم و پێنج خوشك بووین لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیرکراین.

لەپێشدا لەئیستخباراتی کەلار بەند بووین، دوایی بردیانینە زیندانی بەعقوبە، لەساڵی ١٩٨٣دا هێنایانین بۆ سورداش و لەوێ ئازادکراین لەگەڵ چەند خێزانێکی پ.م ئێمە لەسەر ژیانی خۆمان بەردەوام بووین تا بنبەست بوونی دانوستانەکەی بەینی ڕژێم و یەکێتی، کەسوکاری پ.م ڕووبەڕووی گرتن و ڕاوەدونان بووینەوە ئێمەش بەناچاری قوتابخانەو شارمان بەجێ هێشت و چووینە شاخ، ئەوکاتە من لەپۆلی دووەمی سەرەتایی بووم من لەناو کارەساتی گەلەکەم و خێزانەکەمدا گەورە بووم وماڵەکەشمان لەلایەن ڕژێمەوە دەستی بەسەرداگیرا.

یەکەم گوند کەڕوومان تێکرد گوندی وەرێلەی گەرمیان بوو سنوری تیپی ٥٣ی شیروانە بوو لەو گوندەش کۆمەڵێ ماڵە پ.م ی لێبوو قوتابخانەشی تێدا بوو، من لەسەر خوێندن بەردەوام بووم تا پۆلی شەشی سەرەتاییم خوێندووە، دیارە ژیان گواستنەوە لەشارەوە بۆ شاخ زۆر سەخت دەبێت چونکە ژیانی شار بەهەموو شێوەکانیەوە جیاوازە جگە لەباری سیاسی و ترس و هێرشکردنی ڕژێم بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پ.م تۆپ باران و ئابلۆقە خستنەسەر گوندەکان و لەساڵی ١٩٨٦ فشارێکی توند کەڕژێم نەی دەهێشت هیچ کەرەستەو خۆراکێ ڕوو لەگوندەکانی ژێردەسەلاتی پ.م بکات، ئێمە بەو ژیانە سەختە تا ساڵی ١٩٨٨ ماینەوە ئەنفال سنووری گەرمیانیشی گرتەوە، لەقولایی لای ئێمەوە کە باوەنوور بوو دوژمن هێرشی هێناو لەکەلارو کفری سنووری ٥١ی گەرمیان و ٥٥ی قەرەداغ ئێمە ئابلوقە دراین، هەر چواردەورمان شەڕبوو بەناچاری ڕوومان کردە شاخ و ئەشکەوتەکان و ئاووهەواش زۆر باران و زریان و تۆف بوو.

لەمانگی ڕەشەمێی ١٩٨٨دا بوو ئێمە هەموومان بەو سەرمایە ڕۆیشتین لەژێر لێزمەی باران و بەناو قوڕاودا نەخۆش کەوتین، پ.م بریندارایان دەهێنایە ئەشکەوتەکان لای ئێمە، بەڕاستی ڕۆژێك بوو مرۆڤ ناتوانێ حەقی خۆی باتێ لەڕووی سەختیەوە لەڕووی بەرەنگاریەوە کە پ.م بەژمارە کەم و چەکی سووکەوە شەڕی دوژمنێکیان دەکرد کە ئەوەندە دڕندە بوو بەچەکە نامرۆڤانەکانی دەیتاسانین و ئەی خنکاندنین، لەدوای ئەو شەڕە قورسانەو چەکی کیمیایی هێزی پ.م کەوتنە کشانەوە لەناوچەکە خەڵك پەرتەوازەبوون، یەکێ دەگریا یەکێ منداڵی بەجێ دەهێشت و پ.م و هاوسەرەکانیان نەیاندەزانی چ ڕێگایەك هەڵبژێرن لەشاخ و دۆڵی کوردستاندا پاش ڕووخان بمێننەوە یان ئەنفال بکرێن و خۆیان تەسلیم بەڕژێم بکەنەوە، لەم سێ ڕێگایە هەریەکەو ڕێگایەکی بۆخۆی هەڵدەبژاردو خۆی دەدایە دەست قەدەر، قیژەی ژن و منداڵ و گریان دەگەیشتە ئاسمان دایکم و باوکم بڕیاریاندا نەگەڕێنەوە بۆ لای ڕژێمی ڕەفتارفاشی.

وتیان هەندێ لەمنداڵەکان دەنێرینەوە بۆ شار ئێمەش لەدوو براو حەوت خوشك پێك هاتبووین دەبوو دوو براکەم و پێنج خوشکمیان خستە سەیارەکەوە بگەڕێنەوە و ئەنفال نەکرێن، خوشێکم تازە منداڵەکەی تەمەنی ٤٠ ڕۆژ بوو دیارە هەر ئەوان کەوتنە ڕێگا، لەگوندێکی نزیك گوندەکەی خۆمان دەکەونە بۆسەی جاش و سەربازەکانی ڕژێمەوە ئەنفال دەکرێن، ئێمەش بێ ئاگاین لەوان کەگیراون من و دوو خوشکی ترم لەشاخ ماینەوە، لەگەڵ دایکم و باوکمدا هەر هەمان ڕۆژ هەواڵی شەهیدبوونی مامم گەیشت کە پ.م بوو لەسنووری تیپی ٥١ی گەرمیان، ئێمەش لەگەڵ هێزی پ.م بەپارتیزانی ماینەوە لەگەڵ چەند ماڵە پ.م تردا.

دوای ماوەیەك باوکم خۆی لەگەرمیان مایەوە ئێمەش لەگەڵ شەهید حەمە ڕەشدا بەرەو سنووری ئێران بەڕێکەوتین، ماوەی مانگ و نیوێك بەپێ و گوند بەگوندو شاخ بەشاخ بەناو دۆڵ و بەفردا گەیشتینە قەندیل، پاش ماوەیەك مانەوەمان دیسان بەناو ئەو بەفرە سەختەی قەندیلدا بەڕێ کەوتین لەڕێگا هەردوو قاچم سەهۆڵ بردی، ماوەی چەند مانگێك لەنەخۆشخانە لەژێر چاودێری پزیشکدا بووم، لەئێران دوای دابڕانم لەخێزانەکەم گەڕامەوە بۆ لایان لەئۆردوگای سەریاسی پاوە لەئێران ماوەی سێ ساڵ ماینەوە، لەئاوارەبووندا تا پۆلی سێهەمی ناوەندیم خوێند.

لەساڵی ١٩٨٩ وەك ئەندام پەیوەندیم کرد بەی.ژ.ك بەختاوو وەصفیە کە هەر لەو ساڵەدا ی.ژ.ك دامەزرابوو دەستم کرد بەئیشی ڕێکخراوی لەناو ئۆردوگاکاندا، سەرەرای ژیانی غەریبی و دوورە وڵاتی چالاکیەکان زیاتر ڕێنمایی کردنی ژنان بوو لەرووی دەروونیەوەو بەسەرکردنەوەی ماڵە پ.م بەتایبەتی ئەوانەی ئەنفال یان شەهیدیان هەبوو یان ئەوانەی بەپارتیزان مابوونەوە لەکوردستان.

## صبیحە شێر محەمەد

سەبیحە خان ئەو ژنە ماندوو نەناسەیە کە هەر لەسەرەتای هەرسەرێتییەوە زۆری هیلاکی و سەختی ژیان بینیوە بەڵام ئەو دیمەنەی کە لەبەرچاوی گوم نابێت ئەوە بوو لەوکاتەی لەزیلەکەی شۆڕشدا بوون لەلایەن جاشەکان و سەربازەکانی ڕژێمەوە دراوەتە بەر رێژنەی فیشەك و گوللە هاوەن خۆشی نازانێت چۆن رزگاریان بوو.

من لەساڵی ١٩٤٩ لەشاری خانەقینی ئازیز لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەر چاوم بەژیان هەڵهێنا، خێزانەکەم بەشداری شۆڕشی ئەیلول کردووە، برایەکەم بەناوی ئیسماعیل زیندانی کراو برایەکیشم بەناوی نوری بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە خۆشم کەقوتابی ناوەندی بووم لەرێکخستندا کارم دەکرد، تاساڵی ١٩٦٥ لێپرسراوی کۆمەڵێ کچ بووم لەگێلاس حەسەن و پەروین عەبدوڵڵاو نەزیرەشمان لەگەڵدا بوو لەناوشاری خانەقیندا کارمان دەکرد.

لەساڵی ١٩٧٢ کۆلیجی ئاداب بەشی زمانی کوردیم تەواوکرد، یەکەم دامەزراندم لەشاری عەقرە ئاکرێ–بوو، بووم بەمامۆستای ناوەندی هەر لەو زەمەنەدا هاوسەری پ.م هەڵبژارد بەناوی (جەبار فەرمان)، لەمانگی خەرمانانی ١٩٧٤دا چووینە دەرەوە ئەوکاتە من نیشانە کرابووم، هەر هەمان ساڵ لەرۆژێکی ئاسمان ڕوونی ساف و بێگەردا کەرێکەوتی ٦ی گەلاوێژی ١٩٧٤ کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە، یەکەم ماڵی پ.م لەشۆڕشی ئەیلولدا لەچۆمان بوو لەبەر زۆری بۆردومان بەرەو ئێران ڕۆیشتین چووینە ئۆردوگای سیرامی گەرم هەردووکمان مامۆستا بووین وانەمان بەقوتابیان دەوت.

هەر لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا لەساڵی ١٩٧١ هاوسەرەکەم بەشێوەیەکی نهێنی کاری دەکرد لەبەغدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا حاکم ئیبراهیم و ئیبراهیم عەبدەلی و مامۆستا خدر و سەعدون فەیلی کاک سەلام، ئێمە هەتا نسکۆی ١٩٧٥ ماینەوە ویستمان درێژە بەشۆڕش بدەین هەر بۆیەش پەیوەندیمان کرد بەخاڵە شیهاب کەدەست بکەین بەشەڕی پارتیزانی، بەڵام خاڵە شیهاب وەڵامی داینەوە وتی بگەڕێنەوە ناوشار هەر کەسە بەشێوەیەکی نهێنی کاری خۆی ئەنجام بدات ئێستا هەلومەرجی شۆڕش دەست پێکردنەوە ئامادە نییە، ئێمەش گەڕاینەوە خانەقین بەڵام ڕژێم بردینی بۆ بهرز کەنزیکی بەعقوبە بوو یەکسەر دەریان کردین لەخانەقین وتیان لەسەرانسەری عیراقدا بۆ چ شارێك دەچن ئارەزووی خۆتانە بەس خانەقین نەبێت، ئێمەش لەبەر هاوسەرەکەم گەڕاینەوە بۆ بەغدا چونکە لەوێ مامۆستا بوو خۆی اعداد معلمینی بەعقوبەی تەواوکردبوو قوتابی زانکۆی مستەنسریەش بوو.

هاوسەرەکەم هەرزوو ناوەکەی دەرچوو بوو بەمامۆستا، منیش پاش حەوت مانگ ناوم هاتەوەو گەڕامەوە بۆ قوتابخانە، ئەو زەمەنەی لەبەغدا بووین لەژێر ترس و لەرزو حاڵەتێکی ناخۆشدا دەژیاین، ڕژێم چاوی لەسەر عائیدونەکان بوو، ئێمە لەماڵی محەمەد دارا خاندا بووین کەخێزانەکەی ناوی ڕەباب بوو، ئەوکاتە باری ئابووریمان زۆر لاواز بوو، لە٤ی پوشپەڕی ١٩٧٥دا (بڵێسە)ی کچم هاتە ژیانەوە ١٠ دیناری پارەی مامانەکە ئەو ماڵە

بەڕێزە بۆی داین، سەرەڕای ئەوەی کرێ خانووشیان لێ نەسەندین، ئەوەندە هەژاربووین پارەمان نەبوو شیر بۆ بڵسەی کچمان بکڕین.

ڕۆژێکیان حاکم ئیبراهیم هات بۆ ماڵمان من قەنداغم ئەدا بەکچە ساواکەم وتی صبیحەخان ئەو منداڵە تەمەنی هێشتا ٤٠ شەو نیە چۆن قەنداغی دەدەیتێ منیش وەڵامم نەدایەوە خۆی تێگەیشت چوو قوتویەك شیری نیدۆی بۆ کڕی.

ئێمە چونکە لەڕێکخستندا کارمان دەکرد ژیانمان کەوتبووە مەترسییەوە، لەساڵی ١٩٧٥دا کۆمەڵێ لەهاوڕێیانی کۆمەڵە دەیانویست بەرەو سنووری ئێران بڕۆن، هەموویان لەلایەن ڕژێمی شاوە دەستگیرکران و تەسلیم بەڕژێمی عیراقی کرانەوە، ئەو هاوڕێیانەش خاڵە شیهاب و عومەری سەید عەلی و فەرەیدون عەبدولقادرو عەلی بچکۆل و ئەرسەلان بایزو جەعفەر عەبدولواحید و ئاوات عەبدولغەفور بوون، ئێمە لەڕێگەی پاکیزە خانی خێزانی فەرەیدون عەبدولقادرەو زانیمان کە ئەوان دەستگیرکراون و ئەو حەوت کەسە تەسلیم بەئەمنی سلێمانی کراون، پاش چەند ڕۆژێك ناردیانن بۆ ئەمنی عامەی بەغدا، بۆ ماوەیەك حاکم ئیبراهیم لەبەغدا لەماڵی ئێمە خۆی شاردبووەوە ئێمەش دراوسێیەکی خانەقینمان هەبوو بەناوی مەلا عەلی بەڕێکەوت ڕۆژێکیان حاکم ئیبراهیمیان بینی بوو لەماڵی ئێمە پرسیاریان لەمن کرد حاکم چی دەکات لەماڵی ئێوە؟

منیش زۆر بەرهەڵستیم کرد کە ئەوە پیاوێکی خەڵکی سلێمانیە، دوایی ڕووداوەکەم بۆ حاکم ئیبراهیم گێڕایەوە، بۆ شەوەکەی ماڵی ئێمەی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ شوقەکەی خۆی، ڕژێم چاودێری لەسەر دانابوو یەکسەر حاکم ئیبراهیم دەستگیرکرا.

ئێمە زیاتر کەوتینە مەترسیەوە، بڕیاربوو هاوسەرەکەم لەگەڵ ئیبراهیم عبد عەلی بڕۆن بۆ ڕومادی ولەوێوە بڕۆن بۆ سوریا، ئیبراهیم عبد عەلی شارەزای ڕێگاکە بوو نامەیەکی بۆ هاوسەرەکەم نووسی بوو کە لەسەعاتی سفردا بگات بەدەستی، دواخستنی نامەکە بووە هۆی گیرانی هاوسەرەکەم لە٢٢ی گەلاوێژی ١٩٧٥ ،لەکاتی وانەوتنەوە لەقوتابخانەدا دەستگیرکراو بردبویان بۆ ئەمنی قۆرەتو بۆ ئەمنی عامەی بەغدا.

بەیانی پێش چوونە دەرەوەی وتی ئەگەر ئێوارە درەنگ کەوتم ئەوا یان گیراوم یان ر امکردووە، ئەو شەوە هەر زۆر بێ تاقەت بووم تا ١٢ی شەو لەچاوەڕوانیدا بووم لەناکاو مەحمود دارا خان هات بۆ ماڵمان پێی وتم کەمامۆستاکانی قوتابخانەکەی هەواڵیان بەو داوە کە جەبار فەرمان گیراوە، بەمنیشی وت چی نامیلکەو بڵاوکراوەو کتێبی مارکسی لینینی هەیە بیشارەوەو خۆشت برۆ ئەوەك بێن بتگرن، خاڵی هاوسەرەکەم هەر هەمان ڕۆژ هاتبوو بۆ سەردانمان زانیبووی ئێمە لەحاڵەتێکی نائاساییدا دەژین، منیش هەموو کتێبەکانم کۆکردەوەو لەگەڵی خاڵی هاوسەرەکەمدا کەناوی ئەحمەد یوسف بوو چووین بۆ ماڵی پور، هاوسەرەکەی لەکۆندا لەگەڵ حزبی شیوعی کاری کردبوو کتێبەکانی لێ وەرگرتم و خستیە ناو کتێبخانەکەی خۆیەوە، بەڵام ئەوانیش هەروەکو ئێمە ژیانیان لەمەترسیدا بوو، وتیان ئێمە وەزعمان باش نیە لەبەر پاراستنی خۆت ماڵەکە بگۆڕە.

چووینە ماڵی مەحمود ئاوەختی کە خەڵکی خانەقین بوو، لەو ماڵە بەڕێزە بووم کە زانیم خدر گیراوەو ئیبراهیم عبدلی ڕایکردووە بۆ سوریا، بۆ ماوەی حەوت مانگ بەهیچ جۆرێك هەواڵی هاوسەرەکەم نەبوو، لەو ماوەیەدا فەرمانی دامەزراندنەوەم دەرچوو بۆ دهۆك چونکە عائدون بووم ناردیانم بۆ گوندی خەرشەنە گوندێکی یەزیدی بوو، من و سێ مامۆستای تر

لەژوورێکدا بووین، ڕۆژێک مشرف تربوی هات بۆ ئیشراف ئێمەش بڕیارماندا ژوورەکەی خۆمانی بۆ چۆڵ بکەین لەوکاتەدا من لانکی کچەکەم لەشاندا بوو ئەچیومە دەرەوە بینیمی بەمنی وت ئەی کوا هاوسەرەکەت منیش وەڵامم دایەوە بەندکراوە، خۆشم عائیدونم و خەڵکی خانەقینیشین ئەڤ کراوم بۆ ئەم گوندە دوورە، دوای گەڕانەوەی مشرف تربوی بۆ دهۆک باسی ژیانی منی بۆ محمد پیرۆت کردبوو کە ئەوکاتە مدیری تەربیەی دهۆک بوو، ئەویش بەکتابێک ناردی بەشوێنمدا، بەڕێوەبەر وتی لەبەر خاتری ئەو کچە ساوایەت تەنسیبت دەکەم بۆ دارمعلماتی دهۆک، هەر لەوکاتانەدا بوو خوشکی هاوسەرەکەم هات بۆ لام پێی ڕاگەیاندم کە جەبار فەرمان حەوت ساڵ حوکم دراوەو دەتوانین مواجەهەی بکەین لەفەزلیەی بەغداد، یەکەم جار کەچووم چاوم بەزۆر لەهاوڕێیان کەوت خاڵە شیهاب و ئەنوەر زۆراب و جەعفەر عەبدولواحید لەسێدارەدران و شەهیدکران.

ساڵی ئایندە کە قوتابخانە کرایەوە ناردیانم بۆ گوندی ڕازاوەی بەعەرەب کراو کە یەزیدی بوون، پاس ساڵ و نیوێک مانەوەم لەوێ گوێزرامەوە بۆ هەولێر، من ئەرمین عوسمانم لەمواجەهەدا ناسی و ناونیشانی خۆی پێدام کە لەئامادەیی خانزاد مامۆستا بوو، منیش چوومە وانەکەیەوە یەکسەر منی بەقوتابییەکانی ناساندو وتی ئەمە مامۆستایەو هاوسەرەکەی بەندە وەکو هاوسەرەکەی من حەوت ساڵ حوکم دراوە.

ئەرمین خان خێزانی شێخ دارۆیە کەئێستا وەزیری دەوڵەت وکاروباری ئافرەتانی عیراقیە، لەوکاتەی من لەپۆلدا بووم بۆم دەرکەوت مامۆستایەکی خۆشەویست و ئازاو چاونەترسە، منی یەکسەر برد بۆماڵی خۆیان، قانیعە خان کەخێزانی شەهید جەعفەر بوو خاڵۆژنی ئەرمین خان بوو یەکترمان ناسی و لەماڵی ئەوان دەژیام، بووم بەکچی ئەو ماڵە بەڕێزە، بەهۆی ئەرمین خانەوە منیان لەقوتابخانەی نیشتمان دانا کە ست بدریە بەڕێوەبەری بوو، ئەو قوتابخانەیە بەعسی تیانەبوو بەراستی بەڕێوەبەر زۆر یارمەتی دەدام.

ماوەیەک لەوێ مامەوەو هەموو مواجەهەیەک سەردانی بەندیخانەم دەکرد تا ساڵی ١٩٧٩ هاوسەرەکەم پاش چوار ساڵ بەندێتی بەلێبوردنی گشتی بەربوو، ئەو شەوە من لەماڵی پەخشان جەلال بووم کە هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆ هەولێر، بەلام نەبووەوە بەمامۆستا لەدەواجنی هەولێر ئیشی دەکرد تا ساڵی ١٩٨٠ ڕێگای شاخی گرتەبەر، لەگەڵ شەهید محەمەد یاوەردا چوون بەرەو کۆیە، منیش سکم حەوت مانگ بوو کە هاوسەرەکەم بەجێی هێشتم، لەگەڵ چوونە دەرەوەی هاوسەرەکەمدا لەئەمنی بەلدە منیان بانگکرد دوای چەند جارێک هاتووچۆ وتم چووەتە شاخ و بووە بەپ.م هیچی لای من باس نەکردووە.

لەوکاتەدا ڕژێم لەگروپە ئیسلامیەکان زۆر سڵی دەکردەوەو هاوسەرەکەشم شیعە بوو وایان دەزانی ئیسلامییە بۆیە ئەوەندە منیان بانگ دەکرد بۆ لێپرسینەوە. گەڕامەوە بۆ خانەقین بەشێوەیەکی نهێنی ٤٠ ڕۆژ مامەوە بەهۆی لەدایکبوونی (کلپە)ی کچمەوە، خاڵی هاوسەرەکەم هات وتی خێرا خانەقین بەجێ بهێڵە ئەمنی خانەقین بەدواتا دەگەڕێن، من و خەسووم و کلپە چووین بۆ بەغدا بۆ ماڵی زوبێدە خوشکی ئیبراهیم عبد عەلی پاش سێ چوار ڕۆژ مانەوەمان خەسووم و کلپە گەڕانەوە خانەقین منیش گەڕامەوە بۆ هەولێر، لەوکاتەشدا تازە سەرەتای هەڵگیرساندنی شەری عیراق ئێران بوو، تۆزێک توندوتیژی لەسەر ئێمە کەم بووەوە، منیش زوو زوو سەردانی هاوسەرەکەم دەکرد لەڕێگەی ماڵی ڕەحمە خانەوە خێزانی شێخ جەناب بوو ماڵێکی زۆر بەڕێز بوون دایکی ڕووناک خانیش بوو.

من فەرمانی گرتنم دەرچوو لەهەولێر ڕامکرد بۆ سلێمانی هاتم بۆ ماڵی ڕەحمە خان ئەویش فەرمانی گرتنی دەرچووبوو، من لەگەڵ ئەودا بۆ ماوەی هەفتەیەکماڵەو ماڵمان دەکرد بەسێ چوار ڕۆژ دوای گەڕانەوەی من بۆ هەولێر ڕەحمە خان لەسلێمانی گیرا، ماڵێکی زۆر بەڕێز بوون، ئاوات و خەبات و ڕووناک پێشمەرگە بوون لەشاخ، دوای گەڕانەوەم بۆ هەولێر سێ ڕۆژ مۆڵەتم وەرگرتو ناردم بەشوێن کلپەی کچمدا بۆ خانەقین کچەکەمەم بۆ هات و لەمانگی سەرماوەرزی ١٩٨١دا بەرەو شاخ کەوتمەرێ، لەڕێگای قەڵادزێ کەوتینە کەمینەوە، دوای ڕزگاربوونمان شەوی دووەم دەرچووین بەڕێگایەکی سەخت و بەفراوی و زریان بوو بەولاغ ڕۆیشتین، کچەکەم لەسەر ولاغەکە کەوتە خوارەوە، لەڕێگا قاچاخ چیەکان مامەڵەیان زۆر خراپ بوو لەگەڵماندا لەشاخێکی عاسی سەخت دا خەریکبوو خۆم و هەردوو کچەکەم بەجێبهێڵن ئەیانوت ژن و منداڵ ناتوانن بڕۆن، منیش یەکەمجارم بوو تووشی ڕێگای وا سەخت ببم زۆر دەترسام.

لەبەفرو سەختی ڕێگاکە تاگەیشتینە بارەگایەکی پ.م پێم وتن ئەم قاچاخ چیانە زۆریان ئازارداوین، لەڕێگا دوای پشوودان و خۆگەرم کردنەوە بەڕێکەوتینەوە بەرەو گوندی شینێ، لەماڵی شەهید کەریم حەمە شانە لامان دا، خۆم هەردوو کچەکەم هەموو گیانیان لەناو قوڕاو بەفرو زوقمدا تەزیبووین بەحاڵ هەناسەمان بۆ ئەدرا، کەچووینە ئەو ماڵە گەرم و خۆشەو هەناسەیەکی ئارامیم هەڵکێشا وتم ڕزگارمان بوو لەتەنگانە، دوای نان خواردن و پشوودان هاوسەرەکەم و عەلی بچکۆل هاتن بۆ لامان، هاوسەرەکەم شەو لامان مایەوەو ڕۆژی دوایی بەرەو زەڵێ بەڕێکەوتین، یەکەم ماڵی پ.م لەشۆڕشی نوێدا لەگوندی زەڵێ بوو، ئەم گوندە هەموو خانووەکانی ڕووخابوو گوندێکی ساردی بەفراوی سەر سنوور بوو، ماڵەکانی بەشاخێکی زۆر بەرزەوە بوو، بناری شاخەکە ماڵی ملازم عومەرو شێخ عەلی کە خێزانەکەی ناوی فاتمە خانە، ماڵی مامە جەمالی لێبوو لەگەڵ بەندیخانەدا ناوقەدی شاخەکە ماڵی ئێمەو کاک عەلی بچکۆل و ئیبراهیم جەلال هۆڵێکی گەورەی لێبوو ناوی هۆڵی خاڵە شیهاب بوو، ئێمە لەناو هەژاری و سەرماو بەفرو سەختی ژیانی ئەو گوندەدا دروستبوونی شەڕی ناوخۆ لەحاڵەتێکی نائارامدا دەژیاین هەر بۆیەش بەڕێز مام جەلال ئاهەنگێکی بەبۆنەی سەری ساڵی زاینی ١٩٨٢ بۆ سازکردین بۆ چەند کاتژمێرێک هەناسەیەکی ئارامی هەڵکێشین.

ئەوانەی ئامادەبوون بەڕێز مام جەلال و هێرۆ خان ومن و هاوسەرەکەم ماڵی عەلی بچکۆل و سالار، ڕووناک خان و مەلا بەختیار، پەخشان خان و ئەرسەلان باین، ئەمیرەخانی خێزانی کاک کەمال شاکیر، فاتمە خانی خێزانی شێخ عەلی، پرشنگ و کاک ئاوات، تاڤگەو حازیمە خان خێزانی کاک بەختیاری برای کاک ئەوشیروان، لەو ئاهەنگەدا خەریکی قسەی خۆش و نوکتە بووین، نەجیبە خانی شاعیر سەرپەرشتی ئاهەنگەکەی دەکرد کەخێزانی کاک حەمەی حەمە باقی بوو شاعیر بوو، تازە کەوتبوونە ژیانی هاوسەرییەوە، ملازم عومەرو کاک ئەوشیروان لەشەڕی ناوخۆ بوون لەقزناقاو پشت ئاشان لەکاتی ئاهەنگەکەدا گەڕانەوە.

پاش ماوەیەک چووین تۆزەڵەبۆ سەردانی ماڵی پەخشان خان، شەوێک لەماڵیان ماینەوە، ڕۆژی دوایی کەوتینە ڕێگا، شاخ و دەشت هەمووی یەکپارچە بەفر بوو، دۆڵەکانی بەفری چەندەها ساڵەی تیا کەڵەکە بووبوو، من لەو ڕۆژەی بەرەو شاخ ڕۆیشتبووم لەبەفر زیاتر هیچی ترم نەدیبوو، لەڕێگا کاک فەرهاد سەنگاوی و شەهید عوسمان -مان بینی پێیان وتین بگەڕێنەوە ناتوانن بەو منداڵانەوە دەربچن نەخۆش دەکەون، بەڵام ئێمە لەسەر ڕۆیشتنی

خۆمان بەردەوام بووین، بەفرەکە ئەوەندەی سپی و بێگەرد بوو هەردووچاوی دەبرد، ڕۆیشتن لەناو بەفردا خۆشیشەو سەختیشە، پێش ئەوەی بگەڕێینەوە سەرێکی ماڵی پاکیزە خانمان دا دوای پشوودان کەوتینەوەڕێ، ڕێگاکە زۆر بەفر بوو، بەقنەخلیسکێ لەشاخەکان دەهاتینە خوارەوە، من و هەردوو کچەکەم کەوتینە ناو کەندە بەفرێکەوە کە بەفری چەند ساڵێکی تیا کۆببووەوە، لەناو بەفری نەرم و وەکو لۆکەدا نوقم بووین، بەتەنیا سەرمان دیار بوو، پاش بوو کاک عەلی بچکۆل چاوی لێمان بوو خێرا هاتن بەفریامانەوەو دەریان هێناینەوە، دوای گەڕانەوەمان بەماوەیەك هاوسەرەکەم کرا بەلێپرسراوی کەرتی ڕانیە–چۆمان، وتی ڕێگاکە زۆر سەخت و بەفرە ئێوە دەرناچن خۆم دەڕۆم، ئێمە ماینەوە بەڕاستی بێ هیچ پێویستیەکی ژیان، ژیان لەناو ئەو بەفرەدا زۆر سەخت بوو.

پاش مانگێك هاوسەرەکەم گەڕایەوە بەشوێنمانا بردینی بۆ وەرتێ، لەڕێگا کوڕێکی بەندمان لەگەڵدا بوو بەناوی بروسك کاك بەختیاریشمان لەگەڵدا بوو، پاش ماوەیەك ڕۆیشتین کوڕە بەندەکەیان ئازادکرد.

پاش دوورکەوتنەوەی بەندەکە بەنیو کاتژمێر کۆپتەر هاتە سەرمان، ئێمەش بەسواری وڵاغەوە لەناو ئەو بەفرەدا نەماندەزانی چی بکەین، دابەزین و بۆ هەرلایەك ڕامان دەکرد هەر بەفر بوو هەتا خۆمان کرد بەئەشکەوت و بەردەڵانێکدا، شوێنەکە زۆر سەخت بوو شوبراکەشم لەگەڵ بوو بەناوی فەرمان ستار، پاش یەك کاتژمێر ئەوسا هەمووومان یەکمان گرتەوەو درێژەمان بەڕۆیشتنەکەمان دا، کە گەیشتینە گوندی وەرتێ مانگی ڕەشەمێ بوو زۆر سارد بوو، خانوومان دەست نەکەوت خێوەتمان هەڵدا زەوی خێوەتەکە هەمووی ئاو بوو خۆم و منداڵەکانم نەخۆش کەوتین.

بەنهێنی گەڕامەوە بۆ هەولێر بۆ ماڵی ئەرمین عوسمان، لەو زەمەنەدا خۆپیشاندانەکانی هەولێر بوو ئێمەش دەورمان هەبوو لەڕێکخستنی خۆپیشاندانەکاندا، ئاوو هەوا خۆش بوو گەڕامەوە بۆ وەرتێ کەپرمان دروست کرد لەبن دارێکی گەورەدا شنەو سێبەری دارەکە هەوایەکی ئاسودەو خۆش بەمێشك و دڵ دەبەخشی، هەرچەندە ژیان لەکەپردا سەخت بوو بەڵام سیحرێکی جوانی خۆشیی هەبوو.

دواتر گوێزراینەوە دۆڵی جافایەتی، هاوسەرەکەم بوو بەلێپرسراوی ڕێکخراوی هەڵەدن، سکیشم هەبوو گەڕامەوە بۆ دەربەندیخان بەشێوەیەکی نهێنی لەماڵی دشەکەم کەناوی ناجیە خانە منداڵەکەم بوو، دواتر منداڵەکەم بردەوە بۆ خانەقین و خۆشم چووم بۆ بەغدا تا ٤٠ شەو بەشێوەیەکی نهێنی مامەوە، من و منداڵەکان زۆربەی کات لەیەکتری دابڕاوبووین لەسۆزو خۆشەویستی یەکتری بێ بەش بووین بەهۆی ئەو ڕژێمە دڕندەوە، دواتر گەڕامەوە بۆ هەڵەدن دانوستانەکەی نێوان ی.ن.ك و ڕژێم دەستی پێکرد، دوای ماوەیەك چووینە گوندی گورگە دەر لەخێوەتدا دەژیاین، دواتر مەڵبەند چوو بۆ سیتەك لەماڵی حەمەی فەراشدا بووین کچەکانی زۆر یارمەتیان دەدام.

کاتێك کەدانوستانەکە بەبن بەست گەیشت شەڕی کەتوو ڕوویدا، هاوسەرەکەم لێپرسراوی مەڵبەند بوو سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد، لەوکاتەدا ناوچەکە ئارام نەبوو منیش گەڕامەوە بۆ سلێمانی، هەر ڕۆژە لەماڵێکدا بەنهێنی خۆم ئەشاردەوە، دواتر مەڵبەند گواستیەوە بۆ بەری قەرەداغ هاوسەرەکەم کاك ئەسعەدی نارد بەدوامدا چووین بۆ ماڵی کاك عومەر غەریب و ڕەحمە خان، تریفەی کچیان هاوتەمەنی کچەکانم بوو.

پاش هەفتەیەك بەرەو بەلەكجار ڕۆیشتین چووینە ماڵی كافیە خان، هاوسەرەكەم دەچوو بۆ ئێران چەك بهێنێت چەند جارێك بەجەولە من لەگەڵیا ڕۆیشتم، دەریای كچم دەبردو دوو كچەكەی تریشم لەسلێمانی دەیانخوێند، بلێسەی كچم لەماڵی كاك ئەسعەد بوو، ئەو ساڵەو ساڵی دواتریش لەماڵی ئیبراهیم جەلال بەلوعەچی بوو كە كوڕەكەی پ.م بوو لای خۆمان پۆلی یەكەمی ناوەندی خوێند، كچەكەی تریشم لەپۆلی دووی سەرەتایی بوو، ساڵی دواتر چووینە ماڵی فاتمە خانی خوشكی كاك عومەری سەید عەلی، هاوسەرەكەی ناوی شێخ محێدین بوو ساڵێكیش لەماڵی ئەوان بووین، بێگومان ئەم ماڵە بەڕێزانە لەو ڕۆژە سەختانەدا بەكارێكی قورس هەستاون لەم ناميلكەیەوە جێگای سوپاس و ڕێزن.

لەساڵی ١٩٨٧دا هاوسەرەكەم هەواڵی بۆ ناردم بەكافیە خاندا كەبچم بۆ بەلەكجار بۆ ماڵی كافیە خان، منیش لەگەڵ دوو سێ ماڵدا چووین كە گەیشتینە ئەوێ وتی بەیانی هێرش دەكەین بۆ سەر قەرەداغ، هاوسەرەكەم وتی ئێوە دەبەم بۆ ئەوتی بۆ ماڵی كاك سۆران و وەصفیە خان من دەچم بۆ شەڕ بۆردومانی ناوچەكە دەكرێت ئێوەش خۆتان بشارنەوە.

لەناو ئەو دارو درەخت و بن تاشەبەردانەدا ئێمەی بەجێهێشت و چوو بۆ شەڕی قەرەداغ، قەرەداغیان گرت و دەبابەشیان گرت بەناو گوندەكاندا گێڕایان ڕژێمیش قەرەداغی بەجێهێشت و ئازادكرا.

پاش دوو ڕۆژ مانەوەمان ئەو میوانانەی لەگەڵما بوون لەگەڵ منداڵەكانی خۆمدا هەموو بەجلی سەوزو سوورەوە دەڕۆیشتین، دەچووینە هەر گوندێك چۆڵكرابوو كاك عومەر غەریبیش لەگەڵمان بوو، زۆر بەسەختی دەڕۆیشتین لەئاسمانی شینیشدا فڕۆكە جەنگیەكانی عیراق گوند بەگوند بەسەر سەرمانەوە دەسوڕانەوە، زۆر ترساین و بەكارەساتێكی ناخۆش گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، دواتر چووین بۆ بەرگەلو كۆمەڵێ ماڵە پ.م ی لێبوو، بەبەردەوامی لەژێر بۆردومانی فڕۆكە گەندەڵەكانی ڕژێمدا بووین ئێمەش گشت كات لەكونە تەیارەدا بووین، هاوسەرەكەم بەكاری شۆڕش چوو بەرەو ئێران پاش ماوەیەك ناردی بەشوێن من و منداڵەكاندا، كەئێمە گەیشتین بەڕێز مام جەلال هاوسەرەكەم و كەمال خۆشناوی نارد بۆ لیبیا، منیش لەگەڵ كاك عومەری سەید عەلی چووم بۆ فڕۆكەخانە بۆ خواحافیزی هاوسەرەكەم.

ماوەیەك لەئێران مامەوە لەماڵی ئاشتی خان خێزانی كاك دلێر لەڕەزاییە، دوای ماوەیەك مانەوەم گەڕامەوە بۆ سلێمانی، منداڵەكانم لەسلێمانیدا لەماڵی فاتمە خان كە دەچوونەوە قوتابخانە منیش لەگەڵ حەپسەخانی دایكی كاك عومەری سەید عەلیداو ڕزگاری كوڕی فاتمە خاندا بەیانی خێزانی كەمال خۆشناودا بەڕێكەوتینەوە بەرەو ئێران، بەیان خان چوو بۆلای هاوسەرەكەی و حەپسەخان چوو بۆ لای شێخ جەعفەری كوڕی و منیش چووم بۆ ماڵی مامۆستا جەمال و شنۆ خان، دوای ماوەیەك دووبارە گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

دوای ماوەیەك مانەوە لەسلێمانی لەگەڵ ئامۆژنی هاوسەرەكەم بەناوی خەدیجە خان ویستمان لەڕێگەی دوكانەوە بگەڕێینەوە، كەوتینە ڕێگا بەڵام هێرشەكانی سەركردایەتی لەسەرەتای دەستپێكردن بوو، گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، ڕۆژی دوایی بەرەو ڕانیەدا ڕۆیشتین لەناوەكەی لای مەرگە بەبەلەم پەڕینەوە، هەر لەگەڵ گەیشتنماندا بۆردومان دەستی پێكردو ڕامانكردە كونە تەیارەوە تاڕۆژی دوایی بەهەزار دەردەسەری تراكتۆرێمان دەست كەوت و گەڕاینەوە بۆ بەرگەلو، ڕژێم هێرشی بەهەموو چەكێكی قورسەوە دەكردە سەر شاخە

سەختەکەی دایان و دەشکا، ئێمەش بەبەردەوامی لەکونە تەیارەی بن شاخەکەدا بووین لەشاخەکە دابڕابوو قوڵکرابوو زۆر قایم بوو هەموومان جلی کیمیایی و قیناعی غازمان پێ بوو زۆر ژیانێکی سەخت و دژوارمان هەبوو، سەرەڕای ئەوەش هاوسەرەکەم هەر لەشەڕدا بوو زۆر بەکەمی ئەمبینی، لەو شەڕانەدا پ.م ی گەرمیان زۆر شەهید دەکرا، لاشەکانیان دەهێنانەوە بەرگەڵو هەروا نەیاننناشتن و ناوی شەهیدەکەیان دەنووسی و دەیانکردە شووشەیەکەوە بۆ دوای تەواوبوونی شەڕ لاشەکانیان بدەنەوە بەکەس و کاریان.

شەوێکیان ماڵی دڵدارو حەمید بڵباس میوانمان بوون لەناو کونە تەیارەکەدا بووین، دواتریش کاک سەلاح چاوشین هات بۆ لامان، ئەو ڕۆژانە چەند سەختیش بوو بەلام ئاسوودە بووین بۆ هیوایەک دەژیاین، دواتر دڵدارو بەهارو بێریڤان بەکۆپتەر بەرەو ئێران ڕۆیشتن کۆمەڵی خێزانی پ.م مابووینەوە لەژێر تۆپبارانێکی کیمیاییدا دەیان کەس شەهیدبوون بەغازی ئەعساب و خەردەل و فسفۆر، ئەوساتە هێزی پ.م سێ هێرشی گەورەی دوژمنی ڕەفتار فاشیان شکاندبوو بۆ سەر شاخە سەختەکەی دابان کۆمەڵێ ماڵە پ.م ویستمان بگەڕێینەوە مەرگەو لەوێوە بۆ سلێمانی و دلارامی خێزانی ملازم عومەر، قەدری خانی خێزانی فەرهادی کەرت ومن و دەریاو کلپەو ئامۆژنی هاوسەرەکەم، شۆڕش زیلێکی عەسکەری هەبوو هەموومان سواری زیلەکە بووین لەگەڵ کۆمەڵێ پ.م هاتن لەگەڵماندا هەتا نزیک شاخەکە کەوتینەوە جاش شاخەکەی گرتبوو هێزی پ.م بەوەی نەزانی بوو ئێمەیان بینی دایانینە بەر فیشەک و هاوەن، هەموو جۆرە چەکێك، ئێستاش کە ئەو دیمەنەم دێتەوە بەرچاو نازانم چۆن نەکوژراین؟

چۆن ڕزگارمان بوو؟ من و کۆمەڵەکە بەپەلە لەزیلەکە دابەزین و بەقنەخلیسکێ خۆمان خستە ناو کەندو چاڵێکەوە زۆر قوڵ بوو، بەلام باش بوو ڕزگارمان بوو، پ.م کانیش هەریەکە بەلایەکدا ڕایانکرد، کەچووینە خوارەوە سەیردەکەین هاوینە هەوارە بەتانی و ر ادیۆو کۆمەڵێ شت بەجێمابوو، شوانێکمان بینی لەسەر جۆگەی ئاوێك پرسیاری لێکردین بۆ کوێ دەچن؟ وتمان بۆ مەرگە دەچین وتی مەرگە پڕە لەجاش و گیراوە، بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك ماینەوە لەوساتانەدا من جوامێریی قەدری خانم لەیاد ناچێت وتی با دەمانچەیەك پەیدا بکەین ئەگەر جاش هاتنە سەرمان خۆمان بکوژین.

لەوساتەی ئەو خۆرەی زۆر بەلاوازی لێی دەداین و ماڵئاوایی لێکردین، هەموومان کۆبووینەوەو گەڕاینەوە بۆ بەرگەڵو، نەقیب خەلیل لەسەنگەرەکانەوە سەیردەکات و دەڵێت ئەوە زیلەکەی خۆمانە ئەو هەموو ژن و منداڵە چی دەکەن تێیدا، دواتر دلارام ڕۆیشت لەگەڵ ملازم عومەر، قەدریش بەرەو ئێران ڕۆیشت بەتەنها من و دوو کچەکەم و ئامۆژن مابووینەوەو لەژێر هێرشی سەربازی و بۆردومانی بەردەوامدا.

هاوسەرەکەم شەوێکیان هاتەوە وتی ئەگەر فریانەکەوین وەمشەو دەرنەچین سبەینێ ئەنفال دەکرێین چونکە ئەو ڕێگایەی چەند وەختە خەڵکی پیا دەڕوات کەوتووەتە مەترسییەوە.

ئەو شەوە بەپێ بەناو بەفردا ڕۆیشتین لەبەرگەڵو دەرچووین چووینە بارەگایەکی پ.م، جەبار فەرمان خۆی گەڕایەوە بۆ سەنگەرەکانی شەڕو ئێمەی لای دوو سێ پ.م بەجێهێشت، ئەو شەوە لەو بارەگایە ماینەوە بۆ ڕۆژی دوایی لای نیوەڕۆکەی سەفەرە نادیارە سەختەکەمان بەرەو سنوور دەستپێکرد، لەژێر زریان و سەختی ئەو ر ۆژگارانەدا.

ئەو تولە ڕێگا باریکەی کە بەبەفرێکی زۆر داپۆشرابوو بارانیش بەفرەکەی شڵەقاندبوو، ئێمەش بەسەر ولاغەکانەوە لەحاڵەتێکی ڕەقبوونەوەدا بووین، لەناکاو پ.م بەناوی عوسمان

هاواری کرد مەڕۆن کەوتنە ناو جاشەکانی مەرگەوە، ئێمەش لەناو زوقم و سەرما حاڵمان پەرێشان بوو سەرەڕای ئەوەش لەحاڵەتێکی دەروونی سەختدا دەژیام، لەو شەوە تاریکەدا لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بووین تا لەپڕ چاومان بەشەوقی دوو سێ چرا کەوت لەخۆشیدا حاڵم نەبوو هاوارمان کرد فریامان کەون ڕەق بووینەوە، وەڵامیان داینەوە لەسەر وڵاغەکان دابەزن و بەقنەخلیسکێ وەرنەخوارەوە، بەهەر شێوەیەك بوو چووینە خوارەوە چەمێکی زۆر خوڕ لەبەردەمماندا قوت بووەوە، بەهەزار دەردی سەری لەو ئاوە سەهۆڵاوەی ئەو چەمە خوڕەمان داو .. بەچنگەکڕێ بەناو ئەو بەفرەدا سەرکەوتینە سەرەوە گەیشتینە شەوقی چراکان، تەماشادەکەم بۆ ئەگبەتی ئێمە کۆمەڵێ پێشمەرگەی کەرکوکین جەبار فەرمان هەر هەموویانی چەك کردووە چونکە شەڕیان نەکردووە، ئێمەش بەو هەموو بەفرو بەزوقمی سەرمایە و هەموو گیانمان لەقوڕاوو ئاودا نقوم و غەرق بووبوو کەوتینە لای ئەوان.

یەکێك لەپ.م کان وتی لێپرسراوەکان ماڵ و منداڵەکانی خۆیان بەفڕۆکە دەنێرن بۆ ئێران ئەگەر ئێمە بەهاناتانەوە نەهاتینایە ئەمشەو لەناو ئەو بەفرەدا خۆت و کچەکانت ڕەق دەبوونەوە، منیش وتم خێزانی جەبار فەرمانم، ئیتر زۆریان ڕێزگرتن و ئاوساجییان هەبوو دایانینی و گەرممان بووەوەو شەو لەوێ خەوتین. لەسپێدە کەوتینەوە ڕۆیشتن بەتولە ڕێگا باریکەکەدا لەژێر مەترسی هەرەسی بەفرو بۆردوماندا هەر دەڕۆیشتین و لاشەی سەربازی عیراقیمان دەدی قافڵەیەکی زۆرمان لەخەڵك بینی هەر وڵاغ بوو دەچەقی و دەیانکوشتن، مەرگەسات بوو هەتا گەیشتینە خەیمەکانی پ.م ئەو شەوە بۆ یەك چرکەش نەخەوتم، کومباری ژێرمان هەمووی ئاو بوو زۆپا نەدەسووتا لەبەر شێ و تەڕی ئەو شەوە لەناو ئەو خەیمە ساردو سڕەدا تۆپ باران هەر بەردەوام بوو.

بەیانی بەڕێکەوتین بۆ سەردەشت، کاك کەماڵ خۆشناو لێپرسراوی عیلاقات بوو بردینیە ماڵی خۆیان، هاوسەرەکەم لەشەڕەکانی سەرکردایەتی کیمیایی لێی دابوو، ئێمە لەماڵی کاك کەماڵ بووین کە کاك ئەحمەدی دادی هات وتی ڕادیۆی بەغدا وتویەتی سەرکردایەتی کوردمان گرتووەو سقوتیان کردووە، ڕۆژێکی زۆر سەخت و ناخۆش بوو، پاش ماوەیەك مانەوەم دڵم لای بڵێسەی کچم بوو لەسلێمانی بەجێمابوو، هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆ لامان و پاش چەند ڕۆژێك بەرەو شەڕی هەڵەبجە ڕۆیشت، منیش پاش ماوەیەك مانەوەم بەهۆی شێخ جەعفەری برای کاك عومەری سەید عەلی لەڕێگەی حزبی دیموکراتەوە گەڕامەوە بۆ سلێمانی، بڵێسەی کچم لەتاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بووەوە هاوسەرەکەم هەواڵی بۆ ناردم بگەڕێمەوە، منیش لەگەڵ پەخشان خان و خۆم و منداڵەکان و دایکی عەلی کەماڵ بەهۆی برادەرانی دیموکراتەوە گەڕاینەوە بۆ قەڵادزێ، بردیانینە بارەگاکانی خۆیان زۆر دەترسان دەیانوت ئەگەر ڕژێم بزانێت هەموومان لەناو دەبات، هێشتا لەبارەگاکە دەرنەچووبووین تۆپ باران کراین و ئێمە کەوتینە گەڕانەوە بەرەو ئێران، لەوێ بەفرین خانی خێزانی شەهید حەمید کەریم شانە بینیەوە دواتر چووم بۆ ماڵی خزمێکمان لەکرماشان، هاوسەرەکەم لەهەڵەبجە گەڕایەوەو چووین بۆ ڕەزایە، هاوسەرەکەم بارەگاکەی لەڕاژان بوو.

لەساڵی ١٩٨٩ ڕەوەندی کوڕم لەدایك بوو، دوای ساڵێك مانەوەمان باری دەروونی و ئابووری ژیانمان زۆر خراپ بوو؛ منیش نەخۆش کەوتم بەهۆی نەخۆشیەکەی منەوە بەرەو ئەڵمانیا بەڕێکەوتین، هاوسەرەکەم تا سوریا لەگەڵمان هات دوو مانگ و نیو لەسوریا ماینەوە، بەهۆی شەڕی عیراق-کوێتەوە هاوسەرەکەم لەسەر داخوازی سەرکردایەتی لەگەڵ معارەزەی سوریا ئیشی دەکرد، تا ڕۆژی ٢٣ی ڕەشەمێ ١٩٩١ گەیشتینە ئەڵمانیا، دوای ڕاپەڕین هاوسەرەکەم قسەی لەگەڵ کردم وتی منیش دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان.

## فاتمە حسن اللە مراد

فاتمە خان ئەو ژنە تێکۆشەرەیە هەر لەزانکۆوە پەیوەندی هەبوو، بەڕێکخستنەکانەوەو ئازادی بۆ خاك و نەتەوە بنەمایەکی ژیانی ئەو بوو، سەختی زۆر دیوە بەلآم لەهەمووی سەختتر ئەو شەوە بوو کاتژمێر سێ شەو چەند ماڵێك گەڕا کەس نەیوێرا لەخۆی بگرێت، بەو نیوەشەوە بەرەو رومادی بەڕێکەوت.

لەساڵی ١٩٥٤ لەپاڵێوگەی وەندی سەر بەخانەقین لەدایك بوم، زۆر بەختەوەر بووم بەوەی لەخێزانێکی کوردپەروەر گۆش کراوم وگەورە بووم، کەسوکارم پ.م شۆڕشی ئەیلول بوون خۆشم لەساڵی ١٩٧٧ دا خوێندکاری زانکۆی سلێمانی بەشی کوردی بووم لەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا کارم دەکرد، زۆرجار مامۆستاکانمان دەیانوت ئاگاداری خۆتان بن ناوتان هەیە.

خۆشبەختانە لەساڵی ١٩٧٨ بڕوانامەم وەرگرت، ئەوە بوو لەساڵی ١٩٧٩ بوم بەمامۆستا لەناسریە چونکە نەبووم بەبەعسی. لەساڵی ١٩٨٠ کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ کامیل عەبدولقادر کە لەزانکۆ لەگەڵ خۆمدا بوو ئەویش بەشی کوردی تەواوکردووە، لەساڵی ١٩٧٤ لەشۆڕشی ئەیلول بەشداری کردووە، لەساڵی ١٩٧٧ وەکو خۆم پەیوەندی ڕێکخستنمان هەبووە بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، هاوسەرەکەشم لەکەربەلا مامۆستا بوو ئەو ڕژێمە درندەیە بەوەش وازی لێنەهێناین هەریەکەمان لەشارێك مامۆستابووین.

لەساڵی ١٩٨٠ هاوسەرەکەمیان برد بۆ ئەمنی عامەی بەغداد بۆ لێکۆڵینەوە بۆچی نەبوویت بەبەعسی، بۆیە لەمامۆستایەتی لابراو کرا بەفەرمانبەر، بەماوەیەکی کەم دوای ئەو منیشیان بانگکرد بۆ فەرمانگەی ئیستخباراتی خانەقین بۆ ئەوەی بزانن لەبەرچی نابم بەبەعسی وداوایان لێکردم کە ببم بەبەعسی چونکە ڕژێم بڕیاری تەبعیسی تدریسی دابوو، کەسمان بەعسیەتیمان قبوڵ نەکردو لەساڵی ١٩٨٢ چووینە شاخ بۆ گوندی قەلآم کایل لەناوچەی گەرمیان، زوو زوو جاش دەهاتنە سەرمان لەبەرئەوەی بڕوانامەمان هەبوو هاوسەرەکەم مامۆستای شۆڕش بوو منیش هاوکاری بووم و خەریکی فێرکردنی منداڵان بووم بەلآم بەشێوەیەکی ڕەسمی نا زۆربەی کات بۆردومانی فڕۆکەمان لەسەر بوو.

وەرزی زستان بوو باران و سەرماو تۆف بوو من لەسەر منداڵ بوون بووم لەوکاتەدا فڕۆکە گەندەڵەکانی ڕژێم کەوتنە بۆردومان کردنمان، من بەو حاڵەتە نائاساییەوە منداڵەکەم بوو، خێرا پێچایانەوەو تەمەنی چەند چرکەیەك بوو کە فڕانیانە ئەو حەشارگەیەی کە پشت وپەنامان بوو هەر بۆیەش ئەو کچەم ناونا بێلان چونکە بێ لانەو بێ ماڵ بووین، دواتر بۆردومانی ئەو ڕۆژەش تەواو بوو، شەوێکیان دانیشتبووین ئەوەندەمان زانی لەناکاو ژمارەیەکی زۆر جاش هاتنە سەرمان، ئێمەش هاوسەرەکەم و ئامۆزاکانی و کاك ئیسماعیلی برام کە پ.م بوو لەلای کاك کەریم چاوڕەش لەماڵمان بوون، ئێمە تەنها دوو کلاشینکۆف و دەمانچەیەکمان پێبوو، بوو بەشەڕە گوللە و فەرتەنە، من و منداڵەکانیش سوچێکمان گرتبوو، منداڵەکانم دەلەرزین و خۆیان بەمنەوە نووساندبوو جارجارەش گوێم لەتەقەی دانیان بوو پەنجە ئاسکەکانیان گیرکردبوو لەکراسەکەی بەرم لەگەڵ زرمەی فیشەك دا ڕادەچڵەکان، هەتا خۆشبەختانە جاشە بەزیوەکانیان ڕاوناو ڕزگارمان بوو.

ئەوە بوو بڕیارماندا لەقەلآم کایل خانوو دروست بکەین، من ئاوم بەسەر لەکۆڵی دەهێنا لەگەڵ هاوسەرەکەم قوڕمان دەگرتەوەو دەمانکرد بەخشت، من خشتەکەم دەبڕی خۆشم ژیانم

لەخوێندن و قوتابخانەدا بەسەربردوو، بەراستی ئەنجامدانی ئەو ئیشە زۆر قورس بوو بۆ من چونکە بەبەردەوامی میوانی پ.م هەبوو، ڕۆژانە نانی چەند پ.م ئامادەدەکرد جلەکانی بەریم بۆ دەشتن، شەوی واهەبوو کاتژمێر دوو شەو نەچوومە ناو جێگاوە دەخەوتم بەلام ئەو ژیانە چەندە سەخت بوو هەموو قورسیەکانیم لا پیرۆز بوو چەندی تر ماندووبومایە گوێم نەدەدایە، نەبوونی خۆراک لەهەمووی سەختتر بوو چونکە ئابلوقەیەکی ئابووری زۆر توند لەسەر ناوچەی گەرمیان بوو لەبەر جاش حاڵمان باش نەبوو هەر بۆیەش گواستمانەوە بۆ گوندی یۆڵە، دوو ساڵیش لەو گوندەدا ماینەوە من بەدرێژایی چوار ساڵ نەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ شاری خانەقین ناوم لەئەمنی خانەقین هەبوو هەتا ئەگەر نەخۆشیش دەکەوتم بەسواری وڵاغ دەیانبردم بۆ گوندی قەیتول لەوێ مزەمیدێکی لێ بوو چارەسەرێکی سەرەتایم وەردەگرت.

جارێکیان زۆر نەخۆش بووم، مزەمیدەکە پێنج شەش دەرزی لەلا بوو دەیگوت ئەوانەم لایە خۆت کامیان هەڵدەبژێری لەخۆتی بدەی، ئێمە ژیانمان لەشاخ بەو شێوە سەختە دەگوزەراند، هەواڵێکی ناخۆشم پێگەیشت ماڵی باوکم چەند ڕۆژێك گیراون لەسەر من، ماڵی خەزووریشم زۆر بەناخۆشی دەژین باری ناو کەرکوك زۆر خراپە بۆ کەسوکاری پ.م، هاوسەرەکەم بەدەم کاری مامۆستایەتیەوە کاری ڕێکخستنی ئەنجام دەدا، بەیانیەکیان بەئاگاهاتین لە٢٠ی نەورۆزی ١٩٨٨ بوو جەیش و دەبابە لەسەر شاخەکانەوە بەرەو ناو گوندەکەمان دەهاتن وئابلوقە دراین، ژن و منداڵ هەموومان کۆبووینەوە، هاوسەرەکەم و هاوڕێکانی وتیان ئێمە تەسلیم بەڕژێم نابینەوە دەچینە ئەو شاخ و ئەشکەوتانە، بەمنیشی وت تۆ منداڵەکان لەگەڵ خەڵکی گوندەکە بڕۆن بەرەو قادرکەرەم بەڵکو ڕزگارتان بێت، ئێمەش لەگەڵ ئەو خەڵکەدا کەوتینە ئەو دەشتە قوڕاویە لەژێر باران و قوڕدا حاڵێکمان بوو مەپرسە.

ڕژێم تەڵقە تەنورەی هەڵئەدا هەموو دەشتەکەی ڕووناك دەکردەوەو تۆپ بارانی دەکردین، ئەو خەڵکە هەمووی نەیدەزانی چی بکات برینداریکی زۆرمان هەبوو بەهۆی تۆپ بارانەکەی ڕژێمەوە ئەوەی شەهیدو بریندار نەبوو ئەو شەوە گەیشتینە ناحیەکە، بازگەی جاشەکان ڕێگایان داین وتیان بەپەلە خۆتان بکەن بەو ماڵانەدا خۆتان بشارنەوە، بەلام خەڵکەکە زۆر زۆر بوو لەهەموو لایەکەوە دەهاتنە ناحیەکە، شوبراکەم بەشێوەیەکی نهێنی هات و منی گەیاندە کەرکوك بۆ ماڵی خەزوورم، بەلام هەر هەمان شەو هاتنە سەرمان بۆ لێپرسینەوە بزانن کێ لەلادێوە هاتووە بۆ ماڵیان، ئەو شەوە چەند ماڵێك گەڕام کەس بەخۆی نەگرتم تا کاتژمێر سێی شەو شوبراکەم لەناچاریدا سەیارەیەکی بۆ گرتم چووم بۆ ماڵی باوکم بۆ ڕومادی کە تەرحیل کرابوون، لەوێ شەش مانگ مامەوە هەتا لەڕومادیش دراوسێکانیان دەهاتن بۆ ماڵی باوکم دەیانوت ئەو کچەتان بۆ لێرەیە، منیش بێ ئاگا لەهاوسەرەکەم لەشاخ بوو لای قادرکەرەم و فڕۆکە گەندەڵەکانی ڕژێم ئینزالیان کردبوو ئابلوقەیان دابوون هەموویان گرتن، هاوسەرەکەشم لەناو ئەو خەڵکە ئەنفال کراوانەدایە تائێستاش بێ سەروشوێنە.

خۆشم وەکو دایکێك سەرپەرشتی منداڵەکانم دەکەم ڕێبازوبینا و بێلان، من مامۆستام لەناوەندی سلێمانی ئێوارانی کچان وانەی کوردی دەڵێمەوە خەریکی پەروەردەاکردنی منداڵەکانم.

## فاتمە قاسم فارس

فاتمە ئەو کچە تێکۆشەرو چاونەترس و لەخۆبردووە بوو لەشاری خانەقینی بەعەرەب کراوو بەبەعسی کراو بێ هیچ سڵەمینەوەیە کە رەسمەکەی دیکتاتۆری شکاند.

من لەگوندی ئەرکەوازی سەر بەشاری خانەقین هاتوومەتە ژیانەوە، خاکەکەم و گەلەکەم خۆش دەوێت، لەساڵی ۱۹۸۱ ماڵی خاڵم بەسەردان گەڕانەوە بۆ خانەقین خۆیان لەبەرئەوەی لەشۆڕشی ئەیلولدا بەشداربوون دوای گەڕانەوەیان ڕاگوێزران بۆ باشووری عیراق بۆ شاری دیوانیە، لەکوخدا دەژیاین کوڕەکەی خاڵم بەناوی ئەکرەم کەریم کەناسراوە بەشەهید سەرباز منی بینی و داوای کردم بەڵام پێی وتم من ماڵم ئەو شاخەیە و لەڕێکخستندا کاردەکەم ئەگەر پێت خۆشە.

منیش زۆر بەخۆشحاڵییەوە قبوڵم کرد چونکە چەوسانەوەی نەتەوایەتی لەشارێکی وەك خانەقیندا لەچڵەپۆپەدا بوو منیش ئارەزووم هەبوو بەشداری بکەم لەئازادکردنی خاکەکەم هەر بۆیە وتم منیش لەخانەقین ئیش دەکەم بەڵام لەبەرئەوەی خانەقین زۆری بەعەرەب و بەعسی کرابوو نەتدەتوانی ئیش بکەیت، ڕژێم بەتوندی دەستی بەسەرداگرتبوو ماڵی خاڵم داوایان لەڕژێم کرد تا بگەڕێنەوە بۆ خانەقین بێگومان ڕژێم ڕازی نەبوو بەڵام ئۆردوگای لەتاسلۆجە بۆ کردنەوەو لەوێ نیشتەجێبوون.

منیش قوتابی ناوەندی بووم دوو هاوڕێ کوردم هەبوو زۆرمان یەکتری خۆش دەویست من زۆر چاونەترس بووم ڕەسمەکەی سەدامم داگرت و شکاندم لەوکاتەدا هاوڕێکانم چاودێرییان دەکردم شوێن قاچم لەسەر رەسمەکە بەجێمابوو.

وتیان فەحسی قاچتان دەکەین هی هەر کەسێك بێت دەیگرین منیش زۆر ترسام، دوای گەڕانەوەم لەقوتابخانە چووم بۆ بازاڕ جووتێ پێڵاوی تازەم کڕی، پاش چەند ڕۆژێك شەهید سەربازو هات بۆ ماڵمان بۆم گێڕایەوە ئەوکاتە نیشانە کرابووم وتی ئەوە کارێکی باش نییە ڕژێم دڕندەیە دەتگرن و ئازاریشت دەدەن.

لەژێر شینایی ئاسمانی ساف و بێگەردی ساڵی ۱۹۸۲ دا کەوتمە ژیانی هاوسەریەوە بەڵام هاوسەرەکەم لەلایەن ڕژێمەوە ئاشکرابوو کە لەڕێکخستندا کاردەکات هەر بۆیەش وازی لەفەرمانگە هێنابوو، منی گواستەوە چووینە ماڵی خاڵم لەتاسلۆجە پاش چوار مانگ بەیەکەوە بوونمان ئەو رێگای شاخی گرتەبەر، منیش ئەمزانی ئەو ژیانە خۆشەمان سنووردارەو هەرگیز ژیانی واناببینمەوە.

هاوسەرەکەم بەرەو مەڵبەندی یەك ڕۆیشت بۆ لای کاك جەبار فەرمان، دواتر ناردی بەشوێن مندا بۆ گوندی دۆڵپەموی پڕ لەئاو وچڕو نزار، بەراستی گوندێکی خۆش بوو بەڵام خۆمان ماڵمان نەبوو چووینە ماڵی سەرگوڵ خان و کاك جوامێر، دوای دوو مانگ مانەوەم

گەڕامەوە بۆ تاسڵوجە، پاش دوو سێ مانگ مانەوەم هاوسەرەکەم ناردی بەشوێنما بچم بۆ گوندی ئەوتی لەناوچەی قەرەداغ، گوندی ئەوتیش گوندێکی خۆش بوو بەڵام زۆورمان دەست نەکەوت، گەوڕێکمان پاککردەوەو گەچکاریمان کردو چیمەنتۆمان کرد کردمان بەژوورێکی خاوێن، کەنزیکی منداڵ بوونم هات گەڕامەوە بۆ سلێمانی کچێکی جوانمان بوو لەماڵی خەزوورم بەجێم هێشت خۆم گەڕامەوە بۆ ئەوتی هاوسەرەکەم بەجەولە دەرچووبوو.

من دووبارە گەڕامەوە بۆ تاسڵوجە پاش ماوەیەك کچەکەم برد تا باوکی ببینێت، ئێمە چووین بۆ ماڵی کاك جوامێرو ڕووناك خان دواتر ساڵ و نیوێك لەئەوتی ماینەوە.

کە هاوسەرەکەم دەچوو بۆ جەولە زۆری پێ دەچوو، من دەگەڕامەوە بۆ شار پاش ماوەیەك هاوسەرەکەم چووەوە بۆ شارباژێر منیش بەسەڵتی چووم بۆ گوندی باراوی لەشاخی سەخت و سەوزایی و چڕو نزار شوێنێکی زۆر دڵڕفێن بوو چوینە ماڵی مامۆستا نەجم الدین خێزانەکەی ناوی فەوزی خان بوو گەڕابووەوە بۆ شار هاوسەرەکەشی لەجەولە بوو ئێمە دوو مانك لەسەر ماڵی ئەوان ماینەوە.

دواتر گەڕامەوە بۆ خانەقین بەشێوەیەکی نهێنی کوڕەکەم لەدایك بوو، تەمەنی کوڕەکەم سێ ڕۆژ بوو گەڕامەوە بۆ تاسڵوجە لەگەڵ براکەمدا، لەدوورەوە جاشم بینی چواردەوری ماڵەکەیان دابووین، ماڵی من و خەزووریشم هەموو کۆکرابووەوە بەسترابوو خەسووشم وتبووی من پەیوەندیم بەکوڕەکەوە نییە، جاشەکان پێیان وتبوو دەبێت هەردوو خانووەکە چۆڵ بکەیت، براکەم نەیهێشت لەسەیارەکە دابەزم خۆی چوو بۆ لای خەسووم و قسەی لەگەڵ کردبوو پێی وتبوو بیبە بۆ ماڵی ئەڵماس کەپیاوێکی ناسیاومانە و خێزانەکەی ناوی مم ئاهو بوو، لەوکاتەدا منیش لەحاڵەتێکی دەروونی ناخۆشدا دەژیام، بەو زەیستانیە ژیانم زۆر سەخت بوو، دوای شەش حەوت ڕۆژ مانەوەم لەو ماڵە بەڕێزە هاوسەرەکەم هەواڵی بۆ ناردم نەگەڕێمەوە بۆ شاخ خۆی بەئیختفا دەگەڕێتەوە.

من چووم بۆ ماڵی مم ئاهویەکی تر کە خۆی لەڕێکخستندا کاری دەکرد ماڵە پ.م دەچوونە ماڵیان کوڕەکەشیان پەیوەندی بەهاوسەرەکەمەوە هەبوو، شەش حەوت ڕۆژ لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بەیەکەوە بووین دواتر هاوسەرەکەم گەڕایەوە وتی ئیشم زۆرە بەڵام من مامەوە لەژێر ترسی گرتن و ژیانێکی پڕ لەمەینەتیدا دەژیام، ماڵی خەزووریشم لەتاسڵوجە دەرکران.

هاتن بۆ سلێمانی هاتنە ماڵی خاڵە مەجید ناسیاومان بوون دوو ژووریان دایێ بەکرێ خۆشی دوو کوڕی هەبوو پ.م بوو لەدەرەوە، منیش پاش دوو مانگ گەڕامەوە بۆ ئەوتی بەڵام لەوکاتەدا باری ئابووری خێزانی پ.م زۆر لاواز بوو ماڵی خەزوورم دوو کوڕیان لەدەرەوە پ.م بوون کەس نەبوو کاسبیان بۆ بکات لەبەرئەوە زۆر بەهەژاری دەژیان هەتا ئێمە مووچەی مانگانەکەی خۆمان بۆ دەناردن و هاوڕێکانی هاوسەرەکەم یارمەتیان دەداین،

ئێمە بەژیانێکی زۆر هەژاری و لەژێر ناڵەی بۆردومانەدا بردمانە سەر تا ساڵی ١٩٨٧ هاوسەرەکەم گەڕایەوە بۆ شارباژێر بەئیشوکاری شۆڕش لەوێ بریندارببوو پارچەی هاوەن بەر قاچی کەوت ژیانی زۆر ناخۆش و پڕ لەمەترسی بوو هەر بۆیە کاک جەبار فەرمان پێی وت مادام ژیانتان ئەوەندە سەختە بگەڕێنەوە بەڵام دەبێت پەیوەندیت بەخۆمانەوە هەبێت.

گەڕاینەوە بۆ لای ڕژێم بەڵام پارچەی هاوەن هەر لەقاچیان مابوو پاش ماوەیەك دەستی کرد بەکاسبی لۆریەکی گرتە دەست هی هاوڕێیەکی بوو هاوسەرەکەم بەنهێنی خەریکی کاری ڕێکخستن بوو زۆربەی کۆبوونەوەکان لەماڵی ئێمە دەکرا هەر بۆیەش بەدوو مانگ جارێك خانوویەکمان دەگۆڕی و دەچووینە گەڕەکێکی تر، دوو سێ مانگ پێش ڕاپەڕین ئەمن بۆمان هات هەر لەکۆڵانەوە دەرکەوتن من زانیم یەکسەر ڕومانەو دەمانچەو فیشەك وبڵاوکراوە هەرچەیکمان هەبوو خێرا خستمە ناو ئەو تەنکیەی کە لەبەردەرگای حەوشەکەدا دانرابوو، هاوسەرەکەشم بەپەلە لەخەو هەڵساندو خانووەکەمان دووقات بوو وچووە سەربانی قاتی دووەم و لەسەر سەربانەکە پاڵکەوت ئەمنەکان هاتن هیچیان دەستگیرنەبوو بەمنیان وت بینێرە بۆ فەرمانگەی ئەمن منیش وتم باشەو ئەوان ڕۆیشتن.

هاوسەرەکەم نامەی نارد بۆ دەرەوە کەبچێتەوە شاخ وەڵامیان دایەوە لەشاردا پێویستمان بەتۆیە چەك و کەلوپەلمان بۆ ئامادەبکە وا ڕاپەڕین نزیکە، من گەڕامەوە خانەقین هاوسەرەکەشم لێرە خۆی حەشاردا کەوتە کڕینی چەکی بچوك و فیشەك و پێداویستی ڕاپەڕین، ئەمن چووبوون بۆ ماڵی خەزوورم بەشوێن مندا گەڕابوون ئەوانیش وتبوویان لەم شارە نەماون نازانین چۆن بۆ کوێ.

لەراپەڕین دا هاوسەرەکەم بەشداری ئازادکردنەکانی کرد لەشەری سەرچیمەندا زۆر بەخەستی بریندارببوو بە بەتانی هێنایانەوە بەتەمای ژیانی نەبووین هەموو گیانی پارچەی تۆپی بەرکەوتبوو، شۆڕش بۆ چارەسەرکردن ناردی بۆ تاران خۆشمان بەرەو ئێران ڕۆیشتین، پاش شەش مانگ گەڕاینەوە دواتر کەشەڕی ناوخۆ دەستیپێکرد بەشداربوو لەگردی مامەیارە، بۆ جاری سێیەم بریندارکرا هێشتا چاك نەبووەوە دوو مانگ بەسەریا تێنەپەڕی بوو چوو بۆ شەڕی دوو قۆڵی ئیسلامی و پارتی لەگەڵ یەکێتی دا. هاوسەرەکەم لە٣ی گەلاوێژی ١٩٩٤ لەهەڵەبجە شەهید کرا ئەوکاتە ئەفسەر بوو لەفەرمانگەی ئاسایش دوای شەهیدبوونی پلەی نەقیبی ئاسایشی وەرگرت.

شەهیدبوونی هاوسەرەکەم کاریگەری زۆری لەسەر دروستکردم، خۆم وەکو دایکێك سەرپەرشتی منداڵەکانم دەکەم ئەو هەموو ڕۆژگارە سەختانەمان بینی بەڵام مەخابن هاوسەرەکەم لەئازادیدا شەهیدبوو.

## وەصفیە عەلی بەگ

ئەو ژنە لەخۆبردووەیە کەرۆژانی خەبات و ئاوارەبوونی زۆر بەسەختی بڕی، لەژێر ترس و لەرزی گرتنی جەلادەکاندا تاقیکردنەوەکانی ئەنجام دا.

من لەشاری گرو بلێسەو ئاگر لەخانەقینی ئازیز لەساڵی ١٩٦٣ دا هاتوومەتە ژیانەوە، ئەوکاتەی من قوتابی پۆلی پێنجی ئامادەیی بووم مامۆستا محسن هاتە داوام کەناسراوە بەمامۆستا سۆران، پیشەکی پێی وتم من لەرێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەراندا کاردەکەم هەر کاتێك شۆڕش داوام لێبکات دەچمە شاخ ئەگەر تۆش ئەو ژیانەت پێخۆشە.

دیارە منیش شۆڕش و پ.م وخاکەکەم زۆر خۆش دەویست بۆیە بڕیاری بەهاوسەربوونمدا، ئەوکاتە هاوسەرەکەم مودەریس بوو لەکوت، پاش دە مانگ پێکەوەبوون هاوسەرەکەم لە١٦ی رێبەندانی ١٩٨٢ دا بەرەو شاخ رۆیشت، بەڵام من لەخانەقین مامەوە لەماڵی خەزوورم، هاوسەرەکەم پێی وتم کە خوێندنی پۆلی شەش تەواو بکەو خۆشم باشارەزای ناوچەکان ببم دەنێرم بەشوێنتا، بەڵام خانەقین شوێنێکی مەترسیدارا بوو بۆ من چونکە ئەو رژێمە لەناوچووە ئەترسا لەوەی پ.م هەبێت لەخانەقین، پێنج شەش جار داوایان کردم لەلایەن سەرانی رژێمەوە دووجار لەگەڵ شوبراکەمدا چووم وتیان دەبێت مێردەکەت بهێنیتەوە، بەڵام چوار جاریان رامکرد نەموێرا بچم بۆ فەرمانگەی ئەمن.

تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵم لەژێر ترس و لەرزی گرتندا بەرێوەچوو، دوای تاقیکردنەوەکان چاوەڕوانی دەرەجەم نەکردو یەکسەر چوومە شاخ بۆ گوندی نەوتی لەناوچەی قەرەداغ، پاش یەك ساڵ لەیەکتری دابڕاین ئەوسا یەکترمان بینیەوە خانووەکەشمان خانوویەکی کۆنی داتەپیو بوو ژیانمان تێدا بەسەردەبرد، لەناو ماڵیشدا زۆر هەژار بووین دوو حەسیری نایلۆن و سەرینێك و بەتانی و هەندێك قاپ و قاچاخمان هەبوو، زۆر جار کە میوانی پ.م مان دەهات خۆمان تاقم و تفەنگکەمان دەکرد بەسەرین لەسەری دەخەوتین، ئێمە ژیانمان پڕ لەمەترسی و کوێرەوەری بوو بەڵام دڵمان پڕ هیواو ئاوات و عەشقی کوردستان بوو، هێندە بیروباوەرمان پتەو بوو هەرگیز ناخۆشیەکان کاری تێ نەدەکردین.

لەساڵی ١٩٨٤ کە دانوستانەکەی نێوان رژێم و یەکێتی دەستی پێکرد، مامۆستا سۆران ئەندام کەرتی رێکخستنی خانەقین بوو، هەر بۆیەش گوێزرایەوە سنووری خانەقین -کەلار لەوێش لەگوندی حەسەن مەحە گەورێکمان پاککردەوە کردمانە شوێنی نیشتەجێبوون، لەرۆژی ٢٩ی خەرمانانی ١٩٨٤دا لەشەرە گەورەکەی گوندی سەید خەلیلدا کەتاوانبار باقی حاجی حویضە ئامر لیوای هێزی تایبەتی رژێم بوو هێرشێکی گەورەی کردە سەر سنوورەکە، لەو شەرەدا ملازم رەحمان شەهیدبوو لەگەڵ چوار هاووڵاتیداو هاوسەرەکەم و

هەشت پ.م تریش برینداربوون یەکێکیان کاک عەلی شامار بوو، هاوسەرەکەم زیاد لە١٥ ڕۆژ لەسەر جێگا کەوتبوو لەماڵی کاک عیماد ئەحمەد کە ئەوکاتە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی خانەقین بوو، دواتر هەموو بریندارەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەی سورداش کران.

پاش ١٥ ڕۆژ هاتین بۆ سلێمانی بۆ ماڵی هاوڕێیەکی خانەقینی بەناوی یاوەر شێرزاد خۆمان حەشاردا بۆ ماوەیەك لەوکاتەدا بوو کە شەهید سەید کەریم و چەند پ.م تر شەهیدکرابوون، بارودۆخەکە بەرەو هەڵگیرسانەوەی شەڕ دەچوو، بەخۆم و هاوسەرەکەم خاوەنی تەنها دوو دینار بووین، برایەکی یاوەر بەناوی سەلمان هات بۆ سەردانی هاوسەرەکەم کەبینی بریندارە ٢٥ دیناری وەکو دیاریەك بۆ بەجێهێشت، دوای چەند ڕۆژێك بەو پارەیە گەڕاینەوە گوندی نەوتی.

بەهۆی شەڕی عیراق ئێرانەوە چەند خوشکەزاو برازایەکی هاوسەرەکەمی لێبوو بووبوون بەهێزی بەرگری، هەموومان لەیەك خانوودا دەژیاین، لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٥دا شەڕ دەستی پێکردەوە، یەکەم کچمان بوو بەناوی میدیا، لەگەرمەی شەڕەکانی کوردستاندا هاتە ژیانەوە، بەبەردەوامی لەژێر تۆپ باراندا بووین، دواتر لەمانگی گوڵانی ١٩٨٦ دا کچێکی ترمان بوو بەناوی دیاناو لەگوندی نەوتی لەنێو دوکەڵ و ناڵەی تۆپ باراندا هاتە دنیاوە.

هەر لەهەمان ساڵدا هێزەکانی مەڵبەندی یەك شەوی گرتنی قەرەداغ کاك شێخ جەعفەرو کاك جەبار فەرمان لەماڵی ئێمە بوون سەعاتی سفریان دانا بۆ هێرش کردن بۆ سەر قەرەداغ، لەگەڵ سپێدەدا قەرەداغیان گرت و دەبابەی ڕژێمیان هێنا بەناو گوندەکاندا دەیانگێڕا، پ.م ی لەسەر بوو لەگەڵ چەندین سەیارەو چەك و ئاربیجی و کلاشینکۆف، لەو شەڕەدا ١٨ پ.م شەهیدبوون، دوابەدوای ئەو شەرە هاوسەرەکەم لەمانگی ڕەزبەری ١٩٨٦ دا لەگەڵ پ.م کانی تیپی ٥٥ی قەرەداغ چوون بۆ بەربەرەکانی شەڕی قەیوان ماوەت کە حەوت شەهید هەبوو لەتیپی ٥٥ی قەرەداغ منیش لەگەڵ هەردوو کچە بچووکەکەمدا مابوومەوە ڕۆژانمان لەبن تاشەبەردەکاندا یان حەشارگەدا بەسەر دەبرد، لەترسی بۆردومان هاوسەرەکەم پاش سێ مانگ گەڕایەوە درێژەمان بەژیانماندا تا شەڕەکانی داستانی ڕزگاری کە هاوسەرەکەم تێیدا بەشداربوو لەشەوی ٢٥\٢٤ی نەورۆزی ١٩٨٧ دا ڕوویدا کە هەموو مۆڵگەو ڕەبیەو سەربازگەکانی دوژمن لەشاخی گۆیژەو ئەزمڕو دووبراو قەیوان و کۆرەك و شاخی سوورو حەسەن بەگ و گۆجار و کێوەرەش و تاسەر سنووری ئێران ڕزگارکران. دەست بەسەر زیاد لە١٢٢ ڕەبیەو سەربازگدا گیرا هەر لەهەمان کاتدا هێزی پ.م پەلاماری قەرەداغیان دا زەرەرو زیانێکی زۆریان لەدوژمن دا، بەهۆی ئەو شەڕە گەورانەوە دیسان کەوتنیەوە بەرپەلامارەکانی ڕژێم بەتۆپ و ڕاجیمەو فرۆکە لێی داین.

من و ژنەکانی تریش لەژێر ناڵەی بۆردومان نان و خواردنمان ئامادەدەکرد بۆ ئەو پ.م کە ڕوویان تێ دەکردین. پاش ماوەیەك پ.م پەلاماری شاخی گڵەزەردەیان داو لەشەوی ٣١ی گوڵانی ١٩٨٧ هەمو ڕەبیەو سەربازگەکانی دوژمنیان ڕاونا تا ئەڵلایی هەر لەو شەڕەدا ١٦

پ.م شەهیدبوون کە شەهید حەمە سەعیدی حاجی غەریب و یاسین و حەمەلاو سالارە، بەدرێژایی ئەو ساڵانە دەیان شەڕی بچووکیش کراو لەمانگی گەلاڕێزانی ١٩٨٧ بەرەو گوندی دوکانی قەرەداغ کەوتینەڕێ کە گەڵای دارەکان خەزانیان بوو دەشت و دەر شاخ و سەختیکانی دوکانیان داپۆشیبوو، لەگەڵ گزنگی خۆردا ئاوێتە بوون، ئای لەو دیمەنە سروشتیە شیرینە کە ئەو ڕێگایە هەیبوو.

گەیشتینە گوندە سەختەکەی دوکانی قەرەداغ لەوێ تیپی ٥٥ی قەرەداغی لێبوو بەهەمان شێوە لەوێش لەژێر ناڵەی بۆردومانەدا ئەمان ئاڵاند بەڵام لەگەڵ کۆمەڵێ ماڵە پ.م دا وەکو کەسوکاری یەکتری وابووین پەیوەندی خۆشەویستی لەبەینماندا بوو، درێژەمان بەژیانمان دا هەتا شەوێك کۆمەڵێ میوانی پ.م هەبوو بەقسەی خۆش و هەڵمژینی هەوا پاکەکەی سروشتی خاکەکەمان سەربەست بووین، ئەو شەوە شەوی ٣/٢٠ ئەورۆژی ١٩٨٨ بوو کەمیوانەکان ماڵئاواییان لێ کردین لەناکاو ڕاجیمە مەرگ هێنەرەکانی دوژمن بەدەیان گوللە ڕاجیمە کیمیایان بەسەردا بارانین هەموو تاساین و هەناسەمان توند بوو، هەواو ژینگە پیس بوو لەوکاتەدا قیژەی ژن و منداڵی بێ تاوان گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد، ئەو کیمیابارانە بووە هۆی شەهیدبوونی ژنێك بەناوی گەردە ئەحمەد بووکی کاك حەمە حسێن بوو، زیاتر لە ٢٠٠ کەس هەر هەموویان شەل و کوێر بوون.

ماڵی کاك عەلی حسێن خێزانەکەی تازە منداڵی بووبوو هاوسەرەکەشی لەجەولە بوو پ.م کان فریای ڕووناك خان و پێنج منداڵەکەی کەوتن، منداڵەکانیان بۆ دەرکرد بەو شەوە، ئای ئەو شەوە چ مەرگە ساتێك بوو؟ هەرکەسەو دەستی منداڵی خۆی دەگرت و بەو شاخە بەرزەدا هەڵدەگەڕاین بۆ خۆدەربازکردن لەدۆزەخی مەرگی کیمیایی، ئەو شەوەم هەرگیز لەیادناچێت کە بەکوێری و چنگەکڕێ و گاگۆڵکێ بەو شاخانەدا سەردەکەوتین، دەیان ژن و منداڵ خۆمان دەربازدەکرد بەپێ خۆمان گەیاندە دوکەڕۆ لەوێشەوە بەڕێکەوتین، هاوارو زریکەی منداڵ دەگەیشتە ئەو ئاسمانە شینە بێ دەنگەی بەسەر سەرمانەوە بوو، تا گەیشتە گوندی قامیشان خەڵکی هەردوو گوندەکە بەوپەڕی جوامێرییەوە یارمەتیان داین و ئاویان کرد بەخۆمان و منداڵەکانماندا.

هەتا ئەمڕۆش لەژێر کاریگەری ئەو مادە بۆگەنانەدایین، هەر هەمان شەو لەگەڵ سپێدەی بەیان هێرشی زەمینی و ئاسمانی ڕژێم لەهەموو قۆڵەکانەوە بەرەو ناوچەی قەرەداغ هات، ئەنفالی دوو دەستی پێکرد، ڕۆژی دوایی من و هاوسەرەکەم و شێخ ئەحمەدو ڕوناك خان و کاك سۆران و خەباتی کچی شەهید سیروان تاڵەبانی هەریەکەمان منداڵێکمان بەکۆڵماندا بەست و بەشاخی دەلووجەدا سەرکەوتین، لەڕێگا لەکاتی پەڕینەوەماندا لەچەمی دێوانە پێڵاوەکانی پێی خەبات لەو چەمەدا ئاو بردی ناچاربوو بەپێی پەتی بەناو هەموو دارو بەردو ڕێگای سەختەدا بڕوات.

هەرگیز ئەو دیمەنانەم لەبەرچاو لاناچێت، لای نیوەرۆ چوینە ئاوایی حەمەی کەرەم تا کاتژمێر نۆی شەو ماینەوە، دواتر هەواڵمان زانی کە خزمەکانی مەلا ئەحمەدی دەلوجە کە کادربوو هاتبوون بەهانایانەوە بۆیە ئێمەش بەو شەوە بەرەو ئەوتی بەڕێکەوتین بەمەبەستی خۆ ڕزگارکردن.

کە گەیشتینە ئەوتی مامە حەمەو جەزای کوڕی لەوێ بوون هەر ئەو شەوە بەکوێری کەوتینە ڕێگا بەدەم سەرسم دانەوە تا کاک جەزاو مامە حەمە دەستیان ڕادەکێشاین چونکە چاومان لەبەر کیمیاییەکە نەی دەبینی، دوای چەند سائێك بووین بەدەیان خێزانی پ.م تەنها ڕێگاش کەبواری دەربازبوونی هەبوو گوندی میریاسی بۆ وێلەکە بۆ ئۆردوگای ئەسر بوو بەلام بەڕاستی مێژووی گەلی کورد نابێت ڕۆلی مامە حەمەو کاک جەزا لەیادبکات چونکە ئەوان ئەو شەوە دەیان خێزانیان دەربازکرد، ئێمەش لەگەڵ کازیوەی بەیاندا کە یەکەم تیشکی زیوینی خۆر پەخش بوو بەسەرماندا گەیشتینە گوندی وێلەکە، لەگەڵ هاوسەرەکانماندا ماڵئاواییمان لەیەکتری کردو ئەوان گەڕانەوە سەنگەری شەڕو ئێمەش بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتین.

چوومە ماڵی کاک جەزا لەوێ چارەسەرم وەرگرت بۆ کیمیاییەکەش زۆر خەمم بوو چونکە سکم هەبوو، ئەو ماڵە بەڕێزە جێگای سوپاس و ڕێزن، ماوەیەکیش لەماڵی خوشکی شێخ ئەحمەد بووین لەگەڵ ڕووناك خاندا لێرەوە سوپاسی کاک مستەفاو پیرۆز خان دەکەم، پاشماوەیەك مانەوەمان لەشاردا هاوسەرەکەم و بورهانە ڕیشە لەڕۆژی ٢٩ی گوڵانی ١٩٨٨ لەڕێگەی حزبی دیموکراتی ئێرانەوە هەواڵمان بۆ هات لەقەندیل چاوەڕوانمانن.

کاك جەزا زۆر مەردانە بەتەکسیەکەی خۆی من و دوو کچەکەم و هەیفای خێزانی کاک بورهانی بەناو دەیان بازگەو مۆڵگەی ڕژێمدا گەیاندە قەندیل بۆ لای هاوسەرەکانمان کە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بوو، بەپێ کەوتینەڕێ بەو منداڵە وردانەوە بەرەو قڕناقاو پشت ئاشان، لەو شاخە سەختە بەفراوی ویەستەڵەکەدا یەك زەرف جلی منداڵەکانمان پێ بوو هیچ خواردنمان پێ نەبوو شارەزای ڕێگانەبووین، لەبارەگای پ.م نانمان دەخوارد دواتر نان دەست نەدەکەوت، پاش ١٢ کاتژمێر ڕۆیشتنمان بەناو بەفردا گەیشتینە قڕناقاو پشت ئاشان، پاش دوو ڕۆژ مانەوەمان بەرەو بارەگایەك ڕۆیشتین لەگوندا نەبوو بەلام هەمووی خێزان بوون خەیمەیان هەڵدا بوو، لەوێ ژن و منداڵ لەخەیمەدا دەخەوتن پیاوەکانیش لەدەرەوەی خەیمەکە، چوار شەو لەناو بەفرو سەرمای ئەوێدا ماینەوە.

دواتر لەبەرەبەیانی ٢ی جۆزەردانی ١٩٨٨ دا بەڕێکەوتین بەرەو شاخە سەختەکەی قەندیل، کاتژمێر دووی نیوەڕۆ گەیشتینە سەرەوە لەگەڵ ماڵی کاک غەریب و گەلاوێژ خان و ماڵی کاک کەمال مالیمۆس کەدوای ڕاپەڕین شەهیدبوو لەگەڵ قومری خانی خێزانی و منداڵەکانیان لەسەر لوتکەی شاخ بەچاوە هیلاکە نەخۆشەکانمان دوا ماڵئاواییمان لەخاکی کوردستانی باشوور کردو داگەڕاینە خوارەوە بەرەو کوردستانی ڕۆژهەلات، هەر ئەو دوا

نیوەرۆیە بەدەیان خێزانی دەربازبوو لەئەنفال و ماڵە پ.م داگەڕاینە خوارەوە، لەسەر شاخەکە لەسەر ڕێگاکەمان قەرەباڵغیەکی زۆر بوو کۆمەڵێ ژن و منداڵ دەوری ژنێکیان دابوو پرسیمان ئەوە چیە؟ وتیان ژنێکی گەنجە منداڵی دەبێت، چەند مەترێک دوورنەکەوتینەوە گوێمان لەدەنگی خۆشی و پێکەنین بوو وتیان کچێکی جوانیان بووەو ناویان ناوە قەندیل، لەڕێگا مەرگەسات بوو هەر منداڵ بوو ڕەق دەبووەوەو دەمردو لەسەر بەفرەکە بەجێیان دەهێشت، هەر خەڵک بوو دەکەوتە ئاوی چەمەوەو کەسی نەدەبینیەوە، دەمەو ئێوارە هەمان ڕۆژ گەیشتینە سەر چەمێکی زۆر خوڕو سارد کە بەدەیان چەمی لەو چەشنە لەقەندیلدا هەبوو، بەهۆی توانەوەی بەفرەوە ئاوی چەمەکە ئەوەندە ساردو خوڕو تیژەو بوو هەتا ئەسپەکانیش نەیان دەوێرا لێی بدەن کەسیش مەلەوانی نەدەزانی بێجگە لەهاوسەرەکەم ئەویش ناچار خۆی ڕووت کردەوەو سەری ئەسپەکانی دەگرت و یەک یەک لەچەمەکەوە دەیپەڕاندنەوە بەڵام ئاوەکە زۆر پان نەبوو.

هاوسەرەکەم ٢٢جار خەڵکی بەئەسپەوە پەڕاندەوە لەچەمەکە لەبەر ساردی ئاوەکە هەڵخلیسکانی ئەسپەکن لەتاشە بەردەکان هاوسەرەکەم هەردوو قاچی شەقار شەقار بوو خوێنی پێدا دەهاتە خوارەوە، پاش ماوەیەکی کەم ڕۆیشتین تاریک داهات گەیشتینە شەخسەکەی شێخ ئایش کەشوێنی حەوانەوەو پشوودانی ڕێبوارانە لەقەندیل، لەوێ لاماندا لەبەر بەفرو کزەبای سارد بەکەڵەکە بەرد لادیوارێکمان دروست کرد لەو شوێنانەی بەفری تیانەبور بۆ نەگبەتی ئێمە ئەو شوێنە بەفراویە پڕبوو لەدووپشک.

شەو هەتا بەیان بەدیار منداڵەکانەوە دانیشتین نەوەک دووپشک پێوەیان بدات، لەگەڵ سپێدەدا لە٢ی جۆزەردانی ١٩٨٨ دیسان کەوتینە ڕێگا گەیشتینە یەکەم سەربازگەی ئێران لەگوندی بادیناوا سەر بەشاری سەردەشت، ئەو شەوە لەوێ ماینەوە ڕۆژی دوایی ئۆتۆمبێلیان بۆ هێناین و بردیانین بۆ ئۆردوگای خۆیی لەسێ گۆشەی ئێران تورکیا ڕوسیا، هەشت کاتژمێر بەڕێوەبووین ئەو ئۆردوگایە پاک و خاوێن بوو پێویستی ژیانی تێدابوو بەڵام کاربەدەستانی زۆر سەختگیر بوون ڕێگەی هاتووچۆیان بەکەس نەدەدا بۆ دەرەوەی ئۆردوگاکە.

ڕۆژێکیان منداڵێکی شیرەخۆرەی هەڵەبجەیان هێنا لەئۆردوگای سنغورەی کرماشانەوە بۆلای دایکەکەی کەلای ئێمە بوو، دایک و منداڵ لەیەکتری دابڕابوون لەبۆردومانەکەی هەڵەبجەدا بەڵام کاربەدەستانی ئۆردوگاکە نەیانهێشت ئەو منداڵە بچێتەوە ئامێزی گەرمی دایکی، بەوپەڕی درندانە دایکی لەم دیو تەلبەندەکەوە خەریک بوو شێت دەبوو بۆ کۆرپەکەی، قیژەو زریکەی دایکەکەو منداڵەکە بەردی دەتواندەوە، ئەو دیمەنە هەموو خەڵکی ئۆردوگاکەی هێنایە گریان بەڵام دڵی کاربەدەستانی ئێرانی نەرم نەکرد، بەنائومێدی منداڵەکەیان گەڕاندەوە بۆ کرماشان.

هەروەها خۆم نەخۆش بووم بەهۆی کاریگەری کیمیاییەوەو پۆلیس لەگەڵماندا هاتن بۆ نەخۆشخانە، کچەکەم برد بۆ توالێت پۆلیسەکان بەچەکەوە شوێنمان کەوتبوون بۆ ناو توالێتەکە.

لەو ئۆردوگایەدا من سەرم سوڕما بوو ئازوقەیان دەدایێ زۆر بەکەمی مەمرەو مەژی پێی دەژیاین، قاپیان دەدایێ بێ کەوچك خۆمان ناچار لەدار سندوقی تەماتە کەوچکی دارمان دروست دەکرد بۆ ناخواردن، پاش چوار مانگ ژیانێکی کوێرەوەری گوێزراینەوە ئۆردوگای هەرسین کە لەپارێزگای کرماشانە، لەگەڵ گەیشتنمان بۆ ئەو ئۆردوگایە شەش هەزار چادر هەڵدرابوو ٣٠,٠٠٠ کەسی تێدابوو خەڵکی ئاوارەی هەڵەبجە بوون، ماڵ شوبراکەشمی لێ بوو، لەوێش لەژێر چادردا بەو قرچەی خۆرو خاك و خۆڵی هاوینە دەژیاین، دوای مانگ و نیوێك لەژێر خەیمەدا کوڕەکەم بەناوی عەلی چاوی بەژیان هەڵهێنا، ئێمەی ژنانی بەشمەینەت هەر بەر پێی ئاوکێشانەوە بووین هەتا دەبەیەك ئاومان دەست دەکەوت تووشی سەد بەدبەختی دەبووین.

پاش پێنج مانگ گوێزراینەوە ئۆردوگای ڕەوانسەر لەوێش خانوویان دایێ چۆن خانوویەك بێ ئاوو کارەبا بێ دەرگاو پەنجەرە بێ حەمام و توالێت، لەوێش تووشی کۆمەڵێ هیلاکی بووین، لەگەڵ هاتنی سەرمای زستاندا بەنایلۆن و تەختە دەرگاو پەنجەرەمان دروست کرد لەناو قوڕو لیتەی ساڵی ١٩٨٩ ژیانمان بەسەختی دەگوزەراند، پاش ئەو هەموو هیلاکییە وازیان لێنەهێناین چەند کەسانێکی خۆفرۆش لای ڕژێمی ئێرانی وتبویان کە ئەمانە پێشمەرگەن دالدەی پ.م ی دیموکرات و کۆمەڵەی ئێران دەدەن ئەوەش کفر بوو لای ڕژێم، هەر بۆیە ئۆردوگاکەیان داخست و ناردیانین بۆ ئۆردوگای کەنگاوەر، چوار کاتژمێر دوور بوو لەر ەوانسەرەوە بەرەو قوڵایی ئێران ڕۆیشتین ولەوێش بەهەمان شێوە چوار دیوار بوو هەمووی کون و کەلەبەر بوو، ناچار گونیمان هەڵگرتو لەدوری سەدان مەترەوە لەشوێن کورەکان لەتە خشت و بلۆك و گەچمان کۆدەکردەوەو بەکۆمەڵ دەماندا بەکۆڵماندا، خانووەکانمان پێ چاك دەکرد بەژیانێکی سەخت و پڕ لەهەژاری و کولەمەرگی ساڵ و نیوێك ژیاین، کە هاوسەرەکەم دەچوو بۆ جەولە بەتەنها خۆم و سێ منداڵەکەم لەماڵ دەبووین، پێش ڕاپەڕین بەچەند مانگێك هاوسەرەکەم گەڕایەوە.

من لەناو خاکی ئێراندا هەموو ژیانم لەناو ئۆردوگادا بەسەربرد بۆیە نەمتوانی بەشداری ی.ژ.ك بکەم چونکە دووربووم لەشارەکانەوە.

لە١٧ی ڕەزبەری ١٩٩١دا گەڕاینەوە بۆ کوردستان هاوسەرەکەشم ئێستا جێگری مەڵبەندی خانەقینە.

# هەولێر

## ئامینە محەمەد ئەمین

ئامینە محەمەد ئەمین ئەو ژنە بوو بەشەوقەوە لەڕاپەڕین و ئازادکردنی شارەکانی کوردستانی باشووری دەڕوانی و گەڕانەوەی بۆ خاکەکەی و بۆ ناو کەس وکاری، کەچی نەیزانی شەڕی ناوخۆ خۆشییەکانی شکانەوە بۆ غەمی قووڵ و شەهیدبوونی دوو کەسی زۆر خۆشەویستی لەکاتی ئازادیدا.

لەڕۆژێکی ساڵی ۱۹۵۸دا لەگەڵاڵەی سەر بە هەولێر هاتوومەتە ژیانەوە، لەساڵی ۱۹۷٤دا ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە لەگەڵ (حەسەن ئەحمەد عەبدوڵڵا) ناسراو بە (حەسەن کوێستانی)، بەرهەمی پێکەوەژیانمان (هەژار، هێرۆ، هەژان، هەورین، هەوار) بوو، من زۆرجار یارمەتی هاوسەرکەم داوە لەکاری ڕێکخستندا. ئەو کەمە دەرمان و چەکەم دەشاردەوە لەماڵەکەمدا لەناو بێشکەی منداڵەکەمدا لە ١٥ی گەلاوێژی ۱۹۷۹دا هاوسەرەکەم ڕێگای شاخی گرتە بەر، من و دوو منداڵ لەشار ماینەوە، گەڕامەوە ماڵی باوکم لە (گەڵاڵە) تا ۱۷ی خەرمانانی ۱۹۸۱ ڕژێمی ڕەفتارفاشی گوندەکەمانی ڕاگوێزا بۆ (دیانا) سەر بەقەزای (سۆران)، لەوێ نیشتەجێ بووین، من ژیانم لەمەترسیدابوو داوام لەهاوسەرەکەم کرد بچمە شاخ، بەڵام لەبەر نەبوونی و کەمدەرامەتی و سەختی ژیان نەیتوانی بمبات. هەر لەماڵی باوکم مامەوە تا ۲۸ی گەلاڕێزانی ۱۹۸۱ لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیرکرام بۆ ماوەی دە مانگ لەبەندیخانە مامەوە، یەکەمجار بردمیان بۆ بەندیخانەی (دیانا)، بەڕاستی ئەوەی یەك ڕۆژ بەندیخانەکانی بەعسی دیبێت ئامادەیە سەرو ماڵی بکات بەقوربانی یەك سات ئازادی، دواتر بردیانم بۆ (ڕەواندوز)، سێ شەو لەوێش مامەوە پاشان بۆ بەندیخانەی (ئیسکان) لەشاری هەولێری دێرین. بەڕاستی کە سەیری بنمیچ و دیوارو زەوی بەندیخانەکەت دەکرد لە ئەشکەوت دەچوو کە ئاژەڵی دڕندەی تێدا ژیابێت، نەك کۆمەڵێ مرۆڤی نیشتمانپەروەر لەو شوێنە پیس و پۆخڵ و نەبوونی کەلوپەل و پێداویستی، دواتر بردیانم بۆ کەرکوك لەوێشەوە بۆ (فەزیلییە) بەغداد، بەڵام ماوە زۆرەکەی بەسەرم برد لە بەندیخانەی (نوگرە سەلمان) بوو لەدەشتێکی لماوی گەرمدا ئازارێکی زۆرمان بینی، ئاوێکی سوێرمان هەبوو بۆ خواردنەوە بەکەڵك نەدەهات و خواردنێکی کەمیان دەدا پێمان، لەوێ حاڵەتی دەروونیمان زۆر خراپ بوو بیری منداڵەکان و هاوسەرەکەم دەکرد سەرەڕای ئەوەش ئێمە زۆر گەنج بووین لەوە دەترساین دەست درێژیمان بکەنە سەر، دوای ئەوەی ئەو ماوە ناخۆشەم بەسەربرد، بەواستەی چەند کەسانێك بەربووم، دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە ویستم منداڵەکانم ماچ بکەم کەچی ئەوان نەیانناسیمەوەو نەهاتنە ئامێزم ئەوەش زۆر کاری تێکردم. پاش هەفتەیەك مانەوەم لە (دیانا) هاوسەرەکەم ناردی بەشوێنمدا کەوا بەزووترین کات خۆم بگەیەنمە شاخ نەوەك جارێکی تر دەستگیر بکرێم، ئەوەبوو لەڕێگای کادرانی ڕێکخستنەوە گەیەندرامە (دەرگەڵە)، وامدەزانی تازە خۆر لەدنیای مندا هەڵدێ، هەرگیز باوەڕم نەبوو جارێکی تر لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بەیەکتر شادببینەوە، هاوسەرەکەم و چەند پێشمەرگەیەك هاتبوون بۆ پێشوازیمان، ئەو شەوە لەماڵی ئاسیاوێکمان ماینەوە، بەیانی دوای خۆرکەوتن بەرەو گوندی (بەرگوکە) ڕۆیشتین و لەوێ ماڵمان دانا، ئەوە یەکەم ماڵی پێشمەرگایەتیمان بوو، دوای ماوەیەك من دوو گیان بووم گواستمانەوە بۆ گوندی (وەرتێ) من نەمدەتوانی سوار ئەسپ ببم ڕێگاکەم بەپێ بڕی پاش ماوەیەك مانەوەمان لەساڵی ۱۹۸۳دا هاوسەرەکەم لێپرسراوی عەسکەری مەڵبەندی سێ بوو، شەڕیش بوو لەناوچەی (باڵەیان و کونە کۆتر) هاوسەرەکەم لە شەرەکە بوو، من منداڵم بوو هیچ کەلوپەل و پێداویستییەکم لەشارەوە پێنەدەگەیشت، هەموو ڕێگاکان گیرابوون، منداڵەکەم لەبرساندا تووشی کەم خۆراکی ببوو خۆم شیرم نەبوو، تاکو لەشار شیرم بەدەست گەیشت. خۆشم زۆر نەخۆش بووم، لەبەر دەستی مامانێکی نەشارەزادا

منداڵم بوو. پاشان ماڵمان بردە (خانەقا) زۆر ماینەوە چووینە (بۆتێ) لەوێش زۆر ماینەوە چووین بۆ سەرکردایەتی لە (سێروان) بوو لەناوچەی مەرگە، ئەوکاتە هاوسەرەکەم ئەندامی جێگری کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو، پاشان بەرەو (زارگەلی) رۆیشتین لەو گوندەدا لەناو تونێلدا دەژیاین کە بۆ ئاوی بارانی جادەکان دروست کرابوو ئێمەش سێ ماڵە پێشمەرگە بووین، وەرزیش هاوین بوو گەڵای درەختەکان سەوز بوون، بەڵام خۆڵیان لەسەر نیشتبوو، بەڵام دیمەنی ناوچەکە زۆر جوان بوو، شوێنەکەی ئێمەش بۆ کاتی بۆردوومان زۆرباش بوو، ئەو ماڵە پێشمەرگانەی لەکەپردا دەژیان لەکاتی تۆپباراندا دەهاتنە لای ئێمە، ژیان زۆر سەخت بوو زۆرجار کارەساتی دڵتەزێن و ناخۆش رووی دەدا، بەڵام ئێمە بەسنگێکی فراوانەوە بەرەو سەرکەوتن هەنگاومان دەنا و زۆرجار بەسەرهاتی خۆشیش رووی دەدا، بەتایبەتی کاتێک یەکێك لە پێشمەرگەکان ژنیان دەهێنا لەو کچە گوندیانە، دەبوو بەشایی و گۆرانی و تەقەکردن زۆر بەشێوەیەکی سادەو ساکار ئاهەنگەکە بەڕێوە دەچوو، بەڵام خۆشییەکی زۆر بوو بۆ ئەو کەسانەی لەو گوندەدا دەژیان.

پاش ماوەیەك مانەوەمان بەرەو گوندی (ئاکۆ گەرەوان) رۆیشتین و دوای دوو شەو مانەوەمان بەرەو گوندی (هەرۆتەکەون) بەڕێکەوتین. پاشان چووین بۆ (هەڵەدن) لەڕێگەی رێکخستنەکانەوە بەقاچاغ خۆم و ماڵەکەم گەیەنرایینە ئەوێ، لەخێوەتدا دەژیاین پاش چەند مانگێکی تر مانەوەمان بەرەو (تووتمێ) لەوێ لەناو کەپردا دەژیاین، شوێنێکی زۆرخۆش بوو هەمووی رەزوو باخێکی زۆری لێبوو، گوندێکی ئێشکەر بوون یەك بست زەوی بەربادت نەدەبینی. پاش کیمیابارانی (دۆڵی بالیسان) نەمانتوانی لەو ناوچەیە بژین چووین بۆ گوندی (شێرێ)، دوایی بۆ (بلبێ) لە ئەشکەوتدا بووین، چەند شەوێکمان بەسەر برد، لەبەر ئەوەی بۆردوومانی فڕۆکە زۆر بوو بەرەو (تاڵینان) لەوێوە لەڕێگەی رێکخستنەکانەوە هاتینەوە ناو شار، بەڕێگەی قاچاخ چووین بۆ ناوچەی (بۆڵێ) لەوێوە بەجێبێك رۆیشتین، کە رێگای جادە ئەما سوار ولاغ بووین بەرەو (قەندیل) دواتر گەیشتینە (شێخ ئایش) دوایی بەرەو (بادیناوا)ی کوردستانی رۆژهەڵات رۆیشتین، چەند رۆژێك لەماڵە ئاسیاوێك ماینەوە دوایی لە (نەغەدە) نیشتەجێ بووین و (هەورین) لە٨ی سەرماوەزی ١٩٨٨دا لەدایك بوو. سێ منداڵەکەی تریشم خستە قوتابخانە بەفارسی دەیانخوێند، چەند ساڵێك لەوێ بەخۆشی و بەناخۆشی گوزەراین، هاوسەرەکەشم ئەندامی کۆمیتەی کارگێڕی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، لە (قاسمە رەش) سەرقاڵی داڕشتنی نەخشەو بەرنامەکانی راپەڕین بوون لەگەڵ هاوسەنگەرانی. راپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ئەنجامدراو شارەکان ئازادکران لەچنگی رەشی بەعسییەکان، خۆشم زۆر بەشەوقەوە چاوەڕوانی رۆژی سەرکەوتن و گەڕانەوەم بووم بۆ خاکەکەم، رەنجی چەند ساڵەمان بەرهەمی هەبوو ئازادی و راپەڕین بوو، ئێمە لە (شەقڵاوە) دانیشتین (هەوار)م لەوێ لەدایك بوو تا ٩ی رەزبەری ١٩٩٢ چووین بۆ هەولێر دوای حەوت مانگ و حەڤدە رۆژ گەورەترین کارەسات لەژیانی مندا روویدا، شەهیدبوونی (حەسەن کوێستانی) بوو لەگەڵ حەوت هاوڕێیدا لە ٢٧ی گوڵانی ١٩٩٤دا لە (حاجی هۆمەران) شەهید کرا، بە تەواوی ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵەکان کەوتە ئەستۆی من، کچە بچووکەکەم هێشتا تەمەنی دوو ساڵ بوو، بەڵام رۆژگار هەر بەرەوە نەوەستا هەواڵی شەهیدبوونی (جەلال حاجی) براشم پێڕاگەیەندرا دوای حەوت مانگی تر لەشەڕی ناوخۆدا، باوەڕناکەم کارەسات لەوە ناخۆشتر بێت، تا ئێستا بنەماڵەکەمان خاوەنی شەش شەهیدە. هەر لەهەولێر ماینەوە تا ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ماڵمان تاڵان کرا، پاشان ئاوارەبووین بەرەو (قاسمە رەش) پاش سێ شەو مانەوەمان لەسەرمای قاسمە رەشدا چووینە ناو خاکی ئێرانەوە لە ١٧ی بەفرانباری ١٩٩٧دا گەڕاینەوە سلێمانی دوای دوو مانگ هەرچۆنێك بێت ماڵێکمان پێکەوە نایەوەو تاکو ئێستاش لەسلێمانی نیشتەجێین.

## زێڕین ڕەسول ساڵح

زێڕین ڕەسول ساڵح، دڕەندەیی ڕژێمی ڕەفتارفاشی کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر هەر یەکێکمان، زێڕین یەکێکە لەوانە کە تا ئێستاش ناتوانێت بەقووڵی بخەوێت لەترسی ئەو ڕۆژگارانە.

لەساڵی ١٩٦٢دا لەخێزانێکی نیشتمانپەروەر لە (مەخموور) هاتوومەتە ژیانەوە، لەڕۆژێکی ئاسمان ساماڵی ساڵی ١٩٧٩دا هاوسەری پێشمەرگەم هەڵبژارد کە ئامۆزای خۆم بوو بەناوی (عەبد مەجید) ناسراو بە (مامۆستا عادل). هاوسەرەکەم لەڕێکخستنەکاندا کار دەکرد، خۆمان لەشاری هەولێری دێرین دادەنیشتین، تا ڕۆژی ١١ی جۆزەردانی ١٩٨١ چووینە شاخ ئەوکاتە هاوسەرەکەم لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی شەقڵاوەو خۆشناوەتی بوو لەحزبی سۆشیالیستی کوردستان، لەلایەن چەند پێشمەرگەیەکی ڕێکخستنەوە منیان برد بۆ بناری (بنەباوێ)، کە ڕەزو باخی ماڵی کوێخا عەزیزی سماقووڵی بوو، ماوەی (٢٠) ڕۆژ لەماڵی ئەو بەڕێزە مامەوە، گوندی سماقووڵی ڕەزوباخ و باخاتی زۆری هەیە، سەرچاوەی ئاوی یەکجار زۆری هەیە لەبناری شاخی (ئاوەکردەوە تا نزیک شاخی بنەباوێ) هەمووی ڕەزو باخ و بێستانە، خەڵکی گوندەکە هاوینان خانووەکانیان بەجێدەهێڵن لەناو باخچەکانیاندا لەکەپردا دەژیان، بۆ ئەوەی لەنزیکەوە خزمەتی باخ و بێستانەکانیان بکەن. بەروبوومی میوەهات بەرهەم بهێنن، سەرەڕای ئەوەش ئاووهەوای ناو کەپرەکان فێنک و سازگارترە وەك لە ئاووهەوای ناو گوند. ئێمەش پاش پەیداکردنی خۆراك و هەندێ کەلوپەلی سادەو پێویست، ژوورێکمان پەیداکرد لەناو گوندەکە کە ماڵی خوشکی (مام کوێخا عەبدە) بوو بەناوی (یاناجیە) بەو جۆرە ئێمە تاقە ماڵە پێشمەرگە بووین لەوکاتەدا کە نزیك سەرقەبرانی گردەکە بووین، بۆ من ئەو ژیانە سادەیە لەلایەك زۆر شتێکی تازەو سەربەرزانەو خۆشبوو، باوەڕم بەخۆم پتەوتر بوو کە من ژنی گەلێکی چەوساوە، لەناخۆشی و کارەساتی گەلەکەمدا هاوکارم و دەستەوەستان دانەنیشتووم، لەلایەکی تریشەوە ژیانێکی زۆر سەخت و پڕ زەحمەت بوو، تەنانەت بۆ هێنانی یەك تەنەکە ئاو دەبوایە زیاتر لە (١٠٠) مەتر بچوویتایە خوارەوە ئینجا دەگەیشتمە سەر کانی و ئاوەکە، بەو ڕێگا پڕ کۆسپ و پەناو پێچاوپێچەدا، سەرەڕای ئەوەش بە تەنها لەوگوندە چۆڵەدا بەتایبەتی شەوان هەستم بەمەترسی دەکرد، شەوێکیان لەسەربانەکەی خۆمان خەوتبووین لەناکاو لەدەنگی تەپە تەپێك بەئاگا هاتین، بەلایتە دەستییەکەمان تەماشامانکرد ڕەوە بەرازێك بەتووندی لەهەورازو شاخەکەوە بەرەو چۆمەکە شۆڕ دەبوونەوە بەرەو ناو گوند، هاوسەرەکەم دوو سێ فیشەکی پێوەنان و ڕەوە بەرازەکان ڕەوینەوە، شە تا بەیان خەو نەچووە چاوانم، سەرەتای ژیانی شاخم بوو هێشتا بەو ژیانە ڕانەهاتبووم. من وەکو ژنێکی شاخ دەورێکی سەرەکیم هەبوو، لەو ناوچەیەدا میواندار بووین، ئەوکاتەی کە ناوچەکە ئازاد بوو لەژێر بۆردوومانداا نەبووین، بەڵام ئەرکن زۆر هەبوو، بەڕۆژ فریای نانکردن نەدەکەوتم دەبوایە بەشەو لەبەر شەوقە زەردەکەی چراکانمان شەو ئاشەوێك یەك تەشت هەویرم بکردایە بەنان، من بە بەردەوامی جلی پێشمەرگەکانم دەشت. ڕۆژێکیان بەفرێکی زۆر بایی بوو، من جلی (١٥) پێشمەرگەم لەهەشتی بەیانیەوە برد بۆ کانی تا چواری ئێوارێ، ئەوەندە هیلاك ببووم لەناو بەفرەکەدا بوورابوومەوە هەموو گیانم سەرماو زوقمی بەفرەکە ڕەقی کردبووم، بەڕاستی ژیانم سەخت بوو، هەر ئەو کارە قورسانەی ئەو ڕۆژانە ئێستا تووشی فەقەراتی کردووم و ئازارم دەدات. لەڕۆژێکی زستانی دوونیا بەفردا کە شاخ و دەشت و دەر یەك پارچە سپی دەکردەوە،

بەکارێکی شۆڕش کە زۆر گرنگ بوو، دەبوایە بگەڕامەیەتەوە بۆ هەولێر، لەگوندی (سماقوولی)یەوە سوار ولاغ بووم تا گەیشتینە (سوسێ) بەو ساردو سەرمایە بەسێ کاتژمێر گەیشتین، پاش دوو کاتژمێر مانەوەمان سوار پیکاب بووم بۆ هەولێر، بەڵام پیکابەکە لەڕێگا شکاو نەیتوانی بمانگەیەنێتە ناو هەولێر، هەربۆیە شۆفێرەکەی وتی بگەڕێنەوە بۆ ئەو گوندەی تر، دەمە دەمی ئێوارێش بوو منو ژنێکی هاوڕێم بەرەو گوندی (زیارەت) رۆیشتین کە لەبناری شاخی سەفین دابوو، نزیکەی (١,٥)کیلۆمەترمان بەناو بەفرو تاریکایی شەوو شەختەو سەرمادا بەپێی پەتی بڕی، من کچەکەم بەناوی (راوێژ) بەباوەشمەوە بوو کە تەمەنی چەند مانگێك دەبوو، ترسمان لەتاریکیو لەدڕندەی کێوی هەبوو، بەڵام بەهەر حاڵێکی سەخت بێت گەیشتینە گوندی (زیارەت)، ئەو شەوە لەماڵێك ماینەوە بەناوی (باپیر)، بەیانی کە خۆر هەڵهات بەپیکابی ئەو ماڵە گەڕاینەوە بۆ هەولێر. لەو کاتانەی کە شەڕی ناوخۆ هێور دەبووەوەو برایەتیو پێکەوە ژیان دەگەڕایەوە شوێنە ئازادکراوەکان، کۆمەڵێ کادرو پێشمەرگەی حزبەکانی تریش کە ڕێگایان بکەوتایەتە (سماقوولی) دەهاتنە ماڵی ئێمەو دەیان جار کادرەکانی یەکێتی دەهاتنە ماڵمان وەك شەهید شاخەوانو عەباسو سەفینو مەسعود عەقراوی. لەساڵی ١٩٨٢دا ناوچە ئازادکراوەکان فراوان بوو بەدەیانو سەدان خێزان ڕوویان تێدەکرد، لەکاتی جەنگی عێراق ئێراندا تەنها ئەو گوندەی منی لێبووم بووە (٨٠) ماڵ، زیاد لە (٢٠) ماڵە پێشمەرگەی تێدابوو وەك ماڵی سەید کاکە، موحسین بایزو مامۆستا موحسین عوسمان، دکتۆر پەروەرو مام قادر شۆڕشو شەهید فەرهاد، هەر لەهەمان ساڵدا کۆمەڵێ پێشمەرگە بریندار بوون، داوایان لەمن کرد بگەڕێمەوە بچم داوو دەرمان بهێنم، منیش گەڕامەوە لەفافو سرنجو مەڵحەمو دەرمانم پەیدا کرد بەهۆی ڕێکخستنەکانی شارەوە، پاش دوو ڕۆژ گەڕامەوە بۆ سماقوولی، بەسێ بازگەی ڕژێمدا کە بازگەی (گۆمە سپیان) لەهەموویان دڕندەتر بوون، من لەو بازگەیەدا زۆر ترسام کە بمگرن بەدەرمانەکانەوەو ئاشکرا ببم، چونکە لەو زەمەنە سەختەدا کاری وا ئازایەتیو لەخۆبووردنی دەویست بەتایبەتی من زۆرجار دەمانچەو بڵاوکراوەشم دەهێناو دەبرد بێ هیچ سڵەمینەوەیەك، پاش گەڕانەوەم بۆ گوندی سماقوولی دوو ژوورو هەیوانێکمان دروست کرد، زۆری کۆبوونەوەکان لەماڵی ئێمە دەکرا، جاری وا هەبوو تا کاتژمێر دووی شەو بەمنداڵێکی ساواوە لەوپەڕ هەیوانە هەڵدەتروشکام لەوبەر سەرمایە تا کۆبوونەوەکان تەواو دەبوو ژوورەکەیان چۆڵ دەکرد. کچێکی بچووکی ترم هەبوو بەناوی (سارێژ)، لەبەر ئیشو کار نەمدەتوانی باوەشی بکەمو سۆزی خۆمی بدەمێ، هەر بەباوەش پێشمەرگەکانەوە بوو. ڕۆژێکیان ژوورەکەمان (خۆرەبان) کردبوو واتە گڵمان کردبووە سەر ژوورەکە، هاوسەرەکەشم لەماڵ نەبوو، لەنیوەی شەودا بەئاگا هاتم ئاوی باران هاتبووە ناو ژوورەکەوە، هەردوو منداڵەکەم خستە سەر نوێنەکانو خۆم بەو شەوە چووم کام کرد بەسەربانداو بە باگردێن گێڕام بۆ ئەوەی خانووەکە نەڕوخێت، بەیانی چی زەخیرەمان هەبوو لەناودا خووسابووەوەو هەموویم فڕێدا. بەیانی ژنە دراوسێکانمان پێیان وتم لەو زریانو تۆفانی ئەو شەوەدا چۆن وێرات بچیتە سەربانو بیگێڕیت؟

ئێمە هاتووچۆ کردنمان زۆر سەخت بوو، هەر بۆیە جارێکیان لەگەڕانەوەمدا بەپێ ڕۆیشتم بۆ (بنەباوێ) لەوێوە سوار تراکتۆر بووم بۆ هەولێر، پاش ماوەیەك گەڕامەوە، لەکاتی گەڕانەوەمدا بۆ سماقوولی بەدوو منداڵی بچووکەوە شەومان بەسەرداهات، سێ نەفەرمان لەگەڵدابوو، ئەوان بەجێیانهێشتم خۆمو دوو منداڵو کەلوپەلێکی زۆرم پێبوو لەو قوڕو لیتەو سەرماو تاریکییەدا ماینەوە، نەفەرەکان تەقەیان کرد بۆ ئەوەی بێنە دەنگمانەوە، چەند کاتژمێرێك بەو شەوە تاریکە ماینەوە هەتا ئەستێرەکانی ئاسمانو مانگیش لەبن گەواڵەی

هەورەکانی ئەو شەوەدا خۆیان شاردبووەوە، کچەکەم زۆر دەترساو دەگریا دەیگووت: دایکە گورگ دەمانخوات. تا دواتر بەهەر دەردەی سەرێك بێت گەیشتینەوە ماڵەوە، من سێ ساڵ ژیانم لەو گوندەدا بەسەختی بەسەربردووە.

بەهۆی شەڕی ناوخۆوە من گەڕامەوە بۆ ناو شار، دواتر باروودۆخی ناوچەکە زۆر خراپ بوو، کە من لەوگوندە دەرچووم ماڵەکەم تالان کرا، دواتر رژێم بەفڕۆکە گەندەڵەکانی گوندەکەی بۆردوومان کردبوو، خانوەکەی ئێمەش بە بۆردوومان رووخابوو، بێ شوێن و بێ لانە ماینەوە، لەهەولێریش لەترسی دڕندەی رژێم کەس نەیدەوێرا بەخۆیمان بگرێت، خۆشم هیچ شتێکم بۆ دەرنەچوو، بەجلەکانی بەرمانەوە هاتینە دەرەوە، لەژیانێکی پڕ مەینەتی و سەختدا دەژیام.

پاش ماوەیەك هاوسەرەکەم ناردی بەشوێنمدا بچم بۆ گوندی (رۆستێ) وتبووی بیریان دەکەم. مامم بەشەو بردمی، دوای سێ شەو مانەوەمان هاوسەرەکەم بەرەو ئێران رۆیشت، من نەمتوانی بەدوو منداڵی وردەوە سکیشم هەبوو دەرنەچووین گەڕامەوە بۆ شار، ئەمجارەش کەوتمەوە گێژاوەوە، کەس نەیدەوێرا بەخۆیمان بگرێت تا چوومە ماڵی مامێکم بۆ گوندی (تەلەخێ) لەبناری مەخمور چیای (قەرەچووغ)، دووساڵ بە ئیختیفا مامەوە لەو گوندەدا ماڵی مامم تەونیان دەکرد. کاتێك جاش و پیاوانی رژێم دەهاتن بۆ ئەو گوندە ئێمە دەچووینە ئەو ژێرزەمینەی کە لەژێر تەونەکەدا بۆ ئێمەیان دروست کردبوو، بەڕاستی رۆژانێکی سەخت و پڕ لەهەژاری بوو، جاری وا هەبوو بەشەش مانگ خاوەنی دینارێك نەبووم، یەك تاقە ماکسیم شەش مانگ لەبەردا بوو بەسەرماو بە گەرما، هاوسەرەکەشم خاوەنی هیچ سەرمایەیەك نەبوو لەئێمە هەژارتر بوو. پاش دوو ساڵ رژێمی لەناوچوو ئەو گوندەشی تەختکردو ئەو لانەیەشمان شێواو گەڕامەوە هەولێر، هەر رۆژەی لەماڵێك گوێم نەدەدایە ئەوەی خزمە، دراوسێیە یاخود ناسیاوە، بەس جێگایان بکردیتایەتەوە دەچووم. رۆژێکیان لەماڵی ئامۆزایەکم بووم لەحەوشەکەدا (راوێن)ی کچم وەستابوو دراوسێیەکیان کچەکەمی بینی وتیان ئەوە زێڕین لێرەیە، شاردووتانەتەوە؟ بۆیە بەناچاری بەپەلە گواستمیانەوە بۆ ماڵێکی تر. ئەو کاتانە زۆر ئەرك بووم بەسەر کەس و کارەوە، خۆشم ژیانێکی پڕ لەمەترسی دەژیام، بەدرێژایی شەو لەسەر هەست دەخەوتم هەتا ئێستاش ئەو ترسە سواٚ سەرم بووە رزگارم نابێت، گشت کات رادەپەڕیم، هەرگیز بەقووڵی ناخەوم وادەزانم ئەمن و جاش هەڵدەکوتنە سەرم و ئەمگرن.

سەرەڕای ئەو ژیانە سەختەم کچەکەم بە بەردەوامی نەخۆش بوو، لەنەخۆشخانە کەوتبوو پێش رۆیشتنی باوکی بۆ ئێران هەواڵمان بۆ نارد کە (ساڕێژ) مردووە، بەڵام باوکی پاش سێ ساڵ لە لێبوردنی گشتیدا گەڕایەوە کە (ساڕێژ)ی بینی گەورەو جوان بووە خەریك بوو لەهۆش خۆی بچێت، منداڵەکەی سکیشم تەمەنی ببوو بەدووساڵ و نیو باوکی بینییەوە، هاوسەرەکەم گەڕایەوە، بەڵام پەیوەندی نەبچڕاندبوو بە شۆڕشەوە، لەڕاپەڕینی ١٩٩١دا بەردەوام بوو لەسەر کارەکانی و لەساڵی ١٩٩٣دا لەگەڵ حزبی سۆشیالیستی و یەکێتیدا باڵی (رەسول مەمەند) یەکیان گرتەوە لەوکاتەوە لەناو رێکخراوەکانی یەکێتیدا کاردەکات.

من کە لەشارەوە بەرەو گوند رۆیشتم خەڵکی گوندەکە سەیریان لێدەهات، دەیانگووت زێڕین هەر دەڵێیت لەم گوندەدا لەدایك بووەو گەورەش بووە، هەموو کارەکانی گوندم دەکرد، ژیانمان سەخت بوو، بەڵام ژیانێکی سادەو پڕ سۆزو خۆشەویستی نیشتمان بوو. هەمیشە دڵ پڕ لەئاوات بووین کە رۆژێك لەڕۆژان لەکوردستانی ئازادو سەربەستدا دەژین، بەڵام بەداخەوە ژنی شاخ زۆر لەپەراوێزداین، پاش ئەو هەموو هیلاکی و دەربەدەرییە هەتا هیچ کارێك بۆ خانەنشینیم نەکراوە، ئێمە ئەو رۆژانە بۆ پارەو سامان نەمانکردووە، بەڵام رێز لێنانیش لەلایەنی شۆڕشەوە شتێکی پیرۆزە.

## شکریە ئەحمەد ئیبراهیم (نەوەی شاخ)

شکریە ئەحمەد ئیبراهیم ئەو کچە تێکۆشەرە گیان فیداکارەی نەوەی شاخە کە لەگەڵ باوکی و دەستە خوشکەکانیدا لەدۆڵ و شاخەکانی کوردستاندا لولەی تفەنگەکەی دەکردە رووی دوژمنانی خوێن خۆری گەلەکەمان.

لەچوار قورنە لەخێزانێکی کوردپەروەر هاتوومەتە ژیانەوە باوکم مرۆڤێکی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕ بووە دڵسۆز بەخاك و نەتەوەکەی بووە لەرێکخستنەکانی رانیەدا ئیشی دەکرد منیش لەگەڵ باوکمدا بەشداریم کردووە بەڵام لەبەرئەوەی تەمەنم منداڵ بوو ئەندام نەبووم بەڵکو هەر بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانم دەگەیاندە شوێنی خۆی، زۆربەی کۆبوونەوەکانی رێکخستن لەماڵی ئێمە ئەنجام دەدرا هەتا لەشەوێکدا کە مانگ خۆی شاردبووەوە لەژێر گەراڵەی هەورەکانداو تاریکەی وەك شەوەزەنگ باڵی بەسەردا کێشابوو هەر لەو ساتانەدا باوکم لەگەڵ دوو هاوڕێی خۆی لەماڵەوە کۆبوونەوەیان هەبوو لەناکاو جەندرمەکانی بەعسی عەفلەقی دایان بەسەرمانداو باوکم و دوو هاورێکەیان گرت لەساڵی ١٩٧٨ دا بوو بۆ ماوەی دوو ساڵ لەژێر لێدان و ئەشکەنجەدا بوون لەهەینەی کەرکوك کەپێشتریش بەندیخانەی ئەو سەردەمە بوو بەڵام باوکم و هاورێکانی هیچ راستیەکیان نەدا بەدەستەوە ئازادکران، درێژەمان بەژیانماندا هەتا ساڵی ١٩٨٢ کە باوکم دەورێکی سەرەکی بینی لەخۆپیشاندانەکاندا ئەوەش بووە هۆی ئاشکرابوونی لای رژێم بەڵام ئەمجارە بەرەو شاخ رایکرد. بوو بەپ.م لەکەرتی رێکخستنی رانیە لەگوندی بەردرانگە لەدۆڵی شاوریٚ منیش قوتابی بووم لەپۆلی شەشی سەرەتایی بووم زوو زوو سەردانی باوکم دەکردو بڵاوکراوەکانم دەهێنایەوە بۆ ناو شاری رانیە و دواتر لەگەڵ دایکم ئەمانگەیاندە دەستی مەلا ئاری کە ئێستا ئەندام مەڵبەندی راپەرینە. ئەم کارەمان هەر بەردەوام بوو رژێم چەند جارێك گرتینی و بەری داین هەتا لەرۆژێکی ساڵی ١٩٨٣ رژێم لێمان بێزاربوو من و دایکم و براکەمی گرت و بردیانین لەنزیك دۆڵی بالیسان دایان بەزاندین وتیان بچن بۆ لای باوکتان بەو شاخە سەختە بەرزەدا بەرەو زینوی هەرتەل رۆیشتین دواتر سواری وڵاغ بووین بۆ زینوی وەرتێ رێگایەکی یەجگار سەخت بوو هەناسەمان لەبەربڕابوو کەسەیری ئەو دیمەنە قەشەنگانەت دەکرد ئەو چیا سەرکەشانەت دەکرد سەرت سوڕدەما لەجوانی دەستی کردگار کەچۆن نەخشاندوویەتی بەهەر ماندوو بوونێك بێت گەیشتینە سەرکەپکان بۆ لای باوکم من وەکو کچە پ.م لەگەڵ باوکمدا بووم ئەوکاتە باوکم فەرماندەی مەفرەزە بوو لەگەڵ دکتۆر خەسرەوو کاك مرادو کاك هەژاری کانی مارانی و کاك مرادی یەزدین لەساڵی ١٩٨٤ کە دانوستانەکەی نێوان رژێم و یەکێتی بوو من و دایکم گەڕاینەوە بۆ چوارقورنە هەر هەمان شەو مەفرەزەی ئەمن دای بەسەرمانداو گرتیانین لەرێگەی تەنسیقەوە کەکاك عەبدوڵڵا سیاسی لێپرسراوی بوو ئازادکراین.

هەر لەهەمان ساڵدا کەرتی رێکخستنی کۆمەڵە لەگوندی نۆرە یادی دامەزراندنی کۆمەڵەمان کردو منیش وەکو ئەکتەرێك بەشداریم کردو فیلمان هەیە بەڤیدۆ. باوکم گوێزراوەتەوە بۆ هەر ناوچەیەك منیش وەکو پ.م لەگەڵیدا رۆیشتووم باوکم گوێزرایەوە بۆ تیپی ٩٩ی بتوێن و ٨٢ی هەوری دوای شەڕبوونەوە لەگەڵ رژێمدا منیش بەشداری شەڕم کرد لەدۆڵی شاورێ کۆمەڵێ ژن بووین هاورێیان بەیان، ئەسرین، شنۆ رابی و هیجری ئەوانە هەندێکیان پ.م ی کوردستانی رۆژهەڵات بوون لەهەموو شەرەکاندا ئەم دۆڵ و ئەو دۆڵ و ئەو شاخەو شاخمان دەکرد، جارێکیان لەگەڵ دایکم گەرامەوە بۆ شار ئەمنی چوارقورنە هەمدیس هاتنەوە بۆ مان و گرتیانین بردیانین بۆ فەرمانگەی ئەمن وەکو هەموو ئیشە نامرۆڤانەکانیان و ناشارستانیەکانیان وتیان دەبێت هاوسەرەکەت تەڵاقت بدات تۆش

وازی لێ بهێنە ئەوەش کارێکی سەخت و ناخۆش بوو بەڵام بەناچاری دایکم چوو مەلایەکی دۆزیەوەو مەلای هێنا بۆ فەرمانگەی ئەمن مەلا وتی هاوسەرەکەی ئەم ژنەی تەڵاق داوە.

ئاسنامەی ساختەمان بۆ دروستکرد تا دایکمیان بەردا یەکسەر هەر هەمان رۆژ گەڕاینەوە بۆ شاخ بۆ لای باوکم بۆ دۆڵی جافایەتی باوکم لەکەرتی بەندیخانە کاری دەکرد لەسەرگەڵو ئێمە ماڵمان لەگوندی یاخسەمەر بوو لەژێر ناڵەو زرمەی تۆپ باراندا دەژیاین هەتا رژێمی رەفتارفاشی خانووی لەو گوندەدا نەهێشت هەمووی بەبۆردومان تەخت کرد ناچار بەرەو گوندی گەڕەدێ رۆیشتین حزبی دیموکرات لەو گوندەدا بوون. باوکم چوو بۆ شەڕی قەیوان ماوەت زۆربەی ماڵە پ.م کان گەڕانەوە بۆ شار، هەر من و دایکم مابووینەوە هەندێ لەبارەگاکان بەسەریان دەکردینەوەو یارمەتیان دەداین. ئامۆزایەکم لەماڵی ئێمە کەوتبوو لەشەڕدا بریندار بوو دکتۆر ئازاد دەهات چارەسەری دەکرد دواتر ئامۆزاکەم گەڕایەوە بەری مەرگە بەبەردەوامی ئەو گوندەش لەژێر تۆپباران و بۆردومانی فڕۆکە گەندەڵەکانی رژێمدابوو هەر بۆیەش تیپی شانۆ خۆیان کۆکردەوەو ئەو گوندە بەجێ بهێڵن بەئێمەیان وت دەستبەرداری ئێوە نابین ئێمەش ماڵمان پێچایەوەو بەوڵاغ لەگەڵ ئەواندا بەرێکەوتین بۆ قوڵی مالومە کە پ.م ی کۆمەڵەی ئێرانی تێدا دەژیا لەوێ ماینەوە لەکاتی شەڕەکەدا رۆژێک پ.م هاتە خوارەوە وتی یەک نان لەسەر شاخ نیە بۆ پ.م کان منیش بەدایکم وت بۆ ئێمە نانیان بۆ نەکەین. من و دایکم لەگەڵ سپێدەدا لەخەوهەڵساین کاتێک خۆر یەکەم گزنگی خۆی دەدا لەشاخە سەرکەشەکان دەتسمان دەکرد بەنانکرن هەموو رۆژێک یەک تەشت نانمان دەکرد بۆ هێزی پ.م و دەهاتن نانەکەیان دەبرد بۆ سەر شاخ من بەدرێژایی شەڕکە باوکم نەبینی بوو باوکم لەئەشکان بوو لەگەڵ جەبار فەرمان دا دوای گەڕانەوەی باوکم بۆ لامان بەرەو مەرگە رۆیشتین لەوێش بەهۆی زۆری شەڕەوە لەزینۆی وەرتێ بووین کاتێک رژێم بەفڕۆکە گەندەڵەکانی ژینگەو هەوای پیسی کردو هەموو جوانیەکانی شێواند شەهید نەبوو بەڵام بریندار زۆر بوو لەسەر ئەو شاخە بەرزە خەیمەمان هەڵدابوو من و دایکم خزمەتی ئەو بریندارە کیمیایانەمان دەکرد.

لەبەر زۆری بۆردومان ناچار گەڕاینەوە بۆ دۆڵی جافایەتی لەوێش ئەنفالی یەک دەستی پێکرد ژیانمان زۆر ناخۆش بوو بەهۆی بۆردومانەوە من و دایکم گەڕاینەوە چوارقوڕنە بەشێوەیەکی نهێنی هەر رۆژەو لەماڵێک خۆمان دەشاردەوە هەتا باوکم چوو بوو بۆ سەنگەسەر بۆ ماڵە جاشێک برای دکتۆر خەسرەو هات بەشوێنماندا بردینی بۆ ئەو ماڵەی باوکمی لێبوو لەوێوە بەپێی بەرێکەوتین بۆ ماخ و بزنان دواتر بۆ سورەدێ دوای شەوێک مانەوەمان بەشاخە سەختەکەی قەندیلدا سەرکەوتین لەوێشەوە بۆ قاسمە رەش دواتر چووین بۆ سەردەشت چووین بۆ ماڵی پورێکم کە خوشکی باوکم بوو باوکم گوێزرایەوەو کارەکەی بۆ لای شەهید ئازادی حەمەی گەمحان پاش ماوەیەک لەسێدەر باوکم بەدەستی جاشە خۆفرۆشەکان شەهیدکرا دواتر لەشاری بانە نیشتەجێ بووین من خۆم پیرۆزی بۆ رێبازەکەم و خۆشەویستی بۆ ئازادی و ئەو ژیانە سەختەی کە من بینیم هەتا پیرۆزترین ئەتم لەدەستچوو کە قوتابخانە بوو بەهۆی چەند جارێک گیرانەوە لەگەڵ کەسوکارمداو هەر رۆژەی لەگوندێک بووین ئەو فاکتەرانە وای لێکردم کە هاوسەری پ.م هەڵبژێرم بەناوی ئاراس رەئوف محەمەد کەخۆی پ.م بوو لەتیپی ٣١ی سلێمانی بارەگایان لەبلەکێ بوو بەڵام من لەگەڵ ماڵی خەزوورم لەسەقز دانیشتبووم کوڕێکم لە١٩٩٦ لەدایکبوو لەئاوارەیی بەناوی راسپێر هاوسەرکەم چەند مانگێک پێش راپەڕین گەڕایەوە لەگەڵ هێزی پ.م بۆ ئازادکردنی ناوچەکانی کوردستان دوای مانگێک کە کۆڕەوەکە روویدا گەڕایەوە بۆ لامان دواتر گەڕایەوە بۆ سلێمانی هاوسەرەکەم بوو بەمدیری ئاسایشی دوکان چوار پێنج ساڵ کاری کرد، دواتر بوو بەنەقیب، ئێستاش مودیری جنسیەی سلێمانیەو لەکارکردن بەردەوامە.

## نەجیبە جەواد مەعروف

نەجیبە جەواد مەعروف ئەوژنە تێکۆشەرو ماندووەی ڕێگای خەباتە بەهۆی شۆڕش‌و (پ.م)یەتیەوە لەشاخ گیراو لەسەربازگەی عەرعەری سەرسنور بەند بوو، هەرلەوشوێنەش کچێکی بوو بەناوی(بیابان). لێرەدا بەشێك لەبیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە.

لەساڵی١٩٤٦ لەگوندی قۆریتانی سەربەناحیەی قوشتەپە لەخێزانێکی هەژاری ئەوگوندە لەدایك بووم، لەرۆژێکی ساڵی ١٩٧٢دا لەگەڵ(مامۆستا موحسین عوسمان) کەوتمە ژیانی هاوسەرییەوە لەگوندی(شۆرە زەرتکە)ی ناحیەی(کەندیناوا)، خۆم لەگەڵ هاوسەرەکەمدا زۆرمان ژیانی کولەمەرگی بینیوە بەتایبەتی لەرۆژانی خەباتی نهێنی‌و (پ.م)یەتیدا .

لەساڵی ١٩٧٩دا هاوسەرەکەم ڕوو لەشاخ دەکات‌و چەکی (پ.م)یەتی هەڵئەگرێت، من لەشاردا مامەوە لەژێر ترس‌و لەرزی گرتن‌و زمان لێداندا، ژیانێکی سەخت ئەگوزەرام، هەتا لەرۆژێکی ساڵی ١٩٨٠ ڕێگای شاخم گرتەبەرو، بەرەو ناوچە ڕزگارکراوەکان ڕۆیشتم، چوومە گوندی(جل بەسەر)ی سەربەشارۆچکەی کۆیە، ماڵێکی (پ.م)یەتیمان پێکهێنا، ناوەناوە لەترسی گرتن بەنهێنی دەگەڕامەوە شار، یان دێهاتەکانی دەوروبەری، بەتایبەتی لەوەرزی هاویندا جموجۆڵی جاشەکان‌و دوژمن زۆر بوو.

لەساڵی١٩٨١دا لەئەنجامی چالاکی (پ.م)ی مەفرەزەکانی هاوسەرەکەم کەزەبری کاریگەرو توندیان لەقوڵایی دوژمندا دەوەشاندو چەك کردنی(جیش شعبی)، لەبەرئەو فاکتەرانە ڕژێم بەهێزێکی زۆرەوە بەهاوکاری گەلەجاشێکی بێ شومار وبەسەرپەرشتی(ملازم عوزێر و عومەر حەسەن)هاتنە سەرمان بۆ گوندی(جل بەسەر)، لەوگوندەدا من‌و (هەتاو)ی تەمەن یەکساڵییان دەستگیرکرد.

وێڕای تکاو پاڕانەوەی بێ ئەندازەی خەڵکی ئەوگوندە مرۆڤ دزستە، ڕاپێچی زیندانیان کردم لەهەولێر، دواتر بردیانم بەرەو بەندیخانەی فصلیە لەبەغداد، پاش چەند ڕۆژێك لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەخێزانی (پ.م) گواستیانینەوە بەرەو سەربازگەیەکی عەرعەر دەوری سەرسنوری(عیراق ئەردەن) بوو، لەرێگا کەبردیانین بەوزستان‌و سەرما وشکەی بیابان ئەوەندە بێ بەزەیی‌و کینەلەدڵ بوون تەبریدی سەیارەکەیان کردبووەوە، تاگەیشتینە شوێنی مەبەست، بردیانینە دۆزەخێك مەگەر شاعیری نیشتمان پەروەردەو دڵسۆزی بێ وێنەی وەك(شێرکۆ بێکەس)بتوانێت ، پاش گوێ گرتن لەکارەساتەکە وەسفی پڕبەپێستی بکات، ئەو هەموو خێزانە گیراوەی پێشمەرگە لەوانە خانەوادەی(شەهید حەسەن کوێستانی و مام غەفور و کاك عەبدوڵلا بۆرو شەهید سعید مەسفی) لەگەڵ مندا بەند بوون .

بردیانینە سەربازگەیەکی پڕلە لم‌و وڵاخی تۆپی‌و ڕەق بوبون فەرمانیان پێکردین ئەوقاعانە پاك بکەینەوە، لەوێدا ئەبێت بەنێت، ئێمەش کەوتینەکار بەدەم زریکەی منداڵ‌و

کرۆزانـەوەی پیرەکانـەوە، ژیـانێکی پـڕ لەسـەختی و نائومێدیمـان بەشـەوکارو ڕۆژگـار دەبردەسەر .

هێزی (پ.م)ش دەیان داستانی قارەمانانەی تۆمارکردو چەندەها هێرشی گورچك بڕی ئاراستەی دوژمن کرد، کۆمەڵێك خەبیریان دەستگیر کردبوو، سەرکردایەتی سۆسیالیست بەرامبەر بەردانی ئەوخەبیرانە، داوای ئەو خێزانانەیان کرد لەڕژێم، دوژمنیش چۆکی داداو خێزانەکان هەموومان ئازادکراین وگەڕاینەوە کوردستان .

منیش لەگـەڵ هـەردوو کچەکـەم بـەکوڕە تاقانەکـەم بـەناوی(هـەوران) و بەهاوسـەرەکەم گەیشتمەوە، لەناوچەی خۆشناوەتی دەستمان بەژیانی (پ.م)یەتی و گونداو گوندو شاخەو شاخ کردەوە .

من لـەژیانی (پ.م)یـەتیدا سـەختی زۆرم بینیـوە، بـەڵام هیچی بەقـەد زیندانـی عەرعەر سـەخت نـەبوو، هیـواو ئاواتـەکانی سـەرکەوتنی خـەباتی ڕەوای گەلەکـەم و پووڕەشـی بـۆ دوژمنانی خاك و نەتەوەکەم .

بغداد

## دابان حاجی داود

بەبیروڕای دابانی حاجی داود، داواکردنی کردنەوەی بارەگای سەربەخۆ لەناو شۆڕشدا بۆ ژنان شۆڕشێك بوو لەناو شۆڕشدا.

من لەشاری بەغداد لەبنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ هاتوومەتە ژیانەوە، من هەر لەساڵی ١٩٧٥وە لەگەڵ شەهید سەلمانی برام بووم کە رێکخراوێکی سەربەخۆیان دروست کرد بەناوی (تۆڵەی شەهید)، بەڵام لەساڵی ١٩٧٦دا رێکخراوەکەیان چووە ناو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە ناوەکەی گۆڕا بە (هەڵۆی سوور)، لەو کاتەدا من تەمەنم (١٧) ساڵان بوو. شەهید سەلمانی برام لێپرسراو و دروستکەری رێکخراوی هەڵۆی سوور بوو، لەحەوت کەس پێکهاتبوون. کاتێ منی بینی برادەرەکانیم بۆ رێکدەخست و چەکەکانم بۆ هەڵدەگرت و ئەو شەوانەی ئەو دەچوو بۆ (عەمەلیەی عەسکەری) تا ئەو دەهاتەوە پێڵوەکانم لێك نەدەناو نەدەخەوتم چاوەڕوانم دەکرد تا دەهاتەوە، جاری وا هەبوو دوو دوو دەمانچەو رووماندم بۆ دەشاردەوە لەدیواری ماڵەوەدا بێ ئەوەی بهێڵم کەس پێی بزانێت لەئەندامانی خێزانەکەم. لەو ساتەوەختەداو بۆ ئەو تەمەنەی من کارێکی گران بوو، لەساڵی ١٩٧٧ دا سەلمانی برام دەستگیر کرا، پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆری ناو زیندانەکانی بەعس لەساڵی ١٩٧٨دا لە ئەبوغرێب لەسێدارە درا، ستافەکەیان لەحەوت کەس شەشیان لەسێدارە دراو یەکێکیان ناپاك دەرچوو، ئێستاش لەژیاندایە. ئیتر (هەڵۆی سوور) بوو بەهەڵم و نەما، بەڵام منیش دەستەوەستان نەوەستام وبڵێم شۆڕش تەواو، دوای ماوەیەکی کەم پەیوەندیم کرد بە کاك (عەباسی ڤیدیۆ)وە کە برای شەهید سەلامی هەڵۆی سوور بوو، پەیوەندیم کرد بە رێکخستنەکانی سلێمانییەوە. مانگی جارێك دەهاتم بۆ سلێمانی، لەسەرەتادا باوکم نەیدەزانی، بەڵام دواتر باوکم مانگی جارێك دەیهێنام بۆ سلێمانی و دەیبردمەوە بۆ بەغداد.

پاش ماوەیەك کاك عەباس وتی: ئەم هاتووچۆیە بۆ کچێکی وەك تۆ ئاسان نییە، بۆیە ئاساندمیان بە کۆمەڵەی (رەنجدەران) لەشاری بەغداد. ئەگەر لەزانکۆ نەبوایە نەتدەتوانی پەیوەندی بکەیت، چونکە بارودۆخی بەغداد زۆر لەسلێمانی جیاوازتر بوو. حزبی بەعس لەوپەڕی هێزو دەسەڵاتدا بووە بەتایبەتی ئێمە کە خێزانێکی (فەیلی) بووین و برام شەهید بوو، بۆیە چاودێرییەکی زۆرمان لەسەر بوو، من لەکارکردن بەردەوام بووم لەگەڵ رێکخستنەکاندا تا رۆژی یادی کۆمەڵەی خوێندکاران بڵاوکراوەمان دابەشکرد لەزانکۆکان و پەیمانگاکاندا ئەوەندەمان نەزانی هەواڵمان بۆ هات کەوا (زانا) لەلایەن رژێمەوە دەستگیر کراوە. من راستەوخۆ لەجێی خۆم وشك بووم، چونکە من یەکەم کەس بووم کە پەیوەندیم بە (زانا)وە هەبوو، وتیشیان ئیعترافی لەسەر چەند برادەرێك کردووە، کەس و کاری ئەوانەش

گیراون کە کۆبوونەوە لەماڵەکانیاندا کراوە. ئێمە (٢٥) کەس بووین، (٢٢) کوڕو (٣) کچ، بەفەرمانی ڕێکخستن بڕیاری چوونە شاخ درا. دوو کچی هاوڕێشم بەناوی (دیلمان و شنە)وە تەلەفۆنیان بۆ کردم کە بچم بۆ (ساحەی نەهزە) کە چووم وتیان ئێمە دەڕۆین بۆ سلێمانی، بەڵام من ڕەفزم کرد بێ پرسی باوکم بڕۆم کە ئاگاداری کارکردنمە نەزانن چیم لێ بەسەرهاتووە. هەر بۆیە ئەو شەوە مامەوە تا هەموویان خەوتن و قسەم لەگەڵ باوکم کرد، وتم سبەینێ دەچم بۆ سلێمانی، باوکم وای دەزانی بۆ کۆبوونەوە دەچم وتی: باشە خۆت ئامادە بکە، منیش وتم باوکە بەتەنیا دەڕۆم، ڕاستەوخۆ باوکم لەبابەتەکە گەیشت، پێشنیارێکی زۆر جوانی هەبوو وتی: بەیانی خۆت ئامادە بکەو بڕۆ. سەیری بارودۆخەکەی سلێمانی بکە بزانە چۆنە؟ ئەوسا بڕۆ. بەیانی جانتاکەم بەدەستەوە بوو خۆم ئامادەکردبوو بڕۆمە دەرەوەی ماڵ لەناکاو چاوم چووە سەر برا بچکۆلەکەم و بڕیاری مانەوەم دا بۆ ئەوەی نەهێڵم ئەوان چنگی ڕژێمی بەعس بکەون، بۆیە جانتاکەم داناو بەرەو جێگاکەم ڕۆیشتم بۆ ئەوەی بنوومەوە. باوکم بۆ نوێژی بەیانی هەستاو لەدایکمی پرسی کوا (ئینتصار) لەکوێیە؟ دایکم وتی لەجێگاکەیدایە. باوکم هات و بەتانییەکەی لەسەر لابردم، پێی وتم کەوا لەسەرم پێویستە بڕۆم ئەگەر ئێمە بگرن سوودمان لێ وەرناگرن، بەڵام ئەگەر تۆ بگیرێیت سوود لەتۆ وەردەگرن. چەند بەهێزیش بیت ناتوانیت بەرامبەر (ئەمنی عامەی بەغداد) بووەستیتەوە، بۆیە گورج هەستامە سەرپێ و بەرەو جانتاکەم ڕۆیشتم و لەماڵ چوومە دەرەوە، بەرەو سلێمانی کەوتمەڕێ من لەڕێگا لەناو سەیارەکەدا هەر بیرم لەو هەڵوێستە مەزنەی باوکم دەکردەوە، بیری شۆڕشگێڕیی تیادا چەسپی بوو، لەسلێمانی دوو هاوڕێکەم لەبەردەم کتێبخانەی گشتیدا بینییەوە، شنە وتی: بابڕۆین بۆ حەوزە وشکەکە. پرسیارم کرد حەوزە وشکەکە چییە؟ بۆچی بچین؟

وتیان بەیانی دەبێت دەرچین بۆ سەرکردایەتی، زانا ئیعترافی کردووە. چووینە بازاڕ هەندی کەلوپەلی پێویستمان کڕی و نامەیەکم لەلای (وەصفییە خان) بۆ باوکم بەجێهێشت و نووسیم داوای لێبوردنی لێدەکەم بەفەرمانی سەرکردایەتی دەبێت بچینە شاخ، ئیتر ئێمە کەوتینەڕێ بەرەو (ناوزەنگ) کە بارەگای سەرکردایەتی بوو ئەمە لەساڵی ١٩٨٢دا بوو، کە چووینە دەرەوە کاک (نەوشیروان مستەفا) وتی: ئێوە ئێستا شۆڕشگێڕو پێشمەرگەن، وا بزانن کە کەس وکارتان نابیننەوە، من کچێکی دانیشتوی شاری بەغداد بووم، تا ئەوکاتە نە بەفرم دیبوو نە لادێ، لە (ناوزەنگ) بووین ژیانێکی زۆر سەخت دەژیاین لەبەفرو ئاسمان زیاتر هیچی ترمان نەدەبینی.

سەرەڕای ئەوەش شۆڕش نەیدەزانی چی لەم سێ کچە بکات، ئەوە بوو کاک (قادری حاجی عەلی) وتی بابچین بۆ ماڵی (کاک حەمە جەزا)ی برام ئێمە لەوماڵە بەڕێزەدا (٢٥) شەو

مایەنەوە، ئێمە خۆمان بێزاربووین بەڕاستی بوو بووین بەئەرك بەسە. ئەو ماڵە بەڕێزەوە.
پاش ماوەیەك بەسەركردایەتیمان وت بارەگایەكمان بۆ بكەنەوە، ئێمە سوور بووین لەسەر داواكەمان، كاك ئەوشیروانیش پشتی دەگرتین، هەرچەندە بۆ ئەو كاتەی كۆمەڵگای كوردی شتێكی ستەم بوو، دوای جێبەجێكردنی هەر دەسڵەمینەوە دەیان وت بارەگایەك بۆ سی كچ!
پاش ماوەیەك داوامان لەسەركردایەتی كرد دەورەی عەسكەریمان بۆ بكەنەوە لەسەر هەموو جۆرە چەكەكان، وتمان ئێمە نەهاتووین دانیشین و بخۆین دەبێ كار بكەین، بەڵام شۆڕش ئەو كارەی زۆر لا ستەم بوو پێی قبوڵ نەدەكرا لەبەر ئەوە بوونی ئێمە بووە (شۆڕشێك لەناو شۆڕشدا)، ڕۆژێكیان لەبارەگاكەمان دانیشتبووین سەیر دەكەم (شنۆ خان) شەش حەوت قاپی دانا هەریەكە لەسوچێكی ژوورەكەدا لێم پرسی ئەو قاپانەت بۆ لەم ژوورەدا داناوە وتی: ژوورەكە دڵۆپە دەكات كەچی بارەگای پێشمەرگەكان دڵۆپەی نەبوو. پرسیم چارەسەری چییە؟ وتیان دەبێت بە بەفرماڵ بماڵرێت، وتم من ئەوكارە دەكەم چووم بەفرماڵم بردو بەفری سەربانەكەم دەماڵی، كاك فەرەیدوون بەوێدا تێپەڕی وتی بەغدادی چی دەكەیت وەرە خوارەوە ئێستا پێشمەرگەیەكت بۆ دەنێرم بۆتان بماڵێت. وتم ئەی خۆمان چین خۆ پێشمەرگە بۆ خزمەتی ئێمە نەهاتووە خۆم دەیكەم، ئەوەبوو بەفرەكەم ماڵی و بەباگردێنیش كە هەرگیز ئەوانەم نەدیبوو گێڕام.

ڕۆژێكیان داری شكاو نەمابوو ژوورەكەمان زۆر سارد بوو، چوومە دەرەوە دەستم كرد بە دارشكاندن بەڕێكەوت ئەوجارەش كاك فەرەیدوون تێپەڕبوو وتی هەی لەكچە بەغدادی داریش دەشكێنێت.

لەساڵی ١٩٨٢دا بەرە بەرە ڕێكخستنەكانی ناو شار ئاشكرا بوون و كچیشی تێدابوو، كچەكان دەهاتن بۆ سەركردایەتی. چیتر شۆڕشیش نەدەسڵەمییەوە لە (٣) كچەوە بووین بە (٢٥)كچ. ئێمەش دەستەوەستان نەوەستاین هەندێكمان لە (ئیعلام) و خەستەخانەو وەك مامۆستای شۆڕش كارمان دەكرد.

من خۆم بووم بە مامۆستای شۆڕش، دەچووینە گوندەكانی دەوروبەرمان خێزانەكانیان زۆر خۆشحاڵ بوون ڕێگایان بە كچەكانیان دەدا بێن بۆ قوتابخانە.

دواتر داوامان لە شۆڕش كرد كە بمان نێرن بۆ كەرتەكانی خوارەوە بە نیش و كاری عەسكەری، بەڵام لەو قۆناغەدا نە كۆمەڵگاو نە شۆڕش لێیان قبوڵ نەكردین، كۆمەڵگاش نەیان دەهێشت لەوە زیاتر هەنگاو بنێین، لەساڵی ١٩٨٥دا هاوسەری پێشمەرگەم هەڵبژارد بەناوی (هێمن مەجید) ناسراوە بە (هێمنە ڕەش)، یەكەم كەس بووم لەدادگای شۆڕشدا مارە كرام، لەگوندی (شێنێ) ماڵێكی سادەو ژیانێكی سادەوساكارمان دروست كرد. هاوسەرەكەم پێشمەرگە بوو لەكەرتی جەباری لەگەڵ (مامە ڕیشە)دا، دوایی هاتە سەركردایەتی بوو بە

مامۆستای شۆڕش. کە مەڵبەندەکان کرایەوە ئێمە بەر مەڵبەندی یەک کەوتین لە (حاجی مامەند)، کاتێ رژێم هەڵیکوتایە سەر گوندەکەمان ماڵەکەمان بەر تۆپ کەوت و رووخا، بەرەو قەرەداغ بەڕێکەوتین لەگوندی (خاوێ) نیشتەجێ بووین، زۆرینەی کات لەژێر بۆردوومانداا بووین، ئێمە لەو گوندە ماینەوە تا ئەنفالەکان. کاتی هودنەکەی نێوان رژێم و یەکێتی ماڵی باوکم بەسەڵتی لەبەغدادەوە هاتن بۆ سلێمانی، هەموو خانوو ماڵ و سامانیان بەجێهێشت. من کوڕەکەم لەماڵی باوکم بوو، کاتی ئەنفالەکان نەمتوانی بڕۆم و بەجێی بهێڵم گەڕامەوە ماڵی باوکم، هاوسەرەکەم کاتێ گەڕایەوە پێشمەرگە لەکوردستاندا نەمابوو، هەتا راپەڕین من و هاوسەرەکەم هەفتەی جارێك بەنهێنی لەماڵی باوکمان یەکتریمان دەبینی. رۆژێك لەکاتی ئەنفالەکاندا (منع التجول) بوو منیش لەماڵی خەسووم بووم، (حرس جمهوری) هاتبوون ئەوەندەم نەزانی بەیانی زوو سێ حەرس جمهوری خۆیان کرد بەژووردا، بەڵام هاوسەرەکەم لە حەشارگەکەی خۆیدا بوو کە ئەو شوێنە لەژووری ساردی حەمامدا لەناو دیوارەکەدا دروست کرابوو بەئاوێنە دەرگای بۆ کرابوو، کە حەرەس جمهورییەکان هاتن خۆم کەوتمە قسەکردن لەگەڵیاندا وتم فەرموو نان بخۆن و مەشغوڵم کردن بەدەم قسەوە باش بوو ئەوجارەش رزگارمان بوو.

من تا ئێستا دانەبڕاوم، کادری پێشکەوتووی رێکخراوە دیموکراتیەکانم. شەهیدبوونی هاوڕێیان و براکەم تا ئێستاش ئازارم دەهەژێنێ، هەر ئەوەش وای لێکردم هیچ کارێکی هەڵە قبوڵ نەکەم. من لەو کاتەی لە بەغداد هاتوومەتە دەرەوە تا رووخاندنی رژێمی بەعس نەچوومەتەوە، واتە پاش (٢٢) ساڵ من گەڕامەوە بۆ ئەو شارەی تێیدا لەدایك بووم و تێیدا گەورە بووم.

# ئێران

## ناهیدە عەلی قادر/ ناسراوە بەمەستورە

ناهیدە عەلی قادر لەشۆڕشدا ناسراوە بە(مەستورە)، ئەو ژنە ماندووەیە کە ئازادیی بەدەستکەوتنێکی مەزن دائەنێت، بەڵام ئەم تەوارە لەئازادیشدا بێبەش نەبووە لەدەردی سەریی‌و تەنیایی‌و خزمەتکردنی برا (پ.م) کانی‌و ئازاری شەڕی ناوخۆ.

من لەگوندی ئارد مردەی ئێران لەخێزانێکی کوردپەروەر هاتوومەتە ژیانەوە، هەربۆیە لەتەمەنی ١٦ساڵیدا هاوسەری (پ.م)م هەڵبژارد بەناوی ئازاد دەرەمیانەیی کە پلەی فەرماندەی کەرتی هەبوو، ئازاد یەکێکە لەپێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەمانگی جۆزەردانی(١٩٨٢)دا ئەو رۆژە تیشکی خۆر تیشکە زێڕینەکانی خۆی پەخشدەکردەوە بەسەر زەویدا من بەبووکی بەرەو گوندی(جارغ) کەوتمەڕێگا، بەڵام ژیانێکی سادەو بێ زەماوەند، لەو رۆژەی کە هاتمە ماڵی خۆم تێکەڵاو بەژیانی ئەرك‌و ناڕەحەتیی لەم گوند بۆ ئەو گوندو لەم ناوچە بۆ ئەوناوچە بووم، زۆر تێکەڵ بەخەڵکیی بووین، ساڵی١٩٨٢ هاوسەرەکەم بەخۆی‌و کەرتەکەیەوە چوو بۆ سەرکردایەتی، کە هاتەوە بەسەر شەهیدبوونی خاڵیدا هاتەوە، دواتر بۆ چەند مانگێك چووینە گوندی(بادانە)و دووبارە گەڕاینەوە گوندی(جارغ) لەپایزی ١٩٨٢دا رژێم بەیارمەتی تۆپ باران‌و فڕۆکە بۆ ماوەی یەك هەفتە شەڕی بەرانبەرکرا، تائێمەو خەڵکی گوندی(دەرەمیانەو جارغ‌و بادانە) لەژێر بۆردوماندا رامانکرد بەرەو گوندی(پاپازان)و ماڵەکانمان تاڵانکراو دواتریش ئەو هێزە بەزیوەی دوژمن گوندەکانیان سوتاندین‌و پاش(٢٥) رۆژ مانەوەمان لەشاخی(تالیەرو) دەورووپشتی بوو بەمەیدانی شەڕی عیراق‌و ئێران رۆژێك لەناکاو فڕۆکەکانی رژێم هاتن بۆردومانی راستەوخۆیان کرد شەهیدو بریندار زۆربوو هەرچەندە ناوچەکە چۆڵی کردبوو بەڵام هێزی (پ.م) هەر لەسەنگەردا ئامادەی شەڕبوون، ئێمەش هەرچی ژنە (پ.م)ە بەرەو گوندی (هەوڵو) رۆیشتین دایکی شەهید رەحمان‌و ژنەکەیمان لەگەڵدابوو، دواتر بەرەو(گەڕەدێ)و سیتەك رۆیشتین، پاش چەندرۆژێك دەنگوباسی دانووستانەکەی بەینی رژێم‌و یەکێتی لەمانگی بەفرانباری١٩٨٤دا بڵاوبۆوە، ئێمەش بەماڵەوە چووینە سیتەك تا لە١٦ی بەرفرانباری١٩٨٥دا کچە گەورەکەم بەناوی (کەژان) لەدایکبوو، درێژەمان بەژیانماندا تاشەڕ دەستیپێکردەوە، پاشان گەڕاینەوە شارباژێڕو لەگوندی گەڕەدێ، پاش ئەوەی شەڕو پێکدادانێکی زۆربوو لەناوچەکەدا من گەڕامەوە بۆ شار، پاش ماوەیەك مانەوەم بەنهێنی لەشاردا هاوسەرەکەم نامەی بۆ ناردم بەرەو گوندی (باڵخ)و دواتر بەرەو گوندی کاپیڵون

ڕۆیشتمو لە١٩ی پوشپەڕی ١٩٨٦دا کچێکی ترم بەناوی (ژاڵە)لەدایکبوو، لەمانگی گەلاڕێزانی ١٩٨٦دا شەڕی قەیوان ماوەت دەستیپێکردو تیپی٣١ی شاربازێڕ چوون بۆ شەڕ، ئەوکاتە هاوسەرەکەم جێگری تیپ بوو ئاگای لەئێمە نەما من بەدوومنداڵی بچوکەوە لە(گاپیڵۆن) لەژێر تۆپباراندا ژیانم زۆر سەختبوو، ماڵەکەم چۆڵنەکرد هەتا ساروخێك دای بەبەردەم ماڵەکەمدا، ئەوسا منیش بەرەو ئەشکەوتە گەورەکەی لای گوندەکەوە ڕۆیشتم کە بیست ماڵ زیاتری لەخۆگرتبوو، ڕۆژانە (پ.م) ئەهاتنو دابەش ئەبوون بەسەر ئەو ماڵانەی کە لەونەشکەوتەدا ئەژیاین نانوچامان بۆ ئامادەدەکردن، هاوسەرەکەم کوڕی خاڵێکی خۆی ناردوبوو بۆ کەلوپەلو پێداویستی من ئەمهێشت بڕواتەوە بۆ لایان کە (پ.م)بوو، دواتر لەگەڵ کوێستانی خێزانی کاك شێخ فەتاحدا چووینە چۆخماخ، دوای دووهەفتە مانەوەمان ژیانمان زۆر ناخۆشبوو گەڕامەوە بۆ ئەشکەوتەکەی(گاپیڵۆن) ئەمجارە (پ.م)ی بریندار تیپی٣١یش هاتنەلامانو خزمەتی ئەوانیشمان دەکرد، تادواتر هاوسەرەکەم هەواڵی بۆ ناردم کە بچین بۆ گوندی(کانی مێو)نزیك بارەگای حیزبی دیموکرات بەو پێیەی ئەوێ بۆردومانی لەسەر نییە لەوێ لەبەرئەوەی وەرز بەرەو پایزو سەرما ئەچوو خێمەیەکمان هەڵداو دوایی برینداراکانو ماڵە (پ.م)ی تریش هاتن بەزەحمەت جێمان دەبویەوە لەخێمەکەدا خواردنیش دەست نەئەکەوت بەدوومنداڵی ساواوە، ئەبوایە نانم بەساج بکردایەو ئاوم بەشان بهێنایە بەبەردەوامی من لەکارکردنداببووم، دیارە لەوێش هەر لەژێر تۆپبارانێکی قورسدا ژیانمان ئەگوزەراند، بۆیە سەنگەری قوڵمان هەڵئەکەندو ئەچووینە ناوی، ئەمە سەرەڕای سەختیی ژیانی خۆمو خەمی هاوسەرەکەشم بوو لەشەڕدابوو ئەوە کورتەیەکی ژیانی من بوو ناکرێت باسی هەمووی بکرێت.

تائێمەش چووینە خاکی ئێرانەوە لەوێش بەردەوام لەخۆشاردنەوەدابووین لەفڕۆکە پیاوکوژەکانی ڕژێمە بەزیوەکەی بەغداد، چەند شوێنێکمان کرد(ئارد مردەو بانەو سەبەتلۆ) لەساڵی١٩٨٩دا پەیوەندیمکرد بەیەکێتی ژنانی شاخەوەو تائێستا دانەبڕاوم، هاوسەرەکەشم بەشداریی ڕاپەڕینی کردوو دوای ئازادبوونی کوردستان گەڕاینەوە پێنجوێن، لەمانگی ڕەزبەری١٩٩١دا هاتینە سلێمانی.

وەکو ژنی شاخیش هیلاکیی و دەربەدەریی و ئاوارەیی زۆرم بینیووە، بەلام ئازادیی خۆشترین ڕوداوبوو لەژیانی مندا.

## هێرۆ مەجید کەریم

هێرۆ مەجید کەریم ئەوژنە چەلەنگە بوو لەپێناوی ئازادیدا سنوری بەزاندو هاتە خاکی کوردستانی باشوور، هەرئەم هۆکارەش بووە هۆی دابڕان لەهاوسەرەکەی و کچ و کوڕەکەی و بەهۆی بەندبوونی بۆ ماوەی چەند ساڵێك. لەهەمووی کارەساتتر لەدوای یەکگرتنەوەی خێزانەکەیان، منداڵەکان هیچیان دایکیان نەئەناسییەوە.

من کەبەرەگەز فارسم لەبەیانییەکی ساردا کە شەونمی سەرگەڵاکان، ئەشئەیان بەمرۆڤ دەبەخشی، لەوساتەدا لەگوندی (قورەوە) لەنزیك شاری تاران هاتمە ژیانەوەو هەر لەوێ قوتابخانەم تەواوکرد، لەگوندی گەنجی نزیك سنە دەستم کرد بەکاری وانەوتننەوە واتە مامۆستابووم، لەوێ لەگەڵ چەند کەسانێکی کوردپەروەردا پەیوەندیم پەیدا کرد، خۆشم زۆر حەزو خولیای ئازادیم هەبوو، هەرئەوهۆکارەش وایلێکردم بێمە کوردستانی باشوور، لەرۆژێکی دونیا سەوزی بەهاری١٩٨٢دا هاتمە شاری سلێمانی ماوەیەك لەوێ ژیام.

دوای ماوەیەك پەیوەندیم کرد بەمامۆستا(جەمال حاجی محەمەد) هەڵەبجەیی لەگوندی گورگەدەر، لێپرسراوی کەرتی رێکخستنی پێنجوێن بوو بەهۆی کێشەیەکەوە کە هەمبوو.

دواتر بڕیاریاندا بیم بەئەندامی(ی.ن.ك)، هەربۆیەش لەگەڵ چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی کاك فەرەیدون و کاك جەبار فرمان و کاك سامان گەرمیانی کۆبونەوەیەکیان لەگەڵدا کردم‌و منیان قبوڵ کرد بەکچی خۆیان، من لەگوندی(گورگەدەر) خەریکی کاری رێکخستن بووم، مامۆستا جەمال وەکو برایەکی بەرێز ژوورێکی دامێ بۆ ماوەی نۆ مانگ لەو خانووەدا لەگەڵیاندا دەژیام.

لەرۆژێکدا کەبەری ئاسمانی گوندی گورگەدەر بەهەورێکی تاریك‌و لێڵ گیرابوو، کۆمەڵێ میوانیش لەماڵی مامۆستا جەمال بوون (کاك عەلی چوارتایی) یشی لێبوو، ئەو رۆژە ئەچوو بۆ شەڕ، پاش چەند کاتژمێرێك تەرمەکەی شەهید(عەلی چوارتایی)یان هێنایەوە بۆ گورگەدەر کە کلاشەکانی پڕبون لەخوێن، راستەوخۆ بیرم کەوتەوە کەپێم وتبو کاك عەلی ئەوکەوشە تازانە بۆ شەڕ لەپێ دەکەیت، ئەویش وتی بەڵێ کەلەشەڕ گەڕامەوە دەیکەم بەشایی.

مامۆستا جەمال برایەکی بەرێز بوو بۆمن، رۆژێکیان پێی ووتم بچیتە ژیانی هاوسەرییەوە باشترە، کوڕێکی باش داوات دەکات بەناوی(ئەحمەد سەعید رەحمان) ناسراوە بە(ئەحمەد غەمگین)، منیش بڕیارم دا کەقسەی لەگەڵدا بکەم دواتر هەڵمبژارد بەهاوسەری خۆم.

لەساڵی١٩٨٤دا لەرۆژێکی ئاسمان شینی دونیا جواندا ماڵێکی سادەو ژیانێکی سادەو خۆش گوزەرانمان لەگەڵ هاوسەرەکەمدا پێك هێنا، خۆشم لەلایەن(یەکێتی)ەوە موچەم بۆ

برابویەوە ، سێ مانگ لەگوندی(گورگەدەر) مابنەوە، پاشان ماڵمان بردە(خەمزە و قولەڕەشی) ماوەیەکی زۆر لەژێر خێمەدا دەژیاین.

دواتر بەفەرمانی سەرکردایەتی گوێزراینەوە بەری قەرەداغ بۆ گوندی کۆشک لەوێ نیشتەجێ بووین، سکم هەبوو زۆر نەخۆش بووم بەسەرمنداڵەکەمەوە، بەپەلە شوکری خانی خێزانی حاکم ئیبراهیم هێنامیەوە بۆ سلێمانی بۆ ماڵی مامی هاوسەرەکەم، زۆریان یارمەتیدام خزمەتیان کردم شوکری خان هەرچی پێداویستی منداڵ بوون بوو بۆی کریم، من لەم کتێبەوە سوپاسی هەردوولایان دەکەم لەوکاتە سەختو پڕمەترسیەدا هاتن بەهانامەوە. پاش چەند ڕۆژێك کەتۆزێك بەرەو باشی ڕۆیشتم گەڕامەوە بۆ گوندی(کۆشك)، پاش گەڕانەوەم هاوسەرەکەم کرا بەلێپرسراوی بەندیخانە لە(بەلەکجاڕ) کە مەڵبەندی لێبوو.

ئەو ساتانەی لەبەلەکجاڕ بووین دکتۆرێکی لێبوو دەرمان و پێداویستیی لەئێرانەوە بۆ نەخۆشخانەکەی بەلەکجار ئەهێنا ، منیش لەوساتەوەی هاتبوومە کوردستانی باشوور هیچ هەواڵێکی ماڵی باوکم نەئەزانی، ئەوانیش بەهەمان شێوە، بۆیە نامەیەکم نووسی و باسی ژیانی خۆم بۆ کردون و وتم کوڕێکم هەیە، نامەکەم دایە دەست ئەو دکتۆرە بیداتە دەست ماڵی باوکم.

پاش چەند ڕۆژێکی تر پرسەیەك هەبوو لەکۆشك، چووین بۆ پرسەکە، ئێمە لەپرسەکەدا بوین کەفڕۆکە بەلەکجاڕی بۆردومان کردو ساروخێك دابوی بەژورەکەماندا، کەل وپەلی ئاوماڵەکەمان بوو بەژێر دارو پەردوی خانوو ڕوخاوەکەمانەوە، دوبارە لەگوندی کۆشك ژوریکمان پەیداکردەوەو هەندێ کەلوپەلمان کڕیەوەو، هەندێکمان دەرهێنایەوە لەژێر خۆڵ و بەردی ژووره ڕوخاوەکەماندا و بردمانەوە بۆ گوندی کۆشك، لەوێ من پەیوەندیم پتەوبو لەگەڵ ماڵی ساجیدە خان خێزانی دکتۆر ئاسۆ. ڕەحمە خان و کەوسەرخان و شوکریەخان زۆر ڕێزیان دەگرتم و یارمەتییان ئەدام.

لەرۆژێکی ۱۹۸۷ کوڕەکەم بردەوە بۆ ماڵی خەسوم، لەکاتێکدا کەویستم بگەڕێمەوە بۆ شاخ باوەشم کرد بەکوڕە ئازیزەکەمداو ماچێکم کردو، بەهیوای ئەوەی زوو بیبینمەوە، بەڵام نەمزانی ڕۆژگار بۆ چەند ساڵێك لەیەکترمان دادەبڕێت، من گەڕامەوە بۆ شاخ لەگەڵ هاوسەرەکەم و هێزی (پ.م) لەژێر لێزمەی باران و زریانی بەفردا، تاگەیشتینە هەوارەکۆنی پشت هەڵەبجە، دوومانگ لەوێ ماینەوە، تا هاوسەرەکەم کارەکانی خۆی تەواو کرد.

دواتر بەرەو کرماشان بەڕێکەوتین، من خەمێکی گەورە دایگرتبووم و لەوە دەترسام ڕژێمی ئێرانی دەستگیرم بکات، بەڵام کاك (شەوکەتی حاجی موشیر) کە ئەوکاتە لێپرسراوی ئیلاقات بوو لەئێران پەیمانی دامێ کە وەرقەم بۆ بکات من یەکێتیم، هەربۆیە من و هاوسەرەکەم کەوتینە ڕێگا بۆ ماڵی باوکم، کەگەیشتمەوە ئەوێ یەکسەر لەلایەن ئیتلاعاتی

ئێرانەوە گیرام وبۆ ماوەی(٢٤) کاتژمێر کەس و کارم بوون بەکەفیلم، کە بەربووم بەو مەرجەی بەدەست بەسەری بمێنمەوە نەچم بەهیچ لایەکدا، لەماڵی باوکم مامەوە تاکچەکەم تەمەنی بوو بە چوار مانگ، زۆرم داوا لەرژێمی ئێرانی کرد بگەڕێمەوە مەریوان بۆلای هاوسەرەکەم، دوایی رێگەیان دام و گەڕامەوە بۆ مەریوان. ئەو ماوەیەی لەمەریوان بووم(یەکێتی ژنانی کوردستان ) دامەزرا منیش بەشداریم تێداکرد، (هێرۆخان) خۆی کۆبونەوەی پێکردین و بەشداری ژنانی شاخم کرد.

رۆژێك جیاواز لەرۆژەکانی‌تر، بەدڵێکی پڕ لەهیوا و خۆشییەوە بەڕێکەوتم بۆ ماڵی باوکم وکچە نۆمانگەکەشم پێبوو، بەڵام جاربەجار بێ‌ویستی خۆم هەستێك ئاگاداری ئەکردمەوە کەمن ژنێکی ئازادیخوازم، لەناخەوە هەستم بەمەترسییەك دەکرد، بەڵام نەمنەزانی چییە.

هەرواش دەرچوو پاش دووسێ رۆژ هەمدیس گیرامەوە گوایە من سنورم بەزاندووە، لەهەمان کاتیشدا هاوسەرەکەمیان لەمەریوان گرتبوو. منیان لەکچە شیرەخۆرەکەم جیاکردەوە، پاش دووساڵ بەربووم، ئێمە بووین بە خێزانێکی پەرتەوازە و بێئاگابوین لەژیانی یەکتر، پاش مانگ و نیوێك هاوسەرەکەم بەربوو. کچەکەیان دابووە دەست باوکی، ماڵە (پ.م)کانیش لە(جوجەسازی) مەریوان بۆ ماوەی مانگێك کچەکەمیان بەخێو کردبوو، هەر رۆژەی لەماڵێك بوو، لەبەندیخانەدا زۆر نەخۆش کەوتبوو، بەهەموویان خزمەتیان کردبوو، من لێرەوە سوپاسیان دەکەم.

کەدایکم زانیبوی کچەکەم بەربووە هاتبوو بردبووی بۆلای خۆی هەتا من بەربووم لەبەندیخانە، لەدوای بەربوونم نەخۆش کەوتم، دوو نەشتەرگەری غودەی لیمفاویان بۆ کردم (غودە) لەبنباڵم هاتبوو، پاشان پشکنینی پزیشکیم بۆ کرا توشی نەخۆشی سیل بووم وتیان دەبێت لەتاران لەژێر چاودێری پزیشکدا بیت.

نۆ مانگ لەبیمارستانی ئیمام حسین لەتاران کەوتم، هاوسەرەکەشم لەتاران لەگەڵما بوو، دواتر خانومان لەتاران گرت و ماڵمان دانایەوە. ماوەیەك ژیانمان بەسەربرد هەتا رۆژێکیان هاوسەرەکەم رۆژنامەی (ابراری) هێنایەوە ماڵەوە کەدەستی کرد بەخوێندنەوەی نوسرابوو لەکوردستانی باشوور راپەڕین دەستی پێکردووە، هاوسەرەکەم یەکسەر تەلەفۆنی کرد بۆ مەریوان، هەمان شەو گەڕایەوە بۆ (دزڵی) بۆ ئەوەی بەشداری راپەڕین بکات.

منیش بەو نەخۆشییە لەتاران مامەوە، بۆ ماوەی یەك ساڵ هەواڵی هاوسەرەکەم نەبوو، زۆریشم خەم بوو نەمووت ئاخۆ لەراپەڕیندا چی بەسەرهاتووە، هەربۆیە بەو نەخۆشییە لەگەڵ براکەمدا رۆیشتم بۆ مەریوان، لەوێ هەواڵمان زانی کەلەپێنجوێنە. بەڵام خۆم لەبەر

نەخۆشیم لەبەر رژێمی ئێرانی رێگای پێنەدام کەبگەڕێمەوە، مامەوە تاساڵی ۱۹۹۲ راپۆرتێکم دا بەنوسینگەی تاران (جموری ئیسلامی ئێران) ناردیانم بۆ ئیتلاعاتی مەریوان، لەوێ رەزامەندییان دامێ کە بگەڕێمەوە بۆلای هاوسەرەکەمو کوڕەکەم. لەوساتەدا کەگەیشتمەوە شارۆچکەی پێنجوێن. لەسەرەەموو ناخۆشییەکان و نەخۆشیەکانەوە ناخۆشتر ئەوەبوو کەباوەشم کرد بەکوڕەکەمدا، وتی ناتناسم، بەڕاستی ئەو زوڵمە گەورەیەی کەحزبی بەعس کارێکی وایکرد دایکو منداڵ لەیەکتر جیابکاتەوە.

من خاوەنی یەک کچو یەک کوڕبووم کەسیان منیان نەدەناسیو نەدەهاتنە باوەشم، چونکە لەسۆزی خۆم بەدوور بوون. کاتێک گەڕامەوە پێنجوێن هاوسەرەکەم خانووی دروست کردبوو، ماڵمان دانایەوە بووینەوە بەیەک خێزان.

من دەستم کرد بەکاری ژنان، لەدوای هاتنی( یەکێتی ژنانی کوردستان )لقی سلێمانی خۆم هەڵبژاردو بووم بەلێپرسراوی ناوچەی پێنجوێن، لەکۆمیتەی رێکخستنیشدا کارم دەکرد، بینایەکمان کرێ بۆ ئیشی ژنانو پێنج مەکینەی خەیاتیو چەند خولێکی نەخوێندەواریمان کردەوە. من خۆم لەرێکخستندا هەڵبژارد لەکۆی(٦٧)دەنگ دووهەم دەنگ بووم لەناوچەی پێنجوێن. من کەلەبەندیخانەبووم چاوم توشی نەخۆشی بوو بەڵام لەساڵی ۲۰۰۰دا چاوم یەکی خستم و زۆر ئازاری دام، هەربۆیەش بەڕێز(مام جەلال) هاوکاریی کردم، لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بۆ چارەسەرکردن ناردمیان بۆ سوریاو لەوێ چارەسەرم وەرگرت. لێرەوە رێزو سوپاس ئاراستەی بەڕێز(مام جەلال) دەکەم .

من زۆر سوپاسو پێزانینم هەیە بۆ هاوسەرەکەم، بەڕاستی پیاوێکی بەوەفاو رەوشت بەرزە، کەلەهەموو کێشەکانو ناخۆشییەکانی ژیانمدا یارمەتی دامو پشتو پەنام بوو. بەتایبەتی لەکاتی نەخۆشیەکانمدا هەموو ئازارەکانمی هەڵگرتووە.



## پەروین مستەفا

ژیانی ئەم ژنی شاخە لەسەر زاری شیرین کەریم مەعروف وەرمانگرتووە کەژنی یەکەمین هاوسەرەکەی بووە.

پەروین مستەفا خێزانی شەهید ئیسماعیل سەید قادر بووە، پەروین خان بەسەر سکێکی دوانەیەوە لەبەر نەبوونی نەخۆشخانەو پێداویستی منداڵ بوون حاڵەتی کەوتە مەترسیەوە تا بەتراکتۆر ویستیان بیگەیەننە چەمچەماڵ لەڕێگا شەهیدبوو، فریای پزیشك و نەخۆشخانە نەکەوت، بەهۆی ئەو بارە سەختەی ئەوی تێدا ژیابوو، هەر بۆیەش بوو شەهیدێکی ون و بێ ناو.

## سەعدی خان

کورتەیەکی ژیانی ئەم ژنە شەهیدە لەسەر زاری بێگەرد محەمەد خوامراد وەرمانگرتووە:

سەعدی خانی خێزانی حاجی رزگار سێ مانگ بوو کەوتبووە ژیانی هاوسەریەوە کە لەئێوارەیەکی هاوینی ١٩٨١دا لەگوندی دۆڵپەموو هاوسەرەکەم کوڕەکەمانی بەباوەشەوە بوو لەسەربان شنەبایەکی فێنك دەروونی ئارام دەکردەوە لەناکاو چاووی چووە سەر سەعدی خانی دراوسێمان هەمو گیانی کڵپەیە ئاگر بوو لەوکاتەدا هاوسەرەکەم بەتەواوی شڵەژاو کوڕەکەی فڕێدایە خوارەوە بەڵام کوڕەکەم بەلق و پۆپی دارەچڕەکەی بەردەمیەوە گیرسایەوە.

هەتا گەیشتینە سەر سەعدی خانی تازە بووك سکیشی سێ مانگ بوو بەتەواوی سووتا بەهۆی نەشارەزاییەوە لەبەکارهێنانی چراو گیانی کەوتە مەترسیەوە زۆر بەپەلە من گەیاندمە سلێمانی مەخابن ئەم ژنی شاخە پاش یەك هەفتە شەهیدبوو بوو بەشەهیدێکی ون.

## شەبۆ عەبدولمەجید

ژیان و بەسەرهاتی ئەمجارەمان لەگەڵ کچە شەهیدێکە کە لەنووسراوی خوشکەکەیەوە وەرمان گرتووە ئەو تەوارەی چەند لاپەڕەیەك لەم نامیلکەیە پڕدەکاتەوە.

شەوبۆ عەبدولمەجید غەفار لەساڵی ١٩٥٧ لەگەڕەکی ئیمام قاسم کەیەکێکە لەگەڕەکە کوردنشینەکانی کەرکوکی قودسی کوردستان لەدایك بووە، شەوبۆ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و تا پێنجی ئامادەیی تەواوکردووە، لەتەمەنی ١٣ ساڵیەوە تووش[illegible] [illegible]ەبۆ بورە پزیشکەکان دەیانوت دوو شتی سەرەکی هەیە دەبێ شەوبۆ ڕەچاوی بکات [illegible] [illegible]ن خەفەت

نەخوات و هەمیشە لەهەوای پاکدا بێت. بەهۆی هەژاری و خراپی باری ئابوورییەوە لەفەرمانگەی (تورق جسور) لەکەرکوك دامەزرا. ئەوە بوو لەساڵی ۱۹۷۷ دا بەخێزانی گیران و ڕەوانەی بەسرە کران کە بەندیخانەیەکی پیس و لەمەینەتی بەزستان ساردو سڕو بەهاوینیش گەرم و شێدار، کەواتە ئەو هۆکارانەی پزیشك بۆی دانابوو بۆ ڕەچاوکردنی دەست نەدەکەوت بۆ شەوبۆ، هەر بۆیەش نەخۆشیەکەی ڕوو لەزیادبوون بوو تا ڕۆژێکیان بردبوویان بۆ نەخۆشخانە لەوێ دەست و قاچی بەزنجیر و قفڵ بەسترابووەوە، کاتێك پزیشکەکان چاویان پێکەوتبوو سەرسام بوون، پزیشکێك کەناوی فازڵ هەورامی بوو ڕەسمی گرتبوو بەقفڵ و زنجیرەکەوەو ڕەسمەکەی پیشانی هاوڕێ خوێندکارەکانی بەشەکەیان دابوو کە یارمەتی بدەن، لەو ڕۆژەوە خوێندکارەکان سەردانیان کردبوو. شەوبۆ کچێکی زۆر ڕوخۆشبوو، ببوو بەهاوڕێ نەخۆشە عەرەبەکانیش، هەموویان خۆشیان دەویست، پاش ماوەیەك لەبەندیخانە بەربووین و گەڕاینەوە بۆ کەرکوك شەوبۆش چووە سەرکارەکەی خۆی، بۆ جارێکی تریش لەساڵی ۱۹۸۱ دا گیراینەوەو نزیکەی سێ چوار مانگ لەبەندیخانەی پیریادی بەندبووین، دوایی ناردیانین بۆ بەندیخانەی فەزیلیە لەبەغدا، شەوبۆ زۆر حاڵی بەرەو خراپ و خراپتر دەچوو لەو بەندیخانە پیس و پۆخڵەدا ڕۆژانە چەند جارێك لەبەرچاومان ئەمردو زیندوو دەبووەوە، کە هەناسەکەی باش دەبوو دەستی دەکرد بەپێکەنین ئەیوت ئێوە بۆ غەمبارن بەدیار مەنەوە دانیشتوون، دواتر دەستی کرد بەگۆرانی وتن، وەختێ شەوبۆ تەنگە نەفەس دەبوو دەرزیەکیان لێ دەدا بۆئەوەی هۆشی بێتەوە، پزیشکەکان دەیانوت ئەو دەرزیە لەیەکێکی تەمەن ٦٠-٧٠ ساڵ دەدرێت بەلام شەوبۆی تەمەن ٢٥ ساڵ ڕۆژی دوو دەرزی وای لێ دەدرا، هەتا پزیشکە عەسکەریەکان زۆریان خۆش دەویست و ئەیانزانی چارەسەری ئەو هەوای پاکە ئەو بەندیخانەیە پیسە دەردی کاریگەر تر دەکات، هەر بۆیەش بەناوی تەرجەمەوە ئەیانبردە دەرەوە بۆئەوەی هەوای پاك هەڵمژێت. جارێکیان وامان زانی شەوبۆ مردووە ئەوەندەیان دەرزی و دەرمان بۆ تێکەڵ کرد کەهۆشی هاتەوە بەتەواوی تێکچووبوو، سەرو لەشی گەورە قاچ و قۆڵی بچووك، شەوبۆ هاتەوە سەرخۆی پاش چەند ڕۆژێك دوو سێ پیاوی ئەمنی بەغدا هاتن وتیان با پیرو پەککەوتەو نەخۆش بەریدەن، من ویستم شەوبۆ بەرم بەلام شیرینی خوشکم وتی نا مەیبە، بەلام لەبەر نەخۆشیەکەی ئەو گوێم نەدایەو ڕۆیشتم، دیاربوو شەوبۆش زۆر نارەحەت بوو بۆیە یەکسەر دوام کەوت، سەرەمان هات بۆ ناونووسین پرسیان لەسەر کێ گیراوە وتی لەسەر برای وتیان براکەی ناوی چییە؟ وتی ئازاد، وتیان ئازاد هەورامی؟ جا خۆ ئەگەر خوشکی ئازاد هەورامی لەبەندیخانە دەربکەین ئەی کێ بمێنێتەوە.

خوشکەکەم بەنائومێدی بەرەو بەندیخانە گەڕایەوە، ئەگەر حاڵی شەوبۆ ئەوەندە خراپ نەبوایە هەرگیز من تەنازولم بۆ ئەو ڕەفتارفاشیانە نەدەکرد، بەڵام شەوبۆ بەهەموو نەخۆشی هیلاکیەوە هەرگیز ناڕازی دەرنەدەبڕی بەرامبەر بارودۆخی ناو بەندیخانە، ڕۆژێکیان گوێم لێبوو لەگەڵ کچێکی ناو زیندانەکدا قسەی دەکرد ئەیگوت خۆزگە نەمردمایە تا کاک ئازادم جارێکی تر بدیایەتەوە. بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ روو لەخراپی بوو هەتا پزیشکەکان ڕاپۆرتیان دابوو بەفەرمانگەی ئەمن چەند ڕۆژێکی تر ئەمرێت ئەگەر ئێوە بەری نەدەن ئەوا بەقتل لەسەرتان حساب دەکرێت. هەر بۆیە پیاوانی ئەمن هاتن وتیان شەوبۆ دەردەکەین لەبەندیخانە بەو مەرجەی بچێت کاک ئازاد بێنێتەوە ئێوەش کەفالەتی بکەن، ئێمەش بەو هەواڵە زۆر دڵخۆش بووین، شەوبۆ بەربوو گەڕایەوە بۆ کەرکوک، ئێمەشیان ڕەوانەی نوگرەسەلمان کرد، ئێمە زۆر دڵخۆش بووین بەبەربوونی شەوبۆ، ئەگەر بیانهێنایە بۆ ئەو شوێنە لماویە حەتمەن دەمرد، جارێکیان لەبیاباندا سەیارەیەک بۆ لای ئێمە هات، کەسەیرمان کرد شەوبۆیە پرسیمان چۆن ئێمەت دۆزیەوە وتی چووم بۆ فەزلیە لەوێ نەبوون وتیان لەسەماوەن، کەچووم لەوێش نەبوون دەستم کرد بەگریان وتم من چی بکەم، تا پێیان وتم لێرەن، شەوبۆ کەوتە وەرگرتنی ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشانی خزمان و خەڵکی ناو بەندیخانەکە، ئیتر ئەوەندەمان زانی هەموو کەسوکاری بەندیەکان دەهاتن بۆ لامان، پاش ماوەیەک شیرینی خوشکم نەخۆش کەوت، لەنەخۆشخانە خستیان تا ٢٥ ڕۆژ هیچ هەواڵمان نەدەزانی، دواتر لەنەخۆشخانە دەرچوو هاتەوە بۆ بەندیخانە، چیتر شەوبۆش سەردانی نەکردین و نەشمان دەزانی بۆچی؟ هەرچەند پرسیارمان دەکرد لەو خزم و کەسوکارەی دەهاتن بۆ مواجەهە، مانگی دوو سەعاتیان بۆ دانابووین بەڵام کەس وەڵامێکی نەدەدایەوە.

لەمانگی پوشپەڕی ١٩٨٢ بەلێبوردنی گشتی بەربووین، تەکسیەکمان گرت و خاوەن تەکسیەکە ئاوڕی دایەوە وتی خوشکەکانی ئازاد هەورامی-ن؟ کەسەیری دەم و چاویم کرد پەشۆکاوییەک لەدەموچاویدا دەبینرا، بەڵام هیچی بەئێمە نەوت، کە گەیشتینە ماڵی شیرینی خوشکم منداڵێکی دراوسێکەمانی بانگکرد پێی وتبوو کێ مردووە لەماڵمان، ئەویش وتی شەوبۆ، کاتێکم زانی خوشکەکەم گریا، منیش ڕامکرد وتم چی بووە وتی شەوبۆ مردووە، ئەو وشەیە چەندەها ساڵە لەگوێما ئەزرینگێتەوە. شەوبۆ بەکۆمەڵێ ئاخ و ئاواتەوە سەری نایەوە، گەورەترین ئاواتی ئازادی کوردستان بوو، چاوکەوتن بەکاک ئازاد بوو، شەوبۆ زۆر حەزی بەمنداڵ و بەمۆسیقا دەکرد، لەسەر ئەو هەموو ئازارانەوە گشت کات حەزی دەکرد دڵی بەرامبەرەکەی خۆش بکات.

عدلە

خیزانی حەمە لەتیف لەکاتی ئەنفالەکاندا سکی هەبوو، پاش چەند ساڵ ژیانی هاوسەری ئاواتەخواز بوو کە کۆرپەیەك بگرێتە بەوەش، لەبەرئەوە نەیتوانی ڕێگابڕێت خۆشی کێشی هەبوو ویستی بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، ئەوە بوو سەرەنجام لەگەڵ ماڵە شەهیدێکدا کەوتە ڕێگا بەڵام مەخابن لەڕێگای کەلار بەرشاڵاوی بەدناوی ئەنفال کەوت کۆمەڵێ جاش گرتیان هەموو ئاواتەکانی سەرەو نگون بوو، تائێستاش بێ سەرو شوێنە، ئێمە ئەو کورتە ژیانەمان لەبیرەوەریەکانی ڕەحمەخانی خێزانی کاك عومەر غەریب وەگرتووە.

ناهیدە حەمید

خێزانی شەهید حەمە عەزیز لەوکاتەی هاوسەری پ.م لەشەڕی زینانەدا بریندار بوو سۆندەی خوێنی بۆ هەڵواسرابوو لەلایەن سەرانی ڕژێمەوە دەستگیرکراو یەکسەر ڕەمییان کرد، دواتر ناهیدەی خێزانی و شەش منداڵەکەی بەرەو شاخ و ئەشکەوتەکان ڕایانکرد، لەوکاتەی فرۆکە گەندەڵەکانی ڕژێم زۆر نزیك ببووەوە لێیان لەکاتێ بۆردوماندا ئەو ژنە کە چەند ساڵ لەناو گەرمەی شۆڕشدا ژیابوو ئەوەندە کاریگەری لەسەر دروست کرد یەکسەر دوو قوم ڕشایەوەو شەهید بوو، ئەوەش لەزمانی ژنە ئەنفالکراوەکانی کە لەگەڵیا بوون دواتریش هەر شەش منداڵەکەی ئەنفالکران، تائێستاش بێ سەرو شوێنن واتە ئەو خێزانە کەسیان دەرنەچوون.

ئەو کورتە بیرەوەریەش حەسیبە خانی خێزانی شەهید محەمەد دوزی گێڕایەوە کەماڵ براو برازاکانی و براژنی بوون.

ئاسک محەمەد ساڵح

ئەوژنە ماندوونەناسەی کەئاواتەخواز بوو ببێت بەدایک، ئەوئاواتەی هاتەدی بەڵام رۆژگارە سەختەکانی شۆرشی گەلی کورد، پاش حەوت رۆژ بوون بەدایک، ئەوئاواتەی بۆ هەتاهەتا سەرەونگوم بوو.

لەخێزانێکی کوردپەروەر هاتومەتە ژیانەوە، من شۆرش و خاکەکەم و گەلەکەم خۆش ئەویست، هاوسەری (پ.م)ی ماندونەناس(عەبدولقادر عەبدول محمەد)م، ئەگەر بمانەوێت باسی ئەورۆژە سەختانە بکەین، کەرژێمی رەفتار فاشی هەڵئەسا بەجینۆسایدکردنی گەلەکەمان و بەتایبەتی ناوچە ئازادکراوەکان لەژێرسایەی شۆرشی گەلی کوردا، ئەوا دەیان پەرتوک و لێکۆڵینەوەی زانستیی ئەوێت، لەلایەن رۆشنبیران و پسپۆرو زانایانەوە کە ئەو وردەکاریانە تۆمار بکەن.

منیش لەم ئامیلکە مێژووییەوە، سەبارەت بەژنانی شاخ، کورتە باسێکی ژیانی خۆم دەکەم، ئێمە ماڵمان لەگوندی(بالَغ) بوو لەرۆژێکی ساڵی١٩٨١دا لەلایەن دووکەسی رێکخستنەوە داوایان لێکردم کەهەندێک ئامیلکەو باڵوکراوە بگەیەنمەوە سلێمانی، کە نوسراوی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوون، منیش داواکەیانم جێبەجێکردو ئامیلکەکانم بەست بەورگمەوە سکیشم هەبوو، ئاواتەخوازبووم ببم بەدایک، بێ سڵەمینەوەو ترس گەیشتمە بازگەیەکی رژێم لە(سورە قەلات)، پشکنینێکی زۆر بەهێزی تێدا بوو، سەربازەکان زۆر بەتوندی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردین، چونکە (پ.م) چالاکیان ئەنجامدابوو، بەڵام رزگارم بوو، راسپاردەکەم گەیاندە دەستی رێکخستنەکانی سلێمانی. لەساڵی١٩٨٢دا ماڵمان لەگوندی ئاڵوەتان بوو لەزستانی ئەوساڵەدا، خوا کورێکی دامێ، پاش حەوت ساڵ، بەئاواتە خوازی، لەبەرنەبوونی پزیشک و داودەرمان و گیرانی رێگاو بان بەبەفرێکی زۆر سەختەوە، پاش حەوت رۆژ کورەکەم کۆچی دوایی کرد، بێبەری بووم لەخۆشترین بەرهەمی ژیان کەدایکایەتیە، بەهۆی سەختی رۆژگارەوە. لەمانگی گەلاوێژی١٩٨٦دا پاش پێنج ساڵ ونیو، ژیانمان لەشاخ بەسەربرد، لەوکاتەدا ماڵمان لەگوندی(مالوومە)بوو، بەرشاڵوی تۆپ باران کەوتین. لەبەیانیەکدا ئاسمانە شین و بێگەردەکەی سەرگوندی مالومە رەش داگەراو، هەموو جوانیەکان و ئارامییەکان شێوان بە فرۆکە جەنگیەکانی رژێمی رەفتارفاشی، گوندی مالوومە لەناو خوێن و خۆڵ و دوکەڵدا غەرق بوو، حەوت شەهید هەبوو، هەموری ژن و

منداڵ بوون، بێجگە لەبریندارێکی زۆریش. ئەوەش نیاز گڵاوی ئەوڕژێمەی دەرئەخست کە چۆك دابدات بەشۆڕش و گەلەکەمان، بەڵام بەپێچەوانەی ویست و خواستی ڕژێمەو. بوو، بووە هۆی خرۆشاندن و جۆشدانی هێزی (پ.م) و جەماوەرو خەڵکە دڵسۆزەکەی تابووە ڕوداوێکی سەردەم. ڕوداوێکی وا هێزێکی کەم، بەچەکێکی نابەرابەر لەشەڕی پارتیزانییەوە گوێزرایەوە بۆ شەڕی جەبهەوی لەگەڵ هێزێکی زەبەلاح بەچەکی مۆدێرن.

من بەهۆی ئەو بۆردومانە قورسانەوەو تۆپ بارانی بەردەوام لەساڵی١٩٨٦دا تووشی نەخۆشی ژنانە بووم، ماوەی چەند مانگێك لەژێر چارەسەردا بووم، لای پزیشکەکانی کۆمەڵەی ئێران بەهۆی کیمابارانەکەی گوندی کانی توو کە بەرکیمیاوی کەوتم بووە هۆی منداڵ نەبوونم هەتا ئێستاش. لەمانگی ئەیلولی ساڵی١٩٨٦ داستانی(١٠٠)ڕۆژەی قەیوان ماوەت دەستی پێکرد، خۆڕاگری و گیان فیدایی هێزی (پ.م) دوژمنی سەرسامکرد، تەنانەت یەکێك لەفەرماندەکانی دوژمن، سوێندی خواردبوو، کەگوایە چیای(کۆڕەنگ) کەپاڵەوانی گەلەکەمان کاك(عەبدوڵلا بۆری)پێوەبوو وتبووی ئەوەی لەو ڕەبایەدایە مرۆڤی ئاسایی نییە بەڵکو ڕۆبۆت و مرۆڤی ئالیە. هێزی (پ.م)ی کوردستان بەوەشەوە نەوەستان، بڕیاریان دا کەدەست لەدوژمن بوەشێنن لەناو قوڵایی خاکی کوردستان دا، لەوناچانەی ڕژێم مۆڵگەی گەورەی هەبوو، لەشارەکانی(تەق تەق و سەنگاو وقەرەداغ و دەشتی هەولێرو چیا سەرکەشەکانی سەرێن) وهەندێ ڕەبایەی وا کە ڕژێم لەساڵی١٩٦٣دا داگیری کردبوو.

دوای تۆمارکردنی ئەو هەموو داستانانە لەمانگی نەورۆزی ساڵی١٩٨٧دا شۆڕشی داستانی ڕزگاری ئەنجامدرا، کە زەبرێکی گورچك بڕی لەڕژێمدا، ئەوەبوو ڕژێمیش بۆ تۆڵەسەندنەوە، وەکو هەموو پیشە نامرۆڤانەکانی، بەپەلاماری چەکی کیمیاوی‌دا لەرۆژی٢٥ی گوڵانی ١٩٨٧دا لەناکاو فرۆکە مەرگ هێنەرەکانی ڕژێم کیمیاویباران کرد بەگوندکەماندا، گوندی(کانی توو) بووە هۆی شەهیدبوونی دوو (پ.م)ی بەڕانەتی و چەند کەسێکی گوندی و چەند (پ.م)یەکی تیپی٦٣ی جوتیاران، هاوکات لەگەڵ کیمیاباران کردنی کانی توودا، بالیسانیشی کیمیا باران کرد.

زۆر دڵگران بووم بەژەهراوی کردنی شەهید بێستونی مەلا عومەرو دایکی کاك مستەفا چاوڕەش و کچەکەی مەلا محەڕەم لەلایەن بەکرێ گیراوانی ڕژێمەوە. لەدوای ئەو هەموو سەرەوەرییانەی هێزی (پ.م)ی کوردستانەوە بەتەواوی ڕژێمی بێزار کردبوو، ئەمە وایکرد کەڕژێم بیر لە شێوازێکی تریکاتەوە بۆ لەناوبردنی شۆڕشی گەلەکەمان. ئەوەبوو لەمانگی ڕێبەندانی١٩٨٨دا، هێزێکی زەبەلاحی هێنایە کوردستان بەرەو سەرکردایەتی، ئەمجار

لەفەیلەقێك سەربازو چەندین لیوای حەرەس جمهوری‌و جاشە خۆفرۆشەکان پێشیان کەوتن، هەرلەکاریزەو قەیوان‌و شەدەڵەو ناوچەی مەرگەوە هێرشێکی درندەی بەربڵاوی دەستپێکرد، بەهەموو چەکێکی مۆدێرن بەتایبەتی چەکی کیمیاوی پەلاماری ناوچەکەی‌دا، هەرچەندە بەوپەڕی قارەمانانەوە هێزی (پ.م) خۆیان ڕاگرت دژ بە هێزە نابەرانبەرەکەی دوژمن کەچەند قات زیاتربوو، سەرەڕای فرۆکەی جەنگی‌و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کە هێزی (پ.م) و خەڵکەکەی شپرزەکرد، هەرلەو زەمەنەدا ڕێکەوتی ١١ی ڕەشەمەی ١٩٨٨هەواڵی شەهیدبوونی (پ.م) قارەمان سەرتیپی(٦٣)ی جوتیارانمان پێگەیشت(شەهید حەمە سور) لەبەرسەختی شەڕی ناوچەکە، کەتەرمەکەیان هێنایەوە(کانی توو) تەنها چوارکەس بەشداری ناشتنی تەرمەکەیان کرد. ئێمەش ناچار لە١٢ی ڕەشەمەی١٩٨٨دا ڕۆژی هەینی بوو، بەرەوسنور بەڕێکەوتین، ڕوومان کردە چیای گەردنکەشی(کەڵکی مەرگە)، بەهەزاران کەس لەڕۆژێکی تووشدا، کەبەفرو زریانێکی سارد هەڵی کردبوو بەناوکۆمەڵە بەفری گەورەدا سەردەکەوتین. گیانی خۆمان فیدادەکرد، ڕێگای شەهیدبونمان هەڵبژارد، بەلام نامادەنەبووین خۆمان بدەینە دەست دوژمن، ئەوەش داستانێکی تری مەزنی گەلەکەمان بوو، کەبەهۆی سەرماو هەڵدێرانەوە، پترلە(١٨٠)کەس شەهید بوون، بەژن‌و پیاو ومنداڵەو ئەوکارە دزێوەی ڕژێم پێی هەڵسا، سەرەتای دەست پێکردنی ئەنفالی یەك بوو، پاش ئەوەی چەندین کاتژمێر، زۆرانبازیمان کرد لەگەڵ سەرماو سۆڵەو بەفروزریان کرد، گەیشتینە (خەندەکی گەلاڵەی سەفرە لەوێوە سەرەتای ئاوارەبونمان دەستی پێکرد، بەرەوسنور گەیشتنە شاناخسێ، بەهۆی کیمیا بارانەکەی شاناخسێوە چەند (پ.م)یەك شەهیدبوون، لەوانە(حەمەومینی خەجێ)و چەندین هاوڵاتی تر.

بەرەو شاری(بانە) ڕۆیشتین، دواتریش بۆ(سەردەشت) لەگوندی(دەرمان ئاوا) ژورێکمان دەست کەوت بێ بەرامبەر تەنانەت خاوەن ماڵەکە ڕاخەریشی داینێ ماڵێکی زۆر بەڕێز بوون، بەناوی کاك(عەبدوڵڵا وورده)ئەو پیاوەو هەزارەها کەسی ئازادیخوازی تری شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، وەکو سەربازێکی نەناسراو خزمەتی ئێمەی ئاوارەیان ئەکرد.

ئەوەی ئەمەوێ بیڵێم ئەو ڕوداوە سەروەریانەی کەلەماوەی دەساڵ لەژیانی پڕ لەسەروەری‌و لەشاخ بەسەرمان هاتووە بەلام ئەمڕۆ بەوە دڵخۆشین، کەلەسەنگەری کوردایەتیدا بووین.

# ئەلبوومی وێنەکان



رووناك خان خێزانی هاوڕێ جەبار
گوندی تەکێی قەرەداغ / ساڵی ۱۹۸٦



زەینەب خان و منداڵەکانی



شوکری خان خێزانی حاکم ئیبراهیم/ گوندی بەلەکجاڕ- ١٩٨٦



مەستورە خان   ئازاد دەرەمیانەیی



شەمسەخان خێزانی حسێن فارس



رێزان عومەر عەلی



وەصفیەخان
گوندی نەوتی ١٩٨٥



کەوسەر حەسەن
گوندی نۆدێ ١٩٨٢



پەخشان خان خێزانی مەلا ئەحمەدی دسگەرە



شلێر قادر رەشید
هاوسەری جەمال عەزیز

ئامینەخان

خێزانی شەهید حەسەن کوێستانی



ئامینەخان و شەهید حەسەن کوێستانی





گوڵستان خان و کاک ئاسۆی شێخ نوری



ئازەنین خان

خێزانی مامۆستا عەبدوڵڵا



ڕووناک محەمەد باباڕەسول
١٩٨٦



زەکێ ئەحمەد خێزانی
عەبدوڵڵا کەڵەکەیی
ناوچەی گۆزە



گوڵەباخ خێزانی جەمال چاوخی



رووناک خان خێزانی کەمال عەزیز
١٩٨٢



کەوسەر خان خێزانی تۆفیق
گوندی گەڕەدێ ١٩٨٣

گەلاوێژ خان
خێزانی کاک سەیوان





کاڵێ خان    جبار داوەسووتەڵی



گەردە حەمەشەریف
خێزانی حسێن کەریم
ناوچەی قەرەداغ



فاتمە خان
خێزانی شەهید کامیل لەگەڵ
منداڵەکانیدا

فاتمە قاسم فارس خێزانی شەهید ئەکرەم

گوندی
دۆڵەموو
١٩٨٣





صەبیحە خان    جەبار فرمان



صەبیحە خان    جەبار فرمان



گوڵباخ خێزانی جەمال جارچی



سەبیحە خان    جەبار فرمان



كوردستان خان



گوڵباخ خێزانی جه‌مال جارچی



حەسیبە عوسمان لەگەڵ مامۆستا ئاهۆ-دا
١٩٨٦



رووناک خان خێزانی عوسمان موختار    پرشنگ ئەحمەد فەقێ محەمەد



رووخۆش عەلی لەگەڵ وەستا شیروانی هاوسەریدا

گوندی (باخی ئاشی) ١٩٨٥



رووخۆش عەلی، ئەختەرخان، ئایشەخان، پەروین خان،

ئارا، سرووە، نیگار



پەروین محەمەد مەحموود/ گوندی یاخسەمەر ١٩٨٧



بێگەرد مستەفا مەعروف لەگەڵ مناڵەکانیدا



رووخۆش عەلی، سرووە عەلی
گوندی (باخی ئاشی) ١٩٨٥



پەخشان عەتا کەریم
شاری سەردشت ١٩٨٧



گەلاوێژ خان



حەسیبە عەبدوڵڵاو منداڵەکانی
خەستەخانەی تەبرێز ۱۹۸۸



پەرژین خان هاوسەری بەختیار عەزیز
گافی دینار ۱۹۹۰



پەرژین خان و بەختیار عەزیزی هاوسەری و شەهید تۆفیق
بەلەکجار ۱۹۸۵



شوان رەووف نوری، رووناک، رووباک، نەجیبە، دکتۆر ئەلوەن ١٩٨١ ماڵی باوکی رووناک خان



ئاشتی خێزانی عەزیز کوێکس
گوندی گۆزەی گەورە ١٩٨٥

ئامینەخان خێزانی مامۆستا عەزیز

گوندی پاشقوتەل





ئەڵماس فەرەج خێزانی مامۆستا (عوسمان کانی پانکەیی)و منداڵەکانی

شاری مەریوان



ئەزیزە حەمەکەریم خێزانی (مام ڕەووف) لەگەڵ ڕەحمەخان و ساجدە خان خێزانی دکتۆر ئاسۆ

١٩٨٩ شاری مەریوان



بەخشان خان خێزانی مەلا ئەحمەدی دسکەرە

ئۆردووگای (کانی دینار) یادکردنەوەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە



زەینەب خان و منداڵەکانی



ئاوات قادەمانی لەگەڵ زەینەب خان - [illegible]



مەحموم مەحمووە حەسەن خێزانی مام غەریب
گوندی گوێنك ١٩٨٧



نازەنین عەبدولکەریم

# لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی ژنانی کوردستان

*ژن لەسەردەمی دیموکراسیدا

و/ سۆزان جەمال

*ئەنفالی سێ و کاریگەرییەکانی لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال

توێژینەوەی/ هێمن باقر عەبدول        بەرهەم عومەر عەبدوڵڵا



*روخساری ژن لەئوستراليا

*روخساری ژن لەتاڵەند

*روخساری ژن لەژاپۆن

و/ شەیدا سەلاح

*حەرەم لەکۆشکەکانی عوسمانیدا

و/ لەیلا عەلی

*گوناهەکانی ژن بوون و ستەمەکانی جەستە

و/ لەیلا عەلی

*عەشق وخۆشەویستی لەنێوان وەهم و واقیعدا

نووسینی: سەروەر کەریم

*ژن لەبازنەیەکی داخراودا

نووسینی: کنێر عەبدوڵڵا

*جەلاد ستەم دەکات قوربانی لۆمە دەکرێت

و/ شۆرش محەمەد حسێن

*پێگەی ژن لەکۆمەڵگەی کوردیدا

نووسینی: کنێر عەبدوڵڵا

*بێ یاریی هیچ گەشەکردنێک نییە

و/ سەیەدی مەلا ئەحمەد

* فەرهەنگی ژن لەنێوان کۆیلەبوون و شیعردا

نووسینی: شیرین تاهیر

*ئابدیانی

نووسینی: لەیلا سیمایی

